
ستالین
سەربوردەی سیاسیی
ئیسحاق دویچەر
وەرگێرانی: خالید هەرکی
Joseph
Stalin
Eine politische Biographie
Isaac Deutscher
T: khalid Harky

ئیسحاق دۆیچەر

# ستالین

سەربوردەی سیاسیی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

خالید هەرکی

**کتێبی ستالین**

**سەربوردەی سیاسیی**

نووسینی: ئیسحاق دۆیچەر

وەرگێڕانی: خالید هەرکی

چاپی: یەکەم ٢٠١٨

دەرهێنانی هونەری: خەلیل هیدایەت مام شێخ

بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس

تیراژ: ١٠٠٠

نرخ: ١٤٠٠٠ دینار

شوێنی چاپ: چاپخانەی رۆژهەلات- هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەیکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی )٢٦٨) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراووە.

## پێشکەش

--------------

ئەم کتێبەم پێشکەشە بە هاوسەرم، کە سەرباری مەینەتەکانی ژیانم،دەستباری ماندوبون و شەونخونی ئەم کتێبەشی لەگەڵ گرتم..

# پێشەکیی وەرگێڕ

-------------------

ناپۆلیۆن هەرچەندە سەرکردەیەکی لەشکرداری بوە بەڵام خوێندنەوە لای ئەو بێ هودە و بێ بایەخ نەبوو، لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەوەی دەنوسێ دووجار دەخوێنێتەوە، منیش دەڵێم ئەوەی وەردەگێڕێ لانی کەم چوارجار دەخوێنێتەوە، تۆش خوێنەری بەرێز ئەم کتێبەی بەردەستت بە بێ ماندوبوون نەگەیشتۆتە لات، نوسەر ئیسحاق دۆیچەر دووجار دوو وەرگێر لە ئەڵمانیەوە (فواز تەرابلسی) و بەندە لە عەرەبیەوە، هەریەکە و چوار جار ئەمە هەشت واتە دەجار خوێندراوەتەوە تا بۆت ئامادە کراوە، وێرای ماندوبوون و شەونخونی و مەترسیی بەجێ گەیاندنی ئەمانەتی وەرگێڕان کە رووداوی سەد ساڵە بەلکو زیاتریش پەند و ئەزمونەکانی بەسەرهات و گۆرانکاریەکان لەو ماوە دورەی روویانداوە ،خراوەتە روو، کەسانێک تیایدا بوونەتە پاڵەوان کەسانێکیش بوونەتە قوربانی. بۆت پوخت کراوە بە چەند کاتژمێرێک یا چەند رۆژێک دەتوانی هەمووی هەرس کەیت و لە میمۆریی مێشکدا هەلیگری. ئەمانە کارئاسانیە بۆ تۆی ئازیز. بۆیە حەز دەکەم ئەمانەت لەبەر چاو بێ کاتێک ئەم کتێبە لە دەست دەگری.

کتێبەکە گێڕانەوەی بەسەرهاتی کەسێک و ناوچەیەک و رووداوێکە، ئەوانیش پەیوەندیان بە چەندین کەسی ناودار و ناوچەی گرنگی دونیا و رووداوی جیهانیەوە هەیە ، کەسەکەی پاڵەوانی کتێبەکە، جوزیف ستالینە، سەنتەری ناوچەکەش روسیا دەبێ، رووداوەکەش یا رووداوەکان جەنگی یەکەمی جیهانی و دووەمی جیانی و دەرهاوێشتەکانیانە ستالین نەخشەی سیاسیی دونیا و کەسایەتی مرۆڤی روسی و پەیوەندیەکانی سەراوژێر کردن، روسیا سەنتەری رووداوەکانی کتێبە، روسیای دواکەوتوی سەردەمی کۆیلایەتی و دواتر حوکمی قەیسەر و شۆرشی ئۆکتۆبەر تا ئەوکاتەی دەبێتە دووەم هێزی دونیا و رابەری ئوردوگای سۆسیالیستی کە رکابەری ئوردوگای سەرمایەداری دەبێ بە رابەرایەتی ئەمریکا، ئەم دوو زلهێزە دونیایان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. رووداوەکان رووداوی جەنگی یەکەمی جیهانی کە پێنج ئیمپراتۆریەت لەناو دەچن نەخشەکان دەگۆردرێن پارسەنگی هێز دووبارە دادەرێژرێتەوە کۆمەڵەی نەتەوەکان دادەمەزرێ تا جەنگێکی تری کاولکاری روونەدا کەچی، جەنگی دووەمی جیهانی دوای بیست ساڵێک هەلدەگیرسێ کە لەو کاولکارتر بووە بە دەیان ملیۆن کەس لەناو چون تەندوری مرۆڤ قرکردن بە گاز بە تیزاب داندرابوون، تا ئێستاش ژمارەی راستەقینەی کوژراوان رانەگەیەندراوە، ئەمەو چەندین رووداوی تر کرۆکی رووداوەکان لەم کتێبە لەناو

چونی رژێمی قەیسەر و شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دامەزراندنی حکومەتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتە، هاتنی ستالینە بۆ سەر لوتکەی حوکم ئەو ستالینەی تا سەدان ساڵی تر باس لە کردەکانی بکەیت باس لە هەموویانی ناکەیت چونکە زۆریان لەگەڵ خۆیدا بردنە ژێر خاک.

ستالین پاڵەوانی ئەم داستانەیە سەربوردەی ئەو دەبێتە بابەت و سەرچاوە و مەبەست ، ئەو پیاوە کورە کۆیلە، لە خانەوادەیەکی هەژار دایک جلشۆری ماڵان و باوک کۆیلە و دواتر پێڵاوساز، دەبێتە کەسێک دونیا لە ترسی ئەو خەوی نامێنێ، دەستی لە هەموو رووداوەکان هەبوو، لەوپەری رۆژئاوا تا ئەوپەری رۆژهەڵات ژاپۆن تا چین تا تورکیا و بولگاریا و رۆمانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا، ئەوەی لەم کتێبە فێری دەبین مامەڵە و سەوداکاریەکانی نێو دەوڵەتیە، کە لە نێوان زلهێزەکان ئەنجام دراوە، دروشمەکان بە شێوەیەک کردارەکان بە شێوەیەکیتری زۆر جیاوازن. بەرگریکارانی کۆمۆنیست یاوەرانی رێبازەکەیان لە ناو دەبەن، راستڕەوان و دیموکراتخوازان بەهەمان شێوە، بەرژەوەندی مانەوەی خۆیان لە سەروی هەموو شتێکەوەیە، تەنانەت بەرژەوەندی نیشتمانیش دەبێتە دروشم لە پێناو مانەوەی کەسایەتی خۆیان. سنورە پیرۆزەکان هیچ بەهایەکیان نیە بەڵکو بوونیشیان نیە.

مەبەستم لە وەرگێڕانی ئەم کارەم ، خوێنەری هاو زمانم پەند و زانیاری لە رووداوەکان وەرگرێ، مێژووو پێگەی خۆی و دراوسێ و داگیرکەرانی بزانێ، لە فرتو فێڵی سەرکردەکان شارەزا بێ، زانیاری لەسەر گەمەی دانوستانەکان وەرگرێ، ئەوسا بۆی دەردەکەوێ سەرکردە چەند رۆڵی هەیە لە رووداوەکان لە دەستکەوتەکان.

لەسەر کەسایەتی ستالین من نامەوێ هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆمی بۆ بکەم چونکە ئەرکی من لەم کتێبە پیشەییە ناچمە سەر ئەم بابەتە، تەنها ئەوەندە دەڵێم نوسەر لە کارە قێزەوەنەکانی ئەم پاڵەوانە زۆری پێبوە کەمی وتووە .

کۆتایی پێشەکیەکەم بە گوتەیەکی (برگسون) دێنم دەڵێ: شەڕ تاقە رێگایە کە سەرکردەکان بواری هەژارەکان دەدەن بەشداریان تێدا بکەن.

**خالید هەرکی ١٣/نیسانی٢٠١٨ فێلپ/هۆڵەند**

www.serben.com

F. Xalid Herki

# بەشی یەکەم

## منداڵی و گەنجێتی

- دایک و باوکی ستالین:ئیکاترینا گیلادز Ekaterinaو فیساریون ژوگاشڤیلی Dzhugashvili.
- یوسف ژوگاشڤیلی (ستالین) لە ساڵی ١٨٧٩ لە دایک دەبێ.
- ژیانی منداڵێتیی: ساڵەکانی خوێندنی لە شاری(گۆری Gori) لە هەرێمی گورجستانی قەوقاس دەبێ.
- کاریگەری دۆخی گورجستان لەسەری.
- روس و گورجیەکان.
- ستالین لە کۆلێژی ئاینی لە تبلیس، ساڵەکانی ١٨٩٤-١٨٩٩ .
- بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٩٥ ستالین هەلبەست و شیعر بلاو دەکاتەوە بەناوی(سوسیلو) کە (کورتکراوەی ناوی یوسفە).
- خوێندنەوەی کتێبی قەدەغەکراو.
- لە ١٨٩٨چونە ریز (میسامی داسی) ( نوخبەی سێیەمیان) .
- شۆڕشی پیشەسازی لە قەوقاس.
- ماوەی مەشقی ستالین وەکو بانگخوازێکی سۆسیالیست.
- دەرکردنی لە کۆلێژی ئاینی.
- ئاسەوارەکانی کۆیلایەتی.

لە ساڵی ١٨٧٥ بەڵکوساڵێک یان دوان دواتریش بێ، گەنجێکی قەوقاسی بەناوی(فیساریون ئیڤانوفیچ (ئیڤا زادە) ژوگاشڤیلی Dzhugashvili، گوندی ( دیدی-لیلو)ی نزیک تبلیسی پایتەختی گورجستان جێ دەهێلێ و لە شاری (گوری) کە شارێکی بچوک لە رۆژهەڵاتی گورجستان نیشتەجێ دەبێ، لەوێ دەبێتە کەسێکی بەتواناو پیشەوەر لە بواری پێلاو سازیدا. فیساریون ژوگاشڤیلی Dzhugashvili لە نێو خێزانێکی جوتیار ژیاوە کە تەنها دە ساڵێک دەبێ لە کۆیلایەتی ئازاد کراوە. بە کۆیلایەتی لە دایک دەبێ، لە مولکدارێکی زەویەوە دەگواسترێتەوە بۆ مولکدارێکی تری زەوی هەر لە گورجستان، ئەگەر لە هەمان حالەتی خۆی بمابایەوە و ئەو گوندەی جێ نەهێشتبایە نەیدەتوانی ببێتە پیشەوەرێکی ئاوەها سەرکەوتوی ئازاد لە بواری پێلاوسازی، بە مسۆگەری ئەم دەرفەتە بۆ باپیرانی نەرەخسابوو، ئەوان پابەندی زەوی بوون،بەردەوام لە مولکدارێکەوە بۆ مولکدارێکیتر دەگواسترانەوە.



فیساریوندژوگاشڤیلی (باوکی ستالین)

تەنانەت لە سەردەمی منداڵێتی فیساریون یشدا، رۆژنامەکانی ئەوکاتی گورجستان رێکلامیان بۆ فرۆشتنی زەویەکان دەکرد، نرخی فرۆشتنی پێنجسەد یا هەزار دۆنم بە پەنجا یاخود سەد کۆیلە بوو، دادگاکانی گورجستان پر بوون لە دۆسیەی سەختەکاری، خانەوادەی کۆیلە هەبوو بە سی یا چل کرپار فرۆشرابۆوە، ئەمە لە یەک کاتدا.

بۆیە ئەوکاتەی فیساریون گوندەکەی جێ دەهێلێ هەست بە ئومێدێک دەکا، ئەو بەم جێهێشتنە دەبێتە کەسێکی ئازاد ئیتر ئومێدی بە ئاسۆیەکی روون هەبوو لە پێلاو سازی، لە (گوری) هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکدا دەکات لە روی ئاستی کۆمەڵایەتی لە هاو شێوەی خۆیدا دەبێ، ئەویش( ئیکاترینا Ekaterina) بوو،




کچە جوتیارێکی گوندی(گامباریوییلی) بەناوی(جورج گیلادز)دیارە ئیکاترینا Ekaterinaش ئەوکات شارنشین بوە، بەهۆی هەژاریەوە هاوشێوەی هاوەڵەکانی گوندیان جێ هێشتوە و روویان لە شار کردوە، ئیکاترینا Ekaterina کاتێک دێتە شار لای خێزانێکی روسی یا ئەرمەنی لە چینی مامناوەندی دەبێتە کارەکەری مالیان، چینی مامناوەندی لە روسیا لە ئەرمەن و جوو پێک دەهاتن، چونکە بورژوای گورجی بوونی نەبوو بۆیە گورجیەکان یا لە نەجیبزادەکان بوون یا کۆیلە بوون.

ئەوکاتەی ئیکاترینا Ekaterina هاوسەرگیری لەگەڵ فیساریون ژوگاشڤیلی Dzhugashviliدا دەکا تەمەنی پانزە ساڵ بوە.

لەو ولاتانەی کەوتونەتە ژێر هێلی نیمچە ئاسۆیی هاوسەرگیری بەم تەمەنە بچوکیەوە رووداوێکی ئاساییە، هاوسەرەکان لە خانوێکی نارێک لە لێواری شاری گۆری بە کرێی رۆبلێک ونیو(١،٥ ) دادەنیشن. خانوەکە لە ژورێک و ئاشپەزێک پێک هاتبوو، ژورێکی تەسک و تروسکو تاریک ، رووبەرەکەی لە چوار باڵی چوارگۆشە تێنەدەپەڕی، زۆر بەکەمی تروسکاییەکی روناکیی لێ دەهاتە ژورەوە، دەرگاکەشی دەکەوتە سەر کونە مشک و رۆژانی بارانیش وەشەنی بارانی لێ دەهاتە ژوور، چونکە ئاستی ژورەکە لە ئاستی زەویی حەوشەکەدابوو،لە زستانا هیچ جیاوازیەکی پلەی گەرما لە نێوان ژورەکە و دەرەوەدا نەبوو، زەویی ژوورەکەیان بە پارچە خشت داپوشیبوو، سەرجەم کەلوپەلی ئەم مالەش بریتی بوون لە مێزێکی بچوک و کورسی و تەختێکی نوستن، رایەخێک و بالە پوشێکی لەسەر راخرابوو، ئێستاش ماڵی خانەوادەی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili بۆتە مۆزەخانە و گەشتیاران بە پەرۆشەوە دەچنە سەردان و دیدەنیی.

لەم خانوە کە کرێی مانگانەی رۆبلێک و نیو بوو،ئیکاترینا Ekaterina لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٥-١٨٧٨سێ منداڵی لێ هێنایە دونیا، لێ هەرسێکیان دوای لە دایک بوونیان دەمرن، ئیکاترینا Ekaterina تەمەنی

نەگەیشتبوە بیست ساڵان کاتێک لە ١٨٧٩/١٢/٢١ منداڵی چوارەمی دەبێ، قەدەر وادەکا ئەم منداڵەیان بە تەندروستیەکی باش و هێزەوە بۆ دەمێنێتەوە، ناویاننا( یوسف)، ئیتر قەشەی ئەرسەدۆکسی ناوی بەم شێوە تۆمار کرد ( یوسف فیساریونوفیچ ژوگاشڤیلی Dzhugashvili) کە دواتر بە ناوی یوسف ستالینەوە دەناسرێ.

+ + +

ئێمە زۆر لەسەر ژیانی منداڵێتی ستالین نازانین کە لە تەمەنی شەش و حەوتساڵییدا توشی سوورێژە دەبێ و بەوهۆیەوە ئاسەواری ئەو نەخۆشیە لەسەر روخسارو دەمو چاویەوە دەمێنێتەوە، دووبارە توشی نەخۆشی دەبێتەوە ئەم جارەیان لە ئەنجامی دۆمەڵەیەک لەسەر شانی دێ توشی نەخۆشی خوێن دەبێ، دەڵێن لەسەر لێواری مردندا بوە، ئەوکات بە خوشکی هاوسەرەکەی وتوە(ا.س.ئەلیلویفا) ( نازانم چی منی لەم نەخۆشیە قورسە رزگار کرد و نەمردم؟، هەر خۆم بنەمای تەندروستیم بەهێز بوو یا مەرهەمی ئەو جادوگەرەی گوندەکەمان منی رزگار کرد؟) کاتێکیش چاک دەبێتەوە بە ئاستەم دەتوانێ باسکی بچەمێنێتەوە، بەهۆی ئەم سەقەتیەوە لە ١٩١٦ مارشال، ستالین لە خزمەتی سەربازی دەبوردرێ گوایە کەلکی سەربازی نادات و وەکو کەمئەندامێک سەیر دەکرێ.

فیساریون هەوڵ دەدا یوسف ژوگاشڤیلی (Stalin) لە دۆخێکی پڕ لە برسێتی و هەژاریەوە بۆ ئاستێکی کۆمەڵایەتیی بالاتر بەرزی کاتەوە،تا نزیک لە چینی مامناوەنجی، بەڵام ئەم هەوڵەی بێ سود دەبێ. کاری پێلاوسازی بەشی بژێوی خانەوادەی نەدەکرد بۆیە هاوسەری بە ناچاری کاری جل شۆرین دەکا بۆئەوەی بەشی بژێوی خۆیان پەیدا بکەن، رۆبل و نیوی کریی خانوو کەوتە ئەستۆی هاوسەرەکەی، هەندێک نوسەر وتویانە کە فیساریون لە پارەی کاسبیی ڤودگا بژێوی خۆی و خانەوادەی پەیدا کردوە، ئەمەش دەرهاوێشتەی گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی هەندێک لە هاوڕێیانی سەردەمی خوێندنی ستالینە، دەڵێن مەستی یەکێکە لە دیاردەکانی پێلاوسازەکان کە پێی دەناسرێنەوە لەم رووەوە گوتەیەک هەیە دەڵێن( مەست و بێهۆش وەکو پێلاوساز)ئەمە لە زۆربەی زمانی ئەوروپیە رۆژهەلاتیەکاندا هەیەو دەگوترێ، دەڵێن فیساریون لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکەیدا مامەلەی باش نەبووە، ئیریما شیفیللی یەکێکە لە هاوڕێیانی سەردەمی منداڵێتیی ستالین، نوسیویەتی( ئەو لێدانە توند و نابەجێیەی لە ستالینی منداڵ دەدرا لەسەر دەستی باوکی، بوە هۆی

ئەوەی منداڵێکی توند و نارەحەت و دڵ رەق و سەرەڕۆی لێ هەلکەوێ) چەکی بەرگریی دژی توندو تیژی باوکی بریتی بوو لە فرت و فێل و گومان و وشیاربون لە خۆی و دوزمانی و خۆراگری، ئەم رەفتارانە بۆی بوونە ئەزمونی فێلبازی و خۆ دەرباز کردن لە شەڕدا، لە داهاتو سودی لێ وەردەگرێ.

دیارە وێنەی مەست و رەفتارە توندەکەی فیساریون ژوگاشڤیلی Dzhugashvili نابێتە مایەی ئەوەی هیچ هەقێکی پێ نەدرێ، دەبێ هەندێک خەسلەتی باشی هەبووبن، لەو خەسلەتانە هەنگاو نان بەرەو شارەزابون لە کاروباری دونیا، ئەگەر ئەو نەبووایە رەچەلەکی کۆیلایەتی لەسەر ستالین و نەوە داهاتوەکانی نەدەسرایەوە، بارکردنی لە گوندەوە بۆ شار و ئازاد بوونی وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە ژیانیدا، دەستەواژەی ( پێلاوسازی فەیلەسوف) لە ئەوروپای رۆژهەلات بەقەدەر دەستەواژەی (پێلاوسازی مەست ) باوو بیستراوە، بە مسۆگەریش ستالین Stalinپاشخانی هزرەکانی لە باوکی بۆ ماوەتەوە، زۆرجار خۆی باسی لەوە کردوە کە باوکی هۆکاری ئەو توندو تیژیەی بۆ باس کردوەو ئاخۆ چی بوونە و لە ئەنجام و کاردانەوەی چیەوە تورە دەبوو، فیساریون دوای ئەوەی بە پیشەی پێلاوسازی لە گوری دەناسرێ، بار دەکا بۆ تبلیسی پایتەختی گورجستان،لەوێ لای کابرایەکی خاوەن کارگەی پێلاو بەناوی(ئولیخانوف) کاردەکا، وا پێدەچی کارە نوێکەی لا سوکایەتی بێ، چونکە ئەو چاوی لەوە بوو خۆی گەورەی کارەکەی بێ و خاوەن کارگەکە خۆی بێ، وای دەبینی کە کۆیلایەتی زەویی بە کۆیلایەتیەکی تر گۆڕیوەتەوە، لە دژی ئەم دۆخەی تیادابوو کەوتە هەولدان و گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیفێکی تر، هەرچەندە ئیتر ئەو وەکو بەخێوکەری خانەوادە نامێنێتەوە،وا پێدەچێ ئەمەبێ سەرچاوەی وشکی وتورە بوونەکانی، لە یەکێک لە بلاوکراوە سەرەتاییەکانیدا ستالین خالێکی مارکسیزم شی دەکاتەوە بە نمونە هێنان لەسەر باوکی و دەڵێ:

( سەیرکەن پێلاوسازێکی بەهرەوەری بچوک، بەڵام بێتوانا لە روبەڕو بوونەوە و ململانێکردن لەگەڵ سەرمایەدارێکی مەزندا، ناچار دەبێ پێلاوسازیەکەی دابخا و لەلای ئولیخانوف بە کرێی رۆژانە لە کارگەیەکی پێلاوسازی لە تبلیس کار بکا، ئەم پیاوە نەچوتە ئەم کارگەیە بۆئەوەی هەتا هەتایی لای ئولیخانوف بە کرێکاری بمێنێتەوە، ئەو بۆ پەیداکردنی هەندێک سەرمایە بۆتە کرێکار لەو شوێنە و بۆ ئەوەی دواتر بتوانێ بۆ خۆی شوێنێک تایبەت بەخۆی بۆ ئەم پیشە بکاتەوە، دەبینین کە ئەم کرێکارە پێلاوسازە لە دۆخێکی پرۆلیتاریدا دەژی و کار دەکا، بەڵام بە هزرو هۆش نەبۆتە پرۆلیتار، بەلکو هزرو هۆشی بورژوای بچوکی هەبووە.

گومان لەوەدا نیە پیشەوەرە پێلاوسازەکە و خاوەن کارگەکە کە بەتەواوەتی ناوی هێناون، هەروەها ئەو دۆخەی پێلاوسازەکە تیایدا دەژێ مەبەستی باوکی بووە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو توندوتیژی و

وەرچەرخانەی سروشتی فیساریون لە ئەنجامی نارەحەتی و نابەرانبەری لە نێوان حەز و ئارەزوەکانی و ئاستی کۆمەڵایەتیدا بوە کە پێی نامۆ بوە و چاوی زیاتری هەبووە.

دواجار فیساریون نەیتوانی بەو ئومێدە بگا هەندێک سەرمایە وەدەست بێنێ و کارگەیەکی سەربەخۆ بۆ خۆی دابمەزرێنێ، تا لە ساڵی ١٨٩٠ لە تبلیس دەمرێ و هێشتا کوڕەکەشی (ستالین) تەمەنی نەبۆتە یانزە ساڵ.

بەڵێ مردنی فیساریون نەبووە مایەی گۆڕانکاری لە ئاستی ئابوری خانەوادەی، چونکە ئەو ژنە جل شۆرە هەر بەوە رادەگەیشت بەشی بژێوی خۆی و منداڵەکەی پەیدا بکا، دواتر وێنەی باوک لە بەرچاوو هزری یوسف (ستالین) دا نامێنێ، هیچ کاتێک ناوی نەدەهێنا و یادی نەدەکردەوە، دەبێ وەبیرهاتنەوەی (لێدانە توندەکان) بوبنە هۆکاری ئەو لەبیرخۆ بردنەوە؟.

ئێمە زیاتر لە ژیانی ئیکاترینا ژوگاشڤیلی Ekaterina Dzhugashvili دەزانین لەوەی ژیانی ستالین، ئەو جیاوازیەکی لەگەڵ هاوسەردەمانیدا نەبووە لەگەڵ ئەوانەی شاعیری روسی بۆیان دەڵێ:

رۆژگار سێ خەراپی لەبیر دەکا :

یەکەمیان، ژن هاوسەرگیری لەگەڵ کۆیلەیەکدا بکا.

دووەمیان، ببیتە دایکی کوری کۆیلەیێک.

سێیەمیان، ژێر فەرمانی کۆیلەیێک بیت تا مردن.

ئەم سێ خەسلەتە خەراپە بەسەر ژنی روسیدا هاتن،ئیکاترینا Ekaterina ژنەجوتیارێکی لاوازی ئەوروپای رۆژهەلاتی و پشتی درێژ و سنگ فراوان بوو، بەرگەی هەموو ئەو نەهامەتیانەی گرت کە بەهۆی هاوسەرەکەیەوە توشی هاتن، بێ ئەوەی رقی لێ هەلگرێ، هەموو خۆشەویستیەکەی بە کوڕەکەی بەخشیبوو، ژنێکی بەهێز بوو، رۆژانی تەنگانەو ناخۆشی و پرسەکان لەتەک خاوەن پرسەکە لە کەلیسا دەمایەوە، ژنێکی نەخوایندەوار بوو دەرفەتی خوێندنی نەبوو تەنها لە بواری ئاینی خوێندبوی، هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا ژیاون باسیان لە بەهێزی و پۆلایینی ئەو ژنە کردوە، (بابۆشکاکیکی) ی داپیرەی بە(داپیرە کاتی) ناو دەبردرا تا ئەو کاتەی پلەو پایەی نەوەی بەرز دەبێتەوە هەر بە جوتیاری ژیاوە، کاتێکیش لەگەڵیدا هەندێک لە کاتەکانی لە کرملێن بەسەر دەبا یادی ئەو دەوروبەرە دەکا کە لە قەوقاس لێی ژیاوە، دواجار دەگەڕێتەوە بەڵام ئەمجارەیان دەیەوێ بە گالتە و خۆشبەختی رۆلی دایکی پیاوێکی مەزن بگێڕێ.

ئەلیلوییفا دەگێڕێتەوە چۆن جارێکیان لە (بورجوم) چاوی بە خاتو ( ژوگاشڤیلی Dzhugashvili) دەکەوێ (بورجوم) کانیاوێکە لە قەوقاس، دەبینێ بەو گەرمایە جلی رەشی لەبەرە ئەمیش لێی دەپرسێ:

(بۆ ئەم جلانەت لەبەرە؟) وەلامی دەداتەوە دەڵی:

( ئەمە ئەرکی منە چونکە لێرە هەموو دەمناسن دەزانن من کێم).

بەڕاستی بڕیارێکی پاڵەوانی بوو کاتێک ئیکاترینا Ekaterinaبڕیار دەدا کوڕە تەمەن نۆساڵیەکەی بنێرێتە بەر خوێندنی ( ئەکلیرکی لە گوری)، لای خانەوادە هەژارەکان کارێکی نامۆ نەبوو منداڵەکانیان لە تەمەنی منداڵیەوە ببن بەپێلاوساز یا یاریدەدەری دارتاش، هەر چەند ئەو پیشەی ئیکاترینا Ekaterina بۆ کورەکەی دەست نیشان کرد ئەگەر پیشەی دارتاشی یا پێلاوسازی بوایە بەلکو هاوکاریەکی بژێویی دەکرد بەڵام ئەو مەبەستی بوو یوسفەکەی کەسێکی تر بێ، مەبەستی بوو ئەو دەرفەتەی فیساریون لەناوی برد ئەم بۆی قەرەبو کاتەوە و ئەو دەرگایەی بۆ بکاتەوە تا لە ئاستی خانەوادەکەیان کەسێکی دیارو ناسراو بێ، کاتێکیش بە خەیال بیری لە دوارۆژی یوسف دەکردەوە دەیبینی بۆتە قەشەیەک دەرودراوسێ ریزی لێ دەنێن و پێشوازیی لێ دەکەن، پێ وابوو ئەم پرۆژە پرۆژەیەکی باش و سەرکەوتوە، ئەم خەیالە تا چەند ساڵێک بەردەوام دەبێ، ماوەیەک بوو منداڵە جوتیارەکان بۆیان نەبوو لەم جۆرە خوێندنگایانە( ئەکلیری) بخوێنن بەڵام ئێستا ئازادە.

(سوسو) ماوەی پێنج ساڵ دەچێتە خوێندنگای (گوری) لە ١٨٨٨ تا ١٨٩٣، ئاسایی بوو لە خوێندکارە یەکەمەکان بێ، مامۆستاکان زوو هەستیان بەوە کرد کە ئەو خوێندکارە هەژارەی تا ئێستا ماکی نەخۆشیی بەسەر دەم و چاویەوە ماوە، خوێندکارێکی رادەبەدەر زیرەکە پێویستی بە هیچ هاوکاریەک نیە، زۆر زوو وانەکانی رەوان و ئەزبەر دەکا، تێبینی ئەوەشیان کرد کە ئەو کوڕە هەژارە پێداگری لەسەر بڕوابوون بە خۆوە دەکا، ئارەزوو تامەزرۆیی سەرکەوتن بەسەر هاوەڵەکانی لە زیاد بووندا بوو، پاش ئەوەی سوسو دەزانێ کە هاوەلەکانی هەموویان کوڕە دەولەمەندن تەنها ئەو کوڕە هەژارە، ئەوانەی هەستیشیان بەو ئاست بەرزیە دەکرد رقیان لێی هەلدەگرت، بەڵام ئەو لە کێبرکێدا بوو لەگەڵ وانەکانی، لە هۆلەکانی وانە خوێندندا پێویستی بە منداڵانی مەی فرۆش و بازرگانە دەولەمەندەکان نەبوو خۆسەری وانەکانی رەوان دەکردن، چێژی لەو کێبرکێیە وەردەگرت، ستالین دواتر ناو لەم چێژە دەنێ (چێژی جیاوازی و رق و کینەی چینخوازەکان).

لەوێ رووبەڕووی کێشەیەکیتر دەبێتەوە کە دەبێتە کێشەی پیاوەتیی، ئەویش کێشەی کەمە نەتەوایەتیەکان بوو، زمانی رەسەنی خانەوادەی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili گورجی بوو، ئیکاترینا Ekaterina زمانی روسیی نەدەزانی، وا پێدەچووو کە هاوسەرەکەشی وەکو ئەو بوە، وانەکان بە روسی دەوترانەوە،لە خشتەی

وانەکاندا جگە لە چەند وانەیەک بە گورجی، ئەوانیتر هەموویان روسی بوون، بە بەراورد لەگەڵ هاوتەمەنانی، (سوسو) بە ئاسانی زمانی روسی فێر دەبێ، بەڵام ئەو لە دەرەوەی خویندنگا بە زمانی گورجی دەدوا، هاوڕێیانیشی هەندێکیان بە زمانی ئەرمەنی و هەندێکیان بە تورکی و هەندێکیشیان بە شێوازەکانی قەوقاسی دەدوان، زمانی روسیش لە خوێندنگا تاقە زمانی دەرس وتنەوە بوو، سیاسەتی بەروسی کردن کێشەو ئازاری زۆری هەبوو بۆ منداڵ و گەنجەکان، گەلێک جار گەنجان و خوێندکارانی تەمەن لە نێوان ١٠تا٢٠ ساڵ لەبەر ئازاری قەدەغە بوونی زمانی زکماکیان، مانیان دەگرت یا خۆپیشاندانیان ئەنجام دەدا دژی ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستیە، بە درێژایی ساڵانی حەفتاکان کاری توندوتیژی لە خوێندنگاکانی گورجستان بەردەوام دەبن، خوێندکاران هێرشیان دەکردە سەر مامۆستاکان و تێروپریان تێهەلدەدان و مانیان لە خوێندن دەگرت و ئاگریشیان لە خوێندنگاکە بەردەدا، بەڵام لەو کاتەی ستالین خوێندکار بووە هیچ کارێکی لەم جۆرە لە خوێندنگای (گوری) روی نەدا تەنها بێزاری هەبوو.

سروشتی دۆخەکە و داب و نەریت لەو ماوەیە رۆلیان لەسەر ژیانی ستالین هەبووە، گوری دەکەوێتە نێوان خاڵی بەیەک گەیشتنی سێ دۆڵ،ئەو ناوچە بە ترێ و میوە و دانەوێلە چێندراوە، ناوچەیەکی شاخاویە دەکەوێتە کەنار روباری( کورا)، روبارەکانی تر ئاسەواری دیواری بەردینی سەردەمی بێزەنتیەکانی لێ ماوە، نێو کۆلانە تەسکەکان کە نیوەی شار و نیوەکەی تر لادێیە ئەو گوندەی پێ رازاندراوەتەوە، ئەم سروشتە بوونە یاریدەدەری ئەو منداڵە تا لەم شوێنانە بە هەوەستی خۆی یاری بکا و دواتر لەو ماڵە تەنگ و تروسکە رابکا و لێێ دەرباز بێ، بۆیە ئەم سروشتە جوانە قەرەبوی ماڵە ناخۆشەکەی بۆ دەکاتەوە، سروشتی گوند لە جوانی دیمەنەکانی و بوونی ئاژەل و کێلگەی سەوزین بۆ ئەو گەنجە کەش و هەوایەکی خۆش و سازگار سەرنج راکێش و کاریگەر بووە، سەیر نیە هەندێک بە نیشتمانی بەرەکەت و زێرین ناوی ببەن، ئەمانە بوونە هۆکاری دروست بوونی ستالین، چونکە گوند پڕیەتی لە چیرۆک و داستانی سەیر سەیر، ئەوەتا جەنگیزخان و ئەسکەندەری مەکەدۆنی لەوێ جەنگیون، چیرۆکەکانی هێرشی فارس و تورکەکان کتێبەکانی پر کردون، هەروەها گۆرانیەکانی قەوقاسیان بە گێرانەوەی داستانی شەڕەکان دەرازێندرێنەوە کە چۆن نەجیبزادەکانی گورجی لە پێناو بەرگری لە گورجستان شەڕی مان و نەمانی تساری(قەیسەری) روسەکانیان کردوە، یا سەرکردەی کۆیلەکان چۆن تۆلەی گەلیان کردۆتەوە و بەزەییان بە هەژار و پەککەوتوان هاتوە و لە هەمان کاتیشا میهرەبانیان بە دەولەمەندان نەبەخشیوە و دەستیان لێ نەپاراستون، ئەم چیرۆکانەیان دوور نەبوون لە راستی، بە شێوەی گۆرانی یا چیرۆکی بەرئاگردان دەیان وتنەوە، ئەوکات (گۆری) بە رێگر و جەردە دەوری درابوو، ژمارەیەک لە منداڵانی نەجیبزادەی گورجی کە خاوەنی پێگەیەکی ئاسایی کۆمەڵایەتی بوون سامانێکی

وایان نەبوو، ئەوان لە دونیایەکی هەلوەشاوە و بە هزرێکی خێلەکی و ململانێ دەژیان، گەلێک جار لە نێو خۆیاندا رووبەڕووی یەکتری دەبونەوە و شەڕ لە نێوانیاندا دەخولقا، لەم میانە کاری رێگری و تالان و دەستدرێژی رویدەدا، منداڵەکان لە کاتی یاریکردندا لاسایی ئەوانیان دەکردەوە، هەندێکیان رۆڵی سەرباز و هەندێکیان رۆڵی دزەکانیان دەگێرا لە نمونەی( رۆبن هود) بوون.

بەم شێوە ئەو پێنج ساڵەی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili لە گوریی بردەسەر هەمووی ناخۆشی نەبوون بەلکو ئەزمون و وشیار بوونەوەش بوون، ئەو لە تەمەنی منداڵیەوە ئەقل و هۆشی دەکرێنەوە، لەو تەمەنە ئەو ستەمی کۆمەڵایەتی دەبینێ، لە ساڵەکانی دواتری بە کاریگەری ئەو ستەمەوە یاخی دەبێ و دەبێتە شۆڕشگێڕ، ئێمە ناتوانین ئەو وشیاریە بپێوین، نوسەرە فەرمیەکانی سەربوردەی سۆڤیەت دەنوسنەوە و کتێبی یادەوەریەکان ئەوەمان پێ دەلێن کە پاڵەوانەکەی لە گۆری، نوسینەکانی (داروین)ی بە تەواوەتی خوێندۆتەوە و بەو هۆیەوە بۆتە کەسێکی بێ ئاین و خوا نەناس، هەرچەندە هەندێک گومان لەوەدا هەن کە توانیبێتی لەم تەمەنی منداڵیەیدا ئەمە بکا، بەڵام دەکرێ لە ئەنجامی ئەمە و کورت کردنەوەی گوتە گەلخوازەکان هزرێکی نادیاری لەسەر بیردۆزە نوێکە پەیدا کردبێ، بەم هۆیەشەوە بڕوای بە ئاین نامێنێ، دیسان گومان لەوەدانیە کە ئەقلی پێش تەمەنی کەوتوە، لە ١٨٩٥ واتە دوای ساڵێک لە جێهێشتنی خوێندنگای (گوری)چەند دروشمێک لە یەکێک لە گۆڤارە بەربلاوەکانی گورجستان بلاو دەکاتەوە، وا پێدەچێ لە (گوری) دەستی بە نوسینەوەی شیعر کردبێ، نوسەرە فەرمیەکانی ژیاننامەی ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەو کاتەی لەو خوێندنگایە بووە دەستی داوەتە نوسینەکانی هزری مارکسیزمی،بەڵام ئەمە گریمانەیەکی دوورە، چونکە ئەوکات تەنها چەند کەسێک لە هەوادارانی مارکسیزم لە تبلیسی پایتەختی هەرێمی قەوقاس هەبوون، بۆیە ناکرێ لایەنگرانی گەیشتبنە خوێندنگای گوری،ئەوانەی چەپلە بۆ ستالین لێدەدەن حەز دەکەن (ئەرسەدۆکسیەتی) مارکسیزم-لینینیزم بۆ سەردەمی منداڵێتیی ستالین بگەرێننەوە، بەڵام رووداوەکان رێگە بە هیچ گریمانەیەکی دیکە نادەن جگە لەم گریمانە نەبێ، ژوگاشڤیلی Dzhugashvili کاتێک خوێندنگای (گوری) جێ دەهێلێ هەستێکی یاخیی هەبووە، بە بەرگریکردن لە گەلی گورجی جۆش درابوو لە دژی ئەو ستەمە کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەی بەرانبەر بەوان دەکرا،ئەو کاتەی لە پۆلەکانی بالا بوە بە شیعرەکانی نیشتمانی و نەتەوایەتی هەستی گورجیایەتیی زیاتر لە هەر هزرێکیتر دەبزواند، یەکێک لە هاوەڵەکانی کە ناوی( فانو کیتز خوفیللی)بوو، دەڵێ:

( کاتێک ئاشناییمان لەگەڵ ئەدەبی گورجیدا پەیداکرد ئێمە لە پۆلەکانی باڵا بوین لە خوێندنگای (گۆری)، بەڵام ئێمە بێ کەسیمان لەوەدابوو کەسێک نەبوو رێنیشاندەر و ئاراستەکەری ئێمە بێ. کۆپلە شعری بەناوی

(کاکۆ، رێگر) هی(شافشادز) کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئێمە دروست کرد، هەستی نەتەوایەتیی لە گیانماندا خولقاند، بەم شێوە هەموومان کاتێک خوێندنگا جێدەهێلین بە جۆش و خرۆشەوە جێی دەهێلین بە هەستێکی نەتەوایەتی، بەڵام بەهۆی ئەوەی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili هەستی رق و کینەی لە مامۆستاکان بە شاراوەیی هێشتەوە، بە خوێندکارێکی نمونەیی ناویان برد و بەو هۆیەوە هاوکاریان دەکرد  بۆ ئەوەی بەردەوامی بە خوێندنی بدا.

ئەم ماوەی دادێ لە پایزی ١٨٩٤ قۆناغی دواتریەتی کە لە کۆلێژی ئاینی دەخوێنێ، وا هەست دەکا ئاوات و خەونەکانی دایکی دێنە دی، بەهۆی ئەوەی دایکە جلشۆرەکەی نەیتوانی خەرجی کۆلێژی بۆ دابین بکا سەرۆکی خوێندنگای گوری و قەشەیەک خەرجیەکەیان لە ئەستۆ گرت، گومانی تیا نیە دەرگای بە ئاوات گەیشتنی بۆ والا کرا.

تەنها گواستنەوە لە شارۆچکەیەک بۆ شارێکی مەزنی لە شێوەی تبلیس و لە شارێکی ئارامەوە بۆ شارێکی پر ئاوەدانی و جەنجالی بۆ کەسێکی تەمەن پانزە ساڵی خۆی گۆڕانکاریە، یوسف کەسێکی کامل بوو ئەو هەستی بەم ئیمتیازە دەکرد کە ئەوەی بۆ ئەو رەخساوە بۆ کورە هەژارەکان نەرەخساوە، کاتێک چل میل بەرەو تبلیس دەبڕێ بە دلێکی خۆشەوە هەست بە بڕینی قۆناغێکی بەرەو ژوور دەکا لە بواری کۆمەڵایەتی، ئەو هەستکردنەی لە هەستی باوکی زیاتر بوو کاتێک بەر لە بیست ساڵ لە گەشتەکەیدا لە (دیدی-لیلو) وە بەرەو گۆری دەروا.

+ + +

لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٤ تا ١٨٩٩ لە کۆلێژی ئاینی دەمێنێتەوە ئەو ماوەیەش بۆ ئەو ماوەی دروست بوون و گەشە کردنی هزری بوو، کەوابێ ئەو هۆکارانە چی بوون کاریان کردە سەر بیرکرنەوەکانی؟

لە دەساڵی دوایینی سەدەی نۆزدەهەم، دوو فاکتەر کۆمەڵگەی گورجیی دەبزواند:

١/ پەیوەندیەکانی گورجی – روسی.

٢/ ئەنجامەکانی هەلوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی.

بە درێژایی سەدە روسیای تساری (قەیسەری) گورجستانی داگیر کردبوو، پشتیوانی و داکۆکیشی لەو داگیرکاریە دەکرد، بەم شێوە گورجستان لە ١٧٨٣ وە سەربە روسیاوە بوو، لەو کاتیشەوە سەربەخۆیی خۆی لەدەست دابوو، چارەنوسیشیان وەکو چارەنوسی پۆلۆنیەکان بوو، بەڵام هەولی ئەوەیان نەدەدا لە روسیا

جیا ببنەوە، لەم رووەوە بە پێچەوانەی پۆلۆنیەکان بوون چونکە پۆلۆنیەکان لە پێناو سەربەخۆیی چەکیان گرتە دەست و هەوڵی سەربەخۆییان دا، هەستی گورجیەکان بەرانبەر بە روسەکان هەستێکی بێباکانە و نیمچە متمانەیی بوو بە رانبەر بە پرسی نەتەوایەتی، پاساوی رق لێ نەبوونەوە لە روسەکان ئەوەیە کە گورجیەکان ئامرازی پاراستنی سەربەخۆییان لاواز بوو، پێیان وابوو روسیا کەمترین مەترسیی لەسەریان هەیە بە بەراورد لەگەڵ دراوسێکانی.  دوایین پادشای گورجیی ئەوکات، بە بیانوی ئاینەوە تورک و ئێران هەڕەشەی داگیرکردنیان لێیکرد ، بۆیە خۆی رادەستی تساری(قەیسەری) روسیا کرد.

گورجستان سەربە کەلیسای ئەرسەدۆکسیە، هاو شێوەی روسیا، قەوقاسیش بۆ روسەکان لە پاراستنیان لە هێرشەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەکو شورەی قەلا وابوو ، بەم ئەگەرەوە روسیا هێلی شەمەندەفەر و رێگاوبانێکی زۆری لە گورجستان دروست کرد ئەمەش دەبێتە یاریدەدەر بۆپێشوە چونی پیشەسازی لەو ناوچەیە، ئەمە لایەنی ئەرێنی ئەو داگیرکاریەی روسیا بوە بۆ گورجستان.

ئەرێنیەکانی تریش ئەوەبون کە کاریگەری کەلتور و رەوشەنبیری روسەکان بەسەر گورجیەکانەوە بوو، هەرچەندە گورجیەکان شانازیان بە شارستانێتی خۆیانەوە دەکرد و پێیان وابووە کە لە شارستانێتی روسەکان کۆنترن، بەڵام ئەوان دیدێکی رۆژهەلاتیان بۆ کۆمەڵگە هەبوو، بۆیە روسیا بۆ ئەوان لە پای ئەوروپا وابوو، مێژوووونوس ( خاشا بوریدزە) دەڵێ:

(بەرێگەی شارستانێتی ئەوروپی و روسی بەتایبەتی داب و نەریتە ئەوروپیەکان خزانە نێو کۆمەڵگەی گورجی بەتایبەتی چینە بالاکان)، سیاسەتی قەیسەرەکان پڕ بوو لە ناکۆکی، روسەکان لەلایەک کاریان بۆ بەروسی کردنی گورجستان دەکرد، لە لایەکی تریشەوە هەوڵی کێش کردنی نەجیبزادە و  پیاوانی ئاینی گورجیان دەدا.

دوایین خانەوادەی پادشایەتیی گورجی بۆ ناوەڕاستی روسیا و دورگەی سیبیریا دورخرایەوە، بەڵام رێگە بە نەوەکانی خانەوادەی پادشا درا لە ستراسبورگەوە خزمەتی کەلتوری میلەتەکەیان بکەن، هەندێکیان چەند کتێبێکیان وەرگێڕایە سەر زمانی گورجی، لەوانە برایانی( باگراتیونی) کە بەناوی ( رێنسانس)ەوە قسەیان دەکرد، وێڕای وەرگێڕانی کتێبی ئەوروپی بۆ سەرزمانی گورجی، لە هەمان کاتیشدا روسەکانیشیان لە رێگەی وەرگێڕانی کتێبی گورجیەوە بۆسەر زمانی روسی بە ئەدەبی گورجی شارەزا کرد، ئەم چالاکیانە وایان کرد قەیسەر نیکۆلای یەکەم (تایمور ئەز باگراتیونی) وەکو ئەندامێکی فەخری لە ئەکادیمیای ئیمپراتۆریەت دابمەزرێنێ.

ئەم کاریگەریانە بوونە مایەی بڵاوبونەوەی هزری شۆڕشگێڕی روسی لە قەوقاس، ئەو پیاوەی هەرێمەکەی بۆ قەیسەر داگیرکرد جەنەرال یرمولوف بوو، پاڵەوانی شەڕی (بورودینو) لە ساڵی ١٨١٢ و حاکمی قەوقاس بوو، خۆی مەیلی (دیسەمبەریەکان)ی هەبوو، سەرکردەی یاخی بوە لیبرالیستەکانی پترسبۆرگی کانونی یەکەمی ١٨٢٥ بوو . ئەو بوو پەنای نوسەرانی لاینگری یاخیبوو دا، لە نمونەی ( پوشکین و گریبوبیدوف) کە وەزیر و راوێژکاری خۆی بوو، یەکێک لەو فەوجانەی بەشداریان لە یاخیبونەکەدا کرد گواستنیەوە بۆ قەوقاس، لەوێ ژمارەیەک لە ئەفسەری روناکبیر وەکو کەسانی ئاسایی خزمەتی ئەو ناوچەیان دەکرد، ئەو دورخراوانە پەیوەندیان بە گورجیەکانەوە دەکرد و فێری شتیان دەکردن و کاریگەریان لەسەر جێ دەهێشتن، ئەوان پشتگیری نەتەوەی گورجیان دەکرد بانگخوازیان بۆ ئازاد بوونی جوتیارە گورجیەکان دەکرد.

ئەمە بوە رێخۆشکەریەک بۆ بلاوبونەوەی هزری لیبرالی و شۆڕشگێڕی روسی لەو هەرێمە، لەم پرۆسە قەیسەرەکان بێ مەبەست بەشداریان تێدا کرد، دورخراوەکانیان بۆ قەوقاس دەنارد، بەم شێوە قەوقاس بوە سەنتەری دورخراوە سیاسیەکان، ئیتر لەگەڵ سەرهەلدانی هەر نەوەیەکی نوێی شۆڕشگێڕی روسی، فەوجێک لە هزری شۆڕشگێڕی لە تبلیس و کوتایس وباقی شارەکانی تری گورجستان دادەمەزرێن. دوای یاخیبوە سەربازیەکان و نوسەر و نارودنیەکان و سۆسیالیستە کشتکاریەکانی، چینی ئوروستوکراتی روسی و فەرمانبەران رویان تێکرد، لە کۆتایی سەدە شۆرشگێرە پۆلۆنیەکان و تیرۆریستە روسەکان پێیان دەگەن، ئەمە بوە شێوازێکی نوێی شۆڕشگێڕی، کرێکاری کارگەکان، مارەکسیستە دورخراوەکانی ناوەڕاستی روسیا لە نێویاندا (میخائیل کالینین سەرۆکی داهاتوی یەکێتی سۆڤیەت و سیرجیو ئەلیلوییفی رێکخەری بۆلشەڤیەکان و لەگەڵ ستالین).

ئۆپۆزسیۆن راو بۆچونەکانی خۆیان لە پێش هەموویان بۆ قەوقاس دەنارد، تساری(قەیسەری)ەکانیش هەوڵی پاراستنی ژێرخان و پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتیی ولاتیان دەدا، هەرچەندە بە درەنگ وەختانێکیشەوە بوو بەڵام لە پێناو لەدەست نەدانی بەرژەوەندیەکانی روسیا دەبوایە ئەمە بکەن.

لە ١٨٦١ کۆیلایەتی هەلوەشێندرایەوە، بەڵام ئازاد کردنی جوتیارە گورجیەکان بۆ ساڵەکانی ١٨٦٤- ١٨٦٩ دوا کەوت بەلکو بۆ درەنگ تریش، کۆیلایەتی بە شێوەیەکی کاتی تا ١٩١٢ لە گورجستان مایەوە، ئیدارەی روسیا بە ئەنقەست و بۆ خاتری نەجیبزادەکان چاکسازی ئیداریی لە گورجستان دواخست، بەڵام کاتێک هەواڵی ئازاد بوونی جوتیارە قەوقاسیەکان بلاو دەبێتەوە هەست بە پێویستی ئەرکەکە دەکا، کۆیلەکان سەرقالی هەلگیرساندنی شۆڕش بوون، هیچ پاساوێک بۆ دوا خستنی ئازاد کردنیان نەبوو، چونکە ماوەیەک بوو لە حالەتی یاخی بووندا بوون، چاکسازی لەو ناوچەیە لە بەرژەوەندی مولکدارەکاندا بوو نەک

روسەکان، راستە جوتیارەکان ئازاد کران بەڵام بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی کۆیلایەتیان نیوەی زەویەکانیان لەدەستدان، بۆ ئەو زەویانەی لەدەستیشیان مانەوە باجێکی زۆریان بەسەردا کردنە مال کە لە توانایاندا نەبوو بیدەن، داهاتی کشتوکاڵی جوتیاران لە بەرژەوەندی و بۆ گیرفانی خاوەن مولکەکان بوو هەروەک باشوری ئەمریکا وابوو، لە ساڵی ١٩١١ لەسەر زاری سەررچاوەیەک کە دژی قەیسەر نەبوو دەڵێ:

(ئێستا روسیا کۆیلایەتی بە کابوس دەزانێ، لە دێر زەمانەوە مێژووو نەیهێشتوە، بەڵام لە گورجستان و ناوچەی قەوقاس تا ئێستا هیچ یاسایەک بۆ قەدەغە کردنی کۆیلایەتی دەرنەکراوە.)

بەم شێوە ئەو کەش و هەوایەی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili لە تەمەنی گەنجێتی تیایدا ژیا کۆیلایەتی تیادا باو بوو، بارێکی قورسی خستبوە سەر جوتیارەکان و پەیوەندیەکانی هاولاتیان بە شێوەیەکی گشتی، کەلیساو خانەوادە و خوێندنگا و تەنانەت کەسایەتی خۆشی بە تایبەتی، ئەم دەستەواژە تا رادەیەک ئیمپراتۆریەتی تساری(قەیسەری)ش دەگرێتەوە، لە بەراورد کردنی نێوان ئازادکردنی زنجیە ئەمریکیەکان و هەلوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە روسیا، لینین ئاماژەی بە چاکسازیەکانی روسیا لە ١٨٦١ داوە کە لە پرۆسەکەی ئەمریکی لاوازتر بووە، بەم شێوە بۆمان دەردەکەوێ کە دوای نیو سەدە روسەکان ئاسەواری کۆیلایەتیان زیاتر لە زنجیەکان پێوە دیارە، گومانی تیا نیە لینین لەم ئاماژەیدا بە زیادەوە باسی کردوە ئەمەش ئاساییە بۆ کاری رێکلامی کاتێک شۆڕشگێڕەکان بۆئەوەی حەز و چێژی هاولاتیان بجزوێنن بەم شێوە خەسلەتەکان دەناسێنن، لێرەشدا مەبەستی لینین هاندانی کۆمەڵگەی روسی بووە بۆئەوەی لەم دیاردەی کۆیلایەتی رزگاربێ کە بە جێماو(میرات)ی دەرەبەگیی دەناسێنێ.

بەڵام ئەم پێناسە بۆ روسەکان لە شوێن خۆیدا نەبوو تەنها بۆ گورجیەکان لە جێی خۆی بوو، کە تا ئەوکات ژیانی کۆمەڵایەتیان ئاسەواری کۆیلایەتیان پێوە دیاربوو، تا ئەوکات دیاردەی درۆ و توندوتیژی و فرت و فێلکردن و خۆدزینەوە لە راستی، لە خەسلەتی کۆمەڵگەی گورجی بوون، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئەوان لە بێ دەسەڵاتیەوە لە توانایاندا نەبوو لە رێگەی راشکاوی بەرگری لە خۆیان بکەن بۆیە پەنایان دەبردە بەر کاری چەوت و نادروست.

+ + +

کۆلێژی ئاینی(مەزهەبی) تبلیس دەزگایەکی نامۆ بوو، گرنگترین خوێندنگا بوو نەک لە گورجستان بەڵکو لە هەموو قەوقاس، لەگەڵ ئەوەشدا تاقە خوێندنگا نەبوو، مۆلگەی هەوالگری خۆجێیی و بنکەی روحی کۆیلایەتی بوو، شوێنی هەلقولانی هزری کۆمەڵایەتی و سیاسیی پێشکەوتوو بوو کە لەگەڵ هزرە ئاینی و کۆنەپەرستیە کۆمەڵایەتیەکان رووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە.

کۆلێژەکە لە نیمچە سەربازگەیەک دەچووو، لە ناوەوە روحانیەکان کاروباریان دەبرد بەڕێوە، کاتێک دەرگای هاتنە ژوورەوەیان لێ دادەخرا ئیتر پەیوەندی کردن بە دونیای دەرەوە قەدەغە بوو، دەبوایە خوێندکارەکان بە شەو و بە رۆژ لە ناوەوە بمابانەوە، تەنها ئەگەر کارێکی زەروریان هەبووایە بۆیان هەبوو لە رێگەی پێشکەش کردنی داواکاریەک بە پیاوە ئاینیەکان مۆلەتی دوو کاتژمێر وەرگرن، بەرنامەی دەرس خوێندنیان چڕو پڕ بوو، هەمووی وانەی ئاینی و نوێژ خوێندن بوون کە هەرگیز کۆتاییان نەدەهات، هەژارەکان زۆر بە کەسادی دەژیان، هەر بیست تا سی خوێندکاریان لە ژورێکی نوستندا ئاخنی بوون، خوێندنگاکەش نیوەی خوێندنگابوو نیوەکەیتری شوێنی نوستن و حەوانەوە بوو. ژیان لەوێ قورس و ناخۆش بوو یەکێک لە خوێندکارەکان دەڵێ:

لە نێو چوار دیوارا گیرمان خواردبوو بە مانەوەی چەندین ساڵ لە نێو ئەم دیوارانە حوکمدرابوین، هەر بەبێ هۆ، هەموومان داماوو بێ ورە بوین، لە ژوور و رێڕەوەکان سەرمان بەیەکەوە نابوو، بۆمان نەبوو خۆشی دەربڕین، بەردەوامیش قەشەکان پێیان دەوتین خوێندکاران بۆیان نیە کتێبی گلۆبالی بخوێننەوە، کاتێکیش سزا دەدراین لە ژورێکدا دەستبەسەر دەکراین، سەرەڕای ئەمەش قەشەکان سیخوڕیان بەسەر هزرو بیری خوێندکارەکاندا دەکرد، بەردەوام کەل و پەلەکانیان دەپشکنین، بەدوای شتی یاساخدا دەگەڕان و بە نهێنی چاودێریان دەکردین و گوێیان لە گفتو گۆکانمان دەگرت، لە بچوکترین گوما نەدەبوردراین و رادەستی بەڕێوەبەریان دەکردین بۆ سزادان.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کۆلێژە ببوە جێگای پێگەیاندنی کەسانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، زۆربەی سیاسەتمەدارەکان نەک هی گورجی بەلکو هی شوێنەکانی تریش لە نێوان ئەم چوار دیوارە پێگەیشتبون.

لە ساڵی ١٩٣٠ کۆلیژی مێژوو لە زانکۆی کۆمۆنیست، چەند بەلگەنامەیەکی پۆلیسی تبلیسی لەسەر خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی کۆلێژ بلاو کردەوە، ئەمەش ئاماژەی ئەوەن کە خوێندکاران لە ساڵی ١٨٧٣ تا ئەوکاتەی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili دەچێتە ئەو کۆلێژەوە لە جۆش و خرۆشدا بوون.

لە ساڵی ١٨٧٣ کۆمیساری پۆلیس لە راپۆرتێکیدا رایدەگەیەنێ کە بەڵگەیان دەستکەوتوە کە خوێندکاران کتێبی داروین و باکل و میل و چیرنیشیفسکی یان خوێندۆتەوە، بەو هۆیەوە فەرمانی پشکنین دەردەکەن، لە ئەنجامدا دوو کتێبی تری روخێنەر دەدۆزنەوە ئەوانیش ( ژیانی مەسیح) هی رینان و (ناپۆلیۆنی بچوک) هی فیکتۆر هوگۆ. دواتریش دەرکەوت کە سێ مامۆستا وانەی (رۆحی لیبرالیزم) دەڵێنەوە، ئەمەش بە تاوان دێتە ئەژمار بۆیە سەرۆکی کۆلێژ لە کارەکانیان دوور دەخاتەوە، بەهۆی ئەوەی هەندێک کەس بەم تاوانەیان زانیبوو خەبەریان لێ نەدابون، ئەوانیش سزای حوکمیان بەسەردا سەپێندرا، راپۆرتەکەش ئاماژە بەوە دەکا کە نەتەوەی گورجی لە دوای ئەم تاوانەوەیە.

ئەم هەڵچونە بوە مایەی کارەساتێک ئەوکاتەی لە ١٨٨٦ (یوسف لاگییف) کە خوێندکارێک بوو بەهۆی دژایەتی روسیا لە خوێندن دەردەکرێ ئەویش لە تۆڵەدا سەرۆکی کۆلێژ (بازیل شودیتسکی) تیرۆر دەکا، لەم رووەوە سەرۆکی پۆلیسی تبلیس دەنوسێ دەڵێ:

( کۆلێژی ئاینی تبلیس ئەگەر بەراوردی پێ بکەین لەگەڵ کۆلێژەکانی تری روسیا لە خەراپترین کۆلێژەکانە، زۆر ئەستەمە دەستنیشانی ئەو خوێندکارە بکەین کە لە ژێرەوە رق و کینەی بۆ ئاین ورەگەزی روسی شاردۆتەوە کاتێکیش دەیدۆزیتەوە ناتوانرێ بیگۆڕی).

درێژە بە وتەکانی دەداو دەڵێ: ( ژمارەیەک لە رۆژنامەکانی گورجستان بەهۆی دژایەتیان بۆ کۆماری روسیا قەدەغە کراون، خوێندکارەکان ئەم کۆلێژەیان کردبووە مۆڵگەی نەتەوایەتی گورجی)، کۆلێژەکە بۆ ماوەی چەند مانگێک دادەخرێ، پۆلیسی گورجستان و پیاوە ئاینیەکان رۆڵێکی سەیریان لەم رووداوە بینی، پۆلیس پێداگری لەوە کرد کە رووداوی تیرۆرکردنەکە کارێکی تاکەکەسی نیە بەلکو رێکخراوێکی لە پشتە، لەم میانە ناوی (سفیلستر دژیبلادزە) یان هێنا کە ساڵی پار هێرشی کردبووە سەر سەرۆکی کۆلێژ، گوایە ئەو تۆمەتباری سەرەکییە، ناوبراو دامەزرێنەری یەکێک لە رێکخراوە سۆسیال دیموکراتەکان و یەکێک بوە لە مامۆستا سیاسیەکانی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili، لەو خوێندکارانەی ئەو ساڵ(١٨٨٦) لە خوێندن دەردەکرێن خوێندکارێک بوو بەناوی(میخائیل چاکایا) کوڕی قەشەیەک بوو دواتر دەبێتە هاوڕێی لینین و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی بۆلشەڤی و سەرۆکی گورجستانی سۆڤیەتی.

چەند مانگێک دوای چونی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili بۆ ئەم کۆلێژە، خوێندکارەکان بڕیاری مانگرتن دەدەن، لە بەهاری ١٨٩٣ سەرهەنگی پۆلیس (یانوکوفسکی) لە پۆلیسی تبلیس ئەم بروسکە بۆ سان پترسبۆرگ دەنێرێ:

( زۆربەی خوێندکارانی کۆلیژی مەزهەبی ئەرسەدۆکسی مانیان لە خوێندن گرتوە داوای لەکار لادانی ژمارەیەک لە مامۆستایان و هێنانی مامۆستای تایبەتی بە ئەدەبی گورجی دەکەن) قەشەی گورجستان رۆژێک تاسەر لەگەڵ خوێنکارەکان مایەوە لە هەوڵی شکاندنی مانگرتنەکەیاندا بوو، بەڵام بێ سود بوو، ناچار پەنای بۆ پۆلیس برد تا دەرگای کۆلیژ دابخەن و خوێندکارەکانیش رەوانەی مالەوە بکەن، بەڵام سەرۆکی پۆلیس بێزاری خۆی راگەیاند کە ( هەندێک خوێندکاری زیرەک داخستنی کۆلیژ بە کارێکی نارەوا دەبینن چونکە خوێندکارەکان بەرگری لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆیان دەکەن ) لە جێ هێشتنی کۆلیژ خوێندکارەکان بەسەر دوو لەتدا دابەش دەبن، لەم میانە ٨٧ خوێندکار لە خوێندن دەردەکرێن.

لە لستی دەرکراوەکان ناوی( میخائیل چاکایا) دێت گوایە رێکخەری مانگرتنەکە بوە، لە نێو دەرکراوەکان خوێندکارێکی تری گورجی هەبوو بەناوی (لادو کیتسخوفیللی) کە لە ژوگاشڤیلی Dzhugashvili مەزنتر دەبێ و دواتر دەبێتە مامۆستای سیاسی. لەنێو راپۆرتەکان باس لەپرۆپاگەندەی سۆسیالیزم ناکا، تۆمەتەکە خرایە سەر هەستی نەتەوایەتی گورجی گوایە هۆکاری سەرەکی بووە.

کاتێک ژوگاشڤیلی Dzhugashvili لە تەمەنی پانزە ساڵیدا دەچێتە ئەو کۆلیژە تا ئەوکات دەنگۆی مانگرتنەکە دەگوترا، هەردەبێ خوێندکاران باسیان لەو رووداوە کردبێ و ئاماژەیان بۆ ئەو ٧٨ خوێندکارە کردبێ کە بەهۆی مانگرتنەکانەوە لە خوێندن دەرکران. دیارە ئاساییە خوێندکارە نوێکە لەگەڵ هاوزمانانی سۆزدار دەبێ و ئەو جۆشدانە سیاسیەش کاری تێدەکا، بەڵام هەروەکو (گوری) ئەم هەستە لە مامۆستاکانی دەشارێتەوە، نمونەی خوێندکارێکی وشیار بوو چاودێری دەوروبەری دەکرد، سەرۆکی کۆلیژ، رۆحانیەکی روسی بوو بەناوی( هیر موجینیس) پشکێنەریش (ئاباشیدزی گورجی) بوو، دیارە بەهۆی گورجێتیی نەتەویەوە رەفتاری خۆنیشاندان بە کەسێکی دلسۆز بۆ روسیا دەنواند، ژوگاشڤیلی Dzhugashvili هەر بەو بچوکییەوە کاری لەسەر راهاتنی حوکمی تاکەکەسی دەکرد، بەنمونە سەرۆکی روسیا هەردەم سەرۆکی پێشوی لەبەر چاو دەبێ چۆن لەناو بردرا، پشکنەر لە ترسی وەلانان و لەکار دەرکردن لە رازی کردنی سەرۆکدا هەموویان بە دلەراوکێوە دەژین لە ترسی پیلان نانەوە لە دژیدا، بەم شێوە هەردەم لە ژوری نوستن و خوێندن بەهستیاری رەفتاری دەکرد وەکو ئەوەی لە ژێر چاودێری دابێ، هەرکاتەی مامۆستا و پیاوە ئاینیەکان تەنگیان پێ هەلدەچنی بە پشکنینی جانتا و شوێنی نوستنی خوێندکاران، ئەم دەکەوتە دلەڕاوکێ و ترسەوە، خوێندکارە دورخراوەکانیش پەیوەندیان لەگەڵ خوێندکارەکاندا هەر مابوو بەو هۆیەوە چاودێریەکان توند تر بوون، بەدوای کتێبی قەدەغەکراودا دەگەڕان و ئەوەی لەدەستی بگیرابا دەستگیریان دەکرد.

به دلنیاییەوە ستالین لە ساڵی یەکەمیەوە چەند گەشتێکی نیمچە نهێنیی ئەنجام داوە بۆ شار و پەیوەندیی بە چەند کەسێکەوە کردوە، ئەمەش لەو کۆپلە شیعرانەیدا دیارن کە لە رۆژنامەی گورجستانی بەناوی ( ئیبیریا) بلاو کردەوە، ئەم رۆژنامە نیشتمانپەروەرە لیبرالیستە ( ئیلیا شفشافادز) لە٢٩ی تشرینی دووەمی١٨٩٥دەریدەکرد، واتە دوای ساڵێک لە گەیشتنی ستالین بۆ تبلیس، کۆپلە شیعرەکەی پێشکەش بە شاعیری گورجیی ناسراو (ر. ئەریستاڤی) کرد کە بە تام و چێژێکی نیشتمانی و بە هەستێکی کۆمەڵایەتیی رادیکال دارشتبوو، بەڵام بۆ ئەوەی ناوی خۆی لە دەسەڵاتداران بشارێتەوە لە ژێر واژۆی (سوسیلو) (کورتکراوەی یوسفە) بلاو کرابۆوە. تاوانێکی تری ئەوەبو کتێبێکی لە کتێبخانەی گەرۆک خواستبوو، ئەو کتێبانەی حەزی لێدەکرد بۆ خوێندنەوە بریتی بوون لە کتێبەکانی، ئەدەبی روسی و ئەوروپی لەگەڵ شیعری گورجی، جگە لەم بابەتانە زۆر ئارەزوی لە کتێبەکانی گوگول و ساڵیتکوف و چیکوف بوو، کە گەلێک جار لە گوتارەکانیدا ئاماژەی پێدەدان، لەو کتێبە ئەوروپیانەی وەرگێڕکرابون کتێبەکانی فیکتۆرهوگۆ و فانیتی فیر دەخوێندەوە، هەروەها ئەو کتێبانەی کاریگەریان لەسەر هزری ئەودا هەبوو لە شێوەی کتێبەکانی داروین لەسەر ئابوری و کۆمەڵایەتی دەیخوێندنەوە، بە کتێبەکانی ماتریالیزم و کتێبە سروشتیەکانیشەوە کە ئەوکات لیبرالیست و سۆسیالیستە گەنجەکان تامەزرۆی بوون.

زۆربەی کتێبەکانی تایبەت بە بیرەوەریەکان جا ئەوانەی دژی بیرکردنەوەی خۆی بن یا لەگەڵی بن دەیخوێندنەوە. (ج.گلوردجیدز) یەکێک بوو لە هاوەلانی کە تا سیەکان لە گوری وانەی دەوتەوە دەڵێ:

( گەلێک جار لە نێو کەلیسا لە کاتی نوێژدا لە ژێر مێزەکە کتێبی دەشاردەوە و دەیخوێندنەوە، زۆر لەخۆی وشیار بوو تا مامۆستاکان پێی نەزانن، کتێب هاورێی هەمیشەی ستالین بوو هیچ کاتێک تەنانەت کاتی نانخواردنیش لێ دوور نەدەکەوتەوە، لە خەسلەتەکانی یوسف کاتێک پرسیارێکیان ئاراستە دەکرد خێرا وەلامی نەدەدایەوە تا بیری لێ نەکردبایەوە، گوێگرتن لە گۆرانی لە ئامرازەکانی کات بەسەر بردنی بوو، بۆ خۆ دەرباز کردن لەو دۆخە بێزاریەی کۆلێژا، ئەوکاتانەمان زۆر پێ خۆش بوون کە سوسو لەسەر مێزەکاندا کۆیدەکردینەوە و گوێبیستی گۆرانیە گەلخوازەکانی گورجیی دەکردین.)

نوسەرێکیتر لایەنێکی تری ژوگاشڤیلی Dzhugashvili مان نیشان دەدا دەڵێ:

(لەکاتی گفتوگۆکاندا یەکێک بوو لە قسەکەرە سەرەکیەکانمان ، لە قسەکانیدا کەسێکی رەوشەنبیر و پێداگر بوو، هەوڵی دەدا لە گفتوگۆ و زانینەکان کەس پێشی نەکەوێ، کاتێکیش رووبەڕووی بچووکترین شکست دەبۆوە زۆر تورە دەبوو، باسی دەکەن کە رقی لە ناحەز و رکابەرەکەی هەلدەگرت، لە ژوانی

تۆلەسەندنەوەدا دەبوو، هەرنەبووایە لە ڕێگەی پرۆپاگەندە و ناو زراندن تۆلەی لێ دەکردەوە، هەرچەندە ئەم خەسلەتە لە نێو گەنجان شتێکی نامۆ نیە بەڵام ئەمە وایکردبوو هاوڕێتیی قورس بێ).

هەر لەسەرەتای ساڵی سێیەمەوە بۆ مامۆستا و رۆحانیەکان دەرکەوت کە خوێندکارەکەیان لە ڕێگەی راست لایداوە، لە ١٨٩٦ یەکێک لە مامۆستاکانی ئەمەی لە لاپەرەی رەفتارەکانی نوسی:

(وا پێدەچێ ژوگاشڤیلی Dzhugashvili کارتێکی پێیە هی کتێبخانەی هەرزانە کتێبی لێ وەردەگرێ، ئەمرۆ کتێبی (کرێکارانی دەریا) هی فیکتور هوگۆم لەدەستی گرت و کارتی کتێبخانەکەشم بینی)

سەرۆک ئەم تێبینیەی بە ژێرنوس لەسەر راپۆرتەکە نوسیوە: (بۆ ماوەیەکی درێژ بیخەنە زیندانەوە، منیش پێشتر هۆشداریم داوەتێ لە بوونی کتێبی قەدەغە کراو هی فیکتور هوگو بەناوی( سی و نۆ).

دیارە خوێندنەوەی رۆمانەکەی فیکتۆر هوگو لەسەر شۆڕشی فرەنسی خوێندکار ناکاتە رۆحانی، لە کارنامەی ژیانی ئەو گەنجە شتی لەم بابەتە نوسراو زۆرە.

لە کاتژمێر یانزەی شەو کتێبی لوتورنو ( گەشەکردنی ئەدەبی لای نەتەوەکان) کە لەکتێبخانەی هەرزان وەری گرتبوو لەدەستی گیرا، بینراوە ژوگاشڤیلی Dzhugashvili ئەو کتێبە لەسەر پەیژەکانی کەلیسا دەخوێنێتەوە، بەم جارەوە دەکاتە سیانزەمین جار کە ژوگاشڤیلی Dzhugashvili دەبینرێ کتێبی قەدەغەکراو دەخوێنێتەوە، کتێبەکە رادەستی سەرۆک کرا، ئەم راپۆرتەش لە ئاداری ١٨٩٨ نوسراوەتەوە واتە دوای چوار مانگ لە سکالای یەکەم، ئەمجارەش سەرۆکی کۆلێژ فەرمانیدا (بۆ ماوەیەکی درێژتر بخرێتە زیندان لەگەڵ ئاگادار کردنەوەیەکی توند) لە سکالاو راپۆرتەکان هیچ ئاماژەیەک نیە بەوەی کتێبی سۆسیالیزمی یا مارکسیزمیی خوێندبێتەوە یا لەدەستی گیرابێ، بەڵام بە پێی بۆچونەکانی و هەلس و کەوتەکانی وا پێدەچێ یەکەمجار کتێبی سۆسیالیزم و مارکسیزمی خوێندبێتەوە ئەوکاتە بوە کە لە پۆلەکانی باڵا بوە، هەر ئەوکاتیش بووە چۆتە ریز ئەلقەی نهێنیی گفتوگۆکان لە کۆلێژ و چۆتە ریز رێکخراوی سۆسیالیستی نهێنی کە پێێ دەوترا ( میسامی داسی) ئەمە لە ئابی ١٨٩٨ بوە، وادیارە گوشارەکان زیاتر لەسەر کتێبەکانی سۆسیالیزم بونە ، بەردەست کردنی ئەم کتێبانەش کارێکی ئاسان نەبووە.

لەم رووەوە یاروسلافکی پێمان رادەگەیەنێ کە تەنها دانەیەک لە کتێبی مارکس بە ناوی( سەرمایە) بە زمانی روسی لە تبلیس هەبووە ، گەنجە سۆسیالیستەکان بە دەستنوس لەبەریان دەگرتەوە، دەکرێ ئەو مەزندە بکەین کە ژوگاشڤیلی Dzhugashvili ئەوکاتانەی لە دەرەوەی کۆلێژ بوە کتێبەکانی نوسەرە سۆسیالیستەکانی بۆ چەند کاتژمێرێک خوێندبێتەوە.

ئەو ڕێکخراوەی بەناوی(میسامی داسی) لە ساڵی ١٨٩٣ دامەزراوە کە ژوگاشڤیلی Dzhugashvili چوەتە ریزی، سەرەڕای ڕەنگدانەوەی پاشماوەکانی نەتەوایەتیی گورجی، بە یەکەم کۆمەڵەی سۆسیال دیموکرات لە تبلیس دێتە ئەژمار. ئەم ناوەیان بۆیە لە خۆناوە (میسامی داسی) واتە نوخبەی سێیەم تا جیا بکرێنەوە لە (میوری داسی) واتە نوخبەی دووەم، (میوری داسی) ئەو ڕێکخراوە لیبرالیستە بوو کە لە هەشتاکان رابەرایەتی هەوالگری گورجستانی کرد.

( نوح جوردانیا، و.ک.شکایدز، و.ج.تسیریتللی لە دامەزرێنەرانی (میسامی داسی) بوون بە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە ناوبانگ دەردەکەن دەبنە گوتەبێژی فەرمی بەناوی سۆسیالیزمی میانڕەو، لە لایەنگرە توندەکانیشیان (سیلفستەر دجیبلادزە) بوو کە بەهۆی دەستدرێژی کردنەسەر سەرۆکەوە لە کۆلێژ دەردەکرێ، سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوەش راو بۆچونەکانیان لە ڕۆژنامەی (کفالی) بلاو دەکردەوە کە ڕۆژنامەیەکی لیبرالیست بوو.

دوای ماوەیەک ژوگاشڤیلی Dzhugashvili هۆکاری بڕوابوون بە هزرەکانی سۆسیالیزم بەم شێوە دەردەبڕێ و دەڵێ:

(بەهۆی دۆخی کۆمەڵایەتیمەوە بوومە مارکسیست (باوکم کرێکار و دایکیشم وەکو ئەو کرێکار بوو) هەروەها بەهۆی ستەمی کۆمەڵایەتی و توندی ئاینی عیسا کە ڕۆژانە ڕۆحانیەکان دەیان پەستمەوە، ئەو دۆخەی لێی مەزن بووم دۆخێکی تژی رق و کینە و چەوسانەوە بوو لەسەر دەستی قەیسەر)

بە هاتنی ڕووداوە دەرەکیەکان دۆخی دوایی لەبارتر دەبێ، ئەو چەند ساڵەی دوایی لە تبلیس هەمووی ڕووداوی توندوتیژی و خۆپیشاندان بوون، ئەمەش یەکەم ڕووداوی خۆپیشاندان دەبێ لە قەوقاس ناتوانین بە تەواوەتی کاریگەریەکانی ئەو ڕووداوانە لەسەر چینی کرێکار و هەوالگری رادیکالیزم دیاری بکەین، بەڵام کاریگەریان هەبوون، لەو ڕۆژ بەدواوە ڕووداوی خۆپیشاندان بوونە کارێکی ئاسایی، بوە چەکی ڕۆژانەی دەستی چینی کرێکار، ڕەنگدانەوەی زۆریان بەسەر ڕووداوەکاندا جێهێشتن.

ئەوکات تبلیس نمونەیەکی بچوکی شۆڕشی پیشەسازیی بەخۆوە بینی، بەو هۆیەوە کاریگەری ڕەفتاری سەرمایەدارانی قەوقاس بەسەر ژیانی ڕۆژانەی قەوقاسانی ڕۆژهەلاتی کۆمەڵگەی دەرەبەگی و خێلەکیەوە بەڕوونی هەستیان پێدەکرا، ئەو ناوچانەی دوای چاکسازی کشتوکالی ژمارەیەکی کەم نەبێ کەس لێێ نیشتەجێ نەدەبوو، شوێنە شاخاویەکان و دەشتاییەکانی چۆلەوانی بوون، دوای ئەو ڕووداوانە بوونە پێگەو

بارەگای بەرهەمهێنانی نەوت و بازرگانانی خواردنەوە رۆحیەکان و بەرهەمهێنەری دانەوێلە. لینین بەم شێوە باسی ئەو رۆژانەی ئەو ناوچەیە دەکا :

(پیشەسازی نەوت بە یارمەتی و هاوکاری سەرمایەدارانی ئینگلیز و فەرنسی گەشە دەکا)، پاش ئەوە ئەم پیشەسازیەش خرایە نێو لیستی ئەو پیشەسازیانەی لینین ئەژماری کردن لە ساڵەکانی ١٨٨٦-١٨٨٧ کە دەرهێنانی مەنگەنیزی خاو بوو لە شیاتوری، کۆی داهاتی بەرهەمی ئەو دوو ناوچەی( تبلیس و کوتایس) بەگشتی نەیدەکردە دە ملیون روبل، بەڵام دوای چوار ساڵ ئەم گوژمە بووە سێ بەرانبەر واتە لە ساڵەکانی ١٨٩١-١٨٩٢ بوو بە ٣٢ ملیون روبل، ژمارەی کرێکارە پیشەسازیەکانیش لە ١٢٠٠٠ دوانزە هەزارەوە بوو بە ٢٣٠٠٠ بیست و سێ هەزار کرێکار ئەمە جگە لە کرێکارانی هێڵی ئاسنین، تبلیس بوو بە سەنتەری سەرەکیی هێڵی ئاسنین، کەنارەکانی دەریای قەزوینی بە دەریای رەش دەبەستەوە، باکۆشی بە باتوم دەبەستەوە، بەم هۆیەوە وەرشەی چاککردنەوەی لێ دامەزرا و بوو بە گرنگترین حەشارگەی بزوتنەوەی کرێکاری بە نهێنی لە قەوقاس، خۆی بوونی وەرشە و هێلە ئاسنینەکان سیمای شارستانێتیە، هەر دەبێ ژوگاشڤیلی Dzhugashvili چەند کاتژمێرێکی لەو ناوە بەسەربردبێ تیایدا چاودێری جولانەوەی بازار و خەلکەکە کردبێ، ئەمەش ئاسەواری خۆی لەسەر هزرو بیرکردنەوەکانی جێ هێشتوە، کە هزری بۆ ئەوە چوبێ کە بەهۆی داب و نەریتە رۆژهەلاتیەکەیەوە، ئەم دونیایە دونیای ئەو نیە، چونکە ئەو هەستی بۆ لای رەگەزێکی نوێ لە ژیانی قەوقاسیەکان دەچووو.

هەندێک لە شۆڕشگێڕەکان بوونە مامۆستای، جگە لە سیلفستەر دجیبلادزە کە لە نێو ئەندامانی (میسامی داسی) یەکێک بوو لە ناودارەکان، ئەو کۆبونەوەی بە دوو هاورێی تریشی دەکرد کە هەموویان بوونە دۆستی گیانی بە گیانی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili، تسولوکیدز کە سێ ساڵ لە ژوگاشڤیلی Dzhugashvili گەورەتر بوو بەڵام ئەدیب و لێزان بوو پێگەی تایبەتی خۆی لە نێو (میسامی داسی)دا هەبوو، هەرچەندە دوای پێنج ساڵ بە نەخۆش وەرەم (سیل) کۆچی دوایی کرد بەڵام وتار و نوسینەکانی لە رۆژنامەکانی گورجستان بلاو دەکرانەوە، نوسینەکانی ئاماژەیان بە ململانێیەکی نوێ دەدا لە دونیای کۆمەڵایەتی، خاوەنی هزرو توانایەکی ئەدەبی بوو، کاتێک برِوای بەو رێبازە هێنا کەوتە کار بۆ کێش کردنی برادەرانی بۆ برِوا پێهێنانیان بەم بیرکردنەوە، بەهۆی ئەوەی یەکێک بوو لەو ٨٧ کەسەی لە خوێندن دورخرابونەوە کاتی گەڕان و سوڕانی هەبوو بۆ دەرەوەی قەوقاس، لە ١٨٩٤ سەردانی کیڤ Kiev دەکا کە سەنتەرێکی روحی و سیاسیی کۆنی ژیانە لە ئۆکراین، ماوەی چەند ساڵێک لەوێ دەژێ و پەیوەندی بە کەسانی سۆسیالیستەوە دەکا، لەوانە ئەو کەسانەی دوور خرابونەوە بۆ سویسرا و پترسبۆرگ و ئینگلتەرا و فەرەنسا، دوای ئەوە بە هەستێکی پڕ

سۆزەوە بۆ کارکردن دەگەڕێتەوە تبلیس، بە نیازی ئەوەی بزوتنەوەکە لەو شارە هەڵسێنێتەوە سەرپێ، بەو مەبەستە چاپخانەیەکی بە نهێنی دامەزراند، ئەم چاپخانەی وەکو بنکەیەکی سەرەتایی بینی بۆ بانگخوازانی شۆڕشگێڕی.

پێی وابوو رۆژنامە خۆجێیەکانی نیمچە لیبرل و نیمچە سۆسیالیست لە گورجستان ئامانجەکە ناپێکن و کەلکی ئەو رێبازە نایەن، سەرنوسەرەکانیان ئەملاو ئەولایان دەکرد بۆ خۆ دزینەوە لە وشە و دەستەواژە رەسەنەکان، دواتر دەبوایە بەر لە بلاوکردنەوە سەرجەم وتارەکان بخرێنە ژێر سانسۆری تساری (قەیسەری)ەوە، ئەو سوکە رێکلامەش کە بە ناچاری دەیانکرد کەس بڕوای پێی نەبوو، دەبوایە گەنجی شۆڕشگێڕ بە هەر نرخێک بوایە لە هەژمون و سانسۆر رزگاری بێ، ئەمەش تەنها بە دامەزراندنی چاپخانەیەکی نهێنی دەکرێ، کاتێک ژوگاشڤیلی Dzhugashvili دەچێتە ریز رێکخراوی (میسامی داسی) یەوە کیتسخوفیللی هەوڵیدا ناوبراو کار لەسەر ئەم پرسە زانستیانە بکا.

کیتسخوفیللی و تسولوکیدز خوێندکارە نوێکانیان بۆ ئەم ئەرکانە رادەسپارد، کە بریتی بوون لە ئەنجام دانی چەند خولێکی رەوشەنبیری کرێکاری، دەبوایە لە بەرانبەر چەندین کرێکار و پێلاوساز و شوفێرو پیشەوەرانیتر گوتاری سۆسیالیستی بدا، خولەکانیش هەر دوانزە تا بیست کرێکار دەکرانە یەک گروپ، ئەمە کرابوە ئەرکی خوێندکارەکان هەریەکە و گروپێکی دەگرتە ئەستۆ و خولی رەوشەنبیریان بۆ ئەو کرێکارانە دەکردنەوە کە ناتوانن کتێب بخوێننەوە.

کۆبونەوە و خولەکان لە ماڵی کرێکارەکان ئەنجام دەدران، لەو ژورانەی بە دوکەڵی جگەرە و بۆنی خواردنەوە تەندرابوون، یەکێکیش لە کرێکارەکان لە دەرەوە چاودێری دەوروبەری دەکرد نەبادا پۆلیسێک لێیان بێتە ژورەوە یا پێیان بزانێ، پاداشتی خوێندکارە گوتار خوێنەکان ئەو هەستە خۆشیە بوو کە لە ئەنجامی دەرس وتنەوە کرێکارەکان زۆر بە بێ دەنگی گوێیان بۆ وتەکانیان شل دەکرد و ریزی تایبەتیان لێدەنان، بۆ ئەوانیش ئەم هەستە باشترین پاداشت و دەستکەوت بوو.

دوای ئەم جۆرە کۆبونەوە و خولی رۆشنبیریانە کارێکی ئەستەم بوو بەلکو شەرمەزاریش بوو بۆ ژوگاشڤیلی Dzhugashvili جارێکیتر بچێتەوە بەردەستی ئەو روحانی و مامۆستایانە و پاکانە بۆ دواکەوتن و چونەدەری بکا، دەبێ بەرویاندا بوەستێتەوە ئەو بوو بە پێشەنگی شۆڕشگێڕان نابی وەکو خوێندکارەکانیتر بە مێگەلی سەر بۆ ئامۆژگاری و هەڕەشەکانی کەلیسا شۆڕ بکا و ملکەچی فەرمانەکانیان بێ. نابێ لە ترسا بێبڕوا خۆی بە ئیماندار نیشان بداو ئیمانداریش بە هەمان شێوە خۆی بە بێبڕوا نیشان بدا، دەبێ ژوگاشڤیلی

Dzhugashvili زیاتر لە یەک جار ئەم پرسیارەی لە خۆ کردبێ لە ماوەی ئەو یەک دوو ساڵەدا، ئەو قەشە و مامۆستاکانی چەواشە دەکرد پێی وابوو پیسی بە پیسی وەلام دەدرێتەوە،کاتێک هەلیان دەکوتایە سەری و دەیان پشکنی بەدوای کتێبی قەدەغەدا دەگەڕان .

کاتێک لە کۆلێژ وەدەر دەکەوت و نەدەگەرایەوە دەبوایە لە پای پرسیاری ئەوان وەلامێکی وەکو ئەوان ناڕەوا و نادروست بداتەوە تا نەکەوێتە دەستیان و بە تاوانبار نەیخەنە زیندانەوە، ئەو دەیتوانی جانتای تێک بنێ و لە کۆلێژ بارکا، بەڵام دوای ئەمە چی؟ ئەو پارەی نەبوو خوێندنیتری پێ تەواوکا یا کارێکی تر بدۆزێتەوە، لەم کۆلێژە بەدواوە هیچ ئەلتەرناتیفێکی تری نەبوو، رێکخراوەکەیان هەژار و دەست کورت بوو لە توانایاندا نەبوو هاوکاریی بکەن ئەمیش مەبەستی نەبوو بەسەر کەسەوە ببێتە بارگرانی، هەرچەندە لە کۆلێژەکە بێزار ببوو بەڵام کاتی باشی هەبوو بۆ خوێندنەوە و گفتوگۆ، بۆیە دەستبەرداری ئەم هەلە نەبوو، خۆ ئەگەر کەسێکی هەلچوو میساڵی بوایە بێ ئەنجام کۆلێژی جێ دەهێشت بەڵام ئەمەی نەکرد، چونکە کوڕی کۆنە کۆیلەیەک بوو کاری بۆ گۆڕینی ژیانی گەلێک دەکرد، هەرچەندە هەندێک دیاردەی سستی و ترسی لە توێژی جوتیارانەوە بۆ مابۆوە، هەرچەندە مانەوە لە کۆلێژ بە ترس و لەرز بوو دەبوایە بەردەوام خۆی بشارێتەوە ئەمەش لای ئەو گرنگ و نوێ نەبوو چونکە لە منداڵیەوە ئەمەی بینی بوو بەم خەسلەتەوە ژیاوە، ئەگەر بەردەوام بێ لە کۆلێژ ئەوا کەسایەتیەکیتر لە چاوەڕوانیی دایە.

ژیانی رۆژ بەرۆژ بەرەو خەراپی دەچووو هەرچەندە راپۆرتەکانی پێشوو کە بە خەراپی لەسەریان نوسیبوو باس لە جموجۆلی سۆسیالیزمی ئەو ناکەن بۆیە بەباشی زانی ئەم لایەنە لە پۆلیس بشارێتەوە، بەڵام ناکۆکیەکانی لەگەڵ سەرۆک بەشەکان تەنگی پێ هەلچنیبوو، لە راپۆرتی ٢٩/ئەیلولی ١٨٩٨ دا هاتوە:

( لە کاتژمێر نۆی بەیانی، لە هۆلی نانخواردن سەرجەم خوێندکارەکان لە دەوری دژوگاشفیلی کۆمەڵیان کردبوو ئەویش کتێبی قەدەغەی بۆ دەخوێندنەوە)، دوای ئەوە هەڵمەتێکی پشکنین لە نێو خوێندکارەکان ئەنجام دەدرێ پاش چەند هەفتەیەکیتر لە راپۆرتێکی تردا دێت:

(لە میانەی پشکنینی خوێندکاران، یوسف ژوگاشڤیلی Dzhugashvili زیاتر لە جارێک هەولی درێژە پێدانی دەمە قالیی داوە،، تیایدا دژی ئەو هەڵمەتە پشکنینە وەستاوەتەوە، وتویەتی ئەم هەڵمەتانە لە کۆلێژەکانی تری ئاینی(مەزهەبی) ئەنجام نادرێن، بەڕاستی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili ریز لە بەرپرسان ناگرێ)

دواجار رۆحانیەکان چارەسەری کێشەی بە ئەندام بوونی ژوگاشڤیلیان Dzhugashvili لە رێکخراوی (میسامی داسی) ی کرد، ئەویش بە دەرکردنی لە کۆلێژ لە ٢٩ی ئایاری ١٨٩٩ بە بیانوی ئامادە نەبوون لە

تاقیکردنەوە بەبێ هۆ، دواتر بلاو کرایەوە کە بلاو کردنەوەی هزری مارکسیزم هۆکاری دەرکردنەکەی بوو، بێ گومان تاقیکردنەوە هۆکارەکە نەبووە دەبێ بە چالاکیی سیاسی هەلسابێ، دەرکراو ئەوەندە چاوی لەو کۆلیژە نەبوو کە ماوەی پێنج ساڵی لێ بەسەر برد

\+ + +




بەهــــــۆی ئەوەی ژوگاشـــــــڤیلی Dzhugashvili لە بـــاوکێکی کـــۆنە کـــۆیلە لە دایـــک بـــووە، لەگەڵ ســــەرجەم ســــەرکردەکانی شـــۆڕش جیـــایە، زۆربەیـــان لە چینەکـــانی تـــری کـــۆمەڵن، لەوانە لە نەجیبزادەکـــان یـــا چینـــی مامناوەنـــدی. لینـــین ئەوکـــاتەی خوێنـــدکاری زانکـــۆ بـــووە زۆر بە وردی چـــاودێری ژیـــانی جوتیـــارانی کـــردوە، بەڵام ئەو کـــوڕی پشـــکنەرێکی بەرز بـــووە، نە جووتیـــار بـــوە نە لە کـــوڕە جووتیارەکـــان بـــووە، ترۆتســـکی لە پەنـــجەرەی بـــاوکیەوە کە خـــاوەنی زەویـــی جوێـــک بـــوو چەوســـانەوە و هەژاریـــی بینیـــوە. زینوڤییـــڤ Zinoviev و کـــامنێڤ Kamenev و بۆخـــارین و راکوفســـکی و رادیـــک و چیچیـــرین و دەیـــانیتر، هەســـتیان بە چەوســـانەوەو ســـتەم کـــردوە بەڵام لە دورەوە بـــۆیە دژی ئەو ســـتەم و زوڵمە راپەڕیـــون و شۆڕشـــیان هەلگیرســـاندوە، قۆرخکـــاری ســـەرمایەداری بـــۆ ئەوان جـــۆرێکە لە سۆســـیولۆژی هەریەکەو بە ئاســـتێک دەیپشـــکنن، بەڵام راســـتیەکان بە شـــێک نـــین لە ئەزمونەکانیـــان، ئەمە ســـەبارەت بە قۆرخکـــاری ســـەرمایەداری ئەی ســـەبارەت بە کـــۆیلایەتی؟ هەنـــدێک لە بۆلشـــەڤیەکان وەکـــو کـــالینین و تۆمســـکی و شـــلیابنیکوف لە چینـــی کرێکـــار بـــوون، وەکـــو بـــاقی روســـەکان بە رەگ و ریشـــەی گونـــدەوە بەســـترابونەوە، بەڵام ئەوان وەکـــو کۆیلەکـــان هەناســـەی کۆیلایەتیـــان هەلنەمژیـــوە بە شـــێوەی ئەوان هەســـت بە چەوســـانەوە نـــاکەن وەکو کەسێکی کوڕە کۆیلە لە نمونەی ستالین ژوگاشڤیلی Dzhugashvili.

گومان لەوە دانیە ژوگاشڤیلی Dzhugashviliی تەمەن بیست ساڵ بە رێژەیەکی زۆر لە ئاست چینی خۆی دوور کەوتۆتەوە ئەو ئێستا لە سەر چینی هەوالگری دێتە ئەژمار، لەسەر چینە بەرێز و سەقامگیرە کۆنەکەی خۆی نەماوە، ئەو ئێستا سەربە دەستەیەکی ناسەقامگیرە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ فاکتەرێک نەبوو بتوانێ هەستی ئەو لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگە دوور خاتەوە، کەسانی سەربە چینە بالاکانی کۆمەڵگە شارەزاییان لە هەلس و کەوت لەگەڵ کرێکار و هەژاراندا هەبوو.

کرێکارە وشیارەکان ئەوانەی بە پیر بانگەوازی سۆسیالیزمەوە دەچوون بڕوایان بە پەیامی گەنجە رۆشەنبیرەکان دەکرد، گلەییشیان لە دەنگی کۆمەڵگە دەکرد کە پەیامی سۆسیالیزمیان پێ نەگەییوە و بێ هەست ماونەتەوە، پێیان وابوو ئەوان لە وشیاری پرۆلیتاریا دواکەوتوون، مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان لەسەر ئەو دواکەوتنە بۆچونی تایبەتیان گەلالە کردبوو، چارەنوسی شۆڕشگێڕەکانی چینی باڵایان دیاری کردبوو، پێیان وابوو لەسەر دەستی جوتیارە شەڕانگێزەکان لەناو دەچن یا رادەستی پۆلیس دەکرێن، بەڵام هیوایان دەخواست کە وشیاری ئەزموونی سیاسیەکان ببێتە مایەی بڕوا هێنان بە سۆسیالیزم ئەگەر بە درەنگ وەختانیش بێ.

ئەوکات زمانی هاوبەش لە نێوان هزرمەند و هەوادارانیان لە لایەک و جەماوەری ناوشیار لەلایەکدا نەبوو، ئەو هەستەی دەبووە کارەکتەری بڕوا هێنانی گەنجانی چینە بالاکان هەستی مرۆڤایەتی و هەست کردن بە گوناە بوو.

دەبێ ئەو هەستە لای دژوگاشڤیلی دروست بوبێ کە لە ژیان و سیاسەتی روسی دوا کەوتووە، ئەم هەستیاریە لە ساڵەکانی دوایی بەرەو هەلکشان چووە، هەردەبێ ئەوکات بایەخی بە چینی کرێکاری پێشڕەو دابێ چوونکە پێی وابووە لەو ئەرکە دوا کەوتووە کە چینە ناوشیارەکە هەلسێنێتەوە و بەهۆیانەوە خۆی پێبگەیەنێ، بە چاوی گومانەوە سەیری پۆلیس و مولکدارە چەوسێنەرەکانی دەکرد، ئەو تەنها دڵی لای چینە کۆنەکەی خۆی بوو، پێێ وابوو بڕوا بوون بە رێبازی سۆسیالیزم هەست کردن بە گوناە نییە، رق و کینەی زۆری لە دەسەڵاتدار و چینی مولکدار هەبوو. رق و کینەی شۆڕشگێڕیش کە شۆرشگێران لە نەوەکانی چینی بالایان دەشاردەوە و وەکو موژدە بەویان دەدا ئەمە هەستێکی زیادە بوو دەخرایە سەر هەستە خۆشەکانیتری، بۆ ژوگاشڤیلی Dzhugashvili رق و کینەی چینایەتی رق و کینەی دووەم نەبوو نەخێر یەکەم بوو رێنماکانی سۆسیالیزم ئەوی یەکلایی کردبۆوە .

ئەو خەسلەتانە لە دوارۆژ سودی پێ دەگەیەنن بەڵام سەرئێشەی بۆ دروست دەکەن و بەرەو تەگەرە و کۆسپی دەبەن، شۆڕشگێڕەکانی نەوەی چینی باڵا کاتێک دێنە ریز شۆڕش خەسلەتی شۆڕشگێڕیی جێماوە لەگەڵ خۆیاندا دێنن، راستە ئەوان دژی بڕوا و بەرژەوەندی چینەکانیان راپەڕیون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ خەسلەتی چینەکانیان نایەن کاریگەری و مۆرکی چینەکانیان هەر پێیانەوە دیار دەمێنێ، ئەو خەسلەتانەش لە نمونەی راستگۆیی و پاکی و بێگەردیە بێگومان کاتێک بۆ سۆسیالیزم راپەڕین دەبێتە بەشێک لەو خەسلەتانەی کە هەیان بووە وەکو رەوشتی باش و هزری باش، بە تەواوەتی ئەمە ئەو رەوشتانە نەبوون کە دژوگاشفلی لەگەلیدا ژیابوو، ژیانی ئەو بە پێچەوانەی ژیانی چینی بالا بوو، ئەو گەلێک ئازار و تەنگ و چەلەمەی ئابوریی چێشتبوو، زۆربەی سەرکردەکان ئەگەر کەمتر توند و تیژیان بەکار هێنابا دەیانتوانی بە خۆشی بژین، بەڵام ئەوان ئەم رێگەیان هەلبژارد، کەسێکی وەکو لینین دەتوانێ ببێتە سەرکردە و فەرماندەیەکی نیشتمانیی بەرز، بەڵام ترۆتسکی ئەدیبێکی بەناوبانگ بوو هەروەها کامنێڤ Kamenev و بۆخارین لەبار و گونجاو بوون تا ببنە کەسێکی ئەکادیمیی بەناوبانگ، هەموویان گوتار بێژ و نوسەری بەرز بوون هەلگری هەستێکی ناسک بوون، ژوگاشفیلی Dzhugashviliش هەلگری هەستێکی تەندروست و گەلێک خەسلەتی تر بوو، بەڵام خاوەنی داهێنان نەبوو، ئەگەر لە توانایدا بێ لە بەردەم ژمارەیەک لە کرێکار گوتاری سۆسیالستی بدا ئەوە نابێتە مایەی ئەوەی بلێین نوسەرێکی بالا بووە، دواتر لە روسیای فرە چین کوڕە جوتیارێکی گورجستانی چۆن دەتوانێ لە پەیژەی کۆمەڵایەتی سەرکەوێ، بۆ ئەو باشتر بوو لە بواری کەلیسا بمابایەوە دەرفەتی زیاتری هەبوو تا ببێتە کەسێکی ناودار، بۆیە ئەو تا مابوو هەستی بە کەمایەتی دەکرد تەنانەت لە دونیای سۆسیالیزمیشدا نەیتوانی لەو هەستە دەرچێ.

------------------------

# بەشی دووەم

## (دونیای خوارەوە)ی سۆسیالستی

- دامەزرێنەرانی شۆڕشی داهاتوو.
- مارکسیستەکان دژی سۆسیالستە کشتوکالیەکان ( نارودنیک).
- پلیخانۆڤ و لینین: کاریگەریان لە قەوقاس.
- ستالین لە ساڵی ١٨٩٩ وەکو نوسەر لە کەشناسی تبلیس کار دەکا.
- لە ١٩٠١ بەهۆی چالاکیەکانی شۆڕشگێڕییەوە ناچار دەبێ خۆی بشارێتەوە.
- ستالین (بریدزولا) (خەبات) دەردەکا.
- یەکەم پەخشانی سیاسیی.
- هەلوێستی لە بۆرژوا.
- ( خۆبەزل زانینی گەل) وەکو چەکێک دژی ستەمکاران.
- لە ١٩٠١ ستالین تبلیس جێ دەهێلێ و بەرەو باتوم دەڕوا.
- ناوی خوازراوی (کوبا) (گیرخواردو) بەکار دێنێ.
- چاپخانەیەکی نهێنی دادەمەزرێنێ.
- بەگژ یەکدا چونی کرێکار و سوپا.
- بنچاوکردنی ستالین ساڵی ١٩٠٢.

لە ئابی ١٨٩٨ ژوگاشڤیلی Dzhugashvili پەیوەندیی بە (میسامی داسی) یەوە کرد، بەر لەو بەرواره لە ئابی هەمان ساڵ ژمارەیەک لە کەسانی سۆسیالیست کە ژمارەیان لە دەکەس تێپەڕ نەدەکرد لە شاری (مینسک) کۆنگرەیەک دەبەستن و دامەزراندنی(پارتی کرێکاری سۆسیال دیموکراتی روسی) رادەگەیەنن، لەو دوو

مێژووە بۆمان دەردەکەوێ کە ژۆگاشڤیلی Dzhugashvili لە کاتێکی هەستیارو زووەوە چۆتە ریز سۆسیالیستەکان، واتە لەو کاتانەی بزوتنەوەکە بەرەو لێژ بۆتەوە، پارتی سۆسیالیست لەسەر ئاستی روسیا نەبووە، ئەوکات ژمارەیەک لە گروپی بانگخوازی سۆسیالیستی هەبوون زۆربەی ئەندامانیان لە رۆشەنبیران بوون، ئەوەی لە دەرەوەی بازنەی ئەواندا بوایە لە گفتوگۆ و دیالۆگەکانیان بێ خەبەر بوو، تا ئێستاش توێژەرە روکەشەکان بەهۆی بەستەلەکی هزریەوە خۆیان لەو قەرە نادەن، بەڵام بانگخوازانی (جودابونەوە) دامەزرێنەری راستەقینەی مێژووو بوون، ئەوان زاناو هونەرمەندی شۆڕشی داهاتوون.

بەدرێژایی سەدە رۆشنبیرەکان دژی دەسەڵاتی ستەمکاری قەیسەر راپەڕیون، لەگەڵ ئەوەی ئاراستەی سۆسیالیزمی مارکسیزم لە نێو ئاپۆری ئۆپۆزسیۆنی شۆڕشگێڕدا تا دواییی سەدە نەبووە هێزێکی ستەمکار، تا دواییی هەشتاکانی هەمان سەدە سۆسیالیستی کشتوکالی کە خۆی لە (نارودینیەکان یا میللییەکان) دەبینیەوە، تا ئەوکات ئاراستەی ستەمکار بوون. ئەوان وا مەزندەیان دەکرد کە روسیای کشتوکالیی دەرەبەگی دەتوانێ رۆڵی زولم و ستەمەکارانی پیشەسازی پشتگوێ بخا کە بەهۆی قازانجەوە دەبزوێندرێن و سیستەمێکی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای ئوبشینا ( سیستەمی کشتوکالیی سەرەتاییە لە دێکان) دابمەزرێندرێت، ئەوەی روسیا پێویستی بوو بۆ هەلوەشاندنەوە و قەلاچۆکردنی سیستەمی کۆیلایەتی و دەسەڵاتی تاکرەوی تەنها ئازادی کۆمەڵایەتی بوو. ئەمەش ئەگەر ئەنجام بدرێ، چارەنووسی روسیا مسۆگەر دەبێ، ئەوکاتیش جوتیارەکان دەبنە چینی پێشڕەو و هێزی کاریگەری نەتەوە نەک پرۆلیتاریای پیشەسازی، زۆربەی خەلکە میللیەکان لە شۆڕشگێڕ و بەرگریکارانی کەلتوری سلاڤی بوون ئەوانەی لە دژی کاریگەری ئەوروپی بۆ سەر ولاتەکەیان دەوەستانەوە.

ئیتر لەم میانە لە ژێر کاریگەری هزری سۆسیالزمی ئەوروپی ئاراستەیەک سەرهەلدەدا.

لەو ساڵەی ژۆگاشڤیلی Dzhugashvili لەدایک دەبێ میللییەکان(نارودین) کۆبونەوەیەکی نهێنی لە (فورونیج) دەبستن، ئەم کۆبوونەوە دەبێتە مایەی لەت بوونیان بۆ دوو ئاراستە:

ئاراستەی یەکەم: لایەنگری هزری کشتوکالی لاسایی کەرەوە بوون. ئاراستەی دووەمی: بە رابەرایەتی(جورج پلیخانۆڤ) بوو بانگخوازی موتوربە کردنی شۆڕشی روسیا بوون بە هزری سۆسیالیزمی پیشەسازیی رۆژئاوا.

پلیخانۆڤ خۆی وەکو بە تواناترین دیزاینەری فەلسەفەی زانستی کۆمەڵایەتیی مارکسیزم لە روسیا و مامۆستای لینین و نەوەی شۆڕشی روسی دایە ناسین، پلیخانۆڤ درکی بەوە کرد کە روسیا لەم زوانە پێویستی بە سەرمایەداری پیشەسازی دەبێ و بنیادی خێلەکی و دەرەبەگایەتیش تێک دەشکێ هەروەکو ئەو بنیادە

سەرەتاییە تێکشکا کە ئێستا گەلخوازەکان (میللییەکان) سوشیالیزمی خۆیان لەسەر کەلاوەی ئەودا بنیاد ناوە، دەڵێ چینی کرێکاری پیشەسازی لە روسیا گەشە دەکا و لە پێناو سۆسیالیزمدا خەبات دەکا بۆ ئەوەی لە شێوەی سۆسیالیزمی ئەوروپی سیستەمێک دابمەزرێنی، ئەوانەی بانگخوازی سۆسیالیزمی کشتوکالیشن داواکانیان هەلقولاوی داخوازیەکانی دەرەبەگەکانن، ئەوەندە نابا تێکدەشکێ و لە بیر دەکرێ، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بیرکردنەوەی تۆباوی و مایە پوچن، ئەمەش مانای ئەوەیە پلیخانۆڤ دەڵێ:

( دەبێ چینی کرێکاری پیشەسازی رێکبخرێ بۆ ئەنجام دانی ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی).

ئەمە لە کاتێکدا بووە کە پیشەسازی لە روسیا لە قۆناغی سەرەتاییدا بوو، دەبێ زانا وهزرمەندێکی مەزن درک بەو قۆناغە هەستیارە و پێداویستیەکان و پێشبینیەکانی بکا و ئومێدەکانی لەسەر پرۆلیتاریای پیشەسازی بنیاد بنێ، وا نیشانیدا وەکو ئەوەی مارکسیستەکان نەک گەلخوازەکان موژدەی بێ هاوتایی دەبەخشنەوە.

لە دیالۆگ و دەمەتەقێکاندا لەسەر پلانی تەکتیکی خالە ناکۆکەکان زیاتر لەیەک دور دەکەونەوە، گەلخوازەکان هانی جوتیارانیان دەدا بۆ سەرەوژێر کردنی دەسەڵاتی تاکرەوی بە تیرۆر کردنی قەیسەر بێ یا لەنا وبردنی فەرمەنبەرە مەزنەکانی، کاتێک بڕوایان وابوو سۆسیالستە کشتکاریەکەیان لە پەنای شکاندنی شکۆی دەسەڵاتی تاکرەوەیەوە دەبێ بۆیە دەبوایە هەوڵی ئەو شکاندنە بدەن، لەم رووەوە لە ١٨٨١ کاتێک توانیان تساری (قەیسەری) دووەم تیرۆر کەن سەرکەوتنێکی باشیان وەدەست هێنا.

تیرۆریستان بە ژن و پیاوانیەوە هەڵگری هەندێک خەسلەتی باشن کە لە ئوروستوکراتە کان یا لە نەجیبزادە خەباتگێڕەکانەوە بۆیان ماوەتەوە، یەکێک لە پیلانگێرە بەناوبانگەکان ( سوفیا بیروفسکا) ی کچی پارێزگاری سان پترسبۆرگ بوو، بەڵام ئەو سەرکەوتنەی لە تیرۆرکردنی تساری(قەیسەری) دووەم بەدەستیان هێنا بێ ئومێدی کردن، ئەوان بڕوایان وابوو بە کوشتنی فەرماندەیەک لە لووتکەی دەسەڵات سیستەمی حوکم دەگۆڕن، بەڵام تەنها تاکە کەسێکیان گۆڕی و ئومێد و ئامانجەکانیان نەهاتنە دی، بە تیرۆر کردنی ئەسکەندەری دووەم، ئەسکەندەری سێیەم دێتە سەر حوکم و دەبێتە تساری(قەیسەری) روسیا کە لەو ستەمکارتر بوو، مارکسیستەکان خۆیان لە شێوازی کوشتن و لەناو بردنی تاکەکەس دوور خستەوە، پێیان وابوو ئەمە کارێکی گێرەشێوێنی و تیرۆرستانەیە سیستەمی حوکم بە لە ناوبردنی تاکە کەسێک ناگۆڕدرێ، بڕوایان وابوو تەنها چینی پرۆلیتار دەتوانێ سەرتاپای سیستەمی حوکمڕانی ستەمکارانە لە ناوبەرێ، بەڵام چونکە پرۆلیتاری پیشەسازی لە قۆناغێکی ساوادایە دەبێ چاوەڕوان بکرێ تا ئەو چینە پێدەگا، کاری

ئەوانیش لە ئێستاوە تا ئەوکات پرۆپاگەندە و کۆکردنەوەی ئەو خەلکەیە کە لەروی هزرەوە لە سۆسیالیزمەوە نزیکن و لە شێوەی گروپ رێکیان بخەن و راهێنانیان پێ بکەن.

رۆژگار بۆچونەکانی مارکسیستەکانی سەلماند، بە بوردنی چەند ساڵێک پیشەسازی پێشدەکەوێ و چینی پرۆلیتاری پیشەسازی دروست دەبێ، ژمارەی کرێکارەکان و کێشەو گرفتەکانیان بەرەو زیاد بوون دەچن، کاتێک دەگەنە ساڵانی نەوەدەکان هزر و رێبازی گەلخوازەکان لە دیدی گەنجە شۆڕشگێڕەکان کال دەبنەوە و بەرەو نەمان دەچن، لە ١٨٩٤ کاتێک ژوگاشڤیلی Dzhugashvili دەچێتە کۆلێژی ئاینی، لینین ی گەنج کتێبەکەی بە ناوی (کێن دۆستانی گەل؟) بلاو کردەوە، لەو کتێبە دوا بزمار لە تابوتی گەلخوازەکان دەدرێ و هێرشیان دەکرێتە سەر، دەڵێ: وێنەیەکی نوێی سۆسیالیزمی کشتوکالی لەم نزیکانە سەرهەڵدەدا.

بیرکردنەوەی ماکرسیستە روسەکان توشی دوفاقی ببوو، ئەوان لە کاتی گفتوگۆ و دیالۆگەکاندا لەگەڵ گەلخوازەکان پێیان وابوو دەبێ سەرەتا سەرمایەداری لە روسیا ببوژێتەوە ئەوسا دەکرێ سۆسیالیزم بێتە دی، لای ئەوان وابوو بە بێ پیشەسازیی نوێ مەحالە سۆسیالیزم بێتە دی، کەچی سۆسیالیستەکان لە ئەوروپا کار بۆ لەناوبردنی سەرمایەداری دەکەن، بەڵام لە روسیا ئومێدەکان لەسەر بوژانەوە و دروست بوونی سۆسیالیزم بنیاد نراون، کاتێک ئەوان دەبینن کە سەرمایەداری وەکو وێستگەیەکە لە نێوان دەرەبەگایەتی و سۆسیالیزم، بۆیە بایەخیان بەو ویستگەیە دەدا ئەوەتا زۆربەی کتێب و نوسینەکانی هزرمەندان لە نمونەی (پلیخانۆڤ و لینین و ستالین) لە شێوەی دادگایی کردنی سەرمایەداری ئەوروپای رۆژئاوای لیبرالیستی دان، بەڵام ئەم جیاوازیە ئەوەندە نابا دەبێتە ئاژاوە لە نێوانیان، بەهۆی ئەم بۆچونانەوە هەندێک لایەن دەستیان بە بەشێک لە هزرەکانی مارکسیزم هەڵگرت، هەندێک لایەنی تریش پێداگریان لە بەشەکەی تری مارکسیزم دەکرد، لەم میانە هەندێکیان چاویان لە سوشیالیزم بوو هەندێکیتر چاویان لە وێستگەکە بوو کە سەرمایەداریە. بە دەربڕینێکیتر بلێین؛ هەندێک سۆسیالیست بوون هەدنکیش بورژوای لیبرالیست، بانگەشەی سەرمایەداری ئەوروپیان دەکرد بە دەمامکی مارکسیانە. لە کاتێکا سۆسیالیزم خۆی کوڕە ناشەرعیە لیبرالیستەکەی ئەوروپای رۆژئاوا بوو.

لیبرالیزم لە روسیا بەشێک بوو لە سۆسیالیزم، تاهەڤالانی رێگا لە ویستگە نزیک دەبوونەوە ناکۆکیەکانیان بەرەو زیاد بوون و تەقینەوە دەچووو.

کاتێکیش دەگاتە نیوەی سەدە ئیتر ناتوانن لەوە زیاتر فێل لەخۆیان بکەن و رووبەڕووی جیابوونەوە نەبن، مارکسیستەکان و ئەوانەی ناویان لە خۆیان نابوو مارکسیستە شەرعیەکان، لەوە زیاتر ناتوانن بەیەکەوە بگونجێن.

مارکسیستە شەرعیەکان( ئەوان بۆیە بەم ناوە خۆیان ناساند بڕوایان بەو هزری مارکسی بوو کە بێ پەل و پۆیەو چاودێریەکەی تساری(قەیسەری)ش پەسندی دەکا)، ئەوان لە دەوری هەندێک لە زانای کۆمەڵایەتی کۆ ببونەوە وەکو( ستروف، توگان بارانوفسکی، بولگاکوف) هیتریش وەکو ئەوانەی بەرنامەی مارکسی بۆ شی کردنەوەی سۆسیۆلۆژی و ئابوری بەکار دێن بە پشتگوێ خستنی لایەنی شۆڕشگێڕی نەک رەت کردنەوەی یا دژایەتی کردنی.

ئەم لەت بوونە بوە مایەی ئاژاوە لە نێو ریزی ئەندامانی بەتایبەتی ئەو ئەندامانەی میانڕەون کە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو لەگەڵیدا هاتبوون، ئەوان رەخنەیان لە تیرۆری تاک و رێکخەرانی تیرۆر گرت، خۆیان وا نیشان دا کە باشترین کەسانی میانڕەوی مارکسیستن.




دەبوایە پلیخانۆڤ و لینین و برادەرانی ئەوانەی کەمتر ناودارن لەوانە (ئەکسلورد، زاسۆلیچ، مارتۆڤJulius Martov) هەوڵ و توانایەکی زۆر لە پێناو زال بوون بەسەر ئەم ژاوە ژاوەدا بدەن و جیاوازیەکانی نێوان لیبرالیست و سۆسیالیستەکان رون کەنەوە.

ناکۆکیەکان کەوتنە سەر لاپەرەی رۆژنامە و گۆڤارەکان و بەلکو کتێبەکانیش، ئەم ناکۆکیانە گەیشتنە سەرجەم بنکەکانی ئۆپۆزسیۆن لە روسیا، لەوانە شاری تبلیسیش.

(میسامی داسی) گروپێکی نادیارن سەرجەم ئەوانەی بڕوایان بە رێبازی مارکسیزم بوو تیایدا بوون، بەڵام بۆچوونی ئەندامە میانڕەوەکانی لە (مارکسیزمی شەرعی) ەوە نزیک بوو، ئەو کاتەی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili دەچێتە ریز (میسامی داسی) یەوە ناکۆکیەکان توند بوون، لایەنە زالەکە لایەنی راستڕەو بوو بە سەرۆکایەتی(نوح جوردانیا)بەڵام ژوگاشڤیلی Dzhugashvili پێی باشتر بوو بچێتە ریز کەمینەی چەپڕەو.

کاتێک ئەم ناکۆکیە کۆتایی دێ، ناکۆکیێکی تر سەر هەلدەدا، مانگرتنی یەکەم و مانگرتنی کرێکاران کە بوە مایەی لەدایک بوونی ئاراستەیەکی نوێ بە ناوی ( ئارەزوومەندانی ئابووری). روسەکان ئەم ناوەیان لێنان کە فرەنسیەکان پێیان دەلێن (سەندیکالیستەکان) یا ئارەزوومەندانی سەندیکای نا سیاسی، ( ئابوری خوازان

مەبەستیان بوو داخوازیەکانیان تەنها لەسەر رۆژانەی کرێکاران و چاککردنی باری ژیانیان بێ، بێ ئەوەی بەلای سیاسەتەوە بچن)، ئەوان لە داخوازی و باسی سیاسی دەترسان نەبادا بەلای قەیسەردا بکێشێ و توشی گرفت بن، یاخود پرۆپاگەندە کردن بۆ سۆسیالیزم ببێتە مایەی ناڕەزایی چینی کرێکار چونکە دۆزی نان و باری کار لای ئەوان لە هەموو شتێک گرنگتر بوو پێیان وابوو ئەگەر لەم بابەتە دەرچن ئەوا داخوازیەکانیان لەبیر دەکرێن.

سۆسیالیستە سیاسیەکان (ئابوریخواز)ەکانیان بەوە تاوانبار کرد کە لە داخوازیی کرێکاران دەرچوونە، وتیان رۆژگار دەسەلمێنێ کە چینی کرێکار رەوشەنبیرترین چینی سیاسین، بەمەرجێک پرۆپاگەندەی سۆسیالیزم بڕوایان پێ بهێنێ کە سیاسەت پر بایەخە، بەدڵنیاییەوە داخوازیەکانیان لە ئاستی نان و خۆراک بەرزتر ناکەنەوە چونکە سەرکردەکانیان لە سیاسەت دەترسن.

تا ساڵی ١٩٠١ (ئابوریخوازان) لە کۆنگرەکانی سۆسیالیزم کە لە دەرەوە دەبەستران زۆرینە بوون، بەڵام سیاسیەکان لەم دۆخە بێ ئومێد نەبوون هەوڵیاندا ئەوانەی راڕان بیانهێننە ئەو بڕوایە کە هەوڵەکانیان بێ سودە و دەبێ لە روانگەی سیاسیانەوە کار بۆ ئەم دۆزەی کرێکاران بکەن و بوێر بن و نەترسن، لەو کاتانە ئابوریخوازەکان لە تبلیس زۆرینە بوون و بەسەر دۆخەکاندا زاڵ ببوون، بەڵام لینین و پلیخانۆڤ لە رێگەی ئەوکەسانەی ناردنیان بۆ ئەوێ توانیان ئومێدەکانیان بروخێنن و بەرنامەکانیان تێک بشکێنن، ئەوکات ژوگاشڤیلی Dzhugashvili بڕوایان پێ دێنێ و دژی ئابوریخوازەکان دەوەستێتەوە، چارەنوسی بووە چارەنوسی هاوڕێکانی ( تسولوکیدز، کیتسخوفللی و هیتریش).

دواجار دوو بابەت بوونە جێی سەرنجی گەنجە سۆسیالیستەکان، ژمارەیان لە زیاد بووندا بوو، لەساڵی ١٩٠٠ ژمارەیان لە تبلیس بوو بە چەند سەد کەسێک، لەوەش گرنگتر ئەلقە نهێنیەکانیان زۆرینەیان بوونە کرێکار، رێژەی کرێکارەکان لە هی روناکبیرەکان زیاتر بوون، بەو هۆیەوە تواندرا لە رێگەی ئەو کرێکارانەی لە کارگەکان کاریان دەکرد پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆری کرێکارانەوە بکرێ ، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لە قۆناغی موژدە بەخشینی هزری سۆسیالیزمەوە لە بەردەم ژمارەیەک لە کرێکار بۆ کاری سەندیکایی و سیاسی لە نێو جەماوەر بگواسترێتەوە، ئەم گواستنەوەش بە زاراوەی روسی پێی دەگوترێ (گواستنەوە لە پرۆپاگەندەوە بۆ هاندان).

مانا و مەبست لە پرۆپاگەندە ئەو مانا و مەبەستە نابەخشێ کە ئێستا لێی تێدەگەین، واتە بۆ کاری چەواشەکردنی خەلک یا رێکلام کردن بۆ کەسانێک و سەرگەردان کردنی خەلکانێک، بۆ ناساندنی رێباز و

ئامانجی سۆسیالیزم و دیالۆگ و گفتوگۆی راشکاوانە بوو، بۆ کاری سیاسی، ناساندنی رێباز و هزری حزب بوو بە جەماوەری زەحمەتکێش، ناساندنی حزبێک بوو کە بۆ سەرتاپای نیشتمان بێ وەکو هێزی کاریگەر و گورز وەشێن بێ لە ستەمکار. لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی دوای ئەوەی پلیخانۆڤ لە (گەلخوازان جیا دەبێتەوە حزبی لەم جۆرە دانەمەزراوە، رەوشەکە بریتی بوو لە بوونی چەند گروپێک بە سەرۆکایەتی فەرماندەی خۆجێیی، کاتێک ژوگاشڤیلی Dzhugashvili بڕوا بە سۆسیالیزم دەکا، کۆنگرەی مینسکی ١٨٩٨ یەکێک بوو لەو هەوڵانەی بۆ دامەزراندنی ئەم حزبە درابوو، بەڵام پۆلیس زۆربەی ئەندامانی ئەو کۆنگرەی دەستگیر کرد بۆیە بڕیارەکان وەکو مەرەکەبی سەرکاغەز مانەوە.

پلیخانۆڤ وەکو تاقە وتەبێژی مارکسیزم لە ئەوروپای رۆژئاوا دەژیا، هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ ناوەوە نەمابوو لەکاتێکا گەنجە سۆسیالیستەکان زۆر پێویستیان بە کەسێک بوو تا ریزەکانیان یەکخا، هەموویان لە سیبیریا پەرش و بلاو ببونەوە، لینین لە گوندێک دەژیا لە هەرێمی (ینیسای) لە سیبیریا ٣٠٠ کم لە وێستگەی شەمەندەفەرەوە دوور بوو، ئەو تەمەنی سی ساڵ بوو بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی تەواو کردنی ماوەی دورخستنەوەکەی دەکرد کە ٣ ساڵی بەسەردا سەپێندرابوو، لە سیبیریا وەکو نوسەرێکی مارکسیست چەندین وتاری نوسیبۆوە، یەکێک لەو نوسینانەی دیراسەیەکی بە پێز بوو بەناوی( گەشە کردنی سەرمایەداری لە روسیا) ، ئەم دیراسەیەی کە کرایە کتێب ناوبانگی باشی دەرکرد، بەڵام دورخستنەوە شوێنێک نەبوو بۆ ئەو لێ بهەسێتەوە، زۆر بە تالوکەبوو بگەڕێتەوە پارتی سۆسیالستی راستەقینە دامەزرێنێ.

هەرکە لە سیبیریا ئازادکرا زوو پەیوەندی بە هاوڕێکانیەوە دەکا لە پترسبۆرگ و مۆسکۆ. ئەوانیش بە پێویستیان زانی پەیوەندی بە شێخەکەیەوە (پلیخانۆڤ) بکا تا هاوکاریی بکا.

لینین بۆ ئەو زۆر بە پەرۆش بوو دوای چەند مانگێک سەفەری دەرەوە دەکا، پەیوەندی توند لەگەڵ کەسە مارکسیستەکانەوە دەکا، ئەمە نابێتە مایەی دروست بوونی حزبێک بەلکو دەبێتە پرۆژەی ئەم بیرۆکەیە، کە لە مێژووی روسیا و بەلکو جیهانیشدا پێگەی خۆی دەبێ.

لە دوا مانگەکانی ١٩٠٠ لە شتوتگارتەوە لە ئەلمانیا یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (ئیسکرا) (بلێسە) ی دەرکرد.



РОССІЙСКАЯ СОЦІАЛЬ-ДЕМОКРАТИЧЕСКАЯ РАБОЧАЯ ПАРТІЯ

ИСКРА

№ 1. ДЕКАБРЬ 1900 ГОДА. № 1.

НАСУЩНЫЯ ЗАДАЧИ НАШЕГО ДВИЖЕНІЯ

ВИЛЬГЕЛЬМЪ ЛИБКНЕХТЪ

ОТСЮДА САМА СОБОЮ ВЫТЕКАЕТ ТА ЗАДАЧА, КОТОРУЮ ПРИЗВАНА ОСУЩЕСТВИТЬ РУССКАЯ СОЦИАЛ-ДЕМОКРАТИЯ: ВНЕДРИТЬ СОЦИАЛИСТИЧЕСКИЕ ИДЕИ И ПОЛИТИЧЕСКОЕ САМОСОЗНАНИЕ В МАССУ ПРОЛЕТАРИАТА И ОРГАНИЗОВАТЬ РЕВОЛЮЦИОННУЮ ПАРТИЮ, НЕРАЗРЫВНО СВЯЗАННУЮ С СТИХИЙНЫМ РАБОЧИМ ДВИЖЕНИЕМ.

ЛЕНИН

ناوی رۆژنامەکە خۆی دەربڕیەتی، لە بلێسەوە ئاگری شۆڕشی روسی هەلدەگیرسێ، نوسەرەکان تەنها بە نوسینی گوتار و وتارەکان دەستەوەستان نەوەستان بەلکو کاریان بۆ گەیاندنی رۆژنامەکە دەکرد بگاتە هەموو هەرێمەکانی روسیا، ژمارەکان بە دەست و بەهۆی ئەندامانیەوە بە نهێنی سنورەکانیان دەبرین دەیانگەیاندنە شوێنی مەبەست، ئەم شێوازە کارێکی نامۆ نەبوو چونکە لە کۆنەوە دورخراوەکان بەم شێوە رۆژنامەکانیان دەگەیاندنە ولات،بەڵام بە هەمان شێوەی ئیسکرا بە رێک و پێکی نا، ئەمەی ئیسکرا شتێکی نوێ بوو دوو رۆلی دەگێڕا، وێڕای گەیاندنی رۆژنامەکە، کارێکی نهێنیی حزبیش بوو بەهۆیەوە پەیوەندیەکان دروست دەبوون و خەلکی وشیار دەکرایەوە، لەم رێگایەوە پەیوەندی بە گروپە بچوکەکانەوە دەکرایەوە یا دروست دەکران و لەوە دلنیا دەبونەوە کە پەیوەندیان بە ئەنجومەنی رزگاریخوازەوە هەیە لە دەرەوە، ئەوەندەی نەبرد ئەم تۆڕە رێکخراوەییە نوژەن دەکرێتەوە و لەرێگەی نوسینگەی ئیسکراوە بەیەک دەبەسترێنەوە، ئەم نوسینگەش لە میونخەوە دەگواسترێتەوە بۆ جنێف و لەوێشەوە بۆ لوندون، دوور لە چاوی پۆلیسی تساری(قەیسەری)، سەرنوسەری رۆژنامە بەم هۆکارەوە هێزی لیژنە و ناوچەکانی لا روون بوو ئەم لیژنانەش کاری پەیامنێری و رێکخستن و پرۆپاگەندەیان بەجێ دەگەیاند، بەم شێوە جۆرێک لە لیژنەی جێبەجێ کردن بە نهێنی دامەزران، ئیتر دۆخەکان لە بار بوون تا بتوانن شێوەیەکی جەلاتینی بدەن بە بزوتنەوەکانیان و خۆیان لەناو جەستەی حزبدا بتوێننەوە، هەموو ئەو سۆسیالیستانەی روسیا کە ئەم بیرۆکەیان پێ راست بوو ناویان لەخۆ نابوو (ئیسکروفتسی) واتە گروپی ئیسکرا، بەم شێوە رۆژنامەیەک دەبێتە بێشکەی حزبێک.

نێردەکانی ئیسکرا هەرێمی قەوقاسیان لە بیر نەکردبوو، لەو هەرێمە هەر زوو ئیسکرا دەبێتە خاوەنی کۆمەڵە گەنجێک، هەمیشە بە تینوێتیەوە لە چاوەڕوانی گەیشتنی ڕۆژنامەکەیان دا دەبن کە بە ڕێگەی نهێنی بەدەستیان دەگا، گەیشتنی ژمارەی نوێ نیمچە ئاهەنگێک بوو بۆ ئەوان، ئیسکرا ببوە خۆراکی مێشک و هزر لە هەر ژمارەیەک بیر و بۆچونی نوێی تیابوو کە بۆ دیبەیت لەگەڵ ناحەزان باشترین کەرەستە بوون. ئیسکرا بۆ گەنجەکان مایەی بڕوابەخۆبون بوو، ئەم چاکەیەش بۆ هزرمەندانیان دەگەڕایەوە لە دەرەوە هەرچەندە ئەوکات ژوگاشڤیلی Dzhugashvili بەتەمەن بچوک بوو توانای بەشدار بوونی نەبوو لە نوسین لەسەر بەرپەڕەکانی ئیسکرا، دەتوانین بلێین لە دەستەواژەکانی خۆجێی دەگەیشت بە هێلە گشتیەکانەوە، تەنها بەهۆی خوێندنەوەی ڕۆژنامەوە ئەوەندە توانای نەبوو لەگەڵ کۆمەڵێک لە کرێکاران کۆببێتەوە بەلکوو بەلگەی زۆریشی بەدەستەوە هێنا بۆ بەرپەرچ دانەوە و ڕەخنە گرتن لە سۆسیالستی کشتکاری و مارکسیستی شەرعی و ئابوریخوازان.

چالاکیە هزریەکانی لەسەر ئەم بابەتانە چڕ کردنەوە، کە یەکەم خزمەتی نوسینی ئەو کتێبەی بوو کەبە زمانی گورجی دەریکرد.

بەم شێوە دوو ساڵەکەی دوای دەرکردنی لە کۆلێژی ئاینی، بۆ پێگەیاندنی هزری سیاسی خۆی بۆ ئەو ماوەیەکی هەستیار بوو ، تا ئەوکاتەی کۆلێژی جێ هێشت هزرەکانی سۆسیالیزمی نادیار و ناڕوون بوون، ڕاستە بەلای مارکسیزمدا شکابۆوە بەڵام لە دەستپێکی دابوو بەتەواوەتی هەرسی نەکردبوو، نیشتمانپەروەرێتی گورجیی بوە ڕێخۆشکەر و ڕێنوێی کاری سیاسیی، بڕوای زیاتر بەوە هێنا کە سۆسیالیزم کۆتایی بە چەوسانەوەی نیشتمانی و ئەتەنی دێنێ، وێڕای لەناو بردنی قۆرخکاری چینایەتی، بەڵام بە دروستی یەکلایی نەببۆوە ئاسەواری جێماوەی پێوە دیاربوو، دوای دوو ساڵ هزرو بیرکردنەوەکانی لەسەر نوسینەکانی پلیخانۆڤ و لینین چڕ کردنەوە، لە یەکەم کتێبە سیاسیەکەیدا لە ١٩٠١ ئەمە دەردەکەوێ کە زیاتر بایەخ بە جیا کردنەوەی بابەتی کۆمەڵایەتی لە نیشتمانی دەدا. لێدوانەکانی وەکو کەسێکی مارکسیستی بڕوا پێکراو بوو نەک سازشکار.

+ + +

تا ماوەی چەند مانگێک ژوگاشڤیلی Dzhugashvili دوای دەرکردنی لە کۆلێژ نەیتوانی خانوێک یا کارێک وەدەست بێنێ، بەتەواوەتیش تا کۆتایی ساڵی ١٨٩٩.

ماوەیەک لەگەڵ دایکی لە گۆری دەژیا، دواتر دەگەڕێتەوە تبلیس لەگەڵ هەندێک لەو کرێکارە وشیارانە دەژی کە بەشداریان لە کۆڕو کۆبونەوەکانیدا دەکرد، بە هاوکاری هەندێک لە برادەرانی و دەرس وتنەوەی بە منداڵانی چینی دەولەمەند توانیی کەمێک پارە پەیدا بکا و کارێک لە کەشناسی تبلیس بدۆزێتەوە، هەرچەندە رۆژانەکەی کەم بوو بەڵام هەر چۆنێکی بێ کار شتێکی باشە دواتر ئەو کاتی ئەوەندە نەبوو کارێکی زۆر بکا، وێڕای کار کردن ژورێکیشی لە شوێنی کارەکەیدا دەست کەوت کە ئەمە یەکەم شوێنی تاکەکەسیی بوو، ئیتر لە توانایدا بوو لە ژورەکەی خۆی کۆبونەوەکان ئەنجام بدا بەو هیوایەی شکۆی فەرمانگەی کەشناسی بتوانێ لە چاوی پۆلیسی بپارێزێ، ئەم خۆ حەشاردانە بۆ ئەو دەرفەتێکی باش بوو، لەو ماوەیەدا بوو پۆلیس ژمارەیەکی لە ئەندامانی (میسامی داسی) ی دەستگیر کردبوو بەڵام ئەمی تیا نەبوو، ئەو لە خۆشاردنەوە و فرتو فێلی خۆ دورخستنەوە لە چاوی پۆلیس و کلاو نانەسەر زیرەک و بە ئەزمون بوو.

مانگی یەکەم بەسەرچوو ئەو سەرقالی رێکخستنی خۆپیشاندانێک بوو لە یادی یەکی ئایار لە قەوقاس، لە دژی دەسەڵات و وەکو هاوهەلوێستیەک لەگەڵ کرێکارانی ئەوروپا بەشداریی لەو چالاکییە دەکرد، بەڵام تا ئەوکات ئەو دژایەتی و تەحەداییە کارێکی شەرمنانە بوو، لەو رۆژە چوارسەد تا پێنجسەد کرێکار خۆیان خزاندە نێو شار و لە نزیک دەریاچەی خوێ لە دەروازەی تبلیس کۆبونەوە، کە دوور بوو لە چاوی پۆلیسەکان، لەو گردبونەوە کرێکارەکان بە بەرز کردنەوەی ئالای سوور و وێنەکانی مارکس و ئینجلس گردبونەوەکەیان گەرم و گوڕ دەکرد، لە نیمچە کۆمبونێکی ئەرسەدۆکسیانە دەچووو کە بە دروشم و وێنەی مارکس و ئینجلس رازێندرابونەوە، لەو گردبونەوە بۆ یەکەمین جار ژوگاشڤیلی Dzhugashvili گوتاری خوێندەوە، دواتر دوو تا سێ گوتاریتر خوێندرانەوە و چەند سرودێکی سۆسیالیستی گوتران و بلاوە بە گردبونەوەکە کرا، ئەمە یەکەم گردبونەوەی کرێکارە سۆسیالیستەکان بوو بۆیە زۆر شەرمنانە بەڕێوە چوو، لە ئایاری دواتر گردبونەوەیەکی مەزنتر و لە نێو جەرگەی شار و بە جۆشتر بەڕێوە چوو.

لەوساڵ رووداوی ئەوەندە گرنگ رویان نەدان جگە لە دوو رووداو نەبێ، یەکەمیان مانگرتنی کارێکارانی هێلی ئاسنین، ئەویتریشیان هاتنی هاوڕێیەکی لینین بۆ تبلیس کە (فیکتور کورناتوفسکی) بوو، ژوگاشڤیلی Dzhugashvili لەو مانگرتنەی هێلی ئاسنین تێکەوت، دیارە ئەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆی لەسەر ئەم پرسە رێککەتون کە ئەم مانگرتنە ئەنجام بدەن بەڵام هەندێک لە کرێکارە دورخراوەکانی روسیا وەکو کالینین و ئەلیولییف و هیتریش خۆیان بەسەر مانگرتنەکەدا سەپاند و بوون بە رابەری.

هاتنی (کورناتوفسکی) تینێکی بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی دا لە تبلیس، هەر دەبێ هاوڕێکەی لینین باسی لە هزرو بۆچونەکانی لینین کردبێ بۆیە سەرنجی ئەو خەلکەی بەلای خۆیدا کێشا کە دواتر دەبێتە پالەوانی شۆڕشی ١٩٠٥، ژوگاشڤیلی Dzhugashvili زۆر پێێ سەرسام بوو، پێێ وابوو کورناتوفسکی یەکێکە لەو سەرکردە خۆجێیانە کە دەتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا دروست نەبوو.

ساڵی ١٩٠١ ساڵێکی تژی رووداو بوو، یادی یەکی ئایار بوە رۆژی بەرەنگار بوونەوەی دەسەڵات و دابەش کردنی بلاوکراوە لە تبلیس، لەو بلاوکراوانەدا هاتبوو:

( کرێکارانی سەرجەم روسیا بڕیاریان داوە بە بۆنەی یەکی ئایارەوە لە بەناوبانگ ترین شەقامی شار ئاهەنگ بگێڕن و ئەم رۆژە زیندوو بکەنەوە، روو لە دەسەڵات دەکا پێیان دەلێن شمشێر و ئەشکەنجەدان کە بەدەستی پۆلیس رووبەرویان دەکرێتەوە نایان ترسێنن)

دواتر ( ئوخرانا) (پۆلیسی نهێنی ئیمپراتۆریەتی روسی) بڕیاری هێرش بردنی دا، لە ٢١ی ئادار کورناتوفسکی و باڵاترین کەسایەتیی سۆسیالیستەکان دەستگیر دەکرێن واتە بەر لە نزیکەی یەک مانگ لە یادی یەکی ئایار، ژووری ژوگاشڤیلی Dzhugashvili لە فەرمانگەی کەشناسی گەمارۆ درا، بەڵام نەتوانرا دژوگاشفیللی Dzhugashvili دەستگیر بکەن، بەم شێوە بە هێمنی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili کارەکەی جێ دەهێلێ و لەوکات بەدواوەش ناتوانێ ئەم ناوەی بەکار بێنێ، ئیتر ژوگاشڤیلی Dzhugashvili ناچار بە نهێنی بژی و بە ناوێکی خوازراو و بە پاسپۆرتی خوازراوەوە هاتوچۆ بکا.

لە ماوەی پانزە ساڵدا ژیانی بەم شێوە بە نهێنی بەرێکرد، تا ئەوکات لە نێوان کاری نهێنی و ئاشکەرا دەژیا بەڵام ئێستا دەبێ دابەزێتە دونیای خوارەوە، بۆ کاری نهێنی کە تا ساڵی ١٩١٧ لێی دەرناچێ، کاتێکیش لە یەکەم حکومەتی سۆفیەتی بە ئەندام لە وەزارەتێک دادەمەزرێ ئەو رێکخراوە دەیژێنێ کە دایمەزراندبوو، کەچی لە رێگەی هاوکاریەکانی هاوڕێیانی یا هاوکاریەکانی ئەو رێکخراوە دەژیا، ئەوتا بە حوکمی ئەو دۆخەی تیایدا دەژێ گەڕایەوە سەر ئەو دۆخەی کە لێی راکردبوو ، ئەویش ژیانی زگورتیایەتی و ژیانی کەلیساو چاو لەدەستی خێرخوازان بوو.

یەکەم کاردانەوەی دوای گرتنی هاوڕێیانی لێدانی (ئوخرانا) (پۆلیسی نهێنی ئیمپراتۆر) بوو، دەبوایە سەرەرۆییەک لە یەکی ئایار ئەنجام بدا، کاتێک (ئوخرانا) هاوڕێیانی دەستگیر دەکەن هەست بە تامی سەرکەوتن دەکەن بۆئەوەی دژوگاشفیلی لە دونیای خوارەوە پلەیەک لە کاری حزبیی بەرز بێتەوە دەبی

چالاکیەک دژی (ئوخرانا) ئەنجام بدا، کاردانەوەکە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی ژمارەی دوو هەزار کرێکار لە یادی یەکی ئایار کە پێنج بەرانبەری ساڵی رابردوو بوو و لە جەرگەی بازار ئەو چالاکیە بەڕێوەچوو، بەڵام پۆلیس و میلیشیا لە چواردەوریاندا بوون، لە ئەنجام رووبەڕووبونەوە روویدا، پانزە کرێکار بریندار دەبن و چواردەشیان دەستگیر دەکرێن، رۆژنامەی (ئیسکرا) لەسەر ئەم رووداوە وتار و مانشێت دادەبەزێنێ،گوایە رۆژی ٢٢ی نیسان قەوقاس دەقلیشێتەوە، ئەو رۆژە کرا بە رۆژی دەستپێکی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لە سەرتاپای قەوقاس.

تا ئەوکات ئەگەر پێویست بوایە ژوگاشڤیلی Dzhugashviliخۆی بەنوسینی چەند وتارێک تاقی دەکردەوە، کیتسخوفللی کە چوبوە باکۆ بۆ دامەزراندنی چاپخانەیەک، سەرکەوتنی لێ وەدەست هێنابوو، بەم جۆرە گرفتی بە چاپ گەیاندنی روژنامە و بلاوکراوەکان چارەسەر کرا، یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (بریدزولا) واتە خەبات لە ئەیلولی ١٩٠١ دەردەکرێ.

بەرنامەی رۆژنامەکە لە شێوەی نامە نوسین ئاراستە دەکرا . لە ١٩٤٦ کاتێک ستالین ئەو نامانەی کردنە بەشێک لە کتێبەکەی، دەڵێ ( من ئەم نامانەم دەردەکرد)، بەڵام شێوازی نوسینەکە هیچ پەیوەندیەکیان بە یەکەوە نەبوو، راستتر وایە کە ژوگاشڤیلی Dzhugashvili نوسەرە سەرەکیەکە بوە.

(بریدزولا) یەکەم رۆژنامەی ئازاد بوو کە بەبێ چاودێری دەردەکرا، سەرنوسەرەکەی وتاری میانڕەوانەی بلاو دەکردەوە و رایگەیاندبوو کە ئێمە سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسیەوە نین، بەلکو پیشەیین، پێی وابوو کە بزوتنەوەی کرێکارانی گورجستان بەشێکە لە بزوتنەوەی کرێکارانی روسیا بۆیە زەرورە سیاسەتەکانی سەربە سیاسەتەکانی سەرکردە سۆسیالیستەکانی ئیمپراتۆریەتی تساری (قەیسەری) ەوە بن، لە چوارچیوەی سیاسەتەکانی ئەوان دەرنەچن، ئەمەش بە گەورەترین هێرش ئەژمار دەکرێ کە کرابێتە سەر(میسامی داسی) چونکە ئەوان لایەنگری دامەزراندنی حزبێکی تایبەتی بوون بە گورجستانیان و بە حزبە روسیەکانەوە ببەسترێتەوە بەڵام سەربەوانەوە نەبێ.

دوای سێ مانگ ژمارەیەکی تری رۆژنامەی (بریدزولا) دەردەچێ واتە لە کانونی دووەمی ١٩٠١، لەم ژمارە وتاری درێژی لەخۆ گرتبوو کە ژوگاشڤیلی Dzhugashvili نوسیبوی بەڵام بێ واژۆکردن، لەژێر ناوی ( پارتی سۆسیال دیموکراتی روسی و ئەرکە بەپەلەکانی)، وتارەکە تەنها کورتکراوەیەکی هزرەکانی ئیسکرا و لینین بوون، بە شێوازی تایبەتی خۆی دایڕشتبوو ئەو شێوازەی لینین لێی بێزار دەبوو کە لە داهاتوو زیاتر پێیەوە

دیاره، سەربارى نیشاندانى ئەو وێنە تاریکەى بە دیدى خۆى کە بە ڕۆژانى یەکشەممەى کەلیساى ئەرسەدۆکسیى دەشوبهاند کە دەڵێ:

( زریان و جۆگەلەى خوێن ئەوروپاى ڕۆژئاواى گەمارۆ داوە بۆ ئەوەى بەسەر چەوسانەوەى زۆرینەدا زاڵ بێ کە بەدەست کەمینەوە دەناڵێنێ، بەڵام زامەکان تا ئێستا کۆتاییان نەهاتوە و وەکو جاران ماونەتەوە، ئێش وئازارەکان ڕۆژ لە دواى ڕۆژ لە زیاد بووندان)

پاش ئەوەى دەستبەردارى ئەم شێوازە بێهاوتاییە (تۆباویە) دەبێ، ئەمجارەیان نوسەر کورتە باسێکى سۆسیالیزم لە ئەوروپا و روسیا دادەبەزێنێ کە لە شێوە و لەسەر ڕێچکەى ئەو سۆسیالیستانەى ئەو سەردەم بوو بە پشت بەستن بە کتێبەکەى ئینجلس ( سۆسیالیزمى بێ هاوتایى و سۆسیالیزمى زانستى) یا بە کتێبەکانى لینین و پلیخانۆڤەوە.

هەندێک نمونەى سادەشى هێناوە تا بیسەلمێنێ کە وێڕاى ئەوەى قەوقاس لە روسیا ناوچەیەکى دواکەوتوە بەڵام گەیشتۆتە قۆناغى سۆسیالیزم، دواتر هێرش دەباتە سەر ئابوریخوازەکان کە پێیان وایە خەباتى کرێکاران دەبێ تەنها لە پێناو قوتى خۆیاندا بێ، نەک دژى تسارى (قەیسەرى) و لە پێناو سۆسیالیزم، کاتێک ئابوریخوازان بە سۆسیالیستە میانڕەوەکانى ئەوروپاى ڕۆژئاوا دەشوبهێنێ ئەوانەى لایەنگرى ئەدوارد ئەنشتاینن لە ئەڵمانیا کە بڕوایان بە چاکسازیەکى بێمانا هەیە و دەستبەردارى ئامانجەکانى سۆسیالیزم دەبن، ئەمە ئاماژەیەکە بەوەى سۆسیالیستەکانى ئەڵمانیا ناکۆکیان لەگەڵ ڕۆژنامەى ئیسکرادا هەیە، ئەم تێنەگەیشتنە لەبەر ئەوە هاتوە چونکە نوسەر شارەزایى لە زمانى ئەڵمانیدا نیە، لە هەمان کاتدا نیشانەى ئەوەیە نوسەر بەدواداچونێکى سەرەتایى هەیە لەسەر بزوتنەوە سۆسیالیستەکانى ئەوروپاى ڕۆژئاوا.

دیسان دەڵێ سۆسیالیستە چاکسازەکانى ئەوروپاى ڕۆژئاوا مافى خۆیانە بڵێن ئێمە لە ژێر سایەى سەرمایەدارێکى شارستان دەژین هەرنەبێ ( مافى مرۆڤى تیا دەستەبەر کراوە).

بەشى دووەمى وتارەکە ڕەشبینە، بە نیشاندانى وێنەیەکى تاریک و تاڵى روسیاى چەوسێنەر دەست پێدەکا.

( تەنها چینى کرێکار لە ژێر چەپۆکى قەیسەر ناناڵێنى، دەسەڵاتى تاکڕەوى سەرجەم چینەکانى کۆمەڵگەى خنکاندوە، جوتیارەکان بێزارن لە برسا دەناڵێنن، بێزارەکان دانیشتوانى شارەکانن، خاوەن کارەکانن، فەرمانبەرە بچوکەکانن، سەرجەم چینە بچوکەکان لە ژێر حوکمى قەیسەر دەناڵێنن، سەربارى چینى کرێکار، هەروەها بۆرژواى بچوک زۆر بێزارە بە بۆرژواى مامناوەندیشەوە، توێژى ڕۆشەنبیرو نەتەوە بچوکەکان ژێردەست کراون، بێبەشن لە مافى نەتەوایەتى بە ئاینە جیاجیاکانەوە، قەیسەر دەستدرێژى

کردۆته سەر هەموو ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی درندانە نەتەوە و ئاینەکان دەچەوسێنێتەوە، جوەکان لە کەمترین ماف بێبەش کراون، ئەوان هەمان مافی روسەکانیان نییە، دیسان گورجیەکان و ئەرمەنەکان لە کردنەوەی خوێندنگا بە زمانی دایک بێبەش کراون رێگەیان لێ دەگیرێ، مەزهەبە جیاجیاکانی ئاینی رێگەیان نادرێ ‌ رێورەسمە ئاینیەکانیان بەجێ بگەیەنن)

وێنەکەی تری روسیای چەوسێنەر بە هێلێکی پان کێشراوە، مەبەستی بڕواهێنانی خوێنەر بوو بە دۆخی ناهەموار و نیشاندانی وێنەیەکی تاریکی روسیا، مەبەستی بوو بڕوا بە خوێنەر بێنێ کە پێویستە شۆڕش لەم قۆناغە هەلگیرسێ بۆئەوەی ئەم ستەم و زۆرداریانە لەناو ببردرێن، بۆ ئەم مەبەستەش پێی وابووە چینی کرێکار ئامادەترین چینن بە هەماهەنگی و هاوپەیمانی لەگەڵ توێژەکانیتر کە شۆڕش پشتیان پێ ببەستێ.

نوسەر لەگەڵ کێشانی ئەم وێنە تاریکانە ئاگاداری و وشیارکردنەوەش دەدا:

جێگەی داخە کە چینی جوتیارانی روسی تا ئێستا لە ژێر سیستەمی نەزانین و کۆیلایەتی دەنالێنن، ئەوان ئێستا بە ئاگا هاتوون بەڵام نازانن کێیە دوژمنی راستە قینەیان، نەتەوەکانی روسی پرسی سەربەخۆبونی لا گرنگ نیە تا ئێستا بیری لە ئازادی نەکردۆتەوە، کەوایە گەلی روسی هەست بەوە ناکا کە حوکمی تاکڕەوی تاقە دوژمنی هاوبەشیەتی. بەڵام ئەو هۆشداریە مەزنەکەی بۆ چەواشەکاریی بۆرژوایە کە خۆی بە ئۆپۆزسیۆنی قەیسەر نیشان دەدا گوایە دژی رژێمە ( لە نێو هەموو گەل و نەتەوەیەکدا چینی بۆرژوا شارەزاترین چینە بۆ دزینی سامان و سەروەتی گەل ، زیرەکن لە جولاندنی خەلک و یاری کردنی بە هەستی هەژارن، هەرگیز بەرژەوەندیەکانیان ناخەنە مەترسیەوە، ئەوان دژی دوژمنێکی بەهێز ناکەونە ململانێ کە ئیمتیازەکانیان لەدەست بچێ یا بکەوێتە مەترسیی لەدەستدان)

بۆیە دەبێ چینی کرێکاری پیشەسازی جلەوی پێشڕەوی بگرێتە دەست، هەر سەرکەوتنێک بەسەر تساری (قەیسەری) دەکرێ ببێتە گالتە جاڕی ئەگەر جلەوەکە لەدەست چینی بۆرژوا بوو، چونکە ئەگەر بۆرژوا سەرکەوت بە دلنیایەوە پێ دەنێتە سەر لەناوبردنی کرێکار و جوتیاران، بەڵام ئەگەر بە پێشڕەوی چینی کرێکار و پرۆلیتاریا بەسەر قەیسەردا سەرکەوت ئەنجامەکەی دەبێتە دەستورێکی دیموکراسیی، مافی سەرجەم چینەکانیتر پارێزراو و یەکسان دەبێ، جوتیار و کرێکار و چەوساوە و سەرمایەدار.

ئەگەر سەیری ئەم دەرهاوێشتە میانڕەوە بکەین کە ( مافەکان یەکسان دەبن تەنانەت بورجوازەکانیش) و دوای بەسەر چونی نزیکەی نیو سەدە لە گەیشتنی، دەبێ ئەمە لەگەڵ هێرشە توندەکانی نوسەرەکە یەک ناگرنەوە، هەرچەندە ئەم هێرشە بە هاوبەشی بوو لە نێوان سۆسیال دیموکراسە روسەکان، چونکە گریمانە

هاوبەشەکەیان ئەوکات ئەوە بوو کە روسیا هێشتا پێنەگەییوە بۆ ئەوەی سیستەمی سۆسیالیزمیی لێ جێبەجێ بکرێ، بە دیدی ئەوان هەموو ئەوەی شۆڕش بتوانێ بیکا گۆڕینی دەسەڵاتی تاکڕەوی دەرەبەگایەتی دیموکراسی سەرمایەداریە، هەموو جیاوازیەکان ئەمە بوون کە سۆسیالیستەکان ناچار دەکران بۆ ئەوەی دیموکراسی سەرمایەداری لە ولاتەکەیاندا سەرکەوێ، هەرچەندە خۆیان دوژمنی سەرمایەداری بوون بەڵام پاساویان بەم شێوە دەهێنایەوە، دیارە ئەم جیاوازیە دەبێتە مایەی روداني جیابونەوە لە ریزەکانیاندا. سۆسیالیستە میانڕەوە مەنشەڤیەکان بڕوایان وابوو کە چینی مامناوەندی لیبرالیست رۆلی سەرەکی لە شۆڕش بگێڕێ، کار بۆ گۆڕینی دەرەبەگ بە سەرمایەدار بکەن، دەبێ سۆسیالیستەکان دوای ئەوەی هاوکاری لیبرالیستەکان دەکەن کار بۆ لەناو بردنی دەسەڵاتی تاکڕەوی بکەن و دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن،، دەبێ رۆلی ئۆپۆزسیۆنی سۆسیالیستی ئاسایی بگێڕن لە کۆماری سەرمایەداری پەرلەمانی.

بەڵام بۆلشەڤیەکان کە لە نێویاندا ژوگاشڤیلی Dzhugashvili بوو لە ساڵی ١٩٠١ دەڵێ نابێ هاوکاری لیبرالیستی بۆرژوا بکەین بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی تاکڕەوی، بەلکو دەبێ سۆسیالیستەکان رۆلی پێشڕەوی ببینن بۆ لەنا وبردنی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و تەنانەت ئەگەر ئەمە ببێتە مایەی دروست بوونی حوکمێکی دیموکراسی لە ژێر سایەی سەرمایەداری بە ژێرخانێکی ئابوریەوە دەکرێ گونجاو بێ، ئەم مشتو مڕە زۆر گەرم نابێ تا ئەو کاتەی شۆڕش لە ١٩٠٥ بەرپا دەبێ.

لە نێوان ئەم ساڵ و ساڵی ١٩١٧ پاساوی بۆلشەڤیەکان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایە کە روخسارە سەرەکیەکەی بگۆردرێت.

بەم شێوە ژوگاشڤیلی Dzhugashvili لە دۆخێکی میانڕەودا دەمێنێتەوە،بڕوای بە دیموکرات و دان بە مافی یەکسانی لە نێوان کرێکار و جوتیار و سەرمایەداردا دەنێ، ئەو کات کەسێکی دەستپاک بوو بۆ رۆحی سۆسیالیزم لە روسیا، شتێکی سەیرە ژوگاشڤیلی ئەو کات و پێشتریش بەر لە جیابونەوەی بۆلشەڤی و مەنشەڤیەکان هەمان هەلوێستی بۆلشەڤیەکانی هەبووە لە کاتێکا ئەو لە تەمەنی بیستو دوو دابوو، بە هەمان شێواز دەدوا کە لینین لە ١٩١٧ پێی دەدوا، هاوڕاکانی بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەو ماوەی دە ساڵەدا گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتبوو، وا پێدەچێ کە لەو کاتە زووە لینین کاریگەری زۆری کردۆتە سەری، سەرەڕای ئەوەی کە نوسین و کتێبەکانی دامەزرێنەری بۆلشەڤیک و ئەدەبیاتیان بە شێوەیەکی تەواو بلاو نەببونەوە ئەوانەی بلاویشکرابونەوە لە ژێر ناوی خوازیار بلاو کرابونەوە بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێ کە گەنجە قەوقاسیەکە بە هەموو لایەنەکانی لینینەوە سەرسام بوە و لە ژێر کاریگەریی ئەودا بووە، هەندێک

هزرو بیرکردنەوە و توێژینەوەی ئەو مامۆستایە لە خوێندکارەکانی ون بوون بەڵام ئەو سەرسامیەی بە هزر و ڕێبازی لینینەوە وای کردبوو بڕوا بە ڕێبازەکەی بێنێ.

نوسەرە گەنجەکە تەنها بانگخوازێک نەبوو، دەرکەوت کە ڕێکخەری شۆڕشێکە، بایەخ بەو ئامرازانە دەدات کە حزب بەرەو ئەم ئامانجە دەبات.

سەرجەم ئامرازەکانی کاری شیکردنەوە: چاکە و خەراپەکانی، توێژینەوەیەکی لەسەر جیاوازی لە نێوان مانگرتن و کاری ڕۆژنامە نهێنیەکانی ئەنجام دا، لەم توێژینەوە گەیشتە ئەو بڕوایە کە ڕۆژنامە دەگاتە دەست ژمارەیەکی دیار لە هاولاتیان، خوێنەرانی سنوردارن، بەڵام مانگرتن سەرجەم کەنالەکانی ژیان دەگرێتەوە و توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگە لێی بە ئاگا دەبن، کاریگەریشی زیاترە بەڵام کارێکی سەرەڕۆییە چونکە بەهۆی مانگرتنەوە دوور نیە کرێکاران زیانیان پێ بکەوێ و کارەکانیان لەدەست بدەن، هەرچی خۆپیشاندانی سەرشەقامەکانە بێگومان لە هەردوو شێوازەکەیتر سەرکەوتوترە، ئەوەی لە مێشکی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili دەخولایەوە یەکەم خۆپیشاندانە سەرکەوتوەکەی یەکی ئایار بوو لە قەوقاس، توێژینەوەکەی لە روانگەی سایکۆلۆژیی جەماوەر سەرچاوەی گرتبوو بە پشت بەستن بە گیانی خۆکوژیەکەی رژێمی تساری (قەیسەری) کاتێک لە پێناو مانەوەی خۆیدا ئەنجامی دەدا.

دەڵێ ئەم جۆرە خۆپیشاندانە ژمارەیەک لە شۆڕشگێڕان بانگخوازی بۆ دەکەن و دەتوانن جولە بە شەقام و هاولاتیانی بێلایەن و بینەر بکەن، ئەم بزاوە بۆ گەل لە دەسەڵاتی ستەمکار مەترسیدارتر نیە.

بیرۆکەی خۆپیشاندانی جەماوەری لەسەر شەقامەکان ئەوەیە کە دەتوانێ قۆرخی جەماوەرە بێلایەنەکە بکاو بیانخاتە ریز خۆیەوە کاتێک پۆلیس بۆ بلاوە پێکردنی ئەم جۆرە خۆپیشاندانانە بەردەبێتە گیانی هاولاتیانی بێلایەن هەستی بینەریش بەم زوڵمە دەجولێ ئەوسا ئەویش دەخزێتە نێو ئاپۆرەکەوە، بەمەش شەپۆلی سۆسیالیزم پان و بەرین دەبێ، لە توانای پۆلیسدا نابی بەسەر توڕەیی جەماوەردا زال بێ تەڕو وش بەیەکەوە سەرکوتکا، پۆلیسیش ناچار دەبێ چونکە ناتوانێ جیاوازی لە نێوان بینەر و بێلایەنە راپەریوەکەدا بکا. لە ئەنجام هەردوو لایان تامی زولم و ئازارەکان دەچێژن.

لەم رووەوە ژوگاشڤیلی Dzhugashvili دەڵێ:

(هاوپەیمانان تا ئاستی شەق تێهەلدان لەگەڵماندا هاتن و قوربانیان دا، دەڵێ درک بە( سەرهەلدانی شۆڕشێکی میللی) دەکەم کە ئەم دۆخە رادەماڵێ و کۆتایی پێ دێنێ، ئەو زۆر لە بۆچونەکانی دلنیا بوو بۆیە سنورەکانی بۆ دیاری کردبوون، لەم رووەوە وتبوی:

(تارمایی ئەو شۆڕشە لە ماوەی دوو تا سێ ساڵیتر دەردەکەوێ، زۆرکەم پێشبینی و بۆچونی سیاسەتمەداران بەتەواوی دێنە دی، ئەوەتا هەر بە تەواوەتی دوای سێساڵ واتە لە ١٩٠٥ شۆڕش سەری هەڵدا).

سەرەڕای گرنگی سیاسیی ئەو وتارە، شتێکی ئەدەبیی ئەوتۆی تیا نەبوو، لینین ئەوکاتە ئەم وتارەی نوسیبوو کە لە تەمەنی دژوگاشڤیلی دابوە، نوسینێکی ئابوری بوو کەس شەرم لە وتنەوەیدا ناکا، بۆ خوێندکارانی زانکۆ دەشێ. بەڵام ترۆتسکی کە لە تەمەنی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili دابوو، هەرکە ئەستێرەی درەوشایەوە لە رۆژنامەی (ئیسکرا) وتارەکانی شیاوی بلاو کردنەوە نەبوون نەلە رۆژنامەی ئیسکراو نەلە رۆژنامەی (زاریا) کە پلیخانۆڤ و لینین دەریان دەکرد، ئێمە بەم جۆرە وتارەکەمان هەلسەنگاند کە لە وتاری خواری خوێندکارێکی ئاسایی لاساییکەرەوە دەچووو بیرکردنەوە سۆسیۆلۆژیەکەی و شێوازە ئاساییەکەی بۆ سەرنوسەری ئیسکرا و لینین کارێکی گران نەبوو شتێکی ئەوتۆی لێ بەدی بکەن، لە هەمان کاتدا ئێمە بێویژدانی دەکەین ئەگەر نوسینە سەرەتاییەکانی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili بە نوسینی نوخبەی ئەدەبی بزوتنەوەی سۆسیالیزمی روسی ئەژمار بکەین، بەتایبەتی کە (بریدزولا) خۆی وەکو زمانحالی گورجیەکان هێنایە ناسین، ئەگەر بە پێوەری گورجی وتارەکانی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili هەلسەنگێنین ئەوا دەکرێ بە رووداوێکی مەزنی بزانین، خوێنەر کاتێک دەیخوێنێتەوە بە چاوی کتێبەکانی داهاتوو دەیخوێنێتەوە بۆیە پێی سەرسامە، بێگومانیش ئەو وتارانەی (بریدزولا) بلاوی کردنەوە لە ماوەی

سەربوردەی چالاکیەکانی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili لە میانەی مانگ و ساڵەکانی داهاتووی پێویستی بە چەند بەرگێک هەیە. ژیانێکی بردۆتەسەر بە شێوەی هاندەر ور ێکخەری سۆسیالیستێکی راوەدونراو، پوختەی ئەم جۆرە ژیانەش بریتی بوە لە مانگرتن و خۆپیشاندان و کاری نهێنی و کۆبونەوە و کۆنگرە و هیتر. کاتێکیش ئەم جۆرە ژیانە لە نێوان خۆی و هاوڕێیانی کە هەمان ژیانیان هەیە بەشدار دەبن کەسێک نابێ ئەم سەربوردانەی بۆ بنوسێتەوە تا بەسەر چونی ماوەی سی تا چل ساڵێک، دوای ئەوە هاوڕێ و دۆست و ناحەزانی بەدوای هەوال و سەربوردەکانیدا وێل بوون. دۆستەکانی پێیان وابوو کە ئەم گەنجە کەسێکی پالەوان و داهێنەرە، لە کاتێکا ناحەزانی بە پێچەوانەوە پێیان وابووە کەسێکی بەدکار و زیانبەخشە، تا وایلێهات چەندین بەرگی کتێبی لەسەر نوسران، بەڵام ئەگەر ستایش بێ یا سەرزەنشت و پاشملە هیچ لە پێدانی زانیاری لەسەر لینین زیاد ناکا، ئێمە لێرە تەنها هەندێک رووداوی راستەقینە دەخەینە بەرچاو.

لە تشرینی دووەمی ١٩٠١ ژوگاشڤیلی Dzhugashvili بە ئەندامی لیژنەی سۆسیال دیموکراتی تبلیس هەلدەبژێردرێ، ئەم دەستەیە لە نۆ ئەندامی سۆسیال دیموکراتی تبلیس پێک دێت، سەرپەرشتی گروپە سۆسیال دیموکراتەکانی پایتەختی قەوقاس دەکەن، تا ماوەیەک رۆڵی لیژنەی جێبەجی کردنی قەوقاسی

دەگیرا، بەڵام دوای تەنها دوو هەفتە تبلیس جێ دەهێڵێ و دەچێتە باتوم، ئەو شارە نەوتیەی سەر سنوری توركیا، ئەوكات كاری بەستنەوەی باتوم بە باكۆوە بە بۆریی نەوت تەواو ببوو، كەسایەتیی یەكەمی لیژنەی تبلیس ئەوكات سیلفستر دجیلادز بوو، ئەمە هەمان ئەو كەسە بوو كە كاتی خۆی دەستدرێژی كردبووە سەر سەرۆكی كۆلێژ و دواتریش دەبێتە مامۆستای دژوگاشفلی بۆ وانەی سۆسیالیزم. بەڵام پەیوەندیەكانیان لەگەڵ یەكترا باش نەبوون ، كاتیخۆی دجیلادز وەكو منداڵێكی خۆی مامەلەی لەگەڵ دژوگاشفلی دا كردبوو بەڵام بۆ ئەم هەست بریندارکردن بووە، جگە لەمەش ئەم ( سیلفستر دجیلادز) لایەنگری باڵی راستڕەوی میسامی داسی بوو.

بەم شێوە ناكۆكیە سیاسیەكان دەبنە مایەی ئەوەی پەیوەندیەكانیان خۆش نابن، بۆیە سەفەر كردنی دژوگاشفلی بۆ هەموولایەک مایەی خۆشحالی بوە بۆ هەریەک لە دژوگاشفلی و دجیلادز و لیژنەی جێبەجێ كردنی تبلیس، ئەوكات باتوم پێویستی بە چالاكی گەنجێكی وا بووە، ئیتر دژوگاشفلی لەوێ ناوی خۆی دەگۆرێ و ناوی (كوبا) دەكاتە ناوی خوازیاری، كوبا بە زمانی توركی واتە پایتەخت.

لە شیعرێكی شاعیری گورجی (كازبیجی)، (كوبا) ناوێكە لە دەرەوەی یاسا پالەوانێكە گەل دەوروژێنێ، ئەویش یەكێكە لە نوسەرە خۆشەویستەكانی دژوگاشفلی لە رۆژانی گەنجێتییدا، بەم شێوە كوبای شۆڕشگێڕ لە نێو هاوڕێیانیدا بەم ناوە نهێنیە هاتە ناسین بەر لەوەی ببێتە ستالین، دوای ئەوەی بە ناوی ستالینیش هاتە ناسین بۆلشەڤیە قەوقاسیەكان هەر بە كوبا ناویان دەبرد.

باتوم گەلێک لە تبلیس بچوكترە ژمارەی دانیشتوانی ناگاتە ١٥٠ هەزار كەس، بەڵام بەهۆی سەرمایەی بێگانە بە سەنتەری پیشەسازی هاتە ناسین، دامەزراوە نەوتیە سەرەكیەكان مولكی كۆمپانیای (روثچایلد) بوون زیاتر لە چارەگە كرێكارەكانی قەوقاس لەم شارە نیشتەجێ بوون، هەر چەندە ئەم شارە بووە جێی سەرنج و بنكەی كاری سۆسیالیستەكان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێكخراوی نهێنیی لێ نەبوو، بۆیە كوبا ویستی ئەم كەلێنە پركاتەوە دوای هاتنی بە چەند هەفتەیەک بانگی سۆسیالیستەكانی كرد بۆ بەستنی كۆنگرە. لە كۆبونەوەیەكی خۆش و قەشەنگدا بە بۆنەی جەژنەكانی سەری ساڵ لیژنەی سۆسیال دیموكراتی باتومیان هەلبژارد. هەنگاوی دووەمیان دامەزراندنی چاپخانەیەكی نهێنی بوو لە شێوەی چاپخانەكەی كیتسخوفیلی لە باكۆ، چاپخانەكەیان لە ژووری خەوتنی ژوگاشفیلی Dzhugashviliدانا، یەكێک لە كرێكارەكانی ئەو چاپخانە لە یادەوەریەكانیدا دەیگێرێتەوە دەڵێ:

( نیوەی پیتەکانمان لەسەر شقارتە و کارتونی جگەرە و پارچە کاغەز دانابوو)، شاهید حالێکیش دەگێرێتەوە دەڵێ دەمان بینی کە کوبا لە سەر مێزەکە لێی دانیشتبوو وتاری دەنوسینەوە و دەیدایە دەست کرێکاری چاپخانەکە، ناوە ناوەش سەردانی تبلیسی دەکرد و لەوێ پەیوەندیی بە ئەندامانی لیژنەکەوە دەکرد و بەشداریی لە کۆبونەوەکاندا دەکرد  و راپۆرتی لەسەر چالاکیەکانی باتوم پێشکەش دەکردن، ئەوەندەی نەبرد وتارە چاپکراوەکانی گەیشتنە دەست کرێکارانی نەوت و کارگەکانی تر، بەهۆیەوە جولەیەکی سیاسی دروست دەبێ)، راپۆرتی نهێنیی ئەوکات دەڵێ:

( لە پایزی ١٩٠١ لیژنەی سۆسیال دیموکراتی تبلیس ئەندامێکی خۆیان بەناوی یوسف فیساریونوفیچ دژوگاشفلی دەنێرن، کە پێشتر خوێندکاری کۆلیژی ئاینی بووە لە تبلیس، دەینێرنە باتوم بۆ پرۆپاگەندە کردن لە نێو ریزەکانی کرێکارانی باتوم).

پرۆپاگەندەی سۆسیال دیموکرات یەکەم بەرهەمی مانگرتنە مەزنەکەی کارگەی روثچایلد بوو لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی سەر شەقام.

لە یەکێک لەو خۆپیشاندانانە قەناس بەدەستەکان تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن و بەو هۆیەوە پانزە کەسیان لێ دەکوژن و ژمارەیەکیش بریندار دەکەن، کوبا لە نێو کۆبونەوەی لیژنەی باتوم لە ٥ی نیسانی ١٩٠٢ دەستگیر دەکرێ، بەڵام پۆلیس نەیتوانی چاپخانەکە بدۆزێتەوە.

مانەوەی کوبا لە باتوم درێژەی نابێ تەنها چوار مانگ و نیو دەمێنێتەوە، بەڵام خۆی لە چەندین مانگی چالاکی دەبینیەوە، تەنها ئێستا ئاماژە بە یەک رووداو دەدەین چونکە لە داهاتوو رووناکی زیاتری دەخرێتە سەر، چالاکیەکانی کوبا لە باتوم بوە مایەی رەخنەی سۆسیالیستە میانڕەوەکان و سەرکردە خۆجێییەکان بە سەرۆکایەتی  نیکولای شخایدەز، ئەمیش وەکو کوبا کەسێکی ترسناک بوو یەکەم تۆی سۆسیالیزمی لە کەنارەکانی دەریای رەش چاندبوو، کەسێکی رەوشەنبیر و بەتوانا بوو بەوهۆیەوە خەڵکی ریزی لێدەگرت، وا پێدەچووو ئەم بانگخوازە ئەوەندە تینوی دامەزراندنی ئەو رێکخراوە نەبێ لە باتوم، پێی وابووە لەم شارە بچوکەی باتوم رێکخراوێکی نهێنی سەرکەوتوو نابێ و ناتوانێ نهێنیەکانی بپارێزێ و پۆلیس و (ئوخرانەکان) زوو پێیان دەزانن و دەستگیریان دەکەن، بۆیە پلانەکەی کوبای پێ شێتی بووە، لە رێگەی هاورێیانیەوە داوای لێ کردبوو دەستبەرداری ئەم شێواز و رێبازە بێت و پیادەی رێباز و هزری سۆسیالیستە میانڕەوەکان بکا، بەڵام کوبا گوێی پێ نەدا سەرەڕای ئەوەی لە لایەن هاورێیانیەوە بە تێکدەر ناوی دەبەن بەڵام ئەم لە سەر پلان و بەرنامەکانی بەردەوام دەبێ تا لە کۆتاییدا شکست بە شخایدەر دێنێ.

دوای ده ساڵ واته له ١٩١٢ شخایدەری گوتار خوێن وەکو مەنشەڤیێکی مەزن له سان پترسبۆرگ و سەرۆکی فراکسیۆنی سۆسیالیست له دوما ( دوما پەرلەمانی روسیا، قەیسەر دایمەزراندبوو) دەرکەوت له کاتێکا کوبا یەکێک بوو له سەرکردەکانی بۆلشەڤیی نهێنی له ژێرەوه کاری لەسەر جولاندنی ئەندامانی بۆلشەڤی دەکرد له دوما. له ساڵی ١٩١٧شخایدز سەرۆکی مەنشەڤیەکانی بتروگراد بوو (ئەوکاتەی بۆلشەڤیەکان له پتروسبورگ گەشه دەکەن ترۆتسکی ئەم پۆستەی بۆ جێدەهێڵن ) ئەو کاتیش یوسف ستالین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، هەردوو مەترسیدارەکەی کۆنه گورجستانی (ستالین وشخایدز) له پایتەختی تساری (قەیسەری)ەکان به شداری شەڕێک دەکەن لەم شەڕە هەردووکیان یەکتریان تۆمەتبار دەکرد که جیاوازیی نەبوو لەگەڵ ئەو تۆمەتانەی کاتی خۆی له باتۆم دەیانخسته پاڵ یەکتری.

## بەشی سێیەم

## ساڵی ١٩٠٥

- ستالین له زیندانی باتوم.

- زیندانەکانی قەیسەر بنکەی رەوشەنبیر کردنی شۆڕشگێڕانن.
- رەچەلەکی بۆلشەڤی.
- لینین و بڕگەی یەکەم لە پەیڕەوی ناوەخۆی حزب.
- گواستنەوەی ستالین بۆ سیبیریا لە ١٩٠٣.
- راکردنی لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ تبلیس لە ١٩٠٤.
- شۆڕشی ١٩٠٥.
- سوڤیەتی پترسبۆرگ.
- شۆڕشی جوتیاران و شلەژانی سەربازانی قەوقاس.
- ستالین خوێندکاری لینینە.
- دەرچوون لە دونیای خوارەوە.
- ستالین ناوی خوازیاری (ئیفانوفیچ) بەکار دێنێ و لە کونگرەی نیشتمانی حزب لە ١٩٠٥ بەشداری دەکا و بۆ یەکەمین جاریش چاوی بە لینین دەکەوێ.
- ستالین و لینین لەسەر پرسی چاکسازی کشتوکالی ناکۆک دەبن.
- تیپە چەکداریەکان.
- کۆنگرەی حزب دژی هەناردە کردنە.
- ترۆتسکی سەرزەنشتی بۆلشەڤیەکان دەکا.

لەسەرەتای مانگی نیسانی ١٩٠٢ کاتێک دەرگاکانی زیندانی باتوم لەسەر (کوبا- دژۆگاشفلی) داخران، پێویستی بە تواناو وزەی تری نەبوو تا بیخاتە سەر تواناکانی بۆ ئەوەی بەرگەی ناخۆشیەکانی زیندان بگرێ. زیندانەکانی تساری (قەیسەری) وێڕای ناوبانگی خەراپیان بەڵام میهرەبان بوون، ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو سەردەمە درندانەییە کەسانی وەکو ( هیملەر، بیجوف) پسپوری ئوردوگاکانی کوشتن لە ییلسن و ئارشفیتز تیای ژیابون.

سیستەمی زیندان و دورخستنەوەکانیان دڕندانە بوون، بەجۆرێک نامرۆڤانە بوون کە زیندانیەکان ئەو رق و کینەی لەسەر رژێم هەلیان گرتبوو لەسەریان بمێنێتەوە، دیارە رەفتارە نامرۆڤاتیەکانیان بە جۆرێک بوو کە هەرگیز رێگەی بە کارو چالاکی شۆڕشگێڕی نادا.

زیندانەکان بۆزۆربەی گەنجە سۆسیالیستەکان فێرگە و لە بڕی زانکۆ وابوو. زیندانیەکان لە رێگەی دابەش کردنی بلاوکراوە نهێنیەکانەوە خۆیان پەروەردە و رەوشەنبیر دەکرد و وانەکانی سۆسیالیزم

فێر دەبوون، ئەزمونی باشیان لە شارەزا و بسپۆران وەردەگرت ئەوانەی لەگەڵیاندا لە زیندان بوون، ئەمەو زۆرجار زیندانیە سیاسیەکان هەندێک ئاسانکاریان بۆ دەکراو چاوپۆشی لە هەندێک هەڵس و کەوتیان دەکرا ئەوان هاوشێوەی تاوانبارەکانی تر مامەلە نەدەکران.

ئەوان ژیانێکی بە تەبایی و تژی دیالۆگ و ئالوگۆری راو بۆچونیان لەنێوان خۆیاندا هەیانبوو، دیارە گەلێک جار زیندانیان لە گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیاندا باس لە ناخۆشی و نەهامەتیەکانی زیندان دەکەن بەڵام وێڕای ئەو ناخۆشیانە لایەنی تری ئەرێنیی هەبوون، ئەویش خۆپێگەیاندن بوو، لە هەموو روەکانەوە بەتایبەت لایەنی فکری، زیندان بۆ ئەوان وەکو فێرگەیەک وابوو.

کوبا لە زیندان سیستەمێکی توندی بەسەر خۆیدا سەپاندبوو، بەیانیان زوو لەخەو هەلدەستا، سوور بوو لەسەر کارەکانی و زۆری دەخوێندەوە، بەشداری گەرمی گوتو بێژو دیبەیتەکانی دەکرد، هاوڕێیانی باسیان لێوە دەکەن کە کاتی خۆی چۆن لەگەڵ سۆسیالیستە کشتکاریەکان مشتومری بوو بەرگریی لە ئیسکرا دەکرد.

گوتو بێژەکانی توند و پێداگر بوون، بەدەر لەو گوتو بێژە سیاسیانە خۆی لە هیچ کارێکیتر هەلنەدە قورتاند، لە هیچ دانیشتنێکی بەدەر لەم بابەتە بەشداریی نەدەکرد و ئەگەر لەم دانیشتنانە نەبووایە کەس پێی نەدەگەیشت بیدوێنێ.

هەموو ئەوانەی لەسەریان نوسیوە لەسەر ئەو خالانەی سەرەوە کۆکن، بەڵام هەندێک خاڵ هەن کە لەسەری کۆک نین هاوڕێ و لایەنگرانی بە جۆرێک باسی لێوە دەکەن ناحەز و نەیارانیشی بە جۆرێک، بەنمونە یاوەورانی دەڵێن:

کەسێکی خزمەت خۆش و هەستیار بوو، بەڵام نەیارانی دەڵێن :

لە دیبەیت و گفتوگۆکاندا رق و کینەی لەو کەسانە هەلدەگرت کە لەگەڵی کۆک نەبووە، ئەوەی دژی بوایە کاری لەسەر دەکرد خەلکانی لێ هان دەدا بۆ ئەوەی زیانی پێ بگەیەنێ یا ناوی بزرێنێ.

کوبا لە زیندانی باتومەوە بۆ زیندانی کوتیاس گواسترایەوە، ئەوەندە نابا دووبارە دەیگێڕنەوە بۆ هەمان زیندانی باتوم، نزیکەی ساڵ و نیوێک لە زیندانەکانی قەوقاس مایەوە، تا کۆتایی ئۆکتۆبەری ١٩٠٣، لەو ماوەیەدا داواکاری گشتی نەیتوانی هیچ بەلگەیەکی لەسەر بسەلمێنێ تا حوکمی لەسەر بدا، تەنها ئەو راپۆرتانەی پۆلیسی نهێنی نەبن، بەڵام دادوەر ئەمانە بە بەلگەی فەرمی ناسەلمێنی پێێ وایە ئەمانە بەس نین بۆ ئەوەی حوکمی سزادانی لەسەر بدرێ، هەر بۆیە حوکمی ئیداریی بەسەردا دەدەن بە دورخستنەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ. ئەویش وەکو زۆربەی هاوڕێیان نەتوانرا بەلگەی تاوانی بەسەردا بسەلمێنن.

بەو هۆیەوە بۆ گوندی( نوفایا ئودا) دوور خرایەوە کە دەکەوێتە هەرێمی ( ئێر کۆتسک) لە سیبریای رۆژهەلات.

لەو کاتەی کوبا لە زیندان دەبێ دوو رووداو دێنە پێش:
یەکەمیان/ خۆجێی بوو، چاوەکان دەکەونە سەر پێگەو کەسایەتیی لە (دونیای خوارەوە) .
دووەمیان/ بۆ چارەنوسی روسیا و سۆسیالیزمی زانستی، پیشەی کوبا لە هی یەکەمیان گرنگترە، لە ئاداری ١٩٠٣ یەکەم کۆمەڵەی سۆسیال دیموکراتی قەوقاسی لەسەر ئاستی سەرجەم قەوقاس دادەمەزرێ، بێ ئەوەی کوبا خۆی ئامادە بێ، بە ئەندامی لێژنەی جێبەجێ کردن دانرا، ئەمە زۆر کەم روو دەدا کۆنگرە زیندانیەک بە ئەندامی دەستەی دامەزراندن هەلبژێرێ بێ ئەوەی خۆی ئامادە بێ، دیارە کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو کەسە ئەوەندە بەهێزو گرنگیی هەبووە لەسەر مەیدانی کارەکان بۆیە پێویستی دەکرد لە مەیدان بێ، بەڵام کوبا ئەو کەلێنەی بە ئەنجام دانی راوێژ و بەکار هێنانی ناو و کەسایەتی و پێگەی خۆی پڕ کردەوە .
گەلێک هەول دران بۆ بچوک کردنەوە یا مەزن کردنی رۆلی ئەو لە دونیای خوارەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کوبا لەم تەمەنە بچوکیەیدا لە ٢٢ ساڵیدا خاوەنی پێگەو قوربانیەکی زۆر بووە لە دوانیای خوارەوە، بەڵام ئەو کاری بۆ ئەوە دەکرد کە بە خۆلە مێشی بمێنێتەوە، بۆیە دەڵێین ئەو کەسە ئەوە نەبوو کە ترۆتسکی پێناسەی دەکرد، لە هەمان کاتیشدا ئەوەش نەبوو کە هاورێیانی بە لینینی قەوقاس پێناسەیان دەکرد، نوسەرانی پێیان وابووە کە ئەو کەسە تا ئێستاش کەسایەتیی بە خۆلە مێشی ماوەتەوە.
رووداوی دووەم کە لە هی یەکەم گرنگتر بوو، ئەم رووداوە لە تەمووز لە ژووری پشتەوەی (مالی گەل) ی سەر بە پارتی سۆسیالیستی لە بروکسل روویدا کە بە شوێنێک دەست پێدەکا بە ئەسپێ و مێروله و کۆنە خوری تەندرابوو لە کۆتایی مانگی ئابی هەمان ساڵ لە لۆندۆن کۆتایی دێ.
دواجار و لەسەر داوای ئیسکرا کۆنگرەی سۆسیال دیموکراتی سەرجەم روسیا دەبەسترێ، هەر چەندە ئەم کۆنگرەیە بە کۆنگرەی دووەم ناونرا بەلام دەبێتە یەکەم کۆنگرەی راستەقینەی سۆسیالیستەکانی روسیا، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ریزلێنان لەو کۆنگرە سەرنەکەوتوەی مینسک لە ١٨٩٨ کە زۆربەی ئەندامانی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێن و بەو هۆیەوە بریارەکان دەبنە مەرەکەبی سەر کاغەز و جێبەجێ ناکرێن، دوای چەند رۆژێک هەست بەوە دەکەن کە دەزگای هەوالگری تساری (قەیسەری) سیخوریان بەسەردا دەکەن بۆیە زۆر بە پەلەو خێرا کۆنگرەکەیان لە برۆکسلەوە گواستەوە لۆندۆن، هیوا و ئومێدیان بۆ هەولەکانی ئیسکرا دەخواست بە دامەزراندنی پارتێک بۆ سەرجەم روسیا بەڵام ئەمە روونادا.
کۆنگرە توشی لەت بوون هات سۆسیالیستە روسەکان بوون بە دوو باڵ، بۆلشەڤی و مەنشەڤی، شۆڕشگێڕو میانڕەو، توندڕەو و سەرئاوەکان،لە سەرەتا بەم ناوانە ناسران.

بەهۆی ئەوەی سەرکردەکان لەسەر کەسێک ڕێک نەکەوتن بۆ سەرۆکایەتی ئیسکرا، ترۆتسکیی تەمەن ٢٣ ساڵ سەرپەرشتی کۆبونەوەی ئیسکرای دەکرد، ئەمەش مشت و مڕێکی زۆری نایەوە.

دوای چواردە یان پانزە ساڵی ئەم جیا بوونەوە ئەوروپای هەژاند، دەنگۆی ئەم جیابونەوە لە دەنگۆی جیابونەوەکەی مارتن لۆسەر کینگ کەمتر نابێ کە بەر لە ٤٠٠ ساڵ پێشتر ڕوویدابوو،لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتاکەی بێ نرخ بوو.

دیارە کاتدرائی فیتنبورگ دەبێتە بنکەی لەدایک بوونی ئەو چاکسازیەی مارتن لۆسەر کینگ، زۆر لەو شوێنە باشتر بوو کە بە ئەسپێ و کۆنە خوری و مێرولە لە (مالی گەل) لە بروکسل تەندرابوو ، کە بۆلشەڤیەکانی لێ لە دایک دەبێ، لە کاتێکا مارتن لۆسەر بە ٩٥ نامە ململانێ لەگەڵ کورسیەکەی پاپا دەکرد کە لە دەرگای کاتدرائیی هەلواسیبوو، بەڵام هەموو ململانێکەی لینین خۆی لە یەک برگەی کورتدا دەبینیەوە، (برگە یا ئەرتیکلی یەکەمی پەیڕەو بوو) ئەگەر ناکۆکی و ململانێکەی لۆسەر کینگ پاپای توشی شۆکیش کردبێ بەڵام پێی ناڕەحەت نەبوو کەچی لینین لە جیابوەکان ناڕەحەت بوو بە شێوەیەک دوای کۆنگرە ڕاستەوخۆ توشی داڕمانی دەرونی ببوو.

دەڵێن سەرجەم ئەلمانیەکان لە ماوەی دوو هەفتە ئەو لیستە ٩٥ خالیەی لۆسەر کینگیان بینی، بەڵام برگەی یەکەمی پەیڕەوی ناوەخۆی حزب کە لینین پێشنیاری کردبوو ژمارەیەکی کەم نەبێ کەس پێی نەدەزانی. کەچی ئەو بزوتنەوەی لە تەموز و ئابی ١٩٠٣ لینین دەستی پێکرد بەرەو پێش دەچووو.

دەقی بڕگەی یەکەم لە پەیڕەوی حزب بریتی بوو لە:

( دەست نیشان کردنی مەرجەکانی ئەندامێتی حزب)، وا پێ دەچووو ئەم بڕگە پرسێکی وروژێنەر نییە، هەروا دەرچوو کۆنگرە ئەم بڕگەی وەکو بابەتێکی ڕێکخستنی گفتوگۆ لەسەر کرد، بۆ ئەم بڕگە دوو دەق لەبەر دەستی کۆنگرەدا بوون:

یەکێکیان هی لینین بوو دەقەکە دەڵێ ( ئەندامی پارتی کرێکاری سۆسیال دیموکرات، ئەو کەسەیە کە بڕوای بە بەرنامەی حزب هەبێ و پشتگیریی ماددی لێ بکا و خۆی بەشداربێ لە یەکێک لە ڕێکخراوەکان) .

دەقەکەیتر کە مارتۆڤ Julius Martov پێشکەشی کردبوو ئەم دەستەواژەی (خۆی بەشداربێ لە یەکێک لە ڕێکخراوەکان) وەلا نرابوو کرابوو بە:

( دەبێ هاوکاری حزب بکا بە خۆی و بە نۆبەت و لە ژێر چاودێری یەکێک لە ڕێکخراوەکانی حزب)، لە روی روخسارەوە هەردوو دەقەکان لە یەک دەچوون، وادیار بوو کە ناکۆکیەکان شاراوە بن، بەڵام لە پشتی هەر یەک لەم دوو دەقە کۆمەلێک دیدو ناکۆکی جیاواز هەبوون، بە دیدی لینین ئەو کەسەی بە خۆی و بە بەردەوام بەشداری لە کاری ڕێکخستن دەکا دەبێ ڕۆڵی هەبێ و بە فەرمی ئەو

مافەی پێبدرێ کە کار لە سیاسەتەکانی حزب بکا، لەم رووەوە لینین باس لە لایەنگر و هەوادارانی حزب ناکا، تەنها ئاماژە بە ئەندامانی حزب دەدا کە دەبێ وەکو سەربازی شۆڕشگێڕی حزب بن، لە ژێر فەرمانی حزب و ئامادەی هەموو قوربانیەکانی بن، نابێ پشت بە لایەنگر و هەوادارانی حزب ببەسترێ وەکو سەربازانی حزب ، چونکە ئەوان هێزی یەدەگن، بڕوای وابوو کە ئۆرگانەکانی حزب دەبێ یەکگرو بە هەماهەنگ بن، ببنە هێزێکی توکمەی کاریگەر، لایەنگرە دەوروبەرەکەش بە هێزێکی یەدەگ ئەژمار بکرێن ئەوان هێزی بگۆڕن ئەگەر بە بەشێک لە حزب بێتە ئەژمار دەبێتە مایەی لاواز کردنی حزب نەک بەهێزکردنی، لینین ئەو دەقەی مارتۆڤی پێ ترسناک بوە کە ئەندامان تەنها هاوکاری حزب بکەن و نەبنە بەشێک لە کارەکتەرەکانی رێکخراوەکان.

حزب ئامرازی شۆرشە، شێوەی ئەم ئامرازەش یەک بوونی بابەتی ناکۆکیەکان بوو، هەردووکیان




لەسەر چۆنیێتی شۆڕش رێککەوتبون و لەسەری کۆک بوون، راستە سەرنوسەرانی رۆژنامەی ئیسکرا هەستیان بەم ناکۆکی و جیاوازی بیرورایانە دەکرد، تەنانەت بەر لە کۆنگرەش ئەم هەستە هەبوو، بۆیە هەر بۆ خۆشی جارێک نەرم و نیان جارێک وشک و توند دەبوون، پێداگریەکانی لینینیش بریتی بوون لەوەی ( ئەم برگە کەسانی هاوشێوەی رۆبسبێر دروست دەکا).

دلخۆشیەکەی مارتۆڤ Julius Martov یش بابەتێکی گشتیی لەسەر رێککەوتوو بوو، بەڵام ئەمان ئەو ناکۆکیانەیان پێ ئاسایی بوو بە خەسلەت و سروشتی تاکەکەسیان دەزانی، پێیان وابوو جیاوازی بۆچون بوو لە نێوان دوو گروپ کە بۆ یەک ئامانج کار دەکەن، بەڵام کاتەکان هی ئەوە نەبوون ئەم بۆچونە میزاجیانە ببنە گرفت و تەگەرە، لە کۆنگرە هەردوو لا توشی شۆک هاتن لەوەی ناکۆکیەکان گەورە دەبن، لایەنەکان زیاتر لەیەک دوور دەکەونەوە، پێیان وابوو ئەم جۆرە جیاوازیانە زوو چارەسەر دەکرێن نابنە مایەی ناکۆکی و لەیەک دوور کەوتنەوە، لینین پرسەکەی بەم شێوە خستە سەر مێزو دەنگدان، برگەی یەکەمی پەیڕەوی ناوەخۆ دەقەکەی مارتۆڤ دەنگی زیاتر هێنا ٢٨ دەنگ بەرانبەر بە ٢٣ دەنگ، لینین بە دلێکی فراوان ئەنجامەکەی قەبول کرد، وتی :

( پێم وایە ناکۆکیەکەمان بەو ئاستە نیە کە ژیانی حزب بخاتە تەرازوی مان و نەمان، بە دلنیاییەوە ئێمە بەهۆی لەدەست دانی برگەیەکی پەیڕەوی حزب ناروخێین ).

لە کۆتایی کۆنگرە ناکۆکیەکیتر سەری هەڵدا، ئەوکاتەی ئۆرگانەکانی سەرکردایەتی حزب و دەستەی نوسەرانی ئیسکرا هەڵدەبژێردرێن، لەو هەلبژاردنە لایەنگرانی لینین سەرکەوتن و لایەنگرانی مارتۆڤ Julius Martov شکست دێنن، ئەمەش بەهۆی ئەو رێکەوتەی کە نوێنەرانی دلخۆشەکان (مارتۆڤJulius Martov) بەبێ مەبەست هۆڵی کۆنگرە جێ دەهێلن، بەو هۆیەوە ژمارەیەکی کەم لە لایەنگرانیان دەمێننەوە ئیتر نوێنەرانی لینین دەتوانن زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنن (١٩ دەنگ بەرانبەر بە ١٧ و ٣ دەنگیش کارتی سپی) لینین پێداگریی لەسەر شەرعیەتی هەلبژاردنەکە کرد، ئەمەش مافی خۆیەتی و یاساییە، بەڵام کەمینە ئەمەی رەت کردەوە و بە شکستەکەی رازی نەبوو، لەو کاتەوە بە لایەنگرانی لینینیان وت بۆلشەڤیک (زۆرینە)و لایەنگرانی مارتۆڤ Julius Martovبە مەنشەڤیک (کەمینە)، هەردووکیان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ناکۆکی و جیاوازیەکان لەسەر بنەمای پرۆسەیەکی ماتماتیکی بووە نەک بەهۆی جیاوازی و ناکۆکیەکانی ئایدیۆلۆژی، بەڵام لە راستیدا هەر لایەکیان نوێنەرایەتی بۆچونێکی جیاوازیان دەکرد.

لەسەر ئەنجامەکانی کۆنگرە مەنشەڤیەکان دانیان بە دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی بۆلشەڤیەکان نەنا، بڕیاری بایکوتیان دا، بەڵام لینین پێداگری لەسەر جێبەجی کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی کرد بەوەی بە وردی جێ بەجێ بکرێن. زۆرینەکان دەلێن بڕیارەکانی کۆنگرە شەرعی و یاسایین دەربڕی دەنگی زۆرینەن ئەوەی مەنشەڤیەکان دەیکەن لە بایکۆت کردنا کارێکی تاکەکەسی و ئاژاوەگێریە مایەی قەبول کردن نیە، بەم جۆرە سروشتی حزب دەگۆڕدرێ ناکۆکیەکان قول دەبنەوە، مەنشەڤیەکان رەخنەیان لە رەفتارەکانی لینین دەگرت کە حزبی گەمارۆ داوە بە پرەنسیپی سەربازیی کوشندە خۆی سەپاندوە، هەرچەندە لینین لەمە زیاتر لە توانایدا نەبوو قەبولی ئەم تۆمەتانە بکا بەهۆیەوە ناکۆکیەکان دەچنە قۆناغێکی تر و هەنگاوێکیتر لەیەک دوو دەکەونەوە.

هەرچیەکی بێ، پرسەکە ئاوەهایە: بۆچونە جیاوازەکان لەسەر شێوەی رێکخستن رەنگدانەوەی ناکۆکی و جیاوازی ترن، مەنشەڤیەکان حزبیان وەکو رێکخراوێک دەبینی کە لە شێوەی جیلاتینە کار بۆ لە خۆ گرتنی چینی کرێکار و هەوالگریی سۆسیالیست دەکا بۆ ئەوەی یەکیان خا، ئەمەش سەرچاوەی لەو بڕوایە گرتوە کە سۆسیالیزم بۆ پرۆلیتاریا بە رادەیەک گونجاوە، وەکو حزبێکی سۆسیال دیموکرات لە دەسەڵات بێ. بە دیدی لینین ئەم هەلوێستە مایەی گاڵتەجاریە، چینی کرێکار کوتلەیەکی مەزنی فرە جیاوازە، بە پێی رەگەز و بنەچە جیاوازیان هەیە، هەروەها بە پێی بەرژەوەندیەکان، هەموو توێژەکانی پرۆلیتار ناتوانێ بە پلەیەکی بەرزی بگاتە وشیاری سۆسیالیزمی، هەندێکیان لە نێوان نەزانین و ئەفسانەییدا تێکەلاو بوونە، خۆ ئەگەر حزب ویستی سەرجەم توێژەکانی پرۆلیتار لە خۆ بگرێ ئەوا وەکو پرۆلیتار یەک رەنگ نامێنی، لەتەک زانین نەزانینیشی

تێدەکەوێ، لەتەک بەهێزی لاوازیش دەبێ، بەم هۆیەوە ئەوەندە نابا لە جیات ئەوەی ببێتە رابەر و داهێنەری چینی کرێکار لە شێوەی چینی کرێکاری بەستوی لێدێ.

ئەوکات لینین نمونە لەسەر کارل کاوتسکی دێنێ، بیانوی باوەر پێکراو لە هزری مارکسیزم، پێداگری لەسەر ئەو خالە دەکا کە دەڵێ سۆسیالیزم لە دەرەوەرا لە رێگەی رەوشەنبیرە بۆرجوازەکان لە نمونەی مارکس و ئینجلسەوە هاتە ناو بزوتنەوەی کرێکاری سۆسیالیست، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پشت بەستن بە سۆسیالیزمی جەماوەری(خۆرسک) کارێکی تێکدەرانەیە، حزب دەبێ نوخبە بێ لە کەسانی رەوشەنبیرو وشیارو زیرەکترین توێژی چینی کرێکار، کە پێشرەوی ئەو جەماوەرە دەبێ.

بۆ مەنشەڤیەکان دووبارە بوونەوەی رەشبینیەکی لە شێوەی بلانکیزم وابوو (هزر و بروای یەکێک لە سەرکردەکانی پۆپۆلیست) بوو کە پێێ وابوو تاقە رێگە بۆ شۆرش ئەوەیە کەمینە بێ گوێدانە ئیرادەی گەل بە پیلانێک کودەتا لەسەر زۆرینە بکاو دەسەڵات بگرێتە دەست. مارکسیستەکان پێیان وایە بلانکیزم ورێنەیە، بۆیە هەر زوو لینین خۆی لێ بێبەری کرد و رایگەیاند، شۆرش هەرگیز سەرناکەوێ ئەگەر زۆرینەی گەل لەگەڵیدا نەبن و بەشداری تێدا نەکەن، ئەمە ئەو بۆچونە بوو کە لینینی لە بلانکیستەکان جیا دەکردەوە، پێی وابوو دەبێ زۆرینە لە ژێر دەسەڵاتی کەمینەیەکی وشیارو شۆرشگێری رێکخراودا بێ، هەر ئەمەیە لە مەنشەڤیەکان و سۆسیالیستە ئەوروپیەکان و هاوکارەکانیان لە نمونەی کاوتسکی و روزا لوکسمبورگ جیا دەکاتەوە.

کە مەنشەڤیەکان بۆ دۆزینەوەی بەراوردێکیتر بۆ دواوە گەرانەوە ئەوکات ترۆتسکی وتەبێژیان دەبێ، لینین یان بە (یاکوبی تاوانبار دەکرد) لینین ئەمەی بە سوکایەتی نەدەزانی، بەلکو شانازیی پێوە دەکرد و وتی ئەوکاتەی یاکوبیزمی پارتی چینی مام ناوەندی بوو ئەو سۆسیالیست و پرۆلیتار بوو، بە هەر حال ئایا یاکوبیەکان نەبوون شۆرشی فرەنسایان هەلگیرساند؟ کەوابێ کارێکی سەرسورمانییە شۆرشگێرەکان یاکوبیەت بە سوکایەتی بزانن؟ کۆتایی وتەکانی بەوە هێنا وتی: ئەوانەی رەخنەی لێدەگرن کۆپیی سەردەمیانەی (جیروندیەکانن)، ئەوان لاسایی کەرەوەی ئەو روخاو و شەرمنانەن کە شۆرش بۆ ئەوەی سەرکەوتن وەدەست بێنێ ناچارە لە ناویان بەرێ، ئیتر ئەم بابەتە بۆ ئەورۆژە بوە بنێشتە خۆشە و باس و خواسەکان لەسەر ئەم بابەتە دەرۆیشتن و لاپەرەی بلاوکراوەکان بەم گوتو بێژانە پر دەکرانەوە.

کاتێکیش ترۆتسکی ئەوەی بە بیر لینین هێنایەوە کە چیرۆکی یاکوبیەکان دوای سەرکەوتنی شۆرش کۆتایی نەهاتووە، کۆتاییەکەی بە کوشتاری نێوان سەرکردەکانی هات. دوای ئەوە لە ١٩٠٣ دەنوسێ دەڵێ:

یاکوبیەکان سەری خەلکیان دەپەراند، بەڵام ئێمە روناکی و سۆسیالیزم دەخەینە نێو هزرو مێشکیانەوە.

ئەو بەرنامە و تەکتیکانەی یاکوبیەکان کە دواتر بۆلشەڤیەکان بەدواداچونی بۆ دەکەن و جێبەجێی دەکەن لە کۆتاییدا لە بەردەم دادگای شۆڕشی بزوتنەوەی پرۆلیتاری جیهانی پێی تاوانبار دەکرێن. یەکەم سەر لە پێناو ئەمەدا دەپەرێندرێ، ئەویش سەری مارکس دەبێ، ئەمە بۆ لینین بوە خۆ هەلکێشان، حەزی نەدەکرد بۆ سەردەمەکانی دیراسەی شۆڕش بگەڕێتەوە، ئێستا لەم کاتەدا هزرو هۆشی بەرەو ئامادەکاری بۆ هەلگیرساندنی شۆڕشێک ئاراستە کراوە، ترۆتسکی و مەنشەڤیەکان هیچ ئەلتەرناتیفێکی تری ئەم پرۆژەیان نەبوو بۆ ریکخستنی حزب، ئەو حزبەی ئەوان مەبەستیان بوو لە هەلگیرساندنی شۆڕش بێ توانابوو.

ساڵی پاشتر واتە لە ١٩٠٤ گەردەلولێکی سیاسی سەرتاپای روسیای گرتەوە. تساری (قەیسەری)ەکان بەرانبەر بە ژاپۆنیەکان لەو شەڕەی مانگی شوباتی هەمان ساڵ بەرپایان کردبوو توشی یەکەم شکستی شەڕ هاتن، رووداوەکان ئاراستەی لیبرالیستەکانی چینی مامناوەندی بەرەو پێش برد، بەو هۆیەوە داوای کۆتایی هێنان بەو حوکمرانیەیان دەکرد کە بکرێتە حوکمی پادشایەتیی دەستوری. هەلویستی سۆسیال دیموکراتەکان لەم داخوازیە چی دەبێ؟ مەنشەڤیەکان دەڵێن وا پێویست دەکا لەم داخوازیەی پشتگیری لە لیبرالیستەکان بکەین بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی تاکڕەوی، چونکە چینی مامناوەند شایستەی حوکمڕانە، بە هەر حال واتە بۆ رابەرایەتی شۆرشی بۆرژوا (شۆڕشی دژی دەرەبەگ نەک سەرمایەدار)، بەڵام لینین رەتی کردەوە هیچ هاوپەیمانێتیەک لەگەڵ لیبرالیستی چینی مامناوەندی ببەستێ، دیارە قەبولیشی نیە جلەوی شۆڕش بگرێتە دەست، وتی:

(ئەم ئازاتیە کتوپڕەی لیبرالیستەکان ئازاتیەکی بە فێلە. وتیشی ئێمە رکابەری حوکمی تاکڕەوی تساری (قەیسەری) ناکەین تا ماوەیەکی دوور چونکە بەقەدەر ئەوەی لە حوکمی تساری (قەیسەری) دەترسین ئەوەندەش ترسمان لە حوکمی شۆڕش هەیە، بۆیە دەبێ چینی کرێکار واتە سۆسیالیستەکان چاویان لە سەرکردەی خۆیان بێ تەنانەت ئەگەر پێش نەگەیشتبن)، لەو سەردەم هەموو پرسە تەکتیکی و مەبدئەیەکان هاتنە ناو مەیدانی ململانی و توێژینەوە، بۆیە ناکۆکیەکان و جیاوازەکان قولتر دەبنەوە.

لە کۆنگرەی دووەم لینین خولی یەکەمی بردەوە، بەڵام ئەوەندەی نەبرد لە خولی دووەم دەدۆڕێنێ، زۆر بە توندی دەستی بە داواکاریەکانی کرد، بە شێوەیەکی وا توندیش ململانیی لەگەڵ رکابەرەکانیدا کرد کە هەندێک لە دۆست و لایەنگرانی لەدەست دەدا.

مەنشەڤیە یاخی بوەکان رازی نەبوون بچنە (کاموسا)، سەبارەت بە بایکۆت کردنی کۆمیتەی ناوەندیی بۆلشەڤیەکان و دەستەی نوسەرانی ئیسکراش بەردەوام دەبن، پلیخانۆڤ کە لە تەک لینین دەوەستێ ئامادەیی خۆی دەردەبرێ سازش لەگەڵ مەنشەڤیەکاندا بکا، بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی بۆلشەڤیەکان هەستی بە تەنگەتاوی کرد لەو دەسەڵاتە فەرمیەی لەبەر دەستیدایە،

ئامادە نەبوو ئەمە بەسەر ئەندامە یاخی بوەکاندا بسەپێنێ، ئیتر لینین خۆی وەکو نیمچە دابڕاوێک بینیەوە بۆیە دەست لە کاری سەرنوسەری ئیسکرا دەکێشێتەوە و ئەم شوێنە بۆ مەنشەڤیەکان جێ دەهێڵێ، بەم کارەی ئامرازێکی مەزنی سەرکەوتنەکانی لەدەست دا چونکە زۆربەی جولانەوەی رێکخستنەکان لە رێگە و بەهۆی ئیسکراوە بوو، بەڵام لینین بێ ئومید و بێ ورە نەبوو هەرچەندە زۆربەی فاکتەرەکانی هێز کە دۆست و هاوپەیمانان و رۆژنامەی ئیسکرا بوو، هەمووی لەدەست دابوو کەچی وازی لە تاکتیک و بەرنامەکانی خۆی نەهێنا، قورسایی شەڕەکانی خستە سەر رێکخستنەکانی نهێنی، روی لە لیژنە خۆجێیەکان کرد هێرشی بردە سەر مەنشەڤی و ئەو بالەی بۆلشەڤی کە دژی وەستابونەوە.

ئەوکات ئاوارەکانی روسی لە ئەوروپا بە ناکۆکی و جیاوازیەکانەوە خەریک و سەرقال بوون، کوبا (ستالین) لە زیندانیکەوە بۆ زیندانێک دەگواسترایەوە تا ئەوکاتەی لە تشرینی یەکەمی ۱۹۰۳ بۆ (نوفایا ئودا) دوور دەخرێتەوە، دەکرێ هەوالی لەت بوونی بەر گوێ کەوتبێ بەر لەوەی بە یاوەری پۆلیس لەگەڵ پۆستی دورخراوەکان، کەناری دەریاکان جێبێلن و بەرەو سیبیریا بۆ گەشتە دوور و پڕ لە سەرما و ناخۆشیی هەنگاو بنێ، گەشتی کوبا بۆ ئەو شوێنە (ئوفایا ئودا) ماوەی مانگێکی خایاند، کاروانەکە لە رێگا دەوەستا و ناوەناوە دورخراوی تریان سوار دەکردن، لەو دورخراوە نوێیانە هەوالی شەڕی نێوان روسیا و ژاپۆنیان بەر گوێ دەکەوت و دەبیست، لەم گەرمەی هەوال و دۆخە ئالۆزانە کارێکی قورس بوو بۆ کوبا ماوەی سێ ساڵ بێ کارو چالاکی سیاسی دانیشێ، بە گەیشتنی بۆ شوێنی حەوانەوەی دەستی بە داڕشتنی پلانی راکردن کرد، سودی لەو دۆخە ئالۆزەی شەڕ وەرگرت، دەسەلاتی حکومەت لە نزیک سنورەکان وردە وردە دەروخێ، رێکخستنی نهێنی دەتوانێ ئامادە کاری بکا بۆ دەربازکردنی هاورێیانیان بە کۆمەل، لە کانونی دووەمی ۱۹۰٤ کوبا دەست بە گەشتە سارد و بەفرینەکەی دەکا لە کێلگەکانی داپۆشراو بە بەفر کە ئەمرۆ بۆتە ناوچەیەکی پیشەسازیی مەزن لە گۆمی (کوزنیتسک)، ئەوکات دەریایەکی پر مەترسی بوو، گالیسکەی جوتیارێک هەلیدەگرێ بەرەو (ئورال) دەیبا، هەرچەندە توشی نەخۆشی ببوو بەڵام دەتوانێ لە کۆتایی مانگی کانونی دووەم و سەرەتای مانگی شوبات خۆی بگەیەنێتە تبلیس.

لەو کات هەوالەکانی کۆنگرە گەیشتبونە ناوچەی قەوقاس، دوای ئەوەی سێ لە ئەندام و نوێنەرانی قەوقاس لە لۆندۆن پالپشتی لینینیان کردبوو، دیارە لەم حالەتە ئاساییە ستایشی بۆلشەڤیەکان بکەن، لیونێد کراسین دبلۆماتکاری داهاتوو کە خاوەنی لایەنگر و دۆستێکی زۆرە لە قەوقاس، لەتەک لینین دەوەستێ و پشتگیریی لێ دەکا، لیونێد کراسین چەندین پۆستی ئیداری بەرزی گرتۆتە دەست بەو هۆیەوە توانیویەتی هاوکاری رێکخستنە نهێنیەکان بکا و رۆڵی هەبێ.

دوای گەڕانەوەی کوبا بۆ تبلیس، یاریدەدەرێکی بچوکی لینین دێتە تبلیس ئەویش (لیون کامنێڤ Kamenev) بوو هەر چەندە ئەویش لە ستایش و سەنای بۆلشەڤیەکان درێغی ناکا بەڵام ئەوەندە نابا بۆلشەڤیەکان لە قەوقاس دەڕوخێن. لە راستیشدا کراسین لە دژی لینین خۆی پێشڕەوی ئەو بۆلشەڤیە سازشکەرانەی دەکرد، بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی رێکخراوەکەیان دوو لەت نەبی و ئەم رێکخراوە تازە پێگەیشتوە بە یەکپارچەیی بمێنیتەوە، زۆر بە وریایی کاری دەکرد تا ئەو کارە روونەدا بەڵام لینین زۆر لێی پەست بوو کاتێک چاپخانەی باکۆی رادەستی ئیسکرا کردبۆوە، ئەوکات ئیسکرا بۆ مەنشەڤیەکان و بە سەرپەرشتی لە بەرژەوەندی ئەوان چاپ دەکرا، ناکۆکی دەکەوێتە نیوان مەنشەڤیە کانی سازشکەر و توندڕەو.

بەم شێوە کوبا کە تازە دەگەڕێتەوە، خۆی لە نێوان ئەم ژاوە ژاوەی بال بالێنەدا دەبینێتەوە، ئەو کردەوە قورسانەی لەگەڵ جیابونەوەکەدا هاتن روخساری دۆخەکەی گۆڕی و بە تەم و مژاویی هێشتەوە، بۆیە ئاسایی بوو یەکەم کاردانەوە لە بۆلشەڤیەکان کاردانەوەیەکی ئالۆز بێ، دوای چەندین ساڵ نوسەرانی ژیاننامەی کوبا (ستالین) رایانگەیاند کە لە تەک لینین وەستابوو زۆر بە رونی بۆچونەکانی دەردەبڕی تەنانەت تا ئەوکاتەی بەر لە دورخستنەوەی بۆ سیبیریا.

ترۆتسکی بەرەنگاری ئەم بۆچونەی ببۆوە پێی وابووە کە لەسەرەتای رووداوەکان کوبا لایەنگری مەنشەڤیەکان بوە، هەرچەندە هیچ ئاماژە و بەڵگەیەک نین کە ستالین مەنشەڤی بوبێ تەنانەت هیچ راگەیاندنێکیشی نەبووە بۆ ئەوەی بلێین بۆلشەڤی بووە، رونە کە نەیویستوە خۆی بەلایەنێکدا ساخ کاتەوە، هەولی داوە لەم دۆخە تەماویەدا راستیەکان هەڵنجێ، ئەگەر ئەم حالەتە بە قۆناغی رارا بزانین ئەم قۆناغە ئەوەندە درێژەی نەکێشاوە چونکە دوای چەند مانگێک لە راکردنی لە سیبیریا خۆی ساغ دەکاتەوە و لایەنگری لینین دەبێ، چونکە کاتێک دەبێتە ساڵی ١٩٠٤ زۆر بە سۆزەوە لاینەگری بۆلشەڤیەکان دەکا.

یەکەم ئاماژەکانی بۆ جیا بوونەوە لە وتارەکەی بە ناوی ( چینی پرۆلیتاریا و حزبەکەی) دەردەکەوێ، کە لە کۆتایی سەری ساڵی ١٩٠٥ بە زمانی گورجی لە گۆڤاری ( خەباتی کرێکاران) بلاوی کردۆتەوە، ئەم گۆڤارە ساڵی چوار جار دەردەکا، وتارەکەی وەکو کورتکراوەی بلاوکراوەکەی لینین وابوو کە لە ژێر ناوی ( هەنگاوێک بۆ پێشەوە، دووان بۆ دوواوە) نوسرابوو، ستالین لەو وتارەیدا دان بەوەدا دەنێ کە حزب بریتیە لە (کۆمەلێک سەرکردەی خەباتگێڕ) بۆیە دەبێ ئەمانە :

ا/ کەمترین ژمارە بەن.

ب/ لە روی هۆشیاریەوە لە ئاستێکی بەرز دابن.

ج/ لە هەموو دەستەیەکی کرێکاری زیاتر یەکگرتوو بن.( پارتی پرۆلیتاری خەباتگێڕ دەبێ رێکخراوو یەککگرتو بێ، یەک بیروبۆچون یەک بەرنامە و تاکتیک بن، لەسەر بنەمای رێکخستن دروست

بووبن)، چونکە ئەگەر ئەم یەکێتیەی راو بۆچونە تێک چوو حزب دەروخێ و لەناو دەچێ. قەبول کردنی بۆچونەکانی حزب بەبێ سێ ودوو بەس نیە، چونکە هەندێک زۆربلێ هەن بە هەموو بۆچوونەکانی حزب قایلن ئەمان هیچ سودێک بە چینی کرێکار نا بەخشن، تا ئێستا حزب وەکو دیوەخانی خێلەکی وابووە پێشوازیی لە هەموو کەسێک کردوە هەرچۆنێکی بوبێ، بەڵام لەمەو بە دواوە دەبێ ببینە قەلایەک کە دەرگاکانی تەنها بۆ خاوەنە بە توانا و پۆلایینەکان بکاتەوە. ئەم قەلایەش وەکو یانەکانی رابواردنی مەنشەڤیەکان نابێ.

کوبا لەرێگەی نوسین و کتێبەکانی لینینەوە سودی لە سەرجەم هزرەکانی وەرگرت، بەڵام لە سەر خالێکی سوور و پێداگر بوو ئەویش ئەو پێداگریە بوو کە لینین لە کتێبە کانیدا ئاماژەی پێ دەدا، بریتی بوو لە یەک پەیامی حزب و یەکێتی راوبۆچونی ناو ریزەکانی حزب، ئەمەش بە رونی دیار بوو کە لینین پێداگریی لەسەر ئەم خالە دەکرد، ئەمەش هەر بۆ بەهێز کردنی رۆلی حزب بوو .

لەسەر مەنشەڤیەکانیش وتی:

ئەوان پێداگری لەسەر مەرجی قەبول کردنی بەرنامەیان دەکەن لە وەرگرتنی ئەندامەکانیان، بەڵام بە وشەیەکیش ئاماژە بە رێکخستن و تەکتیک نادەن، لە کاتێکا بایەخی تەکتیک و رێکخستن لە بەرنامەکە کەمتر نیە بۆ یەکێتی حزب، گوایە لینین ئاماژەی بەم خالە نەکردوە، ئێمە دەلێین وایە چونکە لینین پێویستی بەوە نەبووە وتووێژ و ئاماژە بەم خالە بکا چونکە دەپرسین ئایا دەبێ کەسێک لە ریزی حزبیک کار بکا و بڕوای بە تەکتیک و بەرنامەی حزبەکەی نەبی؟ یا بە پێچەوانەی حزبەکەی بیر بکاتەوە؟

بەڵام ئەمە بە هزری نوسەردا نەهاتوە کە دەکرێ کەسانێک لە ناو حزبێکدا بن بە شێوەیەکیتر لە تاکتیک و بەرنامەکانی سانەویی حزب بڕوانن کە جیاواز بێ لە تاکتیک و بەرنامەکانی حزب، ئەم نمونەیە ئەوەبو کە کوبا بڕوای پێ بوو لە ژێر یەک هزر و بۆچوون حزب کار بکا کە دوای سەرکەوتنی سەلمێندرا، دواتر لینین هیچ کاتێک لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەم جیا بوونەوە و لەت بوونە روودەدا،ئەو پێی وابوو جیاوازی بیرکردنەوە نیشانەی دیموکراسیەتی حزبە ریز گرتنە لە راو بۆچونی جیاواز، پێی وابووە دەکرێ لە ناو یەک چوارچیوەی حزبێکدا بۆچوونی جیا هەبێ بە مەرجێک یەکێتی ریزەکانی حزب بپارێزرێ و پرەنسیپ و دسپلینەکانی حزب پارێزراو و کار پێکراو بن.

لە هاوینی ١٩٠٤ یاریدەدەرە گەنجەکەی لینین (کامنێڤ Kamenev) پاش دەرچونی لە زیندان لە موسکۆوە دەگەڕێتەوە تبلیس، هەرچەندە بە سێ ساڵ لە لینین بچوکتر بووە بەڵام ئەو لە کوبا فێری گەلێک شت بووە، لە دانیشگای مۆسکۆ کاری زۆری لە پێش بوو بیکا، گەشت بۆ جنیف و پاریس و لۆندۆن و کارکردن لە ژێر فەرمان و چاودێری لینین لە دەرەوەی ولات و وتووێژ لەگەڵ کارمەندانی (ئیسکرا)، ئەمانە بەرنامە و کاری ئەو بوون، بۆیە دەبوایە کەمێک کار لە کوبا بکا، ئەرکی ئەوکاتی

بریتی بوو لە ئامادە سازی بۆ بەستنی کۆنگرەی هەرێمایەتی بۆلشەڤیەکان لە قەوقاس. ئەوکات لە باکور و باشوری روسیا کۆنگرەی لەو شێوە بەسترابوون بێ ئەوەی هۆکارەکانیان بزانرێ، بەڵام لە کۆنگرەی هەرێمی قەوقاس کە لە ئۆکتۆبەر بەسترا کوبا ئامادە نەبوو، لەو کۆنگرانە کە لە سێ هەرێمی روسیا بەستران نوسینگەی بۆلشەڤی بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیرانی داهاتوو (ئەلیکسای ریکوف و قۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی داهاتوو ( ماکسیم لیتفینوف) دامەزران، ئەو نوسینگانە چەکێک بوون بەدەست لینینەوە، لە بەرانبەر کۆمیتەی ناوەندی بەکار دەهاتن کە هەمیشە ڕاڕا بوون، ئێستا دەتوانین بلێین هەلوێستەکانی ناسازشی دژی مەنشەڤیەکان بە پشتیوانی رێکخستنەکانی نهێنی لە ناوەوەی روسیا کۆنکرێت کرابوون.

بۆیەپێشنیاری کرد کۆنگرەیەکی سەرتاسەری ببەسترێ بۆ سنوردانان و چارەسەری بۆ ئەو دۆخە نالەبارەی تێی کەوتبوون، بۆلشەڤیە سازشکارەکان ئەم پێشنیارەیان قەبول کرد، ئیتر کوبا کەوتە خۆ بۆ ئامادەکاری بەستنی ئەو کۆنگرە کە لە کۆتاییەکانی ئەو ساڵ و سەرەتاکانی ساڵی داهاتوو بەسترا.

هۆکارەکان نادیار نەبوون کە بوونە هۆی پەلکێشکردنی کوبا بەرەو تەکتیکی بۆلشەڤیەکان، لە روی خواستەوە ئەو لە رەوتی شۆڕشگێڕەکان بوو، ئەو نیانیە لە خەسلەتەکانی ئەودا نەبوو لە کاریگەریەکانی لینینەوە بوو خرایە نێو ئەو رەوتە، یەکێک لە خەسلەت و بایەخەکانی رەوتی لینین چارەسەر و یەکلایی کردنەوەی ئەم کێشە بوو، لە کاتێکا مەنشەڤیەکان سوکایەتیان بە رۆلی لینین دەکرد بەڵام بۆلشەڤیەکان پیرۆز و زیندویان رادەگرت، لە دیدی لینینەوە ئەو کەسەی شۆڕشگێڕ و بانگخوازی رێکخستنی ژیانی هەژاران بوو ئەو (خوێی خاک بوو) ئەو ژیانی سۆسیالیستی دەبوژێنێتەوە، هانی بزوتنەوە کرێکاریەکان دەدا، ئەندامانی لیژنەکانیش لە شێوەی کوبا رۆلەی دەستەبژێری شۆڕش بوون. کەواتە کارێکی ئەستەم نەبوو ئاستی ئەو متمانەیە بزانین کە کوبا لە بیردۆزەکانی لینینەوە وەریگرت بێ ئەوەی هیچ پلەو پۆستێکی فەرمیی هەبێ لە ناو کۆمەڵگە و لە نێو رێکخستنە نهێنیەکان، دەبێ ئەو تینوی قەرەبوو کردنەوەی دەرونی بوبێ، ئەوەتا لە پەنای ئەم بیردۆزەوە لە جیات ئاژاوە، رێکخستن بەرجەستە دەکا، ئێستاش دەتوانێ لە ئاوێنەکەوە سەیرێکی خۆی بکا تیایدا هزرەکانی لینینی بەدی بکا و خۆی بەرپرس ببینی لە ئاست چارەنوسی مرۆڤایەتی.

کاری نهێنیی رێکخستنەکان بوونە مایەی لە دایک بوونی زنجیرەبەندێکی هەرەمی و بیروکراسی، ئەمەش کارێک بوو نە بۆلشەڤیەکان نە مەنشەڤیەکان لە توانایاندا نەبوو دەستبەرداری بن، ئەم جۆرە زنجیربەندیە هەرەمیە لە ئاستی ئیدارەی هەر حزبێکی ئەوروپیدا بوو، لە هەندێک رووەوە بەرزتریش بوو بەتایبەت لە رووی ئاستی رەوشەنبیری و دلسۆزیان بۆ پرسەکانیان، لەم میانە شێوازی رێکخستنەکانی مەنشەڤی لە هیچ شوێنیکی ئەو زنجیر بەندیەی هەرەمی جێگای نەدەبۆوە،

هەرچەندە لە رووی تیوریەوە هاوتەریب بوو بەڵام لە واقعدا جیاوازیان هەبوو، (مارتۆڤ Julius Martov) رابەر و ئەدیبیان بوو بەڵام سەرۆکی دەزگاکەیان نەبوو، ئەم دۆخە جیاواز بوو لەگەڵ دۆخەکانی لای لینین. هەرچەندە هیچ لە رکابەرەکانی لینین ئەو زاتەیان نەبوو شان لە شانی بدەن تەنانەت لە ساڵەکانی سەرەتایی شۆڕشیش کە سەرۆکی دەزگای شۆڕش بوو، خۆی وەکو کەسێک هەلس و کەوتی دەکرد کە تاقە کەسی لوتکەی ئەم دەزگایەیە بێ ترس و بێ شەرم، خۆی سنورەکانی ئەم دەزگایەی دیاری دەکرد و ئامانج و بەرنامەکانی دادەرشت، لێرە دەبینین بە پیر هاتنی کوبا بۆ هەلوێستەکانی لینین وەکو وەفا و چاکەیەک دێتە بەر چاو.

لەو کاتەی شەپۆلی ناکۆکیەکان رێکخستنەکانی نهێنیی سۆسیالیستیان لەت دەکرد، گەمارۆی بالەکان بەم نارەزاییە درابوون، ئا لەم کاتەدا یەکەم شۆڕشی روسی سەر هەلدەدا، بۆلشەڤیەکان ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نوێ دەکەن لە لۆندۆن لە نیسانی ١٩٠٥.

دواجار لینین کە لە دەستەی رۆژنامەی (ئیسکرا) دەکشێتەوە دەتوانێ رۆژنامەیەکی خولەکی نوێ لە جنیف دەرکا بە ناوی (فبیریود) واتە (بۆ پێشەوە)، مەنشەڤیەکان بڕیاری بایکۆتی ئەم کۆنگرەیان داو بڕیاریاندا کۆنگرەیەکی تایبەتی بەخۆیان ببەستن، لەم کاتەدا شەڕی نێوان روسیا و ژاپۆن بە کەوتنی (پورت سموث) و شکستی روسیا کۆتایی دێ.

لە ١٩٠٥/١/٩ بە پێی رۆژژمێری ئەرسەدۆکسیی کۆن بە سەرپەرشتی (باوکە گابون) رێپێوانێکی کرێکاری بەرەو (کۆشکی زستان) لە پترسبۆرگ بەرێ کەوت تا یاداشتنامەیەک بدەنە قەیسەر، خۆی رێپێوانەکە ئاشتیانە بوو نیاز و خواستی خەلکە بەشداربوەکە ئەوەبوو کە راوێژکارە گەندەلەکانی قەیسەر دۆخی نالەباری خەلک لە قەیسەر دەشارنەوە بۆیە لە رێگەی ئەم یاداشە ئاگاداری بکەنەوە، شێوازی دەربڕینی یاداشتەکەش پاڕانەوە و شەرمنانە بوو، دیارە هەر لە روخساری رێپێوانەکەش ئەمە بەدی دەکرا کە خەلکەکە وێنەی قەیسەر و پیاوە ئاینیەکانیان هەلگرتبوو، بەڵام پاسەوانانی کۆشکی قەیسەر بە تەقە لێکردن وەلامی رێپێوانەکەیان دایەوە، ئەم تەقە ئاماژەیەک بوو بە دەست پێکردنی شۆڕشێکی نوێ، ئیتر جموجۆڵ و نارەحەتی سەرجەم شوێنەکانی گرتەوە و شۆڕشگێڕان هەر زوو شازادەی مەزن (سیرجیی)یان تیرۆر کرد کە یەکێک بوو لە پیاوەکانی دەورووبەری قەیسەر.

هەرکە مانگرتنەکان هێور بۆوە، ئەم جارەیان راپەڕینی جوتیاران لە سەرتاپای ولات دەست پێدەکا، ئەم پەتایە گەیشتە دەوروبەری ئیمپراتۆریەت لە شاری (لودز)ی پۆلۆنی دواتر دەبێتە بزوتەوەیەکی چەکداری چەند هەفتەیەکی خایاند، زۆربەی شارەکانی ولاتیان گرتەوە سەنگەر لە ناو شەقامەکانی وارشۆ و ئودیسیا لێدران، دەریاوانەکانی کەشتی گەلی (بوتمکین) چونە ریز شۆڕشگێرەکانەوە، لە هەندێک شاری راپەڕیو ئەنجومەنیان دامەزراند بە ناوی ( ئەنجومەنی نوێنەرانی کرێکاران)، لەم ژاوە

ژاوەی بزوتنەوەی میللی یەکەم سۆفیەت دەردەکەوێ، پاش ئەوەی قەیسەر متمانەی بەخۆی نامێنێ دەست لەکار دەکێشێتەوە، پەیمانی هەلبژاردنی (دوما) واتە ئەنجومەنی نوێنەران دەدا، بەڵام ماف بە کرێکاران نادا نوێنەریان هەبێ، سەرجەم حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان رەخنە لەم خالە دەگرن، لە لیبرالیستەکانەوە تا دەگاتە بۆلشەڤیەکان، لە تشرینی یەکەم مانگرتنەکان لە مۆسکۆ و پترسبۆرگەوە تا هەموو روسیا دەگرێتەوە، شەمەندەفەرەکان لە کار دەوەستن، لە پترسبۆرگ مانگرتوەکان ئەنجومەنێک لە نوێنەرانی کرێکاران هەلدەبژێرن، ئەم ئەنجومەنەی (سوڤیەتی پترسبۆرگ) هەر زوو بوو بە مەزنترین ناوەندی شۆڕش، ئەوەندەی نەبرد سۆڤیەتی پترسبۆرگ بوو بە مەزنترین رکابەری ئیدارەی فەرمیی وڵات، سەرجەم هاولاتیان پابەندی بڕیارو فەرمانەکانی دەبوون، سۆڤیەت داوای لە هاولاتیان کرد باج نەدەن، بەم هۆیەوە ئەندام و سەرۆکەکەی دەستگیر دەکرێن لەوانە سەرۆکە گەنجەکەی (لیون ترۆتسکی) بەم هۆیەوە مانگرتنی نوێ سەر هەلدەدا ئەمجارەیان روو لە مۆسکۆ دەکەن، لە کانونی یەکەم شۆڕشی راستەقینە دەگاتە لوتکە، بەڵام زۆری پێ نەچوو مانگرتنەکان شکست دێنن شۆڕش پاشە کشە دەکا، هەرچەندە لە توانایدا بوو خەلک هاندا وک ۆیان کاتەوە بەڵام هەنگاو بە هەنگاو لە سستی و پاشوەچوون دا بوو تا لە دواجار دامرکا، بە درێژایی ساڵی ١٩٠٦ و ماوەیەکیش لە ١٩٠٧ تەنها سیاسیەکان نەبن ئەگینا کەسێک هەستی بەو شکستە نەدەکرد کە بەر شۆڕش کەوتوە، هەموو سۆسیالیستەکان دلنیا بوون لەوەی جارێکیتر شۆڕش هەلدەستێتەوە.

لە ئەنجامی ئەو شکستانە قەیسەر لە پەیمانەکانی کە بە لیبرالیستەکانی دابوو پەشیمان دەبێتەوە، چونکە جارێکیتر دەکەوێتەوە سەرپێ، کودەتاکەی سێیەم کە لە ١٩٠٧ ئەنجام درا کۆتایی بە ئومێدەکانی شۆڕش دێنێ چونکە لەم کودەتایە کە (ستولیبین) ی سەرۆک وەزیرانی نوێ بەسەر دومای ئەنجام دابوو ٥٥ لە ئەندامانی دوما دەستگیر دەکا کە هەموویان لە سۆسیالیست و دیموکراتخواەکان بوون.

لە ساڵەکانی دواتر لینین ناو لە شۆڕشی ١٩٠٥ دەنێ ( راهێنانی گشتی) کە بەر لە راپەڕینەکەی ١٩٠٧ دەست پێدەکا.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش: نوێنەرە راستە قینەکانی شۆڕشی ١٩١٧ لەم راهێنانە چۆن رەفتاریان کرد؟ رۆلی خۆیان چۆن گێراو تا چەند کارا بوون؟ وەلامەکە سەرسوڕ هێنەرە: زۆربەی نوێنەرە سەرەکیەکان لە سەر شانۆ نەبینران، تەنانەت لینین خۆیشی کە دواتر رۆلێکی دیار دەگێڕێ رۆلی خوێندنەوەی لە دوورەوە دەگێڕا، ئاراستەی ئەوانەی دەکرد کە لەسەر شانۆی رووداوەکان بوون، ئەو لە جنێف دوور خرابۆوە و خۆی بە دوورخراوەیی هێشتەوە، تا کۆتاییەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٠٥ سویسرای جێ نەهێشت، واتە دوای ئەو دە مانگە درێژەی رێپێوانی پترسبۆرگ،

کاتێکیش لینین دەگاتە پترسبۆرگ ڕێپێوانە مەزنەکە کۆتایی هاتبوو ڕووداوەکانیش ڕێچکەی خۆیان گرتبوە بەر شۆڕش بەرەو لوتکەی هەرەس هەنگاوی دەناو ئاندازیاری شۆڕشیش لە توانایدا نەبوو هیچ بکا.

چی وایکرد لینین لە روسیا دوور کەوێتەوە؟ گریمانەکان ئەوەبوون بە گەڕانەوەی پۆلیس راوی دەنێ، هەر واش دەرچوو لە تشرینی یەکەم کاتێک لە پترسبۆرگ دەردەکەوێ پۆلیس راوی دەنێ، بەڵام ئەمە هۆکاری ئەوە نەبوو کە بە درەنگ وەختانێک لە سویسرا بگەڕێتەوە، چونکە ئەو درکی بەوپ ێویستیانەی شۆڕش دەکرد کە تا چەند پێویستیان بەوە، هیچ گومانیشی لەوە نەبوو دەبوایە لەوکات لە تەکیان لە مە یدانی جەنگ بوایە.

ئەگەر زوو بگەرابایەوە داوای لە هاوەلانی دەکرد لە حەشارگەکانیان بێنە دەر و بەشداری لە جولانەوەکاندا بکەن، وادیارە کە درک بە بایەخ و ئەهمیەتی ئەوساتەوەختانەی نەکردوە هۆکارەکەی سەردەمی ئەوکاتی شۆڕش بوە، دەکرێ وا بیری کردبێتەوە کە شۆڕش ماوەیەکی درێژتر دەخایەنێ و هەلکشان و داکشانی ڕووداوەکانیش کارێکی ئاسایی بوە لای بۆیە ئەم هەڵەی کردوە کە درەنگ گەڕاوەتەوە.

ئەوکات هەموو کاتەکانی بۆ شۆڕش تەرخان کردبوو مەبەستی بوو ئەو وانەیە فیری شۆڕشگێڕان بکا لە پیادە کردنی تاکتیکەکانی شۆڕش وهونەری جەنگ، ئەو تا ئێستا لە گەرمەی ئەزمونی کاری سیاسی و شۆڕشگێڕپیدابوو، کاتێک شۆڕش لە دەرگای دەدا ناتوانی چاوەڕوانی ئەنجامی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی بکا بۆیە ڕووبەڕووی ئەم شکست و بێ ئەزموونیە دەبێتەوە، ئەو هەموو بزوتنەوەکانی روسیای بە بزوتنەوەی خۆرسکی دەزانی هەموویان لە ئەنجامی چەند کاردانەوەیەک ڕوودەدەن بێ سەرکردە و هەماهەنگین بۆیە ئەم بڕوا و متمانەی بەم جۆرە بزوتنەوانە نەبوو مەبەستی بوو حزب بۆ ئەم بزوتنەوانە ئامادەسازی بکا و خۆی رابەرایەتیی بکا، بۆ ئەوەی بە بەرنامەی داڕێژراو هەنگاو بنێ، بە دیدی ئەو ئەم جۆرە بزوتنەوانە کاتێک ڕوودەدەن کە چەمکەکانی مەنشەڤی ڕەت دەکرێنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ئەو بە زوتر لە دابرانیەکەی سویسرای دەرچووبا دەکرا ئەو ئامادە سازیە ئەنجام بدرێ.

ترۆتسکی یەکەم سەرکردەی گەنجی ئاوارە بوو کە بەرەو مەیدانی جەنگ رادەکا و دەبێتە یەکەم سەرکردەی زەرورەتی شۆڕش، ئەو کاتەی لینین پێ دەخاتە ناو خاکی روسیا، ترۆتسکی لە سەرو بەندی ئەوەدادەبێ ببێتە سەرۆکی سۆڤیەتی پترسبۆرگ، دەبێ لینین زۆر بیری لەو دەرفەتە کردبێتەوە کە لە ١٩٠٥ لەدەستی دابوو، بۆیە کاتێک دەرفەتێکی تری بۆ دەرەخسێ لە ١٩١٧ بێ دوودلی دەست بە کۆچکردن دەکا لە ئەلمانیای ئیمپراتور تا دەگاتە روسیا کە ئەوکات لە جەنگدا دەبێ و بە وەختانێکی زوو دەگاتە موسکۆی پایتەخت کە شۆڕشی دووەم لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا بوو.

نیمچە دواکەوتنەکەی لینین لە شۆڕشی ( ڕاهێنانی گشتی) کارێکی نامۆ نەبوو، هیچ کام لە سەرکردەکانی مەنشەڤی یا بۆلشەڤی کە لە ئاستی نزمتری ئەودا بوون ڕەفتارێکی جیاوازیان نەبوو، گەردەلولی ١٩٠٥ لەدوای خۆی چەند سەرکردەیەکی لە شێوەی پلیخانۆڤ و مارتۆڤ Julius Martov و ئەکسلرود)ی جێهێشت.

سەرکردەکانی ١٩٠٥ جگە لە ترۆتسکی لەو کەسانە بوون کە بە سۆزو هەلچوونی گەل پال پێوەنرابوون و بەشداریان کردبوو، چونکە هەموویان لە ڕاهێنانی شۆڕش و چالاکیەکانی بێبەش بوون بۆیە ڕۆلی ترۆتسکی لە شۆڕشی ١٩١٧ جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبوو کاتێک بوو بە سەرۆکی سۆڤیەتی پترسبۆرگ، بە نمونە لە شۆڕشی یەکەم ترۆتسکی وەکو تاکەکەس بەشداری لە ڕووداوەکاندا کرد بەڵام لە شۆڕشی ١٩١٧ بە تواناسازیەکانی و پشتگیری بۆلشەڤیەکان بەشداری لە شۆڕش دا کرد، لە ١٩٠٥ خۆی بە گوتارە سیاسیەکانەوە هیلاک کرد کە هیچ کاریگەریەکیان نەبوو.

لە کاتی یەکێک لە کۆبونەوەکان قەوقازیەکان و پۆلیس گەمارۆی سۆڤیەتی پترسبۆرگ دەدەن، ترۆتسکی فەرمان بە ئەندامە چەکدارەکان دەدا چەکەکانیان قوفل کەن و خۆیان ڕادەست کەن، چونکە لەم حالەتە بەرگریکردن هیچ سودێکی نابێ، دواتر ئەو گوتارەی لە بەردەم دادگای تساری (قەیسەری)خویندەوە کە تیایدا شۆڕشی بەرز نرخاند و مافی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی بۆ گەل بەڕەوا دەبینی، ئەم گوتارەی لە گوێی کرێکاران دە زرینگایەوە، ببوە هەوێنی هەلگیرساندنی شۆڕش و پێدانی تەکان و وزەیەکی نوێ بە جەماوەر، ترۆتسکی لە ساڵی ١٩٠٥ خاوەنی گەلێک داهێنان و مۆرالی شۆڕشگێڕی بوو، بەڵام ئەم هەلوێستانەمان لە ١٩١٧لە ترۆتسکی بەدی نەدەکرد، لە جیات ئەوەی ئەندامانی سۆڤیەتی پترسبۆرگ بە ئاماژەیەک دەمانجەکانیان داخەن، ئەم سۆڤیەتە بە سەرۆکایەتی ترۆتسکی ڕابەرایەتی ڕاپەڕینی ئوکتوبەری کرد.

ئەی (دژوگاشفیلی یا کوبا) لە(ساڵی شێتی شۆڕشگێڕی)دا چ ڕۆلێکی هەبوو؟ بەدرێژایی ئەو ساڵ هیچ ڕۆلێکی نیشتمانیی نەبوو، وەکو سەرکردەیەکی قەوقاسی خۆجێی مایەوە هەرچەندە قەوقاس تەنها هەرێمێک بوو بەڵام بنکەیەکی گرنگی شۆڕش بوو، هەندێک جار پێشڕەوی ئیمپراتۆیەت بوو، لە



سەردەمی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی دژەشۆڕشدا مۆڵگەی خۆڕادەست کردنەوە بوو.
لە کانونی یەکەمی ١٩٠٤، واتە چەند هەفتەیەک بەر لە ڕێپێوانەکەی (کۆشکی زستان) لە پترسبۆرگ، کە مانگرتنە توندەکەی کرێکارانی نەوت لە باکۆ پێی هەلسان، بە واژۆکردنێکی بە کۆمەڵ کۆتایی بە مانگرتنێکی پێداگر هات کە کرێکارانی نەوت لە (باکۆ) پێی هەلسابون ، ئەمە یەکەم گرێبەستی بە کۆمەڵە لە روسیا ئەنجام درابێ، لەم گرێبەستە پیشەسازکاران ناچار دەکرێن لەگەڵ سەرکردە ئێنیەکانی حزبەکاندا بەشدار بن لەم گرێبەستە.
ئەم رووداوانەی باکۆش بە سەرەتای دەستپێکی شۆڕش دێتە ئەژمار، ئەوکات کوبا تازە دەستی بە گەشتەکەی کردبوو کە دژی مەنشەڤی و گێرەشێوێنەکان گوتاری دەدا، کاتێکیش مانگرتن دەستی پێ کرد داوای لە یەکێتی فیدرالی و ئەرمەن و تاشناق (نیوەی نەتەوەخواز و نیوەی سۆسیالیست) ەکان و هیتریشی کرد، کۆتایی بە گەشتەکەی دێنێ و بە پەلە دەگەڕێتەوە باکۆ. کەس بڕوا بەوە ناکا کە رابەرایەتی مانگرتنەکانی کردبێ چونکە تەنها چەند رۆژێک لەو شارە مایەوە، بەڵام گومانی تیا نیە کە بۆچونەکانی کاریگەری خۆیان هەبوون، ئەو گەنجانەی بۆ خزمەتی سەربازی داوا دەکران توانرا لە خۆیان بگرێ و بۆ رووداوەکان بەکاریان بێنێ.
هیچ کات و دەرفەتێکی لەدەست نەدا هەر لە یەکەم کلپەی شۆڕش ئەم بەشداریی تێدا کرد، لە هەشتی کانونی دووەمی ١٩٠٥ واتە لە سەروبەندی (یەکشەمەی خوێناوی) لە پایتەخت توانیی بە ناوی (یەکیتی قەوقاسی سۆسیالیست و دیموکراتەکان) مانەفێستێک دەرکەن بەناوی ( ئەی کرێکارانی قەوقاس، زەنگی تۆلە لێدرا) ئەو مانەفێستە لە نوسینی کوبا خۆی بوو، تیایدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە حوکمی تاکڕەوی کۆلەکەکانی لەدەست دەدا مەبەستی سوپا بوو واتە لە دارمان و بەگژداچونەوە دابوو، هەر چەندە لێرە هەندێک پێشڕەویی لە وتەکانیدا هەبوو، یەکێک لەو هۆکارانەی قەیسەر توانیی لە حوکم بمێنێتەوە و بەرگری بکا ورەی شەرکەرەکانی بوو رێژەی سوپا لە دە کەس هەشتیان (موجیک) بوون واتە جوتیاری هەژار بوون، تا ئەوکات سوپا ئامادەیی هەبوو دژی گەل بەکار بهێندرێ یەکێک لەو هەلانەی کوبا کردی خوێندنەوەی نا دروستی کۆمەڵگەکەی بوو، جوتیارەکان برسی بوون بە بەراورد لەگەڵ جوتیارەکانی تری ولات لە هەموو هەرێمێک برسیتر بوون، راپەڕینی سەربازانیش زۆر بەربلاو بوو.
لە روێکی تریشەوە کوبا ئەو ئاستەنگانەی بەردەم قەیسەر گەلێک بە مەزنی دەبینی کە دەبنە رێگر لەبەردەم بەرگری کردن و خۆراگرتنی قەیسەر، پێشبینی ئەوەی دەکرد کە حکومەت مایە پوچ دەرچێ، ئەمەش بە پشت بەستن بەمەزندەی ئەوەی گوایە حکومەت لە ئەوروپا ئابڕوی نەماوە، بەڵام بۆرسەی فەرەنسا دەرگاکانی بەڕوی قەیسەردا والا کرد قەرزی پێداو دەستباری گرت، کوبا لەم روانگەیەوە هۆشداری دایە لایەنگرانی کە حکومەت وەکو مار وایە دەتوانێ بەرگی بگۆڕێ، پێی وابوو

مەترسی و هەڕەشەکانی سەر حکومەت ناچاری دەکەن گوێ لە داواکاریەکانی گەل بگرێ و ئەوکات روخاندنی حکومەت ئاسان دەبێ، دەبا هەموومان لە دەوری لیژنەکانی حزب بئالێینەوە، دەبێ ئەوە لە بیرخۆمان نەبەینەوە کە تەنها لیژنەکانی حزبە دەتوانن رابەرایەتی بکەن، هەر حزب بوو چاوی ئێمەی کردەوە و دوژمنی بە ئێمە ناساند و بۆ شەڕ رابەرایەتی کردین، ئەو حزبەی کە لە خۆشی و ناخۆشیدا ئێمەی جێ نەهێلاوە ئەوە حزبی کرێکاری سۆسیال دیموکراتی روسی بوو.

یەکێک لە روخسارەکانی مەترسیدار لە دیدی ئەو، دەیبینی کە گەل بە تەنیایی لەو دەشتە جێ ماوە بێ خاوەن و پەنا بەدوای سۆسیالیزم دا دەگەرێ، لەم میانە حزب وەکو مۆمێک دەبینێ کە رێگای بۆ روناک دەکاتەوە و بەرەو ئامانجی دەبا، بەیاننامەکە (مانەفێست) بەم دروشمانە کۆتایی دێ( بروخێ حوکمی ستەمکاری تساری (قەیسەری)! بژی کۆمەڵەی دامەزرێنەری گەلەری! بژی کۆماری دیموکراسی! بژی حزبی سۆسیال دیموکراتی روسی).

بۆ رووبەڕوو بوونەوەی مەترسیەکانی شۆڕش وەزارەتی ناوەخۆ چەتەی (سەدڕەشەکان) ی بەسەر سەرجەم لیبرالیست و جوو و سۆسیالیستەکاندا کردنە چاودێر.

رێکخراوی( سەدڕەشەکان) لە باکۆ دوای مانگرتنی کرێکارانی نەوت بۆ دامرکاندنی رق و کینەی ئیمپراتۆریەت لە سەرجەم ولات راستەوخۆ کەوتنە کار، وەکو ئەو تەندورەی جوەکانیان پێ سوتاند. بەهەمان شێوەش لەگەڵ ئەرمەنیەکان لە قەوقاس، چونکە فیتنەی ئاینی لە نێوان ئەرمەن و تورک لە ئارا دابوو دوژمنایەتیان لە ژوانی رەخسانی دەرفەتدا بوو، بۆیە کارێکی ئاسان بوو بۆ رێکخراوی ( سەدڕەشەکان) شەڕو فیتنە لە نێوان موسلمانان و ئەرمەنەکاندا هەلگیرسێنێ و بەو هۆیەوە قەوقاس لە گۆمی خوێن نقومکا، ئەوەتا یاداشتەکانی سیرگو ئەلیلوییف، بەلگەی زیندون بۆ ئەو شەڕو پێکدادانە مەترسیدارە:

دەسەڵات کە لە لایەن فەرمانبەرو موچەخۆران لە ئەندامانی رێکخراوی (سەدڕەشەکان) لە باکۆ و بە پشتگیری پۆلیس لە شار و گوندەکان شۆڕشگێڕەکانیان لە ئەندامانی ( یەکێتی گەلی روسی) پر چەک دەکرد، هانی منداڵە ئەرمەنیەکانیان دەدا دژی منداڵە تورکەکان و بە پێچەوانە و بەگژ یەکدا بچن تا لێیان ببێتە شەڕ، دواتر ئەندامانی (سەدڕەشەکان) بە کوشتن و لەناو بردن دەکەوتنە سزادانی هەردوولایان، مالەکانیان دەسوتاندن، بەم شێوە دەسەڵات ئامانجەکانی دەپێکا و هەردوولای بەگژ یەکدا دەبردن و هەردوولای سزادەدان، ئەوەبوو لە تۆلەی ئەمان لە مانگی ئاب کوشتاریەکی خوێناوی لە نێوان تورک و ئەرمەن روویدا، تورکەکان تەقەیان لە ئەرمەنەکان دەکرد و مال و دوکانەکانیان تالان دەکردن، لاشەی ئەرمەنەکان لە سەر شەقامەکان بێ خاوەن کەوتبوون، پۆلیس و سەربازەکانیش بەدیاریانەوە جولەیان نەدەکرد، لەم کۆکوژیە بێدەنگ دەوەستان، دوای ئەوە ئەندامانی رێکخراوی (سەدڕەشەکان) ئاگریان لە بیرە نەوتەکان بەرداو

تۆمەتەکەیان دەخستە ئەستۆی مانگرتوەکان، لە ژێر ناوو پاساوی ( خەباتی ئاگرتێبەردان) دز و جەردەکان بەدوای خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕە کاندا دەگەڕان تا لەناویان بەرن، لەم میانە ژیان بووە دۆزەخ لە لایەک ئاگر و دوکەڵی بیرە نەوتەکان لەلایەکیش ئاژاوە و کوشتن و تۆلە سەندنەوە و دزی و رێگری و خوێن رشتن، هەموویان بەجارێک بوونە میوانی ئەو گەلە ستەم دیدە.

لە شارەکانی قەوقاس شۆڕش بەرەوە روخان هەنگاوی نا، لەو کاتانە کوبا وتاری بەدوای وتاردا بلاو دەکردەوە، تیایدا هۆشداری دەدایە ئەو خەلکە کە خۆیان لە کوشتنی ناوەخۆ و کاولکاری بپارێزن، داوای یەکگرتنی لێ دەکردن ستایشی ئەو کۆم بوونەی گەلانی ئەرمەن و تورک و فارس و روسی دەکرد کە هەموویان بە هەموو رەنگەکانەوە لە یەک رێپێوان بەشداریان کردووە، پێداگریی دەکرد کە حزب دەبێ هانی ئەم جۆرە رێورەسمانە بدا کە هەموو نەتەوەیەک لە خۆ بگرێ رێورەسمێک بە هەموو رەنگن و دەنگێکی جیاواز، داوای لە سەرجەم حزب و کۆمەڵە و رێکخراوەکان کرد لە پێناو دورکەوتنەوە لە شەڕی ناوەخۆ، ئامادە بن پەیماننامەی دۆستایەتی و هەماهەنگی لەگەڵ یەک ببەستن.

لەم میانە ناکۆکیەکانی بۆلشەڤی و مەنشەڤی بە هاوشان لەگەڵ ئەم رووداوانە بەردەوام دەبێ، لە مانگی ئایار کوبا بەیاننامەیەک بلاو دەکاتەوە بەناونیشانی (کورتە پێداچونەوەیەک بە ناکۆکیەکانی حزبی)، تیایدا پاساوەکانی لینینی رەت کردەوە، ئەم وتارە و چەند وتارێکی تری کوبا ئەو بۆچونانە رەت دەکەنەوە کە کوبا لینینی بووبێ.

بۆلشەڤیەکان بەسەر کەمینەیەک لە رێکخستنەکانی نهێنی قەوقاسدا زاڵ بوون، بەنمونە جورجیا نیشتمانی کوبا بوو پێگەی مەنشەڤیەکان بوو، لە کەمینەی کەمینەدا بوو، زۆربەی سەرکردە بۆلشەڤیەکانی ئەو هەرێمە خۆیان لە مەنشەڤیەکان نزیک دەکردەوە، گومانی تیا نیە کوبا سەرنجی لینینی راکێشا، لینین هەستی بەوە کرد راو بۆچونەکانی لە قەوقاس نەبوونە جێی بڕوا، کاتێکیش بە وتارەکەی کوبای زانی کە بە زمانی روسی و گورجی و ئەرمەنی بلاوی کردبۆوە بۆ ئەو

هەواڵێکی خۆش بوو. بۆیە (نادجیا کروپسکایا Krupskayaی هاوسەری لینین) داوای وێنەیەکی لەو وتارەی کرد کە تیایدا کوبا راو بۆچونەکانی لینینی خستۆتە روو.

دیارە ئەم پەیوەندیە هەرچەندە راستەوخۆ نەبووە بەڵام بە یەکەم پەیوەندی دەزاندرێ لە نیوان لینین و کوبا، ئەمەش کاتێک دێت کە لینین دەکەوێتە ئەو بڕوایە کە پشت بەستن بە فەرماندەکانی ریزی یەکەم بێ سود دەبێ بۆیە ناچار پەیوەندی بە فەرماندەکانی ریزی دووەم و کادرانی بنکەی خوارەوە دەکا، ، بۆئەوەی پشتگیریی لێ بکەن و هاوکاری بن.

ئەم بایەخ دانەی لینین هەندێک کەلێنی ناوەخۆی بۆ پر کردنەوە، زیاتر بڕوای بەخۆ بوو، شێوازی گفتوگۆکانی لەگەڵ سەرکردە مەنشەڤیەکان توندتر کردن، هەستی بەوە کرد کە لەسەر رێبازەکەی لینین هەنگاو دەنێ. بەڵام کاتێک هاوڕێیانی خەباتی و مامۆستاکانی ( تسولوکیدزە و کیتسخوفیللی) کۆچی دوایی دەکەن هەست بە نامۆییەکی زۆر دەکا، پێی وابوو ئەگەر ئەم دوو سەرکردە کۆچیان نەکردبا و لە ژیان بمابانا دەکرا ببن بە سەرکردەی کەمینەی (میسامی داسی) دواتر دەبونە بۆلشەڤیەکی پۆلایین، بەڵام بەداخەوە کە (کیتسخوفیللی) بەدەستی جەلادەکەی لە زیندانی (کۆشکی میتیجی) گیان لەدەست دەدا ئەم زیندانە بە زیندانێکی مەترسیدار لە تبلیس دێتە ناسین دیارە (تسولوکیدزە) ش بە نەخۆشی سیل دەمرێ.




ئا لەم کاتەدا بوە کوبا چاودێری مامۆستاکەی دەکا، چۆن وانەی هونەری شۆڕش پێشکەش دەکا، لە کۆنگرەی لۆندۆن لە مانگی نیسان لینین پرسی راپەڕینی چەکداریی خستە بەردەم لایەنگرانی، ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە جنێف پەرە بەم پرسە دەدا، دەڵێ:

(قەیسەر بە خۆشی خۆی دەستبەرداری حوکم نابێ، بۆیە دەبێ لە رێگەی راپەڕینی چەکداریەوە لەسەر حوکمی لابەرین)، ئەمە ئەو بیرۆکە بوو کە سەرجەم سۆسیالیستەکان باوەریان پێی هەبوو، بەڵام زۆریشیان بڕوایان وابوو کە راپەڕین کارێکە ناتواندرێ بە وردی بەرنامەی بۆ دارێژری و وەکو

پێویست هەنگاوەکان جێ بەجێ بکرێن بۆیە پێیان وابووە لە کۆتاییدا دەبێتە یاخی بوونێکی میللی و ئاراستەکان دەگۆڕدرێن، وەکو رۆژهەلات و رۆژئاوابوون ناکرێ بەرنامەی بۆ دانرێ، لینین بە گالتە جارپەوە رووبەڕووی ئەم بۆچونانە بۆوە، پێی وابوو راپەڕین هونەرێکە دەبێ لە جێبەجێ کردنی پەند وەرگرین، لەم روانگەیەوە ئاماژەی بە وانە سەرەتاییەکانی حزب دەدا کە دەڵێ:

( شۆڕش ئەوکاتە سەردەکەوێ کە لە قۆناغەکانی هێرش بردنی بەردەوامیدا دەبێ، بەرگری بە مانای لەناوچوونی دێ)، هانی لایەنگرانی دەدا بە دامەزراندنی بنکەی سەربازیی تایبەت بە حزب.

کوبا (ستالین) وەلامی ئەم بۆچونانەی بەم بانگەوازە دایەوە کە لە ژێر ناوی( خەباتی پرۆلیتاریا) ی بلاو کردەوە تیایدە دەڵێ:

( ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوە حزبیەکانمان کێشەکانیان بەوە چارەسەر کردوە کە توانا و هێزەکانیان بەرەو چەکدار کردنی هێزی پرۆلیتاریا بردوە، خەباتی ئێمە دژی ستەمکاری تاکرەوی گەیشتۆتە قۆناغێک کە هەموو دان بە خۆپرچەک کردن دەنێن. بەڵام دانان بەم زەرورەتە بەس نیە، دەبێ ئەم ئەرکە بخەنە بەردەم حزب بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکا و بڕیاری لەسەر بدا، دەبێ لیژنەکانمان بە زووترین کات خۆیان پرچەککەن، دەبێ بنکەی تایبەتی بە کۆکردنەوەی چەک دامەزرێنن، دەبێ کارگەی دروست کردنی تەقینەوە دروستکەن، دەبێ نەخشەی دەست بەسەرداگرتنی کۆگا و جبەخانەکان دارێژن، نابێ ناکۆکیەکانی نێوان باله سۆسیالیستەکان ببێتە رێگر لەبەردەم ئەم هەنگاوانە و یەکخستنی هێزەکان).

کوبا وتەکانی لینینی تەنها کاری وەرگێڕانی بۆ نەکرد بۆ سەر زمانی گورجی، بەلکو بە پراکتیزەشی کرد، بە کردەوە بەشداریی لە دامەزراندنی رێکخراوی سەربازی لە ناوچەکاندا کرد کە خاوەنی حەشارگەی نهێنیی کارگەی دروست کردنی تەقەمەنی بوون، سەرەڕای ئەوەی بیرۆکەکانی لینین لەسەر راپەڕینی بە بەرنامە دارێژراو خۆی لە چوار چیوەی (یەکەم شۆڕش) نەدەبینیەوە، پێێ وابووە تیپە چەکدارەکان لە ریزی پێشەوەی راپەڕیندا دەبن، ئەم تیپانە لە قەوقاس بەرەنگاری چەتەکانی ( سەدرەشەکان) بوونەوە و توانیان ناوچەکانی کرێکاران لە شەڕی خێلەکی بپارێزن و لە پەیوەندیشدا بن لەگەڵ شەڕکەرانی گوندنشین. لەم شەڕەدا رۆلی کوبا وەکو ئەفسەرێکی شەڕکەر نەبوو بەلکو رێکخەر و بەڕێوەبەرێکی گرنگ بوو.

دەبوایە لقە نوێکەی حزب لەسەر بنەمایەکی نهێنیی مکوم دامەزرێنێ، بۆیە سەرکردەکانی زۆر بە نهێنی و تەوقات هێشتنەوە پەیوەندیەکانیان لە ئاستێکی نزم لە نێوان لقی هونەری و لقەکانی تردا هێشتەوە.

ئەو کاتەی حزب لەوپەڕی گەشە دابوو بە ئەندامی نوێ بە هێزتر کرابوو کەچی بێ ئەزمون بوون، لەگەڵ پاشەکشە بوونی شالاوەکانی قەیسەر حزبیش یاساو رێساکانی نهێنیی خاوتر کردنەوە، بەر

له ۱۹۰٥ لیژنەکانی باڵا لەسەر بەرپرسیاریّتی خۆیان لیژنەکانی خوارەوە و جێبەجێ کردن و بەرپرسەکانیان دادەمەزراندن، بەم شێوە حزب لە سەرەوە بۆ خوارەوە دامەزرا، ئەندامەکانی خوارەوە هیچ ئاشناییەکیان لەگەڵ سەرکردەکانیاندا نەبوون تەنها ئەو هەمووارەی حزب نەبی کە لە سەردەمی شۆڕش ئەنجام درا. ئەوکات ئەندامانی بنکەی خوارەوە چاودێریەکی دیموکراسیان بەسەر لیژنەکانەوە هەبوو، هەڵبژاردنیش لە خوارەوە بۆ سەرەوە شوێنی دامەزراندنی گرتەوە، ئیتر بەم شێوە لە سەردەمی شۆڕشدا کوبا زۆربەی چالاکیەکانی لە نێو شانە نهێنیەکانی حزب دوور لە چاودێری ئەندامە ئاساییەکان دەبرد بەڕێوە.

سەرکەوتنی راپەڕینی چەکداری دەبێتە مایەی دامەزراندنی (حکومەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی)، ئەندامانی ئەو حکومەتە و کارەکانیان بوە بابەتی ئەو پرسەی رووبەڕووی کوبا بۆوە، ئەوەتا لێرەش زۆر بە ئەسپایی لەسەر رێبازی لینین بەردەوام دەبی:

( روسیا بۆ سیستەمی سۆسیالیزمی پێنەگەییوە)، بۆیە ئەو حکومەتە شۆڕشگێڕە کاتیە نابی حکومەتێکی (دکتاتۆری پرۆلیتاری بێ)، دواتر نابێ حکومەتێکی پەرلەمانیش بێ چونکە لە سەردەمی شۆڕشدا ئەمە مەحالە، ئیتر لینین ناوی لەو حکومەتەنا ( دکتاتۆریەتی کارێکار و جوتیارانی دیموکرات) نە لینین خۆی نە یارانی لینین لە هەوڵی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەم چەمکە بێزار و ناکۆکە نەبوون، لەگەڵ ئەوەی لە ۱۹۰٥ و ۱۹۱۷، بوە بنەمای پرۆپاگەندەی بۆلشەڤیەکان، نارونی ئەم چەمکە لە ۱۹۱۷ بووە مەزنترین کێشەی مێژوویی بۆلشەڤیەکان کە لە تەک ئەم کێشە چەندین کێشەی تری ناوەخۆیی هەبوون.

ئەرکەکانی حکومەتی شۆڕشگێڕی کاتی کە کوبا خستبویە روو بریتی بوون لە :

هەڵوەشاندنەوەی هێزی سەرکوتکاری دژ بە شۆڕش، جڵەوی فەرماندەیی شەڕی ناوەخۆ بگیرێتە دەست، بانگەوازی دامەزراندنی (کۆمەڵەی دامەزراندن) لە رێگەی هەڵبژاردنێکی گشتیدا.

لە ماوەی نێوان دەرکەوتنی حکومەتی شۆڕشگێڕ کە پشت بە هیچ دەستورێک نابەستێ و تا ئەو کاتەی (کۆمەڵەی دامەزراندن) یەکەم کۆبونەوە ئەنجام دەدا، حکومەت چەند چاکسازیەکی ریشەیی ئەنجام دەدا کە هیچیان سنورەکانی دیموکراسیی بۆرژوا رەت ناکەن، ئەم چاکسازیانەش بریتی دەبن لە:

۱/ ئازادی رۆژنامەگەری و کۆبونەوە.

۲/ هەڵوەشاندنەوەی باجی ناراستەوخۆ.

۳/ سەپاندنی باجی زیادە لەسەر قازانج و میرات.

٤/ پێکهێنانی لیژنەی جوتیاری شۆڕشگێڕ بۆ چاوخشاندن بە چاکسازی کشتوکاڵی.

٥/ جیا کردنەوەی کەلیسا لە دەوڵەت.

٦/ دیاری کردنی ماوەی کار کردن بە هەشت کاتژمێر لە رۆژێکدا.

٧/ دابین کردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی .

٨/ دامەزراندنی بیرۆی کار بۆ دامەزراندنی هاولاتیان و خستنەسەر کاریان.

لە راستیدا ئەم بەرنامەیە زۆر لە بەرنامەی حکومەتە کرێکاریەکەی بەریتانیا کە دوای چل ساڵ دامەزرا باشتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بڕیارانە نائارامی و نارەحەتیان لە روسیا خولقاند کە دوای چل ساڵ لە هەلوەشاندنەوەی یاسای کۆیلایەتی دێ.

کوبا وەکو باقی سۆسیالیستەکان پێی وابوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامە هاوپەیمانیتی نێوان چینی کرێکاری سۆسیالیست و جوتیارەکان پێویستە، چونکە چینی مامناوەندیی لیبرالیست پشتگیری شۆڕشیان نەکرد، هەرچەندە بەمەی دەزانی کە چینی کرێکار و جوتیار هەریەکەیان وەکو ستراتیژ بەدوای ئامانجێکی جیادا دەگەڕێن، بە دوریشی نازانێ کە لە دوواجار بەرژەوەندیەکانیان بە گژ یەکدا بچنەوە بەڵام ئەم بەگژداچونەوە ئەوکاتە روودەدا کە سۆسیالیستەکان توانیویانە سەرمایەدارەکان سەرەوژێر کەن، ئەمە ئەرکی ئەوکاتەی روسیا نەبووە بەم شێوە دروشمی (دکتاتۆریەتی کرێکار و جوتیارانی دیموکرات) تەنها دروشمێکی دیموکراسی بوو، چونکە بەرنامەی ئەم دکتاتۆریەتە زەرەیەک سۆسیالیزمی راستەقینە هەلناگرێ، خۆی دکتاتۆریە چونکە ئامانجێکە سنورەکەی دامەزراندنی کۆمارێکی پەرلەمانیی نا سۆسیالیستە، ئامانجی لەناو بردنی ( سەردەمی کۆنە) بە ئامرازی دکتاتۆریەتێکی توند، دواتر دامەزراندنی دکتاتۆریەتێک لەسەر بنەمای هاوپەیمانیتی دوو چین واتە ئەم حکومەتە لە نوێنەری چەندین حزبی جیا دادەمەزرێ.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە زەرورە حزبی سۆسیالی دیموکرات لەم حکومەتە بەشدار بێ بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی چینی کرێکار بکا تا هەژموونی پرۆلیتاریا بپارێزێ، بە دەربڕینێکی تر بلێین سۆسیالیستەکان سەرپەرشتی حزبی جوتیاران یا ئەو حزبەی بە کەمتر پێشکەوتوو دەناسرێ دەکەن، ئەوەی لە حزبی پرۆلیتاریا کەمێک ناڕونتر دیارە.

مەنشەڤیەکان پێداگریان لەوە کرد چینی مامناوەندی لیبرالیست رابەرایەتی شۆڕش بکا، ئەمەشیان سەرچاوەی لەوەوە گرتبوو کە حزبی سۆسیال دیموکرات نابێ بەشداری لە حکومەتێکی شۆڕشگێڕی کاتیدا بکا، چونکە سۆسیال دیموکراتەکان نابێ کاروباری حکومەتێک ببەن بەڕێوە کە سۆسیالیزمی نەبێ، لەو رۆژان زۆربەی سۆسیالیستە کانی دونیا لە وانە میانڕەوەکانیش پێیان وابوو بەشداری سۆسیالیستەکان لە حکومەتی هاوپەیمانێتی کارێکی هەلپەرستیە نابێ ئەمە روو بدا نەک تەنها ئەوەندە بەلکو پێیان وابوو خیانەتەتێکی ئاشکەرایە لە رێبازی سۆسیالیزم دەکرێ، کاتێکیش (میلران)ی سۆسیالیست بە وەرگرتنی پۆستێکی وزاری لە حکومەتی بۆرژوا رازی بوو، سۆسیالیستەکان نەفرەتیان لێ کرد، مەنشەڤیەکان ئەوکات لینینیان بە (میلرانیست) تاوانبار

دەکرد، پێیان وابوو ئەو بانگەوازەی بۆ سۆسیال دیموکراتەکان کراوە کە بەشداری لە حکومەتێکی ناسۆسیالیست دا بکەن کارێکی نزیک لە هەلپەرستیە. وەلامی کوبا بۆ مەنشەڤیەکان ئەوەبوو:

(ئێوە دوو جۆرە حکومەتی جیاواز تێکەل بە یەک دەکەن، حکومەتی کاتی لە دەرهاوێشتەی شۆڕش کە پابەندی چاکسازیەکان بێ زۆر جیاوازە لەگەڵ بەڕێوە بردنێکی دەسەڵاتەکانی لە سنوری پارێزگا و دۆخی حالی حازری دەرنەچی) بۆیە دەپرسێ (ئەنجومەنی وەزیران چیە؟) ئەمە دەرەنجامی بوونی ئیدارەیەکی ئاساییە، ئەی (حکومەتی شۆڕشگێڕی کاتی چیە؟) ئەمەشیان دەرەنجامی دارمانی ئیدارەیەکی ئاساییە، یەکەمیان یاساکان بە هاوکاری سوپا جێبەجێ دەکا چونکە دۆخەکەی نا ئاساییە، بەڵام دووەمیان یاسا تایبەتەکانی کارپێکراو هەلدەوەشێنێتەوە ئەوانەی بە هاوکاری سوپا جێبەجێ دەکرێن لە بەرانبەریشدا بە هاوکاری گەل بە پێی ئیرادەی شۆڕش یاسا دادەرێژێ. زۆر سەیرە کە مەنشەڤیەکان ئەلف و بێی شۆڕشیان لە بیرچوە. لینین بە دیدی کوبا نە لایەنگری ئەمان بووە نە بەلای ویستی (میلران)ی نەفرەت لێکراودا شکاوە.

رەخنەی دووەمی مەنشەڤیەکان کە زۆر توند بووە دەلێن:

بەرنامەکانی لینین شێواندنی حوکمی دەستورە، چونکە لینین ویستویەتی بەر لە کۆبونەوەی کۆمەڵەی دامەزراندن حکومەتی کاتی ژمارەیەک چاکسازی ئەنجام بدا. ئەم بۆچونەی رەخنەگران لە ١٩١٨ راست دەرچوو، ئەم کۆمەڵە رووبەڕووی یەک لەم دوو گریمانانە دەبێتەوە:

١/ یا ئەوەتا رەزامەندی لەسەر ئەو چاکسازیانە دەدا دوای دەرچونی.

٢/ یا حکومەتە دکتاتۆرەکە ناچار دەبێ هەلیان بوەشێنێتەوە.

کوبا پێی وابووە ئەم وردەکاریەی دەستور لێکدانەوەیەکی نارێک و ناشیرنە. ئەو پێی وابووە هیچ پاساویک نیە تا ئەنجومەن (کۆمەڵە) دژایەتی ئەو چاکسازیانە بکات کە حکومەتە شۆڕشگێڕە کاتیەکە بە غیابی دامودەزگا دەستوریەکان ئەنجامیان دەدا، چونکە ئەم چاکسازیە دیموکراسیانە هەردەبێ ئەنجام بدرێن لەگەڵ ئەوەی کە سۆسیالیستیش نین، کەوابێ چی پێویست بەوە دەکا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکرێ تا حکومەت ئەم چاکسازیانە بۆ دوای دانیشتنی ئەنجومەنی دامەزراندن دوا بخا؟، دواتر مادام گومان لەوەدا نیە کە شەڕی ناوەخۆ بەڕێوەیە ئیتر چاوەڕوانی چی بکەین ئەوە گریمان حکومەت هەلبژاردنەکانی دواخست، لەم حالەتەدا حکومەت ناچار دەبێ سەر بۆ داخوازیەکانی گەل دابنوێنی کە بریتین لە :

دابەش کردنی زەویەکانە بەسەر جوتیاراندا.

دیاری کردنی ماوەی کارکردنی کرێکاران لە رۆژێکدا بە هەشت کاتژمێرو هەندێک خالی تری چاکسازیی لەم جۆرە، لەو حالەتانە شۆڕش ناچار دەبێ بەرگری لە خۆی بکا، لەم روانگەیەوە کوبا دەپرسێ:

( ئەرێ ئەم بیرۆکانە بۆنی ناخۆشی لیبرالیستەکانی لێ نایە؟ سەیر نیە ئەم جۆرە داواکاریانە لە دەمی شۆڕشگێڕەکان ببیستین؟ ئەرێ مەنشەڤیەکان بە نەمان و لە سێدارەدان حوکمیان نەکردوین بە جەلادەکانیان رانەگەیاندوە کە رێگە نەدەن بەقەد تالە موێک نەجاتیمان بێ؟)

بۆلشەڤیەکان و مەنشەڤیەکان یەک هەلوێستاین لە شۆڕش هەیە، ئەویش ئەوەیە شۆڕش دەبێ ( بۆرژوای دیموکراسی) بێ، ناکۆکیان لەسەر نەخشە و پلانی تاکتیکە. مەنشەڤیەکان پلانەکانی خۆیان لەگەڵ ئامانجە ستراتیجیە سنوردارەکان گونجاندوە، پلان و بەرنامە تەکتیکیە شۆڕشگێڕیەکەی لینین بە پێچەوانەی ئامانجی ستراتیژی بوو، بۆ بۆلشەڤیەکان ئەوە باشتر بوو بیسەلمێنن کە رێبازی (بۆرژوا دیموکراسیەکان) ئەوەی رکابەرانیان دەستیان پێیەوە گرتبوو، بەمانای دەستبەردار بوونی شۆڕش دێت، دواتر بۆ مەنشەڤیەکانیش باشتر بوو بیسەلمێنن کە چەمکی بۆلشەڤیەکان چەمکێکی ناکۆکە لەگەڵ ئەوان، رەخنە و تانەکانی هەر لایەک لە ئاستی یەکتریدا بوون، بەڵام هەلوێستی مەنشەڤیەکان گونجاوتر و تەبا تر بوو، هەرچەندە بناغەی پتەو نەبوو هەر بە هەلگیرسانی شۆڕش لە بارچوو.

پاساوەکانی لینین ناڕوون بوون بەڵام کورتکراوەکانی لە لایەن کوبا گرێ کوێرەکانی خاو دەکردنەوە و ئەوەش ئاشکەرا دەکەن کە ئاراستەکانی شۆڕش بەرەو گرتنەدەستی دەسەڵاتە، هەندێک لە رەخنەگرانی لینین پێیان وابوو لە دواجار هیچ چارەیەک نیە جگە لە گونجاندنی بەرنامەکانی نێوان ستراتیژ و پلانی تەکتیکی نەبێ، جا یا ئەوەتا دەبێ دەستبەرداری پلانی سەرەڕۆیی تەکتیکی بی، یا چوارچیوەی دیموکراتی دەبێ بروخێندرێ و ئەزموونێکی سۆسیالیزمی دەست پێ بکا.

ترۆتسکی سۆسیالیست تاقە کەس بوو لە ١٩٠٥ پێی وابووە هەر دەبێ شۆڕش سەرکەوێ و رێچکەی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم بگرێتە بەر، بۆ ئەم بۆچونە هەردوولایەنی بۆلشەڤی و مەنشەڤی پێیان وابوو ئەم بیرکردنەوە شێتی و گەمژەییە،.

خۆی سەرکردە سەرەکیەکان جگە لە ترۆتسکی لە بەرنامە وەرزیە سەرەکیەکانی (راهێنانی گشتی) دوا نەدەکەوتن، ئەو رۆلانەی پێیان سپاردرابوون جیا بوون لەگەڵ رۆلی شۆڕشی ١٩١٧، ئەمە لەسەر کوباش جێ بەجی دەکرا هەروەکو ئەوانیتر.

لە کانونی یەکەم قەیسەر بەیاننامەیەکی دەرکرد تیایدا ئازادیە دەستوریەکانی راگەیاند، ئەمەش بە سەرکەوتنێکی لیبرالیستەکان هاتە ئەژمار، ئەمان ئومێدیان وابوو کە قەیسەر لەم گۆڕانکاریەدا سیستەمی حوکمڕان بکاتە سیستەمی پادشایەتی دەستوری، کاتێکیش پەرلەمان (دوما) بۆ کۆبونەوە بانگکرا، پێیان وابوو بۆ ئەم مەبەستەیە و پەرلەمان ئامرازی ئەو گۆڕانکاریە دەبێ، بەم هۆیەوە زۆربەی مەنشەڤیەکان و هەندێک لە بۆلشەڤیەکان بە پێویستیان زانی هەلبژاردن ئەنجام بدرێ، راستە دەنگدانەکان سنوردارن و چینی کرێکاریش نوێنەرایەتیەکەی لاوازە بەم هۆیەوە

لیبرالیستە میانڕەوەکان بەسەر دومادا زال دەبن، بەڵام مەنشەڤیەکان ئەمەیان پێ کارێکی مەترسیدار نەبوو.

لە شۆڕشی فرەنسی بزوتنەوەی میللی پەرلەمانی ناچارکرد شوێنەکە بۆ (کونفونسیون) چۆڵ کا. کوبا لەگەڵ مەنشەڤیەکان هاوڕا نەبوو، داوای بایکوتی هەڵبژاردنی کرد، چونکە پێی وابوو هەڵبژاردنێک لە سەردەمی سەرەتای شۆڕشێ گشتیی روسیدا ئەنجام بدرێ دەبێتە مایەی ئەوەی گەل بایەخ بە کاری شۆڕشگێڕی نەدا، لە بانگەوازێکدا بەناوی (لیژنەی تبلیس) دەنوسێ دەڵێ:

(پرۆلیتاریا داوای نابەجێ لە حکومەت ناکا، وەکو هەڵوەشاندنەوەی حوکمی نەفیر عام و راگرتنی لە سێدارەدان لە هەندێک شار و گوند، ئەوەی ئەم داواکاریانە لە حکومەت بکا بڕوای تەواوی بە مردنی مسۆگەری خۆی هەیە، لە کاتێکا ئەمە ئەو داواکاریەیە کە پرۆلیتاریا بڕوای پێیە. هەروەها ( ئازادی گەل لەسەر ئێسقانی ستەمکاران بنیاد دەنرێ، هەر خوێنی ستەمکارانیشە خاکی حوکمی خۆسەری گەل ئاو دەدا)، هەرچەندە هەندێک جار لینین ئەم جۆرە دەربڕینەی لەسەر بنەمای توڕەیی گەل پێ راست بووە، ئەمە وەرگێڕانی روسیانەیە بۆ دروشمی ( ئوروستوکراتەکان بۆ پەتی سێدارە)، هەر چەندە ئەم وشانە لە دەمی لینین نەدەهاتنەدەر بەڵام لە دەمی کوڕە کۆنە کۆیلەکەوە دەبیسترا، دیارە ئەم وشانەش مانای خۆی هەبووە، لە بەیاننامەیەکی تریدا دەڵێ:

( خەبات بێ پسانەوە دژی لیبرالیستەکانی دوژمنی گەل) ئەمە چونکە لیبرالیستەکان لەگەڵ قەیسەر لە سازشدا بوون ، سەیر نەبوو دوای ئەو هەمووە مەنشەڤیەکان ناپاکی لەگەڵ خۆیاندا بکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە مەنشەڤیەکان و بۆلشەڤیەکان تا ئەوکات لە یەک حزبدا بوون، ئەوەتا دەنوسێ و دەڵێ:

( یا ئەوەتا لیبرالیستە بۆرژواکان بوونەتە مەنشەڤی، یا مەنشەڤیە قەوقاسیەکان بوونەتە لیبرالیستی بۆرژوا).

بەیاننامەکەی قەیسەر شەپۆلێکی نارەزایی بەدوای خۆیدا هێنا، زۆر بە ئەسپایی نوسرابۆوە نەیتوانیبوو ئۆپۆزسیۆن رازی بکا، دیارە نیشانەی لاوازیی پیوەدیاربوو هیچ هاندانێکی نوێی پێوە نەبوو تا داواکاری نوێ جێبەجێکا، دوای ئەو نارەزاییانە راپەڕین و مانگرتنی گشتی دەستیان پێکرد، دوای دوو مانگ لە هەولیستی تساری (قەیسەری)ی نیمچە لیبرالیست، قۆمیسەری پۆلیس لە قەوقاس بۆ سەرۆکەکەی لە پترسبورگ دەنوسێ :هەرێمی (کوتیاس) لە دۆخیکی شلۆق دایە، شۆڕشگێڕەکان هێزی (دەرەک)یان چەککردوە و دەستیان بەسەر هێڵی ئاسنینی رۆژئاوا داگرتوە، خۆیان بلیتی هاتوچۆ دەفرۆشن و باری ئاسایشی ئەو ناوچە دەپارێزن .. هیچ راپۆرتێکم لە ( کوتیاس)ەوە پێنەگەیشتوە، بۆیە هێزی دەرەکمان لە ناوچانەی سەر هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر کێشاوەتەوە بۆ تبلیس.

شۆڕشگێڕەکان پۆستەچیەکانمان دەپشکنن دەست بەسەر ئەو راپۆرت و بەڵگانەدا دەگرن کە ئەوان بۆمان دەنێرن، دۆخەکان زۆر ئەستەمن پارێزگار توشی روخانی دەروونی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بێ ئومێد نین لەو دۆخە.

(کونت) بەرپرسیارێتی ناردنی راپۆرتە گرنگەکان دەکا بەڵام زۆر بە لاوازی، دواتر بە دوور و درێژی هەواڵەکانتان بۆ دەنێرم لە رێگەی پۆستەوە، ئەگەر بەو رێگەیە پێم نەکرا ئەوا بە کەسێکدا دەینێرم).

حزبەکان لە ژێرزەمینەوە دەرهاتن و سەریان هەلدا، رۆژنامە و چاپەمەنیە سۆسیالیستیەکان بە ئاشکەرا دەردەچووون و لە پترسبۆرگ دەفرۆشران، (لیتفینوف و کراسین) رۆژنامەی (نوفایا جیزن) واتە (ژیانی نوێ) یان دەردەکرد، ترۆتسکی (ناشلو) واتە (سەرەتا)ی دەردەکرد کە بە رازاوەترین کاری رۆژنامەگەری شۆڕشی یەکەم دێتە ئەژمار، فرۆشتنی گەیشتە نیو ملیون دانە، لە تبلیس کوبا (ستالین)و شومیان روژنامەیەکی رۆژانەیان بەناوی (کافکاسکی رابوچی لیزتوک) واتە ( روژنامەی کرێکارانی قەوقاس) یان دەردەکرد ئەم رۆژنامە تەمەنی درێژ نەبوو، هەرکە راپەڕین لە کزبوندا بوو پۆلیس ئەم رۆژنامەی داخست، ئەوکات کوبا کاتەکانی خۆی لە نێوان نوسینگەی رۆژنامەی ئاشکەرا و لیژنەکانی سۆسیال دیموکراتی نیمچە نهێنی لە تبلیس و قەوقاس دابەش کردبوو لەگەڵ ئەو لقەی تایبەت کە سەربە حزب و زۆر بە نهێنی بوو.

جگە لەم چالاکیانەش خۆی بۆ کۆنگرەی چوارەمی بۆلشەڤیەکانی قەوقاس ئامادە دەکرد کە ئەو وەکو نوێنەر هاتبوە هەلبژاردن بۆ کۆنگرەی نیشتمانی گشت روسیا ، یەکەم جار بوو لینین داوای بەستنی کردبوو، کۆنگرە لە شاری (تامیرفوس) لە فینلەندا بەسترا،چونکە فینلەندا پانتاییەکی زۆری هەبوو لە ئازادیەکان بە بەراورد لەگەڵ ولاتەکانی ژێر دەستی قەیسەر، بەو هۆیەوە نوێنەر و ئەندامانی کۆنگرە لەوێ زیاتر هەست بە ئاسودەیی و ئارامی دەکەن.

ئەمە یەکەمین جار دەبێ ستالین لە قەوقاسی نیمچە ئاسیاییەوە بۆ روسیای نیمچە ئەوروپی دەردەچی، دواتر لە تبلیسی مەنگەوە بۆ کۆنگرەیەکی نیشتمانیی راستەقینەی پێرجولە، لە تامیرفوس ستالین بۆ یەکەمین جار چاوی بە لینین دەکەوێ، دوای چەندین ساڵ سەرنج و بۆچونەکانی لەسەر ئەو دیدارە بە شێوازە تایبەتیەکەی خۆی دەنوسێ:

( بە ئومێدی دیدەنی هەلۆی حزبەکەم بوم، دەمویست ئەو مەزنە ببینم، بە جەستە مەزن هەروەکو بە سیاسەت مەزنە، پێم وابوو کە لینین خاوەنی جەستە و بالایەکی بەرز و بە سامە، چەند بێ ئومێد بوم کاتێک بینیم پیاوێکی خاکی و ئاساییە، کەمێک لە بالا بەرز کورتتر بوو، هیچ تایبەت مەندیەکی نەبوو، هەمیشە پیاوە مەزنەکان بە درەنگەوە دێنە ناو کۆبونەوەکان بۆ ئەوەی خەلک بە نەفەسێکی درێژ چاوەڕوانی بکەن و ناوە ناوەش بۆ هاتنیان هۆشداری بدەن (گەیشت.... ئەوەندەی

نەماوە بگات...) چەندە توشی خەیاڵ پچڕان بوم کاتێک زانیم لینین بەر لە نوێنەر و ئەندامان گەیشتۆتە ناو هۆڵەکە و لە سوچێک لەگەڵ هەندێک لە ئەندامان لە گفتوگۆدایە، لێتان ناشارمەوە ئەوکات من ئەمەم بە شکاندنی سنورەکانی ڕێورەسمە پرۆتۆکۆلیەکان دەزانی)

هیچ شتێک بە قەدەر وشەکانی خۆی نەبوونە پێناسەی بیرتەسکیی، بەڵکو ئەم بیرتەسکیەی بۆ پاشخانی ڕەچەڵەکی کۆیلایەتیی بگەڕێتەوە کە تازە فێری کاری مارکسیانەی شۆڕش دەبێ، بەڵام نەبوونی سیمای گەورە دەرەبەگ بەسەر ئەم سەرکردەیەوە مایەی سەرسوڕمان بوە بۆ ئەو، ئەوەتا ئەوکەسەی لە کەلیسا هەلدەگەڕێتەوە و پشتی تێدەکا وا دەزانێ کە لینین یەکێکە لە ڕۆحانیەکانی کەلیسا، ئەمەی لە بیر چووە کە سەرکردەیەکی سۆسیالیستە.

لێی ورد دەبێتەوە و سەرنج بە گوتارەکانی دەدا، چاودێری هەموو هەلسو کەوتەکانی دەکا، ئەو پیاوە بای ئەوەندە تایبەتمەندیی هەیە تا ئاسەواری تێبینیەکانی لە هۆش پیاوە تبلیسیەکەدا بمێنێتەوە : خەسلەتەکانی ئەو پیاوە لە قسە ڕەوانەکانی و باسە مێژووییەکانی شیکارە زەلالەکانیەوە بوو.

نوێنەران گەیشتنە (تامیرفورس) تۆزو غوباری ڕاپەڕینەکانی مۆسکۆ ئومێدێکی پێ بەخشیبون کە لەم زوانە قەیسەر نامێنێ. ئەم گەشبینیە بە لینینیشەوە دیار بوو، ئیدی ئەم دۆخ و باسانە باڵی بەسەر کۆنگرەکەدا کێشابوو، نوێنەران بە کۆ دەهاتنەدەر باس هەر باسی ئەو ساتە وەختانە بوو کە یەکەم تەقەی رامالینی قەیسەر دەتەقێ، بەم هۆیەوە لە یەکەم دانیشتن پێشنیار کرا لە پێناو خۆپاراستندا نوێنەران ناوی خوازراو لە جیات ناوە ڕاستەقینەکانیان بەکار بێنن ، چونکە هێشتا کاتی نهێنی بەسەر نەچووە، ئەوکات کوبا ناوی (ئیفانوفیچ) وەکو نازناو بۆخۆی دیاری دەکا، لەو کۆنگرە هیچ پەیوەندیەکی دۆستایەتی یا هەماهەنگی لە نێوان ئەوو لینیندا دروست نەبوو، بەڵام لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی ئاشنایەتی و دۆستایەتیان پەیدا کرد لەوانە: لوزوفسکی، سەرۆکی داهاتویی ئینترناسیۆنالستیی پیشەیی سوور(پروفینترن)و گوتەبێژی فەرمیی سەردەمی شەڕی روسیاو ئەڵمانیا لە ساڵەکانی ١٩٤١-١٩٤٥ هەروەها (یاروسلافسکی) سەرۆکی داهاتوی (کۆمەڵەی خوانەناسان) و (بورودین) نوێنەری داهاتوی ستالین بۆلای چای کای چیک و ڕاوێژکاری سەربازیی و(نادجیاو کروپسکایا Krupskaya)هاوسەری لینین و هیتریش.

لە ڕاستیدا کوبا سەری سوڕما کاتێک زانیی پرسی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی بۆلشەڤی و مەنشەڤی لە گرنگترین پرس و بابەتی ئەم کۆنگرەن، ڕووداوەکان لە هەردوو بال نزیک ببونەوە، ئاراستەو ڕەوتی یەکگرتنەوە لە روسیای ناوەراست بەهێزتر بوو لەوەی لە قەوقاس، لای ئەوان جیابونەوە ڕووداوێکی ئەوەندە مەزن نەبوو چونکە بۆلشەڤیەکان خاوەنی لایەنگری ئەوەندە زۆر نەبوون، هەردوو لایەن هەستیان بەو مەترسیە کرد کە لەت بوون دەبێتە مایەی لاواز بوونی هەردووکیان بۆیە مەبەستیان بوو سنورێک بۆ ئەم کارە دابنێن.

له تامیرفورس (لوزوفسکی) پێشنیاری کرد که ڕێکخراوه خۆجێییەکانی هەردوو باڵەکه یەک بگرنەوە، کۆنگرە ئەم پێشنیارەی پەسند کرد، لەو کاتەی کۆنگرەی بۆلشەڤیەکان لە قۆناغی بەستندا بوو، مەنشەڤیەکان کۆنگرەیان بەست و لەو کۆنگرەشدا هەمان بڕیاری یەکگرتنەوەیان دا، بڕیاردرا ئەندامانی کۆنگرە بەدوای دانوستانەکانی پترسبورگدا بچن.

بابەتی دووەمی کۆنگرە بابەتی هەڵبژاردنی ( دوما) بوو، ئایا سۆسیال دیموکراتەکان بەشداری لەم هەڵبژاردنە دەکەن یان نا؟ کوبا لە کۆنگرەی بۆلشەڤی بەرگریی لە هەرێمی قەوقاس کرد، وتی: شوێنی چینی کرێکار سەنگەرەکانە نەک پێنوسی دەنگدەران، پێی سەیر بوو لە هەندێک قۆناغ لینین پشتگیری لە بەشداری هەڵبژاردن دەکا، چونکە هەڵبژاردنەکان بە چەند قۆناغێک ئەنجام دەدران، هەڵوێستی هەرێمەکە بۆ لینین جێگەی نارەحەتی بوو کە سەنگەرەکانیان لە جیات پێنوسی دەنگدەر بەکار بێنن، پێی وابوو بەم شێوە نەخشەی سیاسەتێکی تەندروست ناکێشرێ.

هەندێک لە بۆچونەکانی مەنشەڤی لە جێی خۆیاندا بوون لەوانە، فشارەکانی گەل دەبنە مایەی دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نوێی (کونفنسیون) لە شوێن دومایەکی میانڕەو، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە دەڵێ ( دواکەوتوەکان هەمیشە هەڵەن)، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەفتارەکانی پەرلەمان بە گوتار و سازشیەکانیەوە هیچ دەستکەوتێکی نەبووە، ئەو نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم قەدەغەکردنی بەرگری لە شۆڕش لەسەر سەکۆی پەرلەمان، نەیتوانیوە ئەو بەربەستە وەلانێ، خۆ ئەگەر ئەو گوتەیە هی ئەو بێ کە دەڵێ:

دەبێ لە هەموو کونجێک پرۆپاگەندە بۆ شۆڕش بکەین تەنانەت لە زبلدانی بەرازەکانیش، ئەگەر وایە ئەی بۆ لە خانەی بەرازەکان لە دومای تساری (قەیسەری) پرۆپاگەندەی بۆ ناکەن؟ بە دیدی زۆربەی نوێنەرانی (تامیرفورس) کە نوێنەر و خەباتگێڕی دونیای خوارەوە بوون لەم کۆنگرە، پێیان وابوو کەوتەکانی لینین بەشێکن لە هەڵپەرستی، چونکە تا ئەو کات هاوار و نالەی دەنگی ڕاپەڕینەکان لە گوێچکەیاندا دەزرینگایەوە، لەم هەڵوێستەی کوبا و خەباتگێڕەکان نوێنەری گوندەکان شان بە شانی وەستان، گرفتەکە لەوەدا بوو کە زۆربەیان پێیان وابوو ئەم سەرکردە مەزنە وەکو زۆربەی ئاوارەکانی تر لە ژیانی ڕوسیا دابراوە و ڕووداوەکان بە بچوکی دەبینێ، کە خۆیان لە گەرەکەکانی مۆسکۆ و قازان و باکۆی هەژار وانەی شۆڕشیان خوێندوە نەک لە کتێبخانەکانی جنێف و پاریس و لۆندۆن، دەبێ ئەوان خەباتگێڕی حزبیی ڕاستەقینە بن.

کوبا وەکو ئەندامی داڕشتنی بڕیارەکانی کۆنگرە هاتە دەست نیشان کردن، ئەمە یەکەم سەرکەوتنیەتی لە کۆنگرەیەکی نیشتمانی، بەڵام ئەم سەرکەوتنەی بە دژایەتی لینین وەدەست هێنا بۆیە زیاتر بڕوای بەخۆبوو.

کۆنگره له دوا رۆژی ئەو ساڵە پڕ لە رووداوە، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا، لە راپۆرتی پۆلیسدا هاتبوو کە لە رێگەی بەکرێگیراوەکانیەوە بەدەستیان گەیشتبوو لە نیو ئەندامانی ئەو کۆنگرەوە دەڵێ:

لە یەکەم رۆژی دوای کۆنگرە (کۆمیتەی ناوەندیی سۆسیال دیموکراتەکان) لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی بۆلشەڤی و مەنشەڤی لە خانوی ژمارە ٩لە شەقامی زاگوردنی لە پترسبۆرگ بۆ پرسی یەکگرتنەوە کۆبونەتەوە. هەر لەو راپۆرتەدا هاتوە کە ئیڤانوڤیچ وەکو نوێنەری تبلیس لەو کۆبونەوە ئامادە بووە، لەم کاتە کوبا هەست بە هەلوێستێکی نامۆ دەکا، لینین و مارتۆڤJulius Martov لە هەوڵی سازشیەک دان بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم پرسە، کار گەیشتە ئەو ئاستەی مارتۆڤ Julius Martov بە بەندی یەکەمی لینین رازی بوو کە هەر ئەو بەندەش بوو هۆکاری دابەش بوونی حزب لە نێوان بۆلشەڤی و مەنشەڤی، دۆخەکان وا نیشانیان دەدا کە لینین سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، وەکو ئەوەی بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتی یەکیان گرتبێتەوە.

لە سەرەتای کانونی دووەمی ١٩٠٦، لەو کاتەی کوبا بەرەو تبلیس بەڕێوە دەبێ شۆڕش لە پاشەکشەدا بوو، راپەڕین لە مۆسکۆ بەرەو کزبوون دەچووو، راپەڕینەکانی گورجستانیش وەکو پشکۆی بن ئاو لە ساردبوونەوە دابوون، پارێزگاری هەرێم لە نەخۆشیەکەی چاک ببۆوە، فەرمانی داخستنی رۆژنامەی ( کرێکارانی قەوقاسی) دەرکرد، ئەو گۆڕانکاریانەی رویان دابوون وردەوردە بەدیار دەکەوتن، نسکۆی شۆڕش بۆ سەرکردەکان وەکو سوکە بادانەوەیەک بوو لە هێلی کارنامەیان.

کوبا رووداوەکانی دونیای شیکردنەوە، لە رێپێوانەکەی پترسبۆرگەوە تا شکستەکەی راپەڕینی مۆسکۆ، لە بلاو کراوەیەکدا بە ناوی (دوو دەستوەشاندن)دا دەڵێ:

هۆکاری شکستی راپەڕینەکە بۆ ئەوە دگێڕایەوە کە لە حالەتی بەرگری دابوونە، کە پێی وابوو دەبوایە لە حالەتی هێرش بردندا بوونایە.

هەروەها لە ئەنجامی جیابونەوە فەرماندە و رابەر لە نێو ریزەکانی بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتی کەم دەبن ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی تری شکستەکە. بۆیە رووداوەکان ئەوەیان سەلماند کە پێویستە یەکبگرنەوە، دیارە ئەمە رودەدا و خۆشی دەکەوێتە دلی هەمووان.

بەڵام ئەو دەرمانە کە یەکگرتنە، زۆر بەدرەنگەوە هات و گومانیش لەوەدایە ئاخۆ ناوەکەی لەگەڵ ناوەرۆکی یەک دەگرتەوە یان نا، مەنشەڤیەکان کە خۆیان رادەستی رادیکالەکان کرد تا سەری ساڵ هیچ گۆڕانێک لە هەلوێستیان بەدی نەکراو لە هەلوێستەکانیشیان هەلنەگەرانەوە، بۆلشەڤیەکانی لە ترسی یەکگرتنەوە نوسینگەیەکی نهێنیان لە قەوقاس دانا، ئەمەش جۆرێکە لە حزب لە ناو

حزبدا، دوای ئەم جولە و دانوستانانە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی چوارەم لە ستۆکهۆلم لە نیسانی ١٩٠٦ لە پێناو پتەوتر کردنی پرۆسەی یەکگرتنەوە هەردوو باڵەکە نوێنەری خۆیان نارد.

لەم کۆنگرە یانزە کەس نوێنەرایەتی قەوقاسیان دەکرد: دە مەنشەڤی و یەک بۆلشەڤی، ئەو بۆلشەڤیەش کوبا بوو.

لە گەشتی یەکەمیدا ئەو دەرفەتەی نەبوو سەیری ژیانی دەرەوەی روسیا بکا چونکە کۆنگرە خۆی بریتی بوو لە زنجیرەیەک دانیشتنی یەک لە دوای یەکی پر لە گفتوگۆ و دەمەقاڕێ. لەو دانیشتنانە گەلێک جار بەرگریی لە لینین دەکرد، بەڵام لە یەکێک لە بنەرەت ترین بابەت کە چاکسازی کشتوکالی بوو هەلوێستێکی سەربەخۆی وەرگرت جیا لە هەلوێستی لینین، مەنشەڤیەکان داوایان دەکرد دەست بەسەر زەویی مولکدارەکاندا بگرن و رادەستی شارەوانیان کەن، بەڵام لینین داوای خۆمالی کردنی ئەو زەویانەی دەکرد، هەروەکو نەریت مەنشەڤیەکان پێیان وابوو کۆماری روسیای داهاتوو لە ژێر دەسەڵاتی چینی لیبرالیستی مامناوەندیدا دەبێ، بۆیە سەرقالی بەهێز کردنی حکومەتی خۆجێیی بوون لە بەرانبەر حکومەتی مەرکەزی، بەڵام لینین کە لە روانگەی (دکتاتۆریەتی کرێکار و جوتیاری دیموکرات) بیری دەکردەوە مەبەستی بوو زەویەکان بخاتە دەست حکومەتی مەرکەزیەوە، کوبا هەردوو بیرۆکەی خۆمالی و زەوی خستنە دەست شارەوانیی، رەت کردنەوە، ئەو چاکسازیەی ئەمیش داوای کردبوو بریتی بوو لە دابەش کردنی زەویی مولکدارە مەزنەکان بەسەر جوتیاراندا. بۆچونەکانی خۆی لەسەر چاکسازی کشتوکالی لە رۆژنامەی (ئەلفا) (پایتەخت) ی گورجستانی بەر لە بەستنی کۆنگرە بلاو کردەوە، تیایدا بە دوو خال رەخنەی لە سیاسەتی خۆمالی گرت :

یەکەمیان/ گوایە ئەم بیرۆکە لە مەنشەڤیەکان وەرگیراوە.

دووەمیان/ گوایە ئەمەی لە خۆیەوە داهێناوە.

وتی: حکومەتی داهاتوو حکومەتێکی بۆرژوا دەبێ، کارێکی هەلەیە ئەگەر بێ پاساو ئێمە لە رێگەی مولکەکان بەهێزی کەین، کوبا پێی وابوو کارێکی قورس نیە چۆن ئەم بۆچونەی لەگەڵ دروشمی ( دکتاتۆریەتی کرێکار و جوتیاری دیموکراتی) یەک دەگرتەوە؟ کە خۆی بانگەوازیی بۆ دەکا. بەڵام رەخنەو دژایەتیەکانی بۆ خۆمالیی مولکەکان و رادەست کردنی زەویەکان بە شارەوانی کە جوتیار رازی ناکا، ئەو خەباتگێڕە کە بە رەگەز جوتیارە، لە هەموو کەسێک زیاتر لە برسێتی (موجیک) جوتیارە هەژارەکان دەگا.

وتی:

(جوتیارەکان لە خەونیشدا خەو بە زەویی مولکدارەکانەوە دەبینن کە بۆتە هی ئەوان)، ناوی لەم دید و بۆچونەنا ( دابەشکاری) زۆربەی سۆسیالیستەکان بە خۆ بەدەستەوەدانێکی

کۆنەپەرستانەیان دایە قەڵەم، بە هەستێکی تاکرەوی جوتیارانەیان دەزانی، بەم هۆیەوە دەنگەکانی لینینی بە خەسار دان و دژی بۆچونی ئەو خەباتگێڕانە وەستایەوە کە ماستاویان بۆ جوتیارە نەزانەکان دەکرد و هیچ شارەزاییان لە سۆسیالیزم نەبوو.

ئیڤانۆڤیچ وەلامی دانەوە کە هیچ گومانێک لەوەدا نیە ئەو چاکسازیەی کشتوکاڵی کە ئێوە داوای دەکەن لە گوندەکان لە خزمەتی سەرمایەداریدا دەبێ، بەڵام هەر بە تەواوەتیش ئەوە ئەو داخوازیەیە کە سەرجەم شۆڕشگێڕەکان داوای دەکەن، بێ گومان مولکداری تاکەکەسی و سەرمایەداری تاکەکەسی هەنگاوێکە بەرەو دەرەبەگایەتی.

ئەو کاتەی مەنشەڤیەکان زۆرینەی دەنگەکانیان وەدەست هێنابوو، لینین لەگەڵ نوێنەری جوتیارە هەژارەکان خۆی یەکخستبوو بە ئومێدی ئەوەی شکست بە مەنشەڤیەکان بێنن، بەردەوامیش لەو کەسانە بێزار ببوو کە بیر تەسکی رواڵەتی بوون لە نمونەی کوبا.

ئەم پێشەکیانە وێڕای دووری رووداوەکان لە رووی کاتەوە، بەڵام بە پێشەکیی گرنگ دێنە ئەژمار بۆ پرسی شۆڕشی کشتوکاڵی کە روسیا لە ١٩١٧ پێی هاتەناسین و چاکسازیەکانی کشتوکاڵی ئەوروپای رۆژهەلات و ئەڵمانیای رۆژهەلات کە لە ژێر سایەی سوپای سوورلە ١٩٤٥ ئەنجام درا، ئەوەتا لە ١٩١٧ بۆلشەڤیەکان وێڕای ئەوەی پرۆسەی خۆمالیان راگەیاندبوو زەویان بەسەر جوتیاراندا دابەش کرد، لە ١٩٤٥ بێ ئەوەی برگەیەک بخرێتە نێو دەقەکەوە زەویەکانی ئەلینکرزی بروسیەکان و مولکدارە پۆلۆنیەکان و مەجەری دابەش دەکەن بێ ئەوەی خۆماڵیان بەن.

بەم شێوە لە ١٩٠٦ لە ستۆکهۆلم ئیڤانۆڤیچ ئەو هێلەی کێشا کە شۆڕشی کشتوکاڵی پێیدا تێدەپەرێ بە رونتر بلێێن کە لینین پێی هەڵسابوو. هەر چەندە ئەمە رێگە لە ستالین ناگرێ لە ١٩٣٠ (سەرمایەداری لادێ) لەناو بەرێ کە پێشتر بەرگریی لێ دەکرد و دواتر بە چاندنی بە کۆمەل ئالوگۆڕ دەکا.

لە ساڵی ١٩٤٦ واتە دوای تێپەر بوونی چل ساڵ لەم رووداوە لە کتێبەکانی خۆیدا باس لە ناکۆکیەکانی خۆی و لینین دەکا لە ستۆکهۆلم، تیایدا دان بە کورت بینی و هزر تەسکی هەندێک لە هەڤالانی و خۆی دادەنێ کە هۆکاری ئەو ناکۆکیانە بوون.

لەو دانپێدانانە دەڵێ:

ئێمەی (پراکتیکی) نەمانتوانی لە لینین بگەین کە چۆن لەو کاتەوە شۆڕشی روسیا چۆن دەبینێ کاتێک لە قۆناغی (بۆرژوای دیموکراسیەوە) دەگواسترێتەوە بۆ قۆناغی سۆسیالیستی، لە کاتێکا ستالین پێێ وابووە لە نێوان ئەم دوو قۆناغە ماوەیەکی زۆر هەیە دەبێ تیایدا تێپەرێ، ستالین لەمە بێ خەبەر بوو کە دەکرێ بەر لەوەی چینی کرێکار پێ بگا شۆڕشی سۆسیالیزم هەلگیرسێ، دان پێدانانێکی سەیرە، ئەگەر لەسەر بۆچونەکانی ئەوبان دەبوایە تا ئێستاش روسیا ولاتێکی

سەرمایەدار بوایە، لە کاتێکا ئەو روناکی دەخاتە سەر گۆڕانکاریە ئالۆزەکانی بۆلشەڤی و ئامۆژگاری سەرکردەکانیش دەکا لەم رۆژگارەی پڕ لە رووداوە، بۆ ئەوەی ئاراستەی گەشتی شۆڕشگێڕیان بگۆڕن
.

کاتێکیش لە ستۆکهۆلم دەگەڕێتەوەلە ژێر ناوی ( هاوڕێ ک) راپۆرتێک لەسەر (کۆنگرەی یەکێتی) دەنوسێ، بە بۆچونی ئەو کۆنگرە سەرکەوتو نەبوو، بڕیارەکانی بە پێچەوانەی گیانی یەکگرتنەوە بوون و زۆربەی مەنشەڤیەکان مەبەستیان بووە، بۆیە سەیر نیە ئەگەر لیبرالیستەکانی چینی مامناوەندی بە هەلهەلەوە پێشوازیی لێ نەکەن.

یەکێک لەو بڕیارانەی لە کۆنگرە دەرچوو راستەوخۆ پەیوەندیان بە کاری نهێنیی کوباوە هەبوو کە لە لقی هونەری ئەنجامی دەدا، لەسەر داوای مەنشەڤیەکان کۆنگرە سەرکۆنەی ئەو هێرشانەی کرد کە تیپە چەکدارەکان دەکەنە سەر بانک وکۆگاکانی هێزی حکومی، لینین زۆر بە توندی دژی ئەو بڕیارە وەستایەوە، چونکە پێی وابوو شۆڕش هێشتا بەرەو هەلکشانە ئەم هێرشانەش لەم قۆناغە پێویستن دەبێ بەردەوامیان هەبێ،چونکە ئەمە وەکو راهێنانێکە بۆ بەرەو راپەڕین.

لە ماوەی راپەڕینەکاندا مەنشەڤیەکان هەستیان بە نامۆیی دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بەر لە بۆلشەڤیەکان رایانگەیاند کە شۆڕش لە پاشەکشەدایە، لە کاتێکا کەس زاتی ئەوەی نەبوو لەم سات و وەختەدا ئەمە بە ئاشکەرا راگەیەنێ.

پلیخانۆڤ بەم چەند وشەیە بە راپەڕینی کانوندا هاتەوە:

( بە گروپی چەکداری کارێکی هەلەمان کرد)، لینین ئەمەی پێ کوفر بوو، چونکە ئامادە نەبوو لە رووداوەکانی ١٩٠٥ پەشیمان بێتەوە، هەر چەندە زۆر لە مەنشەڤیەکان ئامادەی ئەوە نەبوون پشتگیری لە پێداچونەوەکەی پلیخانۆڤدا بکەن، بەڵام لە ناخەوە پێیی دلخۆش بوون.

سەرەتا ئەم جیاوازیە بوچونەی چەکداری ئەگەر بەراوردمان پێێ بکردبایا لەگەڵ جیاوازیە مەزنەکان بە جیاوازیەکی لاوەکی دەبینرا، ئەگەر راپەڕینی کانون هەلەیەکی مەزن بێ، ئەوا هێرشەکانی گروپە چەکداریەکان هەلەیەکی مەزنتر بوو. بەڵام چونکە ئومێدێک هەیە شۆڕش بەرەو پێش هەنگاو بنێ بۆیە گروپە چەکداریەکان رۆلی باشتر دەگێڕن، کۆنگرەی ستۆکهۆلم لە رووی بڕواوە سەرکونەی (شەڕی پارتیزانی)ی کرد، بەڵام لەسەر دەرکردنی بڕیار رێک نەکەوتن و هەموو هێرشەکانیان قەدەغە کردن جگە لەو هێرشانەی بۆ دەستگرتن بەسەر چەک و جبەخانکاندا نەبێ، تیپە چەکدارەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە لە بچوکترین کەلێن دەگەڕان بۆ هێرش بردنە سەر گەورە فەرمانبەرانی تساری(قەیسەری) و بانک و کۆگا سەربازیەکان، ئەم بەشەی شۆڕش لە شاراوە ترین بەشەکانی شۆڕش بووە، پڕ بوە لە کاری توندوتیژی و رووداوی تەم و مژاوی، پالەوانە کانیشیان کەسانی پیروز و پارێزراو بوون، هەرچەندە لە ناویاندا کەسانی سیخور و هەلپەرست هەبوون کە

بۆ مەرامە تایبەتیەکانی خۆیان خزابونە ناویانەوە، شۆڕشگێڕەکان خۆیان لە حالەتی شەڕ و نا ئاسایی دەبینی، بۆیە پێیان وابوو ئاساییە لەم رۆژانە کەسانی نەشیاو بخزێنە نێویان، هەرچەندە ئەمە پاساوێک بوو بۆ شۆڕشگێڕەکان کە لە رووی مۆرالیەوە دەکرێ شەپۆلی هێرش بەران فرەڕەنگ بن بەڵام لە روێکی ترەوە ببوە مایەی نارەزایی و دلەراوکێ لای جەماوەر، ئەگەر شەڕی پارتیزان بەراورد پێ بکەین لەگەڵ شەڕی نیزامی رۆڵی سانەوی لە گۆڕانکاریەکان و رووداوەکاندا دەبینێ، بۆیە لینین پێی وابووە ئەو سوپا نیزامیەی روسیا کە دەبێ هەبێ پێویستە بخرێتە ژێر فەرمانی هێزەکانی بۆلشەڤی. ئەگەر خەلک بە فریای شەڕی چەکداری نەکەوێ، بە دلنیاییەوە راپەڕینێکی سەرتاسەریی دۆڕاوە، خۆی بە تەنیا لە مەیدانی شەڕ دەبینێتەوە، خەلک پێێ وابووە کە لینین پێیوایە هەر کاتێک هەست بەوە بکا شۆڕش لە پاشەکشە دایە، تیپە پارتیزانەکان هەل دەوەشێنێتەوە، بە درێژایی ساڵی ١٩٠٦ لینین پێداگریی لەوە دەکرد کەشۆڕش مۆرالی خۆی لەدەست نەداوە، ئەمەش وا پێدەچێ لینین لە پێداگریی خۆی بەردەوام بوە تەنانەت ئەو کاتەی کۆمیتەی ناوەندیش کە مەنشەڤیەکان لێی زۆرینە بوون لینین هەمان بۆچونی هەبووە.

بەڵام کار لە کار ترازابوو، کێشەی دارایی لە نێو بۆلشەڤیەکان و بالەکانی تریش سەریان هەلدابوو، لە ١٩٠٥ ژمارەی بە ئەندام بوونی حزب لە هەلکشاندا بوو بەو هۆیەوە ئابونە و دارایی حزب زیادیان کرد، لایەنگرە دەولەمەندەکان بە دەستکراوەیی هاوکاری حزبیان دەکرد، بەڵام لەگەڵ سەرهەلدانی دژەشۆڕش لە ١٩٠٧-١٩٠٨ ئەندامێتی پاشەکشەی کرد، لایەنگرانی حزب پشتیان لە حزب دەکرد، بەم شێوە لە لایەک سەرکردایەتی لە گەشەبون و مەزنبون دا بوو لەلایەکی تر لە روی داراییەوە دەست کورتیی لێ وەدەر کەوت، دیارە لینین خۆی لە لوتکەی دەزگای ئیداری حزبدا بوە هەرگیز رازی نەبووە بەهۆی قەیرانی داراییەوە حزب شکست بێنێ، زمان حالی ئەوکات بەم شێوە دێتە ئەزمان: (سەرەڕای شکستی ئەم شۆڕشەمان، دەبێ خۆمان ئامادە کەین بۆ شۆڕشی داهاتوو)، بۆیە بڕیاریدا پێداگری لەسەر پەیدا کردنی تێچوی ئەم ئەرکە بکا، بەڵام لەم دۆخە کێ ئەو هاوکاریە دەدا، مەگەر تیپە چەکدارەکان نەبن بەم ئەرکە هەلسن، دواتر وتەیەکی لینین هەبوو دەگوترا: شۆڕش دەبێ لە دەشت و دۆلەکان بەسەر ورگمدا تێپەڕێ، بۆ ئەوەی بە ئامانج بگا) لەسەر بنەمای ئەم وتە فەرمانی بە تیپە چەکدارەکان دا لە دەشت و دۆلەکان بگەڕێن تا ئەو تێچووە پەیدا دەکەن.

بە هۆی خەمخۆری و سووربونی لەسەر بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزە بە بێگەردی بڕیاریدا خۆی سەرپەرشتی و ئاراستەی تیپە چەکدارەکان بکا بۆئەوەی لە کەسانی هەلپەرست و ناپاک خاوێن کاتەوە.

قەوقاس مەیدانێکی سەرەکیی کاری تیپە چەکدارەکان بوو، سەرەتا لە ماوەی ١٩٠٥ تا ١٩٠٨، بە ژمارەیەک چەتە و رێگر و سوارچاکی شارەزا ئەم تیپانەی دەولەمەند کردن، لەم ماوەیە

١١٥٠ئۆپەراسیۆن لە قەوقاس ئەنجام دران، بەناوبانگ ترینیان دەست گرتن بەسەر گەنجینە و بانکەکاندا بوو کە لە یەکێک لە مەیدانە سەرەکیەکانی تبلیس لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٠٧ ئەنجام درا، ئۆپەراسیۆنێکیتر ئەنجام درا کە لە هی یەکەم کەمتر نەبوو ئەویش لەسەر پشتی کەشتیی (نیکولای یەکەم) بوو لە بەندەری باکۆ. دەستکەوتی هێرشەکەی تبلیس چارەگە ملیۆنێک روبل بوو، هەر زوو گواسترایەوە بۆ خەزینەی بۆلشەڤیەکان لە دەرەوەی ولات، پارەکە لە یەکەی مەزن پێک هاتبون بۆیە بانکەکانی دەرەوە وردیان نەدە کردنەوەو دواتر بە کارەکەشیان زانی، بەم هۆیەوە چەند کەسێکیان لە بۆلشەڤیەکان دەستگیر کردن لەوانە (لیتفینوف) کۆمیسەری کاروباری دەرەوەیان بوو، ئەم هەواڵە دەنگۆیەکی مەزنی لە رۆژنامەکانی روسی و ئەوروپی دایەوە بەم هۆیەوە مەنشەڤیەکان هێرشێکی راگەیاندنیان کردە سەر لینین، بۆ لێپرسینەوەش ئەم پرسەیان لەبەردەم دادگای حزب وروژاند، سەرۆکی دادگا (چیچیرین) بوو کۆمیسەری داهاتوی کاروباری دەرەوە و رکابەری (لیتفینوف) کە تا ئەوکات مەنشەڤی بوو، ترۆتسکی بە کاری بلاوکردنەوەی ئەم هەواڵەی دژی لینین هەلسا، لە رۆژنامەی سۆسیال دیموکراتی ئەلمانیی بلاو کردەوە، ئەم هەواڵە سەرنجی ( ئینترناسیۆنالستیی سۆسیالیستی) بەلای خۆیدا کێشا کە ناوینا مەترسیەکانی پارچە بوونی بزوتنەوەی سۆسیالیستی روسی و دابەزینی مۆرالی.

لەم هەموو کارانە کوبا رۆلێکی گرنگی دەبینی، هەرچەندە راستی ئەو رۆلە پەیوەندیەکانی نێوان بۆلشەڤیانی قەوقاس و تیپە چەکدارەکانی دەگێرا، بە حوکمی بڕپرسیارێتیی خۆی بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنەکاندا نەدەکرد، کاری ئەو وێڕای داڕشتن و چاودێری و پەسند کردنی کارەکانی چەکداران بوو، چاودێری ئەنجامەکانیشی دەکرد هەرچەندە پۆلیسی قەیسەر بەدوایدا دەگەڕان، ئەوان هیچ گومانێکیان لە کوبا نەبوو کە بەشدارە لە ئەنجام دانی ئەم کارانە، ئەو لە هونەری شۆڕش شارەزاییەکی باشی هەبوو لە حزبیش شاراوە بوو، هەردوو سەرکردە داستانیەکەی تیپە چەکدارەکان، خوێندکاری ئەو بوون ( تیر بیتروسیان ناسراو بە (کامۆ) و کوتی تسینسادز) هەردووکیان بە جەستە زەبەلاح و دلێکی باشیان هەبوو، ماندوبونیان نەدەزانی، کە دەستگیرکران بە درندەترین شێواز ئەشکەنجە دران، کوبا ئاگاداری هەموو نهێنیە کانیان بوو دلنیابوو لە خۆڕاگریان، مەنشەڤیەکان هەولیاندا لە رێگەی سکالا لە دادگای حزب سزای بدەن چونکە بڕیار وابوو تیپە چەکدارەکان بەم کارانە هەلنەستن بەڵام کوبا ئەم بڕیارەی پێشێل کردوە، کوبا توانیی بە چەندین فێل و خۆدزینەوە خۆی لە لێپێچانەوەی حزبی دەرباز کا و لەبەردەم دادگا ئامادە نەبی تا شوێنی حەوانەوەی خۆیشی لە تبلیسەوە بۆ باکۆ گۆری.

چونکە بۆلشەڤیەکان لە شاری باکۆی نەوتدار لە مەنشەڤیەکان بەهێزتر بوون کوباش وەکو سەرۆکی لیژنەی باکۆ توانیی بەرەنگاری ئەوان بێتەوە و لەسەر پێ بوەستێ، بەهۆی ئەوەی

سەرپەرشتی تیپە چەکدارەکانی دەکرد ناوبانگی لە نێو هاوڕێ سیاسیەکانی ناوبانگێکی باشی نەبوو، رۆژ بەرۆژیش لە دابەزیندا بوو، ئیتر تۆمەتیان بۆ دۆزیەوە، تۆمەتی ( شێت، تێکدەر) ئەو هیچ بایەخێکی بە ناوزڕاندن و ناوبانگە خەراپەکەی نەدەدا کە لە نێو هاوڕێ سیاسیەکاندا هەیبوو، لای ئەو تەنها راو بۆچونی لینین لەسەری گرنگ و جێی بایەخ بوو، لای ئەو هیچ گرنگ نەبوو کاتێک مەنشەڤیەکان هەڕەشەی دەرکردنیان لە حزب لێ کرد (یەکگرتوو) ئەو پێی وابوو ئەم یەکگرتنەی حزب نیمچە خەیالێکە.

ئەو کاریگەریەی شەڕی پارتیزانەکان کردیانە سەر دۆخی سیاسیی قەوقاس پێی نارەحەت نەبوو، زۆر لە سیاسیەکان پێیان وابوو ئەم هەڵمەتانە دەبنە پاساو بۆ دەسەڵات تا بە کاری گێرەشێوێن و رێگری هەلسن، هەرچەندە ئەم کارە نارەوایانە رق و کینەی خەلکی دژی قەیسەر زیاتر کرد بەڵام ئاماژەیەکیش بوو بۆ بێ خەمی و گوێنەدانی شۆڕش لە بەرژەوندی و ژیانی هاولاتیان و پاراستنی باری ئارامی ئەوان، چونکە شێوازی هەڵمەتەکانی تیپە چەکدارەکان ژێرخانی ژیانی هاولاتیانی خاپور دەکرد، س. ئەلیلوییف لە یاداشتەکانی وێنەیەکی تاریکی بۆ تیپە چەکدارەکان کێشاوە کە بەبێ مەبەست کوبا و فەرماندەی تیپە چەکدارەکان دەگرێتەوە، دواتر( کوبا یا ستالین)دەبێتە هاوسەری کچەکەی، پرسی تیپە چەکدارەکان بۆ سۆسیالیستە روسەکان لە روسیا و ئەوروپا بوە گرێ کوێرەکە، بۆ بە رەوا یان ناڕەوا ناساندنیان تا چەندین ساڵ ئەم پرسە یەکلایی نەکرایەوە.

لە ساڵی ۱۹۰۷ دووبارە کوبا ناوی (ئیڤانۆڤیچ) بەکار دێنێ، بۆ ئامادە بوون لە کۆنگرەی حزب دەچێتە لۆندۆن، مەنشەڤیەکان داوایان کرد مافی ئەندامێتیی لێ بسەننەوە، بەڵام دوای هەولێکی زۆر توانرا وەکو راوێژکار بەشداربێ، هەرێمەکەی ببوە قەلای مەنشەڤیەکان، بەو هۆیەوە لە توانایدا نەبوو هیچ پشتگیریەکی فەرمیی حزبی لەو ناوچەیە وەدەست بێنێ، خۆی بەوە هەلدەدایەوە کە لە هەندێک هەرێم بۆلشەڤیەکان زۆرینەن وەکو پترسبۆرگ و موسکۆ، بۆلشەڤیەکان لە کۆنگرە زۆرینەیەکی کەمیان بەدەست هێنا، بەهۆی شەڕی پارتیزانەکانەوە مارتۆڤ Julius Martov هێرشی کردە سەر لینین، بەڵام لینین وەلامی نەدایەوە، لە راستیدا دژایەتیی تیپە چەکدارەکان گەیشتبوە نێو ریزی بۆلشەڤیەکانیش بۆیە لایەنگرانی لینین ویستیان سنورێک بۆ ئەم دیاردەیە دانێن، ئەمە بوە رێخۆشکەر تا مەنشەڤیەکان بتوانن هەموو هێرشێکی چەکداری قەدەغە کەن، کوبا بە درێژایی کۆنگرە بێ دەنگیی نواند، دیارە لینین ئاگاداری کردۆتەوە کە خۆی ئاشکەرا نەکا، لینین دەنگی بەم بڕیارە نەدا هەر چەندە گەلێک لە هاوڕێیانی پشتگیریان لە دەست بەرزنەکردنەوەکەیدا کرد بەڵام لینین مەبەستی نەبوو ئەم بابەتە بوروژێنێ ئەو لە توانایدا بوو رێگە لە تێپەرکردنی ئەم بڕیارە بگرێ بەڵام ئەمەی نەکرد چونکە دۆخی نیوان بۆلشەڤیەکان و مەنشەڤیەکان لەسەر لێواری تەقینەوە

دابوو، هەرچەندە مەنشەڤیەکان خۆیان لەگەڵ دۆخە سیاسیەکە دەگونجاند کە سەردەمی دژەشۆڕش بوو.

کاتێک کوبا (ئیڤانۆڤیچ) دەگەڕێتەوە باکۆ، لەسەر بەرپەڕی رۆژنامەی نهێنی (باکینیسکی پرولیتاری) (پرولیتاریای باکۆ) بلاو کرایەوە کە بۆلشەڤی لە روسیای ناوەراست ئومێدی کرێکاری پێشکەوتوخواز و زەحمەتکێشی کارگە قورسەکانە، ئەم مانشێتە مەنشەڤیەکان بەوە لێکیاندایەوە کە دەربڕی ( بۆرژوای بچوکە) و سیمای ناوچەکەیە. مەنشەڤیەکان هەمیشە هێرشیان دەکردە سەر بیروکراتیەتی بۆلشەڤیەکان بەڵام کۆنگرە ئەوەی سەلماند کە رێژەی فەرمانبەرانی بەشداربوو لە کۆنگرە لە نێو مەنشەڤیەکان زیاتر بوون لەوەی بۆلشەڤیەکان، سۆسیالیستە میانڕەوەکان رێژەیەکی کەمیان بەر کەوتبوو کە زۆربەیان جوو یا گورجی بوون، روسە رەسەنەکان زۆرینەیان پێکدەهێنا.

راپۆرتەکەی کوبا شتێکی تریشی تیابوو، باسی لە دابەش بوونی کۆنگرە ، بەسەر دوو بالدا دەکرد ،ترۆتسکی کە ئامادە نەبوو لەسەر ئەم پرسە لایەنگری هیچکامیان بکا رەزامەندی خۆی نەنواند، لە راستیشدا یەکەم دیدار لە نێوان کوبا و رکابەرەکەی داهاتوی (ترۆتسکی) لە لۆندۆن ئەنجام درا، ئەو کەسەی سەرۆکی پترسبۆرگ بوو کە بە دورخستنەوە بۆ سیبیریا حوکم درابوو توانیی لەوێ رابکا و بە قاچاخ خۆی بگەیەنێتە لۆندۆن لەو کۆنگرە بەشدار بێ، لەسەر تیپە چەکدارەکان زۆر توند بوو، هەردوو رکابەر لەماوەی کۆنگرە بە ململانێ و دژایەتی بردیانە سەر، لەگەڵ ئەوەی ماوەی سێ حەفتە لە کەلیسای (برایەتی) لە لۆندۆن کۆببونەوە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ یەکتری نەدوان هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان نەبوو، کوبا بەو وتانە قەلس نەدەبوو کە ترۆتسکی لەسەر دەست بەسەرداگرتنەکان دەیدرکاند، گوتارەکەی ترۆتسکی هەموو جوانیەکانی دەرخستن، هەریەک لە ترۆتسکی و کوبا خاوەنی پێگەی دیاری خۆیان بوون هیچ کاتێکیش بە خەیالیان دا نەدەهات رۆژێک لە رۆژان لە مەزنترین کێشەی روسیا رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، ترۆتسکی خاوەنی ناوبانگێکی باشی ئەوروپی و نیشتمانی بوو، بەڵام ئەستێرەی کوبا تەنها لە قەوقاس دەدرەوشایەوە، لەو رۆژەوە لە کەلیسای برایەتیەوە لە لۆندۆن کوبا رق و کینەی لە ترۆتسکی هەلگرت کە سەرۆکی پێشوی سۆڤیەتەکانی پترسبۆرگ بوو.

.................................................

## بەشی چوارەم

## کوبا دەبێتە ستالین

- سەرکەوتنی بەرپەرچدانەوەی دژەشۆڕش لە (١٩٠٧-١٩١٢).
- (لایەنگرانی لەناوبردن) و ( لایەنگرانی پاشەکشە).
- چالاکیەکانی ستالین لە باکۆ لە (١٩٠٧-١٩١٠).
- دەستگیرکردن و دورخستنەوەی بۆ (سولفیشیگودسک).

- راکردن و گەڕانەوەی بۆ باکۆ لە (١٩٠٩).
- ستالین فەرماندە کۆچبەرەکان بە دوور کەوتنەوە لە و اقعی روسیا تۆمەتبار دەکا، لە نێویاندا لینین.
- ستالین لە نێو کرێکار انی تەتەر خۆی دەشارێتەوە.
- نامە نارdن بۆ رۆژنامەگەری سۆسیالیستی روسی.
- دووبارە دورخستنەوەی بۆ (سولفیشیگودسک) لە ١٩١٠-١٩١١)و دو ایین چالاکیەکانی لە قەوقاس.
- چەسپانی جیابوونەوەی بۆلشەڤیەکان و مەنشەڤیەکان.
- ستالین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بۆلشەڤی، یەکەم ژمارەی رۆژنامەی بر اڤدا لە نیسانی ١٩١٢ دەردەکا.
- رۆلی لە هەلبژاردنەکانی چوارەمی (دوما)
- گەشتەکەی بۆ کروکوف و ڤیەننا.
- بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات و پرسی نەتەوەکان.
- ستالین لە ڤیەننا لەگەڵ ترۆتسکی و بۆخارین کۆدەبێتەوە.
- لە ئەنجامی دەستکیسی لە کاتی گەڕانەوەی بۆ روسیا دەستگیر دەکرێ.
- دورخستنەوەی بۆ سیبیریا لە ١٩١٣-١٩١٧.
- جەنگی یەکەمی جیهانی.
- دروشمی لینین ( پاشەکشەی شۆڕشگێڕی).
- وەستانی چالاکیەکانی لینین لە کاتی جەنگ.

(سەردەمی بەرپەرچدانەوەی دژەشۆڕش دەستی پێکرد ئەمەش لانی کەم بیست ساڵ دەخایەنێ، تەنها ئەگەر جەنگێکی جیهانی رووبدا و بەوهۆیەوە ستونەکانی حوکمی تساری (قەیسەری) بلەقێن ئەمەیان شتێکی ترە.)

بەم چەند وشانە لینین کاتێک لە کانونی یەکەمی ١٩٠٧ گەرایەوە لۆندۆن خوا حافیزیی لە هاورێیەکی خۆی کرد، تیرۆری حکومەتی (ستولیبین) یا ( سەردەمی ٣ی حوزەیران) بالی بەسەر ولاتدا

کێشا بوو. بەم هۆیەوە لینین لە فینلەندا لە شوێنێکی ئەمین و پارێزراو نەبوو، دوای نۆ ساڵ لەو بەرواره نەیاندەزانی کە شۆڕشێکی تر بەڕێوەیە، لە کانونی دووەمی ١٩١٧ بە چەند حەفتەیەک لە روخانی قەیسەر و چەند مانگێک لە هاتنی بۆ سەر حوکم، لینین نامەیەکی بیرهێنانەوە لەسەر شۆڕشی یەکەم بۆ گەنجانی سۆسیالیستی سویسری دەنێرێ، کۆتاییەکەی بەوە هێنا کە نەوەکانی شۆڕشی یەکەم ئەم شۆڕشەی دووەم نابینن بەڵام بە دلنیاییەوە ئێوەی گەنج سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەی دووەم دەبینن، دیارە کە ماوەی نێوان هەردوو شۆڕش دە ساڵ بوو، پێنج ساڵەکەی یەکەم ماوەی بەرپەرچ دانەوەی دژەشۆڕش بوو، لە ١٩١٢ بەدواوە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕ بوژایەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٧ لینین رەشبین بوو، چونکە قەیسەر هێزو توانای هێنابوە بەرخۆ پێگەکانی بەهێزتر ببون، چینی کرێکاریش بێ ئومێد و رەشبین بوو.

لە هەرەتی شۆڕشدا بە ملیۆنان کرێکار بەشداریان لە مانگرتندا کرد، زۆربەیان بۆ مەرامی سیاسی بوون.

لە ١٩٠٨ تەنها ١٧٤ هەزار کرێکار بەشداریان لە مانگرتندا کرد.

لە ساڵی ١٩٠٩ ئەم ژمارە کەمی کرد بوە ٦٤٠٠٠ کرێکاری مانگرتوو.

لە ١٩١٠ کەمتر بۆوە بۆ ٤٦٠٠٠ کرێکار.

هەرچەند ئازادیەکان بە شێوەیەکی سنوردار رێگەیان پێدرابوو بەڵام لەم ماوە بەرتەسکتر بوونەوە و ئازادیەکانی رۆژنامەگەری و مافەکانی مرۆڤ تا ئاستێکی بەرز پێشێل کران. حزبە سیاسیەکان ماندوو شەکەت ببون، هاولاتیان بێ ورە و بێ ئومێد بوون، هەموویان ماندوێتی و بێ ئومێدیان پێوە دیار بوو، ئەو توێژەی ئەدەبی کە لە سەر خەونەکانی خەباتی نهێنی دەژیان، بەرەو دونیای سۆفیگەرایی و فانتازیای بێ ئومێد هەڵگەڕانەوە. لەم میانە رێکخراوە نهێنیەکان بوونە مۆلگەی ناپاک و سیخوران بۆ هاندانی خەلک لەسەر نانەوەی ناکۆکی و گەیاندنی هەواڵەکان بە سەرانی سیخوری.

یەکێک لەو کارانەی خەلک لێی دوور دەکەوتەوە، کاری نهێنی بوو، نوسەرە مەنشەڤیەکان داوایان لە سەروی خۆیان کرد ئەم دەزگا نهێنیە دابخرێ و دەستبەرداری ئەم نەریتە کۆنە ببن و روو لە شێوازی ئۆپۆزسیۆنی ئاسایی بکەن، هەروەکو حزبە سۆسیالیستەکانی تری ئەوروپا داوای داخوازیە یاساییەکان بکەن. ئەوکەسانەی داوای ( پێداچونەوەی پیرۆزمەندیەکان) یان دەکرد دلینین ناوی نابون ( بانگخوازانی تواندنەوە) یا گۆڕهەلکەنانی حزب. پێێ راگەیاندن کە وێڕای ئەو حاڵەتە هەمووارەی رێکخستنەکانی نهێنی تێی کەوتون حزب دەبێ لە دونیای ژێرەوە بەردەوام بێ، ئەوکات هەردوو باڵی (بۆلشەڤی و مەنشەڤی) بە چاوێکی ریزەوە سەیری سۆسیالیستی ئەوروپیان دەکرد بە تایبەتی ئەلمانی، لە هەموو بوارەکانیانەوە ( بواری رۆژنامەگەری و کاری حزبی وسەندیکا و پرۆسەی

هەڵبژاردن و نوێنەرایەتیان و باقی بوارەکانی تر)، بە ڕێژەی ئەوەی روسیا بەرەو داڕمان دەچووو ئەوەندە ئارەزو لەسەر بنیادنانی بزوتنەوەی خۆجێیەتی هەبوو لەسەر شێوازی ئەوروپی.
لە راستیشدا هیچ پێکهاتەیەکی روسی لە پێکهاتەی ئەوروپی نەدەچووو، تا ئەوکات تساری (قەیسەری) سیستەمێکی حوکمڕانیی ستەمکارانەی تاکڕەوانەی نیمچە ئاسیایی بوو، راستە (پەیمانی سێیەمی حوزەیران) سەرەڕای کۆنەپەرستیی هەموو دەستکەوتەکانی شۆڕشی یەکەمی لە ناو نەبردن، پاش ئەوەی شەپۆلی گێرەشێوێنی بەرەو کزی دەڕوا هەندێک ئازادی لە دوای خۆی جێ دەهێلی، لێرەو لەوێ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لە نوێوە سەرهەلدەدەن و رۆژنامەکانیان بلاو دەکەنەوە، بەڵام لە ژێر چاودێریەکی توندی گڵاودا ئەم کارە دەکرێ، ناتوانن بەرگری لە مافی هیچ کەسێک بکەن، بۆیە ئەم رۆژنامانە ناتوانن درێژە بە دەرکردن بدەن تا ئەو کاتەی چەپۆکی پۆلیسەکان پێیان دەگا و بە بیانوی لە رێگە لادان بە سزایان دەگەیەنن و دایان دەخەن، ئەم چاودێری و سانسۆرە سەرجەم یانە و سەندیکا و کۆمەڵە کەلتوری و رەوشەنبیریەکان دەگرێتەوە.
(دوما) بە هیچ شێوەیەک لە پەرلەمان نەدەچووو، بە نمونە ئەو چوار ئەنجومەنەی دوای شۆڕش لە دوما دامەزران، لە لایەن قەیسەرەوە هەلوەشێندرانەوە، ئەندامە سۆسیالیستەکانی ناو دوما مافی پارێزبەندیان نەبوو، لە راسیشدا زۆربەیان ماوەی ئەندامێتیان لە دورخستنەوە لە سیبیریا بەسەر بردبوو، ئەوانەی دەیانویست جلێکی ئەوروپیانە بکەنە بەر رژێمی روسی، بۆئەوان باشتر بوو دارێکی هەرێمە گەرمەکان لە هەرێمە ساردەکانی لوتکەی بەستەلەکی باکور بچێنن ئاسانتر بوو، زۆربەی ئەندامانی مەنشەڤی پێیان باش بوو دەزگای نهێنی بمێنێتەوە بەڵام داخوازی ئەوەیان دەکرد کە زۆربەی دەزگا نهێنیەکانیان ببنە دەزگای ئاشکەرای حزب، تەنها پلیخانۆف نەبێ لە هەموویان میانڕەوتر بوو، لە بایەخدان بە کاری نهێنی بەردەوام دەبێ زیاتر لە جاران، لەسەر ئەم بنەمایە دوا هاوپەیمانێتی لە نێوان ئەو و لینین ئەنجام دارا کە تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوامی دەبێ.
دوای بەسەر چوونی ئەو ماوەیە لینین سەیرێکی دواوەی دەکا و دەنوسێ :
( حزبە سیاسیەکان دەبێ دیراسەی خۆیان تەواو کەن، فێری هێرش بردن بن، تا سەرکەوتن مەسۆگەرکەن، بەومەرجەی کاتی هێرش بردن و پاشە کشەکان بزانن، بۆلشەڤیەکان لە نێو حزبە ئۆپۆزسیۆنەکاندا زۆرترین پاشەکشەی نیزامیان ئەنجام داوە)
بەڵام هەندێک لە هاوڕێیانی لینین شارەزاییان لە هونەری (کشانەوەی رێکوپێک) دا نەبوو، تاکتیکەکانی لینین بەر لە پەرپەرچدانەوەی دژەشۆڕش بریتی بوون لە خۆ دزینەوە لە رووبەرووبونەوەی سەربازی لەگەڵ هێزی ستەمکار، پێی باش بوو روو لە کاری یاسایی ولە هەمان

کاتیشدا نهێنی بکەن، بەر لە بەرپەرچدانەوەی دژەشۆڕش پێی وابوو نابێ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکرێ.

لە بەرانبەر پێداگری نەیارانی لە مەنشەڤیەکان لینین لەگەڵ ئەوان دەنگی نەدا، داوای لە ڕێکخراو و لایەنگرانی خۆی کرد دەست بکەن بە دەرکردنی نامیلکە و بلاوکراوەی فەرمی و رازی بن بە چاودێری کردنیان و لە یانە و سەندیکا و کۆمەڵە رەوشەنبیریە فەرمیەکاندا بەشداری بکەن، پێی وابوو ئەمە باشترین رێگایە کە حزب بتوانێ دەنگی خۆی بگەیەنێتە زۆرترین ژمارەی جەماوە، هەرچەندە پرۆپاگەندەی ئاشکەرا دەبێ چەندین راستی بشارێتەوە بەڵام ئەم کەلێنە رێکخستنە نهێنیەکان دەتوانن پریکەنەوە، دواتر دەبێ لیژنە نهێنیەکان سەرپەرشتی هەموو چالاکیەکان بکەن چی ئەوانەی شەرعین یا نهێنین.

لە هەلومەرجی کاری نهێنی لای مەنشەڤیەکان گونجاو و کار پێکراو بوو، بۆلشەڤیەکان لە کاری نهێنی دوودڵ و رارا بوون، بۆیە بە درێژایی ساڵەکانی ۱۹۰۷و ۱۹۰۸ هزری کشانەوە و دەستبەرداربوون لە کاری نهێنی بالی کێشابوو بەسەر دۆخەکاندا و چەپی رادیکالی بۆلشەڤیش لەلایەن لونا چارسکی و بوگدانوف و کراسین و گورکی و باشترین نوسەر رابەرایەتی دەکرا.

پرسی کاری سۆسیالیست خرایە سەر مێزی گفتوگۆ، ئەوانەی پشتیان لە کاری نهێنی کرد داوای جۆرێک لە ئاشتەواییان دەکرد، دیارە کارێکی ئەستەمە لە رێگەی ئەو بلاوکراوانەی لە ژێر چاودێری قەیسەرەوە دەردەچن بتوانرێ حوکمی قەیسەر بروخێنن بۆیە لینین وتی:

( ئەوانەی داوا دەکەن حزب کارەکانی لە چوارچیوەی ئەو بلاوکراوانە بەرتەسک کاتەوە کە لە ژێر چاودێری قیسەر دەردەچن، بە کردار لە خەیالی حکومەتی کۆماریدا دەژین)، مەنشەڤیەکانیش بە ئومێدی ئەوە دەژیان کە وردەوردە قەیسەر سیستەمی حوکم بکاتە پادشایەتی دەستوری، ئەمانیش هەر وەکو لیبرالیستە کانی چینی مامناوەندی کە بە سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی شەرعی دەناسران وابوون، لینین پێێ وابوو ئەم بیرۆکانە بێ بنەما و بیرۆکەی پڕوپوچن کەلکی سۆسیال دیموکراتەکان نایەن. بە بیرۆکەی یوتوبیای دەدایە ناسین.

بانگخوازانی پاشەکشە، ئەوان جیابوەوەی شۆڕش بوون، نەک رێکخەری شۆڕش، ئەوان کاری نهێنیان کپ دەکرد، کاتێکیش رەتیان کردەوە سود لە دەرفەتەکانی کار وەرگرن بەم رەفتارەیان شۆڕشیان نەزۆک کرد، ئەوان بانگخوازی (لەناوبردن) بوون بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز.

لە ماوەی نێوان هەردوو شۆڕش (کوبا ) دەگۆڕدرێ بۆ (ستالین)، لە خەباتگێڕێکی ئاسایی گورجیەوە دەبێتە یەکێک لە سەرکردە بۆلشەڤیەکانی نیشتمانی، مایەی سەرسوڕمان نیە ئەم سەرکەوتنە کتوپریەی چونکە تەنها لە ماوەی سالانی ۱۹۰۷ تا ۱۹۱۷ حەوت ساڵ یا لە زیندان دەباتە سەر یا لە رێگەی سیبیریا لە دورخراوەیی یا بە نهێنی لێرەو لەوێ خۆی دەشارێتەوە، لەم ماوەیە نوسینەکانی

زۆر کەم دەبن هەموویان نابنە کتێبێک، ئەگەر خوێنەر بوردەبی نەبێ لەم ماوە هیچ هێمایەک نیە بۆ دەستکەوتە سیاسیەکانی .

ئەو پیاوەی لە ١٩١٧ پەلە دەکا تا لە سیبیریاوە بگەڕێتەوە پترسبۆرگ بۆئەوەی بەر لەوەی لینین لە سویسراوە بگەڕێتەوە خۆی رابەرایەتی بۆلشەڤیەکان بکا، ئەگەر بەراورد لەگەڵ ئەوکاتەی پێ بکەین کە گەنج دەبێ و وتار بۆ رۆژنامەی (بریدزولا) دەنوسێ، هیچ پێشکەوتنێکی سیاسی بەدەست نەهێناوە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پێشوەچونەکانی لە کاری پراکتیکی مەیدانیەوە بوونە نەک لە نوسین و بلاوکراوەکانیەوە.

بەم شێوە کوبا لەسەر شوێنەوار مایەوە و لینین و باقی سەرکردەکان بارگەیان تێکنا بەرەو ئەوروپای رۆژئاوا، ئەو لەو سەرکردانە نەبوو حزب لە دەرەوەی ولات پێویستی بە تواناکانی هەبێ، دواتر لە ترسی دەستگیرکردندا نەیدەتوانی لە ولات بچێتە دەر و لەو کرێکارە نەجیبانەش نەبوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشەنبیری بنێردرێتە دەرەوە بۆ خوێندن لە خوێندنگا و پەیمانگاکانی حزبی.

لینین لە دۆسیەی تایبەتی خۆیدا نوسیبوی ئەو لەو کەسانەیە کە بە پشت بەستن بە خۆیەوە خۆی پێ بگەیەنێ.

جگە لە دوو گەشتی بۆ کراکوف و ڤیەننا ئەگینا ستالین لەو ماوەیە هەر لە روسیا مایەوە، خۆی بە کاری ژێرزەمینی حزبیەوە سەرقال کردبوو کە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ کاری ڤیستیڤالی شۆڕشگێڕیی بە هەراو هۆریا، هەرچەندە ئەم خەسلەتەی بە سەرچاوەی هێز دێتە ئەژمار بەڵام لە هەمان کاتدا سەرچاوە و هێمای لاوازیشە، ئەوەتا هیچ زانیاریەکی لەسەر ئەو ئاسۆ نوێیە نەبوو کە ئەوروپا بەروی کۆچبەراندا کردبۆوە، ئەو وەکو بۆلشەڤیەکانی تر کەسێکی ئینترناسیۆنالستی بوو، بەڵام ئینترناسیۆنالستیەکەی وەکو پرسێکی فکری و تیوری وەرگرتبوو نەک وەکو ئەزموونی.

مەیدانی کارکردنی گوندەکان بوون، شارەزایی لەو کێشانەدا هەبوو کە لە نێوان خێل و پێکهاتەی گوندەکان روویان دەدا. ئەمەش دەبوە مایەی ئەوەی هەستی نەتەوایەتیی لا پیرۆزتر بێ، واتە ئەو کەمو کوریانەی لە میانی بواری نەتەوایەتی هەیبوو نەبوونی شارەزایی بوو لە ئاراستە گشتیەکانی ژیانی ئەوروپی و شارستانیەتیەکەی، خاک و نیشتمانەکەی بۆئەو ببونە سەرچاوەی هێز ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم خاکە لەدایک بوە و چارەنوسی سیاسیی پێیەوە بەسترابۆوە.

ستالین لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٠٧ بە ئەندامی لیژنەی باکۆ هاتە هەلبژاردن کە دواتر لەسەر ئەم پرسە تێبینیەک دەنوسێ و دەڵی:

( نواندنی چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە ماوەی دوو ساڵ لە نێو کرێکارانی نەوتی باکۆ، وەکو خەباتگێڕ و سەرکردەیەکی کرێکاری پێی بەهێز و بەتوانا بووم، لە میانەی مامەلە و هەلس و کەوتەکانمدا لەگەڵ

کرێکارە پێشکەوتووەکانی باکۆ لە گەرمەی  کێشەکانی نێوان کرێکار و خاوەن بیرە نەوتەکان، بۆ یەکەم جار بوو فێری ئەوە بم مرۆڤ چۆن رابەرایەتی جەماوەری کرێکار دەکا، لە کوێش لە باکۆ و لە گەرمەی شەڕەکاندا، ئەمە بۆمن بوە ستونی شۆڕشگێڕیم).

لە باکۆ، ئەوروپا و ئاسیا بەیەک دەگەن و لە تبلیس زیاتر هەماهەنگی و تێکهەڵکێشیان دەبێ. بازرگانی ترانزێت لەگەڵ ئێران بە روکەش و روخسارێکی رۆژهەلاتیانە، لە ٤٨٪ ی کرێکارەکان لە باکۆ روسی و ئەرمەنی بوون، لەکاتێکا ٤٢٪ لە ئێرانی و لزگی و تەتەر بوون و زۆربەی کرێکارە ئێرانیەکانیش کۆچبەر بوون و ١٠٪ یان تورک بوون.

ئەم تۆڕەی ئەم هەموو رەگەزەی لە یەک کۆکردبۆوە کارگەیەکی مەزن بوو، کۆمەڵێک ئاین و مەزهەب و کولتوری نەتەوەیی لە نێو یەک رێکخراوی مارکسیدا کۆکردبۆوە، روسەکان کرێکاری بەتوانا بوون، موسلمانەکان بە پێچەوانە بێتوانا بوون، ئەوان پرۆلیتاری هەژار بوون، تەتەرەکان لە ئاهەنگە تایبەتیەکانیان کە پێیان دەوت ( شاخسی- فاخسی) خۆیان ئازار و ئەشکەنجە دەدا.

کێشە خوێناویەکانیش لە کێشەکانی دورگەی عەرەبیەوە دوور نەبوو، لێکچونیان هەبوو بەتایبەتی لە گەڕەکە موسلمان نشینەکان، لەوێ هەر خێزانێک بەتەنیا بۆ خۆی دەژیا هامشۆیان لەگەڵ ئەرمەن و دراوسێکانی تردا نەبوو، بەم هۆیەوە گەڕەکە موسلمان نشینەکان بۆ کاری رێکخراوەیی نهێنی گونجاو بوو، هەر لەبەر ئەم ئەگەرە بۆلشەڤیەکان چاپخانە نهێنیەکەیان لەو گەڕەکە دانابوو، کوباش هەر لەوێ دوور لە چاوی پۆلیس لە ژێر ناوێکی خوازیارەوە بەناوی (گایوز نیشارادزە) خۆی حەشار دابوو.

جەماوەری کرێکاری موسلمانیش کە لەسەر رێژەیەکی ورد دابەش ببون بە ئاسانی پێشوازیان لە پرۆپاگەندە رێکخستنەکان دەکرد. دواتر رەگەزی ئاسیایی خۆی لەسەر بنەمای چینایەتی دابەش نەببون بەلکو لەسەر بنەمای سیاسەتی کۆمپانیا نەوتیەکان دابەش ببون، هەرچەندە لە نێو بەشداربوانیاندا رەگەزی ئەوروپیش هەبوون.  سیستەمی رۆژانەیان سەیر و سەمەرە بوو تێکەلاو بوو لە نێوان ئاسیایی و وەرگرتن و پێدانی بەخشیش لە پای مافی رۆژانەی خۆیان. ئەمە وای کردبوو کە هەموو شێوازە چەواشە کاریەکان لە فرتوفێڵ و کلاو نانەسەر کە ئەوروپای رۆژئاوا لێی شارەزان لەگەڵ ئەم پێکهاتە کرێکاریانە بەکار بێنن، کەچی سیستەمی کاری رۆژانە لەو کارگانەی کرێکارە روسەکان و ئەرمەنەکان کاریان تێدا دەکرد لە شێوەی سیستەمی کاری ئەوروپی بوون لە پێدانی رۆژانە و ماوەی کار کردنی رۆژانەیان و پشوەکانیان.

ئەم شێوازەی کار لە دواجاردا دەبێتە مایەی پەرش و بلاوی کارەکان، بەهۆی ئەوەی سەندیکاکان رێگریان لەو بڕیارانە دەگرت کە کۆمپانیا و خاوەن کارەکان لە بەرژەوەندی خۆیان دەریان دەکرد ، بێ ئەوەی رەچاوی بەرژەوەندی کرێکارەکان بکەن، لەوانە:

کۆمپانیان نەوتی دەریای قەزوین تاک لایەنە لە ١٩٠٩ بڕیاردەدا: هیچ کرێکارێک بۆی نیە بەر لە وەرگرتنی ڕەزامەندی کۆمپانیا پرۆسەی هاوسەرگیری پێک بێنێ، بۆیە سەیر نیە کێشە و ململانێ لە نیوان کرێکار و خاوەن کار روونەدەن تەنانەت ئەگەر ئەو خەلکە دوا کەوتوش بن.

مایەی ئاماژە پێکردنە لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٤ مانگرتنە شۆڕشگێڕیەکان لە باکۆ بەر لە رووداوەکانی (یەکشەمەی خوێناوی) لە پترسبۆرگ روویدا، لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی سیاسی گێژاوی تێنەکەوت و کێشەی خوێناوی خێلەکی رووی نەدا.

کۆتایی ساڵی ١٩٠٧ (باکۆ) بە ماوەی هەلچونی شۆڕشگێڕی هاتە ناسین، ئەمەش پاش ئەوە دێ کە ئەم هەلچوونە شۆڕشگێڕیە سەرتاپای روسیا دەگرێتەوە.

کاری رێکخراوەیی نهێنی لە باکۆ بەوشێوەی هەرێمەکانی تری روسیا بە خێرایی بەڕێوە نەدەچووو، لە کۆتایی مانگی ئەیلول لە هەلبژاردنەکانی ئەنجومەنی (دوما) کە هەر توێژێک بە جیا نوێنەری خۆی دەست نیشان دەکرد، کرێکارە بۆلشەڤیەکانیش بە جیا نوێنەری خۆیان دەست نیشان دەکرد و ستالین رێنمای بەو کاندیدانە دەدا کە دەبنە نوێنەری کرێکارانی باکۆ،دەڵێ:

( ئەوەی دەبێتە نوێنەر دەبێ ئەندامی حزب بێ، دەبێ فەرمان و رێنماکانی کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێ بکا، نابێ ئەرکی خۆی بە ئەرکی یاسا دانان بزانێ، دەبێ لە دوما بە راشکاوی ئەوە رابگەیەنێ کە تا قەیسەر لەسەر حوکمە پێویست ناکا هیچ یاسایەکی چاکسازی یا پێشکەوتوو ئاشتیانە دارێژرێ، دەبێ نوێنەر بانگخوازی شۆڕش بێ پەیامی شۆڕش هەلگرێ، ئەم رێنمایانە نەخشە رێگا و تەکتیکی بۆلشەڤی دەبێ لە کاری پەرلەمانی)

دوای هەلبژاردنەکان کوبا روو لە کێشەکانی کرێکاران دەکا لە کارگە نەوتی.

کرێکارانی کێلگە نەوتیەکان سەر بە یەک سەندیکا بوون ئەویش بە سەرۆکایەتی بۆلشەڤیەکان بوو، بەڵام کرێکارانی وەرشە میکانیکیەکان بە سەرۆکایەتی مەنشەڤیەکان رێکخرابوون، (کوبا) داوای کرد سەندیکاکان لەسەر بنەمای پیشەسازی رێکبخرێن نەک لەسەر بنەمای پیشەیی، لەم رووەوە پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ نوێنەری کارگە نەوتیەکان دانوستان لەگەڵ نوێنەری پیشەسازیەکاندا بکەن نابێ پیشەیەک لەسەر حسابی پیشەیەکیتر سودمەند بێ. داوای هەموار کردنەوەی سیستەمی رۆژانەی کرێکارانی کرد، وتی کرێکار داوای بەخشیشی زیاتر ناکا داوای سیستەمی رۆژانەی خۆی دەکا لە سەر پێوەر و هاوشێوەی سیستەمی رۆژانەی ئەوروپیەکان، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو یاریە ئاسیاییە بێت کە خاوەن کارەکان لەگەڵ کرێکاران دەیکەن.

کوبا ئەم بیرۆکە و داواکاریانەی لە زنجیرە وتارێکدا لە رۆژنامەی (گودوک) واتە(هێما) و لە ژێر ناوی (ک،کاتو) بڵاو کردەوە ، ئەو رۆژنامە زمانحالی سەندیکای بۆلشەڤیەکان بوو.

پاش ئەوەی خاوەن کارگە پیشەسازیەکان رازی بوون لەگەڵ نوێنەری پیشەسازیەکان کۆببنەوە، کوبا بانگی (پەنجا هەزار کرێکارەکەی باکۆ)ی کرد تا نوێنەری خۆیان هەلبژێرن، دەسەڵاتیش پەیمانی ئەوەی پێدان کە دەست نەخاتە نێو کاروباری ئەنجومەنی نوێنەران، چونکە بۆلشەڤیەکان مەبەستیان بوو بێ مەرج لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکان کۆببنەوە و بکەونە دانوستان بۆیە ئەمە بۆ ئەوان بوە دەستکەوت، بەڵام سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان و تاشناق دانوستانەکەیان بایکوت کرد.

لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەنجومەنی نوێنەران چەندین کۆبونەوەی ئەنجام دا، تیایدا گفتوگۆ و وتووێژ لەسەر خال بە خاڵی رێکەوتنەکە ئەنجام درا راوبۆچونی سیاسی خۆیان دەخستنە روو، کەچی لەولاوە (کۆنەپەرستی رەش باڵی بەسەر روسیادا کێشابوو،لە باکۆ پەرلەمانێکی کرێکاریی رەسەن هاتە دامەزراندن).

لینین بە دلتەنگیەوە بەدوادا چوونی بۆ رووداوەکان دەکرد: ( ئەو دلنیابوو لەوەی باکۆ ناتوانێ هەموو روسیا بەرەو شۆڕش بەرێ)

لە قەوقاس شۆڕش پاشەکشە دەکا، بەڵام سەرکردەکانی بۆلشەڤی لە باکۆ سەرکردەی جەنگ بوون سەرنجی خەلکیان بەلای خۆیاندا راکێشابوو، لەوانە ئیڤانۆڤیچ (کوبا) کە لە تامیرفورس وستۆکهۆلم و لۆندۆن لینین چاوی پێی کەوتبوو ئەو پیاوە ئەوکات بەرپرسی تیپە چەکدارەکان بوو، تا ئەوکاتیش ناوی نەکەوتبوە ناولیستە نهێنیەکەی لینینەوە، هەروەها ئوردجونیکیدز، فورشیلوڤ (سکرتێری سەندیکای کرێکارانی نەوت و مارشالی داهاتوو) و دوو براکە ( یینو،کیدزە، دواتر یەکێکیان دەبێتە جێگری سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت) و سباندریان و جاباریدزە و شومیان کە هەموویان دواتر پۆستی بالا لە باکۆ دەگرنە دەست، بەڵام ئەم ئاماژە بە هێزەی لە باکۆوە درایە روسیا بە بیدەنگی وەلامی دەدرێتەوە، ئەوەی زیاتریش سەرنجی لینینی بەلای کوبادا کێشا دەست هەلگرتنی بوو لە نوسین بە زمانی گورجی، لە باکۆ ژمارەیەکی کەم لە گورجی هەبوون زمانی فەرمیش لەوێ زمانی روسی بوو وا پێدەچووو ببێتە مایەی یەکبون یا زمانی سەرتاسەری خاکی روسی لە نیوان پێکهاتە و گەلانی روسیدا. هەردوو رۆژنامەی (گودوک) کە بە ئاشکەرا دەردەچوو و رۆژنامەی (باکینسکی و پرولیتاری) ی نهێنی کە کوبا سەرپرشتیانی دەکرد، بە زمانی روسی دەردەچوون و بە شێوەیەکی رێک و پێک دەنێردران بۆ بارەگای سەرەکیی بۆلشەڤیەکان لە دەرەوەی ولات، لینین سەرجەم ژمارەکانی بە وردی دەخوێندەوە و تێبینیی لەسەر دەنوسی، هەرچەندە نوسینەکانی کوبا لە روی فکریەوە نوسینی بە پێز و دەولەمەند نەبوون بەڵام سیمای دلسۆزیان پێوە دیاربوو بۆ بۆلشەڤیەت و بە پراکتیکیش ریزی زۆری بۆ لینین دەنواند، بەم شێوە گۆڕینی بنکەی دانیشتنی لە

تبلیسەوە بۆ شارە نەوتیەکەی سەر سنوری ئێران، پازدانێک بوو لە بازنەی خۆجێیەوە بۆ بازنەی شانۆی سیاسیی نیشتمانی.

دوای هەشت تا نۆ مانگ کار کردن لە لیژنەی باکۆ، دوای چەندین مانگرتنی کێلگە نەوتیەکان، کوبا-نیشارادزە و سیرگۆ ئوردوجونیکیدزە دەستگیر دەکرێن و دەخرێنە زیندانی بایلوفەوە، ماوەی چەند مانگێک لەو زیندانە دەمێننەوە لە چاوەڕوانی دەرکردنی بڕیاری دورخستنەوەیان، لەو ماوەیە ئەوان لە بیرکردنەوەی سیاسەت و گفتوگۆی سیاسیانە لەگەڵ زیندانیان خەریک بوون کە هەندێکیان لە روی بیرکردنەوە دژ و پێچەوانەی ئەوان بوون، توانیان نوسین و وتارەکانیان بگەیەننە دەرەوەی زیندان و لەوێ بە چاپیان بگەیەنن و بەسەر هاوڕێانیاندا بلاو کەنەوە، لە میانی دیالۆگ و ئالوگۆری بۆچونەکانیان لەگەڵ بالە ناکۆکەکان هەستی شکستخواردویی زیاتر بالی بەسەریاندا دەکێشێ و ژیان لای ئەوان قورستر دەبێ، کوبا یەکێک بوە لەوانەی بەناوی زیندانیانی بۆلشەڤی قسەی کردوە، کەسێکی سارد و توند و پێداگر و لەسەرخۆ بووە، ئوردوجونیکیدزەش کەسێکی هەستیار و زیندوو بووە، لە کەمترین سوکایەتی پێکردندا بە رویاندا دەتەقیەوە.

لە گفتوگۆ و دیالۆگەکانیان زۆر وریا و وشیار بوون، چونکە چاودێران سیخوریان دەخزاندە نێویان بە ناوی زیندانی خەلکیان زیندانی دەکردن تا لە هەلس و کەوتەکانیان بە ئاگا بن ، ئەوان لەم کارە دزێوەیان زۆر بە ئاگا بوون، کاتێکیش لە یەکێک لەو سیخورانە دلنیا دەبوون کە خۆیەتی بە کوشتن کاریان لەسەر دەکرد، چونکە کاری نهێنی ئەو دەسەڵاتەی پێدابوون لە پێناو پاراستنی گیانی هەڤالانیان تا ئاستی کوشتن لەگەڵ سیخوران هەلس و کەوت بکەن. لەم رووەوە بالەکان بۆ دۆزینەوەی سیخوران لە ریزی بالەکانی یەکتری زیرەک بوون کەچی لە دۆزینەوەی سیخوران لە ریزەکانی خۆیاندا بەم شێوە نەبوون. نوسەرە ناحەزەکانی کوبا ئەوانەی لە زیندان بەیەکەوە بوون باس لە ژیانی رۆژانەی کوبا دەکەن کە چۆن هانی خەلکانێکی داوە ناحەزانی خۆی بە ناپاک و سیخور بداتە ناسین تا بە پاساوی ناڕەوا لە ناویان بەرێ، بەلکو ئاسان نەبێ ئەم گوتانە پەسند بکرێن.

زیندانی باکۆ لە روی ئارامی و هێمنیەوە جیاواز بووە لەگەڵ زیندانی باتوم، لە زیندانی باکۆ حوکمدراوان بە حوکمی لەسێدارەدان لەگەڵ زیندانەکانی تر تێکەلاو کرابوون کاتێکیش حوکمی سێدارەدانیان لەسەر جێبەجێ دەکرا هەر لەبەرچاوی ئەوان لە نێو حەوشی زیندان لە سێدارە دەدران، بەم شێوە کاتێک زیندانەکان بە چاوی خۆیان هاوڕێکانیان دەبینن چۆن بە دەمارێکی سارد لە سێدارە دەدرێن و کۆتایی بە ژیانیان دەهێندرێت دەبێتە مایەی ئەوەی هەمیشە دەمار توند و نارەحەت و رقئەستور بن، دەلێن لەو کاتانەی ئەم کارە ئەنجام دەدرا کوبا لە خەوێکی شیریندا بووە، هاوڕێیانی زۆر پێیان سەیر بووە چۆن لەم ساتانەدا کە هاوڕێکانی بە پەتی سێدارە هەلدەواسرێن

ئەم دەتوانێ بخەوێ و ئەم کارەی پێ ئاسایی بێ یا لەو کاتانە لە هەوڵی ئەزبەر کردنی ڕێزمانی ئەڵمانی بووە؟.

لە نێو ئەو دۆخە گەندەڵی و چەپەڵەدا کوبا لە هەوڵی بەدواداچونی کێشە نەوتیەکاندا بوو، لەم بوارە لە ڕۆژنامەی (گودوک) و (باکینیسکی پرولیتاری) بە زنجیرە وتارێک تێبینیەکانی خۆی بلاو کردنەوە، بەڵام شێوازی زمانی نوسینەکانی کەمتر پێداگر بوون لە شێوازی نوسینەکانی جارانی، بە هاوڕێیانی وتبوو پشت بە مانگرتنە گشتیەکان نەبەستن، ( مانگرتنی هەر دەزگایەک بە تەنیایی، باشترین ڕێگای پاشەکشەیە، باشترین ڕێگایە بۆ کاری ئێستا کە لەگەڵ دۆخی حالی حازر دەگونجێ، هۆشداریشی دایە کرێکارەکان لە خۆپاراستن لە (تیرۆری ئابوری) واتە هێرش بردنەسەر دام و دەزگا ئابوریەکان و تالانکاری و زۆرکردن لە خاوەن کارو بەڕێوەبەری کارگەکان کە ئەم کارانە جگە لە مالوێرانی بەولاوە هیچیتری بەدواوە نایە، بەڵام کاتێک ڕۆژنامەی (لیبرالیست) زمانحالی (گەورە دەولەمەندانی نەوت) مژدەی ڕەوشتی سەندیکا سۆسیالیستەکانی ڕاگەیاند و گلەیی ئەوەی لێکردن کە دەستیان لە تیرۆری ئابوری نەوەشاندوە، کوبا بە چەند وتارێک توڕەیی خۆی لە دۆخی نالەباری کرێکارانی نەوت دەربڕی، گالتەشی بەو بانگەوازەی مەنشەڤیەکان کرد کە داوای لەسەرجەم سۆسیالیستەکان کردبوو هاوکاری دەسەڵات بکەن بەر لەوەی تیرۆری ئابوری لەناو بچێ. کوبا بەم شێوە کۆتایی بە وتارەکانی خۆی هێنا کە دەڵێ:

بە پشت بەستن بە ئامرازە تایبەتیەکانی دەبێ چینی کرێکاری ڕێکخراو بەسەر بێ ئومێدی و توندو تیژیدا سەرکەوێ.

لە مانگی کانونی دووەم فەرمانی دورخستنەوەی درا بۆ (سولشیفیگودسک) کە شارۆچکەیەکی بچوکە بازرگانە روسەکان دایانمەزراند و لە سەدەی چواردەهەم دەبێتە سەنتەرێکی بازرگانی خوێ، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ دەباتە سەر. ئەم شارۆچکەیە دەکەوێتە بەشی باکوری هەرێمی (فولوگدا) لە بەشە روسیەکەی ئەوروپا، ئەم شوێنە ئاوو هەواکەی لە ئاوو هەوای سیبیریا نەختێک گونجاوترە، واتە دورخستنەوەکەی کوبا هەندێک میهرەبانیی لەگەڵدابوە، بەردەوام دەبێ لە کارکردنی نهێنی و خۆپاراستن لە ئاشکەرابون و دەستگیر کردن، لە ڕێگای گەیشتنی بە شوێنی دورخستنەوەی لە (فولوگدا) توشی نەخۆشی گرانەتا بوو، لە کۆتایی مانگی شوبات دەگاتە شوێنی مەبەست، ئەوەندە نابا دوای چوار مانگ دەتوانێ رابکا و لە ڕێگەی پترسبۆرگەوە خۆی بگەیەنێتە قەوقاس و ببێتە میوانی (ئەلیلوییف)، کە پێشوازیەکی باشی لێ دەکا و بە پێدانی پاسپۆرتێکی ساختە لە گرتن و ڕاوەدونانی دەیپارێزێ ، دوای ئەوە لە باکۆ لە ژێر ناوێکی ساختە (زاخارا گریگۆریان میلیکیانتس) دەردەکەوێتەوە، دیارە گومان لەوەدانیە کە لەلایەن سەرکردایەتی حزبەوە پێشوازیەکی باشی لێ دەکرێ، تا ئەوکات هاوڕێ حزبیەکان بە چاوێکی بەرزەوە سەیری ئەو قەلا

پۆلاینیەیان دەکرد کە کوبا دەبێ، هەر لەوێ کوبا فەرمانێکی نا فەرمی بۆ دەردەچێ بە دامەزراندنی وەکو پەیامنێری رۆژنامەکانی حزب لە قەوقاس کە بۆ دەرەوە دەردەکران، بە ئەگەری لە ئەستۆگرتنی ئەم کارە و بە پوختی بەڕێوە بردنی زیاتر سەرنجی لینینی راکێشا.

لە ئەنجامی بەسەرکردنەوەی کارەکان و ئەوەی لە پایتەخت دەیبیست رەشبین دەبێ، ژمارەی ئەندامانی حزبی بۆ ۳۰۰۰ ئەندام کەم ببونەوە لە کاتێکا لە ۱۹۰۷ ژمارەی ئەندامان ۸۰۰۰ هاوڕێ بوون، وای دەبینی کە دۆخێکی رەش باڵی بەسەر حزبدا کێشاوە، بەڵام کاتێک هەواڵە خۆشەکانی قەوقاسی پێ دەگەن، بەراورد دەکا کە ئەم دۆخە لە بارەگای سەرەکیی حزب بوونی نیە.

پەیوەندیەکانی نێوان پترسبۆرگ و سەرکردەی کۆچبەران لاوازە، رۆژنامە حزبیە نهێنیەکان زۆر بە کەمی پەخش و بلاو دەکرێنەوە، سەرەتا پێی خۆش بوو هاوکاری کرێکارانی پترسبۆرگ بکا.

ئەو حالەتەی کوبا لە دوای ساڵ و نیوێک لە زیندانی قەلای باکۆ بینیی حالەتێکی دلخۆشکەر نەبوو، لەوێش رێکخستنەکان بەرەو پوکانەوە دەچووون کە تەنها دووسەد تا سێ سەد بۆلشەڤی و سەد مەنشەڤی دەبوون، بەڵام ئەندامانی سەندیکاکان لەوە زیاتر بوون و یانە رۆشەنبیریەکانیش لە نمونەی ( زانست، زانین هێزە،) ئەمانیش خامۆش بوون، لە کێلگە نەوتیەکان ماوەی کارکردنی رۆژانە لە هەشت کاتژمێرەوە بوو بە دوانزە کاتژمێر، ئەمە لە کاتێکا ئاستی پیشەسازی نەوت لە بەرەو پێشچوندا بوو بەڵام کرێکارەکان بەرهەمی ئەو پێشوەچونەیان نەدەچێشت، رێکخراوەکە پشتی لە پرولیتاریای تەتەری کردبوو رۆژنامەکانی بە زمانی ئەوان دەردەچوون راگیرابوون، گەنجینەی حزب نیمچە خالی بوو، تەنها یەک دانە لە رۆژنامەی (باکینیسکی پرولیتاری)بە درێژایی ساڵ بە زمانی روسی دەرنەچوبوو، هەرچەندە باکۆ وەکو قەلای بەرەنگاری نەمابۆوە، بەڵام لە شوێنەکانیتر باشتر بوو.

دوای ئەوەی کوبا- میلیکیانتس، لە حەشارگەی لە نێو کێلگەی نەوت شوێنی خۆی دەکاتەوە یەکەم کار کە کردی، رۆژنامەی (باکینیسکی پرولیتاری)ی خستەوە گەڕ، بەم شێوە دوای گەرانەوەی بە سێ هەفتە یەکەم ژمارە لەژێر مانشێتی ( قەیرانەکانی حزب و ئەرکەکانمان ) دەردەچێ. باسی لە وردەکاری قەیرانەکان نەکرد پرسیشی بەکەس نەکرد بۆ چارەسەری تەنها پەیامێک بوو بۆ سەرکردەکان لە دەرەوە و هاوڕێیانی لە ناوەوە، لە بەشێک لەو وتارەدا هاتوە: ( حزب هیچ رەگ و ریشەی لە نێو کرێکارەکاندا دانەکوتاوە، پترسبۆرگ نازانێ لە قەوقاس چی روودەدا، قەوقاسیش نازانێ چی لە ئەورال دەگوزەرێ، هەر گۆشەو بە دابڕاوی بۆخۆی دەژی، ئەو حزبەی بە هاوبەشی دەژیا و هەموو بەشەکان پەیوەندیان بەیەکەوە بوو ئەوە ئەو حزبە بوو کە بە شانازیەوە لە ۱۹۰۵،۱۹۰۶ کارمان تێیدا دەکرد ئەوە نەماوە، پێم وایە کۆچبەرە بۆلشەڤی و مەنشەڤیەکان ئەم بەرپرسیارێتیە هەلدەگرن، چونکە رۆژنامەکانیان رۆژنامەی( پرولیتاریا)ی بۆلشەڤیەکان و (گولوس)ی مەنشەڤیەکان تا ئێستا یەک نەخراون پەیامەکانیان جیایە رێکخراوە پەرشو بلاوەکان

لە روسیا یەک نەخراون، ئامادە نین لە ناو چوار چیوەی یەک حزبدا بتوێنەوە، (دەکرێ کاری حزبێکی بچوک کە قۆناغەکانی پرۆپاگەندەیی بڕبێ بە ئاسانی یەک بخرێ) ئەم چەند رستانەی دوایی لە ئامانجەکان دەرچوبون.

لە راستیدا نوسەر لە شوێنی تریش دانی بەو راستیانە ناوە کە رێکخستنەکان وەکو ئەو سەردەمە بە هێز نین کە رۆژنامەی (ئیسکرا) لە هەولی یەکخستنی کۆچبەراندا دەبوو، لێرە کوبا ئاشکەرای دەکا کە ئارامی هاورێیانی لە دەست ئەو سەرکردانەی لە دەرەوە دەژین و لە واقعی روسیاوە دوورن، کۆتای هاتووە، ئەو لەم لۆمە و بێ ئومێدیە لینین بەدەر ناکا، دواتر چەند چارەسەریەک پێشنیار دەکا، وەکو:

هەلوەشاندنەوەی رێکخستنی نهێنی یا پێدانی ئەرکەکانیان بە ئەندامانی حزب، چارەسەری یەکەم واتە هەولەشاندنەوەی حزبە. هی دووەمیش هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ دروست ناکا چونکە رێکخستنەکان ئەوکاتیش بوونیان هەبووە لە شێوەی سەرکردایەتی کردنیان لە دەرەوەرا، هەر چۆنێکی بێ هۆشداری و توێژینەوەکانی بوونە بە ئاگابونێک لەم مەترسیانە، هەر چەندە ئەو پێشنیاری ئەوەی نەکردبوو سەرکردایەتی حزب بگواسترێتەوە ناوەوەی روسیا، پێ وابوە دەبێ رۆژنامەیەکی نیشتمانی روسی هەبێ ئەرکی کۆکردنەوەی کۆچبەرە پەرشوبلاوەکان بێ و لە پەیوەندیی بەردەوامی هاولاتیانی دابێ، ئەمەش بە ئەرکی کۆمیتەی ناوەندی حزب دەزانێ، دیارە پێی وابووە ئەرکی کۆکردنەوەی هاورێ لەیەک دورەکان هەمیشە لە ئەستۆی کۆمیتەی ناوەندیە، ئەوان رۆژان حزب لە قۆناغی نیمچە یەکگرتنەوە دابوو بەڵام بەهۆی ناکۆکیەکانی نێوان بۆلشەڤیەکان و مەنشەڤیەکانەوە کۆمیتەی ناوەندی حزب گەیشتبوە رێگایەکی داخراو، دیارە هەموو ئەو تۆمەتانەی خستبونیە سەر کۆمیتەی ناوەندی بەهۆی دوری کۆمیتەی ناوەندیەوە بوو لە روسیا و واقعی روسی.

بیرۆکەی دامەزراندنی رۆژنامەیەکی روسیی نیشتمانی بیرۆکەیەکی باش بوو بەڵام جێبەجی کردنی ئەم بیرۆکە سێ ساڵی خایاند تا رۆژنامەی (براڤدا) لە پترسبۆرگ دەرکرا و کوباش بوو بە یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نوسەرانی، لەوکاتەدا سەرنوسەری رۆژنامەی (باکینسکی پرولیتاری) بە ناراستەوخۆ خۆی بۆ سەرۆکایەتی حزب لە پترسبۆرگ کاندید کرد، لەوکاتیشدا لە ژێرنوسێکدا نوسیبوی، تا ئێستا حالی حزب لە باکۆ لە حالی شوێنەکانیتر باشترە چونکە پەیوەندیی لەگەڵ جەماوەر بەردەوامە.

لە رۆژنامەی (باکینسکی پرۆلیتای) لەسەر ناکۆکیەکانی سەرکردایەتی بۆلشەڤیەکانی دەرەوەی ولات، بڕیارێکی لیژنەی حزبی لە باکۆ بلاو کرادەوە کە خۆی (کوبا) دایڕشتبوو، بڕیارەکە زۆر بە راشکاوی ئەمە لەسەر لینین دەنوسێ و دەڵێ:

کار لەسەر لەت کردنی بۆلشەڤیەکان دەکا، ئەمە ئەو مەزندەیە بوو کە کوبا بە ناکۆکیی سانەوی دەزانی، هەر لەوکاتانەدا دامەزرێنەری بۆلشەڤیک لە سەر لێواری جیا بوونەوە دابوو لە رادیکالیست و خۆدورخستوەکان، لە نمونەی فەیلەسوفی ئابوری بوگدانوف و نوسەر لوناتشارسکی و بانگخواز مانیولسکی و هیتریش. رادیکالیستەکان لینینیان بە خیانەتکار لە بۆلشەڤیک تۆمەتبار دەکرد، پێیان وابوو لینین لە هەولی یەکخستنی کاری نهێنی و چالاکیە ئاشکەراکانی حزب دایە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەولی تواندنەوەی بیروبڕواکانە، ئەمە بە پرۆپاگەندەی مەنشەڤیەکان.

بە سەر هەلدانی ناکۆکی فەلسەفی ناکۆکیە تەکتیکیەکان توند دەبن، رادیکالیستەکان هەندێک چەمکی فەلسەفی مارکسیان خستنە ژێر پرسیار و گومانەوە، هەولیان دا لەسەر بنەمای تێگەیشتنەکانی کانتیەی نوێ و فەلسەفەی ئەزمونی رەخنەگری بە بیردۆزەکانی (ماتریالیزمی جەدەلی) دا بچنەوە.

لینین بۆ ماوەی نزیکەی سالێک خۆی لە سیاسەت دابڕاند، کاری رۆژانەی سیاسیی ئەنجام نەدەدا، خۆی لە کتێبخانەکانی پاریس گۆشەگیر کرد لەو ماوەیە توانیی شاکارێک وەبەرهەم بێنێ لە ژێر ناوی ( ئەزمونی رەخنەگری و مەزهەبی ماتریالیزمی) لەم کتێبەیدا رەخنەی توند لە کانتیستە نوێکان و(لێکۆلەرانی بەدوای خوادا) و هەموو ئەوانەی گومانیان لە فەلسەفەی مارکسیدا هەیە دەگرێ. نەیارانی لینینیش بۆ رکابەری کردنی مەدرەسەیەکی حزبیان دامەزراند، ئیتر بەم شێوە خەباتگێڕە حزبیەکان کەوتنە نێو ئەلقەی ململانێکان و یەکتر خواردنەوە.

مەدرەسەکەی لینین لە نزیک پاریس بوو، هی رادیکالیست و (لێکۆلەرانی بەدوای خوا) کە لە ژێر سایەی ماکسیم گۆرکی دامەزرابوو لە دورگەی کابری دامەزرابوو، ببوە سەنتەری بلاو کردنەوەی هزرەکانیان، ململانێ لەسەر داهات و ژمارەی خوێندکارەکان لە نێوان ئەو دوو مەدرەسە دروست دەبێ.

بەم شێوە ئەو کرێکارانەی بەرگەی مەترسیەکانی چونە دەرەوەیان دەکرد لە روسیا بۆ ئەوەی بچن فێری زانستی سیاسەت بن و دەرسەکان لەسەر فەلسەفەی مارکسی بخوێنن خۆیان لەبەردەم چەند بیردۆزێکی دژ بەیەک دەبینیەوە، دەبوایە دەنگ بۆ ئەو لایەنە بدەن کە کار لەسەر دەرکردنی دەنگە نەشازەکان و هەلگری هزری تایبەتین دەکا.

کوبا کە لە کێلگە نەوتیەکەی تەتەران خۆی حەشاردابوو، لە ململانێکانی نێوان لون جومو و کابری سەبرو ئۆقرەی نەما ، دیارە لەوەش دلنیا بوە کە دورکەوتنەوەی کۆچبەران لە واقعی روسیا بەرەو لادان سنورەکان دەبڕن، بۆیە بە پێویستی سەرشانی لیژنەی باکۆی دەزانی ئەمانە بگێڕێتەوە سەر هێلە راستەکە، هەرچەندە ئەو بڕیارەی لەسەر ئەم بابەتەیدا لەگەڵ سیاسەت و تەکتیکەکانی

لینین دەگونجان کە دژی سیاسەتی رادیکالیستەکان بوو، بەڵام چاوپۆشیی لە ناڕەزاییەکانی دژ بە لینین کرد کە لەسەر دەرکردنی بوگدانوف دروست ببون بەهۆی سوکایەتی کردنی بۆگدانۆفەوە بە دسپلینەکانی حزب، چونکە هەموو رەوتەکانی ناو حزب لەسەر سیاسەتە بنەرەتیەکانی حزب کۆک بوون، کە دەڵێ دەبێ لینین دەست لە سیاسەتی ریشەکێش کردنی کەمینە هەلگرێ.

باکۆ لە کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان جومو و کابریدا لایەنگری هیچیانی نەکرد هەرچەندە زانیاری لەسەر ئەم بابەتە کەمن، لینین تێبینی ئەو رەخنانەی کرد کە رووبەڕووی کرابونەوە، لە رۆژنامەکەیدا هەوڵی ئەوەیدا رەخنەگرانی قەوقاسی بگەیەنێتە بڕوایەک کە ئەو لەو کەسانە نیە سیاسەتی پاکسازی و لەناوبردنی ناحەزانی لە ناو حزب پیادە بکا، ئەو بۆ یەک هۆکار رادیکالیستەکانی لە حزب وەدەرنا ئەویش چونکە رازی نەبوون پابەندی پرەنسیپەکانی حزب بن.

پاش ئەوە فشاری خستە سەر بارەگای گشتیی حزب لە دەرەوە.

کوبا خۆی لە ململانێی لینین دوور خستەوە ئەوەتا لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٠٩ زنجیرە وتارێک بۆ رۆژنامەی (سوسیال دیموکرات) بەناوی ( نامە لە قەوقاسەوە) دەنوسێ ئەم رۆژنامە لە هەمان کاتدا لە پاریس و جنێفیش لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی (بۆلشەڤی و مەنشەڤی) بە هاوبەشی دەردەچووو. دەستەی نوسەرانی ئەم رۆژنامە پێک هاتبون لە ( لینین، زینوڤییف Zinoviev، کامنێڤ Kamenev، مارتۆڤ Julius Martov) نامەکان باس لە سەرجەم رووداوەکانی قەوقاسیان دەکرد، لە دۆخی نەوت و حکومەتی خۆجێی و سەندیکاکان و پەیوەندیەکانی نێوان نەتەوەکان و کاری نهێنی و چالاکیە سۆسیالیستیە کانی ئاشکەرا و جیاوازیەکانی نێوان تبلیس و باکۆ دەکرد، هەموویان بە شێوەیەکی ورد و پراکتیکی هەڵدەسەنگاندن، هەرچەندە شێوازی نوسین و دەربڕینەکە سەرەتایی بوو.

لە هەندێک نامەدا لەگەڵ قەوقاسیەکان و سەرۆکەکەی (نوح جوردانیا) رووبەڕووی رەخنە و گوتوبێژێکی توند دەبۆوە ئەمەش ناڕەزایی مارتۆڤ و دانی لێ دەکەوتەوە، بۆیە بڕیاریان دا ئەم جۆرە بابەتانە لە سوچێک بە ناوی گوتوبێژ بلاو بکرێنەوە.

بەهۆی ئەوەی پەیامنێرەکەی لە لایەنگرانی سەرسەختی لینین بوو، تەنها تاقە نامەیەکیش دژی لینین یا وەکو رەخنە گرتن لە لینین بلاو نەدەکرایەوە، ئەم بەهاناوەهاتنەی پەیامنێری قەوقاس لینینی خۆشحال کردبوو کە حەزی لەوەبوو لە نێو هەوادارانی خۆی لەگەڵ رای گشتیی روسی بگونجێنێ .

کاتێک فشارەکانی کوبا زیاد دەبن، لینین دەچێتە ژێر باری دامەزراندنی سەرکردایەتیەکی حزبیی نیشتمانی لە روسیا و ئەمەی بەسەر مەنشەڤیەکان و راراخوازەکاندا سەپاند.

له بڕیارێکی نوێدا که کوبا داڕێژەری بوو له ۱۹۰۱۰ (باکۆ داوا دەکا سەرکردایەتی مەیدانی بگواسترێتەوە روسیا) له دەستپێکی بڕیارەکه پشتگیری خۆی دەردەخا دەڵێ:

( دیاردەی بێ ئومێدی و خەمساردی لەلایەن بزوێنەری شۆڕشی روسی روو له نەمانه)، کوبا پێشتریش هەمان مەزنده و پێشبینیی هەبووه بۆ دۆخەکان بەڵام دەبێ ئەوه بلێین که بەر لەو ترۆتسکی ئەمەی له ڤیەنا خستۆته روو، لیژنەی باکۆ بۆ راپەراندنی ئەم بڕیاره لەگەڵ لینین کەوتنه هەماهەنگی، یەکێک لەو هەنگاوە پێشوەختانه پاکسازی ریزەکانی حزب له لایەنگرانی (لەناو بردن) بوو، ئەمەش به یەکخستنی لایەنگرانی ئەم بۆچونه له بۆلشەڤی و مەنشەڤیەکان له نمونەی (پلیخانۆڤ) ( که یەکێک دەبێ لەوانەی داکۆکی له کاری نهێنی دەکا).

له میانی خۆئاماده کردن بۆ مانگرتنێکی مەزنی پیشەسازی نەوت له مانگی ئادار دووباره کوبا-میلیکیانتس دەستگیر دەکرێتەوە، هەر لەو سەروبەندەی دەستگیر کردنی له ژمارەیەکی بلاوکراوه نهێنیدا هاتوه:

( سلاو له کرێکار ئوگست بابل فەرماندەی سۆسیال دیموکراتی ئەلمانی که تەمەنی حەفتا ساڵه، ئەم وشانه تاجی ئەوروپای هەژاند).

دوای هەشت مانگ له کاری چڕو پڕ دووباره دەچێتەوە زیندان و دوای شەش مانگ له چاوەڕوانی له ژوورەکانی زیندان حوکمی بۆ دەردەچێ، بەڵام ئەمجارەیان سزاکەی زۆر قورس نابێ بریتی دەبێ له تەواو کردنی ماوەی مەحکومەیەتی له دورخراوەیی له ( سولفیشیگودسک)، دوای ئەوه لێی قەدەغه دەکرێ بۆ ماوەی پێنج ساڵ له قەوقاس و سەرجەم شاره گەورەکانی روسیا بژی.

ئەمجارەیان له شوێنەکەی خۆی جێگیر دەبێ و هەوڵی راکردن نادا تا ماوەی نۆ مانگ واته تا ماوەی حوکمی تەواو دەبی له ۲۷ی حوزەیرانی ۱۹۱۱، دواجار قەوقاس جێ دەهێڵێ و ناگەڕێتەوە بۆی تەنها ئەوه نەبی جارو بار کورته سەفەرێک بۆ هەرێمه کەی خۆی دەکاتەوە ئەمەش تەنها بۆ بەسەر کردنەوەی لیژنه حزبیەکانه که بەناوی کۆمیتەی ناوەندی ئەو سەردانه ئەنجام دەدا، بەم شێوه لاپەڕەی قەوقاس بۆ هەتا هەتایی له ژیانیدا داخرا.

-----------------------------

بواژانەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەوەندە نابا بەدیار دەکەوێ، سەرەتا بە خۆپیشاندانی شەقامەکان دەست پێ دەکا.  بە بۆنەی ماتەمینی لیو تولستوی لە ساڵی ١٩١٠ و لە ١٩١٢لەسەر کوشتنی ژمارەیەک لە کرێکاری مانگرتوو بزوتنەوە زیاتر کەوتە جولە، کرێکارانی کانزای زێڕ لە (لینا) ی سیبیریا ناڕەزاییەکی گەورە دروست دەکەن، ئەوکات بۆ دواجار حزبی سۆسیال دیموکرات لەت دەبێ، لە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩١٢ لینین لە پراگ کۆنگرەیەک بۆ بۆلشەڤیەکان و هەندێک لە پلیخانۆڤیستەکان دەبەستێ تیایدا جیا بوونەوەی باڵەکەی رادەگەیەنێ کە وەکو حزبێکی سەربەخۆ کار دەکات، ئەمە دەبێتە جیابونەوەی راستەقینەی یەکجارەکی لە زۆرینەی مەنشەڤیکان.

ئەم کۆنگرە لە شوێنێک بەسترا پێی دەوترا ( ماڵی گەل) وەکو کۆنگرەکەی برۆکسل لە ١٩٠٣، بەڵام ئەمجارەیان شۆڕشگێڕە روسەکان داوەتی سۆسیالیستە چیکەکانیان بۆ ئەو کۆنگرە کردبوو، لەم کۆنگرە ( کۆنگرەی پراگ) لینین لەو لیستەی دابەشی سەرکۆنگرمانەکاندا کردبوو وەکو کاندیدی کۆمیتەی ناوەندی ناوی کوبای خستبوە ناوی، بەڵام کوبا لە هەڵبژاردنەکە دەرنەچوو، چونکە ناوی ئەو لای بەشداربوانی کۆنگرە هیچ مانایەکی ئەوتۆی نەدەبەخشی ئەوەندە لای کۆچبەران ناسراو نەبوو، بەڵام یاریدەدەری پێشوی کوبا هاوڕێی زیندانیی (ئوردجو نیکیدزە)  کە زوزو هەڵدەچووو دەنگی پێویست بەدەست دێنێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوبراو راستەوخۆ لە مەدرەسەی لینینەوە هاتبوو لە (لون جومو) ئەوکات هێشتا خوێندکار بوە، بەڵام لینین لەو ئاستە نەوەستا و دەستبەرداری ستالین نابێ چونکە لە پەیڕەوی حزبدا بوو کۆمیتەی ناوەندی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە چەند ئەندامێک بۆ ئەو کۆمیتەی ناوەندیە زیاد بکا، ئەوەبوو کۆمیتەی ناوەندی ئەم مافەی بۆ کوبا بەکار هێنا، سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بریتی بەون لە (لینین و زینوڤییڤ و ئوردجونیکیدزە و مالینوفسکیی بە رەگەز پۆلۆنی و هەڵگری رەگەزنامەی روسی و سیخوری ئوخرانا).

هۆکار چی بوو لینین لایەنگری کوبا دەکا؟

لەسەرەتای بوژانەوەی سیاسی لینین مەبەستی بوو باشترین ئازادی و دەست کرانەوەی هەبی لە کاری حزبیدا، بۆیە کاتێک لە مەنشەڤیەکان رزگاری دەبێ هەست بە دەست والابون دەکا ترسی لەوەنابێ بە تێکدەری ریزەکانی یەکێتی حزب تۆمەتباری بکەن، روو لە رێکخراوەکەی دەکا بە گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی حالی حازری، لە جیابونەوەکەی پێشتریدا لەگەڵ خۆشەویست ترین هاوڕێی لەیەک دوور بوونەوە، پاش ئەوەی بڕیاریدا سەرجەم پردەکان لە دوای خۆی بڕوخێنی خۆی

لە نێوان ژمارەیەکی کەمی هاوکارانی بینیەوە، ترۆتسکی سەرۆکایەتی هاوپەیمانیتیەکی لەیەک نەچووی دەکرد کە پێکهاتبوو لە (مەنشەڤیە راستڕەوەکان وبۆلشەڤیە رادیکالیستەکان دژەمەنشەڤیەکان و دژەبۆلشەڤیەکان و بانگخوازانی لەناوبردن و پاشەکشەخوازەکان و لێکۆلەرانی خوا وترۆتسکیستەکان). لە دژی لینینیش هەڵمەتێکی لە رۆژنامەکان دەست پێکردبوو، زینوڤییڤ و کامنێڤ Kamenev کە یاریدەدەری لینین و لێی نزیک بوون، تەنانەت کامنێڤ Kamenev کە زاوای ترۆتسکی بوو دودل و رارا بوو، لینین هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە پشت لە رۆشنبیرە کۆچبەرەکان بکا، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیشی لە نێو ریزی کادیرە حزبیە نهێنیەکاندا هەلبژارد، هەر دوای ماوەیەکی کەم لە هەلبژاردنی، لیژنەی ناوەندی نوسینگەیەکی روسیان دامەزراند ئەرکی ئەو نوسینگە سەرپەرشتی کردنی کاری حزب بوو لە ناوەوەی ولات، نوسینگەکە لە چوار ئەندام پێک هاتبوو: کوبا، و ئوردجونیکیدزە و سباندریان و گۆلۆشیکین. سێ کەسەکەی یەکەم ئەندامی لیژنەی باکۆ بوون، بەم شێوە ئەندام و کادرانی قەوقاس بوونە ستونی رێکخستنەکانی بۆلشەڤی، رۆلێکیان دەبینی کە لە پێشەوەی هەموو هەرێمەکانی تر بوون، ناوبانگی کوبا کە سەرچاوەی لە مانگرتنەکانی ١٩٠٨ ەوە گرتبوو لای لینین مایەی سەرنج بوو، بە دلنیاییەوە بە زیادەوە بیستبوی بەڵام لینین بەم شێوە بیری دەکردەوە: ئەم ئەرکە پێویستی بە کەسانی خۆراگر و توند و بوێر هەیە بە دلنیاییەوە لە شێوەی سەرکردەکانی باکۆ بن، لە دۆسیەی (کروپسکایا Krupskaya) ناوی نهێنیی دەستەی باکۆ (قەلاکان) بوو ، ئێستا لینین خۆی ئەو قەلایانە دەرازێنێتەوە.

بەرز بوونەوەی پلەی کوبا بە کتو پری نەهاتوە، دیارە لینین لە کرێکارە قەوقاسەکانەوە شتی باشی لێ بیستوە هەروەها لە خوێندنگای (لون جومو) ئەردجونیکیدزە بە پیاوە بەهێزەکە بانگی کوبای دەکرد، کاندیدەکە خۆی هەندێک جولەی شاراوەی کردوە بەڵام زۆر بە هەستیاری ئەمانەش بوونەتە هۆکارێکی تر بۆ بەرز بوونەوەی.

ئەو کاتەی لە دورخراوەیی بوو بەردەوام پەیوەندیی بەو کەسانەوە هەبوو کە بە باشی باسیان دەکرد، هەولی دەدا هەمیشە لای ئەوان بە خۆشی ببینن و میانەیان خۆش بێ. لە نامەیەکیدا کاتێک لە سولفیشنیگودسک بوو بۆ سیمون شفازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نارد پێشنیار دەکا فەرماندەیەکی حزبی بۆ روسیا دامەزرێنێ، ئامادەیی خۆشی دەرخست بۆ گەیشتن بەم مەرامە ئەوەی پێویستە بیکا، شێوازی نامەکە کە بۆ سەرکردایەتی دەرەوەی ناردوە زۆر نیان و بەرێز بوە تیایدا دلسۆزی خۆی دەربڕیوە بەتایبەت بۆ لینین کاتێک تیایدا ستایشی لینینی کردوە وتویەتی ( لینین جوتیارێکی ئاقلە خۆی دەزانێ لە کوێ شان دەداتە بەر) ئەگەری زۆریش هەیە کە لینین ئەو نامەیەی بینیبێ، وا خۆی نیشان داوە کە ئەو قەوقاسیە ئەو کەسەیە کە دلسۆزی رێبازەکەیەتی و بە دلسۆزی دەیپارێزێ.

له کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩١١ کوبا ماوەی دورخستنەوەکەی کۆتایی دێ، بەهۆی ئەوەی لێ قەدەغە کراوە لە شارە مەزنەکان دانیشێ، شاری فولوگدا هەلدەبژێرێ کە دەکەوێتە نزیک موسکو و پترسبۆرگەوە، هەر دوای دوو مانگ لە فولوگداوە رادەکاتە پترسبۆرگ و لە دەرگای ئەلیلوییف دەدا، سیخورەکانی ئوخرانا چاودێری مالی ئەلیلوییفیان دەکرد، هەرچەندە کوبا بەمەی دەزانی بەلام ئەوەندە تەنگە تاو ببوو خۆی پێ نەگیرا و ئەم کارەی ئەنجام دا، بۆ بێ بەختی خۆی ئەو رۆژە بە هەلکەوت ستولیبین سەرۆک وەزیران لە کیف بەدەستی سیخورێکی پەشیمان بە ناوی باگروف دەکوژرێ، ئەم کارەی بۆ ئەوەبو ناوە زراوەکەی لە لایەن هاورێیانی رێکخستنەکان بگێرێتەوە و ئابروچونەکەی لەسەر نەمێنێ، بە هۆکاری ئەم رووداوەوە ئوخرانا هەرچی گومانی لێ دەکا دەستگیری دەکا، لەم هەلمەتە کوباش دەگیرێ بە ناوێکی ساختەوە (شیزیکوف)، ئیتر ماوەی چەند مانگێک لە زیندان دەباتە سەر بەر لەوەی بیگێرنەوە بۆ فولوگدا تا سێ سالی خۆی لەوێ تەواو دەکا.

لەو کاتەی ئەو بەرێگاوە دەبێ بۆ گەرانەوە نوێنەرانی کۆنگرەی پراگ لە دەرەوە لە کۆبونەوەدا دەبن، هیچ زانیاریەکی لەسەر ئەنجامەکانی کۆنگرە نەبوو تا ناوەراستی مانگی شوباتی ١٩١٢ ئەو کاتەی ئەرجونیکیدزە سەردانی دەکا، ئێستا بوە یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و یەکێک لە نێردەکانی.

له یەکێک لە راپۆرتەکانی بۆ لینین (ئەرجونیکیدزە بۆی دەنوسێ: لای ئیڤانۆڤیچ بوم کارەکانمان لەگەلی رایی کرد، بە بیستنی هەوالەکە زۆر کەیف خۆش بوو، بەم هەوالە رەنگدانەوەیەکی خۆشم لە دەرونی جێهێشت) وا دیاربوو کوبا هیچ بایەخێکی بەو جیابونەوە نەدەدا تا لایەنگری مەنشەڤیەکان بکا، بەرز کردنەوەشی مەرج بوە بە پشتگیری و لایەنگری بۆ لینین، ئەرکی داهاتوی ئەوەبو خۆی لە دەست پۆلیس رزگارکا لە فولوگدا و تا زووە خۆی بگەیەنێتە پایتەخت. ئەو ساتانەی کات دەژمێرێ بۆ سود وەرگرتن لە بچوکترین دەرفەت تا رابکا، بەیاننامەیەک بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی حزبی سۆسیال دیموکراتی روسیا دەنوسێ کە ئەمە یەکەم نوسینیەتی بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی واژۆی لەسەر بکا تیایدا، بریارەکانی کۆنگرەی پراگی سۆسیالیستەکانی روسیا روون دەکاتەوە، لەم بەیاننامەیە تەنها لەو شارە پیشەسازیە سەرەکیە ژمارەی شەش هەزاری لێ چاپ و بلاو کرایەوە ، دوای پێنج سال لەم بەیاننامەیە بەهۆی دەست لەکار کێشانەوەی قەیسەر لە دەسەلات کوبا لە دورخراوەیەوە لە سیبیریا دەگەرێتەوە پترسبۆرگ، بە هۆی کۆنی ئەندامێتیی لە حزب کە بۆ سالی ١٩١٢ دەگەرێتەوە سەرکردایەتی بۆلشەڤیەکان دەگرێتە دەست تا ئەو کاتەی لینین لە سویسرا دەگەرێتەوە.

بەلام ئەمە هەلەیە ئەگەر بلێین پلەو پایەی کوبا لە نێو بۆلشەڤیەکان ئەوکات لە دوای پلەی لینینەوە دێت هەروەکو مێژووو نوسە فەرمیەکانی دەیلێن، ئەمە زۆر دورە لە راستی، هیچ کاتێک

سەقامگیری لەسەر پۆستەکانی نێو حزبدا نەبووە، هیچ کەسێکیش لە پۆستەکەیدا جێگیرو بەردەوام نەبووە جگە لە لینین، ئەویش سەرچاوەی سەقامگیری بوە و پۆستەکەی سامانی فکری و سیاسیی خۆی بوونە، لە گەردونی لینیندا کۆمەڵێک ئەستێرەی درەوشاوە بوونیان هەبووە ناوە ناوە هەندێکیان ئاوا بوونە و هەندێکیتر هەلاتون، کەسانێک هەبوونە لە رۆژگارێکا ئەستێرەیان لە درەوشانەوەدا بوە بەڵام دواتر لاپەرەیان داخراوە. کوبا کاتێک بەرز کرایەوە و بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هاتنەکەی بە پێچەوانەی هاتنی هاورێکانی بوو، رۆژگاریش ئەوەی سەلماند کە نێردە نوێکە ئەوە نەبوو هەلگر و خاوەنی هزر و بیرۆکەی نوێ بێ چونکە دواجار دەبێتە خاوەنی بالی ئاسنینی کۆمیتەی ناوەندی نەک بالی هزری سیاسی و بەرنامە دارێژەری. ئەوەی ئەم راستیانە دەسەلمێنن و پشتراست دەکاتەوە ئەو پێنج ساڵە بوو لە تەمەنی حزبایەتیی کە دەکەونە نێوان مێژوووی بەرزکردنەوەی تا هەلگیرسانی شۆڕشی دووەم کە مێژوویکی بێ چالاکی و کەم جولە بوو، ئەو ئەرکی کۆمیتەی ناوەندیی پێ نەسپێردرا تەنها ساڵی یەکەم نەبێ، چونکە چوار ساڵەکەی تر لە سیبیریا دورخرابۆوە، تەنانەت لە ساڵی یەکەمیشیدا تەنها پێنج مانگ توانیی کار و چالاکی بکا دواتر بەهۆی زیندانیەوە لە کار دەوەستێ، واتە کۆی ئەو ماوەی کاری سیاسیی ئەنجام داوە تەنها حەوت مانگ دەبوو، لەو ماوەیەدا توانیی سەرکردایەتیەکی حزب پێک بێنێ و چەند زانیاریەک لەسەر ئەرکی نوێی پەیدا بکاو هیچی تر نا.

ئەو ماوەی بە کاری حزبی بۆی ئەژمار دەکرێ پر بوو لە گەشتی حزبی و سەردانی فولوگدا و قەوقاس بۆ وەرگرتنی راو بۆچونی قەوقاسیەکان لەسەر بریارەکانی کۆنگرەی پراگ، لە قەوقاسیشەوە خۆی دەگەیەنێتە موسکۆ بۆ دیدەنی ئەردوجونیکیدزە تا لەسەر کاردانەوەی لقەکان لەسەر هێلە نوێکەی لینین بزانێ.

بۆ بەشداری لە جەژنی یەکی ئایار، لە مانگی نیسان دەگەرێتەوە پایتەخت .

لە کاتی نیشتەجێ بوونی لە پترسبۆرگ کە تەنها ١٢ رۆژی لێ مایەوە واتە تا ئەو کاتەی دەگیرێ، پەیوەندی بە ئەندامانی دوماوە دەکا ئەوانەی لەسەر لیستی بۆلشەڤی بوون، کۆمیتەی ناوەندی رایسپاردبوو سەرپەرشتی کارەکانیان بکا.

لە ٢٤ی نیسانی ١٩١٢ روژنامەی براڤدا دەردەچێ بەهۆی ئەوەی کاردانەوەی کرێکارەکان لەسەر جیا بوونەوەی بۆلشەڤیەکان لە مەنشەڤیەکان کاردانەوەیەکی ئەرێنی نابێ، کوبا لە سەروتاری روژنامەکە بە زمانێکی نیان و ژیرانە شیکاری و رونکەردنەوەیەک دەدا، پەیمانی پێدان کە رۆژنامەی براڤدا ناکۆکیەکانی نێوان سۆسیالیستەکان ناشارێتەوە و چەواشەی ناکا چونکە ئێمە بروامان وایە کە هیچ بزوتنەوەیەکی بەهێز بەبێ ئۆپۆزسیۆن و ناکۆکی نابێ، بێ ناکۆکی تەنها لە گۆرستان هەیە. ئەو خالانەی لە نێو بزوتنەوەی سۆسیالیست کۆمان دەکاتەوە زیاترن لە خالە ناکۆکەکان، بۆیە

ئێمە دەبێ تێبکوشین لە پێناو یەکێتی بزوتنەوەی سۆسیالیست و چینی کرێکار و ململانێی چینایەتی.،
چۆن ئێمە دژی دوژمن و ناحەزانمان تێدەکۆشین ئاوەهاش دەبێ سازش بۆ یەکتری بکەین و شەڕ دژی دوژمانی کرێکار بکەین و کار بۆ ئاشتی و هاوکاری یەکتر بکەین. ئەمە ئەو دەقە بوو کە بە نەفەسێکی ستالینی بلا وکرایەوە، هەر ئەو رۆژەی ئەم وتارە لە براڤدا بلاو کرایەوە نوسەرەکەی لە پترسبۆرگ زیندانی دەکرێ، دوای سێ مانگ لە دەستگیر کردنی حوکمی سێ ساڵ دورخستنەوەی بۆ دەردەچێ، ئەم جارەیان بۆ هەرێمی (ناریم) لە رۆژئاوای سیبیریا، دوای دوو مانگ لە دەرچونی حوکم کوبا لە سیبیریاوە رادەکا و خۆی دەگەیەنێتە پترسبۆرگ بۆ سەرپەرشتی هەلبژاردنەکانی چوارەمی دوما.

هەڵمەتی هەلبژاردن لە نێو کرێکاران بە چەند قۆناغیکدا تێدەپەرێ: سەرەتا هەلبژاردنی نوێنەران لەسەر بنەمای کارگە و تواناسازی، دواتر نوێنەرەکان کاندید هەلدەبژێرن، بەڵام پاش ئەوەی هەلبژاردنەکان چەند قۆناغێک دەبڕن، دەسەڵات هەلبژاردنەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. کوبا داوای کۆبونەوەی لیژنەی جێبەجێ کردنی بۆلشەڤیەکانی کرد، کوبا لە ئامادەسازی دابوو بۆ ئەنجام دانی مەزنترین مانگرتنی کرێکاری بەڵام حکومەت خستبویە ژێر چاودێری و لە هەنگاوەکانی ئاگادار بوو، مەنشەڤیەکان و بۆلشەڤیەکان لە کێبرکێدابوون بۆ وەدەست هێنانی هەرچی زۆرترە لە دەنگی کرێکاران، ئەنجومەنی دەنگدەرانی کرێکاری لە پایتەخت داواکاریەکەی کوبای پەسند کرد وەکو( رێنمای نوێنەرانی کرێکاران) ئەم رێنمایانە زۆر لەو رێنمایانە دەچوون کە لە باکۆ بۆ هەلبژاردەنەکانی پێشو نوسیبوی، تیایدا هاتبوو:

نوێنەری کرێکاران دەبێ داواکاریەکانی کرێکاران پەخش و بلاو کەنەوە.

دەبێ ببێتە زمانحالی شۆڕش لە نێو دوما.

نابێ رازی بێ بە یاریی یاسادانان لە دومای تساری(قەیسەری).

توندی رێنماکان و سەرکەوتنی کوبا بوونە مایەی خۆشحالی لینین، چونکە لە کراکۆفەوە تا دەگاتە پۆلۆنیا سەرپەرشتی هەلبژاردنەکانی کرد، دیارە بۆلشەڤیەکانیش وەکو هێزی یەکەمی کرێکاری بوون، دواجار ١٣ ئەندامی سۆسیال دیموکرات لە هەلبژاردنەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا کە ٦ یان بۆلشەڤی و ٧ یان مەنشەڤی بوون، بەڵام سەرجەم سەرکەوتوانی بۆلشەڤی لە نێو دەنگدەرانی کرێکارانەوە دەرچوبون، لە هەموو بازنەکانی هەلبژاردنی چینی مامناوەندی بۆلشەڤیەکان سەرکەوتنیان لێ بەدەست هێنابوو، لەم ئەنجامانە لینین ئەمەی بۆ روون بۆوە کە لە ململانێیاندا لەگەڵ بالی میانڕەو چینی کرێکار پشتگیری کێشەکەیان دەکا ، کوبا لە میانەی وتارەکانیدا لە براڤدا ئەو نامانەی بۆ (سوسیال دیمواکرات ) دەنوسی

ک کەمێکی لە گەشبینی لینین کەم دەکردەوە، تیایاندا وتبوی: وێڕای ئەوەی کرێکاران بەلای دروشمەکانی بۆلشەڤیاندا دەشکێنەوە، بەلام لایەنگری ئەم جیابونەوەی سۆسیالیستەکان ناکەن .

کاتێک هەلبژاردن تەواو دەبێ لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٢ کوبا بۆ ماوەی چەند رۆژێک بە سەردان دەچێتە کراکوف، لەوێ لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی کۆدەبێتەوە، لینین پێداگری لەسەر لەیەک جیابونەوەی تەواوەتی دەکا لە نێو ئەندامانی بۆلشەڤی و مەنشەڤی لە ئەنجومەنی دوما، ئەمەشی بۆئەوە بوو تا کرێکاران لەوە دلنیا بن کە مەبەستمان جیابونەوەی تەواوەتیە لەگەڵ مەنشەڤیەکان و بۆ ئەوەی هێلێک لە نێواندا هەبێ، ئەگەر مەنشەڤیەکان ئەم جیابونەوە و هێلکاریەشیان بەدل نەبێ تا پێی بزانن، دوای گەڕانەوەی بۆ پترسبۆرگ ستالین کاری لەسەر بابەتە هزریە گرنگەکانی لینین دەکرد، بەڵام نوێنەرە بۆلشەڤیەکان رازی نەبوون لە دومایەک کە راستڕەوەکان لێی بالا دەستن سۆسیالیستەکان لە یەکتری جیا ببنەوە، لینین مەترسیی لەوە پەیدا کرد ئاخۆ قەوقاس کە خۆی گەیاندۆتە نێوەندی حزب دەبێ توشی شۆکیان نەکا و ئومێدەکانیان بە فیرۆ نەبا؟.

لە ژیاننامەکەیدا کە باسی ستالین دەکا ترۆتسکی دەڵێ: ئەم رووداوە یەکێک بوو لەو پیلانانەی ستالین دژی مامۆستاکەی نایەوە، بە دلنیاییەوە لینین هەستی پێکرد بەڵام ویستی لە گۆشەیەکی ترەوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکا بۆیە داوای کۆبونەوەیەکی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی و فراکسیۆنی بۆلشەڤی لە دوما کرد، ئامادە کاریەکیشی کرد بۆ دەستکاری کردن لە دەستەی نوسەرانی پراڤدا بێ ئەوەی بە خەراپی ناوی کوبا بێنێ.

لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ١٩١٢ کوبا بۆ شەش حەفتە سەردانی دەرەوەی روسیا دەکا کە ئەمە درێژترین گەشتی دەبێ بۆ دەرەوەی روسیا، ئەو کارانەی لەو ماوە کورتە ئەنجامیدا زۆر گرنگ و بەسود بوون بۆ دوا رۆژی، ئەو کێشانەی لەگەڵ مامۆستاکەیدا هەیبون چارەسەری کردن، لینین شەش ئەندامەکەی فراکسیۆنی بۆلشەڤیی رازی کردن خۆیان لە حەوت هاوڕێ مەنشەڤیەکان جیا کەنەوە، براڤدا رەخنەی لەم جیابونەوە گرت، لینینیش بە هێواشی کەسێک بەناوی (یاقوب سەفیردلوف)ی ناردە پترسبۆرگ ئەرکی سەرنوسەری براڤدا پێسپارد، بەگەیشتنی ناوبراو کە دواتر دەبێتە (سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت)و دەست بەکار بوونی سەرجەم ئەندامانی دەستەی نوسەرانی دوور خستنەوە لەوانە خوێندکاری زانکۆ سکریابین مولوتوف، پراڤدا بە هەناسەیەکی تر دەرچوو، بۆ ئەوەی ستالین هەست بەم دورخستنەوە نەکا لینین کارێکی تری پێدەسپێرێ لە کراکوف و ڤیەننا.

بێگومان ئەمجارەیان لینین مەبەستی بووە باشتر خوێندکارەکەی بناسێ و بە وردی لێی بکۆڵێتەوە ئاستی زانین وتێگەیشتنی لە زانستی مارکسیزم و خالە بەهێز و لاوازەکانی و سەرچاوەی هێزی، لینین لەم هەلسەنگاندنە بسپۆر بووە شێوازەکانی زۆر لە سوکرات دەچووون، دیارە پێشتریش لەسەر هەموو پرسەکان پرسیاری لە کوبا کردوە لەسەر دۆخی پترسبۆرگ و هەلبژاردنەکان و رێکخستنی نهێنێ و رەگەز و نەتەوەکانی قەوقاس و قەوقاسیەکان و هی تریش.

دەتوانین بلێین تاقیکردنەوەکە بۆ مامۆستاکە کارێکی قورس نەبوو چونکە زۆر بە ئاسانی لە هەموو شتێک گەیشت، ئەو کات کوبا گەنجێکی ٣٣ ساڵی دەبێ مارکسیستێکی سەربەخۆ نابێ کەسێکی کراوە و چالاک بوو شارەزایی هەبوو لەسەر نەتەوەکانی قەوقاس کە گەلێک ئالوز بوو، کاتێک گوتوبێژ لەسەر ئەم بابەتانە لەنێوان لینین و کوبا دروست دەبون لینین هەندێک بۆچون و وێنەی لەلای خۆی بۆ پرسەکان کێشا بوون و کوبا بۆ وەلامەکان پشتی بە ئەزمونەکانی خۆی دەبەست.

لە میانی گوتوبێژەکان لینین داوا لە کوبا دەکا توێژینەوەیەک لەسەر بابەتی (پرسی نەتەوایەتی) بکا و لە رۆژنامەی (بروسفیشینا) (تیشک) بلاو بکاتەوە کە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتیی حزب بوو.

بەڕاستی نمایشێکی چەور بوو، هەرگیز کوبا خۆی لەم جۆرە نمایشانەی بواری تیوری نەداوە. چونکە پرسی نەتەوایەتی لە قەوقاس پرسێکی ئالوزە بە نمونە لە کراکوفی پایتەختی پۆلۆنیای سەدەی ناوەراست، شاری پادشاکان و شاعیرانە ناتوانی چاوپۆشی لە ئومێد و داخوازیەکانی نەتەوایەتی بکەیت، لە نێو دوو کەوانە، لەوێ لە مالی لینین بیلسودسکی ئامادەکاری هەلگیرسانی شۆڕشی روسیای دەکرد، لینین دەڵێ:

پولونیەکان رقیان لە روسیایە، لەبەر هیچ هۆیەک نیە تەنها چونکە ئەوان خەلکانی نەتەوە پەروەرن، دەبێ بە نیانی مامەلەیان لەگەڵدا بکەین، تا ئەو ئاستەی ئەگەر ویستیان لە روسیا جیا ببنەوە لاریمان نەبێ.

دواتر چەند پەیوەندیەکی ئالۆز لە نیوان نەتەوەکانی ئیمپراتۆریەتی نەمسایی هەنگاریدا هەیە: مەجەریەکان، هەنگاریەکان، ئەلمانی و چیکەکان و سلاڤیە باشوریەکان، سۆسیالیستە نەمساییەکان بەرنامەیان بۆ ئەم پرسە دانابوو، دیارە جیاوازی دەبێ لە نێوان سیاسەتی بۆلشەڤیەکان و سۆسیالیستە نەمساییەکان، لینین ئەمەشی بە خوێندکارەکە راگەیاندوە کە هیچ شتێ نەکا ببێتە مایەی سوکایەتی بە کەسایەتی خۆی، ئەم دیراسە پێویستی بە چەند حەفتەیەکی هەبوو، ڤیەننا پایتەختی خانەوادەیی (هابسبورگ) ی فرە نەتەوەکانە باشترین شوێن بوو بۆ نوسینی ئەو توێژینەوە.

هەر چۆنێکی بێ دەبوایە بۆ ئەنجام دانی هەندێک ئەرکی هونەری نوێنەرێکی کۆمیتەی ناوەندی بنێرێتە ڤیەننا، وەکو بە چاپ گەیاندنی بڕیارەکانی حزب و هەندێک کاری هونەری چاپەمەنی حزب، بە تایبەت پرسی ناردنی پۆست لە پاریسەوە بۆ کراکوف، بۆ ئەم مەبەستە کوبا بڕیاری دا دوو چۆلەکە بە یەک بەرد بپێکێ، ناونیشانی بابەتەکەی ( بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات و پرسە نەتەوایەتیەکان)بوو کە بە واژوی (ک.ستالین، پیاوە پۆلاینیەکە) دەرچوو. بەم توێژینەوە ستالین ناوبانگی دەرکرد هەر ئەمەش بوە هۆکاری ئەوەی دوای پێنج ساڵ لینین لە حکومەت بە کۆمیسەری نەتەوەکانی دامەزراند.

دوای ئەوە ئەندام و نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی کراکوف جێ دەهێلن، کوبا ماوەی دوو هەفتە لێی دەمێنێتەوە، دیارە کاتێک لە تەک لینینەوە دانیشتوە ئەو خەیالەی بۆ دێ کە چۆن رەخنەی لە کۆچبەران دەگرت و بەوە تاوانباری دەکردن کە لە دۆخ و واقعی روسیاوە دوورن، ئەوکات بیری لای ئەوە بوو دەبێ لینین چ جۆرە پیاوێک بێ، بەهەر حال نابێ خوێندکار مامۆستاکەی بپشکنێ و لێکۆلینەوەی لەسەر بکا، لینینی بە بێ ئاگا لە واقعی روسی نەدەبینی ، پێی وابوو لینین لەسەر دۆخ و رەوشی روسی شتی وا دەزانێ و زانیاری وا باشی هەیە کە مایەی سەرسوڕمانە، بە شێوەیەک زانیاریی لەسەر رێکخستنەکاندا هەبوو کەبۆ لشەڤیەکان پێێ سەرسام ببون. دواتر توانای بێ ئەندازەی هەبوو لەسەر کۆنترۆل کردنی خەلک، لەوکاتەی تەمەنی گەیشتبوە چل ساڵ بە حیکمەت و ئەزمونەکانی خەلکی توشی شۆک کردبوو، بۆ سەرۆکایەتی کردنی دەزگای شۆڕشگێری کەس لە هاوڕێیان زاتی ئەوەیان نەبوو کێبەرکێی لەگەڵدا بکەن و لەگەڵی بکەونە ململانێ، دیارە ئەم جۆرە خەسلەتانەی لینین لە هەموویان زیاتر ستالین پێیەوە سەرسام ببوو، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم پیاوە کارایە بۆ خۆی خستە نێو ئەو گێژاوەی ململانێ سیاسی و عەقائدیەوە؟ لە کاتێکا لە بواری پراکتیکی و مەیدانی کەسێکی بە توانا بوو؟ دەبێ چی وای لەو پیاوە سەرکردەی دەزگای نهێنی کردبێ بکەوێتە نێو ئەم جۆرە ململانێیانە، وەکو ئەو ململانێیەی لە نێوان ئەوو فەیلەسوفەکانی دورگەی کابری روویدا؟

کوبا-ستالین وەکو زۆربەی خەباتگێڕەکانی تری بۆلشەڤی. تا ئاستێک شارەزای فەلسەفەکانی مارکسیزم ببو کە ناکۆکیە فەلسەفیەکان بەسەریدا تێپەڕ نەبن، گومان لەوەدا نیە دیدی یەکلایەنەی فەلسەفەی مارکسیزم تیایدا، زانستی سروشت و فەلسەفەو زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسەت، لە یەک هزردا یەک دەگرن. بەڵام بایەخ و ئاستی خەباتگێڕانی لە نمونەی ستالین لەسەر فەلسەفەی بیردۆزی سنورداربوو، ئەوان بە شێوەیەک فەلسەفەی مارکسیزم پیادە دەکەن وەکو ئەوەی داڕێژەرانی بە دەق بۆیان گواستبێتەوە، ئەم دەقانە بۆ چارەسەری مەزنترین کێشە دەگونجێن بەڵام زۆر ئەستەمە ئەوکەسانەی هەلگری ئەم جۆرە بڕوایەن، متمانە بەم چارەسەریانە بکەن.

ئەم جۆرە کادرانەی لە ئاستی مامناوەندی کە بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەکاریان دێنێ، مارکسیزم وەکو ئامراز بۆ راهێنانی هزری بەکاری دێنن، چونکە هەرکاتەی مرۆڤ دەستی نا بە دوگمەیەک راستەوخۆ کاردانەوەکەی دەردەکەوێ، ئەو جۆرە کەسانەی ئەم شێوازە بەکار دێنن کەم بیر لەو توێژینەوە سەختانە دەکەنەوە کە هێشتا سەریان هەلنەداوە، دیارە ئەوانی بیر لە م شێوازە فرت و فێلانەی مارکسیزم دەکەنەوە مەبەستیان بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیانە. بەهەر حال بە هزرو بیرێکی بێگەرد بیر لەم لێکۆلینەوانە داکرایەوە، کاتێکیش لەگەڵ بەربەستێک توشی بەیکداچون دەهاتن لاریان نەبوو بۆ ماوەی ساڵێک لە سیاسەت دوور کەونەوە و لە کونجەکانی مۆزەخانەی بەریتانیا یا فەرەنسا بکەون تا مشتێک لە سامانی زانستی کۆکەنەوە بەر لەوەی راو بۆچونیان لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە بدەن.

کەسانی وەکو ستالین لەم جۆرە فرت و فێلە مارکسیستیانە بێ حەوسەلە بوو، لینین لەو جۆرە کەسانە نەبوو لەم هەلوێستانە بێزار بێ بەڵام وەکو سەرکردەیەکی حزبی بایەخی پێ دەدا، لە روێکی ترەوە خوێندکارەکان هەرچەندە لەم جۆرە هەلوێستانە بێزار دەبون بەڵام بەهۆی ئەوەی متمانەی تەواویان بە سەرکردەکەی خۆیان هەبوو ناچار بوون بێدەنگی بنوێنن، گومان لەوەدانیە کاتێک لینین لەگەڵ خوێندکارەکەی لە کراکوف رووبەڕوو بوونەوە دیوارێکی بێدەنگی لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام لینین لە رێگای خوێندکارە بلیمەتەکەیەوە هەولی روخاندنی ئەو دیوارەی دا تا ئەم بابەتە بە زیرەکی و هزری سیاسی چارەسەر بکا، ئەو تەنها هزروان و مامۆستای حزب نەبوو، نەخێر ئەو مامۆستایەکی بەتوانای زیرەک بوو کە دەتوانێ چۆن لەگەڵ پرسە ناسکەکان مامەلە بکا، هیچ کاتێک گرژی و وشکی ئەو خوێندکارانە کار لە شێوازی چارەسەریەکانی نەکا، بۆ ئەوەی لەم کاتە ناسکانە بتوانێ یارمەتیان بداو چارەسەریەکی ئاقلمەندانە بۆ کێشەکانیان بدۆزێتەوە.

لە نیوەی دووەمی کانونی دووەمی ١٩١٣ ستالین سەفەرێک بۆ ڤیەننا دەکا، ماوەی مانگێک لەوێ دەمێنێتەوە، توانیی توێژینەوەیەک لەسەر کەمینەکان بنوسێ لەگەڵ هەندێک وتار و بەیاننامە، هەروەها توانیی پرسی گەیاندن و پۆست لە رووی هونەریەوە لە نێوان سەرجەم سەنتەرەکانی بۆلشەڤی رێکبخا ، هەر لەوێ توانیی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێک دورخراوە ناودارەکان بکا لەوانە: نیکولای بۆخارین، سەرۆکی داهاتوی ئینترناسیۆنالی کۆمۆنیستی، ئەلکسەندەر ترویانوفسکی بالوێزی داهاتوی یەکیتی سۆڤیەت لە ئەمریکا، لیون ترۆتسکی و بۆخارین.

ئەو هێشتا لە تەمەنی بیستەکاندا بوو کە بەم توێژینەوە ئەو ناوبانگە وەدەست دێنی، لەو کاتیشدا ئامادە سازی بۆ توێژینەوەی ( مەدرەسەی ئابوری بۆ سودەکانی سنوردار) دەکرد لە ڤیەنا، لە نوێنەرە ناودارەکانی

پروفیسوور بۆهم -باویرک بوو، ئەو گەنجە رۆڵی شارەزایەکی وشکی قەوقاسی دەگێرا، چونکە شارەزای زمانی نەمسایی نەبوو، هەستی بە بێگانەیی دەکرد، دیارە لەم کارەی بۆ وەدەست هێنانی سەرچاوە و کتێب، بۆخارین لە هەلدانەوەی کتێبەکان هاوکاریی کردوە، ئەو کات بۆخارین لە سەر چەند خالێکی هەستیاری بیردۆزی و سیاسەتی مارکسیزم لەگەڵ لینین ناکۆک بوو، لەوانەش پرسی نەتەوەکان. لەم رووەوە لینین بڕوای بە مافی چارەی خۆنوسین هەبوو بۆ نەتەوەکان، پیی وابوو نەتەوەی پۆلۆنی و ئۆکرانی و لیسونی و هیتریش مافی خۆیانە لە ئیمپراتۆریەتی روسیا جیا ببنەوە و وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بژین، بەڵام بۆخارین ئەمەی پێ راست نەبوو بە پێچەوانەی ئەو بیری دەکردەوە پێێ وابوو ئەمە سازشە بۆ نەتەوەکان دەیکا دەستبەرداری مارکسیزمە، پێێ وابوو شۆڕش لەم پرسە مەزنترە و ئەم سنورانە رەت دەکا بەڵام هەلوێستەکانی بۆخارین لەم رووەوە هیچ کاریگەریەکیان لەسەر توێژینەوە و بۆچونەکانی ستالیندا نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا دوای ئەوەی ئەم دوو پیاوە یەکتری جێ دەهێلن پەیوەندیەکی باشیان بوە، ئەم کۆبونەوەیان لە ڤیەننا کۆبونەوەیەکی هاوبەشی بوو، دوای بیست ساڵ لەم کۆبونەوە هەمان دانیشتن دەبەسترێتەوە بەڵام کۆتاییەکەی بە لەناو بردنی بۆخارین دێت لەسەر دەستی ستالین.

نە ستالین نە ترۆتسکی هیچیان بۆ ئێمە لەسەر ئەو دانیشتنەی ڤیەننا جێ نەهێشتوە، ئەوەی بەبیر ترۆتسکی دێتەوە و ئاماژەی پێ دەدا تەنها (دژایەتی و ناکۆکیە) تەنها باس لەو ئاگرە دەکا کە لە چاوەکانی ستالین دەردەپەڕن، ئەم دوژمنکاریە جێی سەرسوڕمانە، چەند ساڵێکە ترۆتسکی سەرزەنشتی ستالین دەکا بۆ ئەو تیپە سەربازیانەی بێ ئەوەی لە مەرامەکەی بگا، ئێستاش ئەو ناخۆشیانەی لە بیر نەچونەتەوە بەلکو هیتریشی هاتونەتە سەر، هەڵمەتەکانی ترۆتسکی دژی لینین لە کاتی جیابونەوەی لە مەنشەڤیەکان گەیشتبونە لوتکە، هەرچەندە ترۆتسکی نە مەنشەڤی نە بۆلشەڤی نەبووە، ئەو سازش و خۆش گوزەریی لەگەڵ مەنشەڤیەکان ناکا لەسەر بەلاداچونیان بەرەو لیبرالیزمی چینی مامناوەند، هەروەها پشتگیری لە بۆچونەکانی لینینیش ناکا کاتێک دەڵێ ( شۆڕش نابێ بە سیمایەکی سۆسیالیستی و توندوتویژی دەرکەوێ)، دژی هەردوو بالەکە موژدەی دکتاتۆریەتی پرۆلیتارییدا، مەزندەی دەکرد شۆڕش زۆر بەخێرا لە دژایەتی دەرەبەگەوە بگواسترێتەوە بۆ دژایەتی سەرمایەدار، یا بە رونتر بلێین بەلکو هەردوو قۆناغەکە لەیەک بدرێ بەڵام چونکە (روسیا بۆ سۆسیالیزم پێ نەگەیشتوە)، کەوابێ ئەم پرسە بەندە بە راپەڕینی ئەوروپاوە.

پێی وابووە شۆڕشی روسیا دەبێتە مایەی هەلگیرساندنی شۆڕش لە سەرتاپای ئەوروپا، کە بۆ سۆسیالیزم پێ گەییوە. بە کورتی ئەمە بیردۆزی ترۆتسکیە لەسەر (شۆڕشی هەمیشەیی) کە بۆ زیاتر لە یەک هۆکار ئەم بیردۆزەی داناوە بۆئەوەی بۆ بۆلشەڤیەکان و مەنشەڤیەکان بگونجێ، سەبارەت بە ناکۆکیەکانی ناو حزبیش،

ترۆتسکی هەڵوێستێکی مامناوەندیی لە هەردوو باڵەکە وەرگرت، موژدەی یەکگرتنی هەموو سۆسیالیستەکانی دا، ئەو کات ئاراستەی هێرشەکانی دژی لینین بوون، چونکە لینین بەراشکاوی دژی یەکگرتنەکە بوو ئەو حزبی کرد بە دوو لەتەوە، ترۆتسکی سەرکۆنەی کۆنگرەی پراگی کرد بە ( چەواشە و دەستدرێژی) ناو دەبرد لە کاتێکا ئەو (چەواشە و دەستدرێژیە)بوو ستالینی گەیاندە ئەو ئاستە بەرزەی حزب.

ئەو دوو کەسە ناکۆکەی داهاتوو، لەسەر پرسە مەبدئەیەکان کێشەیان نەبوو، ئەوەتا بۆ جاری دووەم و بێ ئاگاداری خۆی لە نێو رێکخستنە نهێنیەکان دەست بۆ پێگەی کەسایەتی ستالین دەبا، وەکو کارەساتەکەی گریک بەهەلکەوت تالە داوێکی نەدیار هەبووبێ لە نێوان ئەو دوو رووداوە بەیەکیان ببەستێتەوە، ئەنجامەکەی بە تراژیدیا کۆتایی بێ. لە لایەن بۆلشەڤیەکانەوە ستالین بەرپرسی رۆژنامەی پراڤدا بوو لە پترسبۆرگ، ترۆتسکی هێرشی توند دەکاتە سەر لینین لەسەر (جیا بوونەوە) ئەمەش لە رۆژنامەی پراڤدا بلاو دەکرێتەوە کە لە ڤیەننا دەردەکرا، لە کاتی هەڵبژاردنەکانی دوماش ترۆتسکی لە رۆژنامەی (بانگخوازانی لەناوبردن) کە سەربە مەنشەڤیەکان بوو بە چەندین وتار بەشداریی دەکرد، بەر لەوەی ستالین سەفەر بکاتە ڤیەنا پراڤدا کە لە پترسبۆرگ دەردەچووو کورتە ئەنجامێکی هەڵبژاردنی بلاوکردەوە تیایدا دەڵێ:

(ئاراستە پراکتیکیەکانی بزوتنەوە، نەخشەکانی ترۆتسکیی هەرزەکاریان لە ناوبردن کە داوای ئەو یەکگرتنەوەی دەکرد کە هەمیشە روونادا.. ترۆتسکی لە بانگخوازێکی یەکگرتنەوە بوو بە یاریدەدەری (بانگخوازی لەناوبردن).. ترۆتسکی هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بوون هەردوو رۆژنامەکە و بەرنامەکانیان دژی یەکتری بن بە کۆنگرەکانیانەوە، ئەوەتا ئەو پاڵەوانە ساختەیە بە گۆرانیەکەی بە ناوی یەکێتی،دەیەوێ لە خشتەمان بەرێ).

لە نامەیەکیدا بۆ یەکەمین جارە بە واژۆی ستالین واژۆ کراوە، بۆ سۆسیال دیموکراتی دەنێرێ لە ١٢ کانونی دووەمی ١٩١٣، دەنوسێ:

( دەڵێن ترۆتسکی بە بانگخوازیەکەی بۆ یەکگرتن روحێکی نوێی بە لایەنگرانی ( بانگخوازانی لەناوبردن) بەخشیوە، ئەم وتەیە دوورە لە راستی، وێڕای ئەو خۆ نیشاندان و هەڕەشە رازاوەکانی سەلماندی کە جگە لە پاڵەوانێکی زۆربلێ هیچی تر نییە، ئەوەتا دوای تێپەر بوونی پێنج ساڵ لە هەوڵ وماندوبونەکانی جگە لە (بانگخوازانی لەناوبردن) نەیتوانی کەسێکی تر یەکبخا.

دوای پێنج ساڵ لەو مێژوووە، بۆلشەڤیەکان وەکو سەرکردەیەک سلاو لە ترۆتسکی دەکەن کە جگە لە لینین کەسێکیتر لەو بەرزتر نییە، وەکو دامەزرێنەری سوپای سوور، وەکو رێکخەری سەرکەوتنەکانی شەڕی ناوەخۆ.  بەڵام ئەو گوتەی کە دەڵێ پالەوانیکی زۆربلێیە زۆرجار دێتەوە بیر ستالین، سەرەڕای دەستەواژە ناشیرنەکانی، ستالین هەمیشە لە ژواندا دەبی بۆ بچوکترین هەلەی ترۆتسکی، لە روێکی تریشەوە ترۆتسکی هەمیشە چاوی لەو ئەندامە دەبێ کە لە کۆمیتەی ناوەندیە نوێیە دایە کە لینین دایمەزراندوە، ئەو چاوی لەو ئەندامەیە کە بە شێوازێکی نا پاراو زمانی روسی قسە دەکا بە تێکەلاوی لەگەڵ دیالەکتیکی گورجی دەئاخوێ، بێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی فکریی بۆ حزب هەبێ لە کۆبونەوەکان هیچ پێشنیار و بۆچونێکی نوێ نابەخشێتە دەزگاکانی حزب، هیچ کاتێک وا نیشان نەدراوە کەسێکی ئەدیب یا هزروانی حزبە بۆیە لەبەر خۆیا دەکاتە پرتە و بۆرە دەڵێ (ئای بۆ ئەو کەسە هیچ وپ وچ و تەمبەلانەی لینین دەیانخزێنێتە ناومان)، پاش ماوەیەکی کەم بۆ شخایدزەی ( فەرماندەی مەنشەڤیەکان لە دوما دەنوسێ ( شخایدزە خۆی لە ١٩٠١ ستالینی لە باتوم بە شێت و تێکدەر تۆمەتبار دەکرد) دەنوسێ دەڵێ:

( ئای لەو هەراو بێ نرخیەی لەسەر زاری سەرۆکی زۆربلێیان دەگوترێ، لینین ..... ئەمە دەرەنجامەکانی ئەو هەلە بوو کە لە ئەنجامی دواکەوتویی بزوتنەوەی کرێکاری روسی روویدا).

دیارە بە دیدی ترۆتسکی، ستالین یەکێکە لەو ( دواکەوتوانە) .

لە نیوەی مانگی شوبات، ستالین لە رێگەی گەرانەوەیدا کە ورەی زۆر بەرز دەبێ، توێژینەوەکەی لەسەر کەمینەکانی نوسیبوو بە دلی لینین دەبێ و لێی رازی دەبی. گومانی تیا نیە لینین بە دەقی توێژینەوەکەدا چۆتەوە و هەندێکی لێ پەراندوە کە پێی وابووە زیادە بووە یا روتوشی کردوە، بەڵام ئەمەی نەشاردەوە کە لە خوێندکارەکەی و توێژینەوەکەی رازی بوو کە باس لە سەرجەم جیاوازیەکانی نەتەوایەتی ئەوروپای رۆژهەلات دەکات. تەنها هەندێک زانیاریی بە زیادە دەزانی بەڵام تویژینەوەکە لە بەرژەوەندی بۆلشەڤیەکاندا بووە.  لە یەکێک لە نامەکانی بۆ ماکسیم گۆرکی، لینین بە شانازیەوە باسی خوێندکارەکەی دەکا، باس لە کاری(گورجیی رازاوە) دەکا، بەڵێ ئێستا ئەو وردە نارەحەتیەی لە نێوانیاندا هەیانبوو توایەوە، ئەوەتا ئێستا لینین زۆر بە بینینی خوێندکارەکەی دلخۆشە کە بەرەو ئاسۆیەکی گەش هەنگا و دەنێ، ئەم خواستە ماوەیەک بوو ستالین کاری بۆ دەکرد و بە ئاواتەوەی بوو بێتەدی، کاتی خۆی گەلێک جار کتێبەکانی دەشاردەوە مەترسیی ئەوەی هەبوو ببنە مایەی ناڕەزایی بەڵام ئێستا ئەو ترسەی نەما، ئەم پێگە فکریەی بۆ بوو بە پشتگیریەکی باش بۆ پێگەی حزبی.

دوای حەفتەیەک لە گەڕانەوەی بۆ پترسبۆرگ واتە لە ٢٣ی شوبات، پۆلیسی نهێنی کارو چالاکیان لێ قەدەغە کرد، ئەمجارەیان دەستگیر کردنەکەی بووە مایەی دورخستنەوەی بۆ ماوەی چوار ساڵ، دۆخی دەستگیر کردنەکەی گەلێک ئازار بەخش بوو، یەکێک لە هاوڕێکانی لە کۆمیتەی ناوەندی دەستکیسیی بۆ پۆلیسی(ئوخرانا) کرد ئەویش (مالینوفسکی) ی نوێنەری بۆلشەڤیەکان لە مۆسکۆ بوو، ئەم سیخورە ئاگاداری (بیلیتسکی) ێ سەرۆکی پۆلیسی نهێنی دەکاتەوە، زانیاری و ڕووداوەکانی کۆنگرەی کراکوفیشی پێ ڕادەگەیەنێ، ئەویش بەلای خۆیەوە ئەم زانیاریانە دەگەیەنێتە وەزیری ناوەخۆ (ماکروف)، ئیتر ئەوانیش کەمینێک بۆ ئەندامە گەڕاوەکان دادەنێن لە کاتی گەیشتنی ستالین لە ئاهەنگێکی مۆسیکی کە بێ مەبەست بۆلشەڤیەکان ئامادەیان کردبوو بە ئاگاداری پۆلیس، یەکێک بووە لە چالاکیە ڕەوشەنبیریەکانیان، بێ ئەوەی ستالین هەست بە هیچ بکا لە مالینوفسکی دەپرسێ ئاخۆ هیچ مەترسیەکی لەسەرە ئەگەر لەم ئاهەنگە ئامادە بێ، بەڵام مالینوفسکی دلنیای دەکاتەوە کە هیچ مەترسیەک لە ئارادا نیە، لەم کاتەدا بە خێرا و ڕاستەوخۆ ئوخرانای لێ بە ئاگا دەکاتەوە، کاتێکیش هاوڕێیان لە مەترسیەکانی ستالین بە ئاگا دێن هەوڵی ڕزگار کردنی دەدەن بە لەبەرکردنی چاکەتێکی ژنانەی تا لە دەرگای دواوەی دەرکەن بەڵام ئەم هەولەشیان پێ دەزاندری و ستالین دەستگیر دەکرێ.

لینین بەم هەواڵە توشی شۆک بوو، ئومێدی وابوو کە بە زوترین کات بتوانێ ستالین لە زیندان دەرکا، ئەو کەسەی بۆ ئەم ئەرکە تەرخان کرد (مالینوفسکی) خۆی بوو، دیارە کە خۆی سەربە کۆمیتەی ناوەندی بوە و سەرپەرشتی گروپێکی بچوکی دەکرد تایبەت بوو بە لەناوبردنی ناپاکان و ڕێکخستنی کاری دەرهێنانی زیندانیان. لینین خۆی و کروپسکایا Krupskayaو مالینوفسکی لە یەک دەستە بوون تایبەت بە دانانی جوفرەی ئالوز بۆ چالاکیە نهێنیەکان و دانانی ناوی نهێنی و لەم جۆرە ئەرکانە، ئیتر لینین بەم شێوە داوا لە ئەندامی ژمارە ٣ دەکا (فاسیل) (ستالین لە زیندان دەرکا)، ئەندامی ژمارە ٣ (مالینوفسکی) دەبی ئەویش داوا لە میلیشیاکانی تورخانسک دەکا پاسەوانێتی و چاودێری سەر ستالین توندتر کەن لە هەرێمی سیبیریای باکور، دواتر دوری خەنەوە زیاتر بۆ باکور لە ناوچەی (توندرا) کە نیمچە لوتکەی زەویە. لینین بێ ئومێد بوو هەموو یاریدەدەرە گرنگەکانی لە نێویاندا(سفردولوف) سەرنوسەری ڕوژنامەی پراڤدا خۆیان شاردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە مەنشەڤیەکان گەلێک جار نارەحەتی خۆیان لە مالینوفسکی ڕاگەیاند بەڵام لینین متمانەی پێبوو هیچ گومانیکی لەلا لی دروست نەبوو، دوای ئەوە لەسەر داوای(ئوخرانا) مالینوفسکی لە ئەندامێتی دوما دەست لەکار دەکێشێتەوە ئەمەش بۆ خۆ پاراستن لە ئابروچونێکی مەزندە کراو بوو، سەرۆکی دوما (رودزیانکو)ی لیبرالیست بەم کارەی زانی بەڵام لە ئەندامانی دومای شاردەوە، تەنانەت دوای

مالینۆفسکیش، تا ئەوکات لینین لەسەر متمانەکەی خۆی دلنیا بوو ئامادە نەبوو گومان بخاتە سەر مالینوفسکی، دواتر بەهۆی پێشێلیی لە پرەنسیپەکانی حزب لە ریز حزبی دەردەکا، ئەم راستیە سەرسورهێنەرە تا ١٩١٧ ئاشکەرا نابی، تا ئەو کاتەی بۆلشەڤیەکان دەست دەگرن بەسەر ئەرشیفەکاندا.

دوای ساڵێک لە دەستگیر کردنی واتە لە ئاداری ١٩١٤ ستالین دەگواسترێتەوە (کوریکا) لە نزماییەکانی ناوچەی(ینیسسای) کە نزیکەی دە هەزار هاوڵاتی لێبوە لەسەر ناوچەکاندا دابەش کراون لە شێوەی گوندی بچوک هەریەکەیان بە نزیکەی دەیان یا سەدان میل لە ناوچەی بەستەلەک لەیەکتری دوورن، لەو ناوچانە زستان هەشت تا نۆ مانگە، هاوینی کورت و گەرمە، لەو شوێنانە کە خەلکی(ئوستیاک)ی لێ دەژین لە خێمەی دروست کراو لە پێستی مامزدا دەژین، خانوەکانیان لە زستانان نیوەی سەرپۆشە و نیوەکەی تری ئەشکەوتە، زەویەکان بە بەفر داپوشراون.

ئوستیاکیەکان لەسەر راو دەژین و بە فەرو خۆیان گەرم دەکەنەوە، دوای جێ بەجێ کردنی نەخشەی پێنجساڵی تۆزێک گوزەرانیان بەهۆی بەکار هێنانی ئامێری کشتوکالی باشتر دەبێ بەڵام ئەوکاتەی ستالین لەوێ دەبێ ژیان زۆر بە قات و قری دەباتە سەر. ئەو کەسەی لە کەشو هەوایەکی گەرمی گورجستانی دەژیا بەرگری ئەو هەوا ساردو سرەی دەکرد ژیانیک وەکو تاقی کردنەوە، روژنامە و کتێبەکان بە کەمی دەگەیشتن لە رێگەی پۆستە نا دروستەکەوە لە ماوەی چەند مانگێک جارێک دەگەیشت، ئەمەش کەمیک لە ئازارەکانی دووریی کەم دەکردەوە تیایدا هەواڵی برادەرەکانی دەزانی، لەم دورخراوەییە ستالین و سەرنوسەری پێشوی پراڤدا لە یەک ژور دەژیان، (سفیردولف)،سفیر دولف بەم شێوە باسی ژیانی خۆی و ستالینی ئەوکات دەکا:

ئێمە لێرە دوانین، من لەگەڵ گەنجێکی گورجی ژوگاشڤیلی Dzhugashvili دەژیم بەڵام ئەو بەتاک دەژی، من ناتوانم بەبێ هەندێک لە روخساری رێک و پێک بژیم ئەوە کێشەی دەرونی منە، لەوە زیاتر کێشەی من ئەوەیە لەگەڵ خاوەن خانوەکەیە ئەوان کۆمەلێک کەسن هاتو چۆیان بەسەرمانەوەیە خاوەن خانوو لە پڕ خۆی دەکا بە ژووردا دێت بەبی دەنگی ماوەی نیو کاتژمێر دادەنیشێ بێ ئەوەی هیچ بەشداریەک بکا لە گوتو بێژەکانمان لە پڕ هەلدەستی و دەڕوا دەڵێ من دەبێ بڕۆم خواحافیز، ئەوەندە نابا ئەندامێکی تریان خۆی دەکا بەژوردا و هەمان دەور دەبینی بێ دەنگ دادەنیشێ بەشداری لە هیچ ناکا، کاتێک ئەو دەڕوا ئیتر ئەوانیتر بەم شێوە، لە هەموویان ناخۆشتر کاتی شەوان دێن ئەوکاتیش بۆمن کاتی خوێندنەوەیە، بەهۆی نەبوونی گازیش یەک لامپامان هەیە دەبێ لەبەر لامپاکە بخوێنم ئیتر وەکو ئەوەی بە ئەنقەست تێگەیاندرابن ئاوەهایە)

وا پێدەچێ کارەکانی ئەم دوو پیاوە بە دڵی ئەوان نارۆن، کاتێک (سفیردلوف) بۆ ئوردوگایەکیتر دەگواسترێتەوە، ستالین خۆی بە راو و خوێندنەوە سەرقاڵ دەکا ساڵەکانی ماوە بەم شێوە دەباتە سەر، سەرەتا بیری لە راکردن دەکردەوە بەڵام کاتێک چاودێری و پاسەوانیتیان لەسەری توند کرد ئەم بیرۆکەی وەلانا، ئەوکاتەی نەفیر عام لە روسیا رادەگەیەندرێ ئیتر بە جارێک دەستبەرداری ئەم بیرۆکانە دەبنەوە زۆربەی دورخراوەکان حەز لە مانەوە دەکەن لەم شوێنانە، ستالین دەست دەداتەوە توێژینەوەکانی لەسەر نەتەوایەتی و کەمینەکان، لەم میانە لە رێگەی ئەلیلوییفەوە وتارێک بۆ لینین دەنوسێ کە تا ئەوکات لە پترسبۆرگ دادەنیشت بەڵام بلاو نەکرایەوە، جا یا ئەوەتا لە رێگا ون بوە یا لە ئاستی بلاو کردنەوەدا نەبووە، دیارە بە درێژایی ئەو ماوەی لە کورایکا بووە هەر ئەو وتارەی نوسیوە ، هەندێک لە کتێبەکانیدا دەگەرێن کە لە نێوان شوباتی ١٩١٣ تا ئاداری ١٩١٧ نوسراون بەڵام تا ئێستا هیچ ئاماژەیەک نیە کە نوسینی لەو ماوەیەدا هەبووبێ، دیارە بەهۆی ئەوەی ستالین لە ئەنجامی شۆڕش ئازاد کراوە نابێ ئوخرانا ئەم وتارانەی لە بەین بردبێ بۆیە راستتر ئەوەیە کە وتاری نەبووە، خۆی یەکێک بووە لە خەباتگێرانی شۆڕش بەڵام یەکێک نەبووە لە ئەدیبەکانی.

کە جەنگی یەکەمی جیهان هەلدەگیرسێ ئەم لە کورایکا لە یەکەی دورخراوەییدا بووە ، ئەم رووداوە لە خۆیەوە رونادرێ بەڵام هەرچۆنێکی بێ بەم هۆیەوە جموجۆلێکی نارەحەتی لە نێو ریزەکانی سۆسیالیستانی روسی و ئەوروپیدا دروست بوو، لە ساڵەکانی رابردوو کۆنگرەی سۆسیالیستە ئینترناسیۆنالستیەکان بانگەوازیان بۆ چینی کرێکار بلاو کردەوە تیایدا سەرکۆنەی سوپایان دەکرد بەڵام ژمارەیەکی کەم لە فەرماندەکان بڕوایان وابوو کە شەڕ لە لێواریەتی، لە دوو ساڵی بەر لە شەڕیش لینین خەریکی ململانێی دوو باڵەکە بوو، بۆیە هیچی لەسەر ئەو مەترسیانەی نەنوسی، کاتێکیش جەنگ هەلگیرسا بۆ سۆسیالیستە ئەوروپیەکان وەکو شەقازەلە وابوو، باوەریان نەدەکرد، کاتێک لە رۆژنامەکانی سویسریەوە دەیان بینی نوێنەرانی سۆسیالیستە ئەلمانیەکان پشتگیریان لە جەنگی قەیسەر کردوە، سەرەتا پێیان وابووە کە ئەمە چەواشەکاریەکی فەرماندەکانی سوپای ئەلمانیە بۆ ئەوەی چینی کرێکار پەلکێشی پشتگیرکردنی سوپا بکەن، چونکە بڕوایان بە ئینترناسیۆنالیستی سوسیالیزم بەرز بوو.

ئەم هزر و رووداوانە توشی شۆکی کرد، ماوەیەک لە هزرکردنەوەدابوو بیری لەوە دەکردەوە دەست لە کاری سیاسەت هەلگرێ بەڵام ئەوەندەی نەبرد تا وەرەی هاتەوە بەرو بڕیاری دا ( شەڕ دژی شەڕ بکا) . چونکە ئەو لە بانگخوازانی ئاشتی نەبوو بۆیە بە شۆڕش بەرپەرچی جەنگ دەداتەوە، ئیدانەی ئەو ئاگربەستە نیشتمانیەی کرد کە لە نێوان زۆربەی سۆسیالیستەکانی ولاتانی شەڕکەر ئەنجام درابوو، ئەم ئیدانەی بە

دروشمی ( جەنگی ئیمپریالیزم بگۆڕن بە جەنگی ناوەخۆ) بەرز کردەوە، گوێی بەوە نەدا کە پەلکێش کردنی وڵات بۆ شەڕی ناوەخۆ دەبێتە مایەی شکستی سوپا، بە ڕاشکاوانە خۆی وەکو (شکستخواردوێکی شۆڕشگێڕ) دایە ناسین، وتی شکست پێهێنانی قەیسەر باشترین خەراپەیە، ئەمەش چونکە خێرایی بە شۆڕش دەدا بۆیە دەڵێین بەخێر بێیت، دیارە سەرجەم حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لەوانە لیبرالیستەکانی چینی مامناوەندیش هەڵوێستی شکستخواردویان لە شەڕی ڕوسیا و ژاپۆن وەرگرت، دە ساڵ بەر لەم ڕووداوە هەنگاوێک بەرەو پێش چوون کاتێک ئامادە نەبوو هاوکاری سۆسیالیستەکان بکا ئەوانەی هاورای نەبوون.

یەکێتی لەگەڵ سەرکردەکانی کرێکاری ناکەم کە هاونەکانی سوپاسالاری ئەوروپی دادەگرن و هاوکاریان دەکەن، بە دیدی ئەو ئەمانە ناپاکی سۆسیالیزمن، هاوکاری کردن لەگەڵ ئەوانیش ناپاکیە، ئینترناسیۆنالستی سۆسیالیزمی دووەم کۆتایی هات، هیچ نەماوە بەم ناوە تەنها ئەوە نەبێ ئامادە کاری بکەین بۆ ئەوەی ئەنتەرناسیونالستی سێیەم لە بناغەوە دایمەزرێنین.

هەروەکو پێشتریش بینیمان لینین بە خێراییەکی زۆر زیاتر لە خوێندکارەکان و لایەنگرانی هەنگاو دەنێ، ئەمە مانای ئەوە نیە کە بەر شەپۆلی شۆڤینیزمی کەوتبن. لە ڕاستیدا لایەنگر و هەوادارانی دلسۆزی بۆچونەکانی بوون لەسەر دژایەتی عەسکەرتارێتی و جەنگ. ئەوان وایان دەبینی کە لینین کارەکانی لە قەوارەی خۆی گەورەتر کردوە و بە ئاستی مەترسیی گەیاندوە. لەسەر پێداگریەکانی لینین و زینوڤییف Zinoviev بە نوسینەکانیان لە سویسراوە و بە بۆچونە ڕوخاویەکانیان خۆیان توشی هەڵە دەکرد، ئەو کات ترۆتسکی لە پاریسەوە دروشمی (نە ڕوخان نە سەرکەوتن، بەڵکو شۆڕش) بەرز دەکردەوە، زۆربەی بۆلشەڤیەکان ئەم دروشمەیان لە دروشمەکانی لینین پێ پەسندتر بوو، لینین بە جیابونەوە لە ئەنتەرناسیونالی دووەم توشی شۆکی کردن، چونکە ئەوان بە چاوی زیندوکەرەوەی ئومیدەکانی سۆسیالیست لێیان دەروانی.

لە نێوان سۆسیالیستەکانی لایەنگری جەنگ واتە( سۆسیالیستە نیشتمان پەروەرەکان) یا (بەرگریخوازەکان) و لە نێوان ئەوانەی دژیان بوون کوتلەیەکی مەزن هەبوو کە نوێنەرایەتی رای گشتیی سۆسیالیستە ڕاراخوازەکانیان دەکرد، ئەوانەی لە کارەکانی ( سۆسیالیستە نیشتمانپەروەرەکان) بێ ئومید ببون بەڵام بۆ جیابونەوە یەکلایی نەببونەوە.

زۆربەی سەرکردە بۆلشەڤیەکان ترسیان لەوە هەبوو ئەگەر پشتگیری سیاسەتەکانی لینین بکەن ئەو هێزە یەکلایی نەبووەوەی ڕاراخوازەکان لەدەست دەدەن، سەرەتای جەنگ حکومەتی تساری (قەیسەری) نمایندەکانی بۆلشەڤی لە دومای دەستگیر کردن و بە تۆمەتی ناپاکیی مەزن ( خیانەتی مەزن) خستنیە

زیندانەوە، یەکێک لەوانەی درایە دادگا (کامنێڤ Kamenev) بوو کە سەرنوسەری پراڤدا و داڕێژەری سیاسەتە گشتیەکانی دوای زیندانی ستالین بوو، داواکاری گشتی نوسینە روخینەرەکانی لینینیان وەکوو بەلگەی تاوانبار کردن دژی کامنێڤ Kamenev بەکار هێنا، کامنێڤ Kamenev و هەندێک لە نمایندەکان بەهۆی نوسینەکانیەوە خۆیان لە لینین بێبەری کرد چونکە ئەوان دژی روخان و خۆوەدەست دانەوە بوون. دادگا بڕیاری دورخستنەوەی کامنێڤ Kamenev و نمایندەکانی تری بۆ ئوردوگای ینیسای دا لە سیبیریا، بە گەیشتنیان شەپۆلێک لە گوتوبێژ و دیالۆگی توند لە نێوان دورخراوەکان دروست بوو، لایەنگرانی لینین بەوە تاوانباریان دەکردن کە بڕوای سیاسیان نیە و رەوشتی نابەجێیان لە بەرانبەر دادگا نواندوە، دورخراوەکان بە سەدان میلیان بە داشقەی مامز و سەگ دەبڕی بۆ ئەوەی بگەنە ئەو سەنتەرەی تیایدا دانیشتن کە گوتوبێژی لێ ئەنجام دەدرا، ستالین لە هەندێک لەو کۆبونەوانە بەشدار دەبێ، نازاندرێ ئاخۆ ستالین لەو کۆبونەوانە چیی گوتوە و سەر بە کامە لایەن بووە، بەڵام نوسەرانی بیۆگرافیای ستالین دەڵێن ئەو یەکێک بووە لەو کەسە سەرەکیانەی لایەنگری روخێنەرە شۆڕشگێڕەکان، لە راستیدا رێورەسمە فەرمیەکانی ستالینیزم رێگە بەوە نادا کە پالەوانەکەیان رێچکەیەکی گرتبێتە بەر دژی رێچکەی لینین بێ، بەڵام نوسەرانی دژ بە ستالین بە پێچەوانەی ئەم بۆچونە دەنوسن گوایە هەلوێستەکانی ستالین دژ بە هەلوێستەکانی لینین بووە، باشتریش وایە بلێین کە ستالین لەم ململانێیە بێلایەن بووە چونکە ئەوە کاتێک لە ١٩١٧ گەراوەتەوە پترسبۆرگ لەگەڵ هەلوێستی لینین بووە.

هەرچۆنێکیبێ ناکۆکیەکی ئەوتۆ نەبووە لە نێوانیاندا، ئەو بە هەزاران میل لە مەیدانی رووداوە سیاسیەکان دوور بووە، لە نەریتی ئەویشدا نەبووە بۆ مەرامەکانی خۆی دوای رێبازێک بکەوێ بێ ئەوەی هیچ ئومێدێکی هەبێ کە راستەوخۆ ئەم رێبازە پیادە بکرێ، دوورخراوەکان لەو بە سۆزتر بوون ئەوانەی بەدوای ئومێد و خواستەکان کەوتبون کە لە دوورەوە نامە و دیراساتیان دەنوسی بەڵام ستالین لەوان دورتر بوو تەنانەت لەم دواییانە بە گۆشەگیری دەژیا و لە سنورە مەترسیدارەکان نزیک ببۆوە.

\+ \+ \+

ناتوانین بە درێژی باس لە ژیانی تایبەتی ستالین بکەین، لە کاتێکا ئەو ئێستا تەمەنی گەیشتۆتە سیەکان بەڵام ڕێگە نادات هیچ روناکیەک بخەنە سەر ژیانی، دواتر ژیانی شۆڕشگێری ڕێگە بە ژیانی تایبەتی نادات.

لە تەمەنی گەنجێتییدا هاوسەرگیریی لەگەڵ ( ئیکاترینا Ekaterina سفانیدوز)ی گەنجدا کردوە کە خوشکی یەکێک لە هاوڕێ سۆسیالیستەکانی بووە لە سەردەمی خوێندکاریی لە لە کۆلیژی ئاینی لە تبلیس.

ئیکاترینا لە ساڵەکانی یەکەمی شۆڕش کۆچی دوایی دەکا، لە دوای خۆی کورێکی بۆ جێدەهێڵێ ، باپیرەی لەخۆی دەگرێ و بەخێوی دەکا، دوای ئەوە ستالین تا ساڵی ١٩١٨ ژیانی هاوسەرگیریی پێک نەهێناوە، بەڵام لە پەیوەندیەکی دۆستانەی باشدا بووە لەگەڵ خانەوادەی سیرگو ئەلیلوییف کە دەبێتە خەسوی داهاتوی، زۆربەی جارەکان خانەوادەی ئەلیلوییف بایەخیان بە کاروباری ژیانی ستالین دەدا، لە کاتی دورخراوەییدا ئەوان بەستەیەک لە خواردن و جل و بەرگ و پێداویستیان بۆ ناردە شوێنی دورخراوەیی لە سیبیریا.

دیارە هەندێک لەو ئازارانەی لە ینیسای چێشتویەتی چۆنەتە ناخی ئەو، ئەو پرسەی ژیانی خۆی لە پێناویدا تەرخان کردبوو ئێستا دامرکاوەتەوە، سەیری دواوەی خۆی دەکا ئەو ماوەی لە ژیانی خەباتی نهێنیدا بردیەسەر، هیچ ئەنجامێکی لێ وەدەست نەهێناوە مایەی دلخۆشی بێ، ژیانی تایبەتیی پوچەل دەرچوو، لە نامەیەکیدا کە بۆ ئولگا ئەفگیفنا ئەلیلوییفای خەسوی داهاتوی دەنوسێ تیایدا ئەو تەنیاییە دەردەبرێ کە لە ژیانی بەسەری دەبا، بەم بۆنەیەوە ئەمە یەکەم نامەی دوور لە سیاسەتە کە ستالین نوسیبێتی و دەستمان کەوتبێ. لەو نامەیەدا سوپاسی خەسوی دەکا بۆ ئەو بەستە دیاریەی بۆیان ناردبوو، داوای لێ دەکا چیتر لێی خەرج نەکەن و خۆی پێوە ماندوو نەکە، دەڵێ:




پارەم لێ خەرج مەکەن چونکە ئێوە پێوسیتتانە، هەموو ئەوەی لێیان داوادەکا پلیتێکی پۆستی وێنەدارە، چونکە دەڵێ لێرە سروشتی (ینیسای) زۆر ناشیرنە چاوەکانمان هیچ نابینن جگە لەو سروشتە سەهۆلیە یەک رەنگیە نەبێ دەڵێ:

( لەم ولاتە نەفرەت لێکراوە... حەزێکی بێ بەها بەرۆکی گرتوم ئەویش بینینی هەندێک دیمەنی سروشتە تەنانەت ئەگەر ئەم دیمەنانە لەسەر کاغەزیش بن).

-----------------------------------------------------------

# بەشی پێنجەم

# ساڵی ١٩١٧

- ستالین کەلکی سەربازی نایەت.
- شۆڕشی شوبات.
- ئەنجومەنەکانی نوێنەرانی کرێکار و سەربازانی(سۆڤیەت).
- گەرانەوەی ستالین و کامنێڤ Kamenev لە ١٢ی ئادار بۆ پترسبۆرگ و نەهێشتنی ئەلیسا و بۆلشەڤیەکان بە فەرماندەیی مولوتوف و شلیا بنیکوف.
- گەڕانەوەی لینین لە ٣ی نیسان و بلاو کردنەوەی (پوختە نامەکانی نیسان).
- قەیران لە ناو حزبی کۆمۆنیست.
- ستالین پاشگەز دەبێتەوە و لایەنگری لینین دەکا.
- دوای هەڵبژاردنی وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ستالین خۆی بۆ کاری رێکخستن تەرخان دەکا.
- گۆڕانکاریەکانی شۆڕش.
- رۆڵی ستالین لە (رۆژانی تەموزدا).
- ستالین سوور دەبێ لەسەر ئەوەی لینین خۆی بشارێتەوە و سەرۆکایەتی کۆنگرەی شەشەمی حزب دەکا.
- ترۆتسکی دێتە ریز بۆلشەڤیەکان.
- یاخی بوونی جەنەرال کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov.
- بۆلشەڤیەکان زۆرینەی دەنگەکانی سۆڤیەت بەدەست دێنن.
- نەخشە شۆڕشگێڕیەکانی لینین.

- جیابوونەوە لە نێو کۆمیتەی ناوەندی.
- هەڵبژاردنی یەکەم مەکتەبی سیاسی لە ١٩ تشرینی یەکەم.
- هەڵوێستی ستالین لە کەسانی دژ و لایەنگرانی،راپەڕین .
- شۆڕشی ئۆکتۆبەر.
- ترۆتسکی و فەرماندەی راپەڕین.
- دورکەوتنەوەی ستالین لە فەرماندایەتی گشتی.
- کاری رۆژنامەگەریی لە پراڤدا.
- هێرش کردنە سەر ماکسیم گۆرکی: ( شۆڕش نابێ داخ بۆ مردوەکانی هەڵکێشێ و بیان نێژێ).

لە کۆتایی ساڵی ١٩١٦ شەڕ پێگەی حوکمی قەسیەریی هێنابوە لەرزین، پوختەی پیاوە روسەکان لە کەند و دۆڵەکان کەوتبوون و بە بەرەکانی شەڕەوە خەریک بوون، دۆخەکان بۆ خەرابی گەیشتبونە ئەو ئاستەی داوا لە دورخراوەکانی سیبیریا دەکرا بگەرێنەوە بۆ خزمەتی سەربازی، لە دوا رۆژەکانی ساڵ ژوگاشڤیلی Dzhugashvili (ستالین) کورایکا جێ دەهێڵێ بەرەو کراسنویارسک هەنگاو دەنێ بۆ ئامادە بوون لە بەردەم لیژنەی پزیشکی، بەهۆی کەم ئەندامی باڵی چەپیەوە، مارشالی داهاتوو بڕیاری ئەوەی لەسەر دەدرێ کە کەلکی سەربازی نایەت، لە شوباتی ١٩١٧ رێگەی پێدرا دوا رۆژەکان لە ماوەی حوکمی لە نزیک کراسنویارسک بەسەر ببات، بەڵام ئەم چەند رۆژانە دوا رۆژەکانی حوکمی تساری(قەیسەری) دەبن.

دوای هەفتەیەک گوێبیستی هەواڵی روخانی رژێمی کۆن بوون. بەبۆنەی یادی یەکشەمەی خوێناویی ١٩٠٥ خۆپیشاندان و راپەڕینێکی خۆرسک دەستیپێکرد لەم میانە سەربازگەکان لایەنگری هاولاتیانیان دەکرد، ئا ئەمەیە شۆڕش کە لە ناخی گەل هەڵدەقوڵێ، بەڵام کودەتایەک لە کۆشکی

ئیمپراتور روویدا بوە یاریدەدەری ئەم خۆپیشاندانە، بەشێک لە پیاوەکانی دەوروبەری کۆشک لەوانەی لایەنگری لیبرالیزم و لە چینی مامناوەند بوون بە هاوکاری دبلۆماسیەتی بەریتانی لە دژی قەیسەر بەم کارە هەلسان، ئەمەش بەو نیازەی روسیا زیاتر دەست والا دەبێ بۆ شەڕکردن دژی ئەلمانیا، ئەو کات دوی ئادار بوو، قەیسەر دەستی لە پۆستی ئیمپراتۆریەت کێشایەوە بۆ براگەورەکەی شازادە (میخائیل)، ئەوەندەی نەبرد ئەویش بۆ رۆژی دواتر دەستی لەکار کێشایەوە و ئیتر بەم جۆرە گشت وەزیرەکانی قەیسەر خۆیان لە زیندان بینیەوە، کاری پێکهێنانی حکومەتیان بە شازادە (لفوف) راسپارد کە مەیلی پادشایەتی لیبرالیستی هەبوو، لەم حکومەتە پرۆفیسۆر (ملیوکوف) پۆستی وەزیری دەرەوەی پێسپێردرا، کرنسکیAleksandr Kerenskiی کۆنە ئەندامی دومای چەپڕەو پۆستی وەزیری داد، گومان لە شەرعیەتی حکومەتدا هەبوو ، لەم میانە کۆنە ئەندامانی دومای هەلوەشاوە لەلایەن قەیسەرەوە، نیمچە پەرلەمانێکیان دامەزراند و سەرەڕای ئەو هەرایە ئەوان لە کارەکانی خۆیان بەردەوام بوون، ئەنجومەنی نوێنەرانی کرێکار و سەربازان(سۆڤیەت) لە پترسبۆرگ زوو پشتگیری و دانیان پێدانان ئەم ئەنجومەنە بە چەند رۆژێک بەر لە دەست لەکاربەردانی قەیسەر دامەزرابوو.

ئەندامانی (سۆڤیەت) لە کارگە و کارخانەکان و لەو یەکە سەربازیانەی لە دەوروبەری پایتەخت دێنە هەلبژاردن، بەلکو دواتر ئەم سۆڤیەتانە لە سەرجەم خاکی روسیا لە گوند و شارەکان دابمەزرێن، ئەم سۆڤیەتانە نوێنەرایەتی چینی نەجیبزادە و چینە بالاکانی تێدا نەبوو، ئەمە سیستەمی هەلبژاردنی ئەو سۆڤیەتانە بوو، ئەمە پەرلەمانی گەل بوو چینە بالاکان لەم مافە بێبەری کرابوون، بەهۆی نەبوونی دام و دەزگای شەرعی ئەم سۆڤیەتانە بالا دەسترین دەزگای حکومی بوون لە ١٩١٧. ئەندامانی ئەم سۆڤیەتانە بۆ ماوەیەکی دیار هەلنەدەبژێردران ئەوان هەر کاتەی پێویستی بکردبایە هەر ئەندامێکیان دەگۆری و یەکیکی تریان هەلدەبژارد، بەم شێوە ئەم سۆڤیەتانە بوونە خاوەن دەسەلاتێکی رەها و دەسەلاتی جێبەجێ کردن لە ولات، بەڵام بەهۆی ئەم فرەدەسەڵاتیەوە ناوبانگێکی خەراپیان وەرگرت، فەرمانەکانی سۆڤیەت لە کارگەو کارخانە و نێو سوپا و سەرجەم دەزگاکان جێبەجێ دەکرا حکومەت بۆی نەبوو دەست بخاتە پێشی، حکومەت ببوە دیلی دەستی سۆڤیەت، کێشەکانی نێوانیان بە نهێنی و بە ئاشکەرا ورده ورده سەریان هەلدا، ئەمە حالی هەر شۆڕشێکە لەگەڵ خۆیدا چەند کار و ئەنجامێکی نەرێنی دێنێ بەڵام بەهۆی ئەوەی گەل تا ئەوکات تامی خۆشی شۆڕشیان دەچێشت ئەوەیان لەبەر چاو نەبوو، هەر چەندە گەل ئازادیی وەدەست هێنا بەڵام لە دۆخێکی شەڕاویدا دەژیا.

دورخراوەکان لە سیبیریا دەستە دەستە دەگەرانەوە لە گوندەکان و لە رێگا بە ئاهەنگ گێران پێشوازیان لێ دەکرا، لە یەکێک لە گوندەکانی سیبیریا دەستەیەک لە سێکەس پێک هاتبون بروسکەیەک بۆ لینین لێدەدەن سلاو و ریزی برایانەی پێرادەگەیەنن ئەوانیش ( ستالین، کامنێڤ Kamenev، و نمایندە کۆنەکەی بۆلشەڤی مورانوف) دەبن. یادگاریە ناخۆشەکان لە ناوچوون، هەرسێکیان بە شەوقەوەن بۆ دیدەنی مامۆستاکەیان لە کاتژمێرە بەراییەکانی یەکەم ئازادی.

لە ١٢ی ئادار ستالین و هاورێیان دەگەنە پترسبۆرگ ئەوان وەکو سەرکردە مەزنەکانی حزب پێشوازیان لێ کرا، هەر چەندە سەرکردەکانی کۆچبەران هێشتا نەگەیشتبون، یەکێک لە نوسینگە کاتیەکانی سەربە کۆمیتەی ناوەندی لە ماوەی شۆرشی شوباتدا سەرپەرشتی رێکخستنەکانی پترسبۆرگیان کردبوو، ئەوانیش سێ گەنج دەبن (فیاشسلاف سکریابین- مولوتوف، بەشداربوو لە دەرکردنی رۆژنامەی پراڤدا بەر لە جەنگ، ئەسکەندەر شلیابنیکوف و بتروس زالوتسکی) دووەکانی دوایی کارمەندی بە توانا و چالاک بوون، ئەم سێ کەسانە هیچیان زانیاری تەواویان لەسەر نەخشە کێشانی سیاسی نەبوو کە بگونجێ لەگەڵ نهێنیەکانی شۆرش.

ئاژاوە کەوتە نێو حزب، بۆلشەڤیەکانی چەپرەو و راسترەو کێشەیان لە نێواندا هەبوو، هیچ لایەنێکیان ئەوەندە بە توانا نەبوون جلەوی حزب بە تەنیایی بگرنە دەست، سێ کەسەکەش نوێنەرایەتی چەپی بۆلشەڤیان دەکرد، لەوە رازی نەبوون کە مالوفی شازادە حکومەت پێک بێنێ، چونکە کەسانی بۆرژوای لیبرالیست بالا دەست دەبوون، لە سیاسەتی میانرەوەیی سۆڤیەتیش رازی نەبوون چونکە مەنشەڤیەکان و سۆسیالیستە کشتکاریەکان یا سۆسیالیستە شۆرشگێرەکان لە سەری زال بوون، لەم میانە گروپی سێکەسەکە دژی ئەو هەلوێستەی حکومەت وەستانەوە کە درێژەدان بوو بە شەر تا کۆتایی، هەروەها دژی هەلوێستی مەنشەڤیە ولات پەروەرەکان یا ( لایەنگرانی بەرگری) بوون، براڤدا کە مولوتوف سەرنوسەری بوو داوای لەکار لادانی شازادە لفوف و گواستنەوەی گشت دەسەلاتەکان بۆ سۆڤیەتی کرد.

بالی راسترەویش لە بۆلشەڤیەکان بە سەرپەرشتی فویتنیسکی پشتگیری شازادە لفوف ی دەکرد بۆ بەرگری و داوای یەکخستنی هەردوو بالەکەی بۆلشەڤی و مەنشەڤی دەکرد بە گەرانەوەی کامنێڤ Kamenev ەوە، ستالین بە هەستیاریەوە رێگەی گرتە بەر بە خۆ دورخستنەوە لە هەردوو بالەکەو بە هەولی لەیەک نزیک کردنەوەیان.

بە حوکمی کۆنایەتیی وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە ١٩١٢ ەوە ستالین هەلسا بە لەکارلادانی هەرسێ کەسەکەی پترسبۆرگ لە پۆستی فەرمانداری، بە هاوکاری کامنێڤ Kamenev خۆیان رۆژنامەی پراڤدایان گرتە ئەستۆ.

ستالین راستەو خۆو بۆ ماوەی سێ هەفتە بە کارایی سەرۆکایەتی حزبی کرد واتە تا ٣ی نیسان ئەو کاتەی لینین لە سویسراوە دەگەڕێتەوە ، هەردوو بالەکە بەهۆی مامناوەندی هەلوێستیەوە بە سەرۆاکایەتیی رازی بوون، ناوی لای کرێکارەکان هیچ مانایەکی نەدەبەخشی، وەکو یەکێک لە ئەندامانی خوارەوە بوو ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە شێوەی هاوڕێیانی لە ژێر ناوی خوازیارەوە کاریان دەکرد و دەهاتنە ناسین، ئەم خۆشاردنەوە بۆ کاری سیاسی و حزبیی بەسود بوو، کاتێکیش دوای چەند رۆژێک لە کۆبونەوەی لیژنەی جێبەجێ کردنی پترسبۆرگ دەردەکەوێ کەس بە شێوەیەکی تایبەتی بەخێر هاتنی ناکا جگە لە هەندێک لە کۆنە هاوڕێی مەنشەڤیی گورجیی نەبن، لە نمونەی شخایدزە کە ناوبانگێکی مەزنی هەبوو لە پایتەخت، لە لای باقی ئەندامانیش وەکو یەکیک لە سەربازە ونەکانی شۆڕش دەبیندرا.

گۆڕانێکی کەم نەبوو بەسەر سەرکردەکانی بۆلشەڤیدا هات، بۆلشەڤیەکان لەو کاتەوە بە شێوازێکی تر لە رۆژنامەی پراڤدا و لە کۆبونەوەکانی سۆڤیەتدا دەدوان، سەرەڕای ئەوەی وتارەکانی ستالین لە وتارەکانی کامنێڤ Kamenev چەپرەوانەتر بوون بەڵام بانگخوازی ئەم گۆڕانکاریە کامنێڤ Kamenev بوو.

دوای دوو رۆژ لە گەیشتنی ستالین وتارێکی کورتی لەسەر سۆڤیەتەکان نوسی تیایدا دەڵێ:
( سۆڤیەت هاوپەیمانێتی دوو چین بەرجەستە دەکا، ئەوانیش کرێکار و جوتیارن، بە پێی چەمکی بۆلشەڤیی کۆن ئەم هاوپەیمانیتیەی زامنی سەرکەوتنی کۆتایی شۆڕشە، بەڵام پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو چینە بە پێی پێویست یەکیان نەگرتبوو، کەوابێ ئەرکەکە بریتیە لە ( پشتگیری کردنی سۆڤیەتەکان ....یەکخستنیان لە ژێر سەرپەرشتی سۆڤیەتێکی مەرکەزی، بە ناساندنی وەکو دەزگایەک لە دەزگاکانی گەلی شۆڕشگێڕ)

ئەوەتا پاش گەرانەوەی لینین، پێش ئەو دروشمەش دەکەوێ کە لە سەر ئاستی بۆلشەڤیەکان بە یەکەمین دروشم دادەنرێ ( هەموو دەسەڵاتەکان بەدەستی سۆڤیەتەوە بن) بەم دروشمە بەرەو دژایەتی حکومەتی شازادە لفوف هەنگاوی نا، بەڵام ستالین لە رێبازەکەیدا هەمیشە دەست بە لایەنی ئەرێنیەوە گرتبوو، خۆی لە رەنگدانەوە نەرێنیەکان دەپاراست، بەرنامەکانی شۆڕشگێڕیی بەم شێوە کورت کردبوونەوە (زەوی بۆ جوتیار، پاراستنی کاری کرێکاران، حکومەتێکی دیموراسی بۆ سەرجەم هاولاتیانی روسیا) بە شێوازێکی تریش دەڵێ شۆڕش هەمیشە دژی دەرەبەگ دەمێنێتەوە بەڵام دژی سەرمایەدار نا، شۆڕش ( بۆرژوا و دیموکراسی) دەبێ نەک شۆڕشێکی سۆسیالیزم.
(دەربارەی جەنگ) ناونیشانی وتاری دووەمیەتی، ئەمیش بە هاوشێوەی هاوڕێیانی پێشوی.

به شێوەیەکی گشتی هەڵوێستەکان ناڕوون بوون، شەڕەکە سیمایەکی ئیمپریالیزمی هەبوو هەر بەم شێوەیەش مایەوە تا روخانی قەیسەر : (ئێمە دلنیاین کە ئاراستەی رووداوەکانی روسیا ئەوە دەسەلمێنن کە هاوارەکان دەڵێن ( ئازادی لە مەترسی دایە) هەلە بوون، چەواشەکاریەکان زوو پەردەیان لەسەر هەلدەمالدرێ و راستیەکان بۆ گەل روون دەبنەوە کە چۆن ئیمپریالیزم پەرستەکان هۆکاری بردنی روسیا بوون بەرەو تەنگەبەری).

ئەمە لاپەرەیەکە لە کتێبەکەی لینین، بەڵام دروشمی ( بروخێ جەنگ) دروشمێکی راست نەبوو چونکە بە پراکتیکی ئەو دروشمە بەرەو رێگایەکی داخراو دەچووو. دوای ئەم خۆپارێزیە ستالین پێشوازی لە بەیاننامەکەی پترسبۆرگ دەکا کە ئاراستەی گەلانی دونیا کرابوو، بەیاننامەکە نیمچە ئاشتیانە و نیمچە بەرگریانە بوو، بەڵام گومانی لەوەدا هەبوو کە ئامانجی کرێکارانی ولاتانی بەشداربوو لە جەنگ بێتە دی، دەبێ جوتیار و کرێکار و سەربازان فشار بخەنە سەر حکومەتەکانیان تا دانوستان بکەن بۆ وەستانی جەنگ. ئەم بانگەوازە وەکو ئەوە وابوو گرێبەستێکی بە جیا بۆ ئاشتی لە ئەلمانیا ببەسترێت. بەڵام نوسەر هانی حکومەتی کاتی دەدا کاتێک دەڵێ:

( دەبێ بە ئاشکەرا و لەبەر چاوی هەمووان کار لەگەڵ هێزە شەڕکەرەکان بکەن بۆ راگرتنی شەڕ و ئەنجامدانی دانوستان)

ئەگەر بمانەوێ ئەم دەقانە هەلسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە بیانۆکانی ستالین  لایەنگری ( دژە ئیمپریالیزم دەکا)، بەڵام نالێ بەرگریکاران لە مەنشەڤی و لیبرالیستەکان بە یەکسانی لە نیاز پاکیەوە ئەم هەلوێستەیان نواندوە، ئەم ئاماژە و دەستەواژە لە داهاتوو لینین گالتەی پێ دەکا.

دوای چەند رۆژێک ستالین تێبینی لەسەر لێدوانەکانی ملیوکۆفی وەزیری دەرەوە دەدا و دەڵێ:

( خوێنەرانی پراڤدا ئەوە دەزانن کە ئامانجەکانی شەڕ ئامانجی سەربازین، داگیر کردنی قوستەنتینیە، دەستگرتن بەسەر ئەرمینیا، دابەش کردنی نەمسا و تورکیا و داگیر کردنی باکوری ولاتی فارس)ە لە ئەنجام خوێنی سەربازانی روس لە مەیدانەکانی شەڕ نە لە پێناو نیشتمان نەلە پێناو ئازادی نارژێ، بەلکو لە پێناو داگیر کردنی خاکی بێگانە دەرژێ. وەزیری داد کرنسکی Aleksandr Kerenskiی چەپڕەو  رایگەیاند کە ملیوکوف دەربڕی بۆچونەکانی خۆیەتی نەک حکومەت، ستالین وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

( دوو گریمان هەیە، سێیەمی نیە، یا ئەوەتا کرنسکی Aleksandr Kerenski درۆ دەکا، یا دەبێ ملیوکوف دەست لەکار بکێشێتەوە) بە خەیالی کەس دانایە کە دوای سی ساڵ لەو مێژووە نوسەر هەمان هەلوێستی

ملیوکوف لە جەنگ دەگرێتە بەر و ملیوکوفیش لە سەر رایەخی مردن لە پاریس لە دورخراوەیی چەپلەی بۆ لێدەدا.

لە یەکێک لە نوسینەکانی ستالین کە یەک هەفتە بەسەر گەرانەوەی لە سیبیریادا تێنەپەریبوو، کورتە ئاماژەیەکە بە مەترسی لە ئەنجامەکانی شۆڕشە، ئەو کات درک بەو ناکۆکیانە دەکا کە لە نێوان سۆڤیەت و حکومەتی کاتی سەر هەلدەدا، خۆی شۆڕش دەبێ پشت بە پایتەخت و سۆڤیەتی پترسبۆرگەوە ببەستێ لە هەمان کاتیشدا حکومەتی کاتی بێ و سەرچاوەی هێزی لە گوندەکانەوە بێ. بەڵام ئەم جوت دەسەڵاتیە درێژەی نابی، حکومەتی کاتی نوێنەرایەتی بۆرژوای میانڕەو دەکا کە خۆی لە رەخنە گرتنی شۆڕش پاراستوە. ئەم جۆرە حکومەتانە دەبنە قەلغان بۆ بەرپەرچ دانەوەی دەرەبەگەکان و بەرگری لە شۆڕش بۆیە دەبێ شۆڕش مەیلی خۆی لەگەڵ ئەم جۆرە حکومەتە خۆشکا، دەبێ کرێکارەکان چەکدار بکرێن و لە ریز سوپای سوور رێک بخرێن . سوپا دەبێ لە نێوان شۆڕش و پەرچە کرداری دژەشۆڕش بوەستیت، بە هۆی زۆری پارچە پارچەیی و ناسەقامگیریەوە سۆڤیەت ناتوانێ لە حالەتی ئاوەرتە ( طوارئ) پشتی پێ ببەستێ، بۆیە دەبێ شۆڕش ئەنجومەنێکی دامەزراندن بە زەرور بزانی کە بۆ ئەو لە حکومەتی کاتی باشترە.

لە کۆتایی مانگی ئادار دوای روخانی قەیسەر،لە پترسبۆرگ یەکەم کۆنگرەی بۆلشەڤیەکان دەبەسترێ، کۆنگرە لە کۆشکێکی مەزن دەبەسترێ لە کۆشکە دەستبەسەردا گرتوەکانی ئاشقێکی قەیسەر بەناوی سەماکەری کۆشک ( کشیسینکسایا)، ئەم کۆشکە کرایە بارەگای گشتی بۆلشەڤیەکان، کۆنگرە لە دۆخێکی ئاژاوە و نا سەقامگیر بەسترا.

نوێنەران هەولیاندا سیاسەتێک لەسەر نەهجی بۆلشەڤیەکان بۆ شۆڕش دارێژن هەروەکو لینین بەر لە جەنگ رایگەیاندبوو، وا پێدەچووو مێژووو ستونەکانی دەسەڵاتدارانی هەژاندبوو چونکە وا دیاربوو بەرگەی ئەو رووداوانەیان نەگرتبێ.

وەکو بیری لێدەکرایەوە دەبوایە شۆڕشەکە شۆڕشێکی دیموکراسی و سۆسیالیزم بێ و ببێتە مایەی دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراسیی کرێکار و جوتیاران، نەک دکتاتۆریەتی چینی کرێکار. تا ئەوکاتیش هەموویان پابەندی ئەم دروشمە بوون چونکە کاتێک یەکێک لە گوتارخوێنەکان ئەم دەستەواژەی خستە خانەی لێکۆلینەوەو بە شێوازی گالتەجاری باسی لێوە کرد ئەوکات سەرۆکی کۆنگرە رێگەی پێنەدا گوتارەکەی تەواوکا، ئەم گریمانەش بوونە باو گوایە چینی لیبرالیستی مامناوەندی لە خۆشی و ناخۆشیدا پشتگیری لە رژێمی قەیسەر دەکا ، چینی کرێکاریش جلەوی رابەرایەتی راپەڕینێکی دیموکراسی دەگرێتە دەست ئەو کات

حکومەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی دادەمەزرێ بە هاوپەیمانێتی حزبە کرێکاری و جوتیاری و مارکسیستەکان تیایدا مارکسیستەکان رۆڵی سەرەکی دەگێرن.

بەڵام توێژی لیبرالیست و نەجیبزادە و چینی مامناوەند دەستبەرداری قەیسەر دەبن و خۆیان لە سەروی رژێمی کۆماری دەبیننەوە، لەم دۆخە وا پێدەچێ دیدی مەنشەڤی بۆ شۆڕش واقعبینانەتر بوونە لە دیدی بۆلشەڤیەکان، لەم حالەتەدا رۆڵی پرۆلیتاری سۆسیالست چی دەبێ؟ ئایا لە ریزی ئۆپۆزسیۆنی حکومەت دەمێننەوە پاسەوانی لە بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکاری پیشەسازکار بکەن هەروەکو مەنشەڤیەکان لە ١٩٠٥ پێشنیاریان کردبوو؟

وا دیارە مێژوو بەرەو دیدەکانی مەنشەڤی هەنگاو دەنێ، چونکە مەنشەڤیەکان مەیلی هاوپەیمانیان هەبوو لەگەڵ لیبرالیستەکانی چینی مامناوەندی. بۆلشەڤیە میانڕەوەکانیش داوایان لە حزبەکەی خۆیان دەکرد هاوکاریی مەرجداری حکومەتی لفوف بکەن.

توێژی توندڕەوەی ناو حزب بوونە دەنگێکی بێ مانا ئەوان پێیان وابوو: ( شۆڕشی دژی دەرەبەگ دوای سەرکەوتنیش بە یەکجارەکی بەردەوامیی نابێ، وێڕای نەمانی قەیسەریش لەسەر حوکم ئوروستوکرات تا ئێستاش لەسەر زەویەکانی روسیا بالا دەستە، دواتر هەرگیز ئەمە رونادا شازادە لفوف دەست بەسەر زەویەکانیاندا بگرێ و بەسەر جوتیاراندا دابەشکا، بۆیە تەنهاو تەنها چینی کرێکار بە هاوکاری و لە رێگەی سۆڤیەتەکانەوە دەتوانێ بە ئەرکی شۆڕشی کشتوکالی هەلسێ و ئەم ئەرکە جێ بەجێکا، ئەم دیدە باری کرێکارانی پیشەسازی قورستر دەکا، لە کاتێکا جوتیارەکان سودمەند دەبن ئەرکەکەش دەخرێتە ئەستوی کرێکاران بۆیە کارێکی قورسە کرێکار بڕوا و متمانە بەم سیاسەتە بکا، چونکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کرێکار بەشداربێ لە دەست بەسەرداگرتنی زەویەکانی مولکداران، گەر وابێ دەبێ دەستبەرداری دروشمە کۆنەکەی روسیا بن کە دەڵێ ( روسیا لە توانایدا نیە شۆڕشێکی سۆسیالیزم ئەنجام بدا)، دیارە لەم حالەتە هیچ لە خوێندکارانی لینین زاتی ئەوە ناکەن دەستکاری ئەم دروشمە مەبدەئیە بکەن، بۆیە بە بیانوی جۆراو جۆر لەگەڵ دروشمە کۆنەکە بەردەوام دەبن کە دەڵێ ( شۆڕش دژی دەرەبەگ و بەس)، بۆلشەڤیە میانڕەوەکان هیچ پاساوێک بۆ توندڕەوی نابینن، لە هەمان کاتیشدا توندڕەوەکانیش بوارێک بە گونجاو نابینن تا سۆزی شۆڕشگێڕیان لێ دەرخەن.

ماوەی یەک هەفتە ستالین زۆر بە هەستیاری سەرپەرشتی ئەم ناکۆکیانەی دەکرد، ئەو وەکو گوتەبێژی فەرمی کاتیی کۆمیتەی ناوەندی، لای ئەو ئەوەندە گرنگ نەبوو ئەم کێشەچارەسەر بکرێ بە قەدەر ئەوەی

مەبەستی بوو شێوازو دەستەواژەیەکی گونجاو بۆ ئەو ناکۆکیە بدۆزێتەوە و لێی دەرباز بێ بۆ ئەوەی لە بەرپرسیارێتی روودانی جیابونەوە دورکەوێتەوە. لە میانی ناساندنی بۆ هەردوو حکومەتەکەی لفوف و سۆڤیەت دەڵێ:

( ململانێ لە نێوان ئەم دوو حکومەتە هەیەو پێویستیشە هەر هەبێ، چونکە رۆڵەکان دابەش کراون، سۆڤیەت نوێنەری کرێکار و جوتیار و سەربازەکانە ئەوان دەستیان بە شۆڕش کردوە، سۆڤیەت رابەرو فەرماندەی شۆڕش و گەلە شۆڕشگێڕەکەیەتی، دەزگای چاودێری حکومەتی کاتیە. هەرکە حکومەتی کاتیە رۆڵی چەسپاندن و جێگیر کردنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی گێڕاوە، سۆڤیەت هێزەکان یەکدەخاو چاودێری دەکا، حکومەتی کاتیش کە راڕا و ناسەقامگیرە رۆڵی پتەوکردنی دەستکەوتەکانی گەل دەگێڕێ، ئەم جۆرە دۆخانە هەم ئەرێنی وهەم نەرێنیشیان هەیە، لە بەرژەوەندی ئێمەدا نیە پێش رووداوەکان بکەوین دژی توێژی بۆرژوا بین کە رۆژێک دێت دەستبەرداریان دەبین بەڵام ئەمرۆ نا. دەبێ ئێمە کات ببەینەوە ئەم توێژە لە خۆمان نەکەین و نەیانکەین بە دوژمن تا ئەوکاتەی پێکانمان بە تەواوەتی دەچەسپێن و خۆمان بۆ خەباتی دژی حکومەت ئامادە دەکەین.

بە پێی هەلومەرجەکان سەنتەری جەختکردنەوەی وتارەکانی دەگۆڕی، جارێک پێشنیاری ئەوە دەکا بە مەرج پشتگیری لە حکومەتی کاتی بکەین، جارێکیتر ئەم پشتگیریە بە باش نازانێ هەندێک جاریش لەم بۆچونانە رادەکا و دەڵێ نازانین چی باشە بۆ حکومەت بکەین یا نەیکەین، تا ئەو کاتەی دەزانین ئاخۆ حکومەت چی بۆ سۆڤیەت دەکا یان نایکا.

ناکۆکیەکی سێ سەرە لەسەر یەکخستن لەگەڵ مەنشەڤیەکان دروست دەبێ، توێژێک بەبێ مەرج پێی باشە یەکبخرێن، مولوتوف بە ناوی رادیکالیستەکان دژی ئەم بۆچونە وەستایەوە بە بیانوی ئەوەی دەبی ئەوانە دان بە بەرنامەکانی حزب بێنن ئەوسا لەگەڵیان یەک دەگرینەوە، لەوکاتەی ستالین داوا دەکا دەست بە دانوستان بکرێ لەگەڵ ئەوانە بێ دوا کەوتن لە سەر بنەمای قەبول کردنی ( بنەماکانی زیمرفالد و کینثال)، واتە ئەو بنەمایانەی لەو دوو کۆنگرەی ئەنتەرناسیونال کە لە سویسرا بەستران پەسند کرابوون، کە لینین پێ رازی نەببو چونکە بە دیدی ئەو گیانی شۆڕشگێڕیان تیادا نیە، ستالین گوێی بە نارەزاییەکانی مولوتوف نەدا، ووتی:

( نابێ ئەوەندە گوێ بە ناکۆکیەکان بدەین، حزبایەتی بێ ناکۆکی نابێ دەبێ ئەم وردە ناکۆکیانە تێپەر کەین)، چەپەکانیشیان بەوە رازی کرد گوایە دانوستانەکان یەکجارەکی نین هەولێکن بۆ ئەم بیرۆکە و ئەنجامەکانی

ناسەپێندرێن، بۆیە راستەوخۆ و دەستبەجێ دانوستانەکان دەستیان پێکرا بێ پچران تا ئەوکاتەی لینین دەگەڕێتەوە.

هەرکە لینین دەگەڕێتەوە، ستالین لە سەر سەکۆکان ون دەبێ و ئەو ماوەی چەند هەفتەیە بۆ ئەو بەس دەبێ تا تواناکانی خۆی دەرخا، ئەو لە ناو حزبدا بوو هی حزبیش بوو بە هەنگاو پێش حزب نەکەوت، بە میانڕەوی خۆی لە توندڕەوەکان دوور خستەوە و هەرچەندە ئەمە بۆ ئەو مایەی رارایی بوو بەڵام هەرچۆنێکی بێ پیادەی دەکرد، ئەم جۆرە سەرکردانە دەتوانن حزب لەم قالبە بەرجەستەکەن و لەگەل دۆخەکانی بگونجێن، ئەمەش بە خۆ دورخستنەوە لە توندڕەوی و هزری لابەلا و پیادەکردنی میانڕەوی بێ ئەوەی گیانێکی نوێ بە حزب ببەخشێ، بەم جۆرە شێوازە حزب دەمێنێ بەڵام هیچی نوێ پێشکەش ناکا تا شۆڕشێکی نوێ لە دایک بێ .

لە ٣ی نیسان لینین لەو گەشتە بەناوبانگەی بەناوی ( شەمەندەفەری داخراو) دەگەڕێتەوە پترسبۆرگ، لە رێگا بە ئەلمانیادا تێدەپەرێ ژمارەیەکی زۆر لە کرێکار ودەریاوان و سەربازان پێشوازیی لێ دەکەن، لە وێشەوە بە یاوەری کاروانیەکی زۆری خەلک ئاپۆریان دەگاتە وێستگەی شەمەندەفەر بە ئۆتۆمبێلێکی گولەبڕ، لینین لەم جۆرە مەراسیمانە بێزاری خۆی دەردەبرێ وادیارە پێی خۆش نەبووە ئەوەندە بایەخ بەم رێورەسمانە بدەن، ئەو بە شەوقەوە بوو بۆ دیدەنی هاوڕێیانی پەلەی دیدەنی ئەوانی بوو، کاتێک ئەم رێوڕەسمانە تەواو دەبن بە زنجیرە وتار دە بابەت بلاو دەکاتەوە تیایدا باس لە شەرعیەتی بۆلشەڤی و شۆڕش دەکا، دوای یەک رۆژ بە گەیشتنی ئەوکۆنگرە دەبەسترێ.

لایەنگرانی زۆر ئارەزومەندی یەکگرتنەوەی بالەکان بوون بۆیە پەلەیان بوو لە بەستنی ئەم کۆنگرە، بەڵام لینین بە وتارەکانی هەموویانی توشی شۆک کرد، وتی من لە گەشتەکەمدا بۆ روسیا چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد بە گەیشتنم بێن دەستگیرم کەن و بم بەن بۆ زیندانی پترسبۆرگ بەڵام پێم سەیرە دوژمنانی شۆڕش پێشوازیم لێ دەکەن ئەوانەی خیانەتیان لە شۆڕش دەکرد ئەمرۆ بوونەتە پێشوازیکەر لێم، نارێکیەک لە هەستی بەرگری لە روسیا هەیە هەروەکو لە دەرەوەش بوونی هەیە، بۆرژوا و مەنشەڤیەکان فێل لە پرۆلیتاریا دەکەن:

ئەوەی روسیا جیا دەکاتەوە ئەو گۆڕانکاریە بوو کە روسیای لە دۆخی شەڕانگێزیەکی درندانەوە گۆڕی بۆ رازاوەترین دۆخی چەواشەکاری و فرتو فێل.

ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی جەماوەر بەرەو بڕوابوون بە فەرمانڕەوا سەربازیەکان بکەن، نابێ بۆلشەڤیەکان هاوکاری بەرگریخوازان یا هاوشێوەیان بکەن، ئەرکی ئەوان لە میانەی شۆڕشی شوبات دامەزراندنی

دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە، چینی کرێکار جلەوی دەسەڵاتی لەدەستگرتب و بەڵام زۆر بە ئاسانی بۆ بەرژەوەندی بورژوا دەست بەرداری بوو ئەمەش چونکە خۆی نازانی چی دەکا، تەنانەت خەلکانی ئێمەش لە بۆلشەڤیەکان حکومەت لە باوەش دەگرن بڕوایان پێی هەیە ئەمە چۆن لێک دەدرێتەوە؟ ئەمە خواردنی دەمارەکانی شۆڕشە لە گۆڕانی سۆسیالیزمە، هاوڕێیان ئێوە حکومەتتان لە باوەش گرتوە، ئەگەر ئەوە ڕێبازتانە ئەوا ئەمە ڕێبازی من نیە، من بەم شێوەبێ لەگەڵ کەمینە دەمێنمەوە. یەک تاکەکەسی وەکو کارل لیبتختی فەرماندەی ئەلمانی کە دژی عەسکەرتاریە بۆ من لە سەرجەم مەنشەڤیەکان و سۆسیالیستە نیشتمان پەروەرەکان و بەرگریخوازەکان باشترە،( ئەگەر پشتگیری لیبنخت دەکەن و پەنجە بۆ بەرگریخوازان درێژ دەکەن، ئەمە خیانەتێکی راشکاوانەی ئینترناسیۆنالیزمە)

هەرچەندە لینین خۆی لە دەمەقاری دەپاراست بۆ ئەوەی دەرفەت بە لایەنگرانی بدا ئەوانەی چەواشەکراون و ڕێگەی راستیان لێ ونکراوە تا بەرۆکی خۆیان بە باشی ببینن و بگەرێنەوە سەر ڕێگاراستەک، باکی لەوە نەبوو، هێرشی دەکردە سەر پراڤدا ( پراڤدا داوای لە حکومەت کرد واز لە چاوتێبرینە بەرفراوانیەکانی بێنێ، داواکردن لە حکومەت دەست بەرداری نیازە فراوانخوازیەکانی بێنێ ئەمە هەلەیە، چەواشەکاریە، ئێستا کاتی داننانە بە هەلەکان، واز لە سلاو و بڕیارەکان بێنن کات کاتی کارە).

لینین داوای دەسەڵات گرتنەدەستی بۆ بۆلشەڤیەکان نەدەکرد چونکە ئەوکات لە سۆڤیەتەکان کەمینە بوون، هێشتا نەبوونەتە زۆرینە دەبێ بە هەناسەیەکی درێژ کار لەسەر رونکردنەوەی سیاسەتەکانیان بکەن تا ئەو کاتەی گەل دەکەوێتە ئەو بڕوایەی پێویستی بە شۆڕشێکی نوێ هەیە، تا ئەوکاتیش دەبێ بەو خەلکە رابگەیەنن کە ئامانجیان کۆمارێکی پەرلەمانی نیە بەلکو کۆمارێکی سۆڤیەتیە، دەبێ سوپا و پۆلیس هەلوەشێتەوە بە سیستەمی ئیدارەشەوە. (جوتیارەکان زەویان دەوێ.. بەڵام داوای ڕێگە پێدان لە ئێوە ناکەن خۆیان دەست بەسەر زەویەکانی مولکدارەکاندا دەگرن و بۆ خۆیان دەیگێرنەوە)، ئەمە هەموو فەرمانەکە نیە .

شۆڕش گەیشتۆتە قۆناغی سۆسیالیزم، دەبێ بانکەکان یەک بخرێن لە نێو بانکێکی نیشتمانی و لە ژێر چاودێری و بەڕێوە بردنی سۆڤیەتدا بن، ناکرێ وا بە خێرا پیشەسازیەکانی لەگەڵ یەکخەن، تەنها دەکرێ بەرهەمەکان و دابەشکردنیان لە ژێر فەرمانی کرێکاراندا بێ، ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بەرنامەکانی حزب هەموار بکرێتەوە تا ئەوکاتەی ناوەکە دەگۆردرێ من پێشنیار دەکەم ناوی ببێتە (حزبی کۆمۆنیست).. زۆربەی سۆسیال دیموکراتە فەرمیەکان خیانەتیان لە سۆسیالیزم کرد.. ئایا لەوە دەترسن خۆتان لە بیرەوەریەکانتان بگۆڕن؟ بەڵام بۆ ئەوەی کراسێکی خاوێن بکەینە بەر دەبێ کراسە کۆنەکە لەبەر کەینەوە.

ئەم بابەتەی دواییی پێش ڕاگەیاندنی ئەنتەرناسیونالیستی سێیەم کەوتوە. بەم دەستەواژە کۆتایی بە وتارەکەی دێنی (لە بڕیارەکانم دودل نابم ئەگەر هاوڕێیانم لەگەڵم نەهاتن..بە تەنیا هەنگاوەکان دەنێم وەکو لیبنخت لە ئەڵمانیا و دژی ئەوان خەبات بکەم پێم باشترە، چونکە دلنیام دوارۆژ بۆ ئێمەیە).

بە هەلکەوت یەک لە نوسەران کە سەربە بۆلشەڤیەکان نابێ لەو کۆنگرە ئامادە دەبێ و لەم بارەیەوە لەسەر لینین دەنوسێ:

( هەرگیز ئەو گوتارەی لە شێوەی بروسک لەبیر ناکەم وەکو هەورەتریشقە هەمووماني تەزاند، من کافرێک بووم بە هەلکەوت لەوێ ئامادە ببوم، بەڵام ئەمە سەبارەت بە ئیماندارەکانیش هەمان شێوە بوو، کەس لەو مەزندەدا نەبوو ئەمە رووبدا، بەم وتارە وا هەستم دەکرد دەمارەکان لە جەستەم دێنەدەر، دەستی لە هیچ نەدەپاراست بە گورو تینێک و بڕوا بەخۆ بوونەوە هەلس و کەوتی دەکرد بەسەر خوێندکارەکاندا دەگەڕا لەم کۆشکەی چیسینسکایا لەم کونج بۆ ئەو کونج دەگەڕا.)

لینین بە درێژایی ئەو رۆژانە لە هەڵمەتەکەی بەردەوام دەبێ، کامنێڤ Kamenev و کالینین و هەندێکی تر دژی وەستانەوە، بە شێوازی کۆن و چەمکی بەسەرچوو رووبەڕووی بوونەوە، ئەو دوپاتی ئەوەی دەکردەوە کە روسیا نەبۆ دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا نەبۆ سۆسیالیزم پێ نەگەیوە، بەرپەرچی توندی کۆنە بۆلشەڤیەکانی دەدایەوە کە رۆلێکی خەراپیان لە بۆنەکانی مێژقو گێراوە چونکە ئەوان بە شێوەیەکی کۆنەپەرستانە دەستیان بە شێوازە کۆنەکەوە گرتوە، لە جیات ئەوەی پشت بە ئەزمونە نویکان ببەستن، لە شێوازە کۆنەکە بەردەوامن، وتی ئەگەر بە تەنیا و بەدەر لە ئەوروپا سەیری روسیا بکەین ماویەتی بۆ ئەوەی پێبگا بۆ پیادە کردنی سۆسیالیزم، بەڵام باقی ئەوروپا پێگەییوە، روسیا دەبێ بەرِوی سۆسیالیزمی ئەوروپیدا بکرێتەوە. دوای چەند رۆژێک لە دیالۆگ و گوتوبێژ لینین دەتوانێ زۆربەیان بەلای بۆچونەکانیدا بکێشێ.

ئیتر یەکێک لە راستڕەوەکان بڕیاری جیابونەوە لە حزب دەدا ، ئەوانیش بە پیلانگێری دەدەنە قەلەم و بە باکونینی نوێی دەدەنە ناسین ( باکونین رابەرایەتی ئاژاوەگێرانی دەکرد لە ئەنتەرناسیونالیستی یەکەم) ئەو توێژەی رادیکالیست کە مولوتوف و شلیا بنیکون هەولیان دەدا بە ناوی ئەوان قسە بکەن و هەلوێستەکانیان ناشیرن بکەن، هەلوێستیان دەگۆردرێ و برِوا بە رێباز و دیدەکانی لینین دێنن.



باکۆنین Michail Bakoenin

ئێستا ئەو چوارچیوەی شۆڕشی دیموکراسی کە هەوڵی بڕینیان دەدا لەلایەن حزبەوە پشتگیری لێدەکرێ هەرچەندە بە دلەڕاوکێوە ئەم هەلوێستە دەنوێندرێ بەڵام ئێستا ئەم چوارچیوە بە پالپشتی حزب شکێندرا، کودەتاکەی لینین بە شێوەیەکی سەرسوڕمان سەرکەوتنی بەدەست هێنا، دیارە ئەم سەرکەوتنەش لە ئەنجامی بە جێ گەیاندنی داواکاریەکانی ناو حزب بووە چونکە ڕێگەی بۆ هاوڕێیانی روناک کرد و ئومێد و گرەوی مەنشەڤی و ناحەزانی لەسەر نەزۆک بوونی ئەزموونی، شکست پێ هێنا، پێیان وابوو دوور کەوتنەوەی ئەو ماوە درێژە لە روسیا بۆتە هۆی ئەوەی لینین لە واقعی روسیا ناشارەزا بێ بەڵام ئەم بۆچونە وا دەرنەچوو، ئەوەندەیان پێ ما ئومێد بخوازن کە حزب بگەڕێتەوە سیاسەتی میانڕەویی بەر لە هاتنی لینین.

لە میانی راپەڕینی ئوکتۆبەر ناکۆکیەکانی نێوان لینینیستە کۆن و نوێکان خەریک بوو بەیەکدا بتەقنەوە، ئەم ناکۆکیانە جارێکیتر کاتی کۆچی دوایی لینین سەرهەڵدەدەنەوە و بۆ جێگرەوەی دەبنە کێشە و گرفت، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی مانگی نیسان بۆلشەڤیەکان ئەو ترسەیان بڕی کە بەرەو شۆڕشی دووەم هەنگاوی دەنا.

بەو کۆمەڵە پاساوەی لینین بەسەر یاوەرانیدا باراندن ستالینی پێ بێدەنگ کرد، ئەمەش یەکەم جار نیە کە لە ئەنجامی ئەو هێرشانەی مامۆستاکەی وشیاری دەبێتەوە و لێی بە ئاگا دەبێ، بەڵام لە توانای ئەودا نیە لینین بە بێ ئەقل ناو ببا چونکە ئەو بای ئەوەندەی لێ بینیوە تا لەم ناو زراندنەی بەدوورخاتەوە، بۆ ئەو باش نیە هەموو جارێک دوای وتە هەلەق و بەلەقەکانی مامۆستا سیاسیەکەی بکەوێ، لەم میانە گومانی لەسەر واقعبینانەی لینین پەیدا کرد، دواتر نابێ ئەم پرسە تەنها پرسێک بێ و بەس مادام لینین بە بڕواوە بەرگریی لێ دەکا دەبێ لە راستی نزیک بێ، لە ژێرەوەش چاوپۆشی و بێدەنگیی لە هێرشەکانی لینین بۆ سەر پراڤدا کرد، هەرچەندە ئەمە خۆی وەکو سوکایەتیکردنێک دەنواند چونکە هێرشەکان ئەمیشی دەگرتەوە، دیارە

ماوەیەکی کەمیش نەبووە لینین وەکو سەرۆکی حزب رووبەڕووی گەلێک رەخنە دەبێتەوە، پاش ئەوەی بڕیار دەدا کە وەلامیان نەداتەوە، بەهەرحال ئەو لەوکەسانە نەبوو سازش لەگەڵ کەسانێکی لە نمونەی کامنێڤ Kamenev دا بکا.

هەلویستی لە نێوان سازشکاران و رادیکالیستەکان بە یەک مەسافە دێت و دەچی بە شێوەیەک دەتوانێ پشتگیری بۆچونەکانی لینین بکا بێئەوەی هیچ لەدەست بدا، دەبێ ئەوانە رسوا بکا کە سەرکردایەتی حزبیان دەکرد لە کاتی ئامادە نەبوونی لینین چونکە بە نەخشە نوێکە رازین.

ستالین وەکو سەرنوسەری پراڤدا مایەوە و هاوکاری لینینی کرد بۆ گونجان لەگەڵ دۆخە نوێکە، کاتێک دە رۆژێک بەسەر بلاو بوونەوەی پوختەنامەکانی نیسانیدا تێدەپەرێ، ستالین لەسەر لاپەرەی رۆژنامەی پراڤدا پشتگیری خۆی بۆ لینین رادەگەیەنێ.

سەروتاری رۆژنامەکە بەم مانشێتە دەرچوو ( زەوی بۆ جوتیاران) و بە ناوی خۆی واژۆی لەسەر کردبوو، ئەمە لە کاتێکا وەزیری کشتوکاڵ شینگاریف ئەوسا بڕیاری دابوو رێگە لە جوتیاران بگرێ دەست بەسەر زەویەکانی مولکداراندا بگرن کە لە ترسی تیرۆر و دۆخی نالەباری گوندەکان باریان کردۆتە شار و زێدی خۆیان جێهشتووە، داواشی لە وەزیری جوتیاران کردبوو هەلوەستەیەک بکا تا ئەوکاتەی کۆمەڵەی دامەزراندن یاسای نوێی چاکسازی کشتوکاڵی دەردەکا. لینین لەسەر ئەم بڕیارە دەڵێ:

( بەهۆی ئەوەی تا ئێستا کاتی بەستنی دانیشتنی کۆمەڵەی دامەزراندن دیار نیە، لە کاتێکدا حکومەتی کاتی خۆی ئەم وادەیە دوا دەخا، بۆیە دەبێ ئەم زەویانە بێ چاندن بمێننەوە و هەر لە دەستی مولکدارەکان بمێنن و جوتیارەکانیش لە چاوەڕوانیدا بن و جوتیار و سەربازەکانی روسیاش بێ نان بمێننەوە) .

لەم روانگەیەوە ستالین: ( داوای لە جوتیارەکان کرد خۆیان دادپەروەری پیادە بکەن، ئەمەش بە پێکهێنانی لێژنەیەک لە جوتیارەکان بۆئەوەی زەویەکان بە رێکوپێکی بکێلن و بچێنن بێ فەرمانی پێشوەخت و بێ گوێدانە فەرمانەکانی وەزیری کۆنەپەرست کە تەگەرە دەخاتە پێش رەوڕەوەی شۆڕش) بەر لە چەند رۆژێک وتبووی بۆلشەڤیەکان نابێ پێش رووداوەکان بکەون چونکە ئەمە دەبێتە مایەی دوورکەوتنەوەی بۆرژوا پێشکەوتووەکان.

ئەوەتا ئێستا خۆی پێشێلی ئەم بڕیارەی دەکاو بە بۆچونێکی خەیالی و کۆنەپەرستی دەزانێ، دەڵێ کاروانی شۆڕش ئەوانە گەسک دەدا هەر وەکو خاشاک رایان دەماڵی، مەبەستی (بورژوا پێشکەوتوەکان)ە . بەر لە چەند رۆژێکیش گومانی لە کرێکارانی رۆژئاوای ئەوروپا کرد کە وەلامی پرۆپاگەندەکانی دژی شەڕ دەدەنەوە، بەڵام ئەوەتا لە بۆنەی یەکی ئایار دەنوسێ و دەڵێ:

( بروسکی شۆڕشی روسی کرێکارانی رۆژئاوای بەخەبەر هێنا، زەوی لە ژێر پای سەرمایەدارە دزەکان دەسوتێ، ئالای ئینترناسیۆنالیستی سوور دووبارە لە ئەوروپا دەشەکێتەوە. خەونی یەکگرتنەوە لەگەڵ سۆسیالیستە میانڕەوەکان لەناوچوو، چونکە ئەوان لە شۆڕش ماندو بوونە ( ئەوانەی لە شۆڕشدا پشوو دەدەن، لە سواربونا دوادەکەون، شۆڕش ئەو کەسانە فرێ دەداتە سەربازگەی دژەشۆڕش).

لە کۆتایی مانگی نیسان کۆنگرەی نیشتمانی بۆلشەڤیەکان دەبەسترێ، لێژنەیەکی نوێی مەرکەزیان لە نۆ ئەندام پێکهێنا لەوانە، لینین و زینوڤییف Zinoviev و ستالین و سفیردولف، ئەمە یەکەمین جارە بە ئاشکەرا دوای دەنگێکی زۆر ستالین لە پۆستی سەرکردایەتی جێگیر دەکرێ، ئێستا کەسێکی ناسراوە لە نێو کادرانی حزب، بەڵام هێشتا لای ئەندامانی دەرەوە ناناسرێ، داوای لێکرا راپۆرتێک بداتە کۆنگرە لەسەر پرسی نەتەوەکان، ئەوکات حکومەتی کاتی لە کێشەدا بوو لەگەڵ ئەوانەی بۆ جیابونەوەی فینلەندا لە روسیا کاریان دەکرد، لەم رووەوە ستالین وتی:

( ناکرێ پرۆسەیەک پشتگوێ بخەین، مەبەستی بەزۆر لکاندنی نەتەوەیەک بێ بە نەتەوەیەکی تر) ئەگەر ئێمە ئەوەمان کرد ئەوا تەواوکەری سیاسەتەکانی تساری (قەیسەرین) دەبین، هەروەها دەڵێ:

من وەکو گورجیەک نامەوێ قەوقاس لە روسیا جیا بێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمە نیاز و داخوازی گەلی قەوقاس بێ کەس ناتوانێ دیوارێک لە نێوان ئەوان و روسیا دروست بکا، کاتێک فیلیکس دزرجنسکیی بە رەگەز پۆلۆنی، دامەزرێنەری پۆلیسی نهێنیی بۆلشەڤی دژی ئەم بۆچونەی وەستایەوە ووتی:

کەوابێ ئاواتی هەموو نەتەوەیەک سەربەخۆیی و جیا بوونەوەیە، ستالین وەلامی دایەوە:

( باشە مەگەر خەباتی ئێرلەندیەکان دژی ئینگلیزەکان بۆ جیابونەوە خەباتێکی شۆڕشگێڕانە نیە؟) ئەم پرسە زۆر گرنگە چونکە پەیوەندیی بە چارەنوسی نەتەوەکانەوە هەیە، (بە پیر بانگەوازی گەلانەوە چوون واتە بەستنی پردی پەیوەندیەکان لە نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا) و مسۆگەر کردنی پشتگیریەکی باشیشە لە رۆژهەلاتەوە بۆ شۆڕشی سۆسیالیزم لە ئەوروپا. سەرنوسەری پراڤدا وەکو یەکەم بسپۆر ناوو ناوبانگی دەچەسپێنێ.

لەوکاتدا بۆلشەڤیەکان لە هەلکشاندا بوون ئەو ١٣٠ نوێنەرەی لە کۆنگرە ئامادە ببون نوێنەرایەتی ٧٦٠٠٠ ئەندامیان دەکرد( لەکاتێکا ئەندامانی حزب بەر لە شۆڕشی شوبات ژمارەیان نەگەیشتبوە ٣٠٠٠٠) دیارە هێشتا ئەمانە تەنها دەستەیەکی کەمی پیاوەکانن، لە پەرلەمانی ئاسایی سەنگێکی ئاوەهایان نیە، بەڵام پێوەری کۆمەڵایەتی و سیاسیی شۆڕش بەم شێوە ناپیورێ چونکە ئەم دەستە کەسە لە بۆلشەڤیەکان نوخبەیەکن لە کەسانی وشیار و چالاکی حزب، بە هێلکاریەکی پتەو بەیەک بەستراونەتەوە کە پێی دەوترێ رێکخستنەکانی حزب و لە شوێنی هەستیار کار دەکەن لە کارگە و کارخانەکانا لە سوپا و سۆڤیەتەکانا زۆربەشیان کەسانی سەندیکایی بوون خاوەنی پێگەیەکی بەربڵاوی جەماوەری بوون لە نێو توێژی کرێکار و سوپا.

ئەوان هاندەر و پێشڕەوی شۆڕش بوون کە ئاپۆری جەماوەریی هێزەکانی سیاسی و سەربازی بەدوایاندا رادەکا، دەزگای سۆڤیەت لە روسیا وەکو دەزگایەکی یەکگرتوو کاری دەکرد، لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەیان لە هەلبژاردنە فەرعیەکان، ژمارەیان لە رێژەیان زیاتر دەبوو، بەهۆی زیاد بوونی ئەم ژمارە لە ئەندامانی دەبوایە یەکێک لە کۆمیتەی ناوەندی تەرخان بکرێ بۆ هەماهەنگی و سەرپەرشتی و ئاراستە کردنیان و پێدانی فەرمان و رێنماکانی حزب، بۆ ئەم کارە قورسە ستالین و دلوف رادەسپێردرێن.

بەهۆی ئەوەی کەرتی گواستنەوە دروست ببوو ئەو دۆخە نوێیەی لە پترسبورگ سەری هەلدابوو کە بە سەنتەری شۆڕش دەهاتە ئەژمار، ئاسان نەبوو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سەردانی لقەکانی حزب بکەن، بەڵام ناوە ناوە نێردەی حزب دەبوایە سەردانی پایتەخت بکا بۆ ئامادەبونی کۆنگرە و کۆبونەوەکانی لیژنەی سوپا یا بەشداریکردن لە ڤیستیڤالەکانی سەندیکای جوتیاران، کۆمیتەی ناوەندی سودی لەم بەیەکگەیشتنی ئەندامەکانی دەکرد لە ئامادە بوونیان لەم بۆنانە بۆ پێدانی رێنما و ئاگادار بوون لە چالاکیەکانیان، ئەم چالاکیانە لە کۆشکی کیشینسکایا بارەگای گشتی حزب یا لە کۆشکی تەورید بارەگای سۆڤیەتەکانی پترسبۆرگ ئەنجام دەدران و لینین و زینوڤییف Zinoviev و کامنیێف Kamenev سەرپەرشتی ئەو دانیشتنانەیان دەکردو لە سەر سەکۆکە بە وتار چالاکیەکانیان دەبردن بەڕێوە، لەولاشەوە ستالین و سفیردلوف بە نهێنی چاودێری بۆلشەڤیەکانیان دەکرد، ئەوان وەکو ئەندامێکی سادەی خوارەوە هەلسو کەوتیان دەکرد بەڵام کاتێک بڕیاریان دەدا وەکو سەرکردەیەک بڕیارپان دەردەکرد، ئەو کەسەی لینین رایدەسپێرێ دەبێ بەم شێوە بە وردی کارەکان جێبەجێ بکا، کارەکانی نابێ هەر لە چوارچیوەی کارە نهێنیەکان بمێنێتەوە بەلکو دەبێ لە نیو جەماوەریش بە ئاشکەرا کارەکانی ئەنجام بدا، بەڵام بەهۆی سروشتی کارەکەی هەروەکو جاران رۆڵی بە شاراوە مایەوە ، بەم هۆیەوە نەبووە خاوەن پێگەو جەماوەرێکی زۆر.

لەم کاتە بۆلشەڤیەکان بوونە خاوەنی سەرکردەیەکی جەماوەری بەناوی لیون ترۆتسکی، کە بەهۆی گوتارە شۆڕشگێڕی و بوێریەکانی و بزێوی خۆی توانیی تواناکانی بەرز نیشانبدا و بەر ئەو کەسانە بکەوێ کە ڕۆژانە لەسەر سەکۆی سۆڤیەتەکانی پترسبۆرگ گوتاریان دەخوێنەوە.

ترۆتسکی دوای مانگێک لە گەڕانەوەی لینین، لە گرتوخانەکەیەوە لە کەنەدا گەڕابۆوە ڕوسیا، زۆر حەزی لێ بوو بۆلشەڤیەکان دەستی هەماهەنگیی بۆ درێژکەن، جەنگ هەندێک لە بۆچونەکانی گۆڕیبون، دەستبەرداری پرۆژەکەی ببوو کە داوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی بۆلشەڤی و مەنشەڤیی دەکرد. پێ وابوو شۆڕش مەنشەڤیەکان بەرەو چەپڕەوی دەبا بەم شێوەش بۆلشەڤیەکان ئازاد دەبن و بۆ دواجار لەیەک دادەبڕێن، بەڵام بە پێچەوانە بۆچونەکانی ڕاست دەرنەچون کاتێک بینیی مەنشەڤیەکان بەرەو دەستبەرداری بەرگریخوازان دەبن و بەرەو ڕاستڕەوی هەنگاو دەنێن، هەروەها پێی وابووە بۆلشەڤیەکان دوای ئەوەی لە دونیای خوارەوە دەردەچن زیاتر دەکرێنەوە بۆیە ئێستا ئامادەیە کە دان بە لینیندا بنێ، پێ وابو ئەو(لینین) لەسەر هەق بووە نەک خۆی، ناکۆکیەکانی لەگەڵ لینین لەسەر چۆنێتی بەڕێوە بردنی حزب و شۆڕشبووە پرەنسیپەکان هۆکاری ئەوە بوون دان بە ڕاستیەکانی لینین بنێ بۆیە بیری لەوە کردەوە کە دامەزرێنەری بۆلشەڤی ئەو بیرۆکەو ڕێنماییانەی لە پوختەنامەکانی نیسان دیاری کردبوو دەمێک بوو لە بەرنامەی دانابوو، ئەمەش هەمان ئەو هزرو بیرکردنەوانە بوون کە ترۆتسکی بڕوای پێبو، دەیوت دەبێ ڕوسیا بەرەو دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەرین، بۆیە ئاساییە کاتێک بۆلشەڤیە کۆنەکان بەم وەرچەرخانە توشی سەرسوڕمان دەبن و لینین بەرەو بۆچونەکانی ترۆتسکی دەخزێتە خوار.

ترۆتسکی لە پترسبۆرگ سەرپەرشتی کۆمەڵێک لە بەهرەمەند و بەتوانای کارای سۆسیالیستی دەکرد بەناوی ( میزرا یونتسی) واتە (ڕێکخراوی گەڕەک بە گەڕەک)، لە مانگی تەموز دەچێتە ڕیز حزبی بۆلشەڤیەوە. خەلکانێک لەم ڕێکخراوە بوون لە نمونەی( لونا چارسکی) کۆمیسەری فێرکاریی داهاتوو، (بوکروفسکی) مێژوونوسە مەزنەکە، (ریاز ئانوف) نوسەری ژیاننامەی مارکس و چەند دبلۆماتکارێک وەکو، مانیولسکی، یافا، کاراخان، یورینییف، و هیتر. بەر لە یەکگرتنەوەی ئەم دوو ڕێکخراوە لینین و ترۆتسکی لەدەرەوە بەناوی بۆلشەڤی لێدوانیان دەداو هاوکاری یەکتریان دەکرد . لەم میانە چەندین سەرکردە لە ئەوروپا لەم بوارە هاتنە ناسین و دەناسران وەکو ڕۆبسپیر و سان جوست کە ئەوسا زوومەکە لەسەر ئەوان بووچونکە ستالین لە ژوورە تاریکەکان چالاکیی دەنواند بەو هۆیەوە نەناسرا و بوو.

لە مانگی ئایار و حوزەیران کێبڕکێی شۆڕشگێڕی لە پترسبۆرگ بەرز دەبێتەوە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی پایتەخت حزبەکەی میلیکوف (دیموکراتە دەستورخوازەکان) (کادیت) حزبی دەسەڵاتدار لە حکومەت ڕسوا

دەبن، سۆسیالیستە میانڕەوەکان نیوەی دەنگەکان وەدەست دێنن، دەنگەکانی تر بۆ هەردوو حزبە توندڕەوەکەی (کادیت و بۆلشەڤی) بوو، هەردووکیان وەکو دوو حزبی کەمینەی بەهێز دەرکەوتن. لە جیاتی حکومەتی کادیت حکومەتێکی هاوپەیمانی لە کادیت و بۆلشەڤی و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان پێکدێت، بەڵام حکومەت لە هەولەکانیدا بۆ دەست گرتن بەسەر پایتەخت سەرکەوتوو نابێ، بۆلشەڤیەکان لە پترسبۆرگ و نێوەندی کرێکار و سوپا بالادەست بوون، ئەوان داوای ئاشتیان دەکرد بەڵام هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی روسیا دەنگیان بەرز دەکردەوە بۆ بەشداریکردن لە جەنگ و هێرش بردنە سەر ئەڵمانیا، بۆلشەڤیەکان پێشوازیان لە هاوپەیمانێتیە نوێکە کرد وەکو ستراتیژ لەگەڵیان هاورابوون بەڵام لە ئەرکە تەکتیکیەکاندا جیاواز بوون بۆیە نەیانتوانی درێژە بەم هاوپەیمانێتیە بدەن، کاریان بۆ روخانی حکومەت کرد، چونکە ئەوان ئەو راستیەیان دەزانی کە چینی کرێکار وا تێگەیشتوە حزبە سۆسیالیستەکان لە حوکمڕانی بەشدارن، ئەمە یەکەم جارە لە روسیا رودەدا، لە هەمان کاتدا چینی کرێکار گومانی لە حزبی کادێت هەبوو حزبی چینی مامناوەندی کە مەزنترین فراکسیۆنی لە نێو حکومەت پێک دەهێنا، بۆیە لینین فشاری خستە سەر سۆسیالیستە میانڕەوەکان تا حکومەت بروخێنن و بەیەکەوە حکومەتێکی هاوپەیمانی دامەزرێنن بە پشت بەستن بە سۆڤیەتەکان.

لە دەوروبەری پایتەختی سوور هاندەرە بۆلشەڤیەکان دوو دروشمیان بەرز کردەوە ( بروخێ دە وەزیرە سەرمایەدارەکە) و (هەموو دەسەڵاتەکان بۆ سۆڤیەتەکانە)، دروشمی یەکەم دلی بۆلشەڤیەکان و مەنشەڤیەکانی ئاو دەدا، بەڵام گواستنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ سۆڤیەت ئەمەش نیمچە داواکاریەکە تا سۆسیالیستە میانرەوەکان دەسەڵات بگرنە دەست، چونکە لە سۆڤیەتەکان ئەوان زۆرینەی دەنگەکانیان هەبوو، بەم شێوە ئەم دروشمە دلی مەنشەڤیەکانی خۆش کرد بۆیە لە مانگی ئایار و حوزەیران بە کۆمەل کرێکارە مەنشەڤیەکان دەچووونە ریز بۆلشەڤیەکانەوە، لە هەژدەی حوزەیران نزیکەی نیوملیۆن کرێکار و سەرباز رژانە شەقامەکانی پایتەخت کە هەموویان جەماوەری مەنشەڤیەکان بوون بەڵام زۆربەی دروشمی لافیتەکان بۆلشەڤی بوون، ئەوکات یەکەم کۆنگەرەی سۆڤیەتیی روسی لە ئانوساتیدا بوو بۆ بەستنی، بەهۆی کەمی ژمارەیانەوە بۆلشەڤیەکان لە توانایاندا نەبوو لە پایتەخت کار بکەنە سەر بڕیار و دەنگەکان.

لە کۆنگرەکە رووداوێکی مەزن روویدا، لەوکاتەی وەزیرێکی سۆسیالیست پاساوی بۆ حکومەت دەهێنایەوە کە باشترە حکومەت لە چەند لایەنێک پێک بێت، ووتی هیچ حزبێک بە تەنیایی ناتوانێ چارەسەری ئەم پەرتەوازەیی و ئاژاوە بکا کە لە ئەنجامی شەڕو جەنگا بۆمان ماوەتەوە، لینین لەوکاتەیدا لە نێو هۆڵەکە دانیشتبو وتەی پێ دەبڕێ و بە دەنگێکی بەرز و تورەییەوە دەڵێ:

حزبەکەمان ئامادەیە بە تەنیا دەسەڵات بگرێتە دەستو چارەسەری ئەم کێشانەش بکا.

هەرچەندە ئەوکات ئامادەبوان پێکەنینیان بە وتەکانی لینین دەهات، بەڵام لە دەرەوە ڕێپێوانەکان پشتگیریان بۆ ئەم گوتەیە ڕاگەیاندو پێداگریان لێ کرد.

لە راستیشدا بۆلشەڤیەکان ئامادە نەکرابوون تا بتوانن دەسەڵات بە تەنیایی بگرنە دەست، بۆیە پێداگریان لەوە دەکرد سۆڤیەت سەرچاوەی شەرعیی دەسەڵاتە، چونکە ئەمە حالی حزبی بۆلشەڤیی کەمینە بوو لە توانایدا نابێ بە تەنیا دەسەڵات بگرێتە دەست بۆیە خۆی لە هەر هەولێک دوور خستەوە کە داوای حوکمڕانی لە بۆلشەڤی بکا، کاری لەسەر یەکخستن و جولانەوەی چینی کرێکار و سەرباز دەکرد بەوانەشەوەی لە بۆچونەکانی لاملن بۆ ئەوەی بیانخاتە سەر هێل و یەکیان بخا. لەکاتێکا ئەم سیاسەتە بۆ چینی کرێکار بە توندڕەوی دەبیندرا، لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆری پارێزەرانی بۆلشەڤی لە پایتەخت گومانیان لە شۆڕشگێڕی و بوێری بۆلشەڤی پەیدا کرد کە بتوانن کاروانەکە بە دروستی ببەن بەڕێوە، ئەمە بووە مایەی ئەوەی ستالین لە رۆژنامەی پراڤدا هۆشداری بداتە هاندەرە ئاژاوەگێرەکانی دەورو بەری پایتەختی سوور ئەوانەی هانی کرێکاران دەدەن بڕژێنە سەر شەقامەکان بەر لەوەی کاتی بێت.

دوای چەند مانگێک. بزوتنەوەی بۆلشەڤی ناچار دەبێ پارسەنگێک بۆ ئەو دۆخە مەترسیدارە ببینێتەوە کە لە نێوان مەترسیی دواخستنی شۆڕش و مەترسیی هەلگیرساندنی بەر لە کاتیخۆی دایە.

ئەوەی مەترسیەکانی زیاتر کردن پەرچە کرداری دژی شۆڕش بوو سودیان لەم شەڕە یەکلایی کەرەوە دەبینی، جەنەرالانی پادشاخواز و ئەفسەرە نیشتمان خوازەکان ژمارەیەک لە خانەنشینانی سوپا و چینی مامناوەندی لایەنگری حزبی کادێت لە مبەستی خۆپیشاندانەکانی حوزەیران گەیشتن، بۆیە بڕیاریان دا ڕێگری و رووبەورو بوونەوەی ئەو هەلکشانەی بۆلشەڤی بکەن.

لەم هەلوێستەیان سۆسیالیستە میانڕەوەکان توشی شۆک بوون، بیریان لەوە کردەوە بەلکو ئەم ململانێیە دەبێتە هۆی ئەوەی لە دەست ڕکابەرە سۆسیالیستە چەپەکان ڕزگاریان دەبێ چونکە بە تەنیا ناتوانن لە ناویان بەرن. لینین و هاوڕێیانی بڕیاریان دا ئەو خەلکە بەرەو خۆپیشاندان هان نەدەن، ئەوان لەوە دلنیا بوون کە لە پایتەخت بەپشتگیری جەماوەری پرۆلیتار دەتوانن دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام بە دلنیاییەوە ناتوانن بەرانبەر بە ناڕەزاییانی سەرجەم روسیا خۆیان ڕاگرن، لەوەش دڵنیا بوون کە هەر ڕژانێکی جەماوەری بە مەبەستی خۆپیشاندان لە پترسبۆرگ رووبدا ئەنجامەکەی دەبیتە شەڕی ناوەخۆی شەقام بە شەقام، چونکە ناکرێ کرێکارو سەرباز بێ چەک بەشداری لە خۆپیشاندان بکەن، دواتر خۆپیشاندانێکی بێچەک

لەلایەن ناحەز و دوژمنانی شۆڕش بە چەک و گولە رووبەڕوویان دەبنەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە حزب بڕیاری قەدەغە کردنی خۆپیشاندانی دا بەڵام نەیتوانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکا، جەماوەر وەکو پشکۆی ئاگر جۆش درابوون ، ئەمە ئەنجامەکەی قەیرانی (رۆژانی تەموزە) کە ستالین رۆڵێکی نامۆی تیا بینی و لە ئەنجامدا بۆلشەڤیەکان توشی زیانێکی مەزن هاتن، بەڵام کاتی بوو.

دوای دوو هەفتە لە رووداوەکانی تەموز لە کۆنگرەی شەشەمی حزب ستالین راپۆرتێکی تێرو تەسەل لەسەر رووداوەکان پێشکەش بە کۆنگرە دەکا، پاش نیوەرۆی ٣ی تەموزیش نوێنەرێک دیارە بە نمایەندەیی ئەو کەرتە سەربازیە هاتە نێو کۆنگرەکەو پێی راگەیاندن کە هۆڵی کۆنگرەکەتان گەمارۆ دراوە و ئێمە و یەکەی تری سەربازیش بڕیارمان داوە برژێینە سەر شەقامەکان، بۆ ئێوارەکەی راسپاردە بۆ کارگە و کارخانەکان و یەکە سەربازیەکان دەنێرن تا لە م جولانەوە یاخی بوونە بەشدار بن.

فولودارسکی سەرۆکی لیژنەی حزب لە پترسبۆرگ بە بیر سەربازەکانی هێنایەوە کە ئێوە وەکو ئەندامی حزب وان لە ئێوە رادەبینین پابەندی بڕیارەکانمان بن وب ەشداری لە خۆپیشاندانەکان نەکەن.

دواتر کۆمیتەی ناوەندی و لیژنەی حزب لە پترسبۆرگ و یەکە سەربازیەکان کۆدەبنەوە بۆ پێداگیری لە بڕیارەکانی حزب دەکەن و راسپاردە بۆ سەرجەم شوێنەکان لە کارگەو یەکە سەربازیەکان دەنێرن بۆ پابەند بوون بەم بڕیارە، ستالینیش دەنێرنە لای کۆمیتەی ناوەندیی سۆڤیەتەکان کە مەنشەڤیەکان لەسەری زالن تا هانیان بدا بۆ پشتگیری لەم بڕیارە و هەلسەنگاندن و بەهەند وەرگرتنی دۆخە ناسکەکە، دوای دوو کاتژمێر لەم رووداوانە ستالین بە ئەرکەکەی هەلدەستێ بەڵام ئەوکات کار لەکار ترازابوو پایتەخت خرۆشا کەس نەیتوانی پێشی لە ئاپۆڕی جەماوەری راپەڕیو بگرێ.

بۆ ئێوارەکەی لێشاوی جەماوەر و چەند یەکەیەکی سەربازی لە بەردەرگای بارەگای حزب لە پترسبۆرگ کۆبونەوە، سەرکردەکانی بۆلشەڤی داوایان لێکردن بە هێمنی بلاوەی لێ بەکن، بەڵام ئەمان قسەکانیان پێ بڕین و کردیان بە هەراو هۆریا، پێشنیاریان بۆ جەماوەرەکە کرد بچنە بەر دەرگای بارەگای (تەورید) بارەگای سەرەکیی سۆڤیەت کە مەنشەڤیەکانی لێ زالە، بۆ ئەوەی داواکاریەکانیان لەوێ پێشکەش کەن، رێرەوەکە جولەی کرد بەرەو شوێنی مەبەست بە سرودی (مارسلییز) بە درێژایی شەو جەماوەرە نارازیەکە کۆشکی تەوریدیان گەمارۆ دابوو، لەچاوەڕوانی وەڵامی ئەواندا بوون تا سۆڤیەت بڕیاری دەست بەرداری خۆی رابگەیەنێ لە حکومەتی کاتی و خۆی بە تەنیا حوکم بگرێتە دەست.

لەوکاتانە مەنشەڤیەکان و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان لە چاوەڕوانی حکومەتدا بوون بە هانایانەوە بێ و هێزیان بۆ بنێرێ، تا ئەوکات کۆبونەوە و ڕێپێوانەکان ئاشتیانە دەچووون بەڕێوە، بەڵام وردە وردە لە کاری توندو تیژی نزیک دەبێتەوە تا ئەوکاتەی بە یەکجارەکی دۆخەکە دەتەقێتەوە، لەو ناوە وەزیری کشتوکاڵ (چیرنوف) دەناسن و هەولدەدەن دەستگیری کەن بەڵام ترۆتسکی بە خێرایی بە هانایەوە دێ و رزگاری دەکا ئەمە چونکە ئەم وەزیرە کۆنە شۆڕشگێڕێک بوە بۆیە بە رەوای نەزانی بکەوێتە بەر شەپۆلی تورەیی جەماوەر.

دوای نیوەشەو (زینوڤییف Zinoviev) دەبینرێ لە بالکۆنەکەی کۆشکی تەورید لە هەولی رازی کردنی جەماوەردایە بۆ ئەنجامدانی کارێکی نەکراو کە بریتیە لە : رازی کردنی جەماوەر بە گەرانەوەیان بۆ مالەوە بە هێشتنەوەی مۆرالی شۆڕشگێڕیان.

کۆمیتەی ناوەندیی بۆلشەڤیەکان لە کۆبونەوەدا بوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، بەڵام دواجار بڕیار دەدا ئەمانیش بەشداری لەم خۆپیشاندانە بکەن بۆ ئەوەی سەرپەرشتی جەماوەرەکەیان بکەن و بیانگەیەننە کەنارێکی ئارام. مەترسیەکان ئەوەن کە نەتوانن خۆیان لە جەنگ دورکەنەوە و بەهۆیەوە توشی هەلوێستێکی شەرمنانە ببن، ئەمەش ببێتە دەستکەوت بۆ دژەشۆڕشەکان و ئەنجامەکەی توشی شکست بێن، رێگای دووەم کە لە پێش بۆلشەڤیەکاندایە واز هێنانە لە خۆپیشاندەران و خۆیان لێ نەکەن بە خاوەن، بەڵام ئەمە لە رەوشتی حزبێکی شۆڕشگێڕدا نیە لەم حالەتە ناسکانەدا پشت لە جەماوەرەکەی بکا، ئەگەر دەستبەرداری جەماوەرەکەی بێ و خۆی رابەرایەتی خۆی بکا بە دلنیاییەوە دەبێتە نێچیری دەست ناحەزان و پیلانگێڕانی، هەرچەندە بۆلشەڤیەکان واز لە جەماوەریان ناهێنن بەتایبەت لەو کاتە ناسکانەدا، دواتر ئەوانیش حەز لەوە ناکەن و لە بەرژەوەندی ئەوانیشدا نیە لەبەر چاوی خەلک ناوو ناوبانگیان بزرێنن.

دوای چەند رۆژێک خۆپیشاندانەکان توندتر دەبن، کاری توندو تیژی لێرەو لەوێ روودەدرێن بەڵام ئەوەی بۆلشەڤیەکان لێی دەترسان و پێیان وابوو روودەدا ، شەڕی ناوەخۆ بوو ئەمە رووی نەداو بۆچونەکانیان لەم رووەوە راست دەرناچێ، راستڕەوەکان بە رەزامەندی و چاوپۆشی حکومەت هێرش دەکەنە سەر بۆلشەڤیەکان و گەمارۆی بارەگاکانیان و بارەگای رۆژنامەی پراڤدا دەدەن، لەو ساتانە لە بەرەکانی جەنگ روسیا شکست دێنی، ئیتر لۆمەییەکە دەخەنە ئەستۆی بۆلشەڤیەکان کە گوایە ئەو بە خۆپیشاندانەکانی سەرقال کردوە بۆیە توشی شکست هات، ئیتر دەنگەکان بەرز دەبنەوە داوای تۆلە دەکەن، راستڕەوان لایەنگرانی لینینیان بە کرێگرتەی ئەلمانیا تۆمەتبار کرد، یەکێک لە رۆژنامەکان کۆمەلێک دۆکۆمێنتی ساختەی لەم رووەوە بلاو کردەوە، بەم هۆیەوە حکومەت هەڵمەتێکی تەمبێ کردنی کردە سەر دەورو بەری پایتەختی سوور.

به درێژایی مانگی تەموز ستالین وەکو نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی حزبی بۆلشەڤی لە وتووێژدا بوە لەگەڵ سۆڤیەت، دیارە سەرەتا کاتێک بۆلشەڤیەکان بڕیار دەدەن بەشداری لە خۆپیشاندانەکان نەکەن و رێگری لێ بکەن، ستالین ئەم بڕیارەیان پێ رادەگەیەنی بەڵام کەبڕیارەکە دەگۆردرێو دۆخەکان شێوازێکیتر وەردەگرن دووبارە ستالین دۆخە نوێکە لەگەڵ سۆڤیەت باس دەکا، ئەمانیش لە نیازپاکی ستالین بە بڕوا دەبن بەتایبەتی کاتێک حکومەت بڕیاری دەستگیر کردنی سەرکردەکانی بۆلشەڤیی دەرکرد .

بەهۆی ئەو پێگەی هەیەتی و وەکو نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی تا دوایی ستالین لە وتووێژەکان نوێنەرایەتی بۆلشەڤی دەکا، هەر ئەویش داوا لە شۆڕشگێڕەکان دەکا قەلا پۆلایینەکانی پترس و پولس رادەست کەنەوە، قەلاکە لە دورگەی بەرانبەر بە بارەگای گشتیی بۆلشەڤیەکان بوو، ستالین بە یاوەری ئەندامێکی مەنشەڤیی لیژنەی جێبەجێ کردنی سۆڤیەت دەچێتە ناویان، لەوکاتانەدا حکومەت بارەگای بۆلشەڤیی داگیر کردبوو، ئەم سەربازگەی قەلا دەریاوانەکانی (کرنستاد) خۆیان لێ قایم کردبوو، هەموویان بە چەکی رەشاش پڕچەک بوون ئەوان لە سوپای سووری مەدەنی یاخی ببون بڕیاریان دابوو خۆیان رادەست نەکەن وشەڕ بکەن، بەلگەکان وا دەسەلمێنن کە ئەوان لە کارەکانیان کەمتەرخەم نەبوون بەڵام پێداگریان لە یاخیبونی خۆیان دەکرد، ستالین ئەوانی گەیاندە ئەو بڕوایە خۆیان رادەستی لیژنەی جێبەجێ کردنی سۆڤیەت بکەن، چونکە ئەم خۆ وەدەستدانە بە ئابروترە لە خۆوەدەستدان بە حکومەت، ئا بەم شێوە لە خوێنرژان دورخرانەوە کە ئەگەری زۆری هەبوو رووبدا.

ئەو کارەساتەی رووبەڕووی بۆلشەڤیەکان بۆوە کاتی و روکەشی بوو، ئەمەش رووداوەکانی داهاتوو دەیسەلمێنن، بەڵام هەموو لایەنەکان ئەم شکستەیان مەزن کردبوو لە کاتێکا واش نەبوو، تەنانەت لینین خۆی مەزندەی دەکرد شکستەکە زۆر لەوە مەزنتر بێ بەڵام ئەمە رووی نەدا، هەڵمەتی دژی لینین و زینوڤییف Zinoviev دەستی پێکرد بە کرێگرتەی ئەلمانیا دایانە قەلەم، هەرچەندە سۆسیالیستە میانڕەوەکان بە دلنیاییەوە دەیانزانی ئەم ناوزراندنە دوورە لە راستی بەڵام بۆ ئەوان دەرفەت بوو لە کەسایەتی لینین وبۆلشەڤیەکان بدەن ئەم هەلەیان قۆستەوە، زۆربەیان گومانیان لەوە بوو لینین لە کاتی رووداوەکانی تەموز نیازی گرتنەدەستی دەسەڵاتی هەبێ.

ئەوەتا کۆمیتەی ناوەندی دیراسەی ئەوەدەکا ئاخۆ لینین و زینوڤییف چی بکەن باشە: خۆیان رادەست دەسەڵات بکەن یا خۆیان لەبەر چاو ون کەن؟ لە خۆشاردنەوە و ونکردندا ترسی ئەوەیان هەبوو جەماوەرەکەی بلێ لە دەست دادگا و راستیەکان هەلاتون، ئەمە هەلوێستی (لوناچارسکی و کامنێف

Kamenev) بوو بەڵام ستالین پێی باش بوو خۆیان لەبەر چاوان ونکەن، وتی ئامادە بوون لەبەردەم داگایەکی ئەم جۆرە حکومەتە شێتیە، بەدوری نازانم خەلکە هەلچوەکەی دژی بۆلشەڤی بە بیانوی کرێگرتەیی ئەلمانی لە زیندان تیرۆری کەن و ئەم کارەش بە نیشتمانپەروەری بدەنە ناسین. بەڵام لینین لە ئامۆژگاریەکانی ستالین دودل بوو، بۆ ئەم پرسە پەیوەندیان بەم و بەو کرد، لەگەڵ لیژنەی جێبەجێکاری سۆڤیەت راوێژیان کرد ئاخۆ ئەوان بەرپرسیارێتی سەلامەتی ژیانی لینین دەگرنە ئەستۆ لە زیندان هیچی لێ نەکەن تا خۆی رادەستی دادگا بکا؟ ئەوان ئامادە نەبوون ئەم بەرپرسیاریتیە هەلگرن، بۆیە دواجار لینین و زینوڤییف Zinoviev بڕیاریاندا خۆیان لەبەرچاوان ونکەن.

بەم هۆکارەوە لینین لە ٨ی تەموزەوە خۆی ون دەکا و دۆخێک بەسەر خۆیدا دێنێ لە دۆخی رۆبسپیر بچێ، هەلوێستەکەی بە خۆحەشاردان لای دارتاشێک چارەسەرکرد، دارتاشەکەش (ئەلیلویێف)ی کۆنە هاوڕێی ستالین بوو. لینین چەند رۆژێک لە مالەکەیاندا دەمێنێتەوە، لە ١١ی تەموز بە یاوەری ستالین و ئەلیلوییف لە شەوێکی تاریکدا بە شەقامەکانی شاردا خۆیان دەگەیەننە وێستگەی دەریایی و لەوێشەوە لینین بەرەو پایتەخت دەڕوا بۆ خۆ ونکردن لە گوندەکانی دەورو بەری پایتەخت، دواتریش بەرەو فینلەندا دەڕوا.

لەوکاتەوە و تا هەلگیرسانی شۆرشی ئۆکتۆبەر لینین بە شاراوەیی بە نوسیون و گوتارەکانی هانی حزبەکەی دەداو بە رێنماکانی کارەکانی دەبا بەرێوە، لەم گەشتەیدا یاوەری تەنها زینوڤییف بووە، دوای چەند رۆژێک ترۆتسکی و کامنێف Kamenev و لوناچارسکی کە پشتگیری خۆیان بە لینین راگەیاندبوو دەستگیر دەکرێن، ئیتر سەرکردەکان دەبنە هەلم و بلاو دەبنەوە، بەڵێ لەم کاتە ناسکەدا ستالین دووبارە ئەستێرەکەی دەگەشێتەوە، خۆی حزب دەبا بەرێوە، بەهۆی ئەوەی ناوبانگێکی ئەوتۆی نەبووە ناوی نەخزاوەتە نێو رووداوەکان و خەلکی لێی نەهاتونەتە دەنگ و دژی بوەستنەوە.

دوای چونی لینین،ستالین بە واژۆی خۆی (ک،ستالین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی) بانگەوازێک بلاو دەکاتەوە بە ناونیشانی ( ریزەکان یەکخەن) ئەم بانگەوازەی ئاراستەی حزبێکی شکستخواردوی لەناو نەچوو کرد، دەڵێ رووداوەکان حزبیان ناچار کرد رووبەڕووی هەندێک کێشەو ئاژوە بێتەوە لەم میانە بەرپەرچ دانەوەی دژەشۆڕش چوە قۆنای هێرش بردن، ئیستا ( سازش کەران) لەم رووداوانە بەرپرسیارن، ئەوان تەنها دژی بۆلشەڤیەکان نین دژی سەرجەم ئەو حزبانەن کە بەشدارن لە سۆڤیەتەکان، بۆیە پێشبینی دەکەم رووداو و کارەساتی مەزن بەرێوە بن:

خۆتان ئامادەکەن بۆ جەنگی داهاتوو.. هۆشداری یەکەممان: وەڵامی هەراسانیەکانی دوژمنانی شۆڕش مەدەنەوە، خۆتان بە خۆراگری و دل گەورەیی چەکدارکەن..

هۆشداری دووەم: زیاتر لە دەوری حزب بئالێنەوە و هانی لاوازەکان بدەن و ئەوانەی لە لایەنگرێتی دوا کەوتون دەستیان بگرن تا بکەونەوە سەرپێ.

ئەم هۆشداریانەی لە بەردەم کۆنگرەی حزبیش خوێندبۆوە،، درێژەیان بە کارەکانی کۆنگرە بە شێوەی نهێنی دا، دواتر ستالین بەیاننامەیەک بە شێوازێکی تێکەلاو لە شۆڕشگێڕی و روحێکی رۆژهەلاتیانە و ئاینخوازانە دەنوسێ:

( دیارە ئەمان ئومێد دەخوازن ریزەکانمان پەرتەوازەیی تێکەوێ، بە شێوەیەک ئاژاوە بەرۆکمان بگرێ کە گومان لە سەرکردەکانمان بکەین، قوڕ بەسەریان، ئەوان نازانن کە سەرکردەکانمان لینین و ترۆتسکی و زینوڤییف Zinoviev و کامنێڤ Kamenev ن) هیچ کاتێک بەقەدەر ئێستا ئەوانە لەلای چینی کرێکار خۆشەویست نەبوونە، لەوکاتەی کە بۆرژوا و خزمەتکارەکانیان هەولدەدەن ناویان لەکەدارکەن. ئەی ناپاکە بەکرێگیراوەکان بۆ ئێوە نازانن تا ئێوە لەم هەولانە بەردەوام بن خۆشەویستی چینی کرێکار بۆ سەرکردەکانیان لە زیاد بووندا دەبێ؟ ماکی خیانەت بە نێوچەوانی هاندەرانەوەیە، ئەم ماکەی شەرمەزاریە بپارێزن تا لەگەڵ خۆتان دەیبەنە نێو گۆڕ، ئێەوش ئەی سەرمایەدار و مولکدارانی زەوی و خاوەن بانک و سودمەندەکانی کەلیسا و کرێگرتەکانی هەوالگری زۆر بەپەلە بوون شۆڕشی روسیای مەزن لە گۆر نێن، بەڵام ئەوەتا شۆڕش هەر زیندوە و دەبێ بە ئاگری ئەو شۆڕشە بسوتێن.)

هەر واش دەرچو ئەوەندەی نەبرد حزب هێز و توانای دێتەوە بەر لە کۆتایی مانگدا توانیی بە ئامادە بوونی ٢٤٠٠٠٠ ئەندام واتە سێ بەرانبەر بە ژمارەی ئەندامان لە مانگی نیسان کۆنگرەی نیشتمانی خۆی ببەستێ ، لەم کۆنگرە ستالین و بۆخارین قسەکەری فەرمی و سەرەکی بوون، لە گرنگترین بابەتەکانی کۆنگرە ئەو گوتوبێژە بوو کە لە نێوان ستالین و بۆخارین و بریوبراجینسکی لەسەر چۆنێتی دۆخی داهاتوی شۆڕش روویدا، لە میانی ئەو گوتوبێژانە ئاماژە بە رووداوەکانی نیسانو بەر لە نیسان و دواتر کران کە هەندێکیان توند و هەندێکیان بە نیانی باسیان لێوە کران، ستالین پرۆژە بڕیارێکی پێشکەش بە کۆنگرە کرد تیایدا دەڵێ شۆڕشی مەزنی روسیا بە (هاوپەیمانیتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ لە ولاتە پێشکەوتوەکان بۆ دابین کردنی ئاشتی و گۆڕانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای سۆسیالیزم) دەسەڵاتەکانی دەگرێتە دەست، دواتر لەلایەن بریوبراجینسکیی ئابوریناسی مارکسیست ئەم دەستەواژەی بۆ زیادکرا یا هەمووارکرا، (ئەگەر لە رۆژئاوا

شۆڕشی پرۆلیتاریا هەلگیرسا، دەبێ حکومەتی شۆڕشگێڕ دەسەڵاتەکانی لە خزمەت دابین کردنی ئاشتی و بنیادنانی سۆسیالیزم دابن)، لە هەردوو دەقەکە ئەوە دەسەلمێندرێ کە هاوپەیمانیتی لە نێوان شۆڕشی روسی و پرۆلیتاریای رۆژئاوای ئەوروپی کارێکی زەرورە. بەڵام بریوبراجنسکی وای دەبینێ کە نابێ روسیا دەست بە بنیادنانی سۆسیالیزم بکا تا ئەوکاتەی شۆرشی رۆژئاوای ئەوروپا هەلنەگیرسێ. ئەگەر ئەم شۆڕشە لە ئەوروپا هەلنەگیرسا ئەوا روسیا دەبێ تەنها کار بۆ ئەنجامدانی ئاشتی بکا بە پشتگیری کردن لە رژێمی دیموکراسی.

بۆخارینیش بە هەمان شێوە ئامانجەکانی شۆڕشی دیاری کرد، هەرچی ستالینە هیچ رێگریەک نابینێ لەبەردەم دەستپێکردنی روسیا بە پرۆژەی بنیادنانی سۆسیالیزم، بۆئەوەی ئەم بنیادنانە بە هەلگیرسانی شۆڕشی ئەوروپاوە ببەسترێتەوە، لەم رووەوە بریوبراجنسکی وەڵامی دایەوە و دەڵێ:

( ناتوانین ئەم ئەگەرە دوورکەینەوە کە روسیا ئەو ولاتەیە رێگە بۆ سۆسیالیزم خۆش دەکا، بنکەی شۆڕش لە روسیا بەرینترە لەوەی لە رۆژئاوای ئەوروپا، لە ئەوروپا تەنها چینی کرێکار دژی بورژوا دەوەستێتەوە کەچی لای خۆمان جوتیارە هەژارەکان پالپشتی چینی کرێکاران دەکەن، دەزگای دەولەتیش لە ئەوروپا زۆر کارایە، بۆیە دەبێ دەستبەرداری ئەو گوتەیە بین کە ئێمە دەبی لە چاوەڕوانی ئەوروپادابین و ئەوان رێنیشاندەرمان بن لە هەلگیرساندنی شۆڕش، دوو جۆر مارکسیزم هەیە، یەکێکیان مارکسیزم بە بێ کەموکوڕی، ئەویتریان مارکسیزمی خولقێنەر، من هی دووەمیان هەلدەبژێرم.

زۆر سەیر رێک دەکەوێ، بە هەلکەوت ئەوجار بۆچونەکانی ستالین لەگەڵ بۆچونەکانی ترۆتسکی یەک دەبن: ترۆتسکیش بە هەمان شێوە پێی وابووە، دەبێ روسیا بەر لە ئەوروپا دەست بە شۆڕشی سۆسیالیزم بکا،

ستالینیش موژدەی بلاو کردنەوەی رێبازی سۆسیالیزمی لە (یەک وڵات) رانەگەیاندوە، کە گوتبێتی روسیا لە توانایدایە بە تەنها شۆڕش رابگەیەنێ بێ ئەوەی لە هیچ لایەکی دونیا هاوکاری و هەماهەنگیی هەبێ، ئەم بیرۆکەی بە هەماهەنگی لەگەڵ بۆخارین و دژی ترۆتسکی نە هۆنیوەتەوە تەنها پاش چەند ساڵێک نەبێ، بەڵام لەوکاتەوە زیاتر لە لینین و ترۆتسکی باس لە پەیامی سۆسیالیزمی روسی دەکا.

ئێمە لە نوسین و کتێبەکانی ترۆتسکیش هەمان بیرۆکە دەبینین بەڵام ئەوەی ئەم گرەوانە پوچەل دەکاتەوە ئەوەیە کە هەردووکیان ئەم بیرۆکە بە چارەنوسی شۆڕشی پرۆلیتاریای رۆژئاوا دەبەستنەوەو دەیکەنە مەرج. پوختەی فەرمیی گوتەکانیان ئەمەیە:

(روسیا ئامادەیە بەر لە ولاتانی تر دەست بە بنیادنانی سۆسیالیزم بکا بەڵام ئەگەر بە تەنیا بوو لەم مەیدانە هەنگاوی زۆر ناهاوێژێ، ستالین لایەنگری برگەی یەکەمی ئەم گوتارە بوو، برگەی دووەمی پشتگوێ دەخست، یەکگرتنەوەی ئەو کۆمەڵە ئەندامانەی سەر بە ترۆتسکی بوون لە کۆنگرەی حزب لەگەڵ بۆلشەڤیەکان کە ستالین سەرۆکایەتیی دەکرد و ترۆتسکیش ئەوکات لە زیندان بوو کرایە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزب، ئەمە بەڕاستی ڕووداوێکی گاڵتەبازی بوو، ئەندامەکانی تری کۆمیتەی ناوەندیی نوێ بریتی بوون لە هەریەک: لینین، ستالین، کامنێڤ Kamenev، زینوڤییف Zinoviev، سفیر دولف، ریکۆڤ، وبخارین، نوگین، یوریتسکی، ملیوتین، کولانتا، ئەرتیم، کرتینسکی، دزجنسکی، یوفا، سوکولینوف، سمیگا، مورالوف، شومیان، برزین، کۆنگرە سوپاسی ئەو سەرکردە دەربەدەرانەی کرد کە کۆنگرە بە ئەندامانی فەخریی سەرۆکایەتی ئەنجومەن هەڵیبژاردن ، لینین، ترۆتسکی، زینوڤییف Zinoviev، لوناچارسکی، کامنێڤ Kamenev، کولانتای.

ئەو سەرکردانەی بە ئامادە نەبوونی سەرکردەکانی حزب سەرۆکایەتی حزبیان بەڕێوە برد لەسەر بیرکردنەوە مەزنەکان رێک نەکەوتبوون، گوتارەکانی هیچ داهێنان و هزرێکی نوێی تێدا نەبوو، وشەکانی وشک و سارد بوون هەرچەندە بە بڕوابوون بەخۆوە بوون، لەوکاتەی سەرقاڵی کۆنگرە دەبن هەواڵەکان وا رادەگەیەنن کە هەڵمەتی سزادانی ئەندامانی بۆلشەڤی لە ستالینگراد جێبەجێ دەکرێ، حوکمی ئاوەرتە لە هەندێک شار راگەیەندراوە، بەم هەواڵانە کۆنگرە نائارام نابێ، ستالین وەکو رۆژانی پێشوی بەرگەی تەنگو چەڵەمەکان دەگرێ.

دوای تەواو بوونی کۆنگرە و ئازاد بوونی هاوڕێیانی لە زیندان ( کامنێڤ Kamenev و ترۆتسکی و فلوناچارسکی و هیتریش، دووبارە ستالین خۆی لەبەر چاوان ون دەکا .

لە مانگی ئاب لە ئەنجامی یاخی بوونی جەنەراڵ کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov (فەرماندەی گشتیی سوپا) دۆخێکی نائارام لە پایتەخت لە دژی حکومەتی کاتی دەخولقێ، ئەمە ئەو دۆخەبوو کە بۆلشەڤی هۆشداریی دابوو لە سەرهەڵدانی نائارامی، خۆی کودەتاکە ناڕون بوو کرنسکی Aleksandr Kerenski سەرۆک وەزیران بڕیاری دابوو هەڵمەتێک بکاتە سەر بۆلشەڤیەکان، بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە فەرمانی بە جەنەراڵ کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov دابوو تا هێزێک بنێرێتە پایتەخت، بەڵام جەنەراڵ هەرئەوەندەی نەدەویست تەنها سزای بۆلشەڤیەکان بدا ئەو مەبەستی بوو روسیا لە سۆڤیەتەکان و سۆسیالیستە میانڕەوەکان و لە کرنسکی Aleksandr Kerenski پاک کاتەوە، بۆیە فەرمان بە هێزەکانی دەدا هێرش بکەنە سەر پترسبۆرگ لە دژی

حکومەت و کۆمەڵگە لەم ئازارە رزگارکەن، ئەم ترسە کەوتە دڵی سۆسیال دیموکرات و مەنشەڤی و حکومەت و سۆڤیەتەوە، بەڵام لە توانایاندا نەبوو بەسەر هەولەکانی کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov دا زاڵ بن بێ ئەوەی یارمەتی بۆلشەڤیەکان بدەن و هێزی کرێکار و لایەنگرانی لینین چەکدارکەن، بۆیە کرنسکی Aleksandr Kerenski خۆی داوای لە بۆلشەڤیەکان کرد بەلکو هانی (کورنستاد) بدەن، چونکە ئەوان رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە رووداوەکانی تەموزدا و پاسەوانێتی شۆڕشیان دەکرد، بۆلشەڤیەکان بە پیر بانگەوازەکەیدا چون لە دژی کورنیلۆف لە ریزی پێشەوەی بەرگری وەستان، بەم شێوە سەرجەم سۆسیالیستەکان یەکخران و بە هەموویان بەرەیەکی یەکگرتویان پێکهێنا، بەڵام بۆلشەڤیەکان وشیارانە مامەلەیان دەکرد بۆ ئەوەی نەکەونە هەمان هەلەی کرنسکیAleksandr Kerenski ەوە، کاتێکیش ترۆتسکی سەردانی(دەریاوانەکانی کرونستاد) دەکا لە زیندان، بە ترۆتسکیان وت ئەگەر بکرێ بە یەکجار لە هەردوو دوژمن دەست بوەشێنین واتە لە کرنسکی Aleksandr Kerenski و کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov بێ بەڵام ترۆتسکی ئامۆژگاریی کردن ووتی: دەبێ یەک یەک دەست لە دوژمنەکان بوەشێندری بۆیە تواندرا کودەتاکەی کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov بە چەند رۆژێک شکست پێبێنن.





کرنسکی Aleksandr Kerenski　　　　کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov

کاتێک مەرامەکانی دژەشۆڕش پوچەل دەبنەوە دەبێتە دەستکەوت بۆ بۆلشەڤیەکان چونکە پازدانیکیان دەمینی بگەنە دەسەڵات، بەم شێوە بۆلشەڤیەکان لەو قەیرانە دەربازیان دەبێ کە تێی کەوتبون لە هەمان کاتیشدا زۆر بوێرانە، خۆراگرانە بوونە یەکەم بەرگریکاری شۆرش، ئەگەر نەلێین تاقە بەرگریکار بوون.

دوای سەرکوتکردنی کودەتاکەی کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov، لینین داوا لە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان و مەنشەڤیەکان دەکا دەستبەرداری هاوپەیمانیتی کادێت بن کە دۆستی کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov بوو، بۆ ئەوەی بە پشتگیری سۆڤیەتەکان خۆیان دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن ، پەیمانی ئەوەی پێدان ئەگەر بە گوێی بکەن ئەوکات بۆلشەڤیەکان دەبنە ئۆپۆزسیۆنێکی شەرعی لە چوار چیوەی سۆڤیەتدا، کاتێک مەنشەڤیەکان و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان ئەم داوایەیان رەت کردەوە، بێ سێ و دوو ئەمە دەبێتە لە ئەرز دانی داواکاریەکانی چینی کرێکار، دواتر کێڕفی بۆلشەڤیەکان بەو دروشمانە بەرز دەبێتەوە کە کردبوویانە هێمای جولانەوەکانیان (ئاشتی و زەوی بۆ جوتیاران).

ئەو سەروتارەی ستالین لە رۆژنامەی (رابوچی) واتە (بێ واژۆ) لە ٣١ی ئاب بلاوی کردبۆوە پشتی بە پرۆپاگەندەی بۆلشەڤیەکان بەستبوو، هەرچەندە هیچ کاتێک کتێب و نوسینەکانی ستالین نەبوونەتە نوسینی دەگمەن و دەست نەکەوتوو لەسەر پرۆپاگەندەی بۆلشەڤی:

( بەرپەرچدەرانی دژەشۆڕش کە مولکدار و سەرمایەدار وروژاندبویان، شکستیان خوارد بەڵام بە یەکجارەکی لە ناو نەچوون، جەنەرالەکانی ئەکلورنیلوفیون بەزین، بەڵام سەرکەوتنی شۆڕش هێشتا مسۆگەر نەبووە.

ئەمە بۆ؟

چونکە سازشکاران لەجیات ئەوەی هێرش بەکەن سەر دوژمنانمان، دانوستانیان لەگەڵ دەکەن، بەرگریکارانیش لە جیات ئەوەی سەرمایەدار و مولکدارەکان لەناو بەرن، رێککەوتنیان لەگەڵ دەکەن.

لە جیاتی ئەوەی حکومەت بە تۆمەتی دەرچوون لە یاسا پێناسەیان بکا ، داوایان لێ دەکا بەشداری لە حکومەتدا بکەن.

لە پایتەخی روسیاش حزبەکەی ملیوکوف بە ئاشکەرا هاوکاری و یارمەتی دژەشۆڕشەکان دەکا، کەچی نوێنەرانی ئەم حزبە وەکو ماکلاکوف و کیشکین داوایان لێ کراوە بەشداری لە حکومەتدا بکەن.

کاتی ئەوە هاتوە سنورێک بۆ ئەم جۆرە تاوانانەی دژ بە شۆڕش دابنێین، کاتی ئەوە هاتوە بە ئاشکەرا و راشکاوانە ئەوە رابگەیەنین کە مرۆڤ دەبێ دژی دوژمنەکانی کار بکا نەک رێککەوتنیان لەگەڵ ببەستێ.

دژی مولکدار و سەرمایەدارەکان دژی جەنەرال و خاوەن بانکەکان، لە بەرژەوەندی گەلی روسی کاربکا و لەگەڵ ئاشتی و زەوی، دەبێ ئەمە دروشمەکانمان بن.

ئەرکی گرنگی یەکەم: راگەیاندنی دابڕانی یەکجارەکیە لەگەڵ بورژوا و خاوەن زەویەکان.

ئەرکی دووەم:  پێکهێنانی حکومەتی کرێکار و جوتیارە.

 دوای چەند رۆژێک لە دەستگیرکردنی کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov رووداوێکی گرنگ لە سۆڤیەتی پترسبۆرگ روویدا، لە هەلبژاردنی لقەکانی حزبی بۆلشەڤی سەرکەوتن بەدەست دێنێ، ترۆتسکی دوای دەرچونی لە زیندان بە کەفالەت و دەست پێکردنی هەلبژاردنەکان بە سەرۆکی سۆڤیەتی پترسبۆرگ دەردەچێ، ئەم پۆستە ئەوەبوو کە لە ١٩٠٥ بەدەستی هێنابوو، دواتر سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی خۆی کە تا ئەوکاتیش سۆسیالیستە میانڕەوەکان دەسەڵاتی زۆرینە بوون، لە لیژنەی جێبەجێ کردنی مەرکەزی داوا دەکاکۆنگرەی دووەمی سۆڤیەتی گشت روسیا ببەسترێ و سەرجەم دەسەڵاتەکانیش بەو بسپێردرێن، دەکرێ بلێێن ئەم بڕیارە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕش بوو.

 چونکە مەنشەڤیە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان لە سۆڤیەتدا زۆرینە و بالا دەست بوون، دەکرێ بلێین ئەم داواکاریە هیچ ئاژاوەیەک ناخولقێنێ، دروشمی هەموو دەسەڵاتەکان بۆ سۆڤیەت مانای ئەوە دەگەیەنێ مەنشەڤیە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان دەبێ هەموو دەسەڵاتەکان بگرنە دەست، بەڵام ئایا زۆرینە ئەم دروشمە پیادە دەکا یان نا ئەمە خۆیا ن دەزانن.

 ئێستاش دروشمی (هەموو دەسەڵاتەکان بۆ سۆڤیەت) واتە گرتنەدەستی دەسەڵاتەکان لە لایەن زۆرینەی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی مەنشەڤی. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش:

( چی دەبێ ئەگەر حکومەتە کاتیەکە ئەم داواکاریەی رەت کردەوە؟ وازی لە دەسەڵاتەکانی خۆی نەهێنا لە بەرژەوەندی سۆڤیەت؟ ئەوکات ئەرکی سیاسیی بۆلشەڤی ئەوەیە پێداگری و بەرگری لە داواکە بکاو کار بۆ روخانی حکومەت بکا وسنورێک بۆ ئەم دوفاقیەی دەسەڵات دابنین، ئەمەش تەنها بە راپەڕین ئەنجام دەدرێ.

 ئەمە ئەو ئەنجامە بوو کە لینین لە ناوەراستی ئەیلول پێی گەیشت و درکی پێدەکرد، بۆیە هانی کۆمیتەی ناوەندی دەدا ئامادە کاری بۆ راپەڕین بکەن، چونکە ناتوانێ خۆی لە کۆبونەوەکانیان ئامادە بێ ناچار لە رێگەی نوسین و نامە و گوتارەکانی و پەیوەندیەکانیەوە هانی کۆمیتەی ناوەندی بدا بۆ ئەم پرسە، سەرکردەکان لە خۆ حەشارداندا بوون، ستالین لە لایەک و لینین لە لایەکی تر تەتەرەکانیش نامەکانیان بەم و بەو دەگەیاند و گوتوبێژەکانیان لەسەر ئەم پرسە ئالوگۆڕ دەکردن، دواتر ستالین دەبێتە رێکخەری پەیوەندیەکانی نێوان لینین و کۆمیتەی ناوەندی، بۆ کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە ١٥ی ئەیلول دوو

نامەی لینینی گەیاندە ئەو کۆبونەوە، یەکێکیان لە ژێر ناوی ( ئەرکی بۆلشەڤیەکانە دەسەڵات بگرنە دەست)، نامەیەکیتر بەناوی (مارکسیزم و راپەڕین) تیایدا لینین دەڵێ:

(بۆئەوەی پرسی راپەڕین بە رێگایەکی مارکسیانە رێکخەین، وەکو کارێکی هونەری:

دەبێ بێ دواکەوتن تیپی شۆڕش رێکخەین هێزەکان بەسەر تیپدا دابەش کەین و بەسەر ئۆردوگای سەربازیی باوەرپێکراودا دابەشیان کەین.

دەبێ شانۆی ( ئەلیکساندەرینسکی) گەمارۆ بدەین کە (دیداری دیموکراسیی) لێ ریک دەخرێ.

دەبێ دەست بەسەر قەلای بتروس و پولیسدا بگرین و سەرکردە سەربازی و حکومیەکان دەستگیرکەین.

دەبێ دەست بەسەر پۆست و فەرمانگەی تەلەگرافدا بگرین، فەرمانگەی تەلەگراف بکەینە بارەگای سەرەکیی شۆڕش، بەهۆیەوە پەیوەندی بە کارگەو کارخانەو فەوجەکانی پێشەوە بکەین).

نەخشەی یەکەمی راپەڕین لەبەر ئەو هۆکارانەی دێینە سەری جێبەجێ نەکرا، لینین بایەخی نەبە دۆخی سیاسی راپەڕین دا نەبەو دەسەڵاتەدا کەبڕیاری راپەڕین رادەگەیەنێ، چونکە ئەو لە شانۆی پراکتیکی دوور بوو نەیدەتوانێ نەخشەی پراکتیکی دابنێ، بەپێێ رووداوەکانی راپەڕین پێدەچوو هەولەکانی یەکەمی هەولی نەزان بوون، هیچ یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نە ترۆتسکی نە ستالین رەدیان نەدەدایەوە وەلامی هەموویان بریتی بووە لە شان هەژاندن. بەهەر حال لینین خۆشی ئەم نەخشەی بە پێشنیارێکی مەزندەیی دانابوو. مەبەستی بوو بۆ ئەم پرسە لە بۆچوونی هەڤالانی بگاو دواتر هۆشداریشیان پێبدا لە ئەنجام دانی راپەڕینێکی خۆرسکیی بێ بەرنامە، پێی وابوو دەبێ ئەرکە هونەریەکانی راپەڕینیان فێرکاو لێیان ئاگادار کاتەوە، لە هەمان کاتیشدا هانیان بدا بۆ ئەم ئەرکە قورسە، لەم رووەوە کۆمیتەی ناوەندی لەسەر ئەم پرسە بوو بە دووبەش:

ترۆتسکی لەسەر ئەو نەخشەی لینین هاورابوو کە بۆ حالیحازر بووە، بەڵام پێێ وابوو دەبێ نەخشەکە لەرووی سیاسیو سەربازیەوە زیاتر ورد بێ ، دژی ئەو بۆچونەش بوو کە دەڵێ دەبێ حزب بەتەنیا شان بداتە بەر ئەم ئەرکە واتە بەرپرسیارێتی راپەڕین بخاتە ئەستۆی خۆی، پێی وابوو دەبی سۆڤیەتیش شانی بداتێ و بێتە ژێر باری، چونکە دەسەڵاتی پەرلەمانی کرێکاری دەسەڵاتێکی بەرزی هەیە بەرزتر لە دەسەڵاتەکانی حزب لەروی مۆرالیشەوە کاریگەری زۆری دەبێ لەسەر کرێکاران.

بەم وردە کاریە کاتی راپەڕین دیاری دەکرێ، ئەگەر بڕیاریشە کۆنگرەی سەرجەم روسیای سۆڤیەت ببەسترێ ئەوا وادەی راپەڕین بخرێتە کاتی بەستنی کۆنگرەکە.

ترۆتسکی لە رووی ستراتیژەوە لەگەڵ لینین هاوڕابوو بەڵام لە رووی تەکتیکەوە ناکۆک بوون.

هەرچی کامنێف Kamenev و زینوڤییف Zinovievبوون لە ستراتیژەوە لەگەڵ لینین ناکۆک بوون، کاتێک لە دانیشتنی پانزەی ئەیلول نامەکانی لینین لەسەر نەخشە و بەرنامەکانی شۆڕش خوێندرانەوە،کامنێف Kamenev بە رادەیەک مەترسیی لە ناوەرۆک و بەرنامەکە پەیداکرد پێشنیاریکرد کە نامەکان بسوتێنرێن، شەش ئەندامیش دەنگیان بەم پێشنیارەدا، بەڵام لە بەرانبەردا ستالین پێشنیار دەکا ئەم نامانە گشتگیر بکرێنە سەر رێکخراوە سەرەکیەکانی حزب بۆ ئەوەی گفوگۆی لەسەر بکەن، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە ستالین تا ئەو ئاستە بڕوای بە لینین بوە ئەوەتا نامەکان لە ئاستی گفتوگۆ لەسەر کردنەوە دەباتە ئاستی پابەند کردنی حزب بە جێبەجێ کردنیان، ترۆتسکی ئەم پێشنیارەی ستالینی بەوە لێکدایەوە کە نامەکان دەبردرێنە کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەوەی هامشۆی لەسەر نەبێ چونکە لیژنە سەرەکیەکانی حزب لە شارەکان هامشۆیان زیتر لەسەر بوو، بە هەر حاڵ ترۆتسکی دژی ستالین دەوەستێتەوە و پێشنیارەکەی پەسند ناکا.

دوای چەند هەفتەیەک، لایەنگرانی راپەڕین و ئەوانەی دژی راپەڕین بوون لە کۆمیتەی ناوەندی و لە خوارەوەش بەرانبەر یەک وەستانەوە، ویستیان هێزی خۆیان لەو بانگەوازەی حکومەتی کرنسکی Aleksandr Kerenski بۆ ئەنجام دانی کۆبونەوەی پەرلەمانی ئامادەکاری دابوو تاقی بکەنەوە کە مەبەستی بوو لەم رێگایەوە وزەیەک بە لایەنگرانی ببەخشێ و ئەم پەرلەمانەش بکاتە هاوسەنگی سۆڤیەت. پەرلەمانی ئامادەکاری تەنها دەزگایەکی راوێژکاریە حکومەت خۆی ئەندامەکانی دادەمەزرێنێ،، بەڵام ئایا بۆلشەڤیەکان بەوە رازین حکومەت دایان مەزرێنێ و لەم پەرلەمانە بەشدار بن، یا بایکۆتی دەکەن؟ هەرچەندە لێرەدا ئەم پرسیارە سەبارەت بە راپەڕین خۆی تێ هەلنەقورتاند بەڵام پەیوەندیی پێوە هەیە، ئەوانەی بۆ راپەڕین بە تاروکە بوون پێیان وابوو بۆلشەڤیەکان بەم پەرلەمانە ساختەیە رازی دەبن و رۆژەکانیان لە ئاوابوون دادەبێ، بەڵام لینین و ئەوانەی کاریان لەسەر بەرنامەکەی کرد رازی دەبن بە بەشداری کردن لەم پەرلەمانە ئامادەکاریە. ئەم پرسە لە کۆنگرەی نیشتمانی خرایە بەر باس، ستالین و ترۆتسکی بەرگریان لە بایکۆت کردندا کرد، ئەمە یەکەمین جارە هەردوو هاوڕێی ناکۆک لە پرسێکا یەک هەلوێست وەردەگرن، بەڵامکامنێف Kamenev و زینوڤییف Zinoviev بەرگریان لە بەشداری کردن لەم پەرلەمانە دەکرد، ئەوان زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێنا، بەم شێوە مانگێک بەر لە شۆڕش حزبی راپەڕین ماکی رەشی لینینیان بە نێو چەوانەوە نراو بوونە ( لادەر لە رێبازی پرۆلیتاریای شۆڕش).

لەوکات ولات وردەوردە بەرەو لێژایی دارمان دەچووو، بیرۆکەی گواستنەوەی بارەگای وەزارەتەکان لە پترسبۆرگەوە بۆ مۆسکۆ کەوتە مێشکی بەرپرسانی حکومەت، ئەو پرۆپاگەندانەی لەم روەشەوە دەکران زیاتر پەرو بالی بۆلشەڤیەکانیان بەباکرد، چونکە ئەم پرۆژە وا لێکدرایەوە کە دژی شۆڕشە و لە رێگەی رادەست کردنەوەی پایتەختی سوور ئەنجام دەدرێ. وتیان حکومەت لە رێگەی گواستنەوەی پایتەخت دەیەوێ سەری شۆڕش بپەرێنێ، سۆڤیەت دژی ئەم پرسە وەستایەوە و خۆی ئامادە کرد بۆ بەرگری لە پترسبۆرگ بە هۆی ئەوەی بە پایتەختی شۆڕشی دەزانن نەک پایتەختی ئیمپراتۆریەت.

بۆ ماوەیەکی کورت بە شێوەیەکی لاسایی کردنەوە لە رێگەی هەلگرتنی چەکی سوکەوە بەرگریەکی سەرەتاییان لە پایتەخت کرد، بەم شێوە بڕیارەکانی سۆڤیەت سەردەگرێ و بەرپرسیارێتی بەرگری پترسبۆرگ دەگرنە ئەستۆ.

ئەم دەستپێشخەریەی سۆڤیەت، پێگەی پێ بەهێز دەبێ لە داهاتوو دەبێتە هۆکارێک کە بتوانێ حکومەتی کاتی سەرەوژێرکا، ترۆتسکی وەکو سەرۆکی سۆڤیەت کە خۆی بەسەر هەموو چالاکیەکاندا زال کردبوو مەرجی بۆ هەلگیرساندنی شۆڕش دانا، ئەویش ئەو پێداویستیانە بەردەست و مسۆگەر بکرێن کە قەوارەی کۆمار دەپارێزن، لەم روانگەیەوە سەرەتا بە مەبدەئی دواتر بە مەیدانی مافی بە خۆیدا دەسەڵاتی جولە پێکردنی یەکە سەربازیەکانی هەبێ لە پایتەخت و شوێنەکانی دەورو بەری، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ مافی سەرپەرشتی و کۆنترۆلکردنی فەرماندە سەربازیەکانی دەبێ، ئەوەی پێگەی سۆڤیەتی لەم رووەوە بەهێز کرد دەستگرتن بوو بەسەر فەرماندە سەربازیەکان و ئامادە کردنیان بۆ هەر ئەگەرێکی رووبەڕوو بوونەوە لە داهاتوو دژی یاخی بوونەکەی (کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov)، لیژنەی سەربازی شۆڕشگێڕ ئەرکی ئەم کارەی پێسپێردرا، کە لیژنەی جێبەجێ کردنی سۆڤیەت لە ١٣ی تشرینی یەکەم دایمەزراندبوو.

دیارە کە سەرۆکی سۆڤیەت خۆی دەبێتە سەرۆکی ئەو لیژنە و رۆلی سەرەکی و فەرماندەی گشتی راپەڕین دەبینێ.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە دەزگای شۆڕش نە دەزگایەکی نهێنیە نە دەستەیەکی کودەتاچین خۆیان بڕیاری دامەزراندنی خۆیان دابێ، بەلکو دەزگایەکن بە ئاشکەرا لە رێگەی هەلبژاردنەوە لە ئۆرگانێکی فەرمی (سۆڤیەت) و بە ئاشکەرا هەلبژێردراون، چونکە شەرعیەتی سۆڤیەت ئەوکات بەرگی پیلانی لەبەر کرابوو، بەم شێوە مەنشەڤیەکان و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان شوێنی خۆیان لە سۆڤیەت پر کردەوە بەڵام وەکو شایەدحال و تارادەیەکیش بەبێ دەسەڵات. پاش ئەوەی ترۆتسکی هەموو سەرەداوەکانی راپەڕین دەگرێتە

دەست، توانیی سیمایەکی بەرگریی بداتێ، پێشبڕکێ لەسەر لەناو بردنی دژەشۆڕشەکان بکا، بەم پلانە تەکتیکیە توانیی کرێکارە راراکان و سەربازەکان هانبدات پشتگیری لە شۆڕش بکەن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەم هێزە بۆ بەرگری ئامادە کراوە چونکە حکومەت خۆی و جەنەراڵە پادشاخوازەکان و لایەنگرانی لە خۆئامادەکردندا بوون بۆ هێرش بردنە سەر شۆڕش و پێگەکانی، ئەوەتا کرنسکی Aleksandr Kerenski بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی سەربازی شۆڕش و دەستگیر کردنی فەرماندەکانی بۆلشەڤی و راگرتنی رۆژنامەکانی دەرکرد و لە هەوڵی کۆکردنەوەی هێزدابوو، بەڵام لەم کێبەرکێیەی نێوان شۆڕش و دژەشۆڕشەکان، شۆڕش دەستی خۆی پێش دەخا و سیماو شێوازی بەرگری خۆی دەپارێزێ.

لەو کاتەی ترۆتسکی رۆژ دوای رۆژ پێگەی خۆی لە سۆڤیەت بەهێز دەکا دەست دەگرێ بەسەر هەموو جومگەکانی سۆڤیەت، لینین لە شوێنی خۆحەشاردانەوەیدا لە هەوڵی لەبار بردنی دژایەتی زینوڤییف و کامنێڤ Kamenev دابوو کە دژی راپەڕین وەستابونەوە، لەسەر پێشنیاری ستالین و ترۆتسکی کاری لەسەر رازی کردنی لایەنگرانی دەکرد بۆ ئەوەی لەو پەرلەمانەی ئامادەکاری بکشێنەوە کە کرنسکی Aleksandr Kerenski بانگخوازیی بۆ کردوە، لە ٧ی تشرینی یەکەم دەنگۆێ شۆڕشێکی تورە بەر گوێی پەرلەمانی ئامادەکاری دەکەوێ کە ترۆتسکی بانگەوازیی بۆدەکا و داوا لە هاورێیانی دەکا لەم پەرلەمانە بکشێنەوە ، هەر لەو بانگەوازە سازشی دژەشۆڕشەکان دەکا و دەڵێ :

(پترسبوگ لە مەترسی دایە! شۆڕش لە مەترسی دایە! گەل لە مەترسی دایە !)بە هۆی ئەم هاوارەوە رۆژی دواتر بۆلشەڤیەکان لە هۆڵی پەرلەمان دەکشێنەوە، لینین بە نهێنی لە فینلەنداوە دەگاتەوە پترسبۆرگ، دوای دوو رۆژ بۆ وەرگرتنی بڕیارێک کۆمیتەی ناوەندی کۆدەبێتەوە: لەم کۆبونەوە هەریەک لە زینوڤییف Zinoviev و کامنێڤ Kamenev بەرگریان لە هەڵوێستی خۆیان کرد( لەبەردەم مێژووو، لەبەردەم پرۆلیتاریای جیهانی، لەبەر دەم شۆڕشی روسیی چینی کرێکاری روسی، نابی هەموو گرەوەکان لەسەر راپەڕین بنیاد بنێین و چارەنوسمان بەم راپەڕینە چەکداریە ببەستینەوە) داواشیان لە کۆمیتەی ناوەندی کرد نەختێک سەبرو دان بەخۆیانەوە بگرن تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی دامەزراندن کۆدەبێتەوە کە حکومەت داوای کردوە بەڵکو زۆرینەیان لە ئاراستەی رادیکال دەبن؟ مەزندەیان دەکرد ئەو کۆمارە تێکەڵاو بێ لە کۆماری سۆڤیەتی و دیموکراتی پەرلەمانی. هۆشداری دەرەنجامی ڕاپەڕینیان بەو خەڵکە دەدا، ئەگەر پێشنیارەکەی لینین جێبەجێ بکەن:

(هەندێک دۆخی تایبەتی وا بەسەر چینی چەوساوە دەسەپێنن کە هەنگاونان بەرەو شکستی پێ باشتر بێ لەوەی بەبێ شەڕ خۆی رادەستکات، ئایا ئێستا چینی کرێکاری روسی خۆی لەم دۆخەدا دەبینێتەوە؟ نەخێرو هەزار جاریش نەخێر).

لەبەر دوو هۆ دژی راپەڕین بوو: یەکێکیان دواتر رووداوەکان لە ناویدەبەن، بەڵام دووەمیان مسۆگەرە، زینوڤییف و کامنێف Kamenev وتیان: راپەڕینخوازەکان هێزی خۆیان گەورە نیشان دەدەن و هێزی حکومەتی کاتیش بچوک، گەشبینیەکی بێ وێنەیان نیشان دا لە نزیک بوونەوەی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە رۆژئاوای ئەوروپا.

لینین بێ ئومێدی خۆی لە کۆمەڵەی دامەزراندن نیشاندا، بەوەی حکومەت کاتی بەستنی کۆبونەوەی ئەم کۆمەڵەی زیاد لە جارێک دواخستوە، بۆیە گرەنتی چیە کە جارێکی تریش دوا ناخرێ؟ دواخستنی راپەڕین واتە پێدانی دەرفەت بە جەنەرالانی کورنیلوفیەکان بۆ ئەوەی زیاتر دەسەڵاتە دکتاتۆریەکانیان لە رێگەی کودەتا سەربازیەکاندا بچەسپێنن. لینین بە گومانەوە سەیری بۆچونی رکابەرانی دەکرد بە بانگەوازی شەرمەزاریی دەزانین، دیارە کە سەرجەم چینی کرێکاری روسی لەگەڵ بۆلشەڤیدایە بە دلنیاییشەوە پرۆلیتاری ئەوروپاش پشتگیریی دەکا.

لە نێوان دوانزە ئەندامی ئامادەبوو لەو کۆبونەوە دەیان دەنگیان بە راپەڕین دا لە نێوانیاندا ستالین، تەنها زینوڤییف و کامنێف Kamenev نەبن دژی ئەم بڕیارە وەستانەوە، دوای دەنگدان لیژنەی بیرۆی سیاسی هەڵبژێردرا، لەسەر پێشنیاری دزیرجنسکی ئەرکی ئەم لیژنە (رابەرایەتی سیاسیی داهاتوو دەکەن)، لەم بیرۆیە هەریەک لە لینین و زینوڤییف Zinoviev وکامنێف Kamenev و ترۆتسکی و ستالین و سوکولینکوف و بوبنوف بوونە ئەندام، بەم شێوە ئەو دەستە دیاری کرا کە لە داهاتوو سەرۆکایەتی دەولەت و حزب و شۆڕش دەکەن، هەر لەم کۆبونەوە رۆژی ٢٠ ی ئۆکتۆبەر دیاری کرا بۆ راپەڕین.

مەکتەبی سیاسی بڕیارەکەی کۆبونەوەی پەسند نەکرد ئەو ئەرکەی پێ سپێردرابوو نەچوە ژێر باری، زینوڤییف Zinoviev و کامنێف Kamenev بە دیار کردنی رۆژی راپەڕین رازی نەبوون، هەرچی لە توانایاندا بوو بەکاریان هێنا بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە سەرنەگرێ، لینین کە بە قژێکی دەستکرد لە کۆبونەوەی ١٠ ی ئۆکتۆبەر بەشداریی کردبوو نەیتوانی چیتر دەرکەوێ ناچار دووبارە خۆی دەشارێتەوە و لە وردەکاری ئامادەکردنی رۆژانەی راپەڕین ناتوانێ بەشدار بێ. هەموو هەولەکانی خستە گەر بۆئەوەی دودلی و لاساری ئەو دوو هاوڕێیەی چارەسەرکا و کۆسپەکانی بەردەم راپەڕین نەهێلێ.

ترۆتسکی بە کاری سەربازیی شۆڕشگێڕیی سۆڤیەتەوە سەرقاڵ بوو بۆیە نەیدەتوانی لە کارو کۆبونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەشداربێ، جگە لەمە نەخشە و بەرنامەکانی لینین بۆ ڕاپەڕین زۆر بە دڵی ئەو نەبوون.

هەرکە لینین دەستبەرداری پلانی یەکەمی خۆی دەبێ، کە بریتی بوو لە ئەنجامدانی کودەتایەک لە پترسبۆرگ، پێشنیار دەکا یەکەم جار گورزێک ئاراستەی مۆسکۆ بکرێ. دواتر ئەوەندە نابا پێشنیار دەکا لە هلسنکیەوە دەست بکرێ بە ڕاپەڕین و لەوێوە بەرەو پترسبۆرگ هەڵمەت ببات، بۆ ئەم ئامۆژگاریانەی لە دەرەوە بۆی دێن، ترۆتسکی بەردەوام شانی بۆ دەلەقاند، هەروەها ستالینیش بە هەمان شێوە، کە دواتر بە گاڵتەجاری باس لە نەخشە و پلانەکانی لینین دەکەن کە بۆ ڕاپەڕین دایدەرشت و دەیوت:

( ئێمەی خەباتگێڕانی حزبی، وامان بیر دەکردەوە کە ئێمە لە توانامانداپە کەند و دۆڵ و تەگەرکان کە دەکەونە سەر ڕێگامان  بیان بینین، بەڵام (لینین)ی مەزن، کەند و دۆڵ و تەگەرەکان نازانێ، ئەو گوێ بە مەترسیەکان نادا،، بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

(هەلسنەوە و بەرەو ئامانجەکانتان هەنگاو بنێن) بەڵام ئێمەی خەباتگێڕە حزبیەکان، وامان دەزانی کە ئەم ڕەفتارە گونجاو و لێوەشاوە نیە، دەبێ ئێمە تەنگو چەلەمەکان لە بەین بەرین، بۆ ئەوەی بتوانین مەچەکی شۆڕش بگرین. سەرەڕای ئەو پێداگریەی لینین ئێمە بەدوایدا نەرۆیشتین)

وێڕای نارێکی پلانەکانی لینین لە روی سەربازیەوە کەم و کوری سیاسیشی هەبوون، ڕاپەڕینی بەرتەسک دەکردەوە، لە دەستکەوتەکانی سۆڤیەتی بێبەری دەکرد. وەکو ترۆتسکی وتەنی بەرەو کارێکی مللیی بەرتەسکی دەبرد کە تەنها پەیوەندیی بە بۆلشەڤیەوە هەبی. هەروەها ڕاپەڕینی لە شکۆی بەرگری رادەمالی، شێوازێکی هێرش بەرانەی پێدەدا، بە کارێکی هەست وروژاندنی نمایش دەکرد کە یاوەرانی شۆڕشیش لێی هەراسان بن .

لە ١٦ی ئۆکتۆبەر کۆمیتەی ناوەندی بە ئامادە بوونی ئەندامانی پایە بەرز کە لەدەرەوە هاتبوون کۆبووەوە، لەم کۆبونەوە بڕیاری ڕاپەڕین پەسند کرا، بۆ رۆژی دواتر زینوڤییف Zinoviev و کامنێڤ Kamenev شەڕی خۆیان لە دژی لینین ئاشکەرا کرد و بردیانە دەرەوەی حزب، لە سەر بەرپەڕی رۆژنامەی ماکسیم گۆرکی (نوڤایا جیزن) (ژیانی نوێ) خەلکیان لە مەترسیەکان ئاگادار کردەوە و هۆشداریان پێدان، ئەم رۆژنامە هەلوێستێکی مامناوەندیی لە بۆلشەڤیەکان و مەنشەڤیەکان دەنواند، ئاشکەرا کردنی ئەم  نهێنیە لینینی تورە کرد، هاوڕێکانی بە ناپاکی حزب و تێکدەری خۆپیشاندانەکان ناونا، داوای دەرکردنیانی کرد لە حزب، ئەم سزایە هاوڕێیانی تری حزب پێیان قورس بوو، ستالین لە رۆژنامەکەیدا ناڕەزایی لینینی بلاو کردەوە بەڵام

بە شێوازێکی نیانتر بۆ ئەوەی کەلێنی ناکۆکیەکانیان کەم کاتەوە، لە راستیشدا لە دانیشتنی ١٦ ی ئۆکتۆبەر بەم شێوە لەگەڵ کامنێف Kamenev و زینوڤییف Zinoviev گوتوبێژیان کرد:

( ئەوی زینوڤییف وکامنێف Kamenev پێشنیاری دەکەن پێدانی دەرفەتە بە دژەشۆڕشەکان تا ریزەکانیان رێکخەنەوە، ئەمەش دەمان گەرێنێتەوە بۆ دواوە و زیان بە شۆڕش دەگەیەنێ، ئەوەی ئێستا پێویستمانە دەبێ زیاتر بڕوامان بە خۆمان بێ .. لێرە دوو پلانی سیاسیمان لەبەردەست دایە:

یەکەمیان/ هەنگاو نانە بەرەو سەرکەوتنی شۆڕش و تێروانین لە دیدەکانی ئەوروپا.

دووەمیان/ بڕوا نەبوونە بە شۆڕش ئومێد بوونە بەوەی حزب ببێتە حزبێکی ئۆپۆزسیۆن و بەس.. سۆڤیەتی پترسبۆرگ رێگای یەکەمی هەلبژاردوە.)

ئەم برگەی دوایی واتە کۆمیتەی ناوەندی مەبەستیەتی کات بەفیرۆ بدا، سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی ترۆتسکی کەوتە بواری پراکتیکی، ئیتر ستالین بۆچی هەردوو هاوڕێ کەی کە گرفت دەخەنە بەردەم راپەڕین بیان پارێزێ؟ ئایا دەیەوێ حزب لە لەتبون دورخاتەوە؟ یا ئەوەتا ئەو هاوار و هۆشداریەی کامنێف Kamenev و زینوڤییف Zinoviev، بوە مایەی دودل بوونی ستالین؟ یا ئەوەتا وەکو ترۆتسکی دەڵێ مەبەستیەتی بە گلاوی خۆی بپارێزێ؟ خۆی لەو شوێنانە بپارێزێ کە راپەڕین لە بار دەبەن بێ ئەوەی ریزی راپەڕینخوازەکان جێ بێلێ؟




**کامنێف Kamenev**

**زینوڤییف Zinoviev**

لە کۆبونەوەی دووەمی کۆمیتەی ناوەندی کاتێک کامنێڤ Kamenev لە ئەندامێتی سەرکردایەتی دەست لەکار دەکێشێتەوە، ستالین بەرگریی لێدەکا، لە ئەنجامی ئەو نوسینەی لە رۆژنامەکەیدا بلاو کراوەتەوە رووبەڕووی رەخنەی لینین بۆوە ، کۆمیتەی ناوەندی ئەم دەست لەکار کێشانەوەی پەسند نەکرد، لە هەولێکی تردا بۆ ئەوەی سەرنوسەری رۆژنامەکە نەکەوێتە باوەش لایەنگرانی دژ بە راپەڕینەکان، ستالین لە زمانی دەردەچێ و بەرگری لە دوو هاورێکەی دەکا هەولدەدا تا خۆی وا نیشان بدا کە لە ریز راپەڕینخوازەکان دایە و لایەنگریانە، بۆیە پێشنیار دەکا لینین و ترۆتسکی ببنە بەتوانا و دەسەڵاتدارترین ئەندامانی راپەڕینخوازەکان، هەردوکیشیان ببنە وتەبێژی فەرمیی ئەم رەوتە لە کۆنگرەی داهاتوی سۆڤیەت، کۆنگرەی شۆڕش.

لەو کاتەدا لیژنەی جێبەجێ کردنی سۆڤیەت کە مەنشەڤیەکان تێیدا زۆرینەن بڕیاریاندا پێنج رۆژ کۆنگرە دوابخرێ واتە تا ٢٥ی ئۆکتۆبەر.

ئەم چەند کەمە رۆژە ئەو رۆژانە بوون کە ئامادەکاریەکی تەواو کرا بۆ راپەڕین، لە ٢١ی ئۆکتۆبەر لیژنەی فەوجەکانی پترسبۆرگ بە فەرمی دانیان بە لیژنەی سەربازی شۆڕشگێڕنا وەکو فەرماندەی کارای سەربازگەکان، نابێ هیچ فەرمانێک جێبەجێ بکرێ ئەگەر واژۆی ترۆتسکی یا یاریدەدەرەکانی (ئەنتوانوف-ئوفسینکو یا بودوفسکی) یا یەکێک لە کۆمیسارەکان کە رێگەیان پێدرابێ لەسەر نەبێ، لە ٢٣ی ئۆکتۆبەر لیژنەی سەربازی شۆڕشگێڕ، بۆ هەر تیپێکی سەربازی کۆمیسەرێکی دانا لە پایتەخت و دەورو بەری، بەم هەنگاوە پەیوەندیەکانیان بۆ سەرجەم هێزەکان دابین کرا، سەربازگەکان فەرمانی جولە پێکردنیان لە سوپا سالارەوە پشتگوێ دەخست، کاتێک لە سۆڤیەتەوە فەرمان دەرکرا بە گواستنەوەی تیپێکی سەربازی لە پایتەختەوە، فەرماندەی تیپەکە فەرمانەکەی جێبەجێ نەکرد، ئەو ئەفسەرانەی ئەم فەرمانەی سۆڤیەت جێبەجێ ناکەن دوریان خستنەوە و دەستگیرکران.

دواجار لە ٢٤ی ئۆکتۆبەر، وەکو ئەوەی حکومەت پاساوی بەدەست بێ بڕیاری قەدەغە کردنی راپەڕینی دا و بە هێرش کردن وەلامی دانەوە، حکومەت دەستی بەسەر ئە رۆژنامەدا گرت کە ستالین سەرنوسەری بوو چاپخانەکەشی داخست، کرێکارەکان چونە بارەگای سەربازی داوای یارمەتی و هاوکاریان لێ کردن تا بتوانن رۆژنامەکەیان دەرکەن، دواتر فەرماندەی راپەڕینەکە دەنوسێ و دەڵێ:

لێدانی مۆمی سوور لە دەرگای رۆژنامەکەمان کارێکی سەربازیە، بە مەترسیی نازانین، بەڵام ئاماژەیە بۆ دەستپێکردنی شەڕ، هەر بە زویی شەڕ پەرەی سەند و پردەکان و وێستگەی ئاسنین و سەنتەرەکانی پۆست

وگەیاندن و خالە ستاریژەکانی گرتەوە، ئەم شوێنانە هەموویان بە فەرماندەیی ترۆتسکی دەستیان بەسەردا گیرابوو بەبێ ئەوەی فیشەکێک بتەقێندرێ.

تاقە هێرشی بە تەقە تەنها لە کۆشکی زستانە روودرا کە بارەگای حکومەتی کاتی بوو، ئەم ئۆپەراسیۆنەش لە کاری گاڵتە و پێکەنین بەدەر نەبوو چونکە کاتێک فەرماندەی هێرشەکە (ئەنتونف- ئوفسینکو) باڵوێزی داهاتوی یەکێتی سۆڤیەت لە پۆلۆنیا هاونەکانی بەبێ ناوک دەهاویشتن بۆ ئەوەی کەس نەکوژرێ و دوژمن بتۆقێ گولە هاونەکان تەنها دەنگ و دوکەڵ بوون، حکومەت کەسی لەگەڵدا نەمایەوە جەماوەر هەمووی لایەنگری شۆڕش بوو بۆیە هەر بە چاو تروکانێک ئاسەواری حکومەتیان نەهێشت.

کاتێک کۆنگرەی دووەمی گشتیی سۆڤیەت لە ٢٥ی ئۆکتۆبەر دەبەسترێ، حکومەت لەسەر لێواری نەماندا بوو، زۆرینەی بۆلشەڤیەکان دانیان پێدانا.

لە راپەڕین ستالین رۆڵێکی دیاری نەبوو خۆی لە حەشارگەکان دەشاردەوە ئەمەش بوە مایەی پەشۆکانی نوسەرانی ژیاننامەی، لەم رووەوە ترۆتسکی راستی وتووە کە دەڵێ:

(تا رووبەر و پانتایی شەڕەکان بەرفراوان دەبن رۆلی ستالین بەرتەسک دەبێتەوە ).

لە ١٦ ی مانگ لە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ستالین و بوبنوف و دزیرجنسکی ویوریتسکی کرانە نوێنەر لە لیژنەی سەربازی شۆڕش لای سۆڤیەت، بەڵام ستالین بە رۆلی خۆی هەڵنەستا، بۆیە ئێمە بڕوامان بە وتەکەی ترۆتسکیی سەرۆکی لیژنە دەکرد، بۆ ئەوەی بێلایەن بوەستین دەبوایە باسمان لە بۆچونەکانی ترۆتسکی نەکردبایە، بەو مەرجەی ئێمە لە نێو کۆمەلێک لە دۆکۆمێنتی راپەڕیندا ئەوەمان بسەلماندبایە کە ستالین راستەوخۆ پەیوەندیی بەم لیژنەوەیە هەیە، بەڵام ئەم جۆرە دۆکۆمێنتانە نەبوون.

هەر لەوکاتەی ستالین بە تەواوەتی دەستی گرتوە بەسەر دەسەڵاتدا زۆر بەجدی کاری لەسەر پاکسازی ئەو کتێبە مێژووییانەی کردوە کە لەسەر شۆڕش نوسراون، بۆ ئەوەی ناوی ترۆتسکی لە رووداوەکان وەلانێ، ئەو لە کتێبەکان ناوی بە ناپاک یا تێکدەری راپەڕین دەبا، واتە کتێبەکان باس لە رۆلی سەرکردایەتی لینین و ستالین دەکەن ئاماژەیەکی باش بە ناو و رۆلی ترۆتسکی نادەن، هەرچی کردار و وتەی بەنرخی ترۆتسکی هەیە لە مەیدانی سەربازی و سیاسی هیچ ئاماژەیەکی پێنادەن.

لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای نیازپاکی هەندێک لە مێژوونوسانی روسی تا ئێستا مێژوونوسە فەرمیەکانی یەکێتی سۆڤیەت نەیانتوانیوە ئەو کەلێنەی ترۆتسکی لە شۆڕش پری کردۆتەوە بە ناوی ستالینی تۆمارکەن،

تەنانەت کتێبی ( مێژووی شەڕی ناوەخۆی یەکێتی سۆڤیەت) کە بە ئەنقەست بابەتەکان لەم کتێبە کۆکراونەتەوە لەلایەن هەریەک لە ستالین و وجدانوف و فوروشیلوف و مولوتوف و گورکی و کیرۆف نوسراوەتەوە تاقە بەڵگەیەکی تیا نیە کە راستی رۆڵی سەرکردایەتی ستالین لە لیژنەی سەربازی شۆڕش بسەلمێنی، جەگە لە هەندێک بەڵگەی نافەرمیی بێبنەما نەبێ کە دوورن لە راستی ئەمانیش لەلایەن هەندێک لە لایەنگرانیەوە نوسراون وەکو ( فلادیمیرسکی وسفاروگا)، ئەمەو تەنانەت ژیاننامەی ستالینیش هیچ زانیاریەکی راستی لەم شێوەمان پێ نادا کە ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نیە ئەگەر بلێین رۆژی راپەڕین ستالین لە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەشدار نەبووە، لەم رووەوە ترۆتسکی دەڵێ:

( ئەرێ هۆکاری ئەم ئامادە نەبوونە ترسنۆکی نیە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لە کاتە هەستیارەکانی شۆڕش ئەم خۆی بێلایەن نیشان دەدا؟ ئەو بۆیە خۆی بەبێ لایەن نیشانداوە چونکە لە ئەنجامەکانی دلنیا نەبووە ویستویەتی خۆی هەلوەستەیەک بکا ئاخۆ چارەنوسی راپەڕینەکە بەچی دەگا ئەمەش بێ هەلوێستیە، خۆ ئەگەر راپەڕینەکە سەرنەکەوتبا ئەوکات لینین پێی دەوتین ( ئێوە گوناهبارن) دەبوایە ئەوکات مرۆڤ ئامادە کاری بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەو ساتانە بکات کە هەستیار بوون، لێرە بۆمان دەردەکەوێ ئەم پیاوە چەندە دەمار سارد یا شەرمەزار بووە ئەگەر بە باشتر بلێێن.

دەبێ بۆچونەکانی ترۆتسکی لەسەر ناحەزەکەی راست نەبێ چونکە ئەو شەرمەزاریەی ئەو دایە پالی وا پێدەچووو لە جێی خۆی نەبێ چونکە ستالین لە ١٠ ی مانگەوە بڕیاری خۆی لەسەر رووداوەکان دابوو کاتێک پێشنیارەکانی خۆی لەسەر راپەڕین دابوو بە کۆمیتەی ناوەندی و پشتگیری ترۆتسکی و لینینی کردبوو، لە ١٦ ی مانگیش ئەو دەنگی بە راپەڕین دا، بەڵام لە نێو کۆمیتەی ناوەندی نا، بەلکو لە نێو کۆڕێک کە نوێنەرانی رێکخراوی پترسبۆرگ و لیژنەی سەربازی حزب و سەندیکا و سۆڤیەتی پترسبۆرگ و لیژنەی کارگەکان و کرێکارانی هێلی شەمەندەفەر و هیتریش ئامادە بوو.(لە کاتە هەستیارەکان ئەوەی یاری بە رووداوەکان دەکا، کار دەکاتە سەر پەیام و پابەندبوونی).

ئەم خۆدزینەوە کار دەکاتە سەر پەیامی لینین بۆیە ئێمە ناتوانین هیچ پاساوێک بۆ خۆدزینەوەی ستالین بیبنینەوە کاتێک لە کۆبونەوەی راپەڕین ئامادە نابی و خۆی لە بارەگای گشتی دەشارێتەوە و هیچ کارێک ئەنجام نادا، ئەوەیە کە راستیەکان ماون بەچاو دەبینرێن ناتوانین نکۆلیان لێ بکەین.

لەو سەردەم ستالین کاتەکانی خۆی لە بارەگای رۆژنامەی ( روبوچی بوت) دەبردە سەر، ناوە نوێکەی رۆژنامەی پراڤدا، لەوێ بەناوی حزب نوسینی لە رۆژنامە بلاو کردۆتەوە کە هەموویان بە واژۆی ئەو بوونە،

بەڵام ئەو رووەکو ترۆتسکی بە ئاشکەرا خەلکی بۆ راپەڕین هان نەدەدا ئەو لە سۆڤیەتەکان کاری خۆی دەکرد، دواتر ستالین لە رۆژنامەکەیدا بە شێوەیەکی شاراوە بەرگریی لە دەسەڵات کردوە، ئەمە لە جیات پشتگیری لە راپەڕین و شۆڕش بکا، ئەمە دەبێتە مایەی سەرلێشێواندنی راپەڕین، تەنانەت بەر لەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەنگدان لەسەر راپەڕین بدا ئەو دەنوسێ و دەڵێ:

( یەکەم پیلانی کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov لە بەین بردرا، دژەشۆڕشەکان شایەنی ئەوە نین، دەبێ پیلانی کۆرنیلۆڤی دووەم کە ئێستا ئامادە کاریی بۆ دەکەن لە رەگ و ریشەوە هەلتەکێندرێ، بۆ ئەوەی مەترسی تا هەتایی لە شۆڕش دوور کەوێتەوە، دەبێ سۆڤیەت و لیژنەکان بە هەموو توانایەکیانەوە ئامادەکاریەکی باش بکەن لە پێناو پوچەل کردنەوەی دووەم هەولەکانی دژەشۆڕش).

دوای سێ رۆژ نوسینەکانی بە رونتر بلاو بوونەوە، دەڵێ:

( ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بلێین هەموو دەسەڵاتەکان بۆ سۆڤیەت بن) ئەوەتا لە بەرەبەیانی هەلگیرسانی شۆڕشدا بەم شێوە باس دەکا:

( دوای سەرکەتنی شۆڕشی شوبات، دەسەڵاتکان هەر لە دەستی سەرمایەدار و خاوەن مولکدار و خاوەن بانک و دزەکان مانەوە، لێرە ئەو هەلە کوشندەی جوتیار و کرێکاران هەستی پێ دەکرێ، دەبێ ئەم هەڵە راست کەینەوە.)

دواتر زۆر ئەو گوتەی لینینی دووبارە دەکردەوە کە زینوڤییڤ Zinoviev و کامنێڤ Kamenevی پێ هەراسان دەکرد:

( زەنگی کار لێدرا، هەر دواکەوتنێک مەترسی لەسەر دەستکەوتەکانی شۆڕش دەبێ، حکومەتی حالیحازر خۆی خۆی دامەزراندوە، ئەم حکومەتە گەل هەلینەبژاردوە، دەبێ بگۆردرێ، دەبێ نوێنەرانی کرێکار و جوتیار و سەربازەکان هەلیانبژێرن).

دوای ١٤ ساڵ بەسەر ئەو رووداوانە ترۆتسکی دۆخی ئەوسای شۆڕشی بەم شێوە شی کردۆتەوە و باسی لێوە کردوە: ( هەموو ئەوانەی لە راپەڕین بەشدار بوون لە سەرکەوتنەکان دلنیا بوون، ئەمە هێزی راپەڕین بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا خالی لاوازیشی هەبوو) وشەکانی ستالین کە بەر لە چەند کاتژمێرێک لە راپەڕین ئەو بڕوایەمان پشتراست دەکاتەوە: ئەگەر کارەکانتان بە گیانێکی هاورێیی و تەبایی بوو، کەس زاتی ئەوە ناکا

ڕێگری لە ئیرادەی گەل بگرێ، تا بە هێزی ڕێکخراو بەرەو پێش بچن ئەوەندە حکومەتە کۆنەکە بە ئاشتیانە دەستبەرداری پێگەی خۆی دەبێ.

جوانترین دەربڕینی هەڵوێستەکان لە وەڵامی ئەو پرسیارانەوە بەدی دەکرێ کە لە هەموو لایەکەوە ئاراستەی ستالین دەکران، ئەویش زۆر بە شێوازێکی ناڕوون و وەکو کەسێکی خاوەن ئەزموون وەلامی دەدانەوە:

( ئەمەش وەلامەکانە. سەبارەت بە بورژوا و دەزگاکانی: حسابەکانمان لەگەڵیان یەکلایی دەکەینەوە، سەبارەت بە کرێگرتەکانی بورژوا و دەست و پێوەندەکانیان، ئەوانە دەدەینە دەزگای نەهێشتنی سیخوری، ئەوان بە چاکی سودیان لێ وەردەگرن بەهۆی ئەوانەوە دەتوانن کات و ساتەکانی کودەتا و کارە ناپاکیەکان دەستنیشان کەن و لەسەر بنەمای ئەو شارەزاییانە ڕۆژژمێرەکانیان ڕێک خەن، سەبارەت بە پالەوانەکانیش (سۆسیالیستە میانڕەوەکان) کە لەتەک حکومەت و دژی کرێکار و جوتیار و سەربازەکان وەستانەوە ئێمە بۆ ئەوان هیچمان نیە، بەڵام دەیان دەینە دەست کۆنگرەی سۆڤیەت تا ئەوان لێپێچانەوەیان لەگەڵدا بکەن.)

ستالین توندترین هێرشی کردە سەر نوسەر ماکسیم گورکی کە بە درێژایی ئەو ساڵانە هاوڕێیەتی لینینی دەکرد، وتبوی: ڕۆژێک دادێ ستالین خۆی دەکاتە پێغەمبەری شارستانێتی نوێ، ڕۆژنامەکەی گۆرکی ئەو ڕۆژنامەیە بوو کە زینوڤییڤ و کامنێڤ Kamenev بەبەردەوام لە دژی ڕاپەڕین نوسینەکانیان لێ بلاو دەکردەوە، ستالین و هاوڕێیان لەو کارە بێزار ببون کە ڕۆژنامەکە پێی هەڵدەستا لە ئاشکەرا کردنی نهێنیەکانی ستالین، دواتر گۆرکی خۆی سەرپەرشتی نوسینی هێرشکردنە سەر بۆلشەڤیەکانی دەکرد، لە نوسینێکیدا لە ژێر ناونیشانی (بێدەنگ نابم) ئەم ناونیشانەی لە یەکێک لە دەمەقالیەکانی تولستۆی وەرگرتوە کە دژی قەیسەر بەکاری هێناوە، ستالین بە تورەییەوە ولامی دەداتەوە:

سەبارەت بە ماندوەکانی ڕۆژنامەی (نوڤایا جیزن) ڕۆژنامەکەی گورکی ، ئێمە تێناگەین ئەوانە چییان لە ئێمە دەوێ؟ ئەگەر نیازیانە کاتی ڕاپەڕین بزانن بۆ ئەوەی تێکی دەن، بەر لەوەی ڕاکەنە فینلەندا، ئێمە هیچ ناکەین تەنها ئەوە نەبێ لە دژی ئەم کارەیان بوەستین، بەڵام ئەگەر مەبەستیانە کاتی ڕاپەڕین بزانن بۆئەوەی لە دلەراوکێ و ئەو ماندوێتیە نەجاتیان بێ ؟ ئەوا ئێمە پێیان دەڵێین ئەگەر ئەو کاتەش دیاری کرابێ و هەندێک لە بۆلشەڤیەکان بە گوێی ئەوانیاندا چرپاندبێ، ئەوا با دلنیا بن ئەگەر ڕاپەڕین ئەنجام درا ئێمە ڕێگە نادەین ئەوان بە ئارامی بژین).

لە ڕاستیدا هەموو سەرکردەکانی بۆلشەڤیک لە گورکی بێزار ببون بەڵام کەسیان وەکو ستالین وا بە ڕوونی و بوێرانە هێرشی نەدەکردە سەر و بە ڕاشکاوی گاڵتەی بە هێرشەکانی نەدەکرد:

(گورکی لەم وتارەیدا بە ناوی ( بێ دەنگ نابم) دەنوسێ؟ دەڵێ کارێکی سەیرە بێدەنگ دەبن کاتێک مولکدارەکان ئەوەندە جوتیارەکان برسی دەکەن پالیان پێوە دەنێن بۆ ئەوەی کاری گێرەشێوێن ئەنجام بدەن کەچی ئەوان هەر بێدەنگن، بێدەنگن کاتێک سەرمایەدار و کرێگرتەکانیان هەڕەشەی لەناو بردنی کرێکارانی روسیا دەکەن، بەڵام وا پێدەچێ ئەوکاتەی پێشەنگی شۆڕش کە سۆڤیەتی پترسبۆرگ دەبێ بەرگری لە کرێکار و جوتیارە فێل لێکراوەکان دەکا ناتوانن بێدەنگ بن، ئەمە یەکەم وشەیە کە دژی دژەشۆڕش بەکار دێ، کاتێک لەسەر چای خواردنەوە باسی شۆڕش دەکەن بە باشی باسی ناکەن، وا دەزانن پەتای تاعونە بەلایەوە ناچن).

ستالین بەم وشانە هێرشی توندی دەکاتە سەر:

( شۆڕشی روسی ژمارەیەکی زۆری لە پیاوە نازدارەکان سەرنگون کرد، هێزی شۆڕش دەربڕی شۆڕشە، ئەوە دەسەلمێنێ کە سەر بۆ ناوی مەزن دانانوێنێ، شۆڕش ئەمانی لە خزمەت خۆیدا بەکار هێناوە، کاتێکیش رازی بوون بەڵام ئامادە نەبوون فێر ببن ئەوکات فرێی داونەتە زبلدان، ئێستا ئەو زبلدانەی شۆڕش پریەتی لەم بابەتانە:

پلیخانۆڤ، کرونوتکین، بریشفوسکایا، زاسولیچ، بە شێوەیەکی گشی هەموو شۆڕشگێڕە دێرینەکان چونکە ئەوان لە تەمەنا بەساڵا چووبوون. لەوە دەترسین کە ئەو ئەفسەرە ( ستون) دارانە لەگەڵ گورکی جوت بوبن، لەوە دەترسین ئەو مۆمیا کراوانە جادوکەری لەگەڵ گورکیدا بکەن، هەر چۆنێکی بێ، هەریەکەو لە خۆی بەرپرسە، شۆڕش ناتوانێ مردوەکانی خۆی لە گۆڕنێ هەروەها ناتوانێ پەرۆشیان بۆ بخوا).

سەبارەت بە کۆیلەیەکی بەرەسەن گورجی و ئەندامێکی سەرکردایەتیی بۆلشەڤی ئەم دێرانە دەنوسێ، ئەم شۆڕشە تەنها بۆ چینی چەوساوە، سەرکەوتن نیە بەلکو سەرکەوتنە بۆ کەسە خەباتگێڕ ونەکانیش کە لە نێو بزوتنەوەی سۆسیالیستی روسی خزمەتیان کردوە. ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە رەگەز و داب و نەریتێکەوە نییە تەنانەت پەیوەندیی بە لاسایی سۆسیالیستیشەوە نیە، ئەو زۆر جیاوازیی لەگەڵ سەرکردەکانی تردا هەیە بە تایبەتی لەگەڵ لینین کە هەرگیز بەم شێوە ئامادە نیە باسی مامۆستایەکی خۆی ( پلیخانۆڤ) بکا و بە کەسێکی بەتەمەن و ناپاک ناوی ببا.

ئەمە شۆڕشە کەسانێکی خاوەن دیرۆک و ناسراو وەلا دەنێ و کەسانێکی تر دێنێتە پێش و ئەستێرەیان دەدرەوشێنێتەوە، رووداوەکانی داهاتوو زیاتر رووناکی دەخەنە سەر وتەکانی ستالین و کردەوەکانی، ئەوکات

شۆڕش دوو رووی بە خەلک نیشان دەدا، رووێکیان ئومێد بەخش و پرشنگدار، رووەکەیتر دڕندە و مرۆڤ خۆر، تا ئەوکات مەترسیدار بوو، ئەمە ئەو رووە بوو کە ستالین دەیپەرست و گەشەی پێدەدا ئەوتا دەڵێ:

( شۆڕش ناتوانێ مردووەکانی خۆی لەگۆرنێ وبە پەرۆش بێ بۆیان) ئەمە ئەو دەقەیە کە دەبێتە ناونیشان بۆ هەڵمەتی لەناوبردنێکی مەزن کە دوای ماوەیەکی کەم لە بیست ساڵێک پیادەی دەکا.

# بەشی شەشەم

# ستالین لە جەنگی ناوەخۆ

پێشەکی:

- تەنگ و چەلەمەکانی شۆڕش.
- دامەزراندنی ستالین بە کۆمیساری نەتەوەکان.
- یەکەم حکومەتی لینین.
- هاوپەیمانێتی بۆلشەڤیەکان لەگەڵ سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان.
- ستالین دەچێتە هلسنکی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی فینلەندا.
- بۆچونەکانی لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلانی بچوک.
- دانانی ڕەشنوسی یەکەم دەستوری یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩١٨.
- ئاشتەوایی بریست لیتوفسک لە ٣ی ئاداری ١٩١٨.
- ستالین لەگەڵ لینین دەنگ بە پرسی ئاشتەوایی دەدا و دژی (بۆلشەڤی چەپڕەو)ەوە کانیش دەجەنگێ، ئەوانەی بانگخوازی شەڕی شۆڕشگێڕی دژی ئەڵمانیەکان بوون.
- تیرۆر و دژە تیرۆر.
- لە حوزەیرانی ١٩١٨ستالین سەرۆکایەتی شاندی دانوستانکاری ئاشتەوایی دەکا لە ئەنجومەنی (ڕادا)ی ئۆکرانی لە کورسک.
- لە دژی ترۆتسکی لایەنگری فوروشیلۆف و بودینی دەکا.
- ڕاستیی ناکۆکیە مەزنەکە.

- ستالین لە بەرەی باشور داوای دەسەڵاتی رەها دەکا.
- لینین هەوڵی نێوەندگیری و ئاشت بوونەوەی ستالین و ترۆتسکی دەدا.
- راپۆرتی جیاواز لەسەر بەرگری لە تساریتسین.
- لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨ بانگی ستالین دەکرێ بۆ ئامادە بوون لە مۆسکۆ.
- کاردانەوەی شۆڕشەکانی ١٩١٨ لە ئەوروپا.
- ستالین لە ئایاری ١٩١٩بەرگری لە پترسبۆرگ دەکا.
- پێدانی مەدالیای (ئالای سوور) بە هەریەک لە ستالین و ترۆتسکی.
- ستالین لە دیدی کارگێڕی.
- رۆڵی ستالین لە جەنگی نێوان روسیا و پۆلۆنیا لە ١٩٢٠.
- یاخی بوونی کرونستاد و سیاسەتی نوێی ئابوری لە ١٩٢١.
- سیستەمی تاک حزبی و قەدەغە کردنی بالەکانی ئۆپۆزسیۆن لە نێو حزبی بۆلشەڤی.
- ستالین سود لە بەرفراوان بوونی دەسەڵاتەکانی دەزگای حزبی بۆلشەڤی وەردەگرێ.

راپەڕینی ئۆکتۆبەر کەمترین کاری توندوتیژیی لێ بکار هات، خوێنی لێ نەرژا، بەڵام دواتر شەڕی ناوەخۆی بەدواداها ت و دەستی بێگانە کەوتە ناوی ماوەی ٣ ساڵی خایاند. لە راستیشدا ئەو دەولەتە ساوایە بەو هزرو بیرانە نەهاتە دامەزراندن کە بۆلشەڤیەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد و پێی هاتنە سەر دەسەڵات بەقەدەر ئەوەی لەژێر کاریگەری شەڕی ناوەخۆ دروست بوو، بەم ئەگەرەوە حزبی شۆڕشگێڕی دەسەڵاتدار ناچار دەبێ دەستبەرداری هەندێک هزرو بەرنامەی شۆڕشگێڕی خۆی بێ لە پێناو دەربازکردنی شۆڕش لە چوارچیوەیەکی سیاسیدا، بۆیە گۆڕانکاری لە نێو ریزەکانی سەرکردایەتی و لایەنگرانی ئەم حزبە روویدا.

یەکێک لەو دیاردانەی گۆڕانکاری ئەوەبون کە لە هەموو شۆڕشەکان بە هاوبەشی رودەدەن بریتی بوو لە بێ ئومێد بوونی هاولاتیان لە ئەنجامەکانی شۆڕش دوای چاوەروانیەکی زۆر.

لە قۆناغی یەکەم ئەو حزبە کە دەربڕی خواستەکانی گەلە زوو بەسەر دژمنەکاندا زال دەبێ و متمانەی خەلک وەدەست دێنێ و دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام شۆڕشگێڕترین حزبی دونیا لە دیدی هاولاتیانیدا ئەو شۆڕشگێڕە دەرناچی کە لێی رازی بن، کاتێک لە ژێر فشارو پالەپەستۆی گەل بەرەو پێش هەناگو دەنێ و ئامانجەکان دەپێکێ بەڵام لە شەڕی ناوەخۆیدا دەکەوێتە تاقیکردنەوە، تا ئەو کاتیش ئاساییە دەنگی زۆرینەی گەل وەدەست بێنێ، چونکە لەگەڵ ئەوان هەنگاو دەنێ و بۆ خواستەکانیان تێدەکۆشێ، لەم قۆناغەدا حزبی شۆڕشگێڕو پالەوان ئەو حزبەیە کە حزبێکی دیموکرات بێ، هەرچەندە شۆڕشگێرانە و بە توندی مامەلە لەگەڵ دوژمندا دەکا و خۆی پابەندی دەقی دەستور ناکا، سەرکردەکانیان بەهۆی پشتگیری جەماوەرەوە بڕوایان بەخۆوە هەیە، سیاسەتەکانیان لەسەر ئەم بنەمایە دادەرێژن، لاریان نیە سیاسەتەکانیان بە ئاشکەرا بۆ جەماوەر نمایش کەن و گفتوگۆی لەسەر بکەن، ئەوان ملکەچی بڕیارەکانی جەماوەرن، سەرەڕای ئەوەی ئەوان خۆیان وەکو رابەر و سەرۆکی ئەم جەماوەرە دەبینن بەڵام لاریان نیە ملکەچی بڕیار و داواکاریەکانیان بن.

ئەم جۆرە سیاسەتە تەمەن درێژ نابێ، بە دلنیاییەوە لە ماوەی شەڕی ناوەخۆ بەسەردەچێ، زۆربەی کادرە دلسۆز و بەوەفاکانی حکومەت لەم ماوە دەبنە قوربانی شەڕی ناوەخۆ، ئەوانیتر لە پۆستەکانیان رۆژ بە رۆژ پلەیان بەرز دەبێتەوە و پێگەیان بەهێزتر دەبێ. کاتێک حزبی شۆڕشگێڕ لە جەنگی ناوەخۆ تەواو دەبێ هەست بە سەرکەوتن دەکا شانازی بە خۆیەوە دەکا بەڵام ماندو و شەکەت لە نێوەخۆ، چونکە ئەو دەولەتەی توشی شەڕی ناوەخۆهات و دەستی دەرەکیی تێ کەوت بە دلنیاییەوە رووبەڕووی برسێتی و کاولکاری دەبێتەوە، ئەوەتا لە ١٩٢٠ روسیا ئەو برسێتیەی بەسەریدا هات زۆر لەو برسێتیە خەراپتر بوو کە لە ١٩١٧ رووبەڕووی بۆوە، ئیتر ستەم و زۆرداریەکانی دەسەڵاتداران کە بە پاساوی بەرگری لە خود هەموو توندو تیژیەکانیان

بەکار هێناوە بێ کاردانەوە نابێ، بەڵکو ئەم کاردانەوانە توندتریش دەبن لەگەڵ ئەو کەسانەی بوونە هاندەر و هۆکاری ئەوەی حزب بەرەو ئەم کارەساتە بەرێ.

لێرەدا دەبینین دوای ساڵێک بەهۆی بەجێ نەگەیاندنی پەیمانەکانیان، حزب بەرەو دواوە دەچێ و پاشەکشە ددەکا، راستە ئەوان رژێمی کۆنیان لە ناوبرد بەڵام نەیانتوانی داخوازیەکانی رۆژانەی گەل بەجێ بگەیەنن. راستە شۆڕش نەخشەی بناغەیەکی نوێی کێشا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بەختەوەر، دیارە ئەمە پاساویانە لەبەردەم نەوەی نوێ، بەڵام بەرهەمەکانی شۆڕش زۆر لەسەرەخۆ پێ دەگەن، هەرچەندە ساڵەکانی سەرەتایی شۆڕش پڕبوون لە ئازار و ناخۆشی، ئا لەم ساڵانە سیمای دەولەتی نوێ دەردەکەوێ، ئەم سیمایە دەبێ کە پەیوەندیەکانی نێوان حزبی شۆڕشگێڕ و گەل رسوا دەکا، ئا ئەمەیە کارەسات کە بەسەر حزبی شۆڕشگێڕدا دێ. ئەگەر ملی بۆ داخوازیەکانی گەل کەچ کرد دەبێ دەست لە دەسەڵات هەلگرێ، بەڵام هیچ حکومەتێکی شۆڕشگێڕ دوای شەڕی ناوەخۆ دەست لە دەسەڵات هەلناگرێ کە تێیدا سەرکەوتوو بووە.

لەم حالەتە تاقە کەسانێک کە خاوەنی هێزبن و بتوانن ئەم داواکاریانەی گەل بە دەست لەکار کێشانەوەی حکومەت جێبەجێ بکەن، پاشماوەی دژەشۆڕشن هەر ئەوان ئەگەر هەندێک هێزیان لەبەر مابێ بەڵام گوێگرتن بۆ داخوازیەکانی ئەوان واتە خۆکوشتن، ئەمەش وێڕای لەدەستدانی دەسەڵات، ئەو خەبات و ماندوبونەی حزبی شۆڕش پێشکەشی بەو گەلە کرد لە پێناو گەیاندنی بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو هەمووی بە فیرۆ دەچێ، دەستاو دەست کردنی حکومەت لەم حالەتانە لە نێوان حزبی شۆڕشگێڕو ئۆپۆزسیۆن کارێکی ئاساییە هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ ئەو دەستاودەست کردنەی پەرلەمان کاتێک خولی پەرلەمانی تەوا دەبێ و کارەکان رادەستی ستافی نوێ دەکەن، بێ ئەوەی هیچ کەسێک ناچار بێ ئەویتر سەرکوت بکا، بەڵام حزبی شۆڕشگێڕ پاشەکشە نازانێ، دیارە ئەو دۆخەی ئەو تێی کەوتوە لە ئەنجامی ئەوە بووە تا داخوازیەکانی گەل جێبەجێ بکا بەو هۆیەوە کەوتۆتە ئەم دۆخەوە و ئێستاش ئەوان دەستبەرداری دەبن و ریزەکانی جێ دەهێلن، بۆیە بێ گوێدانە جەماوەر بەردەوام دەبێ لە جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەی خۆی بڕوای پێیەتی، هەر ئەوەندە بە خۆی دەزانێ کە ناچار دەبێ گەل بێدەنگ کا.

حزبی شۆڕشگێڕ سەرەتا بەم پێشهاتانە نازانێ کە قۆناغە نوێکە چیی پێیە، ئەو وەکو دەسەڵات بە پالپشتی گەل و لە پێناو گەلدا ئەم دەسەڵاتەی گرتۆتە دەست، بەڵام ئەوەتا یەکێک لەو خەسلەتانە لەدەست دەدا، ئەویش پالپشتی گەلە. ئیتر حزب لەسەر ئومێدەکان دەژی ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی کاتی دەزانێ، بیر لە هەندێک کارەکتەر دەکاتەوە کە باسیان لێوە بکا بۆئەوەی مۆرالی جەماوەر بەرزکاتەوە و لەسەر رابردوو بژێ،

باس لە پالەوانێتیەکانی رابردوی خۆی دەکا، بەڵام بەم کارانە مەودای لەیەک جیابونەوەی نێوان جەماوەر و حزب وردە وردە بەرینتر دەبێ و زیاتر لەیەک دوور دەکەونەوە، ئەمە وادەکا بەهۆی ئەو سەرکوتکاریانە دەسەڵاتداران خەسلەت و سیمای ستەمکار وەرگرن ، لە دوایی خۆیان دەکەونە ژێر حوکمی رەفتارە کانیان، لە ئەنجام بۆچون و هەلوێستی سەرکردەکان چەندین ئاراستە دەگرێتە خۆ هەندێکیان ئەم روالەتە بە واقع دەزانن هەندێکیان جیا بوونەوەی حزب لە جەماوەر بە کارێکی حەتمی دەبینن هەندێکیشیان هاواریان لێ هەلدەستێ کە ئەم دۆخەیان پێ هەرس ناکرێ و پەنجەی تۆمەت بۆ لایەن و کەسی تۆمەتبار درێژ دەکەن، ئەوانی تر پاساو بۆ خۆیان دێننەوە بەو گوتەی گوایە ئەوەی خۆیان پێی هەلدەستن لە دواجار لە بەرژەوەندی جەماوەر دەکاتەوە، بەم جۆرە دەبینین هەموویان هەریەکە و بە بڕوایەک دەسەڵاتی خۆی بەکار دەێنێ، ئیتر لە نێو ئەو تۆمەتبارکردنانەدا وردە وردە سەری سەرکردەکان گلۆر دەبنەوە و دەسەڵاتی دەولەتی بەسەر کۆمەڵگا زاڵ دەبێتەوە .

سەرەتا هەندێک کار وا دەبینرێن کە ئاسانن یا ئالۆزن، لە راستیشدا رووداوەکان وەکو ئەوە نین کە گشتگیر دەکرێن بەقەدەر ئەوەی لە میانی رووداوەکان دەبینرێن بۆیە هەر شۆڕشە و دۆخی تایبەتی خۆی هەیە، بە نمونە ئەو هۆکارانەی بوونە مایەی سەرکوت کردن و لە ناو بردنی بزوتنەوەی (یاکوبیەکان) کە تەنها چەند مانگێکی خایاند، لە بەرانبەردا، ئەم دۆخە بۆ بۆلشەڤیەکان زۆر بە هێواشی و لەسەرەخۆ گوزەری کرد کە ماوەی چەند سەدەیەک دەخایەنێ، هەندێک جار ئەنجامەکەشیان لەیەک نەدەچووو، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو ئاراستە گشتیەکەی رووداوەکانە کە خاڵی هاوبەشی رووداوەکان دەگرێتەخۆ لە هەموو شۆڕشە مەزنەکاندا، لە هەمان کاتیشدا بۆ تێگەیشتن لەگۆڕانکاریەکانی سەر ستالین و بۆلشەڤیەکان باشترین تێگەیشتنی بەخشی کە دەبێ لەم روانگەیەوە سەیری کەین.

+ + +

کەم کەس هەبوو ئەو دۆخی هەژاری و نەداری ببینێ و بگاتە لوتکەی دەسەڵات و ناوبانگێکی بەم شێوە بەرز بێ و لە روسیا بگاتە سەر کورسیی دەسەلات پاش ئەوەی لینین لە سەرو بەندی راپەڕین ئەو ماکیاجە وەلا دەنێ کە روی خۆی پێ شاردبۆوە و قژە دەستکردەکە فرێدەدا و پەیوەندی بە هاورێکانیەوە دەکا. بە گالتەوە مۆژدەیەک رادەگەیەنێ، دەڵێ:

لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریە هەستم بە رۆڵیکی نوێکردوە، بەڵکو ستالینیش هەستی بە هەمان رۆڵ کردبێ، لە ٢٦ی ئۆکتۆبەر ١٩١٧گوێێ لە کامنێڤ Kamenev بو بەر لە کۆنگرەی سۆڤیەت ناوی ئەندامانی یەکەم حکومەتی سۆڤیەت، یەکەم ئەنجومەنی کۆمیسارانی گەل دەخوێنێتەوە و لە ناویاندا (یوسف فیساریونوڤیچ ژوگاشڤیلی Dzhugashvili) لەگەڵدا دەبێ کە ستالین خۆیەتی (سەرۆکی کۆمیساری نەتەوەکان).

بەڵام سەرجەم حزبەکان بایکوتی ئەو حکومەتەیان کرد جگە لە بۆلشەڤیەکان، لە نێو ئەو ١٥ ئەندامانەی حکومەت ١١ رەوشەنبیر و چوار کرێکار هەبوون، سەرۆکەکەی لینین دەبێ، کۆمیساری کاروباری دەرەوەیان ترۆتسکی بوو، هی کاروباری ناوەخۆش ریکۆف بوو، هی کشتوکاڵ ملیوتین، وەی کار شلیا بنیکوف و ئەرکی کاروباری سەربازی ودەریاوانییان بە لیژنەیەکی سێ کەسی سپارد:

(ئەنتونوف-ئوفسینکوی کۆنە ئەفسەر، کریلنکۆی پارێزەر و کۆنە عەریف، دیبنکوو دەریاوان.

حکومەت بڕیاری هەلوەشاندنەوەی هەموو دەزگا کۆنەکانی دا، وەکو نوێخوازێک خۆی دەرخست، دەستەواژە کۆنەکانی بەکار نەهێنایەوە بە نمونە، لە جیات وەزیر،کۆمیساری بەکار دەهێنا، هەر کۆمیسیارێکیش لە لایەن لیژنەیەک دەبردرا بەرێوە، دیارە لە روخسار و ئەدای کۆمیسارەکانەوە ئەوە بەدی دەکرا کە حکومەت دەست بەرداری هەموو شێوازە کۆنەکان دەبێ، هەر لە سۆز و جۆشی کۆمیسارەکانەوە ئەو دلسۆزی و پێداگریە بەدی دەکرا. لێرە ناتوانین باس لە هەموو شێوازو رەفتارە نوێکان بکەین جگە لە دوو تا سێ رووداو یا نمونە نەبێ:

لەوکاتەی هێشتا بۆلشەڤیەکان لە راپەڕین بەردەوام دەبن دەنگۆی ئەوە بلاو دەبێتەوە کە بۆلشەڤیەکان بە نیازن کۆشکی کرملین بڕوخێنن، وەکو دەربڕینی ناڕەزایی و کاردانەوەی ئەم دەنگۆیە وەزیری پەروەردە (لوناچارسکی) دەست لە کار دەکێشێتەوە، لە دژی ئەو کارە دڕندانەی سوپای سوور ئەنجامی دەدا، لە یەکێک لە بەیاننامەکانیدا هاوار دەکا و دەڵێ:

( ئەی هاوڕێیان ئەوەی ئەمرۆ لە مۆسکۆ رودەدرێ کارەساتە خەراپەکاریە کە ناتوانرێ وا بە ئاسانی بنیاد بنرێتەوە، ئەو گەلەی خەبات دەکا بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتەدەست ئەمرۆ سیمای پایتەختەکەیان شێواندوە، وەرگرتنی پۆستی کۆمیساری پەروەردە لەم قۆناغە بەم رووداوانەوە کارێکی زۆر قورسە، بەڵام ئەوەندە نابا هاولاتیان لەم نەزانیە لەخەو هەلدەستن، ئەوکات دەزانن سەرچاوەی هێز و هونەر لە چیدایە).

کاتێک دەرکەوت ئەم دەنگۆیانە بە زیادەوە باس دەکرێن، لینین توانیی ناوبراو لەم بڕیارەی پاشگەز کاتەوە.

بەڵام لە رۆژی یەکەمەوە حکومەت بۆی دەرکەوت کە هاولاتیان و فەرمانبەران پابەندی فەرمانەکانی حکومەت و سەروی خۆیان نابن، شایەدحالێک بەم شێوە دەگێرێتەوە:

کاتێک حکومەت کۆلۆنتای بە کۆمیساری کار دامەزران لە یەکەم رۆژی کار کردنیدا سەرجەم فەرمانبەر و کرێکاران بە خۆپیشاندان پێشوازیان لێی کرد رێگەیان پێی نەدا دەست بەکار بێ گەمارۆی کۆمیسیار و فەرمانگەکەیان دابوو ، کۆلۆنتا بە چاوی پر فرمێسکەوە دەڵێ کەس ئازاد نەکەن تا کلیلەکانی فەرمانگە رادەست نەکەنەوە، ئەوەتا هێشتا شۆڕش خەلک سەرکوت دەکا.

وێڕای نارەزایی لینین، ئەنجومەنی کۆمیساران لە یەکەم برپاریدا سزای لە سێدارەدانی هەلوەشاندەوە، لەم میانەش پاسەوانانی سوور جەنەراڵی قەوقواسی (کراسنوف) یان بە تۆمەتی هێرش کردنە سەر پترسبورگ دەستگیر کرد کە بە نیاز بوو دەسەڵاتی بۆلشەڤی لە ناو بەرێ و سۆڤیەتەکان هەلوەشێنێتەوە، بەڵام لە بەرانبەر لێوەرگرتنی پەیمانێک کە چیتر شەڕ نەکاتەوە، ئازاد دەکرێ، کراسنۆف فەرماندەی سوپایەکی روسی بوو دژی شۆڕش لە باشوری روسیا.

دوای بەسەر چونی ماوەیەک شۆڕش برپار لەسەر دوژمنانی خۆی دەدا و قەبوڵ ناکا بەم شێوە دابەش بن، بە سیاسەتێکی نوێ و خۆراگریەوە کەسانێک سەرهەلدەدەن دەتوانن شۆڕش لەم دۆخە رزگار کەن و هەلبستێننەوە سەرپێ.

ستالین لە کۆمیسیارەکەی لەلایەن فەرمانبەرانیەوە رووبەڕووی هیچ خەراپە کاری و نارەزاییەک نەبۆوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو فەرمانگەی کۆمیسارێک بوو بەناو کاروباری نەتەوەکان، پێشتر ئەو کۆمیسارە بوونی نەبووە، فەرمانگەیەکی نوێ بوو و لە سفرەوە دەستی پێکردوە. سەرەتا هەموو دەزگا و بنای کۆمیسارەکەی بریتی بووە لە یەک ژوور و یەک مێز بەڵام پاش ئەوەی لە نێوان کۆمیسارەکان دەبێتە دەم دەمانێ لەسەر جێگا بۆ فەرمانگەکان، ستالین بە هاوکاری هەندێک لە هاورێی گورجی و ئۆکرانیەکان و جووەکان دەتوانێ شوێنێکی گونجاو و بەرفراوان بۆ خۆی و فەرمانگەکەی دابینکا.

لە یەکەم دەست بەکار بوونیدا، ئەنجومەنی یەکەمی کۆمیساری گەل هەلدەوەشێنێتەوە. باڵی راستڕەوی نێو بۆلشەڤیەکان کوتلە بەهێزەکەی ناو حکومەت بوون کاریان لەسەر پێکهاتنەوە و ئاشتبونەوە لەگەڵ مەنشەڤیەکان و سۆسیال شۆڕشگێڕەکان دەکرد. بەم مەبەستەوە هانی حکومەتیان دەدا بۆ ئەوەی سۆسیالیستە میانڕەوەکان لە حکومەت بەشداری پێبکەن، لەم داوایەیان ریکۆڤ کۆمیسەری ناوەخۆ و ملیوتین ی کۆمیساری کشتوکاڵ و لوناچارسکی کۆمیساری پیشەسازی و کامنێڤ Kamenev رەزامەندی

وپشتگیریان دەربڕی، دواتر کامنێڤ Kamenev وەکو سەرۆکی کۆمار هەلدەبژێردرێ، ئەم کۆمیسارانە بەدەست لەکار کێشانەوە فشاریان خستە سەر لینین تا دەرگای گفتوگۆیان لەگەڵدا بکاتەوە، بەلام ئەوەندە نابا بەهۆی ئەوەی مەنشەڤیەکان پێداگری لەسەر لادانی لینین و ترۆتسکی دەکەن دانوستانەکان هەرەس دێن ، سەرەتا کۆمیتەی ناوەندی لە بەرانبەر ئەم مەرجەیان هەلوەستەیەک دەکا، بەڵام زۆرینەی بۆلشەڤی ئەم هەولەی مەنشەڤیەکانیان بە بڕینی سەری بۆلشەڤی دەزانی بۆیە رەتیان کردەوە، لەم رووەوە ستالین دژی لادانی لینین و ترۆتسکی وەستایەوە و داوای راگرتنی دانوستانەکانی لەگەڵ مەنشەڤیەکان کرد، بە ئەگەری ئەم رووداوە ژمارەیەکیتر لە کۆمیسار و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەستیان لە کارەکانیان کێشایەوە، دەست لەکار کێشاوەکان نەوەستان تا لینین هەڕەشەی دەرکردنی لە حزب لێ کردن، لەسەر بەیاننامەی هەڕەشەی دەرکردن هەریەک لە لینین و ترۆتسکی و ستالین واژۆ دەکەن، قەیرانەکە بەردەوام دەبێ تا ئەوکاتەی کابینەی حکومەت هەلدەوەشێتەوە و حکومەتێکی نوێ بە بەشداری باڵی چەپی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان دادەمەزرێ، ئەمان تاقە توێژ بوون کە بە هاوکاری کردنی لینین و ترۆتسکی رازی دەبن بۆ ئەوەی پاشماوەی بەرنامەی کشتوکاڵی جێبەجێ بکەن.

کارێکی ئاسان نیە لە رۆڵی هەستیاری ستالین بگەین لە حکومەتی سۆڤیەتی، بێ ئەوەی ئەو کاریگەریە بەهەند وەرنەگرین کە لەسەر لینین و زۆربەی سەرکردەی بۆلشەڤیەکانی دروست کردبوو.

دوودلیان مایەی مەترسی بوو، حکومەتەکە سەرتاپای کێشە و گرفت و ئاژاوەگێری ناوەخۆ بوو، پەککەوتنی ئابوری، دژەشۆڕشەکان، پاشماوەی جەنگ، بەهۆی ئەم گرفتانەوە بەدوای چارەسەیەکدا دەگەرا کە حزب و حکومەت لەم تەنگەژەیە دەرباز کا، لەم روانگەیەوە بیری لە دامەزراندنی وەزارەتێکی بچوک کردەوە لە جیات تەکەتولێکی دکتاتۆرانە.

لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشەوە کۆمیتەی ناوەندی بۆلشەڤی، لیژنەیەکی چوار کەسیان بۆ جێبەجێ کردن دامەزراند لە( لینین، ستالین، ترۆتسکی، سفیردولف) پێکدەهات، پاش ئەنجام دانی هاوپەیمانی بۆلشەڤیەکان و باڵی چەپی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ، حکومەت کارە زەرورەکانی خۆی بە وەزارەتێکی بچوک سپارد کە پێک هاتبوو لە پێنج کۆمیسار سێ لە بۆلشەڤیەکان و دووانی تریش لە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان، ئەندامانی بۆلشەڤی بریتی بوون لە، لینین و ترۆتسکی و ستالین.

بینیمان لە ١٩١٢ ستالین چۆن بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە ئەوکات لینین لەگەڵ بالاترین هاوڕێکانی ناکۆکیی هەبوو هەندێکیان لە ١٩٧ گەرابونەوە ناو حزب.

لەو قۆناغ دەبوایە دەستوەردانێک لە نێو هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی وەربدا و لە شوێن ئەوان هاوڕێیانی ڕێکخستنە نهێنیەکان جێیان بگرنەوە بە تایبەتی خەباتگێڕانی باکۆ، بۆیە ئەوە روودەدرێ، بەرز کردنەوەی پلەی ستالین وا پێویست دەکا پلەی ژمارەیەک لە ئەندامان دابەزێندرێ یا لە حزب دوور بخرێنەوە، بەڵێ ئەمجارەیان ئۆپۆزسیۆنەکان دوور ناخرێنەوە وازیش ناهێنن بەلکو دواتر لە سەرکردایەتی حزب شوێنی باش وەدەست دێنن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ستالین دوودل و رارا نابێ، بەڵام ئەو هەرچیەکی بێ لە دوای راپەڕین ئەگەر لە سەرکردەکانیش دلنیا نەبێ بەڵام ئەو لە گەردونی لینین دەخولایەوە، دیارە کاریگەری مامۆستاکەی ئەوەندە بووە توانیویەتی لە مەداری خۆی دوور نەکرێتەوە، گومانیش لەوەدانیە لینین درکی بەمە کردوە، ئەو پرسوورای ئایدیۆلۆژیی پێ نەکردوە ستالین دوایین کەس بوە لە کۆمیتەی ناوەندی کە لینین راو بۆچونەکانی بە هەند وەرگرێ، بەڵام لە کاری رۆژانەی حکومیدا زیاتر هاوکاری ستالینی کردوە، ئەوەتا شەوی ٢٨/٢٧ ی تشرینی یەکەم ستالین لە تەک لینینەوە بووە لە رووداوەکانی ستونی پترسبۆرگ، چاودێری وردەکاریەکانی لەناو بردنی هێزەکانی کراسنوفی دەکرد.

دوای چەند رۆژێک لە تەک لینینەوە دەبێ کەجەنەرال دوخونین فەرماندەی گشتیی سوپا فەرمانی لینین رەت دەکاتەوە کە داوای لێکردبوو بە ئەلمانیەکان رابگەیەنێ فەرمانی شەڕ وەستان بدەن ، بەو هۆیەوە لینین لەسەر کاری لادەبا و کریلنکو دەکاتە فەراندەی سوپا، ئەمە سەرەتای چالاکیە سەربازیەکانی ستالین دەبێ، دواتر بەرەو زیادە هەلدەکشێن لەگەڵ بەرەو پێش چوونی حزبی.

+ + +

دوای سێ هەفتە لە کودەتاکەی بۆلشەڤی بۆیەکەمین جار ستالین وەکو کۆمیساری نەتەوەکان لە کۆنگرەی حزبی سۆسیال دیموکراتی فنلەندی لە هلسنکی دەردەکەوێ، ئەمە بۆنەیەکی سەیرە کە فنلەندیەکان باسی دەکەن: ئەوکات نوێنەری حکومەتی روسیای نوێ بڕیاردەدا ولاتەکەی سەربەخۆیی وەردەگرێ و لە روسیا جیا دەبێتەوە.

یەکخستنی فنلەندا لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی تساری (قەیسەری) لە سەردەمی قەیسەر ئەلیکسەندەری یەکەمەوە دەستی پێکردوە، دوای جەنگی ناپۆلیۆنی، حکومەتی کرنسکی Aleksandr Kerenski کە خۆی بە میراتگری شەرعیی ئیمپراتۆریەت دەزانی، پێداگریی لەسەر حوکمرانی فنلەندا دەکرد، لە کاتێکا لە سەردەمی روسیاش ئەو حوکمرانیە بەرەو هەلوەشانەوە دەچووو، ئەوەتا مێژوو راست دەکرێتەوە ئەو کەسەی نوێنەرایەتی روسیای نوێ دەکا و هەڵەی رابردووی روسیا راست دەکاتەوە ئەوە رۆڵەیەکی روسی نیە نەخێر رۆڵەی نەتەوەیەکی بچوکی باشوری روسیایە بە ناوی روسیا ئەم برایەرە دەدا، دیارە ئەو کەسەش لە سەردەمی قەیسەرا هەمان ستەم و ئازاری بندەستیی چێشتوە، شێوازی گوتارەکەی لە کەسایەتی و پێگەی ئەو سەرکردە نەدەوەشایەوە، بە دیالیکتێکی لاوازی روسی دەدوا بەڵام بە دڵێکی پاک و لە ناخێکی پاکەوە کاتێک دەڵێ:

( هەموو ئازادیەکان رەهان بۆ پێدانی مافی چارەی خۆنوسین بۆ فینلەندا و سەرجەم گەلانی روسی)

هاوپەیمانێتیەکی سەربەخۆ لە نێوان گەلانی فینلەندی و روسی بەبێ راسپاردن یا چاودێری لە سەرەوەی گەلی فینلەندی، ئەمە ئەو بنەما و بڕوایانەن کە ئەنجومەنی کۆمیساری گەلان لەسەری دەرۆن).

ئەمە نامەی روسیای نوێیە کە رۆڵەی گورجی گەیاندیە گەلی فینلەندی، لەو کاتەوە بە فەرمی حکومەتی سۆڤیەتی دانی بە سەربەخۆیی فینلەندانا، مەرسومنامەکەش بە واژۆی لینین و ستالین دەرچوو).

ئەم دەستپێشخەریە بە تەواوەتی لەگەڵ ئەو تویژینەوە دەگونجا کە لە ١٩١٣. بە ناوی ( مارکسیزم و پرسی نەتەوەکان) نوسیبوی. تیایدا پشتگیری و بەرگریی لە مافی گەلانی روسیا دەکرد کە لە سەردەمی قەیسەر دەچەوسانەوە و مافی چارەی خۆنوسینی بۆ بەرەوا دەبینی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هانی نەتەوە بچوکەکان بدا بۆ پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ، راستە سۆسیالیزم هانی دروست بوونی دەولەتی بچوک نادا بە ئەگەری نەتوانستی لە خۆ بەخێوکردن کەچی مافی چارەی خۆنوسین ئەمە دەگەیەنێ، سۆسیالیستەکان پێیان وابووە بۆ وەدەست هێنانی پێشکەوتنی گەلان و کۆمەڵگە دەبێ سنورەکان وەلانرێن لە نێوان گەلان سنور نەمێنێ

دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە لە تەمەنی شۆڕش واتە لە ٢ی نۆڤەمبەر ئەم بڕیارانە لە بیروبڕواکانیان لە ژێر ناونیشانی( راگەیاندنی مافی گەلانی روسیا) بەرجەستە کران، ئەم بەیاننامەیە لینین و ستالین لە ژێری واژۆیان کرد بوو بە یەکێک لە بەلگە نامەکانی بنەمای شۆڕش دادەنرێ کە تیایدا هاتبوو:

( ئەنجومەنی کۆمیسیارانی گەلان بڕیاریان لەسەر ئەم بنەمایانە دا:

١- یەکسانی و سەروەری گەلانی روسی .

٢-مافی گەلانی روسی لە بڕیاردان لەسەر چارەنوسی خۆیان تا ئاستی سەربەخۆیی و جودابونەوە و پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ.

٣-نەهێشتنی هەموو قەدەغەکراوەکانی ئاینی و نەتەوی.

٤-گەشە پێدانێکی ئازادانە بۆ کەمینە نەتەوایەتیەکانی سنوری روسیا.

سەرکردەکان لەم بڕیارانەیاندا بە ئومێدی ئەوە بوون نەتەوەکانی نا روسی چاو لە نەتەوە روسیەکان بکەن و داوای سەربەخۆیی بکەن یا لەگەڵ دەولەتی روسیا یەکبگرن تا یەکێتیەکی سۆسیالیستی پێک بێنن، بەڵام جیابونەوەی فینلەندا و ئوکرانیا بەندە بە جۆری ئەو سیستەمەی خۆیان هەلیدەبژێرن.

لە ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ستالین لە بەرەدەم لیژنەی جێبەجێ کردنی سۆڤیەتی پرۆژەی سەربەخۆیی فینلەندای بەم شێوە راگەیاند:

( ئەگەر ئێمە بە وشیاری سەیری پرسی فینلەندا بکەین دەبینین ئەنجومەنی کۆمیساری گەل، بەدەر لە نیازەکانی، ئازادیی بە گەلی فینلەندا نەداوە، بەلکو بە بورژوای فینلەندا داوە، کە دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت و سەربەخۆیی لە سۆسیالیزمی روسی وەرگرت) هۆکارەکەشی بۆ ئەو شەرمنی و ترسنۆکیی سۆسیال دیموکراتەکانی فینلەندا دەگەڕێتەوە، بەڵام هیچ هێزێک نیە ئەنجومەنی کۆمیساری گەلان لە پەیمانەکەی پاشگەز کاتەوە کە پەیمانی سەربەخۆیی بوو بۆ فینلەندا، بۆیە سەرەڕای ئەو گلەییانە لە سیاسەتی ئەنجومەن، دەبێ داواکاریەکانی بۆرژوای فینلەندی بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکرێن.

لە هەموو لایەکەوە ئەم رەخنە لە سیاسەتی بۆلشەڤیەکان گیرا بەوە تۆمەتبار کران کە روسیایان فرۆشتوە، بۆخارین و دزرجنسکی ئەم سیاسەتەی ستالینیان بە شکست دەزانی پێیان وابوو لە ژێر فشاری بۆرژوای نەتەوایەتی ئەم سیاسەتە هەلەیەی گرتۆتە بەر کە لەسەر حسابی شۆڕش سەر بۆ داواکاری نەتەوەکان دادەنوێنێ، ستالین بە پشتگیری لینین لەم سیاسەتەی بەردەوام دەبێ.

هەرکە دەرکەوت ئەم سیاسەتە لەگەڵ واقعدا ناگونجێ، لە دەورو بەری روسیا چەند حکومەتێک سەرهەلدەدەن کە هەموویان دژی بۆلشەڤی دەبن و داوای سەربەخۆیی لە روسیادە کەن، لەم میانە پرسی ئۆکرانیا دژوارترین پرس بوو، ئەوەندە نابا پێکدادان لە نێوان حکومەتە نوێکەی ئۆکرانیا و دەزگاکانی سەربە ناوەند دروست دەبن، فەرماندەی گشتیی سوپای ئوکرانی (ئاتامان بتلورا) فەرمان بە سەربازە ئۆکرانیەکان

دەدا بەرەکانی جەنگ جێبێلن و بگەڕێنەوە ئوکرانیا، بۆلشەڤیەکان ئەمەیان بە لەکەدار کردنی مافی چارەی خۆنوسینی گەلان زانی، ستالین بەم بۆنە بەیاننامەیەک دەردەکا پاشخان و ریشەی ئەم ناکۆکیانە دەخاتە روو، دەڵێ:

بۆلشەڤیەکان بە مافی گەلانی دەزانن هەموو نەتەوە و گەلێک سوپای تایبەتی خۆی هەبێ بەڵام نابێ ئەم سوپایە تەنها بۆ مەرامەکانی ئۆکرانی بەکار بێن.

ئەوان تامەزرۆی کۆتایی هێنانن بە جەنگی نێوان ئەوان و ئەڵمانیا و بەستنی هاوپەیمانێتیەک لەگەڵیاندا بوون، رێککەوتنێکیان لەسەر ئاگربەست ئەنجامدا و لە برێست لیتوڤسک دانوستانی ئاشتەواییان بەرێوەبرد، بەڵام کارێکی قورس بوو ئەو سوپایەی روسی لەیەک جیا بکرێتەوە چونکە سوپا کۆنەکەی قەیسەر نەیاندەتوانی لەسەر بنەمای نەتەوایەتی سەربازەکان لەیەک جیا کەنەوە ئەوان لەم کارە را نەهاتبون، بەڵێ لێرە ئەو جیاوازیە بەدی دەکرێ لە نێوان خواستەکانی نەتەوایەتیی ئۆکرانی و بەرژەوەندیەکانی روسی.

ئەم کێشە لە باشور زەقتر دەبێ کاتێک جەنەراڵی قەوقازی (خالدین) لە دژی شۆڕش بڕیاری رووبەڕوو بوونەوە دەدا و ئەنجامەکەی دەبێتە شەڕی ناوەخۆ، حکومەتی سۆڤیەت بڕیار دەدا سوپا بنێرێتە باشوری روسیا بۆ پاراستنی ناوچەی دونیتز کە بە کانزای رەژو بەناوبانگە. لە بەرانبەردا ئوکرانیا باکو رو باشوری روسیا لەیەک دادەبرێنێ، (رادا) (حکومەتە نوێکەی ئوکرانیا) گوێی بە بڕیارەکەی سۆڤیەت نەدا و رێگەی بە سوپای ئوکرانی و سوپای سوور نەدا دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێت، ئایا سۆڤیەت بۆ بڕیارەکەی (رادا) ملکەچ دەبێ و بە مافی چارەی خۆنوسین رازی دەبێ؟ هەر چەندە ئەم بڕیارەی دەبێتە مایەی ئەوەی باشوری روسیا رادەستی سوپای سپی بکرێ، بەڵام کێشەکە لێرە کۆتایی نایە، شۆڕشی سۆڤیەتی دەپەرێتەوە ناو ئۆکرانیا، لە ئوکرانیا شەڕێکی سەخت لە نێوان ئۆکرانیای سۆڤیەتی و حکومەتی (رادا) دروست دەبێ، بە چەک و کوشتار وەلامی سوپای سوور دەدرێتەوە، پترسبۆرگ بێدەنگ دەبێ کە دژەشۆڕش کییف و خارکوفی سەربە سوپای سوور لە ناو ببەن؟

بێ دەنگی کۆمیسەری نەتەوەکان درێژەی نابێت، ئەم پرسە دەخاتە بەردەم کۆنگرەی سێیەمی گشتیی سۆڤیەت کە لە کانونی دووەمی ١٩١٨ دەبەسترێ، داوای هەموار کردنەوەی سیاسەتەکانی کرد: ( بنەمای مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلانی بچوک، مانای ئەوە نیە دەسەڵات بدرێتە دەست بۆرژوای بچوک بەلکو

ئەمە مافێکی ڕەوای جەماوەری چەواساوەی گەلانە، دەبێ ئەم مافەی چارەی خۆنوسین لە پێناو خەباتی سۆسیالیزم ئەنجام بدرێ و دەبێ لەژێر فەرمانی بڕواکانی سۆسیالیزم دابن).

مارتۆڤ بە ناوی مەنشەڤیەکان ڕەخنەی لە کۆمیساری نەتەوەکان گرت، لێی پرسین:

بۆچی بۆلشەڤیەکان سەربەخۆییان بە بۆرژوای فینلەندا بەخشی؟ بەڵام بە بورژوای ئوکرانیای نابەخش؟ بۆچی ستالین پشتگیری سۆڤیەتی ئۆکرانی دەکا بەڵام ترۆتسکی لە دانوستانە ئاشتەواییەکەی برێست لیتوڤسک داوای ڕەفراندۆم لە پۆلۆنیا دەکا لەو شوێنانەی کە لە ژێر دەستی ئەڵمانیادایە؟، ستالین وەلامی دایەوە کە هیچ جیاوازیەک لە نێوان بۆچونەکانی من و ترۆتسکی دا نیە، بەڵام هیچ سۆڤیەتێک لە پۆلۆنیا و دەوروبەری نیە، بۆیە بۆلشەڤیەکانیش نایانەوێ دروستی کەن، بەڵام سۆڤیەت لە ئوکرانیا هەیە، بۆلشەڤیەکانیش ئامادە نین لە سۆڤیەتەکانەوە بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی بۆرژواکان، کۆنگرەش بۆچونەکانی کۆمیسیاری نەتەوەکانی پەسند کردن.

ئەو پرۆژەی ستالین پێشکەشی کۆنگرەی کرد پرۆژەی دەستوری دەولەتی یەکێتی سۆڤیەت بوو، تیایدا داوای پێداچونەوەی لە یەکێک لە برگەکان کردبوو، بڕیار لەسەر سیستەمی فیدرالیزمی سۆڤیەت درابوو، ستالین لە توێژینەوەی نەتەوەکاندا هاوشێوەی لینین دژی فیدرالیزم بوو، کاتی خۆی وتبوی نەتەوە ژێردەستەکان تەنها بە جیابونەوە و سەربەخۆیی دەهەسینەوە، بەڵام ئەگەر خۆیان ڕازی بوون لەگەڵ ڕوسیا بمێننەوە ئەوا دەبێ بە سیستەمی مەرکەزیی ڕوسیا ڕازی بن، چونکە ئابوریی نوێ ئەوە دەخوازێ ئابوریەکی مەرکەزی بێ، دروست کردنی دیوار لە نێوان نەتەوەکاندا لە سنوری یەک دەولەت زیان بە سیاسەت دەگەیەنێ، ئەمە بۆچونی ستالین بوو لە ١٩١٣، دەڵێ هەموو نەتەوە بچوکەکان لە بەرژەوەندیاندا نیە لە دەولەتی مەرکەزی جیا ببنەوە.

دەستوری فیدرالی دەولەتە نوێکەی سۆڤیەت باشترین هاوسەنگیی بۆ بەلشەفیەکان لە نێو ڕوسیا و نەتەوە بچوکەکان دەپاراست.

بەڵام کاتی داڕشتنی دەستور هێشتا نەهاتوە، حکومەتی سۆڤیەت لە هەموو خاکی ڕوسیا بالا دەست نیە، هەر ئێستا پێویست بوو کودەتایەکیتر ئەنجام بدا بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دەست بگرێ بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵات، ئەوەتا لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ پاش ئەوەی ئەنجومەنی دامەزراندن دژی ڕێکارەکانی شۆڕش دەوەستێتەوە، بڕیاری هەلوەشاندنەوەی دەدا: ڕێکارەکانی شۆڕش کە ئەنجومەنی دامەزراندن دژی دەوەستێتەوە بریتی دەبن لە:

١-دەستگرتنی کرێکاران بەسەر پیشەسازی.

٢-خۆماڵی کردنی بانکەکان.

٣-دەستگرتن بەسەر مومتەلەکاتی خاوەندارە زەبەلاحەکانی زەوی.

٤-داوا کردنی خێرا و دەستبەجێ بۆ ئەنجامدانی دانوستان لە نێوان ولاتە شەڕکەرەکان.

ئەم ئەنجومەنە کە لە سەردەمی کرنسکی Aleksandr Kerenski لەسەر بنەمایەکی بابەتی دامەزرابوو، رەنگدانەوەی جەماوەری پێوە دیار نەبوو، نوێنەرایەتی راستەقینەی جەماوەری نەدەکرد.

بە هەلوەشاندنەوەی ئەم ئەنجومەنە بۆلشەڤیەکان و شۆڕشگێڕە چەپڕەوەکان توانیان یەکەم بەرهەمی دیموکراسیی پەرلەمانیی روسی لەڕەگەوە هەلکێشن، بەمەش سۆڤیەت بووە تاقە دەزگا کە دەسەڵات پشتی پێ بەستێ.

بەڵام کاری توندوتیژی لە نێوان رەوتی شەڕو ئاشتی دروست دەبێ، بۆلشەڤیەکان مەزندەی ئەوەیان دەکرد بە خێرایی ئاگر لە ئەوروپا کلپەی شۆڕش وەدەر کەوێ و سنورێک بۆ کارە سەربازیەکان دانێ، بەڵام هیچی لەم بابەتە روینەدا، سەرەڕای ئەو برایەتی و تەباییەی نێوان سوپای روسیا و ئەلمانیا هەبوو کە بۆلشەڤیەکان بە ئەنقەست گرتبویانە دەست بەو نیازەی شۆڕش لەم رێگایەوە بەرەو ئەلمانیا هەلکشێ، لەگەڵ ئەوەشدا سوپای ئەلمانی هیچ لە هێز و تواناکانی لەدەست نەدابوو، فرەنسا و بەریتانیا و ئیتالیاش ئامادە نەبوون باس لە پرۆسەی ئاشتەوایی بکەن، بەتایبەتی کاتێک ئەمریکا دێتە ناو شەڕەکە و دەبێتە بەشێک لە لایەنگرانی هاوپەیمانان. روسیا توانای درێژە پێدانی شەڕی نەما، قوربانیەکانیان لە ئەژمار نایەن، چەک و تفاقەکانیش لەو پەڕی خەراپیدا بوو، بۆیە حکومەتە نوێکە پەیمانی کۆتایی هێنانی بە شەڕدا و داوای لە میللەت کرد لەسەر ئەم پرس و پەیمانە لێپێچانەوەی لەگەڵدا بکا.

شۆڕشی کشتوکالی گورزێکی مەزنی لە شۆڕش دا، جوتیارە نەدارەکان لە سەنگەرەکانەوە رایاندەکردە گوندەکان بۆ دابەش کردنی زەویە دەست بەسەردا گیراوەکانی مولکداران و چاندنیان. (هەربە پێکانی خۆیان دەنگیان بە ئاشتیدا)، وەکو لینین گوتەنی هیچ چارەسەریەکیتر لەدەست سۆڤیەت نەمایەوە جگە لە ئاشتەواییەکی یەکلایەنە نەبێ.

بەڵام ئەم ئاشتیە بەبێ مەرجی ئەلمانی بەدەست نایە، ئەم مەرجانەش بریتی دەبن لە دەستگرتنی ئەلمانیا بەسەر پۆلۆنیا و دەولەتانی بەلتیک و بەشێک لە ئوکرانیا و ئەو خاکانەی داگیری دەکا، بۆلشەڤیەکان بێ

ئەوەی هیچ خاکێک رادەست کەن یا قەرەبوو کەنەوە پەیمانی ئاشتەواییان دابوو، ئەمە دروشمێکی بنەرەتی بوو کە بەرزیان کردبۆوە، لە راستیشدا ئەوان زیاتر لەمەشیان وتبوو، وتبویان ئامادە نین لەگەڵ ئەم حکومەتەی ئەلمانی کە درێژە پێدەری یا خزمەتکاری ئیمپراتۆریەتە پرۆسەی ئاشتەوایی ئەنجام بدەین تەنها لەگەڵ حکومەتێکی شۆڕشگێڕ نەبێ کە لە نوێوە دێتە سەر حوکم، ئەوەتا واقع و گوتە یەکناگرنەوە.

لینین هەموو تواناکانی بەکار هێنا تا هاوڕێیان رازی بکا بەوەی دۆخەکان نالەبارن دەبێ رەزامەندی دەربرن، پاساوی ئەوەبوو لە پێناو رزگار کردنی کۆمارە ساواکەمان دەبێ مەرجەکانی ئەلمانیای ئیمپریالی قەبول کەین، دەڵێ شۆڕش لە ئەلمانیا لە قۆناغێکی سەرەتاییدایە ئەگەر شۆڕشی روسیش بڕوخێ و ئەوکات حکومەتی ئەلمانیا دەتوانێ بە ئاسانی شۆڕشی ئەلمانیا دامرکێنێ، بۆیە لە پێناو رزگار کردنی شۆڕشەکان دەبێ شۆڕشی روسی بە هەموو قوربانیەکان بێتە پێش، ئەمە ئەو کارەیە کە پرۆلیتاریای ئەوروپا هاندەدا. زوو یا درەنگ دەست بە شۆڕش کەن. بەهەرحاڵ ئەو زەویانەی روسیا دەستی لەسەر هەڵدەگرێ بۆ دواجار ون نابن، چونکە سۆڤیەت سود لە کاتی دانوستان وەردەگرێ کە قوربانی زۆری بۆ داوە.

سەرەتا وتەکانی لینین گوێیان لێ نەگیرا، زۆربەی هاوڕێیانی لایەنگری ( شەڕی شۆڕشگێڕانەی دژ بە ئیمپریالیزمی ئەلمانی بوون) بۆخارین سەرۆکایەتی ئەو لایەنەی دەکرد، ئەوان پێیان دەگوترا (کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان) پێیان وابوو پرۆسەی ئاشتی دەستی ئەلمانیا والا دەکا بۆ لێدانی هەر شۆڕشێک لەو ولاتە، بەم شێوە ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدەن ماکی رەش بە شۆڕشی روسیەوە دەنوسێ بەهۆی ئەوەی ناپاکیی لە سۆسیالیزمی ئەلمانی و جیهانی کرد، خۆ ئەگەر دەسەڵاتی سۆڤیەت درێژە بەو شەڕە نابەرابەرە بدا شکست و کاولکاریی لە خۆوەدەست دانەکەی بە ئابڕوترە، نمونەی شۆڕشی شکست خواردوی روسی بۆ گەلانیتر دەبێتە نمونەی پاڵەوانی و جوامێری هەروەکو شکستهێنانی پاریسی بەر لە نیو سەدە بوو بە نمونەی پاڵەوانی، لێکدانەوەی ئەوان وابوو کە لینین مەبەستیەتی لە پێناو ئومێدەکانی ئەوان بەرەو مەرگ بەرێ و خۆیان لە ژیان بمێننەوە.

ترۆتسکی لە دانوستانەکانی بریست لیتوفیسک سەرۆکایەتی شاندی سۆڤیەتیی دەکرد، لایەنگری هیچ لەو دوو رەوتەی نەکرد، ئەو لەگەڵ لینین یەک رای هەبوو کە دەسەڵاتی سۆڤیەت لە توانایدا نیە رووبەڕووی ئەم شەڕە بێتەوە و جەنگی شۆڕشگێڕی ئەنجام بدا، لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ بۆخارین دابوو کە بەم هەڵوێستەی دەسەڵاتی سۆڤیەت ماکێکی رەش بە نێو چەوانی شۆڕش دەنێن بەهۆی ئەوەی چووە ژێر باری مەرجەکانی ئیمریالیزمی ئەلمانی، بۆیە لە دانوستانەکانی برێست لیتوڤسک خۆی دەگرمخاند بە ئومێدی ئەوەی دەنگی شۆڕشی ئەلمانی دەردەکەوێ.

لە بەردەمی دبلۆمات و جەنەرالەکانی ئەڵمانی و نەمسایی هەرچی لە گیرفانیدابوو لە شۆڕشگێڕی کردیە گوتارو دەریهێنا و دکتارۆرەکانی ئەڵمانیای پێ رسواکردن بۆئەوەی چینی کرێکاری ئەڵمانیی پێ وشیار کاتەوە، بەم گوتارانە سەرسام و بێزار بوون، بەڵام بەرهەمی شۆڕش لەسەرەخۆ دێتە بەر، پرسی مان و نەمانیش کێشەیەک نیە بۆ ئەم بابەتە، ترۆتسکی توانیی کۆمیتەی ناوەندی رازی بکا لە بڕیارەکەیاندا پاشگەز ببنەوە کە رەزامەندیان لەسەر جەنگی شۆڕشگێڕی دابوو، شێوازە نوێکەی خۆی لە جیات ئەو دروشمە دانا کە بریتی بوو لە ( نە شەڕ و نە ئاشتی). بەڵام رووداوەکانی داهاتوو سەلماندیان کە ئەم شێواز و دروشمە نەگونجاوە، چونکە ئەم دۆخەی نە شەڕ و نە ئاشتی بۆ پیاوی دەولەت ناگونجێ بەلکو بۆ رۆژنامەنوسێک یا بانگخوازێک بگونجێ.

لەم ناکۆکیە توندە هەلوێستی ستالین چی بوو؟ دروشم و هەڕەشەکانی کۆمۆنیستە چەپڕەوەکان و گوتارەکانیان لەسەر رەوشتی شۆڕش هیچ کارێکی تێ نەکرد، ئەو دەستەواژەی کە :

(دەگوترێ شۆڕشی روسی دەبێ لە پێناو شۆڕشی ئەوروپی خۆی بکاتە قوربانی)، ئەمە دەستەواژەیەکی سەیرە، هەرچەندە لینین خۆی وێڕای واقعبینیی لە خۆدورخستنەوە دودل بوو.  دەستەواژەی شۆڕشی ئەوروپی، بۆ پیاوێک کە زۆربەی تەمەنی خەباتی لە باکۆ و تبلیس بەسەر بردبێ، دەستەواژەیەکی نامۆ و شاشە کە کۆماری سۆڤیەتی ساوا بکاتە قوربانی ئەو شۆڕشە، ئەمە ناچێتە نێو هزرەکانیەوە، ئەو کۆمارەی خۆی تیایدا بەشداری کردوە لە دامەزراندنی، ئەمرۆ بۆتە ئەمرێکی واقعی، هەلوێستی ترۆتسکی ناتوانێ بیگەیەنێتە ئەو بڕوایەی بە ئاسانی دەستبەرداری بێ، بڕوای بەو بانگەوازانەی ترۆتسکی نەبوو کە لە برێست لیتوڤسکەوە بۆ پرۆلیتاریای ئەڵمانیی دەدا، پێی وابوو هیچ کاریگەریەکی نابێ، هەرچەندە ئەو لەگەڵ لینین دەنگی بە پرۆسەی ئاشتی دابوو.

لینین گالتەی بە کۆمۆنیستە چەپڕەوەکان دەکرد پێی دەوتن زمانحالتان وا دەڵێ:

( ئێمە گرەو لەسەر بزوتنەوەی سۆسیالیزمی ئینتەرناسیونال دەکەین، بۆیە هەموو مافێکمان هەیە هەر گەمژەییەک بکەین)

بۆخارین  وهاوڕێکانیشی بە نەجیبزادە پۆلۆنیەکان شوبهاندن، وتی ئەوان دەربڕی راو بۆچونی نەجیبزادە پۆلۆنیەکانن ئێمەش دەربڕی راو بۆچونی جوتیارەکانی روسین، سەیرە بەم جۆرە گوتارە بڕوا بە جوتیارە گورجیەکان بێنی و رازیانکا.

لەو ماوەیەدا ستالین بەشداری هیچ جۆرە دیالۆگ و گفتوگۆیەکی لەم بابەتە ناکا نە لە کۆمیتەی ناوەندی و حکومەت  نە لە کۆنگرەی چوار و حەوتی سۆڤیەت، هەر بە درێژایی ژیانی لینین، ستالین بەشداریی لەم جۆرە نیقاشە سیاسی و فکریانە نەدەکرد ، تەنها ئەوە نەبێ لە یەکێک لە کۆبونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی بۆچونەکانی خۆی دەخاتە روو کە دەتوانین بیکەین بە بنەمایەک بۆ هەلوێست و بۆچونەکانی وتی:

( رازیبونمان بە دروشمی جەنگی شۆڕشگێڕ، پاڵمان پێوە دەنێ بۆ باوەشی ئیمپریالیزم، بەڵام هەلوێستی ترۆتسکی دەڵێ:

هیچ بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لە رۆژئاوا بوونی نیە، هیچ ئاماژەیەکیش بۆ بوونی ئەم جۆرە بزوتنەوانە نیە، ئەوەی لەوێ هەیە تەنها تواناکانن ئێمەش ناتوانین کارەکانمان لەسەر ئەو بنەمایە دابڕێژین، ئەگەر ئەلمانیەکان هێرشیان کرد ئەوا بە دلنیاییەوە بەرەی دژەشۆڕش بەهێز دەکەن، لە ولاتی خۆمان لە سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەرا باسمان لە خۆبەخشی پیرۆز دژی ئیمپریالیزم دەکرد ، چونکە پێیان وتین تەنها دەرخستنی وشەی(ئاشتی) بەسە بۆ ئەوەی ئاگر لە جەستەی شۆڕشی رۆژئاوا بەردەن، بەڵام شتێک لەم بابەتە روینەدا).

ستالین وێڕای هاوڕایی لەگەڵ لینین لە وردەکاریەکاندا هەندێک جیاوازیان هەبوون، بە نمونە لینین باسی ناوەرۆک و توانا و دۆخەکانی رووداوەکە دەکا باس لە دوا کەوتنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی رۆژئاوا دەکا، هەرچی ستالینە دەست بە ناوەرۆکەکەوە  دەگرێ و تواناکان پشتگوێ دەخا، راستە هیچ بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لە رۆژئاوا نیە، دەڵێ راستە ئەگەر دروشمەکەی ترۆتسکی( نە جەنگ و نە ئاشتی) مان جێبەجێ بکردبایە مەزنترین تەگەرە لە بەردەم بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی رۆژئاوا دروست دەبوو، ئاماژەی بەوەدا کە ئەویش بایەخ بەو لایەنە دەدا بەڵام لە رووی بڕواوە ئەو پێی وایە ئەمە دەستبەردار بوونە لە بۆلشەڤیەت، ئەوەی ئەو ئێستا بڕوای پێیەتی ئەوەیە کە هیچ بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لە رۆژئاوا بوونی نیە.

بەڵام دوای ئەو هەموو گۆڕانکاری و مەترسیانەی هەڕەشەیان لە یەکێتی بەرەی جەنگ دەکرد، دوای روخانی رێککەوتننامەی ئاگربەست وهێرشەکانی ئەلمانیا کە ئەوەندەی نەمابوو پترسبۆرگ بگرێ و دوای ئەوەی حکومەتی ئوکرانی بە یەکلایەنە لەگەڵ ئەلمانیا شەڕ رادەگرێ و لەگەڵی پێکدێ، دوای رسوابوونی سۆڤیەت لە بواری سەربازی و دوای ئەو هەموو بانگەوازەی لینین کە دەیکا، ئەوساش زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و لایەنگرانی حزب پشتگیری لە لایەنی ئاشتی دەکەن، لە ٣ی ئادار سوکولینکو کە هاتە شوێن ترۆتسکی بۆ سەرۆکایەتی شاندی سۆڤیەت لە برێست لیتوڤسک واژۆ لەسەر مەرجەکانی ئاشتی دەکا، لینین هەوڵی جوانکردنی ئەم کارەی نەدا، کەس تیروتوانجی لەسەر ئەم کارە ناشیرنە نەدا ئەویش ئەم

شەرمەزاریەی بە شەرمەزاری پەیماننامەی تلسیت شوبهاند کە لە ۱۸۰۷ ناپۆلیۆن بەسەر روسیایدا سەپاند کە سیاسیە بروسیەکان سودیان لێ وەرگرت بۆ ئەنجامدانی چەند چاکسازیەکی ریشەیی.

پێشبینی سەرکەوتنی شۆڕشی دەکرد بە یەکجارەکی، بەڵام ساڵێک تەواو بەسەردا نەچوو کە رژێمی پادشایەتی ئەلمانیا و نەمسا لەو بەهێزیەیاندا دەروخێ ، بەم جۆرە پەیماننامەی برێست لیتوڤسک کۆتایی دێ.

بەڵام گوتوبێژەکانی سەر برێست لیتوڤسک و ئاسەوارە ئالۆزەکانی مایەوە، ئەنجامی سیاسیی فرەلایەنی دوای خۆ جێهێشت، کۆمۆنیستە چەپڕەوەکان سەرەڕای شکستیان ئەوان دەربڕی راو بۆچونی توێژێکن ناکرێ پشتگوێ بخرێن، ئەو توێژە بوون کە خۆیان بە دلسۆزی بڕواکان دەزانی، هەر چەندە ئەم دۆخە کۆتایی دێ و بەسەر دەچێ بەڵام دووبارە دەبێتەوە، ئەم جارەیان لەلایەن توێژێکی تر و بە روخسار و شێوازێکی ترەوە بۆئەوەی جار بۆ جار بۆلشەڤیەکان نارەحەتتر بکەن.

یەکێک لە مەزنترین ئەنجامەکانی پەیماننامەی برێست لیتوڤسک، لەناو چونی هاوپەیمانێتی نێوان بۆلشەڤیەکان و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕە چەپڕەوەکان بوو، ئەوان لە ئادار لە حکومەت کشانەوە، هەندێک لە پاساوی کشانەوەیان لە پاساوی کۆمۆنیستە چەپڕەوەکان دەچووو، بەڵام پاساوەکانی تری پێدەچووو هاندەری نەتەوایەتیی لە پشت بێ، ئیتر لێرە بەدواوە بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە سەر شانی تاکحزبی، ئەمە هەرچەندە ئەم بەرنامەی تاکحزبی لە نێو بەرنامەکانی بۆلشەڤی دا نەبووە بەڵام رووداوەکان ئەمەیان بەسەردا سەپاندن، پاش ئەوەی هاوبەشەکانیان لە مەیدان جێیان هێشتن و رازی نەبوون پەیماننامەیان لەگەڵ مۆرکەن، ئەوانیش ناچارن بچنە ژێر باری بەرپرسیارێتی، لەگەڵ ئەوەشدا دەستیان نەچوە ئەوەی دژی هاوپەیمانە کۆنەکانیان لە مەنشەڤی و بالی راستڕەو لە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان هیچ




کاردانەوەیەک لەدژیان ئەنجام بدەن تا ئەوەی لە حوزەیرانی ۱۹۱۸ لە ئەنجامی شەڕی ناوەخۆ بڕیاری

هەلوەشاندنەوە و قەدەغەکردنیان دەدەن، ئەمەش دوای ئەوە دێ کە دلنیا دەبن لەوەی ئەوان چونەتە ریز سوپای پاسەوانی سپییەوە .

دواتر رێگەیان پێدەدرێ دووبارە بە ئاشکەرا چالاکیەکانیان ئەنجام بدەن، پاش ئەوەی پەیمان دەدەن کە رۆلی ئۆپۆزسیۆنی دلسۆز بنوێنن لە چوارچیوەی رژێمی سۆڤیەتدا، ئەوەبوو لە مانگی تشرینی دووەم رێگەیان دەدن.

سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی چەپڕەو لە سەرەتای مانگی تەموزەوە دژی بۆلشەڤیەکان دەستیان بە نانەوەی نائارمی کرد، یەکەم هەنگاویان (یاکوب بلومکین ئەندامی حزبی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی چەپڕەو بالوێزی ئەلمانیا ( کونت فون میرباخ) ی تیرۆر کرد، بۆئەوەی ئاژاوە و شەڕ لە نێوان بۆلشەڤیەکان و ئەلمانیا بخولقێنێ، جگە لەمە ژمارەیەک خۆپیشاندانیان لە مۆسکۆ و شارەکانی تر ئەنجامدا، بەو هۆیەوە دوای واژۆ کردنی پەیماننامەی ئاشتەوایی لە ٣٠ ی ئاب حکومەت بارەگای پایتەخ دەگوازێتەوە. لە زنجیرەی ئەو کارە تێکدەریانە لینین بریندار دەبێ و دوو سەرکردەی بۆلشەڤی ( یوریتسکی وفولودارسکی) ش لەسەر دەستی ئەندامانی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی چەپڕەو تیرۆر دەکرێن.

پاش ئەوەی یەکێک لە ئەندامانی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی چەپڕەو هەولی تیرۆر کردنی ترۆتسکی دەدا ئەو لەم هەولانە نەجاتی دەبێ و ناکەوێتە سەر کەمینەکانیانەوە، لە وەلامی ئەم کارانەیان بۆلشەڤیەکان پەرچە کرداریان دەبێ، لەم بروسکەیە بۆمان دەردەکەوێ دۆخەکان چەندە ئالۆز بوونە، ئەم بروسکە ستالین بۆ سەفیردلوف و دواتریش بۆ هەریەک لە تساریتسین و ستالینگراد دەنێرێ کە ئەوکات رابەری سیاسی بوو، دەڵێ:

( ئەنجومەنی سەربازیی باکوری قەوقاز دوای ئەوەی هەوالی، هەولی تیرۆرکردنی هاورێ لینین یان پێ گەیشت، فەرماندەی مەزن و سەرۆکی پرۆلیتاریای خاوەن ئەزمونیان پێدەگا بڕیاریان دا لە تۆلەی ئەم تاوانە هەڵمەتێکی بەربلاو بکەنە سەر ئەو رێکخراوە بێ ئەمەک و بورژوا و کرێگرتەکانی)

ئەم بروسکە ستالین وفوروشیلوف واژۆیان کردبوو، فوروشیلوف سەرکردەی سوپای (تساریتسین) بوو لێژنەی(چیکا) لێژنەیەکی ئاورتە بوو کە شوێنی (ئوگبو)ی گرتبۆوە(O.G.B.U' )،هەڵمەتێکی دەستپێکرد لە هیچ دەستی نەدە پاراست تەنانەت لە کوشتن و سێدارەدانی دیلەکانیش، ئەم هەڵمەتەش بە فەرماندەیی دزرجنسکیی پۆلۆنی بوو، ئەلبەت بڕیاردرا بە هەلوەشاندنەوەی ئەو حزبەی هەولی تیرۆرکردنی لینینی دا. ئەمە ئەو دۆخانەبوون کە لە پەیماننامەی برێست لیتوڤسک کەوتنەوە.

ئەوەتا ستالین ئەو پەیمانەی لە تساریستین دای جێبەجێ دەکا، ئەوەندەی نەبرد تیرۆری سوور بوو بە نمونەی هەموو کارە تیرۆریەکان لە ولات هەروەکو چۆن ئەو کارە قێزەوەنیەی ( گەنجە یاکوبیەکە) ( فوشیە) لە لیون ئەنجامی دا بوو بە نمونە هێنانەوەی فرەنسیەکان لە سەردەمی شۆڕش بەر لە سەدساڵ ئەمەش هەمان شێوە.

لە ئەنجامە لاوەکیەکانی پەیماننامەی برێست لیتوڤسک کار کردنە سەر پێگەی سەرکردەکان بوو هەریەکە و بە ئاست و رۆلی خۆی، لەم مقۆمقۆیە لینین بە پاشخانێکی پاک لێی دەرچوو، بەم نیانیە لە مامەلە و توندی لە بنەماکانی بڕوا لینین توانیی بەسەر زۆرینەی حزبدا زال بێ، دیسان سەلماندی کە توانایەکی تایبەتیی هەیە بۆ بڕوا پێهێنان بە ئەندامانی حزب و هێنانە سەر بیرو بۆچونەکانی خۆی، لە کاتی قەیرانەکان تا زینوڤییف پشتگیری لێ دەکا، ئەوە ئەو کەسە بوو کە لە کاتی راپەڕینەکان لینین لێی نارەحەت بوو رووی پێنەدەدا پێ وابوو کەسێکی ( بەزیو و روخێنەری خۆپیشاندانەکانە). بەڵام لینین ئەو هێرشانەی لە بیر خۆی بردنەوە کە دەیکردنە سەری.

ترۆتسکی بەهۆی ئەو ناواقع بینی و بایەخدانەی بە چارەسەری زارەکی بۆ کێشەکان، ئەستێرەی بەرەو ئاوابوون دەچووو، بەڵام ئەم ئەستێرە ئاوابوونە نەبووە مایەی لەدەست دانی پێگەی، چونکە رۆل و ئەهمیەتی ئەو هەر لەدوای لینین بوو، ترۆتسکی لە کۆمیساری کاروباری دەرەوە دەست لەکار دەکێشێتەوە، پۆستی کۆمیساری حزب دەگرێتە ئەستۆ، لە شوێن ترۆتسکی چیشیرین دادەنرێ، ترۆتسکی بە وەرگرتنی ئەم پۆستە نوێیەی بەرز دەبێتەوە رۆلی دیار دەبێ چونکە خۆی دامەزرێنەری سوپای سوورە، بەڵام سەرکردەکان هەلوێستی ئەویان لە کاتی دانوستانەکانی برێست لیتوڤسک لەبیر نەچوبۆوە، تۆلەی ئەم هەلوێستەیان ئەو کات لێ سەندەوە کە دوای چەند ساڵێک ناکۆکیی لەگەڵ لینیندا دەبێ.

سەرەڕای روخانی حکومەتی نوێ و هەلوەشانەوەی وەزارەتە بچوکەکە، رۆل و پێگەی ستالین مکومتر دەبێ، چونکە لەسەر سەکۆ نەهاتە خوار بۆئەوەی بەرگری لە پرۆسەی ئاشتی بکا، پێگەی لە نێو جەماوەر بەهێزتر نابێ، بەڵام لینین زیاتر پێویستی پێی بوە بۆ لێدانی ( سوارەکانی گەمیەی رۆمەنتیکی).

سودیان لە پرۆسەی ئاشتەوایی وەرگرت بە خۆرێکخستنەوە و سەپاندنی دیسپلینەکانی سەربازی، لینین پێی وابوو ئەم ئەرکە دەتوانێ بە کۆمیساری نەتەوەکان بسپێرێ.

کۆماری سۆڤیەت باجی پرۆسەی ئاشتەوایی نەدابوو بەڵام لە دلەراوکێ و مەترسیدا دەژیان لە ئەگەری هێرشەکانی ئەلمانیا بۆسەر ولات و درێژە دان بە جەنگ، دەبوایە بەند بە بەند رێکەوتننامەکە جێبەجێ بکرابا،

هەر بەندەو لەویتریان ئابڕوبەرتر بوو، یەکێک لە بەندەکان دەبوایە ئوکرانیا لە روسیا جیا بکرێتەوە، ئەمە ئەو بەندە بوو کە لە هزری ستالین دەخولایەوە کاتێک لە ٢ی نیسانی ١٩١٨ حکومەتی لێ هاندا، واتا دوای واژۆکردنی رێککەوتنی ئاشتەوایی بە کەمێک، داوای دەکرد بە خێرا لەگەل ئەنجومەنی (رادا) ی ئوکرانی بکەونە گفتوگۆ و دانوستان بەهۆی ئەوەی تا ئەوکات سۆڤیەت لە حالەتی جەنگدا بوو، ئەنجومەنی کۆمیساری گەل بۆ ئەم داوایە خۆی گرمخاند نزیکەی مانگێک هیچ جولەیەکی نەکرد، هۆکارەکەشی:

بەر لە رێککەوتننامەی ئاشتەوایی بۆلشەڤیەکان کودەتایەکیان لە ئوکرانیا ئەنجامدا و حکومەتێکی تایبەتیان دامەزراند کە بووە رکابەری حکومەت ی(رادا)، ستالین خۆی ئەفسەری پەیوەندیەکانی ئەم پرسە بوو لەگەڵ سۆڤیەتەکانی ئوکرانیا، تەنانەت داواشی لێ کردبوون کە نوێنەریان بنێرنە دانوستانەکانی برێست لیتوڤسک، ئەوەتا پێشنیارەکەی ئێستای دانـان بە سۆڤیەتەکانی ئوکرانیا هەلدەوەشێنێتەوە و دان بە (رادا) دەنێ، ئەو کات ئەنجومەنی کۆمیسارەکان پێی وابووە کاتەکەی زوو بوو بۆیە لە ماوەی یەک مانگدا هیچ بڕیارێکیان لەسەری نەدا، لەوکاتانەدا بوو فەرمانێک لە سەرۆکایەتی ئەلمانیا دەردەچێ بە لەشرکێشی ئۆکرانیا داگیربکا.

دواجار ئەنجومەنی کۆمیسارەکان لە ٢٧ی نیسان بڕیار دەدا لەگەڵ (رادا)دەست بە دانوستانەکان بکرێ ، ستالین دەبێتە سەرۆکی شاندی سۆڤیەت بۆ دانیشتن لەگەڵ ئوکرانیەکان، بۆ ئەم دانیشتنە بڕیاریاندا لە کورسک دانیشن. کاتێک دانوستانەکان دەست پێدەکەن، دەبیسترێ کە ئەلمانیا (رادا)ی هەلوەشاندۆتەوە چونکە مەیلی سۆسیالیزمی میانڕەوی هەیە، لە شوێن ئەو حکومەتێکی کرێگرتەی بە سەرۆکایەتی سیاسەتمەداری پادشاخواز (هیثمان سکوروبادسکی) دامەزراند، لە هێرشەکەدا ئەلمانیا وێڕای ئوکرانیا چەند ناوچەیەکی پیشەسازیی لە خاکی روسیا داگیر کرد کە دەکەوتنە سەر دەریای رەش.

بڕیاری تەقە وەستان کە لینین و ستالین لە ٥ی ئایار واژۆیان لەسەر کردبوو لە بەرەکانی ئوکرانیا کاریان پێ نەکرا و نەتوانرا رێگری لە هێزەکانی ئەلمانی بکەن، بەو هۆیەوە ستالین لە کورسکەوە گەرایەوە مۆسکۆ بۆ راویژ کردن لەگەڵ حکومەت، لێرە ئەو پرسیارە سەری هەلدا، حکومەتی بۆلشەڤی دەبێ چی بکا لەگەڵ حکومەتی سکوروبادسکیی بەکرێگیراو کە لەلایەن هاولاتیانەوە نەخوازراوە؟ چۆن دەتوانێ دانوستانی لەگەڵدا بکا؟ لە وەلامی ئەم پرسیارە ستالین لە رۆژنامەی (ئەزفستیا)ی بلاو کردەوە: ئەو کودەتایەی لە ئۆکرانیا ئەنجام درا هیچ کاریگەریەکی نەرێنیی نەبووە لەسەر دانوستانەکانی ئاشتەوایی، بە پێچەوانەوە ناتوانین بلێێن رێگرە لە بەردەم رێککەوتن لە نێوان سۆڤیەت و حکومەتی ئوکرانی، رووداوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هیچ پاساوێک بۆ بوونی (رادا) نیە، ئەو حکومەتە نیازی وابوو هێلێکی نێوان ئیمپریالیزمی

ئەڵمانی و بۆلشەڤی بگرێتە بەر، بەڵام بە شاراوەیی دەردەبڕێ کە سکوروبادسکی دوژمنی شۆڕش و کرێگیراوی ئەڵمانیایە، بەلکو لە کەسانێکیتر باشترین بۆ دانوستانەکان، ستالین زۆر زوو وانەکان لە خوێندنگای ئاشتەوایی فێر دەبوو.

+ + +

کاتێک ئەڵمانیا روبەرێکی زۆری لە رۆژئاوای روسیا داگیر کرد مەیدانی کارکردنی کۆمیساری نەتەوەکان بەرتەسک دەبێتەوە، دەسەڵاتەکانی کەم بوون لە توانایدا نەبوو تەنانەت لە قەوقاسیاش کاریگەریەکی ئەوتۆی هەبێ، ئەڵمانیا گورجستانی هەلوەشاندەوە بێ ئەوەی مەنشەڤیەکانی گورجستان هیچ نارەزاییەک دەربرن، تورکەکانیش بەرەو باتوم هێرشیان برد ئێستا وتەکەی ستالن دێتە دی لەسەر نەتەوە بچوکەکان کە کەوتنە ژێر چەکوچی ئەڵمانی و سندانی بۆلشەڤی، سەربەخۆیی لەم کاتە بۆ نەتەوە بچوکەکان سەرکەوتوو نابێ، دەبێ خۆیان لە قەوارەی دەولەتێکی مەزندا کۆکەنەوە.

لەو رۆژگارە نەتەوە بچوکەکان یەک لە دوای یەک دەکەوتنە بەر هەڵمەت و هێرشی داگیرکەران، بۆیە ستالین ئاورێک لە رۆژئاوا دەداتەوە لەو نەتەوانەی لە نێوان سنورەکانی ئاسیا و ئەوروپا دەژیان، لە روی کۆمەڵایەتی دوا کەوتو لە رووی ژمارە کەم و بچوک پێی وابوو کار لەسەر ئەم نەتەوانە بکا و لە خۆیان بگرێ لەگەڵ روسیایان یەکخا باشترە لەوەی کار لەسەر نەتەوە پێشکەوتوەکانی بە ژمارە زۆر بکا. کاری یەکخستنی ئەمانی پێ ئاسانتر و بێ کێشەتر بوو.

پێی وابوو دیدی سیاسیی تەتەر و تورکمان و بشکیریەکان زۆر سەرەتاییە ئەوان هەستی جیابونەوە و دەولەتی سەربەخۆیان نیە و زوتر دەگونجێن لەگەڵ دەولەتی روسی و سیاسەتی مارکسیزمی کۆمۆنیزم کە حکومەتی ناوەندی پیادەی دەکا، لەم روانگەیەوە ستالین لە ئایاری ١٩١٧ یەکەم هەولی خۆی دا بە داوا کردنی دامەزراندنی دەولەتێک بۆ تەتەر و بەشکیریەکان وەکو بەشێک لە یەکێتی کۆمارەکانی روسیای سۆڤیەتی.

که دەستی پێکرد بەهۆی سەرهەلدانی مەترسیەکانی ئەم هەولەی زوو وازی لەم بیرۆکە هێنا ، لە بەهاری ١٩١٨ هێزەکانی سوپای سپی سەرکەوتنی مەزنیان بەدەست هێنابوو، بەم هۆیەوە دەسەڵاتەکانی سۆڤیەت بەرتەسک دەبنەوە لە نێوان شازادەی مۆسکۆی مەزن و رۆژهەلاتی ولات گیر دەخۆن، تیپی چیکی کە لە دیلەکانی چیکی پێک هاتبون هاوپەیمانیان لەگەڵ سوپای سپی بەست، لە هێرشێکیاندا لە ماوەیەکی کورت سەرجەم شوێنە ستارتیژەکانی سیبیریا و ئورال لە ڤولگای ناوەراست داگیر دەکەن کە ناوچەیەکی ئابوریی بەهێز بوو، بەم شێوە سۆڤیەت کۆماری تەتەر و بشکیریەکانی لەدەستدا کە تازە دایمەزراندبوو، لە مانگی ئاب سوپای سپی شاری قازانی داگیر کرد، بەم داگیرکردنە هەڕەشە کەوتە سەر مۆسکۆ لە باشوریش قوزاقەکانی سەربە جەنەرال کراسنوف بەرەو باکور هێرشیان برد لەوێ لە گەل سوپای سپی بەیەک دەگەنەوە، بەم هێرشانەیان هێلی ئاسنینی نێوان تساریتسین و مۆسکۆیان راگرت، پایتەختی سۆڤیەت لە باکوری قەوقاس دادەبرێ، واتە لەو تاقە ناوچەیە کە دەتوانێ دوای ئۆکرانیا و سیبیریا گەنم ودانەوێلە بە مۆسکۆ بدا، بەشە خۆراک و دانەوێلەی کرێکارانی پترسبۆرگ و هێلی ئاسنینی مۆسکۆ بەم داگیرکردنە کەم دەبێتەوە.

لە بەرەی رۆژئاواوە هێزەکانی هاوپەیمانان هێرش دەکەنە سەر سۆڤیەت، هێزەکانی ئەمریکا لە سیبیریا دادەبەزن، بەریتانیا ئەرکنجل لە باکور و باکۆ لە باشور داگیر دەکا، لەو کاتەی هێزەکانی سۆڤیەت لەو پەڕی شپرزەیی دابوون سۆسیالیستەکان دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و هەولی تیرۆر کردنی لینین درا.



لەم کاتە هەستیارە پر مەترسیدارە زۆربەی بەرپرسەکان مۆسکۆ جێ دەهێلن و بەرەو بەرەکانی جەنگ دەچن، لەو ماوەیە لینین بۆ سەرپەرشتی رووداوەکان بە هاوکاری کەسانی هونەرزانی ئەم بوارە لە کرملێن دەمێنێتەوە، بۆ پاراستنی پایتەخت لە پەیوەندیی بەردەوامدا بوو لەگەڵ فەرماندەکانی بەرەی جەنگ .

بۆ ئەم ئەرکە ترۆتسکی بە شەمەندەفەرێکی گولەبڕ بەرەو قازان دەڕوا، ستالین بە یاوەری کەتیبەیەک لە پاسەوانان بەرەو تساریتسین دەڕوا، هەموویان بۆ پاراستنی پایتەخ لە برسێتی و رزگار کردنی دابوون، فەرمانیاندا بە گواستنەوەی گەنم لە باکوری قەوقاسەوە

بۆ مۆسکۆ، دەبوایە ئەم کارە زوو ئەنجام بدا و لە باشور بەرەو باکۆ بکەوتەرێ ، بەڵام لە تساریتسین هەندێک رووداوی کتوپڕ روویان دا بوونە رێگر لە بەردەم جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی، بەو هۆیەوە دوا دەکەوێ و مانەوەی لەو شارە درێژەی دەدا، بەهۆی مانەوەی لەتساریتسین و کێشەکانی لەگەڵ ترۆتسکی زیاتر لەوێ دەمێنێتەوە و ئاراستەی ژیانی سیاسیی بەو هۆیەوە وەردەچەرخێ.

لە ٧ی حوزەیران واتە دوای دوو رۆژ لە گەیشتنی، ستالین نامەیەک بۆ لینین دەنێرێ تیایدا لە یەکەم جولەی ئاگادار دەکاتەوە دەڵێ:

لە ناوچەی ڤۆلگا ( سودەکان لە کەم بوونەوە دان)، یەکەم هەنگاو کە دەبێ بیهاوێژین، بەیاسا کردنی خۆراک و چاودێری خستنە سەر نرخەکانە لە تساریتسین، هەروەها دەبێ فەرمانبەری سۆڤیەتی بە (لشمیدت) بلێ (کۆمیساری کار) جارێکیتر ناپاکی لەم جۆرە بۆ ئێرە نەنێرێ .

دوای شۆڕش دیارە ئاژاوە و گێرەشێوێنی پەرەی سەندوە، پاش ئەوەی بەڕێوەبەرانی کارگوزاری و بەرپرسە بالاکانی شۆڕش لەسەر کار لابردران کاری فەرمانگەکان لە رێگەی لیژەکانەوە دەبردرا بەڕێوە ئەمەش بۆتە مایەی پاشا گەردانی و نەزانی لە بەڕێوە بردندا، زۆری لیژنەکان کارەکانی پەک خستبوو، بەڵام ستالین چارەسەریی بۆ ئەم دۆسیە ئەوەبوو کۆمیسەری تایبەتیی راسپاردن بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لەسەر گواستنەوە و گەیاند.

دوای ئەوەی مانگێک لە تساریتسین دەمێنێتەوە، ستالین داوای پێدانی دەسەڵاتی سەربازیی زیاتر دەکا لەسەر بەرەی باشور، مۆسکۆ قوربانیی بەو دەسەڵاتانە دان بۆ ئەوەی بتوانرێ بەسەر بەرەی باشوردا زاڵ بێ کە هێزەکانی قوزاق بەسەرۆکایەتی کراسنوڤ دژی سۆڤیەت دەجەنگین، کاتێکیش نامەیەک لە لینینەوە دەگاتە دەستی تیایدا باس لە یاخی بوونی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان دەکا، ستالین وەلامی دەداتەوە و دلنیای دەکا کە رێگە نادا هیچ رووداوێکی نەخوازراو دروست کەن، دەڵێ خاتر جەمبە دەبێ گورزێکی باشیان لێ بوەشێنم، هەروەها پێ رادەگەیەنێ کە هێلی ئاسنین کە تساریتسین بە باکوری قەوقاز دەبەستێتەوە چاک نەکراوەتەوە، دلنیابە ئێمە نە خۆمان نە کەسێک لە کەم و کوری نابورین و نانی پێویستتان بۆ دەنێرین، ئەم نامەیەی تێکەلاو بوو بە هەستی کارکردن و گیانی پێداگریی.

ستالین لەو نامەی کە داوای دەسەڵاتی زیاتری کردبوو، باسی لە ناکۆکیەکانی لەگەڵ ترۆتسکی دەکا، دەڵێ:

( ئەو پسپۆرە سەربازیانەی ئێستا هەمانە کە لە پینەدۆزێک زیاتر نین ئەگەر درێغی و تەمبەلیان نەکردبایە ئێستا ئەو هێلە نەدەپچڕا، بەهەر حال خۆئەگەر چاککرایەوە ئەوە بە هەوڵ و ماندوبونی سەربازەکان نیە بەلکو لە دژی ئیرادەی ئەوانە) ئەمە ئەو کلپە بوو کە لە تساریتسین دەرچوو.

بە چەند مانگێک بەر لەو رۆژە لە ئەنجامی هەلوەشانەوەی سوپا، ترۆتسکی دەستی دایە دامەزراندنی سوپای سوور، یەکەم جار پشتی بە خۆبەخشەکان بەستبوو، دواتر لە رێگەی دسپلینی سەربازیەوە کە بەسەر کرێکار و جوتیارەکاندا جێبەجێ کرا ئەم سوپایە دروست کرا، چونکە ئەم سوپایە ئەفسەری نەبوو بۆیە ترۆتسکی ئەفسەرەکانی سەردەمی قەیسەری بەسەر یەکە سەربازیەکاندا دابەش کرد، چونکە متمانەی سیاسیشی بەو ئەفسەرانە نەبوو بۆیە بۆ هەر یەکەیەکی سەربازی رابەرێکی سیاسیی لە کادرە حزبیەکان دانا، کاری ئەوان رابەرایەتی سیاسی و رەوشەنبیر کردنیان بوو، کاری فەرماندە سەربازیەکانیش لە ئەفسەرەکان مەشق و راهێنانی سەربازی بوو، لە هەمان کاتدا رابەرە سیاسیەکان وێڕای پێدانی وانەی هۆشیاری سیاسی و رەوشەنبیری بە سەربازەکان، چاودێری ئەفسەرەکانیشیان دەکرد لە هەلسو کەوتە کانیاندا نەبادا ناپاکی بکەن، هەر فەرمانێک لە یەکە سەربازیەکان دەرکرابا، دەبوایە رابەری سیاسی و ئەفسەری فەرماندەی سەربازی ئەو یەکەیە واژۆی لەسەر بکەن.

وێڕای چاودێری کردنیان ئەو فەرماندە سەربازیانە کە ئەفسەری کۆنی سوپای تساری (قەیسەری) بوون، کاری ناپاکیان لێ روودرا، رۆژ لە دوای رۆژ ئەو کارە ناپاکیانە لە زیادبوندا بوو، ئەوەتا لەوکاتەی سوپای سۆڤیەت لەوپەری سەرکەوتندا دەبێ ئەفسەرە کۆنەکان ژێر بەژێر پەیوەندی بە سوپای سپیەوە دەکەن و ناپاکی لە سوپای سوور دەکەن، یا ریزەکانی سوپای سوور جێ دەهێلن و دەچنە ریز سوپای سپییەوە، هەندێک جار سەربازەکانیش لەگەڵ خۆیان دەبەن، هەر رووداوێکی ناپاکی رویدەدا پێگەی ناحەزانی لینین و ترۆتسکیی بێ هێز دەکرد، بەو هۆیەوە دۆخێکی بێ متمانەیی لە نێوان فەرماندەکان و سەرکردایەتی دروست دەبێ، ئەم بێ متمانەیی و نا ئارامیە زیاتر ئەوکاتە سەرهەلدەدا کە ا/ ترۆتسکی پلەی فاتزیتیس ی فەرماندەی پێشوی سوپای تساری (قەیسەری) بەرز دەکاتەوە بۆفەرماندەی گشتیی هێزی چەکدار. ب/ تێکچونی پەیوەندیەکانی نێوان رابەری سیاسی و فەرماندە سەربازیەکان بەهۆی متمانە بەیەک نەکرد.

ترۆتسکی هەولیدا ئەو ژمارە زۆرە خۆبەخش و پاسەوانی سوور و تیپە پەرش و بلاوەکان لە یەک سوپای فەرمیی دەولەت کۆکاتەوە، لە ژێر یەک فەرماندە و یەک پرەنسیپ و دسپلینی سەربازیدا، بەڵام فەماندەکانی پاسەوانی سوور تەگەرەیان خستە بەردەم ئەم پرۆسە، ئەوان لە میانی شەڕی ناوەخۆ دروست بوون، ئامادە نین بچنە ژێر فەرمانی ئەفسەرانی سوپا.

کۆمۆنیستە چەپڕەوەکان هەڵوێستاین هەر زۆر سەیر بوو، ئەوان ئامادە نەبوون هەموویان بچنە ژێر فەرمانی یەک دەسەڵاتی سەربازیەوە. ئەوان لینین و ترۆتسکیان لەو پەیمانە ئاگادار کردەوە کە دابویان، بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم هێزەکانی سوپای نیزامی و پۆلیسی سیاسی و خستنە ژێر فەرمانی میلیشیای میللی، بۆلشەڤیەکان لەم پەیمانە و چەند پەیمانێکیتر پەشیمان بوونەتەوە کە بەر لە شۆڕش دابوویان.

تساریتسین بوو بە بنکەی ئۆپۆزسیۆنەکانی دژی سیاسەتی سەربازیی نوێ، بارەگای گشتیی سوپای دە بوو بە فەرماندەی کلیم فوروشیلوف، ئەو فەرماندەیە دەساڵ بوو لەگەڵ ستالین لە لیژنەی بۆلشەڤی باکۆ بەیەکەوە بوون، سەرۆکی سەندیکای نەوت بوو، لە کاتی شەڕیش ئەفسەر بووە، فەرماندەکەی تری سەربازی، بودینی بوو، پێشتر پلەی پێشەنگی (نقیب) هەبوو لە سەربازی و فەراندەیەکی باشی بواری سەربازی بوو، رابەری سیاسیشیان ئەردجو نیکیدزە بوو، کاتێک ستالین دەگاتە تساریتسین خۆی لە نێوان کۆمەڵێک لە کۆنە هاوڕێکانی دەبینێتەوە کە ساڵانێک بەیەکەوە لە باکۆ کاریان کردوە،، لیژنە کۆنەکەی باکۆ ببوە سوپای دەیەم، ئیتر ستالین خۆی بە هێز دەبینێ.

باڵی تساریتسین رازی نەبوون فەرمانەکانی بەرەی باشور جێبەجێ بکەن کە سیتین کۆنە ئەفسەری سەردەمی قەیسەر فەرماندەی دەکرد، بەم هۆیەوە کۆمەڵێک ناڕەزایی لە بەرەی باشورەوە لە سەر فوروشیلوف بەرز کرانەوە بەهۆی ئەوەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نابێ، ئەم سکالا و ناڕەزاییانە دەدرێنە دەست ترۆتسکی، ئەویش بە دەوری خۆی هۆشداری و ئاگاداریەکان یەک لەدوای یەک بە فەرماندەی تساریتسین دەدا، لە ناڕەزایی و سکالاکانیان ئاگادار دەکاتەوە، بێ گومان ئەو رووداوانەی لە (پسپۆڕ)ە سەربازیەکان روویاندا بوە مایەی ئەوەی ( ئۆپۆزسیۆنی بەرئەفسەران) زیاتر پێداگری بکەن لە هەڵوێستەکانیان ، ( ترۆتسکی ناوی لە باڵی تساریتسین نابوو بەرئەفسەر).

سەرەتا سەیر بوو ستالین لایەنگری ئۆپۆزسیۆن دەکا ئەمە بۆ یەکەمین جارە روودەدا، تەنانەت ئەگەر سەیری ئەو کۆنە پەیوەندیەشی بکەین کە لەگەڵ فوروشیلوفدا هەیبوو، بەڵام ئەو لە حکومەت بوو بەشێک بوو لە دەسەڵات بانگخوازی جێبەجێکردنی یاسا بوو، لەرێگەی بەکارهێنانی دەسەلاتەکانیەوە دەیتوانی یاساکان بەسەر باڵە نارازیەکاندا بسەپێنی، ئەی چی وایکرد دەست لە ناو دەستی نارازی و ئۆپۆزسیۆنەکان بنێ ئەوانەی لە تساریتسین دژایەتی دەسەڵات دەکەن؟ دیارە کە زۆربەی لایەنگرانی کوتلەی تساریتسین لە رەگەزی مللی و کۆنە هەوالگری بوون، هەندێکیشیان لە کۆنە ئەفسەرەکان لە توێژی

نەجیبزادەکان بوون، ئەمە بوە هۆکاری جولاندنی کۆنە جوتیاری گورجی. هەرچۆنێکی بێ هەموو چاکەکان لە یەک لا کۆنەببونەوە هەروەها هەموو خەراپەکانیش لە یەک لا کۆ نەببونەوە.

بۆدینی هانی فەرماندەی گشتیی دا بە دامەزراندنی سواری سوور تا تەشکیلاتی مەزنی لێ دروستکا، وەکو سوپایەکی سەربەخۆ، پسپۆرە سەربازیەکان ئەم بیرۆکەیان پشتگوێخست، هەروەکو پسپۆرەکانیتر بیرۆکەی بەکار هێنانی تانکیان لە سەرەتای جەنگی دووەمی جهانی پشتگوێخست، سەرەتا ترۆتسکی بیرۆکەی بودینیی رەت کردەوە، لە ترسی ئەوەی قەوقازیەکان دەست بەسەر ئەم تیپانەدا دەگرن چونکە ئەوان کۆنە سواری روسی بوون، دواتر لە دژی سوپای سوور بەکاریان دێنن چونکە دوژمنی سۆڤیەتن . ماوەیەکی پێچو تا ترۆتسکی ئەم فەرمانە دەرکا:

( ئەی پرۆلیتاریەکان پشتی ئەسپەکانتان بەرز کەنەوە) ئەوەی بیرۆکەی سواری سووری داهێنا بودینی بوو، ئەو پێشەنگەی سەربازی بوو کە هەمیشە بێزاری و نارەزایی خۆی لە فەرماندەی گشتی دەردەبرِی و کەسێک گوێی پێ نەدەدا بەڵام ستالین گوێی بۆ راگرت،

ئەوەی کاری کردە سەر ستالین تا ئۆپۆزسیۆنانی تساریتسین بگرێتە باوەش، ناکۆکیەکانی بوو کە لەگەڵ ترۆتسکی هەیبوو، کەس بەو ناکۆکیانەی نەدەزانی ئەوان لە چوارچیوەی مەکتەبی سیاسی حزبدا باسیان لە ناکۆکیەکانی خۆیاندا دەکرد، تەنانەت لە نێو چوار دیواری مەکتەبی سیاسیش زۆر بە وشیاری بۆچونەکانیان دەردەبرین، ئەو مەکتەب سیاسیەی کە لینین لەسەری چاودێر و بەرێوەبەر بوو، خۆی لینین و ترۆتسکی و ستالین مەکتەب سیاسیەکی بچوکی بۆلشەڤی بوون بۆیە تەنها لای کۆنە بۆلشەڤیەکان ئەم ناکۆکیە دەردەبرِدرا و باسی لێوە دەکرا.

لەم سێ کەسە ستالین کەمترین بایەخ و پێگەی هەبوو هەردوەکەی تر خاوەنی ناوبانگ و سەنگێکی تر بوون، هەمیشە ناوی هەردووکیان بەیەکەوە دەهات، کاتێک ئاماژە بە حکومەت دەدرا واتە حکومەتی لینین و ترۆتسکی، کاتێکیش سەیری حزب دەکرا لە روسیا وەکو حزبی لینین و ترۆتسکی سەیر دەکرا لە کاتی کۆبونەوەکان و کۆنگرەکاندا بە چەپلە رێزان پێشوازی لەو دوو کەسە دەکرا، ئەوان پێویستیان بە پاش ناو نەبوو بۆ ئەوەی پێگەیان لە ناو حزب بەهێز بێ، بەڵام ئەندامی سێیەم کەمتر ناوو کاریگەری هەبوو، ئەو بە شاراوەیی مایەوە، ئەو جیاوازیەی لە نێوان شاراوەیی وسەرکەوتنی، هەموو کەسێکی توشی سەرسورِمان کردبوو کەس سەری لەم پرسە دەرنەدەچووو، بۆیە ئەم جیاوازیە بووە کارێک کە پشتگوێ نەدەخرا، ئەو لە تەمەنی گەنجێتیەوە حەزی لە خۆدەرخستن نەبوو، هەستی نامۆ و نەشازی لە جەستە و ناخدا روابوو،

لەوانە بەرزبونەوەی پلەی حزبیی، کە هەموو بەرزبونەوەیەکی بە هەلکەوت هاتبوو، ئەو لە پلە بەرزبونەوەی لینین لاریی نەبوو بە شایستەی ئەوی دەزانی، چونکە بە تەمەن لەو گەرەتربوو لە روی هۆشیاری حزبیشەوە هۆشیارتر بوو، بەڵام کاتێک ترۆتسکی پلەی بەرز دەبۆوە ئەو پێ نارەحەت دەبوو، هەرچەندە لە یەک تەمەندا بوون هیچ جیاوازیەکیان نەبوو، سالانێکی زۆر ستالین دژایەتیی دەکرد و ناوبانگی دەزراند دیوت ئەو (پالەوانە بەڵام بە ماسولکەی ساختە) لایەنگری لەناو بردنە، کەسێکی وشکە لە گوتوبێژەکان، هەرچی ناوو ناتۆرە هەیە بۆی دەدۆزیەوە، بەڵام جەماوەر بە پالەوانی شۆڕشیان دایە ناسین، هوتافیان بۆ لێدەدا بەم کارانەش ستالین زیاتر هەراسان دەبوو، ئەوەی زیاتر بێزاری کرد ئەو حکومەت هەلوەشاندنەوە بوو کە دوای دەست لەکار کێشانەوەی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان کردیان و بەو هۆیەوە ئەنجومەنە بچوکەکەی وەزیرانیش هەلدەوەشێتەوە و رۆلی ئەویش کە ئەوکات لە هەلکشاندا بوە بەرەو ژێر دەچێ، لە کاتێکا رۆلی ترۆتسکی بەرز دەبێتەوە چونکە رۆلی سوپا بەرز دەبێتەوە، ئیتر تۆوی دڵڕەشی و ناکۆکی لە ناخیدا لە تساریتسینەوە دەروێ و گەشە دەکا.

ئەوەتا دژوارترین ناکۆکی و ململانێ لە روسیا لەسەر بنەمایەکی پوچ دەبێ، چونکە دەبینین هیچ رەوا نیە ناکۆکی و دژایەتی لەسەر ئەم بنەمایە دروست بێ. بە دلنیاییەوە دواتر ناکۆکیە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکان گەشە بەو ناکۆکیانە دەدەن و ئاگرەکە خۆش دەکەن لە ئەنجام دۆخێکیتر دێتە کا، رەوا نیە ناکۆکیە کەسیەکان بەم جۆرە ببنە ناکۆکیی ئایدیۆلۆژی و بەو هۆیەوە ئاراستەی کۆماری سۆڤیەت و ئینتەرناسیونالیستی کۆمۆنیستی بگۆڕن، سەرەتا ناکۆکیەکان بە هێمنی و لەسەرەخۆ بوون هەرایان دروست نەدەکرد، بەڵام دواتر دەبنە کەرەستەیەکی چەور بۆ بەردەمی رۆژنامەکان، ئەوەی توێژینەوە لەسەر ململانێ ئەو دوو کەسە بکات لەو سەردەم هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ نابینێتەوە لە نێوان کۆمیساری جەنگ و کۆمیساری کاروباری نەتەوەکان، تەنانەت لە کێشمەکێشمە سیاسی و سەربازیەکانیش ستالین لەتەک ترۆتسکیەوە دەبیندرێ و بە ئاشکەرا پشتگیری بۆچونەکانی دەکا یا بە رونتر بلێێن لە تەک لینین دەبوو بۆ پشتگیری لە هەلوێستەکانی ترۆتسکی، هەریەکەیان لە بواری تایبەتی خۆی و بە شێوازی تایبەتی خۆی بۆ یەک ئامانج کاریان دەکرد، هەمووشیان لە پێناو بەهێز کردنی شۆڕش و رزگار کردنیدا بوو.

ستالین لە دژایەتیی لەگەڵ ترۆتسکی بە تەنیا نەبوو، لە راستیدا حزبیە کۆنەکانی هاوخەباتی نهێنی بۆ پشتیگیری کردنی لە یەکتری، زۆر دەمارگیر بوون، ئەوان ترۆتسکیان وەک کەسێکی لایدە دەبینی کە هاتۆتە ناویان، بۆیە پێگەی حزبیەکەی بۆ ئەوان مایەی نارەحەتی بوو، کارێکی ئاسان نیە زۆرینەیەک لە نێو حزبدا خۆیان بالا دەست بن ببینن کەسێک لە دەرەوەی ئەوانەوە بێتە سەروی ئەوان، پۆستی ترۆتسکیان بۆ هەرس

نەدەکرا، ئیرەییان پێی دەبرد، خۆی راستە ئەو کاتەی لە ١٩١٧ ترۆتسکی دێتە ریز بۆلشەڤیەکان پێشوازیەکی گەرمی دەکەن و ترۆتسکیش ئەوکات هەموو گروپەکەی خۆی بە دژایەتی کردنی ستالینەوە خستە نێو حزب، تا کاتێک دەبینێ لە سەروی ئەوەوە، لەو سەردەم دۆخی حزب لەو پەری شپرزەییدا بوو، دیارە کاتێکیش دوای ئەوە رووبەڕووی شەڕی ناوەخۆ دەبێتەوە ئیتر پۆست و پێگەی ترۆتسکی زیاتر بەرەو بالادەستی هەڵدەکشێ.

بە هەر حال ستالین توانی چەندین باری خۆراک لە باکوری قەوقاسەوە بگەیەنێتە مۆسکۆ ئەمەش وەکو بەجێ گەیاندنی پەیمانێکی بوو، کە پێشتر دابوی، بەم ئەرکە ئەنجومەنی کۆمیساری گەل سوپاس گوزاری نێردەی تساریتسین دەبێ، بەڵام کاتێک ستالین هیچ وەلامێکی لەسەر داواکاریەکەی یەکەمی بەدەست ناگا بۆ پێدانی دەسەڵاتی سەربازیی زیاتر، ناچار داواکاریەکە بە پێداگری دووبارەی دەکاتەوە و لە نامەیەکدا لە ١٠ تەموزی ١٩١٨ بۆ لینین دەنێرێ، ئەو بروسکە کە لە ١٩٤٧ بلاو دەکرێتەوە تیایدا:

( هێرشێکی توند و راشکاوانە دەکاتە سەر ترۆتسکی و ژێر بەژێریش بۆ سەر لینین، ستالین دەڵێ:

ئەگەر ترۆتسکی بەردەوام بێ لە ناردنی پیاوەکانی بۆ باکوری قەوقاس و ناوچەکانی گۆمی ئەلدون بێ ئاگاداری بەرپرسانی ئەوێ، ئەوا لە ماوەیەکی کەمتر لە مانگێک هەموو شتێک لە باکوری قەوقاس تێک دەچێ و ئەو ناوچە هەتا هەتایە لەدەست دەروا، هەولدەن ترۆتسکی تێگەیەنن لە پێناو بەرەژەوەندی پرسەکە هیچ ئەلتەرناتیفێک نیە جگە لە پێدانی دەسەلاتی زیاتر بە ئێمە، من هیچ وەلامیکم بەدەست نەگەیشتوە، ئەگەر وایە زۆر چاکە من بەتەنیا رەفتار دەکەم، نەبوونی نامەیەکی رێگە پێدان بۆ من لە ترۆتسکیەوە نابێتە رێگر لەبەردەمم)

لەروی تەشکیلاتەوە ستالین دەستی لە کاروباری سەربازی وەردەدا، ئەمەش پێشیلیەکی ئاشکەرایە، چۆن داوا لە فەرماندەیی دەکا هیچ برپارێکی دامەزراندنی ئەفسەران دەرنەکەن بێ رەزامەندی ئێمە و فوروشیلوف. ئەمە زیادەرۆییە لە دەسەڵاتەکانی، ستالین وەکو ئەندامێک لەم حزبە و لەم حکومەتە بە رەوای دەبینی دەست بخاتە نێو کاروباری لۆجستیی سەربازیەوە، بەڵام ئەمە کاری سەربازیە، لە بەرانبەریشدا ترۆتسکی پێداگریی لەسەرئەوە دەکرد: بە پێێ ئەوەی ستالین بەشێکە لە فەرماندەیی هێزی تساریتسین دەبێ پابەند و گوێڕایەلی فەرمانەکانی فەرماندەیی گشتی بێ، نابێ پۆستی حکومیی بۆ ئەوە بەکار بێنێ زنجیربەندی سەربازی و دسپلینەکانی تێکوپێک بدا، هەرچەندە لە روی یاساییەوە وتەکانی ترۆتسکی واقعین، بەڵام لەروی دەرونیەوە بۆ ستالین ئاسان نیە بەم پلە حزبیەوە ئەم فەرمانانە قەبولکا، لەم میانە لینین لە هەولی هێورکردنەوەی هەردووکیان دەبێ ئەو لە کەسایەتی هەردووکیان تێدەگا و مامەلەی هەریەکەیان بە شێواز

و له ئاستی خۆی دەکا، له شێوازی بروسکەکانی ستالین رازی نابێ، بایەخی به هێورکردنەوەی ئەم دۆخەدا، هەرچەندە ترۆتسکی سەیری بروسکه توندەکانی ستالینی نەکردبوو، له هەمان کاتیشدا هەموو وتەکانی ترۆتسکیشی به ستالین رانەگەیاندبوو، سەرەتا ویستی یەکەمیان (ستالین) بێدەنگ کا ئینجا ترۆتسکی، ئەو دەسەڵاتانەی ستالین داوای کردبوون پێیدان بەڵام به رەزامەندی ترۆتسکی، لینین هیچ گومانێکی لەوەدا نەهێشتبۆوە که پشتگیری سەپاندنی دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەکا.

بەدواداچونی ئەم گوتوبێژەی سەر کێشەی تساریتسین ئەرکێکی ماندوکەر بوو، هەرچەندە ئەم بێدەنگ کردنەی ئەو دوو پیاوە چارەسەری هەموو کێشەکەی نەدەکرد، ئەو هێله بێسیمیەی نێوان تساریتسین و مۆسکۆ له ناردنی بروسکەی بێزاری و هەڕەشە و هۆشداری بەردەوام دەبێ، ستالین له ژێرەوەی یەکێک له بروسکەکان ترۆتسکی دەنوسێ، (تکایە پشتگوێی خەن).

له ئەیلول فوروشیلوف هێزەکانی سوپای سپی ناچار کرد بگەڕێنەوە پشت ناوچەی ئەلدون. ستالین هەواڵی سەرکەوتنەکەی بۆ ئەنجومەنی کۆمیسارەکان نارد: ( دوژمن توشی شکستێکی مەزن هات، ناچار کرا بەرەو دواوە بکشێتەوە، دۆخەکان له تساریتسین جێگیرە، هێرشەکان بەردەوامن) پاش گەرانەوەی ستالین بۆ مۆسکۆ، بروسکەیەکی دەستخۆشی هاوبەش له لینین و ستالینەوە دەنێردرێ بۆ بەرەکانی تساریتسین، له راستیشدا مەبەستی گەرانەوە یا سەردانەکەی ستالین بۆ مۆسکۆ، سکالا کردن بوو له ترۆتسکی، لەم کاته ترۆتسکی بروسکەیەک بۆ لینین دەنێرێ و دەڵێ:

( من داوا دەکەم به زوترین کات ستالین بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی، سەرەڕای ژمارەی زۆری هێزەکانمان بەڵام دۆخەکان له تساریتسین باش نین، فوروشیلۆف هی ئەوەیە فەرماندەیی له یەک لیوا بکا بەڵام پەنجا هەزار سەربازمان خستۆته ژێر فەرمانی، سەرەڕای ئەمەش بڕیارمدا له پۆستەکەی بمێنێتەوە، بەمەرجێ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی (سیتین)ی فەرماندەی باشور بێ، تساریتسین هیچ راپۆرتێکی سەبارەت به ئۆپەراسیۆنه سەربازیەکانی بۆ نەناردوین، داوام کردوە رۆژانه دوو راپۆرت لەسەر جولەی سەربازیم بۆ بنێرێ، ئەگەر ئەمه جێبەجێ نەکا من بەیانی فەرمان دەردەکەم فوروشیلوف بدەمه دادگای سەربازی) ترۆتسکی له دیمانەکانی رووبەڕوو لەگەڵ فوروشیلوف هەڕەشەکانی دووبارە دەکردنەوە بۆیه ناچار دەبێ ملکەچی فەرمانەکانی ترۆتسکی بێ.

له ساڵەکانی دواتر زۆربەی جەنەراله سۆڤیەتیەکان هاوڕابوون لەگەڵ بۆچونەکانی ترۆتسکی لەسەر لاوازی کۆمیساری جەنگ و فەرماندەی گشتیی هێزی چەکدار، ئەمەش ئەو کاته پشتراست کرایەوە که

فوروشیلوف بە شایەدی بودیینی لە ١٩٤١ لە شەڕی دژی ئەڵمانیا بێ توانایی سەربازیی دەردەکەوێ، ئەوکات ستالین بانگی بەردەم ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی جەنگی دەکا بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستەکانی و پاکانە لە خۆ کردن، ستالین بە روکەشی وا خۆی نیشاندا کە لەگەڵ ترۆتسکی ئاشت دەبێتەوە. لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ گەڕایەوە تساریتسین، پاسەوانی سپی خۆی بۆ دووبارە گەمارۆدان ئامادە دەکرد، بەڵام سوپای سوور توانیان ئەم گەمارۆیە بشکێنن و هێزەکانی دوژمن بەرەو پاش بەرن.

پرسی گەڕانەوەی ئازایەتی سەرکەوتنی هێزەکان لە تساریتسین بۆ کێ دەگەڕێتەوە، ئەمە زۆری خایاند، لە گێڕانەوەیەکدا هی ترۆتسکی و زۆربەی جەنەراڵەکان لە ساڵانی سیەکان پشتراستیان دەکردەوە، ئازاتیەکە بۆ فەرماندەی هێزەکانی بەرەی باشور دەگەڕێتەوە، کە لە دەرەوە و بە هێز هاوکاریان کردوە و گەمارۆکەیان شکاندوە، هەرچی ستالین و فوروشیلوف و بودینی بوون پێیان وابووە سەرکەوتنەکە لە بەرهەمی دەستی خۆیان بووە، ئەم مشتومڕە دەچێتە خانەی مشتومڕەکانی سەربازیەوە. بەڵام واپێدەچێ کرملین گوتەکانی گروپی تساریتسینی پشتگوێ خستوە و گوێی پێنەداوە. بۆیە ستالین لە بەرەی باشور دەکشێندرێتەوە و دەستی ترۆتسکیش والا دەکرێ لە وەلام و رێکاریەکانی لەگەڵ فوروشیلوف، دیارە دوای چەند ساڵێک ئەم گۆتە گۆتەی تساریتسین دووبارەی دەکەنەوە و دەبێتە یەکێک لەو بابەتانەی لە نێوان ستالین و ترۆتسکی قسەو باسی لەسەر دەکرێ ، دوای پێنج سال تساریتسین بە (ستالینگراد) ناو دەنرێ واتە شاری ستالین.

کاتێکیش لە ١٩٤٢ لە جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر لێوارەکانی شاری تساریتسین (ستالینگراد) شەڕو پێکدادان لە نێوان سوپای سۆڤیەت و هێزەکانی ئەڵمانی توند دەبێ وگەمارۆی دەخرێتە سەر، ئەوکات ئەو پێداگری و سووربوونەی ستالین لەسەر ئەهمیەتی شارەکە نەبووە بەلکو بۆ کردنەوەی ئەو گرێیە بوو کە پێشتر لەم شوێنە روویداوە وگومان لە سەرکەوتنەکاندا دروست بووە .

لە کۆتایی هاوینی ١٩١٨ هەڕەشەکان لەسەر رۆژهەلاتی مۆسکۆ نەمان، تا ئەوکات فەرماندەیی بایەخی لاوەکی یا لە ئاستی پلە دوو بە بەرەی باشور دەدا، بەڵام کاتێک لە تشرینی یەکەم چیکەکان ناچار دەکرێن بەرەو چیای ئورال بکشێنەوە ترۆتسکی زیاتر بایەخ بە بەرەی باشور دەدا و رێگە نادا کەس دەست بخاتە نێو فەرمانەکانی، چونکە بەرەی باشور بەرگەی ئەم دوو ناحەزە ناگرێ، لینین داوا لە سەرۆک کۆمار(سفیردلوف) دەکا یاوەری ستالین بکا لە گەشتەکەی بۆ مۆسکۆ بە رێگەی شەمەندەفەری تایبەتی و رێورەسمێکی شایستەی پێشوازی کردن، چونکە لینین شارەزایی تەواوی دەرونی ستالین دەبێ بۆیە رێورەسمیکی شایستەی بۆ رێک دەخا بۆئەوەی دلی هیچ نەکا و بەم رێگایەوە دۆخەکان هێورکاتەوە و هەردووکیان رازی بکا، کەچی ترۆتسکی بە پێچەوانەی لینین بوو، ئەو ناحەزی خۆی بچوک دەکردەوە بە

گەورەی نەدەبینی و نەدەناسی ئەمە شێوازی رەفتاری ئەو بوو، لە رێگا شەمەندەفەرەکەی ستالین و سفیردلوف بە شەمەندەفەرەکەی ترۆتسکی دەگا کە بەرەو تساریتسین دەچووو. سفیردلوف هەوڵی دبلۆماسیی خستنە گەر بۆ ئەوەی ئەم دوو پیاوە بەیەک بگەیەنێ و دۆخەکان ئارام کاتەوە، دواتر ترۆتسکی باس دەکا کە ستالین زۆر بە لاوازی داوای لێدەکا کە چاوێکی لە منداڵەکانی تساریتسین بێ ولەگەڵیان میهرەبان بێ، وەلامی ترۆتسکیش بە کورتی بوە وتویەتی:

( ئەم منداڵە مەزنانە، شۆڕش کاول دەکەن و خەراپی بەسەردێنن ئێمە ناتوانین چاوەڕوانیان بکەین تا مەزن دەبن)

وەکو رێکارو چارەسەری ، فوروشیلوف لە تساریتسینەوە دەگوازێتەوە بۆ ئوکرانیا.

ستالین دەگاتە مۆسکۆ ئەوان لە ئامادەکاریدا دەبن بۆ یادی یەکەمی شۆڕش، ستالین لە نوسینیکیدا لە رۆژنامەی پراڤدای بلاو کردەوە باسی کورتەیەکی رووداوەکانی ساڵی بەسەرچوو دەکا:

( کۆمیتەی ناوەندی بەسەرۆکایەتی لینین بوو، ئەو ئیلهامی راپەڕینی پێ بەخشین، لینین لە گەرەکی فیبورگ لە پترسبۆرگ لە پەناگەیەکی نهێنیدا خۆی حەشاردابوو ، لە ئێوارەی ٢٤ ی مانگ بانگی کردم و داوای لێکردم فەرماندەیی ئەم بزوتنەوە بکەم. هەموو ئەو کارانەی لە راپەڕین ئەنجام دران بە سەرۆکایەتی ترۆتسکی سەرۆکی سۆڤیەتی پترسبۆرگ بوون. دەتوانین بە راشکاوی ئەوە بلێین حزب لە یەکەمەوە تا دوایی قەرزاری هاوڕێ ترۆتسکیە لە پاراستنی شۆڕشەوە تا رێکخستنی لیژنە جەنگیەکان).

دوای ٣٠ ساڵ تێپەربوون بەسەر ئەو نوسینەدا کە رۆڵی ترۆتسکی لە شۆڕش بە باشی دەنرخێنی و ستایشی دەکا لە کۆنوسەکانی کتێبەکانیدا لە ١٩٤٧ دەریدەهێنی و هیچ نوسەر یا مێژوونوسێکی سۆڤێتیش لەو بیست ساڵەی دواییدا زاتی ئەوە ناکەن نوسینەکان بخاتەوە شوێن خۆی یا ئاماژە بە رۆڵی بوێری ترۆتسکی بدا کە ستالین لە نوسینەکانیدا پێیدابوو، ئەو کاتەی ستالین ئەو نوسیانەی لەسەر ترۆتسکی دەنوسی بەمەبەستی بەرز نرخاندنی رۆڵی نەبووە ، نەخێر مەبەستی بچوک کردنەوەی رۆڵی ترۆتسکی بووە گوایە لەگەڵ واقعەکاندا ناگونجێن و ئەو تەنها جێبەجێ کارێکی لینینە هیچی تر نا، ئەمە زۆرترین ئەو بچوککردنەوانە بوون کە ستالین توانیویەتی لەسەر ترۆتسکی بنوسێ تیایدا گوایە رۆڵی بچوک دەکاتەوە، چونکە لەو کات، هەر ئەوەندە دەیتوانی لە چەپکە گوڵێکدا درکێکی شاراوە بداتە دەست ناحەزانی.

+ + +

دوای تێپەڕبوونی چەند رۆژێک بەسەر یادی یەکەمی شۆڕشی روسیدا، شۆڕش لە ئەڵمانیا و نەمسا سەر هەڵدەدا و موژدەی روخانی تەختی پادشایەتی خانەوادەی هوهنزولرن و هبسبورگ کۆتایی بە جەنگی یەکەمی جیهان دێنن.

لە هەر یەک لە بەرلین و میونخ و وارسو و ریگان ئەنجومەنی کرێکار و سەربازان ( سۆڤیەت) دادەمەزرین و سەرکردەکانی سوسسیالیستە میانڕەوەکانیش جلەوی حوکم لەو دوو وڵاتە بەزیوە دەگرنە دەست .

بۆلشەڤیەکان دلنیا بوون کە ئەم رووداوانە دەبنە مایەی دروست بوونی ئۆکتۆبەری ئەوروپی ئەگەر نەبنە هی جیهانی، سۆسیالیستە توندەکانیش سۆسیالیستە میانڕەوەکان دەڕوخێنن هەروەکو ئەوان لە روسیا کرنسکی Aleksandr Kerenski یان روخاند، بەم هەنگاوەش شۆڕشی روسی لە ماوەیەکی کەمی چەند هەفتەیەکدا یا مانگێک لەگۆشەگیری دەردەچێ و بنەماکانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی ئینترناسیۆنالیست دادەمەزرێنێ. دەولەتە پێشکەوتوەکانی ئەوروپاش رابەرایەتی ئەم بزوتنەوە قارەمانە دەکەن، دواتر روسیای نیمچە ئاسیایی دواکەوتو بەرەو شارستانی هەنگاو دەنێ، ئیتر هەموو سەرکردەکانی بۆلشەڤی بە لینین و ترۆتسکی و کامنێڤ Kamenev و لوناچارسکی و زینوڤییف Zinoviev و کولونتای و بۆخارین و هیتریش چاویان بڕیبوە ئەم رووداوەی رۆژئاوا و گرەویان لەسەری دەکرد و بەرنامەیان لەسەری داڕشتبوو.

گەوەرەترین لەتبوون کە روسیا لە ژیانی سیاسی بە خۆیەوە بینی لە سەدەی نۆزدەهەم روویدا لە نێوان لایەنگرانی شارستانێتی رۆژئاوا و شارستانێتی سلاڤی، لە نێوان ئەوانەی مەبەستیان بوو روسیایەک بنیاد بنێن لەسەر بنەماو شێوازی رۆژئاوا و نێوان ئەوانەی مەبەستیان بوو روسیایەک بنیاد بنێن لەسەر شارستانێتیەکی تایبەت بە خۆ، دوور لە شارستانێتی ئەوروپای رۆژئاوا، مارکسیزمی روسی یەکێک بوو لە سەرچاوەکانی لایەنگرانی رۆژئاوا، بەڵام ئەم دوو رەوتە هەردووکیان لە بۆلشەڤیکدا یەک دەگرنەوە.

لە ١٩١٣ لینین باس لە ئەوروپای دوا کەوتو و ئاسیای پێشکەوتوو دەکا، لە میانی تێبینیەکانی دێتە سەر شۆڕشی کۆماری چین، چونکە ئەو وای دەبینێ خەبات لە پێناو هەنگاو نان بەرەو شۆڕشی سۆسیالیزم مەزنترین شێوازی پێشکەوتنی شارستانێتیی نوێیە، ئاماژەی بە رۆژئاوادا وەکو سیمای ئیمپریالیزم و دوا کەوتویی، رۆژهەلاتیش چونکە بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی جۆش دراوە بە پێشکەوتوو ناوی دەبا.

لینین وەکوو نوێنەری رەوتی رۆژهەلات ئەم پێوەرانە بەکار دێنێ، سەرەڕای ئەوەی رۆژهەلات لای ئەو ئەوە ناگەیەنێ لایەنگرانی رۆژهەلاتی سلاڤی بێت چونکە رۆژهەلات تەنها گەلانی سلاڤی روسیا ناگرێتەوە بەلکو چەندین رەگەزی تری تێکەوتووە.

هەرچەندە لینین هەمیشە لە زۆر رووەوە رۆژئاوایی بووە، پێشکەوتن لای ئەو بریتی بووە لە رێبازی مارکسیزم کە زادەی فەلسەفەی ئەلمانی و ئابوری سیاسیی ئینگلیزی و سۆسیایزمی فرەنسی بووە، سەرباری ئەمەش پێی وابووە کە رۆژهەلات بە تەنیا ناتوانێ ئازادی بەدەست بێنێ، دروست کەری ئەو ئازادیە دەبێ رۆژئاوابێ، وا حوکمی بۆدراوە کە رۆژئاوا دەبێ رابەرایەتی ئازادی رۆژهەلات بکا و رژێمی سەرمایەداری ئیمپریالیزمی بروخێنێ، دواتر بە پێێی دۆخەکان هەر جارەو رەوتێک لای لینین پێشەنگ یا گرنگتر بووە.

کاتێک شۆڕشی هەلگیرساند پێێ وابوو کلپەی شۆڕش لە ئەوروپاش سەرهەلدەدا ئەوکات بیرۆکەی رۆژئاوای لا گرنگتر بوو لە رۆژهەلات، لەو رۆژاندابوو کە زۆر بەپەلە ( ئینترناسیۆنالستی کۆمۆنیست) ی دامەزراند، کە بالی چەپی توندڕەوی بزوتنەوەی سۆسیالیزمی لە ئەوروپای رۆژئاوای لەتەک بزوتنەوەی بۆلشەڤیی روسیی لەخۆ گرتبوو.

کاردانەوەی ستالین لەسەر ئەو دۆخە چی بوو؟

زۆر لەسەر رووداوەکانی رۆژئاوا نەدەدوا. ئەمە لە پسپۆری سەرکردە کۆچبەرەکانە ئەوان شارەزاییان لەسەر ئەوروپا هەیە، شایانی باسە لینین بە دوو وتار بەشداریی لەم گوتو بێژانەدا کردوە ئەوانیش:

یەکەمیان/ ( رۆژئاوا لەبیر نەکەن).

دووەمیان/ ( لەسەر رووناکی رۆژهەلات). ئەو پیاوەی لە نێو ریزەکانی کرێکارانی نەوتی روسی و میلەتانی تەتەر و ئێرانی و جوتیارە گورجیەکان مەزن بوبێ هەردەبێ بۆلشەڤیەکی لایەنگری رۆژهەلاتیەکان بێ.

نابێ پێمان سەیر بێ ئەو دوو رەوتە دژی یەکتری نەبوون هیچ سەرکردەکیشیان مەیلی دژایەتی یا رەنگدانەوەی رەوتێک لەسەر بیرکردنەوەی یەکێکیان نەبوو، تەنها هەست بەم سیما و دیاردانە دەکرا، بڕوای وابوو کە رێچکەی داگیرکاری و ئیمپریالیزم سەرچاوەیان لە رۆژئاواوە گرتوە و بەرەو رۆژهەلات هەنگاویان ناوە تا هەموو دونیای گرتۆتەوە، بۆیە بە پلە یەک دەبێ لەناو ببردرێ، بەڵام ناکرێ ئەهمیەتی رۆژئاوا لە شۆڕشەکان لە بیر بکرێ بۆیە دەڵێ:

( ڕۆژهەڵات لەبیر مەکەن) واتە نابێ ڕۆژئاوا بۆخۆی بە تەنیا قۆرخی شۆڕش بکا، بەم شێوە دەبینین ئەو ڕۆژهەلاتەی لە ملیۆنەها کەس پێکهاتوە لە لایەن داگیرکەر دەچەوسێندرێتەوە لە تروکانێکدا لەبەر چاوان نامێنێ و وێنەی دەسرێتەوە، ئەوەتا لە وتەیەکیدا لە کۆڕێکی کۆمۆنیستە موسلمانەکان لە پێناو پرۆپاگەندەکردن بۆ بۆلشەڤیەکان لە ولاتی فارس و چین و هیندا پێداگری دەکا و دەڵێ:

( دەبێ بۆ یەکەم جار و دوا جار ئەم ڕاستیە بزانن: ئەوەی مەبەستیەتی سۆسیالیزم سەرکەوێ نابێ ڕۆژهەلات لەبیر بکا)، وتاری دووەمیشی کە بۆ بوژانەوەی بۆلشەڤیەکانی ئوکرانیای داوە کۆتاییەکەی بەم دەستەواژە هێناوە: ڕۆژئاوا نیشتمانی سەرمایەدارەکانە کە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن، لێرەوە کۆیلایەتی دەرچووە، هەر لێرەوە تێیان گەیاندین چۆن ئەم تاریکستانە تێک دەدەین، ئەمە ئەرکی زەحمەتکێشانی دونیایە کە بە دلێکی کراوە ئەنجامی دەدەن. ئەمە هاواری خەباتگێڕێکی دیرینی لیژنەی باکۆیە پاش ئەوەی لە کرملین جێگیر دەبێ. بایەخدان بە ڕۆژهەلات لە دیدی ستراتیژی بۆلشەڤی بوو، شێوازە توندەکەشی بەرانبەر بە ڕۆژئاوا شتێکی شاراوە بوو، مایەی نارەحەتی هیچ کەسێک نەبوو، ئەم شێوازە نا زەلالیە لە دەربڕینا ئەو کاتە زیاتر بەدی دەکرێ لە سەردەمی هێرشە هاوبەشەکەی بەریتانیا و فەرەنسا بۆ سەر ڕوسیا دژی حوکمی بۆلشەڤی و بۆ ڕوخانی، ئەوکات ستالین هەلەیەکی مەزن دەکا چونکە بایەخ بە هەلوێستی ناڕەزایی ئۆپۆزسیۆنی بەریتانی نادا کە دژی ئەو هێرشە هەیانبوو، کاتێک بایەخی بەو هەلوێستەیانی نەدا و بە کارێکی چەواشەی دایە ناسین گوایە بۆ ئەوەیانە هێرشەکانی سەر ڕوسیا توندتر بکرێن دیارە ئەم چەواشەکاریە هەنگاوی تری بەدواوە دێ کاتێک کرێکارانی بەندەرەکانی بەریتانی بایکۆتی بارکردنی کەلوپەلەکانیان دەکرد کە بۆ پۆلۆنیا باردەکران لەو کاتانە لە ١٩٢٠.شەڕ لە نێوان پۆلۆنیا و سۆڤیەتدا هەبوو.

جێگەی سەرسوڕمانە ئەم وتانەی ستالین بەراورد کەین لەگەل ئەو فەرمانەی ژمارە ١٥٩ کە لە لایەن ترۆتسکیەوە بۆ سوپای دەریاوانی سۆڤیەت لە ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩ دەرچووە، لە میانی هێرشەکانی یودینیش بۆ سەر پترسبۆرگ کە ئەوکات هەستی دژایەتی بەرانبەر بە سوپای بەریتانی لە ڕوسیا گەیشتبوە لوتکە:

( ئەی جەنگاوەرە سوورەکان، ئێوە لە هەموو بەرەکان رووبەڕووی فرت و فێلەکانی بەریتانیای دوژمن دەبنەوە، هێزەکانی دژەشۆڕش بە هاونی ئینگلیزی پێگە و بارەگاکانمان تۆپباران دەکەن، ئەو چەک و تفاقەی لە بەرەکانی شەڕ لە باشور و ڕۆژئاوا لە سەربازگەکانی شنکورسک و ئونیگا دەستتان بەسەرداگرت هەمووی تفاق و چەکی ئینگلیزی بوون، ئەو دیلانەی دەکەونە بەر دەستیشمان بە هەمان شێوە بە چەکی ئینگلیزی پرچەک کراون، فرۆکەوانە ئینگلیزەکانن پێگەکانمان لە ئەرکنجل و ئستراخان بە بۆمبی بەریتانی تۆپباران

دەکەن، بەهۆی بۆمب و  تۆپەکانیانەوە ژن و منداڵەکانمان دەکوژرێن و کەمئەندام دەکرێن. هەروەها کەشتیگەلی ئینگلیزیە بەندەرەکانمان دەکەنە ئامانج.

بەڵام تا ئێستاش کە ئاستی شەڕەکان بەم دژواریە گەیشتوە لە دژی (یودینیچ)ی کرێگرتەی بەریتانی دەمەوێ پێتان رابگەیەنم کە هەگبەی ئینگلیز تەنها ئەم دوژمنکاری و کاولکاری و بەرژەوەندیەی تیا نیە، لەتەک ئەمانە میهرەبانی و دۆستایەتی و هاوپەیمانیشیان تیایە.

هەرچەندە ئینگلتەرای چەپەل و بێ ئابڕوو ئەمرۆ شەڕمان لەگەڵدا دەکا، بەڵام ئینگلتەرای زەحمەتکێشان و ئینگلتەرای گەل، لە گەڵ ئێمەدایە.

راستە ئەمرۆ لە شێوازی گوتارەکانی بۆلشەڤی، دیالکتیکی رۆژئاوایی زاڵە، بەڵام لە داهاتوو دیالیکت و شێوازی رۆژهەلاتی زال دەبێ.

+ + +

لە ١٩١٩ شەڕی ناوەخۆ گەیشتە لوتکە، سەرەتای ئەو ساڵەبوو کە هێزەکانی رۆژئاوا زۆر بە توندی دەستیان خستە ناو کاروباری ناوەخۆ، هێزەکانی سپی بە فەرماندەی کولشاک بەرەو رۆژهەلات هێرشیان برد و دەستیان بەسەر (بیرم) دا گرت بەڵام هێزەکانی سوپای سوور بە توندی بەرپەرچیان دانەوە و تا مۆلگەکانیان راونان، تا ئەوکاتەی دینیکین هێرش دەکاتە سەر باشور و کیف و کورسک داگیر دەکا و بەرەو مۆسکۆ پێشڕەوی دەکا، هەر لەو سەرو بەندانەدا بوو لە مانگی ئایار کە (یودینیش) هێرش دەکاتە سەر پترسبۆرگ بەو نیازەی بە پالپشت و هاوکاری تابوری پێنجەم ئەم شارە داگیرکا، ستالین بۆ فەرماندەیی ئەم شەڕە نێردرایە ئەوێ، پیلانگێرەکان ئاشکەرا دەبن، رێگە نادات ئەم شارە داگیر بکرێ و لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت دەمێنێتەوە، بەڵام لە مانگی تشرینی یەکەم یودینیش دووبارە ئەم هەولە دەداتەوە ئەمجارەیان دەورو بەری شاری پترسبۆرگ داگیر دەکا بەڵام ترۆتسکی بە هانایەوە دێ و شار رزگار دەکا.

مانگی تشرینی یەکەم تەنگەتاوترین مانگ دەبێ، لەم مانگە هەرەیک لە پترسبۆرگ و مۆسکۆ ناوە ناوە دەکەونە ژێر دەستی سوپای سپی.

کاتێکیش کولشاک خۆی بە دکتاتۆری روسیا دەناسێنێ (ئەنجومەنی بالای هاوپەیمانان) بە فەرمی دانی پێدادەنێ، هێزەکانی دەریاوانی هاوپەیمانان بەرەو دەریای رەش دەکشێن بۆ یارمەتیدانی (دینیکین)، هێزەکانی فرەنسی (ئودیسیا) داگیر دەکا، هێزی دەریاوانی ئینگلیز هاوکاری یودینیش دەکا بۆ داگیر کردنی کەنداوی فنلەندا.

هەریەک لە چرچل لە بەریتانیا و کلیمەنسو لە فرەنسا لەو پێداگرانە بوون کە لە دژی روسیا دەست بخەنە ناو شەڕەکە بەڵام بێ توانایی جەنەرالەکانی سوپای سپی لە دروست کردنی هەماهەنگی لە نێوان یەکتری ئەم سووربوونەی خاو کردەوە، هەریەکە و هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی ببێتە رزگار کەری روسیا و بە پالەوانی رووداوەکان بناسێنێ، بەو هۆیەوە لە مانگی تشرینی دووەم هێزەکانی سوپای سپی شکست دێنن و شۆڕش بەسەر شەڕی ناوەخۆدا زال دەبێ. بەشی دووەمی ئەم رووداوانەش لە ١٩٢٠ دەبن لە ئەنجامی شەڕی نێوان روسیا و پۆلۆنیا کە وەکو هەڵمەتێک دەبێ دژی جەنەرال رانگل لە باشور، بەڵام ئەگەر بەراوردیان پێبکەیت لەگەڵ هەڵمەتەکانی تر بە  سانەوی دێتە ئەژمار، لە تشرینی دووەم مۆسکۆی سوور ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێرێ و هەریەک لە  ترۆتسکی و ستالین مەدالیای ئالای سووریان پێ دەبەخشرێ.

ترۆتسکی لە ماوەی شەڕی ناوەخۆ تا ١٩٢٥ فەرماندەی یەکەمی سوپای سوور بوو، هەر ئەو بە ئەندازیاری سەرکەوتن دەناسرێ، هەرچەندە ستالین  بەرزترین مەدالیای کۆماریی پێبەخشرا، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لە کەسایەتی و جەماوەری ئەو پیاوەی زیاد نەکرد بە بەراورد لەگەڵ دەستپێکی شەڕی ناوەخۆ، ئەو یاداشت و بروسکە و نوسراوانەی لەسەر ئەو شەڕە نوسراون ئاماژە بە ناوی ئەو پیاوە نادەن، زۆر بەکەم نەبێ، بەڵام بۆ هەلسەنگاندن ئەگەر پشت بەم بەلگانە ببەسترێ ئەوە کارێکی هەلەیە، ئەگەر چاوێک بە بروسکە و نامەکانی ئەوکاتدا بخشێنین کە خۆی یا ترۆتسکی ناردویەتی دەبینین رۆڵی ئەو لەم هەلسەنگاندنە زیاترە کە دەوترێ، بەڵام بەو ئاستە مەزن و بالا نەبووە کە لە مێژوو باسی لێوە دەکرێ.

مەرەکەبی زۆر لە پێناو نوسینی گفتوگۆکانی ئەوسا سەرفکرا، مەبەستیش لەو مەرەکەب رژاندنە نوسین و نەخشاندنی رۆڵی هەریەک لەم دوو سەرکردە بووە  ئەوانەی بەرژەوەندیان لەم کارەدا هەبووە کاریان لەسەر کردووە یا نوسیویانە، هیچ یەک لەم دوو سەرکردە لە هەلە بێبەش نەبوونە، لە هەندێک بۆنە رێنما و بڕیاری باشیان دەرکردوە، ئەوەتا دەبینین ستراتیژیەتی ترۆتسکی دژ بە کولشاک زۆر هەستیارانە و شەرمنانە بووە، کاتێک هێزەکانی کولشاک دەشکێن و لە روی مۆرالەوە دەروخێن، ترۆتسکی بەدوایان ناکەوێ، ئەوکات ستالین یەکێک بوو لەوانەی داوای دەکرد بەدوایاندا بچن و سەرجەم خاکی روسیای ئاسیایی لە سوپای سپی پاک کەنەوە. لە روێکی تریشەوە سەلمێندرا کە ئەو نەخشە و پلانانەی ترۆتسکی بۆ شکست پێهێنانی هێزەکانی

دینیکین لە بەرەکانی شەڕ لە باشور دایڕشتبو زۆر سەرکەوتوانە بوو، ئەوکات پێشنیاری کردبوو لە ناوچەی دونیتزی دەولەمەند بە کانزا، هێرشەکان دەستپێبکەن چونکە دانیشتوانەکەی دلسۆز و هاوکاری سوپای سوورن، بەڵام فەرماندەی گشتی بە پالپشتی لینین و ستالین ئاراستەی هێرشەکەیان گۆری بۆ دۆلی دون کە جێنیشی قوزاقی دژ بە شۆڕشی ئۆکتۆبەرو شەڕی ناوەخۆن : دەرکەوت دیدەکانی ترۆتسکی بۆ خوێندنەوەی ناخی کۆمەڵایەتی هاولاتیان گەلێک تیژ و راستن، هاوڕێیانی نەخشەکانیان پشتگوێ خست تا هێرشەکەی (دینیکین) هەلوێستەکانی پێ گۆڕی. دیسان لە میانی هێرشەکەی یودینیش بۆ پترسبۆرگ، جاری دووەمی، لینین لە هەلسەنگاندنی هێزەکانی دوژمن زێدەی دەگوت، پێشنیاری ئەوەی دەکرد با پترسبورگ رادەستی سوپای سپی کەین بۆ ئەوەی بتوانین بەرگری لە مۆسکۆ بکەین، بەڵام ترۆتسکی و ستالین بەم پێشنیارە رازی نابن، دواتر رووداوەکان سەلماندیان کە بۆچون و تێبینیەکانی ترۆتسکی راستن، ئەوەتا یەک نەبوونی راو بۆچونەکان نابنە مایەی ناکۆکی تەنها لە تەکتیکدا جیا دەبن ئەگینا هەمان ستراتیژن.

لە نامەکانی ستالین دەردەکەوێ کە نوسین و راپۆرتەکانی جیایە لەگەڵ گوتار و لێدوانەکانی، جیاوازیەکانی نێوان نامە نهێنیەکان و نوسینەکانی گەلێک زۆرە، خالە لاوازەکانی لە نویسن و لاپەرەی رۆژنامەکان زۆر بەزەقی دیارن، وتەکانی شێوە و سیمای خەیال دەدەن تەنانەت هاوڕێکانیشی بڕوا بەو وتانەی ناکەن.

بە پێێ وتەکانی ترۆتسکی ئەو کەسێکی وشک و بێتام و خەوارەوە، وێنە و روخسارەکانی لەگەڵ یەکترا ناکۆکن، لەگەڵ نوسینەکانی یەک ناگرنەوە، خۆشبەختانە نوسینەکانی ئەوەندە زۆر نین لە بیست ساڵی سەرەتاییدا ناگاتە دە کتێب، لە نوسینەکانیدا کاتێک چاوی دەکەوێتە سەر بابەتێک هەر دەیلێ و دەیلێتەوە لەسەری دەروا و دووبارە دێتەوە سەری، ئەمە نیشانەی کەموکوریەتی لە ئەدەبیات و هونەری پەخشانی نوسین، هەندێک وشەی دەستکرد بەکار دێنێ نیشانەی نەبوونی سەلیقەی نوسینیەتی، بەڵام ئەوەتا لە راپۆرتە نهێنیەکانی زۆر جیاوازە، شێوازی نوسینەکانی لەسەر بابەتەکان کورت و روونن.

ستالین لە رووی ئیداریەوە کەسێکی تر دەبێ کەسێک دەبێ کارەکانی بە وردی و بە پێداگری جێبەجێ دەکا، ئەوەتا رەخنە لە ئیدارەی مۆسکۆ دەگرێ، داوا دەکا ئەوانەی لەرووی ئیدارییەوە کەم وکوریان هەیە بدرێنە دادگا و ئیدارە لە گەندەلکاران پاک بکرێتەوە، رێکاری یاسایی لەگەڵ هەندێک ئەنجام دەدا و هەندێک لە کارەکانیان دوردەخاتەوە و کەسانی تر دێنێتە پێش، بەردەوام راپۆرتی نوێ بۆ مۆسکۆ دەنێرێ لە هەموو راپۆرتەکانیدا ترۆتسکی رەخنەباران دەکا.

به شێوەیەکی گشتی ئەمە شێوازی نامەکانی بوون کە لە بیرم و پترسبۆرگ و سمولنسک و سیربوخوف و شوێنەکانیتر ناردویەتی، کورتکردنەوە و کۆکردنەوەی ئەم نامە و نوسینانە ئەرکی ئەو کەسانەیە کە ئەرکی نوسینەوەی مێژووی شەڕی ناوەخۆیان خستۆتە ئەستۆ، باشترین لێکۆڵینەوە کە کرابێ لێکۆڵینەوەی سەرەتای ساڵی ١٩١٩ بوو، لەو گەشتەیدا فیلیکس دزرجنسکی، سەرۆکی پۆلیسی سیاسی کە تازە دروست کرابوو هاوسەفەری دەبێ، ئەو لێکۆڵینە بۆ هۆکاری دواین شکستەکەی سوپای سێ بوو، تیایدا گەیشتونەتە ئەم ئەنجامە:

( بە رای ئێمە خالە لاوازەکە تەنها لە سوپای سێدا نیە، بەلکو لەم دەزگایانەش دایە:

١- فەرماندەی گشتی و فەرماندەی ناوچەکان... هەندێک یەکەیان ناردۆتە بەرەکانی شەڕ کە جێگەی متمانە نەبوونە.

٢- لە نوسینگەی رابەرانی سیاسی لە سەرتاپای روسیا، هەندێک گەنجی نەوجەوانیان بۆ بەرەکان ناردوە نەک رابەری سیاسی.

٣- لە لیژنەی سەربازی شۆڕشی کۆماریدا لە رێگەی بەناو ( فەرمان و رێنمایی) ئاژاوەیا لە ئیدارەی بەرەکان و ناو سوپادا چاندوە .)

٤/ سەربازەکانی یەدەک کە ناردبوویانە بەرەکانی جەنگ بۆ یارمەتیدانی سوپای سێیەم، نیمچە دژەشۆڕش بوون سودیان لێیان وەرنەگرت، لە کاتی پاشەکشەکان سوپای سێیەم گەلێک ماندو و شەکەتی پێوە دیار بوو، ژمارەیەک لە سەربازان دەچوونە بەردەمی رابەر سیاسیەکان و خۆیان لەسەر بەفرەکە رادەکێشا و داوایان لە رابەر سیاسیەکان دەکرد تەقەیان لێ بکەن، پێیان دەوتن ئێمە چیتر ناتوانین بەرێوە بچین، ئێمە ماندو و بێ تاقەتین، چۆن چۆنی بەرێوە بچین؟

ئەم هێرشانە بۆ سەر فاتزیتیس ی فەرماندەی گشتی و برادەری ترۆتسکی بوون، کاتێکیش بە کامنێف Kamenevی برادەری ستالین دەگۆردرێ هەمان دۆخ دروست دەبێتەوە.

٥/ لیژنەکانی سۆڤیەتی خۆجێیی کەسانی بەگومانیان تێدایە، لیژنەکانی جوتیارانی هەژاریش، (کولاک) لەسەریان زالە (جوتیارە نەدارەکان).

٦/ رێکخراوەکانی حزبی لاوازن، سەرکردایەتی بۆ قەرەبو کردنەوەی ئەم لاوازیە و پرکردنەوەی کەلێنەکان دەیەوێ پشت بە (چیکا) پۆلیسی سیاسی ببەستێ، روونیش بۆتەوە تاقە نوێنەری دەسەڵاتە لە ناوچەکان.

٧/ رۆژنامەکانی حزبیش لە بیرم و یاتکا رۆژنامەی ئاست نزمن، هیچ دەستەواژەیەکیان تیادا نابێنی جگە لە هەندێک کۆپلە نوسینی پوچەل لەسەر شۆڕشی کۆمەڵایەتی جیهانی .

لە کاتێکا لە کۆی ئەو فەرمانبەرانەی لە دەزگاکانی سۆڤیەت لە شاری فیاتکا کاریان دەکرد ٤٤٦٧ یان لە فەرمانبەرانی سەردەمی قەیسەرن .

لە ئەنجامی ئەو پێشنیارانەی بۆ چاکسازی ئیداری و هونەری دران، بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم پرۆسەی چاکسازیە بڕیاردرا کۆمیسارێک دابمەزرێندرێ، بۆ ئەم ئەرکەش ئەنجومەنی کۆمیسارەکان ستالین رادەسپێرن بەم ئەرکە هەلسێ.

لینین زۆر بەوردی راپۆرتەکانی دەخوێندەوە، بە تایبەتیش بە هەستیاری مامەلەی لەگەڵ ئەو راپۆرتانە دەکرد کە دژی ترۆتسکی دەنوسران، لە ئەنجامی زۆری ئەو راپۆرتانەی کە تۆمەتیان خستۆتە پالی، بێزار دەبێ و دەست لەکار دەکێشێتەوە، بەڵام مەکتەبی سیاسی بە کۆی دەنگ بڕیار دەدەن لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، (ستالین وێڕای ئەوەی ئەو داوای دورخستنەوەی ترۆتسکیی کردبوو بەڵام لەگەڵ کۆدەنگیەکە دەبێ)، لە ئەنجامدانی زۆر لە لێکۆلینەوەکانی ستالین ناوبانگی وەکو کادرێک باشتر دەبێ، دوای ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی وەکو کۆمیساری پشکنینی کرێکاری و جوتیاری، ژمارەیەک لە ئەندامانی بالای حزب رەخنە لە کۆکردنەوەی ئەو هەموو پۆستە لەدەست ستالین دەگرن، لینین وەلامیان دەداتەوە:

( ئێمە پێویستیمان بە کەسێکە هەر نوێنەرێکی نیشتمانی بتوانێ سکالای رووبەڕوو بکاتەوە، ئێمە ئەو جۆرە کەسانە لەکوێ پەیدا دەکەین؟ پێم وایە ئەگەر بریوبراجنسکی راسپێرین کەسێکی وامان بۆ بدۆزێتەوە، هەر ستالینمان بۆ دەستنیشان دەکا، ئەوەی لەسەر ئەمە جێ بەجێ دەبێ لەسەر پشکنەری جوتیار و کرێکارانیش جێبەجێ دەبێ، ئەرکەکە قورسە دەبێ کەسێک سەرپەرشتی ئەو کۆمیسارە بکا کە خاوەنی دەسەڵاتێکی بەرفراوان بێ)

لە ئەنجامی کۆتایی هاتن بە شەڕەکانی دژی دینکین و یودینیش، شەڕ لە نێوان روسیا و پۆلۆنیا هەلدەگیرسێ، لەو کاتە ستالین پۆستی رابەری سیاسی کەرتی باشوری دەبێ، لە ئایاری ١٩٢٠ سوپای پۆلۆنی بە سەرۆکایەتی موشیر بلسودسکی هێرش دەکاتە سەر ئوکرانیا و کیف داگیر دەکا، بەڵام ئەم سەرکەوتنەی بلسۆدسکی درێژەی نابێ، سوپاکەی رووبەڕووی هێرشەکانی جوتیارانی ئوکرانیا دەبێتەوە، وا بلاوبۆوە کە سەرکەوتنی سوپای پۆلۆنی دەبێتە مایەی گەرانەوەی دەسەڵاتی

ئوروستوکراتیی پۆلۆنی بەسەر گوندەکانی ئوکرانیا، لە حوزەیران پۆلۆنیا لە کیف دەکشێتەوە، لە باکور توخاچیفسکی و لە باشوریش بودینی بەدوای دەکەون، پاش هێرشێکی کتوپری کوشندە سوپای سوور دەگاتە روباری (باغ) کە پۆلۆنیا و ئەسینا لە ئوکرانیا جیا دەکاتەوە.

ئایا سوپای سوور لە روبار دەپەڕێتەوە بۆ ئەوەی وارشۆ داگیرکەن؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە لە مەکتەبی سیاسی قسەی لەسەر کرا، لینین داوایکرد درێژە بە هێرشەکان بدرێ، بەڵام ترۆتسکی وتی:

داوای ئاشتەوایی لە پۆلۆنیا بکرێ، ستالین سەرەتا لەگەڵ ترۆتسکیدا بوو بەڵام دواجار لەگەڵ لینین هاوڕابوو.

پرۆژەیەکی مەزن و مەترسیدار بوو، لێنێن بەو ئومێدە بوو کە سوپای سوور بچێتە نێو پۆلۆنیا ئەوسا هانی چینی کرێکار بدرێ بۆ راگەیاندنی شۆڕشی کۆمۆنیزم. بەڵام مەبەستە سەرەکیەکە پۆلنیا نەبوو بەلکو ئەڵمانیا بوو کە لە جۆشبوندا بوو، مەبەستی بوو شۆڕشی ئەڵمانی و شۆڕشی روسی بەیەک بگەن، ئەمەی هاتەوە خەیال کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی رۆژئاوا لە توانایدا نیە بە تەنیا دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەگەر سوپای سوور چوە هاوکاریی ئەوکات ئاسانتر دەبێ (ئەو مەبەستی بوو لە رێگەی سوپای سوورەوە ئەوروپا تاقی کاتەوە.

بەم شێوە ئەم کارەی دژی ئەو ئاگادارییانەی پێشوتری بوون کاتێک لە مەترسیەکانی هەناردەکردنی شۆڕش لە رێگەی شەڕەوە هاورێیانی لێ وشیار دەکردەوە، ئەم هەلوێستەی لە ئەنجامی نامۆ بوون و گۆشەگیر بوونی سۆڤیەت دروست دەبێ، زینوڤییڤ Zinoviev و کامنێڤ Kamenev پشتگیری بۆچونەکانی لینینیان کرد، ئەوان لە ١٩١٧ وە لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ناکرێ شۆڕش لە روسیا بەردەوامی هەبێ ئەگەر وڵاتە دراوسێکانیشی شۆڕش هەلنەگیرسێنن. هەلوێستەکانیان بۆ ئەوە بوو بەرگریەکانی پۆلۆنیا بچوک کەنەوە کە دژی سوپای سۆڤیەتی ئەنجامی دەدەن، تەنانەت چینی کرێکاریش کە ئەوکات لە خۆشی سەرکەوتنی نیشتمانیدا دەژیان.

هەلومەرجەکانی پۆلۆنیا هانی زیاتری ترۆتسکی و ستالینیان دا دژی پێشنیارەکەی لینین بوەستنەوە، تەنانەت بەر لەوەی سوپای سوور کیف داگیرکا ستالین لە رێگەی رۆژنامەی پراڤدا حزبی ئاگادار کردەوە، وتی: کلکی هێزەکانی پۆلۆنی خزمەتی پۆلۆنیا دەکا، ئەم کلکە جیاوازە لەگەڵ هێزەکانی کولشاک و دینکین، لەرووی یەکگرتوویی و یەک نەتەویەوە، دۆخەکانی نێو ئەم هێزە دۆخی نیشتمانین، ئەگەر هێزەکانی پۆلۆنیا لە نێو خاکی پۆلۆنیا توشی شەڕ هاتن ئەوا ئەستەمە بەسەریاندا زال بن.

لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشەکانی روسیا، ستالین ئەم ئاگاداریەی دووبارە دەکردەوە، وتی:

( پێم وایە ئەو خۆ هەلکێشانەی هەندێک لە هاوڕێیانمان لە شوێن خۆیدا نیە، هەندێک بەوە ناوەستن کە لە بەرەکان سەرکەوتن بەدەست بێنن، داوای پەلاماری سەر وارسۆ دەکەن، هەندێکیشیان کە بەرگری لە کۆمارەکەمان ناکەن بانگخوازی ئەوە دەکەن گوایە هاوپەیمانی ئاشتەوایی تەنها لەگەل سۆڤیەتەکانی وارسۆی سوور واژۆ دەکەن، پێویست ناکا ئەوە بلێین کە ئەم بیانو و خۆ هەلکێشانە نە لەگەل سیاسەتی حکومەتە نە لەگەڵ هێنانەوەی پارسەنگی هێزەکانە لە بەرەکانی جەنگ، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ئاگادارکردنەوەش بە هاوشانی خۆهەلکێشان و بیانوهێنانەوە دەنگی بە هێرش کردن دا، لایەنگرانی هێرشی سەر وارشۆ شکستیان بەو لایەنانە هێنا کە دژی هێرش بردن بوون ، ئەوانیش هەریەک لە ترۆتسکی و دزرجنسکیی پۆلۆنی و رادیکی (بانگخوازی شۆڕشگێڕی ئەڵمانیی بەناوبانگ بوو) هەروەکو جاران ستالین بەدوای مامۆستاکەیدا دەڕوا و پشتگیری بۆچونەکانی ئەو دەکا، وێڕای ئەوەی ئەمجارەیان بۆچونەکانی راست دەرچون بەڵام ئەو هەر دوای لینین دەکەوێ.

لە ١٢ ی تەموز ستالین دەگەڕێتەوە بارەگای فەرماندەی بەرەی باشور، ئەوکاتەی سوپا لە بەرەی باشور بە گشتی بەرەو پێش دەرۆیشت، لەشکری توخاچیفسکی گەیشتبوە لێوارەکانی شاری وارشۆ، هێلەکانی پەیوەندی پچرابوون، سەربازەکانیش لەیەکتری دوور بوون. لەم کاتەدا بە هاوکاری (جەنەرال ویگان)ی فرەنسی بلسودسکی خۆی ئامادە دەکا بۆ هێرش کردنە سەر بالی باشور لە لەشکری توخاچیفسکی، بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم هێرشە فەرماندەی بالای سوپای سۆڤیەت فەرمانێک بۆ فەرماندەی باشور دەردەکا ( ییگوروف و بودیینی) کە هێرش بکەنە باکوری وارشۆ بۆ لێدانی بلسودسکی، بەڵام فەرماندەی بەرەی باشور گوێی بەم فەرمانە نەدا و بە هەوەستی خۆی جولایەوە، ئەوان لەو کاتە ناسکەدا کە توخاچیفسکی خەریک بوو بگاتە نێو وارشۆ ئەوان نیازیان بوە لەفوف بگرن، هەروەکو لە تساریتسین روویدا دیسان ستالین فەرمانەکانی سەرکرادیەتی پشتگوێ دەخا و هانی ییگوروف و بودیینی دەدا تا لەفوف بگرن، دواتر لە ناکاو هێز بەلای پۆلۆنیەکاندا شکایەوە و ئەو جەنگە مەزنەیان بردەوە کە لە سەر روباری فیستولا روویدا، ئا لەم کاتە ستالین و ییگوروف و بودیینی پیلانەکەیان دەگۆڕن و بەرەو یارمەتیدانی توخاچیفسکی دەڕۆن، بەڵام کاتەکە بەسەرچوو بوو، سوپای سوور لە وارشۆ لە کشانەوەدا بوو .

هەردەبێ لەسەر ئەو هەلانە گوتوبێژ بکرێ، لەم رووەوە ترۆتسکی و توخاچیفسکی رەخنە لە سەرکردایەتی باشور دەگرن کە بەهۆی گوێ پێنەدانی فەرمانی سەرکردایەتی بە درەنگ وەختانێک نەخشە و پلانەکانیان لە لەفوفەوە دەگۆرن بەرەو وارشۆ. ستالین وەکو هەموو جارێک رەخنەکانی لەسەر ترۆتسکی و

سەرکردایەتی دووبارە دەکردەوە کە هێزی یەدەگیان لە هێڵەکانی دواوەی شەڕ دانەناوە، دیارە هەردوو رەخنەکان جێی خۆیان بوون بەڵام هۆکاری سەرەکیی شکست لە هەلەکانی هێرشەکە نەبوو بەلکو لە گواستنەوەی بەرەکانی شەڕدا بوو بۆ ناو خاکی پۆلۆنیا.

+ + +

دواجار ئاشتی گەرایەوە روسیا پاش تەواو بوونی شەڕی پۆلۆنیا و ئەو هێرشە خێرایەی دژی بارون رانگل ئەنجام درا بەو هۆیەوە هێزەکان لە قەرم دەرکران و تا بەنداوی بیروکوب راویاننا.

دەسەڵاتی سۆڤیەت مکوم و چەسپا، حزبی دەسەڵتدار لەسەر کورسیی حوکمڕان دانیشت، سەرکردەکانیش شانازی بەخۆیانەوە دەکەن، بەڵام ولات وێران بوو خەلک برسی و نەخۆشە.

حالەتە تایبەتیەکان ئەوەیان بەسەر دەسەڵاتدا سەپاند کە ناچاربن چەندین جار بە پێچەوانەی مەرام و پەیامەکەیان کار بکەن، بۆلشەڤیەکان پەیمانی هەلوەشاندنەوەی سوپا و پۆلیسیان دابوو، بەڵام لەجیات ئەمە پۆلیسی نهێنیان بوژاندەوە کە بوونە تاقە نوێنەری دەسەڵات لە زۆربەی شوێنەکانی ولات (هەروەکو ستالین لە چەند بۆنەیەک لە بیرم خۆی ئەمەی راگەیاند) بۆلشەڤیەکان لە هەولی لێبوردنی ناحەز و دوژمنەکانیاندا بوون، ئەوەتا لە کۆنگرەکانی کرێکاری و سەندیکاکان، دەبینرا چۆن مەنشەڤی و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان و ئاژاوەچیەکان بەوپەری ئازادی راکانیان دەردەبڕین، رەخنەی توندیان لە حکومەت دەگرت، ناکۆکی و ململانێکانی ناو حزبی بۆلشەڤی تا ئەوکات بوونی هەبوو، بالەکان هێرشیان دەکردە سەر یەکتری، ئەندامەکان بە ئازادی و بوێری ئەم باڵ و ئەو بالیان دەکرد بۆ دەربڕینی راو بۆچونەکانیان و رەخنە گرتن، بالەکان سنوری دیاریان نەبوو ئەم بەروئەوبەر کردنی ئەندامەکان بەردەوام بوو، ئەم شێوازەی ئازادی لە کاتی شەڕەکانی ناوەخۆ لە ١٩٢٠ ، لەوپەری گەرمی دابوون، کۆتایی ئەم ململانێ و ناڕەزاییە ئەوکاتە دەبێ کە حزبی دەسەڵاتدار کاری ئۆپۆزسیۆن قەدەغە دەکا و ئەم بەرو ئەوبەرانێ لە ئەندامانی حزب یاساغ دەکا، ئیتر ئازادیەکانیان بە کۆت و بەند سنوردارکردن.

هۆکاری ئەم جیاوازیە ئەوەبوو رژێم تا دوا فیشەکی شەڕی ناوەخۆ رووبەڕووی هیچ مەترسیەک نەببۆوە، راستە کە شۆرش لە پرۆسەی لەناوبردنی ناحەزانی سەرکەوت بەڵام لە بەرانبەردا زۆربەی دۆستەکانی

لەدەستدا، ئەوەتا لە پێناو تێرکردنی شارە برسیەکان و پەیدا کردنی ئازوقە بۆ سوپاکەی ناچار دەبێ دەست بەسەر خۆراک و داهاتی جوتیاراندا بگرێ، ئەو جوتیارانەی بەشداریان لە سەرکەوتنی شۆڕشی بۆلشەڤی ساڵەکانی ١٩١٧و ١٩١٨ دا کرد ئەمرۆ لە ١٩٢٠ شۆڕش بەگژیاندا دێنەوە، بەقەدەر ئەوەی دلنیا بوون کە هێزی مولکدارەکان و جەنەراڵەکانی سپی لە نەماندایە بەو قەدەر رقیان زیاتر لە شۆڕش هەلگرت، بەم هۆیەوە شەپۆلێک لە خۆپیشاندان و راپەڕینی جوتیاران رویاندا.

هەرچەندە کرێکارە پیشەسازیەکان لە دلسۆزترین لایەنگری بۆلشەڤی بوون بەڵام ئەمرۆ بە دیدی بۆلشەڤی جێگەی متمانە و بڕوا نین لە کاتێکا دکاتۆریەتی دەسەڵاتدار بەناوی ئەوانەوە کاردەکا، بەهۆی متمانە نەبوون و مردنی ژمارەیەکی زۆریان ژمارەیان لە کەم بووندایە ، زیندوەکانیش بەهۆی برسێتی و هیلاکیەوە ماندو و شەکەتن، بە بەراورد لەگەڵ کاتیخۆی بەرهەمەکان تەنها بە رێژەی ٥% بەرهەم دێن، وێڕای ئەمەش ئەوانیتر لە کارەکانیان سوور و بەردەوام نین زۆر بەکەمی و سستی دەچنە سەر کارگەکان، لە چالاکی کەوتوون، بە شێوەیەکی گشتی چینی کرێکار لە رەگەوە دەرهێندراوە، خۆی تا ئاستێکی باش دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا جێگیر کرابوو بەڵام لە میانی جێگیرکردنی ئەم پرۆسە چینی پرۆلیتاریا وەکو کەسایەتیەکی وشیار ون دەبێ. بەم شێوە ئەم سوپایە بوو بە (سوپای کار) ئەم بیرۆکە هی ترۆتسکی بوو، ستالین وەکو رابەرسیاسیی بەرەی ئۆکرانی دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی ئوکرانیی سوپای کار، ئەم ئەزمونە دواتر بە شێوەیەکی بەرفراوانتر پیادە کرا، ئەزمونەکە تەنها سەربازەکانی نەگرتەوە تا کاری پیشەسازی و کرێکاریان پێ بکەن بەلکو کرێکارەکانیشی گرتەوە کە خستنیانە سەر کاری سەربازی.

لە ١٩٢٠ لە کۆنگرەی ساڵانەی یەکێتی سەندیکاکان ترۆتسکی بەرگری لە (بە سوپا کردنی کار) دەکا، لەو کۆنگرە سەندیکاکان ئەم پێشنیارەیان پەسند کرد، هەرچەندە مەنشەڤیەکان رازی نەبوون، بەڵێ بەم شێوە ئەو حزبەی پەیمانی هەلوەشاندنەوەی سوپای دابوو ناچار دەبێ گەل بە سوپا بکا.

ئەمە دەبوایە بکرابا، لە ناچاری بوو، بەڵام حوکمرانەکان ئەم ناچاریەیان بە دەستکەوت دایە قەلەم کردیانە چاکە بەسەر گەلەوە، داوایان لە هاولاتیان کرد ئەم سیستەمە قەبولکەن نەک وەکو ناچاری بەلکو وەکو سیستەمێکی سۆسیالیستی راستەقینە، ئەمە ئەو تۆباویە راستەقینە بوو کە لە ماوەی کۆمۆنیزمی شەڕ بو بە داهێنان. لەوکاتەی لینین و ترۆتسکی بەرگریان لە سوپای کار دەکرد وەکو سیمایەکی حەتمیی سۆسیالیزم دەناسی، لەولاوەش بۆخارین ئەم مەزن بوونەی سوپای دەرازاندەوە و پرۆپاگەندەی لەسەر کەمبونەوەی دراو بلاو دەکردەوە گوایە لە داهاتوو دراو بوونی نامێنی، ئەم بیرۆکە پرۆژانە بە تەواوەتی ئەو کاتە دژی بۆچونەکانیان بوون کە پیشەسازیە مەزنەکانیان خۆمالی کردن لەکاتێکا باش درکیان بەو

مەترسیانە دەکرد کە روسیا لە حالەتی نیمچە دەرەبەگایەتی بگواسترێتەوە بۆ ئابوریەکی سۆسیالیزمی چ مەترسیەک لە ئارادا دەبێ، بەڵام وا پێدەچێ شەڕی ناوەخۆ حزبی دەسەڵاتی ناچار کردبێ کە بەرنامە و رێچکەکانی بگۆڕێ بە پێچەوانەی ئەو خەیالانەی هەیانبو لە دامەزراندی شاری (باشترین شار)، وا پێدەچووو بۆلشەڤیەکان کورترین رێگایان گرتبێتە بەر بۆ دامەزراندنی و کۆمەڵگەیەکی بێ چین،( بەگوتەی رادیک) لە رێگەی توندوتیژیەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە ئەوان تەنانەت ئەوکاتەی رووبەڕووی ئاژاوە و بێ یاسایی ئابوریش بوونەوە لە دەرکردنی فەرمانی سەربازی بەردەوام بوون، لەکاتێکا فەرمانی سەربازی بۆ ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە سودی نیە.

لە ئاداری ١٩٢١ بە هەلکەوت لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی دەیەمی حزب تەقینەوەیەک لە شێوەی راپەڕینی کونستاد روودەدا، بۆ ئەم رووداوە لینین دەڵێ:

( ئەمە ئەو کلپە رووناکیە بوو کە باشتر رێگای بۆ رووناک کردینەوە)، لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کە مەیدانی ئەو راپەڕینە کرونستاد بوو، شاری پێگەی بۆلشەڤیەکانی ١٩١٧، لەوێ هاوپەیمانێتیەک لە نێوان پاسەوانی سپی و ئاژاوەچیەکان و هەندێک لە بۆلشەڤیەکاندا هەبوو کە دژی سوپای سوور بوەستنەوە، لە وەلامی ئەم هاوپەیمانێتیە لە کەنداوی فینلەندای بەستوەوە فەرمانی توخاچیفسکی دەردەچێ، تایبەت بە سەرکوتکردنی راپەڕینەکە، بۆ ئەوەی ئاستی مەترسیەکانی ئەم راپەڕینە بزانین کە چەند کاری کردبووە سەر بۆلشەڤیەکان، کاری کۆنگرە دەوستێنن و فەرمان بە بەرپرسان دەدەن بەشداری لە هێرشی سەر کرنستاددا بکەن، لە کاتێکا بۆلشەڤیەکان لە درێژایی ئەو ماوە توشی تەنگەتاو و مەترسی نەبوونەتەوە بەڵام لەم راپەڕینە ترسی زۆریان لێ نیشت.

یاخی بوەکانی کرنستان داوایان کرد:

١/کۆتایی هێنان بە دکتاتۆریەتی بۆلشەڤی .

٢/ دووبارە دامەزراندنی حکومەتی سۆڤیەت لەسەر بنەمای ئەو پەیمانانەی کە پێشتر بۆلشەڤیەکان دابویان.

٣/ کۆتایی هێنان بە ستەمی ئابوری سیاسی.

بەڵام هەندێک لە سەرکردەکانیان سەربە لایەنی ئاژاوەچیەکان و هەندێکیان کۆمۆنیستی چەپڕەو بوون، ئەم دروشمانەیان لە بۆلشەڤیەکان وەرگرتبوو کە لە رۆژەکانی بەرایی شۆڕش بەرزیان کردبۆوە. هەرچەندە

سیمای ڕاپەڕینەکە چەپ بوو بەڵام ئومێدێکی خستە دڵی دژەشۆڕشەکان، ئەمە ئەو قۆناغە بوو کە شۆڕش بەرەو چەپ و ڕاست بەرەو کۆنەپارێزی و شۆڕشگێڕی هەنگاو دەنێ، ئەم قۆناغە ئەوکاتە دێ کە کۆتایی بە ڕژێمی کۆن دێت ململانێکان بۆ ساغ بوونەوە ڕووبەڕووی ئەم شێوازە دەبن.

شکست بە ڕاپەڕین هات، لینین لەم ئەزمونەیدا ئەمەی لێ هەڵێنجا:

(زیاد لە پێویست چوینە پێش...بنکەیەکی پتەومان بۆ خۆمان جێ نەهێشت کە بگەڕێینەوە بۆی.. جەماوەر ئیرەیی لەو نەخشەیە هەلگرت کە ئێمە نەمانتوانی جێبەجێی کەین... کە گواستنەوەی ڕاستەوخۆ بوو بەرەو شێوەیەک لە سوسیالیزمی تایبەتی، بۆ دابەشکردنێکی سۆسیالیستیانەی بێگەرد، ئەمە کارێکە لە توانای ئێمەدا نیە، بۆیە ئەگەر ئێمە ئێستا تواناکانمان جێگیر نەکەین ڕووبەڕووی پاشەکشە دەبینەوە ئەمەش مەزنترین کارەساتە، هەڕەشەمان لێ دەکا)

لەسەر ئەم بنەمایە سیاسەتی ئابوریی نوێ شوێن (کۆمۆنیزمی شەڕ) دەگرێتەوە. بەم سیاسەتە دەگوترا (نیب) لەو کاتەوە سیاسەتی نیب پیادە کرا کە بریتی بوو لە سیستەمێکی ئابوریی تێکەڵاو، بەم پێیە پیشەسازیی مەزن و گواستنەوە بەدەست دەوڵەت دەبێ، بەڵام ڕێگە درا کە پیشەسازیی بچوک و بازرگانیی مامناوەندی بەدەست تاکەوە بێ. بانگی کۆمپانیاکانی بێگانە کران لقەکانیان لە ڕوسیا بکەنەوە، تەنانەت لە بواری پیشەسازیی مەزنیشدا، دەست بەسەرداگرتنی خۆراکی گوندان قەدەغە کرا، لە جیات ئەو باجێکی کەم بەسەر بەرهەمە کانیاندا سەپێندرا، دواجار ڕۆبل جێگیرکرا، مەبەست لەو هەموو ڕێکارانە ئەوەبوو لە سفرەوە پیشەسازی بنیاد بنرێتەوە و ئالوگۆڕی لە نێوان بەرهەمی دروستکراو و کەرەستەی خاودا بکرێ، بە هاوکاری سەرمایەداری تایبەتی سیستەمێکی ئابوریی کارا دروست بکرێ.

ئەم سیستەمە بەسەر هەردوو کەرتی تایەبەتی و سۆسیالستیدا سەپێندرا، ئەم ڕێکارانە بە ئومێدی ئەوە سەپێندران کە کەرتی سۆسیالیستی ببوژێتەوە و کەرتی تایبەتی بەرتەسک بێتەوە، بە دیدی لینین سۆسیالیزم ئەوە دەکا کە لە توانایدایە . دیارە هەندێک لە خالەکانی بەرنامەی ئابوریی سۆسیالیزم شاراوە دەبن، ئەو گوتوبێژانەی لەسەر ئەم شاراوە دروست بوون ئەو ململانێیانە بوون کە لە دوای لینین لەسەر دەسەڵات دروست بوون. ستالین بەشداریی لە بەرنامەی نیب دا نەکرد، لینین بە تەنیا دایڕشتبوو، هیچ کێشەکیش لە دیدی ئەندامانی حزبی لەسەر ئەو بەرنامە سەریان هەڵنەدا، پرسی چاکسازی یەکەم پرس دەبێ بکەوێتە بواری جێبەجێ کردن لە دوای ڕاپەڕینی کرونستاد، بێ ئەوەی هیچ پرتەو بۆرەیەک لە کەس بێ.

له هەمان کاتدا حزب لە بواری سیاسیەوە ڕێکاری گرتە بەر بەڵام کەس لەوانەی جێبەجێیان دەکرد ئەنجامەکەیان نەدەبینی، لەو کاتەی کە ڕێکارەکانی لە بەردەم دکتاتۆریەتی ئابوری کەم دەکردنەوە، لە بواری سیاسی زیاتر دکتاتۆریەتی توند دەکرد، لە قۆناغەکانی دوای شەڕی ناوەخۆ سەرکوتی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەکرد لەوانە، مەنشەڤیەکان، سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان. هەنگاوی دواتری ڕێگە نەدان بە دروست بوونی باڵی ئۆپۆزسیۆن بوو لە نێو حزبی دەسەڵاتدار، ئەوەتا بۆلشەڤیزم ڕێچکەی خۆی گرتۆتە بەر بەرەو دامەزراندنی دەولەتی تۆتالیتاری.

لێرە دەبێ بۆ جاری دووەم هەلوەستەیەک بکەین، بۆ شی کردنەوەی جولەکانی سەرکردەکانیان و مەبەست و ئامانجیان کە لە پێناو گەشە کردنی دەسەڵاتی سۆڤیەتی داهاتودا و سەرکەوتنی ستالیندا بوو.

پاش گوتوبێژێکی زۆر لە کۆنگرەی دەیەم لەسەر رۆڵی سەندیکاکان، کۆنگرە بڕیاری قەدەغە کردنی باڵە ناکۆکەکانی دا لە نێو حزبی دەسەڵاتدار، لە دوای ڕاپەڕینی کرونستاد سێ یا چوار بۆچون سەرهەلدەدەن. ( ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری) بە سەرۆکایەتی شلیابنیکوڤی کۆمیساری کاری پێشو، ئەلیکسەندرا کولونتای، داوای گواستنەوەی دەسەڵاتی ئابوریيان بۆ سەندیکای کرێکاران دەکرد، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە بەرپرسانی سەندیکا لە نمونەی، تۆمسکی، رودزوتاک، لە نێو سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکانی کرێکاراندا نەبوون، ئەمە بۆچون و خواستی سەرکردەکانی یەکێتی گشتی سەندیکاکان نیە، بەلکو بێزاری ژمارەیەک لە ئەندامانی حزبیە لە دکتاتۆریەتی ئابوری کە حزب پیادەی دەکا، ئۆپۆزسیۆن ڕەخنەی لەو شێوازەی بیروکراتیەتی ئابوری وسوکایەتی بە بەرژەوەندی و مافەکانی کرێکاران دەگرت.

دەکرێ بیانوکانی شلیابنیکوف و کولونتای لەم خالانە کورت کەینەوە:

١/ سەندیکاکان وەکو نوێنەری ڕاستەوخۆی چینی کرێکار، دەبێ خۆی بەرپرس بێ لە داڕشتنی بەرنامە و جێبەجێ کردنی کاروباری ئابوری ولات.

٢/ دەبێ هێزێک پێک بهێنرێ ڕووبەڕووی مەکتەبی سیاسی و حکومەت ببێتەوە کە هەندێک کەس خۆیان بەسەردا سەپاندوە.

گروپەکەی تری ئۆپۆزسیۆن یا نارازیەکان کە بە لایەنی ( دیموکراتخوازانی مەرکەزی) ناسرابون جەختیان لە هەمان خالەکان دەکردەوە بە تۆمەتبار کردنی سەرکردایەتی بە (بیروکراسی مەرکەزی) لەراستیدا ئەم گروپە داوای ئازادی دەکرد لە نێو سۆڤیەت و حزبدا.

ترۆتسکی و گروپەکەی لە نێو کۆنگرە نوێنەرایەتی ( بیروکراتی مەرکەزی) توندڕەویان دەکرد، داوای یەکخستنی سەندیاکاکانیان دەکرد لەگەڵ دەزگاکانی دەولەت، ترۆتسکی ئاماژەی بە رۆلی سەندیکاکان دا دەڵێ:

هەمان رۆلی جارانی نەماوە ئێستا دەولەت دەولەتێکی کرێکاریە دەبێ هەردووکیان یەکخرێن، ئەم حکومەتە لە بەرژەوەندی گشتی و هاوبەشی پرۆلیتاریا کاردەکا. سەندیکای کاتی بۆ جیا کردنەوەی بەرژەوەندیەکانی کەرتی جیاجیای کرێکاران بوو سەندیکاکان بەرگریان لە بەرژەوەندیەکانیان دەکرد. چونکە داواکاریەکانی کرێکاران نابێ لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیان ناکۆک بن بۆیە دەبێ سەندیکاکان هاوکاری حکومەت بکەن بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژە ئابوریەکانی حکومەت، نەک بەرگری لە کرێکاران بکا وەکو تاک یا کۆ.

بەم شێوە لەوکاتەی کە شلیابنیکوف و کولونتای داوا لە حکومەت دەکەن دەستبەرداری دەسەڵاتەکانی بێ بۆ سەندیکاکان، لەو لاوە ترۆتسکی داوا لە سەندیکاکان دەکا دەستبەرداری سەربەخۆییەکانی خۆیێ بۆ بەرژەوەندی حکومەت و حزب.

لینین هەولیدا رێگەیەکی مامناوەندی بگرێتە بەر، لەم هەولەیدا ١٢ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پشتگیریی دەکەن لەوانە ستالین، داواکاری ترۆتسکی و بۆخارینی رەت کردەوە کە داوای نەهێشتنی رۆلی سەندیکاکانی دەکرد، وتی :

دەسەڵاتی سۆڤیەت بە مانای وشە دەولەتێکی کرێکاری نیە، نوێنەری دوو چینە ( کرێکار و جوتیار) بەدەست نەخۆشی بیروکراتیەوە دەنالێنێ، ئەوکاتەی وتی دەبێ کرێکارەکان بەرگری لەم دەولەتە بکەن، ئەمە لوتکەی دیالەکتیکە، هەروەها دەبێ بەرگری لە خۆیان بکەن لە دژی دەولەت و لە رێگەی سەندیکاوە کە دەبێ هەندێک سەربەخۆیی لە حکومەت هەبێ. لە هەمان کاتیشدا دەبێ کرێکارەکان هەندێک سەربەخۆییان لە سەندیکاکانەوە هەبێ، دەبێ ئازادی چونە ریز یا نەچونە ریزیان هەبێ.

بەڵام شەڕە مەزنەکە لە نێوان لینین و ترۆتسکی نەبوو، هاوپەیمانێتیان دژی (ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری) و (کوتلەی دیموکراتخوازە مەرکەزیەکان) بەست چونکە مەترسیە گەورەکە لە لایەن ئەوانەوە بۆ سەر حکومەت دەهات، لینین لەو مەترسیە مەزنە ئاگادار بوو بۆیە بەم وتارە هێرشی کردەسەر (ئاژاوەگێرەکان-سەندیکاییەکان) ئەو وا پێناسەی دەکردن، نەفرەتی لە هزرو کارەکانیان کرد وتی: ( مەترسیەکی سیاسی راستەوخۆیە لەسەر دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا) ئەمە ئەو پاساوە بوو کە رێگە نەدا بالی جیا لە نێو حزب سەرهەلدا، لینین پێ وابوو مەترسی لە ئۆپۆزسیۆنی کرێکاریدا نیە، بۆچونەکانیان لەسەر رۆلی سەندیکا

هەروەکو ئەوەی کەمکردنەوەی رۆڵی حزبە لە نێو سەندیکاکان، لینین بە نیانی ویستی کۆسپی قەدەغە کردن کەم کاتەوە لەم پێناوە: رێگەی بە ئەندامانی حزب دەدا راو بۆچونەکانیان لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکان بلاو کەنەوە، هەروەها هەندێک لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی دووبارە بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەلبژاردەوە، بەڵام دواتر لینین هەر خۆی هەول و دەستپێشخەریە لیبرالیزمیەکانی خۆی پوچەل دەکاتەوە کاتێک قەناعەت بە کۆنگرە دێنێ ئەوە رابگەیەنێ کە ( بلاو کردنەوەی هزری ئاژاوەگێری و سەندیکایی لەگەڵ ئەندامێتی حزبی کۆمۆنیستی روسی ناگونجێ) کۆنگرە دەسەڵاتی دایە کۆمیتەی ناوەندی بتوانێ ئەو سەرکردانەی کۆنگرە هەلیبژاردون لە حزب دەریان کا، ئەمە بووە شمشێرێک لەسەر گەردنی ئەو حزبیانەی لە داهاتوو دژی بۆچونەکانی حزب لێدوان یا هەنگاو دەنێن.

هەریەک لەو سێ ئەمیندارانەی حزبیی لە کار دورخستنەوە (کریستنسکی، سیریبریاکوف، بریوبراجنسکی،) کە هەرسێکیان ئەندامی حزبیی دێرین و رەوشەنبیر و بێلایەن بوون لە رووی هزرەوە. لە شوێن ئەوان کەسانی تریان دانان کە بۆ ئەوان جێی متمانە بوون وەک و( مولوتوف، یاروسلافسکی) هەردووکیان لە نزیکەکانی ستالین بوون، ترۆتسکی دەنگی بە برِیاری قەدەغە کردن دا بێ ئەوەی ئاگای لەوە بێ کە ئەم برِیارە رۆژێک لە رۆژان لە دژی ئەو بەکار دێت.

بیرۆکەی تاک حزبی لە هزر و بەرنامەکانی بۆلشەڤیدا نەبوون، قەدەغە کردنی حزبەکانی تریش لە بەرنامەدا نەبوو. لەم رووەوە ترۆتسکی دەنوسێ:

(قەدەغە کردنی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لەگەڵ گیانی دیموکراسیی سۆڤیەتی ناکۆکە) بۆلشەڤیەکان ئەم رێکارانە بە رێکاری کاتیان دەزانین، پێیان وابوو بۆ بەرگری لە خۆکردن بوو نەک وەکو بنەمای برِوای حزب. قەدەغە کردنی کاری حزبی بۆ حزبێک مێژووەکەی پر بێ لە گوتوبێژ لەسەر دیموکراسی و ئازادی کارێکی ناشایستە و نەگونجاوە. ئەوەتا حزبێک دژی سروشتی خۆیەتی.

ئەو کاتەی شەرِی ناوەخۆ دەستی پێکرد بۆلشەڤیەکان خۆیان لە رووبەرِوو بوونەوەی ئەو چینە بینیەوە کە لایەنگر پێگەیان بوون. مەنشەڤیەکان و سۆسیالیستە دیموکراتەکان و ئاژاوەچیەکان بێزاری جوتیار و کرێکارەکانیان دەربرِی ئەوکات رەخنەکانیان لە جێی خۆی بوو، بە پێچەوانەی رەخنەکانی ساڵانی ١٩١٧و ١٩١٨ یان بوو ، ئەگەر رێگەیان بە ئالیەتی دیموکراسی سۆڤیەتی بدابایە بەر رێگەی ئاسایی خۆی هەنگاوی بنایا و سۆڤیەت بە ئازادی هەلبژاردنی بۆ بکرابا و حکومەتێکی دیموکرات هەلبژێردرابا، بە دلنیاییەوە ئەوکات بۆلشەڤی دەروخا دەسەڵاتی لەدەست دەچووو، بۆیە بۆلشەڤیەکان پێداگریان لەسەر ئەوە کرد کە ئەمە

روونەدا، ئەوان پێیان وابوو ئەگەر بۆلشەڤیەکان لەسەر دەسەڵات بن شۆڕش لە دەستێکی ئەمینداپە. بە دیدی بۆلشەڤیەکان چونکە سۆسیالیستە میانڕەوەکان توانای شەڕی ناوەخۆیان نیە بۆیە گەرانەوەیان بۆ دەسەڵات تەنها پشوێکە تا پاسەوانی سپی دووبارە دەگەرێنەوە سەر حوکم .

راستە ماندوو کردنی ئەو خەلکە دەبێتە مایەی ئەوەی چاویان لە مەنشەڤیەکان و ئاژاوەچیەکان بێ، بەڵام ئایا دەبێ رێگە بە جەماوەر بدرێ دەستکەوتەکانی شۆڕش لەناو بەرن؟ ئایا دەبێ ئازادی بدرێتەوە سۆڤیەتەکان؟ ئەمە دەبێتە دەرفەت بۆ ئەوەی سەربەخۆیی خۆیان راگەیەنن. ئەوکات جەماوەر هاوار دەکا ( مردن بۆ ئێمە و ژیان بۆ مردوەکانمان)، بەڵام زۆربەی سەرکردەکانی بۆلشەڤی گوێیان بەمە نەدا.

دۆخەکان بەبێزاری خەلک و دورخستنەوە یا بێدەنگکردنیان چارەسەر ناکرێ، هەروەها نابێ بەرژەوەندیە ناکۆکەکانی چینە جیاجیاکان هەلوەشێندرێتەوە، بەتایبەتی جوتیارەکان، ئێستا هزری بێدەنگ کردنی خەلک چۆتە مێشکی حزبەوە، پێیان وایە ئەمە تاقە چەکی سەرکەوتنە لە گۆرەپانی شەڕی سیاسی، لەم میانە بێزاری و گلەیی زۆردەبن حزب دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی لەت بوون و جیابونەوە بۆیە هەر دەبێ بە دەستێکی ئاسنین رووبەڕووی ئەم هەرەشانە ببێتەوە، دەبوایە حزب لە ئاست داخوازی و گلەییەکانی خەلک خۆی نابینا و کەڕ و لال کا ، بەهۆی رێکارە چاکسازیەکانیەوە دەنگی ناڕەزایی زیاتر بەرز دەبێتەوە، ئەم پرۆسە بواری بە توێژ و دەستەی نوێ دا بەرژەوەندی ئابوریان لە هەلکشاندا بێ، بۆیە ئاسایی بوو بەدوای شێوازی نوێدا بگەرێن کە دەربڕی بەرژەوەندیەکانیان بێ، لێرە گۆشەگیری حزب تاقە رێگا بوو بۆئەوەی رێگە لە لەت بوون و جیابونەوە بگرێ.

هەرچۆنێکی بێ ئەو ئەرکەی بۆلشەڤی خستیە سەر شانی خۆی جیا بوو لەگەڵ ئەو ئەرکەی جێبەجێی دەکرد، دەبوایە ژیانی سیاسیی خەلک بکاتە دۆزەخ بۆئەوەی دەستکەوتەکانی شۆڕش لە فەوتان بپارێزێ. بەڵام بەم کارانەی ناوبانگ و جەستەی حزبی دادەتەپاند، لە ئێستا و بەدواوە لە ئەندامانی حزب قەدەغە کرا هەر بیرۆکە یا بۆچونێک بخەنە بەردەست ئەگەر دوای لێکۆلینەوە دەرکەوێ ئەم پێشنیارە یا بۆچونە دەربڕی راو بۆچونی چینەکانی دژی شۆڕشە، سەرچاوەکانی بالا بوونە تاقە سەرچاوەی بڕیاردەر لەسەر هەلوێستی پرۆلیتاریا و بۆلشەڤی، پرسە هزریەکان زۆر کاڵ بوونەوە .

مەکتەبی سیاسی وەکو تاقە دەسەڵاتی شۆڕش خۆی کردە قوربانی، بەو هۆیەوە زۆربەی سەرکردەکان پەیوەندیان لەگەڵ لایەنگر و هەوادارانیان دەپچرێ چونکە حزب لەسەر یەک هێل دەروا هەر لە مەکتەبی سیاسیەوە تا نزمترین پلە، ئیتر حزب وردە وردە دەبێتە ئامێرێکی بیروکراتی، راستە بەرژەوەندیەکانی شۆڕش

بۆلشەڤی بەرەو ئەم ئاراستە برد کە لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر درابوو بەو هۆیەشەوە رۆژ لە دوای رۆژ حزب پێگە و ناوبانگی خۆی لەدەست دەدا، لە پێناو رزگار کردنی شۆڕش هیچ شتێک نامێنێ بەناوی هاوبەشیەکی ئازاد لە نێوان شۆڕشگێڕە بێلایەنەکان و رەخنەگرە ئازاکاندا، ئیتر ئەوانەی لەسەر رێچکەی بیروکراتی دەرۆن ئەو کادر و ئەندامانە بوون کە پشتگیری ستالینیان دەکرد.

ئاراستەی رووداوەکان لە رێگەی رووداو و رایە ناکۆکەکانەوە بە خێرا دەرنەکەوت، تەنها رووداوی جیابونەوەی ئیداری و میسالێیەکانیش بەیەک خێرایی نەبوو، سەرەتا میسالێیەکان چوونە ژێر باری بیروکراتەکان یا هاوپەیمانێتیان لەگەڵ بەستن. بەم شێوە بۆ گفتوگۆ لەسەر سەندیکاکان دەبینین ترۆتسکی مزایەدە بەسەر خۆیەوە دەکا لە وروژاندنی داخوازیەکانی بیروکراتی ، بەڵام لای لینین دیاردە و سیماکان تێکەلاون، ئەمەش بووە فاکتەرێک کە بتوانێ باشتر حزب لەم دۆخە ببا بەڕێوە، توانیی سازشێک ئەنجام بدات سازشێکی کاتی کە دوای مردنی سەرهەلدەداتەوە بەڵام بە شێوەیەکی نهێنی، بەم کارەی رۆڵی ستالینی زیاتر کرد لە نێو حزبدا.

-------------------------------------------

# بەشی حەوتەم

## ئەمینداری گشتی

- کۆکردنەوەی دەسەڵات لەدەست ستالین.
- رۆلی وەکو کۆمیساری پشکینەری کرێکارو جوتیاران.
- پێگەی لە نێو مەکتەبی سیاسی.
- ستالین لە (٣ی نیسانی ١٩٢٢) بە ئەمینداری گشتیی کۆمیتەی ناوەندی دادەمەزرێ.
- ئەرکەکانی ئەمیندارێتی گشتی وکۆمیساری چاودێری مەرکەزی.
- ستالین سەرۆکایەتی هەڵمەتی( لەناوبردن) ی یەکەم دەکا.
- نەخۆش کەوتنی لینین.
- رووبەروو بوونەوەی ستالین لەگەڵ بۆلشەڤیە گورجیەکانی نارازی بە کۆنترۆل کردنیان لە مۆسکۆوە.
- دووبارە پێداگری لەسەر شۆڤینیی روسیای مەزن.
- ستالین وەکو دارێژەری دەستوری ١٩٢٤.
- رووبەروو بوونەوەی ستالین و لینین.
- وەسیەتنامەی لینین.
- لە کانونی دووەمی ١٩٢٣ لینین هێرش دەکاتە سەر ستالین وەکو کۆمیساری پشکنەری کرێکارو جوتیاران.
- سەرکەوتنی ستالین لە کۆنگرەی دووەمی حزب.
- سێ قۆلیی ( زینوڤییف Zinoviev وکامنێف Kamenev و ستالین).
- کێشەی ساڵی ١٩٢٣.

- ململانێی نێوان سێ قۆڵی و ترۆتسکی.
- بنەچەی پەرستنی کەسایەتی لینین.
- مردنی لینین لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٢٤.
- ستالین سوێند لەسەر دلسۆزیی بۆ لینین دەخوا.
- وەسیەتنامەی لینین.
- ئەوەی ئامۆژگاری هێنانەخوارەوەی ستالین دەخوێنێتەوە، لە دانیشتنی ئایاری ١٩٢٤ ی کۆمیتەی ناوەندی .
- زینوڤییف Zinoviev ستالین رزگار دەکا.
- کەسایەتیی ستالین لە ناوەڕاستی بیستەکان.
- ڕەفتارەکانی بەرانبەربە ناحەز و هاوبەشەکانی.
- دیبەیتی ئەدەبی لە پایزی ١٩٢٤.
- ستالین لە دژی ترۆتسکی بەرگری لە کامنێڤ Kamenev و زینوڤییف Zinoviev دەکا.
- لە بەهاری ١٩٢٤ ستالین دژی دەستەواژەی (سۆسیالیزم لە یەک ولات)ە.
- لە پایز ستالین بۆچونەکانی دەگۆڕێ.
- ترۆتسکی و شۆڕشی هەمیشەیی.
- پاشخانی دەرونیی ( سۆسیالیزم لە یەک ولات).

زۆر بەکەمی گۆڕانکاریە گرنگەکان بۆ ئەو کەسانەی لەو سەردەم دەژین ناڕوون و بێ بایەخ دەبن، بەڵام ئەمە ئەو کاتە روودەدا کە دەسەڵاتەکان دەکەونە دەست ستالین، ئەم کۆبونەوەی دەسەڵات ئەو کاتەیە کە هێشتا لینین لە ژیاندا ماوە، هەر دوای دوو ساڵ لە کۆتایی هاتنی شەڕی ناوەخۆ گەلی روسی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ستالین بێ ئەوەی ناوی بزانن، مایەی سەرسوڕمانە کە ستالین لەلایەن ناحەز و رکابەرەکانیەوە پشتگیری لێکراوە و خراوەتە ئەو شوێنە هەستیارە کە هەموو دەسەڵاتەکانی لەدەست بن، دواتر زۆر رووداوی ئازار بەخش لە نێوان ئەو و رکابەرەکانی رویاندا، بەڵام ئەم ململانێیانە رونادەن تا ئەوکاتەی ستالین بەتەواوەتی چنگ لە هەموو جومگەکانی دەسەڵات توند نەکا، کاتێک رکابەرەکانی بینیان جومگەکانی دەسەڵاتی قۆرخ کردوە، هەوڵی وەلانانیان دا، ئەوکات ئەمە کارێکی ئاستەم و قورس دەبێ.

ئەو سێ پۆستەی ستالین لە دوای شەڕەکانی ناوەخۆ گرتبوینە دەست زۆر گرنگ بوون:

١-کۆمیساری نەتەوەکان.

٢-کۆمیساری پشکنینی کرێکار و جوتیاران.

٣-ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

یەکەمیان /

پۆستی کۆمیساری نەتەوەکان گرنگی و هەستیاری ئەم پۆستە لەوە دابوو، سەرپەرشتی کاروباری نزیکەی نیوەی دانیشتوانی کۆماری سۆسیالیستی یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد کە میراتگری دەولەتی روسی تساری (قەیسەری) بوو، لە کۆی ١٤٠ ملیۆنی دانیشتوانی ولات ٦٥ ملیۆنیان لە نەتەوە جیاجیاکانی ناروسی بوون.

ئەمان نمونەیەکی بچووکی کۆمەڵگەی ئەوروپیان پێک دەهێنا، بە نمونە لە ئوکرانیا دانیشتوانی٢٥ ملیۆن دەبوون بە ژیانی خێلەکی ئەوروپی دەژیان، هەروەها نەتەوەکانی تر وەکو تورکمان قرغیزی، تەتەر، بلروس، تاجیک، بیورات، یوکوت و چەندین نەتەوەی تریش.

بۆلشەڤیەکان تینوی تێوەگلانی ئەو نەتەوانە بوون بە سۆزی نەتەوایەتی بە وەبیر هێنانەوەی ستەم و ئازارەکانیان کە لەسەر دەستی تساری (قەیسەری) ەکان پێیان گەیشتوە و لە خەونی سەربەخۆییان نزیک دەکردنەوە .

بەڵام ئەم نەتەوانە زۆر کەم هەستی نەتەوایەتیان دەجولا، ئارەزویان لە حوکمی خۆسەری نەبوو پشتیان بە هاوکاریەکانی دەرەکی دەبەست، واتە هاوکاریەکانی کۆمسیۆنی نەتەوەکان. جگە لە هزر و سۆزی نەتەوایەتی هزر و بیری سیاسیش لای ئەوان شتێکی نامۆ بوو، شۆڕش لای ئەوان، رزگار کردنی کۆمەڵگەکەیانی دەگەیاند لە دەست دەرەبەگ و شێخ و پیاوە ئاینیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کەمێک ئارەزوی شارستانێتی ئەوروپی بوون کە بێتە ناو کۆمەڵگەکەیانەوە.

کەوایە دەبوایە کۆمیسەری نەتەوەکان پلان و کاری مامەلەی بۆ ئەم توێژە لەبەردەستدا بێ و بە وردی مامەلەیان لەگەڵدا بکا، روسیای رۆژهەلات بەدەر لە ئوکرانیا لە رووی راو دید و تێڕوانینەکانیان خاوەن حکومەتێکی سەربەخۆ و جیاواز بوو ، پێشرەوایەتی ئەم رەوتەش کریستیانراکوفسکی دەیکرد و دەیبرد بەڕێوە، بۆیە بۆ سەرۆکایەتی نەتەوەکان جگە لە ستاین کەسێکیتر گونجاو نەبوو، چونکە زۆربەی سەرکردەکانی بۆلشەڤی ژیانی گەنجێتیان لە ئەوروپا بردبوە سەر شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە فەرهەنگی نەتەوەکان نەبوو، بەڵام ستالین کە لە فەرهەنگ و نەریتی ئەوان شارەزا بوو شێوازی تایبەتیی بۆ مامەلە کردن لەگەڵیاندا هەلدەبژارد.

ستالین بەو سیاسەتە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن کە ژێر بەژێرەوە بە رەفتاری توند و پیلانگێری خوێناوی بەرێیان بکا. خەسلەتە کانی ستالین لە خۆگرمخاندن و دل فراوانی بەرانبەر بە نەتەوەکان بوو، ئەو شێوازە بوو کە نەتەوەکان مەبەستاین بوو یا پێی ئاسودە و ئارام دەبوون، هەر لەبەر ئەم ئەگەر و هۆکارانە بوو مەکتەبی سیاسی رێگەی بە کەس نەدەدا دەست بخاتە ناو کاروباری کۆمیساری نەتەوەکانەوە.

بەم شێوە هەرێمەکانی ئاسیایی بۆ ستالین بوونە پێگە و مەیدانێکی قۆرخکراوی چالاکیە سیاسیەکانی، کەس زاتی کێبەرکێ نەبوو، تا ئەوکاتەش گرنگی ئەو هەرێمانە بەدەر نەکەوتبوو، چونکە زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕش خەلکی شارە رادیکالە جۆشگرتوەکانی روسیای ئەوروپی بوون بەتایبەتیش خەلکی پترسبۆرگ و مۆسکۆ بوون.

کاتێکیش شۆڕش لە پاشە کشە و کزبوندا دەبێ، نەتەوەکان بە نیازی تۆلە سەندنەوە دەبن بۆیە بە چەندین رێگا بوونی خۆیان راگەیاند و هەوڵی زیندوو کردنەوەی ناسنامەی نەتەوەی خۆیان دەدا: بەرێگای ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی، دۆخێکی چارەنوسساز باڵی بەسەر ولاتەکاندا کێشا بوو، ئەم دۆخەش تایبەت بوو بە دەرونی رۆژهەلاتیەکان.

ستالین گونجاوترین و شارەزاترین کەس بوو کە بە پێی ئەو دۆخە دەرونیە لەگەڵیاندا بە زمانی کۆمۆنیستی روسی بدوێ و لای ئەوان حزب بکاتە حزبێکی رۆژهەلاتی.

ئەوکاتەی ستالین پۆستی کۆمیساری نەتەوەکان دەگرێتە دەست پەیوەندیە دێرینیەکانی لەگەڵ کۆنە هاوڕێیانی بۆلشەڤی دە بوژێنێتەوە و زیندو دەکاتەوە، لەگەڵیاندا لە پەیوەندیی بەردەوامدا دەبێ، دواتریش ئەوان دەبنە پالپشت بۆی کە زۆربەیان لە دەوروبەری کرملێن دەبنە ئەندامی کارا.

دووەمیا/

پۆستی کۆمیساری پشکنین دەبێ، لەسەر پێشنیاری زینوڤییڤ Zinoviev لە ١٩١٩ ستالین دەکرێتە کۆمیساری پشکنینی کرێکار و جوتیاران کە بە (رابکرین) دەناسرا گرتە ئەستۆ، ئەم کۆمیسارە بۆ چاودێری کردنی لقەکانی ئیداری دەولەت دامەزرابوو، بەمەبەستی چارەسەری دوو گرفت یا دوو نەخۆشی کە ئیدارەی سۆڤیەت وەکو جێماوەی سەردەمی قەیسەری بۆی مابۆوە دامەزرا، ئەمانیش بریتی بوون لە:

١- سستی لە راپەراندنی کارەکان.

٢- گەندەڵی ئیداری.

ئەرکی پشکنین بریتی بوو لە چاودێریکردنی کاروباری دام و دەزگاکانی حکومەت و رسوا کردن و سزادانی گەندەلکاران و رێگەگرتن لە رۆتین و مەشق و راهێان پێکردنی فەرمانبەران لەسەر کارەکانیان بۆ لقە حکومیەکان.

دەستەی پشکنین پێکهاتبو لە کۆمەلێک کرێکار و جوتیار، ئەمانە مافی چونەژورەوە و بەدواداچونی هەموو فەرمانگەکانیان هەبوو، تا وایلێهات دەزگای (رابکرین) بەشداری لە هەموو کۆنگرە و کۆبونەوەکانی لقە حکومیەکان دەکرد .

سیستەمی پشکنین لە داهێنان و بیرۆکەی لینین بوو، کە بەهۆی سستی بەڕێوە چونی کارەکان و گەندەڵی دام و دەزگا حکومیەکان بێزار ببوو، بۆ چارەسەری ئەم شپرزەییە ئەم بیرۆکە دادەرێژێ. کاتێکیش لینین بۆ ئەم دەزگا هەستیارە ستالین دەکاتە بەرپرسی یەکەمی ئەمە نیشانەی ئەوەیە متمانەی تەواوی پێیەتی، چوونکە ئەوەی لەم دەزگایە کار دەکات دەبێ لە هەموو ناو و ناتۆرەیەک دوربێ.

چارەسەریەکانی لینین بۆ ئەو نەخۆشیە پیسە ئەوەی سەلماند کە هەلەکانی ئیداری رەنگدانەوەی دواکەوتویی فەرهەنگ و نەبوونی پارە و پول و مۆرالە، ئەمانەن کە ولات بەدەستیانەوە دەناڵێنێ، هەر بۆیە پشکنین و ئەندامەکانی دەبوایە هاوشێوەی فریشتە بن بۆئەوەی بتوانن خۆیان لە سەروی بیروکراتیەتدا ببیننەوە،

بەڵام وا پێدەچێ نەخشە و پلانەکانی لینین مەبەستەکانی ناپێکن هەر بۆیە وای دەبینێ کە بەهۆی رۆتینەوە کرێکاران دەبنە کەسانی بیروکرات، بۆ دژایەتی بیرکراتیەتیش پەنا بۆ کرێکاران دەبا کە پێی وایە ئەم توێژە مایەی بڕوا و متمانەن.

ئەوەتا ئیتر پشکێنەری بووبە سەرچاوەیەکی تری گەندەڵی و پیلانگێری و بیروکراتیەت، تا دواجار پشکنین دەبێتە پۆلیسێکی نافەرمی، دەست بۆ هەموو کاروبارێک دەبا، بەڵام ئێمە بۆچی پێش چیرۆکەکەمان بکەوین؟ ئەوەندە بەسە بلێین ستالین وەکو سەرۆکی ئەو کۆمیسارە خۆی و کارمەندانی دەستیان بەسەر هەموو دام و دەزگا حکومیەکاندا گرتبوو.

سەنتەری بەهێزی سێیەمی/

مەکتەبی سیاسی و ئەندامێتیی ستالین لەو پۆستە بوو کە ببوە سەرچاوەی سێیەمی هێزو پێگەی، ئەم مەکتەبە بە درێژایی شەڕەکانی ناوەخۆ ژمارەیان تەنها پێنج کەس دەبن:

١-لینین.Linen

٢-ترۆتسکی.Trostk

٣-ستالین.Stalin

٤-کامنێف Kamenev.

٥-بۆخارین.**Nikolaj Bocharin**





**بۆخارین Nikolaj Bocharin        لینین و ترۆتسکی Trotsky &LInen**

ئەم مەکتەبە لە دوای جیابونەوەی بۆلشەڤی لە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان، حکومەتی ڕاستەقینەی ولات بوو، لینین سەرۆکی ناسراوی حکومەت و حزب بوو.

ترۆتسکی بەرپرسی فەرماندەی شەڕەکانی ناوەخۆ بوو.

کامنێڤ Kamenev وەکو جێگری لینین بە دەسەڵاتە جۆراو جۆرەکانەوە بوو.

بۆخارین بۆ کاروباری ڕاگەیاندن و چاپەمەنی ڕاسپێردرابوو.

بەڕێوە بردنی کاروباری حزبیش خرابوە ئەستۆی ستالینەوە، وا پەیڕەو کرابوو مەکتەبی سیاسی لێکۆڵینەوە لە کاروباری بالای سیاسی بکات . مەکتەبی ڕێکخستنیش کە بە (ئورجیدو) دەناسرا، دەستەیەکی هەلبژێردراو بوو، بەرپرس بوو لە دابەش کردنی ئەرکەکانی ئیداری و سوپایی و سیاسی بە پێێ پێویستی شەڕەکانی ناوەخۆ. لە سەرەتای ١٩١٩ ستالین کرابوە بەرپرسی ڕێکخەری پەیوەندیەکانی نێوان مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی ڕێکخستن، بەو شێوە کارەکانی سیاسی و ڕێکخستن یەکخرابوون.

واتە جولە پێکردنی هێزەکانی حزب ئەرکی مەکتەبی سیاسی بوو بۆیە ڕۆژانە ستالین بە کارەکانی مەکتەبەوە ماندوو دەبوو، وێڕای ئەوەی نوغری پیلانە سیاسیەکانی ناوەخۆش ببوو.

بەم شێوە ستالین هەژموونی لە سەر حزب دیار بوو، ئەم هەژموونە ئەوکاتە دوو بەرابەر دەبێتەوە کە لە ٣ی نیسانی ١٩٢٢ دەکرێتە ئەمینداری کۆمیتەی ناوەندیی حزب.

کۆنگرەی یانزەی حزب تازە بەسترابو کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێ دانرابوو ئەرک و دەسەڵاتەکانیان بۆ دیاری کردبوو، پۆستێکی نوێ بەناوی ئەمینداری گشتی دانرابوو، ئەرکی ئەمیندار هەماهەنگی نێوان لقەکانی حزب بوو.

ترۆتسکی دەڵێ:

(لینین لە کاندیدکردنی ستالین بۆ ئەو پۆستە خۆشحال نەبووە گوایە پێی وابەوە ئەو(ستالین) تەنها چێشتلێنەرە بۆ پێداکردنی بەهارات، ئیتر لەوە بەولاوە هیچێتری لەدەست نایە)

بەڵام هەرچۆنێکی بێ گەر گومانیشی لێ هەبێ دواجار هەر ئەو چێشت لێنەرە کاندید دەکا، زینۆڤییف و کامنێڤ Kamenev دەکرێنە یاریدەدەری ستالین، یەکەمیان پێشتر وەکو یەکێک بوە لە ئەمیندارەکانی حزب، رۆژنامەکانی روسیش ئەم دامەزراندنەیان وەکو هەوالێکی سانەوی و رووداوێکی ئاسایی لە ژیانی حزبایەتی بلاو کردەوە.

دای ماوەیەک لەسەر ئاستی بالای حزب دیاردەی جووت جەمسەری دەسەڵات سەرهەڵدەدا، ئەو حەوت ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کە پێنج ئەندامە کۆنەکە و هەریەک لە زینۆڤییف Zinoviev و تۆمسکی مێشک و رۆحی بۆلشەڤی بوون. بەڵام هێزی مادی و ئیداری حزب بەدەست نوسینگەی ئەمینداری گشتیەوە بوو، واتە ئەمانەتی گشتی هەر بەناو سەربە مەکتەبی سیاسیەوەیە، ئەمانەتی گشتی وردە وردە پێی بە درێژکاریەوە دەنا تا جێ بەمەکتەبی سیاسی لەق دەکاو شوێنی ئەو دەگرێتەوە، حزب بە بێ پشتگیری ئەمانەتی گشتی وەکو جەستەیەکی بێ رۆح بوو، هەموو کارەکان بەدەستی ئەمانەتی گشتیەوە بوون:

خشتەی کارەکان و کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی ئەو دایدەرێشت.

هەر خۆی بەلگە و پێشنیارەکانی چارەسەریی دەدایە دەست مەکتەبی سیاسی کەسیتر نەبوو.

ئەو بڕیارەکانی بۆ خوارەوە گشتگیر دەکرد.

ئەو رۆژانە لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ هەزارەها لە فەرمانبەرو کادرە حزبیەکان بۆ کاروباری بەرزکردنەوە و دابەزاندنی پلە و دابەشکردنی کار و دامەزراندنی فەرمانبەران.

هەر خۆی بوو کاری دەکردە سەر بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی و ئاراستەی بڕیارەکانی دەگۆڕی و بەر لە گوتوبێژ لەسەر پرسەکان ئەم ئاراستەکانی دیاری دەکردن.

بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی بە خواستی ئەمینداری گشتی دەردەچوون، ئەم جۆرە ئۆرگانانە ئاساییە لە هەر حکومەتێکدا هەبن بەڵام بەم شێوە کار بکەنە سەر بڕیارەکان ئەمە ئاسایی نیە،

دواجار چاو تێبرینەکانی ئەمینداری گشتی بووە هۆکاری ئەوەی دوای چەند مانگێک لە دامەزراندنی لەم پۆستە ئەم دەسەڵاتانە بگرێتە دەست و چاوی لە دەسەڵاتەکانی بالاتریشبێ.

وێنەکە کامل نابێ ئەگەر باسی ئەو ئۆرگانەش نەکەین کە رۆڵی خۆی هەیە بەناوی (دەستەی چاودێری مەرکەزی) کە لە نێو بۆلشەڤیدا مەوداو شوێنێکی تایبەتیی هەبوو، رۆلی ئەم ئۆرگانە هەمان رۆلی کۆمیساری پشکنینی کرێکار و جوتیار بوو کە لە نێو حکومەتدا هەیبوو ئەمیش لە نێو حزبدا هەیبوو، ئەرکی چاودرێری چۆنێتی بەڕێوە چوونی کاروباری حزب و بەدواداچون و لێپێچانەوە بوو، ئەم ئۆرگانە لە کۆنگرەی دەیەم لە ١٩٢١ لەسەر داوای (ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری) دامەزرا کە حزب زۆر بە توندی مامەڵەی لەگەڵدا کرد، ئەو کارانەی لە کۆنگرە بەم ئۆرگانە سپێردرا پاکسازی بوو، پاکسازی لەو شەپۆلە ئەندامانە بکا کە بە لێشاو دەهاتنە ناو حزب و بەسەر پۆستەکاندا بازیان دەدا تا دەگەیشتنە لوتکەی دەسەڵات.

لینین ئەم ئۆرگانەی بۆ ئەوە دامەزراند تا سنورێک بۆ لایەنگرانی دابنێ کە لە پەنایەوە گەندەڵی دەکەن، لە هەمان کاتیشدا وەکو چەکێکی پاکسازی دژی ئەندامانی ئاژاوەگێری سەندیکاکان بەکار هات، هەروەها دژی جودا خوازان کە هاندەری راستەقینەی شێوازە نوێکەی پاکسازی بوون.

شێوازی پاکسازیەکەی جیاواز بوو لەگەڵ شێوازی پاکسازی ساڵانی رابردوو، ئەمەیان لەلایەن دادوەرەکانەوە دەبردرا بەڕێوە، لەلایەن دەستە خۆجێیەکانی حزبی کە تایبەت بەم پرسەوە دامەزرابوو، هەروەکو بۆلشەڤیەکان مافی بەشداربونیان هەبوو، خەلکانی تریش بە هەمان شێوە دەیانتوانی بەشدار بن لەم لێکۆلینەوانە، رەفتاری سەرجەم ئەندامانی حزبی لە بالاترین پۆستەوە تا خوارترین ئەندامیان لەژێر چاودێری ئەم دەستەی چاودێریە رووبەڕووی لێپێچانەوە دەبوونەوە، هەر کەسێک لە ژن و پیاو بۆی هەبوو ببێتە شایەدحال یا داواکار لەسەر هەر کەسێک، کاتێکیش هەر تۆمەتێک لەسەر ئەندامێکی حزبی دەسەلمێندرا ئەوکات لە ریز حزب دەردەکرا، ئەمەش مەزنترین سزای حزبی بوو لەمە زیاتر دەسەڵاتی نەبوو.

هاندەری راستەقینەی ئەم پاکسازیە هەندێک خەیال و بیرکردنەوەی کیشوتی بوون، ئامانجیان ئەوەبوو گەل گوێی لە دەنگی دەهۆلی سەرکردەکانی بێ، بەلام کاتێک حزب کەوتە ئەو بڕوایە کە ناتوانێ سەر بۆ داخوازیەکانی چاودێری گەل دابنوێنی بە راست کردنەوەی ئاراستە سیاسیەکانی لە رێگەی پاکسازیەوە چونکە ئەمە هەر لەسەرەتاوە بە شکستخواردویی مەحکوم کراوە، لێرەوە لە رێگای ئەم پرۆسەی پاکسازیەوە کێشەکانی حزب دەرکەوتن کە لە روێکەوە کراوە بوو لەگەل گەل، لە روەکەی تریشەوە سوور بوو لەسەر ئەوەی لە سەر رێچکەی خاکیبونی لانادا، ئەم کێشەیە بوو کە لە دوو سالەکانی دوایی لە دوای هەموو پلان و نەخشەکانی لینین دا بوو، دەبوایە پاکسازی

ئەلتەرناتیفێک بێ بۆ هەڵبژاردنێکی راستەقینە، دەبوایە ئەندامە گەندەڵەکان لە حزب دورخاتەوە بێ ئەوەی حزب لە دەسەڵات دوربکەوێتەوە.

ئەوەندە نابا دەستەی چاودێری مەرکەزی لە مۆسکۆ دەبێتە دادگای پێداچونەوەی بالا بۆ قوربانیانی پاکسازی، لە کاتێکا دەبوایە ئەم دەستە بێلایەن بێ، هیچ دەسەڵاتێکی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی بەسەرەوە نەبێ، بەلام دواتر یەکسان کرا لەگەل کۆمیتەی ناوەندی، دەستەکانی چاودێری بە هاوبەشی لەگەل ئەمینداریتی گشتی کۆبونەوەی دەوریان هەبوون، ئیتر ستالین بە شێوەیەکی نافەرمی دەبێتە بزوێنەری سەرەکیی پرۆسەی پاکسازی.

هەمیشە لینین و کامنێف Kamenev و زینوڤییف Zinoviev بە تایبەتی و تا رادەیەکیش ترۆتسکی، لە پشت کاندید کردنی ستالینەوە بوون بۆ هەر بەرزکردنەوەیەک یا پێدانی پۆستێک، ئەو جۆرە پۆستانە ئەوانە بوون کە کەمجار ئەندامە بەرزەکانی ناو مەکتەبی سیاسی سەرنجیان دەدایێ و بۆی دەچوون، چونکە بەهۆی جەخت کردنیان لەسەر پرسە سیاسی و هزریەکان رێگە و بواری ئەوەیان نەبوو کار لەم جۆرە پۆستانە بکەن وەکو چاودێری و پشکنینی کرێکار و جوتیاران، چونکە ئەم جۆرە پۆست و بەرپرسیارێتیانە پێویستی بە کار و توانایەکی جەستەیی و ئارامی و شەونخونیەکی بێ ئەندازەی هەبوو، دەبوایە لە وردەکاریەکانی رێکخستن شارەزایی هەبێ، بۆیە هیچ لە هاورێیانی ستالین ئیرەییان بە ستالین نەدەکرد ئەوان وەکو هاوکارێکی لینینیان دەبینی، دواتر چونکە لینین بەو یاریدەدەریەی رازی دەبێ و سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسیشی رازی کردوە ئیتر هیچ نارەزاییەک لەم سەرکەوتنانەی ستالین رووی نەدا، بەلام دواتر نە لینین و نە ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسی لەم وردە گۆڕانکاریانەی ستالین بە ئاگا نەبوون کە لە ئەنجامی گرتنەدەستی پۆستی جیاجا و لە یاریدەدەری یاریکەرەوە دەبێتە هاوبەش لە یاریەکە.

\+ \+ \+

دوای کەمتر لە دوومانگ لە گرتنەدەستی پۆستی ئەمینداری گشتی، دەسەڵاتەکان لە دەست لینین دەفرن، لە کۆتایی مانگی ئایاری ١٩٢٢ لینین توشی نەخۆشی ئفلیج بوو بەو هۆیەوە بە بێ هۆشی لە مۆسکۆوە دەگواسترێتەوە بۆ گوندێک کە تا پایزی ئەوساڵ ناتوانێ بگەڕێتەوە سەر کاری حزبیی، ئەوکاتیش کارەکانی زۆر سنوردار دەبن، لە کۆتایی وەرزی پایز بۆ جاری دووەم رووبەڕووی ئفلیجێکی

توندتر دەبێتەوە تا کۆتایی زستانی ١٩٢٣ ناتوانێ کار بکا، کاتێکیش بۆ جاری سێیەم ئفلیجی لێیدەدرێ ئەمجارەیان بۆ دواجار لە کاری حزبی دوردەکەوێتەوە و جەستەی لە کار دەکەوێ تا لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٢٤ بۆ دواجار چاو دەنێتەوە و ماڵئاوایی دەکا.

نامانەوێ بە زیادەوە کاریگەریەکانی نەخۆشکەوتنی لینین لەسەر بۆلشەڤی باس بکەین، هەر بە یەکجارەکی ئەو رووناکیەی لە ئەقلی ئەو پیاوە دەردەچووو لە وەستان کەوت، گروپ و دەستەی لایەنگرانی کە بە(دیالۆگخواز) ناو دەبردران( جگە لە ترۆتسکی) چونکە ئەو سەربە هیچ گروپێک نەبوو نە دیالۆگخواز نە یاوەرانی کەوتنە خۆ بۆ گوتوبێژ و دۆزینەوەی رێچکە و شێوازی تایبەتی بۆ دۆخی دوای لینین، بەدوای سروشتی دووەمی خۆیاندا دەگەران کە پێشتر سروشتی خۆیان لە نێو خەسلەت و سروشتی لینین ون کردبوو. دیارە سروشتی دووەمی خۆیان ئەو سروشتە بوە کە بە رەسەنایەتی هی خۆیان بووە، ئەوکات کاریگەریە ستەمکاریەکانی لینین کە لەسەر لایەنگارانی بووە بە روونی دەردەکەوت. لەم بارەیەوە ترۆتسکی دەڵێ:

ئێمە دەتوانین ئەوە ببینین کە کاریگەری لینین چەندە لەسەر هەردوو خوێندکارەکەی کامنێڤ Kamenev و زینوڤییف Zinoviev هەبوو کە نەخشە و پلانەکانیان دووبارە دەکردنەوە، بەلام دوای مردنی نەخشە دووبارە کردوەکان بێ ئیلهامی فکری لینین بوون.

ستالین بە بەراورد لەگەل هاورێیانی لە رووی هزر و فکرەوە لە هەموویان کەمتر پشتی بە لینین بەستبوو، ئەو تەنها لاسایی کارەکانی لینینی دەکردەوە ئەوەندە خۆی سەرقالی پرسی فکر نەدەکرد، دواتر رەوشتەکانی ستالین کەوتبونە ژێر فشارەکانی ئەو دەزگایەی کە خۆی دەیبرد بەرێوە بۆیە هەموو فەلسەفەکانی لە چۆنیێتی کۆنترۆلکردنی دەسەڵات کۆکردبۆوە.

بەلکو مردنی لینین ببێتە مایەی دروست بوونی ئاژاوە لە نێو مەکتەبی سیاسی بەلام هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئەمانەتی گشتی نەبوو، بە پێچەوانە چونکە لە سەردەمی لینین دەبوایە پاساو بۆ هەندێک لە کارەکانی بێنێتەوە.

ترۆتسکی لە ئەنجامی ئەو پێشنیارەی کردی بە هەلوەشاندنەوەی پشکێنەر، لە لایەن پشکنینی کرێکار و جوتیاران و ئەمانەتی گشتی رووبەرووی رەخنە بۆوە، بەلام ئەم پێشنیارە وێرای رەتکردنەوەی تەنها بێزاری مەکتەبی سیاسیی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەم دەزگایە کە لە لایەن لینینەوە دەستخۆشیی لێکراوە بە پێشنیارێکی ترۆتسکی هەلناوەشێتەوە، هەرچۆنێکی بێ ستالین خۆی بە ئەمینداری گشتی دەزانێ چۆن پاساو بۆ ئەو ستەم و زۆرداریانە دێنێتەوە کە دژی بۆلشەڤیە بێزار و نارازیەکان ئەنجام دەدا.

دواتر ستالین سوور بوو لەسەر ئەوەی هەر بڕیارێک بدا ئەوە بە پشت بەستن بەو بڕیارانەیداوە کە پێشتر بە کۆی دەنگی لەسەر دراوە، لەم ڕێگایەوە پۆست و پلەکانی لە دۆست و هاوەڵە دێرینەکانی پڕ کردنەوە، لە پیاوەکانی باکۆ و تساریتسین.

دورخراوە و سزادراو و بێزارەکان سکالایان گەیاندە مەکتەبی سیاسی و ترۆتسکیش بەدواداچونی بۆ دەکردن، لێرە ستالین بەدەنگ دێ و ئەوەیان بە بیردێنێتەوە کە دەسەڵاتەکان دابەش کراون، مەکتەبی سیاسی لێکۆڵینەوە لەسەر پرسە بالاکان دەکات، لەم جۆرە سکالایانەش ئەمانەتی گشتی و مەکتەبی ڕێکخستن دوو ئۆرگانە تایبەتن بە لێکۆڵینەوە ، بۆیە ترۆتسکی هیچی بۆ نەمایەوە جگە لە هاندان و ئاگادار کردنەوەی ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسی لە بێزاریەکانی.

مەزنترین تۆمەت کە ڕووبەڕووی ستالین کرابۆوە ئەو تۆمەتانە بوون کە لە دژی گورجستانی نیشتمانی دایک ئەنجامی دابون، لاریمان نیە لێرە باسی پاشخانی ئەو ناکۆکیانە بکەین.

لە گورجستان تا شوباتی ۱۹۲۱ مەنشەڤیەکان حوکمڕانیان دەکرد، سەرەڕای ئەوەی ئەو پارچەی لە قەوقاز ماوەتەوە وردەوردە کەوتە ژێر دەستی حوکمی سۆڤیەت تارادەیەک لە ژێر دەستی مۆسکۆ مایەوە، بە خۆگونجاندن لە ژێر حوکمی مەنشەڤی لەگەڵ ئەوەی کە هەردوو ناحەزەکەی ستالین هی سەردەمی میسامی داسی (گوردانیا و رامیشفیلی) بوون لەوێ لە لوتکەی دەسەڵات بوونە، هەردەبێ ئەوانە نارەحەتیەک بۆ ستالین دروستکەن، مەکتەبی سیاسی بەوە دلی خۆیان دایەوە کە گورجستان مەنشەڤیە ناتوانێ زۆر لە قەوقاسی سۆڤیەت بژێ، چونکە دەبێ ئێمە خۆراک و پێداویستیی بۆ بنێرین.

دەسەڵات و پێگەی مەنشەڤیەکان لە گورجستان بەرەو نەمان دەچووو، ستالین سەبری نەما، لە شوباتی ۱۹۲۱ سوپای سوور هێرش دەکاتە گورجستان لە باکوری قەوقاسەوە دەسەڵاتی مەنشەڤی ناچار دەکا راکەن.

هەستی نەتەوایەتیی مەنشەڤیە گورجیەکان بەهێزو راستەقینە نەبوو، ئەوان نەلە سەردەمی حوکمی تساری(قەیسەری)ەکان و نەلە سەردەمی حوکمی کیرێسنکی داوای سەربەخۆییان نەدەکرد، ئەوەی ئەوان داوایان دەکرد حوکمێکی خۆسەری(ئۆتۆنۆمی) بوو لە چوارچیوەی روسیای فیدرال، ئەوان لە سەردەمی حوکمی کیرنسکی دژی جیابونەوە بوون لە هەرێمەکانی روسی، کەوابێ نیشتمانپەروەریی مەنشەڤیەکان تەنها بۆ بێزار کردنی بۆلشەڤیەکان بوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هێرشی سوپای سوور بۆ سەر ناوچەکانیان تورەبوون و بێزاری دانیشتوانی ناوچە شاخاویەکانی لێ کەوتەوە.

ستالین هەر ئەو کەسە بوو کە سێ سال بەر لەو رۆژە پەیمانی بە فینلەندیەکان دابوو و پێی وتبون کەس ناتوانێ حوکمتان لەسەر بکا جگە لە خۆتان، ئەمرۆش هێرش دەکاتە سەر گورجستان و

داگیری دەکا.   فەرماندەی ئەو هێرشە دۆستی خۆی ( سیرجو ئورجونیکیدز) بوو، کۆمیساری سیاسیی هاوپێچکراو لەگەل سوپای داگیرکەر بوو. کۆمیساری جەنگ هەواڵی هێرشەکەی لە مەکتەبی سیاسی شاردەوە بەلام بە فەرمانی لینین، ئەوان بڕیاریان دابوو وا خەلکەکە تێبگەیەنن کە گوایە راپەڕینێکی کۆمۆنیستەکان لە تبلیس روویداوە و دەسەڵاتی ئەو ولاتەی گۆڕیوە و ئەوەی سوپای سوور کردویەتی تەنها راگرتنی پارسەنگی هێز بووە لە بەرژەوەندی کۆمۆنیستەکان، خۆی لە راستیشدا شۆرشێکی کۆمۆنیستی روویدابوو بەلام پشتگیریی نەبوو تا سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

ستالین بە تۆلە سەندنەوە لە مەنشەڤیەکانی تبلیس کۆتایی بە کێشەکان نەهێنا، بۆلشەڤیەکانی تبلیسی لەم ناکۆکیانە تێوە گلاند، دوای چەند مانگێک لە هێرشەکە، بۆ ئاراستە کردنی رێنماکانی بە لیژنەی قەوقازی حزب ستالین سەردانی تبلیس دەکا ، ئەو لە پایزی ١٩٢١ بە پالپشتی لینین بیرۆکەی دامەزراندنی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی قەوقازی دانابوو، بەلام بۆلشەڤیەکانی تبلیس پێی رازی نەبوون، ئەوان مەبەستیان بوو کۆمارەکەیان سۆڤیەتی و سەربەخۆ بێ پەیوەندیەکی ناراستەوخۆی بە فیدرالیەتی روسیاوە هەبێ، سەربەخۆییان دەکەنە قوربانی لە بەرژەوەندی فیدرالیەتێکی خۆجێیی قەوقازی.

ئەستەمە لەم ناکۆکیە خالە راست و هەلەکان لەیەک جیا بکەینەوە، قەوقازیەکان لە نێو خۆیاندا ناتەبا و لەتلەت بوون، بەهۆی ناکۆکیەکانی خوێناویی نێوان گورجی و ئەرمەن و تەتەر، کە هەمووشیان دژی روسەکان بوون، بەلام بە پلەی جیا، ئەمەو جگە لەوەی کە خێلەکانی قەوقاز و چیچان وهەندێک لە خێلەکانی ناوچە شاخاویەکان بە کوشتن و یەکتری تالانکردنەوە خەریک بوون، بۆ زال بوون بەسەر ئەم دۆخە ستالین ویستی پرۆسەی راگواستنەوەیان لەسەر جێبەجێ بکا، لە شوێنی خۆیان بیانگوازێتەوە بۆ شوێنێکیتر و لەوێ نیشتە جێیانکا ، ئەمەش هەمان ئەو رێگایە دەبێ کە دوای چارەگە سەدەیەک دووبارە بەکار دێنێتەوە. ئەم پرۆسە بە ئاستێکی مەزن لەگەل ئوکرانی و پۆلۆنی و ئەلمانەکان بەکار هات، بەلکو ئەمە راست بێ کە ستالین وتویەتی : سەرکردەکانی بۆلشەڤیی گورجی ( بادوو مدیفانی وفیلیپ) کە دژی یەکێتی قەوقازی فیدرالی وەستانەوە نەخۆشی نەتەوایەتی خۆجێییان هەبوو، بەلام دەبێ پێیان وابووە لەم کەش و هەوا ئالۆزە ئەم یەکێتیە سەرناگرێ بۆیە دژی بوونە، ویستویانە ئەوەی لەبەردەستە بۆ گورجستانی بپارێزن باشترە، بەتایبەتی کە سێ سال لە حوکمی مەنشەڤی هەستی نەتەوایەتیی بۆ گورجیەکان گێرایەوە کە ماوەیەک بوو بوونی نەمابوو، ئەم هێرشە داگیرکاریە هەستی نەتەوایەتیی بوژاندەوە و بریندار کرد، دوای ئەم هێرشە ئەو فەرمانانەی لە کۆمیساری نەتەوەکان دەرکرا و زولم و ستەمی پۆلیسی سیاسی کە بۆ تبلیس نێردرابوون بۆ لەناو بردنی مەنشەڤیەکان ئەمانە هەموو بوونە فاکتەری جولاندنی هەستی نەتەوایەتی، جگە لەمە بۆلشەڤیە گورجیەکان وێڕای ئەو ستەم و

زوڵمەی لە حوکمی مەنشەڤیەکانیان بینی نارازی بوون لە رەفتاری سزادان و لەناو بردنی مەنشەڤیەکان کە بە دۆستی دێرینی خۆیان دەزانین .

ئەم سیاسەتانە ترسی لە دڵی کۆنە گورجیەکان دروست کرد لەوەی روسیا دەست بەسەر گورجستاندا بگرێ، لای گورجیەکان ئەوە گرنگ نیە کە یەکێک بە زمانی گورجی گوتاریان بۆ بدا چونکە ئەوە بە ناوی روسیا گوتار دەدا، ئەوەی کارەکەی پتر مەترسیدار کرد ئەوەبوو کە کەسایەتی ( فیساریون ژوگاشڤیلی Dzhugashvili) ی کۆن واتە باوکی ستالین تا ئەوکات لە نێو کەسایەتی ستالیندا زیندوو کارا بوو، ئاسایی بوو هەر بەرپرسێکی کرملین بە چاوێکی یەکسانی سەیری کێشەکانی گورجستان بکا بەلام ستالین هەمیشە بە چاوێکی خۆجێیانە سەیری پرسەکانی دەکرد ئەو تا بناگوێی لە یادەوەریەکانی سەردەمی گەنجێتیدا نقوم ببوو، وەکو ئەو رادیکالیستەی جاران خۆی دەبینیەوە کە لە تبلیس لەلایەن زۆرینەی میسام داسیەوە (بورژوای بچوک) راودەنرا.

ستالین وەکو فیساریون ژوگاشڤیلی Dzhugashvili خۆی دەهاتە بەرچاو کە هاتۆتەوە بۆ ئەوەی کۆنە قینەکانی یەکلایی کاتەوە، ئەوانەی دژایەتیان دەکرد ئەمرۆ سەری بۆ دانوێنن بەتایبەتی کۆلیژە ئاینیەکە، بەلام ئەمەی بۆ نەچوە سەر.

لە ٦ی تەموز لە کۆبونەوەی ئەندامانی حزب لە تبلیس، ستالین گوتاردەدا و هێرش دەکاتە سەر رکابەرەکانی و دەڵێ:

ئەو قەیرانە ئابوریەی بەرۆکی گورجستانی گرتوە ئەگەر ببێتە دەولەتێکی دابراو درێژەی دەبێ، بەلام ئەگەر لەگەل قەوقاس هاوکاریی کرد بێ بەرانبەر زەیت لە کۆماری قەوقاس وەردەگرێ جگە لە سودیتر، هەروەها بە ملیۆنان روبل قەرز لە روسیا وەردەگرێ.

پاش ئەوەی بەم دیاریانە ئاماژەیەکی پێدان ئەمجارەیان هێرشی توند دەکاتە سەر نەتەوە پەرستەکان، دەڵی :

لە هەلوێستی شۆڤینیی خۆجێی لە سنوری قەوقاس توشی شۆک هاتم.

بەراوردی پێدەکا لەگەل ئەوکاتەی خۆی لە قەوقاس بوو چۆن تەبایی و هاوکاری و برایەتی لە نێوان گەلاندا هەبوو، درێژەی پێدەدا و دەڵێ:

ئێستاش ئەرکە مەزنەکەی بەردەم کۆمۆنیستە گورجیەکان ئەوەیە کە بێ سنور دژی نەتەوایەتی خۆجێیی خەبات بکەن، دەبێ پاشماوەی نەتەوەپەرستان بە ئاگر و ئاسن بسوتێنن، خەیالی نەتەویان کاول کەن، حزب نابێ لە هیچ بترسێ دەبێ ریزەکانی پاک کاتەوە لەم بیرکردنەوانە، حزب خاوەنی ٧٠٠٠٠ ئەندامە دەتوانێ ژمارەی بگەیەنێتە ٧ ملیۆن ئەگەر مەبەستی چەندایەتی بێ بەلام مەبەست چۆنایەتیە لە وەرگرتنی ئەندامانی حزب.

لە دیدی گورجیی خۆجێییەوە رەخنەکانی ستالین دژی نەتەوییەکان لە شوێن خۆی بوون، ئەگەر ئەم وتانە لە یەکێک لە سەرکردە خۆجێیەکانەوە بوایە هیچ بایەخێکی نەدەبو بەلام دەبوایە گورجیەکان ( شۆڤینیەتی روسیای مەزن) ببینن کە بە شاراوەیی لە دوای ئەم پرسانەدایە.

کاروباری گەلانی ناوچە سنوریەکان لەسەردەمی حکومەتی تساری (قەیسەری) لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە دەبردرا بەڕێوە، بەلام ئێستا دوای شۆڕش ئەم نەتەوانە دەپرسن ئاخۆ شۆرش هیچی لەم شێوازە حوکمە گۆڕیوە؟ گورجیەکان پاساویان بەدەستەوەبوو، ئەوان لە هەموو کەس زیاتر لەم ترسە بە گومانن، گومانەکانیان ئەوکاتە دەبێتە راست کە گورزی ستالین دەبینن لە سزادانی ئەو کەسانەی نەتەوین و دژی یەکێتی فیدرالین، ئەوەی روویدا هاوشێوەی رووداوەکەی بەریتانیا دەبێ کە وەزیرێکی بەریتانی بەرەگەز ئیرلەندی لە دوای داگیرکردنی ئیرلەندا لەلایەن بەریتانیاوە لە دبلنی پایتەختی ئیرلەندا وتار بەناوی بەریتانیا دەدا و لە بەرژەوەندی بەریتانیا و دژی نەتەویەکان هەلوێست وەردەگرێ و هێرش دەکاتە سەر (گولی نەتەوی). دەقاودەق ئەمە هاو شێوەی ئەوەبوو کە ستالین لە تبلیس ئەنجامی دا.

ستالین لە چاوەڕوانی کۆکردنەوەی لایەنگراندا نەبوو، راستەوخۆ فەرمان بە (ئورجونیکیدز) دەدا ریزەکانی حزب لە نەتەویەکان و لایەنگرانی مەنشەڤی و لەوکەسانەی دژی یەکێتی فیدرالین پاک کاتەوە .

پێویست بە لەناوبردن ناکا ئەوەندە بەس بوو لە ریزەکانی حزب دەریان کەن و کۆنگرەکان بەو کەسە نیشتمانپەروەرە خۆجێییانە پر کەنەوە کە لایەنگری (ئورجونیکیدز) و سەرکردایەتیە کەن، ئەوانەی دودل بوون یا گومانیان هەبوو بەوە بێدەنگکران، پێیان وترا مەکتەبی سیاسی بە کۆی دەنگ بڕیاری لەسەر یەکێتی قەوقازی فیدرالی داوە، دواجار هەردوو سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن (مدیفانی و ماخاراج) لە هەموو کۆنگرە و کۆبونەوەکاندا خۆیان بە دۆڕاو دەبینیەوە، ئەوکات نارەزاتیان بەرانبەر بە سیاسەتی رەگەز پەرستی روسیای مەزن دەربڕی کە لە رێگەی کۆمیساری نەتەوەکانەوە جێبەجێ دەکرا.

ئەو گۆڕانکاریەی سۆسیالیستە گورجیەکە (ستالین) ئەنجامیدا بە کارێکی رەگەزپەرستی روسی هاتە ناسین و ناوی ئەو کەسەش بەم پرۆسەیەوە هاتە بەستانەوە، هەروەکو ناوی پۆناپەرتی کورسیکی بە دامەزرێنەری فرەنساوە هاتە بەستانەوە و هیتلەری نەمسایی بە سەرکردەی نەتەوایەتی ئەلمانیی دوژمنکار هاتە بەستانەوە، کۆرسیەکان تەنها یادەوەری ستەم و زۆرداریان لەگەل فرەنسا هەبوو، باوکی ناپۆلیۆن ئەندامێکی (حزبی فرەنسی) بوو لە کورسیکا، هەروەها بیرۆکەی یەکێتی ئەلمانیا لە نەمسا هەمیشە مایەی نارەحەتی بوە چونکە ئەم یەکگرتنە تەنها لە بەرژەوەندی خانەوادە گەندەلەکەی (هابسبورگ)دابوە، لە گورجستانیش هیچ هەستێکی خۆشی

بەرانبەر بە روسیا لەم ولاتە نەبووە، گورجیەکان وەکو پۆلۆنیەکان نەبوون ئەوان هەستێکی تیژیان هەبوو، بۆیە هەرگیز نەدەبوایە ستالین بە لەخۆگرتن( بالتبنی) ببێتە کەسێکی روسی ئەمە تەنها لە بۆلشەڤیەکان دەوەشێتەوە کە پیاوی لەم شێوە دژی نەتەوایەتی و چەوسێنەری نەتەوایەتی بۆخۆیان بکێشن.

هەرگیز ستالین هەستی نەتەوایەتیی نەدەبزوا، وێڕای ئەوەی زیاتر لە جارێک تاوانی نەتەوەپەرستی روسیی پێوە لکاوە، بەلام ئەو تەنها نوێنەری بڕوای مەرکەزی خۆی بوو، ئەو بڕوایەش وەکو خاڵی هاوبەشی هەموو شۆڕشە نوێکانە، ئەو بەزیادەوە ئەم بڕوایەی دەردەبری، هەرچۆنێکی بێ، ئەنجامی کارەکانی ستالین وەکو ئەوە وابوون کە لە رەگەزپەرستی روسیەوە ئەم پەیامەی بۆ هاتبێ و ئەمیش جێبەجێی بکا.

هەندێک ئاماژە هەن کە ئەم هەلوێستە ناکۆکانەی ستالین بوونەتە مایەی دلخۆشی ئەو، کێ لە ئێمە چاوی بە ئینگلیزێک نەکەوتوە کە ئەو ئینگلیزە دەم دەکاتەوە دەڵێ( ئێمەی ئینگلیز) یا زیاتریش دەڵێ ( ئێمەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی)... بەم لەخۆ بایی بوونە ستالین گوتاری پێشکەش بە کۆمۆنیستە موسلمانەکان کردووە، وتویەتی:

نەتەوەی روسی هیچ رۆژێک لە رۆژان نەبۆتە مەترسی، روسەکان هەمیشە دەسەڵاتدار بوونە بۆیە ئەوان بەگشتی و کۆمۆنیستەکان بەتایبەتی ستەم و زۆرداری نازانن، ناچار نەبوونە نەتەوەکان بچەوسێننەوە ئەوان پێویستیان بەم جۆرە مامەلە نەبووە، رەگەز پەرستی نەتەوایەتی بوونی نەبووە جگە لە رەگەز پەرستی بۆ( دەولەتێکی مەزن ).

ئەم لێدوانە لای بۆلشەڤیەکان لێدوانێکی سەرسوڕهێنەر بوو پێی توشی شۆک هاتن کاتێک لە رۆژنامەی پراڤدا خوێندیانەوە، بەلام ئەمە دوا جار بوو ستالین ئەم جۆرە لێدوانانە دەدا لەو بەدواوە دووبارەی نەکردەوە، خۆی لە راستیشدا دەبێ وابێ چونکە روسەکان بە درێژایی ژیانیان چەواسانەوەی دەرەکیان نەبینیوە هەر ئەوان زۆر درندانە نەتەوەکانی خۆیان چەوساندۆتەوە بۆیە لە هەستی چەوسانەوە و ژێردەستی بێبەشن، پێشتر لینین هاوڕێیانی لەم پرسە ئاگادار کردبۆوە کە زۆر هەستیارانە لەگەل نەتەوەکان مامەلە بکەن چونکە ئەوان وا بە ئاسانی ئەو ستەم و زۆرداریەی لە دەستی تساری(قەیسەری)ەکان بینیویانە بە ئاسانی لەبیری ناکەن دەبێ وردەوردە کاری لەسەر بکەین بۆ سارێژ کردنی ئەم زامەیان.

شۆڤینیەتی روسیای مەزن ئەو شەڕە ناهەمووارە بەسەر کۆمۆنیستەکاندا سەپاند، هاوڕێیانیان لە هەرێمە سنوریەکان دەبوایە دژی رەوتی نەتەوایەتی بوەستنەوە، ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو ئەم دوو فەرمانە بەیەک بەستیتەوە فەرمانە نیانەکەی لینین بەرانبەر بە نەتەوەکان و فەرمانی حکومەتی مەرکەزی لە سەرکوت کردنی راپەڕین و خۆپیشاندەران، لەم میانە سیاسەتەکان بە گژ

یەکدا دەچنەوە هەردووکیان بە هاوتەریی جێبەجێ ناکرێن تەنها حوکمڕانێکی زیرەک نەبێ بە هەستیاری ئەم دوو سیاسەتە لەیەک بەستێتەوە و پارسەنگەکە راگرێ، روون و ئاشکەرا بوو کە ستالین سەبارەت بە سیاسەتی مەرکەزی هەڵەی کرد.

هەلەی ستالین هەلگەڕایەوە، ئەگەر پێویست دەکرا وشەی هەلە بەکار بێنین، ئەوا رەوتێکی فکری تامەزرۆی دەزگایەکی ئیداری مەدەنی لە روسیا دوای دووبارە رێکخستنەوەی شۆڕش سەر هەلدەدا، ئەم رەوتە پەیتاپەیتا زیاتر بەرەو سەنتەری حکومەت هەنگاوی دەنا بۆ بنیاد نانەوەی روسیایەکی مەزن کە بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، کۆمۆنیستەکان بۆ مەرامی ئابوری و ئیداری پشتگیری ئەو رەوتەیان دەکرد، وەکو لینین گوتەنی تەنها (دلۆپێکە لە دەریای)، شۆرشی کشتوکالیان ئەنجامدا کە لە ولاتە دراوسێکانی ئەم جۆرە شۆرشە وێنەی نەبوو، بەلام ئەمەیان لە هزردا نەبوو بە لەناوبردنی دیاردەی رۆتین لە فەرمانگە حکومیەکان پرۆسەی چاکسازی ئیداری ئەنجام بدەن، بۆیە شۆڕش نەیتوانی خۆی لەم ئاژاوە و بەربڵاویەی ئیداری رزگار بکا، تەنها بە پەنا بردن بۆ بیروکراتیەتی تساری(قەیسەری)ەکان نەبێ کە وێڕای کەمی زانیاریان بەلام ئەوان لە سۆسیالیستە شۆرشگێرەکان شارەزاتر بوون بۆ کاروباری رۆتینی ئیداری.

دوای راگەیاندنی سیاسەتی ئابوری(نیب)، کۆنەپارێز و نەتەویەکان لە چینی پیشەڕەو ئامادەیی خۆیان بۆ دەسەڵاتداران دەربڕی بۆ خزمەت کردن لە فەرمانگە حکومیەکان، ئەوانیش بە بیانوی جۆراوجۆر پێشوازیان لێ کردن، لێرەوە ئومێدێک لە ناخی ئەو خەلکە دروست دەبێ بەوەی روسیا بگەڕێتەوە دۆخی جارانی، لەم رووەوە یەکێک لە کۆچبەرە سپیەکان ئومێدی دەردەبڕێ کە پرۆفیسۆر ئوستریالۆف ئەندامی پێشوی حکومەتی (کولخاک)  داوا لە لایەنگرانی دەکا پێشوازی لەو بەرنامە بکەن خۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن بە ئومێدی بوژانەوە و کار کردن لە ناوەوەی بەلکو ولات بەرەو سەرمایەداری نەتەوایەتی دەبەن، دەزگا ئیداریەکەی کۆن بە شێکی توندی لە کەسانی ناو دەزگای ئیداری نوێ بوون کە لە سەرەتای بیستەکان کاریان دەکرد، هێزی ئەم دەزگایە لە هێزی فەرمانبەرە بالاکاندا بوو خاوەنی شارەزاییەکی باش بوون لەم بوارە، هەرچەندە پەیوەندی لە نێوان کۆمۆنیستەکان و فەرمانبەرە تساری(قەیسەری)ە کۆنەکان باش نەبوو، ئەوان وەکو فەرمانبەرێکی کاتی سەیری تساری(قەیسەری)ە کانیان دەکرد، بە چاوێکی ریز و پڕ لە گومانەوە سەیر دەکران، هاوبەشە تساری (قەیسەری)ە کانیش بە هەستێکی پر لە ترسەوە فەرمانبەرە کۆمۆنیستەکانیان فێری پیشەکە دەکرد ئەمەیان بە ئەرکێکی نیشتمانیان دەزانی، وێڕای ئەو یەکنەگرتنەوە هەرلایەنە و کاری لە لایەنەکەی تر دەکرد.

لای فەرمانبەرە کۆنەکان ئاسایی بوو لە میانی کارکردن و پەیوەندیەکانیاندا باس لە روسیای مەزن و یەکپارچەیی بکەن، هەر لەم روانگەشەوە ئەوان کارەکانیان بەجێ دەگەیاند و ئەوانی تریان فێری

پیشەکە دەکرد، بۆیە ئەوان داگیر کردنی گورجستان و ناوچە دابڕێندراوەکان و یەکخستنیان لەگەڵ روسیا بە سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیا دەزانی. بەلام لینینستە راستگۆکان ئەم کارەیان بە سەرکەوتنێکی تری شۆرش دەزانی نەک روسیا، ئەوان روسیایان بە قەلایەکی مەزنی ئەم جیهانە دەبینی پێیان وابوو کە دەبێ روسیا لە ژێر فەرمانی ستراتیژی سۆسیالیزم دابێ، ئەو ستراتیژەی سنوری نەتەوەکان دەبەزێنێ، بەلام خۆی سنوری روسیاش سنوری نەتەوەکانی بەزاندوە، لینینستەکان پێیان وابوو ئەگەر سنوری روسیای تساری (قەیسەری)ش یەک نەخەنەوە ئەوا یەکخستنی سنوری یەکێتی سۆڤیەتی خزمەتی سۆسیالیزم دەکا، وێڕای ئەوەی بڕوایان وابوو سۆسیالیزم دەبێ یەکسانی لە نێوان نەتەوەکاندا دابینکا، ئەوان بەو کارەیان دلخۆش بوون کە روسیای یەکپارچە بێتە دی، ئەمەبوو ئەو هێڵەی لینینستەکانی لە ئوسترالۆفستەکان جیا دەکردەوە ( ئوسترالوف خاوەنی دید و بۆچونی نادیار و تێکەڵ) بوو.

ستالین خۆی یەکێک بوە لە ئیدارەی مەدەنیی بومبرێژکراو، کارە ناکۆکەکانی بە پێی ئامێری تۆماری بومەلەرزە تومار کراوە، لادان و لایەنگریەکانی بۆ پرسی گورجی بەپێی فشارەکانی گشتی بۆ سەر دەولەت گۆردراون.

لە هاوینی ١٩٢٢، کۆمیسارەکەی ستالین خۆی لەگەل کێشەیەکی تری نوێ دەبینێتەوە ئەویش کێشەی ئوکرانیا دەبێ، حکومەتی ئوکرانیا ناڕەزایی لە دەستێوەردانی ستالین دەربڕی، سەرۆکی ئۆکرانیا کە لە خانەوادەیەکی ئوروستوکراتیی شۆرشگێری بەرەگەز بولگاری-رومانی و سکرتێری کۆنەبۆلشەڤی دەبێ، پێداگری لەسەر جێ بەجێ کردنی پەیمانی سەربەخۆیی ئۆکرانیا داگرت، ئەمە لە کاتێکا ئەو دەستێوەردانەی ستالین لە کییف و خارکوف ئەنجامی دەدا بەقەدەر دەستێوەردانەکانی تبلیس نەدەبوون، ئوکرانیەکان بۆ ئەم مەبەستە دەستیان خستە نێو دەستی گورجیەکان و بڕیاریاندا بۆ جێبەجێ کردنی پەیمانەکانی بە رووی ستالین بوەستنەوە و دژی دەنگۆی هەمواری دەستور دەبن کە بڕیار بوو ئەنجامی بدەن.

شتێکی هەلەیە ئەگەر ئەم ناکۆکیانە بە زیادەوە باس بکەین چونکە ستالین زۆر ژیرانە چارەسەری ئەم کێشانەی دەکرد ئەوەتا بە نمونە، لە ١٩١٨ کۆماری بشکیری ژیاندەوە کە خاوەنی سەربەخۆیی بوو، هەروەها لە ١٩٢٠ کۆمارێکی سۆڤیەتی بۆ تەتەرەکان دامەزراند، لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ حکومەتی خۆسەریی بۆ قرغیزیەکان دامەزراند، دوای شەڕەکانی ناوەخۆ کۆماری داغستانی لە ژمارەیەک خێڵ کە بە ٣٦ زمان دەدوان دامەزراند، بۆ کرلیەکان ویاکوتیش بەڕێوەبەری خۆسەریی بۆ دامەزراندن. هیچ یەکێکیان لەم کۆمارانە سەربەخۆ نەبوون هەموویان ئۆتۆنۆمی و خۆسەری بوون لەنێو خۆیاندا ئازاد بوون، لەژێر سێبەری ستالین هەندێک دیاردەی شارستانیەتی بەدی دەکران.

هەروەها کۆمیسار ژمارەیەکی زۆری خوێندنگای لەو شوێنانە کردنەوە کە پێشتر خوێندنگایان لێ نەبوو، نەخشە و پلانی دانا بۆ چاککردنی زەویەکان و ئاودانکردنەوەی دێهاتەکان و گەیاندنی تۆری کارەبا بە جێنیشەکان، ئەمانە هەمووی لە سەردەمی قات و قڕی و برسێتیدا بوون.
بێجگە لەم دەستکەوتانە زمانی تەتەری کرایە زمانێکی فەرمی هاوشان لەگەڵ زمانی روسی، خانوی بە هاوڵاتیانی دەشتنشینی قرغیزستان بەخشی بۆ ئەوەی لە کۆچەراتیەوە نیشتەجێ بن، یاسای ئازاد کردنی ژنانی ئاسیایی دەرکرد، ئەمانە بەشێک بوون لە بەرهەمی شارستانێتیی.
دوای یەکەم نەخۆشکەوتن و لێدانی ئفلیجی لە لینین، مەکتەبی سیاسی لە هاوینی ١٩٢٢ باس لە هەمواری دەستور دەکا لەسەر پەیوەندیەکانی روسیا لەگەڵ کۆمارەکانی دەرەوەی. ستالین ئەندازیاری ئەو هەموارە بوو، نیوەی دووەمی ئەو ساڵە خۆی سەرقاڵی ئەو چاکسازی و هەموارەی دەستور کرد، ئەو بڕگانەی بەنیازی هەموار بوون بە کورتی بریتی بوون لە:

١-دەبێ فیدرالیزمی کۆمارەکانی سۆڤیەت بگۆردرێ بە چوار یەکێتی، ئەوانیش:

ا/ روسیا.

ب/ ترانزقوقاسیا.

ج/ ئوکرانیا.

د/ بیلەروسیا.

فشارەکانی ستالین بۆ سەر گورجیەکان تا بەشدار بن لە یەکێتیەکەی ترانزاقوقاسیا یەکێک بوو لە پلانەکانی، ستالین دژی ئەو بیرۆکە بوو کە یەکێتی لە نێوان کۆمارەکانی بەجیا و حکومەتی مەرکەزی بکرێ ئەو مەبەستی بوو لەم نێوانە ئۆرگان یا کیانێک هەبێ، پێی وابوو حکومەتی مەرکەزی ئەگەر لە رێگەی چوار کیانەوە سەرپەرشتی سەر کۆمارەکان بکات باشتر دەتوانێ چاودێری و بەڕێوەبردنیان ئەنجام بدات، سەبارەت بە کۆمیسارەکانیش پێێ وابووە بکرێتە سێ بەش:

یەکەم/ بەشی یەکەم، کاروباری سەربازی و سیاسەت و دەرەوە و بازرگانی دەرەکی و گواستنەوە و گەیاندن دەگرێتەوە، بەرپرسیارێتی یەکەمی ئەم بەشانەش دەبێ لە ناوەند واتە لە مۆسکۆ بێ نابێ کۆمارەکان بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری ئەم بەشانە کۆمیساریان هەبێ.

دووەم/ بەشی دووەم، فەرمانگەی دارایی و ئابوری و خۆراک و کار و پشکنینی کرێکار و جوتیاران هەمووشیان لە ژێر چاودێری ناوەندندا دەبن لە مۆسکۆ.

سێیەم/ بەشی سێیەم، کاروباری خۆجێیەتی و داد و پەروەردە و فێرکردن و کشتوکاڵ لەخۆ دەگرێ، ئەم بەشەیان حکومەتی هەرێمەکان بە سەربەخۆیی بەڕێوەیان دەبا.

ستالین پێی وابووە دەبێ دەسەڵاتی سەروەری وڵات لە دەست کۆنگرەی یەکێتی سەرجەم سۆڤیەتەکاندا بێ، لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرە لەدەست لیژنەی جێبەجێکردنی ناوەندیدا بێ، ئەم لیژنە لە دوو ئەنجومەن پێک بێت:

ا/ ئەنجومەنی بالا.

ب/ ئەنجومەنی نەتەوەکان. ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بە یەکسانی لە گشت نەتەوەکان پێک دێت، ستالین پێی وابووە کە لیژنەی جێبەجێ کردنی ناوەندی دەتوانێ ئەنجومەنی کۆمیسارەکان واتە حکومەت دابمەزرێنێ.

لە کاتی چاکتر بوونەوەی لینین لە نەخۆشیەکەی، بۆ ئەم پرۆژە راوێژی پێکراوە ئەویش رەزامەندیی لەسەر دابوو، لێرە دووبارە مەکتەبی سیاسی فشاری خستەوە سەر گورجستان بۆئەوەی بێتە نێو یەکێتی ترانزاقوقاسیا،

ئۆکرانیەکان گرفتیان لەبەردەم نیازەکانی مۆسکۆ دروست کرد، رازی نەبوون ئەوان لە جیاتیان کاروباری دەرەوەیان بۆ بەڕێوە ببەن، بۆیە رازی نابن کۆمیساری دەرەوەیان هەلوەشێننەوە، هەر چۆنێکی هەبێ پرۆژەکە دەسەڵاتی باشی بە کۆمارەکان دابوو بە نمونە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوەخۆ و پۆلیس و ئاسایش، بەلام ئەمانە هەموویان هەر بەناو بوون، بە پراکتیکی سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی قۆرخی هەموو دەسەڵاتەکانی کردبوو، دژی پرۆژەکە بوو، یەکیان نەدەگرتەوە، ئەم پرسە بوە مایەی بەگژ یەکدا چونی ستالین و لینین بۆ یەکەم جار پەیوەندیەکانیان گرژیی تێدەکەوێ.

+ + +

لە هاوینی ١٩٢٢ نەخۆشیەکەی لینین بە هێواشی لێی توند دەکرد، ستالین زۆرجار سەردانی دەکا لە شوێن حەوانەوەی لە گوند، لە کاتی نوسینی وتارەکانی، ستالین مەدح و سەنای بۆ سەرۆکەکەی دەکا، دەیوت بەم زوانە دەگەڕێتەوە مەیدانی خەبات و سیاسەت.

هەر دەبێ لەم سەردانانەیدا گوتوبێژەکانی مەکتەبی سیاسی وهێرشەکانی ترۆتسکی بۆسەر پشکنەری کرێکار و جوتیاران و پرۆژەی دەستور و ئۆپۆزسیۆن لە گورجستان و ئۆکرانیا لە بابەتە سەرەکیەکانی باس و خواسی نێوان ستالین ولینین بوبن. لینین بێ سێ و دوو پشتگیری لە بۆچونەکانی ستالین کردوە چونکە ئەم لەو ماوەیەدا بێ راو پرسی ئەو هیچ هەنگاویکی نەهاوێشتوە هەر بۆیەش دوای گەڕانەوەی لینین هەوڵی قایم کردنی پێگەی ستالینی داوە لە ئەمانەتی گشتی و گوێی بە ناڕەزاییەکانی گورجیە تورەکان نەدا و هەموو رەخنەکانی دژی پشکنین رەت کردنەوە و لە بەردەم کۆنگرەی دەیەمی گشت سۆڤیەت لە کانونی یەکەم بەرگری لە پرۆژەی دەستور کرد کە ستالین داڕشتبوو. بەم شێوە باوەر پێکردن و پشتگیریەکانی لینین بۆ ستالین چەسپێندرا و پێگەی بەهێزتر دەبێ.

دوای ئەوە لە تشرینی دووەم و سەرەتای کانونی یەکەم بڕوای لینین بە ستالین لەق دەبێ، گومان لەوەدانیە کە ئەمە لە ئەنجامی یەک رووداو نابێ بەلکو چەندین رووداوی کەلەکە بوو بووە.

سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن وەلامی تورەبونەکەی لینینیان دایەوە، دید و بۆچونەکانیان بە لیستێک پێشکەش کرد (بەلکو خوانێکی ژەهراوی بێ ئەمە)، لە هەمان کاتیشدا لیژنەی گەیشتن بە راستیەکانی بە سەرۆکایەتی دزیرجنسکی، سەرۆکی پۆلیسی سیاسی لە گورجستانەوە گەڕایەوە، ئەویش راپۆرتی تایبەتی خۆی لە سەر گەشتەکە پێشکەش کرد، لینین بۆ یەکەم جار لە دزیرجنسکیەوە هەندێک کاری ئابڕوبەر و گەندەلی لەسەر (ئورجونیکیدزە) زانی زۆر تورە دەبێ و بڕیاردەدا لە مەدرەسەی لونگ جومیا و حزب و وەزیفە دوریخاتەوە. هەرچەندە لینین هۆشیار بوو لەوەی پشت بە تەنها ئەو راپۆرتەی دزیرجنسکی ببەستێ ئەو پۆلیسی سیاسی دەبێ دەست لە کاروباری سەرجەم فەرمانگە حکومیەکان وەردەدا، جارێکیان لینین لە نێو کۆنگرەی حزب لەسەر ئەم رەفتارەی زۆر بە توندی خۆی لێ تورە دەکا، دواتر دزیرجسنکی لەسەر سیاسەتی ستالین لە تبلیس ناکۆکیان هەبوو، بۆیە لینین داوا لە سکرتاریەتی تایبەت دەکا لەسەر گورجستان راپۆرتێکی تێرو تەسەلی بدەنێ.

پرسی گورجستان تاقە پرس بوو کە لینینی بێزار کردبوو، دوای گەڕانەوەی بۆ سەرکاری سیاسیی هەستی بەگۆڕانێکی زۆر کردبوو لە دەوروبەری خۆی، دۆخی دەزگای ئیداری تێک چوبوو، بە ئاسان وەلامی نامەکانی

وەرنەدەگرتەوە، هاولاتیان لە مامەلەی خەراپی فەرمانگەکان بێزار ببون، زۆری رۆتین و سستی بەڕێوە بردنی کارەکان هاولاتیانی بێزار کردبوو، هەندێک جار فەرمان و رێنماکانی لینینیش نەدەگەیشتنە شوێنی مەبەست لە رێگا گرفتیان بۆ دروست دەکرا، هەستیکرد هەندێک کاری شاراوە لە پشتیەوە ئەنجام دەدرێن، بەرلە نەخۆشکەوتنی رایگەیاندبوو کە هەست دەکا ئاراستەکانی حکومەت بە پێچەوانەی ئاراستە دارێژراوەکانی ئەو دەرۆن، ئێستاش ئەو هەستە بوو بە بڕوا و گومان لەو هەستەدا نەما، هەولیدا بەدوای ئەو دەستەدا بڕوا، بەدواداچونەکە گەیاندیانە نوسینگەی تایبەتی ئەمانەتی گشتی، لێرەوە پرسی گورجستان و ناکۆکیەکانی ناو مەکتەبی سیاسی دەست پێدەکەن و وێنەیەکی تر لە دیدەکانی وەردەگرن.

لەناوەراستی کانونی یەکەم لینین دووبارە توشی ئفلیج دەبێتەوە و نەخۆش دەکەوێ، دوای هەفتەیەک وا هەلکەوت کە چاک بێتەوە و بگەڕێتەوە سەر کار، توانیی لەو ماوەیەدا هەندێک تێبینی بنوسێتەوە یەکێک لەو نامانە لە ٢٥ی کانونی یەکەم بە کورتی بۆ سکرتێری دەنوسێ، لەسەر شێوەی وەسیەتنامە دەبێ، تیایدا ترسی روودانی لەتبونی بزوتنەوەی بۆلشەڤی دەخاتە روو، دەنوسێ:

( حزبمان پشت بە دوو چین دەبەستێ، کرێکار و جوتیار، ئەگەر رێککەوتن لە نێوان ئەم دوو چینەدا نەبێ ئەوا کەوتنی حزبمان مسۆگەرە... هیچ رێکارێک ناتوانێ رێگری لەم کەوتنە بکا)، بەلام ئەم مەترسیە دوورە نزیک نیە.

مەبەست لەم وتەی لینین ئەوەیە کە ناکۆکیەکانی ناو مەکتەبی سیاسی رەنگدانەوەی ناکۆکیەکانی ئەم دوو چینە نین، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا مەترسی روودانی ئەو لەتبونە هەر هەیە، بیرکردنەوە کۆمەڵایەتیە مارکسیانەکەی لینین بە شێوەیەکی کتوپڕ بە کۆتایی دەگەن، ئەو ئاماژە بە پاشخانی کۆمەڵایەتی ناکۆکیەکانی ناو مەکتەبی سیاسی نادا، ئاماژە بەوە دەدا کە ناکۆکیەکانی ناو مەکتەبی سیاسی بۆ دوژمندارێتیە کەسیەکانی دەگەڕێنەوە نەک چینایەتی، ئەو بەناو ناوی ترۆتسکی و ستالینی نەبرد کە سەرچاوەی ناکۆکیەکانن ووتی : سەرکردەکانی ئێستای کۆمیتەی ناوەندی.

دیارە ئەم دەستەواژە بۆ هاورێیانی لینین مایەی سەرسوڕمان دەبێ کە بۆ یەکەم جار ئەمە لە زاری لینینەوە ببیستن، ترۆتسکی بە رقەوە سەیری ناحەزەکەی دەکرد تا دوا رۆژەکانیش هەر بە کەسێکی ئاسایی دەزانی. دواتر هیچ یەک لە ئەندامانیتری مەکتەبی سیاسی لەگەل بۆچونەکەی لینیندا نەبوون، هەموویان خۆیان لە ئەمینداری گشتی بە تواناتر دەبینی، لینین لەوە دلنیایە کە دەزانێ لەم دوو ناحەزە کامیان بە توانا ترە لەویتریان (من وەکو خۆم دلنیام لەوەی ترۆتسکی لە ئەندامەکانی تری کۆمیتەی ناوەندی بە توانا ترە) بەلام

لینین هیچ تایبەتمەندیەکی ترۆتسکیی بەهەند وەرنەگرت کە بتوانێ حزب ببا بەرێوە، گومانی لە ئەنجامی ململانێ کە هەبوو، حەزیشی دەکرد بەر لەوەی وەسیەتنامەکە بکەوێتە مەیدانی کارپێکردن ئەم ململانێیە کۆتایی پێبێت.

(ئەو کاتەی ستالین دەبێتە ئەمینداری گشتی هێزێکی زۆر لە ژێر دەستی خۆی کۆدەکاتەوە، منیش دلنیا نیم لەوەی ئەو دەزانێ کەی و چۆن ئەم هێزە لە کاتی پێویست بەکار بێنێ) ئەم وتانەی لینین زۆر هەستیار و گران بوون، ئەگەر ئەو وتانەی ئەو دەربڕی هەستی مەترسیەکانی بوون بەلام هەستی بەوە نەکرد کە درکاندنی ئەم راستیانە واتە سەرزەنشت کردنی ستالینە. وێرای ستایشی بۆ توانا و بەهرەکانی ترۆتسکی بەلام حوکمی لەسەری توند بوو، باسی لە رووداوێکی نزیک کرد (تیایدا ترۆتسکی ململانێی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی کردبوو) ئەمەی دەرخست کە ( تا ئاستێکی زۆر بڕوای بەخۆ هەبوو بە لێزانین لە کارو باری ئیداری) . دەبوایە حزب لە نێوان دوو کەسی بە توانا یەکێکیان هەلبژێرێ، لەسەر ئەم بنەمایە کەمێک تەراز و بەلای ستالیندا شکایەوە، کەم و کوریەکانی ترۆتسکی لە وەسیەتنامەکە زۆر نەبوون، بەلام ئاماژە بە باری دەرونیی درابوو کە دژی کۆمیتەی ناوەندیە ئەمەش هەلەیەکی کوشندەیە لە سەرکردەیەکی حزبی لە ژێر سیستەم و کاری هەرەوەزیدا ژیابێ، بۆیە حزب بە گومانەوە سەیری تاک دەکا، لینین هەولی ئەوەیدا لێکدانەوەکان لەسەر بنەمای نیازێکی خەراپ نەبێ بۆ ئەم دوو سەرکردە (نەوەک ئەوان ببنە مایەی لەتبونی حزب ئەگەر حزب هیچ هەنگاوێک نەهاوێژێ بۆ وەستاندنی ئەم ململانێیە).

لینین شتێکی ئەوتۆی نەبوو لەسەر سەرکردەکانی دیکە ، ئەوەندە نەبێ وتی نارەزابوونی زینوڤییف Zinoviev و کامنێف Kamenev لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ (بەرێکەوت نەبوو) ئەمە دەربڕینێکی شاراوە بوو بەلام بە پێداگری، ئەوان جورئەتی شۆڕشگێرانەیان نەبووە تا بە راشکاوانە دەریببرن،( بەلام رووداوەکانی دەوروبەری ئۆکتۆبەر نابێ لە دژایەتیان بەکار بێنن تەنها دەتوانن بەقەدەر دژایەتی ترۆتسکی بۆ بۆلشەڤی، لەگەڵیان بەکار بێنن).

ئاماژەدان بە دژایەتی ترۆتسکی مانای ئەوەیە ئەو رووداو لەبیر ناکرێ، وەسیەتنامەکە بە تێبینیەک لەسەر بچوکترین سەرکردە کۆتایی دێ: بۆخارین (مەزنترین هزروان و بە نرخترینیان) و (پیاوە باشترینەکەی حزب) کە بۆ بەدبەختی خۆی هەندێک گیانی ئەکادیمستیی تیادابوو. هەروەها بیاتاکوف ( پیاوێکی زۆر بەتوانایە بەلام نابێ بۆ کاری سیاسی هەستیار پشتی پێ ببەسترێ)

\+ + +

ئەو وەسیەتنامەی لینین لە دوای خۆی جێهێشت بێ ئومێدیەکی دروست کرد چونکە هەموو لایەنێکی نەگرتبۆوە، ئاماژە دان بە مەترسی لەتبونی حزب و دەست نیشان نەکردنی چارەسەریەکان جێێ سەرنجە، تاقە ئامۆژگاریی ئەوەبوو( ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە ٥٠ وە بکرێتە ١٠٠ ئەندام) دواتر ئەوە سەلمێندرا کە ئەم ئامۆژگاریە بێ سودە، چونکە هێزی مەکتەبی سیاسی و سکرتاریەتی گشتی لە نێو کۆمیتەی ناوەندی بە پێچەوانەی بۆچونەکانی زیاد دەبێ)

لەو کاتەی لینین سەیری وەسیەتنامەی دەکا، ستالین کۆنگرەی دەیەمی گشت سۆڤیەتەکانی روسیا بەڕێوە دەبا، ئەو کۆنگرەی رەزامەندیی لەسەر چاکسازی دەستوردا، ستالین بە زیادەوە ستایشی ئەو چاکسازیەی کرد وتی:

(هەنگاوێکی چارەنوسسازە بەرەوە یەکخستنی کرێکارانی دونیا لە کۆماری سۆڤیەتی سۆسیالیزمی جیهانی) دوای ئەوە بە سێ رۆژ واتە لە ٣٠ کانونی یەکەم لە ئاهەنگی کۆنگرەی دامەزراندنی سۆڤیەتەکانی کۆماری یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیست ستایشی ترۆتسکی دەکا، باسی رۆلی سوپای سوور و دامەزرێنەرەکەی دەکا لە شەرەکانی ناوەخۆ (ئەمە بە زیادەوە بوو مەبەستی گەیاندنی ئەو نامەیەی بوو کە گوایە ئەویش کارێکی کردوە لە کارەکانی ترۆتسکی کەمتر نین) ستالین بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ( ئەم سەرکەوتنە سەرکەوتنی روسیای نوێیە بەسەر روسیای کۆندا، ئەو روسیایەی ببوە کرێگرتەی ئەوروپا و جەللادی ئاسیا..دەبا ئەم کۆنگرە بکەینە بەلگەیەک بۆ ئەو کەسانەی بسەلمێنین کە هۆشیارن پێیان بلێین کۆمۆنیستەکان دەتوانن داهێنانی نوێ بنیاد بنێن و کۆنەکان بروخێنن.

لینین لەو رۆژان دوایین وتارەکانی بەهێزی دەنوسێ، تەنها بە یەک وشەش ئامادە نەبوو بە ئاشکەرا باس لەو رووداوە بکا کە ئاهەنگیان بۆی دەگێرا، لە ٣٠ی کانوی یەکەم کاتێک کۆنگرەی سۆڤیەتەکانی یەکێتی کۆمارەکانی روسیای سۆڤیەتی سۆسیالیزمیان دەگێرا، لینین هەندێک تێبینی لەسەر بەیەکدادانەکانی گورجستان دەردەبڕێ:

( من پێم وایە پەلەکردنی ستالین و فشو فۆریی لەو رووداوە چارەنوسسازە رۆلی بینیوە، ناخی شاراوەشی رۆلی لە شۆڤینیزمی کۆمەلایەتیی بەدناو بینیوە، لە سیاسەتدا توندڕەوی رۆلی خەراپ دەبێ، هەروەها من وا هەست دەکەم کە دزیرجنسکی خۆی یەکلایی کردۆتەوە بە داشکان بەلای روسیای راستەقینەدا ( دیارە ئەوکەسانەی بەرەگەز روسی نین دواتر دەبنە روسی، خۆیان لە پرسە راستەقینەکەی روسی دوور

دەخەنەوە)..زەرور و پێویستە کە مرۆڤ نەتەوایەتی نەتەوە ژێردەستەکان (چەوساوە) لەگەل نەتەوایەتی نەتەوە چەوسێنەرەکان لەیەک جیا بکاتەوە، ئەرکی خۆمانە بەرپرسیارێتی ئەم هەڵەمەتە نەتەوایەتیە کە خەلکیان بۆ لایەنگیری روسیا داشکاند بخەینە ئەستۆی ستالین و دزیرجنسکیەوە، لە پێنج رۆژەکانی دوای نوسینی وەسیەتنامەکەی، ستالین بڕوایەکی لا دروست دەبێ کە لەم هەرایە گوناهبارە، ئەوکات وتارەکانی لینین لە رەخنەی هەستیارەوە دەبنە ئیدانە و سەرزەنشت کردنی ستالین، دیارە لەم ماوە لینین پێشوازیی لە ژمارەیەکی زۆری میوانان کردوە کە بەمەبەستی کۆنگرە هاتبون یانیش سکرتاریەت ئەو راپۆرتەی بۆ ئامادە کردبوو کە داوای لێیان کردبوون لەسەر پرسی گورجستان، یانیش دەمەقاریەک بوە لە نێوان ئەو و ئەمینداری گشتی بەلکو هەموویان رویان دابن، بەهەر حال چۆنێکی هەبێ ئەو بڕوایەکی لا دروست بوە تا بە وەسیەتنامەکەیدا بێتەوە، بۆیە لە کانونی دووەم پاشکۆیەک بە وەسیەتنامەکەیەوە دەبەستێتەوە، پڕبوو لە توڕەیی، ئەم پیاوە هەستی بەوە کردوە کە لەلایەن یاریدەدەرەکەیەوە فێلی لێ کراوە: پاشکۆنامەکە دەڵێ....

( ستالین کەسێکی نارەحەت و بە هەڵپەیە ...بەرگەی ئەوە ناگرێ ببێتە ئەمینداری گشتی، بۆیە من پێشنیار دەکەم هاوڕێیان کەسێکی گونجاو بۆ ئەو شوێنە دانێن و ئەم لابەرن، پیاوێک بێت سەبر و ئارامی زیاتر بێ پیاوێک بێت بە رەوشتتر بێت، کەمتر گۆزەگۆز بکا واتە سەقامگیر بێت، بەلکو ئەمە کەسێکی بێ کەلک بێت بەلام ئەگەر بە دیدی لەتبونی حزب و ناکۆکیەکانی ترۆتسکی و ستالینەوە سەیری پرسەکە بکەین دەکرێ بلێین بێ کەلک نیە چونکە بایەخی خۆی هەیە بۆ چارەنوسی ئەم حزبە)

کەس ئاگای لە ناوەرۆکی وەسیەتنامەکەی لینین نەبوو جگە لە کروپسکایا Krupskayaی هاوسەری و سکرتێرەکانی نەبێ، لینین لە ترسی ئەوەی بەهۆی نەخۆشیەکەی پەکی لە نوسین بکەوێ، پەلەیکرد لە نوسینی وەسیەتنامە و چەند رێنما و ئامۆژگاریەک بۆ حزب و ئەمینداری گشتی دەردەکا، بەڵام دواتر بۆ ماوەیەک تەندروستیی باش دەبێ هێرش دەکاتە سەر ئەمینداری گشتی و زۆر بە توندی سەرشکێنی دەکا، بەشێک لەم هێرشانە سەرچاوەیان لەو زانیاریانە وەرگرتوە کە ترۆتسکی ئاشکەرای کردبوون. راستی ئەم بۆچونانە بەو وتارانە دەسەلمێندرێ کە لینین لە رۆژنامەی براڤدا بلاوی کردبوونەوە و دەبنە پالپشت بۆ بۆچونەکانی ترۆتسکیش، بەهەرحال هیچ چیرۆکێکیتر لەسەر ئەم پرسە نەگوتراوە کە رەتیان بکاتەوە جگە لەوانەی لەلایەن ستالینەوە نوسراون یا لەلایەن ئەوانەی پشتگیری و لایەنگری ئەون، ئەمەش راستی وتەکانی لینین و ترۆتسکی دەسەلمێنن.

لە ٢٥ی کانونی دووەم رۆژنامەی پراڤدا یەکەم وتاری رەخنەی لینینی لەسەر پشکنەری کرێکار و جوتیاران بلاو کردەوە کە بە شێوازێکی نیان و بە بەلگەی شاراوەوە نوسرابوو. لە هەفتەی یەکەمی شوبات وتارەکانی

لینین کەمێک باشتر بوون، ئەم وتارە هێرشێکی توند دەکاتە سەر ستالین و کۆمیساری پشکنین، بەڵام تا ٤ی ئادار لە رۆژنامەی پراڤدا بلاو ناکرێتەوە، واتە دوای چوار هەفتە لە نوسینی، لینین بڕوای وابوو ئەم وتارەی نابینێ، لەم ماوە ستالین و هاوڕێیانی هەوڵی زۆریان دا لینین رازیکەن چیتر هێرش نەکاتە سەر ستالین بەلام هەولەکان سەرکەوتوو نەبوون.

لینین دەڵێ لێمان گەڕێن با تۆزێک بە راشکاوی بدوێین و پێتان بڵێم ئەو کۆمیسارەی پشکنینی کرێکار و جوتیاران کە هەمانە لە نمونەی ئەو لە خەراپی لە هیچ شوێنێک نیە، لەم دۆخە هیچ دەستکەوتێکی لێ رەچاو ناکرێ، بەناو ناوی ستالینی نەهێنا بەلام هێرشەکە بە شاراوەیی بۆ ئەو بوو چونکە لەم ماوەی چوار سالە تەنها ستالین سەرۆکی کۆمیساری پشکنینی کرێکار و جوتیاران بووە، لینین درێژەی پێدەدا و دەڵێ:

( دامەزراندنی پشکنەرێکی کرێکار و جوتیاران سودی چیە ئەگەر بە رێککەوتن کار بکا نەسەنگی هەیە نە جێگەی بڕوایە؟ ئامانجمان ئەوەیە سەرتاپای بگۆڕین) (بەڕاستی دەبێ کار بکەین بۆئەوەی متمانەی خەلک لەسەر بنەمای تایبەتمەندی نەک پۆست و پلە وەدەست بێنین)، لینین باسی لەو دەستکەوتانەی پشکینەری نەکرد ئەگەر دوای چاکسازی بەدەست بێن، ئەو تەنها باسی لەو کەم و کوریانە کرد کە لە ژێر سەرۆکایەتی ستالین روویان داوە، (ئومێد دەخوازم کە پشکینەری داهاتوو بەدەست بێنرخی و نابەجێیەوە نەنالێنێ، ئەو بێنرخی و نابەجێیە لە دەستکردی بیروکراتیی ناو حزب و سۆڤیەتەکان بوە) بەلێ ( با دان بەوە بنێین کە لە نێو مەکتەبەکانی سۆڤیەتدا بیروکراتیەت هەیە) ئەسلی کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە لە رووی فەرهەنگی شارستانیەوە کەم و کوریمان هەیە ( خەلک زۆر بەجوانی و رەوانی باس لە فەرهەنگی پرۆلیتاریا دەکا) . ئێمە رازین بە فەرهەنگی بۆرژوا وەکو سەرەتایەک، بەو مەرجەی ئەگەر توانیمان وەکو سەرەتا دەست بەرداری هەندێک فەرهەنگی کەمتر شارستانی بین وەکو فەرهەنگی بیروکراتی و فەرهەنگی کۆیلایەتی. پەلە کردن لە رێکارەکانی پیادەکراو خەراپترین ئەنجاممان پێ دەبەخشن. )

ئەو پشکنەرەی بە سەرۆکایەتی کورە کۆیلەکە (ستالین) بەڕێوە دەبرا چاودێری هەموو کەنالەکانی بەڕێوەبردن دەکا، ئەو خۆی لە زۆنگاوی فەرهەنگی بیروکراتی و کۆیلەکان دەگەوزی، ئەمە یەکەم دەستوەشاندنی ئاشکەرای لینین بوو لە ستالینی وەشاند، بەلام ژێر بەژێر بەرنامەو پلانی داڕشتبو تا لە کۆنگرەی دوانزەی حزب کە بڕیاربوو لە نیسان ببەسترێ، لەسەری جێبەجێ بکا، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ترۆتسکی رێککەوتن، لە ٥ی ئادار واتە یەک رۆژ دوای بلاو بوونەوەی وتارەکەی لینین لە رۆژنامەی پراڤدا کە رەخنەی توندی لە کۆمیسارەکەی ستالین گرتبوو، ئەم دوو پیاوە بەگژ یەکدا دێنەوە، لینین نامەیەک بۆ

ستالین دەنوسێ و پێی رادەگەیەنێ کە پەیوەندیەکانی لەگەڵیدا پچراندوە، لە ٦ی ئادار لینین لە نامەیەکدا بۆ ئۆپۆزسیۆنی گورجی دەنێرێ تیایدا پەیمانی ئەوەیان پێ دەدا لە کۆنگرە بەرگریان لێ بکا دەڵێ:

( من بە دڵ و بە جەستە لەگەڵتانم بۆ ئەم کێشەیەتان، من بە توڕەییەوە کار لەسەر لەخۆباییەکانی ئورجونیکیدز و گوێپێنەدانی ستالین دەکەم ).

لینین دووبارە پەیوەندی بە ترۆتسکیەوە دەکا و لێی دوپات دەکاتەوە کە کار بۆ ئەو پرسە بکەن، ئامۆژگاریەکانیشی بۆ کامنێڤ Kamenev نارد کە لە سەفەردابوو بۆ تبلیس بۆ لێکۆلینەوە لە کێشەکە، لە ٩ی ئادار و لە نێو ئەو هەموو پرسانە لینین دووبارە توشی ئفلیج دەبێتەوە و نەخۆش دەکەوێ، ئەمجارەیان دەکەوێتە سەر جێ و چاک نابێتەوە.

ستالین لە وردەکاری جولەکان ئاگادار نەبوو بەلام هەستی بە مەترسی کرد کە ژیانی سیاسی لە مەترسیدایە، کاتێکیش ئەم دۆخە بەردەوام دەبێ بە هەستێکی تێکەڵاو پێشوازی لە مردنی لینین دەکرێ، بەستنی کۆنگرە بە بێ لینین ئەمە یەکەم کۆنگرە دەبێ، بۆ ستالین ئامادە نەبوونی لینین رزگار بوونە لەو هێرشەی دەکرایە سەری ، بەلام دەستوالا بوونی ترۆتسکیش دەکرێ رووبەڕووی هێرشی ئەو بێتەوە، بۆیە بۆ دەرباز بوون لە هێرشەکانی ترۆتسکی لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی دوای مردنی لینین و بۆ ئامادەکاری گرێدانی کۆنگرە لەگەل ترۆتسکی رێک دەکەوێ کە ترۆتسکی وەکو زمانحالی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەکە بەڕێوە ببا و وتار بخوێنێتەوە، وەکو ترۆتسکی باس لەو هەلوێستە دەکا دەڵێ:

بەڕاستی هەلوێستێکی پیسۆیانە بوو ئەو کەسەی وا خۆی نیشان بدا رۆلی لینین بگێرێ لە بەڕێوە بردنی کۆنگرە دیمەنێکی ناشیرنە، بۆیە ترۆتسکی رەتی کردەوە رۆلی لینین بگێرێ، نەبادا خەلک وا لێکبداتەوە کە ترۆتسکی خۆی بە شایەستەی شوێنی لینین دەزانێ، هەر بۆیە پێشنیار دەکا لەبەڕێوە بردنی کۆنگرە ستالین شوێن لینین بگرێتەوە، بەڵام ستالین لەو هەستیارتر دەبێ کە ئەم رۆلە بگێرێ بۆیە ئەویش رەتی دەکاتەوە، ئیتر ئەم رۆلە شەرەفمەندە ترسناکە دەدەن بە زینوڤییڤ Zinoviev.

لەم کاتە ستالین زۆر بە خاکی و هەستیارانە بەرانبەر بە لینین دوا، هەر دوای بلاو بوونەوەی ئەو وتارانەی لینین و نەخۆش کەوتنی، ستالین لە وتارێکیدا بەناوی ( ستراتیژیەتی تەکتیکی کۆمۆنیستان) تیایدا باس لە رۆلی شکۆداری لینین دەکا و وتارەکە پر دەبێ لە مەدح و سەنای لینین، ئەم وتارە تەنها ئاماژە دانی چەند هەلوێستێکی لینین دەبێ هیچیتر نا، لەو کاتانە ئەگەر چیرۆکی بەگژیەکداچونی لینین و ستالین بچێتە دەرەوەی کرملێن، کەس بڕوا ناکا، ستالین درێژە بە دەربڕینی خۆشەویستیە شاراوەکەی دەدا بەرانبەر بە

ترۆتسكی، لە كۆنگرە ستالین نیان و دلفراوان دەبێ، هەر پێشنیارێک رووبەڕووی ببایەوە ئەم پێشوازیی لێ دەکرد و قەبولی بوو، هەر بۆیە سیاسەتی حزب بەرانبەر بە نەتەوە بچوکەکان دواجار ئەو سیاسەتە دەبێ کە ترۆتسكی پێی باش بوە نەک ستالین، کرۆکی سیاسەت و پێشنیارەکە بریتی دەبێ لە ( دووبارە هۆشداری دان بە فەرمانبەرانی سۆڤیەت لە بنکەی هەرێمەکان) ئەوانەی بە شۆڤینی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتیان دەبینی پێیان وابوو ئەمە سەرەتایەکە بۆ دووبارە بنیاد نانەوەی ( روسیای مەزنی یەکپارچە).

بێ جگە لەم پێشنیارە پاشکۆیەکی ئەم پێشنیارەش هاوپێچ کرابوو، بریتی بوو لە پێشنیاری چاوپۆشی کردن لە چاکسازیەکانی ستالین لەسەر دەستور، هەروەها ئەم دەقەشی تیابوو( کۆمارە سەربەخۆکان مافی ئەوەیان هەبێ خۆیان ببەن بەڕێوە تا ئەوکاتەی فێری بیروکراتیەتی روسی دەبن بە گیانێکی پرۆلیتاریانە هەست بە پێویستی یەکبوون دەکەن لەگەل نەتەوەکانی تر، بەڵام ستالین لەلایەن نەتەوەکانەوە سەرزەنشت کراوە، ئەمەش پاساوێک بوو بۆ سیاسەتەکانی .

فریدریكی مەزن دەڵێ:

جارێکیان لەگەل گەلەکەم وا رێککەوتین، ئەوان بە ئارەزوی خۆیان قسە بکەن و بە ئارەزوی خۆشیان رەفتار بکەن، هەروەها ستالین لەم قۆناغە رازیە ترۆتسكی بە ئارەزوی خۆی چی دەڵێ با بیلێ، چونکە ئەو دڵنیایە لەوەی خۆی دەتوانێ چی بیەوێ بیکا دەیکا، دواجار مەکتەبی سیاسی بڕیاری دا تێبینیەکانی لینین لەسەر پرسی گورجستان نەخەنە بەردەم کۆنگرە، چونکە ئەوان نازانن لینین مەبەستی چی بووە لەم چارەسەریانە. ئەمە سەرکەوتنێکی تەکتیکی بوو بۆ ستالین، سەرکەوتنی دووەمیش ئەوەبوو ترۆتسكی ئەو هێرشانەی ئامادەی کردبوو بیکاتە سەر ئەمینداری گشتی، نەیکرد.( هیچ یەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئۆپۆزسیۆنی گورجستان و ئۆکرانیا نارەزاییان دەرنەبری جگە لە بۆخارین نەبێ)، ترۆتسكی هەلوەستەیەکی کرد لە چاوەڕوانی چاک بوونەوەی لینین و درێژەدان بەو رێککەوتنەی لەگەل لینینا هەیبوو، ئومێدی وابوو لەم رێگایەوە کار لەسەر رکابەرەکەی بکا، بەلام ستالین لەو کاتە کەوتبوە خۆ.

+ + +

لەم کاتە ڕێکەوتنێک لە نێوان سێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دروست دەبێ هەریەک لە ستالین و کامنێڤ Kamenev و زینۆڤییف Zinoviev، خاڵی هاوبەشی ڕێکەوتنی هەرسێکیان تەنها ڕێگری دەبێ لە ترۆتسکی تا شوێن لینین نەگرێتەوە، ئەوان بە تەنیای ئەو زاتەیان نەبوو دژایەتی ترۆتسکی بکەن بەلام کاتێک ئەو سێ هێزە بەم سێ پێگەوە لەیەک دەدرێ سەنگ و هێزێکیتری دروست دەبێ، زینۆڤییف Zinoviev ئەو سیاسیە گوتار خوێنە بوو کە بە گوتارەکانی دەچوووە ناو دڵی خەلکەوە، کامنێڤ Kamenev دروستکەری ستراتیژیەتی ئەو گروپە و پسپۆر لە بەڕێوە بردنی ململانێکانی لە پێناو دەسەڵات، ستالینیش دروستکەری تەکتیک و هێزی ڕێکخراو بوو.

هەرسێکیان بەیەکەوە دەستیان بەسەر حزب و حکومەتدا گرت، کامنێڤ Kamenev یاریدەدەری لینین و سەرۆکی سۆڤیەتی مۆسکۆ بوو، زینۆڤییف Zinoviev سەرۆکی سۆڤیەتی بترسبورگ بوو کە دواتر ناوی دەگۆردرێ بۆ لینینگراد، ستالینیش دەسەڵاتی بەسەر هەموو هەرێمەکاندا دەشکا، جگەلەمە زینۆڤییف Zinoviev ئەوکات سەرۆکی ئەنتەرنسیونالی کۆمۆنیستی بوو کە لە روسیا پێگەی بەهێز بوو هەموو لایەنێک هەوڵی ئەوەی دەدا پشتگیری ئەم دەزگایە بەدەست بێنێ.

دواتر ئەم سێ کەسە نوێنەرایەتی رابردوی حزبیان دەکرد، پەیوەندیەکانیان لەگەل بۆلشەڤیک بۆ ساڵی ١٩٠٣ دەگەرایەوە کاتی لەتبونی لەگەل مەنشەڤی، بۆیە گرنگی خۆیان هەبوو لە نێو حزب، ئەندامەکانی تری مەکتەبی سیاسی جگە لە ترۆتسکی، بۆخارین کە بچوکترینیان بوو لە روی تەمەنەوە و تۆمسکی فەرماندەی سەندیکای کرێکاران نوێ بوو لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی، کۆنە ئەندامەکانی جێی شانازی بوون ئەوان هەلگری کۆمەلێک پالەوانێتی بوون لە رابردوو، سەرچاوەی هێزی ئەم گروپە لەم رابردوانە دابوو کە ڕێگەیان بە کۆنە مەنشەڤیەک نەدا ماوەی پێنج ساڵ بێ هاتبیتە ریز بۆلشەڤیەکان و ئەمرۆ جێگەی لینین بگرێتەوە، ئەمە تاقە هۆکاری یەکریزی ئەو گروپە سێکەسیە بوو، ئەندامەکانی تری مەکتەبی سیاسی هەریەکەو بە ئارەزوی خۆی هەلسوکەوتی دەکرد. بەم شێوە ئەم سێ کەسە زۆرینەی مەکتەبی سیاسیان پێک دەهێنا و بڕیار و پێشنیارەکانیان کە پێشتر لەسەری ڕێک دەکەوتن دەبوونە بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی، ئەندامەکانی تری مەکتەبی سیاسی بە پێی پەیڕەوی ناوەخۆیان دەست و پێیان بەسترابۆوە، درکاندنی هەر ناکۆکیەک لە دەرەوەی مەکتەبی سیاسی بە خیانەت دەدرایە قەلەم و دەردەکران، ئێستا هیچ تەگەرێک لە بەردەم ستالین نەمایەوە لێی بترسێ تەنها هەندێک ئۆپۆزسیۆن لە پلەی دوو نەبێ ئەوانیش جێی مەترسی نەبوون بۆ ئەو، زۆربەی ئەو ئەندامانە پشتیان بە ئەمانەتی گشتیەوە بەستبو بۆ مانەوەیان لەو پۆستانەی کە هەیانە.

لە کۆنگرە ستالین خۆی ئاماژەی بەو دلنیاییە دا کە چۆن پشتیان پێ بەستوە، حزب چۆن پشتکراوە بێ مەترسی لەو پۆستانەیە دەڵێ:

بەر لە ساڵێک تەنها ٢٧% لە سەرکردەکانی کرێکاریی هەرێمەکان حزبی بوون بەلام ئێستا٥٧% یان کۆمۆنیستن، رێژەی کۆمۆنیستەکان لە بەڕێوەبەرایەتی هەرەوەزەکان بە رێژەی ٥% تا ٥٠% زیادی کردوە، لە دەستەی ستونی فەرماندەی هێزەچەکدارەکان بە رێژەی ١٦%تا ٢٤% زیادی کردووە.

ستالین دەڵێ : ئەم گۆڕانکاریە لە سەرجەم دەزگاکانی حکومی رووی داوە نابێ هیچ دەزگایەکی حکومی بمێنێتەوە لە دەرەوەی بازنەی حزب.

فەرمانگەی دامەزراندن دۆسیەی دامەزراندنی بە راپۆرتی دوورو درێژ لەسەر ئەم بابەتە لای خۆی جێهێشتەوە، بۆئەوەی ئەمانەتی گشتی بتوانێ لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە بەرنامە دارێژێ و لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە بتوانێ ئەو هێزە بخاتە ژێر فەرمانی خۆی. ئەو کاتە ژمارەی ئەندامانی حزب دوای پاکسازیەکە نزیکەی ٤٠٠٠٠٠ ئەندامی ئاسایی بوون و نزیکەی ٢٠٠٠٠ بە فەرمی ئەندام بوون، فەرمانگەی دامەزراندن توانیی راپۆرتەکانی لەسەر ١٣٠٠ بەڕێوەبەری پیشەسازی تەواوکا.

ستالین ئەمەی ئاشکەرا کرد کە لێکۆلینەوە لەسەر ئەم بابەتە بەردەوامە، راپۆرتەکان درێژەیان هەیە لە کارەکانمان بەردەوام دەبین تا ئەوکاتەی پاکسازیەکی تەواو دەکرێ، ستالین دەڵێ:

لەم رووەوە (زەرورە لێکۆلینەوە لەسەر هەر کەسێک بە جیا بکرێ) ئەگەر وا نەکەین سیاسەت هیچ مانایەکی نامێنێ دەبێتە کارێکی تێکەل و پێکەڵێ.

لق و بەشەکانی فەرمانگەی میلاک گەیشتە هەموو کونجێک لەسەر هەموو بەش و پۆستەکان لێکۆلینەوە کرا، مافی ئەوەیان هەبوو داوا لە کەسێک بکەن لە پایتەختەوە بیگوازنەوە بۆ سیبیریا یا بۆ بالوێزی هەرولاتێک، ئەم ئەرکە ئەگەر وەکو کارێکی شکۆمەندیش بوایە بەلام هەندێک جار سزادان بوە، کەم کەس لەوە دڵنیا بوو ئەگەر دژی سیاسەتەکانیان بجولێتەوە بەر سزاکانیان ناکەوێ ، جا هەر پۆستێک یا پیشە و تایبەتمەندیەکی هەبێ.

ئەمینداری گشتی بەرپرسی دامەزراندنی سەرکردەکانی حزبی بوو بۆ هەرێمەکان، ستالین ئەمەی بە پەرۆشەوە راگەیاند گوایە پێی ناخۆشە کە کۆنگرە بڕیاری داوە لەمەودوا رێکخراەکان خۆیان بەرپرسی هەرێمەکان هەلدەبژێرن چیتر دانامەزرێن، کەسی بەتوانا لە هەرێمەکان کەم بوون بۆیە رێکخراوەکان

ئەمانەتی گشتیان بێزار دەکرد لە داواکاری بۆ ناردنی کەسانی بەتوانا بۆ پۆستی بەرپرسی هەرێمەکانی خۆجێیی، (مەشقی سەرکردە حزبیەکان کاتی زۆر دەبرد لە پێنج سالەوە تا پانزە سالی دەخایاند بۆیە کارێکی ئاسان نەبوو، شکست پێهێنانی ئەم ولاتە یا ولاتێکیتر بەهۆی چەکی هاورێ بۆدینی و بە مەشقی دوو یا سێ ئەندامی حزب ئاسان نەبوو) ستالین بەرگری لە لیژنەی هەرێمەکان کرد کە گەلێک جار رۆژنامەکان هێرشیان دەکردنە سەر، بەرگریی لە ئەمینداری لیژنەکانیش کرد کە خۆی دایمەزراند بوون، تەنانەت پاساوی بۆ پیلانە گلاوەکانیشیان هێنایەوە چونکە هاوکاری سەرکردایەتیان کردوە، واتا لیژنەی هەرێمەکان وێنەیەکی بچوککراوەی مەکتەبی سیاسی بوون، بۆ هەریەکەیان دوان و سیانی هەبوو بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە.

لەوەلامی رەخنەیەکدا، بۆ یەکەم جار ستالین دانی بەو دەستەگەریە سێ قۆلیە ناو بڕیاریدا رووبەڕووی هەر نارەزاییەک بێتەوە، ئەمە وتەکانی ستالین بوون، (ستالین ستایشی ئوسونسکیی کامنێڤ Kamenev ی کرد، بەلام هێرشی کردە سەر زینوڤییف، پێی وابوو ئێستا دەبێ یەکێکیان لەناو بەرن تا نۆرەی ئەوانی تریش دێ، مەبەستی بوو ئەو دەستە لەناوبەرێ کە سالەهای سالە لە نێو کۆمیتەی ناوەندی دروست کراوە..وتی: لەسەرخۆم بە پێویست دەزانم پێی بلێم، ئەمە سەرلە شاخ دانە، لەوە دەترسم سەری بشکێ).

( رەخنە گرێکی تر هەلدەستێتەوە داوا دەکا ئازادیی زیاتر بدرێ بۆ رەخنە و گوتوبێژەکان، ستالین وەلامی دەداتەوە دەلێ:

ئەمە حزبە نەک یانەی دیدار، روسیا بە گورگی ئیمپریالیزم دەوری دراوە، باسکردن و گوتوبێژی ٢٠ هەزار شانەی حزبی مانای ئەوەیە ئێمە نهێنیەکانمان دەخەینە بەردەستی دوژمنان) ئیتر بە چەپلە رێزان کۆتایی بە وتەکانی ستالین دێن، دواتر ستالین دەلێ:

من ماوەیەکە کۆنگرەی لەم شێوە یەکدەنگ و یەک هەولێستم نەبینیوە، من زۆر خەمبارم کە ئێستا هاورێ لینین لەگەلماندا نیە، دلنیام ئەگەر لەگەلمان بوایە دەیوت:

( من ماوەی ٢٥ سالە ئەم حزبەم پاراستوە و بایەخم پێی داوە تا گەشاوەتەوە و پێ گەییوە و بەم شێوە بە هێز بووە)، لە هیچ کۆنگرەیەک بەقەدەر ئەم کۆنگرە ستالین وا بە متمانە بە خۆبونەوە قسەی نەکردوە.

بێزارەکان بێ سەرکردە مانەوە و شکستیان خوارد، دوای سێ مانگ، واتە لە ئابی ١٩٢٣، لە ئەنجامی مانگرتنی پیشەسازی مەکتەبی سیاسی توشی شپرزەیی هات. دوای راگەیاندی سیاسەتی ئابوری(نیب) روسیا هێزی دێتەوە بەر، بەلام پرۆسەکە درێژخایەن بوو، پیشەسازی لە توانایدابوو پێداویستیەکانی هاولاتیان دابین بکا بەلام لە دابین کردنی کەرەستە و پێداویستیەکانی گوندان شکستی هێنابوو، کەم بوونەوەی کرێی

ڕۆژانە و بێکاری و برسێتی هاولاتیانی توشی بێ ئومێدی کردبوو، کاتێکیش سەندیکاکان رازی نەبوون پشتگیری داواکاری کرێکاران بکەن بەو هۆیەوە خۆپیشاندان و مانگرتنەکان دەستیان پێکرد، ئەم حالەتە دەرونیە وەکو نەخۆشیەک چوە نێو دەرونی ئەندامانی حزب، لە نێو ریزەکانی حزبدا بە نهێنی گروپ و دەستەی نارازی دروست دەبن، هەندێکیان مەنشەڤی و هەندێکیشیان بۆلشەڤی بوون، هەندێکیشیان لە پاشماوەی ئۆپۆزسیۆن بوون کە لە ١٩٢١ رێگەیان لێ گیرابوو، لەگەل هەندێک لە ئەندامی نوێ کە هاتبونە پاڵیان. داواکاری ئەم دەستانە ئازادی رەخنەگرتن بوو لە حزب، هەندێکیان دەرکران و هەندێکیشیان دەستگیر کران، ئەمە سەرەتای دیاردەی دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن بوو لە نێو ریزی کۆمۆنیستەکان، ئەم دەستانە خاوەنی سەرکردەیەکی هاوبەش نەبوون و هیچ هەماهەنگیان لە نێواندا نەبوو، بەلام لەگەل ئەمەشدا دەستەی سێ قۆلیەکە ترسیان لەوە هەبوو ئەم دەستە و گروپانە کار بکەنە ریزەکانی حزب لە ناوەوە و بەهۆیەوە پاشاگەردانی سەر هەڵبدا.

دەستەی سی قۆڵی دژی داخوازیەکانیان وەستانەوە، لەلایەک پێشنیارێکیان خستە بەردەم مەکتەبی سیاسی داوای ئازادی رادەربڕین و فەراهام کردنی مەوداکانی دیموکراسیان کرد بۆ ئەندامانی حزب، لەلایەکی تریشەوە پۆلیسی سیاسیان جولاند بۆ لێدانی نارازیەکان. پۆلیسی سیاسی دەبینێ کە زۆربەی بۆلشەڤیەکان ئامادە نین هاوکاریان بکەن لە لێدانی ئەو نارازیانە، بەم هۆیەوە دزیرجنسکی داوا لە مەکتەبی سیاسی دەکا پۆلیسی سیاسی دەستکراوە بکا رێکار لە دژی ئەو بۆلشەڤیە وەرگرێ کە ئامادە نیە هاوکاری پۆلیسی سیاسی بکا. لێرە ناکۆکیەکانی نێوان ترۆتسکی و دەستەی سێ قۆلی دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، ترۆتسکی هێرشی کردە سەر دەستەی سێ قۆلی بێ ئەوەی روون بکاتەوە ئاخۆ دەزانێ پێویست دەکا وەلامی دزیرجنسکی بدرێتەوە یان نا، وتی:

( ئەوەی روویدا شێوەیەکە لە شێوەکانی نمایش کردنی ئەقلی حزب ). هەستی بە بێئومێدی و بڕوا بەخۆ نەبوون کرد، (لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆشدا سیستەمی دامەزراندن نەگەیشتۆتە ئەم ئاستە، دامەزراندنی ئەمینداری لیژنەی هەرێمەکان بووە بنەما و یاسای کار پێکردن) ترۆتسکی وتی:

لە داواکاری دیموکراتیی کرێکاران تۆوی دیماگۆگی دەبینم، ( چونکە دیموکراتی کرێکاران لەگەل رژێمی دکتاتۆری ناگونجێ) سیستەمی کار پێکراو لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆ دەبێ وەلانرێ، لە شوێن ئەو بەرپرسیارێتیەکی فراوانتر بۆ حزب جێی بگرێتەوە، کەچی ئەوەی روویدا بیروکراتیەتی ناو دەزگای حزب بوو کە گەیشتە ئاستێک هیچ کاتێک بەم شێوە دەنگی ئازادی کپ نەکراوە، رەخنە گرتن نەبۆتە کاری نهێنی.

دەستە سێ قۆلیەکە خۆیان لەو پرسانە مەلاسدا کە ترۆتسکی وروژاندبوونی، بە رق هەلگر و خەمسارد و بێباکیان تۆمەتبار کرد کە ناتوانێ ئەرکەکانی لە حکومەت بەجێ بگەیەنێ، تۆمەتێکی تریشیان خستە پالی کە گوایە مەبەستیەتی شوێن لینین بگرێتەوە، تۆمەتی دواییان راست بوو تا رادەیەک، لە راستیشدا ئەم ناکۆکیانە هەبوون بەلام کرۆکی ناکۆکیەکان پرسی شوێنگرتنەوەی لینین نەبوو کێشە راستەقینەکە لەگەل ئەمینداری گشتی بوو.

لەگەرمەی ئەم تۆمەت گۆرینەوانە، ٤٦ ئەندامی دیاری کۆمۆنست بەیاننامەیەکیان دەرکرد تیایدا پشتگیری رەخنەکانی ترۆتسکیان کرد، لە نێوان ئەم ژمارەی کە واژۆیان لەسەر ئەو بەیاننامەیە کرد:

( بیاتاکوف، کە لینین لە وەسیەتینامەکەی باسی لێ کردبوو بە سەرکردەی نوێ ناوی بردبوو، بریوبراجنسکی، سیربریاکوف، دوو ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسی، ئەنتونوف- ئوفزینکو، فەرماندەی سەربازی لە شۆرشی ئۆکتۆبەر، سمیرنوف، ئوسنسکی، بینوف، سابرونوف، میرالوف، دروبنیس، و هیتریش لە سەرکردەی ناوداری شەری ناوەخۆ) هەموویان پیاوی هزر بوون، هەندیکیان فەرماندەی دژایەتی لینین و ترۆتسکییان کردبوو بۆ ئەو حالەتە خنکێندراوەی حزب، ئەو کاتەی حزب لە پێناو بەرژەوەندیەکانیدا قوربانیی بە بڕواکان دەدا ئەوکات ئەمان گروپی نارازیان پێک هێنابوو.

هیچ ئاماژەیەک نیە کە ترۆتسکی هانی ئەمانی دابێ ئەم بەیاننامەیە بنوسن، تا ئەوکات ناکۆکی و ململانێکانی لەگەل دەستەی سێ قۆلی لە چوارچیوەی مەکتەبی سیاسی دابوو، ئەوانیش پێیان وابووە کە ترۆتسکی لەگەل سیاسەتەکانی مەکتەبی سیاسی دەرِوا، بەم شێوە ترۆتسکی کەوتە هەلوێستێکی ناخۆش لە ژێر بەرپرسیارێتیەکی مەزن و لە هەلوێستێکی ئۆپۆزسیۆنی، نە توانیی هەنگاوێک بهاوێژێ ئەو نارەزاییانە لە دوای خۆی کۆکاتەوە و فشاریان بخاتە سەر، نە توانیی رووبەرِووی ئەو دەستە سێ قۆلیە ببێتەوە.

لە تشرینی یەکەم فەرماندەی ئەو هۆشداریەی کرد کە دەستەی سێقۆلی لە ئەنجامی قەبولکردنی پێشنیاری چاکسازی دیموکراسی لە نێو حزب دروستی کردبوو، هەروەکو پرسی گورجستان، ستالین رەزامەندی دەدا کە سازش بۆ وتەکانی ترۆتسکی بکا. پێشنیارەکە بە کۆی دەنگ رەزامەندیی لەسەر درا و ترۆتسکیش بە هەمان شێوە لاریی نەبوو، لە ٧ی تشرینی یەکەم زینوڤییڤ Zinovievبرِیاری دا باس و گفتوگۆ لەسەر هەموو ئەو پرسانە بکرێ کە لە هزری بۆلشەڤیەکاندا دەخولێنەوە، ئەوکات هەروەکو ئەوەی گەمارۆ لەسەر حزب هەلگیرابێ ئاوەهابوو.

ئەم ڕووداوە بە ئاسایی و لە نیازێکی خەراپی دەستەی سێقۆلیەوە نەبوو بەلکو ڕەگ و ریشەی مێژینی هەبوو، شۆڕش بە بنیادنانی دەزگایەکی سیاسیی مەزن خۆی لە فەوتان ڕزگار دەکا، ئێمە نالێن لە دوژنمایەتیی جەماوەرەوە بەلام هەندێک پێویست بوونە ئەگەری ئەوەی پیادەی حوکمێکی ستەمکارانە بکرێ نەک حوکمی رازیکردن.

کێ دەڵێ کاتی ئەوە هاتوە بە پێچەوانەی ئەم ڕەفتار بکرێ، پشت بە دەزگای سیاسی نە بەسترێ ؟ کێ لەمە دڵنیایە کە ئیتر لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و ڕەسەنایەتی جەماوەر مامەلە بکرێ باشترە؟ کێ لەوە دڵنیایە کە ئەم شێوازە نابێتە هەڕەشە بەسەر شۆڕشەوە؟ خۆ ئەگەر پێویست بە دیموکراسیەتی کرێکاری دەکرێ، واتا ڕێگەدان بە گەرانەوەی مەنشەڤیەکان و شۆڕشگێرە کۆمەلاتیخوازەکان. زۆربەی ڕەخنەگرانی ستالین لە نێویاندا ترۆتسکی پێیان وابوو دەبێ گوتوبێژەکان دوور خرێنەوە، پێیان وابوو کاتی ئەوە نەهاتوە حالەتی گەمارۆ لە کۆمار هەلگرن ( ئەوان پێیان باش بوو تەنها لە نێو حزبدا هەلگیرێ).

بەڵام خۆ دەکرێ حزب وەکو دورگەیەکی ئازادی بێ لە نێو کۆمەڵگەیەک حوکمی لەسەر بکا، ئەگەر ڕاست بێ یا زولم، دەبێ لە ژێر حوکمێکی ستەمکار و دکتاتۆرانەدا بن؟ هەر چۆنێکی بێ لە بەرژەوەندی دەزگای دکتاتۆردایە خۆی بپارێزێ، ئەم بەرژەوەندیەش توانرا لەگەل بەرژەوەندیەکانی شۆڕش تێک بکاتەوە.

لەبەر ئەم هۆیانە ترۆتسکی شتێکی وای داوا نەکرد تەنها ئەوەنەبێ بە پێی ئەو چاکسازیانە جۆرێک لە لیبرالیزم لە دەزگا ئیداریەکانی سەرەوە پیادە بکرێ، تا ئەوکات زۆر ترسی لەوە هەبوو کە دژی سەرکردایەتی بگەڕێتەوە بۆ رای گشتی یا رای کۆمۆنیستەکان، بەلام هەستی بەو پێویستیەکرد کە دەبێ ئەم پرسە ئاشکەرا بکرێ، بۆیە بە فەرمی بڕیاری دا دژی سەرکردەکان ڕوو لە رای گشتی جەماوەر بکا ، ئەمەش بە ڕێگە پێدان لەلایەن خودی سەرکردەکانەوە بوو.

ترۆتسکی ئەگەر بە ڕاستی بێ یا بە نواندن توشی پێچەوانە بۆوە، ئەم مەبەستی بوو هاوسەنگیەک لە نێوان دکتاتۆریەت و ئازادی بدۆزێتەوە، پێی وابوو ڕێگەگرتن یا ڕێگە پێدان بە هەرکامیان دەبێ بە پێی دۆخەکان بێ، ئومێدی دەخواست تا بکرێ ڕژێم کەمتر ستەمکاری بکا و پشتگیری زیاتر لە بژاردەکانی هاولاتیان بکا ئەمەش پێشکەوتنی سۆسیالیزم و گەرانەوەی روسیایە بۆ پێگەی بەهێزی جارانی، پێی وابوو دەبێ شۆڕش دووبارە بگەڕێتەوە لای چینی گەنجان ئەم لەیەک جیابونەوەی شۆڕش و گەل دەبێ کۆتایی پێبێ، دەستەی سێ قۆلی و ستالین بەتایبەتی کەمتر ئومێدیان هەبوو.

لێرە دەست دەگرین بەسەر زۆربەی ناکۆکیەکانی نێوان ترۆتسکیزم و ستالینیزم، هەریەکەیان بانگخوازی ئەوە دەکەن کە بۆ ڕێبازی مارکس دلسۆزن، گومانیش لە گوتەی هیچکامیاندا نیە، چونکە پەیوەندی هەردوو باڵەکە بە مارکسیزم - لینینیزمەوە پەیوەندیەکی سروشتیە هەروەکو پەیوەندی کاسۆلیک و پرۆتستانت بە کریستیانەوە. لە هەردوو حاڵەتی کاسۆلیک و پرۆتستانت لەگەل ترۆتسکیزم و ستالینیزم باس لە بڕوای هاوبەش ناکەن ئەمەش نیشانەی ئەوەیە لە ڕوانگەی دوژمنایەتیەوە دەڕواننە بابەتەکە، گەشبینی شۆڕشگێری و هۆشداری ڕاستەقینەی ترۆتسکی سەرچاوەیان لە بڕوابوون بە چینی کرێکارەوە گرتووە کە پشتگیری دەسەڵات دەکات ئەگەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی سۆسیالیزمی گرتە بەر. ئەم بڕووابوونە لە فەلسەفەی مارکسدا هەیە، ستالینیش هیچ کاتێک بە ئاشکەرا دژ نیە، بەڵام سیاسەتەکانی ئەو بریتین لەوەی بڕوای بە جەماوەری سۆسیالیزم نییە، بە دیدێکی ڕەشبینانە ڕووی لە مرۆڤ و کۆمەڵگەیە، گەشبینی ڕاستەقینە ئەوەیە دواجار ئومێدەکانی لەسەر هەنگاونان بەرەو جەماوەر بنیاد بنێ تەنانەت ئەگەر لە حاڵەتێکی ڕەشبینیشدا بژی، بەڵام ڕەشبین بڕوای بە دەسەڵاتدار نیە تەنانەت ئەوانەی حوکمیشی دەکەن، کەسی کۆمۆنیست بەوشێوە مامەڵە لەگەل بڕواکانی دەکا وەکو ئەوەی لەسەر نوخبەیەک داخرابێ، پێی وایە چینی کرێکار بە ئاسانی ئەم ڕێبازەی پێ قەبوڵ ناکرێ ، ئەگەر بە زۆر بەسەریدا نەسەپێندرێ، هەریەک لە گەشبین و ڕەشبین بڕوایان وایە کە کۆمۆنیزم تاقە ڕێگەی چارەسەریە دژی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، بەڵام گەشبین بڕوای وایە ئەگەر کەسێک نەخۆش کەوت خۆی داوای دەرمان دەکا، کەچێ ڕەشبین بڕوای وایە کە دەبێ دەرمان بدرێتە نەخۆش ئەگەر ئارەزوشی لێ نەبێ، بەهەر حاڵ بەلکو ئەم وتانە هێشتا زوو بن بۆیان.

دوای چەند هەفتەیەک لە ڕاگەیاندنی فەرمی زینوڤییف Zinoviev بۆ وتووێژ و دیدار، ستالین لە کرسنایا و بریسنیا قسەی بۆ کۆمۆنیستەکانی ئەوێ کرد، ئەم دوو شوێنە ناوچەیەکی کرێکارین لە مۆسکۆ، باسی لە مانای ڕێگای نوێ کرد، بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە حزب لە حاڵەتێکی تێکهەلچوندایە پەیوەندیی بە حاڵەتی دەروونی جەماوەرەوە نەماوە، هۆکارەکەشی خستە ئەستۆی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی خۆجێیی کە بەکاری هەڵبژاردنەوە سەرقاڵ بوون ئاگایان لە پرسە گشتیەکان نەماوە، ئەمەش هەڵەی سەرکردایەتی بوو کە بە کاری دامەزراندن خەریک بوو، ئەگەر سەرکردایەتی هەڵەی هەبێ، لەوەوە بوە کە لە کاتی گونجاو هەستی بەم لاسەنگیە نەکردوە.، ستالین درێژە بە وتەکانی دەدا و دەڵێ:

ئێمە لە ١٩١٧ وا مەزندەمان دەکرد کە ئێمە کومون (حکومەتێکی شۆڕشگێری خۆجێیی) دادەمەزرێنین، ئێمە یەکێتی کارگەران دادەمەزرێنین و بەسەر بیروکراتیەتدا زاڵ دەبین و لەناوی دەبەین، ئەمە ئامانجمان بوو، بۆ ئەوەی دەوڵەت لە کارەسانی بیروکراتی ڕزگاربێ پێویستیمان بە پلەیەکی بەرزی شارستانێتی هەیە،

پێویستیمان بە دۆخێکی ئارام و ئاسایش هەیە لە دەورو بەرمان بۆ ئەوەی پێویستیمان بەم ژمارە زۆرەی کادری سەربازی نەبێ.. ئەم جۆرە کادرانەی پەنجە مۆریان بەسەر فەرمانگە حکومیەکانەوەیە، ئەم شەرانگێزیەی ئێستا دەکرێ لێی رزگار بین بەهۆی (رێگای نوێ)وە، بەلام حزب دەبێ وریا بێ لەو ئازادیەی دەبەخشێ.

دەبێ کۆمۆنیستەکان بگەرێنەوە هەلبژاردن بەلام ئەو کۆت و بەندانەی سەر هەلبژاردن دەمێننەوە، دەبێ ئازادی رادەبرین هەبێ بەلام سنورەکان نەبەزێنن، (دەرزیەکە لە دوایی دێ) ستالین درێژەی پێدەدا و دەلێ:

( هەندێک رەخنەگر پشت بە وتەکانی ترۆتسکی دەبەستن بۆ ئەوەی پشتیوانیان بکرێ، نازانم بە چ مافێک ئەمە دەکەن، من ترۆتسکی دەناسم (لێرە شێوازی وتەکانی بە ستایش دەربڕی) دەیناسم کە ئەو لەسەر ئەوە کۆکە و پێداگریی لێ دەکا کە حزب یانەی دیدار نیە دەبێ سیستەم و یاسایەک هەبێ بۆ کارکردن. بەم شێوە ستالین تێبینیەکی دایە ئامادەبوان کە ترۆتسکی لە پشت وتەکانیەوەیە و پشتگیری سیاسەتی ئەمانەتی گشتی دەکا، ئەگەر ناکۆکیەکانی نێوان ترۆتسکی و دەستەی سێ قۆلیەکەمان بە هەند وەرگرت ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە ستالین لەم وتانەی مەبەستی ئەوەبوو تا ترۆتسکی بخزێنێتە ناو گوتوبێژە ئاشکەراییەکان.

دوای سێ رۆژ، لە ٥ی کانونی یەکەم ترۆتسکی نامەیەکی کراوەی بۆ کۆمۆنیستەکانی کرسنایا و بریسنیا نارد وەکو وەلام دانەوەیەک، لەم نامەیەیدا پشتگیری خۆی بۆ بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی راگەیاند و بە توندی هۆشداریی دایە ئەندامانی حزب ئەگەر فشار نەخەنە سەر ئەندامانی سەرکردایەتی ئەوا ئەم بڕیارانە وەکو مەرەکەبی سەر کاخەز دەبن، ( هەندێک سەرکردە کە مەیلی نیمچە ترادسیونالیان (کۆنەپارێز یا محافظ) هەیە (ناوی نەهێنان) ئارەزویان لەوەیە رۆلی حزب لەسەر حسابی رۆلی حکومەت زیاد بکرێ، لەسەر بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسیش هەمیشە هەلوێستی رەخنەگر وەردەگرن. ئەوان دەلێن کۆمیتەی ناوەندی خۆی بەرپرسیار کردوە بەرانبەر بە ئەرکێک کە لە دەرەوەی تواناکانیدایە. بڕیارەکانی ئەم دواییەش ئەنجامەکانی نەرێنی دەبن.) ئەمە تەنها دیدی ترۆتسکی نەبوو، پێی وابوو کاتەکە لەبارە بۆ ئەوەی حزب ئەو دەستپێشخەریە بکا لە پێناو ئەو کەسانەی قوربانیان بە حزب دا لە پێناو دەزگای حکومی.

( دەبێ حزب کارێکی وا بکا دەزگای حکومی لە ژێر فەرمانەکانیدا بێ) حزب دەبێ مافی رەخنە گرتن پیادە بکا نابێ بێباک و ترسی هەبێ، بەر لە هەموو شتێک دەبێ حزب خۆی لەو کەسانە پاککاتەوە کە لە یەکەم پرۆسەی رەخنە گرتندا ئارەزوی ئەوەیان دەبێ خۆیان لە ئەندامێتی حزب بکێشنەوە. دەبێ دەست بە (رێگای نوێ) بکرێ بۆئەوەی لە سەرەوە تا خوارەوە کەس زاتی ئەوە نەکا دەستدرێژی بکاتە سەر حزب.

دواتر ترۆتسکی روو لە گەنجەکان دەکا هۆشداری دەداتە حزب، وەکو ئەوەی بە پەنجەکانی ئاماژە بۆ ئەو سێ کەسە دەکا دەڵێ: ( پاسەوانی کۆنی بۆلشەڤی، پاسەوانی شۆرشی کۆن) کۆتایی هات، کەوتە چاڵی بیروکراتیەت، ئەمە ئەوکاتە روویدا کە بەسەری سەرکردەکانی سۆسیالیستی چاکسازی ئەوروپادا هات، دەکرێ ئەمە بەسەر بۆلشەڤیشدا بێت. لێرە جەماوەر هەستیان بە یەکەم سەرهەلدانی جیابونەوە کرد لە نێو مەکتەبی سیاسی.

دەستەی سێ قۆلیەکە ئەم بەرەنگار بوونەوەی قەبول کرد، زینوڤییف Zinoviev پێشنیاری کرد، هەر ئێستا ترۆتسکی دەستگیر بکرێ، ستالین ئەم پێشنیارەی قەبول نەبوو چونکە ئەو لە پێگەی ترۆتسکی شارەزابوو، سەیرە لەم قۆناغە و لە قۆناغەکانی داهاتوش ستالین لە نێو ئەو سێکەسە لە هەموویان میانڕەوتر بوو، رەخنەکانی لە ترۆتسکی لە رەخنەکانی زینوڤییف Zinoviev و کامنێڤ Kamenev نەرمتر بوون، ستالین لەوە بە ئاگا بوو کە لێدانی ترۆتسکی حزب دەهەژێنێ بۆیە رێگەی بۆ هەردوو زینوڤییف Zinoviev و کامنێڤ Kamenev والا کردبوو هێرش بکەنە سەر ترۆتسکی لەوەش دلنیا بوو بەم دەمەقاریەیان پێگەی هەرسێکیان لە نێو حزب لاواز دەبێ.

خۆی بە کاری جولاندنی حزب سەرقال کرد، ستالین زۆر حەزی بەوە بوو کۆنگرەی کۆمۆنیستەکانی جیهان سەرزەنشتی ئۆپۆزسیۆن بکەن، سەیر نیە ستالین لە ژیانی حزبایەتی بایەخی زۆری بە کاری تەکتیکی دەدا، کێشەکەی خستە بەردەم کۆنگرەی گشتی حزب. بۆ ئەم مەبەستە داوای سەرجەم لقە خۆجێییەکانی کرد کە نوێنەریان و ئەندامە کۆن و نوێکانی لەلایەن ئەمینداری گشتی دامەزراون هەموویان ئامادەبن، کۆنگرەیەکی لەم جۆرە هەردەبێ دەستەی سێقۆلی تیایدا باڵادەست بێ، لەم جۆرە کۆنگرەش ئەگەر ئیدانەی ترۆتسکی و ئۆپۆزسیۆن بکرێ کار لەسەر سەرجەم ئۆرگانەکانی حزب دەکا، بڕیاردرا کۆنگرە لە کانونی دووەمی ١٩٢٤ ببەسترێ.

لەم کاتەو بەتەواوەتی لە کۆتاییەکانی مانگی کانونی یەکەم ستالین دەست بە ململانێکانی دەکا بە پلە یەک لەگەل ئۆپۆزسیۆن و پلە دووش لەگەڵ ترۆتسکی، بیانۆکانی ستالین پر بوون لە هەڵە، بەلام کاریگەر بوون چونکە روالەتی بوون، ئایا ئۆپۆزسیۆن مەبەستیەتی ئەو بنەمانەی لینین دایڕشتون کە رێگە بە باڵ باڵێن و تەکەتول نادا هەلیان وەشێنێتەوە؟ بەڵێ یا نەخێر؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە ئۆپۆزسیۆن لە توانایدا نەبوو وەلامی بداتەوە، ترۆتسکی لەگەڵ خۆیدا لە هەلوێستێکی ناکۆکدا بوو: مەبەستی بوو ئەو بنەمایانە جێبەجێ بکرێن کە لینین خۆی دایڕشتون بەلام ئێستا بە هەلە بەکار دێن. ستالین پێداگریی لەسەر ئەم خالەدا گرت هێرشی کردە سەر ترۆتسکی، ترۆتسکی پاشەکشە دەکا و لە هەلوێستەکانی ڕاڕا دەبێ، پۆستەکانی یەک لە

دوای یەک لەدەست دەدا، هەول دەدا ئەو خاکەی ژێر پێی کە لێیان سەندۆتەوە وەری بگرێتەوە بەلام دوای چی؟ کات بەسەر چوو، لایەنگرانی پەرش و بلاو بوون.

+ + +

لەم دیدارە وەکو ئەوەی لینین لەسەر رایەخی مردن بێ، لینین پەرستی بوو، داوا دەکرا هەر یاسایەک یا رێنمایەک لینین بە نوسین یا بە زارەکی وتبێتی بکرێتە بڕیار و رێنمای حزب.

ئەو کاتەی بریوبراجنسکی وتی حزب خۆی لە گەراندنەوەی ئازادی دیالۆگ و گوتوبێژەکانی لینینیست دەپارێزێ کە سالەکانی ١٩٢٠ لە میانەی ناکۆکی بریست لیتفسک پیادە دەکرا، ستالین بەرپەرچی دەداتەوە و دەڵێ:

نەریتەکانی ئەوکات شایەنی ئەوە نین دووبارەیان کەینەوە و ریزیان لێ بگرین، دەپرسێ:

ئەرێ بریوبراجسنکی و هاوشێوەکانی نەبوون لە کۆمۆنیستە چەپەکان نەخشەیان دانابوو بۆ روخاندنی حکومەتەکەی لینین و بە حکومەتێکی لە رەنگی خۆیان بگۆڕنەوە؟

ئەمە خۆی راست بوو بەلام لەکاتی کێشەی برێست لیتۆڤسک Brest litovskکەس ئەمەی لەیاد نەبوو، ئەم جۆرە کارە پێویستی بە توانجە، چونکە کۆمۆنیستە چەپەکان و ئۆپۆزسیۆن بەشداریان لە پرۆسەی ئاشتی لەگەل ئەلمانیادا کردبوو، لەو کاتەی زۆرینەی کورسیەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەدەست ئەوانەوە بوو، دیارە ئاساییە لە نێو خۆیاندا رێککەون و بەدوای ئەو رێگایەدا بگەرێن کە چۆن دەتوانن دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن، لە کاتێکا لینین دژیان دەوەستایەوە، کاتێکیش کێشەی برێست لیتۆڤسک تەواو دەبێ لینین لاری نابی هاوکاریان بکا، بەلام ئێستا و ئەوەی لە ١٩٢٣ و ١٩١٨ن روویاندا کارێکی ناشیرن و ناپاکیە، ستالین داوایکرد حزب بەئاگا بێ لەوانەی مەبەستیانە دۆخەکان بۆ جاران بگەڕێننەوە.

سەرەڕای شەپۆلێک لە لینین پەرستی لەلایەن ترۆسیکیەوە، کەچی هەلوێستی هەر لاواز بوو، لەم رووەوە ترۆتسکی هۆشداری دەداتە حزب لە تێکچونی باری بۆلشەڤیە کۆنەکان ( لێرە ئاماژە بەخۆی دەدا) چونکە ئەوکاتەی ئەو دێتە ناو بۆلشەڤیەکان نزیکەی ٩٠% ی ئەندامانی لایەنگری دێنە ریز بۆلشەڤیەکان پێی وایە کە بۆلشەڤیە کۆنەکان خۆیانن، ستالین بە گالتەجاریەوە پێێ دەڵێ:

(دەبێ من ترۆتسکی لە ترۆتسکی بپارێزم)، بە دڵنیاییەوە و ئەو لە پاسەوانانی کۆن نەبوو کە خۆی لەم توێژە ئەژمار دەکا گوایە باری ئەوان خەراپ بووە، ستالین درێژەی دەداتێ و دەڵێ:

(تێکچونی دۆخی بۆلشەڤیە کۆنەکان هیچ بوونێکی نیە تەنها بیرکردنەوەیە لە خەیالی ترۆتسکیدا. بەڵێ راستە هەندێک ئەندامی حزب دەتوێنەوە بەلام ئەوانە ئەو ئەندامانەن کە هاتنە ریز بۆلشەڤیەکان و بە هۆی نامۆیی روحیەتیانەوە هەر بە بێگانە مانەوە ، ئەم توانجە پێویست بە روونکردنەوە ناکا.

ئەم دیدارە بە هەموو بەشەکانیەوە جگە لە ئامادەکاریەک بۆ کۆنگرە هیچی تر نەبوو، لەو ماوەیەدا ئەمانەتی گشتی خۆی تەرخان کرد بۆ بڵاوە پێکردنی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن، ترۆتسکی بەهۆی نەخۆشیی ئەوەندە چالاک نەبوو، پێیان وابوو راکۆفسکی زەروورە بۆ پەیوەندیەکانی دبلۆماسیی روسیا و بەریتانیا، بکرێتە نێردەی یەکێتی سۆڤیەت لە بەریتانیا بۆ ئەوەی پەیوەندی دبلۆماسیی هەردوو لا بەهێز بکرێت ، بۆ ئەم مەبەستە لە شوباتی ١٩٢٤ ئەو کارەی پێ دەستپێرن، هەروەها کریستنکی یان بە ئەرکێکی دبلۆماسی نارەد ئەلمانیا و یوفیان نارده چین، ئۆپۆزسیۆن ناتوانێ رەخنە لەم بڕیارانەی ئەمانەتی گشتی بگرێ چونکە بۆ بەرژەوەندی حزب سود لە تواناکانیان وەردەگیرێ.

ئەم دبلۆماتە تازە دامەزراوانەش بۆیان نەبوو دەست لە کاروباری ناوەخۆی حزب وەردەن، ئوکرانیا لە ژێر سەرکردایەتی راکسوفسکی ببوە قەلای ئۆپۆزسیۆن، بۆ چارەسەری و لەناو بردنی هێلانەی ئۆپۆزسیۆن ئەمانەتی گشتی لازار کاگانوڤیچ دەنێرنە ئەوێ، لە مۆسکۆش نوسین و وتارەکانی ترۆتسکی قەدەغەکران لە رۆژنامەکان بڵاو بکرێنەوە، هەموو ئەوانەی راو بۆچونی جیایان هەبوو حزب لێیان بەئاگا بوو، بەرپرسانی هەرێمەکان هیچ گومانێکیان لە دلسۆزی خۆیان بۆ دەستەی سێ قۆلی نەهێشتەوە، ئەمە ئەنجامەکانی پێشوەختی کۆنگرە بوون.

ستالین لە کۆنگرە زیاتر لە هەموو جارێک بۆچونەکانی بە خۆهەلکێشان دەربڕی:

( من جگە لەمە هیچیتر ناڵێم، بە سادەیی پێتان دەڵێم نە هیچ دیموکراتیەکی پێشکەوتوو نە هیچ دیموکراتیەکی کامل لە ئارادا نیە).

خەلکەکە خەریک بوو ئەمە لەبیر دەکەنەوە کە کار بۆ بنیادنانی دیموکراتی دەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەم بنیاد نانە لە چوارچیوەیەکی تەسکی حزبیشدابێ.

ئەو دۆخانەی کە دیموکراسیەت لە سایەتدا دەتوانرێ پیادە بکرێ و گەشە بکا ئەوەن کە پێشکەوتنی ئابوری و ئاشتی و ئارامی هەبێ ئەمانەش لای ئێمە بوونیان نیە، بێ ویژدانیە حزب بە بیروکرات تۆمەتبار بکرێ ئەگەر دیموکراتیش نەبێ، بەڕاستی ئەم پاساوانەی ستالین ناروون بوون، حزب دیموکرات نەبێ و بیروکراتیش نەبێ، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا هێزی پاساوی هەبوو چونکە ئەم بە وردی بۆ بابەتەکان دەچووو

بۆئەوەی بڕوا بە ئامادەبوان بێنێ، ستالین درێژە بە وتەکانی دەدا و شەش هەڵەی ترۆتسکی دەژمێرێ کە ئەنجامی داون:

١/ لە مەکتەبی سیاسی دەنگی بە بەڵێ دا بۆ ( ڕێگای نوێ) لە دەرەوەش ڕەخنە لە مەکتەبی سیاسی دەگرێ. خۆی لەسەرووی هاوڕێیان دەبینێ گوایە سۆپەرمانە.

٢/ ترۆتسکی ئامادە نیە بە ڕاشکاوی ڕایبگەیەنێ ئاخۆ لەگەل کۆمیتەی ناوەندی دایە یان ئۆپۆزسیۆنە.

٣/ ترۆتسکی ( باوکی بیروکراتیەت) حزبی لەسەر دەزگاکانی حزب کۆکردەوە لاوانیشی لەسەر حزب کۆکردەوە.

٤/ ترۆتسکی خۆی کردوە بە زمانحالی بورژوای بچوک لەکاتێکا ئەندامانی سەرکردەیە و بە ناوی پرۆلیتاریا دەدوێن.

٥/ ترۆتسکی گلەیی لە پەیڕەوی ناوەخۆی حزب کرد گوایە ئەو لە پشت ئەو دەستەگەریە نهێنیەدایە، لە کاتێکا مارکسیستەکان ئەوە دەزانن کە ئەم فرە بۆچونانە ڕەنگدانەوەی فرە چینیە .

دەبێ حزب یەک پارچە بێ حزبمان حزبێکی پۆلایینە دەبێ دەرگاکانی والا بکا بۆ ئەوەی دووسەد هەزار کرێکاری کارگەکان بێنە ریز حزب، بە هاتنی ئەم کرێکارانە گیانی پرۆلیتاری لەگەڵ خۆیان دێنن ئەمەش دەبێتە مایەی بەهێزبوون و زاڵ بوون بەسەر بورژوای بچوکدا.

٦/ دواجار ستالین بە ئاماژە دان بە ( پێشنیارێکی لینین لە کاتی کۆنگرەی دە) دۆخەکەی ورووژاند، برگەکە دەڵێ: کۆمیتەی ناوەندی حزب دەسەڵاتی ئەوەی دەبێ هەر ئەندامێک چالاکی بنوێنێ بۆ لەتکردنی حزب دەتوانێ لە ریز حزب دووری خاتەوە، هەر ئەوکات ستالین داوا لە ئەندامانی کۆنگرە دەکا ئەم برگەیە دووبارە بڕیاری لەسەر بدەن و بیخەنە ناو بڕیارەکانی کۆنگرەوە، بەکۆی دەنگ ڕەزامەندیان دا و ئیدانەی ئۆپۆزسیۆنیان کرد و بە (لادەرانی بورژوای بچوک لە لینینزم ) یان دایە ناسین.

+ + +

دوای سێ ڕۆژ واتە لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٢٤،لینین کۆچی دوایی دەکا، وێڕای دلتەنگی و بێ ئومێدی کە ساڵەکانی دوایی باڵی بەسەر ئەو خەلکەدا پۆشیبوو، هەموو بۆی گریان جگە لە هەندێک سەرکردە نەبێ، بەبێ حەز و ئارەزو لینین شوێنی خۆی لە دڵ و دەرونی جەماوەر کردبۆوە، ناوی بە پەیمانەکانی شۆڕشی مەزن بەسترابۆوە.

کۆمەڵگەی خەڵکە ئازادە یەکسانەکان، جەماوەر بە چاوی پڕ لە گریانەوە بەدوای وتەکانی لینیندا دەگەران: کێ شوێنی ئەو دەگرێتەوە لە دەولەت؟ سەرەڕای پیلانگێڕیەکانی ئەوکات هەموویان لەسەر ترۆتسکی کۆک بوون بەلام ترۆتسکی لە دوای تەرمی لینین نەبینرا، هەروەها لە کۆڕەکانی یادکردنەوەشی نەبینرا، ترۆتسکی بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی چۆتە قەوقاس، لە گەڕانەوەیدا نەیتوانی بە کاتی ناشتنی بگات، چونکە ستالین کاتێکی هەلەی پێ گوتبوو (بە گوتەی ترۆتسکی)، دەتوانین بلێین ئەم پاساوە لە سیاقی مێژوودا هیچ بەهایەکی نیە، بەلام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بە دوری ترۆتسکی دەستەی سێکەسیەکە خۆیان بەسەر دۆخەکاندا سەپاند، دیمەنەکان لەسەر ئەو سێکەسە بوون کە چۆن چۆنی بە ئەرکی بەڕێ کردنی تەرمی سەرۆکەکەیان هەلدەستن، ستالین سات بەسات ژیاننامەکەیمان پێ دەڵێ:

- ٢١ی کانونی دووەم ١٩٢٤... کاتژمێر ٦،٥٠ بەیانی لینین دەمرێ...٣٠،٩ ستالین و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەگەنە (گورکی).
- ٢٢ی کانونی دووەم...ستالین بەیاننامەیەک دەنوسێ ( بۆ سەرجەم کارگەرانی یەکێتی سۆڤیەت) نامەش بۆ سەرجەم لقەکانی حزب دەنێرێ لە هەرێمەکان، داوایان لێدەکا دەست بە بڕوا و ڕێنماکانی سەرۆکی کۆچکردویانەوە بگرن وخۆڕاگر بن.
- ٢٣ی کانونی دووەم ...کاتژمێر ٩،٠٠ بەیانی ستالین و سەرکردەکانیتر تەرمی لینین هەلدەگرن لە مالیەوە لە گۆرکی....کاتژمێر١٣،٣٠ستالین و هاوڕێیانی تەرمەکەی لە وێستگەی بافیلتسکەوە دەیبەنەوە مالی یەکێتی کرێکارانی مۆسکۆ، لەوێ تەرمەکە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ دەمێنێتەوە....کاتژمێر ١٠،١٨ ستالین بە پاسەوانی شەرەفەوە لەسەر تەرمەکەی دەوەستێ.
- ٢٥ی کانونی دووەم.. ستالین داوا لە حزب دەکا هەموو نوسین و یادەوەریەکانی لینین لە ئەنستیتۆیەک بپارێزن کە بۆ ئەم مەبەستە دادەمەزرێ.
- ٢٦ی کانونی دووەم...کاتژمێر ٢٤،٨لە کۆنگرەی گشتیی سۆڤیەت ستالین سوێندی دلسۆزی بۆ لینین دەخوا.

- ٢٧ی کانونی دووەم...کاتژمێر ٨،٠٠ ستالین جێگەی تایبەتی خۆی لە نێو پاسەوانی شەرەف لەسەر تەرمەکە دەگرێ....کاتژمێر ٣٠،٨ ستالین لە سەروی تەرمەکە دەوەستێ...کاتژمێر٩،٠٠ ستالین و ئەوانیتر تەرمەکە بەرەو دەرەوەی یەکێتی کرێکاران هەلدەگرن.... کاتژمێر ١٦،٠٠ تەرمەکە دەگەیەندرێتە گۆڕەپانی سوور،ستالین و ئەوانیتر تەرمەکە هەڵدەگرن بەرەوە ئارامگای داهاتوی.
- ٢٨ی کانونی دووەم ستالین لە کۆبونەوەیەکی یادەوەریدا قسەدەکا.

ئەم ئاهەنگ و مەراسیمانە بەدەر بوون لە حەزو رەفتارەکانی لینین، حەزی بە دیکۆر نیشاندان و خۆ دەرخستن نەبوو، ئەم ئاهەنگانە بۆبزواندی هەستی خەلک ئامادە کرابوون ، هەروەها لینین ئارەزوی لەو کارە نەبوو کە پەیکەریان لە مەیدانی سوور بۆی دانا، بێ رەزامەندی هاوسەر و هزرمەندە بۆلشەڤیەکان کرا.

سەبارەت بە هەزاران جوتیار کە شۆرش هەستی ئاینی کپ کردبوو، ئارامگەی لینین بۆ ئەوان ببوە مەزارگە، کاتێک ئاینی کریستی لە ولاتێکی بت پەرستانە بلاو دەبێتەوە ئەوانەی دێنە ناو ئەو ئاینە هەندێک بروای بت پەرستی لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، ئێستاش جوتیارە کریستیەکان هەمان شێوە لەگەل مارکسیزم بەکار دێنن ئەمە ئەنجامی هزری ئەوروپییە. بۆیە پەیکەر و رێورەسمی ناشتن بەم شێوە دەبێ بە ئاسایی وەریگرین، مایەی سەرسوڕ مان نیە مارکسیزم وەکو هەموو بڕواکانی تر بەدەر نابێ لە لادانو زیادەرۆییەکان، ئێستاش کە هزرو رێبازەکانی مارکس لە خاکی روسیا رەگی داکوتی، بەسەر هزری زۆرینەدا زاڵ دەبێ، ئەو فکرە مارکسیزمەی بێگەردە تەنها لای شۆرشگێرەکان دەست دەکەوێ، بێگەردی لە هزر نامێنێ، ئەم کارانە ژێر بەژێر و بەنهێنی و لەسەرەخۆ ئەنجام دەدران، تا ئەوکاتەی قەدەری مردن دەگات و باری قورسی مارکسیزم دەمێنێتەوە.

بەلکو ئاسایی بێ ستالین کە سالە بەراییەکانی ژیانی لە مەدرەسەی رۆم ئەرسەدۆکس بردۆتە سەر، ببێتە یەکەم نمایندەی گۆڕانکاری، ئەو سوێندەی بۆ لینینی خوارد ئەوە دەسەلمێنێ کە تا ئەمرۆ لەسەر هەمان حالەتی ئیبرکردنەوە و بڕواداری دەژی، ئەوەتا بەیاننامەی کۆمۆنیزمی تێکەلاو بوو لە گەل کتێبی سەلاواتی ئەرسەدۆکسی، هەروەها تێکهەڵکێشیەکی لە نێوان وشە و دەستەواژەکانی مارکسیزم و وشەکانی سلاڤیی کۆن کردبوو، یەکەم بانگی شۆڕشی لە لاواندنەوەی ئاینی دەچووو:

(ئەی هاوڕێیان، ئێمەی کۆمۆنیست خاوەنی تایبەتمەندین، لە هەویرێکی سەیر دروست کراوین، هیچ پلە و پایەیەک لە ئەندامێتی ئەوحزبە بەرزتر نیە کە هاوڕێ لینین دایمەزراند و خۆی فەرماندەیەتی. کەس ناتوانێ ببێتە ئەندام لەم حزبە کەس ئازار و ئاستەنگەکانی ئەم حزبەی پێ هەڵناگیرێ، تەنها

نەوەی چینی کرێکار و هەژار و بێبەشەکان نەبن، ئەوان بەر لە هەموو کەسێک دەبێ ئەندامی ئەم حزبە بن.

کاتێک هاوڕێ لینین کۆچی کرد فەرمانی بە ئێمە داوە کە پلەی ئەندامی حزب بەرز و بێگەرد کەین، ئێمە پەیمان بەتۆ دەدەین ئەی هاوڕێ لینین کە فەرمانەکەت جێبەجێ بکەین.

کاتێک هاوڕێ لینین جێی هێشتین، فەرمانی پێداین کە یەکێتی ریزەکانی حزب بپارێزین هەروەکو بیبیلەی چاومان، ئێمە پەیمانت پێ دەدەین هاوڕێ لینین کە فەرمانەکانت بە شەرەفەوە جێبەجێ بکەین.

کاتێک هاوڕێ لینین جێی هێشتین، فەرمانی پێداین دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بپارێزین و بەهێزی کەین، ئێمە پەیمانت پێ دەدەین هاوڕێ لینین ئەوەی لە تواناماندا بێ لە هێز لە پێناو جێبەجی کردنی فەرمانەکانت سەرفکەین.

کاتێک هاوڕێ لینین جێی هێشتین، فەرمانی پێداین بە هەموو هێزێکمانەوە پشتگیری هاوپەیمانێتی کرێکار و جوتیاران بکەین، ئێمە پەیمانت پێدەدەین هاوڕێ لینین پەیامەکانت بە وردی جێبەجێ بکەین.

کاتێک هاوڕێ لینی ئێمەی جێهێشت، فەرمانی پێداین بڕوابوون بە ئەنتەرناسیونالی کۆمۆنیست بپارێزین، ئێمەش پەیمانت پێدەدەین ئەی هاوڕێ لینین بە روح و بەگیان قوربانی بدەین لە پێناو پاراستن و پشتگیری کردن لە هاوپەیمانی کرێکارانی دونیا- ئەنتەرناسیونالی کۆمۆنیست .

بەگوێرەی ئەو رووداوانەی بەم دواییەبێ کە لە نێوان لینین و ستالین روویاندا دەبێ ئەم وتانەی ستالین دوزمانیەکی سۆفیگەرایی بێ، بەلام ئەمە پرسەکە دەخاتە روو ئەو دلتەنگیەی ستالین بۆ مردنی لینین دەربڕی هیچ هەستێکی دلسۆزیی لەگەڵدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گومانیک نەبوو کە ستالین خۆی بە خوێندکاری لینین دەزانی لە ئەنجامی ئەو ماوە دوور و درێژەی بەیەکەوە لە بۆلشەڤی کاریان کردوە و لێی فێر بووە، نیوەی ئەو ماوەی کە شەش سالێک دەبوو ماوەیەکی سەخت و ئالۆز بوو، ئەو لە ژێر فەرمانی لینین لەو ماوەیە کاری کردوە، بۆیە دەپرسین ئەو ناکۆکیەی بەم دواییە دەتوانێ ئەو هەموو ماوە لەبیر باتەوە؟ ستالین پێێ وابووە ئەو ناکۆکیەی لەگەل لینیندا هەیبوو تەنها لەیەک تێنەگەیشتنێکی سوکە، بە رازی بوونێکی بچوکی لینین هەموو ناکۆکیەکان دەرەوێنەوە، گومانیشی لە پابەندیی بۆ رێبازی لینین نەبوو، پێێ وانەبوو کە وتە نیمچە ئاینی و سوێندخواردنەکەی دەبێتە گالتە پێکردن بە لینین.

ستالین وەکو خۆی لێی تێگەیشتبوو، لینینیزمی بۆ لاوانی کۆمۆنیست و خوێندکارانی زانکۆی سفردلوف ڕوونکردەوە، ئەوەی لەم باسەدا وەکو پێویست بکا تیشکی بخەینە سەر ئەوەبوو کە ئەم وتانەی هیچ باسێکی بە سود و مانا بەخش نەبوو، بەلام ئەو بابەتەی ئەو باسی لێوە کرد بریتی بوو لەو لایەنەی بیردۆزی سۆسیۆلۆژی ئەزمونی کە بنەمای بیردۆزەکەی لینین دەبێ، ستالین بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار ڕاڤەی کرد، ڕاڤەکەی بۆ ئەو کەسانە بوو کە لە تێگەیشتن و بابەتی سۆسیۆلۆژیدا خاوەنی ئەقلیەتێکی سوکن، ستالین بۆ هەر پاساوێکی لە پاساوەکان ئاماژەی بە وتەیەکی لینین دەدا، هەندێک جار ئەم وتانە لە دەرەوەی بابەتەکە بوون، هەندێک جاریش پەیوەندیان پێیەوە هەبوو هەندێک جاریش بە پێچەوانەی بابەتەکە بوون. بە هەمان شێوەی ئەو بیرمەندانە دەدوا کە لە سەدەکانی ناوەڕاست مەزندەکانیان بە وتەی ئاینی پشتراست دەکردەوە، کاتی خۆی لینین پاساوەکانی بە ئاماژەدان بە وتەکانی مارکس دەهێنایەوە، بەلام ستالین ئەم شێوازەی ئەوەندە تۆخ کردبۆوە تا ئاستی بێ نەزاکەتی، تا لە کۆتاییدا لە سەر شێوازی ئەرخەمیدس دەڵێ: ( برگەیەکی وتەکانی لینینم بدێ تا زەویت بۆ بجولێنم).

ئەوکات نە ستالین نە حزب زانیاریان لەسەر ئەو دەقە نەبووە کەزەوی چۆن لە ژێر پێکانی ئەمینداری گشتی- جێگرەوەی لینین دەجولێێ، دۆخەکان تا ئایار بەم شێوە دەمێننەوە، واتە دوای چوار مانگ لە مردنی لینین، کە وەسیەتنامەکە لە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بزاندرێ ئاخۆ لە کۆنگرە دەکرێ ئەم وەسیەتنامەیە بخوێندرێتەوە یان نا.

یەکێک لە شایەدحالەکان باسی ئەو ساتە وەختە دەکا و دەڵێ:

( دانیشتوەکان بە خوێندنەوەکە حەپەسان هەموویان لە شوێنی خۆیان سامیان گرت، ستالین لەسەر مینبەرەکەوە بچوک بچوک ببۆوە، من زۆر بە وردی سەیرم دەکرد، زۆر چاک دەیزانی هەرچەندە بتوانێ بەسەر خۆیدا زاڵ بێ چارەنوسی هەر بەم وەسیەتنامەوە بەستراوەتەوە، بۆیە زۆر بەبێ دەنگی و ئارامیەکی دەستکرد دانیشتبوو).

لەهەلومەرجێکی بەم جۆرە کە پیرۆزمەندی لینینی تێدابوو، ئەگەر وەسیەتنامەکەی بە هەند وەرنەگیرێ و پشتگوێ بخرێ ئەمە مانای ژێرپێ خستنی پیرۆزیەکانە، لەم کاتە ناسکەدا کە بۆ ستالین هەستیار دەبێ، زینوڤییف Zinoviev بەهانایەوە دێ و تێی هەڵدەقورتێنێ دەڵێ:

(هەر وشەیەک لە وشەکانی لینین بۆ ئێمە یاسایەکە..ئێمە پەیمانمان داوە کە فەرمایشتەکانی دەقاودەق جێبەجێ بکەین، ئێوەش چاک دەزانن کە ئێمە ئەم پەیمانە دەپارێزین، بەلام هاوڕێیان هەست

بە دڵخۆشیەک دەکەین کە دەبینین مەترسیەکانی لە سەر یەک بابەت لە شوێن خۆی نەبوو، مەبەستم بابەتی ئەمینداری گشتیە، ئێوە بینیتان لەم چەند مانگەی دواییدا چۆن هاوکاری یەکتری بوین لەگەڵ ئەمینداری گشتی، کەوایە ئیوەش لەگەڵمدان مەترسیەکانی لینین لە شوێن خۆیان نەبوون) دواتر کامنێڤ Kamenev پێشنیار دەکا ستالین وەکو ئەمینداری گشتی لە شوێن خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر ئەمە رووبدا ئەوا پێویست ناکا وەسیەتنامەکەی لینین بخەینە بەردەم کۆنگرەی حزب.

کرۆبسکایا رەخنەی لە ونکردنی وەسیەتنامەی هاوسەرەکەی گرت، ترۆتسکی ئەم دیمەنەی پێ نەشاز بوو بەلام ئەو لەو کەسانە نەبوو کە لە پێناو پۆست و پێگەیدا رەخنە بگرێ بۆیە لە بێزاری هەلوێستەکان بێدەنگی هەلبژارد، بەم شێوە پێشنیارەکەی زینوڤییف سەردەگرێ و وەسیەتنامەکە بنچاو دەکەن نابەنە بەردەم کۆنگرەی حزب، لە سەر ئەوە رێککەوتن کە لە جیات خستنە بەردەم کۆنگرە، نیشانی هەندێک لە ئەندامانی کۆنگرە بدرێ، ئەم بڕیارە بە واژۆی ٤٠ ئەندام و رەتکردنەوەی یانزە ئەندام بەڕێ کرا، ئیتر لەو کاتەوە ستالین دەست بە پێگەی بەهێزی خۆیەوە دەگرێ تا کۆتایی.

ئەوە یەکەم ئەزموونی دەستە سێ قۆلیەکە بوو کە سەرکەوتن بەدەست دێنێ، دیارە زینوڤییف و کامنێڤ Kamenev ترسی ئەوەیان لە ستالین نابێ بەقەدەر ئەو ترسەی لە ترۆتسکی هەیانە بۆیە بە دلنیاییەوە پشتگیریی لێ دەکەن، تا ئەوکات زینوڤییف Zinoviev کۆنترین ئەندام و خاوەن بەهێزترین پێگەی جەماوەری دەبێ، کامنێڤ Kamenev یش خاوەن هزرێکە لە سەروی ئاستی هاوڕێیانیەوەیە هەردووکیان بە چاوی یاریدەدەری ستالین لە خۆیان دەروانی، وێڕای ئەوەی هەردووکیان جاروبار گومانی ئەوەیان هەبوو کەساتیان بسڕێندرێتەوە بەلام گومانیان لەوە نەبوو ستالین لە هەولی ئەوەدابێ ببێتە تاقە شوێنگرەوەی لینین، ئەم گومانە لای حزبیش دروست نابێ.

وروژاندنی ئەم هەستە لەسەر ترۆتسکی ئاسان بوو، دەستەی سێ قۆلی بەم کارە هەلدەستن، لەناو حزب دەکەنە دەنگ و دۆڵ کە گومانیان لەوەیە ترۆتسکی ببێتە دانتونێکی تر، یا پۆناپەرتی شۆرشی روسی. ئەم ناوزراندنە بەردەوام دەبێ دواتر حزب لەسەر ئەوە راهاتبوو کە پەند لە شۆڕشی فرەنسی وەرگرێ، زۆرجار رایاندەگەیاند دەکرێ مێژوو دووبارە بێتەوە، حکومەتی دوو بەرێوەبەر (وەکو ئاماژەیەک بۆ حکومەتی دوو بەرێوەبەری فرەنسی Directory Cap.D کە لە ساڵی ١٧٩٥تا ١٧٩٩ حوکمی فرەنسای کرد) یا زەوتکارێکی تری حکومەت لە پشتەوەی شۆڕش سەرهەڵدا و دەست بەسەر حوکمدا بگرێ، پێیان وابووە کە زەوتکارە روسیەکەش لە هەمان شێوەی زەوتکارە فرەنسیەکە دەبێ، خاوەنی هۆشیاریەکی باش و ئەزمونێکی باش لە دەستگرتن بەسەر دەسەلاتا، بەم شێوە دەمامکی بۆناپەرتیان

بەسەر رووی ترۆتسکیدا کێشا، بەڵکو ئەم دەمامکە بۆ هەرکەسێک گونجاو بێ تەنها بۆ ستالین نەبێ، ئەمەش سەرچاوەی لە هێزەوە گرتووە.

ئەو نهێنیەی کە دەکرێ لە ژێر دۆخێکیتردا ببێتە تەگەرە بۆ کەسێک چاوی لە گەیشتن بە دەسەڵات بێ، ئەمان تایبەتمەندیی گرنگن بۆ ستالین، حزب لەسەر بنەمای گومان (لە تاکڕەوی بورژوا و خەبات لە پێناو کۆدا) پەروەردە بووە، هیچ فەرماندەیەکیش بەقەدەر ستالین پارێزبەندیی لە دژی تاکڕەوی نەبووە و کەسیش بەقەدەر ئەو دەربڕی کۆمەڵ نەبووە، ئەوەی تێبینی لە ئەمینداری گشتی دەکرا ئەوەبوو کە هیچ تایبەتمەندیەکی نەبوو، کەسایەتیەکی مامناوەندیی خاکی بوو هەموو کەسێک دەیتوانی بە ئاسانی پێی بگا، لەگەل ئەمەشدا ستالین بەو شێوە لە نێو حزب ژیاوە لە پەیوەندیی بەردەوام و بە سەبر و حەوسەلە بوە لەگەل هاولاتیان و ئەندامانی حزب، کەسێکی ئاسایی و سادە بووە، گەلێک جار دەبینرا لە ژێر پەیژەیێکا بە دیار جگەرە کێشانەوە بە تەنیا وەستاوە، ماوەی کاتژمێرێک بێ جولە بۆ گوێ گرتن لە سکالا یا پێشنیاری کەسێک دەوەستا، ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ستالین بوو، وەکو کەسێکی خۆپەرست نەدەبینرا، ئەو کەسەی هەلی چاوپێکەوتنی بۆ دەرەخسا و لەگەڵی دەدوا بە پەشۆکی رووبەڕووی نەدەبۆوە زۆر بە ئاسایی وتەکانی دەکرد بێ ئەوەی روخساری ماندوبوون یا ئالۆزیی پێوە دیاربێ.

دەڵێن ستالین لە کاتی قسە کردنەکان بۆچونی خۆی نەدەوت، بەلام سکرتێرەکەی دەڵێ : (با بڵێن ستالین بۆچونەکانی خۆی نەوتوە، ئەو متمانەی بەوە نەبووە کە لە هزرو بیری دابووە، زۆر کەم لەگەل دۆست و خزمانی بە بۆچونەکانی بەشداریی کردوە، ستالین خاوەن بەهرەی بێدەنگی بوو، کەسێکی تاک بوو لە ولاتێک کە هەموویان زۆر دەدوێن، ئەم کەمدوو بووە).

ژیانی ستالین لە سەرەوەی گومان و رەخنە بووە، باجانوف دەڵێ:

( ئەم سیاسەتمەدارە هیچ ناتەواویەکی نەبووە، ئەو حەزی لە پارە و پول و رابواردن نەبووە، حەزی نە لە وەرزش نەلە ژن نەبووە، ئەو جگە لە ژنەکەی خۆی هەستی نەکردوە هیچ ژنێکیتر لە دونیا هەبووبێ) ستالین لە ناوەڕاستی شەڕەکانی ناوەخۆ هاوسەرگیری دەکا، هاوسەرەکەی نادیجدا ئەلیلیوفا بە بیست ساڵ لە خۆی بچوکتر بوو، ئەلیلیوفا کچی ئەو کرێکارە بوو کە لە تەموزی ١٩١٧لینینی لە ماڵە کەی خۆی حەشاردابوو، دواتر دەبێتە یەکێک لە سکرتێرەکانی لینین و دەرواتە تساریتسین، لەوێ ئەو خۆشەویستیە لە نێوان ئەو و ستالین دروست دەبێ.



نادیجا ئالیلیوڤا و ستالین

ستالین خۆی و هاسەرەکەی لەو بەشە دەژیا لە کرملێن کە تایبەت بووە بە خزمەتگوزارەکان، نادیجدا ئەلیلیوفا ئەوکات لە یەکێک لە کۆلیژەکانی مۆسکۆی تەکنیکی دەیخوێند، سیمای سادەیی و کەم مەسرەفی بە ژیانی ئەمینداری گشتیەوە دیار بوو، بەو هۆیەوە بووە جێێ رەزامەندی ئەو حزبەی کە هەمیشە لە هزری ئەودا بو ستالین یەکەم میرنشینی گەندەلی لە کرملێن بەدی دەکا.

ستالین ئەوکات لە دیدی هاولاتیان دەبوایە کەسێکی بووردەیی نەبووایە، ئەو بە بەراورد لەگەل کامنێڤ Kamenev و زینوڤییف Zinoviev هێرشەکانی بۆ سەر رکابەرانی کەمتر توند بووە، گوتارەکانی وا نیشان دەدران کە کەسێکی دل نەرم و نیان و گەشبینە، کەسێکی لە خۆرازی بووە ئەم هەستەی لە نێو حزبدا سەری هەڵدابوو، لە نێو مەکتەبی سیاسیش ستالین راو بۆچونەکانی بەسەر هاورێیانیدا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نەدەسەپاند، لەسەر پرسە سیاسیە بالاکان لەگەڵ هاورێیانی دەکەوتە گوتوبێژ و راگۆرینەوە، لە دەنگدانەکان سەرەتا هەستی رادەگرت ئاخۆ بایەکە چۆن هەڵدەکا ئەوسا دەنگی بەلای زۆرینە دەدا، بۆیە هەمیشە لەگەڵ زۆرینەدابووە، بە دیدی جەماوەری حزبیش کەسێکی بێ نەفس و خاکی بووە، دلرەق و دڵ بە قین نەبووە، هەمیشە ئەو پەیامەی بە گوێگرەکانی داوە کاتێک لە دەرەوەی شورەی مەکتەبی سیاسی قسەی بکردبا. دەبا باسی هەندێک لە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بکەین بۆئەوەی بەشێک لە ژیانی ستالین بزانین (پیاوە باشەکە) :

( باجانوف دەنوسێ:

کاتێک یەکەم جار بەشداریم لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیدا کرد، ململانێکەی دەستەی سێ قۆڵی و ترۆتسکی لەوپەڕی گەرمی دابوو، ترۆتسکی یەکەم کەس دەبێ دێتە ژوورەوە، ئەوانیتر دواتر هاتن، نەخشەیان بۆ کۆبوونەوە دادەڕشت، زینوڤییف Zinoviev دووەم کەس دەبێ دێتە ژوورەوە بە تەنیشت ترۆتسکیدا تێدەپەڕێ هەردووکیان وا خۆیان نیشان دەدەن کە یەکتریان نەبینیوە، کە کامنێف Kamenev دێتە ژوورەوە ترۆتسکی بە ئاماژە سلاوی لێ دەکا، دواجار ستالین دێتە ژوورەوە دەچێتە نزیک ئەو مێزەی ترۆتسکی لەسەریەتی، سلاوی لێدەکا و زۆر بەگەرمی دەست دەخاتە نێو دەستی لەم دیو مێزەکەیەوە.

لە دانیشتنێکیتردا لە پایزی ١٩٢٣، یەکێک لە ئەندامانی دەستەی سێ قۆلیەکە داوا دەکا ستالین بکرێتە چاودێری کۆمیساری جەنگ کە تا ئەوکات ترۆتسکی سەرۆکی بووە، ترۆتسکی لەم داواکاریە تورە دەبێ و دەست لە کارکێشانەوەی خۆی لە هەموو پلەکانی حزب رادەگەیەنێ، داواش دەکا ڕێگەی بدەن بچێتە دەرەوە لە ئەڵمانیا بۆخۆی لێی دانیشێ، کە ئەو کات وا پێدەچووو ئەڵمانیا لەسەر لێواری شۆڕشێکی کۆمۆنیستی بێ، ئەمەش بۆئەوەی بەشداریی تێدا بکا. زینوڤییف Zinoviev وەڵامی دەداتەوە کە ئەویش هەمان شتی داوا کردوە، لێرە ستالین دەست دەخاتە نێوانیان سنورێک بۆ ئەم دیمەنە دادەنێ و دەڵێ بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادەین دەستبەرداری خزمەتەکانی دوو سەرکردەی وەکو ترۆتسکی و زینوڤییف Zinoviev بین).

ستالین بە پشتبەستن بە چاوەڕوانی، یاریەکی هێواشی دەکرد، ئۆپۆزسیۆن تا ئەوکات وەکو هێزێک مابۆوە هەر چەندە لە کۆنگرەی سێی حزب لە ئایاری ١٩٢٤ ئیدانەش کرابوون، دواتر ئاراستەکانی نێو ئینترناسیۆنالی کۆمۆنیستی دەبێ بە هەند وەرگیرێن، سەرکردەکانی حزبە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا لە پۆلۆنیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا بەسەر دوو هەڵوێستدا دابەش ببوون: یا دژی ئیدانەکردنی ترۆتسکی بوون یا لە هەوڵی ئاشتبونەوەی لایەنە ناکۆکەکاندا بوون، زینوڤییڤی پشتئەستور بە حزبی کۆمۆنیستی سەرکەوتوو خاوەن داستانی ئۆکتۆبەر و لە پەنای کۆمنترنەوە کە حزبی روسی بەهێزترین بەشداربوی بوو، هەوڵی زۆریدا ئەم دەنگانە کپ کاتەوە.

بۆ دەستەی سێ قۆلیەکە ئەو سەرکەوتنە بەس بوو کە توانیان ئیدانەکەی ئۆپۆزسیۆن لە کۆنگرەی پێنجی ئینترناسیۆنال کە لە تەموزی ١٩٢٤ لە مۆسکۆ گرێدرا، هەڵوەشێننەوە. ئەم کارەش دوای ئەوە

دەکرێ کە پۆست و پلەی ژمارەیەک لە سەرکردەکان لێیان دەستێندرێتەوە. تا ئەوکات ستالین بەسەر کارەکانی کۆمنترندا زاڵ بوو بەڵام ئێستا بانگی شاندی پۆلۆنی دەکا بۆ کۆنگرە و هەڕەشەیان لێ دەکا کە چیتر لایەنگری ترۆتسکی نەبن.

(دبیب) یەکێک بوو لە ناکۆکیەکانی نێوان دەستەی سێ قۆلی کە بەهۆیەوە ستالین بە هەستیاری مامەلە بکا، هەرچەندە تەمەنی یەکریزیان ساڵێکی بەسەر نەچوبوو واتە لە ١٩٢٥ هەریەکەیان گومان و ئیرەیی بەویتر دەکرد، کامنێڤ و زینوڤییڤ هەستیان بەوە دەکرد کە ستالین دەستی بەسەر دەزگای حکومی و حزبیدا گرتوە و لە خۆی بەولاوە رێگە بە کەسێکیتر نادا ئەو دەسەڵاتەی هەبێ، لە بەرانبەردا ستالین ئیرەیی بە هەردووکیان دەکرد بەوەی خاوەنی ئەو بڕوا پۆلاییینەن، یەکەم هێرشی ستالین بۆ سەر کامنێڤ دەست پێدەکا کەتا ئێستا ئیدانەی ترۆتسکیی نەکردوە، هەریەکەیان لەو بڕوایەدابوون کە دەستبەرداری هەریەکەیان لەو سێ کەسە دەبێتە مایەی دەست خستنە نێو دەستی ترۆتسکی لەدژی ئەوانیتر، بەڵام ئەمە نابێتە مایەی ئەوەی کامنێڤ و زینوڤییڤ لە هێرشەکانیان دژی ترۆتسکی کەم کەنەوە، هەرچەندە لەم دواییە لەیەک نزیک بوونەوەیەک لە نێوانیاندا هەبووە، ستالین ئەمانەی خستە نێو حساباتە تەکتیکیەکانی و بەمەش سەلماندی لە رووی تەکتیکیەوە لەوان بەهێزترە.

دواجار ستالین لە چاوەڕوانی ئەوەدابوو دۆستەکانی بخاتە تەپکەی هەلەوە، ترۆتسکی وێڕای ئەقلیەتە ئەوروپیەکەی بەلام پیرۆزی و پەرستنی لینینی قەبول بوو، جلەکانی خوێندکارانی لینین لەوە تەسکتر بوون بە جەستەی ترۆتسکی بشێ، بەهەرحال، دەروێش گەراییەکەی لینین ئەوەندە توند بوو هی ئەوە نەبوو حزب گوێ بۆ داواکاریەکانی را نەگرێ، بەم شێوە ترۆتسکی بە لاوازی رووبەڕووی بەرەیەکی جەنگ بۆوە، دەستەی سێ قۆلی بە دەستەواژە و وتەکانی لینین هێرشی توندیان کردە سەری، هێرشەکانیان زیاتر چڕ کردنەوە بە رەخنەکانی ترۆتسکی کە بەر لە دوانزە یا پانزە سال لە لینینی گرتوە، ئەم رەخنانە شێوەی ترۆتسکیی تێکشکاند لەبەر چاوی لایەنگرانی لینینی خستن، کە چۆن ترۆتسکی رەخنە لە لینین دەگرێ و لە ١٩٠٣ لێی جیا دەبێتەوە تا گوتوبێژەکانی برست لیتوڤسک و یەکێتی کرێکاران، هەموویان لە بیری لاواندا مابونەوە، کەواتە بە دیدی دۆگمائیی لینینیزم بێ ئێستا ترۆتسکی لە هەلوێستێکی تۆمەتبارکراو دایە.

رەت کردنەوەی ترۆتسکی بۆ ئەم تۆمەتانە ناچاردەکا روو لە رای گشتیی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیست بکا، بەلام ئەمە ئەو کارەبوو کە ستالین لێی دڵنیایە ترۆتسکی ئەنجامی نادا.

ئیتر ئەوکات هەندێک مەبەستی گلاو لە دەرەوەی حزب تێکەلاوی ئۆپۆزسیۆن دەبن، کاتێکیش دەسەڵاتدارەکان ئاراستەی هێرشەکانیان لەسەر ترۆتسکی چڕدەکەنەوە دەبێتە بیانویەک بۆ پێشوازی کردنی ترۆتسکی لەلایەن کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان و میسالی و مەنشەڤی و دژە بەرنامەکەی (نیب)و هەموو ئەوانەی دژی شۆڕش بوون یا خواستی هەر گۆڕانکاریەک بوون لە دەسەڵات. هۆکاری ئەوەی ترۆتسکی پشتی بەو گروپانە نەبەست دەکرێ بڵێین بێ بڕوایی و ترسنۆکی بوو، ئەو لە توانایدا نەبوو دەستبەرداری دژایەتی دەستەی سێ قۆلی بێ کە خۆیان بەسەر حزبدا سەپاندبوو، بەم شێوە هەر هەنگاوێکی بهاویشتایە نیشانەیەکی لاوازی لێ بەدەر دەکەوت.

لێرە ئەو گرێ کوێرەی دوانزە تا سیانزە سال بوو گیری خواردبوو ئالۆزتر دەبێ تەنها لە رێگەی لەناوبردن و دادگاییە خوێناویە کانەوە یەکلایی بکرێتەوە، مەزنترین نیشانەی تێگەیشتنمان لەو دادگاییانە بریتی بوون لە کۆنگرەی ئایاری ١٩٢٤ کە ترۆتسکی رووبەڕووی دەستەیەک لە ئەمینداره گشتیەکانی حزب بۆوە کە لەسەر لێواری خۆڕادەست کردن و هەلکردنی ئالای سپیدا بوون بۆئەوەی دەستبەرداری ئۆپۆزسیۆن بن. هەریەک لە کروبسکایا و راداک هانی لایەنە ناکۆکەکانیان دەدا بۆ ئەوەی چاوپۆشی لە کێشەکانیان بکەن و دۆخەکە ئارام کەنەوە، بەڵام زینوڤییف رازی نەدەبوو، داوای دەکرد ترۆتسکی چۆن دەست بەرداری کارەکانی بووە ئاوەهاش دەستبەرداری هزر و بیرەکانی بێت و دان بەهەڵەکانیدا بنێت، ئەمە یەکەمین جارە لە ژیانی بۆلشەڤی ئەندامێک تاوانبار بکەیت بە تاوانی ویژدانیی شاراوە، ئەمە تەنها تۆمەتێکی تیولوژیە و هیچیتر نیە، بەڵام مەبەستەکانی تیولوژی نەبوون مەبەستی تەکتیکیی بەدواوە بوو، ئەگەر ترۆتسکی رووبەڕووی سیستەمی حزب بێتەوە و رەخنە لە خۆی نەگرێ ئەوا دەبێتە دوژمنە بەتواناکەی دەستەی سێ قۆڵی، بۆیە زینوڤییف ئەم مەرجەی خستە پاڵ مەرجکانی تری خۆرادەست کردنەوە و داننان بەهەلەکانی خۆی، لەم کێشە ستالین وا خۆی نیشاندا کە لەدەرەوەی یاریەکەیە، مەرجی ئەو تەنها وازهێنانی ترۆتسکی بوو لە هێرشەکانی، چەندین جار دەستی بۆ ناحەزەکەی درێژ دەکا.

وەڵامی ترۆتسکی بۆ داواکانی زینوڤییف زۆر ئازار بەخش بوو، بۆ هەریەک لە زینوڤییف و کامنێف و بۆ ترۆتسکیش بە هەمان شێوە و زیاتریش، ترۆتسکی دەڵێ:

( لە شیکردنەوەکانی ئەم دواییەیدا حزب لەسەر هەق بوو، حزب ئەو ئامرازە مێژووییەیە کە پرۆلیتاریا کێشە بنەرەتیەکانی پێ چارەسەر دەکا، من پێشتریش وتومە لەوە ئاسانتر نیە کەسێک لە ئێمە لەبەردەم حزب دان بە هەلەکانی خۆیدا بنێ، لەوە ئاسانتر نیە بڵێ، رەخنەکانم، پێشنیارەکانم، لێدوانەکانم،

هۆشداریەکانم، هەموویان هەڵە بوون. بەڵام من ئەی هاوڕێیان ناتوانم ئەمە بڵێم چونکە لە هیچیان هەڵە نەبووم، من دەزانم کە نابێ یەک کەسمان لە بەرانبەر حزب و دژی حزب لەسەر هەق بێ، من ئەوە دەزانم کە دەکرێ یەکێکمان لەگەڵ حزب و لە میانی حزبدا لەسەر هەق بێ، چونکە مێژوو جگە لە ڕێچکەی هەق هیچیتر ناگریتە بەر، ئینگلیزەکان دەڵێن: (لەسەر هەق یا لەسەر چەوتی- نیشتمانمە)، لای خۆشمانەوە دەتوانین بڵێین (لەسەر هەق یا لەسەر چەوتی- حزبمە).

وتەی سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ وتەی ئینگلیز لە یەکچونێکی کەمی هەبوو، هی ئینگلیز لە کەسێکەوە دەرچووە لە خۆبایی و فشەکەر لە سەدەی ناوەراست، لەبەر خۆبایی بوون هیچ کەسێک نابینێ جگە لە کەلیسا، ستالین گاڵتەی بە وتەکەی ترۆتسکی کرد وتی:

حزب کەس لە هەڵە ناپارێزێ.

+ + +

لە پایزی هەمان ساڵدا داوای روبەروبونەوەی ئەدەبی (دیبێت)ی لێ کرد، ئەمەش قۆناغی دووەمی ناکۆکیەکە دەبێ.

ترۆتسکی دیبەیتی بە کتێبەکەی خۆی دەست پێکرد بە ناوی (وانەکانی ئۆکتۆبەر) باسەکان هیچ پەیوەندیەکی بە کێشەکانەوە نەبوو، لە بابەتەکە دەرچوبوو، کتێبەکە توێژینەوەیەکی میکانیکیی شۆرشی ئۆکتۆبەر و رۆڵی سەرکردەکان بوو، پاساوی بۆ هێنانە پێشەوەی ئەو کتێبە ئەوەبوو (حالەتی شۆڕشگێڕی) دەرفەتێکی خلیسکاویە ئەو حزبەی مەبەستیەتی یا کاری بۆ دەکا لەدەستی دەدا، راستە کە مرۆڤ ناتوانێ کاتی هەلگیرساندنی شۆڕش هەلبژێر، چونکە لە ئەنجامی تێکهەلچونی رژێمی کۆن و نوێ دروست دەبێ، بەڵام کاتێک ئەم تێکهەڵچونە دەگاتە قۆناغەکانی کۆتایی ئەوسا رۆڵی فاکتەری خود دێتە گۆڕێ، رۆلی سەرکردە، دۆخی شۆرشگێری دینامێکی، ئەم حالەتانە لە دابەزین و سەرکەوتن دان راوەستانیان بۆ نیە، ململانێی چینایەتی لە شەرێکی وەستاوەوە دەچێتە قۆناغێ شەرێکی گواستراو و بگۆڕ، لێرە هەموو شتێک لەسەر دەست پێشخەری و بڕیارەکانی دەستەی ستونی شۆڕش دەوەستێ، تەنانەت هەندێک حزبی مەزنیش لەم حالەتانەدا توشی ئالۆزی دەبن، باڵی راستی لە بیرکردنەوەی دروست سەرناکەوێ هەرەس دێنێ، لەسەر بنەمای ستارتیژی گونجاوی حالی حازر رەفتار دەکا، بەم رەفتارە ستاریژ دەدۆرێنێ کار لەسەر پرسە هەنوکەییەکان و قۆناغی حالی حازر دەکا، بەم رەفتارە دەرفەتی مێژوویی لەدست دەچن، ترۆتسکی بەم شێوە بیردۆزەکەی شی دەکاتەوە بەڵام ئەزمونوی ١٩١٧

ی لە بیردەچێت و پاز دەداتە سەر ناکۆکیەکانی نێوان زینوڤییف و کامنێف کە لە سەرەتای راپەڕینی ئۆکتۆبەر لەگەڵ لینیندا هەیانبوو.

کتێبەکەی ترۆتسکی وا نیشانی دەدا کە توێژینەوەیەکە دوورە لە پرسی هەست و سۆز، بە شێوازێکی ئەکادیمی نوسرابێتەوە بەڵام دەبینین زۆربەی ئەندامانی حزب ئەوانەی لە دوای شۆڕش هاتنە ناو حزبەوە بە فاکتەری هەست و سۆزەوە بووە، لە گێڕانەوەکەیدا دەڵێ: رووداوەکانی ١٩١٧ گەمژەییەکی سۆزداری بوو.

ترۆتسکی کۆنترین ئەندامانی دەستەی سێ قۆڵی (زینوڤییف و کامنێف) وەکو زمانحالی باڵی راستڕەو و شکست پێهێنەری شۆرشەکانی ناساند، ( بە وتەی لینین بێ). ترۆتسکی لە پێشەکی کتێبەکەیدا بیردۆزەکەی خۆی لەگەڵ دۆخی ناهەمواری بۆلشەڤیەکانی ١٩١٧ بە کۆمۆنیستە ئەڵمانیەکان بەراورد پێکردوە کە لە ١٩٢٣ ئەوکاتەی لە ئەنجامی داگیر کردنی رور لەلایەن فەرەنساوە ئەڵمانیاش لەو پەڕی خرۆشی دادەبێ. دەڵێ ئەوکات ئەڵمانیا بۆ شۆڕشی پرۆلیتاریا پێگەیشتبوو بەڵام شۆڕشگێڕەکان ئەو دەرفەتیان لەدەستدا چونکە گوێڕایەڵی کەسانێکی نەفامی هاو شێوەی زینۆڤییف و کامنێف بوون لە ١٩١٧ ، هێرشی ترۆتسکی ئاراستەی سەرکردە کۆمۆنیستیەکانی ئەڵمانی بوو بەلام لە راستیشدا دەستەی سێ قۆلیەکەی مەبەست بوو بەتایبەتیش زینوڤییف کە سیاسەتی لقی ئەڵمانیا کۆمترنی دارشتبوو. چونکە خۆی سەرۆکی کۆمنترن بوو.

دەستەی سێ قۆلی لە هەولی هێورکردنەوەی ناکۆکیەکاندا بوون و کاریان لەسەر کاڵ کردنەوەی تورەیی و وتەی زبر دەکرد لەگەل کەمکردنەوەی رۆلی ترۆتسکی لە ١٩١٧ ، ئەمە ئەلقەی یەکەمی گێرانەوەکانی سەربوردەی شۆڕش بوون کە دواتر لە ئەنجامی زۆری گێرانەوەکان و سەرچاوەکان راستیەکان ون دەبن، هەروەها ئەو سیما ناشیرنەی ترۆتسکی بە لینین و لایەنگرانیەوە نوساندبوو بەر لە ١٩١٧ دەسرێتەوە و لە ئەرشفەکانیش ئەوەی چاپکراوە دووبارە بە پاکسازی چاپ دەکرێنەوە. خەلک لەم دیمەنە نارازی دەبن داوا دەکەن هەول بدرێ بۆ دووبارە بنیاد نانەوەی حزب لەسەر بنەمایەکی پوخت، گەڵێک کەس وا مەزندەی دەکرد کە سەرکردەکان بەهۆی هەست نەکردنیان بە بەرپرسیارێتی نمایشێکی سەرسورهێنەر ئەنجام دەدن .

ستالین تاکەکەس دەبێ کە لە ئەنجامی ئەم دەمەقاریە جێگاکەی لەق نابی، بەڵام ترۆتسکی وێڕای دید و هەلوێستەکانی، پێیان وابوو باس کردنی رووداوەکانی ماوە بەسەر چوو، کۆنە بەباکردنە، دواتر کاتێک

ترۆتسکی بە یەکجار لە ئەنجامی باس کردنی هەلوێستەکانی زینوڤییف و کامنێف بریندار‌یان دەکا بەو هۆیەوە یەکگرتنیان پتەوتر دەبێ، ترۆتسکی ناتوانێ هیچ باسی ستالین بکا تەنها بە نهێنی ئاماژەی پێدەدا، ستالین ئەوەی ویستی لە پەنای پەردەکانەوە وتی و کردی.

ترۆتسکی بە نەزانینی خۆی هاوکاری ستالینی کرد لە هێرش کردنە سەر هەریەک لە زینوڤییف و کامنێف دیارە لەم حالەتانەشدا ئەمان پێویستیان بە شایەدنای ئەمینداری گشتی دەبێ بەمەش بەرژەوەندیەکان یەک دەخرێن، لە تشرینی دووەمی ١٩٢٤ ستالین لەسەر زینوڤییف و کامنێف شایەدنامە دەدا، دەڵێ: هەردووکیان لینینیست و بۆلشەڤیستی راست و دروست بوون ناکۆکیە کانیشیان لەگەڵ لینین کاتی بووە، ستالین خۆی بەر لە گەرانەوەی لینین بۆ روسیا لە ١٩١٧ هەڵەی دژی لینین کردبوو، بەڵام ئەو کات کێ لە حزب بوو ئەوەی ئێستا دێت ناکۆکیە کۆنەکان قالبرێژ دەکا مەبەستیەتی یاریان پێ بکا. ترۆتسکی رۆڵێکی تایبەتیی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەگێرابوو، بەڕاستی باش شەڕی دەکرد بەلام وەکو جێگری کۆمیتەی ناوەندی، هەر بەو بۆنەیەوە چەپرەوانی سۆسیالیستی شۆرشگێر کە دواتر لە شۆڕش هەڵگەڕانەوە ئەوانیش باش شەڕیان دەکرد، ئەوکات سەرۆکایەتی راپەڕین بەدەست حزبەوە بوو کە ترۆتسکی ئەندام نەبوو لێی، ئەمە جێدەستی ستالین بوو بە مێژووداهاتەوە، بەڵام ترۆتسکی وێنەیەکی ناشیرنی حزبی دەکێشا کە گوایە ئامێرێک بوو بەدەست لینین ئەو نەبووایە نەدەگەڕا، ئەم پێناسانە تەنانەت هاوسەری لینینیشی نیگەران کرد،ئیتر دیبەیتە کە کۆتایی دێ وستالین بەشێک لەو وتارانە بلاو دەکاتەوە کە لە ١٩١٧ نوسیبونی، دیبەیتەکە دێتەوە سەرباسی لێکۆڵینەوە لە پرسە گرنگەکان، ستالین بە وردی بیردۆزی سۆشیالیزمی شی دەکردەوە .

+ + +

بۆ یەکەم جار ستالین بۆچونەکانی لەسەر (سۆسیالیزم لە یەک ولات)، لە پایزی ١٩٢٤ بنیادنا، دوای ماوەیەک بڕوابوون بەم بیردۆزە دەبێتە سەنگی مەحەکی دلسۆزی بۆ حزب و دەوڵەت، لە دوای پانزە

سالی هەموو ئەوانەی لەم تاقیکردنەوە دەرناچن سزا دەدرێن، لەگەڵ ئەوەی ئەگەر پێشەکیی باباتەکانی ستالین بخوێنین، توشی سەرسامی دەبین کە بە شێوەیەکی گشتی باس لەم بابەتانە دەکا کە هیچ لە رکابەرانی ستالین نە ترۆتسکی نە زینوڤییف نە کامنێف ئاماژەیان بەم بابەتە نەداوە، ستالین خۆی لەسەر ئەم بابەتانە یەکلایی نەبێوە بۆچونەکانی جێگیر نەببون، ئەوەتا لە نامیلکەی بنەماکانی لینینیزم کە لە سەرەتای ١٩٢٤ بڵاوی کردۆتەوە، تیایدا پێداگری دەکاو دەڵێ:

سەرەڕای ئەوەی دەکرێ پرۆلیتاریا دەسەڵات بگرێتە دەست بەڵام ناتوانێ ئابوریەکی سۆسیالیزم لە یەک ولاتدا بنیاد بنێ ، ئەمە وشەکانی ستالینن:

(روخانی دەسەڵاتی بورژوا و بنیادنانی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا لە یەک ولاتێک، مانای ئەوە نیە سۆسیالیزم بە تەواوەتی مسۆگەر کرا. ئەرکی سەرەکیی سۆسیالیزم رێکخستنی بەرهەمی سۆسیالیزمە دەبێ ئەمە جێبەجێ بکرێ، ئایا ئەمە سەردەگرێ؟ سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە یەک ولات بەبێ یەکخستنی تواناکانی پرۆلیتاریا لە چەند ولاتێکی پێشکەوتوو؟ نەخێر ئەمە نابێ، هەولەکانی تەنیایی تەنها بۆ روخانی بورژوا دەکرێ، ئەمە ئەو ئەزمونەیە کە مێژوو سەلماندویەتی، بەڵام سەبارەت بە سەرکەوتنی یەکجارەکیی سۆسیالیزم بۆ رێکخستنی بەرهەمی سۆسیالیست، تواناکانی یەک ولات بە تەنها کافی نیە دەبێ تواناکانی پرۆلیتاریای چەند ولاتێک یەکبخرێن.

ستالین دوو بۆچونەکانی لە کتێبی (پرسەکانی لینینیزم) راست دەکاتەوە کە دوای ساڵێک دەینوسێ، چاپی یەکەمی لە بازار کێشایەوە، سەرەتا ستالین ئەوەندە بایەخی بەو بابەتە نەدەدا کە سیمای بیردۆزەکەی وەرگرتبوو (سۆسیالیزم لە یەک ولات) وا دیارە لە ئەنجامی گوزەر کردن ئەمەی بۆ ساغ دەبێتەوە و دەکەوێتە ئەو بڕوایە، پێ وابوو بەم ساغ بوونەوە کشوەرێکی نویی دۆزیوەتەوە.

ئامانجی سەرەکی ستالین ئیدانە کردنی ترۆتسکی بوو مەبەستی بوو ئەوەی بەسەردا بسەلمێنێ کە ترۆتسکی کەسێکی لینینیست نییە، دەستەی سێ قۆلی بەدوای رابردووی ترۆتسکیدا چونەوە، ئەو بیردۆزەیان دۆزیەوە کە بۆ ترۆتسکی دەگەڕێتەوە بە ناوی ( شۆرشی هەمیشەیی) کە ساڵی ١٩٠٥ دابنابوو، ئەم نوسینە دژی ئەو هەرای نایەوە ، لە میانی ئەو گوتوبێژانەدا دەبێ کە ستالین بیردۆزەکەی بە ناوی ( سۆسیالیزم لە یەک ولات) بۆ ساغ دەبێتەوە و دەکەوێتە بەردەستان، بە پێویستی دەزانین ئەو دوو بابەتە کورت کەینەوە و بیانخەینە بەردەست.

ترۆتسکی بیردۆزەکەی لە مارکس وەرگرتبوو بەسەر شۆڕشی روسیدا جێبەجێی دەکرد. بە دوو فاقی باسی لە (هەمیشەیی) شۆرش دەکرد، پێشبینی ئەوەی دەکرد کە رۆژگار شۆڕش لە دۆخێکی دژ بە دەرەبەگەوە (بورژوا) دەگۆرێت بۆ دۆخی دژ بە سەرمایەداری (سۆسیالیست) و بە پێچەوانەوەش، تا ئەو کات بیردۆزی مارکسیزم مەقبول بوو، ترۆتسکی جەختی دەکردەوە کە روسیا ولاتێکی دوا کەوتوە، ولاتێکی ئەوروپیی رۆژئاوای پێشکەوتوو نییە، یەکەم دەولەت دەبێ هەنگاو بەرەو سۆسیالیزم دەنێ، بەڵام روسیا بەتەنیا ناتوانێ ئەم هەنگاوە بنێ.

شۆڕش نابێ لە نێو سنوری نەتەوایەتی خۆی بخولێتەوە، دەبێ لە چوار چیوەی نەتەوایەتی دەرچێ بکەوێتە دۆخێکی ئینترناسیۆنالستی، ئەمە لایەنی دووەمی ( شۆڕشی هەمیشەییە).

لە ژێر کاریگەری روسیا ئەوروپای رۆژئاواش دەچێتە حالەێکی شۆڕشگێڕی. تەنها ئەوکات دەتوانین لەسەر بنەمای نێونەتەوایەتی سۆسیالیزم بنیاد بنێین، ترۆتسکی لە درێژەی بیانوکانیدا دەڵێ: پێشوەچونی رەگەزی مرۆڤ تەنها بەهۆی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە نیە کە بۆتە کێشە، بەڵکو بەهۆی بوونی دەولەتی نەتەویە، دوائەنجام ئەوەیە کە گۆڕانکاری شۆڕشگێری تەنها بە سەرتاسەری دونیاوە دەبێ، ببێتە دونیایەکی سۆسیالیستی. بەهەر حال بۆ ئەم بۆچونانە ئاماژەی دودڵی هەبوون، لە ١٩٠٦ ترۆتسکی دەپرسێ:

( ئەگەر شۆڕشی روسی لە بەزاندنی سنورەکانی بەرەو ئەوروپا شکستی هێنا چی دەبێ؟

وەلامەکەی وا دێتەوە:

(ئەوکات یا ئەوەتا شۆڕش دەکەوێتە ژێر چەپۆکی ئەوروپایەکی ترادسیونال (محافظ) یا دەچێتەوە ژێر باری روسیایەکی سەرەتایی لە رووی ئابوری و کەلتوریەوە).

بۆلشەڤیەکان هەروەکو مەنشەڤیەکان تا ١٩١٧ ئەم بیردۆزەی ترۆتسکیان رەت دەکردەوە، جارێک یان دوو جار لینین وێنەی دوارۆژی روسیای کێشابوو کە هیچ جیاوازیەکی لەگەل وێنە و دیدەکانی ترۆتسکیدا نەبوو، بەلام سیاسەتی لەسەر بنەمای گریمانە بوو کە ئەگەر شۆڕش لە روسیا لە چوار چیوەی سنوری ئامانجەکانیدا بمێنێتەوە کە دژی دەرەبەگە. ئەمە ئەو خالە بووە کە لینین لە (هەمیشە) پێی قەبول نەبووە. بەڵام ئەویش بڕوای وابوو کە شۆڕشی بورژوا لە روسیا رێگرە لەبەردەم شۆڕشی سۆسیالیزم لە ئەوروپای رۆژئاوا، تەنها ئەو کات روسیا دەتوانێ بەرەو سۆسیالیزم هەنگاو بنێ کە ولاتانی تری پێشکەوتوو هاوکار دەبن، لینین ئینترناسیۆنالستیی شۆڕشی رەت نەکردبۆوە بەلام ئەو پێی وابوو

تواناکانی روسیا بە تەنیا هی ئەوە نین بگاتە لێواری سۆسیالیزم بەر لەوەی ئەوروپای رۆژئاوا نەخرۆشێ. لینین رەخنەی لە ترۆتسکی گرت لەسەر ئەوەی چاوپۆشیی لە جوتیاران کردوە، چونکە کەس ناتوانێ بڕوا بەم گریمانە بکا ئەگەر ولاتێکی جوتیاری وەکو روسیا دەکرێ لە خۆیەوە لە شۆڕسی بورژواوە بۆ شۆرشی سۆسیالیزم بگۆردرێ، تەنها ئەگەر پابەند بوونی جوتیارەکان بە خاوەندارێتی زەوی لەبیر نەبرێتەوە.

لینین لە ١٩١٧ بۆچونەکانی دەگۆڕێ، رێبازی شۆڕشی هەمیشەیی دەگرێتە بەر، هەرچەندە لەسەر بنەمای دەستەواژەکانی جێبەجێی نەدەکرد، هەروابقوە شۆڕش هەنگاوەکان دەبرێ لە قۆناغی دژایەتی دەرەبەگەوە دەگۆردرێ بۆ قۆناغی دژایەتی سەرمایەداری، لینین خۆی و یاوەرانی بڕوایان وابوو، دواجار شۆڕش سنورەکانی روسیا دەبەزێنی. ئەوکات وەکو قەلایەکی گەمارۆدراو ولاتی خۆیان دەبینن، بەڵام ولاتێکی بە پەل و پۆ و بەهێز و خۆڕاگر، پێیان وابوو کە لەسەر بنەمای سۆسیالیزم پێشکەوتن و رێکخستنێکی باشی ئابوری لەسەر ئاستی ناوەخۆ بەخۆیانەوە دەبینن. لینین هەروەها ترۆتسکی ئاماژەیان بەوە داوە کە دەرفەتەکان لەبارن بۆ ئەزموونی سۆسیالیزم بۆیە هانی لایەنگرانیان دەدا بۆ ئەم ئەرکە، بەڵام لە بنەرەتدا لینین وەکو کۆمەڵگەیەکی جیهانی سەیری کۆمەڵگەی سۆسیالیزمی دەکرد.

بینیمان کە ستالین لە سەرەتای ١٩٢٤ بڕوای وابوو بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی کۆتایی سۆسیالیزم، رێکخستنی بەرهەمی سۆسیالیستی تواناکانی یەک دەولەت بەس نیە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو دەولەتە دەولەتێکی کشتوکاڵی بوو، بۆ ئەنجام دانی ئەمە دەبێ چەندین دەولەتی پێشکەوتوو دەست بخەنە نێو دەستی یەکتر، بەڵام ئێستا ستالین رایدەگەیەنێ کە تواناکانی روسیا بەسن بۆ رێکخستنێکی تەواوی ئابوری سۆسیالسیتی، باشتر ئەوەیە بلێێن ئابوری سۆسیالیزم ئابوریەکی بەزیادەوەیە، ئەمەش پێویستی بە پیشەسازیەکی پێشکەوتوو هەیە تا بتوانێ ژیانێکی خۆشگوزەر بۆ هاولاتیان دابین بکا. لێرە پرسیارێک سەر هەڵدەدا:

( چۆن روسیا بەو پیشەسازیە روخاوەیەوە، کە لە ئەنجامی شەڕ و کاولکاری وای بەسەرهات، دەتوانێ سۆسیالیزم ئەنجام بدا؟

ستالین ئاماژەی بە توانا زۆرەکانی روسیا دەدا و دەڵێ:

روسیا خاوەنی پانتاییەکی زۆر و کەرەستەی خاوی زۆرە، بە دیدی ئەو حکومەتی پرۆلیتاریا دەتوانێ پیشەسازی دابین کا و قەرز بە خەلک بدا بۆ بنیادنانی سۆسیالیزم، چونکە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکەی پشت بە توانا زۆرەکەی زۆرینەی گەل بەستوە لەوانە چینی جوتیار.

ئەم بەشەی هاوکێشە کە ستالین دایڕشتبوو لە هەموو بەشەکانی تری بنەرەتیتر بوو، ئەو بە شێوەیەکی سادە رایدەگەیەنێ کە خۆمان بەشی شۆڕشی روسی دەکەین. راستە ستالین پرسیاری زۆری وروژاندن، بەڵام ئەو نارەزاییەکانی تاقی نەکردبوونەوە کە دژی دەوەستانەوە، یەکێک لەوانە جوتیاران دژی لێسەندنەوەی زەویەکانن، ئەوان مولکداریێتی زەویەکان بە مافی خۆیان دەزانن و دەسبەرداربونی ئاسان نیە، ستالین رەخنەی لەو بۆچونە نەگرت کە گوایە سۆسیالیزم دەکرێ لە ولاتە ئەوروپیەکان لەسەر بنەمای پیشەسازیی پێشکەوتوو بنیاد بنرێ و روسیاش بە تەنیایی دەتوانێ پێیان بگا، رەخنەگرانی ستالین پێیان وابوو کە تەنها ئەوکاتە سۆسیالیزم بەسەر سەرمایەداری سەردەکەوێ ئەگەر ئاستی بژێوی خەلک و بەرهەمهێنان بگاتە ئاستێکی وا کە ولاتان لە ژێر سایەی سیستەمی سەرمایەداری پێی گەیشتون. لێرە رەخنەگران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئەگەر ئاستی بەرهەم هێنان و بژێوی خەلک لە ئاستی بەرهەمهێنان و بژێوی خەلکی ژێر سایەی رژێمە سەرمایەداریەکان نزمتر بوو ئەوسا سۆسیالیزم شکست دێنێ.

دواتر ستالین پێشبینی رەخنەگرانی تاقی نەکردەوە کە لە ئەنجامی ئابوریەکی قاتوقریدا جیاوازی چینایەتی دروست دەبێ ئەوکات ئابوری روسیا دادەبرێ.

بەدەر لەو کەلێنانەی لە هاوکێشەکانی ستالیندا هەبوون سیاسی و کاریگەر بوون. بەهەر حال هاوکێشەکانی ستالین ئەرێنی و پان و بەرین بوون:

لە تواناماندا دەبێ لەسەر پێکانمان بوەستین و بنیادنانی سۆسیالیزم تەواو کەین، ئەمە بۆ هاوکێشەکان لە رووی کردارەوە کاریگەر بوو، ئەو ئەلتەرناتیفێکی سوکی ترۆتسکی پێشکەش دەکا. ستالین لەبەر چەند هۆیەک بابەتەکانی بەم شێوە ئاسایی پێشکەش نەدەکردن بەلکو بە چەند پاساوێک دەیشاردەوە. یەکێک لەو پاساو و خۆ دزینەوانە دەڵێ:

سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە روسیا لە دۆخێکی ئەمیندا نابی لە کاتێکا دەوری بە چەند ولاتێکی سەرمایەدار دراوە کە هەڕەشەن لەسەری. سۆسیالیزم لە یەک ولاتدا ناتوانێ بەسەر بەرهەمە هەرزان

فرۆشەکاندا سەرکەوێ کە لە ولاتە سەرمایەدارەکان بەبەرهەم دەهێندرێت بەلکو دەبێ بە هێزی چەک سەرکەوێ.

ستالین ئاماژەی بە چەند سالێکی داهاتوو دا، کە چەندە مەترسیدارە لەبەرەدم روسیا، وەکو ئەوەی پاساوەکەی لاواز بکا.، ستالین درێژە بە وتەکانی دەدا بڕوا بوونی بە نزیکی شۆرشی جیهانی دەردەبڕێ، وێڕای بڕوا بوون بە وتەکانی بەڵام ئەو لە ناکۆکی بەردەوامدا دەبێ لە دەربڕینەکان.

ستالین بەم شێوە لە نیوەی یەکەمی بابەتەکەیدا توانابوونی خۆی دەردەبڕێ لە بەڕێوە بردنی شۆڕشی روسی، بەڵام لە نیوەی دووەمیدا رەتی دەکاتەوە.

سەیر و سەمەرەکانی ناکۆکی ئایدیۆلۆژی لەم ئاستە ناوەستێ، ستالین گەشە بە گوتوبێژەکان دەدا و لەسەر رەخنەگرانی دەکاتە ماڵ کە ئەوان بڕوایان بە توانای بنیادنانی سۆسیالیزم نییە لە روسیا، دواتر ئەم ناکۆکیانەی بە شێوەیەکی دەربڕی و کردیە ناکۆکی لە نێوان ئەوانەی بڕوایان بە هێزی سەرکەوتن هەیە لەگەل ئەوانەی بڕوایان پێی نیە و رەش بینن.

بابەتەکە بەم شێوە ئاسان نەبوو ئەو تۆمەتانەی ستالین خستیە پاڵ رەخنەگرانی بێبنەما بوون، ئەوان وتیان و دوپاتیشیان دەکردەوە کە دەکرێ و زەروریشە رێکخستنێکی ئابوریی روسی لەسەر بنەمایەکی سۆسیالیزم بنیاد بنرێ، بەتایبەتیش ترۆتسکی، لە کۆتایی شەڕی ناوەخۆوە لە مەکتەبی سیاسی دەستپێشخەریی بۆ بەڕێوەبردنێکی ئابوریی و نەخشەرێژکراو دەکرد، هەر ئەو بوو لەوکات زۆربەی هزر و بیرۆکەکانی خۆی بەرجەستەکردن کە بوونە بەرنامەی پێنج سالی.

زۆربەی ئەوانەی ئەم بابەتە دخوێننەوە لە مەبەستی توێژینەوەکە ناگەن، خوێنەر دەبینێ ئەگەر ئەم دیبەیتە لە تۆمەت و وشە هەلبەستراوەکان پاک کەیتەوە، هیچ ئاماژەیەک نامێنێ بۆ ئەو دۆخە نالەبارەی تیایدا دەژیان. ئەو خالەی گوتوبێژی لەسەر دەکرا خالە ناکۆکەکەی بینای سوسیالیزم نەبوو، پرسیار لەسەر( بینای سۆسیالیزم لە یەک ولات ) بوو ئاخۆ دەکرێ ئەنجام بدرێ یان نا؟

ئەگەر هاوشانی کەین لەگەل ئەوەی ئەوان کێشەیان لەسەر ئەوە نەبوو ئایا ئەم بینایە دەکرێ دروست بکرێ یا پێویستە دروست بکرێ، هەروەها لەسەر کەرەستەی بیناکەش کێشەیان نەبووە ئایا ئەم بینایە بانی بۆ دەگیرێ یان نا.

وەلامەکانی ستالین بە بەڵێ بوە و هی ناکۆکەکانی بە نەخێر، هەردوو لایەن لەسەر ئەوە کۆک بوونە کە تا ماوەیەکی دوور بانەکەی بۆی ناکرێ، هەردوو لایان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە قۆناغەکانی سۆسیالیزم تا ئەوکاتەی چینەکان نەتوێنەوە جێبەجێ ناکرێ، واتە تا نەوەیەک یا دوانی تر، هەروەها لەسەر ئەمەش کۆک بوون کە هێزی دژەشۆڕش دەکرێ لە هەر کاتێک ئەم بینایە تێک بدا، بەبەردەوامیش سێبەری شەڕیان لێ دیار بووە، دواجار ستالین پێێ وابووە بەهەمان شێوە ناکۆکەکان هاوڕابوون کە ئەو کێشەی دروستیان کردوە بەر لە گرتنی بانەکە کۆتایی دێ و ئاسەواری نامێنی، چونکە شۆڕش لە رۆژئاواوە دیواری ئەو گەمارۆیە دەروخێنێ کە دەوری روسیای داوە.

وا پێدەچێ ئەو پیاوانەی ئەم کێشەیان دروست کردوە، کێشەکە ناخەنە مەیدانی کارا، چارەسەریی بۆ کەسانی ئەکادمی دێڵنەوە ئەوان بە رێگەی خۆیاندا دەڕۆن، کەوابێ ئایا ئەم کێشانە هەموویان دیوارێکی لە دوکەڵ دروستکراو بوو کە بەیەکدادانی کەسەکانی لە پشت بشارێتەوە؟ هەردەبێ ململانێ تایبەتیەکان رۆڵی زۆری لە نانەوەی ئەم کێشانە بینیبێ، بەڵام ئەو مێژوو نوسەی هەموو شتێک بخاتە پال ئەم هۆکارەوە، توشی هەڵە دەبێ، دەبێ ئەمە شێ بکاتەوە بۆچی بیردۆزی(سۆسیالیزم لە یەک ولات) داهێنرا؟ لەتبوونی بۆلشەڤیەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە، ئەم بابەتە بۆچی بووە جێی سەرنجی بکوژی نەوەیەکی کاملی گەلی روسی؟ بۆچی ئەم بیردۆزە ئاراستەی گەلێکی مەزنی بۆ چارەگە سەدەیەک گۆری؟ زۆر کەس لێکدانەوەی تریان بۆ ئەم دەستەواژە هەیە، دەڵێن سۆسیالیزم لە یەک ولات بۆئەوە دانرا تا گومانی حکومەتە بێگانەکان هێور کاتەوە لەو چالاکیە تێکدەرانەی لە مۆسکۆوە ئاراستە دەکران. بەڵام ئەم لێکدانەوە زۆر دورە لەگەڵ واقعەکە، ئەوکاتەی ستالین ئەم بیردۆزەی دانا، ناوێکی نەناس بوو لەدەرەوەی روسیا کەسێک نەیدەناسی، لای ئەو گرنگ نەبوو ولاتە دراوسێکان بە لێدوانەکانی ئارام کاتەوە، لە لێدوانی کۆمۆنیستی لە ئەوروپا ترسی خستبوە نێو دڵێ ترادسیۆنالیست (محافظين) و حکومەتەکانیان.

لە پێناسە کردنی کێشەی نێوان دوو لایەنی ناو یەک حزبدا وەکو ئەو کێشەی ئێستا لە نێو دەستماندایە ناتوانین پێناسەیەکی دروستی بۆ بکەین، هەروەها ناتوانین رونکردنەوەش لەسەر پێداگری بە بنەماکانی بڕوای هاوبەش بدەین تەنها دەتوانین ئاماژە بەو گۆڕانکاریانە بدەین کە لێیان دروست دەبن ئەوانیش بە ئاسانی دەرناکەون، دەکرێ بچینە ناو تێگەیشتن لە ئەقلیەتی ئەو سەردەم کە مرۆڤەکان لێی دەژیان. ئەو جەماوەرەی گوێ لە لایەنە ناکۆکەکان دەگرێ، پێداگری کردنی لایەنەکان لەسەر بڕواکانیان هیچ کار ناکاتە سەر هەستەکانی .

ئەو بەشەی پراکتیکی لە بابەتەکەی ستالین، واتە بەشە گرنگ و دیارەکە ئەوەبوو کە پێی دەوترا، پێداگری لەسەرپشت بەستن تواناکنی خود لە شۆڕشی روسی بوو. ئەوەیتر هەمووی بۆ ئاشتەوایی بۆلشەڤی بوو هەندێکیان هیچ سودێکی هەر نەبوو، هەندێکیشیان مایەی شەرم و گاڵتە پێکردن بوو.

یەکێک لەو شتە سەیرانە ئەو پاساوە نوێیەی ستالین بوو بۆ پێداچونەوەی ریشەیی بە ئاراستەکانی هزری حزب، بەڵام لە راستیدا بە رێگایەکی شەرمنانە ئەنجام درا کە وا لێکدرایەوە درێژە پێدانە بە هزرە کۆنەکان، ئەم شێوازە لە زۆربەی حزبەکان نامۆ نییە. خوێنەر ناخەینە قوڵایی ئەم شەڕە هزریانە، ئەوەندە بەسە بڵێین ستالین هەموو هەولێکی دا تا هاوکێشەکەی بەرگێکی بڕوا و فکریی لەبەرکا کە جێماوەی لینین بێ.

راستیەک هەیە زۆر لە کێشەکانی بڕوایی گرنگترە، ئەویش ئەوەیە توێژێکی زۆری حزب، بەڵکو زۆرینەی لە ساڵەکانی حەوتەم و هەشتەمی شۆڕشدا هەستیان بە شاشی دەکرد، پێویستیان بە پێداچونەوەی ئایدیۆلۆژیاکان هەبوو، ئەم پێویستیە سۆزێک بوو لە ئەقلەوە نەبوو، هەر چەندە ئەوانەی ئەم هەستەیان هەبوو نیازی جیا بوونەوەیان نەبوو لە بۆلشەڤی.

هیچ حزبێک نیە چەندین ساڵ ( حەوت ساڵێک) دەسەڵات بگرێتە دەست بێ ئەوەی بە بۆچون و بەرنامەکانی خۆیدا نەچێتەوە، ئێستا بۆلشەڤیک لەسەر بەڕێوەبردنی ولاتێک راهاتوون کە سێیەکی روبەری دونیا پێک دێنێ، لە میانی ئەم بەڕێوە بردنەش وردە وردە بڕوایان زیاتر بەخۆ بوە و شارەزاییان پەیدا کردوە، ئێستا ئەو بڕواو هزرە حزبیانەی لە کاتی کاری رێکخستنی نهێنی کاریان پێدەکرد کەلکی ئێستا نایە و پێویست بە پێداچونەوە دەکا، ئێستا پێویستیان بە دروشم و هزری وایە کە متمانەیان بەخۆیان بێ، ئەوە ئەو ئەزموونەیە کە بیردۆزی سۆسیالیزم لە یەک ولات، پێیانی دابوو، ئەو بیردۆزە ئارامیی پێ بەخشین هەر بەهۆی ئەم بیردۆزەوە بوو پشتیان بە خۆیان بەست نەک بە دەورو بەر، لای ئەوان هەموو شتێک با بێ تەنها شەڕ نا، برسێتی هاولاتیان یا لێسەندنەوەی زەویەکانی جوتیاران و قەدەغەکردنی مولکدارێتیان و قات و قری، هیچ کامێک لەمانە مەترسی نین بۆ گەرانەوەی رژێمە کۆنەکەی جارانی روسیا.

ئەوکەسانەی بەم ناخۆشیانە خەلکیان دەترساند، وەکو ترۆتسکی، لە بەرانبە ردا زینوڤییف و کامنیف دڵی خەلکیان بە دەستکەوتەکانی حزب خۆش دەکرد.

لە ژێر ئەم ئاراستە دەرونیانەدا، کە تەنها دەسەڵاتدارەکانی گرتبۆوە، ڕەوتێک پەرە دەسەنێ: حزب و چینی کرێکار لەم چاوەڕوانیە بێزاربوون گوایە شۆرشی جیهانی هەلدەگیرسێ، ئەم هەواڵە ببوە نانی ڕۆژانەی بۆلشەڤی. ئەم ئومێدە لە ساڵەکانی ١٩١٧و ١٩١٨ و ١٩٢٠ خامۆش دەبێ بەڵام لە ١٩٢٣ لە کاتی خرۆشانی ئەڵمانیا دووبارە سەرهەڵدەدا و دەبوژێتەوە، بەڵام دووبارە حزب بێ ئومێد دەبێت.

چینی کرێکاری ئەوروپا خیانەتیان لەگەل ئێمە کرد، ئەوان گوێ لە سەرکردە سۆسیالیستە دیموکراسیەکانیان دەگرن و لەبەردەم سفرەی چەوری سەرمایەدارانیشدا دەلەرزن، ئەمە پەلار و توانجی زۆربەی کرێکارە بەسیاسیکراوەکان بوو کاتێک هەواڵەکان لە ڕۆژئاواوە دەگەیشتن، بە دڵنیاییەوە ئەو بیرکردنەوەی کە دەگوترا سەرەڕای ئەمە چارەنوسی حزبی کۆمۆنیستی روسی دەبێ بەو چاوە سەیر بکرێ کە بەندە بە سەرکەوتن یا ژێر کەوتنی حزبە کۆمنیستەکانی دەرەوەی روسیا، ئەم بیرکردنەوە ناکرێ لە بیردۆزەکەی ترۆتسکی ( شۆڕشی هەمیشەیی) جیا بکرێتەوە، بیرکردنەوەیەکی ترسناکە، هەروەها وتەیەکیتر هەبوو لەسەر روسیا دەگوترا (روسیای دواکەوتوو) و ئەوروپای (پێشکەوتوو) ئەمە بەڕاستی بریندار کردنی هەستی نەتەوایەتیە.

هەرچەندە گوتەبێژانی حزب ئەم وتانەیان بە پشتبەستن بە ئامار بلاو دەکردەوە تیایدا جیاوازیەکانی نێوان روسیای هەژار و ئەوروپای رازاوەیان دەست نیشان دەکرد بۆلشەڤیەکان پێیان خۆش بوو لەم جۆرە بیرکردنەوانە دوور کەونەوە، ستالین ئەمەی دەویست و کاری لەسەر دەکرد.

ستالین ئەمەی بۆ حزب وت:

( بە دڵنیاییەوە ئێمە ئومێد بۆ شۆڕشێکی جیهانی دەخوازین، ئێمە لە مەدرەسەی مارکسیزم دروست بووین، ئەوەش دەزانین کە ململانێکانی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ململانێیەکی جیهانیە. ئومێدیش دەکەین کە پرۆلیتاریای ڕۆژئاوا سەرکەوێ هەرکاتەی پێویستی بە ئێمە بوو ئامادەین هاوکاریان بکەین، ئێمە پابەندی ئەو هاوکاریەین، بەڵام (ئەم بەڵامە ئاماژەیەکی مەزن دەبەخشێ ( بەڵام ئەوەندە لە شۆڕشی جیهانی بە دڵە راوکێ مەبن ئەگەر نەختێکیش دوا بکەوێ، یا ئەگەر هەر روونەدا ئەوا ئێمە بە تەنیایی دەتوانین کۆمەڵگەکەمان بەرەو کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی ببەین و کۆمەڵگەیەکی بێ چینایەتی بنیاد بنێین.

دەبا ئێستا کار بۆ ئەم ئامانجە بکەین، ئەوانەی تۆمەتبارم دەکەن بە تۆباویستی و بیری تەسکی نەتەوایەتی، ئەوان یا سۆسیالیستی شۆرشگێری ترسنۆکن یا سەرەڕۆن، ئەوەی ئێمە کردمان لە پێناو

سۆسیالیزمدا زۆرترە لەوەی ولاتانی دەوروبەر بۆ سۆسیالیزم و پرۆلیتاریایان کردوە، ئەگەر بە تەنیا ئێمەیان لە مەیدان هێشتەوە لەگەڵ ئەوەی هەمانە لە موجیک (وردە جوتیار) دەتوانین ئەرکەکەمان بگەیەنینە سەر.

ئەگەر دەستەواژەکانی ناو بیردۆزەکەی ستالینمان دەرخستن بە دیالیکتە ساختەکەیەوە، ئەوا تەنها وتە بازاریەکە دەمێنێتەوە، بەڵام ستالین بە دانانی ئەم بیردۆزە، خۆی کرد بە دانەری ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی لەسەر شێوازی ئەمینداری گشتی، ئێستا ئەو بۆتە دانەری رێبازێکی تایبەتی کە ئەمە بۆ بۆلشەڤیە دێرینەکان شۆک بوو، لە کۆبونەوەیەکدا ستالین بەشداری لە گوتوبێژێکی هزری دەکا، هزروانی مارکسیستی کۆن ( ریازانوڤ) قسەی پێ دەبڕێ تێبینیی لەسەر نیوەی وتەکانی دەبێ، بە نیوە پێکەنینەوە دەڵێ ( بەسە کوبا بەسە، خۆت مەکە بە گالتەجار، هەمووما دەزانین گوتوبێژی هزری کاری تۆ نیە)

گالتە پێکردنی مارکسیستە کۆنەکان بە (سۆسیالیزم لە یەک ولات) نابێتە رێگر لە جێگیر کردنی ئەم بیردۆزە لە نێو بڕواکانی نەتەویدا، هەرچۆنێکی بێ فرتو فێلەکانی ستالین قورسایی خۆی هەبوو.

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڕواکان بکەین بە دوو بەشەوە:

١/ ئەو بڕوایانەی لە ئەنجامی لێکدانی ژمارەیەک لە هزری سیاسی دەردەچێ بۆ دوا رۆژێکی دوور.

٢/ لەگەل ئەو بڕوایانەی هیچ رەگ و ریشەیەکیان نیە و خاوەنی بنەمایەکی مکوم نین، تەنها ئاراستەیەکی هزری و سۆزی نەتەوین، هەرچەندە ئاسان نیە روون بکرێتەوە، بە دڵنیاییەوە بیردۆزەکەی ستالین سەر بە بڕواکانی دووەمە.

سیمای تراژیدیای کۆمەڵگەی روسی لە سالانی بیستەکان بوو، دواتر ئارام دەبێتەوە و سەقامگیر دەبێ بەڵام ئەم سەقامگیریە لە ئەنجامی کۆمەڵێک ئەزموون دێت، دوارۆژی هەر ولاتێک بە تایبەتی بەشێکی کەمی سەقامگیری تیا حەشاردراوە، لەگەڵ ئەوەشدا حەزیان لە ماوەی پشووی درێژ دەبێ کە ئەمەش مەبەستی سەرەکی سیاسەتی روسی بووە. ئەوەتا سۆسیالیزم لە یەک ولات سەر هەلدەدا، هەروەکو تا ساڵانی بیستەکان پەیمانی سەقامگیری دەدرا، لە بەرانبەریشدا بیردۆزەکەی ترۆتسکی ( شۆڕشی هەمیشەیی) رەشبین لە سەقامگیری و ئومێدی داهاتویەکی ئارامی نەبوو، هەمیشە هۆشداریی بە رۆژێکی ناسەقامگیر دەدا، هەرچەندە خۆی نەیدەزانی ئەم نائارامیە بە چ رێگایەک دەبێ.

ستالین بۆ پاساوەکانی راستەوخۆ دژی ترۆتسکی دەوەستێتەوە کە ترس دەخاتە دڵی بۆلشەڤیەکان، بەم هۆیەوە تۆمەتی سەرەڕۆیی دەداتە پاڵ ترۆتسکی، ئەم تۆمەتە بێبنەما بوو، ئەوەتا لە کاتە ناسکەکاندا لە ١٩٠٥و١٩١٧و١٩١٢٠ بینرا کە دیدەکانی لە هەموویان ستراتیژتر بوونە، هیچ هەست و مەیلێکی سەرەڕۆیی نەبووە، هەروەها هانی حزبەکەی خۆی نەداوە دژی ولاتێکی دراوسێ کودەتا ئەنجام بدا، ئەمانەش لەسەر ستالین جێبەجێ نابن، ترۆتسکی بڕوای وابوو کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا بە پشت بەستن بە هێزی ناوخۆی و ململانێی چینایەتی دەتوانێ خۆی رزگارکا، هاوکاریەکانی دەرەکیش رۆلی سانەوی دەبینن، بەڵام ستالین زۆر گومانی لەوەبوو کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا سەرکەوتن بەدەست بێنن، ئەم گومانەشی لە سالەکانی دوایی زیاتر دەبێ، بەهەر حال تۆمەتی سەرەڕۆیی بە دانەری بیردۆزی (شۆرشی هەمیشەیی) یەوە نوسا و ستالین ترۆتسکیی بە تیرۆر و ناشیرن کردنی لینین تۆمەتبار دەکا.

ئەم تۆمەتانە راست نەبوون بەتایبەت کە لە ستالینەوە هاتبوون، ترۆتسکی لە شەڕی ناوەخۆ درێغیی بە توندو تیژی نەدەکرد بەڵام حەزی لە توندو تیژی نەبووە و کەسێکی سەرەڕۆ و شەڕخواز و حەز لە خوێنرشتن نەبووە. سەرەڕای ئەوەی باسمان کرد و ئەو تۆمەتانەی لەم دۆخە پێیەوە هەلبەستران، کاریگەری زۆریان هەبوو، خەلکەکە پێیان وابوو ئەوەی ئەم تۆمەتانەی خستۆتە پاڵ ترۆتسکی کەسێکی ئەقل لیبرالە.

ستالین تایبەتمەندیەکی سەیری هەبوو، هەستی بە سەرهەڵدانی هەموو رەوتەکانی ناو حزب دەکرد، هەستیار دەبێ بە ئومێد و خواستەکانی دەوروبەری، ستالین لەگەڵ دەستەی سێ قۆلیەکە جیاوازیەکی هەبوو، سەرەتای ناکۆکیەکانی نێوان سێ قۆلەکە و ترۆتسکی هەردوو ( زینوڤییف و کامنێف) بە توندی رەفتاریان دەکرد و هەلوێستیان بەرانبەر بە لێدوان و کارەکانی ترۆتسکی دەنواند، لەکاتێکا ستالین لە سەرەتای کێشەکان نیان و نەرم خۆی دەنواند، بەڵام لە کۆتایی بە پێچەوانە دەبێ.

زینوڤییف و کامنێف دانیان بەوە نا کە ئەوان بە پشت بەستن بە هەندێک لە رەخنەکانی لینین لەسەر(شۆڕشی هەمیشەیی) هێرشیان دەکردە سەر ترۆتسکی، لە کاتێکا ئەم رەخنە و وتانە ماوەیەکیان بەسەرچوبوو، ئەگینا لە راستیدا لینین هیچ رەخنەیەکی لەسەر بیرکردنەوەکانی تری ترۆتسکی نەبوو کە دواتر دەبنە هزری بنەمایی حزب، بۆیە هێرشەکانیان بۆ سەر بیردۆزەکەی ترۆتسکی روالەتی نەبوون ( واقعی)، ئەم گوتوبێژانە لەسەر رابردوو چر کرابونەوە، ، زینوڤییف و کامنێف خەونیان نەبینی بوو کە دژی بیردۆزەکەی ترۆتسکی دەوەستانەوە، بەڵام ئەمە حالی ستالین نەبوو ئەو بە شێوەیەکیتر بیری دەکردەوە، ئەو پێی وابوو تەنها دەرکردنی بیردۆزێک واتە ململانێی ئایدیۆلۆژیاکە دەستی پێکرد، لەگەل

ڕۆژگار بەسەرچووندا زیاتر ڕقی لە ناحەزەکەی دەبێتەوە بۆیە دەبێ لە دەرگایەکیتر بدا تا بەسەریدا زاڵ بێ ئەویش هاندانی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی حزب بووە لە دژی ئەو و بیردۆزەکەی، ئەم کۆمەڵە خەلکە بۆئەو دەنگی ڕاستی جەماوەر دەگەیەن، ئەوەی سەلماند کە ئارەزوی جێبەجێ کردنی سۆسیالیزمە لە یەک ولات، ئەو ئەم کارەی بۆیە ئەنجامدا چونکە لەگەڵ هزری زۆرینەی ئەندامانی دەهاتەوە.

هەریەک لە زینوڤییف و کامنێف زوو بەئاگا نەهاتنەوە تا لەو گۆڕانکاریانە بگەن کە بەسەر ئەمینداری گشتیدا هاتووە، ئەوان لە پای ئەو پێداگریەی هاوڕێکەیان بۆ ئەنجام دانی سۆسیالیزم لە یەک ولات تەنها شانیان لەقاند پێیان وابوو ئەمە وەکو داردەستێک ئامادە کراوە بۆ لێدانی ترۆتسکی، ڕاستی و ناراستی ئەم بۆچونەیان بەهەندیان وەرنەگرت، ئەوان دژی ئەو بڕیارە نەبوون کە ستالین لە کۆنگرەی دەیەمی حزب لە ئادار و نیسانی ١٩٢٥ دا. بۆ پەسند کردنی بابەتەکەی، زینوڤییف و کامنێف بابەتی (سۆسیالیزم لە یەک ولات)یان ئەوەندە بە گرنگ وەرنەگرتبوو، تەنها دوای سالێک، لە پایز کاتێک ڕەخنەیان لێ گرت بە تۆمەتی ئەوەی لە بەرژەوەندی کۆمۆنیستی نیشتمانی، دەستبەرداری بۆلشەڤیی کۆنەپارێز بووە.

ترۆتسکی بۆ بابەتەکەی بەرسنگی ستالینی نەگرت تا ساڵی ١٩٢٦ ئەوکاتەی قەبولێکی زۆر وەردەگرێ.

نیشانەکانی کرداریی بابەتەکەی ستالین بەدەر نەکەوتبوون، ئەوکاتیش مێژووی بۆلشەڤیەکان گۆڕانکاریەکی دیاری لێ بەدی دەکرێ، لە ڕووی هزر و لە ڕووی کرداریشەوە، دەتوانین هێلە گشتیەکانی ئەو گۆڕانکاریە بەم شێوە دیاری بکەین:

بۆلشەڤی تا ئەوکات بەو چاوە سەیری ڕوسیای دەکرد کە لەسەر سنوری شارستانێتیەکی نوێیە، لەوێ شۆڕش ڕوودەدا و سۆسیالیزم پێرەوەکانی خۆی دەبینێتەوە. هەر لەوێ حەز و ئارەزوەکانی ڕۆژئاوا بۆ گۆڕانی شۆڕشگێڕانە سەر هەڵدەدا، ڕۆڵی ڕوسیا بۆ ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیە لەسەر ئاستی دونیا سەیر دەکرا کە ڕۆڵێکی سەرەکیی لە جولاندنیدا دەبێ، بەڵام ئەوروپا وەکو سەنتەرێکی ڕاستەقینەی شارستانێتی نوێ دەمێنێتەوە، لەم سەنتەرە نەک لەسەر سنورەکانی و داتر جۆرە نوێکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دروست دەبێ، بە دیدی بۆلشەڤی ئەم کارە هەمووی لە ئەنجامی کارتێکردنێکی ئالوگۆڕیە: ڕوسیا کار لە ڕۆژئاوا دەکا، دواتریش سۆسیالیستی ڕۆژئاوا کار لە ڕوسیا دەکا.

بەڵام لە بابەتەکەی ستالین ڕوسیا وەکو سنوری شارستانێتیی دونیایە، لە ناوەوەی ڕوسیا دەبێ ئەو کۆمەڵگەیە نوێیە بنیاد بنرێ، پێی وایە دەبێ ڕوسیا ببێتە سەنتەری شارستانێتی، زاڵ بێ بەسەر

شارستانێتی سەرمایەداری کە خۆی بە زلهێزی ئەوروپا دەزانێ، ئەم دیدە نوێیەی کۆمۆنیستە روسەکان دەربڕی ئەو هەستەیە کە روسیا بۆتە ولاتێکی نامۆ و دابڕاو، ئەم دابرانەیان بە دیکۆرێکی رازاوە نمایش دەکرد، بەم شێوە روسیای بۆلشەڤی ماندوو بێ ئومێد دەکشێتەوە نێو گەرای نەتەوایەتیی ناوەخۆ. تا چاوە گڕگرتوەکانی بە دیتنی ئاسۆی (سۆسیالیزم لە یەک ولات ) کەمێک بهەسێنەوە.

---

# بەشی هەشتەم

## گۆڕانکاریە مەزنەکە

- پێشەکی:- ستالین پیاوی محافلی زێڕین.

- شکستی ترۆتسکی وکۆتایی دەستەی سێ قۆڵی، ١٩٢٥.

- سەرهەڵدانی باڵی راستڕەو بە سەرۆکایەتی بۆخارین وریکۆڤ وتۆمسکی.

- ستالین پشتگیری لە سیاسەتی سەربە موجیک (وردە جوتیار) دەکات.

- سەرهەڵدانی ناکۆکیی بۆچونەکانی لەمەڕسەرمایەداری.

- زینوڤییڤ وکامنێڤ لە ١٩٢٥لە ستالین هەڵدەگەڕێنەوە ولە ١٩٢٦ دەچنە پاڵ ترۆتسکی.

- ڕووداوی فرونز.

- ستالین لە دژی کامنێڤ وزینوڤییڤ، بەرگری لە بۆخارین وریکۆڤ دەکا.

- سەرکەوتنی ستالین لە کۆنگرەی چواردەمی حزب لە ١٩٢٥ (کۆمیتەی ناوەندیی لینینیست لەسەر ستالین یەک دەنگن).

- زینوڤییڤ وکامنێڤ نهێنیەکانی ستالین ئاشکەرا دەکەن.

- ترۆتسکی بەیاننامەی (کلیمەنسو) دەخوێنێتەوە.

- کۆنگرەی پانزەی حزب، ترۆتسکی ولایەنگرانی لە حزب دووردەخاتەوە.

- کامنێڤ وزینوڤییڤ رادەستی ستالین دەبن.

- لە (١٩٢٨-١٩٣٠).ستالین دژی بۆخارین وریکۆڤ وتۆمسکی دەبێ

- جوتیارەکان هەڕەشەی برسی کردنی شارەکان دەکەن.

- ستالین دەست بە کۆکردنەوەی کشتوکاڵی دەکا.

- مەکتەبی سیاسی لە ١٩٢٩ بڕیاری دەرکردنی ترۆتسکی بۆ دەرەوەی روسیا دەدا.

- دابەزاندنی پلەی سەرکردەکانی باڵی راسڕەوە، (ستالین لینینی ئەمرۆیە).

- ستالین لە کۆتایی ١٩٢٩ فەرمان دەدا هێرش بکرێتە سەر(کولاک)ولە حوزەیرانی ١٩٣٠ رایدەگەیەنێ کە روسیا دەبێتە هێزێکی پیشەسازی.

- ئاژاوە و شەڕی راستەقینەی ناوەخۆ لە گوندەکانەوە.

- چاوپێدا خشاندنێکی گشتی بە شانۆی یەکێتی سۆڤیەت لە ماوەی پلانی پێنج ساڵەی یەکەمیدا ( ١٩٢٩-١٩٣٢) .

- ستالین و کرومویل.

- ستالین روو لە هەستی نەتەوایەتی دەکا.

- دلەڕاوکێ سیاسی لە ناخی ستالین.

- خۆکوشتنی نادیجا ئەلیلوڤای هاوسەری ستالین لە نوڤەمبەری ١٩٣٢.

- سیاسەتی کۆمەڵایەتیی ستالین.

- کارپێکردنی سوخرە و کوشتاربە بانگخوازانی یەکسانی.

- سەرکەوتنەکانی پیشەسازی.

-( یەکەم کەلەکە بووی ) سۆسیالیزم لە یەک ولاتدا.

لە ساڵی ١٩٢٩ واتا پێنج ساڵ دوای مردنی لینین، روسیا لە سەر لێواری شۆڕشی دووەمیدا بوو کە ستالین بە تەنیایی ئاراستەی دەکرد. شۆڕشی دووەم ئاسەوار و کاریگەری بەسەر ژیانی ١٦٠ ملیۆن کەسەوە هەبوو، ئەم کاریگەریە توندتر و قوڵتر لە شۆڕشی یەکەم، ئەمەش لە دەرهاوێشتەکانی پیشەسازیی روسیا بوو، هەروەها سەد ملیۆن وردە جوتیار ناچار کران دەستبەرداری زەویەکانیان بن و کۆمەڵەی هەرەوەزی دامەزرێنن، بە زۆریش گاسن و ئامێری سەرەتایی کشتوکاڵیی لە دەست جوتیار دەرهێنا و ئامێری نوێی خستە بەردەستیان، بە دەیان ملیۆن کەسیشی راپێچی بەر خوێندن کرد کە دەرفەتی خوێندنیان لەدەست دابوو، هەروەها توانیی روسیای ئەوروپی لە ناخی ئەوروپا دەربێنێ و روسیای ئاسیایی لە ئەوروپا نزیک کاتەوە، سودەکانی شۆڕشی پیشەسازی بروسک بوون بەڵام باجیشی هەبوو:

نەوەیەک بەتەواوەتی ئازادی سیاسیی لەدەستدا. بەڵێ بەڵکو هەر بە فانتازی(خەیال) هەوڵ دەدەین لەگەڵ گەورەیی ئەم شۆڕشە کە لە مێژوو نمونەی نیە هەنگاو بنێێن. ئەگەر جیاوازی مرۆڤەکان لە پێ جیاوازی سەردەمەکان وەرگرین، ئەوا مەزنترین چاکساز لە مێژووی روسیا ، ئیڤانی سامدار و بتروسی مەزن بوون، لەگەڵ چەندین چاکسازی تر لە نەتەوەکانی دونیا، ئەمانە هەموویان لە چاو مەزنی ئەمینداری گشتی (ستالین) کەسانی بچوکن.

لەگەڵ ئەوەشدا جلەکانی بەر ستالین فشو فۆڕ بوون، لە نێوان شۆڕشی دووەم و دروستکەریدا ناکۆکیی زۆر هەبوون، ئەم جۆرە ناکۆکیە لە شۆڕشی ١٩١٧ نەبوو، ئەوکات سەرکردەکان لە نێو شۆڕش یەکسان بوون ، بەڵام ئێستا شۆڕش و رووداوەکان هەموویان بۆ مەزنکردنی سەرۆکە. لینین و ترۆتسکی پێشبینیی شۆڕشیان کردبوو بۆیە بەر لەوەی ئەنجام بدرێ ماوەی چەند ساڵێک بوو کاریان بۆی دەکرد، راو بۆچونەکانیان بەرهەمی هەبوو بەڵام ئەمە حاڵی ستالین نییە لەم شۆڕشەیدا، ئەو دید و بۆچونانەی شۆڕشیان دروست کرد هی خۆی (ستالین) نەبوو ئەویش هیچ ئامادەکاریەکی بۆ نەکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆی و تەنها هەر خۆی سەردەکەوێ، سەرەتا هەندێک مەترسی هانی ئەوەیان دا بەم کارە هەڵسێ، دواتر هەوڵی بۆ داو کاری جدی لەسەر کرد بێ راوەستان، لە دوای ئەویش بە ملیۆنان هاولاتی روسی ئەو ناوە دەشێلن، نەوەیەک بە دروستی بەدوای سۆسیالیزم لە یەک ولاتدا دەگەڕێ.

کەشتیەکەی ستالین وەکو ئەوەی بەدوای داستانێکدا بگەڕێ، کەچی تا ئەوکات کەسێکی ئاسایی و خاوەن هزرێکی ئاسایی بوو، دەست و پەنجە و پێکانی لەگەڵ جەستەی یەک نەدەهاتنەوە، دەست و پەنجە و پێکانی زەبەلاح بوون.

سەربوردەی ستالین مان گەیاندە ساڵی ١٩٢٥-١٩٢٦. تا ئەوکات ناحەزانی لە کۆمۆنیستەکان بە سەرکردەی کۆنپەرست و دژەشۆڕشیان دەناساند بەڵام دوژمنەکانی کۆمۆنیزم دەیانبینی کە ئاپۆڕی کۆمنیستەکان هێشتا بەدواوەیەن. کەچی ئەو خۆی لە دۆخێکی زیرینی تەمەنیدا دەژیا لە ژیانی سەرکردەی بیستەکانی بۆلشەڤی دابوو، ئەو بە هەوەست و ئارەزوی خۆی دژی حزب بۆچونە توندڕەویەکانی دەردەبڕی ، یەکێک لە خەسلەتە سەیرەکانی، ئارەزوی ئەوەی هەبوو کە هاوکێشە دروست بکا بە شێوەیەک وا نیشان بدرێ کە هەردوو لایەنی کێشەکە هاوران، بۆیە وتەکانی بۆ سەرجەم ئەندامانی حزب جێی رەزامەندی بوون، ئەوان سەرۆکایەتی ئەویان قەبول بوو بە ئومێدی ئەوەی حزب بەرەو کەنارێکی ئارام بەرێ، دەتوانین بلێین ستالین هەلس و کەوتی بەو شێوە دەکرد لە هاوشێوەی بالدوین وچمبرلین و هادننگ یا هوڤەر بێ، هەر چەندە بەستنەوەی ئەم ناوانە بە بۆلشەڤیەوە گونجاو و شایستە نین.

ستالین لەوانە نەبوو لە بێتوانایی لە نیوەی رێگا دەستبەرداری پەیامەکەی بێ، بەڵام پێێ شەرم نەبوو لەبەر هۆکارێکی زەرور دەستبەرداری پرۆسەی ئاشتی بێ، شۆڕشەکان هەمیشە لە دۆخی زێریندا چاوپۆشی لەو کەسانە ناکەن لە نیوەی رێگا شۆڕش بەرەو هەلدێر بەرن لەوکاتانەی زەوی لە ژێر پێکانیان دەهەژێ، ستالین ناچار دەبو زۆرجار ئەم بەر و ئەو بەرانێ بکا بۆیە زیاد لە جارێک دەبێتە راستڕەویک توندتر لە سەرکردە راستڕەوەکان، دواتر دەبێتە چەپڕەوێک توندتر لە چەپڕەوەکان، ئەم یاریەی بۆ پاراستنی پارسەنگ و پێگەی خۆی بووە، لاریی نەبوو لە هەر پازدانێکیدا ئەستۆی چەند سەرکردەیەک بشکێنێ.

سەرەڕای ئەوەی ستالین مەبەستی بووە هەموو بۆچون و رەوتەکانی بۆلشەڤی رازی بکا و لە خۆیانبگرێ بەلام ئەو پیاوی ئاشتەوایی و چارەسەریەکان نەبووە، ئەم بۆچونانە یەک ناگرنەوە هەر چۆنێکی بێ خەسلەت و پێگەی ستالین هی ئەوە بوو چارەسەری کێشەکان بکا. یەکێک لە خەسلەتە هاوبەشەکانی ستالین لەگەڵ پیاوەکانی مامناوەندی ئەوەبو متمانەی بەهەلوێستی توندڕەو نەدەکرد، بەڵام ئەو لەو خەسلەتە بێبەش بوو کە بتوانێ بۆچونە جیاوازەکان لەیەک نزیک کاتەوە، دەبێ هەموو سیاسەتمەدارێک ئەم خەسلەتەی هەبێ بۆ ئەوەی دۆخێکی ئارامی سیاسی بخولقێنێ. رەفتارەکانی ستالین هی ئاشتکردنەوە و چارەسەری نەبوون، هەمیشە ئەقل و رەفتارەکانی بە گژ یەکدا دەچەونەوە، دەبونە فاکتەری بەلارێدانی رەفتارەکانی، هەندێک هاوکێشەی دەخستنە بەردەم حزب کە هەندێکی لە مەنشەڤیە چەپەکان وەرگرتبون هەندێکیشی لە بۆلشەڤیە راستڕەوەکان، بەڵام ئەم هاوکێشانە سەیر بوون هی یەکلاکردنەوەی کێشەکان بوون: مەبەستی کۆکردنەوەی دژەکان نەبوو بەڵکو لە ناوبردنیان بوو، ستالین خۆی لە نێوان ئەو دوو بالە نەدەبینیەوە کە لە راستیەوە و لە چەپیەوە دەرۆن، بەلکو هەردووکیانی لەناو دەبردن. ئەو نوێنەرایەتی دکتاتۆریەتی دۆخی

زیرینی دەکرد لەسەر بیرکردنەوەی نەوەی دوای شۆڕش، دکتاتۆریەتی  دۆخی زێرین ناتوانێ بۆخۆی و بۆ دۆخەکەی وەفاداربێ.

+ + +

ستالین کاتێک ئێمەی جێهێشت، باسی لە بابەتەکەی بەناوی (سۆسیالیزم لە یەک ولات) دەکرد، دەبا ئێستا بە خێرایی بەدوای هێلەکاندا بچین کە جێگرەوەی لینین دەبێ.

لە کانونی دووەمی ١٩٢٥ دواجار ترۆتسکی ناچار دەکرێ دەست لە کۆمیساری جەنگ هەڵگرێ. ترۆتسکی وەکو فەرماندەی هێزی چەکداری ئەگەر مەبەستی بوایە کودەتا ئەنجام بدا کارتێکی بەهێزی لەدەستدا بوو، دەکرا سەرکەوتن بەسەر دەستەی سێ قۆلیدا بێنێ، بەلام دەست لە پۆست و کارەکەی دەکێشێتەوە بێ ئەوەی رێگە بدا لەو سوپایەی خۆی دایمەزراند و خۆی فەرماندەی بوو یەک گولە بتەقێندرێ، ئەو بێ ئەوەی سەیری ئەوە بکا ئاخۆ کێ ئەم حزبە دەبا بەڕێوە و سەرکردایەتیی دەکا وەکو زمانحالی چینی کرێکاری دەزانی، وا بیری دەکردەوە ئەگەر ئەو سوپای لەگەل حزب رووبەروو کردەوە، ئەوا ئوتۆماتیکی بێ ئەوەی خۆی پێێ بزانێ دەبێتە نوێنەری چینێکی ترکە دژی چینی کرێکارە و لەسەر رێبازەکەی پۆناپەرت دەڕوا.

دوای دەست لەکار کێشانەوەی ترۆتسکی رووی لەو کارە کرد کە ستالین بۆی دەست نیشان کردبوو، توانا و بەهرەکانی لەوێ دەخستە خزمەت لە بەڕێوەبردنی پرسی ئابوری ، ترۆتسکی زیاتر لە ساڵێک وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەمێنێتەوە.

پاش ئەوەی ترۆتسکی بەم شێوە خۆی شاردەوە، ئەو قەیماغەی لە نێوان دەستەی سێ قۆڵی هەبوو نەما، زینوڤییف تا دوا ساتەکان بە توندی داوای سزادانی توندی ترۆتسکیی دەکرد، تەنانەت داوای دەستگیر کردنیشی دەکرد، تا ستالین بە بەیاننامە وەلامی دایەوە و وتی: نەهێشتنی ترۆتسکی لە دەستەی سەرۆکایەتی حزب ( کارێک نیە بیری لێ بکرێتەوە)، دوای ئەوە بە کەمێک هەنگاوی دەرچون لە دەستەی سێ قۆلی هاوێشتران: رەتی کردەوە بەر لە دانیشتنەکانی مەکتەبی سیاسی راوێژ لەگەڵ دەستەکەی بکا و راو بۆچونەکانیان یەکخەن، هەر چەندە زینوڤییف رەگی لە نێو رێکخراوی مۆسکۆ داکوتابوو بەلام ستالین لە

نێو حزب تاقە کەسی بێ رکابەر بوو، کامنێف تا ئەوکات سەرپەرشتی بۆلشەڤیەکانی لینینگرادی دەکرد. هەر چەندە ستالین بە دەستێکی ئاسنین چنگی لە حزب قایم کردبوو بەڵام بەبێ دەستور بۆی نەبوو بەناوی حزب بدوێ و بڕیار بدا، کەوابێ گەشەکردنی حزب بە ئاراستەی تۆتالیتاریزم ( حوکمی تاکڕەوی) نەگەیشتبوە ئەو ئاستەی ئەندامان ناچار بکا سەر بۆ هەموو بڕیارەکان دابنوێنن یا بە فەرمانێکی دکتاتۆرانە بجولێنەوە. هەروابووە ستالین هەمیشە ئەمەی دووبارە دەکردەوە، کە لینینی لە تەک نیە بە تەنیا بڕیارەکان بدا، ئێمە گروپێکمان لە دەورە بە دەستەجەمعی دەتوانین چاومان لە سەرکردایەتی بێ. ئەو دەستە بریتی بوو لە مەکتەبی سیاسی کە بە کۆ و بە پێی دەستور و زۆرینە بڕیارەکان دەدەن ، لە ١٩٢٥ مەکتەبی سیاسی لە حەوت ئەندام پێک دەهات: ستالین و زینوڤییف و کامنێف و ترۆتسکی و بۆخارین و ریکۆڤ و تۆمسکی بوون. ستالین دوای ئەوەی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ زینوڤییف و کامینیف تێک دەچێ، پشت بە سێ ئەندام دەبەستێ ئەوانیش: بۆخارین و ریکۆڤ و تۆمسکی بوون.



Aleksej Rykov



Michail Tomski

ئەم هاوپەیمانێتیە نوێیە دوای دروست بونی رەوتێکی راستڕەو لە نێو مەکتەبی سیاسی دێت . ئەم پرۆسە لە نیوەی یەکەمی ١٩٢٥ دەست پێدەکا و لە نیوەی دووەمی هەمان ساڵ کۆتایی دێ، هەریەک لە بۆخارین، ریکۆڤ، تۆمسکی زمانحالی سەرەکی ئەو رەوتە بوون، بەڵام کامنێف و زینوڤییف بوونە سەرکردەی رەوتە چەپەکە. هاوپەیمانێتیە نوێکە هیچی لەگەڵ هاوپەیمانێتیە کۆنەکەدا نەبوو جگە لە هەندێک هاوبەشیی بچوک نەبێ.

ماوەیەکی زۆر لە سەردەمی لینین بۆخارین رێبەرایەتی کۆمۆنیستە چەپەکانی دەکرد بەڵام کامنێڤ و زینۆڤییف بەناوی میانڕەوەکان دەدوان، هەر لەو سەردەم هێلی جیاوازی لە نێوان باڵە جیاوازەکان دیار و جێگیر نەبوو، باڵەکان لەسەر شانۆی سیاسی تاوێ دەردەکەوتن تاوێکیش ون دەبوون، یا دەگۆڕدران، کەسەکان ئەم بەرو ئەو بەریان دەکرد، کەسیان ئەو هەستە بەهێزەی نەبوو بۆ لایەنگری لەم یان لەو، بەڵام هاوپەیمانێتیە نوێکە جیابوو، خاڵی ناکۆک و جیاوازیان لە نێواندا هەبووهەندێک دابەش بوون هەبوون کە نەدەکرا لێ پاشگەز ببنەوە، چەپڕەو و راستڕەوەکان بە دروشمەکانیان رووبەڕووی یەکتر دەبونەوە.

ستالین نە سەر بەم باڵ بوو نەبەو باڵ، هۆکاری تەکتیکیی هەبوو کە دەست بخاتە نێو دەستی باڵی راستڕەوەکان تا دەنگەکانیان لە نێو مەکتەبی سیاسی مسۆگەر بکا، خۆی بە نزیکتر دەبینیەوە لە لایەنی راستڕەوەکان (هاوپەیمانە نوێکە) دیارە بۆخارین و تۆمسکی و ریکۆڤ بە بەرنامەی (سۆسیالیزم لە یەک ولات) رازی ببون، بەڵام کامنێڤ و زینۆڤییف رەتیان کردبۆوە، دەتوانین بڵێین بەڕاستی کامنێڤ هاوبەش و دانەری راستەقینەی بیردۆزی (سۆسیالیزم لە یەک ولات) بوو لە ژێر بیانوی جۆراو جۆر پشتگیریی لێ کرد و سیمایەکی رەوشەنبیریی پێدا رازاوەتر لە نمایشەکەی ستالین کە هەمیشە مایەی رەخنە بوو. جگەلەمە ئەو خۆشەویستیەی لەگەل ئەو دەستە نوێیە رێخۆشکەر بوو بۆ نزیک بوونەوەی ستالین لە سەرکردە راستڕەوەکان.

زینوڤییف و کامنێڤ خۆیان کەسانی ئایدیۆلۆژیست بوون هەروەها بۆخارینیش، بەڵام ریکۆڤ و تۆمسکی وەکو ستالین کەسانی ئیداری بوون، ریکۆڤ بووبە سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسارەکانی گەل، واتە سەرۆکی حکومەتی سۆڤیەتەکان، تۆمسکی سەرۆکی یەکێتی کرێکاران بوو، هەردووکیان دەزگایەکی ئیداریی مەزن بە هۆشیاری و ئەمانەتەوە دەبەن بەڕێوە.

ئەمانە هەردووکیان و ستالین بەیەک زمانی ئیداری دەدوان، لەگە ئەوەشدا ستالین لەم هاپەیمانێتیە نوێیە دلتەنگ بوو، ئەو خۆی بەتەنیا دەبینیەوە لە نێو مەکتەبی سیاسی کە مەبەستیەتی دەست بە ناوەراستی رێگاکەوە بگرێ، خۆی وەکو دیلی دەستی هاوپەیمانانی دەبینیەوە. کەم دەرفەت بۆ ستالین دەرەخسێ بۆئەوەی پێگەی بەهێزکا، دوای کۆنگرەی چواردەمی حزب لە کانونی یەکەمی ١٩٢٥ هەریەک لە فوروشیلوف ومولوتوف و کالینین بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەلدەبژێردرێن، ئەمان لە کەسانی میانڕەو بوون واتە (ستالینیست)ی راستەقینە، هەرچەندە هەریەک لە فورشیلوف و کالینین مەیلی راستڕەویان هەبوو کە لەگەل خولقیەتی ستالین دەگونجان، بەڵام مولوتوف کەسێکی لەسەرەخۆ و کەم جولە و بۆکارکردن بە توانا بوو، وەکو سێبەرێکی دلسۆزی ستالین لەگەلی رۆیشت هەر لە ١٩١٣ وە کاتێک هاوکاری ستالینی کرد

له دەرکردنی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (براڤدا) ئەوکات ستالین ڕەفتاری کەم مەسروفیی لەگەل بەکار دەهێنا کە کاریگەری خۆی بەسەریدا هەبووە.

ناکۆکیەکانی ئەوکات لەسەر دەربڕینی زانستیانەی سیاسەتی ئابوری نوێی (نیب) بوون، ئابوریی ولات لە ژێر سایەی سیاسەتی نیب ئابوریەکی تێکەڵاو بوو، پیشەسازیی بچوک و بازرگانی بەدەست کەرتی تایبەتیەوە بوو، کشتوکاڵ لە ژێر سیستەمی مولکداری تایبەتی دا دەچووو بەڕێوە، هەمووشیان لەسەر ئەوە ڕێک بوون کە سۆسیالیزم لە ڕێگەی پەرە پێدانی کەرتی سۆسیالیستی گەشە دەکا بە کێبەرکێیەکی هێواش لەگەڵ کەرتی تایبەتی.

لێرە پرسیارێک سەر هەڵدەدا:

تا چ ڕادەیەک ئەم کێبەرکێیە بەردەوام دەبێ و چ جۆرە هاوکاری و هەماهەنگیەک لە نێوانیاندا دەبێ؟، پیشەسازی سۆسیالیست ناتوانێ بەردەوام بێ ئەگەر کەرەستەی خاو و پێداویستیەکانی تری بەرهەمهێنان لە کەرتی تایبەتی نەکرێ بێ ئەوەی بەشێک لە بەرهەمەکانی خۆیان پێیان نەفرۆشن، دواتر دابەش کردنی بەرهەمەکان کاری بازرگانە سەربەخۆکان بوو. ڕکابەریش لە نێوان ئەم دوو کەرتە جۆرێک لە دوژمنکاری دروست دەکا، جوتیارەکان داوای کالای دروستکراویان دەکرد بە کەمترین نرخ ، هەروەها زۆرترین نرخیان بۆ بەرهەمەکانی خۆیان داوا دەکرد، ئەو پیشەسازیەی لە سەرەخۆ گەشەی دەکرد کە لە کاولکاریەوە دەستی پێکردبوو، بەرهەمی کەم و بە نرخێکی زۆری بەرهەم دەهێنا، لە هەمان کاتیشدا پێویستی بە کەرەستەی خاو هەبوو بە نرخێکی هەرزان. بە شێوەیەکی گشتی یاوەرانی بۆخارین دوپاتیان دەکردەوە کە دەبێ هەماهەنگی لە نێوان کەرتی ئابوری نەتەوایەتی جۆراو جۆردا هەبێ، لە کاتێکا زینوڤییف وکامنێف دوپاتیان دەکردەوە کە بەمە بەرژەوەندی لایەنەکان لە دژی یەکتری دەبن.

ئەم کێشە گشتیە وایکرد بۆ چارەسەریی دوو ڕێگا بگرێتە بەر:

١/ پەلە کردن لە پیشەسازی.

٢/ بیرکردنەوە لە سیاسەتێکی نوێی حکومەت بۆ چارەسەریەکانی کشتوکاڵی تایبەتی.

بۆلشەڤیەکان پێیان وابوو ئەم پەرەسەندنە لەسەرخۆیەی پیشەسازی، مەترسیە لەسەر سۆسیالیزم، بۆیە فشاریان خستە سەری تا بەخێراتر بڕوا، بەڵام ڕاستڕەوەکان پێیان وابوو سۆسیالیزم پارێزراوە تەنانەت ئەگەر پیشەسازی بە هێواشتریش بڕوا، ئەو پیشەسازیەی کە هەموویان لەسەری کۆکن پێویستی بە بودجەیەکی

باشترە ئەمەش دەبێ باجی زیاتر بخرێتە سەر پرۆژە و کێلگە تایبەتیەکان، بەڵام بۆخارین بۆ زیادکردنی باج لەسەر کەرتی تایبەتی ترسی ئەوەی هەبوو ببێتە مایەی هاندانی تاکەکەس و دواتریش بەو هۆیەوە تەرازوی ئابوری بگۆڕدرێ، چەپەکانیش لەسەر بنەمای ئەوە گوتوبێژیان دەکرد جوتیار و بازرگانەکان بەرهەمەکانیان رادەستی بازار نەکەن پێیان وابووە کە بەم کارەیان ئەگەر بازاریش بە بەرهەمی دروستکراو تژی بکرێ ئەوا لە کۆتاییدا ئەوان کەرەستە و خۆراک بە گرانتر دەفرۆشن.

لەم کاتانە جوتیارەکان بەهاوارەوە داوای بەرفراوان کردنی دەستپێشخەریەکانیان دەکرد کە لە سیاسەتی (نیب) دا بۆیان دیاری کراوە، جوتیارە دەولەمەندەکانیش بە پاساوی ئەوەی فرۆشتنی زەویەکان قەدەغە کراوە داوای هەلگرتنی ئەو کۆد و بەندانەیان دەکرد کە خراونەتە سەر بەکرێگرتنی جوتیارانەوە، جگەلەمە داوای بەکرێدانی زەویەکانیان دەکرد بۆ ماوەیەکی دوور و رێگەیان پێبدرێ سەرمایەکانیان لە وەبەرهێنانی کشتوکاڵدا بەکار بێنن.

حزبی دەسەڵاتدار داوای هاوپەیمانێتیی لە جوتیارە هەژار و مامناوەندیەکان دەکرد، نەک لەگەل کشتکارە دەولەمەندەکان کە پێیان دەوترا ( کولاک) ، بەڵام لەژێر فشاری دیفاکتۆ دەسەڵات ناچار دەبێ مامەڵە لەگەڵ کشتکارە دەولەمەندەکانیشدا بکا (کولاک) چونکە گەڵێک جار بە بیانوو خۆراکیان لە شارەکان دەبڕی و هانی جوتیارەکانی تریشیان دەدا هەمان کار بکەن. ئەوەتا لە ساڵانی بیستەکان ئەو کۆلاکانە رێژەی لە ١٠% ی ئەو خۆراکەیان بە شارەکان دەدا کە پێشتر بەر لە شەڕ پێیان دەفرۆشتن.

لە هاوینی ١٩٢٤ راپەڕینی جوتیاران لە گورجستان دەستیپێکرد، ئەمەش کاردانەوەیەکی بە درەنگوەختانی نەتەوایەتیی گورجیەکان بوو لە ئەنجامی داگیرکاریی ١٩٢١ ، ستالین کۆبونەوەیەکی لەگەل ئەمینداره ئهێنیەکانی رێکخراوانی کۆمۆنیستی گوندەکان ئەنجامدا هۆشداریی پێدان کە بە دووری نازانێ ئەمەی لە گورجستان روویداوە لە سەرتاسەری روسیا رووبدرێ، وتی: حزب پەیوەندیەکانی لەگەڵ جوتیاران پچراوە دەبێ بنیادی بنێتەوە و دووبارە ببنەوە جێگەی متمانە.

بەڵام لێدوان و گفت پێدان بە گەرانەوەی متمانەی جوتیاران بەس نیە، مەکتەبی سیاسی لە توانایدا نەبوو بزانێ دەبێ چی بکا، لەم کارە هیچ دوبەرەکیەک رووی نەدا، زینوڤییف پێشنیاریکرد رۆلێکی مەزنتر لە سۆڤیەتەکان بدرێتە جوتیاران، ترۆتسکی باسی لە پێدانی پاداشت و دەستکەوت کرد بۆ جوتیاران بەڵام لەم پێشنیارەی گۆتەگۆت دروست دەبێ، ئەو کاتەی بۆخارین و تۆمسکی و ریکۆڤ پرۆژەیەکیان بە سیاسەتێکی روونەوە لە موجیک پێشکەش کرد، مەبەستیان ئەوەبوو حکومەت دەست بکات بە کردنەوەی پرۆژەی

کشتوکاڵی کە بتوانێ خۆراک بۆ شارەکان دابین بکا چونکە جوتیارە بچوک و مامناوەندیەکان دەتوانن خۆراک تەنها بۆ خۆیان بەرهەم بێنن.

لەم پێشنیارەیاندا مەبەستیان ئەوەبوو حکومەت واز لە ململانێ و رکابەری لەگەڵ جوتیارە دەولەمەندەکان بێنێ، چونکە بە دیدی بۆخارین ئەوان هیچ مەترسیەک لەسەر حکومەت پەیدا ناکەن، ئەوەتا حکومەت دەستی گرتوە بەسەر پیشەسازی و گواستنەوە و بانکەکاندا، دەبێ ناوەند پێشڕەوایەتی بەرهەمهێنان و ئابوری ولات بکا، بۆخارین پێی وابووە لە دواجار حکومەت دەتوانێ تەنانەت کۆلاکیش لە نێو ئابوری سۆسیالیستدا بتوێنێتەوە و تێکەڵاویکا، چونکە کاروانی ئابوری وڵات پالەوانانی گوندەکان دەیبەن بەڕێوە بۆیە هەردەبێ پێشڕەوایەتی بۆ ئەوان بێ، لە هەمان کاتیشدا بۆخارین داوای لە جوتیارەکان کرد خۆیان دەوڵەمەندکەن.

ستالین گوێی بۆ دیالۆگەکە راگرت و لە سەرەتا هیچی لەسەر بۆچونەکان نەوت، بەڵام پێدەچووو لایەنگری سیاسەتی موجیک بێ چونکە پێێ وابووە ئەمیان ئاسانتر و پراکتیکترە، بەرچەندە تێبینیی لەسەر هەبوون، چونکە ئەوکات راستڕەوەکان بە ئاشکەرا پشتگیری جوتیارە دەولەمەندەکانیان دەکرد. ستالین هەولیدا زیاتر دان بەخۆیاندا بگرن و رەخنەی توندیشی لە بۆخارین گرت لەسەر ئەو بانگەوازەی بۆ بورژوای گوند دابووی، کاتێکیش دەستی بە قسەکانی کرد بە ئاراستە بەرگری لە هێلەکەی بۆخارین دەکرد، هەولی دەدا وا خۆی نمایشکا کە بەرگریکاری ساڵی لاسایی بۆلشەڤیە.

لە نیسانی ١٩٢٥ لە کۆنگرەی حزب ئەنجامی گوتوبێژەکان چەسپێندران، باج لەسەر کشتوکاڵ کەم کرایەوە، تا رادەیەکی زۆریش هیچ کۆت و بەندێک لەسەر کرێگرتنی جوتیار و بەکرێدانی زەویەکان نەما و رێگە بە سەرمایەداران درا سەرمایەکانیان لە بواری بەرهەمهێنان بەگەر خەن، بەم شێوە یاوەرانی موجیک سەرکەوتن بەدەست دێنن لە هێلی بەرگری دەوەستن نەک لەبەر ئەوەی حەزیان لە سەرمایەداری کشتوکالیە بۆ خۆیان بەڵکو لەبەر ئەوەی تاقە رێگەی ئارامکردنەوەی دۆخەکان بوو کە بەهۆیەوە بتوانن خۆراک بۆ شارەکان دابین کەن.

لەوکاتانەی کە گۆڕانکاری سیاسیی ناوەخۆ روودەدەن، حزب دیدێکی نوێی بۆ دۆخی نێو دەولەتی قەبول بوو، هەریەک لە ستالین و بۆخارین حزبیان لەوە ئاگادار کردەوە کە سەردەمی نائارامی شۆڕش لە ئەوروپا بەسەر چووە، سەرمایەداری بێگانە بە شێوەیەک چەسپیوە بەدڵنیاییەوە دەتوانێ روسیا لەم نامۆیی و دابڕاویە تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام بهێلێتەوە. کەوابێ زمانحالانی راستڕەوەکان پێشبینی ئەوەیان راگەیاند کە

سەرمایەداری لە شێوەی ساڵانی ١٩١٤ دەچێ و چەسپیوە. ستالین ئەم چەسپاندنەی توانای سەرمایەداریی پشتڕاست کردەوە بەڵام بیانۆکانی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە دونیای سەرمایەداری پاش ئەوەی تواناکانیان لە شەڕەکان لەدەست دابوون ئەمڕۆ بۆیان گەڕاوەتەوە بە پێشبینی ئەوەی ئەگەری هەڵگیرسانی شۆڕش لەو ولاتانە بە دوور دەزانێ، ئەم پێشبینیانەی بەر لە قەیرانە ئابوریە مەزنەکەی ١٩٢٩ بوو بەڕاستی سەرسوڕهێنەرن، ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی نەبیستراوە بۆ وڵاتێک لە ژێر سیستەمی (سۆسیالیزم لە یەک ولات) دا بژی، هەروەها بۆ ڕەوتی ( پەرەپێدان) کە لە فابیزمەوە نزیکە کە ئەوکات باڵی بەسەر سیاسەتی سۆڤیەتدا کێشابوو.

هەر ئەم سیاسەتەی فابیزم بوو کە زینوڤییف و کامنێڤ ی کرد بە ئۆپۆزسیۆن، ئەوان سیاسەتی لایەنگرانی موجیکیان ڕەت کردەوە، پێیان وابوو هەرچەندە هێزی جوتیارە مەزنەکان زیاد بکرێ توانای زیاتریان دەبێ خۆراک لەسەر شارەکان بگرن و ململانێی زیاتر لەگەڵ حکومەت بکەن بۆ ناچار کردنی بە ملکەچ بوون بە داخوازیەکانیان. هەر بە یەک وشە: ئەوکات ئاسان دەبێ سۆڤیەتەکان لاواز کەن لە پێناو گەڕاندنەوەی سەرمایەداری.

دەبوایە حکومەت باج لەسەر جوتیارە هەژار و مامناوەندەکان کەم کاتەوە و لەسەر جوتیارە دەولەمەندەکانیش زیاد کا، ولات لە ژێر هەڕەشەی قەیرانی خۆراکدایە، پێشتر بەرهەم هێنانی خۆراک لەلایەن کەرتە تایبەتە مەزنەکان مسۆگەر بوو ئێستاش ئەوان هەلوەشێندراونەتەوە، بەر لە شۆڕش ١٦ ملیۆن کێلگەی کشتوکاڵی لە روسیا هەبوون، بەڵام ئێستا ٢٤ یان ٢٥ ملیۆن هەن. دەبێ حکومەت بە خێرا کێلگەی مەزن دروستکا بۆ بەرهەمهێانی دانەوێلە کە کەلکی بازار کردنیان هەبێ، ئەم کێلگانە دەبێ کێلگەی بەکۆمەڵ و مەزن بن نەک کێلگەی کۆلاکی مەزن.

کە جوتیارەکان بە زۆر دەبردرانە کێلگە کشتوکاڵیەکانی بە کۆمەڵ، بۆلشەڤیە چەپڕەوەکان هیچیان نەدەوت، هەر ئەوەیان دەوت کە دەبێ گواستنەوەی جوتیاران لە کێلگە تایبەتیەکانەوە بۆ کێلگەی بەکۆمەڵ وردەوردە ئەنجام بدرێ و بە خواست و ڕەزامەندی بێ، جوتیاران دلخۆش دەبن ئەگەر حکومەت کەرەستە و ئامێری کشتوکاڵیان بۆ دابین بکا ئەوسا بەرەو کێلگەی بەکۆمەڵیان ببا، بەڵام ئەم کەرەستانە بەردەست نەبوون تەنها ئەوکاتە بەردەست دەبن کە پیشەسازی پێشدەکەوێ، جگەلەمە دەبێ موجیک لەسەر بەکار هێانی ئەم ئامێرانە ڕاهێندرێن و فێری ڕێنماکانیان بکەن، بەم شێوە بۆلشەڤیە چەپڕەوەکان وتیان گۆاستنەوە بۆ کێلگەی بەکۆمەڵ کاتی دەوێ بۆیە ئەم چاکسازیە دەبێ بە هۆشیاری ئەنجام بدرێ.

بۆلشەڤیە چەپڕەوەکان بۆچونەکانی ستالین و بۆخارینیان لەسەر جێگیر بوون و سەرکەوتنی سەرمایەداری ڕەت کردەوە، پشتیان بەو گوتەی لینین دەبەست کە دەڵێ: جەنگی یەکەمی جیهانی قەیرانێکی مەزنی لە سیستەمی سەرمایەداری دروست کرد، بەم قەیرانە دۆخێکی نوێ بەرووی شۆڕشدا لە هەموو جیهان کرایەوە، بەرتەسک بوونی پێگەی کۆمۆنیست لە دەرەوە هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبووە لەسەر سیمای شۆڕش لەم سەردەمە، چەپڕەوەکان لەم رووەوە ئاماژەیان بە شۆڕشی چین و زیاد بوونی قەیرانی کۆمەڵایەتی لە بەریتانیا دەدا.

لە پایزی ١٩٢٥ ئەم دیبەیتانە لە مەکتەبی سیاسیەوە دەگواسترێنەوە بۆ سەر بەرپەری رۆژنامەکان. زینوڤییف وتارەکەی بەناوی ( فەلسەفەی چەرخ) و کتێبەکەی لینین ( لینینیزم) بڵاو کردەوە. لە تشرینی یەکەم سەرکردەی چەپەکان یاداشتێک دەدەنە کۆمیتەی ناوەندی داوای کردنەوەی دیبەیت دەکەن لەسەر هەموو بابەتەکان، ئەم یاداشتە لە هەولەکانی پێشانی ترۆتسکی دەچووو، یاداشتەکە لەلایەن هەریەک لە زینوڤییف و کامنێڤ و کروپسکایا و سوکولنیکوڤ و وەزیری دارایەوە واژۆ کرابوو.

دیبەیتە راستەقینەکە لە نێوان توندڕەوانی هەردوو باڵەکەدا بوو، ستالین بە هیچ بیرۆکەیەک لە خۆیەوەبێ بەشداریی نەکرد، ستالین هەردوو کۆنە هاوپەیمانەکانی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە ئەوان دەیانوێ پرۆلیتاریا و جوتیاران لەیەک کەن مەبەستیانە هاوپەیمانێتیەکەیان هەلوەشێننەوە، سەرەڕای ئەو رێکارانەی دژی موجیکیان پێشنیار کرد بەڵام ئەگەر بەراوردیان پێ بکەین لەگەل ئەو کۆمەڵگە کشتوکاڵیەی لە ١٩٢٩و ١٩٣٠ جێبەجێ کرا میانڕەو بووە. ئەو پلانەی راستڕەوەکان بەرگریان لێ دەکرد وا پێدەچووو ستالین پێی وابووە مسۆگەرتر و بە ئارامتریشی زانیوە.

ستالین لەم میانە لە هەولی ئەوەدا بووە خۆی لەبەر دەم حزب وا نیشان بدا کە بەرگریی لە هێلی مامناوەندی کردووە، بەرگریی لە موجیک واتە جوتیارە هەژارەکان و مامناوەندیەکان دەکرد و هێرشی دەکردە سەر جوتیارە دەولەمەندەکان (کۆلاک)، رەخنەی لە زینوڤییف و کامنێڤ دەگرت چونکە هانی دژایەتی کردنی کۆلاک و جوتیارە مامناوەندەکان نادەن.

بەرنامەی دروست کردن و پیشەسازی کەوتە نێو کارەکانی کۆنگرەی پانزەی حزب بەڵام تا کۆتاییەکانی ١٩٢٨ دەست بە جێبەجێ کردنی ناکرێ، لە کاتێکا بەرنامەی باڵی راستڕەو کەوتە بواری جێبەجێ کردن و بووە سیاسەتی فەرمیی حزب، ئەوانەی لە نێوان ئەو دوو رەووتە یا باڵە مانەوە ئەگەر ناچار کرابان یەکێک لەو دوو باڵە هەلبژێرن باڵی چەپەکانیان هەلدەبژارد.

ستالین سودی لەو دودڵیەی ترۆتسکی وەرگرت تا لەگەڵ زینۆڤییڤ و کامنێڤ لە دژی ئەو یەکنەگرن، لەکاتێکا چەندین خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا هەبوون، ستالین لە مەرکەزی هێزەوە چاودێریەکی توندی ئەو سێ رکابەرەی دەکرد کە چۆن چۆنی بە شەرمەوە بە نیازن لەیەک نزیک ببنەوە، لە هەمان کاتیشدا چاودێری ئەو ململانێ و غیرەی لە یەکتریان دەکرد و رق و کینەکانیانی کەبەرانبەر بە یەکتری هەیانە، ستالین کاری لەسەر دروست کردنی گرژیی نێوانیاندا دەکرد، لە ژێرەوەش نیازی نزیک بوونەوەی لەگەڵ ترۆتسکی هەبوو.

بەکرێ گیراوانی ئەمانەتی گشتی خۆیان لە یاوەرانی ترۆتسکی نزیک دەکردەوە و بەگوێیاندا دەچرپاندن کە زینوڤییڤ نەک ستالین تۆی دوژمنکاریی لە نێوان ئەواندا چاندوە و کێشەی سیاسیی بۆ دروست کردوون، ستالین خۆی لە نوسینەوە لەسەر پرسی لینینیزم دورخستەوە.

ستالین هۆشداری دەدا کە هیچ تێبینیەکی دوژمنکارانە لەسەر ترۆتسکی نەنوسرێت هێرشەکان ئاراستەی زینوڤییڤ و کامنێڤ بکرێن، هەندێک لە هەوادارانی ترۆتسکی لە ئاستی باڵا لە نمونەی، ئەنتونوف-ئوڤزینکو و رادک، هانی ئەوەیان دەدا لەگەڵ ستالین یەککگرن، بەڵام هەندێکیتر پێیان وابووە ستالین و شوێنکەوتوانیی ئەوەندەی نەماوە توشی نەخۆشیەکی لەناوچوون بن، مراخکوفسکی یەکێک لە نزیکترین هاورێیان ترۆتسکی زۆر بەکورتی ئەو نزیکبونەوەی شی کردەوە وتی:

( ستالین فێلمان لێدەکا و زینوڤییڤیش لێمان دوور دەکەوێتەوە)، شوێنکەوتوانی زینوڤییڤ تینوی دوژمنکاری ترۆتسکی بوون، لەم کات و ساتانە ئەمینداری گشتی بە دەستی پۆلایینی لە بالە جودابوە نوێکە دەدا، بەم لێدانە لایەنگرانی زینوڤییڤی لە سەنتەرە هەستیارەکان دوور خستەوە، ئەو کرێکارە ئاساییانەی کە هەستیان بەوە کردبوو دەنگدان بە ئۆپۆزسیۆنە کۆنەکە دەبێتە مایەی لەدەست دانی پۆستەکانیان، لەم پابەندبوونە دوور کەوتنەوە، بەهۆی سیاسەتی (نیب)ەوە خەلکانێکی زۆر بێکار ببون بۆیە کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد مەترسی بخاتە سەر کارەکەی، ژمارەیەکی کەمی رارا مابونەوە ئەوانیش بە پیر بانگەوازەکەی ئەمینداری گشتیەوە چوون.

لەو رۆژان لە ١٩٢٥ رووداوێک روودەدا بەهۆیەوە دەردەکەوێ کە (سیستەمی ئاسنین) کە حکومەت بەسەر خەلکیەوە سەپاندبوو چەندە بێ بەرنامەیی و نارێکە، فرونز جێگرەوەی ترۆتسکی لە کۆمیساری جەنگ نەخۆش دەکەوێ، هەندێک لە پزیشکان ئاماژەیان بەوەدا کە دەبی نەشتەرگەریی بۆ ئەنجام بدرێ، بەڵام بەهۆی لاوازی جەستەیەوە هەندێک ترسی ئەوەیان هەبوو لەم نەشتەرگەرییە ژیان لەدەست بدا، مەکتەبی

سیاسی ئەم پرسەی بەوە کۆتایی پێهێنا کە کارەکەی رادەستی پزیشکی نەشتەرگەری کرد، فرونز بە بڕیاری پزیشک رازی بوو، ژمارەیەک دکتۆر لەسەر مێزی نەشتەرگەرییەکە ئامادە دەبن، ترۆتسکی دەڵێ ستالین یەکێکی لە پیاوانی خۆی هێناوە تا لە بەردەم مەکتەبی سیاسی لە بەرژەوەندی نەشتەرگەری ئەنجامدان شایەدی بدا، بەم شێوە ستالین حوکمی لەسەر کۆمیساری جەنگدا کە یەکێک بووە لە شوێن کەوتوانی زینوڤییف، ئاسان نیە راستی ئەم پرسە بزاندرێ، بەڵام ئەوەی راستیە مەکتەبی سیاسی ئەو دەسەڵاتە دەداتە دەست خۆی کە لەسەر پرسێکی تایبەتی کەسی بڕیار بدا.

بۆلشەڤیەکان ئەگەر سەرکردەبن یا ئەمینی گشتی یەکێکن لە لیژنەی کەرتەکان، ئەوان خاوەنی ئیرادە و بۆچونی تایبەتی خۆیان نەبوون مولکیەتی هەموو شتێکیان بۆ حزب دەگەرایەوە، تەنانەت کاری تایبەتی بەخۆشیان رایان لەسەری نەبووە و لە ژێر چاودێری و پشکنینی حزبدا بوە، پێویست ناکا لەوە زیاتر بڵێێن کە فرونز لە ژێر فەرمانی مەکتەبی سیاسی دابووە ئەو ئەندامێکی ئاسایی زاتی هیچ ناکا، هەموو حزب لەژێر میهرەبانی نەشتەرگەری دابوو کە ئەمینداری گشتیە.

دۆخەکان بەم شێوە دەبن هیچ گرەوێکی ناوێ ستالین لە کۆنگرەی چواردەم بتوانێ شکست بە رکابەرانی بێنێ، هەرچەندە زینوڤییف توانیی نوێنەری لینینگراد بۆ بالی خۆی کێش کاو لەو ململانێیەی بەشداری پێبکا، زینوڤییف و کامنێف دژی دەسەڵاتەکانی ستالین وەستانەوە بە درەنگوەختانێک وەسیەتنامەی لینینیان خستە بەردەم حزبەوە، ئەوکات ستالین هێرشیان دەکاتەسەر و لەسەر ئەو تۆمەتانەی کاتی خۆی ترۆتسکی خستبونیە پاڵ ولەو ماوە خۆی بەرگریی لێدەکردن وبۆیانی دەشاردنەوە پێیانەوەی تۆمەتبار کردن، بەو تۆمەتانە بوونە ( دواکەوتو) بوونە تێکدەری خۆپیشاندانەکانی ئوکتوبەر، ستالین زۆر بە تەواوی لە تەک هاوپەیمانە نوێکانی وەستایەوە ( بۆخارین وریکۆڤ و تۆمسکی) هەروەکو پێشتر لە تەک هاوپەیمانە کۆنەکانی زینوڤییف و کامنێف دەوەستایەوە، پێیان دەڵێ زۆر سەیرە وا بیر بکەینەوە کە سەرکردایەتی حزب بەبێ ئەوانە بکرێ. ئەندامانی کۆنگرە دەیانبینی کە رەخنەگرانی ئێستای هەمان ئەو کەسانە بوون کە بەهۆیانەوە توانیی بگاتە ئەم پۆستە و لەو شوێنە بمێنێتەوە، لە کاتێکا چەندین جار ویستویەتی دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەوکات نوێنەری لینینگراد هاوار دەکا و دەڵێ ( ئێستا دەست لەکار بکێشەوە) ئەم هاوارەی لەگەل دەنگی چەپلەکان تێکەڵ دەبن کە داوای مانەوەی دەکەن و دەڵێن (کۆمیتەی ناوەندیی لینینیستی یەکگرتوو) بە یەکدەنگی لە دەورتە. لەوکاتەوە دەستەواژەی ( کۆمیتەی ناوەندی لینینیستی یەکگرتوو) بەکار هات و بوو بە کەلیشە. بە پێ دەستور ئەمینداری گشتی نابی شوێنێکی تایبەتی لە نێو کۆمیتەی ناوەندی

بۆخۆی دانێ، بەڵام ئەم جیاوازیە دانی پێدانرا و وەکو سەرەتای لێهاتەوە، ئەم شوێنە بۆ چەندین ساڵ بوو بە هی ئەو و کۆمیتەی ناوەندیش بوبە سێبەری.

هەنگاوی پاش کۆنگرە نەهێشتنی رکابەرانی بوو لە لینینگراد، دەنگی شاری لینین سەنگی تایبەتی خۆی هەبوو ناکرێ ببێتە دەنگی ئۆپۆزسیۆنی حزب. ئەو کەسەی ستالین بۆ لینینگرادی نارد بە مەبەستی وەلانانی زینوڤییف لە لینینگراد، ( سیرجی کیروف) بوو. کە تیرۆرکردنی لە ١٩٣٤ بووە دەروازەی تیرۆر لە سیەکان. کیروف یەکێک بوو لە کۆنە بۆلشەڤیەکانی کەمتر رووناکیی دەخرێتە سەر، تا ئەوکات ئەمینداری گشتیی باکۆ بوو کەسێکی چالاک و رێکخراو و ئیداری بوو، کە نێردرایە لینینگراد بە دەسەڵاتێکی فراوانەوە نێردرابوو، ئەویش سەرەتا دەست بۆ پرسە هەستیارەکەی لینینگراد دەبا کە ملکەچ بوون بوو بۆ یاسا، زۆر زوو مەبەستەکانی خۆی پێکا، هەرچەندە شارەکە لایەنگری ئۆپۆزسیۆن بوون بەڵام لە ژێر فەرمانی ئەمینداری گشتی دەرنەدەچوون.

زینوڤییف و کامنێڤ چارەنوسی خۆیان بە چارەنوسی ترۆتسکی نەدەبەستەوە تا ئەوکاتەی لە بەهاری ١٩٢٦ شکست دێنن، ئەوکات ترۆتسکیش پێگەی خۆی بەهۆی هێرش کردنە سەر هاورێیانی لە دەرەوەی ولات کە وەسیەتنامەی لینینیان بلاو کردبۆوە، لاواز ببوو، لەم دۆزە ترۆتسکی نەختێک دوور رۆیشتبوو ئەو گومانی لە راستی ئەو وەسیەتنامە هەبوو، بۆیە کۆبونەوەی ئۆپۆزسیۆنەکان لە کۆبونەوەی دارۆخاوەکان دەچووو.

کاتێک هەواڵی یەکگرتنی ناحەزنی بە ستالین دەگا دەڵێ: ( ئاە وادیارە لەیەکتری خۆش بوونە) ستالین پێویستی بە هیچ کەرەستە و ئامرازێک نەبوو بۆ ئەوەی ناحەزانی پێ بشکێنێ تەنها ئەو وەبیرهێنانەوەی ئەو وتانە بوو کە سێ کەسە ناحەزەکە لەسەر یەکیان نوسیبوو بەبیر خەلکیان بێنێتەوە و بەهۆیەوە بێدەنگیان کا، جگە لەمە حزب گوێی لە زینوڤییف و کامنێڤ راگرت بۆ گێرانەوەی ئەو پیلانەی ستالین لە ترۆتسکی دانابوو، ئەم دانپێدانانە لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکی پیلانگێردا نەبوو، خەلک بەم هەوالانە توشی شۆک هاتن کە پێشتر هەرچی خەسلەتی دلسۆزی و پاکی هەبوو لە مەکتەبی سیاسیان دەبینیەوە، بە نوێنەری راستەقینەی شۆڕشیان دەزانی، کەچی ئەم چیرۆکە ئەوەی ئاشکەرا کرد کە زینوڤییف و کامنێڤ لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کاریان کردوە، ئەمەش گومان دەخاتە سەر پاکی و دلسۆزیان. ئەو زانیاریانەی ئەمان درکاندیان ترتسکی و یاوەرانیی پێ دلخۆشبون، ترۆتسکیان لەوە ئاگادار کردەوە کە ژیانی لە مەترسیدایە، دەڵێ ئەوان بەدەستی خۆیان ئەم وەسیەتنامەیان نوسیوەتەوە بۆ ئەو کاتەی لە ستالین جودا دەبنەوە، کەسایەتی ئەمینداری گشتیان بە کەسێکی مەکرباز ناوبردوە، کەسێکە حەزی لە توندوتیژی و تۆلە سەندنەوەیە، کەسێکە ئارەزوی دەسەڵات و خۆدەرخستن بەسەر کەسایەتییدا زاڵ بووە، بەڵام وادیارە ئەمانە لەوە

سەرکەوتوو نەبوون کە پاساوێکی باوەڕپێکراو بدەنە دەست بۆ مانەوەیان لەو ماوە درێژە لەتەک ستالین، کامنێڤ بە ترۆتسکی دەڵێ: (ئەوەندە بەسە، زینوڤییف لەسەر سەکۆ ببینی، بۆ ئەوەی ئازارەکانی حزب دووبارە بێنیتەوە یاد).

بەڵام ستالین ئەوەندە چاوەڕوان ناکا تا ئۆپۆزسیۆن خەونە مین ڕێژکراوەکانیان بێننە دی، ئەو رووبەڕووی کۆسپێکی وایان دەکا لە هەمان شێوەی ئەو کۆسپەی ترۆتسکی توشی هاتبوو، ستالین لەوە دڵنیابوو کە ناکۆکیەکانیان ناچنە دەرەوەی حزب ئەوان ئامادە نین حزبێکی جیا دامەزرێنن، ئەوان بەو دەستەواژە رازی ببون کەدەڵێ (تەنها بە بوونی یەک حزب لە روسیا دەتوانرێ دەسەڵات ببردرێ بەڕێوە هەرکاتەی ململانێ و کێبرکێ لەسەر دەسەڵات لە نێوان دوو حزب دروست بوو، ئەوا یەکێکیان دژی شۆرش دەبێ)، کەچی ئەو هەلوێستەی ئۆپۆزسیۆن دەیاننواند هەلوێستی دوو حزبی بوو، لە هەر هەنگاوێکیان دڵی هەندێک لە سەرکردەکانیان دەرەنجاند، بۆیە شەرمیان پێ بوو لە هەنگاوەکانیان پەشیمان ببنەوە بە ناچاری هەنگاوێکی تری خەراپتریان دەهاویشت کە دەبووە مایەی نیگەرانی و رەشبینی زیاتری هاورێیانیان لە باڵی ئۆپۆزسیۆن.

مەزنترین کێشە کە ئۆپۆزسیۆن دروستی دەکرد هەلوێستیان بوو لە ناو سوپا، دوای مردنی (فرونز) فوروشیلوف بە جێگرەوەی وەکو کۆمیساری جەنگ دادەمەزرێ، ئەمەش وەکو تۆلە سەندنەوەیەکی خەڵکی تساریتسین بوو لە ترۆتسکی، بەڵام لاشیفیش کە هاورێی زینوڤییف بوو جێگری فوروشیلوف دەبێ. دوای دودڵیەکی زۆر، ئێستا نارەزاتیەکان دەست پێدەکەن، کێشەکان چونە ناو سوپا، ئەمە بە پێچەوانەی هەلوێستی ئۆپۆزسیۆن بوو لە ١٩٢٤.

لە تەموزی ١٩٢٦ ستالین بۆ کۆمیتەی ناوەندی ئاشکەرا دەکا کە لاشیفیش چۆن هەڵساوە بە دروست کردنی شانەی ئۆپۆزسیۆنی لە نێو ریزەکانی سوپا، بەو هۆیەوە لاشیفیش لە سوپا دەردەکرێ ئەمەش گورزێکی بەهێز و کاریگەر دەبێ بەر ئۆپۆزسیۆن دەکەوێ، دواتر زینوڤییف ی پشت و پەنای، پۆستی مەکتەبی سیاسی لەدەست دەدا.

بۆ یەکەمجار ستالین وەکو شمشێری دەرکردن لە نێو حزب بەسەر ناحەزانی دەمێنێتەوە و بەکاری دێنێ، بۆیە ترسیان لێ دەنیشێتەوە هەر بەم هۆیەوە لە ٤ی تشرینی دووەمی هەریەک لە ترۆتسکی و کامنێڤ و زینوڤییف وبیاتاکوف وسوکولینکوڤ و هیتریش لە یاداشتێکا بۆ حزب بەرزی دەکەنەوە تیایدا دان بەهەلەکانی خۆیان دەنێن و دەڵێن ئێمە لە ناوەوە حزبمان لەت کردوە. خۆیان لە توندڕەوەکانیش دوور

خستەوە، بەڵام ترۆتسکی و شوێنکەوتوانی پاش ئەوەی دان بە هەڵەکانی خۆیان دەنێن، زۆر بە توندی دژی ستالین هەڵوێست وەردەگرن.

ئێستا دووبارە رۆڵی ستالین دێتەوە تا دەست بەکار بێ لەبەرانبەر ئەم دانپێدانانە، لە دوایی ساڵەکانی ١٩٢٦ ترۆتسکی لە مەکتەبی سیاسی دوور دەخرێتەوە، ئۆپۆزسیۆن هیچ نوێنەرێکیان لە مەکتەبی سیاسی نەما، بە دادگایی کردنی زینوڤییف لەبەردەم لیژنەی جێبەجێکردنی نێودەولەتی لە سەرۆکایەتی کۆمۆنیستی نێودەولەتیی لادا، دواتر کۆنگرەی حزب دەبەستێ لەوێ ئەو گۆڕانکاریانە دەست پێدەکا کە بەسەر حزب و مەکتەبی سیاسیدا دێنێ، لەوانە دوای داننان بە هەڵەکانیان شلیابنکوڤ و میدیدیڤ دەگێڕێتەوە ناو حزب، بەم جۆرە رێگای خۆش کرد لەبەردەم دەرکردن و تۆبە پێکردنی ژمارەیەک لە ئەندامانی حزب.

دوای ئەمە لە نیوەی یەکەمی ١٩٢٧ قۆناغی دانوستان دێت، ئەم قۆناغە دەبێتە قۆناغی پێش کۆتایی. بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی سیاسەتی نێودەولەتی دووبارە بەگژیەکدا چوون دەست پێدەکاتەوە، لە ١٢ی ئایاری پۆلیسی بەریتانی هێرش دەکاتە سەر بینای نێردەی بازرگانی سۆڤیەتی لە لۆندۆن، دوای دوو هەفتە بەریتانیا پەیوەندیە دبلۆماسیەکانی لەگەڵ روسیا دەپچرێنێ، لە ٧ی حوزەیران کۆچبەرێکی روسی بەناوی فیاکۆڤ، نوێنەری روسیا لە وارسۆ تیرۆر دەکا، هەر لەو میانەدابوو ( شیان کای شیک) بەسەر کۆمۆنیستەکاندا سەردەکەوێ کە تا ئەوکات هاوکاری کۆمینتانگەکانی دەکرد و پێیانەوە بەسترابونەوە، ئۆپۆزسیۆن رەخنەی توندی لە ستالین گرت بۆ یارمەتیدانی (شیان کای شیک) و ناچار کردنی کۆمۆنیستە روسی و چینیەکان تا هاوکاریی بکەن، ئەم هەڵوێستەی شیان کای شیک و هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامەی نێوان یەکێتی کرێکارانی بەریتانی و یەکیتی سۆڤیەتی ستالینیان توشی هەڵوێستێکی شلۆق و نەخوازراو کرد، ئەو رێکەوتننامە ئەوەبوو کە هەمیشە ستالین بە چاوی ئۆپۆزسیۆنی دەدایەوە و هەڵوێستەکانی خۆی پێ بەهێز دەکرد، لەم کاتەدا ٨٣ لە سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن بەیاننامەیەک دەردەکەن ئۆباڵی ئەم شکستانە دەخەنە ئەستۆی ستالین و بۆخارینەوە.

لە میانی ئەم دیبەیت ( دیدارانە)ە لە هاوینی ١٩٢٧ ترۆتسکی لێدوانە بەناوبانگەکەی بەناوی ( کلیمەنسو) دەدا ئەم لێدوانە وەکو کلیلی لێتێگەیشتنی رووداوەکانی دەساڵەی ئەم دواییە بوو، ئەوکاتەی شەڕەکان لە گۆڕێ دەبن، ناوەرۆکی لێدوانەکە دەڵێ:

(ئەگەر روسیا لەم شەڕە بەشدار بێ ئەوا ئۆپۆزسیۆن هەمان هەڵوێست دەنوێنێ کە کلیمەنسۆ ( Georges Clemenceau لە حکومەتی سیلو Cailloux و مالڤی Malvy ی فەرەنسی نواندی لە قەیرانەکانی ١٩١٧). (

ئەوکات کلیمەنسۆ حکومەتی بەوە تۆمەتبار کرد کە بەر لەوەی پێگەی خۆی بەهێزکا هێرش دەکاتە سەر ئەلمانیا بەمەش لە تواناکانی کەم دەبێتەوە و  توشی شکست دەبێ).





Georges ClemenceauMalvy

ترۆتسکی ستالین و بۆخارین و ریکۆڤ و فوروشیلوڤ بە بێ توانا و چەواشەکار دایە ناسین، وتی: ئەگەر شەڕ روویدا ئەو لە پێناو گۆڕینی حکومەت خەبات دەکا بۆ ئەوەی دووبارە سیستەمەکان بگەڕێندرێنە شوێن خۆیان و داهاتەکانی وڵاتیش بکەوێتە دەست حکومەتێکی تر.

بەنمونە لە شەڕی دووەمی جیهان چرچل لە بریتانیا هەمان پلانی تەکتیکی کلیمەنسۆی جێبەج کرد، بەڵام لە ژێر سایەی حکومەتێک کە حکومەتی بەدیلی قەبول نیە، ئەم لێدوانەی بەربا دەکەوێ و کەس کاری پێناکا، ئەوەتا ئەمینداری گشتی بە پێچەوانەی لێدوانەکانی وەڵامی دەداتەوە بەناوی ( لە بەرەی یەکگرتوی سۆڤیەتەوە لە چمبرلنەوە بۆ ترۆتسکی)، هەرچەندە ترۆتسکی و زینوڤییف تا ئەوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون ئەگەر لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسیش دەرکرابوون بەڵام بە پراکتیکی لە دەرەوەی یاسا کاریان دەکرد، ئەمانەتی گشتی رێگەی بەو یاداشتە نەدا کە ئۆپۆزسیۆن ئامادەی کردبوو لە کۆنگرە بخوێندرێتەوە ، بۆیە ئەوان لە لایەن خۆیانەوە بە نهێنی بە چاپیان گەیاند، بەو هۆیەوە یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر باڵی ئۆپۆزسیۆن لە ئەندامیتی دەردەکرێ.  لە ٧ی نیسانی ١٩٢٧ لە کاتی ئاهەنگ گێران بەبۆنەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە ترۆتسکی و زینوڤییف لایەنگرانی خۆیان بە جیا کۆکردەوە و بە شەقامەکانی مۆسکۆدا رێپێوانیان پێکردن، لەم رێپێوانە کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەڕێوە چوو سەیر

ئەوەبوو دروشمی لافیتەکانیان دژی دەسەڵات نەبوو. ئەم ڕووداوە بووە مایەی بە گژیەکدا چونێکی توند بەو هۆیەوە هەریەک لە ترۆتسکی و زینوڤییف  لە حزب دەردەکرێن.

لە تشرینی دووەم لە کۆنگرەی پانزەی حزب بڕیار دەدرێ کارکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن لەگەل ئەندامبون لەناو حزبا یەک ناگرنەوە، هەرچەندە هەریەک لە کامنێف و روکۆفسکی داوای بوردنیان کرد بەڵام هاواری ئەندامانی کۆنگرە هیچ سودێکی نەبوو، دواتر ستالین دەدوێ و دەڵێ:

( هاوڕێینە، دەبێ سنورێک بۆ ئەم گالتەجاریە دانێین.. ئەو وتەی کامنێف لەسەر ئەم مینبەرە خوێندرایەوە بێ ئابڕوترین وپر درۆ و فرتو فێلترین وتەی ئۆپۆزسیۆن بوو)، ئەوکات ئەندامانی کۆنگرە داوایان لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن کرد بەخۆیاندا بچنەوە و ڕەخنە لە خۆیان بگرن و دەستبەرداری ئەم شێوازە بن، کامنێف و راکوفسکی هەولی ئەوەیان دا رازیان کەن ئەم شێوازە لە نەریتەکانی بۆلشەڤیدا نیە، بەڵام بێسود بوو، ئەگەر سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەم کارە بکەن جگە لە خۆ سوککردن هیچی تریان بۆ نامێنێتەوە لە ناو حزب.

لە ١٨ی کانونی یەکەم حزب ٧٥ سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی لە ئەندامێتی حزب دوور خستەوە جگە لە ژمارەیەکی تر کە ژێرچاو کرابوون.

دوای ئەمە بە یەک رۆژ ئۆپۆزسیۆن جیابونەوەی خۆی رادەگەیەنێ، شوێنکەوتوانی ترۆتسکی رازی نەبوون بچنە ژێر باری داخوازیەکانی کۆنگرە، بەو هۆیەوە ترۆتسکی بۆ مالتا دوور دەخرێتەوە، راکوفسکیش بۆ ئیستراخان، زینوڤییف و کامنێف و هەوادارانیان لە بەیاننامەیەکدا دەست بەرداری ڕێبازەکەیان دەبن، بەم لێدانە شکست بە ئۆپۆزسیۆن دەهێندرێ، ئەمە یەکەم رسوا بوونی ئۆپۆزسیۆن نابێ زنجیرەیەک رسوابوونی لەم جۆرەیان دێتە سەر، کۆنگرە بۆ ئەوەی زیاتر سوکیان کا ئەم بەیاننامەی قەبول نەکرد بڕیارەکەی بۆ ئەمانەتی گشتی هێشتەوە، بەم شێوە سەرکەوتنی ستالین بەسەر هاوبەشەکانیدا گەڵێک لە سەرکەوتنی بەسەر ترۆتسکی مەنزتر بوو.

\+ \+ \+

ئەو چیرۆکەی دوای ئەم ڕووداوە دێ لە گەڵێک خاڵ بە چیرۆکی پێش ئەم ڕووداوە دەچێ، ئەوە نایەنێ بچینە نێو وردەکاریەکانی، جیابونەوەی هاوبەشێتی ستالین و بۆخارین و ریکۆڤ و تۆمسکی ئاشکەرا دەبێ،

هەروەها هاوپەیمانێتیە سێ قۆلیەکەشیان دوای دەست لەکار کێشانەوەی ترۆتسکی کۆتایی پێدێ، هەرچەندە لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی، قۆناغی داهاتوو جیاواز دەبێ بەڵام هاوپەیمانێتی و چاو تێبڕینەکانی پالەوانانی ئەو رووداوانە و مەترسی و لێکۆلینەوەکانیان، هەموویان لە رووداوەکانی پێشتر دەچووون.

سەیرە چۆن رکابەرانی ستالین لە بایەخی ئەمیان کەم کردەوە. ئەو خێراییەی کە هەلەکانی خۆیان پێ ئاشکەرا دەکرد سەرسوڕهێنەر بوون، ئۆپۆزسیۆن پێشبینی دەکرد پاش ئەوەی ستالین باڵی چەپڕەوەکانی لەناو برد، لە دوای کۆنگرەی پانزە سەرۆکایەتی حزب دەکەوێتە دەست بۆخارین و ریکۆڤ و تۆمسکیەوە.

ترۆتسکی بەردەوام هۆشداریی دەدایە حزب گومانی لە وەرچەرخانی حزبدا هەبوو بەلای راسترەوەکاندا بچێ، کە بەو هۆیەوە دەکرێ سەرمایەدار دەسەڵات بگەڕێتەوە دەست، هەروەها بۆخارین و ریکۆڤ و تۆمسکی هەستیان بە سەرکەوتن دەکرد، ئەو تەشکیلەی مەکتەبی سیاسی کە دوای کۆنگرە پێکهێندرا وا پێدەچوو ئەوان تیایدا باڵا دەست بن، مەکتەبی سیاسی لە نۆ ئەندام پێکهاتبوو، ستالین لە چواریان بێخەم بوو، ئەوانیش دەنگی خۆی و مولوتوف و دوو ئەندامە نوێکە بوون، کیوبیچیڤ و رودزوتاک ، بۆخارین و ریکۆڤ و تۆمسکیش پشتیان بە پشتگیریەکانی فوروشیلوف و کالینین بەستبوو، بەڵام لە کاتە نەسکەکەدا هەردووکیان دەنگاین بە ستالین دا، بەو هۆیەوە بۆخارین دەڵێ ( ستالین دەسەڵاتێکی تایبەتیی بەسەریانەوە هەیە من نازانم چۆنە، نوێنەرانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بریتی بوون لە هەریەک : کیروف و کاجانوفیچ وئەندریێف و میکویان و هیتریش کە هەموویان لایەنگری ستالین بوون جگە لە یەک ئەندام نەبێ ئەویش ( ئولجانوف) بوو.

ستالین بە پشت بەستن بە زۆرینە، ژێر بەژێر و دوور لە توندوتیژیەکی ئاشکەرا، دەستی بە لەناو بردنی شوێنکەوتوانی بۆخارین کرد ئەوانەی لە پۆستە هەستیارەکاندان لە ئیدارەی حزب و دەولەت دان.

هەروەکو ترۆتسکی و زینوڤییڤ پێشبینیان دەکرد قەیرانێکی کۆمەلایتیی توند بەرۆکی باڵی راستڕەوانی گرت، دوای تەنها هەفتەیەک لە بڕیاری کۆنگرە سەرجەم شارەکانی روسیا رووبەڕووی برسێتی ونەهامەتی بوونەوە، لە کانونی یەکەم رێژەی کڕینی بەرهەمەکانی جوتیاران لەلایەن حکومەتەوە یەک ملیۆن تەن گەنم کەم دەکات، بەمەش قاتو قری دەکەوێتە شارەکان، مەکتەبی سیاسی بۆ چارەسەری ئەم کێشە بڕیاری رێکاری بەپەلەیدا، هەروەکو ستالین باس لەو رێکارانە دەکا، پێشێلی شۆرشگێرانەی یاساکانە، هێرش بکرێتە سەر

ماڵی جوتیاران و دەست بەسەر دانەوێڵەکانیاندا بگیرێ، ئا لێرە ستالین دژی هەموو لێدوانەکانی کار دەکا، کاتێک کۆلاک دانەوێڵە لە شارنشینان دەگرێتەوە سیاسەتی ئابوری بۆلشەڤی ئفلیج دەکا.

لە مانگی تەموز ستالین بڕیار دەدا بە دەستێکی پۆلایین لە کۆلاک بدەن، ئەم ڕێنمایانە جوتیاری گوندانی نیگەران کرد، هەرچەندە ستالین بەرهەمی سێ ساڵەی هاوپەیمانیتی لەگەل جوتیاران (موجی) چنی بوو بۆیە دوژمنداریتی لەگەڵیان کارێکی کارەساتیە، ئەوکات لە مانگی ئادار و نیسان و ئایار و حوزەیراندا کە بە (بەهاری پاکسازی) ناوبردرا ئەو فەرمانبەرە ئیداریانەی دەستیان هەبوو لە دروست کردنی کێشە لەبەردەم بڕیارەکە لە کاری دوورخرانەوە.

بۆخارین و تۆمسکی و ریکۆڤ لەو دیو دەرگاکانی مەکتەبی سیاسی لە هەوڵی پاراستنی ئەو کەسانەدا بوون کە بوونە قوربانیی پاکسازیەکە، بەڵام لەوە وشیار بوون کە ئەمە نەبێتە ململانێیەکی ئاشکەرا، بۆیە بە دیدی خەڵک ئەوانیش بەشێکی ئەم بەرپرسیارێتیەیان بەردەکەوێ.

ستالین سودی لە بێدەنگی ئۆپۆزسیۆن وەرگرت کە لەم پرسە بێ دەنگ بوون، بۆیە رایدەگەیەنێ، ئێمە لە مەکتەبی سیاسی یەک دەنگین هیچ دەستە یا لایەنێک بەناوی راستڕەو لە مەکتەبی سیاسی بوونی نیە..

لە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندیش لاکاتی هێرش کردنە سەر یەکێک لە نزیکەکانی بۆخارین کە فرۆمکلین دەبێ لە وتاردان دەوەستێ ، فرمکلین پێی دەڵێ:

( گوندنشینەکان جگە لە جوتیارە زۆر هەژارەکان، ئەوانیتر هەموویان دژی ئێمەن) جەماوەری راستەقینەی جوتیاران لەم هەلوێستەیان نارەحەتن، ستالین ناوی بۆخارینی وەکو سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن نەهێنا تا نیسانی ١٩٢٩ واتە دوای ساڵێک لە هەلگیرسانی ململانێکە.

هەرنەبێ ئۆپۆزسیۆنە کۆنەکە بەر لەوەی شکست بێنێ هەندێک ململانیی کرد، بەڵام شوێن کەوتوانی بۆخارین ئەمەشیان نەکرد هەر زوو بەزین، هەر لەسەرەتای ململانێکە لە تەموزی ١٩٢٨ بۆخارین پەنا بۆ کامنێڤ Kamenev دەبا تا هاوکاریی بکا، ئەم پەنا بردنە زۆر لە پەنابردنەکەی کامنێڤ و زینوڤییڤ دەچووو کاتی پەنایان بۆ ترۆتسکی برد، دانپێنانەکانی ئەمجارەش بە هەمان دانپێنانەکەی جاران دەچووون کە هاوپەیمانانی ستالین لەسەر ترۆتسکییان درکاند، هەمان دۆخیشی خولقاند لە دلخۆشکردنی کامنێڤ، کاتی خۆی کامنێڤ و زینوڤییڤ مەترسیەکانی سەر ژیانی ترۆتسکیان ئاشکەرا کرد، ئێستاش بۆخارین مەترسیەکانی سەر کامنێڤ ئاشکەرا دەکا، پیلانگێرەکان خاوەنی هیچ بڕوایەک نین، ئەوان لە خەمی تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانیاندان، ئامادەن لە ئان و ساتێکا راو بۆچونەکانیان بگۆڕن، دەڵێ: ( پێمان وایە ئەو

ئاراستەی ستالین گرتوتیەبەر حزب بەرەو هەلدێر دەبا، ئەو ناکۆکیانەی ئێمەش هەمانە لەگەڵ ستالین زۆر لە ناکۆکیەکانمان لەگەڵ ئێوە مەزنترن) بۆخارین باس لەو کەس و لایەنانە دەکا کە هاوکاری ئۆپۆزسیۆن دەکەن، ئەمەش بۆ دروست کردنی متمانە بوو، بەر لە کۆتایی هێنان بە گوتوبێژەکانیان بۆخارین داوای لێدەکا ئەم دیدارە و وتەکان بە نهێنی بپارێزێ چونکە پۆلیسی نهێنی چاودێریمان دەکا، کامنێف جێی دەهێلێ پاش ئەوەی بە توندی باس لە (جەنگیزخان) دەکا مەبستی ستالین و ئەمانەتی گشتیە، ترۆتسکی پاش ئەوەی کاتەکان بەسەر دەچن ئەوسا دەست دەخاتە نیو دەستی ئەندامانی دەستەی سێقۆڵی و زینوڤیف یش بە هەمان شێوە لە کاتی بەسەرچودا ئەمە دەکا.

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی ئەم دۆخەی بێ بەزەییە فشارەکانی ستالین بوون کە لەسەر سەرجەم کایەکانی بواری سیاسیی دروست کردبوو، شکست هێنانی ئۆپۆزسیۆنە یەک لە دوای یەکەکان بووە مایەی بەرتەسک بوونەوەی ئازادی رادەربڕین، سەرکردەکانی ئیۆزسیۆن هیچ بوارێکیان نەدەبینی تیایدا بخولێنەوە و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ستالین ببەستن، ناحەزانی لەو کەلێنانە حەشاردا و کارێکی بەسەر هێنان و بەزەیی پێیانەوە نەدەهات، ستالین لەبەر چەند هۆیەک نەیدەتوانی ترۆتسکی لە حزب دورخاتەوە کە خۆی بە کلمەنسۆ شوبهاندوە، لە کاتێکا ئەمە خۆی هەولدانە بۆ لەناو بردنی حکومەت، لە هەمان کاتیشدا لە توانایدا نەبوو پاساو بۆ ئەو رەفتارانەی بێنێتەوە کە لەگەڵ ئۆپزسیۆندا کردی لە ١٩٢٧ بە دەستێکی ئاسنین لێی دان دواتر دەردەکەوێ کە ئەو لێدانە لەسەر چاپکردنی بە نهێنی بلاو کراوە بووە بەڵام ئەوکات ئاشکەرای ناکا، دوای کەمتر لە ساڵێک لەو رووداوە ئەنجامدانی گوتوبێژی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆنی تۆبەکراو دەبێتە گوناهێکی مەزن، بۆخارین بە چاوی پڕ لە گریانەوە لە مەکتەبی سیاسی داوا دەکا لێی خۆش بن.

تاقە ئەلتەرناتیفی لێ خۆش بوون و چونە ژێربار، دورخستنەوە و دادگایی کردن بوو، ئەم گوناهە نەک لەلایەن دژمنێکی چینایەتیی خۆی بەڵکو لەلایەن هاوڕێ حزبیەکەیەوە دەدرایە پاڵی.

هۆکارێکی تری دژی هەلوێستەکانی هەبوون، ئەویش ناحەز و رکابەرەکانی تا زۆر دەبوون زیاتر لە ناو دەچوون. بۆخارین بە کامنیف دەڵێ: ( ناکۆکیەکانمان لەگەڵ ستالین زۆر لە ناکۆکیەکانمان لەگەڵ ئێوە گەورە ترن) ئەمەی بۆ ئەوەبوو متمانەی پێ بکا، ئەوەی لە هزری بۆخاریندا دەخولایەوە ئەوەبو کە ستالین بە هێز خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێ گوێ لە کەس راناگرێ و حساب بۆ بۆچونی کەس ناکا رقی لە دەستەی رەوشەنبیری ناو حزبە، لە راستیشدا سەرجەم ئۆپۆزسیۆنە کۆن و نوێکان خاڵی هاوبەشیان هەبوو بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ هەموویان لە یەک جەستە کۆبکرێنەوە، نەخێر بە پێچەوانەوە، هەنگاوەکانی بەم

دواییەی ستالین دوور کەوتنەوە دەبێ لە موجیک دەبێتە مایەی نارەحەتی لە نێو ڕەخنە گرانی، کار گەیشتە ئەو ئاستەی نوێنەرانی ئەمانەتی گشتی دەچووونە سەردانی سەرانی ئۆپۆزسیۆنە دوورخراوەکان داوایان لێ دەکردن بگەڕێنەوە ناو حزب چونکە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش حزب پێویستی بە توانا و بەهرەی ئەوانە، ئەوان لە بەرانبەردا داوای گەراندنەوەی مافی لەدەستدراوی کەسییان لێ دەکردن، بەوەی حزب بە ئاشکەرا دانی پێدا بنێ و رایبگەیەنێ، بەڵام ئەوان پێیان دەوتن بۆچی لەم ئان و ساتە ئەم داوا قورسە لە حزب دەکەن؟ لە کاتێکا ئێستا حزب پێویستی بە پاراستنی شکۆ هەیە، مانەوەتان لە دەرەوەی شانۆی سیاسی چ سودێکی هەیە؟ بەهەر حال ئێوە دەزانن کە هەڵەتان دەرهەق بە حزب کردوە ئەوەی حزب لە ئێوەی دەوێ شتێکی روخساریە، رەخنە لە هەڵوێستێکی رابردووی خۆتان بگرن لە بەرانبەردا دەتوانن دەست بە خزمەتکردن بکەن لە ناو حزب و لە پێنا و شۆڕشدا بەردەوام بن.

ترۆتسکی و راکوفسکی بۆ پرسی تۆبە کردن زۆر توند بوون، بەڵام زینوڤییڤ و راداک، بیاتاکوف، سوکولنیکوف، سمیلجا و دەیانیتر هانی تۆبەکردنیان دەدا، لە سالەکانی ١٩٢٨و ١٩٢٩ خەڵکانی دەرەوەی وڵات و مۆسکۆ بە کاروان روویان لە گەرانەوە کرد بە راگەیاندنی پەشیمانیان لەو هەڵانە بەرانبەر بە حزب کردوویانە، بەم وەرچەرخانەی ستالین بەرەو چەپەکان، ئۆپۆزسیۆن مەترسیی لێ نیشت لەوەی ستالین بە تەواوەتی دەست بەسەر حزبدا بگرێ و کەسێک بەناوی ئۆپۆزسیۆن نەمێنێ، پێیان وابوو ماندووبوونەکەیان بەبادەدرێ و ئەوانەی ئەمەیان قەبول کرد دەستبەرداری هاورێکانیان بوون کە زیندان و دورخستنەوەیان لا باشتر بوو لە پەشیمان بوونەوە و خۆوەدەستەوەدان، بەم شێوە ستالین لە دەستکراوەیی خۆی دلنیا دەبێ کە ئەم دۆخە کاتیە بۆ دەستگرتن بەسەر مەکتەبی سیاسی و حزب، هەندێک لە ئۆپۆزسیۆنە کۆنەکان هۆشداریان دایە بۆخارین لەوەی نەکەوێتە ململانێیەکی نابەرابەر کە هیچ سودێکی نابێ، هەر بۆیە لایەنگرانی موجیک گرەویان لەسەر کات دەکرد پێیان وابووە ستالین وڵات بەرەو هەڵدێر دەبا، ئەوکات جیابونەوە لەگەڵ ستالین مسۆگەردەبێ، ستالینیش ئەوەی لەدەستی دێت ئامادەیە لە پێناو مانەوەی دەسەڵات بیکا.

نیشانەکانی ئەم کێشانە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٨ باشتر دەردەکەون، بەڵام ستالین لە ئومێدی رکابەرەکانی دەڕوانی، ئەوەش دەزانی لە ئەنجامی هەڵوێستی توندی ترۆتسکی سۆزی دوژمن و دۆستانی بەلای خۆیدا راکێشاوە، بۆیە تا ئێستا مەنزترین مەترسی ئەوە، بۆ مەکتەبی سیاسیی پێشنیار کرد ترۆتسکی دەرکەنە دەرەوەی وڵات، سەرەڕای هەندێک نارەزایی لەلایەن بۆخارینەوە، پێشنیارەکە کرایە بڕیاری مەکتەبی سیاسی، ئەمە ئەو هەنگاوانەن کە ململانێکان بەرەو خوێنرشتن دەبەن، لە ١٩٢٨ تا ئەوکات ستالین ترسی لەوە هەبوو

ترۆتسکی لە روسیا دەستگیر بکرێ، بەڵام دوای حەوت سالیتر ترسی لەوە نابێ کە حوکمی کوشتن بۆ خۆی و پاسەوانە کۆنەکانی دەرکا.

دوای ئەوەی بە یەکجاری ترۆتسکی لەسەر شانۆی سیاسی وەلا دەنێ، روو لە باڵی راستڕەو دەکا بۆ نینۆک کردنیان، سەرەتا ریکۆڤی لە سەرۆکایەتی سۆڤیەتەکان لادا کە جێگرەوەی لینین بوو، بە بیانوی ئەوەی لایەنگرانی خۆی لەدژی پیشەسازی هانداوە تۆمسکیی لە سەرۆکایەتی یەکێتی کرێکاران دوور خستەوە، بۆخارینی لە سەرۆکایەتی دەولەتی کۆمۆنیستی دوور خستەوە کە پێشتر ئەم پۆستەی لە زینوڤییڤەوە گرتبوە دەست، هەروەها لە مەکتەبی سیاسیشی دوورخستەوە، ساڵی ١٩٢٩ تەواو نابێ کە هەریەک لە ریکۆڤ و تۆمسکی و بۆخارین رەخنە لە خۆیان دەگرن لەو رێبازەی گرتویانەتە بەر پەشیمان دەبنەوە بەو هۆیەوە چەند ساڵێک بە ئارامیەکی ساختە دەژین.

دەسەڵاتەکان بە گشتی کەوتنە دەست ستالین هەر خۆی سەرپەرشتی ململانێکانی سەر دەسەڵاتی دەکرد، سەرجەم رکابەرەکانی خۆی لەناو بردن کەسێک نەما چاوی لە دەسەڵات بێ، لە کۆتایی ساڵ مۆسکۆ ئاهەنگی پەنجاساڵەی لەدایک بوونی ستالین دەگێڕێ، ئەم رووداوە بوە رووداوێکی گرنگ، لە هەموو لایەکەوە ستایش و پێدا هەڵدانی بۆ دەهات، سەرجەم ئەمینداره کانی حزب بە بروسکە و ستایش کردنی هاتنە دەنگ، دیوارەکانی مۆسکۆ و شارەکان بە وێنەی مەزنی ئەو رازێندرانەوە، پەیکەر و رازاندنەوەی لەم بابەتە زۆر بوون هوتافەکان کە دەیانوت ( ستالین لینینی ئەمرۆیە)، هەندێک لە پیاوە مەزنەکان تا ئێستا ئەو رۆژەیان لە بیرە کە یادی پەنجا ساڵەی لینیان دەکردەوە بە ئاهەنگێکی ئاسایی بچوک یادەکەیان پیرۆزکرد و بەرێ کرد، ئێستا پەرستنی ستالین لەگەل پەرستنی لینین تێکەڵ کراوە و زیاتریش.

+ + +

ئەگەر مێژوو نوسێک لەوە دڵنیا بێ کە ململانێکەی ستالین لەگەڵ هەریەک لە بۆخارین و ریکۆڤ و تۆمسکی لە پێناو مەبەستە تایبەتیەکاندا نەبووە کارێکی قورسە ئەو مێژوو نوسە بتوانی ئیدانەی ستالین بکا، بەڵام دۆخەکە ئاوا نەبووە، نەخێر تەنها مەبەست بەرژەوەندی تایبەتی خۆی نەبووە بەڵکو لە ساڵەکانی

١٩٢٨و ١٩٢٩ چارەنوسی روسیا لە ئەنجامی ئەو دوو ڕەشەبایە لە مەترسی دابوو، سەرەتای قەیرانەکە تراژیدی نەبوو تا دواتر نیشانەکانی دەردەکەوتن، هەموو ئەوەی ڕوویدا جوتیارەکان لە پێدانی چەند تەنێک لە دانەوێلە بە شارەکان کەمتەرخەمیان کرد، هەرچەندە دەکرێ ئەمە کارێکی ئاسایی بێ بەڵام ئەنجامەکەی بوو بە تراژیدیایەکی راستەقینە. ڕەتکردنەوەی جوتیاران بە فرۆشتنی دانەوێلەکانیان کارێکی سیاسیی لە پشت نەبوو، ئەوان بە دوای ڕوخانی دەسەڵاتەوە نەبوون جگە لە هەندێک جوتیاری دەولەمەند کە ئەم هەستەیان هەبوو، بەڵام زۆرینەی جوتیارە هەژارەکان ئەوی پاڵی پێوە نابوون ئەم هەلوێستە وەرگرن باری ئابوری خەراپیان بوو کە بۆیان بوو بە کارێکی تێکدەرانە، زۆربەی جوتیاران بەرهەمەکانیان لە مولکدارەکان زیاد نەدەکرد تەنها بەشی ئەوان بوو، دوای دەسال ئاسەواری ڕاپەڕینی کشتوکاڵی دەرکەوت، هەرچەندە هەلوەشاندنەوەی مولکدارێتی مەزن سودی بۆ جوتیارە بۆلشەڤیەکان هەبوو دەبوایە بەرهەمەکان زیاد کەن بەڵام شەڕەکانی ناوەخۆ بوونە کاریگەر لەسەر ڕودانی ئەو تراژیدیا ئابوریە و بەهۆیەوە بەرهەمەکانی کشتوکاڵی کەم دەبنەوە، لە لایەکیتریشەوە جوتیارە مەزنەکان بۆ دانەوێلە و خواردەمەنیەکان داوای نرخێکی زۆریان دەکرد، نرخەکان بوونە بارێکی قورس بەسەر شانی دانیشتوانی شارەکانەوە، جگە لەمەش لە بەرژەوەندی سەرمایەدار داوای دەستەکەوتی تریان دەکرد، ئەم دۆخە بۆ ستالین بوو بە کێشەیەکی ئالۆز، ئەگەر گوێ رایەلی داواکانی جوتیاران بێ ڕووبەڕووی چینی کرێکارانی شار دەبێتەوە کە هەمیشە لە تەک حکومەتەوە بوونە بەتایبەتی لە دوای ئەوەی لە ١٩٢٧ حکومەت توانیی پیشەسازی بنیاد بنێتەوە، ئەگەر گوێی بە داواکانی جوتیاران نەدا ئەوکات مەترسی دەکەوێتە سەر ژیانی شارنشینان، ئەم کێشە پێویستی بە چارەسەریەکی ریشەیی هەیە، خۆ ئەگەر ستالین کاتی خۆی گوێی بە پێشنیارەکانی ترۆتسکی و زینوڤییف بدابایە پەڕوباڵی مولکدارە مەزنەکانی بکردبا ئەوا ئەمان نەیاندەتوانی ئەم کارتەی فشار لەسەر حکومەت بەکار بێنن، ئێستاش پێویستی بەو فشارانەی حکومەت نەدەکرد.

ئەو ڕێکارانەی ستالین لە ١٩٢٤ەوە تا ١٩٢٩ لە شۆڕشی دووەم گرتنیە بەرشتێکی باوەڕپێنەکراو دەبوو ئەگەر ڕۆژانێک لەسەر زاری خۆی نەبیسترابا. ستالین تا دوا ساتەکان مەترسی گەورەی لەم شۆرشە هەبوو هیچ بیرۆکەیەکیشی لەبەر دەستدا نەبوو لە چارەسەر و ڕووبەڕوو بوونەوەی، بەڵام لەمەیان بە تەنیا نەبوو، هیچ باڵ یا گروپێکی بۆلشەڤی لەو بڕوایەدا نەبوو کە بەم خێراییە نە چارەسەر بکرێ نە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بنیاد بنرێ، تەنانەت زۆربەی چەپڕەوە بۆلشەڤیەکانیش کاتێک سەیری ئەم کۆمکردنە کشتوکاڵیەیان دەکرد پێیان وابوو ئەمە چاکسازیەکی لەسەرەخۆیە. تاقە کەس کە بۆ بیرۆکەی (شۆڕشی دووەم) بانگێش کرابێ ( یوری لارین) بوو، کەسێکی ئابوریناسە لە پلەی دووەم، لە ڕۆژگارێکا سەربە باڵی

راستڕەوی مەنشەڤیەکان بووە، پێشتر لەسەر ئەم بابەتە لە ١٩٢٥ شتێکی نوسیبوو، ئەوکات ستالین بە گاڵتە پێکردن پێشوازیی لەو بیرۆکە کردوە بە بیرۆکەیەکی سەقەتی زانیوە، زۆر بەتوندیش ڕەخنەی لەو بۆلشەڤیانە گرتوە کە وروژاندنی (ململانێی چینایەتی لە گوند) بە زەروور دەزانن، وتی :

( ئەم چەنەبازیە .. لە کۆنە گۆڕانیەکانی مەنشەڤیەکانە، لە ئەرشیفی کۆنی مەنشەڤی دەرهێندراوە) کاتێکیش خوێندکارانی دانیشگەی زانکۆی سفردلوف ئەم پرسیارەی ئاراستە دەکەن: چۆن دەکرێ لە گوند شەڕی کولاک بکەین بێ ئەوەی ململانێی چینایەتی نەوروژێنی؟ هەر خۆی بە شێوازێکی خەمساردی وەلامیان دەداتەوە: (حزب بایەخ بە ململانێ چینایەتی نادا لە گوند) ، ئەم دروشمەش ( بە هیچ شێوەیەک گونجاو نیە).

لە ئایاری ١٩٢٨ واتە دوای سێ ساڵ، ڕێکارە ئاورتەییەکان کەوتبونە بواری جێبەجێ کردن، ستالین تا ئەوکات سوور بوو لەسەر ئەوەی (دەستگرتن بەسەر مولکی کۆلاک کارێکی گەمژەییە). لەو بڕوایەدا نەبوو لە چوار سالی بەراییدا بەشێکی کەمی جوتیاران بەشداری لە بنەماکانی بەکۆمەڵ دا دەکەن، پلانی پێنج سالیەکەی کە لە دواییی ساڵ بڕیاری لەسەر درا تەنها ڕێژەی لە ٢٠% دانابوو بۆ کۆمبونی جوتیارەکان لانی زۆری ئەمە تا ساڵی ١٩٣٣ ئەنجام بدرێ، تەنانەت لەساڵی ١٩٢٩ کاتێک ستالین ڕەخنەی لە لایەنگرانی بۆخارین دەگرت کە بە ئاشکەرا پشتگیری لە کشتوکاڵی سەرمایەداری دەکەن کەچی تائێستاش سورە لەسەر ( چاندنی بە تاک دەبێ بەردەوام بێ و ئەم چاندنەش ڕۆڵێکی باش دەگێڕێ بۆ دابین کردنی خۆراک و کەرەستەی خاو بۆ ولات).

دوای چەند مانگێک پرۆسەی (کۆمکردن) ی کشتوکاڵی گەرم و گور دەبێ و کشتوکاڵی تاکەکەسیش بە شکستخواردو حوکم دەدرێ، بەر لەوەی ساڵ تەواو بێ ستالین ڕادەگەیەنێ ( ئێمە لە گواستنەوەی بەشێکی زۆری زەویە کشتوکاڵیەکان تەوا بوین کە بیانکەین بە ناوچەیەکی کشتوکاڵیی دوور لە مەترسیەکانی سەرمایەداری، بە مەزندەی مەکتەبی سیاسی کێلگە کشتوکاڵیەکانی دەولەت و کێلگە کانی بەکۆمەڵ دەتوانن نیوەی پێداویستی هاولاتیانی شار لە خۆراک دابین کەن، لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵ ستالین لە کرملێنەوە دەنگ بەرز دەکاتەوە، فەرمان دەدا بە ( خەباتێکی سەرتاسەری دژی کۆلاک) دەڵێ:

لەسەر ئێمەیە کۆلاک لەناو بەرین، وەکو چین دەبێ نەمێنن، ئەگەر ئەمە مەبەستمان نەبێ ئەوا دیارە خەباتمان تەنها دروشم و بۆ جۆشدان و نانەوەی هەرا بووە.. دەبێ بە هێزێکی وا لە کۆلاک دەین تا نەتوانن جارێکیتر لەسەر پێ بوەستن ، لەجیات ئەوەی ستالین ڕەخنە لە سەرچاوەی سەرمایەی کۆلاک بگرێ کە

خۆیان ئەو بوارەیان بۆ رەخساندبوو، دێت دەپرسێ : ئایا رێگە دەدەن لەناویان بەرین؟ بەڕاستی پرسیارێکی گەوجانەیە. کەس خەم لەو تالە موە ناخوا کە بە نوکی مقەس لەسەری دەوەرێ.. دەبێ بەرگریەکانی ئەم چینە بە شەڕێکی کراوە لەناو بەرین.

نمایش کردنی بەشێک لە لێدوانەکانی ستالین لەسەر پیشەسازی، بۆمان دەردەکەوێ چەندە لەگەڵ یەک ناکۆکن هەروەکو ئەو لێدوانانە وان کە لەسەر کشتوکاڵ دەیدان. پیشەسازیی روسیا لە بیستەکان خەریک بوو دەبوژایەوە دەگەیشتە ئاستی بەر لە جەنگ بەرهەمەکانی بە رێژەی ٢٠% تا ٣٠% زیادیان کردبوو.

مەکتەبی سیاسی باسیان لەو رێژەیەکرد کە دەبێ پیشەسازیی روسیا پێێ بگا، هەموویان لەسەر ئەو رێژە رێککەوتبون کە نەختێک کەمتر دەبێ لە رێژەی جارانی بەر لە جەنگ، بەڵام زینوڤییف و کامنێف و ترۆتسکی پێیان وابووە دەکرێ ئەو رێژە بگاتە ئاستی ٢٠%، بەڵام ستالین تۆمەتباری کردن کە ئەوان سۆپەر پیشەسازکارن، کاتێکیش ناحەزانی پێشنیاریان دەکرد، روسیا وێستگەیەکی دروستکردنی وزەی کارەبا لەسەر روباری دنیبر دابنێ ، ئەم پێشنیارەی خستە سەر رەفەکە و وتی : ئەوکات روسیا وەکو ئەو جوتیارەی لێ دێ، لەجیات ئەوەی مانگایەک بکرێ دەچێ گرامافۆنێک دەکرێ.

راپۆرتی ستالین بۆ کۆنگرەی پانزەی حزب لە دیسەمبەری ١٩٢٧ تژی بوو لە رەزامەندی لە دۆخی پیشەسازی، بەڵام ئەم کارتەی لە دەست ئۆپۆزسیۆن دەرکرد داوای زیادکردنی بەرهەمی پیشەسازیی دەکرد بە رێژەی ١٥% بۆ ئەو ساڵ.

هەر دوای ساڵێک ئەو رازی بوونەی ستالین لە دۆخی پیشەسازی، ون دەبێ و دەڵێ:

(حالی پیشەسازی لەرووی تەکنیکیەوە قابیلی هەموو جۆرە رەخنەیەکە) لەو کاتەوە دەستیکرد بە هاندانی پیشەسازیی خێراتر، ستالین ئاماژە بە رووداوێک دەدا کە هێشتا لە گوێی بیسەران دەزرینگێتەوە ( کاتێک بتروسی مەزن بەمەبەستی بنیادنانی کارگەیەکی پیشەسازی دەستی بە گەڕان کرد لە نێو دەولەتە پێشکەوتوەکان، بۆئەوەی سوپاکەی لەرووی پیشەسازیەوە دەولەمەندکا .. هیچ لە چینە کۆنەکان نەیانتوانی بەسەر دواکەوتویی روسیادا زاڵ بن) بەڵام رێژە نوێکەی کۆمەڵگەی روسی دۆخێکی لەباری بۆ ئەم پیشەسازیە خولقاندوە. پرۆژەکانی ستالین مامناوەندی دەبن، لە ١٩٢٩ کاتێک ئاستی بەرهەمهێنان دەگاتە ٣٤٠٠ ملیۆن روبل واتە پێنج بەرانبەری ئەو گوژمەی وەزارەتی دارایی رێگەی پێدابوو کە ستالین خۆی داوای کردبوو، ئەوکات مەکتەبی سیاسی خۆی خستە شوێن ئەو حالەتەی کە نرخی راستەقینە بۆ پیشەسازی دابنێ، لە ١٩٣٠ کۆنگرەی شانزەی حزب خەلکی توشی شۆک کرد کاتێک ستالین رایگەیاند ( ئێمە لەسەر

لێواری گواستنەوەی ولاتێن لە ولاتێکی کشتوکاڵیەوە بۆ ولاتێکی پیشەسازی) وتی: پلانەکە لە زۆربەی لقەکانی پیشەسازی لەم سێ سالەدا جێبەجێ دەکرێ، کۆنگرەشی ئاگادار کردەوە کە فەرمانی زیاد کردنی بەرهەمی پیشەسازی دراوە.

ستالین خەریک بوو بکەوێتە هزرێکی خەیالیەوە، بیری لەوە دەکردەوە هەموو روسیا لە هەموو بوارەکان بەیەکجار بگۆڕێ، لە فانتازیەکی (خەیال)ی نیمچە راست و دونیای ژمارە و فەرماندا دەژیا، دواتر لە خەونی دەستەواژەی (هیچ قەلایەک نیە بۆلشەڤیەکان نەیروخێنن) دا دەژیا، ئەم دەستەواژە ماوەیەک بوو نوسەر و مێژوونوسەکانیش دەیانوتەوە.

ئێستا نمونەیەکی سەرسوڕهێنەرتان بۆ دێنمەوە کە ستالین دەستی پێوە گرتبوو :

ستالین ئاسن و پۆلای بە کەرەستەیەکی بنەرەتی پیشەسازیی دەزانی . لە ١٩٢٨ تەنها روسیا سێ ملیۆن و نیو تەن ئاسنی خاوی بەرهەمهێنا، بە پێی پلانی پێنج سالی دەبوایە تا ١٩٣٣ دە ملیۆن تەن بەرهەم بێنێ، ماوەی پلانەکە تەواو نابێ ستالین بڕوا بەم دە ملیۆن تەنە ناکا ئاگاداری کۆنگرەی شانزە دەکاتەوە کە ئەم دە ملیۆن تەنە بەش ناکات بە هەر نرخێک بێت دەبێ تا ساڵی ١٩٣٢بکرێتە ١٧ ملیۆن)، ئەو ئابوریناسانەی مەترسیان لە بەرهەم هێنانی ئەم کەمیەدا دەکرد بە هەلپەرستی راستڕەویان دانە ناسین یا بەتێکدەر، هەرچەندە نارەزاییان لەسەر بنەمایەکی زانستی بوو.

لە ١٩٤١ کاتێک هیتلەر هێرش دەکاتە سەر روسیا ئاستی بەرهەم هێنانی ئاسن لەو ئاستە دابوو کە دە ساڵ پێشتر بە پێی فەرمانەکانی ستالین لێ بوو.

+ + +

بینیمان ستالین چۆن برسێتی و قات و قڕی لە ١٩٢٤و ١٩٢٥ بەرەو کۆمکردنی کشتوکاڵی پاڵ پێوەنا. هەندێک لە ناحەزانی پێیان وابوو چارەسەری ئەم قەیرانە بە هاوردە کردنی خۆراک چارەسەر دەکرێ بەڵام کێشەکە نەبوونی پارە بوو، ئەوکات ئەلمانیاش گەمارۆی خستبوە سەر روسیا و هیچ ئومێدێکیش نەبوو کە

وڵاتێک ئەو پارەیە بە قەرز بداتە روسیا، جگە لەوەش ئەگەر بە قەرز و پارەی بێگانەش خۆراک هاوردە بکردبایە ئەوکات پیشەسازی پێش نەدەکەوت بە وەستاوەیی دەمایەوە و ئەو چەقبەستوییەی پیشەسازیش قەیرانێکی نوێی خۆراکی دروست دەکرد کە ئەنجامەکانی لە نێو کۆمەڵگەی شار و گوندەکان مەترسیدارتر دەبوو.

بۆ دەرچوون لەم قەیرانە بەدوای عەمباری دانەوێلەی جوتیارە دەولەمەندەکانا دەگەڕان، ئەم دەستدرێژیە لە مەترسیەکانی برسێتی مەنزتر بوون کە ئەگەری رووداانی هەبوو لە شار و گوندەکان، بەڵام ئیدارە بە هاوکاری حزب و پۆلیس لە توانایدا بوو بەم ئەرکە هەلسێ، ئەو جوتیارە دەولەمەندانەی خۆیان لە یاسا دزیبۆوە توانیبویان بەشێک لەو دانەوێلە پاشکەوت کەن، بەڵام جێبەجێ کردنی فەرمانەکان توانرا دەست بەسەر ئەو دانەوێلە پاشەکەوتکراوەدا بگرن لە گوندەکانیش جوتیارەکان خۆیان بەم کارە هەڵسان، بەم پاساوە ستالین لە بەرژەوەندی جوتیارە هەژارەکان ئازاری جوتیارە دەولەمەندەکان دەدا، لە پاداشتی هاوکاری جوتیارە هەژارەکانیش دەبێ پاداشتیان بدرێتێ، چ پاداشتێک بۆ جوتیارێکی هەژار کە نە خاوەنی مانگا نە بەروبومێکی زۆر، خاوەنی ئامێرێکی کۆنی زەوی کێلانە باشترین پاداشت بۆ ئەوان دروست کردنی (کێلگەی بەکۆمەڵە، هەرەوەز) کە حکومەت لە رێگەی ئامێرەکانی کۆلاکەوە دەستی هاوکاریان بۆ درێژ دەکا، هەندێک سەرە مانگا و تراکتۆریان پێدەدا تا باری ژاینیان پێ باشتر بێ و کشتوکالیان پێ ببوژێتەوە.

بە دروستی نازاندرێ چەند لەو ٢٥ ملیۆن جوتیارە لە چینی هەژار بوون، مەزندە کرا ٥ تا ٨ ملیۆن جوتیار لە خاوەن زەویە کانن کە بە گاسن زەویەکانیان دەکێلن، بەڵام لایەنەکەی تر ١،٥تا ٢ ملیۆن جوتیاری دەولەمەند هەبوون لەم نێوەندەشدا ١٥تا١٨ ملیۆن جوتیاری مامناوەندی هەبوون، بەم جۆرە پشت بە کەمینەی جوتیارەکان بەسترا کە پێشوازی لە پرۆژەی ( گۆڕانکاریە مەزنەکە) بکەن، سەرەڕای ئەوەی ئەو کەمینە جوتیارە ژمارەیان زۆر بوو بەڵام ئەگەر ستالین بۆ پرسی چاکسازی کشتوکاڵی لە سنوری کۆمکردنی کشتوکاڵی لەسەر مولکدارە بچوکەکان بوەستایە و کاری لەسەر دابەش کردنێکی دادپەروەرانە بکردبا، ئەوکات ئەم پرۆسەی کۆمکردنی کشتوکاڵی بەم شێوە نەدەبوە لافاوی خوێناوی، ئەگەر کۆمەڵە کشتوکالیەکان هاوکاری بکرابان بە پێدانی ئامێری تازە و قەرزی حکومی بۆ ئەنجام دانی پرۆژەکانیان، ئەوکات سۆزی ئەو جوتیارانەیان بەلای خۆیاندا دەکێشا کە ناویان لە خۆیان نابو جوتیاری مامناوەندی و لە راستیشدا ژیانێکی کۆلەمەرگیان دەبردەسەر.

ئەم دۆخە قورسە ستالینی تا ١٩٢٩ برد، سەرەتای پرۆژەی کۆمکردنی کشتوکاڵی سەرکەوتو بوو راپۆرتەکان بە لێشاو بۆ ئەمانەتی گشتی دەچوون، لە لایەن فەرمانبەرە حزبیەکانەوە هەواڵی سەرکەوتنی پرۆسەکەیان

بێ رادەگەیاندن، بەم هۆیەوە ستالین بڕیاری دا پڕۆسەکە بباتە دەرەوەی ئەو سنورانەی بۆیان دانابون، بە هەزارا فەرمانبەری حزبیان ناردنە گوندەکان ڕێنمایان پێدان کە کۆلاک بە (چینی کولاک بناسێنن) و هەزاران جوتیار کە خۆیان مەبەستیانە لە جوتیارە مامناوەندیەکان بەرەو (کۆمەڵگەی کشتوکاڵی) و پرۆژەی کۆمکردنی کشتوکاڵی ببەن، دەتوانین ناوەرۆکی ئەو ڕێنمایانە لەو گوتارەی ستالین ببیستین کە لە دیسەمبەری ١٩٢٩ بۆ ئەو کادرە حزبیانەی دا کە لە گوندەکان کاریان دەکرد، بە دەیان دەستەواژەی بێمانای بەکار هێنا تەنها بۆئەوەی گومانی جوتیاران برەوێنێتەوە کە بڕوایان وابوو شۆرش مامەلەکردنێکی توند لەگەل ملیۆنەها مولکداری بچوک دەکا، ستالین بە گاڵتەوە ئەم رستەی دەگوتەوە کە ئینجلس نوسیبوی:

( ئێمە لەگەڵ جوتیارە بچوکەکانداین ئەوەی لە تواناماندا بێ لە پێناو باشتر کردنی گوزەرانیان دەیکەین، ئامادەکاری و ئاسانکاریشیان بۆ دەکەین ئەگەر ئەوان بڕیاریان دا بەرەو هەرەوەزەکان بچن. ئەگەر لە تواناياندا نەبوو ئەم بڕیارە یەکلایی بکەنەوە ئێمە کاتیتریان پێدەدەین) ستالین بە گوێگرەکانی دەڵێ: هۆشداریەکانی ئینگلس زیدەرۆیی تیایە لەگەل دۆخەکانی ئەوروپا دەگونجێ، بەڵام لە روسیا جێی نابێتەوە، نابێ ئەو کاتە بە جوتیارەکانمان بدەین تا بیر بکەنەوە چونکە ئەوان خاوەنی زەویی خۆیانن، درێژەی پێدەدا و دەڵێ: نابێ دەست بەسەر زەویەکانی کۆلاکدا بگیرێ، هەروەکو هەندێک لە بۆلشەڤیەکان پێشنیاری دەکەن، بەڵام ستالین ئەوەی روون نەکردەوە چارەنوسی ئەو ١٠ ملیۆن کولاکە چی بەسەر دێ کە رێگەیان نەدرا بچنە ناو کۆمەڵە جوتیاریەکان (هەرەوەزەکان) ؟

گوندەکانی روسیا بوو بە دۆزەخ ئەوەندەی نەبرد حکومەت رووبەڕووی ناڕەزایی جوتیاران بۆوە، ئەم پرۆژەی کۆمکردنی کشتوکاڵی هەرەسی هێنا، بوو بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بە زۆر خەڵک دەبردارن بۆ ئەوێ، سوپا گوندەکانی گەمارۆ دەدا بە چەکی ئۆتۆماتیکی خەڵکیان راپێچی ئەوێ دەکرد، خەلکانی کۆلاکیان بۆ دورترین شوێن لە سیبیریا دورخستەوە کە هیچ ئاوەدانیەکی لێ نەبوو، مولک و ماڵیان دەستی بەسەردا دەگیرا کۆگای دانەوێلە و ئامێرەکانیان بوونە مولکی حکومەت، زەویەکان کرانە کێلگەی بەکۆمەڵ، ئەوکات ستالین مولکەکانیانی بە ٤٠٠ ملیۆن روبل مەزندە دەکرد، جوتیارەکانیان سەرفراز کردن کە کەرەستەی دەست بەسەردا گیراو بۆخۆیان ببەن بۆ کێلگە بە کۆمەڵەکان، گاجوت و ئاژەلەکانیان سەر دەبڕین، کێلگەکانیان ئاگر تێبەردەدا، هەرچی خەراپەکاریە لەگەلیان ئەنجام دەدان، ئەمە پێی وترا شۆڕشی (موجیکی مەزن) کە بە شۆڕشی لودیت دەچووو ( لودیت ئەو کرێکارە بەریتانیە بوو کە ئامێرەکانی تێکشکاندن بە لێکدانەوەی خۆی ئەم ئامێرانە جێی کرێکار دەگرنەوە بەو هۆیەوە بێکاری دروست دەبێ)، تا سێ ساڵ دواتر ستالین ئەنجامی ئەم شۆڕشەی ئاشکەرا نەکرد، لە کانونی دووەم ١٩٣٤ دەڵێ:

( روسیا لە ١٩٢٩ خاوەنی ٣٤ ملیۆن ئەسپ بوو لە ١٩٣٣ تەنها ١٦،٦ ملیۆنی لێ مایەوە واتە ١٨ ملیۆن سەربڕدراون، هەروەها ٣٠ ملیۆن ئاژەڵی تر سەربردراون بە ڕێژەی ٤٥% لە کۆی ئاژەڵەکانی، نزیکەی ١٠٠ ملیۆن یا سێ یەکی مەڕ، جگەلەمەش پانتاییەکی یەکجار زۆر لە زەویەکان بێ چاندن جێ ماون ئەمەش بەرهەمەکانی دانەوێلەی پێ کەم دەبێتەوە.

شەڕی بەرەی کشتوکاڵی کە ستالین کردیەوە ناچار دەبێ هەمان شەڕ لە بەرەی پیشەسازیش بکاتەوە، ئامێری خێراکارکردنی کشتوکاڵی ببوە پرسی مان و نەمانی جوتیاران، کشتوکاڵ بە شێوەیەکی گشتی و لە روسیا ی سەرەتایی بە تایبەتی بۆ زیاد کردنی بەرهەمەکانی پێویستی بە ئامێری نوێ هەیە، لە شوێن گاسن و گاجوت دەبێ تراکتۆر هەبێ دەبێ بۆ هەموو قۆناغەکانی چاندن و بەرهەم هێنان ئامێری نوێ بێتە مەیدان ئەو کاتەی پرۆسەی کێلگەی بەکۆمەڵ کەوتە بواری جێ بەجی کردن روسیا تەنها ٧ هەزار تراکتوری هەبوو، لە کاتێکا خۆی پێویستی بە ٢٥٠ هەزار تراکتۆرە، ستالین بە هەوڵی تایبەتیی توانی لە ١٩٢٩ نزیکەی ٣٠ هەزار تراکتور دابینکا، بەڵام ئەمە تانها دلۆپێکە لە دەریا.

بەبێ ئامێری پێشکەوتوی کشتوکاڵی هیچ رێکخستنێکی کشتوکاڵی و دابەشکردنێکی کارەکان ئەنجام نادرێ، بۆیە زۆربەی کێڵگە کشتوکاڵیەکانی بە کۆمەڵ مەترسی دارمان و لەت لەتبونیان لەسەر بوو، دبوایە کارگە پیشەسازیەکان ئەم ئامێرانە دابین کەن، لایەنە تایبەتیەکان دەبێ پەلە لە لێدانی بیری نەوت بکەن بۆ دابین کردنی دیزل و بۆ بەگەڕخستنی ویستگەی وزە دروستکردن و بەکار خستنی ئامێرەکان، دەبێ گوندەکان وزەی کارەبایان بۆ دابین بکرێ بۆ بەگەر خستنی ئامێری کارەبایی جگە لەمانە دەبێ بە ملیۆنەها جوتیار بخرێنە خولی راهێنان بۆ فێرکردنی بەکارهێنانی ئامیرەکانی تراکتۆر و پیشەی تر، ئەمە کارێکی قورس بوو کە موجیکی نەخوێندەوار فێری بەکار هێانی ئامێرەکان بکەیت.

ئەزمونەکە ئەزمونێکی شێتانە بوو پشتی بە هیچ یاسا و بنەمایەک نەبەستبوو بەدەر بوو لە هەموو بڕوا و رێنماکان، ئەم پرۆسە وەکو ئەوە وابوو میلەتێک بەگشتی بۆ شوێنێکی دوور کۆچ بکا، دوای ئەوەی هەموو خانو و کۆخەکانیان ڕروخێنن دار لەسەر بەرد نەمێنێ، بەرەو فانتازیای (خەیال)ێک بچن ئەویش هەمووی درۆ و ناراست دەرچێ، دوای ئەو کۆچە ئەو میلەتە مەبەستی بوە دووبارە خانوەکانیان چاک بکەنەوە بۆئەوەی تیایدا بژین، بەدوای دروستکردنی خشتدا دەگەرێن بۆیان دەردەکەوێ کە کا و قەرسیریان دەست ناکەوێ خشتی لێ دروست کەن، دواتر ئەم میلەتە لە برسا و بێ بەرگیا توشی نەخۆشی نەداری دەبێ، هەوڵ دەدا هەر شوێنێک دەست کەوێ سەریان پێدا بگرن، هەرچۆنێکی بێ لە قوڕ و کا، خشت دروست دەکەن و شوێن حەوانەوەیەک پێک دێنن بەڵام نەک وەکو هی جارانیان زۆر لەو خەراپتر. ئەمە حالی ئەم میلەتە بوو کە

ژمارەیان ١٦٠ ملیۆن کەس بوون، کەسێک دەیبرد بەڕێوە و بەرەو ئەو پرۆژەی دەبردن کەسێکی زۆر ئاسایی بوو خاوەن هیچ بەهرە و تواناسازیەک نەبوو، کتوپڕ شتێک هات بە مێشکیا نیوەی ڕاست نیوەکەیتر فانتازی(خەیال) بوو، ئەو پیاوە خۆی بە دادوەر و قازی و ئەندازیاری بیناساز دەزانی لانی کەم خۆی بە فیرعەونی نوێ دەزانی. ئەمە وێنەی دۆخی روسیای ئەوکات بوو بەدەست ئەو پیاوەوە: پڕ بوو لە ئەشکەنجە و ئومێد، پڕ بوو لەو ڕووداوانەی سەیر و سەمەرە، ستالین لەم وێنەیەدا ئەوە شوێنی بوو.

ستالین وەکو فیرعەونی نوێ خۆی نەدەبینیەوە، بەڵکو خۆی بە موسای نوێ دەزانی کە گەلێکی هەڵبژێردراو دەبات بەڕێوە، لە کاتێکا ئەقلیەتی ئەم دکتاتۆرە بێ ئاینە پر بوو لە سومبل و دەستەواژەی وەرگیراو لە تەورات، لەو دەستەواژانەی لە نوسینە بێ ماناکانی زۆر دەبینرا دەستەواژەی ( بەرەو خاکی پەیمان پێدراوی سۆسیالیزم)، ئەو کاتەی لە تبلیس و باکۆ چەند کەسێکی دەبرد بەڕێوە دەبێ ئەوکات چەند جار ئەمانەی دووبارە کردبێتەوە.

ستالین کە بەرنامەکە خستە بەردەم گەل بۆئەوەی هەموو تواناکانیان بخەنە گەر بۆ جێ بەجێ کردنی، توانای ئەوەی نەبوو وەلامی پێویستیەکانی ئابوریی خەڵک بداتەوە، بۆیە ویستی کەش و هەوایەکی سۆزداری دروستکا بۆ ئەوەی لەم داواکاریانەیان دوورخاتەوە، ستالین یەکەم جار روو لە هەستی نەتەوایەتی دەکا جگە لە هەستی سۆسیالیزمی، راستە لە سۆسیالیزم ئەم هەستەی نەتەوایەتی هەستێکی رەوایە بەڵام لە نێو یەک ولات، ستالین هیچ کاتێک رێگەی بەوە نەداوە ئەم هەستە سەرکەوێ هیچ کاتێکیش ستایشی ئەو کەسانەی نەکردوە کە بەدوای ئەم هەستەوەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئەوکات ستالین لە ژێر کاریگەری بۆلشەڤیەکاندا بووە، ئەوان دژی دەربڕینی هەستی نەتەوایەتین، دواتر مسۆگەر نیە ئاخۆ لە سەرەتاکانیدا ئەو هەڵگری ئەو هەستەی نەتەوایەتی بووە، ئەم ئاوازە نوێیە لە گوتاری شوباتی ١٩٣١ دەبیسترێ کە زۆر بەتوندی رەخنە لەو کەسانە دەگرێ ئەوانەی پێیان وایە نابی پەلە لە دروستکردن و پیشەسازی بکرێ، پێێ وابووە پێویستیەکانی خۆجێیی و دونیا هانی ئەو سیاسەتەی دەدا.

پیشەسازی و دروست کردن بنەمای دامەزراندنی سۆسیالیزم و حکومەتی سۆڤیەتن، بە دیدی دونیای پرۆلیتاریا دەبێ پابەندبین. ستالین بە شێوازێک گوتار دەدا کار بکاتە سەر هەستی نەتەوایەتی خەلک :

( نەخێر ئەی هاوڕێیان، نابێ سستی بە پلانەکەمان بدەین بە پێچەوانەوە، بە پێی توانامان دەبی پەلە بکەین، ئەمە پابەندیمانە بە کرێکار و جوتیارانی یەکێتی سۆڤیەت، پابەندیمانە بەرانبەر بە کرێکارانی دونیا بەگشتی).

سستیی بدەینێ واتا دوا کەوتین، ئەوەی دوا دەکەوێ نایباتەوە. ئێمە نامانەوێ بیبەینەوە، نەخێر، ئێمە نامانەوێ، روسیا لە مێژووی کۆنیدا بەردەوام بەهۆی دواکەوتوییەوە ژێر کەوتوە، خانەکانی مەنگۆل شکستیان پێهێناوە، بەگەکانی تورک شکستیان پێهێناوە، دەرەبەگەکانی سوێدی شکستیان پێهێناوە، کچەکانی پۆلۆنی و لیتوانی شکستیان پێهێناوە، سەرمایەدارەکانی ئینگلیز شکستیان پێهێناوە، هەروەها فرەنسیەکان شکستیان پێهێناوە، بارونەکانی ناپۆلیۆن شکستیان پێهێناوە، هەمووکەس بەهۆی دواکەوتویی شکستی پێهێناوە: دواکەوتوویی سەربازی، دواکەوتوویی رەوشەنبیری، دواکەوتوویی سیاسی و پیشەسازی و کشتوکاڵی. بۆیە هەموویان شکستیان بە روسیا هێناوە چونکە شکست پێهێنانەکە بە سوود بووە هیچ سزایەکی لەدوا نەبووە، ئایا وتەکانی شاعیرتان لە بیرە کە بەر لە شۆڕش وتویەتی؟:

(تۆ هەژاری، تۆ دەولەمەندی، تۆ مەزنی و تۆ بچوکی ئەی روسیا ئەی دایک).

ئێمە بە ماوەی پەنجا تا سەد ساڵ لە دوای ولاتە پێشکەوتوەکان داین، ئەم ماوەیە دەبێ بە دە ساڵ ببڕین، یا دەبێ بیبڕین یا لەناومان دەبەن.

ئەم بانگەوازەی ستالین گڕی لە فانتازی (خەیال)ی چینی کرێکاری شار بەردا، نەوەی نوێ کەوتە هزر و بیرکردنەوە بە خەیال گوایە روسیا دەبێتە ئەمریکایەکیتر دەبێتە ئەمریکای سۆسیالیزم، گوایە روسیا دەبوژێتەوە و خەلکی دەکەونە دونیایەکیتر، بە سەدان پرۆژەی مەزن دانران، بە دەیان هەزار کرێکار و گەنج بە تایبەتی ئەندامانی رێکخراوی لاوان (کومسومول)، بە خۆبەخش خزانە نێو ئەو پرۆسە، کوێرانە پێشوازیان لەم بیرۆکە دەکرد، کەسە ئاساییەکانیش خۆشحال دەبن چونکە پێیان وابووە ئەو بێکاریەی لە ئەنجامی جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابوری (نیب) رووبەڕوویان هات، کەم دەبێتەوە.

دواتر ستالین هەنگاویتر دەهاوێژێ ئەمجارەیان بۆ بوارێک کە کەم کەس دەتوانێ ئەم زێدەرۆییە بکا، ئەویش بواری ئابوری دەبێ، سەیر بوو ئەم پیاوە نە شارەزایە لە بواری ئابوری نە پیشەوەری ئەم بوارەیە، تەنها ئەوە نەبێ رێبازەکەی مارکس زیاتر لە سیاسەتمەدارەکانیتر هەندێک زانیاری و شارەزایی لە بواری ئابوریی پێداوە. رۆلی ستالین لە سەردەمی لینین رۆلێکی بێنرخ و هیچ بوو لەو رۆلە دەچووو کە لە ئیدارەی سیاسی هەیبوو، دواتر لە ساڵەکانی دوای لینین هەموو تواناکانی لە دژی رکابەرەکانیدا تەرخان کردبوو، هیچ دەرفەتێکی تایبەتیی نەبوو تەنها ئەوەنەبێ بۆ جەماوەر بە شێوەیەکی گشتی باس لە رووداوە سیاسیەکان بکا ، بەم شێوە ستالین دەست بە شۆڕشی پیشەسازی دەکا بەبێ هۆشیاری لەم بوارە، داهات و سەرمایەیەکی زۆری جەماوەری لەم پێناوەدا بە هەدەردا، ئەم ئەزمونەی ستالین بەهۆی هێزی ئیداریەوە متمانەی زۆریان پێ

بەست، ئایا بە ئاراستە کردنی ئەم هێزەی دەتوانێ بەسەر رکابەرەکانیدا زاڵ بێ؟ ئایا دەتوانێ بەم دامەزراوەی کۆمەڵێک پیاو و کەسایەتی سیاسی ناچارکا سەر بۆ فەرمانەکانی دابنوێنن و بە هەموو شتێکی رازی بن؟ گەر وابێ بۆ ناتوانێ چۆنێکی بوێ ئەو کۆمەڵە جوتیارەی موجیک بە هەوەستی خۆی بەکاریان بێنێ و توشی نەهامەتیان بکا؟ ئەی بۆ ناتوانێ بەڕێوەبەری کارخانەکانی بەرهەم هێنانی خەلوز و پۆلا ناچار کا ئەو بڕە وەبەرهەم بێنن کە بڕیاریان لەسەری داوە؟. ئەوەی گرنگە بەردەوامی فشارەکانە کە هەرگیز نەرم نابنەوە لە خۆیەوە و لە مەکتەبی سیاسیەوە، کەسیش ناتوانێ لە سەرەوەی ستالینەوە ناچاری بکا ئەم فشارە هەموو لایەک بگرێتەوە بەبێ جیاوازی.

کاتێکیش ستالین بۆ ئەوکارانەی لە گوند ئەنجامی دابوو هاتەوە هۆش خۆی، حەزی لێبوو جوتیارەکان رازی بکا و لەم ماکە شەرمەزاریە رزگاربێ، لە ٢ ی ئاداری ١٩٣٠ ویستی دوو چۆلەکە بە یەک بەرد بپێکێ، لە ڕێگەی بەیاننامەیەکدا بە ناوی ( خولانەوەی سەرکەوتن) هەموو گلەییەکانی سەرنەکەوتنی ئەو پرۆسەی کۆمکردنی کشتوکاڵی خستە ئەستۆی فەرمانبەران، وتی ئەوان بە زۆر بردراونەتە ئەم کۆمەڵگەیە لە کاتێکا هەندێک لەو کۆمەڵگە کشتوکاڵیانە کەلکی ژیانیان نەبووە. ئەو بەر لە سێ مانگ خۆی ئەو فەرمانەی پێدابوون کاتێک بە کادرانی حزبی راگەیاند بوو مۆلەت بە جوتیارەکان نەدەن بیر بکەنەوە، بە زۆر راپێچی کێلگە بەکۆمەڵەکانیان ببەن، ئێستاش دەڵێ رێنماکانم بە هەلە لێک دراونەتەوە ؛( کێلگە کشتوکاڵیەکانی بەکۆمەڵ بە هێز دروست نابێ، ئەمە کاری کۆنەپەرست و نەفامانە) هێرشیش دەکاتە سەر هەلپەرست و لادەر و ترسنۆک و نەفامەکان و داوای سنورێک بۆ ئەم گێرەشێوێنیە دەکا. دەرکەوتنی ستالین وەکو پارێزەری مافی موجیک بۆ مەکتەبی سیاسی رووداوێکی سەیر بوو، ئەو ئاگاداری مەکتەبی سیاسیی نەکردۆتەوە بەم هەلوێستانەی یا بڕیارانەی، لە رێگەی ئەلقە لەگوێکانیەوە ئەم فەرمانەی بلاو کردۆتەوە، تەنانەت کۆمیتەی ناوەندیی ملکەچیش ناڕەزایی دەربڕی، سەرباری ئەمە دواتر لە بەیاننامەیەکدا دەڵێ من ئەم فەرمانەم نەداوە توندوتیژی راگرن ئەمە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیە .

هەرچۆنێکی هەبێ ستالین کۆت و بەندی خستۆتە دەستی هەموویان، لە سێ ساڵی دواتر تەنها ١٠% لە کۆی زەویەکانی کشتوکالی کۆکرانەوە، دواتر شێوازی کێلگە کشتوکالیەکانی بەکۆمەڵ گۆردران، سەرەتا سەرجەم مومتەلەکاتی کێلگەکە بۆ گشت دەگەرایەوە، جوتیارەکانیش بە رۆژانە کاریان دەکرد، لە سەرەتا و ناوەندەکانی سیەکانیش زنجیرەیەک لە چاکسازی ئەنجام دران بە ناوی ( چاکسازیەکانی ستالین) کۆمەڵێک دەستبەرداری لە بەرژەوەندی تاکی جوتیار ئەنجامدران، کۆلخوز بوو بە هەرەوەزی نەک کۆمیونی

ئەندامەکانی قازانجەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکرد، مافی خاوەندارێتی پارچەزەویەکانیان پێدرا لەگەل بەشێک لە سەر ئاژەل و پەلەوەر. لەم میانە هەندێک جیاوازیی کۆمەڵایەتی بوژانەوە :

هەندێک کۆلخۆز دەولەمەند دەبن هەندێکیان هەژار، هەندێک جوتیاری ئەندام لە کۆلخۆزەکان دەولەمەند دەبن هەندێک هەژار، دەسەڵات پێشی لە کۆلخۆزە پێشکەوتوەکان گرت، ستالین فەرمانیدا هەموو ئەو کێلگانەی مولکی دەولەتن (سوفخوز) هەموویان لەناو ببردرێ، هەر کێلگەیەکی بەکۆمەڵ ستالین ٤٠ ملیۆن ئەکرای لە زەوی پێ بەخشین. بەم شێوە نیمچە پارسەنگیەک لە نێوانیاندا روویدا، لە نێوان بەرژەوەندیە تایبەتیەکان و بەرژەوەندیە گشتیەکان، حکومەت توانیی بە هێواشی بەبێ توندوتیژی هەموویان کۆکاتەوە، ئیتر دەرسەکانی ١٩٢٩و ١٩٣٠ بەفیرۆ ناچن.

سەرەڕای هەژانی بنەچەکانی لە کۆتایی سیەکان جۆرێک لە هاوبەستەگی نوێ بەسەر کۆمەڵگەی گوندەکانی روسیدا هات.

پێچ و پەناکانی شۆڕشی پیشەسازی بێ توندوتیژی نەبوون، وەکو باسمانکرد ستالین لە ١٩٣٠ داوا دەکا بەرهەمی پۆلا و خەلوز بەرێژەی نیو بەرانبەر زیاد بکرێ، بەڵام لە ٦%تا١٠% زیاد کرا ئەمە ستالین خۆی لە سالی دواتر دانی پێدانا. پەرەسەندنی هێواشی کانزاکان کاریان کردە سەر بوژانەوەی پیشەسازی و بەرهەمەکانی ئەندازیاری، ستالین لە تورەبوون و پێداگریا بڕیار دەدا بەرەو کانزای زەبەلاح بڕوا، برەیار دەدا لە سیبیریا کانزای مەزن دروست بکا، یەکێک لە شایەد حالەکانی ئەمریکی دەگێڕێتەوە دەڵێ من بەچاوی خۆم بینیم بە هەزاران کرێکار چەند بە قورسی ئازاریان دەچێژت کارێکی سەختیان دەکرد بۆ دروست کردنی تەندوری ئاسن و پۆلا، لەم هەزاران کەسە زۆربەیان بە ئارەزو و حەزەوە ئەم کارەیان دەکرد، من هەر بەیەک رۆژ توشی نەخۆشی هاتم، نوسەر کۆتایی بە نوسینەکەی دەداو دەڵێ: ( من وای دەبینم زیانەکانی روسیا لە رووی گیانیەوە لە شەڕی کانزاکان گەلێک زیاترە لە زیانەکانی شەڕی مارن) .

زیانی گیانی مەزنن بەڵام ئەنجامەکان مەزنترن، راستە ئامانجەکانی پلانی پێنجی جێبەجێ نەکرا، راستە ستالین دووبارە داوای لە پیشەسازی نەکردەوە تەنها لە شەڕەکانی هیتلەردا نەبێ کە هەولی زیاتر بۆ بەرهەمەکانیان بدەن.

تێکڕای زیادەی بەرهەمەکانی پیشەسازی لە پلانی پێنجی دووەمی بە رێژەی ١٣%تا١٤% دەبێ ئەگەر ئەم پلانە جێبەجی کرابێ ئەوا لە سالەکانی ١٩٣٢-١٩٣٧ یەکگرتنێکی پیشەسازی هەبوە.

+ + +

کەس ناتوانێ بەرامبەر ئەم ناخۆشیە بەرگە بگرێ تەنها ئەگەر خاوەن دەسەڵاتێکی ستەمکار و توند نەبێ دووربێ لە هەموو هەستێک، شتێکی شاراوە هەبوو لە پەنای ئەو بێدەنگیەی ستالین بەسەر خەلکیدا سەپاندبوو، کە هەردەبێ دودڵی و ترسێک هەبووبێ، ستالین جارێکیان لەسەر لێواری روخاندا بوو، لە ساڵێ ١٩٣٢ قەیران و تەنگ و چەلەمە لەسەری کۆبوبونەوە گەمارۆیان دابوو، کاتێک سەیری پێگەی جەماوەری خۆی دەکرد لە نزمترین ئاست دەیبینی، شەپۆلی جەماوەری دەبینی کە لە دیواری کرملێن نزیک دەبنەوە بیروخێنن، تاقە ئومێدی لە چاوی ناحەزانیەوە دەبینی کە شکستیان خواردوە، بۆخارین، تۆمسکی، زینوڤییف، کامنێڤ Kamenev ئەم ناحەزانە ترسی گەورەیان لەسەر بۆلشەڤی هەبوو بە هەموو باڵەکانیەوە، ئێستا مەودای نێوان چەپ و راست نەما لە شوێن ئەو، حەزی گۆڕینی هاوبەش هاتۆتە شوێن ئەم گۆڕینە تەنانەت دلسۆزانی ستالینش دەگرێتەوە.

لە لایەن چەند لایەنگرێکی ستالینەوە یاداشتی ئارەزو بە گۆڕینی ستالین بلاو کرانەوە ئەم دلسۆزانەی ( سیرتسوف و لومینیدز) بوون ئەو دوو کەسە هاوکاری ستالینیان کرد بۆ لەناوبردنی ترۆتسکیست و بوخارینستەکان و دانانی سیرتسوف لە شوێن ریکوف وەکو سەرۆکی کۆماریسۆڤیەتی سۆسیالیست. هەروەها ریتین کۆمیساری پرۆپاگەندە یاداشتێکی بە هەمان شێوە واژۆ کردبوو، ئەمانە بە یاخیبوو تۆمەتبار کران بەو هۆیەوە دەستگیر دەکرێن، بەڵام لە راستیدا ئەوان بەشداری هیچ پیلانێکیان نەکردبوو، ئەوەی کردبیتیان هاندانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوو بۆ لادانی ستالین بە رێگەی دەستوری، ستالین خۆی دژی دەستور نەبوو رایدەگەیاند کە دەستور دەتوانێ ئەمینداری گشتی لابەرێ بەڵام ئەمە هەر وتە بوو، لەو ماوە ئۆکرانیاش بێزاری خۆی راگەیاند، ستالین بۆ بێدەنگ کردنیان (بوستیشیف)ی دۆستی خۆی دەنێرێتە ئەوێ بۆ لەناو بردنی حکومەت و دامەزراندنی حکومەتێکی لایەنگری ستالین، ئەم لەناوبردنە بوە مایەی ئەوەی (سکرایبنیک) خۆی بکوژێ کە کۆمیساری رەوشەنبیری ئوکرانیا و یەکێک لە بۆلشەڤیە دێرینەکان بوو.

ئازار و ناخۆشیەکان سەردانی ماڵی خودی دکتاتۆریش دەکەن ئەمەش دەبێتە تاجی گۆڕانکاریەکان. نادیا ئەللیلیوڤا کچی ئەللیلیوڤای کرێکار و هاوسەری ستالین بوو کە بە چەند ساڵێکی زۆر لەخۆی بچوکتر دەبێ، ژیانی خۆی بۆ خۆشیەکانی ستالین تەرخان کردبوو، گومانی لە حوکمڕانی هاوسەرەکەی پەیدا کردبوو کە

بە راست و دروستی nاروا بەڕێوە، لە یەکێک لە دانیشتنی ئێوارانی لە تشرینی دووەمی ١٩٣٢ ستالین خۆی و هاوسەری سەردانی ماڵی فوروشیلوڤ دەکەن، ئەندامانی تری مەکتەبی سیایش لەوێ دەبن، کاتێک دەستیان کرد بە باسی پرسە سیاسیەکان، نادیا باس لەو هزر و ئازارانە دەکا کە لە ناخیدا دەخولێنەوە، باسی لە برسێتی و ئازار و مەینەتی ئەو خەلکە کرد، باسی لە بێ رەوشتی حزب کرد دەرهەق بەو خەلکە هەژارە، ستالینیش هەر پێشتر دەمارەکانی توند و گیرابوون، زۆر بەتوند هێرش دەکاتە سەری و دەمکوتی دەکا تەنانەت جنێویشی پێدەدا، ئەلیلیوڤا هەلدەستێ ماڵی فورشیلوڤ جێ دەهێلێ و هەمان شەو خۆی دەکوژێ.



Nadezjda Alliloejeva

( فیکتور سیرج) نوسەری فرەنسیی کۆنە کۆمۆنیست کە ئەوان سالان لە روسیا بووە دەڵێ:

( رۆژنامەکان باسیان لە مردنی پێشوەخت و کتوپری دەکەن، دەڵێن ئەم ژنە گەنجە بەدەست هەست کردن بە ئازارەکانی ئەو خەلکە لە برسێتی و نەداری و نەخۆشی و ستەمی حزب ئازار و مەینەتی زۆری کێشاوە ، ئەو ئەم جیاوازیەی بینیوە کە خۆیان لە چ خۆشیەکدا لە کۆشکی کرملین دەژین دیوارەکانی بە وێنەکانی ستالین نەخشێندراوە لەکاتێکا میلەتەکەش بەدەست چیەوە دەنالێنێ برسێتی و هەژاری، پانتایی خانوەکەی ئەمان چەندە و هی هەژارەکانیش چەندە ئەم جیاوازیانە بۆی بوونەتە ئازار و مۆتەکە، بەو هۆیەوە بە بەردەوامی توشی لێدانی دڵ دەبێ.

بەم شێوە پیاوە ئاسنیەکە وەکو خۆی ناوی لەخۆی ناوە، رووبەڕووی ئەم تەرمە دەوەستێ و پاش ماوەیەکی کەم دەست لەکار کێشانەوەی رادەستی هاوڕێیانی دەکا :

( بەلکو من بوبمە تەگەرە لەبەردەم یەکێتی حزب، ئەگەر وایە ئەی هاوڕێیان من ئامادەم بە گۆشەگیری بمێنمەوە)، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە لە ئۆپۆزسیۆن پاک کرابۆوە بە سەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان دەکرد، کێ پیاوە زاتی ئەوە بکا بڵێ: بەڵێ ئەی پیاوەکە دەبوایە بڕۆی، لە رۆیشتن باشتر بۆتۆ نییە. کێ زاتی ئەوەی هەیە؟ ئەوەی ئەمە بڵێ و کەس پشتگیری نەکا رووبەڕووی مردن دەبێتەوە، تا دواجار مولوتوڤ دێتە دوان دەڵێ بەسە.. بەسە..حزب متمانەی بەتۆیە) ئەمە کۆتایی گوتوبێژەکان بوو.

وایێدەچی ئەمە تاقە سات بێ کە ستالین بڕوای بە خۆ نەبووە، دوای ئەوە بە هەفتە و بەلکو بە مانگ بە بێ دەنگی مایەوە، لە کانونی دووەمی ١٩٣٤ لە کۆبونەوەیەکی ئاورتەدا لە کۆمیتەی ناوەندی گوتار دەخوێنێتەوە، واپێدەچی هەندێک بڕوا بەخۆبونی بۆ گەڕابۆوە دەڵێ:

( حزب ولاتی بەرەو پێش برد، دەبوایە ئێمە ولات بەرەو پێش ببەین کە سەد ساڵ لەپاش بوو مەترسیەکی مەزنیشی لەسەر بوو) ستالین دانی بەوەنا کە پلانی پێنج سالی جێبەجێ نەکرا، بەلام پاساوی بەوە هێنایەوە کە دەبوایە کارگە پیشسازیەکان بایەخ بە دروست کردنی کەرەستەی جەنگی بدەن چونکە جەنگی رۆژهەلاتی دوور لەبەر دەستدا بوو، ئەوکات شەڕی نێوان ژاپۆن و مەنشوریا بوو، گومان لەوەدایە کە ستالین هەستی بەوە کردبێ شەڕ لە نێوان ژاپۆن و روسیا روودەدا بەو هۆیەوە بایەخی بە دروست کردنی چەک دابێ و ئەم هەمووارەی لە سیاسەتی ئابوری خۆیدا ئەنجام دابێ، بەهەر حال ستالین رایگەیاند کە ئەو مەترسیە ئێستا نەماوە (ئەمەش بەهۆی هاتنی هیتلەر بۆ لوتکەی حوکم لە ئەلمانیا) ئێستا پێویست ناکا پەلە لە پیشەسازی بکەین، بەلکو دەبێ بایەخ بە چۆنایەتی تەکنیک و شێوازی پیشەسازی بدەین.

پاش ماوەیەکیتر ستالین لەسەر سەکۆ دەوستێتەوە و مەترسیەکانی جۆش بوونی گوندەکان رادەگەیەنێ، حزبی توشی شۆک کرد کاتێک رایگەیاند کێلگەکانی بە کۆمەڵ مەترسیان لەسەر دەوڵەت زیاترە لە چاندنی بە تاک و تایبەتی، لە رۆژانی رابردوو جوتیارەکان پەرش و بڵاو بوون توانای رێکخستنی سیاسیان کەم بوو، بەڵام دوای کۆمبونیان جوتیاران لە شانە رێکخراوەکاندا رێکخران توانیان هاوکاری و پشتیوانی سۆڤیەتەکان بکەن بەڵام ناتوانن بەقەدەر جوتیارە تاکەکان بەرگری بکەن، هەر بۆیە دەولەت فەرمانگەی سیاسیی لە گوندەکان دامەزراندن بۆ ئەوەی راستەوخۆ چاودێری حزبیان لەسەر بێ، هەر لەتەک ئەم ئەرکە ئەرکێکی تر جێبەجێ دەکرا، پاش یەک ساڵ لە کۆنگرەی حەڤدەی حزب ستالین کۆنگرە ئاگادار دەکاتەوە کە دوو

ملیۆن ماجیک کە پێشتر ئامێریان بەکار نەهێناوە ڕاهێنانیان لەسەر لێخوڕین و بەکارهێنانی تراکتۆر کردووە. هەمان ژمارەش لە جوتیاری ژن و پیاو لەسەر بەڕێوەبردنی کێڵگەی بەکۆمەڵ ڕاهێنانیان تەواو کردووە لەگەڵ ١١٠٠٠ ئەندازیار و ئەندازیاری کشتوکاڵی نێردراونەتە گوندەکان، ژمارەی نەخوێندەوارەکانیش کەم بۆتەوە بۆ١٠%، شۆڕشی ڕەوشەنبیری جێبەجێ کرا، هەرچەندە ساختە بوو بەڵام هەرچۆنێکی بێ گۆڕانکاری بوو لە داب و نەریت و دید و بۆچونی گەل.

+ + +

ڕۆڵی ستالین لە شۆڕشی دووەم بە کەموکوڕی دەمێنێتەوە ئەگەر باس لە ڕۆڵی ئەو نەکەین لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی، کە بەڕاستی ئەو فاکتەری سەرەکیی بوو لە پرۆسەی (گۆڕانکاریە مەزنەکە).

سێبەر و ڕەنگدانەوەکانی سیاسەتی ستالین زۆر جیاواز بوو، لە کۆتایی ١٩٢٩ ستالین سیاسەتێکی کرێکاریی نوێ و ناڕونی دانا بە شێوەیەک نادیار کە بایەخەکانی خۆی لەدەست دابوو. سیاسەتی کرێکاری لە ژێر سایەی سیاسەتی (نیب) سیاسەتێکی ئابوریی ئازاد بوو: کرێکاران ئازاد بوون لە هەڵبژاردنی کاردا، هەرچەدنە ئەو بێکاریە وایکردبوو ئەم سیاسەتە ئازادە نیوەی درۆ بێ، بەڕێوەبەرەکان ئازاد بوون لە بەکرێگرتنی کرێکارەکان یا دوورخستنەوەیان، بەڵام پیشەسازی بوە هۆی ئەوەی ببێتە قەیرانی کرێکار، ئەمەش کۆتایی ئابوریی ئازاد دەبێ.

وەکو ستالین دەڵێ ئەمە کۆتایی (خۆرسکە) لە بازاری کار و سەرەتای ئاراستە کردنی کارە. کارگەکان گرێبەستیان لەگەڵ کێڵگە بەکۆمەڵەکان واژۆ دەکردن بە پێی ئەو گرێبەستە کێڵگە بەکۆمەڵەکان دەبوایە کرێکاری ژن و پیاویان بۆ بنێرنە سەرکار لە شارەکان، ئێستا دەتوانین ناو لەم جۆرە کارە بنێین (سوخرە) لەسەرەتا ستەم و زۆرلێکردن بە توندی بەکار دەهێندرا، کاتێک بە ئەندامێک ڕادەگەیەندرێ کە پێویستیان بە خزمەتی نییە ئەوکات دەبێتە کابرایەکی بێکار لە مافی ئەندامێتیش بێبەش دەبێ، ناچارە خۆی بۆ کرێدان نمایش بکا وەکو کرێکارێک، بەڵام ئەو جوتیارەی بوو بە پرۆلیتاریا لە گۆڕینی کارەکەی ئازاد بوو کاتێک دەچێتە شار، مەبەستی ستالین ئەوەبوو بە هێزی یاسا هێزێکی یەدەکی کرێکاری دروست بکا، وەکو لاسایی کردنەوەی ولاتانی دراوسێی.

خۆی سیاسەتی (سوخرە) لەگەڵ ئەو جوتیارانە پیادە دەکرا کە کاتی خۆی بە زۆر خرانە نێو کێڵگە بەکۆمەڵەکان، وەکو تاوانبار مامەلەیان لەگەڵدەکرا و دەخرانە زیندانەوە، لە دروست کردنی نوکتەیەکی ناخۆش مێژوو رۆل دەبینێ، چاکسازیەکانی یاسایی روسیا گوایە لە پێناو مرۆڤایەتیدان، زیندانی کردنی خەڵک واتە دووبارە رەوشەنبیر کردنیان دێ نەک سزادان، بەزۆر دەخرانە سەرکار لەژێر چاودێری سەندیکا و بەو رۆژانەی کە سەندیکا بۆی دیاری دەکا، بەڵام کاتێک ژمارەی جوتیارە شۆڕشگێرەکان زیاد دەبن، دەخرێنە سەربازگەی کارپێکردن، لە بواری دروست کردنی هێلی شەمەندەفەر و داربڕین کاریان پێ دەکردن بەبێ رۆژانە، یاسای داکۆکی کردن لە زیندانیان لە ژیر سایەی برسێتی هیچ بەهایەکی نەمابوو، دووبارە رەوشەنبیر کردنەوەکە بوو بە بەکۆیلەکردنیان ئەوەی لەگەڵیان ئەنجام دەدرا کارەسات بوو، ماکێکی رەش بوو بە نێو چەوانی شۆڕشی دووەمەوە.

دواتر ستالین دەڵێ کار لە روسیای سۆڤیەت گۆڕدراوە ( لە کارێکی قورس و پر بە سوکایەتی پێکردنەوە بۆ کاری پالەوانی و ئازایەتی) بەڵام ئەم وتانەی بۆ جینیشانی ئۆردوگاکە مایەی گاڵتە پێکردن بوو، بۆ ئەو کرێکارە بەبەختانە وابوو بۆ ئەوان کارگەکان ببونە جێگای خۆشی و فەراهام کردنی ژیانێکی بەختەوەر، لە رێگەی ئامێری پێشکەوتوو ژیانیان بەرەو باشی دەچووو، کارگەکان فێری خوێندنیان دەکردن، لەوێ شانۆ و مۆسیکا و رۆژنامە هەبوون، ئەمە حالی کرێکارانی کارگەکان بوون بەڵام هەموو کرێکارێک لەم ژیانە نەدەژیا، تەنها لە کارگەکان ژیان وا دەگوزەرا دەرگای قوتابخانەکان بەرویاندا کرایەوە، بەقەدەر پالەوانانی مەیدانی شەڕ ریزیان لێدەگیرا ، ستالین بە گوتە و پێناسە بۆلشەڤیەکانی هاندەدا دەڵێ: (دەبێ ببنە پسپۆر و بەهرەوەر). بەڵام هیچ دەسەڵاتێک نەیتوانیوە بەردەوام بێ لەسەر حوکم ئەگەر خاوەنی ئینتلجنسای تایبەتی خۆی نەبێ، لە سیەکان جەستەی ئینتلجنسا پف دەدرێ تا ئەو ئاستەی ستالین وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی لەسەروی چینی کرێکار و جوتیار باسیان دەکا، ئەمان دوو چینی بنەڕەتی کۆمەڵگەی سۆڤیەتن، خەسلەت و تایبەتمەندیەکانی ئینتلجنسای نوێ بە تەواوەتی جیاواز بوون لەگەڵ خەسلەت و تایبەتمەندیەکانی ئینتلجنسی کۆن، کۆنەکە خاوەنی هەلگیرساندنی شۆڕش بوو لەدژی دەسەڵاتی قەیسەر، دواتر ئینتلجنسای نوێ لەسەر بنەما و لەژێر کاریگەری چاوبرینە دەسەڵات دروست ببوو لە کاتێکا کۆنەکە لەسەر بنەمای هزری سیاسی و بایەخدان بە کاروباری دەرەوە دروست ببوو، هیچ هەستێکی راستەقینەی نەبوو لە بەستنەوەی چارەنوسی قەیسەر بە چارەنوسی روسیاوە، بایەخی سەرەکیان بە لایەنی ئامێر و تەکنیک و پرۆژە کان دەدا، بە ئیدارەی کاروباری دەولەت و کارگەکان، هەر چەندە لەم رووەوە هەندێک جار ئینتلجنسا لەلایەن پسپۆرانی دەرەوە رووبەڕووی گاڵتە پێکردن دەبۆوە بەڵام ئەوان گیانی فێربونیان بەهێز بوو گوێیان

بەم گاڵتەپێکردنە نەدەدا ئەقڵیان کراوە بوو هەموو مەرجەکانی پێشڕەویان تێدا بەدی دەکرا، بەڕاستی ئەوە ئەو نەوەبوو کە ستالین دروستیکرد.

ئینتلجنسای کۆن بەدەستی بێ پیشەییەوە دەینالاند، ستالین بڕوای بە ئەقڵی رەخنەگران و دیدی جیای زۆربەی ئەندامان نەبوو تەکنیکار و ئیداریە کۆنەکان بە چاوێکی دوژمنانە سەیری رۆژەکانی ستالینیان دەکرد، دواتر هەموویان یەک دەگرن تەنها هەندێک نەبن هەڵوێستی هەڵپەرستانەیان وەرگرت، ئەوان بوونە تەگەرە لەبەردەم پلانە ئابوریەکان. سەرەتا ستالین ریزی لە تەکنیکار و ئیداریە کۆنەکان دەگرت، ئەو ریزە بوو کە لە پرۆلیتاریای نوێ دەگرت، بەڵام دوای ئەوەی ستالین بڕوا بەخۆ دەکا و لە ئیداری و تەکنیکارە کۆنەکان دەکەوێتە مهانە ئەو ریزە دەبێتە رق و کینە، تاوانی هەندێکیان دەبنە پاساو بۆ ئەوەی گومان بخاتە سەر هەموویان، ئەمە بەس بوو کە هەندێک ئەکادیمست و پرۆفیسۆر وەکو (رامزین و هاوەڵەکانی) بەتۆمەتی تێکدەر بداتە دادگا، بەو هۆیەوە کرێکاران بە چاوێکی گومانەوە سەیری ئیداری وبەرێەبەرەکان دەکەن، ئەمە بۆ بواری پیشەسازی شتێکی مەترسیدار بوو، دواتر راهێنان پێکردنی ئەنتلجسای نوێ پێویست دەکا رەزامەندی ئینتلجنسای کۆن وەر گیرێ، ستالین بۆئەوەی فریای دروست کردنەوەی متمانە بکەوێ لەگەڵ ئەنتلجنسای کۆن دەبێ دۆخەکە ئاسایی کاتەوە لەگەڵیاندا .

گرنگترین ئاراستەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی ستالین دژایەتی کردنی ئاراستەی یەکسانی بوو( یەکسانیەکی تەواوەتی ئادەمیزادان)، پێداگریی لەسەر بەرز کردنەوەی داهاتەکان لە بەرانبەر کار و لە پێناو هاندانی بەهرەکان دەکرد. دەیوت مارکسیستەکان بانگخوازی یەکسانی ناکەن بەو مانایەی گەل لێی تێدەگا، ئەم گوتەی خۆی بە گوتەیەکی مارکس پشتراشت دەکردەوە کە دەڵێ: تەنانەت لە کۆمەڵگەکانی بێ چینایەتیش کرێکاران لە پێشەوەدان بۆ وەرگرتنی کارەکانیان بە پێێ پێویستیان. سەرەڕای ئەمە لە سەردەمی لینین لە نێو بۆلشەڤیەکان رەوتێکی بەهێزی یەکسانی هەبوو بەنمونە، رێگە بە ئەندامانی حزب نەدەدرا تەنانەت لە بەرزترین ئاستیشدابێ رۆژانەیان لە رژانەی بەهرەمەندێکی ئاسایی زیاتر بێ. گومانی تیانیە کە پێویستیەکانی پیشەسازی رووبەڕووی ئاستێکی نزمی بژێوی بۆوە، نەبوونی هاندەری مادی بۆ ئیداری وتەکنیکار و کرێکاران بووبە تەگەرە لە بەردەم وەدەست هێنانی بەهرە. بەڵام گومان لەوەشدا نیە جیاوازی رۆژانەی هاولاتیان لە سیەکان گەیشتبوە ئاستێک کە هەرگیز لەگەڵ گوتە و فەلسەفەی مارکس نەدەهاتنەوە، جیاوازیەکی زۆر لە نێوان کرێکاری بێبەهرە و کرێکاری ئوروستوکراتی بەهرەداردا هەبوو، دەتوانین بڵێێن هەر ئەم جیاوازیە بوو رێگری لە پێشوەچونی رەوشەنبیری پیشەسازیدا کرد کە کاری لەسەر هەموو میلەتدا کرد زیاتر لە کاریگەری بیردۆزی یەکسانیی وشک لە قۆناغی یەکەم.

سیاسەتەکانی ستالین ئەو مەیدانە بوو کە ناحەزانی کاریان لەسەر دەکرد، بەتایبەتیش ترۆتسکی، رەتی دەکردەوە سەرکردەی چینێکی کۆمەڵایەتیی نوێ بێ بە تایبەتمەندیەوە، بەڕاستی ستالین ئەو نابەرانبەریەی لە داهاتی خەڵک دروست کرد، ئەو بەر لەوکات لەسەر ئەوە کۆک بوو واتە بەر لە (گۆڕانکاریە مەزنەکە) بە ماوەیەک، ئەوەتا لە کۆنگرەی چواردەی حزب لە ١٩٢٥ بە شاراوەیی هۆشداری دەدا و دەڵێ:

( نابێ یاری بەم دەستەواژانەی یەکسانی بکەین، ئەمە یاریکردنە بە ئاگر) لە سالەکانی دواتریش هێرشی دەکردە سەر یەکسانخوازەکان، دەیوت: ئەمانە بەرگری لە لاوازترین ئاراستەی سیاسیی هەستیار دەکەن، ئەم ئاراستەیە نەختێک هەستیار بوو چونکە ئیداریەکان ئەوانەی داهاتیان بەرزە، ستونی بنەرەتی پێگەی ستالین بوون، ستالین پێی وابوو حوکمەکانی زۆر ئەمین و پارێزراوترن تا ئەوکاتەی خۆی لەسەر لوتکەی دەسەڵات بێ، بەڕاستی ئەمە خاڵێکی لاوازە چونکە ئەستەمە لەسەر خاکێک کە شۆرشی کۆمەڵایەتی پارچەپارچەی کردبێ ئەم لوتکە دەسەڵاتیە دووبارە دارێژرێتەوە، شۆڕش خەلک لە یەکسانی ئاگادار دەکاتەوە، مەترسی دارترین قۆناغیش ئەو کاتەیە کە سەرکردەکان دلنیان بە تێرکردنی حەزەکانی هاولاتیان ناتوانن ئەم مەترسیانە برەوێننەوە ، لێرە ئەو ئۆپەراسیۆنە پر ئازارە دەست پێدەکا کە ناحەزانیان ناوی لێدەنێن ( ستەمی شۆڕش) بەڵام ویژدانیان نائارامە دەمارەکانیان توندن بەهۆی ئەو رۆلەی دەیگێرن نارەحەتن، چونکە هەر کاردانەوەیەکیان زولم کردنێکە لەو خەلکە ستەملێکراوە. لێرەوە توندوتیژیە نا ئاساییەکان دەست پێدەکا کە هەریەک لە ستالین و رۆبسپیرو کروموێل لە سەردەمی خۆیان، پێیان لە یەکسانخوازەکان دا.

شۆڕشی دووەم تا سیەکان پێنەگەیشت، هێزی پیشەسازی روسیا بە هێزی پیشەسازی ئەلمانیا دەگات، راستە هێزی رێکخستن و ئاستی گوزەرانی هاولاتیان نزم بوو، بەلام ئاستی بەرهەمی کانزاکانیان خەریک بوو دەگەیشتە ئاستی بەرهەمی کانزاکانی دەولەتە ئەوروپیە پێشکەوتوەکان، هەم لەڕووی رێکخستن هەم لەڕووی کاراییەوە، ئەمەش دوای سێ چارەگە سەدەیەک بە هاوکاری سەرمایەی بێگانە پێی دەگا، ئەو نەتەوانەی کە ساڵانێک بوو روسیا بە چاوێکی نزم سەیری دەکردن ئێستا دواکەوتون، شۆرشی پیشەسازی لە روسیای ناوەراست و رۆژئاوا و قەوقاز و روسیای ئاسیایی بڵاو ببۆوە، هەروەها کۆمکردنی کشتوکاڵی خەریک بوو بەرهەمەکانی دەگەیشتن، بەرهەمی دانەوێلە لە دواییەکانی سەدە نزیکەی ٣ ملیۆن تا ٤ ملیۆن تەن زیاتربوو لەو رێژەی پێشتر لە رێگەی چاندنی بەتاک وەبەر دەهات. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی پیشەسازی توانیی تراکتۆر و ئامێری چاندن وەبەر بێنێ بەو هۆیەوە بەرهەمەکان زیادیان کرد.

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە دونیای دەرەوە ئەوەندە وشیار نەبوو لە گۆڕانکاریە مەزنەکە بگا، ئەوان لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی پلانی یەکەم، بە گومانەوە سەیری پلانی دووەم و سێیەمیان دەکرد، دواتر زنجیرە پاکسازیەکان، ئابوری سیاسیان بە لاواز نیشاندا، بە دڵنیاییەوە هۆکاری مەزنتر هەبوون بۆ ئەو لاوازبونە ئەگەر لە سۆنگەی هێزەوە سەیری چلەکان بکەین، بەڵام فاکتەری هێز مەزنتر بوو لەوەی کە لە سیەکان مەزندەمان دەکرد.

سەرکەوتنەکانی روسیا لەم بوارە مەزن بوون بەو هۆیەوە کرومیل یاسای دەریاوانیی دانا کە لە سەرەوەی تواناکانی بەریتانیای دەرباییەوە بوو، لێرە ئەوانەی لە روانگەی نەتەوایەتی سەیری مەزنی روسیا دەکەن ناتوانن پێگەیەکی بەرز بۆ ستالین دانەنێن، بە بەراورد لەگەڵ سەرکردەکانی تر کە بەشداریان لەم سەرەوەریەی روسیا کردوە. بەڵام گرنگی شۆڕش لەمەدا نیە لە بایەخدانە بە روسیا، خۆی ئەم شۆڕشە بۆ سەرجەم دونیا ڕووداوێکی گرنگ بوو کە بەم شێوە تواناکان لە خزمەت نەتەوایەتی روسیادابن، راستە ستالین دانەری ئەم هزرە نەبوو، گەلێک لە زانا و هزروانی روسی کە ژمارەیەکیان لە ناحەزانی خۆی بوون بەشداریان لەم شۆڕش و پرۆسەدا کردوە، هەندێک جار ئەو هزرمەند و ئابوریزانە مارکسیستانەی لەم پرۆسە بەشداریان کردوە بە چەواشەکار تۆمەتبار دەکران، ئەمە چونکە ستالین یەکەم کەس دەبێ ئەم بیرۆکە وشکە دەکا بە ئەرکی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی، راستە سەرەتای پلانەکە حکومەت لەگەڵ دەستەی ستونی ئەڵمانی لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی دایڕشتبوو ، هەروەها ئەمەشیان راستە کە لینین گەلێک جار پێشتر ئاماژەی دابوو کە ئەمانە نیشانەی ئەزموونی داهاتوون.  بەڵام نوێکە لە پلانوو نەخشەکەی ستالین دایە، ئەمە تەنها لە زەرورەتەکانی شەڕدانیە، ئەو ئەم نەخشەی وەکو نمونەی ژیانێکی ئابوریی سەردەمی ئاشتی دارشت بوو. تا ئەوکات حکومەتەکان کاتێک پێویستیان بە ئامرازی شەڕ بوایە نەخشەیان دادەرێشت، چەک و تانک وفرۆکە دروست کردن بە پێێ نەخشەی پێنج سالیی ستالین دروست دەکران. بەڵام ئەرکە بنەرەتیەکە ئەوە نەبوو چەندە دەتوانێ چەک بۆ روسیا  دروستکا بەڵکو لەوەدابوو کۆمەڵگە بکاتە کۆمەڵگەیەکی هاوچەر.

ئێمە ئەو رسواییەمان بینی کە پرۆسەی (گۆڕانکاریە مەزنەکە)ی ستالین لەگەڵ خۆیدا هێنای، ئەم رسواییانە، رسواییەکانی شۆڕشی پیشەسازی بەریتانیمان بیردەخاتەوە کە کارل مارکس لە کتێبی (سەرمایە) ئاماژەی پێکردوە، خاڵە لەیەکچوەکان زۆر و سەرسوڕهێنەرن، مارکس لە بەشی کۆتایی لە بەرگی یەکەمی کتێبی ( کەلەکەبووی یەکەم)ی سەرمایە، باس لەو کردارە توندوتیژیانە دەکا کە چینێک لە پێناو بەدەست هێنانی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بەهۆی چینێکی ترەوە بەکاری دێنێ ، بەڵام چینەکانیتر لە خاک و

هۆکارەکانی ژیان و هەموو خۆشگوزەرانیەک بێبەش دەکەن. دەتوانین ناوی ( کەلەکەبووی یەکەم) ی سۆسیالیزم لە یەک ولات لەو پرۆسە نوێیەی روسیا ن بنێین کە لە سیەکان ئەنجام درا.

مارکس باس لە (داهات) و (هەناردە) دەکا کە بەهۆیەوە دەرەبەگەکان و پیشەسازکارانی بەریتانیا دەست بەسەر مومتەلەکاتی جوتیارە بێلایەنەکاندا بگرن، ئێمە دەتوانین هاوشێوەی ئەو (داهات) و (هەناردە) لەو یاسایەدا ببینین کە ستالین پێشکەشی کۆنگرەی شانزەی حزبی کرد، بە پێی ئەو یاسایە رێگە بە کێلگەکانی بەکۆمەڵ دەدا کە دەتوانن سنورەکانیان دەستکاری بکەن بۆ بەرفراوانتر بوون. بۆیە جوتیارەکان ناچار دەکران بەشداری لەم کێلگە بەکۆمەڵانەدا بکەن بە پێچەوانەوە دەست بەسەر زەویەکانیاندا دەگیرا، مارکس ئەوەشمان بەبیر دێنێتەوە کە چۆن بە سیستەمێکی خوێناوی لە بەریتانیا جوتیاران ناچار کران ببنە خزمەتگوزار. ئەو کارە شورەیی بوو، لە رێگەی بەکار هێنانی کرێکاران بەزۆر حکومەت پۆلیسی بەکار هێنا بۆ ئەوەی زیاتر پارەی دەست کەوێ. ئەم وتانەی مارکس لەسەر زۆربەی کارەکانی ستالین جێبەجێ دەبن.

مارکس وێنەی شۆڕشی پیشەسازی ئینگلتەرامان بۆ دەکێشی دەڵی:

( سەرمایە دێتە هەموو دونیا و خوێن لە جەستەی دەچۆرێ، لە تەوقی سەریەوە تا ژێر پێی) بەڵێ سۆسیالیزم لە یەک ولات ئەمیش بەم شێوە دێتە دونیا.

شۆڕشی پیشەسازی ئینگلتەرا وێڕای خوێناوی و چەپەلیی بەڵام وەرچەرخانێکی لە ژیانی مرۆڤایەتی دروست کرد، سەرەتایەک بوو بۆ سەردەمێکی نوێ، مارکس ئەمەی رەت نەدەکردەوە، بەهەمان شێوە شۆڕشی پیشەسازی ستالینیش، گەلێک کەس دەڵێن ئەم شۆڕشە پێشێلی و نەهامەتی زۆری بەسەر ئەو خەڵکەدا هێنا، دەکرێ لە داهاتوو لێی خۆش بین، بەڵێ لە داهاتوو دەکرێ بەڵام ئێستا نەخێر، ئەمە پاساوێکی راستە بەڵام بە سنورداری، روسیا لە سەردەمانی زوو ولاتێکی دواکەوتوو بوو.

لە کۆتایی سەدەی چواردەم کۆیلایەتی لە بەریتانیا نامێنێ، بەڵام باوکی ستالین ئەوکات کۆیلە دەبێ، ئەگەر بە پێوەری ئینگلتەرا سەیری روسیا بکەین ئەوا لەوکات هەم سەدەی چواردەم هەم سەدەی بیستەم لە روسیا گوزەری کردوە، ئەم دوو سەدەش لە کەسایەتی ستالین کۆببونەوە، لای هەندێک مێژوو نوس نابێ سەیر بێ ئەگەر لە رەفتارەکانی هەندێک خەسلەتی ستەمکار و دکتاتۆر ببینن. بەهەر حال ستالین دەتوانێ ئاماژە بە رژێمەکەی بدا کە رژێمێکی بێ توندو تیژی بووە لە هەستیار ترین قۆناغەکانیدا. لە میانی قەیرانە مەزنەکە ستالین دەڵێ:

( سەرمایەدارەکان پێیان وایە ئەگەر لە کاتی قات و قڕیشدا ئاساییە بەرهەمی کشتوکالی زیادە یا کالای زیادە بسوتێندرێ، بۆئەوەی نرخەکان دانەبەزن، بەڵام لێرە لە یەکێتی سۆڤیەت ئەمە بە تاوان دادەنرێ ئەوەی ئەمە بکا دەینێرنە نەخۆشخانەی چاکسازی ئەقلی).

\+ \+ \+

ئاسانە ببینین ستالین چەندە لە رەوتە سەرەکیەکەی هزری سۆسیالیزم و مارکسیزم دوور کەوتۆتەوە، خالی هاوبەشی نێوان سۆسیالیزمی ستالینی وکۆمەڵگەی نوێ کە سۆسیالیستەکان لە هەموو روێکەوە خەیالیان بۆی دەکێشا ( مولکداری گشتیی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان ) بوو .

لەمانە هەندێک توێژی کۆمەڵگەی سوک و رسوا کردبوو، جیاوازیی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا جێگیر کرد، جیاوازی بنەرەتیی سوسیالیزم و دیدی سۆسیالیزم لەوەدایە هەریەکەیان تا چەند رۆلیان لە هێزی گۆرینی کۆمەڵگەدا هەبووە.

مارکسیزمی کوڕە ناشەرعیەکەی لیبرالیستی یاخیبوی سەدەی نۆزدەم بوو. هەرچەندە لەگەل باوکی لە گەلێک بۆچوندا ناکۆک دەبێ بەلام بەشداری زۆربەی خەسلەتەکانی دەکا، رەخنەی لە پەیامبەرانی ئابوریی ئازاد دەگرت کە پێی وابووە ناتوانێ رۆل لە پێشوەچونی کۆمەڵگە ببینێ، بەلام مارکسیستەکان دەڵێن ئەو سنورەی هێزە سیاسیەکان دەتوانن گۆڕانکاری تیایدا بهێننەکا سنورێکی تەسکە، دەڵێ چارەنوسی مرۆڤ کارە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان دیاری دەکا، هێز تەنها فاکتەرێکی سانەویە لەم میانە، هەرچەندە مارکسیزم و لیبرالیزم لەگەڵ یەک ناکۆکن بەلام لە چەند خالێکدا هاوبەشن ئەویش گەشبینیانە لە شارستانێتی نوێی داهاتوو. ئەمە ئەو گەشبینیەیە کە لەسەر هزری سەدەی نۆزدەم دەبێتە ماڵ، مارکس و ئینگلس هەمان بۆچونیان دەبێ لە هەڵمەتە بەناوبانگەکەی بەناوی (هێز مامانی هەموو کۆمەڵگەیەکی کۆنە، لە نێو سکیدا کۆمەڵگەیەکی نوێ هەیە) ئەم مامانەش هیچی پێناکرێ تەنها ئەوەنەبێ لە کاتی گونجاو هاوکاری مندالەکە دەکا تا سکی دایکی جێبێلێ. سەبارەت بە ستالین هێزی سیاسی بە دیدی ئەو، رەنگدانەوەی کارەکانیەتی زیاتر لە وتەکانی، دۆخێکی ستەمکارانە دروست دەکا. لە توانایدا بوو دووبارە وتەکانی مارکس بەم شێوە هەمووارکاتەوە ( هێز مامان نیە- هێز دایکی کۆمەڵگەی نوێیە).

-------------------- ---------------------------

# بەشی نۆیەم

# خواوەندی تینوو

پێشەکی:

- بۆلشەڤیک و یاکوبیزم.
- ستالین چاودێری چالاکیەکانی ترۆتسکیی دەرەوە دەکا.
- لایەنگرانی ترۆتسکی لە روسیا.
- جیلان لە نێو ئۆپۆزسیۆنی بۆلشەڤیکدا.
- ستالین لە نێوان توندوتیژیەکان و دەستپێشخەریەکەی لیبرالیستەکان لە ١٩٣٤ لاسەنگ دەبێ.
- تیرۆرکردنی کیرۆڤ ( Sergej Mironovitsj Kirov ) لە کانونی یەکەمی ١٩٣٤و کۆتایی ماوەی نیمچە لیبرالیزم.
- زینوڤییف و کامنێف دووبارە تۆبە دەکەن.
- جدانۆڤ نێردەی ستالین دەبێ بۆ پاککردنەوەی لینینگراد.
- لە ١٩٣٦ بۆخارین و راداک مەزنترین بەشداربوانی (دەستوری ستالین) بوون.
- دۆخی مەکتەبی سیاسی.
- پێگەی رەوشەنبیری و ئەدەبیی ستالین.
- دۆستایەتیی لەگەل ماکسیم گۆرکی.
- دادگاییە مەزنەکانی ١٩٣٦-١٩٣٨.
- تاوانبارو تاوانەکان.
- تاوانبارەکان بۆچی دانیان بەتاوانەکانی خۆیاننا؟

- **کاتی دادگاییەکان.**
- **پیلانەکەی توخاچیفسکی.**
- **ستالین دەستورێکی نوێ لە تشرینی دووەمی ١٩٣٦ رادەگەیەنێ .**
- **کۆتایی لەناوبردنەکان لە سەرەتای ١٩٣٩ و ئەنجامەکانی.**
- **تیرۆرکردنی ترۆتسکی لە مەکسیک لە ئابی ١٩٤٠.**

ناوەندی سیەکان بە شەڕزەترین سەردەمی ستالین دادەنرێ، لە زنجیرەیەک دادگاییدا ژمارەیەک لە بۆلشەڤیە کۆنەکان لەناو دەبا، ئەم ماوە لە ماوەی کۆتایی سەردەمی یاکوبیەکانی فرەنسا دەچووو، سەردەمی لەسێدارەدان بوو، بەڕاستی زۆر لەیەک دەچوون کەهەندێک لە مێژوونوس و چاودێران ئەمەیان لە بیرچوە. ئەم سەردەمە بە سەردەمی دەسەڵاتی تیرۆر دەناسرێ کە ستالین پیادەی دەکرد لە شێوەی حوکمی رۆبسپیر بوو، بە هەمان شێوە تاریکستان بوو، دۆخێک بوو شۆڕش رۆڵەکانی دەخوا و لەبەین دەبا، دۆخێک بوو سام و ترس، تیرۆر و لەبەینبردن باڵیان کێشابوو بەسەر دۆخەکەدا، ئەوەتا هەنگاوەکانی ئەو دۆخەش لە هی رۆبسپیر دەچن، لەسەرەتا رۆبسپیر بە هاوکاری باڵی راستڕەوی یاکوبی بەسەرۆکایەتی دانتون شکست بە چەپی یاکوبی بەسەرۆکایەتی هیبەر و کلوتز دێنێ. دواتر لە دانتون بادەداتەوە و ئەویش لەناو دەبا و تێکی دەشکێنێ، ماوەیەک حوکمی یاکوبی مامناوەندی دەبا بەڕێوە، کەس رکابەری نابێ. ستالین بەهەمان شێوە سەرەتا دەست بە باڵی بۆلشەڤیی راستڕەوەوە دەگرێ تا شکست بە باڵی چەپڕەو دێنێ گوایە خۆی هێڵی میانڕەوی گرتوە، بینیمان چۆن دواتر لە باڵی راستڕەویش هەڵدەگەڕێتەوە و خۆی دەبێتە تاقە سەرکردەی سەرکەوتوی تاکسالار.

لە راستیدا خالە ناکۆکەکان لە خاڵە لەیەکچوەکان کەمتر نین. سەرکردەی یاکوبیەکان لە سەرەتای شۆڕشەوە لەیەک جیا دەبنەوە، مەوداکانی نێوان قۆناغەکانی شۆڕش بە شکستخواردن و هەلچونەکانی جۆراو جۆر بوو، لە سەرەتای ١٧٩٣ هەردوو کوتلەی (چیا) و (جیروندی) لە دژی پادشا یەکیان گرت بەڵام لە ٣١ی تشرینی یەکەم واتە دوای دە مانگ، سەرکردەکانی جیروندی لە سێدارە دەدرێن. دوای ئەوە لە ( کەرنەڤالی ئەقل) یاکوبیەکان لە لوتکەی گەشەبووندا دەبن، هەرکە پانزە مانگ تەواو دەبێ واتە لە ئاداری ١٧٩٤ سەری سەرکردە چەپڕەوەکانی یاکوبی دەپەڕێندرێن، هەر دوای دوو هەفتە جەللادەکە لەبەر چاوی جەماوەری باریس سەری رۆبسپیریش پەل دەدا.

بەم شێوە دکتاتۆریەتی روبسبێر لە چوار مانگ رەت ناکا ( بە پێی رۆژژمێری یاکوبیەکانێ لە ٢٧ی تەموزی ١٧٩٤ بووە)، ئیتر لە گەرمەی ئەو رووداوانە نە ئەقلی مرۆڤ نە دانبەخۆداگرتن نە هەستی بەرگری لەخۆکردن هیچیان سودیان نابێ. سەرکردە و پیاوەکانی و باڵەکانیان هەموویان رۆلیان لە مێژوو هەبوو، رۆڵی زاڵ بوون بەسەر فرەنسای دەرەبەگ، لەم ئاژاوەدا خۆیانماندوو هیلاک دەکەن.

بەڕێوەچونی رووداوەکان، لە شۆڕشی روسی زۆر جیاواز بوون. ئەلبەت رژێمی سۆڤیەتی دەگاتە کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی لە حوکمڕانیی بێ ئەوەی رووبەڕووی دۆخێکی شێتانەی هاوشێوەی یاکوبیەکان ببێتەوە، دیارە سالەکانی شەڕی ناوەخۆی ١٩١٨-١٩٢١ بێ تیرۆرو توندو تیژی نابێ، بەڵام ئەم توندو تیژیە ئۆپەراسیۆنی سەربازی بوون دژی ئەوانەی بە روی شۆڕشدا دەوەستنەوە، ئامراز و شێوازی ئەو شەڕە بە پێی سروشتی شەڕەکە دیاری دەکرا. بۆلشەڤیەکان هیچیان لە(جیروندیە) روسیەکانیان لە سێدارە نەدا، ئەمەش بە پێچەوانەی یاکوبیەکان دێتەوە، رێگەشیان بە باڵاترین سەرکردەی مەنشەڤیەکاندا روسیا جێ بێلن لەوانە ( مارتۆڤJulius Martov، دان، ئیبراموڤیچ،) هەندێکیشیان پاش ئەوەی کاری حزبیان لێ قەدەغە دەکرێ، دوور دەخرێنەوە، هەندێکیشیان زیندانی کران، بەڵام زۆربەی مەنشەڤیەکان لەگەڵ دۆخەکە خۆیان گونجان دو راهاتن، کەوتنە خزمەت کردن لە بواری ئیداری و هەندێکیشیان لە نوسینگەکانی بۆلشەڤی کەوتنە سەرکار.

بۆیە ئاساییە بیر لەوە نەکەینەوە کە نەوەی بۆلشەڤی لە خوێنی سەرکردەکانیان نەگەوزن، وتەیەک هەبوو لە نێو بۆلشەڤیەکان زۆر باو بوو دەڵێ: گوایە سەرکردەی بەڵشەفیەکان کاتێک ناکۆکیان لە نێواندا هەبوو بە نهێنی سوێندیان بۆ یەکتر خواردوە کە بەهیچ شێوەیەک سەری یەکتر نەپەڕێنن، هەر چۆنێکی بێ ستالین ماوەیەک بوو لە چاوەڕوانی دووبارە بوونەوەی ئەنجامە خوێناویەکەی فرەنسادا بوو، هەر ئەمەبو بۆی بووبە پاساو هەمان شێوازی خوێناوی بگرێتە بەر، هەرچەندە لە چەندین بۆنە ئەمەی دووبارە دەکردەوە کە دژی

سەرپەڕاندنە، لێرە ئاماژە بۆ وەلامی داواکەی زینۆڤییف و کامنێف دەکەم لەسەر گرتنەبەری رێکارەکان لەسەر ترۆتسکی بۆ تۆلە لێ سەندنەوە:

( لەگەل داواکەی زینۆڤییف و کامنێف دانین چونکە ئێمە لە ئەنجامی سیاسەتی سەرپەڕاندن دەگەین چەندە مەترسیدارە...سیاسەتی سەرپەڕاندن و تینوێتی خوێن مەترسیدار و دژمن پەیداکەرە. ئەگەر مرۆڤ ئەمرۆ سەری یەکێکی پەڕاند و بەیانی یەکێکیتر و دوبەیانی یەکێکیتر ئەوکات کێ دەمێنێتەوە بۆ حزب؟)

وا پێدەچووو بڵێ شۆڕشی سەدەی بیستەم تەنها رێگە بەخۆی دەدا میلەت لەناو بەرێ. لە ١٩٢٩ ستالین بڕیاریدا ترۆتسکی بۆ دەرەوەی روسیا دوورخاتەوە، ئەوکات کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە ترۆتسکی زیندان جێ دەهێلێ یا لەسێدارە نادرێ. بەڵام شەپۆلی تیرۆر تا چەند ساڵێک سەری ناپەڕێنێ، تا ئەوکاتەی بە دروستی شۆڕش رەگ دادەکوتێ ئەوسا ئەم رووداوە لە رووداوی دانپێدانانەکەی ناحەزانی ستالین دەچوو، جیاوازە لەگەڵ رەفتاری دادگایی کردنی هەموو سەرکردەکانی یاکوبی، ئەم رووداوە یەکێک بوو لە رووداوە پەردەپۆشکراوەکانی ستالین، زیاتر لە دادگاییەکانی رۆبسپێر دەچوو لە پەردەپۆش کردندا.

شۆڕشی فەرەنسی دەتوانین بڵێین خۆرسک بوو، حزب و باڵەکانی لە کاتی راپەڕینەکە لەدایک دەبن، هیچ بەرنامە و هزرێکیان نەبوو، بەشێک بوو لە رەوتی شۆڕشی مەزن، خاڵی بەهێزی یاکوبیەکان پێداگریبوو لەسەر داروخانی ژێرخانی فەرەنسای دەرەبەگ، خاڵی لاوازیشیان بێ تواناییان بوو لە پێشکەش کردنی رێکخستنێکی ئەرێنیی نوێ بۆ کۆمەڵگەی فەرەنسا. رۆبسپیر بیرۆکەیەکی بێ هاوتای پێشکەش بە فەرەنسا کرد




کە بریتی بوو لە یەکسانی لەسەر بنەمای مولکدارێتی بچوک، لەکاتێکا ئەم بیرۆکە گونجاو نەبوو کۆمەڵگەی فەرەنسی بۆ ئەوەگونجاو بوو لە کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگایەتی نا یەکسانیەوە بگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵگەیەکی نایەکسانی بورژوا .

هەوڵی دەدا هەموو فەرەنسا بکاتە کۆمەڵگەیەکی خاوەن چینی مامناوەندی بچوک و ناحەزانی لە چینی بورژوا و نیمچە پرۆلیتاری رەوانەی سەربڕین کردن. بەڵام فەرەنسا توانیی ئەو زیندانە بشکێنێ کە رۆبسپیر بیر لە دروستکردنی دەکاتەوە و لە دکتاتۆری بێ

هاوتایان رزگار کا کە پێشتر لە کۆت و بەندەکانی دەرەبەگایەتی ئازادی کردبوون، بەم هەنگاوەیان لە مەترسی پەتاکە دەرچوون و هەنگاویان بەرەو بورژوا دەنا. یاکوبیەکان ئاستی خۆڕاگریان لاواز دەبێ چونکە هیچ لایەنێک تێرامانێکی دروستی لەسەر دۆخەکان نەبوو.

بۆلشەڤیەکان بێ گومان بە تواناتر و خۆراگرترن. جگە لەوەی کە حزبەکەی لینین بەشێکە لە ڕەوتی شۆڕشگێری، ئەم ڕەوتە زۆر یەکگرترن، پێداگرن لەسەر سەرکەوتن، هێلە پانەکانی بەرنامەی بەڵشەفی بەرلە شۆڕشی ١٩١٧ دادەرێژرێن و گەشە دەکەن، تەنانەت لەوکاتانەی حزب لە قەیران و تەنگژەدا دەبێ ئەمان بەرنامەی تایبەتیان بۆ بوژانەوەی کۆمەڵگە هەبووە. ئەمە سەرەڕای ئەو ناکۆکیە ناوەخۆییانەی کە هەیانبوە.

لە ماوەی دوو سەدە لە ژاینیدا حزب لە نێوان بیرکردنەوەی ئەقلانی خۆی و حەزی نائەقلانیدا دەخولایەوە، لەماوەی دوو سەدە لە ژیانی بۆلشەڤیک بەرگری خواوەندی تینوێتی دەکا، بەڵام کاتێک رادەست دەبێ، رادەست بوونەکەی لە هی یاکوبیەکان سەرشۆرتر دەبێ.

رادەست بوونەکەیان زۆر ناشیرن و نا کامل بوو، ستالین خۆی بە پێچەوانەی رۆبسپیر، نەبووە نێچیری دەستی ناحەزانی.

+ + +

وادیارە ستالین بە دەرکردنی ترۆتسکی هەناسەیەک دەداتەوە، تەنانەت لە دورخراوەییەکەشی لە سیبیریا ترۆتسکی پەیوەندیی لەگەڵ دەستەی یاوەرانیدا هەبووە کە تا ئەوکات ئالای سپیان هەڵ نەکردبوو لە روسیا مابونەوە، لە میانی جێ بەجێ کردنی پلانی پێنج سالی و دۆخی بێزاری خەلکەکە ترۆتسکی بواری ئەوەی هەبوو کار بۆ دامەزراندنی دەستەی ئۆپۆزسیۆن بکا لە دژی ستالین، ستالین رەزامەندیی لە تورکیا وەرگرت ترۆتسکی لەلای خۆیان وەدەرنێن و بۆ دورگەی (برینبیکو) ی تورکی دووریخاتەوە. ئومێدی وابوو لەوێ ترۆتسکی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دونیای دەرەوە بە یەکجاری دەپچرێ. بەڵام ئەو لە رێگەی پێنوسەوە درێژە بە خەباتی

دەدا: قەلەم تاقە چەک بوو بەدەستیەوە مابوو، لە برینبیکۆوە رۆژنامەیەکی دەوریی بچوکی بەناوی (بلاو کراوەی ئۆپۆزسیۆن ) دەردەکرد، لاپەرەکانی پر دەکردن لە تانز و پەلار لەسەر رووداوەکانی ئەوکات، لەسەر سیاسەتی سۆڤیەتیی کۆمۆنیستی.

سەرەتا ئەم بلاو کراوە نهێنیە خوێنەری زۆر بوو لە نێوان ئەو فەرمانبەر و کەسانەی دەچوونە دەرەوە، گەڵێک جار لە گەرانەوە لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنایەوە. ستالین خۆی هەموو ژمارەکانی بە وردی دەخوێندنەوە، بلاوکراوەکە بەلگەی رووداوەکانی ناوەوەی روسیا بوو، ستالین خۆی هەندێک جولەی لەسەر بابەتەکانی ناو بلاوکراوەکە دەکرد، سەرەرای ئەمە بلاوکراوەکە بۆ ستالین سودی هەبوو لەم رێگایەوە زانیاریی لەسەر بۆچونەکانی ئۆپۆزسیۆن وەردەگرت.

ستالین پێگەی ترۆتسکیی کەم نەدەکردەوە، بڵاوکراوەی لینین (بلێسە)ی لە بڵا کراوەکەی ترۆتسکی بە بایەختر نەدەبینی، بەڵام ترۆتسکی بانگخوازی چاکسازی دەکرد نەک شۆرش، کە بە پێچەوانەی رۆژنامە و بڵاوکراوە کۆنەکانی بۆلشەڤی بوو، بلاوکراوەکە بەدەستی کرێکاران نەدەگەیشت، بەڵام بە برێک ئازادیەوە لە نێو فەرمانبەر و گەورە بەرپرسانی حزب دەستاو دەستی پێدەکرا کە زۆربەیان کاتی خۆی لە ژێر فەرمانی ترۆتسکی کاریان کردبوو بەشێک لە وەفاداریان بۆی مابۆوە.

دوای ماوەیەک لە دورخستنەوەی بۆ دورگەی برینبیکو، یەکێک لە سەرکردەکانی پۆلیس ( بلومکین) سەردانی دەکا، بۆیە ستالین بریاریدا سنورێک بۆ ئەو جۆرە سەردانیانە دانێ، بەم هۆیەوە بلومکینی لە سێدارەدا بۆ ئەوەی ببێتە پەند بۆ ئەوانی ئەم نیازەیان هەیە.

وا پێدەچێ ئەمە یەکەم رووداوی لەسێدارەدان بێ کە رووبەرووی ئۆپۆزسیۆن دەبێتەوە. دوای ماوەیەک رەگەز نامەی سۆڤیەتیی لە ترۆتسکی و خانەوادەی دەستێنێتەوە، بریاری دا هەرکەسێک لەوکاتەوە پەیوەندی بە دامەزرێنەری سوپای سوورەوە بکا، بە پیلانگێر دێتە دادگایی کردن وەکو پیلانێکی بێگانە.

سەرەرای ئەمە هەندێک لە هەوادارانی بەردەوام دەبن لە پەیوەندی پێوە کردن بەتایبەتی لە سالە سەختەکانی ١٩٣٢-١٩٣٣ لەو دەوروبەرانەی کە هاوسەری ستالین خۆی دەکوژێ، بلاوکراوەکە راپۆرتێکی دوورو درێژی لەسەر دۆخی ئابوری ولات بڵاو کردەوە، زانیاریی ئەوەندە هەستیاری تێدابوو کە تەنها فەرمەنبەرە باڵاکانی حکومەت ئەمەیان دەزانی، وتارەکە بەم شێوە کۆتایی دێت:

( بەهۆی ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی لە توانایدا نیە لەم تەنگژە ئابوریە چەقبەستوە دەرچێ، پێوستە گۆرانکاری لە سەرکرادیەتی حزبدا بکرێ).

نوسەری وتارەکە (ه،ا،سمیرنوڤ) بوو کە بەسەر کولشاکدا سەرکەوتبوو یەکێک بوو لە شوێنکەوتوانی ترۆتسکی کە خۆی رادەست کردبوو گەرابۆوە سەر کارەکەی . لە درێژەی رەخنەکانی سەبارەت بە لێسەندنەوەی رەگەزنامەی سۆڤیەتی، ترۆتسکی ئاماژە بە ئامۆژگاریەکی لینین دەدا و دەڵی: ( ستالین لە پۆستی ئەمینداری گشتی وەلانێن) .

ئۆپۆزسیۆن خۆی هێناوبرد بەڵام هیچ جولەیەکی نەکرد. ئەو سەرکردانەی لە سیبیریا گەرابونەوە و خۆیان رادەستی ستالین کردبوو، بێزار بوون بەڵام بە ئاشکەرا دژی ستالین نەدەوەستانەوە، دواتر لە تواناياندا نەبوو هیچ جولەیەک بکەن، ترۆتسکیش بەهەمان شێوە ستالینی لەهیچ رەخنەیەکی نەدەپاراست، لە پایزی ۱۹۳۲ دەنوسێ:

( لەم کاتەدا تێکدانی پارسەنگی بیروکراتیەت، واتە لەسەرکار لادانی ستالین لە یەکێتی سۆڤیەت)، ئەمەش لە بەرژەوەندی دژەشۆڕشدا دەبێ، (ئەمە نیمچە مسۆگەرێکە) واتە ئۆپۆزسیۆن لە پرۆپاگەندە بەولاوە هیچ هەنگاوێکیتر نەهاوێژێ، دوای ماوەیەکیتر دەنوسێ دەڵێ: لە پێشەرۆژێکی نزیکدا دەردەکەوێ کە هەردوو ئۆپۆزسیۆنی چەپ و راست لەناو ناچن، بە پێچەوانەوە بەڵکو دەبنە دووتاکە هێزی خاوەن سیاسەتی راستەقینە.

لە ۱۹۳۳ دووبارە زینوڤییف و کامنێف و هاوڕێکانیان لە حزب دەردەکرێن و بۆ سیبیریا دوور دەخرێنەوە، لە ئەنجامدا زینوڤییف رایدەگەیەنێ: ( گەورەترین هەلە لە سیاسەتدا کردبێتم دەستبەرداربونی ترۆتسکی بوو لە ۱۹۲۷ )، سمیرنوڤ نوسەری وتارە ئابوریە ئابروبەرەکەی بلاوکراوەی ترۆتسکی و ریوتین سەرۆکی دەزگای پرۆپاگەندە دەستگیر دەکرێن،. ئەمجارە بێزار بوەکان لە دەوری ئەم و ئەگلانوڤ ی سکرتێری حزب لە مۆسکۆ کۆدەبنەوە.

ریکۆڤ و تۆمسکی و بۆخارین ناڕەزاییان لە دەستەی یاوەرانیان دەربڕی کە هەولی پەیمان بەستن بوونە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنە چەپەکان، ئەوەندە نابا دوای چەند مانگێک واتە لە ئایاری ۱۹۳۳ گوێبیستی گەڕانەوەی زینوڤییف و کامنێف دەبن لە دورخراوەییان، ئەمە دوای ئەوە دێ کە پاکانە لە بیرو هزرەکانیان دەکەن، ترۆتسکی لەسەر ئەم خۆرادەستکردنە لێدوان دەدا:

( ستالین وەکو پالەوانی چیرۆکی گوگول، رۆحە مردوەکان کۆدەکاتەوە چونکە ناتوانێ رۆحە زیندوەکان کۆکاتەوە)، ئەم پرۆسەی دورخستنەوە بۆ ستالین سودی هەبووە، دورخستنەوە ترس دەخاتە دڵی نارازیەکان، پاکانەش نارەحەتی دەخاتە گیانیانەوە، بەڵام ئەم گالتەپێکردنەی ترۆتسکی بە بێمانا نابێ، بێزاری حزبی تەنی

بوو، ژمارەی ئەوانەی لە حزب دوورخرابونەوە لە ماوەی ۱۹۳۳تا۱۹۳٥ بە سەدان هەزار کەس بوون، هەر لەو ژمارە زیاتریش خەلک لە (کۆمسومول) دەرکرابوون، ئێستا بە شێوەیەکیتر ناڕەزاییەکان دەردەبڕێن ئەمە لە هەموویان گرنگترە، لێرە جیابونەوە کەوتە نێوان هەردوو نەوەی ئۆپۆزسیۆن لە نێوان باوک و کوڕ، ئەم جیابونەوە لە جیابونەوەکانیتر هی هەوالگری (ئینتلجسنا)ی روسی لە سەدەی نۆزدەهەم ناچی.

ماوەیەکی زۆر بەسەر شکستی ئۆپۆزسیۆنە دێرینەکاندا تێپەڕیبوو، لە رووی دەرونیشەوە روخابوون، یەکێکی وەکو راکوفسکیی قایم و توندیش، کە سەرۆک وەزیرانی پێشوی ئوکرانیا و بالوێزی یەکێتی سۆڤیەت بوو لە لۆندۆن و پاریس، ماوەیەکی زۆر لە دوورخراوەیی و لە زیندان خۆیان راگرتبوو، کەچی لە ۱۹۳٤ دەگەڕێتەوە خۆی رادەستی ستالین دەکاتەوە وەکو هەر تۆبەکراوێکیتر، راکوفسکی واژۆی لەسەر بەیاننامەیەک کرد ئەوەندەی ستایش وپیاهەڵدانی ستالینی تێدابوو بەقەدەر ئەوەی کە سەرزەنشتی خۆی کردووە. ئەم جۆرە بەیاننامانە تەنها بۆ ئەوە بوون بسەلمێنن سیاسەتەکانی ستالین راستن، ئەو سیاسەتانەی ئۆپۆزسیۆن گرتنیەبەر بەرەو کارەسات دەچوون، کاتی ئەوە نەهاتبوو داوا لە خۆوەدەستدراوان بکا دان بە هەلە بنێن کە لە هەولی گەراندنەوەی سەرمایەداراندا بوونە.

ئەوپەڕی سەرزەنشتی و رەخنە لەخۆگرتنەکان بریتی بوون لەوەی دان بەوە بنێن ئەگەر بە پێی سیاسەتی ئەوان بوایە ولات رووبەڕووی کارەسات و نەهامەتی دەبۆوە، سەرەڕای نیەت پاکیان لەم کارەی پێی هەلدەستان، ئەمەیان لێ داوادەکرا.

رازی بوونیان بە رەخنە لەخۆگرتن نیشانەی ئەوە نەبوو کە ستالین بە سەریانەوە تون دو زاڵە بەڵکو نیشانەی ماندوبوون یا دودڵییان بوو لە سیاسەت، چونکە تەمەنیان ئەوە دەسەلمێنی، هەریەک لەو خۆ رادەستکراوانە تەمەنی سیاسیان لە سی تا چل ساڵی بەردەوام کەمتر نەبوو، زۆربەی ئەوکاتانەش لە خەباتی نهێنیان بەسەر بردبوو، سەبارەت بە دودڵیان لە ئۆپۆزسیۆن ، پێیان وابوو ئەو بەرنامەی ستالین جێبەجێی دەکا، ئەگەر بە هەرشێوەیەک بۆچونیان دژی ئەو سیاسەتە بێ ئەوا ئەنجامەکەی لە دژی شۆڕش تەواو دەبێ، بێز لەخۆ بوونەوەش وەکو سزای وەستانەوە لە دژی خواوەند بووە، بەم شێوە پاکانەکانیان نە هەمووی راست نەهەمووی درۆ بووە.

هەرچەندە کاتێک دەگەرانەوە دۆستایەتی کۆنیان نوێ و پتەو دەکردەوە بەڵام بە هیچ جۆرێک دژی سیاسەتەکانی ستالین ئامادە نەبوون هیچ بدرکێنن زۆربەیان تا ناوەراستی سیەکان پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەبوو، هەندێک لە تۆبەکراوەکان لە نمونەی ریکۆڤ و بیاتوکوڤ و

بۆخارین و هیتریش ئەوانەی کاتی خۆی راوێژکاری ستالین بوون ئەگەر بیریان لە هەرکارێکی لە بابەتی تیرۆر کردنی ستالین بکردبایەتەوە ئەوا دەرفەتی لەم جۆرە گەڵێک جار هەلکەوتبوو.

لە ١٩٣٣ یەکێک لە پەیامنێرانی ترۆتسکی لە روسیا باس لە ژیانی ئەو جۆرە پیاوانەی بۆ دەکا و دەڵێ:

( هەموویان باس لە گۆشەگیری ستالین و ئاستی دژایەتیی دەکەن بەرانبەر بەخۆی.. بەڵام زۆربەی جارەکان دەڵێن ( ئەگەر جلەوی کارەکان بەدەستی ئەو .....لێرە جنێوەکە نانوسێ کە مەبەستیان ستالینە) نەبووایە هەموو شتێک دادەڕما، ئەو رێگە نادا دۆخەکە لەدەست دەرچێ).

باوکە نارازیەکان بێزاری خۆیان دەردەبری و هەناسەی ساردیان هەڵدەکێشا، باسیان لە دۆخی ناهەمواری خۆیان دەکرد، چەندین جۆرە ناوو ناتۆرەیان بۆ ستالین بینیبۆوە (جەنگیزخانی مەکتەبی سیاسی، ئاسیاییەکە، ئیڤانی مەترسیداری نوێ) ئەم ناوو ناتۆرانە راستەوخۆ دەگەیشتنەوە بە ستالین، سیخورەکانی لە هەموو شوێنێک هەن. هەرچەندە لە ناخی ناحەزانی دەگەیشت و هەموویانی بە دروستی دەناسی بەڵام لەوە دڵنیابوو کە وتەکان لە زارەوە تێناپەرن و نابنە کردار، ئەمەش لە بێ دەسەڵاتی سیاسیانەوەیە.

راستە ئۆپۆزسیۆنە دێرینەکان ئومێدەکانی ئێستایان ئفلیج بوو، زمانیان بەم جۆرە دەسوورا ( بەڵکو دوای پلانی پێنجی دووەم، یا سێیەم، دۆخی سایسی دەگۆردرێ و ئەو خەلکە دەبوژێتەوە، ئەوکات هیچ پاساوێک بۆ توندو تیژی دەسەڵاتی ستالین نامێنێ، ئینجا خەلک ئەم جۆرە دەسەڵاتە رەت دەکاتەوە و لێی قەبول ناکا، بەڵام لە چاوەڕوانی ئەوکاتدا هەندێک لە ئازار و نارەحەتی لایەنگرە گەنجەکانیان هێور دەکردەوە.

ترۆتسکی دژی ترسنۆکە خۆوەدەست دراوەکان لە ئاداری ١٩٣٣ دەنوسێ:

( دروشمی بڕوخێ ستالین هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە ناوەوە و دەرەوەی حزب، لێرە کاتی ئەوە نیە هۆکارەکە روون کەمەوە، بەڵام من پێم وایە ئەم دروشمە هەڵەیە، پرسەکە پرسی ستالین نیە بەڵکو دەستە و لایەنگرانیەتی... بە دڵنیایی رژێمی پۆناپەرت کە بە تەنیایی خۆی بەسەر دەسەڵاتدا سەپاندوە، بەسەر جەماوەریدا سەپاندوە تا بیپەرستن، ئەم رژێمە دەبێ لەناو بچێ، هەر لەناویش دەچێ، ئەمە خەراپترین شێوەی ناشیرن هزری شەڕی شۆڕشگێڕیە. ئەوەی لای ئێمە گرنگ و مەبەستە دەرکردنی کەسەکان نییە بەڵکو گۆڕینی رژێمە)، بیرکردنەوەکانی ترۆتسکی گەیشتبونە ئەو ئاستەی داوا لە ستالین بکا لە لەبەر مەترسی دژەشۆڕش هاوکاریی باکا .

گەنجە بێزارەکان لە هەڵوێستی کۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان رازی نەبوون کە دەیانوت چاوەڕوان بن، خەباتی نەوەکان دژی دکتاتۆریەتی کوشندە بە مسۆگەری لە خەباتی باوکە ماندوەکان باشتر بوو. نەوەی نوێ لە توانایدا نەبوو لەوشوێنە دەست پێبکات کە نەوەی کۆن جێی هێشتوە واتە لە خاڵی خۆرادەستکردن و رەخنە لەخۆگرتن و خۆ زەلیل کردن، نەوەی نوێ تا ئەوکات بە چاوێکی ریز و پڕ بەهاوە سەیری گەورەکانی بزوتنەوەی بۆلشەڤی و خەباتیان دەکا، بەو ئومێدەی پایە و پۆستەکانیان بۆ بگەڕێندرێتەوە و بێنەوە سەر شانۆ، نەوەی نوێ تەنها هەستیان بەوە نەدەکرد کە نەوەی کۆن ئاستی سیاسی و رەوشەنبیری و ئەزمونیان لەوان بەرزترە، بەڵکو پشتیان بە هزر و ئەزمون و رێبازەکەی ئەوانیشەوە بەستبوو ، دەستەواژەی ( گەڕانەوە بۆ لینیزمی بێگەرد) هەر مانایەکی هەبێ گرنگ نییە ، ئەوان لە رەفتار و شێوازەوە لەگەڵ ئەوان جیاواز بوون، ئەو کاتەی ئەوان لە قۆناغی گەنجێتی دابوون، هەوڵەکانی تیرۆری شاراوەی قەیسەری رووبەڕووی گەلەریستەکان و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان دەبوو.

ئەوان وەکو مارکسیستێک بزوتنەوەی جەماوەریان دژی قەیسەر مەزن دەکرد، بۆیە بە وەفادار مانەوە بۆ ئەو نەریتە سیاسیە، ئومێدیان وابوو چاکسازی رژێم دوای گۆڕینی هەلوێستی چینی کرێکار دێت نەک لە رێگەی پیلانی چەند کەسێک کە لە پشت جەماوەرەوە کار دەکەن.

نەوەی نوێ ئەم جۆرە لادانە نازانن، بینیان کە چینی کرێکاری پیشەسازی زۆربەیان لە جوتیارانی خاو پێکهاتوون، ئێستا لە گوندەوە هاتون هۆشیاری سیاسیان هەژار و نەدارە، توانای خەباتیشیان نییە.

ئەگەر چاکسازی بەندە بە کاری سیاسیی ئەم چینەی کرێکار، ئەوا ولات دەبێ حوکمی ستالین و باجەکانی هەڵگرێ. ئەمە بە تەواوەتی ئەو بۆچونەیە کە گەنجە خوێن گەرمەکان رەتی دەکەنەوە. ئەوان لە خوێندنگا و کۆبونەوەکانی کومسومول ( رێکخراوی گەنجان) بیستویانە کە شۆڕشگێڕە دابڕاوەکان لە سەدەی نۆزدە چۆن رووبەڕووی حوکمی ستەمکاری بوونەتەوە ، بە قومبەلە و دەمانچە درێژەیان بە خەبات داوە بێ ئەوەی هیچ چینێک لە چینەکانی روسی پشتگیریان بکەن.

ئایا براکەی لینین لە نێو ئەو کەسانەدا نەبوو کە پیلانی کوشتنی قەیسەر ئەلیکسەندەری سێیەمیان جێبەجێ کرد؟ کاتێک کتێبەکانی خوێندنگا خەسلەتی پالەوان دەخەنە پاڵ ئەم جۆرە کەسانە ئەی بۆ لە ژێر رۆشنایی سێبەری پیرۆزی ئەوکات، ئێستا کومسومول (رکخراوی گەنجان) قونبولەی دەست و دەمانچە ناخاتە نێو دەستی ئەوانەی ئۆقرەیان لێ براوە لەدەست ستالین؟.

\+ + +

له بەرانبەر ئەو جیابونەوەی ئۆپۆزسیۆندا جیابونەوەیەکی نوێ لە مەکتەبی سیاسی سەرهەڵدەدا. ئەندامەکانی لە نێوان خۆیاندا ناکۆک بوون، نەک لەسەر ئامانج بەڵکو لەسەر شێوازی کار، ئەمە وێڕای ئەوەی ستالین ئەمانەی دەستەبژێر کردبوو ئەوانیش لە دۆخە سەختەکان خۆڕاگرانە بەرگریان کردبوو. هەندێکیان داوایان لە ستالین کرد نازناوی لیبرالیزم لەسەر حوکمی ستەمکاری لابەرێ، لەکاتێکا هەندێکیان داوایان دەکرد ( سیاسەتی مشتەکۆڵی ئاسنین) بگرێتە بەر. لیبرالیستەکان هەریەک لە کیرۆف و فوروشیلوف و رادزوتاک و کالینین بوون. دەبوایە فوروشیلوف کاریگەری کۆمکردنی کشتوکاڵی لەسەر سوپا بەهەند وەرگرێ. فەرماندەی سوپای رۆژهەلاتی دوور سەردار (لیوا) بلوخر رەتیکردەوە بەرپرسیارێتی بەرگری سنورەکان بگرێتە ئەوستۆ، ئەگەر پرۆسەی کۆمکردنی کشتوکاڵی لە سەر دانیشتوانی دەوروبەری روسیا جێبەجێ بکرێ. فوروشیلوف لەبەردەم مەکتەبی سیاسی بەرگری لە بۆچونەکانی خۆی کرد، توانیی رەزامەندی وەرگرتنی بڕیارێك بەدەست بێنێ کە رۆژهەلاتی دوور لە کومکردنی کشتوکاڵی ببوردرێ.

کیروڤ نێردرایە لینینگراد بۆ سەرکوتکردنی نارازیەکان، زینوڤییف هەر زوو دەبێتە زمانحالی دۆخی نا سەقامگیر کە زۆربەی شارەکانی روسیای شۆرشگێری گرتبۆوە، لە ستالین نزیک دەبێتەوە تا بەزەیی بە ئۆپۆزسیۆندا بێتەوە، ئەوەی لە توانایدا بوو لەم پێناوە کردی بۆئەوەی پۆلیسی سیاسی بێدەنگ کا، لەم هەنگاوەی رادوزتاک جێگری سەرۆک وەزیران و سەرۆکی سەندیکاکانی لەگەڵدا بوو، بەڵام مولوتوف و کاگانوڤیچ لە بانگخوازانی سیاسەتی (مشتەکۆڵی ئاسنین) بوون.

دلسۆزی ئەو پیاوانە بۆ ستالین جێگای گومان نەبوو، ئەوان فەرماندەی پاسەوانی تایبەتی خۆی بوون دەبیندران چۆن لەدوای دەڕۆن، بە هزری کەس دانەدەهات ئەوان لە دژی ستالین دەجولێنەوە، بەڵام ستالین زۆر بە هێمنی چاودێری ناکۆکیەکەی دەکرد بێ هیچ دڵەڕاوکێیەک، داوای یارمەتیی لە لایەنە ناکۆکەکان کرد، جارێک لایەنگری ئەملای دەکرد جارێک ئەولا، بەم شێوە بە درێژایی ساڵی ١٩٣٤ئەم بەرو ئەو بەرانێی دەکرد ، لە نێوان توندوتیژیی رێکخراو و دەستپێشخەریەکانی لیبرالیزم. لە بەهار بڕیارێک دەردەکا بە لێبوردنی بەشێک لە یاخیبوانی کۆلاک، بەڵام لە حوزەیرانی هەمان ساڵ لە بڕیارێکا دەڵێ هەر ئەندامێکی خێزان هەرجۆرە خیانەتێک دژی دەولەت ئەنجام بدا سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی دەکەونە ژێر بەرپرسیاریتی، هەرکەسێک لە خێزانەکەی دەستنیشانی ئۆپۆزسیۆن نەکا هەموویان بەرپرسیار دەبن، دوای

یەک مانگی ستالین (G.P.U ) هەڵدەوەشێنێتەوە لە شوێن ئەم کۆمیساری کاروباری ناوەخۆ دادەنێ. دەسەڵاتەکانی پۆلیسی نهێنیی یەکخستن، دواتر (ئەندرێ فشینسکی) کە پارێزەرێکی جوداخوازی کۆنە مەنشەڤی دەبێ بە داواکاری گشتی دادەمەزرێنێ، دەسەڵاتی چاودێری چالاکیەکانی پۆلیسی نهێنیی پێدەدا. . رێگەشی بە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن دا وتار بخوێننەوە و لە رۆژنامەکان نوسین بڵاوبکەنەوە، بەمەرجێک رەخنە لە دەسەڵات نەگرن، ئومێدەکان سەریان هەڵدا گوایە رێکاری لیبرالیستی زیاتر پیادە دەکرێن، پرۆژەی چاکسازی دەستوری خستە بەردەم مەکتەبی سیاسی، بانگی سەرکردە رەسەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی کرد بەشداری لە دارشتنی دەستوری نوێدا بکەن.

بەڵام ئەم هەنگاوە نیمچە لیبرالیستیانە درێژەیان نابی تا ئەو کاتەی (نیکولاییف) کە ئۆپۆزسیۆنێکی گەنجی کۆمۆنیستە، لە یەکم رۆژی کانونی یەکەمی ١٩٣٤ هەڵدەستێ بە تیرۆر کردنی (سیرجی کیروڤ Sergej Mironovitsj Kirov) لە لینینگراد

ستالین خۆی دەگەیەنێتە لینینگراد و بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک خۆی ئەو تیرۆریستە بانگێشت دەکا و دەیدوێنێ، بۆی دەردەکەوێ ئەو تاوانبارە سەربە گەنجە کۆمۆنیستە بێزارەکانە ئەوانەی لە دەسەڵات و شێوازی حوکمگێران و ستەمکاریەکانی بێزارن بەلای هزری تیرۆری شۆڕشیەوە کێشراون، ئەم جۆرە هزرانە لە روسیا بلاون. (نیکولاییف) و هاوڕێیانی خۆیان بە لایەنگرانی زینوڤیف دەزانن هەرچەندە پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵیدا نیە بەڵام لە ژێر کاریگەری هزرەکانیدان.

وا دەرچوو دلگەورەیی کیروف بوە هۆی ئەوەی بکوژ دەستی پێ بگا، چونکە ئەو خۆی رازی نەبووە لە نوسینگەی دەزگای سمولنی پۆلیسی نهێنی پاسەوانێتی بەردەرگای باکا. هەر چۆنێکی بێ پۆلیسی نهێنی لینینگراد ئاگاداربوە لە پیلانی کوشتنی کیروڤ بەلام خۆیان نەجولاند.


Sergej Mironovitsj Kirov

لەم رووداوە ستالین بە پێویستی زانی چیتر دەستپێشخەری لەسەر حسابی لیبرالیزم نەکرێت، بۆی دەرکەوت سەرکەوتن بەسەر ئۆپۆزسیۆن گەلێک دوورە. لە راستیدا زۆر لەم دۆخە بێزار بوو لە تەوقی سەریەوە تا خوارەوەی، بڕیاریدا بە توند و بە قولایی لێیان بدرێ.

لە ئێستا بەدواوە رێکار و رەفتارەکان هەمان رێکار و رەفتاری سەردەمی ستەمکاری روسی دەگرنەبەر. کە لە سەردەمی حکومی قەیسرە پیادە دەکرا، هەموو نەوەکان ئەو ململانێ و ناکۆکیانەی نێوان

لیبرالیستەکان و سەربازانی دەورو بەری کۆشکی قەیسەریان بینیبوو. لە بەرامبەریاندا لە سەر ئاستی ئۆپۆزسیۆن، ناکۆکی لە نێوان توێژی باوکان و نەوەی منداڵە توندڕەوەکان دروست دەبێت. رژێمی قەیسەر لە سەردەمی لێبوردەییش ئەوەندە کراوە نەبووە دڵی ئۆپۆزسیۆن رازی بکا، لێ بوردەیی هەر ئەوەندە بووە تا شۆڕشگێڕەکان لێی نەدەن، باوکە میانڕەوەکان لە هەوڵی هێور کردنەوەی نەوەکانیان بوون تا دان بەخۆیاندا بگرن بەڵکو قەیسەر هەندێک دەستپێشخەری بکا. هەر هەوڵێکی شۆڕشگێری دژی حوکمی ستەمکاری هەمان ئەنجامی دەبوو: کە شکست هێنانی لیبرالیستەکانی نێو دەستەی حوکمرانان و سەرکەوتنی سەربازەکان بوو، سوپا بە سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕان رازی نەدەبوو، ئەوان ئۆپۆزسیۆنی میانڕەویان بە بەرپرسی کارەکانی گەنجە توندڕەوەکان دەزانی، لیبرالیستەکان دژی ئەمە بوون و حوکمی ستەمکاریان بەرپرسیار دەکرد لەوەی رێگر بوونە لە دروست بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی شەرعی.

بەم شێوە حوکمی ئەلکسەندەری یەکەم بە سەردەمی چاکسازی نیمچە لیبرالیست هاتە ناسین، راپەڕینی کانونی یەکەمی ١٨٢٥ پێشەکەیەک بوو بۆ سەردەمی نیکۆلای یەکەم، قەیسەری ئاسنین، قەیسەری پۆلیس و سەرباز، کاتێکیش پیلانگێرە شۆڕشگێڕەکان قەیسەر ئەلکسەندەری دووەمیان کوشت، ئەلکسەندەری سێیەمی نیمچە لیبرالیست بوە جێگرەوەی، ئەو دەستی لێیان نەپاراست و سەرکوتی کردن، سیاسەتی قەیسەری دواتریش، لە نێوان هەردووکیاندا بووە. سەردەمی ستالین بەهۆی ئەو ناسەقامگیریەی دوای شۆڕش ئەم شێوازە کۆنەی لە ململانێی سیاسی لە روسیا نوێکردەوە.

بە پێی مەرسومێکی فەرمی، نیکولاییف و هاوڕێیانی دوای ئەوەی دادگایی دەکرێن لە مافی بەرگری بێبەش دەکرێن و لە سێدارەیان دەدەن، ستالین رێگەیان پێنادا هۆڵی دادگا بکەنە سەکۆی گوتار خوێندنەوە و دەسەڵات تاوانبارکەن بۆیە بە نهێنی لە سێدارەیان دەدا.

ستالین بەوەندە نەوەستا هەریەک لە زینۆڤییف و کامنێڤی بە کوشتنی کیرۆڤ تاوانبار کرد ئەویش وەکو عەسکەرتارە کۆنەکان کاتێک منداڵە توندڕەوەکان تاوانێکی دەبوو ئەم باوکە لیبرالیستەکانی سزا دەدا، دادگایی ئەمانیش بە نهێنی ئەنجام درا، دوای ئەوەی ئیدانەی تاوانەکەیان کرد دانیان بەوەش نا کە دەکرێ ئەم گەنجانە بە هۆی رەخنەکانمانەوە لە ستالین تورەیی و سۆزیان هەڵسابێ و بەهۆی رێگری لە گەنجان لە رەخنە گرتن لەلایەن ستالینەوە ئەم گەنجانە ئەم کارەیان ئەنجام داوە.

دادگا بڕیاری زیندانیکردنی زینوڤییڤ بە دەسال، کامنێڤ بە پێنج ساڵ دەرکرد. بەڵام ستالین پێی خۆش نەبوو ئەم دوو بۆلشەڤیە دێرینە بخاتە زیندان، مەبەستی بوو لە دادگا دان بە تاوانی خۆیاندا بنێن، بەمەش بەدەستی خۆیان خۆیان دەخەنە ناو چاڵێکەوە.

دوای ئەمە سەوداگەریەک لەسەر شێوەی دانپێدانان بە تاوان لە نێوان نوسینگەی ستالین لە کرملین و ئەو دوو پیاوە زیندانیە لە لوبیانکا ئەنجام درا. ستالین ئامادەبوو پەرێزی ئەم دوو زیندانیە لە هەموو تاوانێک پاک کاتەوە، بەڵام بەمەرجی ئەوەی دان بەوە بنێن کە ئەوان هەوڵی گەراندنەوەی سەرمایەداریان داوە، زیندانیەکان ئەمەیان رەتکردەوە، دواتر بەدوای دانپێدانانە کەیاندا گەڕا سودی لەو خالە وەرگرت کە دەڵێن: دەکرێ تیرۆریستان سودیان لە پرۆپاگەندەکانی ئۆپۆزسیۆن وەرگرتبێ وکردبێتیانە سەرچاوەی سۆزیان بۆ ئەنجام دانی ئەم کارەیان، ئیتر زینوڤییڤ دان بە هەموو ئەوانەدا دەنێ کە داوای لێکراوە. ئێمە ئەوە نازانین ئاخۆ ئەم دانپێدانانە بە رەزامەندی و نیانی بووە یان لەژێر کاریگەری فشار و ئەشکەنجە. رایگەیاند کە: ( دەبێ چالاکیەکانی کاتی خۆی هی ئۆپۆزسیۆنی ئەوکات، کاریگەریان لەسەر وروژاندنی بێ بەهای تاوانباران هەبووبێ. راستیەکان لێرە تێکەڵاون بە هەولەکانی دبلۆماسیەوە، ئیدانەکردنی تیرۆر بە دروستی هاتووە، بەڵکو ستالین توانیبێتی ئەم دانپێدانانە لە زینوڤییڤ وەدەست بێنێ چونکە زینوڤییڤ ویستویەتی بە دلسۆزی سنورێک بۆ ئاراستەکانی کاری تیرۆر دابنێ. زینوڤییڤ پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە ئەو بەرپرسیاریتی مۆرالی ناراستەوخۆ هەڵناگرێ، ( کارەکانی کاتی خۆی هی ئۆپۆزسیۆنی کاتی خۆین) بەڵکو ئەو ئاماژەی بە کاری تیرۆر دابێ. ناواخنی دانپێدانانەکە ئیدانەی ستالینیشی تیایە، چونکە دەڵێ تیرۆر زادەی دۆخی خیانەتە، واتە زادەی دۆخی ستەم و توندوتیژیەکانی ولاتە، نە زینوڤییڤ نە کامنێڤ ئامادە نەبوون تەنها یەک وشەیتر لە رووی ئیدانەکردنی خودۆیان زیاتر بدرکێنن، ستالین کارەکەی لەم ئاستە جێهێشت. بەڵام ئەو نهێنیانەی زینوڤییڤ شاردبونیەوە لای جەماوەر هیچ بەهایەکی نەبوو، ئەوەتا سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن هەنگاوی زۆریان بڕی بەرەو لێژایی بەڵام کۆتاییەکەی بە دادگایی کردن و لەناوبردن دێ.

بێگومان ستالین بە تیرۆر بوونی کیروڤ خۆی ترساند، ئایا پیلانگێرەکان نەهاتنە نێو نوسینگەی تایبەتی خۆی؟ لە بەهاری ١٩٣٥ هەندێک دادگایی نهێنی بۆ نزیکەی ٤٠ لە پاسەوانانی تایبەتیی ئەنجامدا، دوانی لێ لەسێدارەدا، بۆ ئەوانیتریش حوکمی جیاجیا دەرکرا، تەنها تاقە رۆژنامەیەکیش باسی لێوە نەکرد. دواتر هەڵمەتێکی بەرفراوان لە بارەگاکانی حزب وکۆموسولە کاندا کرا بۆ گەران بەدوای تۆمەتباران. ستالین لەوکاتەوە لەسەر ئەو بڕوایە کاری دەکرد کە دەڵێ ( ابی مرۆڤ تەنها لە ناحەزە راستەقینەکەی خۆی بدا،

بەڵکو دەبێ دەوروبەریشی هەلتەکێنێ) ئەوەتا تورەییەکەی لە لینینگراد دەردەکا، کە ماوەی دە سالە رکابەری دەکا.

ئەندری جدانوڤی بە جێگرەوەی کیروف وەکو حاکمی ئەو شارە دامەزراند. جدانوف گەنجێکی بەتوانایە، ئەرکی پاککردنەوەی کوموسولی لە لادەران بەجێ گەیاند، لە میانی هێرشەکانی بەدوای تۆمسکیدا ناوبانگی دەرکرد. ستالین دەتوانێ ئێستا پشتی پێببەستێ بۆ ریشەکێش کردنی ناپاکانی لە لینینگراد، لە بەهاری ١٩٣٥ بە دەیان هەزار لە گومانلێکراوانی بۆلشەڤی و خەباتگێرانی کوموسولی لە لینینگراد بە خێزانەکانیانەوە بۆ سیبیریا دورخستەوە. ئەم پرۆسەی لەژێر ناوی بکوژانی کیروف ئەنجام دا بەم ناوەی ناساندن، زیندان و ئوردوگاکانی شارەکانیتریشی لێ پر کردن.

گۆڕانکاریەکی ریشەیی لە مامەلەکردنی زیندانیان روویدا، تا ئەوکات ئەو مامەلە زۆر جیاوازیی نەبوو لەگەل مامەلەی سەردەمی قەیسەر، زیندانیەکان مافی خۆ رەوشەنبیر کردنیان هەبوو بە خوێندنەوەی بەیاننامە و بلاوکراوەی ئۆپۆزسیۆنەکان، بەڵام ستالین چونکە خۆی پێشتر زیندانی بووە ئەوە دەزانێ کە زیندان زانکۆیە دوای دەرچونیا لە زیندان تێر ئەزموون و زانیاری ورەوشەنبیری دەبن، بەو هۆیەوە بڕیاری دا رێگە لەو جۆرە چالاکیانە بگیرێ، نەک هەر ئەوەندە کاری سەخت و بە زۆری لەسەر زیندانیە ئۆپۆزسیۆنەکان سەپاند، ژیانیان زۆر ناخۆش و قورس بوو، هیچ بوارێکیان بۆ نەمایەوە بۆ بیرکردنەوە و پیادەکردنی کاری سیاسی.

بەم کارانەی ستالین لیبرالیستە بانگخوازەکانی چاکسازی بێ ئومێد بوون، ئەوەندەی پێ مایەوە رازیان کا، چێشتێکی بۆ میلەت ئامادە و پێشکەش کرد تێکەڵ بوو لە تیرۆر و ئومێد، ئەگەر بەم دوفاقیە کاری نەکردبایە میلەت لێی هەڵدەستا بۆیە هاوشانی توندوتیژی و ستەمکاری ئومێدیشی پێ بەخشین.

دوای دوو مانگ لە کوشتنی کیروف واتە لە شوباتی ١٩٣٥ کۆنگرەی حەوتەمی حزب بڕیاردەدا دەستورێکی نوێ داڕێژرێ، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکیان هەلبژارد بەسەرۆکایەتی ستالین و ئەندامێتی بۆخارین، رادیک، سوکولینکوف و فیشینسکی دەبن، ئەمەی دوایی (فیشینسکی) دواتر لەسەریان دەبێتە داواکاری گشتی لە دادگاکانی لەناوبردنی مەزن، لە ماوەی ساڵ و نیوێک ئەو لیژنە چەند کۆبونەوەیەکی بە ئامادەبونی ستالین ئەنجامدا. بەشداربوە سەرەکیەکەی دەستوری نوێ( رادیک و بۆخارین) بوون زۆربەی جارەکان مادەکانیان لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەی براڤدا و ئەزڤستیا گوتوبێژیان لەسەر دەکرد، دەبوایە کۆنگرەی داهاتوی حزب لە تشرینی دووەمی ١٩٣٦ بڕیار لەسەر ئەو دەستورە بدا، واتە دوای چەند مانگێک لە لەسێدارەدانی زینوڤییف و کامنێف. بڕیاردرا ناوبنرێ بە (دەستوری ستالین) ( دەستوری زۆرترین دیموکراسی لە دونیا).

+ + +

ستالین باش دەیزانی کە نەوەی کۆنی شۆڕشگێڕ، سەرەڕای سوکایەتی و ماندوبونیان تائێستا نهێنیەکانی دەسەڵاتی رەهاو موعجزەکانیان بە هەند وەرنەگرتوە، جگە لە هەندێکی کاری نامۆ نەبێ، تا ئێستا وا سەیری دەکەن کە دەسەڵاتی زەوت کردوە و ساختە کاریی لە برواکاندا کردووە. لەبەر ئەم هۆیانە (کۆمەڵەی بۆلشەڤیە دێرینەکا) و ( کۆمەڵەی زیندانە سیاسیە دێرینەکان) و (ئەکادیمیای کۆمۆنیستەکان) ی هەلوەشاندەوە ، کە دوا مۆلگەن حەشاردانی بۆلشەڤیە کۆنەکان بوو.

ئەم رێکارانە ئاماژەن بۆ ئەو هەنگاوانەی ستالین کاتی خۆی ناوێتی لە پیادە کردنی ململانێ و رکابەری لەگەڵ ترۆتسکیی کۆنە مەنشەڤی، بەناوی بۆلشەڤیە کۆنەکان، ئەوەتا ئێستاش لەگەڵ نەوەی نوێ هەمان رێکار دەگرێتە بەر، ئەلبەت ئەم هەلوێست و رێکارانە لەگەل ئەوکەسانە ناگرێتە بەر کە توند و خۆڕاگرن بەڵکو لەگەل کەسە لاواز و راڕاکانە کە دڵیان بەو میلەتەوەیە لە پێناو پێشوەچونیدا هەموو شتێ قەبول دەکن. ئەم نەوەی نوێیە یا ئەوەتا بەبیری دێتەوە یان نا کە سەرکردەی باڵە ناکۆکەکان چۆن چۆنی رۆلی جەلاد و قوربانیان گێڕاوە.

ستالین وەکو سالانی بیستەکان لەگەل ئەمیندارانی حزب لە لقەکان نیان و خۆشگوزەر نەمابۆوە، نەدەبینرا گوێ بۆ سکاڵا و داواکاریەکانیان رابگرێ، تەنها لە بۆنەکان بە ئاشکەرا دەبینرا ئەگینا کەس نەیدەبینی، هیچ گوتاری بۆ ئەو خەلکە نەدەدا لەگەڵ ئەوەشدا وا بڵاو دەکرایەوە کە لە هەموو وردەکاریەکان ئاگادارە و ئەو بەیاننامە و راگەیاندنانە بە فەرمان و ئاگاداری ئەو دەردەکرێن، بەم شێوە ناکۆکی لە نێوان دیدی خەلک لەسەر کاریزمای ستالین و نەگەیشتنیان بەو دیمەنێکی ئەفسوناویی لای خەلک دروست کردبوو.

+ + +

دەوروبەری ستالین کە گەمارۆیان دابوو ئەلبەت مەکتەبی سیاسی بوو، مەکتەبی سیاسیش بە هەموو مانایەک مەکتەبی تایبەتی خۆی بوو، چونکە ئەو پیاوانەی ئەو کردبوونی بە مەکتەبی سیاسی لە بژاردەی خۆی بوون لە هەموو کارەکان لەگەلیدا کۆک بوون، لە ١٩٢٥ ئەم بیرۆکە بەم شێوە هونرایەوە: مۆدەی نوێ لە پیاوەکان دەبێ ئەدیب بن نەک ئەوجۆرە کەسانە بن کە لە ژێر باری هزری سۆسیال دیموکراتدا بنالێنن، دەبێ بەسام و پۆشتە و ریزدار بن. لە راسیشدا هەریەک لە (مولوتوف، کاگانوڤیچ، فوروشیلوف، کوسیور، میکویان، رودزیاک، ئەندراییف) هەموویان هەلگری ئەم خەسلەتانە بوون. هەموویان فەرمانبەری ئیداری بوون، بۆ کارەکانیان دلسۆز بوون، خۆیان بۆلشەڤیی خۆجێی بوون هەروەکو ستالین شارەزای هیچ ولاتێک نین، زۆربەیان لە حزبیە خاوەن پلە بچوکەکان بوون ستالین بەرزی کردبوونەوە، بەڵام لەگەل بەسەرچونی کاتا شارەزاییان لە کارەکانیان وەرگرتوە.

مەکتەبی سیاسی خوێندنگایەکی تاک بوو لە حوکمڕانی، ئەم دەستە کە لە کۆبونەوەی بەردەوامیدایە، باس لە هەموو پرسەکانی ولات دەکا و دەیخاتە سەر مێزی گفتوگۆ، تەنانەت پرسە دبلۆماسی و سیاسیەکانیش دەسەڵاتی لەسەر بچوکترین کێشەی گوندەکاندا هەبوو. دوا مەرجەعیش دەبێ بۆ چارەسەری کێشە ئیداریەکان، ئەلبەت دوا وتەش هی ستالینە لەم پرسانە. ئەوەندە بەشداریی لە کێشە و گفتوگۆکان نەدەکرد، لە کاتی دروست بوونی گرفتێک یا بە نوکتەیەک یا بە ئاماژەیەک کۆتایی بە مشتومڕەکان دەهێنا.

بەم شێوە ئەم کەمە پیاوەی ئەم ئەرکەی پێسپاردن کە لەو ماوە لە هەموو بڕیارەکانی ئیداری و سیاسی و کشتوکاڵی وکۆمەڵایەتی بەشداربون بوونە مایەی ئەوەی هەموو زانیاریەکان بە ستالین بدەن و بە بێ ئەو هیچ بڕیارێک دەرنەکەن. بۆیە مایەی سەرسوڕمان نیە کاتێک سیاسی و سەربازەکانی بێگانە لە میانی جەنگی دووەمی جیهان سەرسام دەبن بەوەی ستالین لە هەموو بوارەکان شارەزایی و زانیاریی هەیە، کە ئەم شێوازە حوکمڕانیە مەرکەزیە توندە کەسە لاوازەکان وەلا دەنێ، ترسی بەرپرسیارێتی دەخاتە دڵی هەموو بەرپرسێک لە هەموو ئاستەکان، فەرمانبەر دەکاتە بورغی لە ناو ئامێرەکەی، هەندێک جاریش ئەم بورغیە دەبێتە مایەی وەستانی ئەو ئامێرە یا خەراپتر لەوە کە لە ژێر کاریگەری هێزی ئەو ئامێرە بە ناچاری بەرەو ئاراستەیەکی هەلە دەروا، یا ئەگەر بە هەلە پەنجە بنێیتە سەر دوگمەی جولەکردن، ئامێری بەڕێوە بردن بەهۆی گرفتی

مامەلەی نارێکی بیروکراتی تێک دەچێ.، بەم شێوە کەرەستەیەکی باشی ئەدەبی تەنز ئامێز دێتە دەست بەڵام لەترسی بەرپرسیارێتی نوسەران ناتوانن ئەمەش بکەن.

ستالین بە خۆسەپاندنی ئیرادەی بەسەر پرسە سیاسیەکان تینوێتیی ناشکی، مەبەستیەتی ببێتە تاقە سەرۆکی روحیی نەوە، بۆ ئەم ئارەزوەی دوو هۆکار هەن:

١/ نوخبەی رەوشەنبیری روسی هەستیان بە بوونی نەدەکرد تا ئەوکاتەی ستالین خۆی کرد بە پێسپێردراوی ئەوان، ئەمەش لە بەیاننامە سەرەتاییەکانیەوە دەردەکەوێ کە لەسەر زانست و هونەر بە گاڵتەجاری دەریدەکردن و بەو هۆیەوە کەرامەتی پێ لەکەداربوو.

٢/ پاش ئەوەی بەسەر نوێخوازانی بواری ئابوری و سیاسیدا زاڵ دەبێ تێبینی دەکا کە هێشتا رۆژنامەگەری فەلسەفیەکان لە مەیدانی نوێخوازان دەخولێتەوە، بۆیە دەستکردن بە ململانێ و رکابەرێتی ئەم مەیدانە زەرورەتێکی سیاسیە. لە راستیشدا مارکس نێوانی سیاسەت و فەلسەفەی کورت کردۆتەوە، ئەوەتا ستالین دیدی مارکس بەسەر ئەو پەیوەندیەدا دەسەپێنی و کردی بە پاشکۆی سیاسەتەکانی خۆی.

دەبوایە مێژوونوس و فەیلەسوفەکا لە دەرچونی هەر بڕیار و رێنمایەکی سیاسی یا ئابوری زوو بگەرێنەوە کتێبەکانیان نەبادا لەگەل بۆچونەکانیاندا کۆک نەبن و لەگەل سەرۆک بکەونە کێشمە کێش.

بارو دۆخی مێژوونوسان لە دۆخی هەموو کەسێک ناخۆشتر بوو، لە ١٩٣١ ستالین لە نامەیەکدا بۆ سەرنوسەری رۆژنامەی ( بروتارسکایا ریفولوتسیا) هۆشداریی پێدەدا کە گوایە ترۆتسکی توانیویەتی دزە بکاتە نێو رۆژنامەکە و مێژووی شۆڕش بە هەلە بنوسێتەوە، فەرمانی پێدان کە دووبارە مێژووی شۆڕش بنوسرێتەوە و تیایدا رۆلێکی باڵا بە ستالین بدرێ، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو هەلبەستانەی ئەمینداری گشتی خستبونیە پاڵ ناحەزانی گەلێک لەکەدار نەبوو، ئیترهەر پێویست کرا ئەم چیرۆکانە هەموار بکرێنەوە. چونکە دەبوایە هەلوێستی فەرمی لە رووداوەکانی رابردو وەرگیرێ بۆیە دووبارە داڕشتنەوەی رووداوەکان بە هەند وەرگیرا، بە حوکمی ئەوەی ترۆتسکی پێگەیەکی باڵای لە رەخنەی ئەدەبیدا هەبوو بۆیە لەم داڕشتنەوە دەبوایە هەموو مەدرەسەکانی رەخنەی ئەدەبی لە رەگەوە هەڵکەندرێن. فەیلەسوفەکان بۆ خوێندنی دیالەکتیکی مارکسی، کتێبەکانی پلیخانۆڤیان کردبووە سەرچاوە کە لینین ریزێ لێ گرتبوو، هەرچەندە ناکۆکی سیاسیشیان لەگەل ئەو سەرکردە مەنشەڤیەدا هەبووە.

ستالین مامۆستا و وانەبێژەکانی فەلسەفەی لە نوسینگەی خۆی کۆکردنەوە ئیدانەی لیبرالیستیی کرد، پرۆفیسۆر دیبورین راگری کۆلێژی فەلسەفە و ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی لە دەرفەتی خوێندن لە



زانکۆکان بێبەش کردن و لە نوسین لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش قەدەغە کرد. بەپێێ توانا ناتوانین ئاماژە بە هەموو نمونەیەکی فشار و پالەپەستۆکان بدەین، لە کۆتایی بۆ مێژوونوس و ڕەخنەگر و فەیلەسوفەکان هیچ نەمایەوە جگە لە مەدح و سەنای ستالین نەبێ ، گوایە مەزنترین ڕەخنەگری ئەدەبی و مێژوونوسی سەردەمە، بۆ سەرۆکایەتی پیشەی ئەدەبیش پەیمان (موبایعەی) بەو تاقە سەرکردە درا.

بەسەر نوسەرەکانی سۆڤیەت سەپێندرا کە دەبێ وەک ستالین بنوسن.

ئەو ماوەیە بە لاپەرەیەکی ڕەش لە مێژووی ئەدەبی سۆڤیەتی دێتە ئەژمار، شێوازە تایبەتەکەی ستالین بوو بە شێوازی نوسینی سەرجەم روسیا. هەر نوسەرێک ئەگەر کۆپلەیەک یا دوان بنوسێ و ئاماژە بە ستالین نەدا ئەوە سەرکێشیەکی مەزنە دەیکا، نوسەرەکان ڕەچاوی ئەوەیان دەکرد کە هەمان ئەو دەستەواژانە بەکار بێنن کە ستالین بەکاریان دێنی، تەنانەت دەقەکانیش، بەم هۆیەوە ڕۆژنامەکانی روسی بوونە ڕۆژنامەی بێ تام و لەزەت، تەنانەت زمانی ئاخاوتنی بازاریش لاسایی زمانی ستالین دەکرایەوە، بەشێوەیەک وا دەزاندرا کە ئەم میلەتە هەموویان بوونەتە بەبەغا.

ئەم دیاردە تێکەڵاویە، کە بەشێوەیەک شێواز و ڕەفتارەکانی حاکم ببونە شێواز و ڕەفتارەکانی گشتی، ئەگەر حاکم هەستێکی ئەدەبیی هەبووایە ئەوکات مهرەبانتر دەبوو، بەڕاستی شێوەی ڕەفتار و ئاخاوتن و لاساییەکان دیمەنی بێ زەوق و لەزەت بوون.

خۆی لە راستیدا لەوکاتەی ستالین دەگاتە لوتکەی دەسەڵات شیوازەکانی وشک و ڕەق بون، ئەو لەیەک نەچونەی نێوان ڕەفتارە وشک و توند و تیژیانەی لەگەل نوسینە بێتامەکانی کە ناوەناوە ئاماژە بە نوکتەیەکی گەلەری روسی دەدا، بەڕاستی ئەم لەیەک نەچونە مایەی سەرسوڕمان بوو، فەرموون لەگەل یەک نمونە لە شێوازی ڕەفتارەکانی کە ئەمە دوا بڕگەی گوتارەکەیەتی لە کۆنگرەی حەڤدەمی حزب:

( تەنها حزبمان دەزانێ چۆن رابەرایەتی پرسەکە دەکا، ئەو سەرکەوتوانە بەرەو پێشەوە دەیبا، نهێنی ئەو سەرکەوتنەی حزبمان چیە؟ نهێنیەکە ئەوەیە کە حزبێکی مارکسیست و حزبێکی لینینیستە لە خەباتیا پشت بە بنەماکانی مارکسیزم، ئینگلسیزم و لینینیزمەوە دەبەستێ، گومانی تیا نیە چونکە ئێمە دلسۆزی ئەم رێبازەین، چونکە پشت بەم قیبلەنامە دەبەستین، سەرکەوتن یاوەرمانە).

( دەڵێن لە هەندێک دەولەتی رۆژئاوا مارکسیزمیان لەناو برد، دەڵێن رەوتی نەتەوایەتی کە بە فاشیزم ناسراوە ئەو لەناوی بردوە، ئەمە راست نیە. تەنها ئەوانەی شارەزای مێژوو نین رێگە بەخۆیان دەدەن ئەمە بڵێن. مارکسیزم دەربڕی زانستیانەی بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارە. بۆ لەناو بردنی مارکسیزم، دەبێ یەکەم جار چینی کرێکار لەناو ببردرێت، بەلام لەناو بردنی چینی کرێکار هەرگیز روونادا،




هەشتا ساڵ بەسەر ئەو مێژووەدا تێپەری کە مارکس لە مەیدانی شەڕ دابەزی، لەو ماوەیە دەیان حکومەتی بورژوا هەولی لەناوبردنی مارکسیزمیان داوە، ئەنجامەکەی چێ بوو؟ حکومەتی بورژوا سەرکەوت، ئەمجارەیان حکومەتی بورژوا روخا، کەچی مارکسیزم هەر مایەوە ( چەپلەیەکی توندی بۆ لێدرا) جگە لەمەش مارکسیزم بەسەر شەش یەکی دونیادا زاڵ بوو، هەر بە دروستیش بەسەرئەو ولاتەدا سەرکەوت کە دەیانوت مارکسیزم لەناوبردراوە (دیسان چەپلەرێزان)، ئەمە هەلکەوت نیە کە ئەو ولاتەی مارکسیزم لێی سەرکەوتوو بووە تەنها ئەو ولاتە ئەمرۆ نازانی قەیرانی ئابوری و بێکاری چیە، لەکاتێکا ئێمە دەبینین چۆن دەولەتان بەدەست قەیرانی بێکاریەوە دەنالێنن، نەخێر هاورێینە ئەمە هەلکەوت نیە.( دووبارە چەپلە رێزان).

بەڵێ هاورێینە نهێنی سەرکەوتنەکانمان ئەوەیە کە ئێمە لە ژێر سایەی مارکس، ئینگلس و لینین شەڕمان کردوە، (کورتەی کۆتاییەکە): دەبێ هەتا هەتایە ئێمە دلسۆزی ئالای مارکس، ئینگلس لینین ی مەزن بین.

بەڕاستی بۆ مێژوونوس مایەی سەرسوڕمانە چۆن میلەتێک تولستۆی و رستوفسکی و چیخوف و پلیخانۆف و لینین و ترۆتسکی و چەندین سەرکردەی تری هزر و سیاسەتی لێ وەبەر هاتبێ چۆن رێگە بە ئەدەبەکەی دەدا بەم جۆرە بکوژێتەوە، لە لایەکی تریش ئەدەبێک ئەم زانایانەی وەکو روسو و فولتیری بە دونیا بەخشیبێ

لەساڵەکانی شۆڕشی ئیمپراتۆریەت ، ناچارین بەراوردێک لە نێوان ئەم حاڵەتە و ئەو حاڵەتەدا بکەین. لە فرەنسا هەروەکو لە روسیا هەمان حاڵەتی خۆ دزینەوە دروست دەبێ، بەڵام نابێ لە روانگەی داگیرکاری ئەدەب و هونەرەوە حوکم لەسەر ئاستی رەوشەنبیری ستالین بدەین، دەبێ لەبیرمان نەچێ کاریگەریەکانی ستالین لە سەر ناکۆکیەکانی تێکدەر و بیناکەر هەبووە، ئەو ژیانی هزری هەوالگریی هەژار کرد، لەبەرانبەردا بنەماکانی بەهێز کردنی شارستانێتی بۆ دانیشتوانە دواکەوتوەکان دەستەبەر کرد، رەوشەنبیری لە سەردەمی ئەو لە رووی قولاییەوە زیانی پێکەوت بەڵام لەرووی پانتاییەوە سودی پێگەیشت، دەبێ پێشبینی ئەوە بکەین کە لە ئەنجامی ئەو بەرفراوان بوونەی رەوشەنبیری سەردەمێکی نوێ چاوەڕوانمانە، سەردەمێک نەوەی نوێ ئاورێک لە سەردەمەکانی بەربەریی ستالینی دەدەنەوە، ئەوسا هەناسەیەک هەڵدەکێشێ، بەڵکو دەڵێن شێوازەکانی ستالینی ئەوکات خۆگونجاندن بووە لەگەل حاکمێک کە خەمی رەوشەنبیریی نەبووە، ناچار بووە جوتیارەکان و بیروکراتخوازەکانی دەرچوو لە ریزەکانی خۆیان لەم ئاژاوە و هەژاریە دەرکا.

لە سوچێکی ترەوە سەیری ئەم پرسە بکەین دەڵیین، روسیای ئەوروپی ترسی لەوە هەبوو کە لە رووی رەوشەنبیریەوە لایەنە ئاسیایی ونیمچە ئاسیاییە دواکەوتوەکان لەسەر حسابی ئەوان سەرکەون. ئەوکات ئاستی روسیای ئەوروپی دادەبەزێ، تا روسیای ئاسیەوی سەرکەوێ.

هەوالگری لە لینینگراد و موسکۆ هەستی بە سەربەخۆیی فکریی کرد زۆر کەم هاوشێوەی لە ئەوروپا دەردەکەوێ، ئێستا ناچار دەبێ دەستبەرداری زۆربەی پرۆژە بێ ماناکانی بێێ و روو لە سازش بکا لەگەڵ براکانی کە بە تەمەن لە خۆی بچوکترن و روو لە زانکۆکان دەکەن، لە ژێر سایەی دەسەڵاتدارێک کە خەلکی سنوری نێوان ئەوروپا و ئاسیایە، ئەوەتا روسیای ئەوروپی لە لێواری یەکگرتندایە لەگەل روسیای ئاسیایی، کاتێکیش روسیای ئاسیایی هەندێک لە خەسلەتەکانی روسیای ئەوروپی وەردەگرێ ئەمە دەبێتە بەرهەمێکی باش، بەڵام گەلێک جار ئەم پرۆسە بە هەژار کردنی فکری تەواو دەبێ.

لە جیاوازیەکانی کارەکە ، ستالین لە نێو ئابوریەکی کۆکراوە پشتگیریی لە جیاوازی کۆمەڵایەتی کردوە، داوای یەکسانی تەواوەتی دەکرد لە کاری هونەری و رۆحی. ئەمەی بە ئەنقەسد نەدەکرد، بە دید و زانستی تایبەتی خۆی ئەنجام دەدا، چونکە ترسی هەبووە لە داهێنانە فکری و هونەریەکان.

بەم شێوە شیعر و رۆمان تامی کۆنی خۆیان لەدەست دەدەن.

( ئێمە تۆلستۆی سۆڤیتیمان دەوێ) بەم شێوە رەخنە گرە ئەدیبە فەرمیەکان بە درێژایی ئەو ساڵانە دەپاڕانەوە. بەڵام تولستوی سۆڤیەتی دەرنەدەکەوت بەڵکو ئەم هەلبەزو دابەزەی ئێستا کەلکی

ئەفسانەکانی نەدەهات، یاخود نمونەکانی تولستوی ئێستا لەم دۆخە دروست نابن یا سەر هەڵنادەن تا بڵێن( بێدەنگ نابم)، هەردوو بەناوبانگترین شاعیری روسی یاسینین و مایاکوفسکی خۆیان کوشت. هەندێک لە باشترین نوسەر بێدەنگیان هەڵبژارد هەندێکیش ناچارکران بێدەنگ بن، ئەی ماکسیم گۆرکی نزیکترین کەسی بەتریرکی کەلتوری پرۆلیتاریا دۆستی ستالین، نیوەی یەکەمی سیەکان لەسەر زیندو کردنەوەی کۆنەکان ژیاوە. بەڵام نزیک بوونەوەی ستالین و گۆرکی لەسەر بنەمای هاورایی نەبوو.

لە راستیدا ستالین پەنای بۆ دەسەڵاتێکی فەرمی و باوەرپێکراو برد تا پشتگیری دەسەڵاتی مۆرالی و فکری خۆی بکا. چونکە گورکی لە سەردەمی خەباتی نهێنیەوە دۆستی لینین بووە، ستالین پێی وابوو کارێکی ژیرانەیە دەیکا لەتەک ئەو پۆست و نازناوانەی هەیەتی ببێتە میراتگری ئەو دۆستایەتیە کۆنەی لینین، لە لایەکی تریشەوە گۆرکی چەندین جار لەگەل لینین ناکۆکیان هەبووە و لینین زیاتر لە هەر سیاسەتمەدارێک چاوپۆشیی لەو کردووە، بۆیە نوسەرە پیرەکە کە بە سۆزداری لەگەل بۆلشەڤی لەیەکەوە نزیک بوون پەشیمانە لەو ناکۆکیانەی لەگەڵ لینینا دروستی دەکردن بەو هۆیەوە بڕیار دەدا لەگەل جێگرەوەی دروستی نەکا کە هیچ ناکۆکیەک قەبول ناکا. ناوەناوە گۆرکی هەولی دەدا کەمێک لە سروشتەکانی ستالین هێورکاتەوە، تا بۆلشەڤیەکی کۆن یا ئەدیبێکی نەوازە بپارێزێ، تەنانەت جارێکیان هەولی ئاشت کردنەوەی ستالین و کامنێڤ دەدا، بەڵام ناچار دەبێ دەستبەرداری ئەم پرۆژە بێ، لە ١٩٣٦ کۆچی دوایی دەکابە مردنی ئەو زنجیرە کتێبی (سەردەمی بەر لە شۆڕش) لەناو دەچن.



Maksim Gorki**ماکسیم گۆرکی**

دوای مردنی گۆرکی، گەرمەی پرۆسەی لەناوبردن بوو. لەم ماوە لە مۆسکۆ دوو شاعیر بۆ ماوەیەک ناو دەردەکەن ئەوانیش: جمبول دجابابیف ( لە کازاخستان) و لەزگین سلیمان ستالسکی ( لە قەوقاس) بوو، هەردووکیان شاعیری خێلەکی و نەخوێندەوار بوون، لەتەمەنی سەدەکاندا ریشدار و دیمەن پۆشتە بوون، لە چیاکانەوە دادەبەزینە ناو مۆسکۆ تا لەسەر گۆڕی لینین شیعر بخوێننەوە، بە مۆسیکای گیتارەوە سرودیان بەسەر ستالیندا هەڵدەگوت.

هەرکە روسیای ئەوروپا بە روسیای ئاسیا دەبەسترێتەوە و تێکەڵ بەیەک دەبن، روسیا لە رووی فکریەوە دادەبڕێ، تەنانەت لە ئەوروپاش دادەبڕێ، ئەمەش ناگەرێتەوە بۆ وردەکاری ناکۆکیەکانی نێوان کۆمۆنیست و سەرمایەداری. خۆی لە راستیدا لە بیستەکان ئەم ناکۆکیانە کەمتر بوون لەوەی لە سیەکان هەیە، ئەقلی روسیای ئەوکات بەدەم پێشکەوتن و هونەری ئەوروپیەوە کراوە بوو. ئەم گۆشەگیریە بەپێی دۆخی سیەکان دروست دەبێ بەتایبەتیش لە کاتی کردارە لەناوبردنە مەزنەکان زیاتر دەبێ.

\+ \+ \+

دوای دادگاییەکانی دوای کوشتنی کیروف، وا پێدەچوو سەردەمی ستالین جارێکی تر بەرەو کرانەوە دەچێ، سەرکەوتنی پلانی پێنجی لە سالەکانی ١٩٣٥و نیوەی یەکەمی ١٩٣٦وا لە نێو کۆمەڵگە دەنگۆیەکی باشی دایەوە، دووبارە رووناکیەکان کەوتنەوە سەر ستالین، لە بۆنەکان دەرکەوتەوە، خەندە هاتەوە سەر لێوانی جوتیارە سۆلخۆزی و کالخۆزیەکان هەمیشە بە دەورەیەوە بوو، سوپاسی ئەو خۆشگوزەرانیەیان دەکرد کە لە سایەی ئەوەوە پێیان بەخشراوە، لە ئاهەنگێک ئامادە دەبێ و وێنەگرەکان ژمارەیەکی بێ ئەندازە لە وێنەکانی بلاو دەکەنەوە، وا نیشاندرا کە هەموو شتێک روو لە خێرە بەتایبەتی کرانەوەی سیاسی.

لە نێو سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن هەریەک لە زینوڤییف و کامنێف و سمیرنوف تا ئەوکات لە زیندانی (فیرخنی- ئورالسک) دابوون، بەڵام ئومێدی ئازاد کردنیان هەبوو.

بۆخارین سەرنوسەری ئەزڤستیا بوو، رادیک زمانحالی رۆژنامەگەری فەرمیی کرملێن بوو لە کاروباری سیاسەتی دەرەوە، بیاتاکوف کۆمیساری پیشەسازیی قورس بوو، هەر خۆی رێکخەری بوو، ریکۆڤ سەرۆک وەزیرانی پێشو، کۆمیساری پۆست و بروسک بوو، راکوفسکی، یورینییف و بوگومولوڤ و هیتریش ئەوانەی

گرێبەستیان لەگەل ستالین مۆر کردبوو، وەکو بالوێز یا نێردەی تایبەت یا نێردەی بازرگانی لە دەرەوەی ولات بوون. تەنانەت لە گورجستانیش وا باو بوو کە گوایە ستالین کەسێکی بوردەیە، تەنانەت لەگەڵ ئەوانەش کە لە سەردەمی لینین لەگەڵیدا ناکۆک بوون.

بودو مدیفانی دەگەڕێتەوە سەر پۆستەکەی وەکو جێگری سەرۆکی حکومەتی گورجستان. ئارامی باڵ بەسەر پەیوەندیەکانی ستالین و سوپادا دەکێشێ. لە ١٩٣٦ سوپا دووبارە رێکدەخرێتەوە، لە سوپای سنورەوە دەکرێتە سوپای سەربازگەکان، ئەو سیستەمەی بەر لە شۆڕش هەیان بوو دووبارە بەسەریاندا سەپێندرایەوە، لەوانە پلەی سەربازی. لەم میانە پێنج لە فەرماندەی سوپا پلەیان بۆ پلەی مارشال (مشیر) بەرز کرایەوە، ئەوانیش (توخاچیفسکی، ییگوروف، بلوخر، فوروشیلوف، بودینی) بوون.

بەلام ئۆپەراسیۆنی لەناوبردن لە نێو ریزی حزب رانەوەستا، لە کۆتاییەکانی ١٩٣٥ بەردەوام ئەو راپۆرتانەیان بلاو دەکردنەوە کە باسیان لە ئاشکەرا بوونی شانەی نوستوی ئۆپۆزسیۆن دەکرد، لە هەموو شارەکانی روسیا و ئوکرانیا. رۆژنامەکان باسیان لە سەرهەڵدانی نارەزاییەکان دەکرد کە لە نێو ریزی کرێکاران لە دژی رەفتارەکانی ستاخانۆفیەکان.، واتە زیاد بوونی ئاستی کار لە کارگەکان و پێدانی رۆژانەی کرێکاران بە پێی داهات. لێرەو لەوێ کرێکاران هێرشیان دەکردە سەر ستاخانۆفیەکان هێرشەکان دەگەیشتنە ئاستی کوشتن و لەناو بردن، ئامێرەکانیان تێک و پێک دەشکاندن، جوتیارە هەژارەکان بە ئەنقەست ئامێرەکانیان لەکار دەخستن یا لە ئەنجامی نەزانی بەکارهێنانیان لەکار دەکەوتن، یا لە رقا دەیاندا بە ئەرزا تا تێک و پێکیان دەدان، ئەمە ئەو تێکدانەیە کە روسیا لە ئەنجامی دواکەوتویی رووبەڕووی دەبێتەوە و لە کاروانی شۆرشی پیشەسازی دوا دەکەوێ، بەڵام ئەوکات بە هزری کەس نەدەها بیاتاکوف رێکخەری سەرەکیی پیشەسازی بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەم کارە تێکدەریە بکا، لە خەیالی کەس دا نەبوو هیچ سەرکردەیەکی تری ئۆپۆزسیۆنی جاران بەم کارە تۆمەتبار بکرێن.

ترۆتسکی بە دامەزراندنی ئەنتەرناسیونالی چوارەمەوە سەرقال بوو بۆ ئەوەی شوێن ئینترناسیۆنالە سێیەمەکەی ستالین بگرێتەوە، کاتێکیش رۆژنامەی براڤدا و ئەزفستیا راپۆرتیان لەسەر هەڵمەتی بەردەوامی پرۆسەی لە ناوبردنەکان بڵاو کردەوە کە دژی لایەنگرانی ترۆتسکی و زینوڤییف، ستالین پێی هەلدەستا، ترۆتسکی لە بلاوکراوەکەی ئۆپۆزسیۆن لەسەر ئەم رووداوە دەنوسێ و دەڵێ:

(دەتوانین بە بڕواوە ئەوە بڵێین کە مەزنترین و بەرفراوانترین لقی ئینترناسیۆنالی چوارەم لە یەکێتی سۆڤیەتە، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو ستەم و زۆرداری و هەڵمەتی لەناوبردنە کە ماوەی سیانزە ساڵە بەردەوامە).

لە راستیشدا ئەم گوتەی ترۆتسکی هیچ بنەمایەکی راستی نەبوو چونکە ترۆتسکی ماوەی حەوت ساڵ دەبو دورخرابۆوە، ئەو هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ لایەنگرانی نەمابو کە لە روسیا دەژیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ترۆتسکیزم وەکو رەوتێک نوێنەرایەتی سیاسەتێکی تایبەتیی دەکرد، خاوەن پێگە و قورسایی خۆی بوو، تاقە کاریگەری کە لێدوانەکانی ترۆتسکی جیی هێشت وشیار بوونەوە و بەئاگابونی ستالین بوو، بەڵکو لە بەرخۆیەوە ئەمەی وتبێ ( دواتر دەیبینین) شەش مانگ بەسەر ئەم لێدوانە تێناپەرێ کە بە دەست پێکردنی دادگایی زینوڤییف و کامینێنف بروسکێک لە روسیا و سەرجەم دونیا دەدا.

لێرە بواری ئەوەمان نابێ باس لە وردەکاری دادگاییەکان بکەین، ئەوەی لامان گرنگە رۆلی ستالینە لە هاندان و بزواندنی ئەم داگاییانە، ستالین لە هۆلی دادگا دەرناکەوێ، ئیتر ئەو پیاوەی گوایە قوربانیی یەکەمی ئەم رووداوە دەبو مەبەستەکان بۆ لە ناو بردنی ئەو بوون کەچی لەم دادگایە ئامادە نابێ تەنها بۆ یەک جاریش بانگ ناکر بۆ شایەدحالی، مرۆڤ لەم شانۆگەریە تراژیدیایە هەست بە رۆلی لێخوێندنی ستالین دەکا، زیاتریش لەوە نەک تەنها لێخوێندن ئەو نوسەر و دەرهێنەر و بەڕێوەبەری ئەم شانۆگەریەشاراوە بوو.

لە نێوان زنجیرەیەک لە دادگایی نهێنی و ئاشکەرا چواریان بایەخیان هەبوو:

١/ دادگای شانزەهەم، لە ئابی ١٩٣٦ ( زینوڤییف، کامنێف، سمیرنوف، مراشکوڤسکی و هیتر بوون) .

٢/ دادگای حەڤدەهەم، لە کانونی دووەمی ١٩٣٧ بۆ دادگایی کردنی (بیاتاکوف، رادیک، سوکولینکوف، مورالوڤ، سیربریاکوف، ....تا دوایی) بوو.

٣/ دادگا نهێنیەکەی مارشال (مشیر) توخاچیفسکی و یاوەرانی بوو کە ژمارەیەک لە سەردار ( لیوا، جەنەرال) بوون لە سوپای سوور لە حوزەیرانی ١٩٣٧ دادگایی کران.

٤/ دادگای بیستو یەکەم، لە ئاداری ١٩٣٨ بۆ ( ریکۆڤ، بۆخارین، کریتنسکی، روکوڤسکی، یاگودا،...) بوو.

لە نێو داوالێکراوەکان، گشت ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی سەردەمی لینین هەبوون جگە لە ستالین، دیارە ترۆتسکیش تۆمەتباری سەرەکی بوو لەم دادگاییانە و بە بێ ئامادەبون دادگایی کرا. هەروەها لە نێو دادگایی کراوەکاندا سەرۆک وەزیرانی پێشوو چەندین جێگری سەرۆک وەزیران و دوو سەرۆکی پێشوی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیستی و سەرۆکی سەندیکاکان (تۆمسکی) کە دواتر بەر لە هاتنی کاتی دادگاییەکەی خۆی دەکوژێ، سوپا سالار و گەورە کۆمیساری سیاسیی لە سوپا، فەرماندەی هەموو ناوچەکانی سەربازیی

سەرەکی و سەرجەم بالوێزەکانی سۆڤیەت لە ئەوروپا و ئاسیا و سەرۆکی پۆلیسی نهێنیش (یاگودا) کە خۆی دادگای زینوڤییف و کامنێڤی و بیجوف و هیتریشی ئامادە کردبوو.

ئەمانە هەموویان بە تۆمەتی هەوڵی تیرۆرکردنی ستالین و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کارکردن بۆ گەرانەوەی سەرمایەداری و تێکدانی هێزی ئابوری و سەربازیی ولات و پیلانگێران بۆ ژەهراوی کردنی جەماوەری کرێکاری روسی هاوکاری کردنی هەواڵگری بەریتانی و فرەنسی و ژاپۆنی تۆمەتبار کرابون. گوایە گرێبەستی نهێنیان لەگەڵ نازیەکان واژۆ کردوە بۆ پارچە کردنی خاکی یەکێتی سۆڤیەت و دەست هەلگرتن لە هەرێمەکانی سەربە ئەلمانیا و ژاپۆن.

ئەگەر ئەو تۆمەتانە هەموویان راست بن ئەوا کەس بڕواناکا یەکێتی سوڤیەت بە پێوە بمێنێ، بەڵام ئەو پیاوانەی بە تیرۆر تۆمەتبار کرابون و توانیبویان بگەنە لوتکەی دەسەڵات، تەنها یەک کەسیان تیرۆر کردبوو لەوانەی لە دەوری ستالینن ئەویش (کیرۆف) بوو.

لە میانی دادگاییەکان، داواکاری گشتی دوو قوربانی تریشیان تێوە گلاندن ئەوانیش: کیوبیچیف ی سەرۆکی لیژنەی نەخشەسازی و ماکسیم گۆرکی بوون، بەڵام ئەوەی لەم داداگایی و تۆمەتبارکردنانە دەرکەوتن ئەنجامی لاواز و بێبنەما بوون.

رەفتاری تۆمەتباران وەکو تارمایی وابوو، زیاتر گاڵتەجاری کارەکەی دەرخست، هەندێک کەسی باڵا بە نهێنی دادگایی کران، ئەمانیش هەموو پلەدارەکانی سوپا و ژمارەیەک لە کەسانی مەدەنی بوون ژمارەیەکی زۆریشیان بەبێ دادگا لە سێدارە دان چونکە نەتوانرا بەزۆر دانپێدانانیان لێ وەرگرن و هیچیان لەسەر نەسەلمێندرا.

بەڵام ئەوانیتر هەموویان لە بەر دەم دادگا دانیان بە تاوانی خۆیان نا کە تاوانبارن و دەستیان خستۆتە نێو دەستی شەیتان و شایستەی سزادانن، بۆیە بەم دەستەواژە کە دەڵێ ( بیانکوژن ئەم سەگە بەرەڵایانە) داواکاری گشتی ڤیشنیسکی کۆتایی بە دادگاییەکە دێنێ.. دانپێدانانەکانیان تاقە بەلگە بوون کە دادگا بۆ تاوانبار کردنیان پشتی پێدەبەستن. یەک تاقە بەلگەی نوسین پێشکەش نەکرا وەکو بەلگەی یاسایی کار پێکراو بێ. لە دانپێدانانەکان کاتێک لەسەر زاری تاوانبارێک ئاماژە بە رووداوێک دەکرا دەردەکەوت ئەو ئاماژە پێکراوە هیچ دروست نیە، بەنمونە کە هلولتزمان و داڤیدوبیرمان و یورین وتیان ئێمە ژوانمان هەبوو لەگەڵ ترۆتسکی لە کوبنهاگنی پایتەختی سوێد لە یەکێک لە ئوتێلەکان یەکتری ببینین ، بەڵام کاتێک بەدواداچون لەسەر ئەو ئوتێلە دەکرێ دەرکەوت کەئەم ئوتێلە ماوەیەکە لە کار وەستاوە و داخراوە..

بیاتاکوف دەڵێ لە یەکێک لە فرۆکەخانەکانی نزیک بە ئوسلۆ دابەزیم بە فرۆکەیەکی ئەڵمانی بووم بە نیازی ئەوەی لەگەڵ ترۆتکسی کۆببمەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی فرۆکەخانەکە ئەوەیان رەت کردەوە کە لەو کاتە هیچ فرۆکەیەکی بێگانە لەم فرۆکەخانە نیشتبێتەوە، نە ئەوکات نە بەر لەوکات بە مانگێک.

لە تەک ئەمانە ترۆتسکی خۆی و کورەکەی توانیان ئەو بەلگانە بەدەست بێنن کە ئەوە دەسەلمێنن ئەوان لەوکاتانە بە جەستە لەو شوێنانە نەبوونە، هەندێک لەو بەلگەنامانە واژۆی ( ئیدوار هێریو ی سەرۆک وەزیرانی فرەنسای لەسەر بوکە خۆی لایەنگری ستالینیش بووە).

ئەگەر چیرۆکی ئەو ناکۆکیانەی حزبیان هەژاند بخەینەوە یاد، تۆبە و دانپێدانانەکانی تۆمەتباران سەرسامان دەکات، ئەگەر کارەکەش وانەبێ ئەوا زیاتر سەرسام دەبین. ئەم دەست وەشاندنە بەبێ کەسی وەشێنەر نەبووە. لە ناوەراستی بیستەکانەوە ئەم تۆبەکردنە بۆتە نەریتی کار پێکراو لە لایەن کەسە ئۆپۆزسیۆنە روخاوەکان، لە سوکایەتی پێکردنی دیسپلینی حزبەوە دەست پێدەکەن، کۆتاییەکەشی بەوە دێت دان بە خۆ تاوانبارکردن بنێن ، لە نێوان ئەم و ئەودا مەودایەکی زۆر هەیە، ئەم مەودایەیان وا بە هێواشی بڕی وەکو ئەوەی لە خەودابێ هەست بەو رۆیشتنە نەکا، لەگەل هەر تۆبە کردنێک دان بە هەلەیەکی مەزنتری خۆیان دەنێن، ئومێدیان دەخواست کە ئەمە دوایین قوربانی بێ لە پێناو حزب بیدەن، لەوەش مسۆگەرتر ئەوەبو کاتێک دەگەیشتنە کۆتاییەکان، لە توانایاندا نەبوو رووداوە تراژیدیاکە بەچاوی خۆیان بینین.

بە درێژایی ئەو ماوەیە ببونە قوربانی لە نێوان ترس لە رەفتارەکانی حوکمڕانیی ستالین لەگەڵ خۆگونجاندن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی کە لە پێناو ستالینا کردیانە قوربانی. بەڵام ئەمە نابێتە پاساوی رەفتارەکانیان. ترۆتسکی خۆی لە دەرەوە بەدەست ئەم گرفتەوە دەینالاند بەڵام چۆکی دانەدا.

لەلایەک ترس و پەشیمانیان لەلایەکیش مەترسی و هەڕەشەکانی ستالین، دەبێ ئەم چیرۆکە بە درۆ بخەینەوە گوایە لە رێگەی نوستنی مگناتیسیەوە دانپێدانانیان لێ وەرگیراوە، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە ئەشکەنجە دراون لەو رێگەیەوە وتەکانیان لێ وەرگیراوە، جگە لەم شێوازە درندانەییە، پۆلیسی نهێنی دسەڵاتیان پێدرابو کە خانەوادەی تۆمەتبارەکان دەستبەسەرکەن، هەندێک لەوانە وەکو شایەد لە هۆڵی دادگا بینران، لێرە مەترسیدارترین تۆمەتبار دەبینرێ، لەهەموویان زیاتر ئامادەیی هەبوو لە پێناو پرسەکەیدا قوربانی بەخۆی بدا، ئەوان مافی ئەوەیان نەبووە لە پێناو پرسەکە قوربانی بە خانەوادە و خزمەکانیان بدەن. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە ئەوان وا بیریان کردۆتەوە بە دانپێدانانەکانیان خانەوادەیان رزگاری دەبێ.

دوای کوشتنی کیروف تیرۆرستەکان لە مافی پێداچونەوەی بڕیارەکانی دادگا بێبەش کران، بەڵام دوای دادگایی کردنی زینوڤییف و کامنێف ئەم مافەیان بۆ گەرایەوە، وەکو نیشاندانی ئومێدێک بوو بۆیان. دیارە بەم هۆیەوە هەندێکیان لە حوکمی لەسێدارەدان نەجاتیان دەبێ، بەنمونە (کرادیک و راکوفسکی). رزگار بوونی تەنها کەسێک لە مردن ئومێد لە دڵی دەیانیتر پەیدا دەکا، دیارە بڕوای تاوانباران ئەوە بوە کە لە ژێر ئەشکەنجە دانیان بە تاوان ناوە، وایان لێ دەدایەوە کە ئەو تۆمەتانە کار ناکەنە سەر لەکەدار کردنی ناوبانگیان.( لە ئوردوگای گرتوخانەکاندا پاسەوانان زیندانیەکانیان ناچار دەکردن جنێو بەخۆیان بدەن بڵێن: (ئێمە بەرازین)،(ئەمەش ئەو جۆرە جنێوەیە کە کەسی ئاقل ئەمە ناڵێ)، ئەوپیاوە مەزنانە کە لەبەردەم ستالین رەت دەبون ناچار دەکران جنێو بەخۆیان بدەن بە دەنگێکی بەرز بڵێن: نەمری بۆتۆ، ئەی قەیسەر ئەوانەی بۆ مردن ئامادەن سڵاوت لێ دەکەن.

\+ + +

بۆچی ستالین پێویستی بەم جۆرە شانۆگەریانە هەبوو؟ دەڵێن لەسێدارەدانی بۆلشەڤیە کۆنەکانی کردە قوربانیی بەرنامە ئابوریە شکستخواردوەکەی. شتێک هەیە لە هەگبەی راستی دایە بیلێین ؛ ئەو سالانەی دادگاییەکانی لێ ئەنجام دران دۆخی ئابوری هەندێک بەرەو باشی چوبوو. بە دڵنیاییش پێویستی بەم هەموو قوربانیە نەدەکرد، ئەگەر پێوسیتیشی بکردبایە ئەوا سزای زیندانیکردن بەس بوو بۆ چاکسازی هەروەکو ئەو سزایەی کاتی خۆی دژی مەنشەڤیەکان بەکار هات کە پێێ دەوترا ( حزبی پیشەسازی)، هەندێک لەو کەسانەی دادگاییکران و سزادران، لە چلەکان دووبارە دەردەکەونەوە و دەبنە هەڵگری مەدالیای پرۆفیسۆری. لەراستیشدا مەبەستی دروستی ستالین لەم هەڵمەتە تێکشکاندن و لەناو بردنی خاوەن بەهرە و ئەوانەی توانای دامەزراندنی حکومەتی ئەلتەرناتیف هەیە. بە دڵنیاییەوە ناتوانین ئەمە لە میانی گوتارەکانی ستالیندا بسەلمێنین، بەڵام ئامانجی سەرەکیی بۆ ئەم ئاراستە بوو. بڕواکان وابوون کە هەر بیرۆکەیەک لەسەر بنەمای دامەزراندنی حکومەتێکی ئەلتەرناتیف بێ بەمانای دژایەتی شۆڕش دێت، بۆیە ئەنجامە مسۆگەرەکە ئەوە بوو کە دادگاکان بڕیاریان لەسەر دەدا.

دەبێ ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: بۆچی ستالین ئەم ئامانجەی بە تەواوەتی لە ١٩٣٦ جێبەجێ کرد؟ پێویستیەکانی سیاسەتی ناوەخۆ لێکدانەوەی بۆ ئەم کاتە نیە؟ . ئۆپۆزسیۆن پەرش و بڵاو و تێکشکاوە، لە توانایدا نیە هێزەکانی کۆبکاتەوە و بەرگری لەم دۆخە بکا، لە راستیدا مەترسیەکی لەم جۆرە ئەوەبو کە

ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوە خەریک بوو شکلێکی تایبەتی وەردەگرێ، لە دەرەوەرا هەڕەشە لە روسیا دەکا. یەکەم دادگایی مەزن کە زینوڤییف و کامنێف ی تیا دادگایی کرا بەر لە چەند مانگێک بوو لە هێرش و داگیرکاریەکەی هیتلەر بۆ راینلاند، کاتێکیش بۆخارین و ریکۆڤ دادگایی دەکرێن تازە نازیەکان نەمسایان داگیر دەکردبوو. لە بەشەکانی داهاتوو دێمە سەر ئەو بابەتە کە ستالین مەبەستی بوو خۆی لەم مەترسیانە بپارێزێ. دەبێ ئەوە بڵێین کە هیچ کاتێک کەس خۆی دەست خەلەت نادا بەوەی دەتوانێ بە یەکجارەکی خۆی لە شەڕ دورخاتەوە. ستالین دوو ئەگەری دانابوو:

ا/ یا لەگەل هیتلەر رێککەوێ، ب/ یا شەڕی لەگەڵدا بکا.

لە ١٩٣٦ درک بەوەکرا کە ئەگەری رێککەوتن لەگەڵ هیتلەر لاوازە، ئامادەکاریەکانی رۆژئاوا گومانی لە دەرونی ستالین دروستکرد. پێی وابوو رۆژئاوا نەک تەنها لەگەل هیتلەر لە ژێرەوە رێککەوتنیان هەیە بەڵکو هانی هیتلەریش دەدن بۆ ئەوەی روسیا داگیرکا.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەری دروست بوونی شەڕ لەگەل ئەلمانیا کەوتە ئاراوە، لە جەنگی یەکەمی جیهانی سەرەڕای دابەش بوونی بەسەر دوو بەرەی جەنگدا، ئامێری سوپای ئەلمانی توانیی گورزێکی مەزن لە سوپای روسیا بوەشێنێ کە کۆلەگەی حوکمی قەیسەریی پێ بهەژێنێ. دەبێ تارمایی دوایین قەیسەری روس هەمیشە لەبەر چاوی ستالین بوبێ، چاودێری ئامادەکاریەکانی هیتلەری دەکرد بۆ جەنگ، بەلکو بواری ئەوەش هەبێ دانوستانێکی خەیالی لە نێوان پیاوەکە و تارماییەکە ئەنجام بدرێ:

(تارماییەکە بە گوێیدا دەچرپێنێ: کۆتاییت نزێک بۆتەوە. ئاژاوەی شەڕم بەرپا کردوە بۆ ئەوەی تەختت بروخێنم. بە دەستپێکردنی شەڕێکیتر دەروخێ)

پیاوەکە وەڵامی دەداتەوە: ( ئێوە پادشای لەسەر کار لادراون کەس نابەزێنن، ئەوەی ئێوەی بەزاند جەنگ نەبوو، بەلکو حزبی بۆلشەڤی بوو، راستە ئێمە سودمان لە دۆخی شەڕ وەرگرت، بەڵام....)

تارماییەکە قسەی پێ دەبڕێ: ( ئایا تۆ دڵنیای لەوەی ئۆپۆزسیۆن سودی لە شەڕی داهاتو وەرنەگرتوە؟ ئایا بولبولی مەزنت لە بیرە کە خاوەنی پترسبورگ بوو کاتێک هەوالەکان گەیشتن بەوەی ئەلمانەکان ریگانیان داگیر کردوە؟ ئێستا چێ روودەدا ئەگەر دووبارە ئەلمانەکان هاتنەوە ریگان، یا کییف؟ یا قەوقاس؟ تەنانەت دەروازەی مۆسکۆش؟).

( من پێت دەڵێم حزبی بۆلشەڤی و پالەوان دژت وەستاوە، من ترۆتسکیم رەت کردۆتەوە و سەرجەم ناحەزانی خۆشم لەناو بردوە).

تارمایەکە دەداتە قاقای پێکەنین؛ ئەی من نەبووم لە ١٩١٤و ١٩١٧ تۆم بۆ سیبیریا دورخستەوە؟ ئەی ترۆتسکی و لینین لە دەرەوە نەبوون ئەوکات؟).

هیچ گومانی تیا نیە ئەگەر ئەوکات سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ژیاندا بوونایە ،کاتێک قەیرانەکانی ولات دەگەیشتنە ئەو ئاستە جولەیەکیان دەکرد ، ئەگەر ئەم جولە هەلە بوایە یا راست، چونکە پێیان وابوو ئەم رەفتارەی ستالین کاولکاریە دوورە لە بەرپرسیارێتی و دژی رێککەوتنەکەی لەگەل هیتلەریش دەبوون، ئەی ترۆتسکی لە نامە بەناوبانگەکەی بەناوی (کلیمەنسو) ئاماژەی بەمە نەکردوە؟ دەبا بۆ ساتێک بیر بکەینەوە، سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوە لە ژیان مان تا شکستەکانی ١٩٤١و١٩٤٢ی سوپای سوور بە چاوی خۆیان ببینن کە هیتلەر لە دەروازەی مۆسکۆ دەدا و بە ملیۆنەها سەربازی روسیش لە زیندانەکانی ئەلمانیان، ئەو کات قەیرانە مەزنەکە مۆرالی گەلی روسیی داگیر کردبوو، پایزی ١٩٤١ بوو کە چارەنوسی هەموو سۆڤیەت بە یەک تالەداو بەسترابۆوە، کاتێکیش دەسەڵاتەکانی ستالین دەگەنە نزمترین ئاست، هەوڵی لادانی ستالین دەدەن، بەڵام ستالین پێداگرییکرد کە دۆخەکان بەو ئاستە نەگەن.

ئەو تۆمەتانەی پێیانەوە هەلبەستران دوور نەبوون لە راستی ئەمە پرسێکی راستەقینەی سایکۆلۆژیە، بەلکو بیرکردنەوەکانی ستالین بەم جۆرە و لەسەر ئەم گریمانە دارێژرابن: بەلکو بە نانەوەی شەڕێک کار بۆ روخانم بکەن، لەبەر ئەوە منیش تاوانباریان دەکەم بە تۆمەتی کودەتا. بە مسۆگەری ئەوان پێیان وایە خۆیان لە من باشترن بۆ دەسەڵاتداری و بە دیدی ئەوان بە گۆڕینی دەسەڵات توانا جەنگیەکانی روسیا بەهێزتر دەبن، گریمان ئەوان سەرکەوتن، ئەوە ئەمە دەگەیەنێ کە ناچارین لەگەڵ هیتلەر گورێبەستی شەوووەستان ببەستن، بەڵکو دەست بەرداری هەندێک ناوچەش بین هەروەکو ئێمەش لە رێککەوتننامەی (بریست-لیتوفسک) کردمان، کەوابێ لە ئێستاوە تۆمەتباریان دەکەم بەوەی هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ئەلمانیا و ژاپۆن بەستوە و پەیمانی دەستبەرداری بەشێک لە خاکی یەکێتی سۆڤیەتیش بوونە لە بەرژەوەندی ئەو دوو دەولەتە.

پاساو لەم پاساوە باشتر نیە بۆ لەناو بردنی بۆلشەڤیە دێرینەکان لەمەش لاوازتر کەلکی تاوانبار کردنیان نایە. ئەگەر بە هەر پاساوێک لەسێدارەیان بدا جا بە تۆمەتی پیلانگێران یا سەرنگونکردنی حکومەت بەڵکو

ئەوکات هەندێک کەس ئەوانە بە شەهیدی پرسێکی راستەقینە دەزانێ، بەڵام ئەوانە ناپاکن دەبێ بمرن، وەکو کەسێکی تاوانبار و سەرکردەی تابوری پێنجەم دەبێ بمرن.

ئەوکات تەنها ستالین بڕوای وایە لەسێدارەدانی ئەمانە ولات لە کارەسات دەپارێزێ، نەوەی نوێی کەم ئەزمون و کەم زانیاری وەکو پالەوان و دلسۆزی نیشتمان سەیری ستالین دەکا و بڕوا بە گوتەکانی دەکا. شایانی ئەوەیە ئێمە دانی پێدا بنێین، ئەو پێی وایە خۆی دلسۆزی ئەم نیشتمانەیە و رەفتار و رێکارەکانی خۆی پێ لە هی هەموو کەسێک باشتر و راسترە، ئەوەی ئەمیش دەیکا لە بەرژەوەندی شۆرش دایە، هەر خۆی و تەنها خۆی توانای پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ولاتی هەیە.

+ + +

هەر دەوبایە ئەو پیلانە خەیالیە گۆشت و ئێسقانی چەند کەسێک بهاڕی.، تا ئەلقەی تیرۆر مەزنتر دەبێ ئەوەندە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ژیانی خۆیان دلنیان بەرتەسکتر وکەمتر دەبن. هەندێک کاریان بۆ وەستاندنی ئەم ئامێرە دۆزەخیە دەکرد. بۆ دەستپێشخەری ئەم هەنگاوە هیچ کامیان لە سەرکردە کۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن زاتی ئەمەیان نەبوو، ئێستا ئەوان دەستەوەستان لێی دانیشتون.

لە سەرەتای ١٩٣٧ دوای دادگایی کردنی رادیک و بیاتاکوف و سوکولنیکوف، کاردانەوە لە دژی تیرۆر لە نێو بازنەی ستالین سەری هەڵدا. وا پێدەچوو ناکۆکیەک لە نێوان ستالین و ئوردجونیکیدزە دروست بوبێ، ناوبراو کۆنە بۆلشەڤیکە لە زیندانەوە یاوەرایەتی هەر ئەویش بوو ستالینی کاندید کرد بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەند لە ١٩١٢، دوای دەسالیش هاوکاریی کرد لە سەرکوتکردنی گورجیە بۆلشەڤیەکان و ململانێکانیدا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن، ئەوەتا ئوردجونیکیدزە خۆی بەهۆی چەوساندنەوەی جێگرەکەی بیاتاکوف و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی پیشەسازکاران هەلوێست لە ستالین وەردەگرێ، بەو هۆیەوە ناکۆکی لە نێوان ئەو و ستالین دروست دەبێ کۆتایی بە مردنی کتوپڕی ئوردجونیکیدزە دێت، تا ئێستا هیچ لەسەر

ئەو مردنە نەوتراوە، دوای ئەوە پیاوێکیتر لە ستالین هەڵدەگەڕێتەوە ئەویش ( رادزوتاک)  دەبێ یەکێک لە باڵی ستالینیست کە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران و سەرۆکی یەکێتی سەندیکاکانی هەبوو.

بەڵام کودەتا راستەقینەکە لەگەڵ فەرماندەکانی سوپا روودەدا، (توخاچیفسکی و یاوەرانی، تا ئێستا روون نەبۆتەوە ئاخۆ سەرکردە مەدەنیەکانی نیمچە لیبرالیست لە نمونەی (رادزوتاک و میجلوک، جێگرێکی تری سەرۆک وەزیران و یەکێک لە فەرماندەکانی باڵی ستالینیزم) ئایا هاوکاری فەرماندە سەربازیەکانیان کردوە یان نا. خۆی تا ئێستا وردەکاری کودەتاکەی توخاچیفسکی بەدروستی نازاندرێ، بەڵام هەموو ئەوانەی لەبەرەی ستالیندا نین وای دەگێرنەوە کە کودەتایەکی سەربازی بوو، بە پشت بە خۆیانەوە ئەم کارەیان ئەنجامدا بێ هیچ دەستێکی دەرەکی. زۆربەی کودەتاکان لە ناوەوەی کرملێن هونراونەتەوە، هەموویان بۆ تیرۆرکردنی ستالین بوونە، بە هاوکات لەگەڵ ئەو کودەتایانە ئۆپەراسیۆنی سەربازیشیان ئامادەکردوە بۆ دەرەوەی کرملین و هێرش کردنە سەر بارەگای گشتی پۆلیسی سیاسی.

توخاچیفسکی گلۆرەی کودەتاکە بووە.فەرماندەیەکی سەربازی خاوەن توانایەکی بەهرە بوو، ئەوبو سوپای سووری نوێ کردەوە. سەرکەوتنی شەرەکانی ناوەخۆ بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بەو هۆیەوە بوو بە فەرماندەیەکی لێهاتووی بەناوبانگ، تاقە فەرماندە بوو لە نێو سەرجەم فەرماندە سەربازیەکانی سۆڤیەت کە لە هەموو روێکەوە لە ناپۆلیۆنی دەکرد. ئەم خەسلەتانە بوونە هۆکاری ئەوەی ببێتە کۆنسوڵی یەکەمی روسیا، یەکێکیتر لە بەشداربوانی کودەتاکە رابەری سیاسیی یەکەمی سوپا (گامارنیک) بوو ئەویش دواتر خۆی دەکوژێ، سەردار (جەنەراڵ) (یاکیر) فەرماندەی سەربازگەی لینینگراد پەیمان دەدا هێزەکانی بخاتە ژێر فەرمانی کودەتاچیەکان، دواتر جەنەراڵ (ئوبوریفیچ) ی فەرماندەی ناوچەی رۆژئاواش بەشداری دەکا، هەروەها کورک فەرماندەی کۆلیژی جەنگ لە مۆسکۆ بە هەمان شێوە و بریاکوفی جێگری بودیینی لە فەرماندەی چەکی سوار و هیتریش... لەم کودەتایە بەشداری دەکەن.

لە یەکی ئایاری١٩٣٧ بەبۆنەی یەکی ئایاری جەژنی کرێکارانەوە توخاچیفسکی لە سەر گۆڕی لینین لەتەک ستالین دەوەستێ سەیری مانۆرەی سەربازی دەکەن. بەڵام دوای ١١ یانزە رۆژ لە پۆستەکەی لادەبردرێ، لە ١٢ی حوزەیران لەسێدارەدانی ئەو و هاوڕێکانی  راگەیەندرا، کودەتاچیەکان نە دانیان بە هیچدانا نە پەشیمانی خۆیان راگەیاند، دەڵێن پۆلیسی نهێنی ئەم پیلانەی ئاشکەرا کرد، لە هەوڵی دەستگیرکردنیشیدا توخاچیفسکی بریندار دەبێ و بە هەڵگرێک دەیهێننە بەردەستی ستالین، دوای دەمەقاریەکی توند لەگەڵ ستالینا جەنەراڵ دەبەنەوە زیندان، دوای ئەوە هەر بە زارەکی فەرمانی لەسێدارەدانی دەردەکا، چوار

جەنەراڵەکەی تریش (فوروشیلوف، بودینی، بلوخر، بیگوروف) دووەکانی دوایی بە ماوەیەکی کەم لەسەر کاریان لادەدا.

ئەگەر چیرۆکەکە تەواکەین قورسە بگەینە ئەنجام، لەناوبردنەکان بەردەوام دەبن هەندێکیان بە ئاشکەرا و هەندێکیان بە نهێنی، هەندێکیان بە دادگا و هەندێکیان بەبێ دادگا، هەندێکیان بە دانپێدانان و هەندێکیان بەبێ دانپێدانان.

بەهەزارانی لەناوبرد، بە سەدان هەزاریشی لە زیندانەکان ئاخنی، ئەمە ئارەزووەکانی بوون جێبەجێ کردن، نەخشەی بۆ لەناوبردنی کەسانێک دادەرشت کە دەیان ساڵ لە خزمەت ئەو وڵاتەدا بە تواناکانی کاری کردوە.

ستالین لە کەس دلنیا نەبوو لەوەی تۆڵەی خۆی لێ نەکاتەوە، دوای ئەوەی گروپی یەکەمی لەناو برد لەوانەی لە توانایاندا بوو حکومەتی ئەلتەرناتیف دامەزرێنن، نیازی نەبوو لە گروپی دووەم و سێیەم و چوارەم خۆشبێ.. بە دیدی ئەو هەموو ئەو حزبیانەی لەسەر دەستی زینوڤییف و کامنێف و بۆخارین وو ریکۆڤ پەروەردە ببون و هەموو دبلۆماسیەک کە راکوفسکی و سوکولنیکوف دایمەزراندبوون و هەموو ئەفسەرێک کە دۆسیەکەیان لە کۆلێژی جەنگ بە پشتگیری و واژۆی توخاچیفسکی پرکراوەتەوە، هەموو بەڕێوەبەرێکی پیشەسازی کە لە ژێر فەرمانی بیاتاکوف کاری کردوە، هەموو ئەوانە بە دیدی ئەو ناپاک و گومان و نەفرەت لێکراون، دواتر هەموو ئەوانەی لە پۆلۆنیا و ئەلمانیا لەسەر باڵی بۆلشەڤی ئەژمار دەکران، کەوتنە بەر شالاوی لێدان و لەناوبردن، ئەگەر مەبەستمان ئەژمار کردنی هەموو قوربانیەکان بێ ئەوا ناتوانین بەم کارە هەڵسین. بەڵام هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە بیست هەزار ئەفسەر بەم هۆیەوە دەستگیر دەکرێن، زۆربەیان لە سێدارە و گولە باران دەکرێن، بەم شێوە دەزگای دەولەت لە بنەرەتەوە بومەلەرزەی تێکەوت.

لە سایەی ئەم بومەلەرزە ستالین لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ لە کۆنگرەی هەشتەمی سۆڤیەت رادەگەیەنێ کە دەستورێکی نوێ دابڕێژرێ، لەم میانە کۆمەڵێک دەستەواژەی لیبرالیزمی رێزکردن لە دواوەش پەتی لەسێدارەدان دادەنرایەوە، دەستوری نوێ جێگای یاسای هەڵبژاردنی گرتەوە کە لینین دەریکردبوو، کە زۆر بە ئاشکەرا لایەنگری چینی کرێکاری دەکرد، بەڵام دەستورە نوێکە مافی یەکسانیی بە هەموو چینەکان دابو لەنێویاندا چینی بورژوا کە پێشتر بێبەش کرابوو، هەڵبژاردنی ناراستەوخۆی بە هەڵبژاردنی راستەوخۆ گۆڕی ، دەنگدانی ئاشکەراش بە دەنگدانی نهێنی. ستالین وتی:

ئەوەی ڕێگەی بەم گۆڕانکاریانە داوە ئەو گۆڕانکاریەکانن کە لە کۆمەڵگە رویانداوە. هەنگاوی یەکەمی کۆمۆنیزم جێبەجێ بوو، خەسلەتی پرۆلیتاریاش لەسەر چینی کرێکار نەما. جوتیارەکانیش لەگەڵ ئابوریی سۆسیالیزم یەکخران، هەوالگری نوێش لە نێو چینی زەحمەتکێش دەرکەوت.

دژی ئەو هەمووارەی دەستور دەوەستێتەوە کە گوایە لە یەکێک لە ئەندامان پێشکەش کراوە. بۆ پشتگیری لەمافی جیا بوونەوەی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی ، هەروەها دژی هەموارێکی تریش کە داوا دەکا دەسەڵاتی باڵا بە سەرۆک کۆمار بدرێ نەک ئەنجومەنی سەرۆکایەتی سۆڤیەت کە لە چەند ئەندامێک پێکدێت، ستالین لەم رووەوە هۆشداری دەدا دەڵێ: بوونی یەک سەرۆک بەڵکو ببێتە دکاتۆر بۆیە ئەمە نابێ، دواجار کەلێنێک لە دەستور دەهێلنەوە بەهۆیەوە دکتاتۆر دروست دەکەن، زۆریش پێداگریی لە لێبوردن لە پاسەوانانی سپی و ڕەبەنە کۆنەکان دەکرد. بەلام بەندە دیموکرات بەزێنەکە لەم نێوانە ئەو بەندە دەبێ کە مافی ناڕەزابون لە دەستور بە کەس نادا. ئەمەش ئەو دەستەواژەی ستالینە لەم بارەیەوە:

(مافی فرە حزبی، تەنها بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە گونجاوە کە لە چینی ناکۆک و دژ بەیەک پێک دێن، دۆخی یەکێتی سۆڤیەت بەوە گونجاوە کە ڕێگە تەنها بە یەک حزب دەدا)

دواتر ستالین رودەکاتە مێژووی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت، دەڵێ ئەو کتێبانەی لەسەر مێژووی یەکێتی سۆڤیەت نوسراونەتەوە دەبێ دووبارە پێیاندا بچنەوە، مێژوویێک دەبێ بنوسرێتەوە کە باس لەو سەروەریانەی حزب و دادگاییەکان بکا، ئەو مێژووەی لە خوێندنگاکان دەخوێندرێ لەلایەن نزیک ترین کەسانی ستالینەوە نوسراونەتەوە هەموویان جێی گومانن نوسەرەکان لە نمونەی ( یوروسلافسکی) و هیتریش، ئەمانە لەگەل دۆخی ئێستا و رابردو ناگونجێن، کتێبە نوێکە بە سەرپەرشتی ئەمینداره گشتیەکان و چاودێری خودی ستالین هاتنە نوسینەوە، ئەم کتێبە دوای چاپکردنی دەبێتە ئینجیلی حزب، ستالین بەشە فەلسەفیەکەی نوسی کە کورتکراوەی بیردۆزی دیالەکتیکی مارکسیزم بوو.

ئیترستالین دەبێتە وانەبێژی دادگاکان دوور لە چاوی خەلک، ئیتر ویستی وەکو فەیلەسوف و مێژوونوس و دانەری دەستورەکان دەرکەوێ.

+ + +

لەوکاتانەی کە قنارەکان سەریان دەپەڕاندن، خەلکانێکی زۆر بەدوریان نەدەبینی ڕۆژانێک ئەم قنارانە سەری ستالینیش بپەڕێنن، ستالین بۆلشەڤیە دێرینەکانی لەناو بردن، ئەگەر ئەمان نەمێنن کێ هەیە داکۆکی لە ستالین بکا؟ لە ئەیلولی ١٩٣٧ ترۆتسکی لە نوسینێکیدا دەڵێ:

(ستالین لە کۆتاییە تراژیدیاکەی نزیک بۆتەوە، وا پێدەچێ ئەو پێویستی بە کەس نەبێ، ئەگەر بیروکراسی لەوە سەرکەوتوبوو یاساکانی لە بەرژەوەندی ئەودا بگۆڕێ، ئەگەر چینێکی نوێش لەم میانە سەری هەڵدا و دروست بوو، ئەوا بەدوای سەرکردەی تردا دەگەڕێ کە خاوەنی رابردو نەبن بەڵام ئاستی رەوشەنبیریان لە ئاستی رەوشەنبیری شۆڕشگێڕە دێرینەکان بەرزتربێ، ئەوکات ستالین بە یەک وشە گوێ لە دەستخۆشی نابێ و دژەشۆڕشیش حساباتەکانی خۆی لەگەڵی یەکلایی دەکاتەوە، بەدوریشی نازانم بە ترۆتسکیست تۆمەتباری کەن.)

دوای چەند مانگێک ترۆتسکی ئەم  پێشبینیانە دەدرکێنێ:

( ستالین ئاهەنگی تاج لەسەرنانی خۆی لەسەر کەلاوەی شۆڕش و تەرمی شۆڕشگێڕەکان دەگێڕێ، ئەو ئاهەنگە پۆناپەرتیەی کە ستالین دەیگێڕێ، بۆ بزوتنەوەی چینی کرێکار تەنها راگەیاندنی مردنی سیاسیی خۆیەتی).

هیچ لەم دوو پێشبینیانە نەهاتنە دی، سەبارەت بە ئاهەنگی تاج لەسەرنانیش بەر لە دادگاییەکان ئەنجام درا، نەک دواتر، سەبارەت بە لاپەرەی لەناوبردنەکان کە بەڕاستی مایەی ناخ هەژانە دەتوانین بڵێین کە هیچ گۆڕانکارەیکی لە یەکێتی سۆڤیەت بەدی نەهێنا، هیچ کاریشی لە بنیادی رژێم نەکرد تەنها بگاتە قەدەر ئەو پاچەی تێیگیرا.

کۆمەڵگەی روسی دوای هەڵمەتی لەناوبردن هەروەکو پێشتر بەدوای پرسە ئابوریەکاندا دەگەران، هیچ باکیان بە پرسی سیاسی نەبوو، ستالینیش هەروەکو پێشتر خۆی وەکو باوکی گەل و خۆشەویستی گەل دەهێنایە بەرچاو.

هۆکاری سەرەکی لە سەرکەوتنی ستالین کە بە پێچەوانەی رۆبسپیر بوو، ئەو بەرنامە کۆمەڵایەتیە نوێیە بو وکە پێشکەشی کۆمەڵگەکرد، هەرچەندە ئەم بەرنامە بێبەشی و نەداری و ئەشکەنجەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام لە بەرانبەردا دەرگای بەختی بۆ گەلێک کەس کردەوە کە پێشتر ئەم دەرفەتانەیان نەبوو بەتایبەتی ئەوانەی بەرژەوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ دەسەڵاتدا هەبوو. ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەکرا: بۆچی ستالین دوای ئەو هەڵمەتی لە سێدارەدان و لەنا وبردنی بۆلشەڤیە دێرینەکان خۆی لە بۆشایی و بە هەلواسراوی نەبینیەوە؟ لەماوەی سێ ساڵی رەبەق گەسکە ئاسنینەکەی حزب فەرمانگە و بارەگاکانی دەدوریەوە زۆر دڕندانە ئەو خەلکەی لەناودەبرد و بێ سەروشوێنی دەکردن، لە ١٩٣٨ ژمارەیەکی کەم نەبێ لەوکادرانەی لە ١٩٣٦ هەبوون ئەگینا هیچیان نەمابون هەموویان سەربڕدرابون، لە گەلێک لقی حزب

شوێن و پۆستی خاڵی مابونەوە کەس نەبوو جێگەیان پڕکاتەوە، بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵ لە ١٩٣٣تا١٩٣٨ نزیکەی نیو ملیۆن لە کادری ئیداری و پیشەیی لە زانکۆکان دەرچوبوون ئەمەش ژمارەیەکی مەزنە بۆ ولاتێک کە ئاستی خوێندەواریی نزم بێت، بۆیە بە تینوێتیەوە بەرەو کارەکان دەرۆیشتن و پۆستەکانیان پر دەکردنەوە. بەڵام بۆ راهێنانی ئەو کادرانە دەبوایە باجێکی مەزن بدرێ، چونکە بەڕێوەبەر و فەرمانبەرە خاوەن پیشە و شارەزا نامێنن ئەمان شوێنیان دەگرنەوە بە راهێنان پێکردنیان لەسەر بەکار هێانی ئامێر و کارە ئیداریەکان، ماوەی مەشق و راهێنانەکان تا جەنگی دووەمی جیهانی بەردەوام دەبێ.

پرۆسەی لەناوبردن لە سەرەتای ١٩٣٩ کۆتاییان دێ، ئەمە ستالین خۆی لە کۆنگرەی حزب لە ئاداری هەمان ساڵدا رایگەیاند، ئەو کۆنگرە دوای پێنج ساڵ لە رووداوی گەرم دێت، تیایدا پەیڕەو و پرۆگرامی ناوەخۆ بەئاراستەی نیمچە لیبرال هەموار کرایەوە. لەناوبردن هەلوەشایەوە، بە شێوەی تاک و تاکیش لە شێوەی سەردەمی لینین ، ستالین رایدەگەیەنێ:

( بێ گومان ئێمە لەمەودوا کاری تیرۆر و لەناوبردن ئەنجام نادەین)، هەندێک گالتەی بە وتەی ئەو کەسانە دەکرد کە پێیان وابوو لەناو بردنی سیخور و خائینان یەکێتی سۆڤیەت لاواز دەکات. بەڵام پرسیاری کرد:

( ئەرێ مایەی سەرسوڕمان نەبوو کە ئێمە توانیمان چالاکی سیخوری و تاوانباری بوخاریست و ترۆتسکیستەکان بدۆزینەوە؟ کە بۆمان رونبۆە ئەو بەرێزانە لە ساڵەکانی ١٩٣٧و١٩٣٨ چەندە خزمەتیان بە بێگانەکان کردوە و پیلانیان لە دژی ئێمە دارشتوە، ئێمە چۆن لەم مەترسیانە ئاگادار نەبووین چۆن بەسەرماندا تێپەرِی؟ ئەم هەلەیە چۆن لێکی دەدەنەوە؟ بەڕاستی چۆنی لێکدەدەنەوە؟ ستالین هەر بەخۆی وەلام دەداتەوە:

(بە هەندێک هۆشیاری و بە کەم بوونەوەی رۆلی دەزگاکانی هەواڵگری یەکێتی سۆڤیەت، دوا بەشەکانی لەناوبردن، قەنارەدانی ییجوف بوو، بیریالی خستە شوێن ئەو، کە یەکێک بوو لە هەوادارانی و نوسەری سەربووردەی خۆی بووە، تا ئەوکات سەرۆکی پۆلیسی سیاسیی گورجستان بوو.

بەڵام دوا بەشەکان لە روسیا ئەنجام نادرێن بەڵکو لە مەکسیکۆ دەبێ، دوای ماوەیەک لە گەران و سوڕان ترۆتسکی دواجار لەوێ جێنیش دەبێ، لە ١٩٣٦ ترۆتسکی لە نەرویژ بوو ستالین فشاری خستە سەر ئەو وڵاتە تا ترۆتسکی لەوێ دەرکا، نێردەی دبلۆماسی روسیا لە ئوسلۆ هەڕەشەی بایکۆت و گەمارۆی ئابوریی لە نەرویژ کرد ئەگەر مافی پەنابەری سیاسی بە ترۆتسکی بدا، ئەم هەڕەشە بۆ نەرویژ جێگەی بایەخ و مەترسی

بوو چونکە نەرویژ لە گەشەکردن و بوژانەوەی ئابورییدا پشتی بە روسیا بەستبوو. تریگف لای وەزیری دەرەوەی نەرویژ رازی بوو بە سەپاندنی نیشتەجێبونی بەزۆر بەسەر ترۆتسکیدا بەڵام بۆ دەرکردنی رازی نابێ.

دوای ئەوەی ترۆتسکی نەرویژ جێ دەهێلێ بەرەو مەکسیک، لەوێ هێرشەکانی بۆ سەر ستالین دەست پێدەکاتەوە، دادگاییەکان رسوادەکا، کاری لەسەر بوژاندنەوەی ئینترناسیۆنالی چوارەمی جیهانی کرد بەلام بێ هودە بوو، لەو ماوە رووبەڕووی گەڵێک هەوڵی تیرۆر بۆوە، سەرجەم منداڵەکانی لە دۆخێکی نادیاردا لە ناوچوون، بۆیە ئەو ستالینی پێ تاوانبار دەکا، تا دواجار لە ٢٠ی ئابی ١٩٤٠ لەوکاتەی ترۆتسکی سەرقاڵی نوسینەوەی ژیاننامەی ستالین دەبێ، یەکێکی نەناس خۆی وەکو شوێنکەوتوانی ترۆتسکی دایەناسین لێی دەچێتە پێش و لە ماڵەکەیدا پاچێک دەنێت بە سەریا و دەیکوژێ، بەم شێوە بڕیارەکەی دادگای مۆسکۆی جێبەجێ کرد بە لەناوبردنی ترۆتسکی، پاش ئەوەی ستالین دەتوانێ ترۆتسکی لە روسیا هەڵقەنێ ئەمجارەیان بەم تراژیدیایە کۆتایی بە ژیانی دێنێ بۆ هەتا هەتایە. بەژیانی ئەو کەسەی کە ناوی لەتەک ناوی لینین و ستالین دەهات دەستپێکەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دامەزرێنەری سوپای سووری سۆڤیەتی بوو، بە مردنی ترۆتسکی ئومێدەکان خامۆش دەبن، ناوی لە سنبولێتیش دەسرێتەوە، لە کاتی لێدانی پاچەکە ئەو خوێنەی لە سەری ترۆتسکی دەچۆڕا ئەو کتێبە بەخوێن دەکا کە ژیاننامەی ستالینی لێ دەنوسرا.

بەهۆی ئەو دۆخەی لە هاوینی ١٩٤٠ دونیا تێیکەوتبوو رەشەبای زنجیرەی کوشتن و لەناوبردنەکان زۆر بە بێ کاردانەوە تێدەپەڕن.



## بەشی دەیەم

# کۆمنترن و سیاسەتی دەرەوە

# قۆناغی یەکەم (١٩٢٣-١٩٣٣)

- ستالین دیدێکی روونی لەسەرسیاسەتی دەرەوە نیە .
- نێوەندێکی شیعری: کۆپلەی (سیثیەکان) بۆ ئەلکسەندەربلوک.
- دابڕان لە نێوان شۆڕش و داگیرکەر.
- بۆلشەڤیەکان دژی ئاشتەوایی ڤیرسای دەوەستنەوە.
- پەیماننامەی (رابالو) لە نێوان روسیا و ئەلمانیا لە ١٩٢٢.
- روخانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەلمانی لە ١٩٢٣.
- رۆڵی ستالین لە کۆمنترن.
- قۆناغی مامناوەندیی چالاکیەکانی کۆمنترن (١٩٢٥-١٩٢٦).
- وەرچەرخانە ریشەییە توندڕەویەکەی ١٩٢٨.
- راو بۆچونەکانی ستالین لەسەرفاشیزم و نازیسم.
- ئاماژەیەک بۆ سیاسەتی داهاتوو: گوتاری نهێنیی ستالین لەسەر هەلوێستی روسیا لە هەڵگیرسانی شەڕێکی نوێ لە ١٩٢٥.
- ستالین ئیدانەی دەولەتە مەزنەکان دەکا لەسەر دابەش کردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان و هاوکاریەکانی نێوان خۆیان لەم بوارە.

نەکێشە ناوەخۆییەکەی حزبی بۆلشەڤی، نە نەخشە پێنج سالیەکە، نە پرۆسەی کوشتن و لەناوبردنەکان، لە دەرەوە نەدەبیسترا، تەنها لە روسیا دەبیستران، هیچ پەیوەندیەکیان بە رووداوەکانی شانۆی دەرەوە و دونیاوە نەبوو. لەم میانە تارمایی باڵای ستالین لە دواوەی رووداوەکان دەلەریەوە، تەنها ئەوکاتە نەبێ کە مەترسیەکان جەنگی دووەمی جیهانی دەرگای لێ دەگرن، زۆر کەس بڕوای وابوو رووداوەکانی دەرەوە بەشێکن لە کۆتایی شانۆگەریەکە، ئەو تارماییەش کە لە دواوە دەلەرێتەوە رۆڵێکی سەرەکیی هەبووە لەو ساڵی پڕ لە ئالۆزی کە لە دوای رێککەوتننامەی (میونخ) دێت، لێرە پرسیارێک قیت دەبێتەوە: روسیا چی دەکا؟ یا بەم شێوە : سیاسەتی ستالین لەم رووەوە چی دەبێ؟

دەتوانین لە میانی گوتار و نامەکانی ستالیندا کە حزب پیادەی دەکرد هەندێک لە سیاسەتی دەرەوەی تێبگەین. بەڵام ئەم بەیاننامە ئاشکەرایانە هیچی وامان پێنادا، هەمیشە گوتەکانی ستالین خەسلەتێکی وشک و ناکۆکیان هەبووە، بە پێێ دۆخ و خواستی ئەوکات دەیرازاندەوە. بۆیە ناکرێ پشت بەو گوتانە ببەستین تا لە سیاسەتی ئەو بگەین، لەوەش نادیارتر ئەو دۆخە بوو کە هەوادارانی لێێ دەمانەوە، بۆیە باشتر بۆ ئێمە ئەوەیە لە رێگەی کۆپلە شیعرەکانی ئەلیکسەندەر بلوکەوە بیناسین، ناوبراو شاعیری سومبولی مەزن بوو، خاوەنی کۆپلە شیعرە بەناوبانگەکەی بەناوی (دوانزە) بوو کە شیعرێکی سۆفیزمی شۆڕشگێڕ بوو، لە کۆپلە شیعرێکی تریدا بەناوی ( سیثیەکان) کە لە یەکەمین رۆژەکانی شۆرش هونراوەتەوە کاریگەری زۆری لەسەر هەوالگری روسیدا هەبوو، شیعرەکە دیدێکی پیشوەختانەی هەبوو بۆ هەلوێستی روسیای سۆڤیەتەکان لە دونیا. شاعر تیایدا کلپەی زانایەکی شەرعی بەدی دەکا کە لە ناخ و هەناوی نەتەوایەتی هەڵدەقولێ، ئەم جۆرە شیعرانە لە داڕشتنی سیاسیانەدا نمونەیان کەمە. بلوکی شاعیر بەو دونیایەدا دەگەڕی لە رابردووەوە تا حالیحازر و بەرەو داهاتوش، تیایدا سۆز و خرۆشی کۆن بە حەز و ئارەزووەکانی شۆڕشی سەردەم تێکەڵاو دەکا بە هونینەوەیەکی مێژوویی.

(سیثیەکان) کە لە دەشتاییەکانی روسیا ژیاون، ماوەیەکی زۆر رۆژئاوای گریک و رۆمانیان لە هێرشەکانی (هونیەکانی) رۆژهەلات پاراستن، بەڵام لە هێرشی رۆمانیەکەن هەمیشە ترسیان هەبوو، ئەوکاتەی (سیثیەکان) لە ئەنجامی شەرێکی نابەرانبەردا لەگەڵ رۆژئاوا و رۆژهەڵات لە ناو چون، ئەوسا شارستانێتی رومانی لەسەر دەستی (هونیەکان) دەروخێ. دوای ئەوە (سیثیەکان) لە نێو کۆمەڵگەی روسی دەتوێنەوە، کە

به دیدی شاعیر کۆمەڵگەیەکی نوێ پێک دێن بەناوی (فروسیا)، هەرچەندە زۆر چاک دەزانن رۆژئاوا پێیان دەوەستێ، بەڵام تا ئێستاش شانازی بە پەیامەکەی خۆیانەوە دەکەن بەهۆی ئەوەی لایەنێکی زیندوی نیمچە بەرەبەرین لە نێو شارستانێتی رۆژئاوا. بەردەوامە لە بەرگریکردن لەم کەلتورەی خۆی لە کاتێکا رۆژئاوا بە چاوێکی دوژمنکارانە سەیریان دەکا، کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەڵدەگیرسێ ئەم هەستە دەبوژێتەوە و بەرگری لەم دیدە دەکرێ، ئێستا ئایا رۆژئاوا بە پیر بانگەوازی شۆڕشەوە دێ، یا لە دوژمنداریە کۆنەکە بەردەوام دەبێ؟ هەلوێستی (سیثیە نوێکان) بەرانبەر بەدونیا لەسەر ئەم بژاردە دەمێنێتەوە:

ئێوە بە ملیۆنەهان، ئێمەش کۆمەڵێک و کۆمەڵێک و کۆمەڵێکین.

فەرموون بۆ زۆرانبازی

بەڵێ، ئێمە سیثین، بەڵێ سیثین ئێمە.

چاو شین و چاو برسی

ئاە، ئای کۆنە دونیا

\+ \+ \+

روسیا وەکو ئەبی هولە. لە خەم و لە شادیا،

لێتان ڕادەمینێ و لێتان ڕادەمینێ

زۆر بە رقەوە

خوێنی رەشی لێ دەچۆڕێ

بەڵێ: خۆشەویستی، هەروەکو پێشتریش وا بوین تەنها ئەو دەتوانێ خۆشەویستی بکا

لە ماوەیەکی دورەوە کەستان تامی خۆشەویستیتان نەکردوە.

لەبیرتان کرد کە هەندێک خۆشەویستی هەن

دەسوتێنن و وێران دەکەن

لەتەکمان بوەستن، لە ترسی خۆشەویستیا

بگەرێنەوە باوەشی ئارامان،

شمشێرە کۆنەکە بدزن بەرلەوەی کاتەکە بەسەر بچێ.

ئەی هاورێینە دەبا ببینە برا.

ئێمە هیچمان نیە لەدەستی بدەین.

ئێمەش ئەگەر بمانەوێ دەتوانین ستەم بکەین

هەتا هەتایی نەفرەتتان لێ دەکرێ.

مرۆڤایەتیی نەخۆش لە رۆژگارێکا دێت.

لە بەرانبەر ئەوروپای شۆخدا رادەکەین.

بەرەو دارستان و شوێنەکانمان پەرش و بڵاو دەبینەوە.

دواتر بەرەو ئیوە وەردەچەرخێین

روخساری ئاسیایی ناشیرنمان

+ + +

دواتر ناگەرێینەوە وەکو قەڵغانێک بۆ ئێوە.

لە هیچ شەرێکیشدا بەشداری ناکەین هەرچیەکی بێت.

بە چاوە بچوکە کانمانەوە سەیرتان دەکەین

ئەوکاتەی ئێوە لە گەرمەی شەڕەکاندا دەبن

خۆمان ناجولێنین ئەگەر (هونیی) دڕندە تالانیشتان بکەن

گیرفانی کوژراوەکان

شارەکان بسوتێنن، گاڕانەکان بەرەو کەلیساکان بەرن

گۆشتی برا سپی پێستەکانمان ببرژێنن

ئەمە دوا جارە- باش بەبیرتان بێتەوە، ئەی دونیای کۆن

بۆ ئاهەنگی کارو ئاشتیی و برایەتی

بۆدوا جار، بۆ ئاهەنگی پر لە خۆشیی و برایەتی.

ئێستا گیتاری بەربەری بانگتان دەکا

+ + +

(( دەبێ قوستەنتینیە بەدەستی موسلمانەکانەوە بێ ))

( رایدەگەیەنێن کە رێککەوتنی دابەش کردنی ئێران (لە نێوان بەریتانیا و روسیا لە ١٩٠٧) واژۆ کرابوو، ئێستا هەلوشایەوە و کاری پێناکرێ.)

( رایدەگەیەنین کە رێککەوتنی دابەش کردنی تورکیا ( رێککەوتنێکی نهێنیە لە نێوان بەریتانیا و روسیا لە ١٩١٥ ) واژۆی لەسەر کرابوو هەلوەشێندرایەوە و کاری پێناکرێ، لەگەڵ ئەویشدا پرۆژەی داگیرکردنی ئەرمینیا بە هەمان شێوە).

ئەمە یەکەم بەیاننامەی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت بوو، بە واژۆی لینین و ستالین بوو، بۆلشەڤیەکان ئەوکاتە تازە ئەرشیفی قەیسەریەکانیان کردبۆوە، سەرجەم پەیماننامە نهێنیەکانیان بڵاوکردەوە، دەستبەرداری هەموو ئەو دەستکەوتانە بوون کە روسیا بە تاڵان دەستی کەوتوە، پەیوەندیەکانیشیان بە

تەواوەتی لەگەڵ داگیرکەر راگەیاند، لاپەرەیەکی نوێیان لە پەیوەندیەکانی گەلانی دونیادا هەڵدایەوە، دیارە کە شۆڕش تەنها ئاشتیەکی دیموکراسیانەی داددپەروەیر گەرەکە، (بەبێ قەرەبوو کردنەوە یا خستنەپاڵ خۆ) لە دوای ئەم دەستەواژە میسالیەدا شۆڕشی بۆلشەڤی ئومێدیان وابووە گەلانیتریش هەمان هەنگاوی ئەوان بنێن و سیستەمێکی سۆسیالیستی لە ولاتەکان دابمەزرێ ودەستبەرداری چەواساندنەوە و داگیرکاری بن.

دیارە بۆلشەڤیەکان لەوە دڵنیابون کە دەستبەرداربونی تالانەکانی قەیسەری، روسیا رووبەڕووی زیان و کارەسات ناکاتەوە ، پێیان وابوو سودەکانی لە ئەنجامی سیستەمی سۆسیالیست بەدەست دێن، گەلێک لەو سامانە تالانیە مەزنتر دەبێ، بەڵام وا دەرنەچوو زیانەکانی بەر روسیا کەوتن لە ماوەیەکی نزیک گەلێک کاریگەر بوون، بۆلشەڤیەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی ببنە پێشەنگی ولاتە سۆسیالیستەکان..

سێثیەکان بانگی رۆژئاوا دەکەن (شمشێرە کۆنەکە بدزن بەرلەوەی کاتەکە بەسەر چێ)

سەرەڕای ساڵەکانی شەڕی ناوەخۆ و دەستێوەردانەکانی بێگانە و برسێتی، ئەم دەنگویە لە ئەوروپا دەنگدانەوەی هەر هەبوو، سەرەتا کۆمنترن، ئومێدی لەسەر چینی کرێکاری رۆژئاوا هەلچنیبوو، بە مەزندەی ئەوەی بە خۆرسک رێگای سۆسیالیزم دەگرنەبەر.

بۆیە سەرکردایەتی سۆڤیەتی ناچار دەبێ لە پێناو بەرگریکردن لە خود هەندێک رێکاری کۆن بگرێتەبەر. لەم میانە بڕوایەکی دبلۆماسیی نوێیان داهێنا ئەویش ئەنجام دانی هاوسەنگیەکی کاتی بوو لە ئەوروپا کە سەنتەری ئەو هێزە بەرەو سەرمایەداری جیهانیی بەرێ. ئاشتەوایی ڤیرسای رێگەی بە سەرکەوتوەکان دابوو، لە نمونەی فرەنسا بە تایبەتی بەسەر کشوەری ئەوروپادا زاڵ بن، سیستەمی هاوپەیمانێتی فرەنسا رۆلی دوو جەمسەری دەگێرا بە جێبەجێکردنیان لەلایەن هەریەک لە پۆلۆنیا و رومانی او چیکسلۆڤاکیا؛ ئەوانە وەکو قەلغانێک وابوون لە بەرپەرچ دانەوەی هەر هێرش و شۆرشێک کە لەلایەن رۆژهەلاتەوە بۆیان بێ، لەرووی فشاریشەوە بۆ ئەلمانیا هەستێکی سەربازی دەنوێنێ. بەڵام ئەم سیستەمەی هاوپەیمانێتیە یەکەم جار دژی روسیا بوو زیاتر لە ئەلمانیا. بەو هۆیەوە روسیا هاوپەیمانی دژ بەوان دەبەستێ، لەم میانە دبلۆماسیەتی روسی لە دژی سەرکەوتوەکان لەتەک شکست خواردوەکان وەستا ( لەگەل ئەلمانیا لە دژی هاوپەیمانی فرەنسا) لە جیاوازیەکان ئەوەبو کە هەریەک لە بەریتانیا و سۆڤیەت هەمان رێچکەی هاوتەریبیان گرتە بەر، هەرچەندە لە نێوانیاندا کۆمەڵێک ناکۆکی ئایدیۆلۆژی هەبوون، هەریەک لە روسیا و بەریتانیا هەریەکەیان لە لایەکی

ئەوروپا هەوڵی ئەوەیان دا یەک تاقە وڵات نەتوانێ بە هێزی سەربازی دەست بەسەر ئەوروپادا بگرێ، دەتوانین لە هەڵوێستەکانیان لەسەر ئاشتەوایی ڤێرسای ئەم هاوتەریبیە ئاشکەراکەین.

ئابوریناسەکانی سۆڤیەت ئەمەیان شی کردەوە بەڵام بە زمانێکی مارکسیستانە، هەمان پاساو جون ماینارد کینز لە وتارێکیدا بەناوی (ئەنجامەکانی ئابوریی ئاشتی) دەنوسێ:

بەڵام روسیای سۆڤیەتی جیاوازە لەگەڵ بەریتانیا بەوەی بە هیچ پەیماننامەیەک لەگەل فرەنسا نەبەستراوەتەوە، دواجار دەست کراوە دەبێ لە تێکدانی هاوسەنگی هێز.

لە ۱۹۲۲ چیشرین پەیماننامەی (رابالو) لە نێوان فرەنسا و بەریتانیا واژۆ دەکا، روسیا ئەوکات لەگەڵ تورکیا ئاشت ببۆوە، کە یەک لە وڵاتە شکستخواردوەکان بوو.

سەرەتا بۆلشەڤیەکان وایانزانی ئەم یاریە لە مەیدانی دبلۆماسی دەیکەن لە سازشێکی کاتی تێپەر ناکا. ئەوان تا ئەوکات مەزندەی هەلگیرسانی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی بوون لە رۆژئاوا.

کۆمینترن سەرچاوەی سیاسەتەکانیان بوو، دبلۆماسیەتیش لقێک بوو لەو. مەکتەبی سیاسی رێنمایی بە دبلۆماتکارانی خۆیدا لە دەرەوە هیچ لێدوان و کارێک نەکەن حزبە کۆمۆنیستەکانی دەرەوە بخەنە هەلوێستیکی نەخوازراو و شەرمەوە، داواشیان لێ دەکرا دەست بەرداری پۆشتەیی بن و وەکو کەسێکی شۆرشگێر هەڵس و کەوت بکەن، بە هەسیتاریەوە کار بۆ گرێبەستی ئابوری لەگەل وڵاتە سەرمایەدارەکان بکەن .

ئەمە ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی بوو تا ئەوکاتەی ستالین وەکو یەکێک لە سێ کەسەکەی روسیا دەردەکەوێ. لینین بە هاوکاری هەریەک لە کامنێڤ و ترۆتسکی و هەردوو یاریدەدەرەکەی چیشیرین کاراخان و لیتیفینوڤ بەشداری چیشیرین (کۆمیساری کاروباری دەرەوە) دەکا. ئەوانە هەموو پێشتر کۆچبەر بوون لەو وڵاتە رۆژئاوایانە بۆیە شارەزاییان لێ هەبوو، ستالین بایەخی بە کاری سیاسەتی دەرەوە نەدەدا، یەکەمین جار کە بەلای ئەم پرسەوە چوبێ ئەوکاتە بوو کە نارەزایی لە کورزون دەربرِی لەو بەیاننامەی ئاراستەی مولسلمانانی کردبوو، ئەمەی بە هاندانی گەلانی داگیرکراو لێکدایەوە تا بەگژ حکومەتە خاوەن شکۆکاندا بچنەوە . هیچ رۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە لە کۆمنترن شیاوی باسکردن بێ.

کاتێکیش وەکو یەکێک لە سێ کەسەکە دەردەکەوێ سەرەتا دەست لە گۆرِینی ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوە نادات، روسیا ئەوکات بەرهەمی یەکەم هاوپەیمانێتی (رابالو)ی دەچنی، پانتایی کەلێنەکانی (پشتێنەی

پاراستنی) دەوری بەرفراوان دەبوون ئەوەتا لە ساڵەکانی ١٩٢٣و١٩٢٤و١٩٢٥ گەلێک دەوڵەت پەیوەندیەکانی بازرگانیان بەستنەوە، ئەویش بە پیر نزمترین دەنگی هەلهەلەی دژایەتی سەرمایەداریەوە دەچوو، خەریک بوو سۆڤیەتیەکان هەناسەیان دەهاتەوە بەر.

گوایە ئەو گۆڕانکاریە ئەرێنیانە مایەی گەشبینین و واپێویست دەکا هاوسەنگیەکی نوێ لە نێوان پەیوەندیەکانی دبلۆماسیەتی سۆڤێتی و کۆمنترندا دروست بکرێ. وا دەرچوو کە ناکۆکیەکی مەزن لە نێوان هەردوو ئامانجدا هەیە:

شۆڕشی جیهانی لەلایەک، دروست کردنی پەیوەندیی ئاسایی یا پەیوەندیی خۆش لە نێوان روسیا و ولاتانی سەرمایەداری لەلایەک، هەردەبێ قوربانی بە لایەنێک بدەیت لە پێناو لاینەکەیتر، یانیش بچیتە ژێر باڵی یەکێکیان. بژاردەکە لەسەر بنەمای وەڵامی ئەم دوو پرسیارە وەرگیرا: ( دەرفەتی سەرکەوتنی شۆڕشی جیهانی چیە؟، ئایا ئاشتی لە نێوان روسیا و ولاتانی سەرمایەداری دەکرێ؟ کێشەکە زوو دەرنەکەوت، لە ئەنجامی گۆڕانکاریەکانی دونیا دەرکەوتن. چارەسەریەکانیش بە بڕیار وەرنەگیران، بەڵکو لە ئەنجامی زنجیرەیەک لە گۆڕانکاریی وردی ناوە ناوە روویدا.

دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ لە سەرکردایەتی لینین و ترۆتسکی، مەکتەبی سیاسی نەیتوانی چارەسەری ئەو گومانە بکات کە شۆڕشی جیهانی هەلدەگیرسێ یان نا. گومانەکان سنوردار بوون، سنورداریەکە لەوە هاوبەش بوون کە هەموویان بڕوایان بە فەلسەفەی مارکس هەبوو کە سەرمایەداری جێگەی دەرەبەگایەتی دەگرێتەوە. بەڵام ئاماژەکانی مێژوویی مەبەستەکانی ستالین ناپێکن، ئەو وەڵامی پرسیاری گرنگ و هەستیار ناداتەوە، پرۆسەی روخانی دەرەبەگایەتی ئەوروپی ماوەی چەند سەدەیەکی خایاند، سەرمایەداری تا کەی سەبر دەگرێ؟ لینین مەزندەی چەند هەفتەیەکی بۆ تەمەنی دەرەبەگایەتی لە ئەوروپا دەکرد ، دواتر مەزندەکە بوو بە چەند مانگێک و دواتریش بوو بەساڵ و ئێستاش هۆشداریەکان وا دەگەیەنن کە بۆ سەدە دەچێت، بەڵام دەکرێ و مافی ئەوەیان هەیە کە بۆلشەڤیەکان مەزندەی سەدەیەک لە ئاشتی و ئارامی بکەن؟ ئەو سەرکەوتنانەی بەم دواییە دبلۆماسەیەتی سۆڤیەت بەدەستی هێنا، گەشبینیەکانی ستالینیان لەم رووەوە سنوردار کردن، بەڵێ بەم شێوە ئەو رەشبینیەی لەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشی جیهانی و بڕوا بوون بە ئاشتی و ئارامی چەندین ساڵە لە نێوان روسیا و دونیای سەرمایەداری، ئەو راستیانە بوون کە بیردۆزی ( سۆسیالیزم لە یەک ولات)ی لەسەر بنیاد نرا. ترۆتسکی باس لەو مەترسیانە دەکا کە ستالین ئامادە نەبووە باسی لێوە بکا کە لەسەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بێگانە هەیە. گوایە ئەمەی چەندین جار دوپات کردۆتەوە کە کۆمنترن بە درێژایی چەندین سەدەیتر بە هیچ شۆڕشێک هەلناستێ، لومینادزە یاریدەدەرێکی ستالینە و

لە بیستەکان لە کەسە نزیکەکانی بووە ئەم گوتەی ستالین پشتراست دەکات: ( کۆمینترن نوێنەرایەتی هیچ ناکات، مانەوەی ئەو بەهۆی پشتگیریە کانمانە) ستالین رەتی کردەوە لێدوانی لەم جۆرە بدات، بەڵکو لومینادزە ئاماژەی بە گوتە و لێدوانێکی نافەرمی ئەوی کردبێ لە یەکێک لە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی. وێڕای ئەوەی ستالین بە هەستیاری لێدوانی دەدا، بەڵام زۆربەی لێدوانەکانی ستالین لە بیستەکان بە هەمان ئاراستەن، باشترین ئەو ئاماژانە بۆ ئێمە ئەو گوتارەیە کە بۆ خوێندکارانی زانکۆی سفیردلوفی دا لە نۆی حوزەیرانی ١٩٢٥. تیایدا ستالین ئاماژە بە سیاسەتی ناوەخۆی یەکێتی سۆڤیەت دەدا کە پێی وایە ئەگەر شۆڕشی کۆمەڵایەتی فریای پرۆلیتاریای رۆژئاوا نەکەوێ لە ماوەی پانزە سالی داهاتودا، دەبێ ئەم سیاسەتەی ناوەخۆ پەیروە بکرێ..

لە درێژەی باسەکەیدا ستالین ئاماژە بە دابڕانی روسیا دەدا لە روی ئاشتی و ئارامیەوە لە ماوەی بیست سالدا واتە تا ١٩٤٥. شایانی باسە ئەم گریمانە یەکێکە لە نێو چەندین گریمانەیتر بەڵام گریمانە گرنگەکەیە. گوێگرانی لە گەنجانی خوێن گەرم پێکهاتبون زۆربەیان لایەنگری ئۆپۆزسیۆنی چەپ بوون، گالتەیان بەو کەسە دەهات ئەگەر بیوتبایە شۆڕشی جیهانی کەمێک دوا دەکەوێ. لە بەرامبەریشدا ئەوەی دەسەلماند کە ئاشتیەکی دوورو درێژ ئەگەری کەمە، قسەکەر ناچار دەبێ رەچاوی دۆخی گوێگرانی بکا، نەختێک بۆچونەکانی بە سادەیی دەربڕێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو بڕوای وابووە کە دابرانی روسیا درێژەی دەبێ.

بەهۆی ئەم هەلوێستەی و لەبەر پێویستەیەکانی دبلۆماسی سۆڤیەتی دەبوایە گالتە بە کۆمنترن بکا ، لەسەردەمی لینین دبلۆماسیەت بەشێک بوو لە بەشەکانی کومنترن، دەبێ ئێستا ئایەتەکە ئاوەژوو بکرێتەوە. بەم شێوە حزبە کۆمۆنیستیەکان لە (پێشڕەوی شۆرشی جیهانیەوە) گۆردران بۆ بەشێک لە (پاسەوانانی سنور)، کە سنورەکانی روسیای پێ دەپارێزێ ( هەروەکو ترۆتسکی گوتەنی). ستالین وای دەبینی سۆسیالیزم لە یەک ولات بکەیتە قوربانیی تارمایی شۆرشێک لە دەرەوە، ئەمە شێتیە. بەپرسە بنەڕەتیەکان رووبەڕووی سەرکردە بۆلشەڤیەکان بۆوە:

( تا چەند دەتوانین بڵێن (سۆسیالیزم لە یەک وڵات) راستیەکی حاشا هەڵنەگرە؟ تا چەند دەتوانین بڵێین کۆمۆنیستی جیهانی تەنها خەیالە؟

بۆ وەڵامەکان بەسەر دوو گروپدا دابەش بوون، ترۆتسکی تا ئەو کاتەی لە ژیان بوو پێداگری و داکۆکیی لەسەر کۆمۆنیستی جیهانی دەکرد سەرەڕای هەموو کەم و کوریەکانیەوە و زیاتر لە بڕوابوون بە (سۆسیالیزم

لە یەک ولات) وێڕای چەند دەستکەوتێک، سەرکردەکانی تر لە نێوان ترۆتسکی و ستالینا ئەم بەرو ئەو بەرانێیان دەکرد لێی دوودڵ بوون خۆیان پێ یەکلایی نەدەکرایەوە، ستالینیش لە ماوەی هەردوو شەرەکە سیاسەتەکەی بە نەگۆڕی مایەوە.

لێرە دەبێ ئاگاداری ئەم خاڵە بین: ستالین خۆی بە دەستکراوە نەدەبینی تا بڕیار لەسەر ئەو تەوەرە بدا کە خۆی بڕوای پێیەتی، کاتێکیش دەگوترێ دونیا چووە نێو سەردەمی شۆڕشی سۆسیالیستی، لە بنەڕەتدا ئەمە گوتەی لینینە.

بەقەدەر قەوارەی ئەو ناکۆکیانەی کەوتنە نێوان ئەو و بۆلشەڤیە چەپڕەوەکان کە تۆمەتباریان دەکرد بەدەستبەرداربوون لە کەلتوری لینینی، بەقەدەر ئەمە پێویست دەکرا باس لە نزیک بوونەوەی شۆڕش بکا ئەگەر هەر زارەکیش بێ.

دوای خولی یەکەمی ململانێکە واتە لە ساڵەکانی ١٩٢٥-١٩٢٦، لە روانگەی ئەوەی شۆڕش سۆسیالیستی لە رۆژئاوا تا نزیکەی بیست ساڵیتر سەرهەڵنادا، چیتر بیانو نەگرێ. لەژێر فشاری ناحەزانی ناچار دەبێ روو لە نواندی ناروونی و هەڵەی نا دەست بکا، یانیش مزایەدەکردن بەسەریانەوە بە پێشبینی کردنی نزیک بوونەوەی رووداوی شۆڕشگێری.

ئەم شێوازە دەربڕینە بوو بە دەمامکی سیاسەتەکانی کە زۆربەی حزب بڕوای پێ نەدەهات، رووی ناوەوەی سیاسەتی بۆ خۆی هێشتەوە و لە کەس دیار نیە بەڵام لەگەڵ هاوڕێیان لەسەر ئەو سیاسەتە گوتوبێژ دەکرا، بڕوایان پێی نەدەکرد چونکە گوتار و سیاسەت لەگەڵ رەفتارەکان یەکیان نەدەگرتەوە، هەر ئەمەش بوو رەخنەگرە بۆلشەڤیەکان بە داڕشتن بۆ شۆڕشێکی جیهانی و دژایەتیک ردنی بۆ ئەو شۆڕش تۆمەتباریان دەکرد .

+ + +

روخانی بزوتنەوی کۆمنیستی ئەڵمانی لە ١٩٣٣ فاکتەری پەلەکردن بوو لە گەڵاڵە کردنی هزری بەناو ستالینیزم، لە هاوینی ئەو ساڵ، گفتۆگۆیەکی توند لە مەکتەبی سیاسی و لیژنەی جێبەجێکردنی کۆمنترن، لەسەر قەیرانی ئەڵمانیا و داگیرکردنی رایلاند لەلایەن فەرەنسا و دابەزینی بەرچاوی بەهای دراوی ئەڵمانی، ئەنجام درا، بەدیدی هەندێک لە بۆلشەڤیەکان (کاتی ئۆکتۆبەری ئەڵمانی) نزیک بۆتەوە، هنریک براندلر

سەرۆکی حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا بۆ گفتوگۆ لەسەر پرسە ستراتیژی و تەکتیکیەکان لەگەل کۆمنترن، گەیشتە مۆسکۆ، بەم بۆنەیەوە سالین بۆ یەکەم جار قورسایی خۆی دەخاتە سەر کۆمنترن بۆئەوەی دەست بەم پرسە باک، دیدی ستالین بۆ دۆخی ئەڵمانیا، کە لە نامەیەکی زینوڤییف و بۆخاریندا کورت کردبۆوە، گومانی هەبوو لە سەرکەوتنی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەڵمانی. باسی لە هەموو دۆخە ئاورتەییەکان دەکرد کە هاوکاری بۆلشەڤیەکانی کرد بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، بەم شێوە کورتی کردەوە:

( ئەم جۆرە دۆخانە ئێستا بۆ کۆمۆنیستە ئەڵمانیەکان لە ئارادا نین، راستە ئەوان لە خۆشی دراوسێیەکی وەکو دەولەتی سۆڤیەتدا دەژین، بەڵام چیمان پێدەکرێ بۆیان بکەین؟ ئەگەر حکومەتی ئەڵمانیا روخا و کۆمۆنیستەکان دەستیان گرت بەسەر دەسەڵات، ئەوەندە نابا ئەوانیش دەروخێن)

مەکتەبی سیاسیش هۆشداری ئەوەی پێدان کە نەکەن خۆپیشاندانی کۆمۆنیستانە ئەنجام بدەن، دواتر بورژوا راستڕەوانی سۆسیال دیموکراتەکان ئەو هەلە دەقۆزنەوە، (هەموو دۆخەکانیش بۆ ئەوان لەبار دەبێ) ئەوکات دەیکەنە شەرێکی بێ کۆتایی، دوورنیە بە نەمانی کۆمۆنیستەکان کۆتایی بێ. (پێم وایە دەبێ کۆمۆنیستە ئەڵمانیەکان لەجیات هاندانیان هێوریان کەنەوە،).بە دیدی ستالین جیاوازی لە نێوان دەرفەتەکانی هاوکاریی، بۆلشەڤیەکانی ١٩١٧ و دۆخی کۆمۆنیستە ئەڵمانیەکانی ١٩٣٣ لەوە دایە، بۆلشەڤیەکان پشتگیری گەلێکیان لە پشت بوو کە تینوی ئاشتی بوو، پشتگیری جوتیارە بەش خوراوەکان کە دەسەڵاتدارەکان دەستیان بەسەر زەویەکاندا گرتبوو، بەڵکو لەمە مەبستی ئەوەبێ پاساو بۆ کۆمۆنیستە ئەڵمانیەکانی ١٩٣٣ بێنێتەوە و پێیان بڵێ ئەگەر دەتانەوێ شۆڕش بکەن دەبێ پشتگیری جوتیارەکانتان وەدەست هێنابێ، دیارە ئەوانیش ناتوانن بەقەدەر بۆلشەڤیەکانی ١٩١٧ پشتگیری جوتیاران بەدەست بێنن بۆیە دەبێ چاوەڕوان بن تا ئەڵمانیا لە شەڕی داهاتوو شکست دێنێ و دەبەزێ، بەڵام ستالین مەنزترین فاکتەری هاوکاری شۆڕشی ئەڵمانیی لەبیر چووبوو کە هاوکاری و پشتگیریەکانی چینی کرێکار و پیشەسازکارانی ئەڵمانی بوو کە رۆلی سەرەکیان دەبێ، زیاتر لە رۆلی هاوشێوەی لە روسیا.

لەگەڵ گەرمتر بوونی جۆش و خرۆشەکانی ئەڵمانیا، لایەنگرانی کاری شۆڕشگێڕی لە روسیا هانی زیاتر ئەڵمانەکانیان دەدا بۆ راپەڕین و شۆڕش هەڵگیرساندن، ئەوکات ستالین گومانەکانی دەکێشێتەوە و بێدەنگ دەبێ، مەیدانەکەی بۆ ترۆتسکی و رادیک و زینوڤییف جێ هێشت، ئەوانیش لەم رووەوە لە نێو خۆیاندا ناکۆک بوون، مەبەستی ستالینیش سەرقالکردن و نانەوەی کێشە و گرفت بوو بۆیان.

براندلر بە چەند ڕێنمایەکی ناڕوون و ناکۆک دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا: ئێستا ئەو دەبێ شۆڕش دژی سۆسیال دیموکراتەکان و لەهەمان کاتیشدا لەگەڵیشیان لە حکومەتی سکسونیای سۆسیال دیموکرات ڕێک بخا، دەبێ لە هەرێمی سکسونی نەک لە پایتەختی یا هەر سەنتەرێکیتری گرنگ شۆڕش هەڵگیرسێنێ، لەگەڵ چەند ڕێنمایەکیتری گرنگ، چەند هەوڵێک لەم بوارە دران بەڵام هەموویان سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش زیاتر گۆشەگیری روسیای بەرجەستەکرد.

پرسی کۆمنترن بە درێژایی ئەو ساڵانە یەکلایی نەکرایەوە. هەرچەندە ستالین بڕوای وابوو ئەم رێکخراوە هیچ سودێکی نیە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زاتی ئەوەی نەدەکرد فەرمان بدا یا رایبگەیەنێ کە ئەم رێکخراوە لە حزبی دەسەڵاتداری روسیا بێبەریە. پەیوەندیەکانی نێوان بۆلشەڤیەک و کومنترن زۆر لەوە بەهێزترە بتوانێ ئەم بڕیارە بدا. سەرباری ئەمەش بڕواو متمانەیەکی بەهێز بە کۆمنترن درابوو ، هەرچەندە هەلکردنی ئالای کەمینەیەکە بەڵام کاریگەری هەیە لە ئەوروپا ئەویش چینی کرێکار و پرۆلیتار بووە، ئەم هەلوێستانەی ستالین کارێکی وا نەکرا دبلۆماتکارانی دەرەوەی توشی هەلوێستێکی نەشیاو ببن، هەر ئەمەش بووە مایەی ئەوەی ستالین خۆی بەم پرسە بگرخێنی و کات بباتەسەر، هۆکارەکەیتر ئەو کاریگەریە بوو کە کۆمنترن لەسەر کێشەکانی ناوەخۆی روسیا جێ دەهێلێ. ئەوان ساڵان سەرکردە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا، سەرەڕای گوێراگرتنیان لە ئامۆژگاریەکانی پسپۆرە بۆلشەڤیەکان لەسەر کاروباری شۆڕش، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوان وەکو بەخشندە لەگەڵیان دەدوانپ ێیان وابوو باسکردن لەسەر پرسە ناوەخۆییەکانی روسیا مافێکی شەرعی خۆیانە، سەرەتا هەموویان لەگەڵ ترۆتسکی دابوون لە دژی ستالین، لەگەڵ بۆلشەڤیەکانی هەلگری دیدی ئەوروپیدا بوون دژی ئەمیندارەکانی روسی، ئەوان لە نێو خۆیاندا دەخولانەوە، بەم جۆرە ستالین لەبەر هۆکاری خۆجێ و دبلۆماسی ناچار دەبێ گفتوگۆ لە نێو کۆمنترنەوە لەگەل رەوتەکان و بۆچونە جیاوازەکاندا بکا، هەمان شێوازی جاران کە بۆ رێکخستنەوەی حزب گرتبویانە بەر لە تواندنەوەی قەوارەکان لە نێو یەک بوونی حزبدا.

لە پشت پەردەوە کاری خۆی ئەنجامدا، بەتایبەتی بە هاوکاری ئەندامانی لیژنەی جێبەجێکردنی ئەنتەرناسیونال، بە پێچەوانەی لینین کە لە هەموو کۆنگرەکانی کۆمنترن گوتاری دەخوێندەوە و بەرپرسیارێتی خۆی لە سیاسەتەکانی رادەگەیاند، دەبینین ستالین هیچ پۆستێکی حکومیی نیە لە هیچ کۆنگرەیەک گوتار ناخوێنێتەوە. ئەو بە بێدەنگی لەسەر سەکۆی کۆبونەوەکان دادەنیشت ئاپۆری نوێنەرانی نەتەوەکانیش چەپلەیان بۆی لێدەدا ئەو رقی لەو گوتوبێژە ئایدیۆلۆژیانەی کۆبونەوەکان دەبۆوە کە لینین بەشداریی تێدا دەکرد و بە گەرمی دەیگێڕان، پێ وابوو کۆنگرە و کۆبونەوەکان کات بەفیڕی دانە، لەو چوار

ساڵەی لینین سەرۆکی حزب بوو چوار کۆنگرەی ئەنتەرناسیونال هاتنە گرێدان، بەڵام لەو بیست و پێنج ساڵەی ستالین سەرۆک بوو تەنها سێ کۆنگرە بەستران؛ یەکەمیان لە ١٩٢٤، تیایدا ئیدانەکردنی ترۆتسکیان پەسند کرد؛ دووەمیش لە ١٩٢٨ تیایدا بەسەر لایەنگرانی بۆخارین و بۆلشەڤیە راستڕەوەکاندا زاڵ دەبێ، سێیەمیشیان؛ لە ١٩٣٥ بوو، ئەو کۆنگرە بوو کە پشت بە سیاسەتی بەرەی میللی بەسترا.

لە سەردەمی ستالین چقلی قورسایی بڕیارەکان لە رێکخراوەوە دەگواسترێتەوە بۆ کۆمیتەی جێبەجێکردن، هەروەکو لە حزبی روسی، هەروەها لە کۆمنترن: سەرکەوتن بۆ زۆرینەی رەهای دەزگا بوو لەسەر رێکخراوەکە بەگشتی.

دیارە هەموو ئەوکارانەی ستالین لە پێناو دامەزراندنی ئەم دەزگایەیدا کردی بە نهێنی بوون، خۆی لە خاوەن هزری سەربەخۆ و یاخی بوو و رەوشەنبیری رادیکالیست و هەموو سەرکردەکانی جولانەوەی کۆمۆنیستی ئەڵمانی ئەوانەی لە ماوەی دەستپێکی جولانەوەی خۆرسکی بوون، خۆی لێیان رزگار کرد، هەموو ئەوانەی لەناوی بردن لەو کەسانە بوون کە لەسەردەمی نسکۆی بیستەکان دەستیان هەبوو بۆیە لەناوبردنیان کارێکی قورس نەبوو، ستالین سودی لەو هەلانە وەرگرتبوو تا لێیان رزگار بێ.

پابەندی کۆمۆنیستە ئەوروپیەکان بە شۆڕشی روسیەوە، شۆڕشە نەفرەت لێکراوەکەی لە هەموو لایەکەوە هێرشی دەکرێتەسەر، بە رادەیەکب ڕواو متمانەیان بەو حزبەوە هەبوو، هەر سەرکردەیەکی کۆمۆنیستی، هەر پلەیەکی هەبووایە لە ناو ببردرابایە ئەگەر بڕوایان وابووایە کە دژی دەسەڵاتی حزبەکەی روسی بووە، لاریان نەبوو بە بڕیارێکی راستاین دەزانی و پشتگیری هەنگاوەکەیان دەکرد بەڵام ستالین ئەم دەسەڵاتەی کەم بەکار دەهێنا، لیژنەی جێبەجێکردنی کۆمنترن ئەم جۆرە بڕیارانەی دەردەکردن، هەمیشە سەرکەوتن بۆ شاندی روسی دەبوو کە پابەندی بڕیارەکانی مەکتەب سیاسی بوون، لەم رێگایەوە دەستی بەسەر ئەنتەرناسیونالدا گرتبوو.

ئەندامە روسەکان لە ناو لیژنەی جێبەجێکردن لەسەر حسابی حزب هیچ تایبەت مەندیەکیان لەسەر ئەندامانی بێگانە نەبوو. بەڵام دەسەڵاتیان دیار و بەرزتر بوو، بۆیە کاتێک دەسەڵاتی مۆراڵی نامێنی روو لە ئۆپۆزسیۆن دەکا و فشاری دەخاتە سەر بۆ ئەوەی لەناوی بەرێ.

سەرکردە یاخیبوەکانی بێگانە بە ریزەوە لە فەرماندەی گشتیی ئەنتەرناسیونال لە مۆسکۆ دادەمەزران، چونکە ئەوکات کۆنترۆلکردنیان ئاسان بوو و لەهەمان کاتیشا لە لایەنگرانیان دوور دەکەوتنەوە بەمەش

دادەبڕان و رای حزبەکانی تریش لە دژی ئەوان دەکەوتنەکار بەمەش ناحەزانیان سوورتر دەبوون لە سەر دژایەتیان.

ئەگەر یەکێک لەو لادەرانە هەندێک لایەنگر و پێگەی بۆ مابۆوە، سەرەڕای ئەو هەموو کارەی دژی کراوە بۆ لەکەدار کردنی ، ئەوکات ئەمینداری سەندوقی کۆمینتران لە هاوکاری حزبی کە بۆی تەرخان کراوە بێبەشی دەکا، بەڵام ئەم رێکارە کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو. چونکە داستانی شۆڕشی روسی ناوبانگی ئاوەها داکوتابوو لەو قۆناغە نەمابوو، هەر ئەم ناوە بەهێزە بوو ستالینی کردە خاوەن ئەم دەسەڵاتە بتوانێ دەست بەسەر ژمارەیەک لە حزبی بێگانەدا بگرێ، ئەو حزبانەی رێژەی هەڵپەرستانی زیاترە لە کەسانی نمونەیی، تەنانەت ئەو هەلپەرستانەش بە تەنها هەلپەرست نەبوون: ئامادە بوون خزمەتی هەر گەورەیەک بکەن، بە مەرجی ئەوەی بە زمانی دەسەڵاتی شۆڕشی بالا بدوێ، ستالین بە درێژایی ئەو ساڵانە توانیی گوتارەکەی بە خواستی میوانەکان بەرجەستە بکا، هۆکارە سەرەکیەکەش ئەوەیە کە ئەمان ئامادە بوون خزمەت بە پرسە بالاکە بکەن، پێیان وابووە کە روسیا مانای بەرجەستەبونیان دەگەیەنێ کێشەکە بە دیدی ئەمان ئاسانتر و مەزنترە لەو کێشانەی لە نێو مەکتەبی سیاسیدا هەیە، لە گواستنەوەکانی کۆمنترنی ناوەخۆ، لە تەکتیکەکانی دبلۆماسی روسی، بەلکو ئاسانتر و مەزنتریش لە واقعی روسی.

بەم شێوە کۆمینترن بەکاریگەری رەنگدانەوەی رووناکی حزبی روسی نادرەوشێتەوە، بەڵکو بە رەنگدانەوەی ئەو دوو هاوپەیمانێتیە ناوەخۆیەی یەک لەدوای یەکە. هەر کەسێک بیەوێ لە چوارچیوەی دۆخی هەرێمکەدا لە مێژووی حزبی کۆمۆنیست بگا، چارەنوسی شکستخواردنە، ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی گوێ بە گۆڕانکاریانە نەدەیت کە بەسەر نەخشەی سیاسیدا هاتون، ون بوونی هەندێک سەرکردە و سەرکەوتنی هەندێکیتریش بە چاکسازی لێکدەدرێتەوە. بۆیە لە جیات ئەوەی لە ململانێیە کۆمەڵایەتیەکە بکۆلیەوە، دەبێ لە بنەچەی ئەو پرسانە بگەیت کە بوونەتە جێگەی بایەخی ئەمانەتی گشتی روسی.

بەڵام دەستەی سێ قۆلیی دەسەڵاتدار بەرپەرچی ترۆتسکی دەداتەوە، تارمایی ترۆتسکی باڵی بەسەر کۆمنترندا کێشابوو، ئەو سەرکردانەی پشتگیری سەرۆکەکەیان دەکرد ( زینوڤییف ) بە فکر و بەسۆز، ئەوەندە نابا ناچاردەبن لە نێوان ئیدانە و لەناوچووندا یەکێکیان هەڵبژێرن.

لە ماوەی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ ستالیندا بۆخارین دیارترین کەسایەتیی ئەنتەرناسیونالیست بوو، خۆی سیاسەتەکانی دەست نیشان دەکرد و فەرمانبەرانی لە نێو کۆمۆنیستە بێگانەکان کە سەربە هاوپەیمانێتی

مامناوەندی و راستڕەوەکانی حزبی بۆلشەڤی بوون هەلیدەبژارد. بەڵام کاتێک ئەو هاوپەیمانێتیە تێک دەچێ، ئینتەرناسیونال بەدەست بۆلشەڤیەوە دەنالێنێ.

+ + +

ئەوەتا ستالین کار بۆ دووبارە گونجاندنی رێکخراوێکی جێماوی سەردەمی شۆڕش دەکا بۆ ئەوەی لەگەڵ سەردەمی پرۆسەی زانستی شۆرشگێریدا بێتەوە، ئینترناسیۆنال لە کاتێکا لە دایک دەبێ کە شۆرش لەوپەری هەڵکشان و لە جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیزمدا دەبێ، ئومێدیشی وابوو کە بەسەر باڵی چاکسازی لە بزوتنەوەی کرێکاری سەرکەوێ. کەوابێ چی لەگەل بیرۆکەی ئێستای ستالیندا دەگونجێ لەسەر سەقامگیر بوونی سیستەمی سەرمایەداری، زیاتر لەو بیرۆکەی کە هەیەتی بە نزیک بوونەوەی هەردوو باڵەکەی بزوتنەوەی کرێکاری: ئینتەرناسیونالی دووەم و سێیەم؟ ئەگەر دەستنیشان کردنەکەی راستە کەوابێ لە ئێستادا پێویست بە هەردوو ئینتەرناسیونالەکە ناکا، جگە لە سووربون لەسەر لێسەندنەوەی دەسەڵات لە چینی مولکدار.

لەسەر ئەم بنەمایە کاری هاوبەش دەکرێ، بەلکو هاوکاریەکانی ئەو کەلێنەش لە نێوانیان پر دەکاتەوە، بەم شێوە کارەکانی کۆمنترن لە سەردەمی ستالین و هاوبەشیەتی بۆخارین بەرێوە دەچوو. سیاسەتی نوێی ئابوری (نیب) لە روسیا خەریک بوو دەبوژایەوە، حزبی دەسەڵاتدار کشتوکال و بازرگانی بەتاک لە چوارچیوەی ئابوریی هاوبەشدا لە باوەش گرتبوو، وا پێدەچوو حەز و ئارەزوەکانی (فابیزم) لەم کاتەدا پێوسیتی دەکرد ئاراستەیەکی مامناوەندی لە دەرەوە بگرێتە بەر، هەرچەندە ئەمە لەگەڵ سروشتی کۆمنترن ناکۆکە.

لە ناوەراستی بیستەکان، لای ستالین دوو پرس بوونە جێگەی بایەخ: شۆڕشی چین و هەڵوێستی سەندیکاکانی روسی لە سەندیکاکانی بەریتانی. شۆڕشی چینی لە سەرەتاکانیەوە بەرەو شۆڕشی روسی پەلکێشبوو. (سون یات سن) دامەزرێنەری کومینتانگ لایەنگرانی خۆی ئاگادار کردەوە کە دۆستایەتیان لەگەڵ شۆڕشی روسی توند کەن، بەهۆی مردنی (سن یات سن)ەوە ستالین ئەم نامەیە بۆ کۆمینتانگ دەنێرێ:

(کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی روسی بڕوای وایە کە کۆمینتانگ ئالای سون یات سن لەو ململانێیەی لەگەل داگیرکەردا هەیەتی بە بەرزی دەهێلێتەوە ، ئەم ئالایەش دانانێ تا رزگاربوونێکی یەکجارەکی لە دەست ئیمپریالیزم و کرێگیراوانی لە چین) .

راوێژکارە روسەکان هاوکاریان بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی جەنەراڵ (چانگ کای چیک) نارد ، ڕێنمای تایەبتیش لە مۆسکۆوە بۆ کۆمینتانگ دەرچوو بەوەی بچنە ریز حزبی کۆمۆنیستی چینی، هەروەها بۆ (بەرەی چوار چینەکە) وەکو ئەندامێک لە ئەندامەکانی خۆی. لە لیژنەی جێبەجێ کردنی کۆمنترن، کورسیەکی بە هەموو مافەکانی ئەندامێتی و چاودێریەوە بە کۆمینتانگ بەخشی.

لێرە ئەم کێشە سەر هەڵدەدا: سروشتی شۆڕشی چینی چیە؟ دەبێ ئامانجەکانی چی بن؟ ڕۆڵی کۆمۆنیستەکان چی دەبێ؟ ئومێدەکانی نەتەوایەتیی چینیەکان و ئارەزویان لە رزگاربوون لە ژێر چنگی رۆژئاوا و لە دەست دەرەبەگە دابڕاوە خۆجێیەکان هاندەری سەرەکی ئەم چالاکیە شۆڕشگێڕیەیان بووە، بەڵام ئەم دیدە لە ژێر دابەشبونەکانی کۆمەڵایەتی لە نێوان جەنەراڵ و جوتیار و بازراگان و کرێکارەکاندا شاردرابۆوە، ئەم دابەش بوونانە زیادیانکرد، توندتریش بوون، دەرکەوت کە چینی کرێکار لە شارە پیشەسازی وبازرگانیەکانی سەرکەنار دەریای چینی بەهێزترین فاکتەری سیاسین .




سون یات سنSun Yat sen چانگ کای چک

ئایا ئەمە شۆڕشی ئۆکتۆبەری چینیە؟ ستالین و بۆخارین بە نەخێر وەڵامیان دایەوە، لەکاتێکا ترۆتسکی بە بەڵێ. ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی هاوتا لەسەر پێشینەی رووداوەکانی چین نەبێ لە مێژووی روسی، ئەوا ستالین ئەم لێکۆڵینەوە لە شۆڕشی ١٩٠٥دەبینێ، کاتێک بۆلشەڤیەکان دەیانوت روسیا بۆ دامەزراندنی سیستەمی سۆسیالیزم ماوەتی و پێنەگەییوە، کەوابێ نابێ چاومان لە شۆڕشێکیتر بێ لە شۆڕشی بورژوا بەولاوە، لەم لێکدانەوە ستالین ئەو بڕوایەی پەیدا کرد کە شۆڕشی ئێستای چین دەبێ تەنها شۆڕشێکی بورژوا بێ و بەس.

بەم لێکدانەوەی ئارەزووەکانی بۆلشەڤیە دێرینەکانی ژیاندەوە کە لینین لە نیسانی ١٩١٧ ئیدانەی کردبوو، ئەمە دیارە نەیتوانیوە ئەم هزرە لە رەگەوە لە بیرکردنەوەی خۆ یو لایەنگرانی دەرکا.

کە ئەرکی شۆڕشی چینی یەکخستنی چین و نوێ کردنەوە و وەدەست هێنانی سەربەخۆیی بێ، نەک بنیادنانی سۆسیالیزم، بە دیدی ستالین نابێ کۆمۆنیستە چینیەکان کار بۆ دروست کردنی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بکەن، بەڵکو دەبێ کار بۆ هاوکاری لە نێوان چینەکانی مامناوەندی و جوتیار و جەنەراڵە نیشتمانپەروەرە پێشکەوتووەکان بکەن، لەم روانگەیەوە رێنمایی بۆ حزبی کۆمۆنیستی چینی دەرکرد بۆئەوەی گوێڕایەڵی کۆمینتانگ بێ، ئەو تەنها باڵێکی لە باڵەکان دەرخست، دواتر ستالین گاڵتەی بە دەزگای پرۆپاگەندەی سۆڤێتی دەکرد کە ئەوەندە جەنەراڵ (چانگ کای چک) بەرز دەکاتەوە و وای نیشان دەدا کە سەرکردەیەکی بێ رکابەری ژیاندنەوەی نەتەوایەتیە لە چین.. ستالین ئەمەشی بۆ زیادکرد وتی: ئەو حکومەتەی لە شۆڕشی چینی دەردەکەوێ دەبێ ( دکتاتۆریەتی کرێکار و جوتیاری دیموکرات) پیادە بکا.

ئەم بابەتە کە لینین لە ١٩٠٥ نەخشەی بۆ کێشابوو ئاماژە بوو بۆ دۆخێکی تایبەتی لە هەر وڵاتێک مانایەک دەبەخشێ، دەبێ سۆسیالیستە مارکسیستەکان لە ریز شۆڕش و لە دژی دەرەبەگ خەبات بکەن، دەسەڵاتیش بە هاوبەش لەگەڵ چینی مامناوەندیی شۆڕشگێڕ و جوتیارە شۆڕشگێڕەکان ببەن بەڕێوە.

ئەوەندەی نەبرد لەسەر ئەم بابەتە و بابەتە کۆنەکانی تر کێشە و ناکۆکی دروست بوو، ترۆتسکی ئیدانەی هاوپەیمانێتیی نێوان ستالین و چانگ کای چیکی کرد، هانی کۆمۆنیستە چینیەکانی دا تا دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دامەزرێنن، زینوڤییف و کامنێف و پەرش و بلاوبوەکانی تریشەوە لەسەر رێچکەی لینین دەڕۆیشتن بە دۆخی ١٩٠٥ ەکان، دواجار بڕیار لەسەر دکتاتۆریەتی کرێکار و جوتیار درا و رەخنەش لە سیاسەتەکانی ستالین گیرا کە زۆر لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی چینی دەکا سەرۆکایەتی چینی مامناوەندی بکا. بەم هۆیەوە ناکۆکیەکان توندتر دەبن هەر ئەم هۆکارەش بوو پەلەی لە جیابونەوەی یەکجارەکی ستالین و ترۆتسکی کرد.

لەم کاتە (بەرەی چوار چینەکە) لە چین بەرەو دارمان دەچوو، گەشە بوونی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی چینی لەسەر سیاسەتی مامناوەندی خۆی، چانگ کای چیک و هاوڕێیانی لە سەرکردەکانی چێنی مامناوەند ترساند، بەو هۆیەوە ئەم بە هەستیاری خۆی لە هاوپەیمانەکان رزگار دەکا و راوێژکارە سەربازیەکانی روسیش دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، کۆمنیستانی ژێر دەسەڵاتی خۆی زۆر بە دڕندانە سەرکوت کردن، پێگەی ستالین بەهۆی هاوکاری کردنی چانگ کای چیکەوە بۆ ماوەیەک لەق دەبێ، هەولیدا خۆی لەو سیاسەتەی چینی

رزگارکا، بۆیە داوا لە کۆمۆنیستە چینیەکان دەکا هاوپەیمانی لەگەڵ باڵی لیبرالیسەکان و نیمچە چەپەکان لە نیو کۆمینتانگ ببەستن کە حکومەتێکی سەربەخۆیان لە هانکاو لە ژێر سایەی چانگ کای چیک دامەزراند.

ئەوەندە نابا ئەو هاوپەیمانێتیە دەروخێ، کەسی کۆمۆنیست هەرچەندە خۆی بگۆڕی ولەگەڵ دەورو بەر خۆی بگونجێنێ کاتێک دەچێتە نێو ریزی چینی مامناوەند ترس لای سەرکردەکان دروست دەبێ، ئەو هەڵگری نەفرەت و بەرەکەتە، هاندەری شۆڕشە، ئەم هاندانە هاندانی ترس و پاڕانەوەیە، بەڵام هیچ کاریکی تەکتیکی تاسەر بە شاراوەیی نامێنێتەوە.

هەروەکو ئەزمونەکەی چین تێک چوو ئەزمونێکیتر لە میانڕەوی تێک دەچی. مەبەست ئەزمونی ئەنجومەنی روسیی ئنگلیزیە هی سەندیکاکان کە لە ئایاری ١٩٢٥ دامەزرا، مەکتەبی سیاسی پێی وابوو سەندیکاکانی بەریتانیا ئەوەی لە توانایدا بی لە پێناو خۆش کردنی پەیوەندیەکانی نێوان روسیا و بەریتانیا دەیکا. بۆ ئەم مەبەستە ستالین تۆمسکی کە بەهێز ترین ئەندامی مەکتەبی سیاسیی دەبێ دەنێرێتە بەریتانیا بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی ساڵانەی یەکیتی سەندیکاکانی بەریتانی لە (هول).

بەو ئومێدەی ئەم هەنگاوە دەبێتە مایەی بەستنی هاوپەیمانیی زیاتر لە نێوان باڵە ناکۆکەکان لە بزوتنەوەی کرێکارانی جیهانی. ئەوکات رێکخراوێکی هاوشێوە و هاوتەریبی کۆمنترن هەبوو بەناوی (پروفنترن) (ئینترناسیۆنالستی سەندیکاکانی کرێکاریی سوور) خۆی بە ئەلتەرناتیفی ( ئینترناسیۆنالستی ئەمستردامی کرێکاری) دەزانی، کە سەندیکاکانی کرێکاری چاکسازیی لە ژێر باڵی خۆ کۆکردبۆوە. بەڵام شکستهێنانی پروفنترن لە شکستەکەی کۆمنترن مەنزتر بوو، مۆسکۆ ئامادەیی تیابوو دان بە شکستەکەی خۆی بێنی بەرەو جۆرێک لە ئاشتەوایی ئەمستردام هەنگاو بنێ، ئومێدەکان وابوون کە ئەنجومەنی ئینگلیزی-روسی رۆڵی میانگێڕی ببینێ، راستڕەوی بۆلشەڤی خۆی دەرخست گوایە رۆڵی میانگێڕی دەبینێ لە نێوان دوو ئینترناسیۆنالستی سیاسی.، بەڵام ستالین ئەوەندە نەزان نەبوو خۆی تیکەڵاوی ئەم جۆرە نەخشانە بکا، پشتگیری پلانی تۆمسکی و بۆخارین کرد و دژی رەخنە توندەکانی چەپی بۆلشەڤی وەستایەوە.

بەهۆی ئەو تەنگژەی لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی ١٩٢٦ دروست بوو دۆستایەتی سەرکردەکانی سەندیکای کرێکارانی روسی و بەریتانی بەرگەی بێدەنگی ناگرن، سەرکردە روسەکان لە ژێر فشاری ئۆپۆزسیۆنی چەپدا ناچار دەبن رەخنە لە هەلوێستی میانڕەوی دۆستە بەریتانیەکان بگرن. ئەم رەخنانە لە نێو کرێکارە بەریتانیەکان کاریان کردە سەر خاوبونەوە،. لە بەرانبەردا سەرکردەکانی سەندیکای کرێکارانی بەریتانی لە ژێر فشاری رای گشتیی کۆنەپارێزەکان، وردە وردە هەستیان بە ناخۆشی دەکرد لە هاوپەیمانێتیان

لەگەڵ بۆلشەڤیەکان، بەو هۆیەوە ئەو هاوکاریانەیان رەت کردەوە کە کۆمەڵەی سەندیکاکانی روسی وەکو پشتگیری بۆ کرێکارە مانگرتووەکانی کانزاکان کۆکردبۆوە، هەر دوای ماوەیەکی کەم هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی ئینگلیزی-روسییان راگەیەند، بەم هەلوەشانەوە ئەو ئومێدانە نەمان کە بۆلشەڤیەکان گرەویان لەسەری کردبوو بۆ ئاشتەوایی نێوان ئەوان و چاکسازی ئەوروپی.

بەم شێوە بۆلشەڤیەکان مەیدانی سازشیان تاقی کردەوە، بە ئەنجامێکی بێ ئومێد لێی دەرچون، لە ساڵی ١٩٢٣ دونیا نەفرەتی لە بۆلشەڤی دەکرد چونکە بە شۆڕشگێڕ هاتنە ناسین، ئەوەتا لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٧ نەفرەتیان لێ دەکەن گوایە سازشکارن.

هەوڵە نەزۆکەکانی کۆمنترن هەر لەسەر چین و بەریتانیا تاقی نەکرانەوە، بەڵکو هەموو وڵاتە ئەوروپیەکانیشی گرتەوە، لە هەموو شوێنێکیش ئەنجامەکەی هەر وابوو: هەرکە هاوپەیمانانی کۆمۆنیستەکان وازیان لێدێنن، راوەدویان دەنێن. سیاسەتی سازش لە نێو کۆمۆنیستەکان گلەیی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، رێگای خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی رەوتێکی نوێ لەسەر رێچکەی رەوتە کۆنەکە، لایەنگارانی ئەوەندە زۆر بوون لە ١٩٢٧ ستالین ناچار دەکەن، فەرمان بە کۆمۆنیستە چینیەکان بدا دژی کانتون راپەڕن.

ئەم راپەڕینە بەر لە دەستپێکردنی بە شکستهێنان حوکمدرابوو، هەرواشبوو کوشتارگەیەکی نوێ دژی (سوورەکان) روویدا، کاتێکیش هەستی بە هەڵە سیاسیەکانی دەکا، کۆمنترن هەوڵی هەموار کردنەوەی سیاسەتەکانی دەدا، بۆ ماوەیەک سیاسەتی چەپی منداڵکاری پەیرو دەکرد. حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی بە خۆدورخستنەوە لەم سیاسەتە چەپڕەویە توانیی خۆی لە خۆکوژی نازیەکان دورخاتەوە.

هۆکارێکیتری ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر نەخشەی کۆمنترندا هاتن، بە دڵنیاییەوە لەو هۆکارە بە کاریگەرتر بوو کە لە ئەنجامی ئەو رەشەبایە دروست بوو کە بەر ریزەکانی کەوتبوون، ئەویش هاوپەیمانێتیە نوێکەی روسیا بوو لە ١٩٢٨و١٩٢٩، ستالین ئەوکات راستڕەوەکانی بۆلشەڤی سەرکوت دەکرد، لە بەرانبەر ئەو سەرکوتکردنەیدا هیچ دروشم و دەستەواژەیەک کەلە بۆخارین و تۆمسکی و ریکۆڤ دەرچوبون بەرگەی ئەم سەرکوتکاریەیان نەدەگرت، ناکۆکیەکەش لەسەر پرسی روسی دەخولایەوە: (نیب)، پیشەسازی، کۆمکردنی کشتوکاڵی، و هیتریش. بەڵام وەرچەرخانە مەزنەکەی بەرەو چەپرەوی لە نێو حزبی روسی روویدا، ئەوەندە نابا بە سەرۆکایەتی بۆخارین دەگاتە نێو ریزەکانی کومنترن.

ئەو کات هەندێک لە کۆمۆنیستە بیانیەکان لایەنگری هەلوێستەکانی بۆخارین بوون، ستالین هیشتا شەڕەکەی نەگواستبۆوە نێو بازنەی ئینترناسیۆنال. لە ئەوروپاش سیاسەتی نوێ بۆ حزبەکان داڕێژران بە شێوەیەک لەگەڵ ئاراستە نوێکەی روسیا بێنەوە. هاوکاریەکانی نێوان کۆمۆنیستەکان و جوتیارە بێلایەن و بازرگانەکان کۆتایی هات. ئەنجامەکەی بەوە دەگا کە کۆمۆنیستە بیانیەکان دوایی بە هاوکاریەکانیان دێنن لەگەڵ حزبەکان و بە تایبەتیش لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان.

گواستنەوەی بچوکترین جولە یا کاردانەوە لە حزبی روسیەوە بۆ سەر حزبەکانیتر دەبێتە مەزنترین حالەتی نەگونجاوی کومنترن. ئەم حالەتە شازانەش دواتر دەبنە دیاردە.

وەرچەرخانە چەپڕەویەکە کارێکی راست نەبوو بەلام شێوازێکی نوێی نیشتمانیی کۆمەڵایەتیی داهێنا. بەو هۆیەوە لە بچوکترین گوران لە نێو حزبدا دەوڵەتێکی زەبەلاحی لە پشتە کە دروشم و وشەکان دەکاتە کردار.

ئەم گۆڕانکاریە حزبیانە تا چەند کاریان کردە سەر کۆمنترن؟ لە هەموو حالەتەکاندا ئێمە لە روسیا وەکو ئەوەی لە نێو بازنەیەکی زۆرانبازێن دابین، ژمارەیەک لە زۆرانباز لاسایی دەکەنەوە، لاسایی جەستەی یەکتری لاسایی جولەکان، هەموویان خۆیان نیشان دەدەن کە دەتوانن ئەرز و ئاسمان بجولێنن، ئەوەی سەیرە، لقەکانی کومنترن لەم یاریە و سێبەرەکانی بێبەش نابن، هەموویان نیوەی جەستەیان راستە و نیوەکەیتر تارماییە، لە روالەتی ژیانی خۆیدا لەلایەک لە واقعی نەتەوایەتی مەلەدەکا و هەوڵی دەربڕینی خواستەکانی چینایەتی دەدا، لە لایەکەی تریش لە ئەلقەی سەماکەرانی دەوروبەری ئەمینداری گشتی بەشدار دەبێ.

\+ + +

لە کانونی یەکەمی ١٩٢٧، لە ئەنجامی دەرکردنی ترۆتسکی و زینوڤییف و کامنێف لە حزب، ستالین ئاگاداری کۆنگرەی پێنجی حزب دەکاتەوە کە ماوەی سەقامگیری سەرمایەداری کۆتایی هات، دەڵێ:

( لەو دوو ساڵەی تێپەری مرۆڤ دەیتوانی باس لە نیمچە هاوسەنگیی نێوان سۆڤیەت و ولاتە سەرمایەدارەکان بکا، بە ئەگەری { پێکەوە ژیانی ئاشتیانە}. بەڵام ئێستا هەموو مافێکی ئەوەمان هەیە بلێێن کە لاپەرەی (پێکەوە ژیانی ئاشتیانە داخرا). ماوەیەک بوو دەرگای هێرشی ئمپریالیزم و ئامادەکاریەکانیان بۆ

سەر یەکیتی سۆڤیەت کراوە بوو. ستالین ئەو زاتەی نەبوو گونجانێک لە نێوان ئەم لێدوانەو لێدوانەکەی پێشتری بکا کە وتبوی(پانزە یا بیست ساڵی داهاتو بۆ (پێکەوەژیانی ئاشتیانە) دەبێ.

کۆنگرەی شەشەمی کۆمنترن کە لە هاوینی ١٩٢٨ دەبەسترێت وەکو هەمیشە پێشنیارەکانی ستالین پەسند دەکا. ئەو کۆنگرە بوو کە ستالین هەواڵی لەکار خستنی بۆخارین بە نوێنەرە بیانیەکان دەدا، پاش ئەوەی ماوەیەک لە پشت پەردە کار لەسەر ئەم پرسە دەکا .

کۆنگرە پێشبینی قەیرانێکی ئابوری لە دەولەتە سەرمایەدارەکان دەکا (ئەم پێشبینیە لەسەر رەزامەندی ستالین رادەگەیەندرێ، دەبێتە مایەی سەرسوڕمان کاتێک سالی دواتر ئەمریکا رووبەڕووی قەیرانێکی ئابوریی توند دەبێتەوە)، لەسەر ئەم بنەمایە نەخشەیەکی تەکتیکی نوێ دەدارێژرێ. کۆنگرە پێشبینی زنجیرەیەک شۆرشی دەکرد، دەڵێ ئێستا کاتەکە لە بارە بۆ ئەوەی حزبە کۆمۆنیستەکانی رۆژئاوا هێرش بکەنە سەر سەرمایەدار. حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی چاکسازخواز کە بە ئەقەست بەناوی بە (حزبە سۆسیالیستە فاشیستەکان) ناوی بردن وتی: مەنزترین دوژمنی کۆمۆنیزمن. باڵە چەپڕەوەکەشی لە باڵە راستڕەوەکە بەمەترسیدارتر و کۆسپێکی مەزنی زانی لەبەر دەم شۆڕشی سۆسیالیزمدا . هەر هاوکاریەکیش لە نێوان کۆمۆنیستەکان و سەرکردەی سۆسیال دیموکراتەکان بە پەلکێشکەری کێشەو گرفت دەزانی. بەم شێوە رۆلی کۆمنترن دەبێتە یەکخەری ریزەکان بۆ شەڕێکی سەرتاسەری، بە پشت بەستن بە هێز و توانا تایبەتیەکانی.

بە دڵنیاییەوە گومان لەوەدا هەیە کە ستالین بڕوای بەوە هەبووبێ کە ئەم هەموو گڕکانە شۆڕشە دەتەقنەوە. راستە ئەوەندە زانیاریی لەسەر ولاتە بێگانەکان نەبوو، بەڵام ئەمە لە پیسکەیی خۆیدا نەبووە کە خەیالە خاوەکانی بە کۆمنترنی شەشەم رادەگەیەنێ، وای دەبینین کە هیچ شارەزاییەکی لەسەر دەنگەژانی کۆمنترن نیە بەتایبەت ئەوکاتی پێداگریی لەسەر ( سۆسیالیزم لە یەک ولات) دادەکابڕوای وابوو ئەمە تاقە ئامانجە. کاتێکیش بەسەریدا سەپێندرا کە نەک تەنها پابەندی حزبەکەی بێت بەڵکو هی کۆمنترنیش، ئەوەتا ئێستا بایەخی زۆر بە دامەزراندنی کارگەیەکی نوێ دەدا لە روسیا بایەخێک کە زۆر لە بایەخدان بە شۆڕشی دەرەوە زیاتر بێ. زۆر بە هەستیارتر دبلۆماسێتیەکەی بەدی دەکرا هەستیارتر لە جاران، کارەکانیشی لەسەر بنەمای روسیای دابڕێندراو دەبرد بەڕێوە، لێرە جیاوازی لە ئاراستەکانیدا دەبیندرێ: ئاراستەی یەکەم لە روسیا پیادە دەکرێ، ئاراستەی دووەمیان کۆمنترن لەسەری دەڕوا. کارێکی قورس نیە مرۆڤ هەست بکا ستالین کامە ئاراستەی بە لاوە باشترە.

بەڕاستی کۆمنترن شەڕێکی گاڵتە جاری دەکا، نەخشەی ڕەوتە رادیکالیستە توندڕەوەکەی ناڕەوایە ئەگەر بلێین ستالین لەبەر ئەوەی ڕەزامەندیان لەسەر نادا چونکە بە پاکی کار بۆ کۆمنترن ناکەن ، ئەگەر ئەمە بڕوای بێ، بە دڵنیاییەوە هەڵە ەکی مەزنی کردوە، چونکە ڕەوتی رادیکالیستی کۆمنترن ئەنجامی گرنگی بەدەست هێنابوو، هەرچەندە هەموویان نەرێنی بوون.

دۆخەکان لە ئەڵمانیا بەم شێوەن کە بە مەیدانی سەرەکیی بژاردە سیاسیەکان دێتە ناسین، ئەوەتا بزوتنەوە کرێکاریەکان مەترسی سەرکەوتنی خێرای نازیەکان رادەگەیەنن. جیابونەوەی نێوان سۆسیال دیموکراتەکان کە رایانکردبووە هایدنبرگ بۆ ئەوەی لە هیتلەریان بپارێزن و ڕەتیان کردبۆوە کار لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بکەن کە سۆسیال دیموکراتەکان بە مەترسی دەزانن مەزنتر لە مەترسی نازیەکان. ئەم جیابونەوە جیابونەوەیەکی ئەقلانی نیە چونکە تەنها ئەوانن دەتوانن ڕێگری لە هیتلەر بکەن نەگاتە سەر دەسەڵات، ئێستا کاتی ئەوە نیە : بچینە ناو وردەکاری روخانی کۆماری فایمار. ئەم چیرۆکە کۆتایی بە چۆک پێدادانی مەنزترین ڕێکخراوی کرێکاری دێنێ لە کشوەری ئەوروپا کە ڕێکخراوی کراس قاوەییەکان بوو، بێ ئەوەی یەک گولە بتەقێنن ئالای سپیان بەرز کردەوە، ئەمەمان بەسە ئاماژە بە وتەیەکی چەپڕەوەکان بدەین کە دوای ئەم کارەساتە دەیلێنەوە: ( ئەگەر ستالین نەبووایە هیتلەر نەدەبو). دیارە سەرجەم سەرکردە چەپەکان دوای ئەو کارەساتە لە ١٩٣٣ ئۆبالیان دەخستە ئەستۆی ستالینەوە، هەرچیەکی بێ ستالین کە داڕێژەری سیاسەتی کۆمنترن بوو دەبێ بەرپرسیارێتی بەشێک لەم کارەساتە بگرێتە ئەستۆ کە بەبێ مەبەست بوە هۆکاری سەرکەوتنی هیتلەر.

لە کۆی ڕووداوەکان لە سەرەتای سیەکان ئەوەی لە بەڵگەکانی کۆمنترن دەستمان کەوتوە ولە وتەکانی ستالین گەیشتون، ئەوەیە کە لە توانای تێکدەریی نازیەکان نەگەیشتبون. بە دیدی ئەوان هیتلەر وەکو هەر سەرکردەیەکی تری کۆنەپەرست جوڵانەی سیاسەت بەلایەکیدا هەڵدەدێرێ، دواتر دووبارە دەیباتەوە لوتکە هەروەکو، برونینگ یا باین، ببولدوین یا هوردنگ، بەم شێوە ستالین لە ئامانج و هێز و توانای تۆتالیتاریزمی نازیەکان بێخەبەر دەبێ، لەسەر فاشیزمیش هەر لە ١٩٢٤ ەوە خۆی یەکلایی کردبۆوە کاتێک دەڵێ:

(ئەمە راست نیە کە دەڵێن فاشیزم ڕێکخراوێکی بکوژی سەربە بورژوایە و بەس.. فاشیزم ڕێکخراوێکی شەڕکەری سەربە بورژوایە لەلایەن بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتەوە پشتگیریی لێدەکرێ، بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات خۆی باڵی میانڕەوی فاشیزمە، بۆیە پێویست ناکا مەزندە بکەین کە ئەو ڕێکخراوە شەرکەرەی سەربە بورژوا دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنی بەبێ پشتگیری بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات، هەروەها ئەمەش راست نیە بڕوا و دیدمان وابێ کە بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات بتوانێ

سەرکەوتن بەدەست بێنێ ئەگەر پشتگیری لە رێکخراوی شەرکەری سەر بە بورژوا وەرنەگرێ، ئەم دوو رێکخراوە ناکۆک نین لەگەل یەکا، بەڵکو تەواکەری یەکترین، لەسەر دوو رێگای جیاش نین بەڵکو لەسەر یەک رێگای جمکن..فاشیزم ئەو بەرە هیلالیەیە کە لەم دوو رێکخراوە سەرەکیە پێک دێت، ئەم بەرە لە ئەنجامی قەیرانی ئیمپریالیزمی دوای جەنگ دروست بووە، لە سەردەمی خەباتی دژی شۆڕشی پرۆلیتاریا).

دەتوانین بڵیین ئەم دەستەواژانە باشترین بەشداریکردنە لە لێکدانەوەکانی ستالین لەسەر فاشیزم یا سۆسیالیزمی نیشتمانی. لە ساڵە کانی داواتریش هەمیشە ئەمەی دووبار دەکردەوە، بەبێ دەستکاری بەڵام بە شاشی تر. ئیتر نوسەرانی و چاودێرانی کۆمنترن ماوەی چەندین ساڵ هەمیشە ئەم دەستەواژەیان دەجویەوە (لەسەر رێگایەکی ناکۆک نارۆن، بەڵکو جمکن). بێ ئەوەی هیچ رونکردنەوەیەک لەسەر ئەو هێزە بدەن کە بناغەی ئەوروپای سیاسیی هەلدەتەکاند، تەنانەت دوای ئەوەی هیتلەریش دەسەڵات دەگرێتە دەست هەندێک لە شوێنکەوتوانی ستالین ژاوەژاوی ئەوەیان بوو گوایە ستالین پەیمانی لەگەڵ هیتلەر بەستوە (لە نێوان نازیستەکان و سۆسیال دیموکراتەکان)، پێشبینی ئەوەیان دەکرد زۆر بە دڵنیاییەوە روخانی هیتلەر نزیکە و لەدوای ئەویش کۆمۆنیزم سەردەکەوێ. دوای ئەوەی هیتلەر ساڵێک لەسەر دەسەڵات دەمێنێ ئەوسا دەڵێن ستالین بەر لەساڵێک پێشبینی تۆوی شەڕێکی مەزنی لە نازیەکان کردوە، دەڵێ رووداوەکان ئەمەیان سەلماند، بە شتێکی نادیار کۆنگرەی حەڤدەی حزب دڵنیا دەکاتەوە، گوایە ( قەیرانی شۆڕشگێری خەریکە پێ دەگا و لەناو چوونی نازیەکانیش نزیکە) بەڵام ئەوەی ئەو پێشبینیی نەدەکرد و ئاماژەی پێ نەدابوو کە هەوادارانی دەیانوت پێشبینیی کردوە لەم رووداوە بریتی بوو لە لەناو بردنی سۆسیال دیموکراتەکان هەروەکو کۆمۆنیستەکانی لەناو برد. فاشیزم لە ئوردوگاکان (جمکەکانی) لێ دەستبەسەر دەکاو بەتەنیایی دەسەڵات دەگریتە دەست. دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە ستالین لەم هەڵەیە بە تەنیا نەبوو، سەرکردەکانی سۆسیال دیموکرات هەموویان لەگەڵیدا بوون، بەو نیازەی لە کۆتاییدا لەگەڵ هیتلەر دەکەونە دان و ستان، بەڵام کۆنەپارێزانی بەریتانی و فەرەنسی ئەوانەی هاوسۆز بوون لەگەڵ نازیەکان ئومێدیان دەخواست هیتلەر بە پێێ بنەما و بەرژەوەندیەکانیان رۆلی خۆی بگێرێ .

ئەوەی لەو سەردەم لێکۆڵینەوە بکا ئەو جیاوازیانە دەبینێ لە نێوان زانیاری و تواناکانی ستالین لەگەل دید و بۆچونەکانی ترۆتسکی لەسەر قەیرانەکە، ئەوکات دەزانێ ستالین لەم تاقیکردنەوە هیچ زانیاریەکی نەبووە، سەرەڕای ئەوەی هەموو تواناکانی دەولەتی سۆڤیەت لە ژێر دەستی ئەودا بوون وێڕای تواناکانی رێکخراوێکی نێو دەولەتی، لەکاتێکا ترۆتسکی بەتەنیایی لە دوورخراوەیی لە دوورگەیەکی بێ ژیانداری وەکو دورگەی (برینبیکو) دەژیا، ئەوکات لەو دۆخەی ژیانیدا ترۆتسکی ژمارەیەک کتێب و بلاوکراوە و وتار دەنوسێ و بڵاویان

دەکاتەوە کە بە باشترین شیکاری لەسەر سوسیۆلۆژیی نازیسم دەژمێردرێن. هەنگاوەکانی پەرە سەندنی هیتلەر قۆناغ بە قۆناغ باس دەکا، پێشوەختیش پێشبینی هەموو رووداوەکانی کردوە، بەڵام نەیتوانیوە لە هەولەکانیدا کۆمنترن و چەپی ئەلمانی و حکومەتی سۆڤیەتی بەم کارەساتە ئاگادار بکاتەوە و بیانگەیەنێتە ئەو بڕوایە.

لە ساڵی ١٩٣١ دەنوسێ:

( بە ئەرکی خۆمی دەزانم زەنگی مەترسی لێبدەم، سەرکردایەتی کۆمنترن پرۆلیتاریای ئەلمانی بەرەو هەڵدێر دەبا، بریتیە لە رادەستکردنیان بە فاشیزم. بەر لە هەموو شتێک هاتنی سۆسیال دیموکراتە نیشتمانیەکانی ئەلمانی بۆ سەر دەسەڵات مانای نەمانی پرولیتاریا و تێکدانی رێکخراوەکەیان دێت، لەق کردنی بڕوابوون بەخود دێت، چونکە ناکۆکیەکانی کۆمەڵایەتیی ئەلمانیا جیان لەگەڵ ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکانی ئیتالیا..کارە دۆزەخیەکانی کە فاشیستی ئیتالی دەیکا وەکو ئەزمونێکی سەرسامە بەڵکو مرۆییە، ئەگەر بەراوردی پێ بکەین لەگەڵ ئەو کارانەی بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی ئەلمانی دەیکا).

ئەوەتا دوای دوو ساڵیتر بەهاتنی هیتلەر بۆ سەر حوکم دووبارە زەنگی مەترسی لێدەداتەوە :

( ئەی کرێکاران.. ئەی کۆمۆنیستان.. فاشیزم نابی بێتە سەر حوکم تەنها لەسەر کەلەی سەری ئێوە دەبێ کە دەکەوێتە ژێر زنجیری تانکەکانیان، بەهیچ شتێکیش لێی دەرباز نابن تەنها بە خەباتی نەپساوەتان نەبێ لەدژیان. یەکێتیتان لەگەل خەباتی کرێکارە سۆسیال دیموکراتەکان تاقە زامنی سەرکەوتنتانە، پەلە بکەن ئەگینا کاتەکان بەسەر دەچن).

ئەو کات ستالین و سەرکردەکانی تری سۆڤیەت باس باسی هەڵمەتی خاچپەرستەکان بوو دژی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی فرەنسا، بەلام ئەوان لە خاچی راستەقینە بێ خەبەر بوون کە لەولاوە دەستی بۆ سۆڤیەت هەلتەکاند، لە تەموزی ١٩٣٠ ستالین تا ئەوکات فرەنسای لە نێو دەولەتانی دونیا بە مەزنترین دەولەتی دوژمن دەزانی کە خۆیان بۆ شەڕی روسیا ئامادە دەکەن، لە بەرانبەردا ترۆتسکی هەمان دۆخی بەم شێوە دەبینی:

( هیچ حکومەتێک لە حکومەتە پەرلەمانیەکانی بورژوای کۆن لەم کاتەدا ناتوانێ شەڕ بەرانبەر بە یەکێتی سۆڤیەت رابگەیەنێ. بەڵام، ئەگەر هیتلەر دەسەڵاتی گرتە دەست ئەوا پێشڕەوی کرێکارانی ئەلمانی لەناو دەبا، پرۆلیتاریاش پەرش و بڵاو دەکا، ورەیان دەروخێنێ، حکومەتی فاشیست تاقە حکومەت دەبێ کە شەڕ

دژی یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنێ.. ئەگەر هیتلەر لە ئەڵمانیا سەرکەوت، شەڕکەری مەزن بە ناوی بورژوای جیهانی دەبێ).

هۆشداریەکانی ترۆتسکی لە مۆسکۆ هیچ بایەخێکی نابێ، سەرکردەکانی کۆمنترن بەردەوام دەبن لە بەرز کردنەوەی دروشمی تەم و مژاوی لەسەر هەردوو لایەنی ناکۆک و جمک.

+ + +

تا ئەوکاتەی هیتلەر دێتە سەر حوکم، دبلۆماسیەتی سۆڤیەت لەسەر سیاسەتی رابالو جێگیر دەبێ، واتە لە دژی سەرکەوتوان پشتگیری لە ئەڵمانیایەکی روخاو دەکا، بە دڵنیاییەوە ئەم پشتگیریە لە روی روخسارەوە دەگۆڕدرێت، بەڵام ناگاتە ئەو ئاستەی لە ژێر فشاری هێز ئەڵمانیا بە هەمووارکردنەوەی بەندەکانی ئاشتەوایی ڤێرسای رازی بکات. سۆڤیەت لەم پشتگیریەی بۆ ئەڵمانیا سودی خۆی لێ وەرگرت بەڵام هێزەکانیتر پەیوەندیان پچراندن، لە بیستەکان هاوردەکردنی کەلوپەلی ئەڵمانی بە هانای بوژانەوەی روسیاوە هات. مەکتەبی سیاسی ئەوکات هەریەک لە ترۆتسکی و توخاچیفسکی سەرفراز کرد بۆ هاوردەکردنی کالا و پێداویستیە سەربازیەکان، لە بەرانبەر مەشق پێکردنی سوپای سوور لەلایەن پسپۆرانی سەربازی ئەڵمانی، روسیا رێگەی پێدا دەست بەسەر خاکی روسیادا بگرن بۆ ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکانی سەربازی کە ئاشتەوایی ڤێرسای لە ئەڵمانیای قەدەغە کردبوو، ستالین گوێی بە هیچ یەک لەم هۆشداریانە نەدا، بەهۆی هێزی بەردەستی لەسەر بەرنامەکانی بەردەوام دبێ تا ئەوکاتەی هیتلەر دەسەڵات دەگرێتە دەست.

وێڕای ئەمەش پەیوەندیەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە نەکەوتنە قالبی هاوپەیمانێتی، هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێدابوو مەبەستی تەنها رێگری بوو لە (ئەنتانت)، (ئەنتانت لایەنی دژی ئەڵمانیا بوو لە جەنگی یەکەمی جیهانی) واتە رێگە نەدا ئەڵمانیا دژی روسیا هاوپەیمانێتی لەگەڵ رژئاوا ببەستێ. کاتێکیش رۆژئاوا فشارەکانیان لەسەر ئەڵمانیا کەم دەکەنەوە بۆ قەرەبوو لێوەرگرتن، هەروەکو لە پرۆژەی (داوز) بەدی دەکرێ یا بە پێێ بەرژەوەندیەکانی ڤێرسای مەبەستیانە لێی نزیک بکەونەوە، وەکو لە پەیماننامەی (لوکارنو)دا هاتوە، ئەوکات سەرکردەکانی سۆڤیەت بە بێزاریەوە چاودێری ئەم جولەیان دەکرد نەبادا ئەنجامەکەی بە هاوپەیمانێتیەکی دژ بەوان بگات، بۆ ئەم مەبەستە لەدژی سەرکەوتوەکان هانی ئۆپۆزسیۆنی ئەڵمانیان دەدا، بەڵام مەترسی

رژێمی داهاتوو وازی لێ نەدەهێنان کە لە ئەنجامی پەیماننامەی ڤیرسای دێتە سەر حوکم، ستالین بەم دەستەواژانە تێبینی لەسەر پەیماننامەی لوکارنوی ١٩٢٥ دا:

( ئەگەر بیر لەوە بکەنەوە گوایە ئەلمانیا بەرگەی ئەو دۆخە دەگرێ ئەمە بیرکردنەوەیەکی سەرسامکەرە. پەیماننامەی لوکارنو.. بۆ ئەلمانیا لەدەست دانی لسایلیزیا و ڕێڕەوەکانی دانزنگ مسۆگەر کرد، بۆ ئوکرانیاش لەدەست دانی گالیسیا، فولهینیای ڕۆژئاوای مسۆگەر کرد، بۆ بەلەروسیا هەرێمەکانی ڕۆژئاوا و بۆ لیتوانیاش فیلنوی مسۆگەر کرد، چارەنوسیشیان هەمان چارەنوسی پەیماننامەی فرەنسا-روسیای کۆن دەبێ، کە فرەنسای لە ئەلزاس و لۆرین بێ بەش کرد، پەیماننامەی لوکارنو لە نێو هەناویدا شەڕێکی ئەوروپیی نوێی حەشارداوە).

بەم شێوە و زۆربەوردی ستالین لە ١٩٢٥ بنکەکانی هەلگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانیی دەست نیشانکرد.

هەندێک لێدوان و بۆچونی بیستەکان کە لەسەر زاری بەرپرسان دەردەچوون بۆ سیاسەتی داهاتوی ئێمە باش بوون.

ئاشتی تەنها ئاگربەستێکی نێوان دوو شەڕە، ئەمە ئەو بڕوایە بوو کە لای ئەو جێگیر ببو ئەمیش وەکو باقی بۆلشەڤیەکان ئەمە بڕوای بووە، کە لە پێناو دەست گرتن بەسەر سەرچاوەی کانزا و کەرەستە خاوەکانی دروست کردنی چەک بە مسۆگەری بەگژ یەکداچوون روودەدا، بەلام کاتی دەست پێکردنی جەنگ وێڕای ئامادە باشی هەردوو سەربازگەکە، نادیار بوو.

لە ناوەراستی بیستەکان ترۆتسکی بە زیادەوە باس لە ناکۆکیەکانی نێوان ئەنگلۆ- ئەمریکی دەکا، ئەو مەزندەی هەلگیرسانی شەڕی دەکرد لە نێوان ئەمریکا و ئیمپراتۆریەتی بەریتانی. ئەمە بۆچونی مەکتەبی سیاسی بوو کە تا ١٩٣٠ جێگیرکرابوو، ستالین پێی وابوو ناکۆکیەکانی نێوان دوو هێزەکەی ئەنگلۆ ساکسۆنی بەسەر ناکۆکیەکانی دەولەتانی ئەوروپیدا زاڵە، لە یەکێک لە بۆنەکان دەڵێ:

(خۆری بەریتانیا بەرەو ئاوابوون دەچێ، لەکاتێکا خۆری ئەمریکا لە هەڵاتن دایە) هەڵاتنی خۆری ئەمریکا مەترسی دروست دەکا، پێ وابوو ئەمریکا لە رێگەی یارمەتیدانی ئەلمانیاوە کار بۆ بوژانەوەی سەرمایەداری ئەوروپا دەکا ، ئەمەو سەرباری ئەوەی ئەمریکا تا ١٩٣٣ دانی بە یەکێتی سۆڤیەت نەدەنا.

هەلوێستی روسیا چی دەبێ ئەگەر شەڕ لە نێوان هێزە سەرمایەدارە مەزنەکان روویدا، کە بە هێزی ئیمپریالیزم ناوی دەبا؟ ئەم پرسیارە زیاتر لە جارێک رووبەڕووی مەکتەبی سیاسی دەبێتەوە بێ ئەوەی وەڵامی بۆ هەبێ.

بۆلشەڤیەکان نەفرەتیان لە هەردوو سەربازگەی شەرکەر دەکرد، لە چاوی جەنگی یەکەمی جیهانەوە سەیری جەنگی دووەمی جیهانیان دەکرد، پێیان وابوو هەروەکو لە جەنگی یەکەمی جیهانی هێزی چینەکان لە روسیا کەوتنە خۆ ئەمجارەیان لە جەنگی دووەمی جیهانی چینەکانی دەولەتە بەشداربوەکانی جەنگ بە هەمان شێوە دەکەونەخۆ، پێیان وابوو لەم رووەو دەبێ روسیا ئاراستەیەکی شۆرشگێرانە دژی ناکۆکیە سەربازیەکان بگرێتە بەر.

بەڵام هەر لە بیستەکانەوە کە گوتوبێژ لەسەر ئەم بابەتە دەکرا ستالین هەلوێستێکی جیای هەبوو. کاتەکەی پێ زوو بووە بکەونە نێو ئەم گێژاوە، کەچی ستالین لە ١٩٤٧ بۆ یەکەم جار گوتارێکی خۆی بڵاو دەکاتەوە کە لە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە ١٩٢٥ دابوی. ئەم گوتارە تیشکێک دەخاتە سەر هەلوێستەکانی ئەوکاتیی، ستالین لە میانەی خەرجیی بەرگریدا وتی:

( دۆخەکانی کە بەرەو جەنگمان دەبەن خەریکە پێ دەگەن، دیارە جەنگ روو دەدا و هیچ گومانێک لەوەدا نیە، ئەلبەت بەیانی و دوو بەیانی نا بەڵکو چەند ساڵێکیتر، هێزەکانی بزوتنەوەی شۆرشگێر لە رۆژئاوا هێزی کاریگەرن، لە بوژانەوە و بەهێزبوندان، بەڵکو بتوانن دەسەڵات لە دەست بورژوا دەربێنن، ئەمە راستە، بەڵام خۆراگرتنیان کارێکی قورسە، لێرە کێشەی سوپامان دێتە پێش کە دەبێ لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکاریانە هێزەکانمان لە ئامادە باشیدابن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە پابەندی ئەوەین دەبێ بەشداری یا دەست بخەینە نێو ئەو رووداوانە.. تا ئێستا دروشم و ئاڵامان ئاڵای ئاشتیە. بەڵام لە کاتی هەلگیرسانی شەڕ نابی دەستەوەستان بوەستین، دەبێ بەشداری بکەین بەڵام دواکەس بین کە بەشدار دەبین، ئەویش بە هەموو قورساییەکمانەوە، ئەو قورساییە دەبێتە یەکلایی کردنەوەی شەرەکە)

دەبێ ئەم دەقە وروژێنەرە لە چوار چیوەی رێکخستنەوەدا بخوێنینەوە، دەستەواژەکە لەسەر هێزی شۆڕشگێڕیە لە رۆژئاوا، تیایدا گومانەکانی گوتاربێژ ناشاردرێنەوە بە روونی دیارن . سەرەڕای مەزنی و پتەوی ئەم هێزانە لەگەڵ ئەوەشدا لە تواناياندا نابێ دەسەڵات لە دەست بورژوا بێننەدەر. بەدیار دەکەوێ کە بە بڕوای ستالین هێزی سەربازی روسیا هێزی یەکلاکەرەوە دەبێ نەک هێزی شۆڕشگێڕی دەرەکی. ئایا سوپای سوور لە روسیا بۆ ئەو ەدەردەکەوێ یارمەتی خۆراگری هێزەکان بدات؟ ستالین خۆی لەم پرسیارە دەشارێتەوە، بۆئەوەی سووربونەکەی بسەلمێنێ کە سوپای سوور پابەندی ئەو یارمەتیدانە نییە، ئەو زیاتر لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هێزەکانی ولاتانی سەرمایەدار تا یەکتری بێهێز دەکەن لەگەل یەکترا شەڕ دەکەن، هەرچەندە بەم روونیە نایڵێ بەڵام ئەمە مەبەستیەتی. ئەوکات سوپای سوور بەشداری دەکا بۆئەوەی تای

تەرازی بەلای خۆیدا دابشکێنی. بەڵکو بەو ڕێگایە بێ کە ئەمریکا لە ١٩١٧ یارمەتیی لایەنێکی دا بۆ یەکلایی کردنەوەی شەڕەکە.

بۆ دۆخە ناهەموارەکە جەخت لەسەر دوو خاڵ دەکاتەوە:

یەکەمیان/ بەرژەوەندی روسیا لەوەدایە ماوەیەکی زۆر وەکو بینەر سەیری رووداوەکان بکەین.

دووەمیان/ سوپای سوور لە هەمووهێزێکی ئێستا و داهاتووی رۆژئاوا گرنگترە.

ئێمە ناتوانین ئەوە دیاری بکەین ئاخۆ ئەم دوو خالە تاچەند لە هزری ستالیندا بوونە لە ١٩٢٥. بەلکو هەر بیرکردنە و بووە بە دەنگێکی بەرز گوتاری لە کۆمیتەی ناوەندی داوە؟ یا ئاماژەیەک بووە بۆ شەڕی نێوان ئەنگلۆ-ئەمریکی کە روسیا هیچ بەرژەوەندیەکی لە تێوەگلاندا نییە، بەڵام ئەوەی بە مسۆگەری روویدا ئەو دوو خالە بوو کە لە دوای رووداانی جەنگی دووەمی جیهانی روسیا پیادەی کردن.

لە کۆتاییەکانی ١٩٢٥ سەرلەنوێ باسی لە سیاسەتی دەرەوە کردەوە، ئەم باسە تایبەتیەکی گرنگی هەیە. لە گوتارێکیدا کە بۆ خوێندکارانی زانکۆی سفیردلوف ی دەدا باسی لە هەلوێستی هەندێک لە ئۆپۆزسیۆنە دبلۆماتکارەکان دەکرد کە لە سەر سیاسەتی دەرەوە هەلوێست دەنوێنن بێ ئەوەی ناویان بێنی. وتی:

( ئەم ئۆپۆزسیۆنانە داوا دەکەن دەستبەرداری کۆمنترن بین و لە ولاتانی ( ئەنتان) ی کۆن نزیک بینەوە و دەست بەسەر ئەو ناوچانەشدا بگرینەوە کە روسیا بە خۆشی خۆی دەستی لێ هەڵگرتبوو. وا پێدەچێ دبلۆماتکارانی روسیی مەبەستیانە بە سیاسەتەکانیاندا بێنەوە و لەو دەستپێشخەریانە پەشیمان بوونەتەوە کە لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزم روسیا داویەتی. بەڵام ئەم چاو پێداخشاندنەوە پێشگرتنە لە سیاسەتەکانی ستالین کە لە ١٩٣٩ لەسەر سیاسەتی دەرەوە گرتنیە بەر بە رێککەوتن لەگەڵ هیتلەر و دواتریش لەگەڵ روزفلت و چرچل. دواجار ئەوەی سیمای گالتەجاریی بەم پێشنیارانە بەخشێ، سەرزەنشتیەکانی ستالین بوون:

( ئەمە تاقە رێگایە هیچ رێگایەکی تر نییە بۆ نەتەوایەتی و تێکشکان، (( بەم شێوازە و دەستەواژانە لە حوزەیرانی ١٩٢٥ واتە دوای بیست ساڵ لە کۆنگرەی بوستدان، ستالین لەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵات دەدوێ <مانطق النفوذ>))، رێگای لەناو بردنی یەکجارەکیی سیاسەتی پرۆلیتاریای ئینترناسیۆنالستیە، ئەوانەی توشی ئەم پەتایە هاتون، ولاتەکەمان وەکو بەشێک لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕێ جیهانی نابینن، بەلکو وەکو سەرەتا و کۆتایی ئەو بزوتنەوە دەبینن، پێیان وایە دەبێ لە پێناو بەرژەوەندی ولاتان قوربانی

بەبەرژەوەندیەکانی خۆمان بدەین،، بۆچی پشتگیری لە بزوتنەوەی رزگاری چین بکەین؟ ئایا ئەمە ئەنجامەکەی مەترسیدار نابێ؟ (بەم شێوە دەپرسن) ئایا ئەمە نابێتە هۆی تێوەگلانمان لە ناکۆکیەکانی ولاتان؟ ئایا باشتر نیە بۆ ئێمە هاوکاری ولاتە پێشکەوتوەکان بکەین بۆئەوەی ناوچەی (ژێر دەسەڵات) لە چین دروست کەین و بەشێک لە ناوچەکان لەبەرژەوەندی خۆمان بەکار بێنین؟ لەو کارە ئاشتی و بەرژەوەندی هەیە... بۆچی پشتگیری لە بزوتنەوەی رازگاریخوازی ئەلمانیا بکەین؟ ئایا ئەو قوربانیەی لە پێناو ئەمەدا دەیدەین ئەوە دێنی ؟ ئایا باشتر نیە لەگەڵ (ئەنتانت) لەسەر ئاشتەوایی ڤێرسای رێککەوین و بۆ هەردوولامان سود وەدەست بێنین؟ بۆچی دەبێ پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ تورکیا و ئەفغانستان بپارێزین؟ باشتر نیە روو لە سیاسەتی (ژێر دەسەڵات) بکەین لەگەل ولاتانیتری مەزن کار لەسەر ئەم پرسە بکەین؟ ئەمە ئەو چوارچیوە هزری نەتەوایەتیە نوێیەیە کە کار بۆ لەناو بردنی سیاسەتی دەرەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکا).

حەزەکانی دبلۆماسیەتی روسیا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵات لەو کاتە زوانەوە مایەی سەرسوڕمانە زیاتر لەو سەرزەنشتیانەی ستالین، هەرچۆنێکی بێ ئەم راو بۆچونانە بۆ سالانی بیستەکان زوو بوو. تواناکانی روسی لاواز بوون بۆ سیاسەتی سازش دەستی نەدەدا لە توانایدا نەبوو ئەوکات بەریتانیا و فرەنسا رازی بکا تا ناوچەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش کەن. دەبێ هەر ئەمەش بێ هۆکاری پێداگری ستالین لە رەتکردنەوەی. پێویستی نەدەکرد بەبێ بەرانبەر سیاسەتی بێگەردی دەرەوەی ناشیرنکا. بۆ ماوەیەکی زۆر دبلۆماسیەتی روسیا نەیتوانی بەرگری لەو دۆخە بکا کە بۆ روسیا گرنگە، بەم دەستەواژانەوە چوە ناو کۆنگرەی شانزەی حزب لە حوزەیرانی ١٩٣٠:

( ئێمە جێ پێیەکمان لە ولاتانی بێگانە ناوێ، بەڵام دەستبەرداری یەک بستی خاکی خۆشمان نابین) ئەمە پاشخانی سیاسەتی دەرەوەی ستالین بوە تا ١٩٣٩.

# بەشی یانزەهەم

## کومنترن و سیاسەتی دەرەوە

## قۆناغی دووەم (١٩٣٤ – ١٩٤١)

- بێدەنگی هەستیاریی ستالین لە یەکەم ساڵی حوکمڕانی هیتلەردا.
- گەڕان بەدوای (بیمەی کۆمەڵایەتی) لە (١٩٣٤-١٩٣٨)
- ستالین لە ١٩٣٥ پێشوازی لە ئایدن، لافال، بینیز دەکا .
- روسیا دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان؛ کومنترن سیاسەتی بەرەکانی گەل دەگرێتە بەر.
- شۆڕشی جیهانی: ( لەیەک تێنەگەیشتنێکی دلتەزێن- گالتەئامێز).
- رۆلی ستالین لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانی لە (١٩٣٦-١٩٣٨).
- دابڕانی روسیا لە کاتی رێککەوتنی میونخ و بەرلە رێککەوتن.
- تۆلە سەندنەوەی ستالین.
- گوتاری لەبەردەم کۆنگرەی هەشتەمی حزب لە ئاداری ١٩٣٩.
- دەستاودەست کردنە دبلۆماسیەکان لە دوا مانگی ئاشتی.
- دوا رێکاریەکانی واژۆکردنی پەیماننامەی روسی- فنلەندیی یەکەم.
- ستالین لە ئابی ١٩٤٠ داوەتنامەی هیتلەررەت دەکاتەوە بۆسەردانیکردنی بەرلین .
- روخانی خێرای فرەنسا ستالین توشی شۆک دەکا.
- ململانێکانی روسی- ئەلمانی لە بەلکان.
- نێردەی ژاپۆن لە کرملێن.
- ستالین وەکو سەرۆک وەزیران لە ٦ی ئایاری ١٩٤١،هەولی ئاشتەوایی لەگەڵ هیتلەردەدا.
- زیان و قازانجەکانی دبلۆماسیەتی ستالین لە (١٩٣٩و١٩٤١).

کاتێک کودەتای نازیستەکان لە ئەڵمانیا روویدا، ستالین بیری لەوە نەکردەوە بە سیاسەتەکانی دەرەوەیدا بچێتەوە، چاودێری خۆڕاگری رژێمی نازیی دەکرد، لە چاوەڕوانی ئەوەدابوو ئاخۆ هیتلەر لەسەر هەمان سیاسەتەکانی رابالو دەڕوا کە پێشتر پیادەی دەکرد، یا پیادەی سیاسەتەکانی دەکا کە لە کتێبەکەی بەناوی ( خەباتی من) دا هاتوە و لەم روانگەشەوە هەلوێستێکی دژایەتی لە روسیا وەردەگرێ؟.

بەم هۆیەوە ستالین هیچ هەلوێستێکی نەنواند کە هیتلەر پێی تورە یا بوروژێ. چاوەڕوان دەکرا بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەڵمانی کە هیتلەر سەرکوتی دەکردن، خۆیان رادەستی هیتلەر بکەن بۆئەوەی دۆخەکان لەبار بن بۆ پەیوەندی دۆستانە لە نێوان روسیا و ئەڵمانا بەم گوتەیە بە سەرسوڕمانەوە ئەو بۆچونە لە گۆڕنرا کە گوایە روسیا دەست لە کاروباری ناوەخۆی ئەڵمانیا وەردەدا، رێکەوتننامەی رابالو و پەیماننامەی بێلایەن و دۆستایەتی کە لە ١٩٢٦ واژۆیان لەسەر کرابوو کاری پێدەکرا. لە ١٩٣١ نوێکرایەوە و لە ١٩٣٣ هەندێک گۆڕانکاریشی تێداکرا، واتە بەر لە چەند هەفتەیەک لە هەلبژاردنی هیتلەر بە راوێژکاری ئەڵمانیا.

لە راستیشدا سەرکوتکردنی سەرجەم ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەڵمانیای لەلایەن هیتلەرەوە هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنیی لەسەر پەیوەندیەکانی هەردوولا نەبوو بەقەدەر ئەو کاردانەوانەی لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان بەرلین و پاریس ولۆندۆندا هەبوون. گومان لەوەدانیە ستالین لە نێوەندە دبلۆماسیەکانی ئەڵمانیدا گرەوی لەسەر هێزە کۆنەکەی بسمارک دەکرد، ئەویش ئەو دبلۆماسیەتە بوو لەسەر بنەمای دورکەوتنەوەی رایخ  لە رووبەرووبوونەوە لەگەل روسیا دارژرابوو. بەم شێوە لە ساڵی یەکەمی حوکمڕانی راوێژکاری ئەڵمانیا، ستالین بە یەک تاقە وشە باسی لە رووداوەکانی ناوەخۆی ئەڵمانیا ناکا، سەرەڕای ئەوەی ئەم بێدەنگیەی بوە مایەی بێزاری و سەرسوڕمانی لایەنگرانی کۆمنترن.

تا کۆنگرەی حەوتەمی حزب لە کانونی دووەمی ١٩٣٤ ستالین بێدەنگیی ناشکێنێ،  خۆی لە لێدوان لەسەر ئەنجامە دڵتەزێنەکانی چەپی ئەوروپی بێدەنگ کرد، بە رێگەیەکی خەیالیش جەختی لەسەر ئەو بۆچونە بێبنەمایە دەکردەوە کە دەڵێ فاشیزم  تەمەنی درێژ نابێ (دەربڕی لاوازی سەرمایەداریە). کەچی کودەتای نازیستی بە (سەرکەوتنی هزری تۆڵەی ئەوروپی) دەناسێنێ. تێبینی ئەوەیکرد کە ئەو رەوتەی نێو سیاسەتی ئەڵمانیا دژبە روسیایە بەسەر نەریتی بسمارکی کۆندا سەردەکەوێ. سەرەڕای ئەمانە هەمووی

هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی سووربونی روسیا لەسەر پاراستنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ رایخی سێیەم بپارێزێ هەروەکو ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵ کۆماری فایمار هەیبو:

(هەندێک سیاسەتمەدار دەڵێن یەکێتی سۆڤیەت خەریک بوو لە فەرەنسا و پۆلۆنیا نزیک بێتەوە و ببوە لایەنگرانی ئاشتەوایی ڤێرسای کە پێشتر دژی بوو، لێکدانەوەی ئەم گۆڕانکاریە دەگەڕێننەوە بۆ دروست بوونی رژێمی فاشی لە ئەلمانیا. بەڵام ئەم بۆچونانە لە نێو راستیەکاندا جێگایان نابێتەوە، بە دڵنیاییەوە ئێمە دوورین لەوانەی پەرۆشی رژێمی فاشیی ئەلمانیا بین. بەڵام فاشیزم بابەتی لێکۆلینەوەکەمان نییە، پرسەکەش پرسی گۆڕینی هەلوێستەکانمان نییە لە ئاشتەوایی ڤێرسای. ئێمە ئەو کەسە بوین کە تاڵی پەیماننامەی (بریست-لیتوفسک)مان چێژت، ئێستا ئاشتەوایی ڤێرسای بەرز نا نرخێنین، مەبەستەکانمان ئەوەیە ئێمە دژی ئەنجامی پەیماننامەیەکین جیهان رووبەڕووی شەرێکی نوێی کاولکار ببێتەوە).

رووداوەکانی داهاتوو مەترسیەکانیان دوو بەرابەر کردن، پۆلۆنیا و ئەلمانیا واژۆیان لەسەر پەیماننامەی دەستدرێژی نەکردنە سەریەکدا کرد، لێکدانەوەکان بۆ ئەوە چون کە ئەلمانیا مەبەستیێ نیازە کۆنەکانی پۆلۆنیا جێبەجێ بکا لە چاوتێبرینی ئۆکرانیا. ئەم چاوتێبرینە مارشال (بلسودسکی) رایگەیاند گوایە مەزنترین چاوتێبرینەکانە، بەڵام کاتێک پۆلۆنیا پەیمانامەی دەستدرێژی نەکردنە سەریەکی لەگەل روسیا واژۆ کرد نەختێک ئاسودە بوو. دواتر روسیا بۆ بەرلین پێشنیار دەکا پەیمانێک بۆ پاراستنی سنورەکان و سەربەخۆیی ولاتانی بەلتیکی بچوک لەگەڵی واژۆ بکا، کە سێ لەو ولاتانە وەکو رێرەوێکی سەربازی دێت بۆ هەر دەولەتێک کە بیەوێ هێرش بکاتە سەر روسیا، هیتلەر ئەم پێشنیارە رەت دەکاتەوە، چونکە نایەوێ پابەندی ئەم سنورداریە بێ. لەو کاتەوە روون بۆوە پاراستنی سنورەکانی روسیا لای ستالین لە ئەرکەکانی پێشەوەن، دۆخەکان بۆ روسیا ئارام نەبوون سنورەکانی لەرووی ولاتانی بەلتیکەوە والان بۆ هەر دەولەتێک کە بیەوێ هێرش بکاتە سەر روسیا بە تایبەت لە رێگەی سنورەکانی پۆلۆنیاوە کە تا ئەوکات هەلوێستەکانی پۆلۆنیا روون نەبوون ، هەلوێستی روسیا جگە لە گۆمی دانوبەوە بۆ هێرش کردنە سەر باشورەکەی کراوە و ئاسان بوون، ئەوەتا چیکسلۆڤاکیا و رومانیا و بولگاریا تا هاوینی ١٩٣٤ پەیوەندیی دبلۆماسیان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا نەبوو، بەم شێوە بۆ یەکم جار لە پەیماننامەی رابالۆوە بۆ ستالین روون بۆوە کە پێویستە بە سیاسەتی دەرەوەیدا بچێتەوە.

ئەو یاریەی دبلۆماسیەتی روسیا لە سیەکان لەگەڵ ناحەزانی ئەلمانیای رۆژئاوایدا کرد، بە قورسترین یاری لە مێژووی نوێدا دێتە ئەژمار، وا پێدەچێ ئەو رۆلەی ستالین گێرای بە قورسترین رۆل ئەژمار کرابێ.

ئالۆزی یاریەکە لە فرە جۆری مەبەست و جولەی لایەنەکاندا نەبوو، نە خێر بە پێچەوانەوە، لە ئاسایی و لەیەکچونیانەوە بوو، حالەتی گرژی و توندی و چەقبەستویی زۆر لە یاریی شەترنج دەچوو، ئەوەتا سەرجەم دوژمنانی ئەلمانیا لە خەیال و فەنتازیادا دەژیان، بەرچاویان رون نەبوو ئاخۆ دەبێتە شەڕ یان نا، هەموویان لە گۆشەگیریدا بە ترسەوە دەژیان، هەندێکان دەستپێشخەریان دەکرد بۆ بەستنی پەیمان و دۆستایەتی لە ترسی روودانی حالەتی جەنگ، لە ترسی نزیک بوونەوەی جەنگ هەریەکە و لەگەڵ لایەنێک پابەندی سەربازیان رادەگەیاند.

لای هەر ئەندامێکی ( هاوپەیمانی مەزن) ئومێدێک هەبوو کە ئەو توانا مەزنەی سەربازیی ئەلمانی بتوانێ شەرەکان لە بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکان دورخاتەوە، ئەم ولاتانە تواناکانیان خستە بەردەست هێزەکانی ئەلمانی کاتێکیش هیتلەر سودی لەم توانایانە وەرگرت دەولەتەکان بە لاوازی مانەوە، لایەنە پەیوەندیدارەکان لە جولە و نواندنی هەلوێستەکاندا بوون هەر گاوە و یەکێکیان بە هەلوێستێک جولە بە یاریەکە دەکا، بەم شێوە سەرەڕای لەیەک چونی جولە و یاریەکان، هەر لایەنە و خۆی لەویتری بە بەهێزتر دەزانی.

فرەنسا وبەریتانیا لە نێو رازی کردنی دوژمندا دەخولانەوە، بەڵام روسیا ئازایانە ئاڵای بیمەی کۆمەڵایەتیی بەرز کردبۆوە. بەریتانیا لە بۆنەیەکدا شانازی بەرۆڵی خۆیەوە دەکا، کەچی روسیا ئەوکات لە نێو سازشیە ناشیرنەکاندا لەگەڵ ئەلمانیا تێوەگلابوو. دوای ئەوە بەدرێژایی ماوەی (هاوپەیمانێتی مەزن) دەبێتە ماوەی لەیەکتر بوردن، ئەوەندە نابا دوای ئاگربەست دەبێتە سەردەمی یەکتر تاوانبار کردن.

+ + +

بە درێژایی ساڵی ١٩٣٤ ستالین لە هەولی ئەنجامدانی پەیماننامەیەکی خۆپاراستن دابوو، وردەوردە هەلوێستی دەگۆردرێ لە دژایەتی کردنەوە بۆ دۆستایەتی کردنی لایەنگرانی ئاشتەوایی ڤێرسای.

لە ئەیلولی هەمان ساڵ روسیا دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، تا ئەوکات کرملین و کۆمەڵە پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا پچراندبوو، لینین کۆمەڵەی نەتەوەکانی بە ( ئەشکەوتی دزەکان) ناو بردبوو،

یا ئەو ڕێکخراوەی کاری بریتیە لە سەپاندنی ئاشتەوایی ڤێرسای و چەسپاندنی داگیرکاری و لەناوبردنی بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی سەرجەم دونیا. ستالین خۆی بەم شێوە ڕەخنە و بیانوی دەگرت: بۆئەوەی دەولەتێک بچێتە ریز کۆمەڵەی نەتەوەکان دەبێ لە نێوان چەکوش و سندانا یەکێکیان هەلبژێرێ، (ئەمە بە گوتەی راستی هاوڕێ لیتفینوف). بەڵام ئێمە نامانەوێ ببینە چەکوشی بەرزکراوە لەسەر نەتەوە لاوازەکان، هەروەها نامانەوێ ببینە ئەو دەزگایەی (سندان) چەکوشی نەتەوە بەهێزەکانی پێدەکەوێ). لەگەڵ ئەوەشدا تۆلەی ئەلمانیا لە ئاشتەوایی ڤیرسای خەراپترە. لیتفینوف بە پەلە دەبێتە لایەنگرێکی بەسۆزی دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە بتوانێ ڕێگری لە دەستدرێژی بکا و سزای دەستدرێژ بدا. ئێستا پەرۆشە نوێکەی ستالین بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان بوە خەیاڵی ئاشتەوایی. ئەم هەلوێستەی بەتەواوەتی وەکو ئەو هەلوێستە دەبێ کە هەولێ دامەزراندنی پەیماننامەی ڕۆژهەلاتی دەدا لە نێوان هەریەک لە روسیا و ئەلمنیا و سەرجەم ولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەلات بۆ بەهاناوە چونی یەکتری لە هەر هێرشێکی دوژمنکارانە کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، هەولەکانی روسیا بۆ دامەزراندی (لوکارنو)ی ڕۆژهەڵات پشتگیری تەواوی لەلایەن وەزیری دەرەوەی فرەنسا وەدەست هێنا بەڵام بەهۆی ڕەت کردنەوەی ئەلمانیا و پۆلۆنیا شکستی هێنا.

لە سەرەتای ١٩٣٥ ەوە ستالین وازی لە هەولەکانی دامەزراندنی سیستەمێکی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا هێنا، رووی لە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەورپای ڕۆژئاوا کرد. لە ئاداری هەمان ساڵ لە کۆشکی کرملێن پێشوازیی لە ئەنتونی ئادن Anthony Eden ، وەزیرە داهاتوەکەی دەرەوەی بەریتانیا کرد کە تەنها وەزیرێکی سانەوی بوو، پاش ئەوەی سەردانی براگ و وارشۆ دەکا سەردانی مۆسکۆش دەکا.



Anthony Eden

له هه‌مان کاتدا جون سایمون که یه‌کێکه له وه‌زیره باڵاکانی به‌ریتانیا له سه‌ردانی هیتله‌ردا بووه له به‌رلین، هه‌ر چۆنێکی بێ پێشوازیه‌کی شایسته و گه‌رم له کرملین له ئه‌نتونی ئادن کرا ، دوای چه‌ندین ساڵ له ساردی په‌یوه‌ندیه‌کان و خۆ دورخستنه‌وه، ئه‌مه یه‌که‌م وه‌زیری خاوه‌ن شکۆ ده‌بێ به سه‌ردانێکی فه‌رمی بگاته مۆسکۆی سوور، دۆخه‌کان وه‌کو توانه‌وه‌ی سه‌هۆڵه‌کانی لێ به‌سه‌رهات، ستالین به په‌له ئه‌م ده‌رفه‌ته دقۆسته‌وه، له تاریکایی ئه‌میندارێتی نهێنی حزب ده‌رده‌چێ بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رپه‌رشتی ئاهه‌نگی پێشوازیی میوانی به‌ریتانی بکا. فه‌رمانی لێدانی سرودی نیشتمانی پادشایه‌تی به‌ریتانیی دا، که ئه‌مه به‌زاندنی هه‌موو نه‌ریته‌کانی به‌ڵشه‌فی و دبلۆماسییه. به‌ڵام گومانی ئه‌وه هه‌بوو که ئه‌م سه‌ردانه به ئه‌نجامێکی باش کۆتایی دێ. هه‌ر واش ده‌رچوو. له ئایار دوای ئه‌وه‌ی هیتله‌ر سیسته‌می سه‌ربازی به‌زۆر ده‌سه‌پێنێ، دوو میوانی گرنگ ده‌گه‌نه مۆسکۆ ئه‌وانیش (لاڤال و بینیز ) ده‌بن. په‌یماننامه‌ی روسی- فره‌نسی و روسی- چیکی ده‌به‌ستن، ستالین خۆی پێشوازیی له هه‌ردووکیان ده‌کا له کاتێکا به فه‌رمی خۆی ئه‌ندامی حکومه‌تی سۆڤیه‌تی نابێت، به‌شداریی له دانوستانه سیاسیه‌کان و پێشوازی و به‌شداریی له ئاهه‌نگی میوانه‌کان به‌شێکی شه‌رمه‌زاریه له نه‌ریتی بۆلشه‌ڤیه‌کان و رێکاره دبلۆماسیه‌کان.



Pierre Laval

له کاتی سەردانەکەی لاڤال رووداوێکی نەخوازراو روویدا ئەوەندەی نەمابوو ئاژاوەی لێ بکەوێتەوە، لاڤال لەگەرانەوەیدا دەڵێ: ستالین منی سەرفراز کردوە پشتگیری لە توند کردنی هێلەکانی بەرگریی بکەم، تا ئەوکات حزبی کۆمۆنیستی فرەنسی بەشێک بوو لە کۆمنترن، دژی بەرگری نیشتمانی فرەنسا بوو، نوێنەرانیشی لە هەموو بۆنەکان دژی بودجەی سەربازی دەنگیان دەدا، خەباتگێرانی پرۆپاگەندەی شۆڕشگێریان لە نێو ریزەکانی سوپای فرەنسی بڵاو دەکردەوە.، ئەم لێدوانەی ستالینیان بە پشتگوێ خستنی دەنگی حزبی فرەنسی دەزانی، مەترسیەکە ئەوەبوو ستالین لاڤال دەست نیشان دەکا لە جیاتی ئەو لێدوان بدا، چونکە ئەو پیاوە لای چەپە فرەنسیەکان بە دلپیس ترین و دژترین کەس دەزانن. ئەندامە کۆمۆنیستەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ماوەیەک بەردەوام بوون لە دەنگدان لە دژی بودجەی سەربازی. نەریتی دژایەتی سەربازی هەر بەردەوام دەبێ، ئەمەش بڵێین کە لاڤال لە سەرەتا مەبەستی نەبووە پەیماننامەکە جێبەجێ بکا، بۆیە ماوەی پێشکەش کردنی بە ئەنجومەنی نوێنەرانی دواخست، رێگەشی بە سوپای فرەنسی نەدا لەگەڵ روسەکان باس لە پرسی سەربازی و بەرگری بکەن، بۆیە هیچ پاساوێک نەبوو هانی کۆمۆنیستەکان بدا پشتگیری لەو بودجە سەربازیە بکەن کە لاڤال دایناوبوو، هەرچۆنێکی بێ لێدوانەکەی ستالین پێشەکی گۆڕانکاریەکی مەزنە کە بەسەر کۆمنترندا دێت.

ئەم گۆڕانکاریە لە کۆنگرەی حەوتی ئینترناسیۆنال راگەیندرا کە لە هەمان ساڵدا بەسترا. هەموو دروشم و پێناسە تەکتیکیەکانی لە ١٩٢٨ ەوە بەکار دەهات کە دەگوترا (فاشیزم و دیموکراسی دووانەی یەکن هیچیتر نین و رێگری لە هاوکاریی لەگەل سەرکردانی سۆسیال دیموکرات دەکرد)، هەموو ئەمانە بەبێ دەنگی لە کۆگای کۆمنترن نێژران، راگەیەندرا کە بەرگری لە دیموکراسی دژی فاشیزم ئەرکی سەرەکیی بزوتنەوەی کرێکاریە. بانگی سۆسیال دیموکارتەکان و کۆمۆنیستەکان دەکرد هاوکاری یەکتری بکەن بۆ پێکهێنانی (بەرەی گەلەری) کە هەموو حزب و دەستەی چینی مامانوەند – لیبرالی رادیکال و تەنانەت کۆنەپارێزیش لەخۆ بگرێ، بەمەرجێک هەموویان بۆ بەرەنگار بوونەوەی فاشیزم ئامادەبن. ئەمە مەترسیدارترین بادانەوە نیە لە نەخشەی تەکتیکی کاتی خۆی، بەڵکو لە پەیڕەوی ناوەخۆی کۆمنترنیش، لە ( بیست و یەک مەرجەکەی ئەندامێتی)ی بەناوبانگ کە لینین و زینوڤییف بە ڕاشکاوی رایانگەیاند، کۆمۆنیستەکان نابێ بەهۆی داواکاری و دروشمەکانی دژ بە سەرمایەداری خۆیان لە لیبرالیستی چینی مامناوەند دورخەنەوە، ماوەیەک بەسەر کۆنگرەدا تێدەپەرێ، ئەوە روون دەبێتەوە کە کۆمۆنیستەکانی ولاتانی دیموکرات بۆ بەرگری نیشتمانی لە هەموو کەس بە پەرۆشترن. کۆمنترن هێرش دەکاتە سەر کرێگیراوانی عەسکەرتار و بانگخوازانی ئاشتەوایی لە نێو ریزی چەپڕەوان و بە دەنگی

نەشازیان دەزانێ،  لە کاتێکا وەکو هاوپەیمان پێشوازیی لە کەسانی راسترەوی دژ بە ئەڵمان دەکرد لە نمونەی ماندیل لە فرەنسا و چرچل لە بریتانیا. مانویلسکی گوتەبێژی ستالین لە کۆمنترن هێرشی دەکردە سەر سۆسیالیستە فاشیستەکان بە جورجی دیمتروف ناوبانگی دەرکرد، ( پالەوانی دادگای لایبزگ لەسەر ئاگری رایخستاگ)، ناوی بوو بە سمبولی خەباتی دژی فاشیزم. ئێستا ستالین هەموو دەرفەتەکانی بۆ رەخسا تا پشتگیریەکی تەواوی دیمتروف بکا، بەوهۆیەوە سەرۆکی بولگاری لە هیچ بۆنەیەک لێی دوور نەدەکەوتەوە.



Winston Churchill

ئایا ستالین بە راست مەبەستی بوو هاوپەیمانی لەگەڵ دیموکراتخوازە رۆژئاواییەکاندا بکا؟ واپێدەچێ کە رووداوەکانی ١٩٣٩ دەبنە پاساوی ئەوەی گومان لەوە بکەین، بەڵام ئەوەتا لە ١٩٣٦ سەرۆکی نێردەی سەربازی فرەنسی لە روسیا ئەمەی نوسیوە :

( روسیا هەست دەکا شەپۆلێکی شەڕ لە رۆژهەلاتەوە بۆی دێ، بۆیە هەوڵدەدا ئاراستەی بەرەو رۆژئاوا بگۆڕێ ، ئەو نایەوێ لەگەڵ ئەوروپا بکەوێتە شەڕ، خۆی بۆ ناوبژیوانی ئەوروپا ئامادە کردوە، ئەمەش هەمان ئەو رۆلەیە کە ئەمریکا لە ١٩١٨ دەیگێڕا، دەبێ گوتاری ستالین لە ١٩٢٥ کە تیایدای وتی روسیا لەم شەڕە مەبەستیەتی وەکو بینەر بەشدار بێ، وادیارە ئەم بۆچونەی راستە کە مەبەستیەتی، بەڵام جەنەراله فرەنسیەکە کاتێک ئەم راپۆرتەی دەنوسێ چاوی بەم گوتارەی ستالین نەکەوتوە. لەگەڵ

ئەمەشدا ستالین لە دژی هیتلەر لە ساڵەکانی ١٩٣٥و ١٩٣٧، هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکدا بووە، ئەمە ئەو هێلە بووە کە ئومێدەکانی تیا بینیوە. هەموو ئاماژەکان ئەوە دەسەڵمێنن کە نەریتەکانی بسمارک لە دبلۆماسیەتی ئەلمانیا شکستی هێناوە. لە ڤیستیفالی نورنبێرگ لە ١٩٣٦ هیتلەر وەکو بەشێک لە ئەلمانیا باسی ئوکرانیا وسیبیریا دەکا، گوتارەکەی بە دەستەواژەی توند و تورە دەردەبڕێ وەکو ئەوەی هیچ دەرفەتێکی بۆ لەیەک تێگەیشتنێکی کاتیی بۆ ستالین نەهێشتبێتەوە.

لە کۆتایی هەمان ساڵ سەرکردەکانی ولاتانی خولگە (محور) کۆدەبنەوە بۆ واژۆکردن و راگەیاندنی پەیماننامەی دژ بە کۆمنترن. بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەگژ یەکدا چون لە سنورەکانی نێوان روسیا و ئەلمانیا لە نێوان هێزەکانیان بەردەوام بووە، بەم شێوە ئاماژەکان وا نیشان دەدەن کە ئاگرەکە لە ئاسیا و ئەوروپاوە بۆ روسیا دەچێ. بۆیە دەبوایە ستالین تۆرێک لە هاوپەیمانێتی ببەستێ نەک تەنها بەهۆی دوژمنداریێتیی فاشیەکانەوە بەڵکو لەبەر پێویستی دۆخەکە و بەرگری لەخۆ کردن.

کاری سەرەکیی رازی کردنی ولاتە رۆژئاواییەکان دەبێ بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵیان، ستالین پێویستی بەم هاوپەیمانێتیە هەبوو ئەگەر دەستاو دەستیشی پێ بکەن ناچارە بەردەوام بێ لە هەولەکانی، بەڵام ئەوەی توشی شۆک و بێ ئومێدیی کرد ئەو پەیماننامەی روسی-فەرنسی بوو کە وەکو مەرەکەبی سەر کاغەزی لێ هاتبوو هیچ کاری پێ نەدەکرا، تەنانەت دوای روخانی حکومەتی لاڤال بەرەی گەل گلەیی لە دەسەڵات دەکرد. فرەسنا و بەریتانیا لە بەرانبەر بە گێچەلکاریەکانی هیتلەر بێ دەنگ مابوون، جولانەکانی ئەلمانیا لە خۆپڕچەک کردنەوە تا چونی سوپاکەی بۆ ناو رایلاند و دەست بەسەردا گرتنی، ستالین لەو کەسانە نەبوو وا بیر بکاتەوە کە خەمەکانی ئەوروپا لە لاوازی یا کورتبینیانەوەیە؟ پاش تێپەربونی ٣ ساڵ بەسەر بڕیارەکەی هیتلەر لە بەزۆرکردنی خزمەتی سەربازی، سوپای ئەلمانیا بە سوپایەکی بەهێز نایەتە ئەژمار، ستالین وەکو زۆربەی سیاسەتمەدارانی تر بە چاوی جەنگی یەکەمی جیهانی سەیری سوپای فرەنسی دەکا کە چۆن بە هێز و رازاوەیە، دواتر بۆمان روون دەبێتەوە کە تا ١٩٤٠ لەسەر ئەم بڕوایە بووە. راوێژکارە سەربازی و دبلۆماسیەکانی دەڵێن راستیەکەی، رکابەرانی هیتلەر دەتوانن بە بچوکترین رێکاری سەربازی سنورێک بۆ هەڕەشەکانی هیتلەر دانێن ؟، ئایا روون نەبوو کە هاوپەیامنێتی بورژوای ئەلمانیای مەزن لەگەڵ سەرباز و نازیستەکان، بۆ ئامانجی راستکردنەوەی هەلەکانی ئاشتەوایی ڤێرسای نییە بەڵکو بۆ چاوتێبڕینەکانی ئەلمانیای ئیمپریالیە، ئەوەتا بە مەزن بوونی سوپاکەی چاوتێبڕینەکانیشی مەزنتر دەبن؟ ئێستا بۆمان دەرکەوت لاوازی و کورتبینی رۆژئاوا لە

سەرەکەوتنی نازیەکان یەکێک بووە لە هۆکارەکان.  بەڵام ستالین لە و مەزندەدا نەبووە کە سیاسەتمەدارە دیموکراتخوازە بورژواکان ئەم هەڵە مەزنە دەکەن.

وا پێدەچێ بێدەنگیی فرەنسا و بەریتانیا بۆ ئەوەبوە  سود لە بەهێزبونی ئەلمانیا وەرگرن بۆ ئەوەی بەگژ روسیاوەی بنێن، هەر بەدروستی وەکو ئەو پلانەی خۆی دایناوبو تا هێزی ئەلمانیا بەگژ رۆژئاواوە بنێ و خۆی رۆڵی ناوبژیوان ببینێ. ئەگەر ئەو ئاراستەی دبلۆماسیەتی رۆژئاوا گرتیەبەر بە پیلانی دژ بە روسیاش دانەنرێ بەڵام ئەوە ئامانجی بووە، لێرەوە ناچار دەبێ خۆی ئامادە بکا بۆ هەر ئەگەرێک، بێگومان بیرۆکەی هاوپەیمانێتی لەگەل روسیا لەلایەن دەسەڵاتدارانی فرەنسا و بەریتانیا لە مشتومڕ دابوو. هەرچەندە دوژمندارێتیە کۆنەکە لەگەڵ روسیا هیچی لەسەر هیچ نەمابوو، هەندێکیش وەکو قەلا و قەلغانێک سەیری نازیەکانیان دەکرد لە بەرسینگ گرتنی فاشیستەکان، کە ئەم قەلغانە بکرێتە هێزێکی دەستوەش، ئەوانەی رازیش نەبوون هاوپەیمانیتی لەگەڵ روسیا ببەسترێ پرسیاریان دەکرد، دەبا ئەلمانیا حسابەکانی لەگەل روسیا یەکلایی کاتەوە دواتر بیر لە هاوپەیمانیتی لەگەڵ روسیا بکەنەوە.

دژایەتی بیروباوەر لە دوای هەموو یاریە دبلۆماسیەکان و دۆستایەتی و لەیەک دورکەوتنەوەیەکدا بوو. ستالین هەولیدەدا لە رێگەی هاوپەیمانێتی و نیان رەفتاری و میانڕەویی لەگەڵ رۆژئاوا گومانەکانیان بڕەوێنێتەوە.  تارمایی جەنگی جیهانی مەزنترین خەم بوو کە دەبوایە لێی رزگار بن، کاتێک رۆژنامەوانێک دێتە سەر باسی شۆڕشی جیهانی، ئەمیش وا دەڵێ:

( ئێمە هەرگیز ئەم جۆرە نیاز و بەرنامانەمان نییە.. ئەمانە زادی لەیەک تێنەگەیشتنن و هیچیتر نا) رۆژنامەوانەکە بە پرسیارێکیتر قسەی پێدەبڕێ :

(جگە لە لەیەک تێنەگەیشتنی دڵتەزێن؟) ستالین وەڵامی دەداتەوە:

(نەخێر، بەڵکو لەیەک تێنەگەیشتنی گالتەیی. بەڵکو جەرگ بڕ و پێکەنیناویش، هەردووکیان) پێداگریی نیشانەی تێکەلاویە لە راست و درۆ.

بۆلشەڤیەکان بەرنامەی ناردنە دەرەوەی شۆڕشیان نەبووە، بڕوایان وابووە هەموو شۆڕشێک لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی دروست دەبێ و پێدەگا، بەڵام چاویان لەوەبوو پەلە لە پێگەیاندنی بکەن..کەچی بورژوای رۆژئاوا بڕوای پێناکا پرسەکە بە لەیەک تێنەگەیشتنێکی جەرگبڕ یا پێکەنیناوی یا بە هەردووکیان دەزانی.

بڕواکردنیان بە نیازپاکی ستالین لەسەر بنەمای بیرەوەریەکانی رابردوو نابی، تا ئەوکات ستالین نەیتوانیوە خۆی لە مۆتەکەی شۆڕش رزگارکا هەروەکو مرۆڤ نەیتوانی خۆی لە سێبەری دەرباز کا. هەرچەندەی دروشمی میانڕەوانە و دیموکراسیانەی بۆ بەرەی میللی دانا سودی ئەوەی نەبوو بتوانێ توناکانی شۆڕش لە نێو ریزەکانی گەڵ لەناو بەرێ، ئەو دەبوایە ئەو توانایانە ببوژێنێتەوە و لە خزمەت خۆیدا بەکاری بێنێ .

لەوکاتانە بەرەی گەڵ لە هەلبژاردنەکانی فرەنسا و ئیسپانیا سەرکەوتن بەدەست دێنی بەهۆیەوە ئاستی هێزی دوژمنایەتی چینی کرێکار دژی سەرمایەدار بەرز دەبێتەوە، سەرکردە کۆمۆنیستەکانی فرەنسا و ئیسپانیا ناتوانن بە پێچەوانەی ئەم رەوتە هەنگاو بنێن بۆیە دەبێ لەگەڵ رای گشتی گەڵ دابن، مانگرتن و خۆپیشاندانەکان کە پێشتر ئەمەی بەخۆوە ندیبوو فرەنسا دەهەژێنن، ئیسپانیا دەکەوێتە نێوان کەلبەی شەڕ، ئەوروپاش بەگشتی رووبەڕووی فشاری کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، لە ژێر فشاری مۆسکۆ کۆمۆنیستەکان هەولی بێدەنگکردنی ئەم جولانەوە دەدەن، بەڵام رووداوەکان ترس لە دڵی چینی مامناوەند دروست دەکا، بەو هۆیەوە سۆزیان بۆ فاشیزم دەچێ و ترسیشیان لە روسیا زیاد دەکا. ئیتر بەرەکانی گەل بە تەکتیکێکی رۆژئاوا دژی ئامانجەکانیان دەبنەوە. بە پێێ نەخشەیەک بورژوای رۆژئاوا کار لەسەر ئاشتەوایی لەگەڵ روسیا دەکا، بەم جۆرەش زیاتر لەیەک دوور دەکەونەوە: ئامانجەکەش، یەک بەیەک بریتی دەبێ لە فشار خستنە سەر حکومەتەکانیان بۆ ئەوەی ئاشتەوایی لەگەڵ روسیا ئەنجام بدەن؛ بەم هەنگاوە مەودای نێوان هاوپەیمانەکانی مەبەست زیاتر دوور دەکەوێتەوە پاش ئەوەی بەهێزتر دەبێ.

چینە باڵاکانی فرەنسا و ئینگلتەرا سەیری بانگەوازەکەی لیتفیتوف یان کرد کە داوای بیمەی کۆمەڵایەتی دەکا و نوکە لە بەرژەوەندیە کانی فرەنسی و بەریتانی دەدا، وەکو بەستنەوەی ئەم داواکاریانە بە خۆپیشاندانەکانەوە و کردنی ماوەی کارکردنی هەفتە بۆ چل کاتژمێر و بەرز کردنەوەی رۆژانەی کرێکاران و چەند چاکسازیەکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش وەکو دەرهێنانی جلەوی ئابوریە وەستاوەکەیە لەدەست فرەنسا.

جێبەجێکردنی ئامانجە شۆرشگێریەکان دەبێ لە رێگەی هەلگیرساندنی شۆرشێکی راستەقینەوە بێ، بەڵام بەجێ گەیاندنی ئەنجامێکی نەرێنی واتە وروژاندنی کاردانەوەی دژبە شۆرش، دەبێ هەلوێستی شۆڕش ئەوەبێ سێبەری خۆی نیشانبدا.

ڕەوتی کۆنەپەرست لە فرەنسا لە ئەنجامی پەیماننامەی میونخ لە هەلکشاندایە، بەرەی گەل لە روخانە،، هاوپەیمانیتی روسی-فرەنسی لەوە زیاتری پێ جێبەجێ ناکرێ. لیتفینوڤ لە ١٩٣٨ بۆ یەکێک لە دبلۆماتکارەکان ئاوەها دەڵێ: ( فرەنسا بڕوا بە یەکێتی سۆڤیەت ناکا، یەکێتی سۆڤیەتیش بڕوا بە فرەنسا ناکا).

شەڕی ناوەخۆی ئیسپانیا کێشەی لە هەمان شێوە بۆ ستالین دروست دەکا، هیچ سوپاسی ناوێ کاتێک پێشوازی لە شکستی فرانکۆ دەکا، ئەمە لەبەر ئەوە نیە کە لەگەڵ سیاسەتی دژایەتی فاشیزم دێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەگەر حوکمێکی فاشی لە باشوری چیای بیرینی دروست بێ دەکرێ زیاتر فرەنسا شەرمەزاری ئەڵمانیا بکا، دیارە شەڕی ناوەخۆ هەمیشە کۆمەڵێک لێکەوتەی شۆڕشی لێ دەردەچێ. بەڵکو چینی کرێکار و هێزی سوپای بەرگری لە حکومەتی کۆماری هەوڵ دەدا دکتاتۆریەتی پرۆلیتاری کۆمۆنیستی یا ئاژاوەگێڕی کۆمۆنیستی دامەزرێنێ. جوتیارە بێ بەشەکانی ولاتێک کە سیستەمە دەرەبەگایەتیی لە سیستەمی دەرەبەگایەتی روسیای کۆن دەچێ، بەڵکو شۆڕشی کشتوکاڵی رادەگەیەنن. بەڵام ئەگەر ئیسپانیا لە شێوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری کۆپی کرد ئەوکات ئەو لەتبونە لە ئەوروپای رۆژئاوا رووناداء، ئەگەرەکانی رێککەوتنی رۆژئاوا لەگەل روسیاش کەم دەبنەوە.

هەر بۆیە کومنترن رێنماکانی خۆی دەرکرد کە لە خەباتیاندا پارێزگاری لە حکومەتی کۆماری شەرعی بکەن دژی هێرشەکانی فرانکۆ. کۆمنترن رێگەی نەدا دروشمی هاوبەشکردنی پیشەسازی و دەستگرتن بەسەر مومتەلەکاتی خاوەن زەویەکان بەرز کەنەوە. ستالین فەرمانی بە لیتفینوف دا بەشداری لە لیژنەی ( دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوەخۆ) دا بکا، کە بە دەستپێشخەری لیون بلوم دامەزرابوو. بەم شێوە دیارە کە روسیا تا ماوەیەک دەستی نەخستە نێو کاروباری ناوەخۆی ئیسپانیا.

بەڵام ستالین نەیتوانی تا دوایی لەسەر ئەم هەلوێستەی بەردەوام بێ، هیتلەر و مۆسۆلینی دەستیان خستە نێو شەڕی ئیسپانیا، ئەمە ئەو پاساوەیە کە ستالین نابێ تا سەر خۆی دوور خاتەوە؛ چۆن خۆی بە پارێزەری چەپ دەزانێ دەبێ دەستی هەبێ، فرەنسای لە رێگەی کۆمۆنیستەکانەوە هاندا، بۆئەوەی هەمان هەنگاو بنێ، کەمترین ئومێدی ئەوەبو بە دەستێوەردانی فرەنسا هیتلەر و مۆسۆلینی ترسیان لێ دەنیشێ و دەست لە ئیسپانیا دەکێشنەوە. بەڵام ئەمە کارێکی مەترسیدارە، ئەگەر دیموکراتخوازانی ئەوروپا بێتە ناو پرسەکە، دەبێ پابەندیە سەربازیەکانی دژی ئەڵمانیا جێبەجێ بکا. ئەوکات ئیسپانیا لە مەیدانێکی جوگرافیی ئەوروپیەوە دەبێتە مەیدانی جەنگی دووەمی جیهانی، بۆیە ترسی حکومەتە رۆژئاواییەکان ئەوەبو کە ئیسپانیا ببێتە پێشەکیی جەنگی دووەمی جیهانی، یانیش بەهۆی دودڵیی لە

هاوکاری کردنی بەرەی گەل بۆ سەرکەوتن بەسەرفرانکۆ، یانیش لەبەر هەردووک هۆ، بە توندی رەتی کردەوە دەست بخاتە نیو کاروباری، هەرچەندە خۆدزینەوەی هیچ سودێکی بە هیتلەر و موسولینی ناگەیەنێ. دواجار ئەم کێشە بەو شێوە پشکی بەر روسیا دەکەوێ کە لە ئەنجامی کاری (لیژنەی دەست نەخستنە نێو کاروباری ناوەخۆ)وە ساردیەک لە پەیوەندیەکانی نێوان روسیا و بەریتانیا و فەرەنسا دروست دەبێ.

ئەو ناکۆکیە کە ستالین گەمەی تێدا دەکرد گەیاندیە نێو بارەگای کرملێن، بریتی دەبێ لە شەڕێکی ناوەخۆ وەکو بەشێک لە شەڕی ناوەخۆی ئیسپانی دەبێ، ئاژاوەچیەکان و سەندیکالیستەکانی ئاژاوەچیی ئیسپانیە توندڕەوەکان لە سیاسەتی کۆمۆنیستە نا شۆڕشگێڕەکان تورە دەبن. لە کەتەلۆنیا .P.O.U.M کە حزبێکی نیمچە ترۆتسکیستە هەول دەدا رادیکالیستە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر بەشداری لەو شەرەدا بکەن. ستالین ئەرکی لەناو بردنی ئەم گروپە چەپە توندە دەگرێتە ئەستۆ کە لەسەر رێبازی ئەو نارۆن. لەسەر حکومەتی سەپاند کە لە ئیدارەیان دەرکەن ئەگینا ئازوقەیان پێ نافرۆشێ. لەگەل پسپۆرە سەربازیەکانیدا پۆلیسی نهێنیی کرێگرتەی رەوانەی ئیسپانیا کرد ئەمان پسپۆری پاکسازی و لەناوبردن بوون، دۆخێکی پۆلیسیی تیرۆریان خولقاند. بۆئەوەی بە دڵنیایی کارە دڕندانەییەکانی بسەپێنێ (ئەنتونوف- ئوفسینکو ی پالەوانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کۆنە ترۆتسکیستی) کردە بەرپرسی لەناوبردن لە کەتەلۆنیا کە مۆلگەی (هراتقە) کانە. ئەنتونوف بەرپرسیارێتیەکەی گرتە دەست بەڵام دوای گەرانەوەی لە ئیسپانیا دوای سێ ساڵ ئەویشی لەناو برد، ئامانجەکانی ستالین لەم کارەیدا تەنها پاراستنی شکۆمەندی شوێنکەوتوانی کۆماریخوازەکانی ناو بەرەی گەلەریی ئیسپانی و دورخستنەوەی ئەگەری ناکۆکی و رووبەروو بوونەوە لەگەل فەرەنسا و بەریتانیا بوو. بەڵام ئەمە نە شکۆمەندیەکە نە روبەروبونەوەکەی نەپاراست، رای گشتی رۆژئاوا لەسەر ئەم پرسە کێشەی ناوەخۆی نێوان چەپی ئسپانی نەبوو کە ستالینی پێ ئالۆز کردبوو، دواجار ستالین بە هاندەری سەرەکی دژایەتی شۆرش دانرا.

بۆ بەدواداگەڕان لە هۆکارە سەرەکیەکان تا ئەوەی زیاتر ئاستی دبلۆماسیەتی روسی دابەزێ و بگاتە ئاستی بەر لە پەیمانامەی میونخ، نابێ لەناوبردنەکانی مۆسکۆ لەبیر بکرێ کە یەکێک بوو لە هۆکارەکان. لە ١٩٣٦ هەندێک لە جەنەرالی بەریتانی و فەرەنسی بانگێشتی بەشداری مانۆرێکی سەربازی سوپای سوور کران، کە توانا سەربازی و تەکنەلۆژیاکە مەزترین کاریەگەریان لەسەر هزری ئەوان جێهێشتبوو. بەڵام ئەوەندە نابا کردەی لەناوبردن و کوشتاری ئەم ئاسەوارە لادەبا، وەکو ماکێکی رەش لە سەرجەم بنیاتی سۆڤیەت دروست ببوو. جا ئەگەر سیاسەتمەدار و سەربازە رۆژئاواییەکان بڕوایان بەو بیانویانە

کردبێ یان نا کە بەهۆیەوە ئەو کەسانە لەنا بردرابن، کۆی پرسەکە کورت هێنانی ئاستی هاوپەیمانێتیەکە بوو، زمانحالی ئەوان دەڵێ:

( ئەگەر ئەم ژمارە زۆرە لە سیاسەتمەدار و دبلۆماتکار و ئەفسەری بەتوانا و چاک لە تابوری پێنجەم کاریان کردبێ، چۆن ورەی ولاتێک دەتوانێ ئەم ئەرکە بەم شێوە بگەیەنێتە ئەنجام؟ ئەگەر ئەم تۆمەتانەش خرابنە پاڵیان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە رژێمی حوکمێک بەم شێوە تۆمەت دروست بکا، رژێمێکی لە سەر تا خوار بۆگەنە ؟ پرسەکە بەم شێوە ئاسایی نابینین، بەڵام چاودێرە بیانیەکان بەم شێوەیان لێک دایەوە. ئەمان هەڵە نەبوون، لەناوبردنەکان سوپای سوور و ئیدارەی سۆڤیەتی ئازار دابوو، بەڵام ئەم ئازارە تێچوی زۆر نابێ، دیارە ئەم ئازارە لەبەر پێویستیەکانی دەرەکی ئەنجام دراون، ئەم پێویستیانەش هێرشەکەی هیتلەر بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت دروستی کرد.

\+ \+ \+

ئەو کاتەی فراوان بوونی ئەلمانیا وەکو تەقینەوە سەر هەڵدەدا، روسیا لەبەر چەند هۆکارێک بە تەواوەتی دابڕابوو.

پەیماننامەی میونخیش دێت ئەم دابڕانە زیاتر دەچەسپێنێ، ستالین وەکو نەریتی هەموو جارەی بەدرێژایی ئەم قەیرانە بە دلەراوکێوە بێدەنگ دەبێ. دوای چەند مانگێک دەڵێ:

( پێم وایە ئەوان لە پای هێرشی ئەلمانیا بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت دەست بەرداری هەرێمەکانی چیک دەبن) بەڵام ئەو شتێکی تری لە بیرچو کە چمبرلن و دالادیە بەهۆیەوە هاوکاری هیتلەر دەکەن ئەویش دابەش کردنی چیکوسلاۆڤاکیا بوو. هەموو وتەکانی سەر بیمە کۆمەڵایەتی وتەی بێ مانا دەرچون. هەموویان کۆمەڵەی نەتەوەکان پشتگوێ دەخەن کە روسیا لێ ئەندامی هەمیشەیە. بەریتانیا بە گاڵتە پێکردنەوە مامەلە لەگەڵ روسیا دەکا هیچ رێککەوتن یا پەیماننامەیەک لە نێوانیاندا نییە. فرەنساش لە پێش چاوی دونیا وا دەبینرێ کە ئەو هاوپەیمانیتیەی نێوان ئەو و روسیا هەبوو هەلوەشاوەتەوە و کاری پێناکرێ. پەیماننامەکانی نێوان روسیا و فرەنسا، فرەنسا و چیکسلۆڤاکیا، روسیاو چیکسلۆڤاکیا،

پەیماننامەی بەیەک بەستنەوە بوون. هەر یەک لە روسیاو فرەنسا پەیمانی ئەوەیان بە چیکوسلوڤاکیا دابو بە چەکەوە بەرگریی لێ بکەن؛ بەڵام روسیا ناچار نابی بەشداری لە شەربکا تا فرەنسا بەشداری نەکا. کاتێک فرەنسا بەرژەوەندیەکانی دۆستەکەی پشتگوێ دەخا و مامەلە لەگەڵ دوژمنی داهاتوی دەکا وەکو ئەوەی دۆستیەتی، دۆستیش وەکو دوژمن. روسیا هاندەدا بە دوفاقی و دوو بەرانبەر رەفتار بکا. ئەلبەت بریتانیا بە پەیمانەکانی بەرانبەر بە روسیا و چیکسلوڤاکیا پابەند نیە. بەڵام چونکە چمبرلن نەک دالادییە خاوەنی پرۆژەی پەیماننامەی میونخە، بەریتانیاش دەخرێتە سەر لستی ئەوانەی روسیایان بریندار و رسوا کرد.

لە کاتی قەیرانەکە، ستالین فەرمان بە لیتفینوف دەدا چیکسلوڤاکیا ئاگادار بکاتەوە کە ئامادەیە بەرگریی لێبکا بەو مەرجەی فرەنسا پابەندی پەیمانەکانی بێ، روسیا ناچار نیە پەیمانەکانی بگەیەنێتە جێ بەڵام بۆ ئەوەی نەڵێن پابەندی پەیمانەکانی نەبوو ئەمەی راگەیاند. کاتێکیش پۆلۆنیا هێرش دەکاتە سەر چیکسلۆڤاکیا، مۆسکۆ پێیان رادەگەیەنێ نابێ ئەم هێرشە وا لێک بدرێتەوە کە دژی روسیا ئەنجام دراوە. جارێکیتریش ئەم پرسیارە دەکرێتەوە:

(ئایا بەڕاستی ستالین ئامادەیە ئەم هەلوێستە دووبارە کاتەوە کە لە ١٩٣٨ بەرپەرچی نەدایەوە لە ١٩٣٩ بەرپەرچی دایەوە ؟ ئایا ئامادەبوو ئەو پەیمانەی لیتفینوف لە کاتە ناسکەکان بە چیکیەکانی دابوو بەجێی بگەیەنێ؟ گریمان رۆژئاوا لە پێناو بەرگری لە چیکسلۆڤاکیا بەشداری شەرەکەی کرد، ئایا ستالین لێی دەکشێتەوە یان نا؟ بەڵکو مێژوونوسی ئەو سەردەم بکەوێتە ئەو بیرکردنەوانە، بەڵام کەس ناتوانێ لەوە بگا ئاخۆ ئەوکات لە ئەیلولی ١٩٣٨ چی لە مێشکی ستالین دەگوزەرا.

ئەگەر ئێمە بمانەوێ لەسەر رەفتارەکانی ئەوکاتی ستالین دادگایی بکەین، هیچمان بەدەستەوە نییە پشتی پێ ببەستین و پێیەوە تۆمەتباری کەین. تا دوا ساتەکان ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری لەشەر رادەگەیەنێ، بەڵام وەکو سەربازە قارەمانەکە تا ئاگربەست رانەگەیندرا ئامادە نەبوو، ئەمیش بە یەک جیاوازیەوە، ئەوەبو تا ئەوکات شەڕی توند دەستیان پێ نەکردبوو، دیارە دیدی ستالین بەر لە میونخ جیا دەبێ لەگەڵ دیدەکانی دوای میونخ.

دابەش بوونی چیکسلۆڤاکیا بوە مایەی گۆڕانی پارسەنگی هێز لە ئەوروپا بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی روسیا. بە دیدی ستالین سەرەرۆییەکەی ساڵی ١٩٣٩ لە هی ١٩٣٨ گەلێک مەنزتر بوو،

ئەوكات مەترسیەكان زۆرتر بوون كە رۆژئاوا ئەڵمانیا لە دژی روسیا هانبدا، بۆیە زیاتر ئارەزوی تۆڵە سەندنەوە لە رۆژئاوا دەكا.

ئەو رێككەوتنەی بە زارەكی لەسەری رێككەوتبون بریتی بوو لەوەی روسیا لە دەرەوەی ئەوروپا بهێڵنەوە. تەنها دەولەتە رۆژئاواییە مەزنەكان یا ئەو دەولەتانەی خۆیان بە مەزن دەزانن نا كە حەزیان لێ بێ روسیا دابڕێنن، بەڵكو حكومەتی دەولەتە بچوكەكانی ئەوروپای رۆژهەڵاتیش، ئەوانیش لە دەست ورچە سپیەكە بێزار و بە ترس بوون ( وەكو خۆت بمێنەوە، دەست بە لانەكەتەوە بگرە) . بەر لە واژۆكردنی پەیماننامەی میونخ كاتێک فرەنسا و روسیا لە گوتوبێژی كارێكی هاوبەشدا بوون بۆ بەرگریكردن لە چیكسلۆڤاكیا، حكومەتەكانی پۆلۆنیا و رومانیا بە توندی رەتیان كردەوە رێگە بە هێزەكانی روسیا بدەن بەسەرخاكیاندا تێپەرێ تا دەگاتە چیكسلۆڤاكیا. لەبەر مەترسی لە كۆمنیزم نەبوو رێگەیان بە سوپای سوور نەدا بەسەر خاكیاندا تێپەرێ تا بگاتە چیكسلۆڤاكیا، بەڵكو بەهۆی خۆشەویستیان بۆ هیتلەر، بوو. ئەم رووداوە یەكێكە لە چەندین رووداو كە بوونە بنەمای دروست بوونی هزری ستالین لەسەر ئەم دوو دەولەتە:

بەر لە پەیماننامەی میونخ شەش فرۆكەی روسی بە ئاسمانی رومانیادا نێردرانە چیكسلۆڤاكیا، سەرەڕای ئەوەی روسیا پابەندی هەموو رێنماكانی گواستنەوە بوو، بەو هۆیەوە وەزیری دەرەوەی پۆلۆنیا كولونیل بیک و هاوڕێكەی وەزیری دەرەوەی رومانی ناڕەزایەتیان دەربڕی، چەندین ناڕەزایی و بێزی و سوكایەتی لەو ماوە دەربڕدران.

وادیارە كەمێک دوای پەیماننامەی میونخ بیرۆكەی نزیک بوونەوە لە ئەڵمانیا لە مێشكی ستالین گەڵاڵە دەبێ، ئومێدەكانی كە پەیماننامەی میونخی لەسەر بنیاد نرابو لەلایەن ولاتانی واژۆكرد و لە روخاندا دەبێ، هیتلەر هەولدەدا هێزەكانی پەرش وبڵاو نەبن، هەوڵدەدا لە دژی یەک دوژمن كۆیان كاتەوە: رۆژئاوا یان رۆژهەڵات. ئەمە ساتە هەستیارەكان بوون كە ستالین بتوانێ كار بكاتە سەر بڕیارەكانی هیتلەر. بەڵام مەترسیەكانی دەرهاوێشتە و ئەگەرەكانی ئەم دەستپێشخەریە بێگومان مەزنن:

ئەگەر هیتلەر رەتیكردەوە، ئەوكات پێگەی روسیا كە لە لوتكەی بەرەی دژ بە فاشیزمە لەدەست دەچێ وێڕای ئەوەی هیچیشی وەدەست ناكەوێ، ئەوكات باشترین پاساو بەدەست فرەنسا و بەریتانیا دەبێ تا دەستی هیتلەر والاكەن بۆ لێدانی رۆژهەلات. ئەو ئەركەی ستالین پێی هەڵدەستی پێویستی بە زۆرترین تەكتیكی نیانی هەیە. پێویستی بەوەبو ماوەیەک لەسەر دوو پەت یاری بكا بێ ئەوەی هەستی پێبكرێ.

دەتوانێ بە ڕێگەی دبلۆماسی لێدانەکانی دڵی هیتلەر بپیوێ بەڵام ئەم کارە لەڕوی ئەمانەتەوە مسۆگەر نیە.

بالوێزی ئەلمانیا لە مۆسکۆ (کونت ڤون شولنبرگ، دبلۆماتکارێکی مەدرەسەی بسمارکە لایەنگری نزیک بوونەوەی ئەلمانیایە لە روسیا، بەڵام بە دڵنیایی بۆچونەکانی لەگەڵ بۆچونی وەزیری دەرەوەی ئەلمانیا جیاواز دەبن، هەروەها لەگەڵ بۆچونی هیتلەریش.

لەلایەکی ترەوە ڤان میراکالوڤی بالوێزی روسیا لە ئەلمانیا، دبلۆماتکارێکی پلە سێیە، ناتوانێ بە بەرپرسە باڵاکانی رایخی سێیەم بگاو گواستنەوەی هەوالەکانیش لە ڕێگەی نامە نهێنیەکانەوە مەترسی دزەکردنی هەیە. بۆیە ستالین بڕیار دەدا باشترین دەستپێشخەری ئەویە بە ئاشکەراییەکی شاراوە رایبگەیەنێ.

کۆنگرەی هەژدەمی حزب ئەم دەرفەتەی بۆ رەخساند، ئەم کۆنگرە کە ماوەی چوار ساڵ بوو نەبەسترابوو لە مانگی ئادار دەبەسترێ، بڕیار وابوو خۆی وەکو ئەمینداری گشتی راپۆرتی رووداوەکانی ناوەخۆ و دەرەوەی ولات هی چوار ساڵی رابردوو بخوێنێتەوە. بەدڵنیایی لایەنە دەرەکیەکان گوێ لەم راپۆرتە دەگرن کە مەزنترین رووداوی کۆنگرەیە، دیارە لەم بۆنانەدا ئەمینداری گشتی هەر دەستپێشخەریەکی شاراوە رابگەیەنێ بە سەربلندی لەسەری رەت دەبێ، لە ١٠ ی ئادار ستالین راپۆرتەکە دەخوێنێتەوە مەودایەکی باش بۆ روونکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە تەرخان دەکا.

لە راپۆرتەکەدا دەڵێ:

(ئەمە ماوەی دوو ساڵە شەڕێکی ئیمپریالیزمی نوێ پانتاییەکی زۆری گرتۆتەوە لە شەنگهایەوە تا چیای تاریق، کە نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن کەس دەگرێتەوە) ئاماژە بە شەڕی ئیمپریالیزمی نوێ دەدا بە دەستەواژەیەکی شاراوە دەڵێ: بۆ ئەوەی شەڕکەرەکانی داهاتوو بە ئیمپریالیزم بداتە ناسین و روسیاش بەدەر دەبێ لەم شەڕە. دواتر باس لە پەیوەندیی نێوان قەیرانی ئابوری و جەنگدا دەکا، لێرە بە رونی ئەلمانیا و ئیتالیا و ژاپۆنی بە دەولەتانی دوژمن دایە ناسین، وتی: هەوڵ دەدا خۆی لە قەیرانی ئابوری رزگار کا کە جەنگی جیهانی دایدەهێنێ. لە میانی باسکردنی پاشخانی ئابوریی دۆخی دبلۆماسی، پێداگریی لەسەر بەهێزی ئابوری هەریەک لە ئەمریاکا و بەریتانیا کردەوە، هەم لەرووی ئابوری هەم لەرووی سەربازی. ئاماژەدانەکانی بۆ ئەو مەبەستە نەبوون هەندێک راستی ئابوری باس بکا بەڵکو بۆئەوە بوون ئاماژە بدا کە ئەمریکا چ زوو چ درەنگ بەشداری لەو جەنگە دەکا. سەرەتا قورس بوو بڕوابەم گریمانە بکرێ، دوای ئەوە هێرشی توند دەکاتە سەر خۆدزینەوەی رۆژئاوا و دەڵێ:

( ئەو شەڕانەی دەولەتانی دەستدرێژکەر هەلیدەگیرسێنن کار دەکاتە سەر بەرژەوەندیەکانی دەولەتانی دورەپەرێز، ئەمە لە هەموو بۆنەکاندا وایە بەتایبەتی ئینگتلەرا و فرەنسا و ئەمریکا، کەچی ئەوەی دوایی زوو دەگەڕێتەوە و پاشگەز دەبێ و سەر بۆ دەستدرێژکار دادەنوێنێ).

پاساو و هاندەرانی خۆدورخستوەی بەوە شیکردەوە: ترسیان لە شۆڕش، بێلایەنیان لە نێوان دەست درێژکار و دەستدرێژ کراوەسەر، ئارەزویانە ئەلمانیا و روسیا یەکتری لاوازکەن.، پاش ئەوەی هەردووکیان یەکتری ماندو و هیلاک دەکەن ئەوسا خۆدورخستوەکان بەهێزەوە دێنە مەیدان و مەرجەکانیان بەسەر شەرکەراندا دەسەپێن، ئەمە کارێکی ئاسان و هەرزانیشە بۆ ئەوان).ت ا ئێرە گوتارەکەی لە بانگەوازەکەی لیتفینوف دەچێ بۆ رێککەوتنی بیمەی کۆمەڵایەتی، سەرەرای توندی ناوەڕۆکی.

گوتارەکە ئەوەی مەبەستە بڵێ روسیا لە دژی نازیەکان بە تەنیا بەشداری لەم شەڕەدا ناکا، لە هەمان کاتیشدا ئامادەیە بەشداری لە هاوپەیامنێتیەک بکا دژی نازیەکان، دواتر زوو ئاراستەکەی دەگۆڕێ و دەڵێ: ( بەڵام هیچ پاساوێک بۆ شەڕی نێوان روسیا و ئەلمانیا نابینمەوە هەرچەندە رۆژئاوا هانی ئەلمانیا دەدا)، بە هەندێک دەستەواژەی ناشیرن ئاماژە بە هەندێک لە دۆستانی رۆژئاوای نازیەکان دەدا کە حەزیان لێیە رایخی سێیەم هێرش بکاتە سەر روسیا، ئیتر سەرکردە نازیەکان بێ ئومێد دەبن.

رایگەیاند کە (سەرکردە نازیەکان لە نوخبەی ئەلمانیە شێتۆکەکان نین کە خەون بە داگیرکردنی ئۆکرانیاوە دەبینن، روسیاش بۆ ئەوان بەشی خۆی نەخۆشخانەی ئەقلیی هەیە بیانخەوێنێ). کۆتاییەکەشی بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی هێنا. کە بریتیە لەوەی روسیا مەبەستیەتی لەگەڵ هەموو دەولەتان مامەلە بکا هەرچەندە بەهۆی نزیک بوونەوەی جەنگی دووەمی جیهانیەوە کاتی مامەلە ئاساییەکەن بەسەر چوە. چونکە دەولەتە دراوسێکان دژی بەرژەوەندیەکانی روسیا کار ناکەن بۆیە مەبەستیەتی لەگەل سەرجەم دەولەتە دراوسێکان پەیوەندی باشی هەبێ، ئەمەش یەکێکە لە بڕوا پیرۆزە هەلپەرستیەکانی سۆسیالیزم. بەم شێوە هەموو چەکەکانی لەم شەڕە بەکار هێنا.

لەبەر بەریتانیا و فرەنسا و ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پاڕایەوە بۆ ئەوەی هەلوێستێکی توند لە هێرشبەران وەرگرن، لە روێکەوە دەپارایەوە لە روێکەوە هەڕەشە دەکا، ئەمە سیاسەتی دوو سەرەیە، ئەمە ئەو پەیامە بوو کە بە هێرشبەرانیدا پێی وتن خۆتان لە روسیا مەدەن ئەگینا ئەم سیاسەتانە دەگرێتەبەر سیاسەتی تایبەت بەخۆی لەسەر پەیماننامەی میونخ کە لە پەیماننامەی چمبرلن کەمتر نیە. بەڵام قورساییەکەی هەموو لەسەر نازیسم بوو، پەیمانی گرتنەبەری سیاسەتی رازیکردنیش مەبەستەکەی

شاراوە بوو  بەڵکو دەرگا کردنەوە بێ بەروی بەریتانیا و فرەنسا و ئەمریکا، دوای تێپەڕبونی هەفتەیەک لە دەست خستنە سەر دڵیان، ستالین فەرماندەدا ئیدانەی هیتلەر بکرێ بۆ داگیرکردنی براگ، راشیگەیاند کە روسیا هەرگیز دان بە ئینتدابی نازی لەسەر چیکسلۆڤاکیا نانێ.

لێرە هەر ئەوەندە دەتوانین ئاماژە بە رووداوە گرنگەکانی ئەو مانگ بدەین، لە ٨ی ئادار واتە ئەو رۆژەی لیتفینوف ئیدانەی داگیرکاری نازیەکانی کرد، لە وەزارەتی دەرەوەی روسیا دەپرسێ ئایا هەلوێستی روسیا چی دەبێ ئەگەر رومانیاش رووبەڕووی هەمان داگیرکاری بۆوە؟.

مۆسکۆ پێشنیار دەکا کۆڕێک ببەسترێ تیایدا هەریەک لە بەریتانیا و فرەنسا و رومانیا و پۆلۆنیا و تورکیا و روسیا بەشدار بن. ئەم کۆڕە هیچ مانایەکی نیە ئەگەر مەبەستی بەستنی هاوپەیمانێتیەک نەبێ دژی نازیەکان و روسیاش یەکێک بێت لە سەرکردەکانی. چمبرلن ئامادە نەبوو گوتوبێژ لەسەر ئەم بابەتە بکا، هەر دوای چەند رۆژێکیتر هاوپەیمانێتی هاوبەشی ئەنگلۆ-پ ۆلۆنی رادەگەیەندرێ، دوای ئەوە بەریتانیا پشتگیری لە سەربەخۆیی رومانیا وگریکستان دەکا بە پاراستنی خاکەکانیانەوە. پاش ئەوەی بەریتانیا بە هەندێک پابەندبوون لەگەل ولاتانی رۆژهەلاتی ئەوروپا تێوەدەگلێ، فەرمانگە دبلۆماسیەکانی هەول دەدەن پەیوەندی دبلۆماسی لەگەل بەهێزترین بەشی دونیا دروست کەن.

لە روسیا پرسیار دەکرێ ئاخۆ سنورەکانی پۆلۆنیا و رومانیا لەلای روسیاوە پارێزراو دەبن، پارێزبەندیەکی یەکسەرە؟، وەکو ئەوە وابوو کە دیسان بە ورچە سپیەکە بڵێن لە لانەی خۆت بمێنەوە و جگە لەمانەوەش بە فەرانی ئەمان بێیتە دەرەوە و بچێتەوە ژور، واتە بە پێی پێویستی دراوسێکانی.

+ + +

لە ١٧ی نیسان دبلۆماسیەتی ستالین دوو هەنگاوی بە پێچەوانەی یەکتر نان، یەکەمیان/ روسیا داواکەی بەریتانیای رەت کردەوە کە لەیەک لاوە پاراستنی سنورەکانی (رومانیا و پۆلۆنیا) دراوسێکانی بپارێزێ.

دووەم/ لە بەرامبەردا داوای لە بەریتانیا کرد هاوپەیمانیتیەکی سەربازی لە نێوان بەریتانیا و فرەنسا و روسیا ببەسترێ تیایدا پابەند بین لە پاراستنی سەرجەم ولاتانی بەلتیک و دەریای رەش لە دژی هەر هێرشێکی دوژمنکاری. لە لایەکی تریشەوە میریاکالوفی بالوێزی روسیا لە ئەلمانیا لە یەکێک لە سەردانەکانی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەلمانیا، ئاماژە بە نزیک بوونەوەی روسیا و ئەلمانیا دەکا، بەلام زۆر بە هەستیاری، ستالین  چاودێری

کاردانەوەی ئەم دوو هەنگاوەی دەکرد. کەچی رەنگدانەوەکان لە پاریس و لۆندۆن بێ ئومێدیان نیشان دەدا. وا پێدەچوو هێزە رۆژئاواییەکان مەبەستیان بوە روسیا وەکو هێزێکی یەدەگ بەکار بێنن. بۆیە خۆیان لە بەستنی هاوپەیمانیتی دوور دەخستەوە. خۆ ئەگەر لە ژێر هەر دۆخێکدا ناچار بوون ئەم هاوپەیمانێتیە بکەن ئەوسا دەبێ روسیا هیچ کاریگەری لەسەر چارەنوسی خۆی نەبێ ئینجا دەیکەن، چونکە ئەم دەولەتانە پێیان وابووە کە هێزی سوپای پۆلۆنی بەرانبەرە لەگەڵ هێزی سوپای روسی ئەگەر لەویش زیاتر نەبێ.

سەبارەت بەو دەولەتانەی کەوتبونە نێوان بەلتیک و دەریای رەش، داواکاریان ئەوەبو لە دراوسێ مەزنەکەیان دوور کەونەوە هاوپەیمانیتیی لەگەڵ نەبەستن، ئەوان ترسیان لە سەربەخۆیی خۆیان هەبوو لەوەی دەسەڵات بە ستالین بدەن هێرشیان بکاتە سەر. ئەوەندەی نەبرد سەلمێندرا کە مەترسیەکانیان لە شوێن خۆیدا بوون، مەزندەی ئەوە ناکەن ستالین ئەم سەرەرۆییە بکا ئاگری جەنگی جیهانی هەلگیرسێنێ ئەگەر رێگەی پێنەدرێ سنورەکانی سەرلێواری لینینگراد و مۆسکۆ لەرووی بەلتیکەوە نەپارێزێ. ئەوکات پۆلۆنیا بەو هاوپەیمانێتیە رازی نابێ چونکە پێی وایە سوپای پۆلۆنی بە پاراستنی خاکیەوە سەرقال دەبێ ناتوانێ بە هانای سوپای سوورەوە بچێ، ئینجا حکومەتەکانی رۆژئاوا پێشنیارەکەی روسیا رەت دەکەنەوە بە پاساوی ئەوەی دراوسێکانی رازی نابن.

ستالین ئەمەی بە بیانو زانی، دەڵێ ئەگەر ولاتانی رۆژئاوا نیازی هاوپەیمانیتیان هەبووایە ئەم بیانویەیان چارەسەر دەکرد یا گوێ پێنەدەدا، تا ئەوکات لەو هزرەدا بوو کە پاریس و لۆندۆن کێشە و گرفتی بۆ دروست دەکەن.

لەم میانە هیتلەر زەهرەکەی خوارد، لە ٢٨ی نیسان گوتارێکی بەناوبانگیدا تیایدا هەڕەشەی شەڕ لە پۆلۆنیا دەکا، وەکو پیشەی هەمووجاری هیچ تێبینیەکی ناخۆشی لەسەر روسیا نەبوو، رۆژنامەکانیش هێرشیان دژی بۆلشەڤیەکان راگرت. کاتێک مانگی نیسان لە تەواو بووندا دەبێ ستالین ئومێدێکی مەزنی بە بەستنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەلمانیا هەبوو، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخەکان پەیوەندی لەگەڵ فرەنسا و بەریتانیا نابڕێ. لە ٣ی ئایار لیتفینوفی بەرەگەز جوی رەفتار ئەوروپی لە وەزارەتی دەرەوە وەلانا، لە شوێن ئەو مۆلۆتۆڤی دانا کە بۆلشەڤیەکی خۆجێی بوو، چونکە لە رەگەزی ئاری بوو بۆ ئەو ئاسان بوو دانوستان لەگەل نازیەکاندا بکا، جگەلەوەی زیاتر بڕوای پێبوو.

لە ١٩ی ئایاری هەمان ساڵ، لە ئەنجومانی گشتیی بەریتانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا هەندێک تێبینیی توندی لەسەر روسیا دا. لە ٢ی هەمان مانگیشدا لەسەر داوای ستالین مولوتوف پەیوەندی بە ڤون

شولنبرگەوە دەکا. ئەڵمانیەکان ئارەزوی خۆیان دەربڕیبو لە کردنەوەی دەرگای بازرگانی لە نێوانیاندا کە ماوەیەک بوو داخرابوو. مۆلۆتۆف لە وەلامدا دەڵێ دەبێ ئەم پرسە بە رێککەوتنێکی سیاسی هاوبەش ئەنجام بدری. بالوێزی ئەڵمانی زۆری هەولدا هەندێک لە بیرکردنەوەکانی مۆلۆتۆف بقاچێنێتەوە .

ڤون شولنبرگ بۆ بەرلین دەنوسێ:

( وا پێدەچی کە مۆلۆتۆف هیچ وشەیەکیتر ناخاتە سەر ئەوەی کە پێشتر وتویەتی، ئەو پیاوێکە بە پێداگر ناسراوە).

پاش ئەوەی ستالین هەنگاوی یەکەمی نا وابیری دەکردەوە کە هیتلەر دەستپێشخەری دووەم دەنێ، بەڵام کاتەکە هیشتا نەهاتبو تا هیتلەر بە هیچ پابەند بوونێک خۆی توشی گرفت بکا. ئەوکات ستالین جۆرج ئەستاخوف کە فەرمانبەرێکی پڕکار بوو راوێژکاری بالوێزخانەی روسی بوو لە بەرلین دەستکراوەی دەکا. تا بە هەندێک لێدوانی رازاوە لە نیازەکانی ئەڵمانیا بگا، بۆ ئەم مەبەستە ستالین میریکالوڤی بالوێزی روسیا لە بەرلین بۆ ماوەیەک دەکێشێتەوە بۆ ئەوەی ئوستاخوف بە تەنیا لەوێ بمێنێتەوە و ئاستی بەرپرسیارێتی مۆسکۆش لەم پەیوەندیانە کەم بێتەوە و ببێتە پاساوی شاردنەوەی پەیوەندیەکانی .

لە کۆتایی حوزەیران وا پێدەچوو کە هێنان و بردنەکانی ستالین لەگەڵ بەرلین و لۆندۆن و پاریسدا گەیشتبێتە رێگایەکی داخراو. لە پایتەختی هەرسێک ولات یاری بە کات کوشتن دەکەن. بەڵام پێدەچوو کە هیتلەر یەکەم کەس دەبێ لەم یاریە دەکشێتەوە. ستالینیش بە نهێنی لەرێگەی شیانۆوە دەکشێتەوە، ئەڵمانیا رایگەیاند کە ئامادەیە هەلوێستێکی دۆستانە لە روسیا وەرگرێ. بەڵام لەوە بێخەبەر بوو کە ریبنتروب فشار دەخاتە سەر بالوێزخانەی لە مۆسکۆ بۆ ئەوەی زیاتر لە نیەتەکانی روسیا بگەن. بالوێزخانەکەیان داوای بوردن دەکا کە نەیتوانی چیتر لە مۆلۆتۆف و میکویان لەسەر نیازەکانیان هەڵکرێنێ. دواجار روسیا بە دەست پێکردنەوەی ئالوگۆڕە بازرگانیەکانی نێوان خۆی و ئەڵمانیا رازی دەبێ لەسەر بنەمایەکی سیاسی، ئەمەش لە ٢٢ی تەموزەوە دەستپێکرا واتە دوای ئەوەی روونبۆوە کە پۆلۆنیا لەژێر هەڕەشەدایە، هەر دوای سێ رۆژیتر پاریس و لۆندۆن رازی دەبن شاندێکی سەربازی بنێرنە مۆسکۆ. ئەوەتا ستالین لە قۆناغە هەستیارەکان دەست بە یاریە دوفاقیەکەی دەکا، جار بۆ جار پێگەی بەهێز دەکا، دەرگاکانی پێشەوەی لەبەر دەم بەریتانی و فرەنسیەکاندا هەمیشە کراوەن ، دەرگای دواوەشی بۆ ئەڵمانیەکان بەکار دێنێ. فوروشیلوڤی کۆمیساری بەرگری و گەورە ئەفسەری روسیی سەرفراز کرد بۆ ئەرکی دانوستان لەگەڵ نێردە سەربازیە رۆژئاواییەکان، لەکاتێکا بارە قورسەکەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ نازیەکان لەسەر شانی ئەستاخۆف بوو.

هەرچەندە لەسەر ئەو رووداوانە بەلگەی زۆر بڵاو کرانەوە بەلام ناتوانین متمانە بەو لایەنە بدەین کە ستالین بایەخی پێدابوو، بڕوا بەوە بدەین کە لەسەر شانۆ نمایش دەکرێ یا بەوەی لە پشتی پەردەکان جێبەجێ دەکرێ. بە دڵنیاییەوە ئەگەر حکومەتە کانی رۆژئاوا ناچاریان بکردبا خۆی بهاویشتبایە باوەشی هیتلەر بە دڵنیایی هەر ئەمە دەبو رەفتارەکانی .



فوروشیلوف Voroshilov, Kliment

نێردە سەربازیەکەی فرەنسی- بریتانی بۆ ماوەی ١٣ رۆژ سەفەرەکەیان دواخست، هەر بە ئەنقەستیش بە کەشتییێکی لەسەرەخۆ سەفەرەکەیان کرد کە ماوەی پێنج رۆژی خایاند تا گەیشتنە ئەوێ، ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەبوە تا نیشان بدرێ کە ئەرک و دەسەڵاتەکەیان نادیارە. لە سەرهەڵدانی هەر دەستپێشخەریەکی هیتلەریش سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و فرەنسا بەپەلەپرۆزی رادەکەنە میونخ، هەردوولا رازی نەبوون کەسێک بۆ دانوستانەکانی نێوان خۆیان و روسیا بە پلەی وەزیر بنێرنە مۆسکۆ. ئەو فەرمانبەرانەی بۆ دانوستان ناردبویانە روسیا پلەیان زۆر لەو فەرمانبەرانەی ناردبویانە پۆلۆنیا و تورکیا بۆ هەمان مەبەستی سەربازی نزمتر بوو، ئەو شێوازەی مامەلەیان پێی لەگەڵیدا کرد تێیان گەیاند کە دەست هەڵگرتن لەو پرۆژە باشترە. ئەگەر مەبەستیشی بوایە لەگەڵ هیتلەر دانوستان بکا ئەوەندە پێویستی بە دانیشتن لەگەڵ رۆژئاوا

هەبوو تا گلەییەکانی کە لە فەرەنسا و بەریتانیای هەبوو پێیان رابگەیەنێ کەبونەتە مایەی ئەوەی هاوپەیمانیتیەکەیان سەرنەگرێ.

لەسەرەتای هاوینی ١٩٣٩ پرسەکە بە تەواوەتی لە هزری دەرنەچوبوو. بە دڵنیاییەوە ئەو بیرۆکەی پێشتری کە روسیا لەم شەرە بە بێلایەن بمێنێتەوە هیچ لە رەونەقەکانی کەم نەببونەوە. لای ئەو هیچ شتێک لەوە خۆشتر نیە وەکو بینەر و میانگێرێک لەم دیمەنە بنوارێ، ئەمەش هەر بە هاوپەیامنێتی لەگەڵ هیتلەردا دەکرێ. هاوپەیمانێتی لەگەڵ رۆژئاوا ناچاری دەکا بەشداربێ لەو شەرە. ئەمە بوو هانی دەدا لەگەڵ دوژمنە سەرسەختەکەی رێککەوێ. بەڵام ئایا هیتلەر ئامادەبوو ئەم گرێبەستە واژۆ بکا؟ ستالین ئەم وەلامەی دەست نەکەوت تا مانگێک بەر لە دەستپێکردنی جەنگ.

تا کۆتاییەکانی مانگی تەموز هیچ ئاماژەیەک دیار نەبوون کە دەستپێشخەریەک هەبێ، هیچ گۆڕانێک دروست نەبوو، لەو کاتەوە هیچ هەولێکی دیار بۆ نزیک بوونەوەی روسیا و ئەلمانیا نەدران، لەئەنجامی ئەم دۆخە، ستالین هەستی کرد نەک هەر ناتوانێ روسیا لە دەرەوەی یاریەکان بهێلێتەوە بەلکو دەبێتە یەکەم قوربانیی ئەو شەڕە کە دەکەوێتە بەر هێرشی ئەلمانیا.

راستە پۆلۆنیا ئامانجە راستەوخۆکەی ئەلمانیایە کە تا ئێستا روسیا و ئەلمانیا لەیەک جیا دەکاتەوە، هێزەکانی رۆژئاواش پەیمانی بەهاناوە هاتنیان پێ داوە، بەڵام وەکو چرچل وتی: گریمان هێزەکانی رۆژئاوا چۆن دەستبەرداری چیکسلۆڤاکیا بوون ئاوەهاش دەستبەرداری پۆلۆنیا بن ئەوکات روسیا و ئەلمانیا راستەوخۆ رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. هەرچەندە ئاواتی ئەوەی دەخواست لەگەل هیتلەر رێککەوێ و یەکەم دەست کە تەوقەی لەگەڵ دەکا دەستی ئەو بێ. بەڵکو ئەو رازی دەبوو بە چونە ناو ئەو هاوپەیمانێتیەی دژی هیتلەر دەبەسترێ ئەگەر رۆژئاوا مەرجەکانیان لەسەری ئەوەندە قورس نەکردبا و رۆڵێکیان بۆ روسیا جێهێشتبا. بەر لە سەردانی ریبنتروب بۆ مۆسکۆ بە سێ هەفتە، شولنبرگ بۆ بەرلین دەنوسێ: ( بۆچونم ئەوەیە حکومەتی سۆڤیەت سوورە لەسەر بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ فرەنسا و بەریتانیا ئەگەر داواکەی جێبەجێ بکەن).

لە نیوەی یەکەمی مانگی ئاب وەرچەرخانێکی مەزن لە رێرەوی رووداوەکان دروست بوون، ئەوە ساغ بۆوە کە هیتلەر بەدوای وەدەست هێنانی دۆستایەتی ستالیندا دەگەرێ، رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەرکەوت. ئوستاخۆف راپۆرتی لەدوای راپۆرت دەنوسی کە وەزارەتی دەرەوە چەندە پەرۆشە بۆ ئەوەی لەگەڵ روسیا بگەنە لەیەک تێگەیشتنێکی دۆستانە. لە ٣ی ئاب شۆلنبرگ نامەیەکی ریبنتروبی گەیاندە دەست مولوتوف، دەیەوێ دەستبەرداری ئەو پەیماننامەیە بێ کە دژی کۆمنترنە. (پەیمانیش دەدا ریز لە بەرژەوەندیەکانی روسیا

بگرێ لە پۆلۆنیا و دەولەتانی بەلتیک). ستالین لەسەر بۆچونەکەی جگیربوو کە بەشداری لەو شەڕە نەکا، بەڵام ئەوەندە پەلەی نەبوو لەوەی لەگەڵ هیتلەرا تەوقە بکا، مولوتوف سەری هێناو برد بە شکۆمەندیەوە بە شولنبرگی ڕاگەیاند کە هیچ گۆڕانکاریەکی لە هەلوێستی ئەلمانیا بەدی نەکردوە بەرامبەر بە روسیا . ئەو پێشنیارەی ئەلمانیاشی ڕەت کردەوە کە وتی بەشێک لەم دۆستایەتیەی نێوان روسیا و ئەلمانیا بخرێتە نیو پەیماننامەی بازرگانی کە بەنیازن واژۆی لەسەر بکەن، بەردەوام بە ئالۆزی سەیری شولنبرگ دەکا و سیاسەتی ئەلمانیاش بەرانبەر بە پۆلۆنیا بە دوژمنکاریی دەزانێ، کە ریبنتروب ئارامیی لێ دەبڕێ، لێی دەپاڕێتەوە ستالین ببینێ، داواکەی ڕەت دەکرێتەوە، دواتر ستالین بە مۆلۆتۆف رادەگەیەنێ لەسەر داواکەی شولنبرگ، دووبارەیکاتەوە دەبێ ئامادەکاریەکی مەزن و درێژخایەن بکرێ بەر لەوەی نێردەی هیتلەر بێتە مۆسکۆ. ئێستا ئەو خولە کۆتایی هات کە هیتلەر ئەو پیاوەی ئەوروپا لەبەری دەلەرزێ، دەیەوێ دۆستایەتی لەگەڵ ستالینێک بکا کە دبلۆماسیەتی رۆژئاوا نەفرەتی لێکردوە.

+ + +

توانیمان ئەو ساتە بزانین کە ستالین بڕیاریدا لەگەڵ هیتلەر لەیەکتێگەیشتن ئەنجام بدەن ئەویش کاتژمێر ١٥،٢٥ خولەک رۆژی ١٩ی ئاب بوو.

کاتژمیر یەکی دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە شولنبرگ دووبارە لە مۆلۆتۆف داوا دەکا کاتێکی بۆ دیاری بکا سەردانی سەرۆکەکەی بکا لە مۆسکۆ. مولوتوف کە گوێ بە بیانوکانی بالوێزی ئەلمانیا نادا لێی دووبارە دەکاتەوە، ئەمە مەحالە بتوانی چاوت بە ستالین بکەوێ، چونکە ئەمە ئامادەکاریی زۆری پێویستە، ریبنتروب لەم وتەی زۆر بێزار دەبێ، بەڵام نیازەکانی دەرنەخست، کاتێک کاتژمێر سێ چاوپێکەوتنەکەیان تەواو دەبێ مۆلۆتۆف ستالین لە رووداوەکە ی نێوان خۆی و بالوێزی ئەلمانیا ئاگادار دەکاتەوە . هەر یەکسەر ستالین پێێ دەڵێ : هەر ئێستا شولنبرگ ئامادە بکا و ڕەشنوسی پەیماننامەکەی بداتە دەست، پێشی رابگەیەنێ کە ستالین ئامادەیە لە ماوەی یەک هەفتەدا ریبنتروب ببینێ. لە کاتژمێر سێ و نیو مۆلۆتۆف دووبارە پەیوەندی بە بالوێزی ئەلمانیاوە دەکا، ڕۆژی دواتر هیتلەر خۆی داوا لە ستالین دەکا نێردەی ئەو لە ماوەی دوو تا سێ ڕۆژیتر پێشوازی لێ بکا، جەنگ بە ڕێگاوەیە هیچ گومانێکی تێدانیە، کاتەکان بە نرخن، ستالین رازی دەبێ.

ئەمە یەکەمین جارە ئەم دوو پیاوە نامە ئالوگۆڕ دەکەن، شێوازی هیتلەر بە دەنگۆیەکی دەستکردانە بوو، لە نامەکەیدا باسی سیاسەتی درێژخایەن و سەدەکانی رابردوو لەم بابەتانەی کردبوو. خۆی پێنەگیرابوو

هەڕەشە لە پۆلۆنیا نەکا، لە کاتێکا دەبوایە هەندێک توانا و ویستی سیاسی بە گوێی ستالیندا بچرپێنێ، دەستەواژەی منی زۆر دووبارە کردبۆوە وەکو (من رازی دەبم) (من پێشوازیی لێدەکەم ) ( وەزیری من) وەڵامەکانی ستالینیش بە ئەدەب بوون، ئەگەر بەراوردیشیان پێ بکەین لەگەڵ بابەتەکە سارد بوون وتی: ( حکومەتی سۆڤیەتی منی راسپاردوە پێتان رابگەیەنم کە رازیە ریبنتروب سەردانی مۆسکۆ بکا لە ٢٢ ی ئاب).

لە ٢٢ ی ئاب و لە دوا کاتژمێرەکانی شەودا هەردوولا لە کۆبونەوەیەکدا لە کرملین باسیان لە پرسە بنەڕەتیە هاوبەشەکاندا کرد، پەیماننامەی دەست درێژی نەکردنە سەر یەک و پرۆتۆکۆلێکی نهێنیان واژۆ کرد، هەردولایان پەیمانی ئەوەیان دا لەحالەتی روودانی جەنگ هەردووکیان لە بەرانبەر یەکترا بێلایەن دەوەستن، بەلگەنامەکە ئاماژەی بە دۆستایەتی نەدەدا، تەنها ئەو ئاماژەیە نەبێ کە دەڵێ لە کاتی بوونی هەر ناکۆکیەک لە نێوانیاندا، بەرێگەی گۆڕینەوەی راو بۆچونەکان چارەسەر بکرێ. ئەوە لە خەیالی ستالیندا نەبوو کە هیتلەر بەم پەیماننامەیە لە کابوسێکی مەزن رزگاری بوو دەستی والا کرا بۆ ئەوەی لە هەردوو بەرەکە شەڕ هەڵگیرسێنێ، بەم مانایەش واتە جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد.

ئێستاش پێێ وایە ئەم جەنگە هەردەبێ بێ، ئەگەر ئەم هاوپەیمانێتیەی لەگەل هیتلەر واژۆ نەکردبا، ئەم شەڕە هەردەبوو، بەڵام ئەوکات بەرژەوەندیەکانی روسیا زیارت دەکەوتنە مەترسیەوە. هەستی بەوە نەکرد ئاگردانەکەی هیتلەر ئاگر لە دونیا بەردەدا، ستالینیش ئەگەر ئەم ئاگرە لە روسیا دورخاتەوە زیاتر نا ئەگینا ناتوانێ رێگەی لێ بگرێ. راستە پێی وابوو پۆلۆنیا زیاتر خۆی رادەگرێ، بەڵام پێێ وانەبوو بەم شێوە دەروخێ و شکست دێنێ و رۆژئاواش نەک تەنها بە هانایەوە ناچێ بەلکو هاوکاریشی نەکرد. بینی کە ئەلمانیا سەنتەری هێرشەکانی بۆ چەند میلێک نزیک بوونەتەوە، ئێستا ئەرکی بۆتە کەمکردنەوەی مەترسیە ستراتیژیەکان، ئەمەش تەنها بەوە دەکرا کە روسیا لە دابەشکردنی پۆلۆنیا بەشدار بێ.

ئەمە ناوەرۆکی پرۆتۆکۆلە نهێنیەکە بوو، بەمە ستالین دەستبەرداری دروشمە ستراتیژیەکەی دەبێ لەسەر سیاسەتی دەرەوە کە دەڵێ: ( ئێمە جێ پێیەکمان لەسەر خاکی کەس ناوێ).

بەم شێوە سەردەمی فراوانخوازی دەست پێدەکا، پاساوی ستالین لەم کارەی پاراستنی ئاسایشە، هەمان ئەم پاساوەی ئاسایش بوو قەیسەریەکانی هاندا لە سەدەی نۆزدەهەم بەشداری لە سێ ئۆپەراسیۆنی دابەش کردنی پۆلۆنیادا بکەن لە ترسی زیاد بوونی هێزی سەربازی دەولەتی بروسی. بە پێێ ئەم دابەش بوونەی چوارەمی پۆلۆنیا زەویەکانی نێوان روباری ناریف و ڤیستولا وئەلسان بدرێتە روسیا. بە پێێ پرۆتۆکۆلە نهێنیەکە هەریەک لە ئستونیا ولاتفیا و فنلەندا دەکەونە (ناوچەی ژێر دەسەڵات)ی روسی لیتوانیاش دەکەوێتە ژێر

دەسەڵاتەکانی ئەڵمانی، ئیتر روسیا توانی پارێزبەندی لینینگرادی پایتەخت بکا کە پایتەختی دووەمی بوو. پێشتر ئەم پایتەختە مەترسیی لەسەر بوو، هەر لەو پرۆتۆکۆلە دان بە مافی روسیا نراوە بیسارابیا بخاتەوە سەر سنورەکانی، ئەڵمانیاش رایگەیاند کە بایەخ بە بەلکان نادا. دارشتنی پرۆتۆکۆلەکە ناروون بوو. هۆکارەکەی هەروەکو دواتر ریبنتروب روونی کردەوە دەڵێ:

هەردوولا گومانی شەڕیان لە یەکتری دەکرد، ترسیان لە دزەکردنی هەوالەکان هەبوو. هەرچەندە دەستەواژەی (ناوچەکانی ژێر دەسەڵات) روون نەکرایەوە بەڵام مەبەست ئەوەبو ئەو خاکانەی دەکەونە ژێر دەسەڵاتیان بە خاکە داگیرکراوەکانیشەوە دەبنە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان. چارەنوسی دەولەتانی بەلکان زۆر بە وردی باسیان لێوە نەکرا، ستالین ئەوکات لە توانایدابوو لەسەر دەولەتانی بەلکان مەرجی هەبێ. چونکە هیتلەر پەرۆشی ئەوەبوو دەستەکانی والا بکرێن بەهەموو مەرجەکان رازی دەبوو، دواتر بە خاکی دەولەتانیتر دەست کراوە بوو، بەڵام هەلسوکەوتەکانی ستالین بەمەبەستی ئاسایشی راستەوخۆ بوو ئەوەندە چاوی لە فراوانخوازی نەبووە. بەهۆی ئەوەی ئەڵمانیا مەبەستی نەبووە بچێتە نێو بەلکان بۆیە ئەم رێگەی لەخۆی گرت، جگە لە بیسارابیا کە دانیشتوانەکەی بە روسی دەدوێن، کە روسیا رۆژێک لە رۆژان دانی بەوە نەناوە بیخاتە سەر رومانیا.

بۆچونەکانی ستالین لەسەر جەنگ چیبوو؟ تا چەند بڕوای بە رێککەوتنی لەگەڵ هیتلەر هەبوو؟ ئێمە نازانین ئەوکات چی بوو، رووداوە مێژووییەکانی پێشتر کە لە ١٩٤١ بۆی گەرانەوە ئاماژە دەدەن ( مەبەستمان هاوپەیمانێتی و شەرەکانی نێوان ئەسکەندەری یەکەم و ناپۆلیۆنە) بەڵام لە رەفتارەکانی رەچاوی رووداوە کۆنەکانی کردووە ، ئەوەتا دانەیەک لە هاوپەیمانێتی (تلسیت)ی بەدەست دەگا، کە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشوتری دەبێ کە ناچار نابی دوای واژۆکردنی پەیماننامەی تلسیت لەگەڵ دوژمنەکەی لەسەر پشتی کەشتیەک بەیەکەوە دانیش، ئەسکەندەری یەکەم ماوەیەکی خۆش دەگوزەرێنی ماوەی ئاشتەوایی بوو، چوار ساڵی خایاند، لەو ماوەیەدا لەگەڵ ناپۆلیۆن رووبەڕووی یەکتر نەبوونەوە، تا زنجیرەیەک لە شەڕ نەبێ.

بێ گومان ستالینیش ئومیدی ئەوەی هەبوو لەم پەیمانەی ئاشتەوایی ماوەیەک بە ئارامی بژی هەروەکو ئاشتەواییەکەی پێشینی، لەسەر ئەم بنەمایانە هەنگاوەکانی ناون تا ئەوکاتەی لە ١٩٤١ هیتلەر بێ ئومێد دەکا، بە دڵنیاییشەوە بڕوای بە سەرکەوتنی هیتلەر لاواز بوو، ئامانجی ئەوەبوو کاتەکان بباتەوە و لە بەرژەوەندی بوژانەوەی ئابوری روسیا بەکاری بێنێ لەگەل بەهێز کردنی پێگەی خۆی، ئەوکات کە دەولەتەکان ماندو دەبن ئەویش بە هێزەوە دەچێتە مەیدان.

گفتوگۆکانیشی لەگەڵ ریبنتروب ئەوە دەسەلمێنن ئەوکات ئەمە راو بۆچونکەنی بوو، ئێمەش جگە لە گفتوگۆکانی ریبنتروب بەولاوە هیچی ترمان لەبەر دەستدا نیە، بە تەواوەتیش لە هەندێک خاڵدا ورد نین ، بەم بەڵگانەبێ ستالین بە دروستی رۆڵی کەسایەتی خۆی گێڕاوە، رۆژنامەکانی روسیش گوتەکانی ریبنتروبیان بە درۆ نەخستۆتەوە، چونکە ئەگەر ناراستیی تیابوایە هەرزوو لێی بە دەنگ دەهاتن.

ستالین و نێردەی هیتلەر بە شێوازێکی فێلبازانە دواون، شێوازی دوو دوژمنی تازە ئاشت بوەوە، هەریەکەیان هەوڵی شاردنەوەی مێژوویەک لە دوژمنکاریی دابوو لە پەنای دۆستایەتیەکی ساختە. یەکێکیان بەوی تریان دەڵێ: ( پێم بڵێ ئەو یاریە ناشیرنە چیبوو لە فلان بۆنە لەگەڵ ئێمەتان کرد ؟ ئێستا هەندێک لە رووداوەکانی ئەو دانیشتنەتان بۆ دەڵێم) .

دوو دوژمنە ئاشتبوەکە، بەدەم قاوە خواردنەوەوە گالتە و گەپ دەکەن، بەڵام هەردووکیان بەئاگا بوون لەوەی وشەیەکی هەلە بەسەر زمانیدا نەیەت، یا پێش رووداوێک بکەوێ. هەریەکەیان بۆ ئەویتر دەست لەسەر سنگە، وێڕای ئەو پەیماننامەی لە پێشیان بوو بۆ واژۆکردن، بەڵام نە ئەمیان نە ئەو لە پەیمانەکان شوێنیان نابێتەوە.

وتووێژەکانی نێوان ستالین و ریبنتروب بەم شێوە بەڕێوە چون. ریبنتروب دەڵێ:

ئینگلیزەکان پێنج ملیۆن جونەیهیان تەرخان کردوە بۆ بەرتیل دان بە سیاسیە تورکەکان. ستالین وەڵامی دەداتەوە:

بەڵێ من دلنیات دەکەم کە زیاتریشیان تەرخان کردوە، باسەکان دەچنە سەر پەیماننامەی دژی کۆمنترن. ستالین بە خۆدەرخستنەوە، بەڵام پێشوازیی لێنەکراوە تەنها لە شارەوانی لۆندۆن و هەندێک بازرگانی بچوکی بەریتانی نەبێ. ریبنتروب وەڵامی دەداتەوە: دیارە هەستی بە نزیک بوونەوەیەک کرد.

( دەزانی؟ لای ئێمە لە بەرلین دەڵێن ئەوەندە نەماوە ئێوە بچنە نێو پەیماننامەی دژی کۆمنترن؟) نوکتەکان، بە سوکایەتیەوە بەردەوام دەبن، ناوە ناوە ستالین ئاماژەیەک دەدا و دەڵێ تائێستا وا گوتراوە کە هیتلەر دەستپێشخەری شەڕ بووە، گەلی ئەلمانی ئاشتیی دەوێ و هیتلەریش شەڕ. ستالین هێرش دەباتە سەر نێردەی سەربازی بەریتانی لە مۆسکۆ، کە تازە هەواڵی پەیماننامەی ستالین و هیتلەریان پێگەیشتبوو، سەبارەت بە پەیماننامەی خۆی لەگەڵ بەریتانی و فەرەنسیەکان بە یەک وشە ئامادە نەبوو بیدرکێنێ، هیچ زانیاریەکی سەربازیشی پێنەدا،. حکومەتی سۆڤیەتی نیازی دروستی خۆی دەرنەبڕی. دواتر ریبنتروب خزمەتی خۆی و

فەهرری بۆ ستالین نمایش کرد لە پێناو نزیک کردنەوەی ژاپۆن و روسیا،  (ستالین، کوری قەوقاسە، لەو شارەزاترە لە سروشتی ئاسیاییەکان ). دەڵێ: لەم زوانە.

(ستالین ئەم دەستەواژە دووبارە دەکاتەوە، من ئاسیاییم). دواتر ریبنتروب خزمەتێکیتر پێشکەش دەکا، هیتلەر پێی گوتبوو پێیان رابگەیەنێ ئێمە قوستەنتینیە و بەنداوەکانمان لا گرنگ نیە. ئەم وتەیە ئەوی نەدەگرتەوە تورکیای دەگرتەوە، چونکە بابەتەکە بە پێچەوانەی مەزندەکانی هیتلەر بوو، بۆیە سەرنجی ستالینی رانەکێشا، بە سەرلەقانێک وەڵامی دەداتەوە، بە مانای رازی بوون لە سکالاکانی دژی تورکیا.

ستالین هەول دەدا ریبنتروب پەلکێشکا بۆ رسوا کردنی نەخشە سەربازیەکانی ئیتالیا، بەڵام سەرکەوتوو نابێ، دواتر دەچنە سەر باسی ئینگلتەرا و فرەنسا، ستالین هەستی دوژمندارێتیی بە بریتانیا دەردەبرێ و دەڵێ:

لە رووی سەربازیەوە لاوازە،  دەڵێ: ( ئەگەر بەریتانیا لە هەولەکانی دەستگرتن بەسەر دونیا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەمە نیشانەی گێلی ئەو ولاتانەی ترە کە رێگەیان داوە فێلیان لێ بکرێ، بەنمونە کارێکی نارێکە چەند سەد بەریتانیەک بتوانن دەست بگرن بەسەر هیندا) دواتر دەڵێ:

( سەرەڕای لاوازیی بەریتانیا لەم شەرە بەشداری دەکا، ئەمە بۆچونی خۆی بوو وەزیری دەرەوەی نازیەکان هاوڕا نەبوو لەگەڵی. لەوەشیان لەگەڵیدا نەبوو کە رێزی بۆ سوپای فرەنسی نواند، لێرە دەگەینە مەبەستە سیاسیەکەی ستالین و هەلە مەزنەکەی :  پێی وابوو کە فرەنسا و بریتانیا دەتوانن ماوەیەکی درێژ بەرگری لەخۆیان بکەن لە بەرامبەر هێرشەکانی ئەلمانیا، هەرچەندە سەبارەت بە لاوازی بەریتانیا بۆچونەکە راست بوو بەڵام، هێزی فرەنسای مەزن کرد و هی ئەلمانیاش بچوک. دوا کەس بوو کە بڕوای وابێ بە دەستەواژەی ( مردن بۆ هێرشبەرە ئەلمانیەکان) یادی تێپەڕ بوونی دووسالەی پەیماننامەی نێوان خۆی و هیتلەر دەکاتەوە. یەکەم هەڵە و مەزنترین هەڵە کە ستالین کردبێتی ئەو مەزندە بوو کە لە سەرەتای مانگی ئەیلول بەدەر کەوت، لە روخانی کتوپڕی هێزی بەرگری پۆلۆنی توشی شۆک بوو، کاتێکیش لە ٥ی ئەیلول ریبنتروب فشار دەخاتە سەر ستالین تا ئەوانیش ئەو ناوچە سنوریانەی پۆلۆنیا داگیرکەن کە بۆیان دیاری کردوە، ستالین ئامادە نابی فەرمانی جولەکردنی هێزەکانی دەرکا. بە ئاشکەرا رایدەگەیەنێ بەشداری لە شسکت پەهێنانی پۆلۆنیادا ناکا، تا ئەو کاتەی لێی مسۆگەر دەبێ پۆلۆنیا دەروخێ.

ستالین بە هەلوێستەکانیدا دەچێتەوە لەسەر ناوچە دیاریکراوەکان کە ناوچەی نەتەوی بوون بۆ داگیر کردنی، بەڵام رەت دەکاتەوە داگیری کا چونکە ئەمە دژی بنەماکانی بۆلشەڤی دێنەوە.

لە ئەنجامی گواستنەوەی سنورەکانی رۆژهەڵات لە (ڤیستولا تا باگ، هیچ لە بەشەکەی روسیا نامێنێتەوە جگەلەو شوێنانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئوکرانی و بەلەروسین. ئەمەش دەبێتە پاساو بۆ ئەوەی ئەم شوێنانە بخاتە سەر سنورەکانی ئوکرانیای سۆڤیەتی و بەلەروسیای سۆڤیەتی، بەم شێوە سوپای سوور دەتوانێ سنورەکان ببەزێنێ نەک وەکو داگیرکار بەڵکو وەکو رزگارکەری ئۆکرانی و بەلەروسیەکان، (برای خوێن) پاش ئەوەی ئەم پەتایەیان لە نازیەکانەوە بۆهات بەم شێوە ناوی دەهێنان.

لە کاتێکا ستالین دودڵ بوو. ریبنتروب هەڕەشەی دروست بوونی بۆشاییەکی سیاسی لە رۆژهەڵاتی پۆلۆنیا دەکرد، نەبادا دەولەتانی تری نوێ پریکەنەوە، سەرۆکایەتی ئەو دەولەتە نوێیانەش نەتەوەخوازەکانی ئۆکرانیی دژی سۆڤیەت دەبن. هیتلەر بەو بەیاننامە هاوبەشە رازی نابێ کە ستالین پێشنیاری دەکا و تیایدا دەڵێ: سوپای سوور بۆیە سنورەکانی بەزاندوە تا پارێزگاری لە ئۆکرانی بەلەروسیەکان بکا لە دژی هێرشی نازیەکان، ئەوکات ستالین لە جولەی سوپای ئەلمانی بێزار ببو کە لە پۆلۆنیای رۆژهەلات ئەنجامیان دەدا، داوای لە بالوێزی ئەلمانیا کرد کە دڵنیایان بکاتەوە بەوەی سوپاکەیان دەکێشنەوە، لەو ماوەیەش بیری لە پرۆژەی دامەزراندنی دەولەتێکی هاوتای پۆلۆنیای دەکردەوە. بەڵام دواجار واز لەم بیرۆکە دەێنێ و فەرمان بە سوپای سوور دەدا بەرەو پێش بچن.

لە کۆتایی مانگی ئەیلول دووبارە ریبنتروب دێتەوە کرملین: ئێوارەکەی ئامادەی ئاهەنگێک دەبێ و گوێ لە ستالینیش دەگرێ بۆ چەند وتەیەک، مامەلەیەکی نوێیان کرد: لەبەرانبەر یەکخستنی لیتوانیا لەگەڵ سۆڤیەت، پۆلۆنیای ئەتەنی بدرێتە ئەلمانیا.

کاتێک ستالین دەزانێ ئەلمانیا بە تەواوەتی بەسەر پۆلۆنیادا زاڵ بووە، بڕوای بەخۆ نەما، ئەو شەرە ساختەی ئەوروپا دەیکا، ستالین لێی دەترسا: ئەی بەریاتنیا و فرەنسا لە تەقە کردن نەوەستێنراون تا هانی ئەلمانیا بدەن هێرش بکاتە سەر روسیا؟ ئێستا کاتی ئەوە هاتوە یەکەم کەس کێبێ خزمەت پێشکەش بە هیتلەر بکا. ئێستا پەیماننامەیەکیتر خرایە سەر پەیماننامەی دەستدرێژی نەکردنە سەر یەکتری، ئەویش رێککەوتنی دۆستایەتی



نێوان ئەڵمانیا و روسیایە، راگەیەندرا کە ئەرکی هاوبەشی روسیا و ئەڵمانیا (گەڕاندنەوەی ئاشتی و ئارامیە) بۆ پۆڵۆنیا و مسۆگەر کردنی ژیانێکی ئاشتیانە بۆ گەلانی نیشتەجێ لەژێر سیمای نەتەوایەتی. نابێ هێزە ئەوروپیەکان دەستکەوتەکانی ئەڵمانیا و روسیا بخەنە گومانەوە. ستالین دەستبەرداری ساردوسڕی دەبێ، بە ئاشکەرا بەرپرسیارێتی خۆی لە هاوبەشی ئەڵمانیا رادەگەیەنێ لە داگیرکردنی پۆڵۆنیا، دەڵێ هیتلەر تەنها دۆستم نیە بەڵکو هاوبەشمە، لە پرۆتۆکۆلێکی نهێنیدا بڕیار دەدەن کار لە دژی ئەو پرۆپاگەندانە بکەن کە داوای سەربەخۆیی پۆڵۆنیا دەکا. بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد تیایدا فەرەنسا و بەریتانیایان لە بەردەوامی جەنگ تۆمەتبار کرد.

لە پشتگیری کردنی لە (هێرشی ئاشتیانەی) هیتلەر، ستالین لە پیسیا خۆی لێگۆڕابوو، کەسێک بەقەدەر ئەو مەبەستی درێژە پێدانی جەنگ نەبوو، ئەگەر رۆژئاوا بە چاوپۆشین لە داگیرکردنی پۆڵۆنیا، لەگەڵ هیتلەر رێک بکەوتبانا، هیتلەر لە هاوینی ١٩٤٠ هێرشی دەکردە سەر روسیا .

ئەم فێڵەی ستالین سیمای سەرەکیی رەفتارەکانی بوو بەرانبەر بە هیتلەر تا حوزەیرانی ١٩٤١. تا گومانەکانی لە فوهرر زیاد دەبن، ترسەکانیشی زیاتر دەبن، زیاتر خۆشەویستی خۆی نیشانی بدا و هێزەکانی هیتلەریش لە سنورەکانی روسیا دوور بکەونەوە، ئەو مامەڵەی لە نێوانیان ئەنجام برا پێویستی بە سازشی هەردووک لایەن هەبوو، ئەلبەت ستالین مەبەستی بوە کەمترین بدا و زۆرترین وەرگرێ، رێککەوتنەکە بەم شێوە بووە: روسیا دانەوێلە و کەرەستەی خاو بدا بە ئەڵمانیا، لەبەرانبەردا ئامێر و دەزگای بەرهەمهێنانی لێ وەرگرێ.

یەکەم هەنگاوی ستالین دوای ئەم رێککەوتنە، نێردەیەکی سەربازی دەنێرێتە ئەڵمانیا، لە دەستپێکی دۆستایەتیان نێردەکەی روسی گلەییان لە ئەڵمانیەکان دەربڕی کە وشک و لە خۆباییین، ئەڵمانیەکان گلەییان لە روسەکان ئەوەبوو کە داوای ئامێری زۆر و مەزن دەکەن بۆ دروست کردنی تفاقی سەربازی، هەرکە هێرشەکانی سەر پۆڵۆنیا تەواو دەبن ستالین چاو دەبرێتە ئەو خاکە لەچەک داماڵراوانەی نێوان روسیا و ئەڵمانیا. لە راستیشدا ولاتانی بەلتیک لە مانگی ئابەوە لەو خاکانە نەبوون کە لە چەک داماڵراون.

لە ئەیلول و تشرینی یەکەم هێزەکانی روسیا لە ئەستونیا، لاتفیا، لتوانیا جێگیر دەبن. بەڵام حکومەتەکان دەستیان بە قەوارەی دەولەتی خۆیانەوە گرتبوو، ستالین وەکو پارێزەری ئەم دەولەتانە خۆی نمایش کرد، یەکەم جار بوو نارەحەتی خۆی لە چەکداماڵینی ناوچەی بەلکان دەربڕی، لە تشرینی یەکەم مۆلۆتۆف داوا لە بولگاریا دەکا پەیماننامەیەک لەگەڵ روسیا ببەستن، جەختیان لەسەر بایەخ پێدانی فینلەندا کردەوە کە

رێگەی بە روسیا نەدابوو سوپای لەوێ جێگیرکا ( ئەو بۆ بەرگری پێکردنی لینینگرادی پێویست بوو) هەروەها رەتیکردەوە بەشێک بێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی روسیا.

لە 30ی تشرینی دووەمی 1939 شەڕ لە نێوان روسیا و فینلەندا روویدا، هەرچەندە ستالین دوای یەك مانگ لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر خۆی سەربەخۆیی فینلەندا رادەگەیەنێ، بەڵام رێکەوتە نابەجێکانی مێژوو وا دەخولقێنێ کە ستالین ئەم شەرە هەلگیرسێنێ، فینلەندیەکان زۆر خۆراگرانە بەریگریان لە ولاتەکەی خۆیانکرد، سەرەتا سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێنا، ئەمەش بەهۆکاری لاوازی فەرماندە روسەکان و کەش و هەواکەوە بوو، بەم شکستانە شکۆی روسیا دەشکێ و سۆزی فرەنسا و بەریتانیا بۆ فینلەندا زیاد دەکا بەو هۆیەوە هەردووکیان پەیمانی پێدەدەن کە هاوکاریی بکەن، لەم میانە لە هەردووك ولات سوپای خۆبەخش دامەزرا، لەوکاتەی ئارامیەکی سەیر لە هێلەکانی سیگفرید و ماجینو بەرقەرار دەبێ، فرەنسا سوپایەك بە فەرماندەی ویگان لە رۆژهەلات جێگیر دەکا، واتە بەرانبەر بە بەرەی روسیای قەوقاسیی لاواز، لە 14ی کانونی یەکەم روسیا لە کۆمەلەی نەتەوەکان دەردەکرێ، ئەم کۆمەلە خۆی چاوپۆشی زۆری لە کردەوەکانی رایخی سێیەم و ئیتالیای فاشیست دەکرد.

ئەمە بوون دلەراوکێیان لە دلی ستالین دروست کرد کە ببینێ هێزە رۆژئاواییەکان شەڕیان لە ئەلمانیاوە گواستەوە بۆ روسیا، سەرەرۆیی فینلەندا ئەوەندەی نەدەویست بەڵام ئەو کەوتبوە خەیالی ئەو هزرو بیرانە.

لە کانونی یەکەمی 1939 لە نێو ئەم دۆخەدا یادی شەستەمینی لەدایك بوونی دەکردەوە، ئەمەی بەدەرفەت زانی دۆستایەتی خۆی لەگەڵ هیتلەر بە ناشیرنی دیار بخا، بەڵام هیتلەر بەم شێوە وەلامی دەداتەوە: (دۆستایەتی هەردوو گەلی ئەلمانی و روسی کە بە خوێن بنیاد نراوە، هەموو دەرفەتەکانی درێژەدان بە مکوم کردنی بەدەستەوەیە). دواتر ستالین چەندە تەمەنناى دەکرد بیتوانیبوایە ئەم دەستەواژە لە مێژوو بسرێتەوە.

لە ئاداری 1940 شەڕی فینلەندا و روسیا کۆتایی دێت، ئەوکات سوپای روسی بەشێك لە شکۆی بۆ دەگەڕێتەوە، هیتلەر خۆی بۆ هێرشی سەر ئەوروپای رۆژئاوا ئامادە دەکرد، ستالین گومانی هەبوو لە پشتەوە خەنجەری لێبدرێ، دووبارە رۆلەکانیان ئالوگۆر کردن، روبینتروپ لە 28ی ئادار بروسکەیەك بۆ بالوێزەکەیان لێدەدا و دەڵێ: ( فومرەر تەنها بەوە خوشحالنیە کە لە بەرلین پێشوازی لە ستالین بکا، بەلکو دەیەوێ پێشوازیەك بێ شایەستەی پێگەی ئەو بێ چونکە بەرزترین خەلاتی مەدالیای پێ دەبەخشرێ)، ستالین ئەوەندە پەلەی نەبوو وەکو دۆچی خەلاتی هیتلەر وەرگرێ و لەتەك ئەو بەشداری لە نمایشی سەربازیدا بکا، تەنانەت مولوتوفیش داوەتنامەکەی قەبول نەکرد، بۆیە ڤون شولنبورگ هەولی دا ئازاری

ڕەتکردنەوەکان لەسەر فومرەر کەم کاتەوە، پێی وت کە ستالین ترسی لە دەوروبەرە بۆی داوەتنامەکەی ڕەت کردەوە.
دواتر ستالین توشی شۆك دەبێ لە رادەست بوونە خێراییەکەی فرەنسا و کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ئەوروپا، بەم رووداوە بەرنامە ستراتیژیەکانی ستالین لەناو دەچن، بۆیە لە ترسی رووبەروو بوونەوەی لەگەڵ هیتلەر ئەو ڕێرەوە دادەخا کە لە بەلتیکەوە بۆ روسیا دەچێ، هەروەها بۆ دڵنیا بوون لە ولاتانی بەلتیك کە لە رووی بیرکردنەوەوە چاویان لە بەرلینە ،جدانوڤی ناردە ئستونیا و فیشنسکی بۆ لاتفیا و دیکانوزوف بۆ لیتوانیا، هەریەکەیان نامەیەکی پێدان تیایدا داوای لێیان کردبوو حکومەتەکانیان بروخێنن، ئەگەر توانیشیان با کۆمۆنیستەکان دەسەڵات بگرنە دەست، ئەمەش وەکو ئامادە سازیەك بۆ یەکخستنی ئەم سێ دەولەتە بە یەکێتی سۆڤیەتەوە.
بەم شێوە وەرچەرخانێکی گرنگ و مەزن لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ستالین رودەدا، زەرورەتەکان وای دەخواست بنکەی سەربازی لە سەر خاکی بەلتیك دامەزرێنێ وەکو هەنگاوی یەکەمی ستارتیژی .ئەوەتا لە ئەنجامی روخانی فرەنسا و لە مەترسی ئەو رووداوە شۆرش لەو سێ ولاتە بچوکە رادەگەیەنێ، بۆ یەکەم جار ئەگەر کەمێکیش بێت پێشێلی بیروراکانی خۆی دەکا کە دروشمی ( سۆسیالیزم لە یەك ولاتدا) بەرز کردبۆوە، ئەمە ئەو بڕوایە بوو کە نەوەیەکی لە روسیا پێ پەروەردە کرد بە پاساو و لە ژێر پێویستیەکانی روژگار لێی لادەدا، جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ بلاو کردنەوەی رێبازی شۆرشی بۆلشەڤیدا هەبوو، شۆرشی لەسەر سەری پاسەوانەکان هەناردەی دەرەوەی کرد، بەلکو چینی کرێکاری بەلتیك پشتگیریان لەو رێورەسمە دەکرد کە بەشداری پێکردنی پیشەسازیی پێدەوترا، بەلام خالی یەکلایی کەرەوە لێرەدا هێزی سەربازی روسیا بوو نەك سۆزی جەماوەر . کاتی خۆی بۆلشەڤیەکان پێیان وابوو شۆرش بزوتنەوەیەکی جەماوەریە، لە دەستکردی چینی زەحمەتکێشە و حزبێکی پێشرەو رێکی دەخا، بەڵام ئێستا سوپای سوور شوێنی ئەو حزبەی گرتۆتەوە، راپەرینیش لە ئەنجامی دینامێکیەکی ستراتیژی دەولەتە مەزنەکان بووە.
ئەم جۆرە راپەرینە مەزنە لە هیچ ولاتێکی مەزن یا مامناوەندی روونادا کە ماولاتیانی لەسەر هێز و بازوی خۆیان بژین، بەلام ئەم سێ کۆمارە بچوکە خاوەنی رژێمێکی ستەمکاری بەم شێوە و دراوسێی ولاتێکی زل هێز بە بچوکترین جولە لەناو دەبردرێن. کاتی خۆی لە ۱۹۱۸ کە ئەمە ماوەتەوە لە ئەنجامی لاوازی روسیا و چاکەی بۆلشەڤیەکانەوە بووە، لە یەکەم سالی تەمەنیان، بەلام ستالین نە چاکە دەکا و نە لاوازیشە بۆیە خۆی لە لێوارەکانی بەلتیك بینیەوە بەهۆی ئەوەی خۆی بە خاوەنی مولکەکانی روسیای کۆن دەزانێ و داوای بەشێك لە جێماوەکانی قەیسەر دەکات، یەکەمین جار ئەم رۆلەی لە 1940 لەسەر ئاستی دونیا بینیوە، لە ئەیلولی رابردوو، تا ئەوکات ئامادە نەبوو بەشێك لەو خاکانەی ئەتەنی پۆلۆنی بخاتەوە سەر خاکی روسیا،

کە مولکی قەیسر بوو، لە کاتێکا داواکەی روسیای ئەتەنی وەکو داواکەی پۆلۆنیای ئەتەنی داوایەکی شەرعی بوو. کەچی ئێستا دەولەتانی بەلتیك هیچ داوایەکی ئەتەنیان لەسەر نیە بەڵام دەیانخاتەوە سەر خاکی روسیا، گوایە کاتی خۆی زاتی ئەوەی نەکردوە داوای مولکەکانی قەیسەر بکاتەوە چونکە لەگەل بڕواکانی بۆلشەڤیک نەدەهاتنەوە .ئەگەر بە پێی بیروراکانی لینین پێوانەی بۆ بکەین نابێ پێداگری لەسەر داواکانی دراوسێیە لاوازەکانی بکات .بۆیە و لە پێناو بە ساختە کردنی ئیرادەی جەماوەری ئەو ولاتانە بڕیاری ریفراندۆمێکی ساختەی لەو سێ ولاتە دا بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر یەکخستن یا چارەنوسی ولاتەکانیان بدەن ( ئەستونیا، لاتفیا، ليتوانيا) لەگەل یەکێتی سۆڤیەتدا.

رەفتارەکانی ستالین لەم کارەیدا لە رەفتارەکانی سەرۆکی ولاتانی تری زلهێز ناشیرنتر نەبوو بەڵام جیاوازیەکە ئەوەبوو رەفتارەکانی بە پێچەوانەی بیروراکانی بوون.

بە درێژایی هاوین ستالین چاودێری کاردانەوەی هیتلەری دەکرد لە دەستگرتن بەسەر ئەو سێ دەولەتەی بەلتیك، بەڵام هیتلەر بێدەنگیی هەلبژارد، چونکە لەو ئالوگۆرە ئەمیش پشکی خۆی هەبوو. تەنانەت کاتێك ستالین بیسرابیا و بوکوفینای باکوریشی لە رومانیا دابری دەنگی لێوە نەهات. ئەمەش دوا کاری هاوبەشیان دەبێ.

لە میانی جەنگی بەریتانیا لە هاوینی 1940 تاکتیکەکانی ستالین زیاتر پێچو پەنا بەخۆوە دەبینێ. وێڕای سەرکەوتنە خێراییەکانی هیتلەر ئەوساش لێی بە گومان بوو بەڵام خۆوەدەست دانی بەریتانیای بە دوور نەدەزانی، هەر چۆنێکی بێ لەو هەولەدابوو کە هتلەر بگەیەنێتە ئەو بڕوایەی گوایە بڕوای بە سەرکەوتنی یەکجارەکی هیتلەرە و ئەویش ئامادەیە لەگەل سیستەم و رژێمی نازی خۆی بگونجێنێ، بە خۆوەدەست دانی فرەنسا مولوتوف بەگوێی بالوێزی ئیتالیادا دەچرپێنێ لەکاتێکا دلنیایە لەوەی وتەکان بە هیتلەر دەگەنەوە و پێی دەلێ: روسیا تەنها بایەخ بە ولاتانی بەلکان دەدا، مەبەستیەتی بگاتە بولگاریا بۆ ئەوەی تورکیا بێ بەش بکات لە دەربەندە ئاویەکان لە دەسەڵاتی تاکرەوی ، هیتلەر وای لێکدایەوە کە ستالین لەو سەرکەوتنانە داوای بەشی خۆی لێ دەکا، بەڵام لە راستیدا ئەمە لە ترسی ئەوە بوو نەبادا ئەلمانیا لە باشورەوە گەمارۆی بدا، کەچی بە لێکدانەوەی هیتلەر ئەمە هەولێکە بۆ گەمارۆدانی ئەلمانیا، بەم شێوە داگیرکردنی بەلکان بە نیانی دوو سالێکی برد.

لەوکاتەی ستالین وای پیشانی هیتلەر دەدا کە بڕوای وایە هەرچی زووە کۆتایی بەم جەنگە بێت، بەڵام کرێگرتە و دبلۆماتکارەکانی لە دەرەوە هانی بەرگریکارانی رژێمە نوێکەیان دەدا، لەوڵاشەوە مۆسکۆ لێیان بێ دەنگ بوو، داوایان لە بەرگریکارانی فرەنسی دەکرد بەرەنگاری داگیرکەرانی ولاتەکەیان ببنەوە، تەنانەت پێشتریش ئەلمانیا نارەزایی خۆی دەربڕی لەسەر بلاو کردنەوەی پرۆپاگەندە لەلایەن مەدام کولونتای لە دژی

نازیەکان ( وەزیری کۆمیساری سۆڤیەتی لە سوێد).
ئەم رەفتارانە لە کەسانی سادە و نزم روودەدران، شێواز و زمانی قسە کردن لەگەڵ ئەڵمانیا زمانی دۆستایەتی بوو، خەمە مەزنەکەی ستالین ئەوەبوو هیتلەر بە پەیوەندیەکانی نەزانی کە لەگەڵ بەریتانیا هەیبوو، بەریتانیا ئەو تاقە دوژمنەی هیتلەر بوو کە تا ئەوکات لەسەر پێ وەستابووەوە و توانای بەرەنگار بوونەوەی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیەکانی نێوان بەریتانیا و روسیا بەردەوام بوون، لە سەرەتای تەموزی 1940 ستالین پێشوایی لە بالوێزی بەریتانیا (سیر ستافورد کریبس) کرد ئەمەش دەرەفەتێکە هیچ بالوێزێك دەستی نەکەوتوە لە دوای چاو پێکەوتنی ریبنتروپ. بالوێزە نوێکە لەسەر دۆستایەتی روسیا و بەریتانیا زۆر گەرم و سوور بوو، بۆیە دامەزراندنی ئەم بالوێزە نوێیە لەلایەن چرچلەوە رەنگدانەوەی ئەو بایەخانە بوون، بەڵام ئایا ستالین وەلامی ئەم چاکە دەداتەوە؟ یا ئەم دەستپێشخەریە پشتگوێ دەخا؟ دوو بژاردەی لەرودامانن، بە دروستی گوێی لە بالوێز گرت باسی ئەو مەترسیانەی بۆ بکا کە لەلایەن ئەڵمانیاوە لەسەر روسیا هەن، هەروەها مافی روسیا لە مانەوەی لە بەلکان و دەست گرتنی بەسەر بەندەرەکانی ئاوی لە دەریای رەش، ئەمە لە دبلۆماسیەتی بەریتانیدا شتێکی نوێیە، ستالین ئامادە نەبوو ئەوە بدرکێنێ کە لە هزریدایە، دانی بە وە نەنا هیچ مەترسیەک لەلایەن ئەڵمانیاوە لەسەر روسیا هەبێ ، ئەو پێشنیارەشی رەت کردەوە کە گوایە روسیا مافی خۆیەتی بەلکان لەگەڵ روسیا یەکبخا، رەزامەندیشی دەربڕی لەسەر دۆزینەوەی رێگە چارە بۆ پرسی بەندەرەکان، لە ترسی ئەوەی یەك تاقە وشە لە دەمی دەرنەچێ کە لێکدانەوەی خۆشەویستیی بۆ بکرێ، بە شێوازێکی توند خۆی لە وەلامەکان دەدزیەوە. ووتی: ئاساییە بەریتانیا روسیا لە سەرەوەی ئەڵمانیا ببینێ، بە شێوەیەك هەستیار بوو مۆلۆتۆفی ئاگادار کردەوە کە چیرۆکێك بۆ شولنبورگ بگێرێتەوە لەسەر ئەم چاو پێکەوتنەی لەگەل بالوێزی بەریتانی کە گونجاو بێ. دەگێرنەوە گوایە مولوتوف پێی راگەیاندون کە ستالین زۆر بە توندی لەگەل بالوێز دواوە و ستایشی سەرکردەکانی ئەڵمانیای کردوە.
بەر لە کۆتایی هاتنی جەنگی بەریتانیا ململانێکانی روسیا و ئەڵمانیا لەسەر ناوچەکانی بەلکانیی لە چەکداماڵراو بە ئاشکەرا هەستی پێدەکرا، هیتلەر بێ ئەوەی راوێژ بە کرملێن بکا سنورێکی نوێی بۆ رومانیا و فینلەندا کێشابوو، کاتێکیش مۆلۆتۆف ناڕەزایی دەردەبرێ لەم پەیمان شکاندنە، پێی دەڵێن ئەمە بۆ خۆپاراستن لە هێرشەکانی بەریتانی ئەنجام دراوە، خاڵەکانی بەگژ یەکداچون لە درێژایی ناوچەکانی لەچەك داماڵراو لە نێوان سوپاکەی ئەڵمانی و روسی زیادیان کرد، رۆژهەلاتی ئەوروپا و باشوری رۆژهەلات وای لێهات شوێنی هیتلەر و ستالین نەبێتەوە، هیتلەر بە هاوبەشەکەی دەوت واوە بچۆ تا شوێنی خۆم بکەمەوە. کاتێکیش هیتلەر لە شەرەکانیدا لەگەل بەریتانیا دەگاتە رێگایەکی داخراو، لە توانایدا نامێنێ چیتر سوکایەتی بە سوپای سوور بکا، ناتوانێ چیتر بە ئاشتی لەگەل ستالین بمێنێتەوە ئەگەر ستالین نەچیتە ناو بەرەی ئەو.

ریبنتروپ له ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٠ نامەیەك بۆ ستالین دەنوسێ و دەڵێ: ( خۆشەویستم ستالین فروهەر وای دەبینێ کە نامە مێژووییەکە... یەکێتی سۆڤیەت وئیتایا و ژاپۆن وئەڵمانیا لە بنیادنانی سیاسەتێکی دورخایەندان) و بەنیازن بەرژەوەندیەکانیان لەچوار چیوەی دونیادا دیاری بکەن)،

هیتلەر داوەتکردنی ستالین بۆ بەرلین دووبارە ناکاتەوە، کە جاری یەکەم رەتیکردبۆوە.

له جیات ئەم داوەتی مۆلۆتۆفی کرد بۆ سەردانی بەرلین و بە ریبنتروپی راگەیاند لە کاتی گفتوگۆ لەگەل ستالین لە کرملین ئەم داوەتنامەیەی پێی ڕابگەیەنن . ریبنتروپ وای مەزندە کرد پێشنیارەکەی بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەل هێزەکان رەزامەندیی لەسەر دراوە، بە ستالینی راگەیاند کە ئامادەیە بە یاوەری نێردەی ژاپۆن و ئیتالیا بێتە مۆسکۆ بۆ بەشداری لە ئاهەنگ گێران بەم بۆنەیە.

دوای یەک هەفتە لە نامە دلخۆشیەکەی ریبنتروپ ستالین بە ساردی وەلامی دەداتەوە، لاریی نەبوو لە پێشنیارەکەی ریبنتروپ، بەلام بەم شێوە بە پەلە نا، ئامادەیی خۆی دەربڕی بەناردنی مۆلۆتۆف بۆ بەرلین و پێشوازی کردنی لە ریبنتروپ لە مۆسکۆ، بەلام داوای بوردنیکرد لەوەی کاتی گوتوبێژە هاوبەشەکانی لەگەل ژاپۆن و ئیتالیا دوا دەخا بۆ دوای ئەوەی رێکارەکان تەواو دەبن. هەر لە رەفتارەکانی مۆلۆتۆفەوە دەزاندرێ ستالین چیی بە مۆلۆتۆف گوتوە و پێی راسپاردوە:

ستالین داوای لە نوێنەری کردوە چاک گوێ لە هەموو پێشنیارەکان بگرێ بێ ئەوەی رەزامەندی لەسەر هیچیان بدا، پێداگریش لەسەر پرسی بەلکان بکا.

مۆلۆتۆف لە بەرلین دەگەڕێتەوە و بەم شێوە بۆچونەکانی دەگێرێتەوە:

هیتلەر دوپاتی کردەوە کە ئومێد دەخوازێ روسیا بەشداری لەو هاوپەیمانێتیە چوارقۆلیەدا بکا ئەمەش ببێتە مایەی خۆرادەست کردنی بەریتانیا. دواتر لە تۆلەی ئەمە قەرەبووی روسیا دەکرێتەوە بە پێدانی بە شێک لە خاکی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، بۆیە دەبێ ئەم چوار هاوپەیمانێتیە کە لەسەروبەندی دەستگرتنێ بەسەر مولکەکانی ئیمپرراتۆرەکە ناکۆکیەکانی نێوانیان چارەسەر کەن . بە دیدی فوهرەر لە بەرژەوەندیەکانی ئەم چوار هاوپەیمانێتیە دایە (روسیا و ئەڵمانیا و ئیتالیا و ژاپۆن) بەرەو یەک ئاراستە فراوان بن: بەرەوە باشور.

هەریەک لە ئەڵمانیا و ئیتالیا لە ئەفریکا ئیمپراتۆریەتیان دروست کرد، ژاپۆنیش لە ئاسیا، دەبێ روسیاش بەرەو هیند بلاوە بکا.

مۆلۆتۆف هەولیدا ئەم هزرە خەیالیەی هیتلەر بۆ ستالین بگوازێتەوە، ئەوکات ستالین دەڵێ: یەک چۆلەکەی بەلکانیی ناو دەست باشترە لە هەموو چۆلەکەکانی رۆژهەلات کە لەسەر دارەکانی ئیمپڕاتۆریەتی بەریتانی هەلنیشتون. هەولیدا هیتلەر سنورەکانی دەسەڵاتی ئەڵمانیا و روسیا لە باشوری ئەوروپای رۆژهەلات دیاری بکا، بەلام هەولەکانی شکستیان هێنا.

ئەو هەنگاوەی ستالین ئەنجامێکی مەترسیداری هەبوو، ئەمەش بە مانای رەت کردنەوەی پێشنیارەکەی هیتلەر دێت. وەکو بنەما رەزامەندیی لەسەر بەشداری لە هاوپەیمانیە چوار قۆلیەکەدا، بەلام مەرجی هەبوو کە هیتلەر لە فینلەندا بکشێتەوە و دان بەوەشدا بنێ کە بولگاریا دەکەوێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی روسی و هاوکاری روسیاش بکا بۆ ئەوەی رێککەوتنی درێژخایەن ئەنجام بدا لەسەر ئەوەی بتوانێ لە تەنگئاوەکاندا بنکەی سەربازی دابنێ. ئەگەر هیتلەر بەیەکجارەکی دەستی لە بیرۆکەی هێرش کردنە سەر روسیا هەلگرتبێ و لە هەمان کاتیشدا ترسی لە روسیا نەبێ هێرشی بکاتە سەر، ئەوکات دەکرا بە مەرجەکانی ستالین رازی بێ.

بەلام کارەکان وا نین بۆیە بیرۆکەی هاوپەیمانی چوارقۆلی هەلوەشایەوە، دوای ئەم جارە کەسیان باسی ئەم هاوپەیمانێتیەیان نەکرد، دوای سێ هەفتە لە بەدەست گەیشتنی وەلامەکەی ستالین، هیتلەر فەرمان بە سوپاسالاری ئەڵمانی دەدا هێرش بکرێتە سەر روسیا، ئەم فەرمانە بە نەخشەی (برباروسا) هاتە ناسین.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٤١ روسیا بە تەواوەتی لە بەلکان دەکشێتەوە، کرملێن بێزاری خۆی لەم کارە دەربڕی. لە کانونی دووەمی هەمان ساڵ، بە کتوپری رادەگەیەنێ کەوا کەس راوێژی پێنەکردوە بەوەی هێزەکانی ئەڵمانی بچنە ناو بولگاریا و دژ بەم هەنگاوەشە، بەدوای دروستکردنی هێزێکی بەرگریدا دەگەرێ لە دژی داگیرکاری ئەڵمانیا. مۆسکۆ وەکو برایەک پێشوازیی لە بالوێزی یوگسلافیا (گافر یلوفیچ) کرد، ، باس و گوتوبێژ لەسەر ئەم بابەتە کرا کە پیلانەکە چۆن ئەنجام بدەن، لەم سەردانەیدا وێنەیەک لەتەک ستالین دەگرێ کە تا درەنگانی شەو باس لە دۆستایەتی ئەم دوو ولاتە دەکەن، بالوێزی یۆگسلافیا لێی دەپرسێ: ئەگەر ئەڵمانەکان لێتان هەلگەرانەوە و هێرشیان کردە سەرتان؟ .دکتۆر بە پێکەنینەوە وتی.. بابێن).

لە چواری نیسانی ١٩٤١ روسیا و یوگسلافیا رێکەوتنێکی دۆستایەتی واژۆ دەکەن. مۆلۆتۆف بە بالوێزی ئەڵمانیا دەڵێ : هیوادارم ئەڵمانیا ئاشتی سلاڤیە باشوریەکان بپارێزێ. دوای دوو رۆژ بالوێز وەلامی دەداتەوە کە ئەڵمانیا لەوپەری ئامادە باشیدایە بۆ هێرش کردنە سەر گریکستان و یوگسلافیا.

بەرلەوەی دوژمنایەتیان لەیەک ئاشکەرا بێ ستالین دەتوانێ خولی یەکەم لە هیتلەر بباتەوە. لە ١٣ی نیسانی ١٩٤١پێشوازیی لە ماتسووکا وەزیری دەرەوەی ژاپۆن کرد، بەبێ گەردی لەگەل یەکتری دوان و واژۆیان

لەسەر ڕێککەوتنی هێرش نەکردنە سەر یەکتری کرد، ئەم ڕێککەوتنە مۆتەکەی (جەنگی دوو بەرەی شەڕ)ی لە روسیا دوور خستەوە، بەلام دەستی ژاپۆنی لە زەریای هێمن والاکرد. ماتسووکا ئەوکات لە بەرلین گەرابۆوە هەریەک لە هیتلەر و ریبنتروپ ئاگاداریان کردبۆوە کە ئەلمانیا لەسەروبەندی هێرشکردنە سەر روسیایە، داواشیان لێی کردبوو کە هیچ ڕێککەوتنێک لەگەل روسیا واژۆ نەکا، بەلام ژاپۆنیش وەکو روسیا ترسی لەوە هەبوو لە دوو بەرە بکەوێتە جەنگ، ئەم ترسەی لە دۆستایەتی وناکۆکیە هزریەکان بەهێزتر بوو.

لە میانی ئەو دوو سەردانەی ماتسووکا بۆمۆسکۆ لە ئاداری ١٩٤١ ، ستالینی بە چالاک و زیندو و زۆربلێ دەبینی، دەڵێ ئەمە خەسلەتە کانیەتی کە زۆر شانازی بە رەگەزی خۆیەوە دەکا ئێستاکە بەم پێگەیە گەیشتوە ئەم شانازیە گەیشتۆتە لوتکە، ئەمە وەکو ئەوەیە بەو دونیایە بڵێ روسیا قەرزاریەتی لە پای ئەو ئاشتی و ئارامیەی بۆ دابین کردوە، هەریەک لەو دوو پیاوە بۆ خۆ سەرقال کردن و خۆگرخاندن شێوازی تایبەتی خۆیان هەبوو، ستالین لە سنوری نێوان ئەوروپا و ئاسیا هەلدەکەوێ بە ئامادە بوونی نێردەی ئەلمانی دیدی ئاسیایی خۆی بەدەر دەخا.

ماتسووکا خۆی وەکو کۆمۆنیستێکی بە رەوشت دایە ناسین کە لە خانەوادەیەکی دەرەبەگی دێرینە. ستالین گوێی لە چیرۆکی پالەوانێتی باپیرانی متسووکا گرت، گوێی لەوەش گرت کە گوایە ژاپۆن سوورە لە سەر ئەوەی لە چین شەڕ لەگەل چینیەکان ناکا بەلکو لەگەڵ لیبرالیستە ئەنگۆ سەکسۆنیەکان دەکا ئەوانەی کار بۆ روخانی (کۆمۆنیستە بە رەوشتەکانی ژاپۆن) دەکەن.. هەردوو پیاوەکە لە باس و خواسەکانیان لە بواری فەلسەفەی سیاسەتەوە دەچنە سەر باسی سازش کردن لەسەر پرسی (شاخالینی باکور). لەسەر شێوازی رۆژهەلاتی ئەم سازشەیان کرد، ستالین بە دەستەکانی ئاماژەی دەکرد کە ماتسووکا ئەو پیاوە نامیهرەبانە خەریکە دەمخنکێنێ.

ستالین بە جلی ئاسیاییەوە دێتە بەرچاو ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە. ئێستا گەیشتبوە ئەو بڕوایە کە وێڕای بەرگری کردنی، ئەلمانیا بوە گەورەی بەلکان، هیچ بستێکیش لەو خاکە جێناهێلێ ئەگەر گومانی ئەوەی لێ هەبێ روسیا دەستی پێ دەگا، بۆیە ئێستا ناچارە ئەوەی شەش مانگ پێشتر ئەنجامی دا دووبارەی کاتەوە، ئەوەبوو مۆلۆتۆف رەوانەی بەرلین دەکا بۆ ئەوەی لەسەر بەرژەوەندیەکانی روسیا لە ئەوروپا، لەگەل هیتلەر دانیشێ، واتە ئێستا بە ڕێگایەکی پێچ وپەنا هیتلەر لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە (ستالین) لەو یاریە دەرچووە، ئەوەی لە ئاسیا دەستی دەکەوێ بەسیەتی هەروەکو کە هیتلەر ئامۆژگاریی کردبوو.

کاتێک کاتسووکا لە ١٨ی نیسان مۆسکۆ جێدەهێڵێ، جولەیەک دەکا بۆ ئەوەی سەرنجی هیتلەر راکێشی کە هەلوێستێکی نوێ هەیە، ستالین لە گۆشەگیریی دەردەچێ و دەگاتە وێستگە بۆ بەرێ کردنی وەزیری ژاپۆنی. بەبەر چاوی رۆژنامە نوس و گەورە بەرپرسانی ولات و دەرەوە باوەشی لە دۆستە ئاسیاییەکە کرد، شولنبرگ رووداوەکە تەواو دەکا و دەڵێ: ( لێی پرسیم و بەدوامدا چاوی دەگێرا کاتێک لێی چومە پێش منی لە باوەش گرت...وتی: دەبێ بە برادەر بمێنینەوە تۆش ئەوەی لە تواناتدایە بۆ ئەم مەبەستە بیخە گەر، دواتر روی لە پاشکۆی سەربازی ئەلمانی کرد (کولونیل کرییس) دوای ئەوەی دڵنیابو کە ئەلمانیە وتی: هەرچیەکی بێ لەگەڵ تۆ دۆست دەمێنینەوە، ئەمە بەسەر هیتلەر و ریبنتروپدا رەت نابێ تا لێێ تێنەگەن، وا لێی تێگەیشتن کە ستالین بەو پێشنیارانە رازیە کە لە تشرینی دووەم پێشکەشی کردبوون، سوورە لەسەر دان و ستان کرد.

بەلام کاتەکە بەسەر چوو، هەر چەند هەفتەیەک دواتر بوو مۆسکۆ و بەرلین یەکتری بە سنور بەزاندن تۆمەتبار دەکەن، فرۆکە ئەلمانیەکان بەسەر ئاسمانی روسیا دەخولێنەوە، فرۆکە روسیەکانیش پێگە و بنکەی ئەلمانیەکان دەست نیشان دەکەن. نزیکەی ١٥٠ تیپی سەربازی ئەلمانی لەسەر سنورەکان شوێن دەگرن، بەژمارەیەکی کەمێک زیاتر سوپای روسی لە بەرانبەریان جێگیر دەبن. ئەوکات واتە دوای مانگی نیسان ستالین نامە بەناوبانگەکەی بەریتانیای بەدەست دەگا، کە لە گوتارەکەی چرچلدا لە ٢٢ی حوزەیران باسی دەکا، تیایدا بە روسیا رادەگەیەنێ کە هێرشەکانی ئەلمانیا بۆ سەر روسیا لە سەرو بەندیدان. هەندێک دەڵێن گوایە هۆشداریەکەی بەریتانیا ئەوەندە ورد بووە تەنانەت رۆژی ٢٢ ی حوزەیرانیشی دەست نیشان کردوە کە دەکاتە یادی هێرشی ناپۆلیۆن بۆ سەر روسیا.

لە مۆسکۆ لانی کەم دوو کەس هەبوون ئەم هۆشداریەیان بە هەند وەرنەگرت. ستالین و ڤون شولنبرگ، هەلەکەی بالوێزی ئەلمانیا شولنبورگ کە بڕوای بەم هۆشداریە نەبوو پاساوی خۆی هەبوو، ئەو کەسێکی دلسۆزی بسمارکە، هیوای دەخواست کێشەکان نەگەنە ئەو ئاستەی رووبەروو بوونەوە لە نێوان ئەلمانیا و روسیا رووبدا، ئەو لەم روانگەیەوە بڕوای نەبوو. لە کۆتایی مانگی نیسان دەچێتە بەرلین لەبەر هیتلەر دەپارێتەوە کە هێرش نەکاتە سەر روسیا، بە تەواوەتی وەکو بالوێزەکەی تر بەر لە سەدو سی ساڵ کە ( گولینکور) داوای لە ناپۆلیۆن کردبوو هێرش نەکاتە سەر روسیا.

شولنبورگ پێشنیارێکی روسیی لەگەڵ خۆیدا بردبوو کە روسیا ئامادەیە پێنج ملیۆن تەن دانەوێلە لە ماوەی سالی داهاتوو بدا بە ئەلمانیا؛ پاساوی لەشکرکێشیەکەی روسیاشی بۆ ئەوە گێرابۆوە کە روسیا مەبەستیەتی ٣٠٠% لە سنورەکانی دڵنیا بێ. ئەگەر ئێمە بە هەر هۆیەک یەک تیپ بنێرین ئەوا ئەوان بۆ دلنیابوون دە تیپ

دەنێرن تا لە نیازەکانمان دەگەن، من باوەر ناکەم روسیا هێرش بکاتە سەر ئەڵمانیا، بەلام هیتلەر بەقەدەر یەک تالە موو هەڵوێستەکانی نەجولا.

ئەگەر بلێێن ستالین بڕوای وایە شەڕ لە نێوان ئەڵمانیا و روسیا روونادا، ئەمە دوورە لە راستی. چونکە لە رەفتارەکانی بەدی دەکرا، یەک هەڵەی مەزنی کرد کە بڕوای تەواوی وابوو دەتوانێ بە تەنیا رووبەڕووی ئەم مەترسیە بێتەوە.

لە شەشی ئایار هەوالی دامەزراندنی ستالین بە سەرۆک وەزیران رادەگەیەنرێ، چی وای لە ستالین کرد لە بەرپرسی ئەمینداریێتی گشتی دەرکەوێ و بەرپرسیاریێتی حکومەت بگرێتە ئەستۆ؟ ئەمە لە ١٩٢٣ وە یەکەم جارە روو دەدا، دیارە بڕیاری چارەنوسساز بەڕێوەن،، دەبێ ئەم بڕیارانە چی بن؟ یەکێکیان بریتی دەبێ لە گێرانی ئاهەنگێکی مەزن بە بۆنەی یادی یەکی ئایار جەژنی کرێکارانی جیهانی، تیایدا لە مانۆرێکی سەربازیدا هێزەکانی روسیا خۆیان نمایش دەکەن، لە میانی دامەزراندنیدا ستالین لەم مانۆرە سەربازیە بەشدار دەبێ کە لە کۆلێژی سەربازی ئەنجام درا، گوتارێکی نهێنیی دوور و درێژی بۆ ئەفسەرە دەرچوکان دەدا، تیایدا ستایشی سوپای سووری کرد، کەواتە ئەمە شەرە، لایەنگرانی هیتلەر هەناسەی خۆیان گرت ئاخۆ هەنگاوی یەکەمی دەست بەکار بوونی سەرۆک وەزیران دەبێ چێ بێ؟ بەلام رێرەوی کارەکان سەرسوڕمانی کردن. ستالین رەتی کردەوە لەشکرکێشی کراوەتە سەر سنورەکان، پەیوەندیەکانی لەگەل حکومەتی عێراقی کە دۆستی ئەڵمانیایە گێرایەوە دۆخی خۆی، کەچی پێشتر دانی پێدا نەدەنا، لە هەمووی سەیرتر داوای لە دبلۆماتکارانی بالوێزخانەکانی بەلژیک و نەرویژ و یوگسلافیا کرد بالوێزخانەکانیان داخەن چونکە حکومەتەکانیان نەماون، ئەمەش بۆ رازی کردنی هیتلەر بوو، ئەوەی سەرسوڕمانە ئەوەیە: دەبێ ئەمە لە خۆ دەرخستنی ستالینەوە بێ یا کورت بینیی؟. لە هەولی گێرانەوەی متمانەی هیتلەردا، ترسا لەوەی گیانی شەرمەزرای و هەڵپەرستی لە نیو گەل بلاو بێتەوە، بۆیە پرسی داخستنی بالوێزخانەکانی لە سوپای سوور و گەلی روسی شاردەوە. دواتر چەند مانگێک لە چاوەڕوانی ئەوە وەستا تا هیتلەر لە پای ئەم کارەی سوپاسی بکا، بەلام هیتلەر بێدەنگی هەڵبژارد.

دواتر هەولێکی تری نەزۆک دەدا، لەهەمان کاتیشدا پێکەنیناوی بوو، لە ١٤ی حوزەیران بەر لە هێرشەکەی ئەڵمانیا بە یەک هەفتە، رێگەی بە میدیاکارانی فەرمیدا هەموو رێچکە و بنەماکانی دبلۆماسی بشکێنن، هێرش بکەنە سەر بالوێزی بەریتانیا کە پرۆپاگەندەی لەسەر( شەڕی روسی- ئەڵمانی) بلاو کردۆتەوە گوایە ئەم شەرە لەسەروبەندی روودانە. لە بەیاننامەکەش کە مۆرکی ستالینی پێوە دیار بوو رەتی کردەوە کە ئەڵمانیا هەندێک

داواکاری ئابوریی لە روسیا کردوە بەهۆی ئەوەی روسیا رەتی کردۆتەوە ئێستا هەردو کیان بۆ شەڕ و روبەروو بوونەوە خۆیان ساز دەدەن.

بە پێچەوانەی ئەو یاداشتە نهێنیانەی مۆلۆتۆف بۆ ریبنتروپی ناردون، ستالین ستایشی ئەلمانیای دەکرد گوایە هەموو داواکاریەکانی روسیای جێبەجێ کردوە، هەرچەندە حاشای لە بوونی سوپای ئەلمانی و روسی نەدەکرد لەسەر سنورەکان بەلام رەتی کردەوە ئەلمانیا و روسیا بە نایزی شەڕ لەشکر کێشیان کردۆتە سەر سنورەکان.

لە دۆکۆمێنتەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لەم بابەتە سەرنج راکێش ترمان نەبینیوە، بەلام ئەم بەیاننامە کە لەبەر دەمی دونیا ستایش و پیاهەلدانی لایەنێک دەکا کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا دەبێتە دوژمنێکی سەرسەختی ئەو و هێرشیش دەکاتە سەر چەند لایەنێک، لە ماوەی چەند هەفتەیەکی دواتر ئەویش دەبێتە هاوپەیمان، ئەمە هەلەیەکی مەزنە، ئەوەی کە وتی روسیا هیچی لە ئەلمانیا داوا نەکردوە، ئەمەیان راستە، چونکە پێشبینی ئەوەی دەکرد هیتلەر داواکاریەکانی روسیا دەوروژێنی ئەگەر داوای بکا، هێرشەکانی ئەلمانیاش بۆ سەر نەمسا و چیکسلۆڤاکیا و پۆلۆنیا دوای داواکاریەکی زۆر و هەڕەشەی توند دێن.

وا دیارە ستالین ئەمەی لە هیتلەر رەچاو کردوە کە وەکو پێشتر رەفتار بکا، چونکە هیچ ئاماژەیەکی مەترسیی نەبینیوە بۆیە دان بە مەترسیەکان نانێ، هەربەم شێوازە داوا لە هیتلەر دەکا، بەم پێچ و پەنایە کە هیتلەر زۆر چاک لێی تێدەگەیشت هەروەکو پێشتر لە ئاداری ١٩٣٩ لێی تێگەیشتبوو، داواکاریەکانی پێشکەش بکا و دەرگای دان و ستانەکانیش بکاتەوە، بۆیە هیتلەر بە پیر بانگەوازەکەیدا نەچوو.

ئەی بۆچی ستالین بەریتانیەکانی لە هێرشەکانی بەدەر نەگرت؟ وا دیاربوو ئەمەش راستیەکەیە بەریتانیەکان کار دەکەن بۆ ئەوەی لە دوا ساتەکاندا رێککەوتنی لەگەل هیتلەر سەرنەگرێ.

هەلس و کەوتی بالوێزی بەریتانیا ئەمی تورە کردبوو بەلام ئەگەر بەریتانیەکان بە هەرشێوەیەک بجولابانەوە ئەمان هەر دەوروژان و تورە دەبوون: وای دەرخست کە هەست کردن بە هەلکردنی گەردەلول، مانای رووداني گەردەلولە. هەرچۆنێکی هەبێ ئەو رێگە بەخۆی دەدا هەستی بەریتانیەکان بریندار بکا، چونکە دوای ئەوەی بەریتانیا بە تەنیای بۆ ماوەی یەک سال رووبەڕووی ئەلمانیا بوەوە، پێویست ناکا لە چاوەڕوانی دۆستایەتی بەریتانیادا بێ. هەرکە شەڕ لە نێوان روسیا و ئەلمانیا روودەدا بە ئۆتۆماتیکی هاوپەیمانێتی لە نێوان روسیا و بەریتانیا ئەنجام دەدرێ، ئەوەی رۆیشت رۆیشت.

+ + +

هەلسو کەوتەکانی ستالین بەرانبەر بە هیتلەر لە سالەکانی نێوان ١٩٣٩و١٩٤١ ناکۆکیە مەزنەکانی کەم وروژاندن کە لە نێوان ئەم دوو کەسەدا هەبوون. رەخنە گرە سیاسیەکانی دەڵێن: ئەگەر ئاستی رەوشتی سیاسی کاتی خۆی هەر چیەک بوبێ، لەو ماوەیە بۆ نزمترین ئاستی ناپاکی دابەزی. بەرگریکارانی وەلامی دەدەنەوە و دەڵێن سەرەرای ئەوەی رێگاکەی بە پێچ و پەنا بوو، بەلام لە پێناو بەرژەوەندیەکانی پرۆژەکەیدا رەفتاری کردوە، بۆ ساتێکیش ئامانجە دورەکانی و بیروبروِاکەی لەبیری نەچۆتەوە.

دوای هەلگیرسانی شەڕ بە ماوەیەکی کەم ستالین بەرگری لە خۆی دەکا، لە سێی تەموزی ١٩٤١ دەڵێ:

بەلکو یەکێک بپرسێ و بڵێ چۆن حکومەتی سۆڤیەت توانیی پەیمانی دەستدرێژی نەکردنە سەر یەکتری لەگەل دوو ستەمکار و ناپاک لە نمونەی هیتلەر و ریبنتروپ واژۆ بکا؟ ئەمە هەلە نەبوو حکومەتی سۆڤیەتی کردی؟ ستالین رەتی کردەوە هیچ هەلەیەک کرابێ، ئاماژەی بە سودە سیاسیەکانی ئەم کارە کرد.. دەڵێ:

(بۆ ماوەی یەک ساڵ و نیو ئاشتی و ئارامیمان بۆ ولاتەکەمان دەستەبەر کرد، لەم ماوە دەرفەتی ئامادە کردنی هێزەکانمان هەبوو). ئەوەی روسیا لە روی پانتایی وەدەست هێنابوو بەقەد گوزەری کاتەکە دەبوو. مەبەستمان دەستگرتنی بوو بەسەر ئەو بنکە و شوێنانەی بەهۆیەوە بتوانێ بەرگری لە مۆسکۆ و لینینگراد بکا. دەستکەوتی مۆرالیش ئەوەبوو گەلی سۆڤیەتی هەستی بەوە کرد کە ئەلمانیا لایەنی دەستدرێژکەرە، بە راستیش حکومەتی روسی هەولی پاراستی ئاشتی و ئارامیی داوە تا کۆتایی.

لە نێوان ئەو سێ دەستکەوتەی ناوبراودا ( دەستکەوتی کات و هەرێمی و مۆرالی) دا، دەبینین تەنها دەستکەوتی مۆرالی دەستکەوتێکی راستەقینە بووە. لە خەسلەتە مێژینەکانی سەربازی روسی ئەوەیە کە بە پێچەوانەی خەسلەتەکانی ئەلمانیە، باشترین جەنگ لەسەر خاکی خۆی دەیکا، بەهۆی ئەو بۆچونەی کەهەیە گوایە خەبات کردن لەسەر روسیەکان بۆتە ئەرک و بەزۆر سەپێندراوە بۆ ئەوەی نیشتمان بمێنێ، ئەمەش دەبێتە باشترین خەسلەتی سەربازی روسی لە میانی جەنگەکانی داهاتوو. بەلام پێگە و جیوپۆلەتیکی روسی نابێتە دەستکەوت بۆی، ئەوەتا روسیا هەر لە دە رۆژەکانی سەرەتایی جەنگ زۆربەی پێگەکانی سەربازیی پێشەوەی لە دەولەتانی بەلتیک کە پۆلۆنیایە لەدەست دەدا، کەچی دروست کردنی ئەم پێگانە

کارێکی سەخت و دژوار بوو زۆر لە نارەزایی بێزاریی لەلایەن نەتەوە بچوکەکانی لێ کەوتەوە، بەتایبەتی دوای هەڵمەتی راگواستنەوەی کەسە نارەزاکان لە پۆلۆنیا و ولاتانی تری بەلتیکەوە راگواستراناەوە بۆ ناوەوەی روسیا. بە کورتیەکەی دەلێێن سودەکانی ئەم پێگە و بنکە بەراییانە سودی بێ سەنگ بوون، سەرەڕای ئەوەی لە ئەنجامی دەستگرتن بەسەر ئەم پێگانە زیانی زۆری بە ورسیا گەیاند.

دەستکەوتی کات، لە دەستکەوتی هەرێمایەتی بە سودتر نەبوو. راستە ستالین سودی لە ئاگربەستی بیست و دوو مانگیەکە کرد بەوەی بە خێرایی پیشەسازی سەربازی ببوژێنێتەوە و بە بابەتی مەشقی سەربازیشدا بێتەوە. بەلام هیتلەریش سودی لە ئاگربەستی بیست و دوو مانگە کرد. دوای ئەوەی هیتلەر لە مۆتەکەی شەڕی دوو بەرە رزگاری دەبێ دەتوانێ سەرجەم ولاتانی ئەوروپی بخاتە ژێر خزمەتی خۆی و گالتە بە کرێکار و داهاتی ئابوری بکا کە زیاتر لە داهاتی دە ولات بخاتە ژێر خزمەتی شەڕی ئەلمانیا. هەرچەندەی ستالین سودی لەم کاتە وەرگرتبوو لە ماوەی سالەکانی ١٩٣٩و١٩٤١ بەڵام هەر پێشوەچونێکی بەدی هێنابێ ناگاتە ئەو پێشوەچونەی ئەلمانیا لەو ماوەیەدا بەدەستی هێنابوو.

لە سێ سالی داهاتوو سوپای سوور ناچار دەبێ بەتەنیایی رووبەڕووی هێزەکانی هیتلەر بێتەوە و دەستبەرداری پانتاییەکی زۆری خاکەکانی بێ. لە هەمان کاتیشدا بە دلەراوکێوە لە چاوەڕوانی کردنەوەی بەرەی دووەمی جەنگ بێ، بەلام ئەم بەرە جەنگیانە لە ١٩٣٩و ١٩٤٠ کراوە بوو، دەکرا هەمیشە کراوە بن ئەگەر ستالین قورسایی روسیای بخستبایەتە مەیدانی جەنگ.

ناتوانین بلێێن ستالین بە باشی سودی لە ماوەی ئاگربەستەکە کردبێ. چونکە تا دوا ساتەکانی بە ئومێدی هەلنەگیرسانی جەنگ بووە، ئەمەش چونکە لەو ئەگەرانە بێ خەبەر بووە کە حەتمیەتی شەڕی لێ دیاربوو ئەوکات دەیتوانی سەرکەوتنە مەزنەکانی سوپای ئەلمانی سنوردارکا، لە راستیدا بەرلەوەی خۆی ئامادە بکا رووبەڕووی هێرشەکانی هیتلەر بۆوە، لە ١٩٤١ تیپە ئامادەکانی سوپای ئەلمانی و روسی کە بۆ جەنگ ئامادە کرابون لەیەک ئاستدا بوون، بەلام تەنها هەندێک لە تیپەکانی سەربازانی روسی ئامادەکرابون و مەشقی تەواویان هەبوو تا بتوانن رووبەڕووی سوپایەک ببنەوە خاوەنی ئەزمونی شەڕ و سەرکەوتنە. دەکرێ بلێین سوپای سوور لە رووی ژمارەوە لە سوپای هیتلەر زیاتر و بەهێز تر بووە.

گەمەکەی ستالین زۆر ئالۆزبوو بۆیە لە رووی سەربازیەوە کەوتە دۆخێکی لاوازەوە، هەستی بە بێتاقەتی دەکرد کە ناچاربوو ١٧٠ تیپ ئامادە بکا و رەوانەی بەرەکانی جەنگیان بکا، لەمەیان هەستیاربوو نەبادا هیتلەر بەوە بزانێ کە لە توانایدا نیە ئەم ژمارە سەربازە ئامادە بکا، ئەمەش لە گوتارەکەی ٣ی تەموزی

١٩٤١ دیاره ( واقعەکە بەم شێوەیە بوو: هێزەکانی ئەڵمانیا بە تەواوەتی ئامادە کرابوون چونکە ئەڵمانیا خۆی لە حالەتی جەنگ دەزانێ، لەو پەڕی ئامادە باشیدا بوو لە چاوەڕوانی ئاماژەدا بوون بۆ جولە کردن، هەرچی سوپای روسی بوو کاریان بۆ خۆئامادە کردن دەکرد دەبوایە خۆیان سازدەن تا بتوانن بەرەو سنورەکان جولە بکەن).

ئەمەی ستالین دانی پێدانابوو ئەوەبوو ، کاتی زۆریان بە فیرۆ داوە بەر لە هێرشەکەی هیتلەر بە سێ هەفتە، لەگەڵ ئەوەشدا پاساوی دەهێنایەوە گوایە بۆ وەدەست هێنانی کات بووە، ئەوەتا دەڵێ:

( پێشێل کردنی ئەڵمانیای فاشیزم بۆ پەیماننامەی ئاگربەست کارێکی دەستدرێژکەرانەی بێ ئابڕوانەیە، ئەم رووداوە کارێکی مەزنە، کەم نیە). وەکو ئەوەی بە دونیای رابگەیەنێ کە بەهۆی دڵپاکی و بێگەردیی، بناپاکیی لەگەڵدا کراوە .

کاتێک لە ئاماری ئەم بیست و دوو مانگە تەواو دەبین نابێ لەو خزمەتە بێ ئاگا بین کە کۆمنترن بە بێ مەبەست پێشکەش بە هیتلەری کرد، هەرکە مۆلۆتۆف و ریبنتروپ لە ئابی ١٩٣٩ هاوپیمانێتی واژۆ دەکەن، کۆمنترن ئەو هەڵمەتە رادەگرێ کە دژی هیتلەر دەستی پێکردبوو، بەلکو گەلانی تریش بە پیر ئەم بانگەوازەی دەێن، هەروەها هەڵمەتەکان دژی فاشیزمی بە هەمان شێوە کۆتایی پێهێنا. بەم کارەی ئەمیندارەکانی ئەوروپا لایەنگرانی روسیا هەلوێستێکی بێلایەنیان وەرگرت، ئەوکات وتیان : هەردووک ئۆردوگا مەبەستی داگیرکاریان هەیە. بۆیە هیچ بژرادەیەک لە نێوانیاندا نابینرێ.

داوا لە چینەکان کرا کار بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی بکەن لە دژی جەنگ. ئەم بانگەوازانە لە بانگەوازە خۆوەدەستدانەکانی سەردەمی لینین دەچوون لە میانی جەنگی یەکەمی جیهانی. بەلام لە هەموو روێکەوە نا، چونکە بانگەوازەکەی لینین بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆرش بوو، بەلام سیاسەتی کۆمنترن لە خزمەت دبلۆماسیەتی ستالیندا بوو، ئەمیش وەکو ستالین رارا بوو، هەندێک جار دژی شەڕ و بە ئاشکەرا لایەنگری ئەڵمانیای پێوە دیار بوو، وەکو لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٩ کاتێک کۆمنترن داواکەی ریبنتورپ و مۆلۆتۆفی رەت کردەوە بۆ ئاشتەوایی لەسەر بنەمای دانوستان و فەرەنسا و بەریتانیاشیان لەو جەنگە بەرپرسیار کرد، کاریگەریی لەسەر فەرەنسا شکستخواردن بوو، دوای ئەم شکستە حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی هەلوێست و سیاسەتێکی نوێی پیادە کرد، ئەوکاتەی هێزەکانی هیتلەر سەرکەوتن بەدەست دێن ترس و تۆقاندن لە مۆسکۆ سەر هەلدەدا هانی ئەو لایەنە دەدەن کە دژی داگیرکاری نازیەکانە. پەیماننامەی ریبنتروپ و مۆلۆتۆف کاریگەری کەمی هەبوو، بەلام هەر چۆنێکی بێ بۆ ئەوانەی دژی ئەڵمانیا بوون گرنگ بوو.

ئەمە ساویلکەییە ئەگەر وابیر بکەینەوە ستالین لەو ئەنجامانە بێ ئاگا بوە کە دەرهاوێشتەی دۆستایەتیی هیتلەر بوون. بەلام بە دلنیاییەوە ئەگەر سودەکانی ئەم دۆستایەتیە بەراورد بکەین دیارە کەمن. هزری ئەزمونیی بە دەستەواژەکانی ستراتیژی و بنکەی سەربازی و روبار وهێلەکانی بەرگریەوە سەرقالە بۆیە تەکنیکی سەربازی لای ئەو ئەوەندە گرنگ و پر بایەخ نەبوو.

بیری لای هەندێک پرس نەمابوو کە نەیتوانی بە وردی ئەندازەیان بزانێ، وەکو پرسی چینایەتی لە فرەنسا و ئەلمانیا و کێشەی نەتەوایەتی و ئازار و مەینەتەکانیان کە لە پۆلۆنیا و فینلەندا دەچێژن، ئەم پرسانە ئەوەندەی نەبرد تۆلەی خۆیان لە روسیا کردەوە، تا ئێستاش بیر لە فاکتەرەکانی بەدەر لە ماتریالیزم ناکاتەوە کە کار دەکەنە سەر سیاسەتە مەزنەکان ئەمەش خالە لاوازەکەیەتی.

دوای ئەوەی لەسەر هەموو گوتە و کارە هەلەکانی ستالین دەگوترێ، ئەمە هەلەیە ئەگەر بلێین ئەمانە هەمووی بۆ کەم و کوری لە کەسایەتی ستالین دەگەڕێتەوە. چونکە لە پشت سیاسەتەکانی رەوتێکی بەهێزی هەستی گەل هەیە، ئەلکسەندەر بلوک هەستی پێکرد و دەڵێ:

دوای ئەوە، وەکو قەلغانێک بۆ ئێوە، ناگەڕێینەوە

بەشداری لە شەڕ ناکەین، هەر چیەکی بێ!

ئەم کۆپلە شیعرە لەو هەلبەستە وەرگیراوە کە ( سیثی)ەکان لە ١٩٣٩ ئاراستەی رۆژئاوایان کردبوو بە مەبەستی رزگار کردنی کۆمەڵگەی روسی لەو دلە راوکێیە.

زۆربەی گەلی روسی چەندین ساڵ بوو لە ئەنجامی شەڕو بنیادنانی ئابوری هیلاک و ماندو و شەکەت بون، زۆریان دەستبەرداری ئەم میسالیەتە ببون ئەم گەلە پشتگیری تەواوی ستالینیان دەکرد کاتێک رازی نەبوو بێدەنگ بێ لە ئاست ئەو گیرفان برینەی کە بەرانبەر بە کوژراوەکان دەکرا. هەروەها لەوکاتەی کە دەستی بە ئاشتیەوە دەگرت کەچی نازیەکان ئەوکات ژووری مردنیان لە ئوشفیتز و مایدانیک دامەزراندبوو بۆ سوورکردنەوەی گۆشتی برا سپیەکانیان.

بەلام ئەمە تاقە رەوت نەبوو لە نێو رای گشتی روسی، رەوتێکی تر لە ژێرەوە لە ترس و لەرزدا دەژیا. حزب توشی گرێی خۆبەتاوانبارزان ببوو. سوپا وا هەست دەکا سوکایەتیی پێکراوە. بەلکو بەهێزترین رەوت لە نیویان رەوتی گەنجەکان بێ کە بە نیازی راکردنن لەم جەنگە. ئەمە ئەو چارەنوسەیە کە بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە.

-----------------------------------------------

# بەشی دوانزەهەم

## ستالین لە جەنگی دووەمی جیهانی

- رەفتارەکانی ستالینی دوای هێرشی هیتلەر بۆ سەر روسیا.
- گوتارەکەی لە ٣ی تەموزی ١٩٤١.
- فەرماندەیی جەنگ .
- ستالین مۆسکۆ رزگار دەکا و داوای یەکەم دژەهێرشی روسی دەکا لە (کانونی یەکەمی ١٩٤١).
- لە ١٩٤٢ سەرکەوتن بەدەست دێنین.
- ترس و گومانی هاوپەیمانان لە یەکتری.
- ئەم جەنگە جەنگێکی چینایەتی نیە.
- بەرەی دووەمی جەنگ.
- کۆبونەوەی چرچل و ستالین لە ئابی ١٩٤٢.
- شەڕی ستالینگراد.
- سەرهەلدانی نەتەوایەتی و نەریتەکانی لە روسیا.
- هەولەکانی ستالین بۆ گونجاندن لە نێوان لینینیزم و نەریتی روسی.
- ستالین کۆمنترن هەلدەوەشێنێتەوە، مافەکانی کەلیسای ئەرسەدۆکسی بۆ دەگێرێتەوە.
- بیرۆی سیاسی و فەرماندەی گشتیی سوپا.
- بەراورد لە نێوان ستالین و هیتلەر وەکو دوو فەرماندەی سەربازی.
- ستالین و ئەفسەرە باڵاکان.

لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١ مۆلۆتۆف هەواڵە دڵتەزێنەکەی بە گەلی روسی راگەیاند کە هێرشی ئەڵمانیا بوو، وەکو بێ ئومێد بوونێک لە بۆچوونەکانی ستالین دوای ئەوە دەرناکەوێ. نزیکەی دوو هەفتە هیچ لێدوانێکی نەدا وا پێدەچوو لە چاوەڕوانی ئەنجامە بەراییەکان بێ و لە هەڵوێستی بەریتانیا و ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش بگا. لەگەڵ فەرماندەکانی سەربازیی سەرقاڵی داڕشتنی نەخشەی ستراتیژی بوون، بەرەکانی جەنگی روسیی بۆ سێ کەرت دابەش کردن. کەرتی باکوری رادەستی فوروشیلوف کرد، کەرتی ناوەراستی رادەستی تیموشنکۆ کرد، کەرتی باشور بەر بودیینی کەوت. خۆی فەرماندەی گشتیی گرتە دەست، جەنەراڵ شابوشینکوفی کردە سوپا سالار. ناوبراو ئەفسەرێکی بەتوانابوو لە پێش شۆرشەوە لە فەرماندەیی ستونی سوپا کاری کردوە.



Semjon Timosjenko

کۆمیتەی دەوڵەت بۆ کاروباری بەرگریی پێکهێنا، ئەم کۆمیتە سەرپەرشتی گشتیی جەنگ دەکا، لە پێنج ئەندام پێک دەهات:

ستالین، مولوتۆف، فوروشیلوف، بیریا، مالنکوف. مۆلۆتۆف کاروباری دبلۆماسیی گرتە ئەستۆ، بیریا کاروباری ناوەخۆ، فوروشیلوف رۆڵی ئەفسەری پەیوەندیی دەگێرا لە نێوان هێزی چەکدار و دەسەلاتی

مەدەنی. مالنکۆف نوێنەرایەتی حزب، یەک لە یاریدەدەرانی ستالین بوو لە ئەمینداریێتی گشتی، سەرۆکایەتی کۆمیتەکە ستالین خۆی بوو.

سەرەڕای ئەو هەلە زۆرانەی ستالین لە حساباتی سیاسی و سەربازی خۆیدا کردی، ناتوانین نەلێین رووبەڕووی ئەم دۆخە ئاورتە نابێتەوە، سوپاکەی بە باشترین جۆری چەک پر چەک کردبوو و دووبارە رێکیخستبۆوە، بیری لای یەک کاری ستراتیژی نەبوو. سوپای سووری بە ساختە دڵنیا نەدەکردەوە، بەلام چونکە کەسیتر بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کێبەرکێو ململانێی لەگەلدا نەدەکرد بۆیە توانیی یەکێتی فەرماندەیی بپارێزێ و خەونەکانی سەربازی هاوچەرخیش بێنێتە دی.

ئەم ئەرێنیانە ئەوەندە نابەن کە رووبەڕووی نەرێی دەبنەوە، چونکە مەترسیەکانیان ئەوەندە زۆربوون خەریک بوو کاریگەریە ئەرێنیەکانیان نەدەهێشت. سوپا هێشتا تاقی نەکرابۆوە بە سەنگی مەحەکدا تێپەر نەببوو. دواتر دەسال بەسەر یاخی بوونی جوتیاراندا تێنەپەری بوو کە دژی کۆکردنەوەی کشتوکاڵی راپەریبون. ئەو راپۆرتانەی لە بەرەی جەنگ دەهاتن وێنەیەکی زەلال و ناراستیان دەگەیاندن، لێرەش یەکەی سەربازی بە تەواوەتی ورە بەردەدەن، هەواڵەکان دەڵێن ژمارەی دیلەکان لە ئەژمار نایەن، یەکەی سەربازی گەمارۆ دراون، لەولاتریش هێز بە گشتی لە پاشەکشە دان سەرەڕای فەرمانی چۆل نەکردنی بەرەکان، سوپای هیتلەر بە رەتل لە بەرەکان پێشڕەوی دەکەن. ئەمە ئەو پرۆپاگەندانە بوون کە لە هێلەکانی پشتەوەی شەڕ بلاو ببونەوە و دلەراوکێ و ئاژاوەیان خستبوە نێو خەلک.

لە ٣ی تەموزی ١٩٤١ ستالین بڕیار دەدا بێدەنگی بشکێنێ و چەند ئامۆژگاریەک بداتە گەلەکەی. لە گوتارێکیدا باسی لە ( مەترسیە مەزنەکە) کرد رادیۆکان پەخشیان دەکرد. گوتارەکەی بە دەنگێکی نزم دەخوێندەوە، وەکو نەریتی پێشتری گوتارێکی وشک بوو نەک وەکو هی چرچل پڕبێ لە پەیمان و گەشبینی، گوتارەکەی بریتی بوو لە بانگەواز و رێنما بۆ وەدەست هێنانی سەرکەوتن.

گوتارەکەی بەم دەستەواژە دەست پێکرد: ( سەرەڕای لەناوچونی باشترین هێز و یەکەی وشکانی دوژمن و فرۆکەی جەنگیی، هێزەکانیان لە پێشڕەوی دان). نەیتوانی راستەوخۆ بچێتە نێو هەواله تاڵەکە تا پێشەکیەکی پێشکەش نەکرد ئینجا چوە نێو باسەکە و دواتر باسی لە پاساوی پەیماننامەکەی کرد لەگەل هیتلەرا، وتی: هیتلەر باشترین دەرفەتی بۆخۆی هەلبژارد، بەلام ئەمە سودی بۆ ئەو نابێ. ئامانجەکانی دوژمنی بە سادەییەکی جوتیارانە باس کرد: ( ئەم دوژمنە درندەیە بەزەیی بەکەس نایەتەوە، مەبەستیەتی ئەو خاکەمان لێ داگیرکا کە بە ئارەقی نێوچەوانمان ئاومان داوە، دەیەوێ دەست بەسەر دانەوێلە کانماندا بگرێ

که بەرهەممان هێناوە، ئەمە رەنجی دەستەکانمانە، دەیەوێ دەسەڵاتی مولکداری قەیسەر بگێڕێتەوە و رەگەزی ئەلمانیش بەسەرماندا زاڵ کا و گەلی یەکێتی سۆڤیەتیش بکاتە کۆیلە لای بارۆنەکانی ئەلمانی.) پرسەکە پرسی مان و نەمانە. بۆیە گەلی یەکێتی سۆڤیەت دەبێ شکست و شەرمەزاریەکان لەلایەک دابنێ و هیچ بەزەیی بە دوژمن نەیەتەوە، جێگای یاخیبو و ترسنۆک و راکردوانیش لە نێو ریزەکانمان نابێتەوە. دواجار داوایکرد، توندبن لەگەل دوژمن هەر توندی وهەمیشە توندی و بێ بەزەیی، بە دەستەواژەیەکی ترسناکیش بانگەوازی کرد وتی: دەبێ ئەو خاکە بسوتێ کە ناچار دەبن بۆ دوژمنی جێبێلن.

لەکاتی پاشەکشەی ناچاریدا دەبێ هەموو ئامێرەکان بۆ دواوە ببەن، نابێ هیچ لە ئامێر یا دانەوێلە یا هەر کەرەستەیەکی تر بکەوێتە دەست دوژمن، ئەو ئامێر و کەرەستانەی ناتوانرێن بۆ دواوەیان ببەن دەبێ تێک بدرێن و بسوتێندرێن تا دوژمن سودیان لێ وەرنەگرێ دەبێ لە کار بخرێن. لەو شوێنانەی دەکەوێتە دەست دوژمن دەبێ دەستەی پارتیزان دابمەزرێن تا دەست لە دوژمن بوەشێنن، پردەکانیان لێ تێکدەن هێلەکانی راگەیاندن وتلفۆنیان لێ لەناوبەرن، ژیانی دوژمنی داگیرکەر و نۆکەرانیان بکەن بە دۆزەخ، هەرچی پرۆژە و بنکەی هەیانە خاپوریکەن.

وەکو ئەوەی روسیا لە ١٨١٢ زیندو بۆتەوە و بە زمانی ستالین دەدوێ، دەبێ ستالین ئاماژە بە روسیای جاران بدا و بلێ هیتلەر لە ناپۆلیۆن بە تواناتر نیە تا بەرگەی ئێمە بگرێ، خۆشحالی خۆشی بۆ گوتارەکەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (چرچل) و ئەمریکا خواست کە وتبوی هاوکاری یەکێتی سۆڤیەتی دەکەین. دواتر دەڵێ روسیای ئێستا وەکو روسیای ١٨١٢ ە، لە شەرێکی نیشتمانی و نەتەوی دایە لە هەمان کاتدا شەرێکە لە پێناو ئازادی سەرجەم گەلدایە. گوتارەکەی بەوە کۆتایی هێنا کە داوای لە گەل کرد لە دەوری حزبەکەی لینین و ستالین کۆ ببنەوە.

ئەم ئاماژە چاوەڕوان نەکراوە وەکو کەسێکی نادیار هەندێک لە ناکۆکیەکانی گوتارەکەی شاردنەوە.

\+ + +

روسیا ناچار دەبێ لە پێناو وەدەست هێنانی کات دەستبەرداری خاک بێ، بەلام سووربوو لەسەر ئەوەی لە پای جێهێشتنی خاک باجێکی قورس لە دوژمن وەرگرێ، ئەمە تاقە رێگا بوو کە ستالین بتوانێ رووبەڕووی

ئەوروپای داگیرکار بێتەوە، دوای ئەو هەموو هەڵە و حساباتە نا دروستانەی، ستالین بە هێزی ئیرادەی سەرکەوتوی رووبەڕوویان دەبێتەوە. دەبێ ئەمە راست بێ گوایە بۆ یەک ساتیش بڕوا بوون بەخۆی لەدەست نەدابو؟ مرۆڤ لەم گوتەیە بە گومانە، ئەم گومانەش سەرچاوەیان لەو لێدوانانەوە گرتوە کە ستالین لەو ماوەیە دەیدا. ئەو لە گوتارەکەی ٣ی تەموزا تەنها باسی لە شکستەکانی ناپۆلیۆن نەکرد، بەڵکو باسی چارەنوسی قەیسەری ئەڵمانی (ولیام)یش کرد کە لەم دواییە هێزەکانی بەریتانی-فرەنسی بەسەریدا زاڵ ببوو.

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی خەڵک بڕوای نەدەکرد روسیا شکست بێنی، بەلام ستالین باسی لەو شکستە نەکرد کە بەر لەوەی سوپای رۆژئاوا شکستی پێ بێنێ روسیا لەسەر دەستی قەیسەری ئەڵمانیا شکستی هێنابوو. ئەوەی جێی گومان نیە بیرۆکەیەک هەبووە لە نێوان ولیام و ناپۆلیۆن ئەمبەرو ئەو بەری کردوە. هیچ کاتێک ئەمەی لە خۆی نەپرسی ئەگەر ئەوەی قەیسەر بەدەستی هێنا هیتلەریش بەدەست بێنێ.

وا دیاربوو ئەم جۆرە بیرکردنەوانەی لە مێشکدا دەخولایەوە کاتێک لە ٣٠ی تەموز لەگەڵ هاری هوبکنزی نێردەی سەرۆکی ئەمریکا دەدوا، پێی گوت ئەو لەو مەزندەدا نەبوو هیتلەر هێرش بکاتە سەر روسیا، دواتر دەڵێ: شەرەکە توند دەبێ بەڵکو درێژەش دەکێشێ، هەروەها وتی: رێژەی ٧٥% ی کارگە و دەزگا پیشەسازیەکانی روسیا دەکەونە دەورو بەری مۆسکۆ و لینینگراد ئەمانیش لە ژێر هەڕەشەی داگیرکردندان، پێی راگەیاند کە بە سەرۆکی ئەمریکا بڵێ با ئەوە بزانی ستالین پێشوازی لە هێزەکانی ئەمریکا دەکا لە هەر بەرەیەکی جەنگی روسی و بە سەرپەرشتی تەواوی ئەمریکا خۆی.

ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو هەڵوێست و لێدوانانەی خرانە پاڵ ستالین لەسەر جەنگی دووەمی جیهانی. بە درێژایی جەنگ ستالین لاریی نەبووە هەر هێزێک بێتە ناو خاکی روسیا بۆ بەشداری لە جەنگی دژ بە ئەڵمانیا و بە سەرپەرشتی ولاتەکە خۆی، رێگە بە چاودێران نەدەدرا لە هێڵەکانی بەرەی جەنگ نزیک ببنەوە، فرۆکەکانی هاوپەیمانانیش رێگە پێدراو نەبوون بەسەر ئاسمانی روسیادا بخولێنەوە، کێب و رێگەی بە هێزەکانی ئەمریکا دا بێنە سەر خاکیان و بنکەی سەربازی دابنێن و بە سەرپەرشتی ئەمریکا خۆی؟ لە کاتێکا ئەوکات ئەمریکا بە فەرمی بەشداری لە جەنگی دووەمی جیهانی نەکردبوو، ئەم وتانەن بەڵگەن بۆ ئەوەی بسەلمێنن ستالین بڕوای بەخۆی لەق ببوو، ئەمە ئاساییە بڕوا بکرێ چوونکە ئەوکاتەی ستالین لەگەڵ هۆبز گوتوبێژی دەکرد هێزەکانی ئەڵمانی لە ماوەی کەمتر لە مانگێک مەودای ٤٥٠ میل یان لە نێو خاکی روسی بریبوو،، شەڕیش لە سمولنسکی کۆلۆنیای ئاواری باکور بەردەوام بوو سوپای بودیینیش لە باشور لە پاشەکشەدا بوو. لە مانگی ئەیلول، دوای شکستە مەزنەکەی بودیینی لە باشور لەسەر روباری دنایبر، دوو میوانیتر دەبینرێن (هاریمان و بیفر بروک)، ستالین داوایان لێدەکا بە بەریتانیا رابگەیەنن بەشێک لە

هێزەکانی بنێرێتە بەرەی جەنگ لە ئۆکرانیا. لە پایزی هەمان ساڵ سوپای هیتلەر لە مۆسکۆ نزیک دەبێتەوە، ستالین لەبەر دەمی سیر ستافور کریبس مەترسیەکانی خۆی راگەیاند، بە بالوێزی بەریتانیای وت: تا دوا پیاوەکانی بەرگری لە مۆسکۆ دەکا، بەلام ئەمە بە دوور نابینێ بکەوێتە دەست ئەلمانیەکان،، لە کاتی کەوتنی مۆسکۆ ناچار دەبم سوپای سوور لە هەموو خاکی رۆژئاوای روباری ڤولگا بکێشتەوە. وێڕای ئەم هەمووە ئەگەر وای دەبینی کە روسەکان توانای درێژە پێدانی شەڕیان هەیە، من وای نابینم تا چەند  سالێکی تر بتوانین هێرشەکان رێگەی روباری ڤۆلگاوە دەست پێبکەینەوە.

دوای ماوەیەک لە تەواو بوونی شەر، لە میانی ئاهەنگی سەرکەوتن لە کرملین لە ٢٤ی ئایاری ١٩٤٥، ستالین دانی پێدا دەنێ.، نوخبەیەکی روسی دەڵێن: حکومەتەکەمان ژمارەیەک هەلەی مەزنی کرد، لە ئەنجامی ئەو هەلانە لە سالەکانی ١٩٤١و ١٩٤٢ ئازاری زۆرمان چێشت، ئەگەر گەلەکەمان ئەوە نەبووایە کە هەیە ئەوکات بە حکومەتیان دەوت: ئەوە نەبووی کە مەزندەمان دەکرد، بڕۆ، ئێمە حکومەتێکی تر دەستنیشان دەکەین کە هاوپەیمانی ئاشتەوایی لەگەل ئەلمانیا واژۆ بکا.  بەلام گەلی روسیا ئەم رێگایەی نەگرتە بەر، سوپاسیان دەکەین، سوپاسی گەلی روسی دەکەین بۆ ئەو متمانەیە. بە دلنیاییەوە لە مانگەکانی بەراییی شەردا ستالین گومانی لە بیرکردنەوەی خۆیدا هەبوو بەلام ئەمەی بۆ دونیای دەرەوە دەرنەدەخست بەلکو بڕوای پۆلاییی خۆی دەردەخست.

ستالین ئەو دەمامکە ئاسنینەی هەلمالی و دانی بەخۆداگرت بە شێوەیەک سەرنجی خەلکی بۆخۆ کێش کرد کە پێیەوە سەرسام بن. بەلکو ئەم دەمامکە بۆ ئەو باشترین چەک بوێ، روسیا ئەوکات تژی خالی لاواز بوو ئەگەر بەم شێوە هەلس و کەوتی نەکردبایە بڕواکان لەق دەبوون کارەکان لەدەست دەچوون، ستالین دەیزانی دودڵی و هەلگەرانەوە بە شێوەیەک کاری تێدەکا زیاتر لە کارتێکردن لە هیتلەر و هەر سەرکردەیەکیتر، ئەنجامەکەشی شەرمەزاری دەبێ، بۆیە لە پێناو مانەوە ئەم رێچکەی گرتە بەر، ئەوەتا جارێکیتر بەرژەوەندیەکانی لەگەل بەرژەوەندیەکانی میلەت یەک دەگرنەوە، ئەمە خالە لاوازەکە و خالە بەهێزەکەشە لە هەمان کاتدا لە هەر رژێمێکی توتالیتاری، هەندێک جار وا دەبینرێ کە چارەنوسی میلەت بە گشتی بە چارەنوسی دکتاتۆرێکی حاکم بەستراوەتەوە، ئەگەر ئەم دکتاتۆرە لەناو بچێ بۆشاییەک دروست دەبێ و پر کردنەوەی ئاسان نابێ بەلکو هەر نابێ.

زۆربەی سەردانیکەرانی کرملین لە کاتی شەڕ، سەرسامی ئەوە بوون کە زۆربەی بڕیارەکان بەدەست ستالینەوەن، سەریان لەم سیستەمە سوورمابوو، پرسەکان و بڕیارەکان ئەگەر سیاسی بن یا سەربازی یا دبلۆماسی، ئەگەر بچوک بن یا مەزن و چارەنوسساز، هەمووی بەدەست ستالینەوە بوون، خۆی وەزیری

بەرگری وفەرماندەی گشتی سوپا بوو وەزیری دەرەوە و بوژانەوە بوو سەرۆکی تەشریفاتی کرملێن هەر خۆی بوو، فەرماندەی گشتی سوپای سوور بو(ستافکا) کە بارەگای لە کرملین بوو لەوێوە چاودێری وسەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنەکانی سەربازیی دەکرد، هەر لە پشت ئەو بیرۆکەیەوە کارێکی مەزنی ئەنجامدا ئەویش راگواستنی ١٣٦٠ کارگە لە روسیای رۆژئاوا و ئۆکرانیاوە بۆ سیبیریا و ئۆرال. ئەم راگواستنەوە تەنها ئامێرەکانی نەگرتەوە بەلکو بە ملیۆنان کرێکار بە خانەوادەکانیانەوە گواستەوە، لە نێوان راگواستنەوە و راگواستنەوەیەکیتر بەردەوام پێشوازیی لە کەسانی وەک بیفر بروک و هاریمان دەکرد دان و ستانی لەسەر ئەلەمنیۆم و چەک و تفاق لەگەل دەکردن کە هاوپەیمانان دەبێ بە روسیای بدەن، یا پێشوازیی لە فەرماندەکانی هێزی ئاسمانی دەکرد کە لە شووێنەکانی داگیرکراوەوە دەهاتن، لەسەر جۆر و چۆنێتی هێرشەکان لەگەلیان دەدوا.

لە کانونی یەکەمی ١٩٤١ شەڕی مۆسکۆ لەوپەری توندیدا بوو هاونەکانی هیتلەر لەناو شەقامەکانی مۆسکۆ دەتەقینەوە، ستالین کاتی باشی بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی دەرفەت وەرگرێ و لەگەل جەنەرالی پۆلۆنی سیکورسکی رێککەوتنێک ئەنجام بدا( پەیماننامەی روسی- پۆلۆنیی هاوبەش)، لە رۆژەکانی شەڕدا سەردانی دبلۆماتکارو میوانەکانی بێگانە بۆ مۆسکۆ زۆر دەبن، ستالین بە شەو پێشوازیی لێ دەکردن و لەگەلیان دەکەوتە وتووێژ، بە رۆژیش راپۆرتەکانی بەرەی جەنگ و چاودێری و کۆبونەوەی فەرماندەکانی دەبرد بەڕێوە، بەیانیان زوو لەخەو هەلدەستا تا وەلامی راپۆرتەکان بداتەوە، یەکێک لە نێردە سەربازیەکانی بەریتانی لە مۆسکۆ لەسەر پلان و نەخشەکانی ستالین بەم شێوە باسی دەکا، ئەو لە نوسینگەکەی خۆی چەندین کامێرای وێنەگرتن و گوێگرتنی دانابو چاودێری وردی دۆخەکانی دەکرد بەم شێوەش باسی لە کارو ژیانی رۆژانەی ستالین کردوە کە ئەمە ژیانی چوار سال شەڕی، ستالین بووە.

+ + +

لە مانگی تشرینی یەکەم هیتلەر مەزنترین شەڕ رادەگەیەنێ کە شەڕی مۆسکۆ بوو، لینینگراد گەمارۆ دەدرێ و دادەبرێندرێ. سوپای ئەلمانی هەموو ئوکرانیا و کەنارەکانی دەریای ئازوفی داگیر کردبوو. هێزەکەی بودیینی شکستی هێنابوو، ئەلمانیەکان نزیکەی نیو ملیۆن سەربازیان بە دیلی گرتبوو. ستالین هەریەک لە فوروشیلوف و بودینیی لە فەرماندەی گشتی دوور خستەوە. چونکە تیپی (تساریتسین ) یا ریز ئەفسەرەکان

که ترۆتسکی ناوی نابون له ئاستی ئەو شەڕەدا نەبوون، لە شوێن ئەمان ژوکۆڤ و فاسیلیفسکی و روکوسوفسکیی دانا.

لە تشرینی دووەم ئەڵمانیەکان هێرشێکی بەربلاو دەکەنە سەر مۆسکۆ بەنیازی گەمارۆ دانی، پێشڕەوی سوپاکەی ئەڵمانی بە دووری بیست تا سی کم لە پایتەخت نزیک دەبنەوە، لە شوێنێک تەنها پێنج کم دوور بوون، هەرچی کۆنسلخانە و کۆمیساری بێگانە هەبوون هەموویانیان گواستەوە (کیوبیچیف) لەسەر روباری ڤولگا. لە مۆسکۆش فەرمانبەرەکان ئەو دۆکۆمێنتانە دەستوێنن کە نەیانتوانی بیانگوازنەوە. لە شەشی تشرینی دووەم، یادی هەڵگیرسانی شۆرش وەکو نەریتی خۆی سۆڤیەتی مۆسکۆ ئاهەنگێک دەگێرێ. بەلا ئەم جارەیان ئاهەنگەکە لە ژێر زەمینەوە دەگێردرێ، ستالین بە دەستەواژەی هێمن گوتاری خوێندەوە، دانی بە شتێکی مەترسیدار نا، وتی: ئەڵمانیەکان دوو بەقەدەر ئێمە تانکیان هەیە. بۆ رۆژی دوایی لەسەر گلکۆی لینین دەوەستێ پێشوازی لە ئاپۆری سەرباز و پاسەوانی گەلەری و خۆبەخشەکان دەکا، لە وتارەکەیدا دەڵێ: دەبێ شەرەکانی ناوەخۆ بکەنە هاندەر بۆ بەرگریەکانتان لە داگیرکاری، ئەوکات سێ لەسەر چواری ولات بەدەست بێگانەوەبوو. کۆماری سۆڤیەتی تازە پێگەیشتوش خاوەنی سوپایەکی ئەوتۆ نەبوو، هیچ هاوپەیمانیتیەکی نەبوو، دوژمن بەو ئاستە بەتوانا نیە کە هەندێک وردە رۆشەنبیر باسی لێوە دەکەن، ئەڵمانیا ناتوانێ بۆ ماوەیەکی دوور باری قورسی ئەم شەرە هەڵگرێ. هەر پاش چەند مانگێک یا ساڵێک ئەڵمانیا شکست دێنێ و دەروخێ. بە ناو هێنانی هەندێک لە کەسایەتی ئاینی و سیاسی کۆتایی بە گوتارەکەی هێنا کە مایەی سەرسوڕمان بوو، وتی:

لەم شەڕە دەبێ گیانی بەرخۆدان لە پێشینانمان وەرگرین لە نمونەی ئەلکسەندەر نییفسکی، دیمتری دونسکۆی، کوزما مینین، دیمتری بوجارسکی، ئەلکسەندەر سوفوروف، میخائیل کوتوزوف. ئەمە یەکەم جارە ناوی ئەو کەسانە دێنێ کە شۆرش ونی کردبوون، دواجار وتی: (دەبا ئالای گەشاوەی لینینی مەزن هەمیشە پێشڕەومان بێ).

هەوالی راگواستنەوەی دام و دەزگاکانی ولاتانی بێگانە بۆ دەرەوەی مۆسکۆ خەلکی پەشۆکاند. کاریگەریەکی دەرونی زۆری هەبوو ئەم کردەیە، حکومەت لە گەرمەی شەڕدا دەزگاکانی دەباتە دەرەوەی شار ئەمە نیشانەی شکست و لاوازیە، مۆرالی ئەو خەلکە بەجارێ داتەپی، ئەمە لە فەرەنساش لە ١٩٤٠ روویدا کاتێک حکومەت لە بارەگا کۆنەکەی دەردەکرێ، دیارە نەمانی حکومەت لەم شوێنانە بەم دۆخ و شێوازە لە شکۆ و دەسەڵاتی حکومەت کەم دەبنەوە، بۆیە شەپۆلێکی ناسەقامگیری لە مۆسکۆ دروست دەبێ، ئەو خەلکە وا هەستی کرد حکومەت دەست بەرداریان بووە، بۆیە رایانکردە کۆگاکانی خۆراک و عەمبارەکانی ئازوقە بۆ بە

تالانبردن و خالی کردنی لە ترسی قات و قری، لەوکاتە دژە کۆمۆنیستەکان خۆیان بۆ تۆڵە سەندنەوە و رازی کردنی داگیرکەر ئامادە دەکرد، ئاژاوە بەرەکانی جەنگیشی لە ڤۆلگا گرتەوە.

ئەوانەی ئەوکاتە لە مۆسکۆ بوون دەگێرنەوە کە ئەو هەواڵەی ستالین وتبوی مۆسکۆ جێناهێلم چەندە کاریگەری ئەرێنیی لەسەر دۆخی خەڵک هەبوو، بەڕاستی خۆراگری کرملێن لەوساتە ناسکەدا گرنگ بوو چارەنوسی دونیا هەمووی لە ژێر قەڵای ئەوشارە دەگەوزی، کرملین بۆ ستالین و هیتلەریش سومبوڵی ئامانجەکانیان بوو، لەوکاتەی کە ستالین بڕیاردەدا لە مۆسکۆ دەرناچێ هیتلەر فەرمان بە هێزەکانی دەدا وەکو ئاماژەیەک بە روخانی بۆلشەڤی شاری مۆسکۆ تۆپباران کەن، ستالین بەو پێگەیە گەیشت کە کرملین هەیبوو، یەکێک لە ستەمکاری  دەسەڵاتی رەهای دووریی بوو لە گەلەکەی، ئەگەر لە مۆسکۆ بچوبایەتە دەر دەبوە دکتاتۆرێکی هەلات و ئەو جادوگەریەشی لێ ئاشکەرا دەبوو کە هەیبوو، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ بۆ سەرپەرشتی کردنی شەڕ شوێنێکیتری لە لادێکان بۆ دیاری بکرێ ، بەلام دەرچوون خۆی گەوجی بوو.

بەم شێوە لە ماوەی شەردا خۆی لە نێو دیوارەکانی کرملێن زیندانی کرد هەوڵی نەدەدا هیچ پەیوەندیەک لەگەل فەرماندەکانی لە بەرەی جەنگ لە رێگەی تلفۆنەوە بکا.

لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆی روسیا، ترۆتسکی بە شەمەندەفەرە سەیرەکەی لەم شوێن و بنکەوە بۆ ئەو بنکەی سەربازی دەگەرا و بەسەری دەکردنەوە گەلێک جاریش دەکەوتە بەر دەسترێژ و تەقەی دوژنمانی و بە سەیر دەربازی دەبوو، هەروەها چرچل خۆی و جگەرەکەی لە گەشت و سەردانی سەربازەکانیدا بوو لە ئەفریکا و کەنارەکانی نورماندو، بنکەو تەکتیکەکانی دەپشکنی، بەهەمان شێوە هیتلەر لە بنکەی فەرماندەی سوپا سەرپەرشتی و چاودێری بەرەکانی جەنگی دەکرد، زۆربەی کاتەکانی لەگەل فەرماندەکانی سوپا دەبردە سەر، هەموو سەرکردەکان کاتەکانیان لە سەردانی و بەسەرکردنەوەی بنکەی سەربازی دەبەنە سەر تەنها ستالین نەبێ خۆی لە پەیوەندیەکان بێبەش کرد ئەو پێوسیتی بەوە نەبوو بڕیارەکان لە شوێنی سەربازی دەرکا خۆی فەرماندە و سەرۆکی هەموو شتێک بوو، پێویستی بە پەیوەندیی راستەوخۆ نەبوو لەگەل سەربازەکان بۆ وەرگرتنی بڕیاری ستراتیژی ئەمە کاری سیاسەتمەدارە سڤیلەکان بوو، بایەخی بە تەکنیکی شەڕی نوێ دەدا، ئەو بە دیدی بازارکردن سەیری شەڕی دەکرد، ئەمە ئەگەر رێگەمان پێ بدرێ ئەم دەستەواژە نوێیە بەکار بێنین: کاری ئەو بریتی بوو لە دابین کردنی هێزی مرۆیی و پێداویستیەکانی یەدەگ بۆ بەرەکانی جەنگ و دابەش کردنیان بەپێی پێویست.

به گوێرەی لێکدانەوەی فوزونیسنسکیی بەڕێوەبەری لیژنەی نەخشەسازی نێودەولەتی بێ لە دواییەکانی ١٩٤١ دۆخەکان نالەبار و پڕ گرفت بوون:

ڕێژەی ٤٠% ی دانیشتوانی روسیا لەو شوێنانە دەژیان کە ئەلمانیا لە تشرینی دووەمی ١٩٤١ داگیری کردبوو. ئەم ناوچانە بەر لە شەڕ ٦٥% خەلوزیان بەرهەم دەهێنا لەگەل ٦٨% ی ئاسنی خاو ٥٨% پۆلا و ٦٠% ئەلمنیوم و ٤١% کۆی هێلە ئاسنینەکانیشی بەردەکەوت.

لە نێوان حوزەیران و تشرینی دووەم، بەرهەمی پیشەسازی بەرێژەی نیوە بەنیوە کەمیکرد، هەروەها بەرهەمەکانی تریش بە ڕێژەی جیاجیا.

لە ٣ی کانونی یەکەم هیتلەر بڕیاری دا بەهۆی زستانەوە هەموو ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بوەستێنێ. بەر لەوکات هێزەکانی ئەلمانیا دوو جار هەولی چونەناو مۆسکۆیان دا بەلام بێ سود بوو، دوو هەفتە دەبوو زستانێکی سارد دەستی پێکردبوو، هیتلەر بەوەی نەدەزانی کە بە دوو ڕۆژ بەر لەوەی بڕیاری ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکان بدا، ستالین فەرمانی بە سوپای روسی دابوو دژە هێرش دەست پێبکەن.

لە سالەکانی دوای شەر، روسەکان بیریان لەوە دەکردەوە ئاخۆ لە سالەکانی ١٩٤١و١٩٤٢ لە ژێر کاریگەری چ دۆخێکدا بوو پاشەکشەیان کرد؟ پێشتر ئاماژەمان پێیدابوو کە ستالین دانی بەو شکستە نابوو هۆکارەکەی بۆ ئەو هێرشە کت و پڕەی هیتلەر گێرابۆوە، بەلام ئەمجارەیان لە ١٩٤٦ بە شێوەیەکی دیکە ڕووداوەکان ڕێکخرانەوە، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان ئەلمانەکانیان بە پیلان کێشکردۆتە ناو روسیا بۆ ئەوەی لەناویان بەرن، لەم هۆنینەوە ئاماژە بە نامەیەک دەدا کە بۆ کۆلۆنیل ا.رازینی ناردبوو تیایدا ئاماژەی بە دوو ڕووداوی کۆنی دابوو:

( بارسیەکان لەم جۆرە هێرشانە شارەزان، ئەوان فەرماندەی رۆمانی (کراسوس) یان کێش کربوە ناو هێزەکانیان، لەوێ هێرشێکی توندی دەکەنە سەر و لەناوی دەبەن، هەر ئەم پیلانەش بوو فەرماندە زاناکە (کوتوزوف) پێی نەدەزانی، کاتێک سوپای ناپۆلیۆنی بەهۆی هەمان نەخشەوە تێکشکاند.

مەبەستی لەم رونکردنەوە ئەوەبو چیدی بەدوای هۆکارەکانی شکستی ١٩٤١ و ١٩٤٢ دا نەگەرێن کە ئەنجامەکەی رسواکردنی ستالینە، لە هەموولایەک ڕوونە ستالین ئەم جۆرە پلانەی نەبووە و لە ژێر فشار و هێرشەکانی ئەلمانیا شکستی خوارد، دواتر ستالین وەکو کوتوزوف نەبوو تەپکە لە مۆسکۆ دانێتەوە تا هیتلەر بەریکەوێ، لە سەردەمی کوتوزوف لە ١٨١٢ پایتەخت پترسبورگ بوو، دواتر ئەوکات روسیا بەقەدەر ئێستا ئەو پانتاییە زەویەی لەدەست نەدابوو، ئەمە و ناپۆلیۆنیش تەنها سەرەرێکانی لە مۆسکۆ گرتن، ئەم

جۆرە کشانەوانە وئەم زیانانەی بەر روسیا کەوتن لە ئەنجامید لەم سەردەمە نابێتە نەخشە و پلان ئەمە شێتیە ئەگەر زیاتریش نەلێین.

ئەو رونکردنەوەی ستالین هەر لەسەرەتاوە لەگەل یەکترا ناکۆک بوون، ئەوەندە نابا ناچار دەبێ پانتاییەکی زۆر لە خاکی روسیا جێ دەهێلێ و پشت لە رزگار کردنی سەربازە گەمارۆدراوە کانی دەکا و خەلکانی تر دەخاتە نێو یەکە سەربازیەکان و هێزی لێ پێک دەهێنێ بۆ ئەوەی لاوازیی بشارێتەوە و لە چاوەڕوانی ئەوەدابێ سوپای هیتلەر ماندو بێ ئەوسا دەستی لێ بوەشێنێ، ئەمە کەی پلان و ستراتیژە؟ دواتر ستالین بە تێگەیشتنە رۆژهەلاتیەکەی ویستی لە ناخی هیتلەر بگا، لە ئەنجامی زنجیرەیەک لە سەرکەوتن هیتلەر لە خۆ بایی دەبێ، کاتێک بڕیار دەدا ئۆپەراسیۆنەکان بوەستێنێ هیچ رێکارێکی خۆپاراستن ناکا، لە جیات ئەوەی هێزەکانی بکێشێتەوە بنکەکانی بەرگری، فەرمانی پێدان لە لێوار مۆسکۆ زستان بکەنەوە، بیری لەوە نەکردەوە کە زستانی روسیا چەکەکانیش پەک دەخا، جل و بەرگی زستانیشی بۆ دابین نەکردن، ئیتر لە زستانا روسەکان لە ئەلمانەکان بە توانا و بەرگریترن، لێرە ستالین بەردەوام دەبێ لە هەلەکانی لەجیات ئەوەی دەرفەت وەرگرێ و سود لە بڕیارەکەی هیتلەر وەرگرێ بەزیادەوە باس لە هۆشداری و خۆپارێزی دەکا ، ستالین زوو لەم لەزمان دەرچونەی فوهەر دەگا و بەرنامەیەکی دیک دادەرێژێ نەک تەنها بەرگری لە مۆسکۆ دەکا بە لکو لە چنگ سوپای هیتلەریش رزگاریی دەکا..

دوای ئەم یەکەم سەرکەوتنەی روسی خەلکەکە هەناسەیەکیان دایەوە و بڕوا بەخۆبوونیان بۆ گەڕایەوە، ئەوکات سوپا هەستی کرد ئەوەی ئەوان بەدەستیان هێناوە هیچ سوپایەک بەدەستی نەهێناوە. لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا سوپای هیتلەر لە نێو ئەو بەستەلەکەدا پەرش و بلاو دەبێ و لەبەر یەک هەلدەوەشێتەوە، ئەوەی بەسەریان هات هەمان ئەوەبوو کە بەسەر ناپۆلیۆن هات کە لە ژێر گورزی پارتیزانەکان بەسەریان هێنابوو.، ئیتر سەربازی روسی لەوکاتەوە متمانەی بەخۆیەوە پەیدا کرد وتی:

ئەگەر ئێمە جارێک دوژمن راو بنێین دەتوانین گەلێک جار راوی بنێین.

ستالین سودی لەم هەستە وەرگرت، بە (هاری هوبکنز)ی وتبوو ئەم شەرە گران دەوەستێ بەلکو ماوەی سێ تا چوار سالیش بخایەنێ.

بەهۆی بەشداری ئەمریکا لەو جەنگە دەرفەتەکانی سەرکەوتن زیاتر دەبن بەلام ئەو دەبێ سوپاسگوزاری زستان بێ کە بەهۆیەوە توانیی سەرکەوتن بەدەست بێنێ، بەریتانیاش هێشتا لە کاریگەری ئەو شۆکە دەرنەچوە کە لە ئەنجامی شکستی لە ئەوروپا پێی کەوت، ئەو دەیویست شەرەکە لە ١٩٤٢ کۆتایی بێ بەلام

بۆ ئەوەی ئەمە رووبدا دەبێ (معجزەیەک) دروست کا ئیتر ئەوە بەرگری لە مۆسکۆ خۆی معجزەنیە؟ هەرچەندە ئەو مەبەستی بوو لەو ساڵ کۆتایی بێ بەلام ئەو سەرکەوتنە لەوساڵدا کارێکی ئاسان نەبوو بۆ ئەوەی ورەی هاولاتیانی دانەبەزێ نابێ بڕوای وابێ ئەم شەرە درێژەی دەبێ تا چەند ساڵێکی تر.

+ + +

ئەلبەت کاتی کۆتایی هاتن بە شەڕ بەندە بە هەلوێستی ولاتانی هاوپەیمان، روسیا کۆمەلێک هاوپەیمانیتیی لەگەل رۆژئاوا بەست، لەوانە لەگەل بەریتانیا و ئەمریکا، گفتی پێدانی یەک ملیار دۆلاریشی لە ئەمریکا وەرگرتوە بە قەرز، لەگەل ناردنی چەک و تفاق. لە راستیدا ئەو هاوپەیمانێتیەی کراوە هەموویان دژی ئارەزوەکانیان بوونە. پەیوەندیەکانیش باش نین دەکرێ لە ژێر کاریگەری و فشاری شکستەکان ئەم هاوپەیمانێتیە هەلوەشێننەوە، ئەوەتا لە ژێر ئەو روخسارە ئارامە کۆمەلێک ناکۆکی لە ژێرەوە شاردراونەتەوە، لێرە ستالین دەپرسێ: ئایا دەبێ رۆژئاوا بەبێ روسیا رێککەوتن لەگەل ئەلمانیا ئەنجام بدا؟ بۆ نا، ئەو دەبینێ کە ناکۆکیەکانی نێوان سەرمایەداری نازی لەگەل سەرمایەداری لیبرالیزم لە بەریتانیا و ئەمریکا کەمترن لە ناکۆکیەکانی نێوان ئەوان و روسیای بۆلشەفی. ئێستا هەموو گالتەجاریەکانی بۆ دەرکەوت کە چۆن پارێزەرانی بەریتانی لە میانی ململانێ کانیاندا لە پێناو مانەوەیان شەڕ دژی هیتلەری سەرکردەی هەموو دژە کۆمۆنیستەکان دەکا.

لە خۆی دەپرسێ ئەگەر ئەم جیاوازیە فرت و فێلێک بێ. بەلام ئەوەی بە تەنیا رێککەوتنی لەگەل ئەلمانیادا کرد ئەوە ستالین بوو لە ١٩٣٩ کەواتە ئەمریکا و بەریتانیا کە ئەم زیانەیان لێکەوتوە چۆن بەدەر دەبن لەم جۆرە رێککەوتنەی هاوشێوەی ١٩٣٩ ی روسیا و هیتلەر؟ بۆیە هەردووکیان مەترسیان لە یەکتر هەبوو.

ستالین لە ترسی ئەوەی هاوپەیمانێتیان تێک نەچێ خۆی دوور خستەوە لە دروشمی شۆرشی پرۆلیتاریا. رێنما و بڕیارەکانی کۆنگرەی کۆمنترن کە تایبەت بوو بە ئاراستە کردنی رەفتارەکانی حزبی کۆمۆنیست لە میانی جەنگ، پشت گوێ خستن. رێنما و بڕیارەکان دەڵێن حزبی کۆمۆنیست لە هەر کوێیەک بێ و هەر کاتەی دەرفەتی بۆ رەخسا دەبێ کار بۆ روخانی رژێمی سەرمایەداری بکا، بەلام ئەوەتا ئێستا هاوکاری ئەم رژێمە سەرمایەداریانە دەکەن، ملکەچی بڕیارەکانیان دەبن، لەو ولاتانەی کە لەژێر دەستی نازیەکانیشدایە دانیان بە رابەرایەتی بورژوا دانا بۆ بەرگری کردن لە داگیرکاری: دیگول لە فرەنسا، بینیش لە چیکسلۆڤاکیا، پادشای هۆلەندا فیلهلمینا و هیتریش. تەنانەت بانگەوازەکانیشیان کە ئاراستەی بەریتانیا و ئەلمانیا و ولاتانی

بەلکان دەکەن داوای روخانی رژێمەکانیان لێ ناکەن. بەلکو داوایان لێ دەکەن بەناوی دیموکراسیەتەوە دژی دەسەڵاتداران بوەستن، نەک بەناوی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاری، ئەوەتا مۆسکۆ لەگەڵ هەر نەتەوەیەک بدوێ بە زمانی بەرژەوەندی نەتەوایەتی و هەستی نەتەوایەتی دەدوێ نەک هەستی ئینترناسیۆنالیستی مارکسی. (ئەم شەڕە شەڕی چینایەتی نیە) ئەمە ئەو راگەیاندنەب وو کە چرچل لە کاتی هێرشەکانی هیتلەر رایگەیاند، وا پێدەچوو دەنگدانەوەی ئەم راگەیاندنە بێ ستالین کاری بۆ پاراستنی روخساری یەک بەرژەوەندی دەکرد کە دژ بە نازیسم بێت، ئایدیۆلۆژیای دیموکراسی وەکو خالێکی هاوبەشی دەزانی، لە پێناو ئەم روخسارە دەستبەرداری کۆمنترن دەبێ و لە ئایاری ۱۹٤۳ هەلیدەوەشێنێتەوە. ئەمەش بەشداریەکی کارای سیاسیانە بوو بۆ پشتگیری هاوپەیمانێتیە مەزنەکە.

بیرۆکەی رێککەوتنی تاک لایەنە تاقە بیرۆکە نەبوو لە مێشکی ستالین دەخولایەوە بەلکو بیرۆکەیەکیتر هەبوو مەترسیەکانی کەمتر بوون بەلام هەنگاوەکەی نزیکتر بوو، ئەویش ئەو ترسە بوو کە هاوپەیمانان بەمەبستی لاواز کردنی روسیا و ئەڵمانیا کار بکەن. ئەم ترسە زیاتر ئەوکاتە جێگیر دەبێ کە لۆردی بەریتانی (برابازون ئوف تارا) یەکێک لە ئەندامانی حکومەتی بەریتانیە لە سەرەتای شەڕی روسی- ئەڵمانی بە ئاشکەرا رایگەیاند، هانی هاوپەیمانانی دەدا هەلوێستێکی لەم جۆرە وەرگرن ، دواتر ئەم لۆردە ناچار دەکرێ دەست لە ئەندامێتی حکومەت بکێشێتەوە، هەریەک لە چرچل و رۆزفلت بەگەرمی باس لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ روسیا دەکەن، بەلام وتەکانی وەزیر لە گوێی دەزرنگێنەوە، لەوەش دڵنیابوو کە دەست لەکار کێشانەوەی وەزیر لە سزای ئاشکەرا کردنی ئەم نهێنیە بووە، ئێستا وا هەست دەکا کە تۆلەی لێ دەسەندرێتەوە: ناکۆکیەکانی چینایەتی دەم کوت کراوە، دوژمندارێتیە دورودرێژەکەی روسیا و بەریتانیا کە ماوەیەکی درێژی خایاندوە لەو ماوەیەدا بەریتانیا روسیای بە شەیتانی نەفرەت لێکراو ناوزەد کردوە گوایە هاونەکانی بە جەستەی جوتیاران پر دەکات، دواجار هەلوێستی ستالین لە ۱۹۳۹ - ۱۹٤۱ دەبێتە دژایەتی. لەم روانگەیەوە هانی ولاتانی هاوپەیمانی رۆژئاوای دەدا شەڕ لە دژی ئەڵمانیا بەفەرمی رابگەیەنن و پەیمانێکی فەرمیش جێبەجێ بکەن.

لە هەمان کاتیشدا بەدواداچونی بۆ یاریەکی دبلۆماسیی ئالۆز دەکرد، بە هاوکاری هیتلەر سنورەکانی یەکێتی سۆڤیەتیی بەرفراوان کردبوو، دیموگرافیای ئەو ناوچانەشی لە ژێر دەستوری سۆڤیەتیدا بەتەواوەتی گۆڕیبوو.

ئێستاش هەموو قورساییەکانی دەخاتە گەر بۆئەوەی ئەو دەستکەوتانەی بپارێزێ کە لە سایەی هیتلەر بەدەستی هێنابوو، داوای لە هاوپەیمانانی رۆژئاوا دەکرد دان بەو دەستکەوتانەی بنێن وەکو دەستکەوتی

شەڕی. بەریتانیا و ئەمریکا پەلەیان لەوە نەکرد دان بەو دەولەتانەی بەلکان بنێن کە خستبونیە سەر یەکێتی سۆڤیەت، بەلام ئەمە کێشەیەکی مەزن نەبوو لای ئەو کێشە مەزنەکە پۆلۆنیا بوو، پۆلۆنیا کۆنترین ئەندامی هاوپەیمانی دژی ئەلمانیا بوو، لەوکاتەی ئەلمانیا هەوڵی داگیر کردنی دەدا ڕۆژهەلاتی ولات دەکەوێتە دەست روسیا، ئەگەر ئێمە هەندێک حساباتمان وەدەر نان دەبێ حەزەکانی پۆلۆنیا تێر بکرێ نەک لەبەر ئەوەی مافی بەسەر ئۆکرانیا و بیلەروسیاوە هەیە، بەلکو لەبەر ئەوەی بە زولم و ستەم لەم زەویانە بێبەش کرا. ستالین لە توانایدا نەبوو ئەم خاکە بۆ پۆلۆنیا بگێڕێتەوە ئەگەر شەپۆلێکی ناڕەزایی لە ئۆکرانیا دروست نەکا کە پێویستی بە هاندانی ئەو کەسانەبوو کە دژی داگیرکاری ئەلمانیا دەوەستنەوە. بەبێ رسواکردنی ئەو ریفراندۆمە گالتەجاریەی لە پۆلۆنیا لە ١٩٣٩ ئەنجام درا، کە کردیانە بیانو بۆ داگیر کردنی ئەو خاکە و بەبێ ئاشکەرا کردنی ئەو بەندانە لە دەستوری یەکێتی سۆڤیەت کە بەندی شکلی بوون، ناکرێ ئەم داخوازیە جێبەجێ بکرێ.

ستالین دەستپێشخەریەکی بۆ پۆلۆنیەکان کرد تیایدا بێ ئەوەی هیچ بکا ئارەزوەکانیانی تێر کرد، لە سەرەتای شەڕ حکومەت بڕیاری دا ئەو رێککەوتنانەی ریبنتروپ و مۆلۆتۆف ئەنجامیان دان، هەلوەشێندرانەوە. ئەوکات سیکورسکی سەرۆکی پۆلۆنیا لە دەرەوەی ولات دەڵێ: ئەم بڕیارەی روسیا مانای ئەوەیە ناوچەکانی رۆژهەلاتی بۆ پۆلۆنیا گەرانەوە باوەش وڵات. بەلام ستالین مەبەستی ئەمە نەبووە.

لەگەرمەی هێرشەکانی سەر مۆسکۆ ستالین داوا لە ئەنتۆنی ئایدن دەکا کە ئەوکات لە مۆسکۆ بوو با بەریتانیا دان بەو سنورەی روسیادا بنێ کە لەسەردەمی هێرشی هیتلەر لەدەست ئێمەدا بوونە. بەلام وەزیری بەریتانی ئەم بابەتەی راگرت، ستالین پێشنیاری کرد راستەوخۆ گوتوبێژ لەگەڵ سیکورسکیدا بکا، سەرۆک وەزیرانی پۆلۆنیا رایدەگەیەنێ ، دەستوری وڵاتەکەیان ئەو دەسەڵاتەی پێنادا دانوستان لەسەر سنوری وڵات بکا، لەو کاتەوە ستالین بەدوای بیانودا دەگەرا و وتی: دەستوری وڵاتەکەشم ئەو مافەم پێنادا دەستبەرداری خاک و سنوری وڵاتەکەم بم. بەم شێوە سەردەمێکیتر لە ناکۆکیەکانی نێوان روسیا و پۆلۆنیا دەستی پێکرد، ئەمەش ئازار و ستەمی پەناهەندە پۆلۆنیەکان لە روسیا زیاتر دەکا.

+ + +

لە ئایاری ١٩٤٢ ستالین مۆلۆتۆڤی وەکو نێردەی خۆی بەرەو لۆندۆن و واشنتون بەرێ کرد، ئەمەش بۆ سێ ئامانج بوو:

١/ متمانە و مسۆگەریەک بدەن کە یەک لایەنە پەیمانی ئاشتەوایی نەبەستن.

٢/ پەلە کردن لە کردنەوەی بەرەی دووەمی شەڕ.

٣/ هاوپەیمانان دان بە سنورەکانی روسیای ١٩٤١ دا بنێن.

بەڵێ گەشتەکەی مۆلۆتۆف سەرکەوتوو دەبێ، بەریتانیا و سۆڤیەت پەیماننامەیەکی بیست ساڵی مۆر دەکەن، بیرۆکەی ئەم پەیماننامەیە ستالین خستیە بەردەم لورد بیفەربروک لە ئەیلولی ١٩٤١. سەرەڕای ئەمەش بەریتانیەکان دەڵێن ئێمە رازین لەسەر داواکەی روسیا لە ١٩٤٢ لە ئەوروپا بەرەی دووەمی جەنگ بکرێتەوە. سەرەڕای دودڵی چرچل بەلام سوور بوو لەسەر ئەوەی ستالین دڵنیا بکاتەوە. لە نامەیەکدا ئەو و روزفلت واژۆی دەکەن دەڵێن: هێزەکانی هەردوو دەولەت لە مانگی ئەیلول لە کەنالەوە دەچنە ناو فرەنسا، بەلام مۆسکۆ لەوە سەرکەوتوو نەبوو بەریتانیا و ئەمریکا ناچارکا دان بە سنورەکانی سۆڤیەتدا بنێن کە لە ١٩٤١ هەیبوە، دەبوایە ستالین رازی بێت، چونکە هەموو لایەنەکان سووربونی خۆیان راگەیاند کە دەبێ بەسەر ئەلمانیادا زال بن ئەمەش پێگەی روسیای پێ بەهێز دەبێ. لە سەرەتای جەنگ رۆژئاوا بە بچوکی توانا و هێزەکانی روسیای دەبینی، بەلام دوای شەرەکانی مۆسکۆ ئەم بۆچونە دەگۆردرێ بەریتانیا و ئەمریکا بە چاوێکیترەوە سەیری روسیا دەکەن، بەم هۆیەوە روسیا پێگەی سەرکردایەتی خۆی لەم هاوپەیمانیتیە دەگرێ، ئێستا هەستی دوژمنکاری بەرانبەر بە سۆڤیەتیەکان لە ئەوروپیەکانەوە دەگۆردرێ بۆ هەستی دراوسێیەتی و سەرسام بوون بە تواناکانیانەوە. روزفلت و چرچل بەخیلیان بە دەستەواژەی ستایش نەدەکرد بۆ ستالین، وەکو شەپۆلێکی هەستی جەماوەری بەرانبەر بە روسیا سەری هەلدا.

بەلام ئەم هەستە لە نێو رای گشتی یەک لایەنە نەبوو، لە روسیاش خەلک هەستی ناحەزی و دوژمنکاری بەرانبەر بە رۆژئاوا لە کالبونەوە دابوو، ئەوانەی سەرپەرشتی راگەیاندنەکانیان دەکرد دونیایان بۆ دوو لەت لەتی سەرمایەداری و پرۆلیتاری دابەش نەدەکرد. یا بۆ داگیرکار و قوربانی، بەلوک دابەشکردنەکە لەسەر بنەمای فاشیزم و دیموکراسی بوو. هەڵمەتی ستایش تەنها سەرۆکی ئەمریکا روزفلتی نەدەگرتەوە کە بە سەرۆکی ( سەردەمی نوێ) ناودەبردرا بەلکو چرچلیشی گرتەوە، ئەوەتا ئەو سەرکردەی فەرماندەی هەڵمەتی لەناو بردنی کۆمۆنیستەکان بوو ئێستا دەبێتە سومبولی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو دۆست و هاوپەیمان. بە بڕیاردانی کردنەوەی بەرەی دووەمی جەنگ لە ١٩٤٢ ئەم هەستە دەگاتە لوتکە، ئەم هەستە بەردەوام بوو

تا ١٩٤٢ کاتێک ستالین چرچل داوەتی مۆسکۆ دەکا بۆ گوتوبێژ لەسەر پرسە سەربازیەکانی نێوان هەردو وڵات.

چرچل لە ئابی هەمان ساڵ دەگاتە مۆسکۆ، بەلام سەردانەکەی بێ ئومێدی لێ دەرکەوت. بە ستالینی ڕاگەیاند کە فەرماندەی گشتی هاوبەشی ستونی بەریتانیا و ئەمریکا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هێرشکردنە سەر فرەنسای دا، لە جیات ئەو، هێرش بکرێتە سەر باکوری ئەفریکا . دانیشتنەکەی چرچل و ستالین توند بوو، لە خوارەوە پارچەیەک لەو وتووێژەتان بۆ دەخەینە روو کە لە سەرچاوە نیمچە فەرمیەکانەوە دەستمان گەیشتوە:

چرچل: گەیشتینە ئەنجامێک...
قسە کردن لەسەر ئەم بابەتە لام زۆر قورسە، بەڵام....
ستالین: قسە بکە ئەی سەرۆکی دەولەتمەدار، ئێمە کەسمان لەوانە نین نەتوانین دان بەخۆماندا نەگرین.
چرچل: لەم ساڵدا ئەستەمە هێرش بکرێتە سەر ئەمریکا.
ستالین: لەوە تێگەیشتم سەرکردەکانی ئینگلیز و ئەمریکا لەو پەیمانە پەشیمان بوونەتەوە کە لە بەهاری رابردوو دابویان.
چرچل: من پێشنیار دەکەم هێرش بکەینە سەر سقلیا.

ستالین: سقلیا بەرەیەکی سیاسیە نەك سەربازی.
چرچل: جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێرش کردنە سەر ئەوروپا لە ١٩٤٣ئەنجام بدری.
ستالین: ئەی گرەنتی چیە کە ئێوەش لە پەیمانەکەتا پاشگەز نابنەوە؟
مولوتوف: ئەوەتاسەرۆك وەزیرانی بەریتانیا هەولدەدا ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ ولاتەکەی لە دۆخێکی گونجاودانیە بتوانێ قوربانی بە پیاوەکانی بدا.
بەڵکو گومان لەوە بکەین وتەکانی ستالین وشك بوون. بەڵام سەرچاوەکانی بەریتانی و ئەمریکی ئەمە پشتراست دەکەنەوە کە گفتوگۆکە بەم شێوەبووە.
لە یەکێك لە نامەکانی ستالین کە بۆ چرچلی ناردبوو تیایدا، ئاماژە بەوە دەکات کە دواخستنی کردنەوی بەرەی دووەمی جەنگ سوکایەتیە بە رای گشتی سۆڤیەتی و نەخشە و پلانە سەربازیەکانی سۆڤیەت تێك دەدا کە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی هاوین و زستان دایڕشتبون.
بۆ جاری دووەم بەرەی روسی لە مەترسیدایە، ئەڵمانەکان لە ناوچەی قەوقاس چوبونە نێوخاکی و خەریکبوو دەگەیشتنە روباری ( ڤولگا) و شەرەکانی ستالینگرادیش تازە دەستیان پێکرابوو. هەرچەندە ئەستەم بوو لەرێگەی دەستوەشاندنێکی ئاوا کت و پڕی بتوانرێ بەسەر روسیادا زاڵبێ، بەڵام ستالین ترسی لە شەڕی

خوێن بەردان هەبوو کە تانك و زرێپوش وفرۆکەکانی بەو شەڕەوە ببەسترێنەوە، بۆیە بایەخێکی تایبەتیی بە شەڕی ستالینگراد دەدا.

ستالینگراد واتە شاری ستالین کە پیشتر تساریتسین یان پێدەوت، ئەگەر ئەم شارە بکەویت گورزێکی مەزن لە مۆرالی گەلەکەی دەکەویت.

سەرسوڕمانی نیە ئەگەر کاردانەوەی ئەو توڕەبونەی لەو هەوالانەوە هاتێ کە چرچل لۆمەی هاوپەیمانەکانی دەکا چونکە روسیایان شەرمەزار و رسوا کردوە. هەر بەوهۆیەوە بوو گەلێک جار دەیوت (لە جیات کەس ئەرکەکان جێبەجێ ناکەین) ئەوەتا خۆی دەبینێتەوە بۆتە قوربانیی دەستاودەست پێکردنی ئەم و ئەو و ناچار ئەرکی ئەوان جێبەجێ دەکا.

دەڵێن ستالین دوای سەفەری چرچل وتی:

(هەمو شتێك روونە، دەیانەوێ هیرش بکەنە سەر ئەفریکا و ئیتالیا، لە پەنای ئەم کارەشیاندا مەبەستیانە بەلکان بەر لە هەمویان پێبگا.) ئامانجیانە هێزەکانمان رووبەڕووی شەڕێکی خوێن لێبەردان کەن بۆ ئەوەی لاوازمان کەن ئەوسا مەرجەکانی خۆیان بەسەرماندا بسەپێنن، بەڵام ئەم ئاواتەیان نایەتە دی. سلاڤیەکان لەتەکمان دەوەستن، دیارە مەبەستیانە ستالینگراد لەدەست بدەین بە لەدەستدانی ئەم شارەش مەلبەندی دەستپێکردنی دژە هێرشەکانیشمان لەدەست دەدرێ.

وا پێدەچێ دواتر لەسەر بنەمای هەندێك بیرکردنەوەی تر گۆڕانکاری لەو دەقەدا دەکرێ، چونکە مایەی بڕواکردن نیە ستالین فەرمان بە چرچل بدا، لە ئابی ١٩٤٢ بیرۆکەی هێرش کردنە سەر بەلکان بیرۆکەیەك بوو تا ئەوکات لە مێشکی ستالین جێگیر نەببوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە بیرۆکەی دواخستنی بەرەی دووەمی جەنگ کە چرچل پێشنیاری کردبوو، بەهۆی یەك نەبوون و نەبوونی پێداویستی جەنگ لەلایەن هاوپەیمانانیەوە، بەهیچ شێوەیەك ستالینی نەگەیاندبوە بڕوا، ئەو دەیبینی کە ئەڵمانەکان ژمارەیەکی زۆری سەربازیان ئاخنیوەتە بەرەکانی جەنگ دژی روسیا، روسیاش لە توانایدا نیە ئەم هەموو سنورەی کەنارەکانی ئەتلەنتیك بپارێزێ.

دواتر چرچل دان بەوە دەنێ کە ناسەقامگیری هەلوێستەکانی ستالین ئەمی توشی سەرسوڕمان کردوە، دوای ئەو دەمە تەقێیەی نێوانیان لەسەر کردنەوەی بەرەی دووەمی جەنگ، چرچل رووخۆشی لەگەڵ ستالین دەنوێنێ، بۆیە ستالین زۆر بە ئارامی گوێ لە چرچل رادەگرێ کە چۆن هێرشی سەر ئەفریکا روون دەکاتەوە، دلخۆشی دەردەبرێ لە هێرشەکانی بەریتانیا بۆسەر شارە ئەڵمانیەکان. نهێنی ئەم گۆڕانکاریە لە هەلوێستی ستالین کارێکی ئاستەم نەبوو، ئەمە ناکۆکی هەلوێستەکانی خۆی بووە: ئەو دەبوایە بۆچارەسەری لە توڕەبوونی دواخستنی بەرەی دووەمی جەنگ مەناسەیەك بدا، ئەمە لە لایەك لەلایەکی تریشەوە ئەو سوورە لەسەر پاراستنی هاوپەیمانێنی روسیا و رۆژئاوا. کە لەدەمە قاڕەکەی یەکەمیدا لەگەڵ چرچل لەسەر کردنەوەی بەرەی دووەمی جەنگ روویدا.

ئەلبەت رای گشتی چاوی بەم ناکۆکیە مەترسیدارە نەکەوتوە، چونکە رایانگەیاند بوو کە هەردوو وتووێژەکە لە کەش و هەوایەکی لێکتێگەیشتن بەڕێوە چوە و کۆتاییان هاتووە. بەڵام سەربازانی روسی هەستیان بەم

ناکۆکیانە دەکرد، ئەوان ئارامیان لێ بڕابوو لە هاوپەیمانێتیان لەگەڵ رۆژئاوا و لێیان بێ ئومێد ببون. بیرۆکەی دوخاستنی هێرشەکانی سەر رۆژئاوای ئەوروپا باڵی بەسەر رای گشتیدا کێشابوو، ئەوەی راستیێ سوپای سوور لەژێر هەژموونی ئەم دۆخە و هەست کردن بە گۆشەگیری شەڕی ستالینگرادی کرد.

+++

کاتێکیش بە کردە شەڕ دەست پێدەکا، ورەی جەماوەر و سەربازەکانی دادەبەزێ، سەرۆکی نێردەی سەربازی بەریتانی بۆ مۆسکۆ دەڵێ: ( وا پێدەچێ ورەی سەربازانی روسی لە نزیك (روستو) دابەزیوە، خەریك بوو دەست لە شەڕ هەلگرن .

دەڵێن ستالین خۆی سەردانی ئەو بەشەی بەرەی جەنگی کردوە، هەرچیەکی بوبێ جولەیەکی زۆری بە سەرباز و پلەداران کردوە لە سزادان و راگواستنەوە وئالوگۆڕپێکردنی شوێنەکانیان، دیارە ئەم جولەیە کاریگەری ئەرێنیی هەبووە لەسەر دۆخی سوپای روسی لە باشور.

گوایە ستالین خۆی سەرۆکایەتی دادگای سەربازیی کردوە، تیایدا سزای ژمارەیك لەو ئەفسەرانەی داوە کە لەکارەکانیان سستی و بێباکیان نواندوە. لەم رووەوە ( یارۆسلافسکیی سەرۆکی بەشی پرۆپاگەندەی حزب، دەسەڵاتی مەدەنیی قەوقاس بەوە تاوانبار دەکات کە سەرکەوتوو نەبووە لە بەرگری کردن لە شارەکەیان. لە راستیشدا هەولی ئەلمانیەکان لە بەگژیەکدابردنی نەتەوەکان لە قەوقاس و بەکارهێنانی کرێگرتەکانی لە بەرژەوەندی خۆیاندا بوو، تا ئاستێك سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، ئەمە ئەو راستیەبوو کە دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت لە دوای شەڕ دانی پێدانابوو، بەوهۆیەوە ژمارەیەك لە هاولاتیانی چیچانی و ئەنگوشی و تەتەری بە تۆمەتی هاوکاری کردنی دوژمن بە دورخستنەوەیان بۆ سیبیریا سزا دران. بۆیە شەڕی ستالینگراد سەرەتای خێر نەبوو، بەڵام بەهۆی چەند ئەگەر و تایبەتمەندیەك نەدەبوایە ستالین ئەم شەڕە بدۆڕێنێ، بە درێژایی شەش مانگ خۆی فەرماندەیی ئەم شەڕەی دەکرد و بەدواداچونی دژە هێرشەکانی دەکرد، هەر لەسەرەتاوە هێرشەکەی ستالینگراد هێرشێکی تایبەتی و تاك وێنە بوو، ئەلمانەکان لە سەرەتا ئەوەندە بە خالێکی گرنگیان نەدەزانی، روسەکانیش تا مانگی تەموز هێزێکی ئەوتۆیان بۆ نەناردبوو کە بەرگریی لێ بکا. لە راسیشدا هیچ هۆکارێکی سەربازیی ئەوتۆ نەبوو ستالینگراد ببێتە مەیدانی مەزنترین شەڕی جەنگی دووەمی جیهانی. خۆی بۆ ئەلمانەکان ئەوە باشتر بوو لە هەر خالێك لە باشوری ستالینگراد رێگای گەیاندنی ئازوقە و لۆجستیك لە بەرەی (ڤولگا) بگرن، واتە نێوان خۆیان و دەریای قەزوین. بەڵام ماندەر و فاکتەری سەرەکی کە هیتلەری بۆ ئەم هێرشە ماندا هۆکاری دەرونی بووە، چونکە لە جەنەراڵە ئەلمانیەکان دەگێرنەوە دەڵێن: ( کاتێك لە نیوەی دووەمی مانگی ئاب بڕیاردرا هێرش بکرێتە سەر ستالینگراد، روسەکان هێزی یەدەگیان بۆ کۆکردبۆوە، چونکە بۆ ئەوان ستالینگراد لە بەرەی سەرەکی شەڕ و قەوقاس نزیکتر بوە بۆیە بەرگریان پێ لە

ستالینگراد ئاسانتر بوە لەوەی شوێنەکانیتر .
ستالین لە پرنسیپە یەك لەدوایەکەکان بێ تاقەت بوو، چونکە ناوی شارەکە ستالین بوە بۆیە دەبێتە خاڵی تەحەددا لای ئەو، بەهۆی گواستنەوەی هێزەکانی لە هێلی سەرەکی شەڕگەوە بۆ هێلەکانی ترهێزەکانی ماندوو هیلاك دەبن، لەو ساڵ کرملین ببوە جیگەی چاوتێبڕینی هەریەك لە ستالین و هیتلەر، بەڵام ئیستا بایەخیان لەسەر ستالینگراد چڕ کردۆتەوە .
لە کۆتایی مانگی ئاب روسەکان بۆ نیو بازنەی بەرگری لە ستالینگراد دەکشێنەوە، ستالین بۆ ئەو شوێنە هەریەك لە ( جوکوف) کە لە باشترین سەربازەکانی دەبێ و ( فاسیلیفسکی) وشوێنگرەوەی (شابۆشینکۆف) بوو لە سەرۆکایەتی ستونی سوپای سۆڤیەتی و (مالنکوف) دەنێرێتە خالە مەترسیدارەکە، ئەوکات ئەم دروشمەیان بۆ بەرز دەکاتەوە کە بە (پیاوانی پارێزەری ستالینگراد) ناویان دەبا و دەڵێ: ( یەك هەنگاو بۆ دواوە نەگەڕێنەوە)، ئەم دروشمە پارچەیەك زیوی سەربازی نابێ کە وەکو نەریتی هەموو جارێك فەرماندەکانی سوپای پاشەکشە پێکراو دەستی بۆ ببەن .
ستالین وەکو هیتلەر نەبوو پەنا بۆ بیرۆکەیەکی وشك ببا کە شەڕەکەی بەسەردا بشکێتەوە. ئەمە پێچەوانەکەی راستە. چونکە تا ئەوکات کشانەوەی بێ تەقە و رووبەرووبوونەوە لە بەرنامەی ستالیندا نەبوو، بەڵام بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی سوپای ئەلمانی کە بە ئاراستەی شارێك بێت پرسێکی پڕ بایەخ بوو لای ئەو. ئێستا داستانەکەی لە سەنگی مەحاکدایە .
ئەلمانیەکان لە بەرەو پێش چوندا بەردەوامن. بەڵام پێشوەچونەکە وێڕای ئەوەی پر قوربانی و خەرجی دەبێ، زۆریش هێواش و لەسەرەخۆ دەبێ. لە نیوەی یەکەمی مانگی ئەیلول، هێلی شەڕ دەگاتە لێوارەکانی شار دواتریش لە نیوەی دووەمی هەمان مانگ دەگاتە سەنتەری شار. کرێکاری کارگەکان بە فەرماندەیی (شویکوت) دەچنە ریز لەشکری ٦٣، لە نێویاندا جەنگاوەری دێرین هەبوون کە کاتی خۆی بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ لەژێر فەرماندەی ستالین و (فوروشیلوف) جەنگابوون .
بەرگریکاران پاشەکشە دەکەن تا لە نێوان روباری ڤۆلگا و هێزەکانی دوژمن گیردەخۆن، هەموو هێل و رێگاکانیان لێدەگیرێن، ناتوانن چیتر پاشەکشە بکەن و گەمارۆ دەدرێن. تفاق و هاوکاریەکان تەنها بەرێگەی روبارەوە پێیان دەگەیشتن، ئەویش لەژێر بۆردومانێکی سەختدا دەبێ، کاتێکیش روبارەکە بەهۆی دابەزینی پلەی گەرماوە بەتەواوەتی دەبەستێ و شەختە دەگرێ ئیتر کردە هاوکاریەکانیش دەوەستن. لە ٥ی تشرینی یەکەم ستالین بانگەوازێکی نوێ ئاراستەی پارێزەرە گەمارۆدراوەکان دەکات: (داواتان لێ دەکەم هەموو رێکارەکان بگرنە بەر بۆ بەرگری کردن لە ستالینگراد، نابێ بۆ دوژمن دەستبەرداری ستالینگراد بین بەڵکو دەبێ ئەوپارچەش رزگار کەین کە کەوتۆتە ژیر دەستی دوژمنەوە). لە نێوان ٢٧ی ئەیلول و ١٣ی تشرینی یەکەم شەڕ لەدەورو بەری سێ کارگە گەرم بوو: (١/کارگەی ستالینگراد بۆ دروستکردنی تراکتۆر. ٢/ کارگەی ئۆکتۆبەری سوور. ٣/ کارگەی سەنگەر). بەڵام لە ١٤ی تشرینی دووەمەوە شەڕو پێکدادان گواسترایەوە ماڵ و شەقامەکانی شار، ئەلمانیەکان لە گرتنی یەکەم شەقام بەقەدەر هێرشەکانی هەموو ئەوروپا زیانیان لێ کەوت. لە نیوەی مانگی تشرینی دووەم بەرگریکاران

توانیان هەندێك شوێن لە نزیك روباری ڤۆلگا دەست بەسەردا بگرن، بەم هەنگاوەیان ستالین ئومێدێکی لا پەیدا بوو بۆیە پەیمان بەو خەلکە دەدا و پێیان دەڵێ :
(نابێ خەندە لە شەقامەکان ببڕێ). لە ١٩ی تشرینی دووەمیش کە وادیار بوو ئەلمانیەکان دوا هەولیان بۆ دەستگرتن بەسەر شارەکەدا چڕ کردۆتەوە، فەرمان دەدا دژە هێرشێك ئەنجام بدەن.
ئ ەم هێرشە لەمانگی ئەیلولەوە نەخشەی بۆ کێشرابوو، لەوکاتەی لە دۆخێکی ئاژاوەییدا بوون، ئەرکەکە بەم شێوە بۆ لفا سیلفسکی کورت کرایەوە ( ئێمە بەبێ هیچ هاوکاریەك شەڕ دەکەین، دژە هێرشەکانمان بەتەواوەتی ئامانجەکانیان ناپێکن، دوژمن یەکینەکان بە تەواوەتی لەناو دەبا، جەنەرالەکانیش لەسەر پلانەکە لە نێوان خۆیاندا ناکۆك بوون، هەندێکیان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن ئەلمانیەکان لە ستالینگراد وەدەر نێن و بەس، هەندێکیشیان هەول دەدەن رازیمان کەن چاوەڕوانی گەیشتنی هاوکاریەکانی هاوپەیمانان بین، هەموشیان سوورن لەسەر داواکردنی هێزی یەدەگ. بەڵام ستالین پێی وابوو تاقە رێگا ئەم دژە هێرشەیە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە کاتەکە گونجاوە، داوا لە فاسیلیفسکی کرا ( یا پێتوایە داوا لە جوکوف کرا؟) نەخشەیەکی پراکتیکی بۆ ئەم کردەیە دارێژێ .
بیرۆکەی دژە هێرش کە لای ستالین گەلالە بوە لەسەر بنەمایەکی دەرونی دارێژرابوو، بە تێگەیشتنێکی قوڵی ئەقلی هیتلەری، کە لەسەر هەمان بنەمای شەڕی مۆسکۆ سەرچاوەی گرتبوو، هەرچەندە لایەنی جێبەجێکار لەم هێرشە ئالۆزتر و کاریگەرتر بوو. بۆ جاری دووەم ستالین گرەو لەسەر لەخۆبایی بوونە کوێرانیەکەی هیتلەری کرد. دیارە هیتلەر پێی وایە هێزەکانی روسیا لە باشور لە حالەتێکی شپرزەیی دان بۆیە پێی وایە ناتوانن دژە هێرش ئەنجام بدەن. گریمان ئەلمانیەکان هەمان ئەو هەڵەیە دووبارە دەکەنەوە کە لە گەمارۆکەی مۆسکۆ کردیان: پیادە کردنی دووبارە رێکخستنەوەی هێزەکانیان لەسەر بنەمای بەرگری، دیارە هەر واشبوە، چونکە هیتلەر لە یەکێك لە فەرمانەکانی لە ١٤ی تشرینی دووەم دڵنیای هێزەکانی دەکاتەوە کە روسەکان دژە هێرشیان ناکەنە سەر .
ستالین فەرمانی بە هێزی بەرگری شاری ستالینگراددا بەرپەرچی پێشەنگی هێزە ئەلمانیەکان بدەنەوە، لە باشور لە پشتێنەی ستالینگراد بە زیرە و هاواری جەنەرال و فەرماندەکانی دادیان نادا کە داوای هاوکاری و تەقەمەنی دەکەن، ئەو بەکاری کۆکردنەوەی یەدەکی ستراتیژیەوە خەریك بوو. ئەم فەرمانەی بۆ سوپا سالار دەرکرد: هەرچەندی هاوار بکەن و زیرەیان لێ دەرچێ هیچ پەیمانێکی هاوکاریکردنیان پێ نەدەن، تەنانەت تاقە تیپێکیش لە تیپەکانی مۆسکۆیان بۆ رەوانە نەکەیت، هەڵەی پەرش و بلاوە پێکردنی هێزەکانی نەکرد، هەر ئەمەش بوو هیتلەری توشی هەلاکەت کرد، لەم کاتە هیتلەر بەبێ پاساو هێزەکانی لە نێوان ستالینگراد و قەوقاسدا دەهێنا و دەبرد بۆیە ماندوو ببون .
ستالین هەموو هێزە یەدەگەکەی خستە ژێر فەرماندەی (جوکوف) کە زۆر بەخێرایی دابەشی کردە سەر سێ سەربازگە لە باکور و باکوری رۆژئاوا و باشوری ستالینگراد.ئەم سێ سوپایەش بە فەرماندەی (فاتوتین، راکوسوفسکی و بیریمنکۆ) بوو، تۆپخانەی روسیش کە چەکی یەکلاکەرەوەی ئەم شەڕە بوو لە ژێر فەرماندەی (فورونوف) دابوو .

دەبوایە فەرماندەی سێ لەشکرەکە بە توندی دەست لە کلکی ئەو هێزەی ئەڵمانی بوەوشێنن کە گەمارۆی ستالینگرادیان دابوو، بۆ ئەوەی لە هێزەکەی تریان دابڕێنن کە لە رۆژ ئاوا جێگیر ببوو، بڕیار وا درا سەرەتای دەست وەشاندنەکە لەو هێزەبێ کە لەهەمویان لاوازترە. واتە ئەو پێگانەی بەدەست هێزەکانی ئیتالی و مەجەری و رۆمانیەوە بووە و داگیریان کردوە کە بە دوودڵی هاتونەتە نێو ئەم جەنگەوە، ئەمە یەکێك لەو خاڵە دەرونیانە بوو کە نەخشەی شەرەکە پشتی پێ بەستبوو. لە ١٩ی تشرینی دووەم (فاتوتین) لە باکورەوە هێرش دەبات. رۆژی دواتریش (روکوسوفسکی) بە هەمان شێوە و رۆژی سێیەمیش ییریمنکو هێرش دەبات، لە رۆژی چوارەم ئەو هێزە ئەڵمانیەی ستالینگرادیان گەمارۆ دابوو خۆیان بە گەمارۆدراوی دەبیننەوە، دواتر ستالین فەرمان بە سەرمەنگەکانی سوپا دەدا زۆر لە هێزە گەمارۆدراوەکە نەکەن کە بە فەرماندەی (ڤۆن پولس) بوو فشاری زۆریان نەخەنە سەر، بەڵکو فشاری زیاتر بخەنە سەر ئەو هێزانەی لە دەرەوەی گەمارۆدان بۆ ئەوەی تا روباری ڤۆلگا پاشەکشە بکەن دواتریش تا روباری (ئەلدون).
 هێزەکانی ئەڵمانی بە فەرماندەیی ( مانستاین) لە باشورەوە بەرەو هێزە گەمارۆ دراوەکە بەڕێ کەوت تا فریای (ڤۆن پولس) بکەوێ کە گەمارۆ درابوو. هیتلەر فەرمانی بە فرۆکەوانەکان دا پردێکی ئاسمانی لەگەڵ ستالین گراد دروستکەن بۆ گەیاندنی هاوکاری و ئازوقەی پێویست. ستالین بۆ شکست پێهێنانی ئەم نەخشەیەی فرۆکەی زیاتری خستە کار و توانیی ئەو پردە بروخێنێ. کاتێکیش سەرمەنگەکانیان لەسەر ئەوە رێك نەکەوتن ئاخۆ یەکەم جار دەست لە کامیان بوەشێنن لە (ڤۆن پولس یا لە مانستاین)، بڕیاردرا یەکەمجار لە مانستاین بدرێ.
 هێرشەکە سەرکەوتو بوو. کاتێکیش مانگی کانونی یەکەم لە تەواو بووندا بوو هێزەکانی ئەڵمانی بەدرێژایی ١٢٠ میل لە ستالینگراد دوور کەوتنەوە.
لە سەرەتای مانگی شوبات (ڤۆن پولس) و ٢٣لە سەرمەنگەکانی و سەرجەم هێزەکەی خۆیان رادەستی هێزەکانی روسیا دەکەن. دوای ئەوە هەمو هێزەکانی ئەڵمانی لە قەوقاس وەدەر دەنرێ. بەم شێوە ئەم شەرە کە بە تەواوەتی بە ناوی ستالینەوە بەسترابۆوە نوێشکی سوپای ئەڵمانی دەخوا. لەو شوێنەی کە ستالین وەکو فەرماندەیەکی سەربازی یەکەم هەنگاو دەنێ، دەچێتە نێو ئەو شەرەی کە بەهۆیەوە باڵا ترین پێگەی لێ وەدەست دێنێ، ئەمە بەدیدی هەموو دونیا.

+ + +

ئەوەندەی نەبرد رووداوەکانی١٩٤١-١٩٤٢گۆڕانکاری دیاری لەسەر کۆمەڵگای روسی دروستکرد. گەلێك جار ستالین دەیوت : جەنگ سۆڤیەتی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت، پاساوی حاشا هەڵنەگری بۆ راست و دروستی بیرو باوەرەکان نیشاندا. راستە رژێمی سۆڤیەت لەبەردەم ئەم تاقیکردنەوە سەختە بە شێوەیەك خۆی راگرت کە نەك هەر دوژمنانی بەڵکو دۆستانیشی لەو بڕوایەدا نەبوون. قەیران بۆ یەکریزی

فاكتەرێکی باش بوو، راستە ئەگەر بڵێین جەنگ کودەتایەکی بەسەر داهاتەکانی هزریدا هێنا، ئەو هزرەی لە سیەکانەوە بنەماکانی داڕێژرابوو.
ستالین دواتر ناچار دەبێ هەندێك چاکسازی و گۆڕانکاری سیاسی ئەنجام بدا، ( هەندێکیان بە ئاشکەرا و هەندێکیشیان بە نهێنی) .

ورەی میلەت لە دوو بۆنەدا بە تەواوەتی دابەزیبوو: لە کاتی شەڕی مۆسکۆ و لەکاتی شەڕی ستالینگراد. دیارە ئاساییە هەندێك تەگەرەی مەترسیدار دێنە پێش وەکو رەوتێکەوتن و راکردن لە ریزەکانی سوپا لەم کاتانە روودەدرێن، بەڵام تەگەرە و رێگریەکانی تر وەکو هاوکاری لەگەڵ دوژمنان بەتایبەتی ئوکرانیا و قەوقاس، دەرهاوێشتەی رق و کینەی کەلەکەبوی ساڵەکانی سیەکانە، بۆیە ستالین درکی بەوە کرد کە ولات پێویستی بە ئاشتەواییەکی ناوەخۆ هەیە، ئەوەی رێخۆشکەر دەبێ لەبەردەم ئەم پرۆسە، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا بوو کە پێویست بکا سازشی لەگەڵدا بکا ، ئەو توانیی سەرجەم رکابەرە سیاسیەکانی لەناو بەرێ، ئەوەی پێویست بوو بۆ لەناو بردن حالەتەی نارەزایی و بێزاری گەل بوو، ئێستا ناتوانین پانتایی ئەو نارەزاتیە دیاری بکەین، هەروەها نابێ وا مەزندە بکەین زۆرینەی گەل دژی حکومە بوو، ئەگەر وابێ گوێمان لە هیچ بانگەوازێکی نیشتمانی نەدەبوو هیچ نارەزایی و دژایەتیەکیش نەبوونە مایەی روخانی سیاسیانەی روسیا، ئەو روخانەی کە هیتلێەر گرەوی لەسەر دەکرد، گۆڕانکاریە مەزنەکەی دوای جەنگ روویدا ئەو یەکگرتنەیان بوو کە وێڕای تاریکی دەور بەری یەکیان گرت، چونکە زۆرینەی میلەت هەستی بەو پێویستیە دەکرد کە لە پێناو پاراستنی ولات بەرگری و یەکریزیان پێویستە، بە مسۆگەری تەنها کەمینەیەکی زۆر کەم بێزار مابونەوە، چونکە پانتایی راپەڕینەکانی بەر لە جەنگ زۆر بوو بۆیە دەتوانین بلێین ئەم کەمینە زۆر کەم بوو. لە نێوان کەسە رازیەکان و کەسە بێزارەکان کەسانی رارا و دودڵ هەبوون، ئەگەر وڵات توشی شسکست بوایە ئەم توێژە دەبونە توێژێکی بێزار و ئۆپۆزسیۆن، رای گشتیی گەل پەرش و بڵا وبۆوە هەندێکیان بەلای راست و هەندێکیان بەلای چەپدا وەردەگەران، بەو هۆیەوە هاوکێشەی سیاسی تێك چووبوو، بۆیە دەبوایە حکومەت هەموو هەولەکانی لەپێناو راگرتنی ئەو بەلانسەدا خەرجکا، بەبێ راگرتنی ئەو بەلانسە چاوەڕوان نەدەکرا داخوازیەکانی حکومەت جێبەجێ بکرێن. ئەو دۆخەش نەدەخولقێندرا کە بۆ سەرکەوتن سۆزی میلەت بزوێندرێ و خەلکەکە جۆش بدرێ.
بەر لە جەنگ دەزگای پرۆپاگەندەی حزبی بە بەردەوام باسیان لە چیرۆکی ناکۆکیەکانی ناوەخۆی حزب دەکرد. مۆلەتیان بە یەك چرکە نەدەدا بێ ئەوەی باس لە شەرانگێزی ترۆتسکی و بۆخارین و لادەرانی تر نەکەنەوە، بواری ئەوەشیان بە میلەت نەدەدا لە بیرکردنەوەی دوژمنانیان دوور کەونەوە، بەڵام لە کاتی جەنگ حزب لەم کارانە دوور دەکەوێتەوە. لە بەرانبەر پیلانەکانی هیتلەر وەکو ئەوەی هەموو پیلانەکانی تر لەبیر چوبنەوە، ئەوەتا پاشماوەی ئۆپۆزسیۆن لە زیندان و شوێنە دورخراوەکانیان بە هەستێکی نەتەوایەتی بەرگری لە هەلوێستەکان دەکەن و خۆیان بە بەرپرس دەزانن لە بەرانبەر ئەو بەرگریانە، بەو هۆیەوە لە زیندان ئازاد دەکرێن و بەرپرسیارێتی نیشتمانیان پێ دەسپێرن لایەنگرانی توخاچیفسکی دوای ئازاد کردنیان دەیانگێرنەوە سەرپۆستە سەربازیەکانیان، دەگێڕنەوە دەڵێن: روکوسوفسکیی بە رەگەز پۆلۆنی کۆمۆنیست و

پاڵەوانی شەڕەکانی ستالینگراد یەکێك بوو لە ئەفسەرانی پەیوەندی لە نێوان کومنترن و توخاچیفسکی، هەروەها پرۆفیسۆر رازین ئازاد دەکرێ و بە بالاترین مەدالیا لە پای کارەکانی خەلات دەکرێ، ئەو سەرکردەی پارتی پیشەسازکاران بوو کە لە سیەکان بە تاوانی پەیوەندی بە بێگانەوە تۆمەتبار کرابوو، پرۆفیسۆر ئوستریانو کە بانگەوازی بۆ گۆڕینی سۆڤیەت دەکرد بۆ کۆمارێکی بورژوای نیشتمانی وەکو ئەستێرەیەکی دیار لە بەشداریکردنی رۆژنامەکانی مۆسکۆ وەدەر دەکەوێ، ئەمە دیارترین سیماکانی ئاشتەوایی ناوەخۆن، چونکە ئەم گۆڕانکاریانە پشتیان بە هیچ بڕیارێك نەبەست بۆیە ئێمە ناتوانین ئاراستەی ئەو گۆڕانکاریە دیار کەین، گۆڕانکاریەکان پشتیان بە دەستپێشخەریەکانی ستالینەوە بەستبوو، هەرچەندە ماناکەی لەو کەسانەوە دیار بوو کە پرۆسەکە گرتبونیەوە بەڵام هیچ پابەندیەکی پێوە نەبەسترابۆوە بۆیە ماناکەی لای ئەوان روون و ئاشکەرا بوو.

+++

مەزنترین گۆڕانکاریی ئەو سەردەم بریتی بوو لەو هەستە نەتەوایەتیەی کە بۆ ماوەیەکی کەم دژی هەستی بۆلشەڤیك بوو، هەستی نەتەوایەتی بە خۆرسك سەر هەڵدەدا، ئەو هەواڵانەی لەو شوێنانەوە دەهاتن کە هیتلەر داگیری کردون لە ئازار دانی خەلك و زاڵ کردنی رەگەزی ئاری بەسەر رەگەزی سلاڤی بوونە مایەی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی دژی ئەو رەفتارە نازیستیانە، لەم میانە و بەو هۆیەوە هەستی دابڕان و گۆشەگیری نەتەوایەتی لە نێو ریزەکانیاندا پەرە دەستێنێ بەتایبەتی کە هاوپەیمانان لە پرۆسەی هێرشی سەر رۆژئاوای ئەوروپا دوا دەکەون، نوسەر و شاعیران ئەم هەستەیان بە بەرهەمەکانیان دەردەبرین. ئەوکات روسیا خۆی بە هاوشێوەی (خواوەندی ئەتلەس دەبینی، کە هەموو ئازارەکانی دونیای لێ بارکراوە) بە گوتەی تولستۆی، ستالین ویستی سود لەم مەیلە سیاسیە وەرگرێ، کاری لەسەر دروست کردنی هەستی نەتەوایەتیی دەستکرد دەکرد. بەر لە کەمێك گوێمان لێی بوو کە گیانی کوتوزوف و سوفوروف و مینین و بوجارسکی لە مانگەکانی بەرایی جەنگ زیندو دەکاتەوە. بەو هۆیەوە هەزاران لە لایەنگرانی ئەو هەستەیان رادەگرت و رابردوی روسیایان بە خواوەند دە شوبهاند. دواتر ستالین ولاتی بە زنجیرەیەك لە مەروسوم نامە و بڕیاری دژە چاکسازی سەرقال کرد، هەمویان لە پێناو رازاندنەوەی ئەم هەستە نوێیەدا بوون. میلەت پێویستی بە شتێك بوو گەر هزر بێ یا دروشم، بۆ ئەوەی گیانی پاڵەوانێتیان بپارێزێ و کار لەسەر نەستیان بکا.

لە کاتی شەڕەکانی ناوەخۆ هزری نێونەتەوەیی سۆسیالیزم و شۆڕشی جیهانی ببوە بزوێنەری سوپای سوور، دوای ئەوە بۆلشەڤیەکان پێیان وابوو ئەگەر هێرش بکرێتە سەر روسیا نەك دەبێتە شەڕی نێوان نەتەوەکان بەلکو دەبێتە شەڕی چینەکان لە نێو هەموو میلەتاندا، بەڵام ئەم بیرکردنەوە ئینترناسیۆنالستیە ئەوەندە

نابا دەروخێ و لەبەین دەچێ . بە دیدی ستالین هاوپەیمانی نێوان روسیا و ئەوروپا دەبێتە رێگر لەبەردەم ژیانەوەی ئینترناسیۆنالستیی شۆرشگێرە کۆنەکە، بەرز کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەسەر حسابی ئینترناسیۆنالستیی شۆرشگێر دیارە ئەم هزرە لە نێو ریزەکانی سوپا گەشە دەکا.

لە راستیشدا مەزنترین گۆڕانکاری لە ئەنجامی ئەم هزرە لە نێو سوپا رودەدرێ، هەموو داب و نەریتە کۆنەکانی نێو سوپا کە پێشتر هەبوون وەکو میراتی شۆرش مابونەوە هەمویان هەلوەشێندرانەوە، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٢ ، واتە لە گەرمەی شەرەکانی ستالینگراد، مەرسومنامەیەك دەردەکرێ تیایدا هەموو دەسەڵاتەکانی کۆمیسارە سیاسیەکان هەلدەوەشێندرێنەوە و دەخرێنە ژێر فەرماندە سیاسیەکان، لە کاتێکا ئەمان بەناوی حزبەوە چاودێری ئەفسەرانیان دەکرد، بەڵام ئاماژەکانی سیاسی کەمتر نەبوون لە ئاماژەکانی سەربازی، بۆ ئەم کردە هەندێك پاساو هەبوون، دەبێتە مایەی یەکخستنی فەرماندەیی سوپا و رۆلی ئەفسەرانیش بەرزتر دەکا. خۆی ئەمە ئاماژەیەك بوو بە گەرانەوە بۆ نەریتەکانی سەربازیی بەر لە شۆرش، لە تشرینی دووەمی ١٩٤٢لە لێدوانی لەسەر یەکێك لە مەرسومنامەکانی تایبەت بە ( ململانێی سۆسیالیستی) لە نێو سوپا، لە براڤدا دەنوسرێ، دەڵێ، بەهیچ شێوەیەك سەربازەکان لەسەریان نیە پابەندی ئەرکە سۆسیالیزمیەکان بن، ئەرکی ئەوان تەنها بەرگری کردنە لە نیشتمان هەروەکو ئەوانی پیشتریان جێبەجێیان دەکرد و ئەنجامیان دەدا، ئەو سیستەمەی بەنمونە بەبیر سەربازەکان دەهێنایەوە کە پترسبورگی مەزن داینابوو.

یەکە و تیپە سەربازیەکانی پاسەوانی دووبارە پێکهێنایەوە، هەموو ئەوانەی لە سەردەمی قەیسەر هەبوون بەبیری هێنانەوە... هەروەها ریزو حورمەتی بۆ ئەو میدالیانە گەراندەوە کە هەڵگری ناوی سوفوروف و کوتوزوف بوون، تیپی قەوقاسی بە هەمو شکۆمەکندیەکەوە بوژاندەوە کە سومبولی ناشیرنی چەوساندنەوەی قەیسەر بوو، دواجار بە بۆنەی یادی بیست و پێنجەمینی شۆرش، ئەو دروشمانەی کە پێشتر لەسەردەمی بۆلشەڤی لەسەر جلی سەربازی وەلانرابوون گوایە نیشانەی پاشماوەی رژێمی کۆنەپەرستی لەناوچوون، دووبارە گەراندیانەوە بۆ سەرجلە سەربازیەکان، سڵاوی سەربازیش بوو بە ئەرکیکی بەزۆر و چاودێریەکی توندیشیان خستە سەری، یانە و شوێنی تایبەتیی شیاویان بۆ ئەفسەران کردەوە. ستالین لە دوای شەرەکانی ستالینگراد لە ئاداری ١٩٤٣ پلەی مارشالی بەخۆی دا. وەکو یەکەم پلەی ئەفسەریی دەبێ لە تەمەنی شەست و چواریدا وەریدەگرێ، ئەم ئیمتیازانەی بۆ ئەفسەرەکان جێگیر کرد وەکو دەستکەوت و پێبەخشین بەهۆی ئەوەی لێیانەوە نزیکە.

ستالین ئەفسەرانی بە پلە و مەدالیا گولباران کرد، تەنها لە مانگی کانونی یەکەم ٣٦٠ ئەفسەری بۆ پلەی کۆلۆنێل بەرز کردەوە، لە هەفتەی دواتر رۆژنامەکان لاپەرەکانیان بە ناوی پلە بەرزکراوەکان ریزیان لێگیرا. داری مارشالیی دایە دەست درەوشاوەترین ئەفسەر، بەم شێوە دەیویست ئەوە بسەلمێنێ کە ئەو لەگەل ئەواندا تەبا و گونجاوە.

حەزو ویستە کۆنەکەی نەتەوایەتی لە سنورەکانی سوپای تێپەر کرد، کەوتە نێو دانیشتنی توێژە سیاسیەکانیش، ستالین هەولیدا بە دەستکرد زۆر لەخۆی بکا تا لەم رەوتە تێوەگلێ، بەڵام وا پێدەچوو تا

ئەوکات ئاسەوارەکانی بۆلشەڤی بەسەریەوە مابوون و کاریگەریان لەسەری هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بە شێوازی تایبەتی خۆی پشتگیری لەو ڕەوتە دەکرد کە بریتی بوو لە پشتگیری کردن بە ئاماژە نەك بە لێدوان. لە کاتی شەڕی مۆسکۆ ئەم تێبینیانەی لەسەر سۆسیالیستی نیشتمانی دەرکرد:

( ئایا دەکرێ بلێین هیتلەریزم خواستێکی نیشتمانی بووە؟ ئەلبەت نەخێر ناتوانین وا بڵێین. لە ڕاستیدا هیتلەریزم نەتەوایەتی نەبوو خواستێکی داگیرکاری و ئیمپریالیستی بوو، بەقەدەر ئەوەی کە هیتلەر کار بۆ گێڕانەوەی خاکەکانی ئەڵمانیا دەکا دەتوانین بە نیشتمان پەروەری بزانین، بەڵام کاتێك خاکی ولاتانی نا ئەڵمانی داگیر دەکا ئەم خەسلەتەی لێ دەسەندرێتەوە، مایەی سەرسوڕمانە ستالین بەم شێوە قسە بکا، چونکە بۆلشەڤیەکان کە ستالین یەکێك بووە لێیان هیچ کاتێك دودڵ نەبوونە لە ناونانی دوژمنەکانیان بە نەتەوەپەرست، ئەم خەسلەت و نازناوە لای لینین ناوێکی برینداار کەر بووە کەچی ستالین بۆ پیاهەڵدان بەکاری دێنێ، کاتێك ئەم نازناوە بە شایستەی هیتلەر نازانێ پێی وایە وەکو بریندار کردن وایە، وەکو ئەوەی بلێ (ئێمە نەتەوەپەرستین نەك ئەوان)، بانگخوازانی لە ژێر ئاماژەکانی کاریان دەکرد بەڵام خۆی لە نێوان ئەملاو ئەولا ڕارا و دودڵ بوو (لەنێوان پاشماوەکانی هزری سۆسیالیزمی نەتەوایەتی و هەستە نوێکەی نەتەوایەتی) بۆیە لە یەکێك لە بۆنەکان وا دەڵێ: (ئەگەر ئەڵمانەکان شەڕی لەناوبردنمان لەگەڵ دەکەن با بیکەن، ئەوا لە ئێستاوە کار و فەرمانی ئێمە دەبێتە لەناو بردنی هەر ئەڵمانیەك کە بیەوێ پا بنێتە سەر خاکمان.) دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هیتلەر ئەم لیدوانەی ستالینیان لە قازانجی خۆیان بەکار هێنا، بە سەربازەکانی ڕادەگەیاندن کە سوپای سوور لە هیچ دیلێك خۆش نابێ و لەناوی دەبا بۆیە شەڕی مان و نەمان و شەڕێکی درندانەیان لەگەڵدا بکەن. ستالین ویستی ئەم لێدوانەی ڕاست کاتەوە گوایە بە هەلە لێکدراوەتەوە ئەمە بۆ ناو زراندنی سوپای سوورە، لە شوێنێکی تر وەکو پاساو و ڕاستکردنەوە دەلێ: (گەمژەییە وا هەست بکرێ هەموو ئەڵمانیەك لایەنگری هیتلەرە، ئەزمونی گەلان ئەوەیان سەلماندوە کە هاوشێوەی هیتلەر دێن و دەڕۆن بەڵام گەلی ئەڵمانی دەمێنێتەوە) دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لە توانایاندا نەبوو ئەم جیاوازیە ڕونکەنەوە، تەنها لە کۆتاییەکانی جەنگ پەنای بۆ دەبەن و بە خەلکی ڕادەگەیەنن، ئەمیش وەکو هاوشێوەکانی لە ولاتانی هاوپەیمان لە کات و ساتی گونجاو بەم ڕونکردنەوە ڕا نەگەیشتن ، چونکە خەلکیان لە دژی سەرجەم گەلی ئەڵمانی هاندەدا نەك دژی نازیەکان بەتەنیا .

هەروەکو دەزاندرێ دوا برگەی هەر فەرمانێك کە لەلایەن ستالینەوە دەردەچێ بەم دەستەواژە کۆتایی دەهات (مردن بۆ ئەڵمانیە داگیرکەرەکان) ئەم دەستەواژە بووە گوتەی سەرزمانی نوسەر و شاعیرەکان ڕۆژانە دەگوترا، هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ نەدەکرا جگە لە ناو بردنی جەستەیی نەبێ. خەسلەتی بەربەریی هیتلەر لە لایەك و نەتەوە پەرستی ستالینیش لەلایەك، هیچ بوارێکیان بۆ پرۆپاگەندەکانی ڕوسی نەهێشتبۆوە تا ڕوو لە بنکەکانی سوپای ئەڵمانی بکا یا لە دەرگای بڕواکانی نازی بدا، یا دەست بکا بە شەڕێکی سیاسی بەلکو مەیدانی ئەم پێکدادانە بەرتەسك دەکاتەوە. خالی بەهێزی بانگخوازی نەتەوایەتی ئەوە دەبێ کە سەربازی ڕوسی بێ دودڵی ئەو شەرە دەکا و بە هەموو

توانایەکیەوە بەرگری لە خاك دەكا، بەڵام خالە لاوازەکە بریتی بوو لەو بانگخوازیە نەتەوایەتیە کە روسیا بەرەو سەرکەوتن نابا تا زیانێکی مەزن نەدا. ئێستاش بۆ ئێمە کارێکی سەختە بزانین کامیان باوترە: لە بێ بەختی سەرکردەکانی روسیایە تا قوربانیەکی زۆر نەدەن ئەم سەرکەوتنە بەدەست ناهێنن یا لە بەختی باشی روسیادایە خاوەنی ئەم سەرکردە بەهێزانەن روسیایان خستۆتە نێوان دوو بژاردە، یا درێژەدان بە شەڕ تا سەرکەوتن یا خۆرادەست کردن، دوای قوربانیەکی زۆر سەرکەوتن بەدەست دێنن.

لە ٤ی ئەیلولی ١٩٤٣ ستالین دونیا سەرسام دەکا بە رێگەدان بە کەلیسای ئەرسەدۆکسی پاش ئەوەی بە بیانوی ئەوەی پەیوەندیی بە رژێمی لەناو چوەوە هەیە لەسەرەتای شۆڕشی بۆلشەڤیەوە قەدەغەکرابوو. ستالین پێشوازیی لە میتۆپۆلیتی سیرجیوت ی سەرۆکی کارای کەلیسە کرد، دوای دانیشتنێکی خۆشگوزەر بڕیار لەسەر کردنەوەی کۆمەلگەی کەلیسەی ئەرسەدۆکس دەدا، پاساوی بۆ ئەم هەنگاوەی ئەوەبوو گوایە کەلیساکە بەشداریی لە هەوڵ و چالاکیەکانی جەنگ دەکا ئەمەش دلسۆزیان بۆ نیشتمان دەسەلمێنێ. گومان لەمەدا نیە بەڵام گومان لەمەشدا نیە کە گەلێك لە قەشە و پیاوە ئاینیەکانی ئەم کەلیسایە هاوکاری ئەلمانیەکانیان دەکرد، ئاساییە ئەم بڕیارە کار لەسەر هەستی نەتەوایەتی کۆمەلگای روسیا دەکا بەتایبەتی کە کۆمەلگایەکی جوتیاریە، بۆ نەهێشتنی جیاکاریەکانی نێوان کۆمەلگا دەبوایە ئەم هەنگاوە بهاویشترێ. جگە لەمە ستالین بە شێوەیەکی تر بیری دەکردەوە، سوپای سوور لەو هاوین بەشێکی زۆری لە ئوکرانیا رزگار کردبوو، چاوی لەو کاتانە بوو کە سوپاکەی سنورەکان دەبەزێنی و بۆلای بەلکان هەنگاو دەنێ، لەو شوێنانە ئاینی رۆژهەلاتی باوە، دیارە بەخۆی وتوە کە ئالوگۆری ئەو شوێنانە لە رێگەدان بە کەلیسای ئەرسەدۆکس پێ باشتر بوە، قەیسەرەکان ئەم کەلیسەیان بۆ مەرامەکانی سیاسیی خۆیان بەکار هێنابوو، ئەوەتا ستالینیش هەمان هەنگاوی هەلپەرستی دەنێ، سەیر نیە چونکە ستالینیش خوێندکاری کۆلێژی ئاینی بوە بۆیە لە ژێر هەمان کاریگەری هەنگاو دەنێ، ئەم گەرانەوە نیمچە ساختە و نیمچە راستیەی کەلیسای ئەرسەدۆکسی هەلکەوتێکی مێژوویە کە شایەستەی مێژوو نوسانی رۆمەنتیکیە.

بەڵام رێگەدان بە کەلیسایەك کە ماوەیەکی زۆر بەسەر هەلوەشاندنەوەی کۆمنترندا تێدەپەرێ، ئەمە مانایەکی تایبەتیی هەیە لە ماناکەی یەکەمی مەزنترە، هەردوو رێکارەکە هاوئاوازن ستالین ویستی بەم هەنگاوەی جەخت لەسەر ئەم ئاوازە بکاتەوە، بۆیە بڕیار دەدا سرودی ئینترناسیۆنالستی هەلوەشێنێتەوە، سرودی بزوتنەوەی کرێکاری کە یەکێك لە شاعیرەکانی گەلەریی پاریس دایانابوو، بوە سرودی نیشتمانی یەکێتی سۆڤیەت، لە شوێن ئەو سرودێکیتر دادەنرێ کە مەودای نیشتمانپەروەریی زیاتر پێ دەدرێ.

ستالین زۆر بە تەواوی لەگەڵ ئەو رەوتە گونجابوو کاتێك ژیاندنەوەی بزوتنەوەی کەلتوری سلاڤی لەخۆ دەگرێ، ئارەزوی ژیانەوەی کەلتوری سلاڤی بەر لە شۆڕش بە بەشیکی سەرەکی لە روسیا دادەنرا، ئەم خواستە کرابوە ئامرازێکی دبلۆماتی لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هابسبورگ بەکار دەهێندرا. بە جەختکردن و پێداگری لە یەکێتی رەگەزی سلاڤی و بەستانەوەی لایەنگرانی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە لە بولگاری و سربی و سلۆڤینی و چیکیەکان بە روسیاوە. یەکێکیتر لە خەسلەتەکانی ژیاندنەوەی کەلتوری سلاڤی خەسلەتی شۆرشگێریی بوو کە بانگخوازیی بۆ یەکێتی جوتیارانی سلاڤی دەکرد لە دژی ئوتوکراتیی

دەرەبەگ و سەرمایەدارانی ڕۆژئاوا.
بانگخوازانی مارکسیزم بە بۆلشەڤیەکانیشەوە، خواستی ژیانەوەی کەلتوری سلاڤیان بەم شێوەی کە هەیە ڕەت کردەوە، چونکە هەلگری دوو خەسلەت ی کۆن بوو، ئامرازێك بوو بەدەست دبلۆماسیەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرژەوەندیەکی شۆرشگێری دیار بۆ سەرجەم سلاڤیەکان.
هەرچەندە ستالین بانگخوازە لاسایی کەرەوە نوێکەی لە خۆ دەگرت بەڵام نەیدەتوانی جیاوازیەکانی نێوان هەردوو بانگەوازەکە پشت گوێ بخا: یەکێکیان چاوی لە روسیا کۆنەکەی سەردەمی قەیسەربوو، ئەویتریان ئیلهامی لە لینین وەردەگرت. لێرە بەتەواوەتی بۆی دەرکەوت کە ناتوانێ خۆی بە یەکێکیان ببەستێتەوە، ئەو ماوەیەك بوو کەنارەکانی روسیای لینینی جێهێشتبوو نەیدەتوانی لە کەنارەکانی روسیای دایک لەنگەر بگرێ، بۆیە لەم بەینە دێ و دەچێ.
ئەلبەت رانەگەیەندرائەگەر ناکۆکی لە نێوان ئەم دوو بانگەوازە دروست بێ، رژێمی حوکمران دەبێ بێلایەن بوەستێ، چونکە ئەو لەسەر رێبازی ئایدیۆلۆژیا رەفتار دەکا. دواتر ناتوانین ئەندامانی بیرۆی سیاسی دەست نیشان کەین ئاخۆ لەسەر ئەم رێبازەن یا ئەویتر، ئەگەر ناکۆکیەك لە نێوان ئەندامانی بیرۆی سیاسی روویدا هەرچەندە ئێمە ئەوەندەی لێ نازانین، ئەوکات هەردووك لایەن لەسەر بنەمای هزر و هەستی گەل و ستالین دەژێن، هەردووك حزب : حزبی شۆرش و حزبی کۆنە نەریت. هەردووك حزب لە بوونی خۆیان کەم بە ئاگان ئەگەر خوێنەر لە گوتارەکانی ستالین لە ماوەی جەنگ ورد بێتەوە ، لە میانەی هەلبەزو دابەزەکانی دەتوانێ هەست بەو گۆڕانکاریانە بکا کە لە وتارەکانیدا روویان داوە، جارێك ئەم حزبە بەسەر ئەو حزبدا سەردەکەوێ و جارێك یەکسان دەبن، لە هەلس و کەوتەکانی ستالین لە کاتی ئاهەنگی یادی شۆرش لە ۱۹٤۳ دوفاقیی بە روونی پێوە دیار بوو.
ستالین مەدالیای سوفوروف دەبەستێ، دواتر لە مۆسکۆ دەردەکەوێ کە گوتارێك لە ئاهەنگێکی ئاسایی دەدات، بەڵام بۆ یەکەمین جار بە جلی سەربازی و بە پلەی کۆلۆنێل دەردەکەوێ. شان و سنگی بە مەدالیا و هێماکانی سەرکەوتن دەرازێندرێتەوە، دواتر بە تەقاندنی تۆپ و ئاگری یاری لە دەرەوەی ئاهەنگەکە هەواڵی رزگار کردنی کیف بڵاو دەکرێتەوە. وەکو بەرجەستە کردنی روسیای کۆن لەبەر دەم سۆڤیەتەکان دەوەستێ: روسیای سوفوروف و کوتوزوف، بەڵام لە گوتارەکەی ستایشی روسیای ئیمپراتۆریەت نەکرد، لە جیات ئەو گەرایەوە بۆ ئامۆژگاری و راسپاردەکانی لینین و بە درێژی باسی لە دەستکەوتەکانی شۆرش و بینای سۆسیالیزم کرد . وەکو ئەوەی بیەوێ سنورێك بۆ ئەو سەنا و مەزنکردنەی رۆڵی سوپا دابنێ کە ماوەی چەند مانگێك بوو بەرەو هەلکشان دەچوو. لەم روانگەوە دەڵێ:

( حزبی لینین لە سەردەمی ئاشتی هەروەکو لە سەردەمی جەنگ، ئەو هێزەیە هەر ئەو هێزەش دەمێنێ کە رابەرایەتی گەل دەکا و رێگایان بۆ روناك دەکاتەوە).

+ + +

هەروەکو هەلسوکەوتەکانی ئاماژە دەدەن دۆخەکانیش بەهەمان شێوە مەبەستیەتی ئەو ناکۆکیە شاراوەی نێوان حزب و سوپا کاڵ کاتەوە. بۆ ئەم کارەی پاساو هەن، سۆزی نەتەوایەتی لای سوپا کۆکرابۆوە، دەستی بەسەر پیرۆزمەندیەکاندا گرتبوو زاڵ بوو بەسەر حزبدا، ئەم دوو دەزگایە دوو لایەنی دژ بەیەك نەبوون لە پەناوە پیلان بۆ یەکتر بهوننەوە، یا ململانێ لەسەر دەسەڵات بکەن، پەیوەندیەکانی نێوانیان زۆر لەوە مەزنتر بوو، زۆربەی ئەفسەرەکان پەیوەندیان بە حزبەوە هەبوو ئەوان درکیان بە زیانی ئەم جۆرە ناکۆکیانە دەکرد بۆیە رێگەیان بۆ خۆش نەدەکرد، دواتر مەترسیەکانی دەرەکی ببونە مایەی یەکخستنیان. بەڵام لە کاتەکانی ئاشتی ئەم دەرفەتەیان دەقۆستەوە، چونکە حزب بەسەر هەموو رێکخراوەکاندا زاڵ بوو، جەنگ ئەم دەسەڵاتەی کەم کردبۆوە.

سەردەمانێك هیتلەر لە جەنەراڵەکانی بێزار ببوو لەگەڵیان کەوتبوە ناکۆکی، لای یەکێك لە هاورێیانی ئەم نهێنیەی درکاندبوو وتبوی:

من غیرە بە ستالین دەبەن چۆن توانیی لە رکابەرەکانی رزگار بێ و لەناویان بەرێ. لە راستیشدا پێشبینیەکەی بوهیمی سەبارەت بەم بابەتە وەکو پێشبینیە کانیتری بوو لەسەر روسیا هەمووی هەڵە بوون، دەبێ بیری لە رووداوی لەناو بردنی توخاچیفسکی و هاوەڵانی کردبێتەوە. کە دوای سێ ساڵ لە ناکۆکی لە نێوان هیتلەر و شلایخەر هاوکات بوو لەگەڵ ئەو رووداوە.

لە راستیدا دەستەیەك لە ئەفسەرانی سوپای سوور تاقە دەزگایەك بوون کە ستالین لە فشاری توتالیتاریی بوردبوون. ئەمە مانای ئەوە نیە دەستی بەسەر سوپادا نەشکێ، نەخێر مەبەستی نەبوو لە نزیکەوە خۆی لە کێشە و پلانەکانی حزب و دەولەت تێوەگلێنێ. مانی ئەو ئەفسەرانەی دەدا کە حزبی نەبوون بەلام ناوە ناوە پشتگیری خۆیان بۆ حزب نیشاندابا، ئەو ئەفسەرەی کاتی خۆی لایەنگری گروپێکی ئۆپۆزسیۆن بوە و ئێستا لە ریز سوپایە، داوای پەشیماننامەی لێیان نەدەکرد بۆئەوەی ئەویش هاوشێوەی هەر کەسێکی سڤیلی لەو ماکە رەشە دەرچێ کە بەهۆیەوە پێیەوە نوساوە،

هونەری سەربازی تاقە بوارێك بوو کە ستالین لە روی سیاسیەوە بایەخی پێ نەدەدا، دیالەکتیکە ساختەکەی بەسەریاندا نەدەسەپاند، تا ساڵی ١٩٣٧ دەستی توخاچیفسکیی لە بوارەکانی کاروباری دەستەواژەی ستراتیژی و تەکتیکیی سەربازیی واڵاکردبوو، بەم هۆیەوە نوخبەیەك لە ئەفسەران لەو چوارچیوە هزریانە دەرباز دەبن کە سڤیلەکان بەهۆیەوە زیندانی دەکران.

راستە کردەکانی لەناوبردنی ساڵی ١٩٣٧ دۆخی ئەم نوخبەی تێکدا، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوکات هیچ یەکێك لەو سەرکردانەی بەو تۆمەتەوە تاوانبار کرابون، ناچار نەکرد دان بەهەلەکانیان بنێن و پەشیمانی خۆیان راگەیەنن، هەمویان وەکو پیاو رووبەڕووی جەلاد و دادوەرەکانیان بوونەوە، ئەم رووداوەش نیشانەی ئەوەیە ئەم نوخبە ئەفسەرە هەلگری بیرکردنەوەیەکی تایبەتی خۆیان بوون لەو دۆخە ستەمکاریەی ئەوکات، ئەمەش حالەتێکی کەم وێنەیە.

لەبەر ئەم هۆیانە لە قۆناغی یەکەمی جەنگ، سوپا زیانی مەزنی پێدەکەوێ ، لە ئەنجامی پرۆسەی لەناو بردن سەرکردەکانی سوپا بڕوایان بەخۆیان نامێنێ، بەڵام ستالین زانیی چۆن سود لەم رووداوە وەردەگرێ، ئەو کۆلۆنێلەکانی ئازاد کرد بۆ دەربڕینی راو بۆچونەکانیان، ترسی لەسەر هەلگرتن، بە جۆرێك سەرفگراز بوون خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن، ترسیان لە تورەبونی سەرۆکیان نەبوو وەکو ئەو ترسەی کۆلۆنێلەکانی ئەلمانی لە هیتلەر هەیانبوو. ئەگەر یەکێك لە ئەفسەرانی بەهۆ ترسنۆکی یا هەلەیەکیتر سزای بدابونایە سزایەکی قورسی دەدان، ئەگەر توانای هەلسانەوەیان نەبووایە لەکاری دوردەخستنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەمانە لە کەسانی وەکو فوروشیلوف و بودینییش رووی بدابا، لە بەرانبەریشدا ئەوکەسانەی پاداشت دەکردن کە خاوەنی داهێنان بوونایە. ئەفسەرە کۆلۆنێلەکانی هیتلەر لەم شێوازەی ستالین زۆر رازی بوون زیاتر لە هیتلەر، بەو هۆیەوەدەگوترێ ( سوپای سۆڤیەتی پریەتی لە ئەفسەری بەتوانا و سەلماندویانە کەسانی بەتوانان بەهۆی ئەوەی سەرفراز کراون خۆیان بە ئەقلی خۆیان رەفتار بکەن و بێ ترس هەلس و کەوت بکەن).

+ + +

ئەوە لەبیر نەکەین ستالینیش هەروەکو هیتلەر دوا بڕیاری سەربازی و سیاسیی لە پرسە گرنگ و وردەکان هی خۆی بوو.، بەلکو یەکێك بپرسێ: ( چۆن لە نێوان ئەو تاکرەویەی ستالین لە وەرگرتنی بڕیارەکان و دەستکراوەیی ئەفسەرەکان لە رەفتار کردن بە بیرکردنەوە و بڕیاری خۆیان دەگونجێندران؟) لە راستیدا ئەو بڕیارەکانی خۆی بە شێوەیەك دەدا کە کۆلۆنێلەکانی دەست بەستو نەدەکرد بەلکو هانی دەدان بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانیان، بەڵام هیتلەر پشتی بە بڕیارەکانی پێشوەختی خۆی دەبەست و بەسەریانیدا دەسەپاند، جا ئەم بڕیارە سەرچاوەی هزرو بیرکردنەوە بوبێ یا حەزو ئارەزو. هەولی دەدا بەسەرئەفسەرانی بەنمونە براوخیچ و هالدر و روندستدت دا بسەپێنێ، هەرچەندە ئەو ئارەزومەندێکی سەرەتایی بوو بەڵام لە پرسە ستارتیژیەکان هەراسان دەبوو دلی توند دەبوو کاتێك یەکێك لە ئەفسەرانی لە پلانێکی چالاکانە بەشداریی لەگەلدا ناکا.
لەم رووەوە ستالین لەگل ئەو جیاواز بوو، ئەو هیچ بیرۆکە و پلانی تایبەتی خۆی نەبوون بەسەریاندا بسەپێنێ، دواتر هیچ پلان و نەخشەیەکیشی لە کۆلۆنێلەکانەوە بۆ نەدەهاتن رێگەی بیرکردنەوەی پێ تەنگ کەن، بەکورتی ئەو بۆچون و زانیاریە سەربازی و ئابوری و سیاسیانەی کە هەیبون دەیخستنە بەردەستیان، دواتر بواری بە کۆلۆنێلەکانی دەدا بڕیاری لەسەر وەرگرن، وا پێدەچوو پەیوەندیەکانی لەگەل کۆلۆنێلەکانی بە هاوسەنگی دەبرد بەڕێوە، ئەگەر کێشەیەك لە نێوانیاندا روویدابا، بۆچونی سەرجەمیانی وەردەگرت ئەوانەی پەیوەستن بەم بابەتە، بەر لەوەی خۆی بڕیار لەسەر پرسەکە بدا بۆچونە وردەکانی بە باری گشتی دەبەستەوە ئینجا رای خۆی دەدا، بۆیە بڕیارەکانی بۆ کۆلۆنێلەکان مایەی شۆك نەبوون، ئەو بەهۆی ئەم

ڕەفتارەی توانیی لە بیستەکان بگاتە پۆستی بیرۆی سیاسیی حزب، کە لە تێکەڵاو کردنی ڕاو بۆچونە گشتیەکان ڕای خۆی لێ دەمەڵێنج، ئەمە شێوازێکی سەرکەوتوو بووە بۆی. بۆیە سەیر نیە ئەگەر کۆڵۆنێلەکانی دلسۆزبن بۆی.

لێرەدا ستالین و هیتلەر لە دوسەری لەیەك دوورن، بیرکردنەوەکانی ستالین ڕێگر نین لەبەردەم داهێنانە ستارتیژیەکان، ڕەفتارە کانیشی بوار بۆ فەرماندە سەربازیەکان دێلێتەوە داهێنان لە پیشەکەیاندا بکەن، بۆیە پەیوەندیی نێوان ستالین و ئەفسەرانی جیایە لەگەڵ هیتلەر و ئەفسەرانی.

ئەمە مانای ئەوە نیە ستالین وەکو باقی ئەفسەرانی هەلس و کەوت دەکا، ئەم زۆرینەی ئەفسەرانە لە دەستکردی خۆی بوون، لە گەرمەی شکستەکانی سوپای روسی ستالین سەرجەم فەرماندەکانی گۆرین، هیچ گوێ بە کۆنی و پلە و پۆست نەدا، ئەوەی لای ئەو گرنگ بوو نواندنی پالەوانێتی بوو لە مەیدانی جەنگ، بۆیە دەبینین زۆربەی ئەفسەرە پلە بەرزەکانی ئەوکات کە پلەیان کۆلۆنێل یا مارشال بوو بەر لە دەستپێکردنی جەنگ پلەی نزمیان هەبوو، ئەم ریزە ئەفسەرەی لە شەڕی مۆسکۆ ئەوکاتە دروست دەبن کاتێك جوکوف و فاسلییفسکی و روکوسوفسکی فۆرۆنۆف لە فەرماندە هەرە پێشەکانی سوپا بوون، ئەم پلە بەرزکردنەوانەش لە کاتی شەڕی ستالینگراد روویان داوەە، ئەوکات ئازایەتی و قارەمانێتی هەندێك لە ئەفسەرانی وەکو ( فاتوتین و ویریمنکو و مالینوفسکی و شۆییکوف و روتمستروف و رودیمستییف)، زۆر لە ژێر ئاستی ئەودابوون، زۆربەی ئەمانە لە تەمەنی سی و چلەکان بوون، ئەوان لە کاری رۆتین را هاتبون بە شێوەیەك توانیبویان وانە قورسەکانی سەربازی بە تەواوەتی وەرگرن تا بوونە سەرکوتکەری دوژمن و بەسەریاندا زاڵ بوون.

ژیانەوەی سوپای روسیی و وەدەست هێنانەوەی مۆرالی بەرزیان و دەزگا سەربازیەکانیان لە درەوشاوەترین سیماکانی سەرکەوتنی سوپای ورسی بوو، چاکەی ئەم گۆڕانکاریە بۆ ستالین دەگەڕێتەوە، ئەستێرەی کۆلۆنێل و مارشالەکان بە شێوەیەك درەوشایەوە کە ململانێیان لەگەڵ ستالیندا دەکرد، پێشتر ئەو زۆر بەسەر رکابەرەکانیدا لە بیرۆی سیاسی زاڵ بوو، ڕای گشتی لەو بروایەدا نەبوو کەسێک بە شایستەی باڵی راستی ستالین بزانێ ، کەسیشیان توانای ئەوەیان نەبوو لەم رووەوە دەنگی زۆرینەی گەل وەدەست بێنێ، ستالین بە تەنیا لەسەر لوتکە جێگیر ببوو، سەرکردەکانی تریش لە نمونەی مولوتوف و کاگانوڤیچ و جدانوف و ئەندراییف پلەیان لەو نزمتر بوو، دۆخێکی نهێنی باڵی بەسەر ژیانی سیاسیدا کێشابوو،بەڵام ئەو دۆخە خەریکی لەناوچون بوو، هەندێك ناوی نوێ بەدەر کەوتن و خەڵك باسی لێوەدەکردن، ئەمان هێزێکی تایبەتیان پێکهێنا ئەگەر نەڵێین دژی ستالین بوون، بەڵام لەگەل ڕەفتارەکانی نەدەهاتنەوە، لە بەشەکانی داهاتوو دەبینین کە بۆلشەڤیەکان لە سەردەمی شۆرشدا چۆن شێواندنی مزری شۆرشی ناپۆلیۆنیان وەکو کابوس بەسەردا ماوەتەوە، هەرچەندە دواتر ستالین بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە مەبەستیەتی ببێتە بۆناپەرتێکی نوێ، بەڵام دەبوایە بە ترسەوە سەیری ئەو داستانە سەربازیە بکا کە لە نێو گەورە ئەفسەرانی باسی لێوە دەکەن.

# بەشی سیانزەهەم

# تەهران - یالتا – پۆتسدام

-دبلۆماتکاریی ستالین لە ١٩٤٣

-پێشەکیەکانی کۆنگرەی تەهران.

-ستالین، چرچل، روزفلت : جیاوازی نێوان کەسایەتیان.

-ناکۆکی لەسەر(بەرەی دووەمی جەنگ.)

-برادەرانی گیان وکاروئامانج.

-دە لێدانەکەی ساڵی١٩٤٤.

-ستالین هەوڵەکانی ئەوروپا رەت دەکاتەوە بۆ میانگیری نێوان روسیا وپۆلۆنیا.

-دیاری کردنی سنوری دەسەڵات (حوزەیران تا تشرینی یەکەمی ١٩٤٤.)

-سیاسەتەکانی ستالین لە ئەوروپای رۆژئاواو ئەوروپای رۆژهەلەت.

-هەلوێستی لە راپەڕینی وارسۆ لە ئابی ١٩٤٤.

-ستالین لە کۆنگرەی یالتا لە شوباتی ١٩٤٥.

-بایەخدانی بە جەنگی زەریای ئارام.

- دوو خواستی سیاسیی.

-١٨١٥،١٩٤٥ :خالی جیاوازولەیەکچوی نێوان ستالین و ئەسکەندەری یەکەم.

-چیرۆکی (دیموکراسیەکانی گەلەری)

-بۆچونی ستالین لەسەربزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئەلمانیا.

-بێ ئومێد بوون لە دەولەتە مەزنەکان لە دابەش کردنی دونیا وەکو ناوچەی ژێر دەسەڵات.

-لە تەموزی ١٩٤٥ ستالین لە بوتسدام.

دوای هێرشی سوپای سوور لە هاوینی ١٩٤٥ کە دوو لەسەرسێی خاکەکانی سۆڤیەتیان گێرایەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، هیچ ئاسەوارێك لەسەر چارەنوسی جەنگ لە مزری ستالیندا نەما، بۆ یەکەم جاریش دەبێ زستان بەشداری لە سەرکەوتنی سەربازیی روسیادا ناکا، سوپای روسیا لە روی ژمارەوە نەگەیشتبوە ئاستی سوپای ئەلمانی تا ئەو گورزە کاریگەرانەی لێ بوەشێنێ. هەروەکو ستالین لە تاران بە روزفلت و چرچلی وت، ئەو شەست تیپی سەربازیی هەبوو بە خێرایی لە بەرەکانی جەنگی دەگواستەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتنیان پێ وەدەست بێنێ، هەرچەندە سوپاکەی لە رووی پرچەکی و جۆری چەکەوە لە سوپای ئەلمانی بەهێزتر نەبوو، لە ١٩٤٢ پیشەسازیی روسیا لە هەناسەدانەوە دابوو، بەشێکی کەمی چەکی وەبەرهەم دێنا، تا ١٩٤٣ نەیتوانی ژمارەیەکی کەم لە تانك و زرێپۆش وفرۆکە دروست بکا کە بەهۆی گواستنەوەی کارگەکانەوە لە رۆژئاواوە بۆ ناوچەی ئورال و دورتریش بگواسێتەوە. دەبوایە ئەو چەك و تەقەمەنیانە ماوەی هەزار تا دوو هەزار میل ببرێ تا دەیانگەیەنێتە بەرەکانی جەنگ، ئەمەش دەبوایە بەرێگا سەختەکاندا بیانبا. ئەم چەکانە تا ١٩٤٤ هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەبووە. ئەوساڵە گەیاندنی چەك و تەقەمەنی لەلایەن هاوپەیمانانی رۆژئاواوە زیادبونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. بۆیە ستالین هەستی بە سەرکەوتن دەکرد. هەر بەم هۆیەوە لێدوانەکانیشی بە بڕوا بەخۆبونێکی تر بوون، توانیی رایبگەیەنێ: ( سوپای سوور، بوو بە بەهێزترین سوپای نوێ)

هەرچەندە ئەو ترسەی لە پەیمانبەستنی تاك لایەنە لە نێوان رۆژئاوا و هیتلەر بە دروستی نە رەویبووەوە، بەڵام بەهۆ ئەو رێککەوتن و پەیماننامانەی لەگەڵ لایەنەکانی رۆژئاوا بەستبونی ئەو ترسەی کەمتر ببۆوە. هیتلەر بە رێژەی لە ٨٠یا ٩٠% سوپاکەی ئاخنیبوە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ روسیا. بۆیە لەوە زیاتر لە توانایدا نەبوو هێزەکانی لە بەرەی رۆژهەلات بەکار بێنێ تابەسەر روسیادا سەرکەوێ. هاتە بەرچاوی ستالین کە کۆمەڵێك رووداو بەڕێوەبن. دەبێ لە نێو ئەو رووداوانە چ هەڵەیەکی ستارتیژی هیتلەریان لەگەڵدا بێ. بەڵکو ئەوکات روسیا بەر لەوەی بەریتانیا و ئەمریکا هێرش بکەنە سەر ئەوروپا ئەو بتوانێ لەوێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ، بەڵام دەزانێ کە هەڵوێستی بەرانبەر بە هاوپەیمانان توندتر دەبێ : ئێستا نۆرەی ئەوانە لە رێککەوتنی تاکلایەنە بترسن، بۆیە ئەوان سوورترن لەسەر پتەو بوونی هاوپەیمانێتیەکەمان، دواتر ئەوە دەزانێ رۆژئاوا بایەخ بەوە دەدا کە روسیا لە شەڕی دژ بە ژاپۆن بەشداری بکا، ئەو شەڕی چارەنوسی نادیارە، زۆر بەکەمی سیاسەتمەداران خۆشی بەم جۆرە دۆخانە دەبەن.

لەگەڵ ئەمەشدا ستالین لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئامانجانەی سەرکەوتو نەبوو کە لە ١٩٤١ دایڕشتبوو. تا ئیستا ئینگلیز و ئەمریکا رازی نەبوونە لە یەکێتی سۆڤیەت خاکەکانی بەلتیك و پۆلۆنیای رۆژهەلات بخاتە سەر سنورەکانی خۆی، هەریەك لە چرچل و روزفلت مانی ئەوەیان دەدا پرسی پۆلۆنیا بخەنە دوای جەنگ، بەڵام ئەو پێداگریی لەسەر ئەوەدەکرد کە دەبێ هەر ئێستا یەکلایی بکرێتەوە. ئەو حکومەتەی پۆلۆنیا لە دەرەوە بارەگاکەی لە لۆندۆن بوو نەیدەتوانی بچێتەوە ناو پۆلۆنیا، داوای هەموو بستێکی خاکی پۆلۆنیای دەکرد کە لە ناو سنورەکانی ١٩٣٩دابوو. لەم میانە لە بەهاری ١٩٤٣ رووداوێکی نهێنی روویدابو بوە هاوکار

بۆیان. ئەڵمانیەکان رایانگەیاند کە گۆڕێکی بەکۆمەڵی ئەفسەرە زیندانیەکانی پۆڵۆنیان لە کاتینی نزیك بە سمولنسك دۆزیوەتەوە.
وایان بڵاوکردەوە کە روسیا ئەم کۆمەڵکوژیەی ئەنجام داێ، حکومەتی دەرەوەی پۆڵۆنیا داوای لیژنەیەکی بێلایەنیکرد بۆلێکۆڵینەوە لەم رووداوە. گوایە بڕوای بەم گوتەی ئەڵمانی کردوە، لەکاتێکا ماوەیەك بوو حکومەت بەدوای چارەنوسی ئەم ئەفسەرانەدا دەگارە، کاتێ ستالین لە ١٩٤١سەردانی مۆسکۆ دەکا لەم بارەیەوە سیکوروسکی پرسیاری چارەنوسی ئەمانی لێدەکا ، بەڵام وەڵامێکی ئەوتۆی لێ دەست ناکەوێ، هەرچۆنێکی بێ ئەوەی رەوشەکەی ئالوزکردبوو، پۆڵۆنیەکان بڕوایان بە گێرانەوەکەی ئەڵمانیان هێنابو لەکاتێکا ئەڵمانیەکان خۆیان بە کردەی لەناوبردنی ملیۆنەها کەس دەناسران، چۆن دەست لە کوشتنی چەند ئەفسەرێك دەپارێزن؟ بەم شێوە ئەمە دەبێتە پاساو بۆ ستالین بۆ ئەوەی دانپێدانانی بە حکومەتی پۆڵۆنیا بکێشێتەوە، هیچ یەکیان لە هاوپەیمانان بەرگریان لە هەلوێستی پۆڵۆنیا نەکرد، یەکێتی سۆڤیەت دانپێدانانی بە حکومەتی پۆڵۆنی لە لۆندۆن کێشایەوە، کار بۆ دامەزراندنی حکومەتێك دەکا کە سەربەخۆیەوە بێ، ئەوکات هاوپەیمانان لەسەر پرسی پۆڵۆنیا ناکۆك بوون، نەك لەسەر سنورەکانی بەلکو لەسەر حکومەتەکەشی، بەڵام ستالین لەوە دڵنیابو لەسەر هەنگاوەکانی نارازی نابن و روسەکانیش نەك ئەمریکی یا بەریتانی، ئەڵمانیەکان لە پۆڵۆنیا وەدەر دەنێن، دواتر هەر خۆی (ستالین) بڕیار لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری ڤیستولا دەدا نەك چرچل و روزفیلت.
ستالین زیاتر بڕوای بە سەرکەوتن هێنا، ستالین بەوە نەوەستا ئەو دەستکەوتانەی کاتی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ هیتلەر وەدەستی هێنابون، بەلکو کاری بۆگەراندنەوەی ئەو لەدەست دراوانە دەکرد کە بەهۆی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ هیتلەر لەدەستی دابون و لێی بێبەش کرابوو.
لە ١٩٤٠ رایگەیاندبو کە لە بەرابیەکانی ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی روسیایە لە رومانیا و بولگاریا، ئەوەتا ئێستا هەمان راگەیاندن و لێدوان دووبارە دەکاتەوە.

بیری بۆلای پرۆسەی ئاشتی چوو، بۆیە لەگەڵ چەمکەکانی ناوچەی ژێردەسەڵات یەکدەگرێتەوە کە دبلۆماتکارەکانی سۆڤیەت لە بیستەکان داوایان دەکرد و ئەمیش دژی وەستابۆوە، تائێستا بەردەوام و سوورین لەسەر ئەوەی بڵێین زۆر ئەستەمە بتوانین لەگەل وردەکاری رووداوەکانی ئەوکاتدا برۆین. کۆڕی وەزیرانی دەرەوەی هاوپەیمانان لەتشرینی یەکەمی ١٩٤٣ کە لە مۆسکۆ دەبەسترێ، باس لە دابەش کردنی ئەوروپا دەکەن بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵات، بەڵام گوتوبێژەکە لەسەر ئەم ئاستە مایەوە پەرەی نەسەند، دەکرێ بلێین ستالین لە رێگەی مۆلۆتۆفەوە توانیی لە نیازەکانی هاوپەیمانان بگا، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر بەرنامەکانی و دەوروبەریشی لەم هەنگاوە ئاگادار کردەوە.
لەو ماوە واتە لە نیوەی دووەمی ١٩٤٣ ستالین زۆر بایەخ بە پەیمانی ئاشتەوایی دەدا کە دواتر بەسەر ئەڵمانیادا دەسەپێندرێ، رۆزفلت بنەمای ئەو پەیمانەی داڕشت و لە کانونی دووەمی ١٩٤٣ لە دارلبەیزا رایدەگەیەنێ، رێگە بە ئەڵمانیا نادا بەشداری لەم پەیمانەی ئاشتەوایییەدا بکا، دەبێ بێ مەرج خۆی رادەست بکات. روزفلت بنەما پر مەترسیەکەی بەبێ راوێژ لەگەڵ چرچل و ستالین راگەیاند، بە هەندێك دڵەراوکێوە

ستالین ڕەزامەندیی لەسەر دەدا، ڕەزامەندیەکەی بەو هۆیەوەوە دەبێ کە تیایدا دلنیاییەك دەبینێ کە ئەوروپا بەبێ روسیا هیچ هاوپەیمانێتیەك یا ڕێکەوتنێك لەگەڵ ئەلمانیا نابەستن، لە راستیشدا کاتێك روزفلت سیاسەتی خۆرادەستکردنی بێ مەرجی راگەیاند هیشتا پارسەنگی هێز بەلای روسیادا نەشکابۆوە، لە یادی یەکی ئایاری ۱۹٤٣ ئەویش باسی سیاسەتی خۆرادەستکردنە بێ مەرجەکە بۆ سوپاکەی دەکا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لەگەل بۆچونەکانی روزفلت دایە، بەڵام درکی بەوەش دەکرد کە ئەم سیاسەتەی روزفلت دەبێتە مایەی درێژ خایاندنی بەرگریەکانی ئەلمانی و قورسایی ئاشتەواییش دەکەوێتە سەرشانی هاوپەیمانان. بۆیە هەول دەدا سەرۆکی ئەمریکا لە سیاسەتەکەی پاشگەز بێتەوە یا هەرنەبێ مەمواری بکا بەوەی هەندێك مەرجی ئاشتەوایی بۆ ئەلمانیا دابنێ کە هاوپەیمانان پێی رازین، بۆ ئەم مەبەستە بەریتانیەکانیش پەیوەندی بە روزفلتەوە دەکەن بەڵام ئەم لەسەر سیاسەتەکەی سوور دەبێ وگۆڕانکاری ناخاتە نێوی. دروشمی خۆرادەستکردنی بێ مەرج کار لە هەستی نەتەوایەتی ولاتانی هاوپەیمان دەکا، پشتگیری زیاتریان لە دەستەواژەی (سەپاندنی ئاشتەوایی تەمبێکردن) بەسەر ئەلمانیادا بسەپێنن لە شێوەی پیادەکراوی (قورتاج).

تا ئایاری ۱۹٤٤ هەریەك لە روزفلت و چرچل پشتگیری ئەو پرۆژانەیان دەکرد کە بە سیاسەتی ( گەراندنەوەی ئەلمانیا بۆ قۆناغی چاولێبون و گرتنەخۆ) لەگەل ئەلمانیا پیادە بکرێ، کە خۆی لە بێبەشکردنی ئەلمانیا دەبینیەوە لە دروستکردنی چەکی قورس. بۆ ئەم سیاسەتە هەلوێستەکانی ستالینیش جیاوزیەکی ئەوتۆیان نەبوو، ئەوەتا لە ئەیلولی ۱۹٤٣ پرۆفیسۆر فارگا راوێژکاری رۆژنامەوانیی رایدەگەیەنێ کە ئەلمانیا ناچار بکرێ تێچوی جەنگ و زیانەکانی هاوپەیمانان بداتەوە، لە ناوەرۆکیشدا ئەمە بە دژایەتی بەندەکانی ئابوریی پەیماننامەی ڤیرسای لە بیستەکان دەزاندرا. هەلمەتی پشتگیری لەم داواکاریە زیاتر دەبێ بەتایبەت کاتێك ئەلمانەکان لە پاشەکشەدا دەبن و لە دوای خۆیان سیاسەتی (خاکێکی سوتاو) جێدەهێلن، زەویەکان لە پاش خۆیان دەکەن بە بیابان، بەتەواوەتی ئەوکات ستالین بڕیار دەدا بە سنورەکانی ئەلمانیادا بێتەوە، لە تەموزی ۱۹٤٣ مایسکی بە سەردانێکی فەرمی دەچێتە لۆندۆن رێگەی پێدەدرێ پشتگیری لە روسیا بکا بۆ پرۆژەی یەکخستنی بروسیای رۆژهەلات و دانزگ بە پولۆنیا، ئەم پرۆژە ئەوەبو کە روزفلت ڕەزامەندیی لەسەر دابوو، بەڵام تا ئەوکات ستالین بڕیاری نەدابوو سنورەکانی پۆلۆنیا درێژبکرێنەوە تا دەگەنە ئەودیر و ئەلنیاس، بەستنەوەی کەرتەکانی ئەلمانی بە پۆلۆنیاوە لە قەرەبوی زیانی لەدەست دانی کەرتەکانی رۆژهەلاتی روسیا بوون، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەمە دەبێتە مەترسی روبەرووبوونەوەیەکی توند لەگەل ئەلمانیەکان کە بەهۆیەوە بەدووری نازانن زیانی بەرکەوێ، بۆیە پاراستنی بۆ روسیا تێچویەکی زۆری دەوێ، نیازەکانی ستالین بۆ ئاشتی لە ۱۹٤٣ کاتێك لە تاران لەگەل چرچل و روزفلت یەکتر دەبینن و دادەنیشن بەم جۆرە دەبێ.

+++

گوتوبێژە کانی ئامادەسازی بۆ دانیشتنەکەی تاران سەیر بوو، ستالین تا رادەیەکی زۆر ویستی لەگەل هاوبەشەکەی یەکتری نەبینن، لە دانیشتنی پێشتریان کە لە قاهیرە بەسترابوو بە بیانوی ئەوەی (چانگ کای

چيك) بەشدار دەبێ ستالين رازى نابێ بەشدارى بكا ، روسيا بەبێ پاساو و هۆ دژايەتى چينى دەكرد. هەروەها رازى نابێ دووقۆلى لەگەڵ روزفلت دانيشێ. لەكاتى كۆبونەوەى وەزيرانى دەرەوەى هاوپەيمانان لە تشرينى يەكەمى ١٩٤٣ (كرديل هاى) زۆرى لێدەكا رازى بێ لەسەر كۆبونەوەى لوتكەى ولاتانى هاوپەيمان، ستالين بەو مەرجە رازى دەبێ كە لە تاران ببەسترێ، ئەوكات ئيران لەلايەن هێزەكانى روسيا و بەريتانياوە داگير كرابوو، ستالين رازى نەبووە لە تاران زياتر دوور برِوا، لە وەڵامى رۆزفلت بۆ دواخستنى ئەو كۆبونەوە بۆ بەهارى ١٩٤٤ دا دەڵێ: بەو مەرجە رازى دەبين كە ئەو كۆبونەوە لە بنكەى ( فيربانكس) ببەسترێ كە بنكەيەكى سەربازى روسيە لە ئالاسكا، پاساويش بۆ ئەوە دێنێ كە بەهۆى كردە سەربازيەكانى سوپاوە ناتوانێ لە مۆسكۆ بە شێوەيەك دوور كەوێتەوە، نەتوانێ لە بەردەوامى پەيوەنديكردندا بێ لەگەڵ سوپاكەى. ديارە دوورنەكەوتنەوەى لە كرملين بەهۆى ئەو دلنياييەوە بوە كە لە كرملين هەميشە ئەميندار و پاسەوانەكانى بەدەوريەوە بوونە ئەمەش مايەى هێزە بۆ ئەو، ياخود ئومێدى وابووە هاوبەشەكانى بێنە مۆسكۆ و لەوێ كۆبونەوەكە ئەنجام بدەن كە ئەوێ بۆ ئەو وەكو سەكۆى هێز و توانا خۆى دەبينێ. بەهەر حال لە هەلوێستە نارونيەكانى هۆكارى سياسيان لە پشتە، هەموو هەولەكانى بۆ ئەوەبوون نيشانيان بدا كردە سەربازيەكانيان لە باشورى ئيتاليا بێسودن، ئەگەر لەگەل هێرشە مەزنەكانى روسيا بەراورد بكرێن. زۆريش سووربو كە نەخشە سەربازى و سياسيەكانى بۆ هاوپەيمانان ئاشكەرا نەكا، دواجار چرچل و روزفلت رازى بوون لە تاران دانيشن.

زۆر بە دەگمەن سەركردەى بەم جۆرە لەيەك نەچوو لەرووى بەرژەوەندى و هەلس و كەوتەوە وەكو ستالين و چرچل و روزفلت بتوانن لەگەڵ يەكتر لەسەر پرسێكى ئاوا چارەنوسساز دابنيشن، ئاى بۆ ئەو هەموو راو بۆچونە جياوازانە لەسەر مێزى دانيشت كۆ دەبنەوە، ئەلبەت ستالين و چرچليش هە ميشە دوو سەرى لەيەك نەچو و جياوازن. يەكيان لە رەچەلەكى شازادە و ئەويتريان لە رەچەلەكى كۆيلەكان، يەكێكيان لە كۆشكى بلنهايم لەدايك بوە و ئەويتريان لە خانوێكى هەژارانەى يەك ژوورى، يەكەميان تا ئێستا بە هەواى گيانێكى ئينگليزانەى سەردەمى فكتوريا و ئەدوارد دەژى، هەوڵ دەدا دەستكەوتە ئيمپرياليەكانى بپارێزى، بەڵام ئەويتريان هەلگرى توندوتيژى قەيسەرى روس و بۆلشەڤيكە كە توانيويەتى دەست بگرێ بەسەر توانا و سامانەكانى. يەكێكيان خاوەنى چوار سەدەيە لە مشتومرى پەرلەمانى، ئەويتريان خاوەنى هەمان ماوەيە بەڵام لە كارى سياسيى نهێنى و كۆبونەوەى بيرۆكانى داخراو، چرچل خاوەنى خولە سەيروسەمەرەكانە، كوشتەى وشە و رەنگەكانە، ستالينيش ئەوكەسەيە كە خاوەنى رەنگێكى خۆلەمێشيى كە برِوا بە هيچ كەسێك ناكا، دواجار چرچل خاوەنى ئەو ئيمپراتۆريەيە كە هەرەشەى لەناوچونى لەسەرە، ستالينيش لە هەولى وەدەست هێنانى ئيمپراتۆريەتە.

روزفلت لە نێوان هەردووكيان دەوەستێ، بەڵام لە چرچلەوە نزيكترە لەوەى لە ستالين. ئەو دۆخەى چرچل لێى مەزن بووە زۆر جياوازە لەگەڵ ئەو دۆخەى ستالين لێى مەزن بووە: لە خانەوادەيەكى جوتيارى و پيشەسازكارى كە هەمويان كاريگەريان بەسەريەوە هەبوو، لە كاتێكا خانەوادەى روزفلت لە پيشەى پارێزەريەوە بۆ وەزارەتى دەرياوانى، بەڵام داب و نەريتى روزفلت دابو نەريتێكى گەلەرى بوو لە جەماوەر نزيكتر

بوو، کەسایەتی و پێگەی جەماوەریی لە هی چرچل بەهێزتر بوو، دەبێ ئەمە ئەو هۆکارەبێ کە روزفلتی لە ستالین نزیك کردبێتەوە.
روزفلت ناوە ناوە ستالینی بە وتەکانی دلخۆش دەکرد، بەتایبەت لە کاتی ئەوەی چرچل خەریکی قسەکردن دەبێ بۆ وەرگێڕەکەی و بەوهۆیەوە دانیشتنەکە خۆش دەکا، دیارە هەریەك لە ستالین و چرچل خاوەنی پاشخانیکی جیان لە باری کۆمەلایەتی و داب و نەریتەکانەوە، هەریەکەیان هەلگری کەلتوری چینێکی کۆمەلایەتیی جیان. روزفلت لە خانەوادەیەکی بۆرژوا و بە مەیلی چەپگەرێتیەوە. زۆرجار لە هەلوێستەکانی دەردەکەوێ کە خاوەنی هەلوێستێکی مامناوەنجیی بێ هەماهەنگە، ستالین سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتون، بەردەوامە لە دەربڕینی بیروبڕواکانی بە ئاماژەدان بە (مەنەفێستی کۆمۆنیزم) دەلێ مێژووی سەرجەم کۆمەلگاکان مێژووی ململانێی چینایەتیە، لە کاتێکا چرچل لەخۆیەوە شیکردنەوە بۆ ئەم کۆمەلگایە دەکا بە شێوەیەك رەتدانەوەی مارکسیزم بێ.: ( چیرۆکی رەگەزی ئادەمیزاد چیرۆکی جەنگە.)
دیارە ئاساییە روزفلت هەردووك بۆچون رەت دەکاتەوە، کەواتە ئەو لە روی ئاینەوە کەسێکی حەنبەلیە، سەرکردەیەکی نەتەویە کە تا ئەوکات لە خەراپترین دیمەنی توندوتیژی ململانێی چینایەتی و مالوێرانیەکانی جەنگ بوردراوە.
ستالین وەکو نوێنەری سەرمایەداری سەیری هەردوو هاوپەیمانەکانی دەکرد، بۆیە ئەوەندە بایەخی بە گوتەکانیانی نەدەدا کە لەسەر دیموکراسی دەیانگوت. هەرچەندە گومانی لە دلسۆزیانی نەبوو بەلام پێی وابوو بەکار هێنانی ئەم دەستەواژە بۆ چەواشەکاریە و بەس. بۆیە بە چاوێکی لەخۆبایی بوونەوە سەیری دوو هاوپەیمانەکەی دەکرد وەکو ئەوەی سەیری چاودێری تاقیکردنەوەی زیندەوەرەکان بکا، دلنیابو لەوەی وردەکاری دروستبونیان دەزانێ و لە توانایدایە درك بە کاردانەوەکانیان بکا.
کەواتە ئێستا دوو نمونەی زیندوی دوو کۆمەلگای سەیری لەبەردەمە، دوو سەرکردەی مەزنی دونیا، بەسەر دوو بەشی سەیردا دابەش دەبن، بەشێکیان لە شەرێکی بێ سنوردایە لەگەڵ روسیا، بەلام بەشەکەیتر هاوپەیمانیەتی، ئەو چالەی لە نێوان هاوپەیمانەکانیدا هەیە دەکرێ پربکرێتەوە، بەلکو دەبێ پر بکرێتەوە، بەلام سەرەڕای ئەو پەیمان و گفتانەی داویانە هێشتا بەردەوامە، دەکرێ ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بە مزری ستالیندا هاتبن.
ئەو بیرۆکانەی بە مێشکی چرچلدا دەخولانەوە، سەرەڕای ئەوەی لە روالەتێکی جیادا سەرچاوەیان گرتبو بەلام جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبوو. لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١ چرچل رایدەگەیەنێ کە: ( کەس وەکو ئەو بەدوای کۆمۆنیستەوە نیە، ماوەی چارەگە سەدەیەکە کاری لەسەر دەکا) لەم رووەوە لە یەك وشە پاشگەز نابمەوە کە لەسەر ئەم بابەتە وتبم، بەلام ئێستا وا پێدەچێ وێنەکان لە دارماندان ئەمە بەسە ئەگەر هەندێك لەو سەرەخۆشیانەی چرچل لە بۆلشەڤیی دەکرد بیانگێڕینەوە کە ئێستا لێی پەشیمان نیە، ئەم سەرەخۆشیانەش لە ئەنجامی ترس و تۆقینیەتی کە تائێستاش لە مێشکیا دەرنەچوە، بەلام بۆ پشکێنەر رەوایە هەلسەنگاندن بۆ ئەو هەلوێستانەی چرچل بکا بەرانبەر بە ستالین کە هەندێك جار زۆر توند بوون.
بۆ سەلماندنی بۆچونەکانمان ئەو بەلگەیەمان بەدەستەوەیە کە چرچل تەنها وەکو مێژوونوس و

هونەرمەندێك سەیری ستالینی نەدەکرد بەڵکو وەکو سیاسەتمەدارێکی خاوەن ئەزمون، چرچل وەکو سیاسەتمەدارێك بە کاری تەکتیکەوە سەرقاڵ بوو لەسەر ئەو دۆستانەی بە مەترسیی دەزانین ، چرچلی مێژوونوس بەلانسی بەو گۆڕانکاریانە تێکچوبو کە لینین لە روسیا ئەنجامی دەدا. پێیوابوو ئەو بوژانەوە کۆنەپارێزیەی روسیا بەخۆیەوە دەبینێ واتە ستالین مەبەستیەتی ئەم کۆمەڵگا شۆرشگێرە بەرەو کۆمەڵگایەکی کۆنەپارێز مەڵگەرێنێتەوە. بۆیە دەبێ ئەو ئاماژە خۆشەویستیانەی لە چرچلەوە دەبینرێن کە باس لە ستالین دەکا بۆ ئەم هۆکارانە بگێرینەوە، ئەمە ئەو بەرژەوەندیە سەربازیە هاوبەشەی نێوانیانە .

هەڵوێستی ستالین لە هەردوو سەرکردە رۆژئاواکە هەڵوێستێکی سەقامگیر وئاقلمەندانە بوو، ئەو خۆشەویستیەی چرچلیش بۆ( ئەسپی شەڕ) ی روسیی هەبو تا رادەیەك وشك بوو، بەڵام روزفلت وا پێدەچوو توشی شۆك بوبێ لەو دیاردە سەیرانەی ستالین. بۆ ئەو روسیا خاکێکی نادیار بوو، بەتایبەتیش روسیای بۆلشەڤیك و ستالینیزم. بە ئەسپایی لای یاریدەدەرانی دان بەمە دەنێ: ( من ناتوانم جیاوازی لە نێوان روسیەکی خاوەن چاکە و روسیەکی شەڕانگێزدا بکەم، دەتوانم جیاوازی لە نێوان فرەنسیەکی خاوەن چاکە و فرەنسیەکی شەرانگیزدا بکەم، هەروەها سەبارەت بە ئیتالیەکانیش. دواتر من دەتوانم لە نێو گریکەکان باشترینیان دەست نیشانکەم، بەلام ناتوانم لە روسەکان بگەم)بە دڵنیاییەوە کەسایەتی ستالین بۆ چاکە و خەراپە لە سنوری پێزانینەکانی روزفلت رەت دەکا.

هەرکە هەرسێ سەرکردەکە بەیەك گەیشتن ستالین داوا لە روزفلت دەکا لە بالوێزخانەی روسیا جێنیش بێ، بەبیانوی ئەوەی گوایە پیلانێك لە تاران دەهوندرێتەوە بۆ لەناو بردنی ئەو سێ سەرکردە، ستالین شوێنەکەی خۆی بۆ میوانەکەی جێهێشت و خۆی چووە خانوێکی بچوك لە نێو بالوێزخانەی روسیا، روزفلت دەڵێ ستالین سەرەڕای ئەو دەستپێشخەریە باشەی لەگەڵ ئەوەشدا وەکو کەسێکی پەست و بێ خەندە و گاڵتە و قسەکردن جۆش دامابوو، نە پێدەکەنی نە خەسلەتی مرۆڤی پێوەمابوو)، (سەرۆکی ئەمریکا هەوڵی زۆری دا تا ئەم دۆخە ساردو سریە تێپەرکا) دیارە هەستی بە سەرکەوتنی هەوڵەکانی کردوە کاتێک ستالین بە هەندێک وتەی چرچل خەندە دەگرێ، هەر ناکۆکیەک ئەگەر بچوکیش بێ بکەوێتە نێوان روزفلت و چرچل دەبێتە مایەی دلخۆشی ستالین. زۆربەی بۆچونەکان وای دەبینن کە رۆزفلت وەکو جێبەجێکردنی پلانە ستراتیژیەکە رێگر بوە لەبەردەم دروست بوونی هەر پەیوەندیەکی دۆستانە لە نێوان ستالین و چرچل.

بێ گومان ستالین کاتێک ئەو یاریە تێکدەرانەی بۆ دەردەکوێ توشی شۆک دەبێ ، ئەوەتا چرچل و روزفلت لەسەر پرسە گرنگەکان هاورا و کۆک نین : کە خۆی لە چارەنوسی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان دەبینێتەوە.

لە راستیشدا ئەم بابەتە زۆر سنوری ئۆپەراسیۆنەکان رەت دەکات، چونکە چارەنوسی سیاسیی ئەوروپای دوای جەنگ بەندە بەم ئۆپەراسیۆنە سەربازیانەوە، چرچل بۆ هاورێکەی پێشنیاری کرد کە ئەنگلۆئەمریکی هێرش بکاتە سەر بەلکان، ئەمەش واتە دواخستنی هێرشی سەر فرەنسا ، بەم پێشنیارە دوژمنایەتیە کۆنەکەی نێوان ستالین و چرچل نوێ دەبێتەوە کە لە ئابی ١٩٤٢ دروست ببو و بە نهێنی مابۆوە. ئەوکات ستالین گومانی لە دواخستنی کردنەوەی بەرەی دووەمی جەنگ هەبوو بە مەبەستی ئەوەی روسیا و ئەلمانیا

بە جەنگماندو کەن تا بتوانن مەرجەکانی خۆیان بەسەریدا بسەپێنن، بەڵام ئەم شەڕەی خوێن لەبەر بردن، ئەمرۆ ۱۹٤۳ کاریگەریی نەماوە. بۆیە دڵنیا بوو لەوەی ئەم پلانەی چرچل بۆ سنوردار کردنی بەهێز بوونی روسیایە. لە جیات لاواز کردنی، مەبەستیشیان لە هێرشەکە ئەوەیە تا روسیا بە تەنیا هێرش نەکاتە سەر بەلکان و داگیریکا، بە مسۆگەریش وابوو چونکە چرچل هێرشەکەی سەر بەلکانی بەوە بەستبۆوە کە لە رێگەی دەریای ناوەراستەوە هێزەکانی ئەمریکا و روسیا و بەریتانیا بە هاوبەشی ئەم هێرشە ئەنجام بدەن.

ستالین زۆر بەتوندی دژی ئەم پرۆژە وەستایەوە و داوای کرد دەستبەجێ هێزی سەربازی لە فەرەنسا دابەزێندرێ. هیچ کام لەم سێ سەرکردە باسیان لە مەبەستە سیاسیەکانی ئەم پێشنیارە نەکرد. لەکاتێکا لە هزری هەرسێکیان دەخولایەوە، تەنها باس لە لایەنە ئەرێنی و نەرێنیە سەربازیەکانی ئەم پرۆژە کرا، بەهۆی ئەوەی پاساوەکانی بەدەست ستالینەوە بوون بۆیە هەلوێستی بەهێز بوو لەم پێشنیارە، .

چرچل پێشنیاری کرد هێزەکانی هاوپەیمانان لە چەند خالێکی دیار لە دەریای ناوەراست دابەزێندرێ: وەکو باکوری ئیتالیا بۆ شکاندن گەمارۆی سوپای هاوپەیمانان لە باشوری ئیتالیا و رزگار کردنیان

هەروەها لە کەنارەکانی ئەدریاتیک لەوێش لایەنگرانی تیتۆ بەشداری لەو ئۆپەراسیۆنەدا دەکەن بۆ دەرباز بوون لە روباری دانوب، لە دەریای ئیجەش کە هێزەکانی تورکیا لێی بەشدار دەبن بۆ هێرش بردن بەرەو باکور.

ستالین وتی ئەم کردە سەربازیانە کردەی یەکلاکەرەوە نین، ئەنجامەکەشی بەوە دەگا هێزەکانی هاوپەیمانان پەرەش و بڵاوی بچن، بەڵام هێرش کردن لە کەناڵی بەریتانیەوە رێگا بۆ هاوپەیمانان خۆش دەکا تا هێلێکی کورت بۆ گەیاندنی ئازوقە دروست بکا، بەم هۆیەشەوە هێزەکان یەکدەخرێن و فشارەکانی سەر دوژمن توندتر دەبن و گورزێکی مەزنیش بەر ئەلمانیا دەکەوێ کە بۆ رزگار کردنی فەرەنسا هاوکار دەبێ، دواتر کورتترین رێگەمان بۆ دیار دەکرێ بۆ گەیشتن بە مۆلگە پیشەسازیەکانی ئەلمانیا کە ناوچەی رورە.

ستالین بە دەنگێکی بەرز و بێزاری پاساو دەهێنێتەوە، چرچل لەم هەلوێستەی بێزار دەبێ، ئەم گوتوبێژ و دیالۆگە بە درێژایی سێ کۆبونەوەی بەرفراوان و دوو کۆبونەوەی لوتکەی سێ سەرکردەکە بەردەوام دەبێ، ستالین لەو کۆبونەوانە تاقە گوتەبێژی روسیا دەبێ کە دەسەڵاتی دانوستانی هەبوو بە بەشداری هەریەک لە مۆلۆتۆف و فوروشیلوف و یەک وەرگێر.

دواجار بیانوەکانی ستالین سەردەکەون، سەرکردەکانی ستونی ئەمریکی رەزامەندیان لەسەری دا، تەنانەت هەندێک لە جەنەرالەکانی بەریتانیش دژی چرچل بوون، رۆزفلت دوای دودلی ئەویش رەزامەندیی لەسەر پێشنیارەکانی ستالین دا. مەبەستی سەرەکیی وەدەست هێنانی سەرکەوتن بوو بە زوترین کات و وەشاندنی گورزێکی توند لە هێزەکانی ئەلمانی. لەم روانگەیەوە هێرش کردن لە کەنالەوە زۆر باشتر دەبێ لە هێرش لە رێگەی دەریای ناوەراست. لە راستیشدا هزری روزفلت هزرێکی بیانوخوازانەی دوور لە هەستی چینایەتی بوو. لێدوانەکەی ئەم دواییەی ستالین کاریگەری لەسەر بڕیارەکە هەبوو کە وتبوی ئەوکاتە بەشداری لە شەڕی ژاپۆن دەکەین کە لە شەڕی ئەوروپا دڵنیا بین. هەرچۆنێکی بێ روزفلت ئەم بڕیارە دەدا، بەڵام تا ئەو بڕیارە نەدرا پرسەکە بە کۆتایی نەگەیشت، بۆیە بڕیاردرا دەست بە ئۆپەراسیۆنە مەزنەکە بکری بەناوی (

ئۆپەراسیۆنە هەرە بەرێزەکە) ئەمە ئەو ناوە نهێنیەبو کە لە مانگی ئایاری داهاتوهێرشی پێ دەکرایە سەر فرەنسا.

ئەمە ئەوساتانە بوو کە ستالین سەرکەوتن وەدەست دێنێ، بەلکو تەنها ئەو و چرچل رەنگدانەوەکانی ئەو سەرکەوتنە بزانن، ئەوروپا ئەوکات بەسەر دوو ئۆردوگا دابەش ببو لە دوای ئەو دوو ئۆردوگایەش دابەش بوونی سەربازی و سروشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبوو. ئێستا خەونە کۆنەکەی روسی دێتەوە یاد کە دەست بەسەر بەلکاندا بگرێ.

بە تام و سەلیقەوە باس لە هەنگاوەکانی ئەو هێرشە دەکا، بە هەستێکی باوکانە سەیری خۆی دەکا. هەلوێستی کەسێکی خاوەن ئەزمونی جەنگ خاوەن سەرکەوتنی سەربازی، لەم روانگەیەوە سەیری هاوەلانی دەکرد، ئامۆژگاری و رێنمای بەسەر دۆستانی دەبەخشیەوە، پێداگریی لەسەر یەکخستنی سەرکردایەتی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا دەکرد،، هانی هاوبەشەکانی دەدا تا زووە فەرماندەیەکی گشتی دەستنیشان بکەن. جەنەرال دین دەگێرێتەوە دەڵێ:

ئەم پەلەکردنەوەی ستالین بوە مایەی ئەوەی جەنەرال ئایزنهاور دەستنیشان بکرێ بۆ ئەم پۆستە. کاتێک ستالین ئەوەندە پێ بە درێژی دەنێ، چرچل بەروویدا دەتەقێتەوە و دەڵێ:

واز لەم چەواشەکاریە بێنن لە دوای راستیەکان تیپێک درۆزنتان حەشار داوە، لە رەتدانەوەیدا ستالین هەندێک زانیاری ئاشکەرا دەکا وەکو بەرگری لە خۆکردن دەڵێ:

روسیا خاوەنی ٥٠٠٠ دومیەی تانک و ٢٠٠٠ دومیەی فرۆکەیە ئەمە بۆ چەواشەکردنی دوژمن بەکار دێنێ، لەمەش گرنگتر دەڵێ پەیمانمان داوە ئەگەر هێرش بکرێتە سەر کشوەری ئەوروپا بە توندی بەرپەرچی هێرشەکان بدەینەوە.

رەتکردنەوەی پلانە سەربازیەکەی چرچل یەکەم سەرکەوتنی ستالین نابێ، سەرکەوتنی دواتر ئەو رێککەوتنە نهێنیە دەبێ کە لەسەر سنورەکانی نێوان روسیا و پۆلۆنیا لە نێوان هەرسێ سەرکردەکان ئەنجام درا. کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوە لە موسکۆ نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، بەڵام چرچل و روزفلت لەوە گەیشتن کە هەولەکانی پێشتریان بۆ دوا خستنی چارەسەری کێشەی نێوان روسیا و پۆلۆنیا بۆ کۆنگرەی ئاشتی هەولێکی باش و بەجێ نەبووە.

ئەوەتا سوپای سوور بەرەو ناوچەکانی رۆژهەلاتی پۆلۆنیای کاتی خۆی، هەنگاو دەنێ، بە دڵنیاییشەوە دەیگێرێتەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت، واش پێدەچێ چرچل بەهۆی دەربرینی رەزامەندیی لەسەر ئەم پرسە لە توانایدا نیە ئەم مەترسیە دورخاتەوە، بەو هۆیەوە پێشنیارێک پێشکەش دەکا کە هەرسێ سەرکردەکە دانی پێدا بنێن، بە پێی ئەو پێشنیارە (هێلی کورزون) دەبێتە سنوری نێوان روسیا و پۆلۆنیا. ستالین هەر زوو رەزامەندیی لەسەر دەدا.

داڕشتنی ئەم هێڵە بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانی دەگەڕێتەوە کە لە ١٩٢٠ پێشنیاری کردبوو، ئەوکات ڕازی ببو لەسەر دیاری کردنی سنورەکان بە پێ ئەو ڕێککەوتنەش ئەو ناوچانەی نێوان ئەو دوو ولاتە کێشەیان لەسەرە، بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەگەڕێنەوە، ڕۆزفلت لەسەر ئەم پێشنیارە ڕازی دەبێ و هەولەکانی بەردەوام دەبن بۆ دەستەبەر کردنی سەروەری پلۆنیا لەسەر شاری لفوف.

کەیفخۆشی و هەستکردن بە سەرکەوتن باڵی بەسەر ستالیندا کێشا، دیارە بەوردیش لە ڕەفتارەکانی چرچلی ڕوانیە. ڕاستە چرچل ڕووبەڕووی پرسێک بۆوە نەیتوانی لەناوی بەرێ: لە ساڵی ١٩٤١ هێزەکانی ڕۆژئاوا پێشوازیان لە هاوپەیمانێتی یەکێتی سۆڤیەت کرد، بەو سنورانەی ئەوکات هەیبوو، مایەی بڕواکردن نیە ستالین دوای ئەو سەرکەوتنانەی بەدەستی هێنابو بە سنورێک ڕازی بێ بەرتەسک تر لەوکات. بەڵام ئەوەی بەسەر ڕوسیادا جێبەجی دەکرێ، بەسەر پۆلۆنیاش دەبێ جێبەجێ بکرێ، پۆلۆنیەکان دەڵێن ئێمە کاتێک پەیماننامەی دۆستایەتیمان لەگەڵ بەریتانیا واژۆ کرد ئەو ناوچانەی ڕۆژهەلاتمان لەژێر دەستدا بوو، بۆیە مافی خۆیانە ڕێگری لە هەر پرۆژەیەکی بەریتانی بکەن ئەگەر لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبێ، سەرەڕای ئەمە پۆلۆنیا بەر لە ڕوسیا هاوپەیمانی بەریتانیا بووە. بەڵام بەهۆی پێگەی ڕوسیا کەس گوێی لە پاساوەکانی پۆلۆنیا نەگرت، بەهەر حال چرچل سەر بۆ هێز دانانوێنێ.

ئەو مەبەستیەتی سنورێک بۆ بلاو بوونەوەی کۆمۆنیزم دابنێ ئەویش هێلی (کورزون) دەبێ کە دەبێتە سنوری نێوان دوو ڕژێمی لەیەک نەچوی ناکۆک لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە. ئومێدی خواست حکومەتی مەنفای پۆلۆنی لە ڕۆژئاوا جێگیر بێ و لە کارەکانی خۆی لە دژایەتی کۆمۆنیزم بەردەوام بێ، چونکە هێزەکانی ڕۆژئاوا دانیان بە دەستکەوتەکانی ڕوسیا ناوە بۆیە ستالینیان هاندا پەیوەندی لەگەڵ ئەو حکومەتە ببەستێ کە بارەگاکەی لۆندۆن بوو، لە ڕوێکی تریشەوە چرچل ئومێدی دەخواست پۆلۆنیەکانی لۆندۆن ڕازی بن بەو سنورە نوێیە، ئەگینا ستالین ئامادە نابێ لەگەڵیان دانوستان بکا، بەڵام ستالین دڵنیا بوو کە هەولەکانی چرچل سەرناکەون، ئەمەش وادەکا ستالین دەستکراوە بێ لە دامەزراندنی حکومەتێکی تری پۆلۆنی، ئەوکات هێزە ڕۆژئاواییەکان کە دانیان بە هێلی ( کورزون) ناوە ناچار دەبن دان بەو حکومەتە بنێن کە دانی بەو هێلە ناوە، بۆیە دوای ماوەیەکی کەم لە کۆتایی هاتنی کۆنگرەی تاران ئاماژە بۆ کۆمۆنیستەکانی پۆلۆنی دەکا کە پێشوازی لە هەر دەستەیەکی سیاسیی پۆلۆنی دەکەن بەو مەرجەی خۆیان وەکو ئەلتەرناتیفی حکومەتی پۆلۆنیی لۆندۆن نەزانن و بانگخوازی کۆچبەرانی پۆلۆنی لە لۆندۆن ڕەت کەنەوە گوایە ئەوان بە ناوی سەرجەم پۆلۆنیەکان دەدوێن.

دوای مانگێک لە کۆنگرەی تاران ئەو دەستەیە لەو ناوچە پۆلۆنیانەی کە لە ژێر دەستی ئەلمانیادایە دادەمەزرێ ، ناوی ( ئەنجومەنی نیشتمانی پۆلۆنیان) دیار کرد. بەم شێوە ئەو گەمە ئالۆزەی چارەنوسی پۆلۆنیای لە خۆ گرتبو هەرچەندە کاتێکی زۆری برد بەڵام کۆتایی نەهات.

دوای کردنەوەی بەرەی دووەمی جەنگ و هێلی کورزون، هەرسێ سەرکردە مەزنەکە دەکەونە وتووێژی نافەرمی لەسەر چارەنوسی ئەلمانی. وتووێژەکان بە جۆرێک نهێنی بوون کەسیان لە چارەنوسی ئەم

کارەساتەیان نەدەزانی، ئاخۆ ئەم ناوچەیە بەو هۆیەوە رووبەڕووی چ کارەساتێک دەبێتەوە، بە شێوەیەک دەستیان پێکرد وەکو ئەوەی بیانەوێ ئاشتیەک بەسەر ئەلمانیادا بسەپێنن لە شێوەی قورتاج بێ، ستالین سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەم پێشنیارەی ئاشتی لەلایەن هاوبەشەکانیەوە بێ.

لە کۆتایی کۆنگرەکە وا پێدەچوو ئەو ناکۆکیانەی لە دەستپێکی کۆنگرەکەدا هەبوون، هیچیان نەمان.

لە میانی ئاهەنگی سالوەگەری شەست و نۆیەمینی تەمەنی چرچلدا، ستالین پێکیک دەنۆشێ، لە ئاهەنگێکی تردا شمشێری ئابرومەندیی پادشای بەریتانیا دەدرێتە شاری ستالینگراد. روزفلت دەڵێ ئەوکاتەی ستالین شمشێرەکەی وەردەگرت، من بینیم چۆن فرمێسک لە چاوەکانی دەبریقانەوە. گریان لە نەریتی ستالیندا نەبوو بەڵام دەبێ کاریگەری ئەم رووداوە کاری کردبێتە سەری، کێ لەو بڕوایەدابوو رۆژێک لە رۆژان خاوەن شکۆی بەریتانی شمشێرێک بە شارێک بدا کە ناوی کورە کۆیلەیەکی گورجی و کۆنە زیندانیی باکۆ و خوێندکاری لینین و ئەو کەسەی چێژی دورخراوی سیبیریای چێشتوە، لە خۆ گرتوە؟ کێ لەو بڕوایەشدا نەبوو کە (گەورە رەتکەرەوە) ئەم دیاریەش رەت ناکاتەوە؟

لە سەرەتای کانونی یەکەم هەرسێ سەرکردەکە دوای ئەوەی لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا رادەگەیەنن کە لە سەر هەموو پرسەکان رێککەوتن، تاران جێ دەهێلن. دونیایان لەو کێشە مەزنە ئاگادار نەکردەوە کە بەر لە کۆنگرەکە هەیانبوو، کەس بڕوا ناکا ئەم نهێنیە ئاشکەرا بکەن. بە شێوە هەرسێ سەرکردەکە رایدەگەیەنن کە ( کاتێک هاتینە ئەم شوێنە، دڵمان پر بوو لە ئومێد و خۆراگری، ئێرەشمان جێهێشت وەکو برادەر بە کردار، بە گیان، بە ئامانج).



ساڵی ١٩٤٤ بۆ ستالین سەرکەوتن بەدوای سەرکەوتن بوو، لە سەرەتای ساڵ روسەکان لە هەوڵی شکاندنی گەمارۆی شاری لینینگراددا بوون، لە کۆتایی سال خۆیان بینیەوە کە گەمارۆ سەربازگەی بۆدابێستی ئەلمانیان داوە.

لە دەریای گشتی سوپای سوور ژمارەیەک هێرشی توندی کردە سەر بنکەکانی دوژمن، ستالین بە ( دە هێرشەکە)ی ناساند، لەم هێرشانە سوپای هاوپەیمانان توانیان هێزەکانیان لە فرەنسا جێگیر کەن، ژمارەیەکی زۆری سوپا لەم هێرشە لە سەرتاسەری ئەوروپا بە گژ یەکدا دەچوون، هەر لە باکورەوە تا باشور شەرو پێکدادان بوو، بەرەی شەڕ بە رێکوپێکی بەرەو رۆژئاوا هەڵدەکشا، لە رێگەی ئەژمارکردنی هێرشەکانەوە دەتوانین وێنەی ئەو شەرە بکێشین:

- لە کانونی دووەم گەمارۆکانی سەر لینینگراد دەشکێندرێن، روسەکانیش لە رێگەی نوفگورودەوە بەرەو بەلتیک دەکشێن.
- لە شوبات و ئادار کییف داگیر دەکەن، هێرشەکانیان بەردەوام دەبن بەرەو (دنابیر) و باغ و دنیاستر .
- لە سەرەتای بەهار مەیدانی شەڕ دەگواسترێتەوە باشور، لەوکاتە ئەلمانیەکان لە قرم و ئودیسیا وەدەر دەنێن.
- لە میانی هێرشەکانی هاوپەیمانان بۆسەر فرەنسا لە حوزەیران، مەیدانی شەڕ لە لای باشورەوە بۆ باکور دەگواسترێتەوە و فنلەندا داگیر دەکرێ،
- لە حوزەیران و تەموزا سوپای سوور دەتوانن فیتیبیسک و مینسک رزگار کەن و بەرەو روباری بنیامین و فیستولا پێشرەوی بکەن.
- لە تەموزو ئابا سوپای سوور لە بەرەو پێشچونەکانی بەردەوام دەبێ بەرەو باشوری پۆلۆنیا بە درێژایی چیای کارباث.
- لە ئاب رومانیا داگیر دەکرێ، دواتر پێشڕەوی دەکرێ بۆ داگیر کردنی بولگاریا و مەجەر بە پشتیوانی راپەڕینی ناوەخۆیان.
- لە ئەیلول و تشرینی یەکەما جارێکیترمەیدانی شەڕ دەگواسترێتەوە باکور بۆ فینلەندا و ئستونیا و لاتفیا. دواتر دووبارە بەرەو باشور بۆ کارباث و پشتەوەی مەجەر و سلوڤاکیا.

لە سەرەتای ساڵ سوپای سوور سەرکەوتنی باشی وەدەست هێنابوو، لە روی ژمارە و تەقەمەنیشەوە بەسەر دوژمندا زاڵ ببوو، ئەم زاڵ بوونەش لە زیاد بووندا بوو. لە تایبەتمەندیەکانی ستالین ئەوەبو لە گەرمەی ئەو سەرکەوتنانەدا رازی نەبوو خۆی رادەستی خەیالی هێرشێکی کتوپری خۆوەدەستدان بکا کە هیتلەر پێشتر بەهۆیەوە خۆی رادەستکرد. خۆی لەم جۆرە هێرشە بروسکیانە پاراست کە ترس بخاتە دڵی دوژمن و دۆخێکی مەترسیدار بخولقێنێ و بەهۆیەوە دوژمن پارسەنگ لەدەست بدا. بەڵام لە بەرانبەر ئەمەدا

هێلەکانی جەنگ درێژ دەکاتەوە لەبەر دەم دوژمن و دەخاتە بەر مەترسیەکانی هێرشی دوژمن. لەوکاتەی ستالین لەسەر لێواری سەرکەوتندا دەبێ وشیارانە هەلس و کەوت دەکا، بە درێژایی ئەو ساڵە مەیدانی شەڕ لە باکورەوە دەباتە باشور و لە پێشەوە بۆ دواوە، لە چاوەڕوانی سەرکەوتنی کۆتاییدا وەکو بۆکسەوانێک هەلس و کەوتی دەکرد. بەم گواستنەوە هیتلەر ناچار دەکا مەزندەی هێرشەکان بکا بەو هۆیەوە هێزەکانی لەم بەرە بگوازێتەوە بەرەیەکیتر بۆ پرکردنەوەی کەلێنەکانی سوپای، دە گورزەکە لێدانێکی توند و ورد بوون بە ڕێکی لەو شوێنانە دەدران کە مەبەست بوون، جیاوازیی زۆری هەبوو لەگەل هێرشەکانی سالانی ١٩٤١ کە بەنارێکی ئەنجام دەدران.

هەر سەرکەوتنێکی گرنگ هەلگری پرسێکی سیاسی بوو، بۆیە ستالین بڕیاریدا هەموو کاتەکانی بۆ ئەم پرسە تەرخان بکا و پرسی سەرپەرشتی کردنی بەرەکانی جەنگ بۆ جەنەرالەکان جێ بهێلێ کە بڕوا و متمانەی زیاتری پێبون.

لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی کانونی دووەم سوپای سوور لە سنورە کۆنەکەی پۆلۆنیا و روسیا دەپەڕێتەوە، بەو هۆیەوە دووبارە قەیرانی پۆلۆنی دێتە سەر شانۆی ڕووداوەکان. حکومەتی پۆلۆنی لە لۆندۆن رایدەگەیەنێ کە ئەو زەویانەی یەکێتی سۆڤیەت دەستی بەسەردا گرتون مافی سەرپەرشتیان بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە کەسیتر مافی نیە جگە لە خۆیان. یەکێتی سۆڤیەت بە توندیەک وەلامیان دەداتەوە و ئەم بۆچونانەیان ڕەت دەکاتەوە، توندتر لە ڕەددانەوەی پۆلۆنیەکان، وەکو هەولدان بۆ سنوردار کردنی ئەم کێشە لە نێوان دوو دۆستەکەی، حکومەتی ئەمریکا لە ڕێگەی بینەرێکی دەرەوەی، (کۆردیل هال) ەوە. دەستپێشخەریەک دەکا بۆ بەیەک گەیاندنی هەردوو لا، ئەم پێشنیارە ستالینی تورە کرد، وا پێدەچێ لە دوای کۆنگرەی تاران ستالین ئەوانی تێگەیاندبێ کە ئیتر کەس بۆی نیە دەست بخاتە بەر دەسەلاتەکانی لە دەستێوەردانی لەو ناوچانەی ڕۆژهەلاتی پۆلۆنیا بۆیە ئەم پێشنیارەی ئەمریکا ڕەت دەکاتەوە.

ستالین بە ڕێگەیەکی سەیر و مەکردار بێزاری خۆی لە ڕۆژئاوا دەردەبڕێ. کتوپر لە مۆسکۆ ڕاپۆرتێک دەردەکەوێ گوایە بەریتانیا لە پشتی روسیاوە دانوستانی ئاشتی لەگەڵ ئەلمانیا ئەنجام دەدا. ئەم تۆمەتە بۆ ئینگلیزەکان سوکایەتیەکی مەزن بوو چونکە ئەمە دوای کۆنگرەکەی تاران دێت، دواتر ئەمە چەند هەفتەیەک دەبی لەدوای ئەو ڕەتکردنەوەی بەریتانیا بۆ دانوستانی ئاشتەوایی کە ئەلمانیا لە ڕێگەی (هیملەر)ی سەرۆکی پۆلیسی هیتلەرەوە داوای کردبوو، ئەم ڕووداوە نابی ستالین لێی بێخەبەر بوبێ، بەڵام دەبێ ئەم سوکایەتیە وەکو هاندانێکی ئەمریکا وبەریتانیا بوبێ بۆ ئەوەی گومان لەوە بکەن کە روسیا بەدوای پاساوێکدا دەگەرێ تا ڕێککەوتنی ئاشتەوایی لەگەڵ ئەلمانیا واژۆ بکا. بەڵێ بەم شێوە ستالین بەم هەڕەشە شاراوە وەلامی هاوپەیمانانی دەداتەوە، سەرەڕای نیانی هەڕەشەکە بەڵام نابێ ئەمە بە دوور بگرین کە ستالین بیر لە ڕێککەوتنێکی تەنیایی دەکاتەوە لەگەڵ ئەلمانیا، هێزەکانی لە سنورەکانی ١٩٤١ نزیک دەبونەوە، ئاسایی

بوو ئەمە بە هزری خۆی یا یەکێک لە یاریدەدەرانیدا بێ و بپرسێ: ( ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە سنورێک بۆ ئەم خوێن رشتنە دابنێین و ئاشتی بەرقەرار کەین؟ ئەی کوتوزوڤی ئەسکەندەری یەکەم هانی وەستاندنی راونانی سوپای ناپۆلیۆنی نەدەدا لەسەر سنورەکانی روسیا؟ لە بەرژەوەندی ئەو دورگەی ( دورگەی بەریتانیی نەفرەت لێکراو) کە کوتوزوف دەیخواست ئەگەر ئەم دەریایە شۆرش بکا ئەم دورگەیە لوشدا؟ بەڵام چاوتێبرینەکانی ستالینیش هەمان چاوتێبرینەکانی ئەسکەندەری یەکەمە، بە ئاواتەوەیە هێزەکانی لە پایتەختی دوژمن ئاهەنگی سەرکەوتن بگێرن، بۆیە رێگە بە هێزەکانی دوژمن نادا هەناسەیەکی پشو بداتەوە.

ئێمە نازانین ئەگەر یەکێک لە هاوەلانی لە فەرماندەیی ستونی سوپا یا لە بیرۆی سیاسیی زاتی ئەوەی کردبێ ئامۆژگاریەکانی کوتوزوڤی بە گوێدا چرپاندبێ. بەڵام مافی ئەوەمان هەیە بڵێین پێداگریی لەسەر وێرانکردنی (رایخی سێیەم) سەرکەوتوو نابێ ئەگەر پێ وابێ لە رێگەی رێکەوتنی تاکلایەنە لەگەڵ ئەلمانیا سودی زیاترە لەوەی لە رێگەی سەرکەوتنی سەربازیانەیی بە هاوکاری هاوپەیمانان .
بەم شێوە ستالین هێزەکانی رۆژئاوای خستە گۆشەیەک کە دڵنیابن لەوەی ستالین بە تەنیا رێککەوتنی ئاشتەوایی لەگەڵ ئەلمانیا ئەنجام نادا.
ستالین رازی نەبوو میانگێری رۆژئاوا بۆ پرسی پۆلۆنیا قەبول بکا، نەک لەبەر ئەوەی لە کۆنگرەی تاران ئەم رێگەی پێدراوە دەست لە کاروباری پۆلۆنیا وەربدا بەڵکو بە بیانوی ئەوەی رۆژئاوا مافی ئەوەی نیە دەست بخاتە ناو کاروباری ناوەخۆی روسیا، پێ وابوو کە ئەوروپای رۆژهەلات دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی روسیادا بێ.
لەوکات واتە دوای کۆنگرەی تاران پرۆسەی دابەش کردنی ئەوروپا لەسەر مەیدان وردە وردە بەدیار دەکەوێ، گەرمترین بابەتی ئەوکاتەی بەر لە کۆنگرەی تاران، کە رۆژنامە نووس و سیاسەت مەدارەکان باسیان لێوە دەکرد، بابەتی پرۆژەی سەروەریی هاوبەشی ئەوروپا بوو کە هەرسێ هێزە زەبەلاحەکە پیادەیان دەکرد بەڵام هەریەکە دەستی بەسەر دراوسێکەیدا گرتبوو، پاساویش ئەوەبو کە تەنها ئەم سێ دەولەتە زەبەلاحە توانای ئەوەیان هەبوو لە رێگەی هێزەکانیانەوە سەرکەوتن بەدەست بێنن و ئاشتی بپارێزن. لە راستیشدا روزفلت لە میانی کۆنگرەی تاران پرۆژەیەکی دایە دەست ستالین جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ ئەمەی ئێستا پیادە دکرێ، ناوی نابو پرۆژەی (چوار پۆلیسەکە)، ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا وچین کە بەرپرسن لە دابین کردنی ئاشتی جیهانی. دبلوماتکارانی ولاتانی هاوپەیمانی (هاوپەیمانیی پیرۆز) باسیان لەو هاوپەیمانێتیە کرد کە دوای شەڕەکانی ناپۆلیۆن بەستبویان هەروەها باسیان لە ئەزمونی ئاشتەوایی ڤێرسایی هاوچەرخ دەکرد کە سەرەڕای ئەو هەموو خۆپیشاندانە دیموکراسیانە چۆن ولاتە زلهێزەکان بەسەر کۆنگرەی ئاشتەواییدا زاڵ بوون. دبلۆماتکارانی ستالین گەرانەوە بۆ ئەو پەیماننامە نهێنیانەی روسیا بەر لە شۆڕش واژۆی کردبوو ئەوکاتەی بۆلشەڤیەکانیش دێنە سەر دەسەڵات لینین رەخنە لەو پەیماننامانە دەگرێ. لە نێو ئەو

پەیماننامانە، پەیماننامەی روسیی بەریتانیای بەر چاو دەکەوێ کە لە ١٩٠٧ لەسەر دابەش کردنی ئێران رێک دەکەون، هەروەها پەیماننامەی لۆندۆنی ١٩١٥ شیان بەرچاو دەکەوێ کە بەریتانیا رەزامەندە لەسەر ئەوەی روسیا قوستەنتینە و کەنداوەکانی تورکی و ئوراسیا بخاتە سەر خاکەکانی و بە کارایی دەست بەسەر بەلکاندا بگرێ. زمان حالی دبلۆماسیەتی روسەکان:

ئەگەر بەریتانیەکان ئامادەن ئەم پاروە چەورە بدەنە روسیای قەیسەری، ئەی بۆچی ئێستا رێگرن لەبەردەم روسیای ستالینی ئەم پاروە ئەگەر هەمووشی نەخوا بەشی زۆری لێ بخوا؟

ئەو نیمچە یەکگرتنەی هاوپەیمانێتیەکان کە کاتی خۆی لە نێوان دەولەتان ئەنجام دراوە نیشانەی ئەوەیە سەرکردەکانیان لە زێدی یەک چین و نوێنەری یەک توێژی کۆمەڵایەتی و یەک بەرژەوەندی بوونە واتە خاوەن پاشخانێکی کۆمەڵایەتی هاوبەش و لەیەکچو بوونە، خاوەن یەک زمان و کەلتوری هاوبەش بوون بۆیە ئاسایی بوو وا لەسەر دەستکەوتەکان رێککەون، بەڵام ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ مایەی سەرسوڕمانە، سەرکردەکان هەریەکەو لە توێژ و چینێکی دژ بەیەکن بەرژەوەندیە کانیان کەم یەک دەگرنەوە، ئەوەتا سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە دوژمنە سەرسەختەکانی کۆمۆنیزمە کەچی خاوەنی پرۆژەی سەرۆکایەتیی هاوبەش بوو.

وا پێدەچی یەکەم پرۆژەی نیمچە فەرمی لەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵات، لەلایەن حکومەتی بەریتانی لە ١٩٤٤ دەردەچێ، بەریتانیەکان پێشنیاریان کرد رومانیا و بولگاریا وەکو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی روسیا بن، لە بەرانبەردا دان بەوە بنێن کە گریکستان لە بەراییەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا بێ، ستالین هەر زوو رەزامەندیی لەسەر ئەم پێشنیارە دا، لە ١٩٣٩ و ئێستاش، ستالین ئەرکی دابەشکردن و دیاری کردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵات بە بەریتانیای هاوپەیمانی دەسپێرێ، بەڵام ویستی لە یەک شت دڵنیابێ: ئایا چرچل خۆی کار بە پێشنیارەکەی دەکا؟ ئایا خۆی بە بەرپرس دەزانێ بەرانبەر بەم پرۆژەیە؟ لە روزفلت دەپرسێ ئاخۆ ئامادەیە پشتگیری لەم رێککەوتنە بکا.

بەڵام روزفلت رەتی کردەوە پابەندی ئەم پەیمانە نوێیە بێ. دواتر رەتی کردەوە ئەنجامەکانی رێککەوتنی تاران بگرێتە ئەستۆ کە روسیای دەست والا کرد دەست بگرێ بەسەر بەلکان، ئەمەو لە کاتێکا چرچل هەولی دەدا پەند لە شکستەکانی وەرگرێ کە لە تاران پێی گەیشت، لەوانە هاندانی سوپای روسی بۆ گەیشتنیان بە گریکستان. ئەمەو روزفلت دەست نیشانی ناڕەزاتیەکانی نەکرد لەسەر پرۆژەکە، ستالینیش ئەو رێککەوتنەی وزەیرانی ١٩٤٤ ی پێ رەوا و پەسندە کە ئەمریکا و بەریتانیا رازی بوون روسیا دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی بەلکان بسەپێنێ، پێی وایە ئەو رێککەوتن کارایە و تا ئێستاش کاری پێدەکرێ.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ چرچل و ئیدن بە سەردانێکی فەرمی دەگەنە مۆسکۆ، رێککەوتنەکە نوێ دەکرێتەوە و بەندێکیتریشی دەخرێتە سەر، کە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و روسیا بە یارمەتی وەزیرانی هەردوولا لەسەر دیاری کردنی ناوچەی بەلکان رێک دەکەون، ئەوکات دۆخێکی گێرەشێوێن و نارێک دەخولقێ. بالوێزی ئەمریکا لە مۆسکۆ دەنوسێ دەڵێ:

ئەوان لەسەر ئەوە رێککەوتون کە رێژەیەکی سەرەکی لە بولگاریا و رومانیا بۆ روسیا بێ بە رێژەی لە سەدا ٧٥تا٨٠%، بەشی بەریتانیاش دەبێتە ٢٠تا٢٥% ، بۆ یوگسلافیاش لەسەر ئەوە رێککەوتن کە بەشی هەریەکەیان نیوە بە نیوە بێ.

لە حوزەیرانی ١٩٤٤ لایەنە پەیوەندیدارەکان پێیان وابووە کە دابەش کردنی ئەوروپا بەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵات کە تا ئەوکات هیچ ئاماژەیەکی سیاسیی نەبووە تەنها کردەیەکی سەربازیە، ئەمە بۆ ئەوەبوو ئەو رێککەوتنە سیاسیەیان بشارنەوە کە لە تشرینی یەکەم ئەنجامیان دابوو، لەو رێککەوتن و پەیمانامەیەدا هاتووە: ( ئەگەر بەریتانیا ناچار بوو کردەیەکی سەربازی ئەنجام بدا بۆ چارەسەری کێشەی ناوخۆیی گریکستان، روسیا مافی ئەوەی نەبێ دەستبخاتە پێشی. لە بەرانبەردا بەریتانیا دان بە روسیا دەنێ کە بەرپرسی سەرەکیە لە دابین کردنی ئاشتی و ئارامی لە رومانیا) .

ستالین زۆر چاک دەزانێ مەبەست لە کێشە ناوەخۆییەکان چیە کە بۆ گریکستان بەکار هاتوە و چرچل پێشبینی دەکا رودەدا.

بەریتانیەکان کە دەچنە ناو گریکستان، هێزەکانی E.L.A.S. دەستیان بەسەر دەسەڵاتی ولاتدا گرتبوو کە هێزێکی کۆمۆنیستی بوون، چرچل لەم هەنگاوەی پێشبینی رودانی شەڕی ناوەخۆی دەکرد، بۆیە خۆی بۆ ئامادە کرد، ستالین هەلوێستەکانی دووبارە دەکاتەوە کە بەرپرس نیە لە چارەنوسی چەپڕەوانی گریکستان. پەیمانی چرچلیش دەڵی دەست ناخەمە نێو کاروباری رومانیا، مانای ئەوەدێ بایەخ بە چارەنوسی راستڕەوانی رومانیا نادا.

ئەگەر هیچ ئالوگۆرێکی نمونەیی هەبن ئەوە ئەمەیان یەکێکە، ئەمە گەلێک دەولەتی گرتەوە، هەرکە چرچل و ستالین ئەم رێکەوتنە واژۆ دەکەن، لایەنگرانیان دەهۆلی بۆ لێدەدەن و ستایشی رۆلی هەریەکەیان دەکەن لەم رێککەوتنە، دوای ماوەیەکی کەم لە سەردانەکەی چرچل بۆ مۆسکۆ، ستالین دەڵێ: ( رودانی ناکۆکی لە نێوان هاوپەیمانان رووداوێکی سەرسوڕمان نیە، سەرسوڕمانی لەوەدایە ئەگەر ئەم ناکۆکیانە کەم و ورد بن ئێمەش بتوانین بە گیانێکی تەبایی و هاوکاریەوە چارەسەریان بکەین) دواتر دەڵێ : ( یەکێک لەو نمونانەی بەم دواییە، دانوستانەکەمان بوو لەگەڵ بەرێز چرچل و بەرێز ئایدن لە مۆسکۆ، کە لە دۆخێکی برایانە و تەبایی ئەنجام درا).

دواتر چرچل بە هەمان شێوازی دەربڕینی خۆشحالی لە ئەنجومەنی گشی بەریتانی وەلامی دەداتەوە:(مارشال ستالین و باقی سەرکردەکانیتری سۆڤیەتی مەبەستیانە لە گەڵ دیموکراسیەتی رۆژئاوا و بە گیانێکی دۆستانە و تەبایی بژین.. من وای دادەنێم کە ئەم پەیمانەیان قەرزە بەسەریانەوە. من نەمزانیوە هیچ حکومەتێک وەفای بۆ پەیمانەکەی هەبێ ئەگەر لە بەرژەوەندی خۆیدا نەبێ، جگە لە حکومەتی سۆڤیەتی، بۆیە بە هیچ شێوەیەک ناچمە ناو ناوەرۆکی راستی نیازی روسەکان). چرچل پاساوێکی هەبوو بۆ ئەوەی ئەم لێدوانە بدا، ئەوەتا کاتێک لە کانونی یەکەمی ١٩٤٤ شەڕی ناوەخۆی گریکی رودەدا راگەیاندنەکانی سۆڤیەت بە تاقە وتەیەک باس لەم شەرە ناکەن، نە بەرەوای بزانن نە سەرکۆنەی بکەن، نە هانی چەپڕەوەکان بدەن یا باس لە ئازارەکانیان بکەن. ئەم بێدەنگیەی سۆڤیەت

مانای ئەوەیە ستالین دەستی لە گریکستان شوشتوە، ئەوکات لوتکەی سەردەمی دۆستایەتیی مکومی ستالین و چرچل دەبێ، ( ئەم ئالوگۆرە نوێیە دۆستی خۆشەویستی لێ لەدایک دەبێ، ئالوگۆری باشتریش دۆستی باشتریشی لێ وەپاش دەکەوێ.) .
نابێ وا بیربکەینەوە کە مەرجەکانی ئەم رێککەوتنە رون و دیار بوبن و ستالین بە راشکاوانە رازی بوبێ بزوتنەوە کۆمۆنیستیەکانی دەرەوەی سنوری یەکێتی سۆڤیەت سەرکوت بکرێن، لە راستدا پرسەکە بەم شێوە لای چرچلیش ئەوەندە رون نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا دۆخێکی گوماناوی و بێ متمانەیی لە نێوانیاندا دروست بوو کەسیان نەتوانن بە رونی مەبەستەکانیان ئاشکەرا بکەن، وادیاریشە کە دەستەواژەی ( ناوچەکانی ژێر دەسەڵات) لە دۆکۆمێنتە فەرمیەکان نەهاتوە. بە زمانێکی پێراگەیاندن و تاوتوێ کردن نوسراو، هەموو بەیاننامەکان دەستەواژەی ( دەست نەخستنە ناو کاروباری دەولەت)ی تیادا هاتوە، لە کاتێکا هەموو دەولەتە مەزنەکان دەستیان لە ناو کاروباری ولاتانی تردا هەبوو، روسیا و بەریتانیا بەردەوام دەستیان لە ناو ئێراندا وەردەدا تا ئەو حکومەتەی سەربە ئەلمانیا بوو روخاندیان، دیسان ئینگلیز دەستی لە ناو عێراق و میسردا هەبوو، روسەکان لە ناو پۆلۆنیا لە ناو هەموو ئەو دەولەتانەی پەیمانی ئەوەیان پێدابون دەست نەخەنە ناو کاروباری ناوەخۆیان، بە هەمان شێوە ئەمریکیەکان دەستیان لەو ناکۆکیەدا هەبوو کە لە فرەنسا لە نێوان دیگول و جیرۆ و دارلان روویدا. لە کێشەی نێوان عمانوئیل و بادوگیلو و ئۆپۆزسیۆن لە ئیتالیا. کوردیل هالک دەنوسێ و دەڵێ: ( من ئومێد دەخوازم روسیا بگاتە ئەو بڕوایەی کار بۆ سیاسەتی هاوکاری و دەست نەخستنە ناو کاروباری نێو خۆی ولاتان بکا).
هەر بەم هۆیەوە ناڕەزایەتی خۆی بۆ پەیماننامەی (شابولتیبیک) دەربڕی کە لە ئاداری ١٩٤٥ واژۆ کرا، تیایدا رێککەوتن لە نێوان ولایەتەکانی ئەمریکی ئەنجام دەدرێ بە دەستێوەردانی سەربازی بە هەر ژمارەیەکی پێویست بکا لە کاتی پێویستی، بە واژۆ کردنی ئەم پەیماننامەیە روسیا بیانوی بۆ دەرەخسێ تا هاوکاری هەموو گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان بکا لە دژی رژێمی ئەو ولاتە دراوسێیە بۆ سەرنگون کردنی حکومەتەکەیان، بەلام پەیماننامەی شابولتیبیک بوە بەشێک لە سیاسەتی ئەمریکا سەرەڕای ناڕەزایی دەربڕینەکەی کوردیل هال.
ستالین وەکو کەسە ئازادەکە لە ترسی ئەفسانەیی، پێیوایە دەستێوەردانی هەرسێ سەرکردە زەبەلاحەکە لە کاروباری ناوەخۆی ناوچەکە کارێکی مسۆگەرە. ئەم دەستێوەردانە لە پێویستیە سەربازیەکانی سنورداری ناوچەکەیە، پاساوی خۆی هەیە.
ستالین سوور بوو لەسەر ئەوەی قەوارە و تواناکانی خۆی نیشانی بەریتانی و ئەمریکیەکان بدا لە دەستپێشخەری هەر دەستێوەردانێکی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی. حزبە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا و فرەنسا و ئیتالیا بە تایبەتی، بەهۆی بەرگریەکانیان لە دژی ئەلمانیا سۆزی خەلکیان بۆ خۆ راکێشابوو، هەرچەندە کۆمنترن بە فەرمی هەلوەشابۆوە، بەلام مۆسکۆ وەکو جێچاوانی ئەو حزبانە مایەوە. بەم شێوە ستالین وەکو خاوەن دەسەڵات لەو ناوچانەی کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی هێزە ئەوروپیەکان

مابۆوە، دوای رزگار بوونی فرەنسا بە ماوەیەکی کەم ئەم دەرفەتەی قۆستەوە تا هەستی فرەنسیەکان بۆخۆی بکێشێ و سەرنج بە چرچل و روزفلت بدا، گومان لەوەدا نیە کە ئەو خاوەنی سیاسەتی میانڕەوی بوو کە حزبی کۆمۆنیستی فرەنسی و ئیتالی پیادەیان دەکرد، کە رازی بوون بە پێکهێنانی حکومەتەکانیان لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتی نیشتمانیی بەرفراوان بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو ولاتانە، ئەو بەرنامە کۆمۆنیستیی پشتگوێ خست کە دەڵێ نابێ بە حکومەتێک رازی بیت بورژوا تێیدا بەشداربێ. ئەم دوو حزبە هەرچەندە بەهێزترین حزب بوون لە ولاتەکەی خۆیان بەلام بۆ بەرژەوەندی گشتی رازی بوون بە وەرگرتنی پۆستی دووەم لە حکومەت کە هیچ مەترسیەکیان نەبێ لە دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا، بۆیە کاتێک ئەو حزبانە ویستیان کۆمۆنیستەکان وەلانێن بۆیان چوە سەر توانیان لە حکومەت وەدەریان نێن، هێزەکانی پۆلیس و سوپاش بەدەست هێزە دژە کۆمۆنیستەکانەوە بوو، ئەوان بڕیاریان دا ئەوروپا لەسەر سیستەمی سەرمایەداری لیبرالیزم بێ.

هەندێک جار ستالین ئەم هەلوێستانەی بە راشکاوی رادەگەیاند بەبێ بایەخدان بەو روکەشیانەی کە لەگەل سۆسیالیست و لیبرالیستە میانڕەوەکان رووبەروو دەبێتەوە.

نمونەی ئەمانە داننان بە حکومەتی ئیتالیا بە سەرۆکایەتی مارشال بادوگیلو لە ئاداری ١٩٤٤، ئەمە بەر لەوەی لەگەل هێزە ئەروپیەکان لەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵات رێککەون. حزبە چەپڕەو و میانڕەوە ئیتالیەکان داوای لەسەر کار لادانی بادوگلیوی فەرماندەی گرتنی حەبەشە یان دەکرد چونکە ئەو تەنها فەرمانەکانی پادشای ئیتالیا (فکتور عمانوئیلی) ی جێبەجێ دەکرد، بەم هەلوێستەی ستالین پێگەی بادوگیلو بەهێز دەکا لە دژی ناحەزانی، گەل فشاریان خستبوە سەر پادشا تا دەست لە پادشایەتی هەلگرێ چونکە متمانەی گەلی لەدەست دابوو، رۆژنامەی ئەزڤیستا رایدەگەیەنێ ناکۆکیەکانی لەگەل پادشا بۆ کاتێکی نادیار دوادەخا. دواتریش کۆمۆنیستەکان لە ئەنجومەنی دامەزراندنی ئیتالی دەنگ بۆ نوێ کردنەوەی پەیماننامەی (لاتیران) دەدەن کە مۆسۆلینی لەگەل فاتیکان واژۆیان کردوە، بەم کارەیان ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سۆسیالیزم و لیبرالیزمیان لەت کرد و بەشداریان لە پێدانی ناوەندێکی بەهێز بۆ رۆحانیەکانی کاسۆلیک کرد. لە فرەنساش دوای دەربڕینی ناڕەزاییەکی سوک، حزبی کۆمۆنیست کەوتە دوای هەنگاوەکانی جەنەرال دیگول کە بە چاوتێبرینە دکتاتۆریەکانی و هەلوێستەکانی دژ بە مارکسیزم و بەستەگیی بە نێوەندی ئەکلیرکیەوە ناسرابوو.

تا ئێستا هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆ لە ستالین نەبینراوە کە نیازی چاکسازیەکی شۆرشگێرانەبێ لەو ولاتانەی کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی ئەو، بانگخوازانی کۆمۆنیزم لەو ولاتانە بە زمانی نەتەوایەتی دەدوێن، بەلکو زمانی کەلیساش، رێگە بە پادشای رومانیا (میخائیل) درا لەسەر تەختی پادشایەتی بمێنێتەوە و داتر بالاترین مەدالیای سەربازی روسیشیان پێدا، بۆ ئەو رۆلەی هەیبو لەو کودەتایە کە بوە مایەی سەربەخۆ بوونی رومانیا لە ژێر دەستی ئەلمانیا. لە ولاتانی بەلکان هەلوێستی جەنەراڵە سۆڤیەتیەکان و سەرکردەی کۆمۆنیستە خۆجێیەکان هەمووی ستایش و پیاهەلدانی رۆحانیە ئەرسەدۆکسەکان بوو. لە هەمان کاتیشدا خۆشگوزەریان بۆ کاسۆلیکە پۆلۆنیەکان دەنواند، تا ئێستا

قسه و باس لەسەر جێبەجێ کردنی سۆسیالیزم لە بواری پیشەسازیدا بوونی نیە، رێکارەکان تەنها لە چوارچیوەی هەندێک رێکاری کشتوکالی وەستان کە خۆیان پێویستیان پێی بوو.

ستالین توانیی رەزامەندی لەسەر دوو پرسی گرنگ لە هاوپەیمانان وەرگرێ کە ژیانی سیاسی روسەکانی لەسەری دەرۆیشت:

١/ پرسی یەکەم پەیوەندیی بە مافی ستالینەوە هەبوو لە دەست خستنە ناو لە دژی ئەو حزبانە یا کۆمەلانەی سەر بە نازیسم یا فاشیزمن و کار بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیموکراسی بکا لە ولاتە دراوسێکانی روسیا.

٢/ پرسی دووەم دەبێ رابگەیەنن کە ئەو حکومەتانە حکومەتی دراوسێ و دۆستی روسیان.

ستالین بۆ یەکەم جار ئەم دوو پرسەی لەسەر پۆلۆنیا جێبەجێ کرد کەلە دوا سالەکانی جەنگ سەنتەری دبلۆماتکارە بێگانەکان بوو. مەبەستی لەم کارە، دەستبەرداربونی حکومەتی پۆلۆنیا بن کە لە لۆندۆن دامەزرابوو بە بیانوی ئەوەی نە دیموکراسیە نە دۆستی روسیایە. ئەمە نمونەیەکی زیندوی دکتاتۆریەتە کە خۆی بەرەوا ببینێ بڕوانامەی دیموکراسی بەو لایەنە بدا کە لە بەرژەوەندی ئەو کار دەکا، ئەمە تەنها فرت و فێلێک نیە ستالین دەیکا بەلکو لە فێلە مەزنەکانە، بێ گومان پێی وایە ئەمە خزمەتی دیموکراسی دەکا ئەو پاساوەی ستالین بۆ بەناشەرعی ناساندنی حکومەتی پۆلۆنیا لە لۆندۆن گوایە حکومەتێکی هەلپەرستە لە هاوپەیمانی جوتیارە نیمچە کۆنەپەرستەکان وسۆسیالیستی میانڕەو و سیاسەتمەدارەکان پێک هاتوە ئەمە نابێتە حکومەتێکی دیموکرات، ئەگەر بە هەر پێوەرێکی رۆژئاوایی بێ یا رۆژهەلاتی ئەوا سەرجەم ئەوانەی هاتونەتە سەر دەسەڵات لە پۆلۆنیا کەسانی لایەنگری دکتاتۆرەکان بوونە بە نمونە: بیلسودسکی و ریدز_سمیگلی. دواتر هەر هەموویان ئەوانەی دیموکرات و دژی دیموکراتن توشی پەتای دژایەتی روسیان، ئەمە خەسلەتێکی تایبەتیە بە سیاسەتمەدارانی پۆلۆنی، چونکە ئەوان ئەو ستەمە لە بیر ناکەن کە لە ١٩٣٩ لەسەر دەستی روسەکان چێشتیان.

لە راستیشدا لە پۆلۆنیا دەتوانین تەنها کۆمۆنیستەکان بە دۆستی سۆڤیەت ئەژمار بکەین، بۆیە ئاسایی بوو ستالین لە پای ئەو هەستە دوژمنکاریەیان ئەم هەنگاوانە بنێ، سنورەکانی پۆلۆنیا ببەزێنێ وپشتگیری (لێژنەی رزگاری نیشتمانی پۆلۆنیا) بکات کە بەدەست کۆمۆنیست و سۆسیالیستە چەپەکانەوە بوو. تا ئەوکات پەیوندیەکانی ستالین و پۆلۆنیەکان تژی رووداو بوون: هەندێک لەو سیاسەتمەدارانەی لایەنگری ستالین بوون لە ١٩٤١لە زیندانەکانی روسیا و سەربازگەکانی دەستبەسەرکردندا بوون. لە یەکێک لە ئاهەنگەکانی لیژنەی رزگاری، ستالین روو لە یەکێک لە سۆسیالیستە چەپڕەوەکان دەکا کە لە کاتی جەنگ زۆر ستەم و ئازاری لە پۆلۆنیا بینی بوو ، پێی دەڵێ ( چەند ساڵ لە زیندان مایتەوە، هاوڕێ؟ ئەمە پرسیارێکی لاساییە زیندانە سیاسیەکان لە یەکتری دەپرسن، پۆلۆنیەکە وەلامی دەداتەوە: مەبەستت کامە زیندانە پۆلۆنی یا روسی؟ هەر خێرا ستالین دەڵێ: تا زوتر زیندانەکانی روسیا لە بیر خۆتان ببەنەوە ئەوەندە بۆ ئێوە سودی زیاترە.

به پشتگیری کردنی له لیژنەی رزگاری پۆلۆنیا ستالین چرچل و روزفلتی خستە بەردەم دوو بژاردە. یا دەبێ لەسەر ئەو بڕوایە بن کە نابێ هیچ حکومەتێک لە پۆلۆنیا هەبێ ئەگەر دۆستی روسیا نەبێ، یا دەبێ لە پشتگیری ئەو حکومەتە بەردەوام بن کە لە بەریتانیا هەیە و ئەمریکا و بەریتانیا پشتگیریی دەکەن. هەولیان دا لەم پرسیارە راکەن فشاریان خستە سەر ستالین تا لەگەل ئەو حکومەتە دان و ستان بکا کە بە سەرۆکایەتی میکولایکزیک لە بەریتانیایە، جوتیارە کۆنەپارێزەکەی جێگرەوەی سیکۆرسکی.

میکولایکزیک لەو کەمینە سیاسەتمەدارانە بوو کە ئامادەبو سازش لەسەر سنورەکانی کورزون بکات. میکولایکزیک لە تەموزی ١٩٤٤ سەفەردەکاتە مۆسکۆ، حکومەتی مۆسکۆش بە فەرمی دان بە لیژنەی لوبلین دەنێ، دوای ئەوەی بە بێ شەرمانە ستالین دەست دەخانە نێو کاروباری ناوەخۆی، حکومەتێکی بەسەردا دەسەپێنێ و داوا لە میکولایکزیک دەکا لەگەل لیژنەی لوبلین رێککەوێ.

لەوکات رووداوێکی نەخوازیار روویدا پێ دەچێ ستالین دەستی لەگەڵدا نەبووبێ، لە وارسۆ راپەڕین دژی ئەلمانەکان دەستی پێکرد، شۆرشگێرەکانیش بە فەرماندەیی ئەفسەرێک بوون کە لە حکومەتەکەی لۆندۆن مەشقیان پێکرابوو. سوپای سوور لەسەر رۆخی شاری وارشۆ بوو، سەرکردەکانی راپەڕین بەهەلەدا چون ئەگەر وا مەزندە بکەن کە ئەلمانەکان بەخێرا بەم راپەڕینە شار چۆل دەکەن. راستە هاندەری سەرەکی بۆ ئەم راپەڕینە رزگار کردنی شارەکەیانە، بەلام هەلە گەورەکە فەرماندەی راپەڕینەکە کردی بەر لەوەی هەماهەنگی لەگەل سوپای روسیدا بکا، ئەم راپەڕینی دەست پێکرد، لە کاتێکا فەرماندەی سوپای روسی بە فەرماندەیی کەسێکی بەرەگەز پۆلۆنی بوو لە لێوار شاری وارسۆ جێگەیان گرتبو بەناوی ( مارشال روکوسوفسکی) . هەلەی راپەڕیوەکان لەوەدابوو، ویستیان بەر لەوەی سوپای سوور بگاتە نێو شار ئەمان وارسۆ رزگار، ئەگەر ئەمەش نەکرا لەکاتی دان و ستان لەگەل سوپای روسی، داواکاریەکەیان بە هەند وەربگیرێ.ئەوەندەی نەبرد هەست بەوە کرا کە راپەڕینەکە کارەساتی بەدواوەیە، ئەلمانەکان توانیان سوپاکەی روکوسوفسکی لە شوێن خۆی راگرن، لە روباری فیستولاو بەرەو دواوەی ببەن، لەجیات ئەوەی بنکەی سوپای ئەلمانی پایتەخت جێبێلێ ئەمجارە هێرشەکانیان لەسەر شۆرشگێرەکان چر کردنەوە، هەرچەندە پۆلۆنیەکان شەرێکی قارەمانانەیان کرد بەلام ئەلمانیەکان لە تۆلەی ئەمە شاریان بە تەواوەتی کاول کرد شەقام بە شەقام کۆلان بە کۆلان خاپور کران، ناچار داوای هاوکاریان لە روسیا کرد، سەرەتا بەو راپۆرتانەیان بڕوا نەکرد کە راپەڕین دەستی پێکردوە، دواتریش پەیمانی هاوکاریان پێدان بەلام نەیان گەیاندە جێ. بەلکو لە گێرانەوەکە هەندێک دەست کراوە بین و پاساو بۆ بەهاناوە نەچون بێنین، دەکرێ لەشکری روکوسوفسکی لە توانایدا نەبووبێ هێرشەکەی ئەلمانیا بشکێنێ و بگاتە نیو شار، ستالینیش بەهۆی دروست بوونی شەرێکی سەخت لە ناوچەی کاربات لە رومانیا لە توانایدا نەبووبێ هێز بنێرێ و بە هانای راپەریوەکاندا بچێ. بەلام دوای ئەوە هەنگاوێکی نا ترسی خستە دڵی هاوپەیمانان.... رێگەی بە فرۆکە بەریتانیەکان نەدا لەودیو هێلی شەرەوە لە فرۆکەخانەکانی روسی بنیشنەوە بۆ گەیاندنی هاوکاری بە شۆرشگێرەکان. بەم

هەنگاوەی هاوکاریەکانی بەریتانی بۆ شۆرشگێران کەمی کردەوە. دواتر فرۆکەی روسی بینران بەسەر شارە سوتاوەکە دەفرێ و هاوکاری دەگەیەنیتە شار و شۆرشگێرەکان، قورسە ئەگەر وا بیر بکەینەوە ستالین بەم هەنگاوەی مەبستی هاوکاری کردنە، بەلام مەینەتەکانی پۆلۆنیان کاری کردە سەر سۆزی ئەوان، سەبارەت بە ستالین تەنانەت لایەنگرانیشی رق و کینەیان لێی هەلگرت. ئێمە نازانین مەبەست لەم کارە چی بوو، وا پێدەچی دەرکردنی ئەو رق و کینەبێ لەو کەسانەی لە سەردەمی لەناوبردنەکان رقیان لە ستالین هەلگرتبوو.

---

\+ \+ \+

ئەوکاتەی ستالین و رۆزفلت و چرچل لە ١١شوباتی ١٩٤٥ لە یالتای سۆڤیەتی لەسەر دفەریای رەش بەیەکەوە کۆبونەوە، لە نێوان دوو کەوانەی سەرکەوتن دابوون، هەستیان کرد ئەوانەی رێگرن لە بەیەک گەیشتنیان ئەوانە لێیان تێناگەن، ئەمە ئەو پرسە بوو کە هیتلەر گرەوی لەسەر کردبوو، ئەو لە نوسینگە دانیشتبو چیرۆکی دەرباز بوونی فریدریکی مەزنی دەخوێندەوە کە بەهۆی ناکۆکی دوژمنەکانی لە نێو خۆیاندا لە شەڕی حەوت سالە، ئەو نەجاتی ببوو، سەرکردەی هاوپەیمانە سێ قۆلیەکە بایەخیان لێدانی دوا گورز بوو لە دوژمن، بۆیە هەموو پرسەکانیان بۆ دوای ئەم لێدانە هەلگرتبوو.

ستالین وەکو کۆبونەوەکەی تاران یەکەم سەرکەوتو نەبوو، بەریتانیەکان و ئەمریکیەکان لەسەر کەناری روباری راینن، بەلام بالا دەستی سوپای روسی بە رونی پێیەوە دیارە، ئەوەتا لەسەر کەناری روباری ئەودەر سوپای سووری روسی ئامادەیە هێرش بکاتە سەر بەرلین. دوای دوو هەفتە لە کۆبونەوەی یالتا رووداوێک روویدا بوە نیشانەی بەهێزی سوپای روسی. ئەلمانیەکان هێرشێکیان کردە سەر سوپای سوور لە ناوچەی (ئاردی)، بۆ یەکەم جاربوو بتوانن هێزەکانی بەریتانی و ئەمریکی لەت کەن، لە ١٤ی کانونی دووەم مارشال ئەلجوتدیر جێگری جەنەرال ئایزنهاور دەگاتە مۆسکۆ داوا لە ستالین دەکا زنجیرەیەک لە هێرش بکەنە سەر سوپای ئەلمان بۆ ئەوەی فشارەکان لەسەر سوپای بەریتانی و ئەمریکی کەم ببنەوە، ستالین رەزامەندی دەدا. دوای سێ رۆژ لەو بەروار سوپای روسی دەگاتە نێو پایتەختی پۆلۆنیا ( وارشۆ) و لە رێگای روباری ئەودرەوە پێشرەویەکانی بەردەوام دەبێ. بۆیە کاتێک لە کۆشکی لیڤادیا پێشوازیی لە میوانەکانی دەکرد،(کۆشکی

هاوینە لە نزیک یالتا) لە نێو ئەو کاولکاریەدا هەستی بە شانازیەک دەکرد کە روسیا بەشداریەکی کارای هەبووە لە رزگار کردن، دیارە بێگانەکانیش دەستخۆشیان لێی کردوە و دانیان بەم کارە جوانەی ناوە.

تا ئەوکات هەرسێ سەرکردەکە لەسەر بیرۆکەی سەرکردایەتیەکی بە کۆمەڵ هاورا بوون بۆ دابەش کردنی بەرژەوەندیە کان، بەلام کاتێک جەنگ لە کۆتاییەکان نزیک دەبێتەوە بۆچونەکانیان بە جۆرێکی تر دەبێ ترس و گومان لە یکتری زیاد دەکەن، هەریەکەیان ئامادەیی پێوە دیار بوو دەست بەرداری هەندێک لە داوا و دەستکەوتەکانی بێ، لەم پێناوە مەبەستیان وەدەست هێنانی دلنیایی بووە. بەلام ئاراستەکانی سەربازیان ئالۆز و ناکۆک بوون لەگەل بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان نەدە هاتنەوە، هەرسێ سەرکردە تا هەلوێستی سەربازیان بەیەکەوە دەنواندن ئەوەندە لە ژێرەوە تۆی ناکۆکی دەروا.

ئەگەر بمانەوێ وێنەیەکی ناوەوەی ئەوان بکێشین ئەوا لە میانی ئەو گفتوگۆیەی بۆ دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەنجامیان دا ئەو وێنەیە دەبینرێ. گوتوبێژەکان لەسەرمافی ڤیتۆ چڕ بوونەوە کە لە ئەنجومەنی ئاسایش دیاری دەکرێ وئەو مافەش ولاتە زەبەلاحەکان بۆ خۆیان قۆرخیان کردوە. ستالین لە هاوەلەکانی زیاتر خواستی ئەم بەندەی هەبوو. مەبەستی بوو ئەم مافەی ڤیتۆ ئەوەندە توند بکرێ کەس نەتوانێ تانەی لێ بدا، چرچل پێشنیاری کرد نەتەوە یەکگرتوەکان دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ رێکار بەرانبەر هەر دەولەتێکی زەبەلاح وەرگرێ بۆئەوەی رێگەی پێنەدا دەست بەسەر دونیادا بگرێ، ستالین دەڵێ: من دەمەوێ لە بەرێز چرچل بپرسم ناوی ئەو دەولەتە بڵێ کە بە نیازە دەست بەسەر دونیادا بگرێ. من دلنیام بەریتانیای مەزن ئەو نیازەی نیە، هەروەها دڵنیام ئەمریکاش یەکێکە لە دەولەتە زەبەلاحەکان ئەم نیازەی نیە دەست بەسەر دونیادا بگرێ ، چرچل قسەی پێ دەبرێ و دەڵێ:

ئایا دەتوانم وەلامت بدەمەوە؟ ستالین بە پەلە بوو لە تەواو کردنی وتەکانی وتی: ( بێ زەحمەت یەک سات یارمەتیم بدە، وتی مەترسیە مەزنەکەی داهاتوو ئەوەیە کێشە بکەوێتە نێوانمان.) بەم دەستەواژە گوتەکەی چرچلی رسوا کرد، وا پێدەچوو چرچل مەبەستی روسیا بوبێ. کە ستالین پێداگریی لەسەر ئەوە کرد خالەکان بخاتە سەر پیتەکان، چرچل شپرزە دەبێ، چرچل وتی: مادام ئەو سێ سەرکردەی سەرپەرشتی جەنگەکەیان کردوە لە ژیاندا ماون ئەم ترسەش نیە.  بەلام گرەنتی هەیە کە جێگرەوەکانیان وەکو خۆیان یەکگر دەبن؟ ستالین بەو پاساوە دلنەوایی نەهات. باسی لە کۆنە قینێکی روسی بۆ کردن: لە میانی شەڕی فینلەندا و روسیا لە ١٩٣٩ کۆمەڵەی نەتەوەکان سەرزەنشتی روسیای کرد و بڕیاری دەرکردنی لەسەر دا لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئەمە ئەو کۆمەڵە بوو کە هیچ کاتێک لە دژی دوژمنکاری هیتلەر جولەی نەکردوە، روسیا لە داهاتو رێگە نادا بەم شێوە مامەلەی لەگەڵدا بکرێ.

خۆشیەکە ئەوەیە لەو ماوەی جەنگدا ستالین بەردەوام داوای فەرماندایەتی هاوبەش لەو سێ سەرکردە کردوە و هەموو پێشنیارێکی تری رەت کردۆتەوە لەگەڵ ئەوەشدا ترس و گومانی لەو سەرکردانە لە پیلانەکانیان هەر هەبووە. کاتێک چرچل پێشنیار دەکا فەرەنسا پشکی لە چاودێری کردنی ئەڵمانیادا هەبێ، ستالین دەڵێ:

فەرەنسا دەرگای بۆ دوژمن والا کردوە. پاساوی ئەوەبو کە پێگەی هەر دەولەتێک لەم ئەنجومەنە ئاستی بەشداریی دیاری دەکا لە جەنگی دووەمی جیهانی و قوربانیەکانی پێشکەشی کردون. بە دڵنیایەوە بە پێی ئەم بنەمایەبێ ئەولەویەت بۆ روسیایە چونکە هیچ ولاتێک بەقەدەر روسیا قوربانیی نەدا و زیانی لێ نەکەوت. ئەوکات چرچل بە سەیرەوە تەماشای سێ سەرکردەکە دەکا، ستالین دەڵێ: ئەوەی بیەوێ ببێتە ئەندام دەبێ پێنج ملیۆن سەربازی هەبێ، دیارە روسیاش بە پێنج ملیۆن قوربانی بەشداریی داوە رێگە نادات ولاتە بچوکەکان بێن نەخشە بۆ ولاتە مەزنەکان دانێن، بەلام ستالین ترسی لەوە هەبوو بەریتانیا و ئەمریکا هانی ولاتە بچوکەکان بدەن دژی بۆچونەکانی روسیا دەنگ هەلبرن و دژی بوەستنەوە. لە یەکێک لە بۆنەکان پێداگریکرد لەوەی، دەبێ نەتەوە یەکگرتوەکان سوپای هەبێ. بەتایبەتی سوپایەکی ئاسمانی و بنکەی لە هەموو ولاتە بچوکەکان هەبێ، هەرچەندە ئەمریکا ئەم بیرۆکە رەت دەکاتەوە بەلام متمانەی تەواوی بەم سێ سەرۆکە هەیە، دواتر ترسی لەوە هەبوو کە روسیا بەو کەمینەی لەنەتەوە یەکگرتوەکان چۆن داوای سەربەخۆیی ئوکرانیا و بەلەروسیا بکا و بیانکا بە ئەندامی ئەنجومەن تا دەنگەکانیان بەکار بێنی، لە پێناو جێگیر کردنی ئەم بنەمایە لە شوباتی ١٩٤٤ هەمومواری دەستوری یەکێتی سۆڤیەت کرایەوە، لەو گۆڕانکاریانەی کە کران لە بنەمای بنەرەتی ١٩٢٤ یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەت کە جۆرێک لە فیدرالیزمیان هەیە هەر کۆمارە و دەبێتە خاوەن سوپا و وەزارەتی دەرەوەی خۆی.

مرۆڤ لێرە ئەوەندە دەتوانێ ئومێد بکا لەو مەترسیانە دوور کەوێتەوە کە لە نێوان پرسەکان و ناکۆکیەکانی لێی دەردەکەون لەلایەک، لە نێوان ناشیرنی ئەو سازشیەی دەکرێ لەلایەکی تر. سەرۆک حکومەتەکان و وەزیر و بالوێزەکان باسیان لەسەر دەنگەکانی ئوکرانیا و بەلەروسیا بوو وەکو ئەوەی پرسی ئاشتی بەندە بەم دوو ولاتەوە. ستالین دەستکەوتێکی لە یالتا بەدەست هێنا، بەلام سەرکەوتنێکی مەزن نەبوو بۆی، ئەمە بە بۆچونی خۆی، لە بەرانبەر ئەمەدا ناچار دەبێ لە نەتەوە یەکگرتوەکان سێ دەنگ بە ئەمریکا دەدا ، ئەم داوایە ئەمریکا بە مافی خۆی دەزانی و پێداگریی لەسەر کرد، هەرسێ سەرکردەکە بەیاننامەیەکیان دەرکرد پێکەنینی دەویست. دەڵێ؛ هەموو دەولەتە بێلایەنەکان دەبێ بەر لە ئاداری ١٩٤٥ شەڕ لەسەر ئەڵمانیا رابگەیەنن، واتە بەر لەوەی هاوپەیمانان سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست بێنن، ئەمە وەکو مەرجی بەشدار

بوون لە کۆنگرەی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان کە بڕیارە لە سان فرانسیسکۆ ببەسترێ، دوای ئەمە دەرگای بە ئەندام بوون دابخرێ.

ناتوانین باس لە هەموو چیرۆکە سەیر و سەمەرە و پر لە کێشە و ئالۆز و مامەلەکان بکەین کە لە کۆنگرەی یالتا و بوتسدام رویاندا. سروشتی پەیوەندیەکانی ئەم سێ سەرکردە ئەوەبو کە لەسەر بڕیارەکان و دابەشکردنی بەرژەوەندیەکان بە رێکی و نهێنی ئەنجامیان دەدا، هەرکە خالە هاوبەشەکەی نێوانیان لەق دەبوو بەرژەوەندیە سەربازیەکانیش لەیەک دوور دەکەوتنەوە، لە یالتا هێلەکانی پێشڕەوی سوپای هاوپەیمانان دیاری کران ئەو ناوچانەشیان دەست نیشان کردن کە هەریەکەیان دەتوانێ داگیری بکا، بەلام گوێیان بە ئەنجامە خەراپەکانی دابەش کردنی ئەلمانیا بۆ چوار بەش نەدا، نەتوانرا لایەنە دەستوری و ئابوریەکەشی چارەسەر کەن، دواتر بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان وەکو پرسی سەربازی نەمایەوە بەلکو زەرورەتی تر شوێنی دەگرێتەوە، هاوبەشی راستەقینەی ئەمجارە هێرشی هاوبەشە بۆ سەر ژاپۆن، ستالین لە ١٩٤٣ وە پەیمانی بەشداری ئەم هێرشەی دابوو. لە یالتاش دووبارە پەیمانی دا کە دوای سێ مانگ لە تەواو بوونی جەنگ و ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی ئەوروپا دەست پێبکا، رۆزفلت و چرچل لە ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی دلنیا نەبوون، ئەم تاقیکردنەوە لە روسیای هاوپەیمان شاردرابۆوە. بۆیە لەوە دلنیا نەبوون کە بەبێ بەشداری روسیا بەسەر ژاپۆندا سەردەکەون.، ناچار دەبن دەستبەرداری هەندێک دەستکەوت بن لە بەرژەوەندی ستالین کە دەبوایە لە کاتێکیتر ئەم دەستبەرداریە ئەنجام بدەن.

ستالین چ بەرژەوەندیەکی هەیە لە بەشداری کردنی شەڕی زەریای هێمن؟ هاوپەیمانێتی روسیا لەگەل بەریتانیا و ئەمریکا ناچار و پابەندی ئەوەی ناکا لە ئاسیاش هاوپەیمان بن، ئەم شەرەی دژ بە ژاپۆن، گەلی روسی سۆزی بۆ نەبووە ئەوان ژاپۆن بە دوژمنی سەرەکی و راستەقینەی خۆیان نازانن تەنها ئەوەیە کە دوژمنێ هاوپەیمانەکەیانە، دواتر ئەوان لە شەڕ بێزار بوون پێویستیان بە شەرێکی تر نیە. ئەگەر ستالین بڕیاری دابێ ئەم سەرەرۆییە بکا ئەوا پێی وابووە سەرەرۆییەکی مەزن نیە. بەلام روزفلت و چرچل پێیان وابوو شەڕی رۆژهەلاتی دوور شەرێکی گران بەها و سەخت دەبێ. ستالین پێێ وابوو سوپاکەی بەلای زۆریەوە دەتوانێ سێ مانگیتر شەڕ بکا. ئامانجی ئەوەبو ئەو زەویانەی لە ئەنجامی پەیماننامەی پورتسموث لە دوای شەڕی روسیا و ژاپۆن لە ١٩٠٤-١٩٠٥ لە بەرژەوەندی ژاپۆن لەدەستی دابون بیانگێڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە یالتا لەگەل روزفلت دانیشت و رێککەوتنێکی یەکجار نهێنیی لەگەل واژۆ کرد، تیایدا داوای گەرانەوەی هێلی ئاسنینی رۆژهەلاتی چینی کردەوە کە بۆ دەسال لە بەرژەوەندی ژاپۆن دەستی لێ هەلگرتبوو.، جگە لە ناوچەی باشوری دورگەی ساخالین و دورگەی کوریل و بورت ئارسەر. بە شێوەیەک بۆ گەلی روسی و دونیا باسی لەو

شەرە کرد کە تۆڵە سەندنەوەیە لە شکستەکانی روسیا لە ١٩٠٤و١٩٠٥، لە بەیاننامەکەیدا لە کاتی خۆوەدەستەوە دانی ژاپۆن بلاوی کردەوە: شکستەکانی روسیا لە ١٩٠٤ بیرەوەری تالی لە مێشکماندا جێهێشتوە، ماکێکی رەشە بە نێو چەوانی نیشتمانمانەوە، گەلەکەمان بە ئومێدی ئەوە بوو رۆژێک دابێ ژاپۆن لەناو بەرین و ئەو ماکە رەشە بسرینەوە، ئێمەی رۆڵەی نەوەی کۆنیش، ئەوە نزیکەی چل ساڵە لە چاوەڕوانی ئەو رۆژەداین. وشەکانی ستالین لەگەل رۆژگارەکە ناکۆک بوون، چونکە رۆڵەکانی نەوەی نوێ واتە بۆلشەڤیەکان و مەنشەڤیەکان و تەنانەت لیبرالیستەکانیش بوون، ئەوان لە ١٩٠٤ هەڵهەلەیان بۆ شکستی رژێمی قەیسەر لێدەدا، لینین ئەوکات بەم چەند وتەیە تێبینی خۆی لەسەر شکستی روسی لە پۆرت سموث دا:

( بۆرژوای ئەوروپی دەترسێ، بۆ ئەم ترسەشیان هۆکاری خۆیان هەیە، پرۆلیتاریاش هۆکاری خۆی هەیە هەڵهەلە لێدەدا، ئەو کارەساتەی بەسەر مەزنترین دوژمنماندا هات مانای ئەوە نیە روسیا لە رزگار بوون نزیک بۆتەوە، بەلکو مانای ئەوەیە ئەمە پێشەکیی راپەڕین و شۆرشێکی نوێی پرۆلیتاریای ئەوروپیە.)

ئەوکات ستالین خۆی لەسەر رووداوەکانی تبلیس هەمان وشە دەڵێتەوە، ئەگەر بە کەمتر روونی بێت لەوەی لینین دەریبری، دەڵێ: ئەی کرێکارانی قەوقاس، زەنگی تۆڵە لێدرا.

بەلام ئەو گۆڕانکاری و دیدە نوێیەی ئێستای ستالین سەرچاوەیان لەو واقعەنوێیە گرتوە. لە کەنارەکانی هێمن بینرا هەروەکو پێشتر لە کەنارەکانی بەلتیک بینرابوو کە مومتەلەکاتی روسیای کۆنی کۆدەکردەوە وەکو ئەوەی میراتگری قەیسەرەکان بوبێ، لەسەر ئەم بنەمایە داواکانی خستە بەردەم چرچل و روزفلت، بەوە نەوەستا کە رێگری لە دەست بەسەرداگرتنی ئەمریکا بکا لە ژاپۆن بەلکو چوە بوتسدام و لەوێ سەرزەنشتی کۆمۆنیستە چینیەکانی کرد ئەوانەی دژی چانک کای چیک بوون بە بیانوی ئەوەی پێی وابوو کۆمینتاک تاکە هێزە بتوانێ حوکمڕانی چین بکا.

دیدی ستالینی سیاسی ئاسیایی و ئەوروپی، ئەو دەستێوەردانە مان نیشان دەدا کە لە نێوان دوو هەستی پارێزگار و هەستی شۆرشگێری هەیە، کە هاوپەیمان و دوژمنانی توشی سەرسوڕمان کردوە، دواجار ستالین چیە؟ دەیبینین وەک ئەو کەسەیە کار بۆ گەرانەوە ئیمپراتۆریەتی قەیسەری دەکا . هەندێک جار پەنابۆ بیانوی شۆرشگێری دەبا، هەندێک جاریش بۆ کۆنەپارێزی، هەمووشیان لە خزمەت هەمان ئامانج دان. ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە بەریتانیەکان و ئەمریکیەکان لە ئامانجەکانی ستالینیان دەپرسی، بەلام وەلامەکە گریمانەیە چونکە یەکێک لەو هەلوێستانەی ستالین هەلوێستی راست و بڕوایین، هەلوێستە کانیتر

هەلوێستی فرت و فێلین. بەلکو هەردوکیان راستەقینە بن چونکە ئەگەر یەکێکیانی لێ بسێندرێتەوە ناسنامە راستەقینەکەی ستالین ئاشکەرا دەبێ. ئەم دووفاقیە راستە چونکە هەموو گەلی روسی بەم شێوازە دەژین، لە هەموو بوارەکانی چالاکی ستالینیش دەردەکەون، بۆیە ناتوانین بلێێن کە ئەمە بۆ سەر لێشێواندنە، هەرچەندە ستالین هەندێک جار بە ئەنقەست خەلکی سەرلێشێواو دەکرد بۆ ئەوەی لێی تێنەگە.

کاتێک جەنگ لەسەروبەندی تەواو بووندا بوو ئاستەم بوو بتوانی ئەم دوو هەلوێست و کارە لەیەک جیا کەیتەوە، هەستی داب و نەریتی لای ستالین لە پێشەوە بوو، زۆر لە هەلس و کەوتەکانی ئەسکەندەر دەچوو لە سەردەمی دوا قۆناغەکانی شەڕی ناپۆلیۆن.

گومانی تیا نیە مەبەستی لاسایی کردنەوە بووە، ستالین ناوی لەو جەنگە نابو (جەنگی نیشتمان)ئەو ناوە لە داستانی شکست پێهێنانی ناپۆلیۆن لە ١٨١٢ نرابوو. ئەسکەندەری قەیسەر هەولی بەرفراوان کردنی ئیمپراتۆریەتی قەیسەری دەدا لەسەر حسابی نەمسا و بروسیا کە هاوپەیمانی روسیا و بەریتانیا بوون، دەیویست خاکی پۆلۆنیا بخاتە سەر پادشانشینی پۆلۆنیا کە سەربە خۆیەوە بوو. وەکو قەرەبوی بروسیاش ناوچەی ساکسۆنیای پێ بدا. لەم رووداوە تەنها ئەوەندە بەسە ناوی پۆلۆنیا بخەینە شوێن ناوی بروسیا ئیتر بە تەواوەتی دەبێتە رووداوەکەی ستالین.

ئەسکەندەر وەکو ستالین بایەخی بە بەلکان دەدا، هەردووکیان لە هەولی دەست گرتندا بوون بەسەر بەنداوەکانی تورکی، ناکۆکی و ناسەقامگیری لە نێوان روسیا و هاوپەیمانان لە ١٩٤٥ گەیشتبوە ئاستی ناکۆکیەکانی سالی ١٨١٥. هەردووکیان هەمان سیاسەتیان گرتبوە دەست لە بێدەنگی و نانەوەی ئاژاوە لە نێو ریزی هاوپەیمانانیان، وەزیرانی دەرەوەی ئەم و ئەو ترسیان لە دەرکردنی بڕیاری تاکلایەنە هەبوو، هەردووکیان لە چاوەڕوانی گەورەکانیاندا دەبوون تا ئاماژەیان پێبدا ئەوسا بڕیار بدەن.

ئیتر جیاوازیەکان لە پرسە سەرەکیەکانەوە تا دەگاتە پرسە وردەکان لەیەکچونیان هەبوو، ئەلکسەندەر شانازی بە پێگەی روسیای دەکرد بۆیە هەولی دا ئاهەنگی سەرکەوتن لە پاریس بگێرێ، هەمان هاندەر لای ستالین هەبوون بەم هۆکارەوە بوو کاتێک فەرمانی بە مارشال ژوکۆف دا ئاهەنگێکی تایبەتی لەو ناوچەی سەربە روسیایە لە بەرلین بگێرێ تیایدا بە فەرمی رایبگەیەنێ کە ئەلمانیا خۆی رادەست کردوە پرۆتۆکۆلی خۆرادەست کردنیشیان لە بارەگای فەرماندەیی بەریتانی و ئەمریکی لە شاری ریمس واژۆ کردوە.

ئەوەتا رووداوێکی سەیر لە کۆنگرەی بوتسدام روودەدا کە هاوشێوەی رووداوی کاتی خۆیە، کاتێک ستالین دەگاتە بوتسدام دەلێ من بڕوام وایە تا ئێستاش هیتلەر لە ژیاندا ماوە لە شوێنێک خۆی حەشارداوە لە

دەرەوەی ئەڵمانیا. بەریتانی و ئەمریکیەکان پێیان سەیر بوو کە ئەم بۆچونەی دووبارە دەکردەوە. وەکو ئەوەی بیرۆکەی گەرانەوەی ناپۆلیۆن لە ئەلباوە لە هزری ستالیندا بێ و ئەم رووداوە دووبارە بێتەوە. بەلام چونکە گەرانەوەی ناپۆلیۆن بووە مایەی یەکبونی هاوپەیمانان لە کۆنگرەی ڤیەننا، ستالین مۆتەکەی گەرانەوەی هیتلەری بلاو کردەوە بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەری یەکبونی هاوپەیمانان لە کۆنگرەی بوتسدام.

بەلام نابێ ستالین ئەسکەندەرێکی تربێ، دۆخی دونیا هەمان دۆخ نیە. سوپای ئەسکەندەری یەکەم هەرچەندە بەهێزترین سوپای ئەوروپا دەبێ، نابێ سوپای ستالینیش بە هەمان شێوە وا بە خێرا بروخێ. لە کۆنگرەی ڤیەننا قەیسەر ناچار نابێ تەنها رووبەرووی بەریتانیا بێتەوە، بەلکو رووبەرووی ئیمپراتۆریەتی نەمسا و بروسیا و سەلتەنەی عوسمانیش بۆوە، کە هەمووشیان بە کارایی پێگەیان لە ئەوروپای رۆژهەلات و ناوەراست و باشور هەبوو، ئەوکات ولاتە دۆراوەکانیش وەکو فرەنسا دەنگیان هەبوو. بەلام لە ١٩٤٥ ئەلمانیا ولاتێکی دۆڕاو بوو دەنگ و بایەخی سیاسیی نەبوو، سەرجەم ولاتانی تری ئەوروپا دۆراو و براوەکان هەموویان بێ هێز مابونەوە، لە نێوان ئەو دوو جیاوازیە زۆرداری ستالین لە ئاسۆی ئەوروپی سەر هەلدەدا، بە شێوەیەک گەلێک لە قەوارەی ئەسکەندەری یەکەم مەنزتر، مەترسیەکانیش گەورەتر بوون ئومێدەکانیش زیاتر لەسەر ئەو بنیاد نرابون.

بوارەکان لەسەر تەنها ئەوروپا نەوەستابون، سەرتاپای دونیا چاویان لەو دوو زلهێزە بوو هەموویان بەسەر ئەو دووەدا دابەش ببون ئەمریکا و روسیا. ئەگەر لەسەر بنەمای ئاماری سەیری هەردووکیان بکەین روسیا بێهێز و لاوازە بەرانبەر بە ئەمریکا، بەلام هەلکەوتنی روسیا لەسەر کەناری ئەوروپی وایکردوە هێزی بۆ پەیدا بێ. چونکە ئەو زیاتر دەتوانێ فشارەکان دروستکا، کاتێک جەنگ بەرەو تەواو بوون دەچوو ستالین هەستی کرد بایەخ و هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ئەوروپا چر دەکرێنەوە شوێنەکانیتر بۆ روسیا دەمێنێتەوە. بەلام ئەو زیانە مەزنانەی لە جەنگ لە روسیا کەوتن کاریەگریان زۆر بوون کاریان کردە سەر سنوردار کردنی مەیدانی دەسەڵاتەکانی روسی.

ئێستا دەبێ خالە ناکۆکەکانی نێوان سالانی ١٩٤٥ و ١٨١٥ دەست نیشان کەین، یەکێک لە فاکتەرە جیاوازەکان دبلۆماسیەتی ستالین بوو، خەسلەتەکانی کەسایەتی بۆلشەڤی لە ستالیندا بەسەر خەسلەتەکانی کەسایەتیی ئەسکەندەری یەکەمدا سەرنەکەوت، تەنها لە کۆتایی جەنگ نەبێ. بەلام لە کاتی کۆنگرەی یالتا و بوتسدام هەندێک دیاردە بەدی کران. لە سالەکانی دواییدا هەندێک بنەمای شۆرش لەو ولاتانەی ژێر دەسەڵاتی روسیان جێگیر کران.

لەو هەموو ولاتانەی سەرەوە حکومەت دامەزرێندران کە دەتوانین بلێین حکومەتی هاوپەیمانی و ئیئتلافی بوون، زۆربەی لایەنەکان تیایدا بەشدار بوون: کۆمۆنیستی، سۆسیالیستی. جوتیارەکان، ئەکلیرکیەکان و رەفتار فاشستەکان، کۆمۆنیستەکان لە دوو وەزارەتی سەروەری (سیادی) بالا دەست بوون، ئەمانیش سوپا و پۆلیس بوون، لە رێگەی ئەم دوو وەزارەتانەوە توانیان بەسەر دۆخەکان بەگشتی و دواتر هاوپەیمان و ناحەزانیاندا زال بن تا بەیەکجارەکی ئەوانیان پەراوێز خست و خۆیان دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئەوەی بوە هاوکار و راگری ئەم حکومەتە کۆمۆنیستیانە ئەو پەیماننامەیە بوو کە حکومەتەکان پێیانەوە بەسترابونەوە کە دەزگای ئیداری و سیاسیان ئەو دەستانە ئاشکەرا بکات کە دژی روسیا کار دەکەن، لە نازی و فاشستەکان و عەسکەرتارەکان. لەسەریان بوو هێلە ئاسنینەکانی کە سوپای روسی بەکاریان دێنێ بیان پارێزێ، وابەستە بوون بەم خالانەوە هی ئەوە بوو کە ستالین هاوکاریان بکاو بیان پارێزێ.

بەو هۆیەوە کۆنە دەسەڵاتدارەکان هەوڵی لەسەر کار لابردنی حکومەتە کۆمۆنیستەکاندا بوون، بەلام ئاسان نیە بزانرێ ستالین کەی کاری بەو هاوپەیمانێتیە دەکرد، چونکە لە کاری لەناو بردن و کوشتنی ئەو کەسانە بەردەوام بوو کە حساباتی لەگەلیان هەبوو، لە راستیدا هەنگاوەکانی تێکەلە بوون.

لە ئەنجامی ئەم زنجیرە تیرۆر و لەناوبردنەی کە حزبە کۆمۆنیستەکان بەتەنیایی ئەنجامیان دەدا توانیان هەموو رکابەرەکانیان لەناو بەرن و بەتەنیا لە حوکم بمێننەوە. ستالین رێگەی نەدەدا روسیا دەست بخاتە نیو ئەم کارەیان تەنها ئەو کاتە نەبێ کە رووبەڕووی کێشە و گرفت دەبونەوە. بەم شێوە کاتێک پادشای رۆمانیا میخائیل لە بەهاری ١٩٤٥ رازی نەبوو یەکێک لە یاوەرانی کە جەنەرال رادیسکۆ بوو لە پۆستی سەرۆک وەزیران لابەرێ، فیشنسکیی وەزیری دەرەوەی روسیا دەگاتە کۆشکی پادشایەتی رۆمانی، فەرمانی بە پادشادا لە ماوەی دوو کاتژمێردا ئەنجومەنی وەزاری بگۆڕێ، ئەگەر ئەم فەرمانە جێبەجێ نەکا ئەوە پێشێلکردنە لەو پەیماننامەی نێوانیان، گروزیای لایەنگری کۆمۆنیستەکان لە شوێن رادیسکۆ دانرا، بۆ ئەوەی پێگەی سەرۆک وەزیران بەهێزکا، ستالین بڕیاری دا ترانسلڤانیا، کە هیتلەر بە مەجەری دابوو، بگێرێتەوە بۆ رۆمانیا، دوای ئەو دەستێوەردانەی روسی حزبی کۆمۆنیست توانیی دەست بخاتە ناو گۆڕانکاری وزاریەوە.

ئەوروپای رۆژهەلات رووبەڕووی زنجیرەیەک راپەڕین و شۆرش بۆوە، پێشتر ئەمەی نەدیبو: سەرەتا شۆرشی روسی دەستی پێکرد، شۆرش لەوێ لە بزوتنەوەیەکی گەلەریەوە سەری هەلدا. دواتر دەزگایەکی پۆلیسی دامەزراند ئەمیش بوە ئامرازێک بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی پێ توند وبەهێزکا و بەرگری لە خۆی بکا، دواتر دەولەتە نوێکە بوو بە قوربانیی ئەوو بوو بە دەولەتێکی پۆلیسی، بەلام لەو شەش دەولەتانەی کە ستالین

دروستی کردن پرۆسەکە بە پێچەوانەوە دروست بوو. لەوێ پۆلیس یەکەم دەستکەوتی شۆڕش دەبێ و لەوێوە یەکەم هەنگاو دەنرێ، دوای ئەوەی حزبی کۆمۆنیست دەست دەگرێ بەسەر ئەم دەزگایە، دەزگاکە دەبێتە ئامرازی گۆڕینی کۆمەڵایەتی، دیارە جەماوەریش ڕۆڵی هەر دەبێ. بەلام هزر و ڕێبازەکانیان دیار نەبوون، هەریەکەو بە هەوەست و ئارەزو رەفتاری دەکرد.

شۆڕش زاتی ئەوەی نەکرد بیرورا و ئامانجەکانی بەڕونی ئاشکەرا بکا و رایبگەیەنێ. مێژووەکەیان مێژوویێکی بە فرتو فێل بوو هیچی دیار و روون نەبوو، لە ناشیرنترین ئەو فرت و فێلانە ساختەکاری هەلبژاردنەکان بوو. دانگدەر ناچار دەکرا دەنگ بە هێزی لایەنگری دەسەڵاتدارانی روسیا بدا کە بە ڕێژەی ٩٩% ی دەهێنا. بۆلشەڤیەکان حوکمڕانیان بە دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ناوبرد. کەسانی دەسەڵاتدار و لایەنگارنی و مولکدارەکانیان لە مافی دەنگدان و خۆپالاوتن بێبەش کرد. یاسایەکیان دارشت لە بەرژەوەندی کرێکاری پیشەسازی دابوو لە سەر حسابی جوتیار و هاولاتیان. وێڕای بۆچونی دوژمنانی بۆلشەڤیک وەکو لایەنگرانی رون و ئاشکەرا بوو ریزیان لە راشکاوی خۆیان دەگرت چونکە بۆچونی چینایەتی خۆیان بوو، بەلام لە دایکبووی ئەوروپای رۆژهەلات لە شۆرشی روسی چاوی لە پێگەی بالاتر بوو لە نێو پێگەکانی دیموکراسیەتدا، رەتیان دەکردەوە ئەوان هیچ پەیوەندیەکیان لەگەل دەسەڵاتدارانی دکتاتۆریدا هەبی چاویان لە زۆر بوو خۆیان بە بەرزتر دەبینی، بۆیە ڕێژەیەکی بەرزیان بۆ خۆیان دادەنا لە هەلبژاردنەکان کە بە ڕێگەی ساختەوە ئەنجامیان دەدا.

ستالین بە دەستپێشخەریی لەم شۆرشانە ناتوانین بلێێن خزمەتی گەلانی ئەوروپای رۆژهەلاتی کردوە یا زیانی پێگەیاندون، لە ماوەکانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی ناوچەکە گەیشتبوە ڕێگایەکی داخراو، ئەوکات لە ئاستێکی نزم و نەداریدا دەژیان دواکەوتوو لە رووی زانست و کۆمەڵایەتیەوە، ئاستی بژێوی و پێشکەوتنیان نزم بوو هەمووی بەهۆی ئەم مەدرەسەیەوە توشی هاتبوون، بەلکو ئەو کودەتایەی ستالین پێی کردن بووە دەرچونێک لەم دۆخەیاندا. لە پۆلۆنیا و مەجەر ئەو چاکسازیەی کشتوکالی کە حزبی کۆمۆنیست پێی هەلسا سەرەڕای کەم و کوریەکانی، بووە مایەی بوژانەوە و هەلسانەوەی نەوەی داهاتوی جوتیاران، دوای ئەوەی کۆمۆنیستەکان کارگە پیشەسازیەکانیان خۆمالی کردن پشتیان بە دروست کردن و بەرهەمهێنان بەست، بێکاریان کەم کردەوە ئاستی بژێویان بەرزتر کردن، هەروەها بە سۆز و خرۆشەوە روویان لە بواری فێرکردن کرد، پەرەیان بە خوێندن و زانست دا، توانیان یا هەولیاندا ئەو بۆشاییە پر کەنەوە کە دەسەڵاتدارانی پێشویان دروستیان کردوە، هەموو تواناکانیان خستنە گەڕ بۆ خۆ دورخستنەوە لە ململانێ و بەگژ یەکداچون لەگەل دراوسێکانیان. بە کورتیەکەی ئاسۆیەکی نوێیان لەبەردەم ئەوروپای رۆژهەلات کردەوە

بۆ چاکسازی و پێشوەچونی هاوبەش. روسیا سوور بوو لەسەر ئەوەی سیستەمێکی نوێ بخاتە نێو وڵاتە دراوسێکانی بەهۆیەوە کاری بەکۆمەڵ و رێکخستنی کۆمەڵایەتی بە جوانترین و نوێترین شێوە ببردرێ بەڕێوە. ئەوەی شیاوی باسە ئەو گۆڕانکاری و راپەڕینەی لە ئەوروپای رۆژهەلات روویدا ستالین لە رێگەی هەڕەشە و توندوتیژی و زنجیرەیەک لە کودەتای سیاسی ئەنجامدا. لە هەمووی سەیرتر نەیهێشت هیچ لەو وڵاتانەی ژێر دەسەڵاتی روسیان شەڕی ناوەخۆی لێ رووبدا.

بەلکو هەندێک بپرسن ئەوکاتەی ستالین ناوچەیەکی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی روسیا دەبەخشی یا دەستی لێ هەلدەگرت ئەوکات بیرۆکەی شۆرش لە هزری ستالیندا هەبوو؟ یا ئەوکاتەی لە کۆبونەوەی یالتا وتاران؟ یا لەکاتی کۆبونەوەی بۆتسدام ئەم بیرۆکە گەلالە ببو؟ دۆست و ناحەزانی جەخت لەسەر ئەم خالە دەکەنەوە ئاخۆ ئەوکات بەرنامە هەبووە کارەکان بەم زیرەکیە دەبردران بەڕێوە؟ بەلام لە کارە ناکۆک و نابەجێکانی ستالین دەردەکەوێ کە ئەمجۆرە بەرنامە وبیرۆکانە ئەوکات بوونیان نەبووە. لێرە هەندێک لەو ناکۆکیانە ئاماژەی پێدەدەین:

ئەگەر ستالین نیازی دامەزراندنی حکومەتێکی کۆمۆنیستی بوایە لە وارسۆ، بە توندی رەتی نەدەکردەوە دەستبەرداری سنوری رۆژهەلات بێ بۆ پۆلۆنیا. بە نمونە بۆ ئەو جیاوازی چی بوو ئەگەر شاری لفوف کە شارێکی پۆلۆنیی ئۆکرانیە بیخاتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کییفی کۆمۆنیستی یا وارسۆی کۆمۆنیستی؟ بە دلنیاییەوە ئەم دەستبەرداریە ئەوکات دەبوە مایەی بەهێزکردنی هەلوێستی چەپە پۆلۆنیەکان. چونکە ئەم ناوچانە هیچ کاتێک پۆلۆنیەکان خەونیان بەوە نەبینیوە بکەوێتە سەر سنورەکانیان. دواتر بۆچی سوور بوو لەسەر دەرکردنی هەموو ئەلمانیەک لەو شوێنانە؟ ئەمە نابێتە مایەی زویر بوون و تورە بوونی ئەلمانیەکان، لەکاتێکا پۆلۆنیەکان هیچ دڵیان بەم کارە خۆش نەبوو؟، ئەمە دژی پۆلۆنیا نەبوو بەلکو دژی ئەلمانیەکان و روسیا و کۆمۆنیستەکان بوو. دواتر سەپاندنی باج لەسەر نەمسا و مەجەر و رۆمانیا و فینلەندا و ئەلمانیا بۆ قەرەبوی زیانەکانی ئۆکرانیا و سۆڤیەت لە ئەنجامی جەنگ، بۆ پرسی کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانە کاردانەوەی خەراپی لەگەل خۆیدا هێنا، ئەم دۆخە لەسەر داواکەی ستالینیش جێبەجێ دەبێ کە داوای لەناوبردنی بەشی زۆری پیشەسازیەکانی ئەلمانیای کرد. ئەو لە کۆبونەوەی تاران یا پێشتر وتی: ئەم دروشمە بەرز دەکەمەوە، لە کۆبونەوەی یالتا داوای کرد بە رێژەی ٨٠% ی پیشەسازیەکانی ئەلمانیا لە ماوەی دوو ساڵ لەناوببردرێ، وا پێدەچێ کە دەستبەرداری هەلوێستەکانی نەبووە لە کۆبونەوەی بوتسدام. نابێ ستالین ئەم راستیەی لەبیر چوبێ:

ئەنجام دانی ئەم پلانە دەبێتە مایەی لەبار یەکچونی چینی کرێکاری ئەڵمانی کە ئومێدی دوارۆژی کۆمەڵایەتین بۆ ئەوەی حزبی کۆمۆنیست پێگەی خۆی بەهۆیانەوە بەهێزکا، هەر چیەکی بلێێن نابێ بڕوا بکەین ئەمە پێشینەکانی سیاسەتی بەر لە شۆرش بن بەلکو بە پێچەوانەوە. لە هەر هەنگاوێک ستالین بەربەستێک لەبەردەم شۆرش دروست دەکا، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بڕوامان وابێ لە کاتی تەواو بوونی جەنگ بۆچونەکانی ناکۆک و لەیەک جیان.

میکولایکریز سەربوردەیەکی سەیر دەگێرێتەوە کە لە نێوان ئەو و ستالیندا لە ئابی ١٩٤٤ روویداوە:

سیاسەتمەداری پۆلۆنی هەموو توانا و مەکرە جوتیاریەکانی خستبونە گەر بۆئەوەی لە هەست و بۆچونەکانی ستالین بگا لەسەر ئەڵمانیا، پێی وت؛ دیلە ئەڵمانیەکانی زیندانەکانی پۆلۆنیا هەموو ئومێدێکان ئەوەیە لە دوای جەنگ ئەڵمانیا یەکەم دەولەت بێ بڕوا بە سیستەمی کۆمۆنیزم بێنێ، ستالین بە جدی وەلامی دەداتەوە:

( چەندە کورتان بەکەلکی مانگا دێت ئەوەندە کۆمۆنیزم کەلکی ئەڵمانیا دێت) بە دڵنیاییەوە ئەم وەلامە گالتەجاریە لەگەل ئەو دۆخە گونجاوە کە ستالین ئەوکات تیایدا دەژیا. بەتەواوەتیش دەربڕی سیاسەتەکانی بووە لەسەر ئەڵمانیا کە سەرچاوەی لە بۆچونە کۆنەکانی وەرگرتوە بەوەی بڕوای نەبووە کۆمۆنیزم لە رۆژئاوای ئەوروپا پیادە بکرێ، ئەمەش دەچێتە ناو خانەی کردەوە و گوتەکانی ئەو کاتیی، بەم هۆیەوە دەتوانین بلێین کردەوە و گوتەکانی ئەوکاتی چەواشە کاری و تەکتیک نەبوون.

لە راستیدا ناکۆکی نێوان شۆرشگێری و نەریتخوازی لای ستالین لە هەلوێستی لەسەر ئەڵمانیا لەو پەڕی توندی دابوو. بە ئاستێک بوو دەتوانین بلێین رەگەز پەرستی نەتەوایەتیی یا دژە شۆرشیی ئەم هەلوێستانەی ئەنجام دان، دوای ماوەیەک لە کۆبونەوەی یالتا ستالین دەڵێ:

( مایەی گالتەیە وا بیربکەینەوە کە ئەڵمانیا هەولی خۆ بەهێز کردن نادا بۆ هێرشێکی تری نوێ... مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەڵمانیا پێویستی بە ماوەی بیست تا سی سالێکە بۆ ئەوەی ئاسەوارەکانی شکست پر کاتەوە و دووبارە ببێتەوە هەمان زەبەلاح.

ئەم گوتەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی سەردانی کرملێنیان دەکرد دووبارە کردۆتەوە، وەکو ئەوەی بیرۆکەی تۆلە سەندنەوەی ئەڵمانی بەسەر بیرکردنەوە کانیدا زالبن، هەمیشە ئاماژەی بەم دەستەواژە دەدا بەتایبەت لە کاتی ئاشتی کە بە پێویستی دەزانی هێزە مەزنەکان یەک گرن. ئەمە بیر کردنەوەکانی بووە، داوای لەناوبردنی بەشێکی پیشەسازی و کارگەکانی ئەڵمانیا دەکا و نەمسای لێ جیا دەکردەوە و حکومەتێکی سەربە روسیای لە

پۆلۆنیا دادەمەزراند. لە میانی پاراستنی روسیا لە مەترسیەکانی ئەلمانیا بە هەمان ئەو زمانە دوا کە فوش و کلیمەنسۆ و بوانکاریە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەدوان، ئەمە زمانی پارێزراوی داهاتوە، بە چاوی ململانێ و جەنگی نەتەوەکان سەیر دەکا. ئاماژە دان بە تۆلە سەندنەوەی ئەلمانیا دوای بیست تا سی ساڵی تر بە دیدی ئەو هیچ جیاوازیەکی نەیە لەگەل ئەوەی بلێ ئەلمانیا لەماوەی ئەم سالانە وەکو نەتەوەیەکی سەرمایەداری داگیرکار دەمێنێتەوە و ئەگەر بڕواشی وایە ( چەندە کورتان بۆ مانگا گونجاوە ئەوەندەش کۆمۆنیزم بۆ ئەلمانیا)، ئەگەر گرەوی لەسەر شۆرشی کۆمۆنیست دەکرد لە ئەلمانیا، پێویست نەدەکرا ناچار بکرێ بانگەوازی ئاشتیی ئابوری بکا.

بەلام چونکە بە ناوی روسیا دەدوا بە هەمان زمان قسەی کرد، بە زیادەوە نایلێین کە مەزندەی ئەوەمان دەکرد روسیا بە گشتی وا بیری دەکردەوە رۆژی سەرکەوتن ئەو رۆژە دەبێ لەسەر دەستی قوربانی لێکەوتوانی ئەلمانی دادگای ئەلمانیا دەکرێ. هزری ئینترناسیۆنالستی و هەماهەنگی چینایەتی لەگەل نەتەوەی دوژمن هیچ مانایەکی نەبوو، چونکە چینی کرێکاری ئەلمانی هیچ هەلوێستێکیان بەرانبەر بەو هێرشانەی هیتلەر نەبوو کە کرانە سەر شۆرش و بوونە ئاستەنگ لەبەر دەمی. راستە دروشمە توندەکانی ستالین (مردن بۆ ئەلمانە داگیرکەرەکان) کاری کردە سەر هەستی نەتەوایەتی روسی. ئەگەر ئەم هەولانە نەبوونایە رق و کینەی نەتەوایەتیان بەم ئاستە نەدەگەیشت. خۆ ئەگەر ئەم پرۆپاگەندە نەتەویانەش نەبوونایە، ئەوا کارە درندانەییەکانی هیتلەر لە کوشتن و تالان و کاولکاری دژی ژن و مندال وشارەکان هەر بەردەوام دەبوون. ئەمە ئەو دیمەنانە بوون کە سەربازانی لە ستالینگرادەوە بەرەو بەرلین بینیان. کاتێک بە دەشت و شارەکاندا تێدەپەرین دیمەنی سوتان و وێرانی شارەکانیان دەبینی بۆیە ئەم هەستەی لەناو بردن و کاولکردنی ئەلمانیایان لا دروست و رەوا و جێگیر بوو.

ئەم رق و کینەی روسەکان بەرانبەر بە ئەلمانەکان لە دوای تەواو بوونی جەنگ بۆیان دەبێتە وزەی سیاسی. لە ئەلمانیاش هەستێکی هستیری لەسەر بەرگریکردنیان لا پەیدا دەبێ. ئەوەتا هێزەکانی هیتلەر لە بەرەی رۆژهەلات تا دوا تەقە بەرگریەکی توند دەکەن خۆیان نادەن بە دەستەوە، توندتر لە بەرەی رۆژئاوا. لە ئاداری ١٩٤٥ ئەمە بۆ ستالین رون بۆوە کاتێک رابەر کیسلرینگ ی فەرماندەی هێزەکانی ئەلمانیا لە ئیتالیا بۆ بەریتانیەکان و ئەمریکیەکانی پێشنیار کرد بە سوپاکەیەوە دەیەوێ خۆی رادەست کات. کاتێک ستالین هەوالی دان و ستانی ئەمریکی و بەریتانیەکان دەزانێ لەگەل کیسلرینگ زۆر تورە و نیگەران دەبێ، ئەم تورە بوونەی سەرچاوەی لە ترسە کۆنەکە وەرگرتوە کە رێککەوتنی تاک لایەنەی لە پشتەوەی ئەنجام بدەن.

دوای ماوەیەکیتر لە نیسانی هەمان ساڵ فەرمانی بە دەزگای راگەیاندن و پرۆپاگەندەکانی دا هەڵمەتی پرۆپاگەندەی نەتەوی راگرن و کار بەم گوتە بەناوبانگەی بکەن: (ئەوانەی وەکو هیتلەر و نمونەی ئەون بەدەر دەکەون و ون دەبن، بەلام نەتەوەی ئەلمانی و دەولەتی ئەلمانی دەمێنێتەوە هەتا هەتایی) بە درەنگ وەختانێک ئەم مەترسی رەت کردنەوانە بۆ ئەلمانیەکان هاتن، بۆیە ئامانجی خۆیان ناپێکن.

ژمارەیەکی زۆری سەربازە دیلە ئەلمانیەکان کە هەستیان بە شەرمەزاری دەکرد لەدەست دەسەڵاتانی روس رایان دەکرد و خۆیان رادەستی دەسەڵاتدارانی بەریتانی و ئەمریکی دەکرد، لە هەمان کاتیشدا نێردە ئەلمانیەکان مەبەستیان بوو لەگەل هاوپەیمانان رێک بکەون بەلام جگە لە روسیا. ستالین بە دلەراوکێ و ترسەوە چاودێری ئەم یاریە و رووداوانەی دەوروبەری دەکرد، کاتێکیش ئەلمانیا خۆی رادەستی روسیا دەکرد ستالین سەری لێ سوورما. رووداوی دوا هەفتەکانی جەنگ دەریان خست ئەو لێکترازانەی نێوان روسیا و ئەلمانیا چەندە مەزنە کە هیتلەر و ستالین دروستیان کردبوو.، ئەم لەیەک دورکەوتنەوە ماوەیەکی زۆر دوای جەنگ دبلۆماسیەتی سیاسی و یاسایی کاریان بۆ پر کردنەوەی کرد بەڵام بێ سود بوو.

بەم شێوە بۆمان دەردەکەوێ سیاسەتی دەرەوەی ستالین دەرهاوێشتەی نەخشەکانی نەبووە بەلکو لە ئەنجامی فشاری ناوەخۆ و دەرەکی بووە کە لەگەل یەکدا ناکۆک بوونە. ئەوەتا ئێستاش وەکو جارانی گالتە بەو رووداوانە دەکا کە ناتوانێ بەسەریاندا زال بێ.

باسمان لە فشارە ناوەخۆییەکان کرد، فشارە دەرەکیەکانیش لە ئەنجامی ناکۆکیەکانی نێو هاوپەیمانان بە تایبەتی لە ماوەی نێوان کۆبونەوەکانی یالتا و بوتسدام کە کێشە و گرفتی زۆر لە نێوانیاندا هەبوون، سەرەڕای پێکهاتنیان لەسەر دابەش کردنی ناوچەی ژێر دەسەڵات بۆ هەر یەکەیان و بێ دەنگ بوونی ستالین لە شەڕی ناوخۆی گریکستان، هێزە رۆژئاواییەکان نارەزاییان لەسەر دەستێوەردانەکانی روسیا لە رۆمانیا و رووداوەکانی پۆلۆنیا و یوگسلافیا دەربڕی. ئێستا دێینە سەر رۆلی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لە کۆبونەوەی یالتا بۆی دیاری کرابوو،، ستالین نارەزایی دەربڕی لە رەت کردنەوەی پێشنیاری روزفلت بە ئامادە بوونی مۆلۆتۆف لە کۆبونەوەی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سان فرانسیسکۆ، ستالین رێگەی بە مۆلۆتۆف نەدا سەرپەرشتی کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ بکا تا مردنی روزفلت لە ١٢ی نیسانی ١٩٤٥. هەر دەبێ ستالین هەستی بەوە کردبێ کە هاوپەیمانانی هەولی ئەوە دەدەن روسیا ئەو پێگە بەدەست نەهێنی کە پێشتر خۆیان رەزامەندیان لەسەر دابوو، ستالین لە دوا چاوپێکەوتنیدا ئەم هەستە بێزاریەی بە هاری ل. هوبکنز راگەیاند : ( سەرەڕای ئەوەی گەلی روسی گەلێکی باشن، بەلام رۆژئاوا بە هەلە داچو کە بە گەلێکی گەمژەیان دەزانی).

دواجار هاوپەیمانیتی سێ مەزنەکە تێک دەچێ بێ ئەوەی بزانرێ هۆکارەکەی چی بوو یا کێ دەستپێشخەر و هۆکارەکەی بوو، هەر یەکەیان ئەویتریان بە بەرپرسیار دەزانێ لەم تێکچونە، بەهەر حال ناکۆکیەکانیان ئەوەندە زۆر بوون دەبوایە ئەمە چارنوسی بێ.

رێککەوتن لەسەر دابەش کردنی ناوچەکان کارێکی دروستکراو بوو ئەنجامەکەی هەر دەبوایە پەشیمانی بێ، هەرچەندە سەرەتا هەندێک لە برگەکانی سەرنجراکێش و بریقەدار بوون بەلام مایەی بڕوا کردن نیە ولاتانی سەرمایەداری لیبرالیست رازی بن دەستبەرداری ئەو پانتاییە زۆرەی خاکەکان بن بۆ بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەت. ئەگەر بلێێن چرچل و روزفلت توانیان بەسەر هەندێک لەم هەستیاریانەدا زال بن بەلام ئەوان چۆن چارەسەری رای گشتی ولاتەکانیان دەکەن کە چۆن ئەم دەستکەوتەیان بە ستالین دا.

لەوە گرنگتر ئەو بابەتە بوو کە لە ولاتەکانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتی روودەدا، لە نێو سوپای داگیرکەری سۆڤیەتی و ئەندامانی حزبی و رێکخراوە حزبیەکان، هەستێکی نارەزایی و بێزاری بلاو ببۆوە بەهۆی رێگەدان بە رژێمی سەرمایەداری لەو خاکانەی کە سوپای سوور ئازادی کردبوون ئەوان حوکمڕانیی تێدا بکەن، ئایا ئەمە راستە ئەوان ببن بە پاسەوانی سەرمایەداری لە کاتێکا لە ژێر سایەی سۆسیالیزم پێ گەیشتون؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو لە خۆیان دەپرسی. کەچی هەر سەرمایەداری بوو رێگەی بە نازیەکان دا لە ئەوروپا گەشە بکەن. چونکە هزرو رەوتی نازیسم-فاشیزم دەربڕی هزر و ئایدیای کۆمەڵگەی سەرمایەداریە . کارەساتە مەزنەکە لە شەڕی رزگاریدایە، لە کاتێکا ئەوان سەرکەوتون کەچی ناچار دەبن پارێزگاری لە رژێمێک بکەن کە تاقییان نەکردۆتەوە و هیچ خێرێکی لێ چاوەڕوان ناکەن.

لە توانای ستالیندا نەبوو ئەم جۆرە بۆچونانە پشت گوێ بخا، وادیاربوو مەبەستی بوو لەسەر ئەم پرسە سازشیان لەگەلدا بکا، بۆیە شێوە دیموکراسیەکی خستە روو بەناوی ( دیموکراسیی میللی) لەسەر ئەم بنەمایە بڕیاری دا ئەو رژێمانەی لەو ولاتانەی دراوسێ دادەمەزرێن نە رژێمی سۆسیالیستین نە رژێمی دیموکراسین لە نێوان هەردوکیانن. مەبەستی لەم دروشمە تەنها خۆلکردنە چاوی بۆرژوا بوو. ئامانجە سەرەکیە کەی ستالین ئەوەبوو رژێمی سۆڤیەتی لەو ولاتانە دامەزرێنێ، بەلام سەرکردەی حزبەکان دروشمی دیموکراسی مللیان بەرز کردەوە، بۆ ئەوەی لە رژێمی دکتاتۆری پرۆلیتاری جیا بکرێتەوە، ستالین بەخۆی لەسەر ئەو بیرۆکە بوو سیستەمێک دامەزرێنێ نە سەرمایەداربێ نە سۆسیالیزمی، ئەوەش ئەو بیرۆکەبوو لە شۆرشی ١٩١٧ هەیانبوو کە بریتی بوو لە دکتاتۆریەتی دیموکراسیی کرێکار و جوتیار، ئەم بیرۆکە دووبارە خرایەوە ناو گۆتو باسەکان لەسەر شۆرشی چینی لە ١٩٢٥-١٩٢٧ وا پێدەچێ هەمان بیرۆکە لە کۆتایی جەنگ دێتەوە سەر باس و خواس.

پاساوی بۆ ئەم رژێمە مامناوەندیە، پاراستنی هاوپەیمانێتی سێ سەرکردەکە بوو. بەلام ئەوەندەی نەبرد ئومێدەکانی بە فیرۆ دەچن. دیموکراسیی گەلی پێویستی بە رێژەیەکی زۆری شۆرشگێرِی هەیە دەبێ جێ پەنجەشی دیار و بە رەزامەندی هێزەکانی رۆژئاوابێ، لەم سیستەمە هەموو ناکۆکیەکان ئاشکەرا بوون کە ستالین ترسی لێیان هەبوو یا حاشای لێ دەکرد، ناچار بوون هانی حکومەتە رۆژئاواکان بدا ئەو گروپ و حزبە کۆنانە دژی روسیان کۆیان کەنەوە و بەریاندەنە سەر رژێمی یەکێتی سۆڤیەت تالە ئەوروپای وەدەر نێن. لەبەلکان توشی هەلکشان و داکشان هات بەهۆی ئەوەی روسیای قەیسەری نەیتوانی ریشەی خۆی لە نێو کۆمەلگەی ئەم ناوچەیە داکوتێ چونکە خۆیان کاریان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکرد. بۆیە نە هەستی نەتەوایەتی سلاڤی نە هەستی ئاینی ئەرسەدۆکسی توانیی پەیوەندی و هەماهەنگی دروست کا، بەلام ئێستا رژێمی روسی زیاتر دەتوانێ لەم شوێنانە پێگەی خۆی بەردەوامی پێبدا، دوای ئەوەی ناکۆکیەکان لە نێو هاوپەیمانان بەرەو زیاد بوون دەچی ستالین بریاری دا دورشمی ( دیموکراسی گەلی) تەنها بە روکەشی بێ و ببێتە روکارێک بۆ ئەوەی لە پەنایەوە حزبە کۆمۆنیستەکان بە تەنیایی دەسەلات بگرنە دەست، ئاساییە لەم حالەتانەدا لە هەموو هەنگاوێک کێشە و ململانێی نوێ لەگەل هاوپەیمانان سەر هەلدەدا.

لە کۆبونەوەی یالتا ستالین هانی چرچلی دا تا ئەو دەولەتە ئاشکەرا بکا کە چاوی بریوەتە دەستگرتن بەسەر دونیادا، چرچل لەوەلامدا باسی لە ئەگەری دروست بوونی ناکۆکی کرد لە نیوان سێ سەرکردەکان ، بەلام لە بوتسدام سەرکردەکان بە راشکاوتر قسەکانیان دەکرد. لەو کۆبونەوە چرچل نارەزایی لە شێوەی مامەلە کردن لەگەل دبلۆماتکارەکان لە بوخارست دەربری، بۆیە ئەم وشانە ئاراستەی ستالین دەکا:

( ئەوان بە شورەیەکی ئاسنین دەورەیان دراوە)، دواتر ئەم شورەی ئاسنین دەبێتە (پەردەی ئاسنین) و دەبێتە بابەتێکی ناکۆکی مەزن. ستالین وەلامی دەداتەوە دەلێ: ( هەمووی هەلبەستەیە؟) . کاتێک لەسەر سیاسەتەکانی لە بولگاریا و یوگسلافیا و رومانیا توشی رەخنەی توند دەبێ، ئەویش بە توندی هێرش دەکاتە سەر سیاسەتەکانی کۆشکی پادشایەتی بەریتانیا لە گریکستان، ئیتر لەم بابەتە بێدەنگی نواندرا.

کاتێکیش ستالین لە تۆمەتباریەکان پاشگەز دەبێتەوە ئەویش بە هەمان شێوە لێی بێ دەنگ دەبێ. بەلام کەلێنی ناکۆکیەکان مانەوە، دوای کەمێک لە کۆبونەوەی بوتسدام ستالین داوای بنکەیەکی سەربازی لە کەنداوەکانی تورکی دەکا، کە خەونی قەیسەریەکان بوو. لەو کۆبونەوە هەستی بەوە کرد بەریتانیا لە هەولی شکست پێهێنانی پرۆژەکانیەتی هەروەکو پێشتریش ئەم هەولانەی دابوو. دواتر لەسەربابەتی راسپاردەکردنی هاوپەیمانان لەسەر ئیمپراتۆریەتی موسولینی لە ئیتالیا. ستالین داوای لە هاوپەیمانەکانی کرد یەکێک لە کۆلۆنیالەکانی بخەنە ژێر راسپاردەی روسی. چرچل ئەم داواکاریە نوێیەی پێ سەیر بوو، دەلێ: هەرگیز لەو

بیرکردنەوەدا نەبووە روسیا داواکاریەکی لەم شێوەیە بکا کە دەست بگرێت بەسەر بەشێک لە کەناری ئەفریکی. ئەم دەستپێشخەریە بۆ ئەوەبوو هەڕەشە لە بەریتانیا بکا لە پای دەستگرتنی بەسەر دەریای ناوەراست. هەرچەندە ستالین لەو بڕوایەدا نەبوو ئەم داواکاریەی قەبول بکرێ، چونکە ئەو رۆژە بەسەر چوو کە دەستی درێژی هەبوو لە کارەکان، بەلام ئەم داوایەی یەکێک بوو لە تۆی ناکۆکی لەسەر پرسی رۆژهەلات کە پەیوەندیەکانی روسیا و بەریتانیای لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم تێک دابوو.

هەرچۆنێکی بێ ناکۆکیەکان لەسەر ئەم پرسە لە نێوان هاوپەیمانان دووبارە نەبۆوە. زۆربەی ناکۆکیەکان لەسەر ئەلمانیا بوون ئەگەر نەلێین هەموویان، ئەم ناکۆکیەش لەسەر خالێک دروست دەبێ کە پێشتر لەسەری رێک کەوتبوون: رێککەوتنی هاوبەشیان لەسەر پاراستنی داگیرکاری سەربازی بوو لەسەر ئەو ولاتە بۆ ماوەیەکی دوور. کەسیان زاتی ئەوەیان نەکرد ئەو ماوە دیاری کەن، ماوەکان لە نێوان دەساڵ و بیست ساڵ یا سی یا چل بوو، دیارە تا ئەو ماوەیە درێژ بێ دەولەتی داگیرکەر دەتوانێ زیاتر و باشتر بەرنامەکانی دارێژێ و کۆمەڵگەیەکی ئەلمانی لەسەر خواست و ئەندازەی خۆی دروست کا. ئاساییە ئەوروپیەکان رازی نابن ئەفسەرە سۆڤیەتیەکان سەرپەرشتی ئابوری سەرمایەداریی ئەوروپای رۆژهەلات بکەن، هەروەکو سۆڤیەتیەکان رازی نابن ئەمریکیەکان سەرپەرشتی ئابوریی ئەلمانیا بکەن لەسەر بنەمایەکی سۆسیالیزمی، بەم شێوە بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەلمانیا ئەم ولاتەی بەسەر دوو بەشی سیاسی و سەربازی و ئابوریدا دابەش کرد.

هەر چەندە هاوپەیمانان لە کۆبونەوەکانی یالتا و بۆتسدام پەیمانیان دابوو ئەنجومەنێکی راسپاردنی هاوپەیمانان لە ئەلمانیا دامەزرێنن و مافی سەروەری ئەلمانیای پێ بدەن، بەلام وا پێدەچوو ئەم بڕیارانە وەکو یاریی (گوریس کێشان) وابوو، بۆ کات بردنە سەربوو، ستالین هاوبەشەکانی خستە هەلوێستی لەرودامان کاتێک ناوچەکانی رۆژهەلاتی روباری ئەودیر و نیاسی خستەوە سەر پۆلۆنیا، پەیمانیشی بە پۆلۆنیەکان دا سەرپەرشتی ئەم ناوچەیە بکەن.، کاتێک ستالین ئەمەی خستە بەردەم هاوپەیمانان رەزامەندیان لەسەر دا ئەلمانەکان لەو ناوچانە دەرکەن، راستە هاوپەیمانان بەم کارە رازی بوون بەلام بەمەرجی ئەوە بوو کۆنگرەیەکی ئاشتەوایی ببەسترێ ئەرکی دیاری کردنی دوا سنوری ئەلمانیا و پۆلۆنیای پێ ببەسترێ. ئەم مەرجە بووە مەرەکەبی سەرکاخەز و ئەلمانەکانیش لەو ناوچانە دەرکران. لەم هەلوێستەی هاوپەیمانان ستالین ئەوەی بۆ خوێندرایەوە کە هاوپەیمانان رازین بەوەی دەست لە کاروباری ئەلمانیای رۆژهەلات وەرنەدەن و بۆ روسیای جێبێلن. لە بەرانبەریشدا روسیا مافی ئەوەی نەبی دەست لە کاروباری ئەلمانیای رۆژئاوا وەردا.

لەو کردارانەی کە بووە مایەی قولبونەوەی دابەش بوونی ئەڵمانیا و سازشکاریەکانی سەر قەرەبوو کردنەوەی، لە کۆبونەوەی یالتا ستالین هەوڵ دەدا رەزامەندی هاوپەیمانان وەرگرێ کە ئەڵمانیا دەبی دە ملیار دۆلار وەکو قەرەبوو بداتە روسیا، ئەوەی وەدەست هات گفتێکی شاراوەی روزفلت بوو. بەلام دوو دەولەتە رۆژئاواکە دواتر رازی نابن بگەرێنەوە سەر ئەم گفتوگۆیانە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە دواتر روسەکان کارگە و ئامێرە پیشەسازیەکانی ئەڵمانیایان هەلوەشاندەوە و گواستیانەوە روسیا. ئەمە لە کاتێکا نە بەریتانیا نە ئەمریکا هیچ ئامرازێکی چاودێریان نەبووە لەم کردارە. بەلام ئەم ناکۆکیە نوێیە هۆکارێکی قولتری هەیە. ستالین سوور بوو لەسەر ئەوەی نەخشەی (ئاشتی لەسەر هێلی قورتاج) بسەپێندرێ. ئەمریکی و بەریتانیەکان بە هەمان شێوە بەلام کەمتر لە روسیا، لە بیرۆکەی کاولکردنی پیشەسازی ئەڵمانیا دوور دەکەوتنەوە، کۆبونەوەی بوتسدام ئەم کێشەی چارەسەر کرد بەوەی رێگەی بە دەولەتە داگیرکەرەکان دا ئامێرە پیشەسازیەکانی ئەڵمانیا بگوازنەوە بەو مەرجەی لەو شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێ.

ستالین لە بەشەکەی خۆی دەستی بەو شۆرشە سەرگەراییە کرد لە ئەڵمانیای رۆژهەلات، هەر دوای ماوەیەکی کەم لە کۆبونەوەی بوتسدام ستالین بە دەستگرتن بەسەر (یانکرزی بروسیەکانەوە) دەستی پێکرد، مولکدارەکانی ئەڵمانی کە برِبرِەی ئیدارەی ئەڵمانی و هەستە عەسکەرتاریەکەی بوون. بەم شێوە ستالین بە نوکە قەلەمێک پشتی بۆرژوا و کۆنەپەرستە بەهێزەکەی شکاند کە چەپرِەوەکان بەدرێژایی یەک سەدە نەیان توانیبوو لەسەر حوکم لایان بەرن.

هەنگاوی دووەمی/ خۆمالی کردنی پیشەسازی ئەڵمانیای رۆژهەلات بوو.

سێیەمیان/ رێگە نەدان بە حزبی سۆسیال دیموکرات، ئەم پرۆسەی لەناو بردنە لە ژێر پەردەی یەکخستنی هەردوو رێکخراوی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی لە نێو یەک حزبدا ئەنجام دا بە ناوی ( حزبی یەکێتی سۆسیالیست).

بەم شێوە پانتایی شۆرشی کۆمەڵایەتی پەرە دەستێنێ لە روباری ئەودیرەوە بۆ روباری ئەلب، ئەمە یەکەم جار نیە روباری ئەلب دەبێتە سنوری دوو رژێمی جیاواز لەروی سیاسی و کۆمەڵایەتی. کاتی خۆی پێگەی کۆنەپەرستی ئەڵمانی لە رۆژهەلاتی ئەلب بوو، بەلام تەوژمی چاکسازی لە رۆژئاواوە هەلیدەکرد، لە راستیشدا لایەنگرانی شۆرشی فرەنسی و چاکسازی ناپۆلیۆن لە روبار نەپەریبووەوە . وەکو قەرەبوی ئەوەش ئێستا شۆرش لە رۆژهەلاتەوە سەری هەلداوە و ولاتی داگیرکرد و گەیشتە ئەلب. روبار نەبووە جیا کردنەوەی دوو

دەولەت بەلکو بوە جیاکەرەوەی دوو دونیا. تا ئامادەیی ئەو دوو دەولەتە بۆ رووبەرووبونەوە زیادی دەکرد جیاوازیەکانیان زیاتر دەبوون.

ئەوەی لە کۆبونەوەی بوتسدام روویدا بووە مایەی ناکۆکیەکی نویٚ لە نێوان لایەنە سەرکەوتوەکان. لە ئەنجامی دانیشتنی سێ سەرکردە لە ٢٤ی تەموز سەرۆک ترومان بە دەنگێکی زۆر ئاسایی بە ستالینی وت:

( ئەمریکا چەکی ئەتۆمیی دۆزیوەتەوە). جیمس ف، بیرنز دەگێڕێتەوە، تاقە وەلامی ستالین دەربڕینی دلخۆشی بوو ئومێدی خواست بیبینێ، هیچ بایەخێکی بەم هەواله نەدا و لەسەری نەرۆیشت کە چۆن چۆنی دروست کراوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەم هەلوێستەی بەوە لێکدایەوە گوایە زۆر لێی نازانێ یا مەبەستی نەبووە پرسیاری زیاتر بکا، نەبادا ئەم هەواله زۆر نهێنیٚ بێ و هیچی تر نەدرکێنن. بەلکو هەوالگری سۆڤیەتی ئەم هەوالەی پێشتر ئاشکەرا کردوە ستالینیش بۆیە سەرسوڕمانی خۆی دەرنەبری لەم هەواله چونکە بۆ ئەو نویٚ نیە. بەلام دوای کۆبونەوە بە دلنیاییەوە هەستی بەوە کرد کە پارسەنگی هێز بەم چەکە بەلای ئەمریکا داشکایەوە.

لە یالتا چرچل تێبینی ئەوەی کرد ئەگەر ناکۆکی لە نێوان سێ مەزنەکە روونەدا بە دلنیایی لە نێوان جێگرەوەکانیان روو دەدا. لە بوتسدام ئەم پێش بینیەی چرچل ئەگەر بە کەمیش بێ بەلام گەیشتە جێ . لە نیوەی یەکەمی کۆبونەوەکان تەنها دوو لە سەرکردە مەزنەکان ئامادە دەبن، لە نیوەی دووەمی کۆبونەوەکەش بەهۆی سەرکەوتنی حزبی کرێکارانی بەریتانی لە هەلبژاردن، لە جیات چرچل و ئایدن هەریەک لە ئاتلی و بیڤن ئامادە بوون. ئەمە مانای ئەوە نیە کە رێچونەکانی داهاتوو زۆر دەگۆردرا ئەگەر کەسایەتیەکان نەگۆردرابان. چرچل خۆی سەپەرشتی دوژمنایەتی ستالینی دەکرد، رۆزفلت ئەگەر نەمردبایە ئەو وێنەی دۆستایەتیەی روسیا و ئەمریکای دەگۆڕی کە لە مێشکی خەلکدا جێگیر ببوو. گۆڕانی سەرکردەکان کاریگەری خەراپی لەسەر کۆنگرەی بۆتسدام پەیدا کرد..(هاوپەیمانێتی مەزن) بەرەو لەدەست دان دەچوو.

-------------------------------------

# بەشی چواردەهەم

# دیالەکتیکی سەرکەوتن

گەورەیی سەرکەوتنی روسی و مەینەتەکانی.

- نەتەوە و شۆرش لە سیاسەتی ستالیندا.

- لە (سۆسیالیزم لە یەك ولات) بۆ ( سۆسیالیزم لە یەك ناوچە).

- ستالین هەلگێرسینەری شۆڕشەکانی شۆرشگێری.

- (پەردە ئاسنینەکە)، چیرۆك و ئاماژەکانی.

- کاریگەری رۆژئاوا لەسەر روسیا.

- ستالین و جوکوف.

- هەوڵەکانی زیندووکردنەوەی لینینیزم.

- تەنگژەی چەرخی ئەتۆمی (جیهانیك یا دوو جیهان؟).

- رۆژژمێریکی گشتیی ژیاننامەی ستالین.

لە بیست و چواری حوزەیرانی ١٩٤٥، بۆ بینینی نمایشە مەزنەکەی سەربازی کە بە بۆنەی یادی یەکەمی سەرکەوتنی سوپای سوور بەسەر سوپای ئەڵمانی ساز کرابوو، ستالین لەسەر گلکۆی لینین دەوەستی، لە تەکیەوە مارشال جوکوف دەبێ، جوکوف بە پاڵەوانی سەرکەوتنەکانی جەنگی مۆسکۆ و ستالینگراد و بەرلین دیتە ئەژمار. ئەو هێزانەی بەبەر دەمیاندا تێدەپەرین بە فەرماندەیی روکوسوفسکی بوون، ئەو رۆژە کەش و هەوایەکی بارانی بوو ئاپۆری نمایشەکە شۆستەکانیان بە لێرتاوی قورو زێلاق سواق دەدا، ئاپۆرەکە بە ئالای رەنگاورەنگی دەست بەسەرداگیراو لە سوپای ئەڵمانی رازێندرابۆوە، کاتێ دەهاتنە نزیك ستالین ئالاکانیان فرێدەدایە بەر پێکانی، بۆ رۆژی دواتر بەبۆنەی سەرکەوتنی ستالین لە شەرەکانی ١٩٤١ مۆسکۆ ئاهەنگ دەگێرێ، بەو بۆنەیەوە مەدالیا دەبەخشنە ستالین، دوای یەك رۆژ نازناوی ( پاڵەوانی یەکێتی سۆڤیەت)ی پێ دەبەخشن و دەبێتە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی چەکداری یەکێتی سۆڤیەت. ئەوان رۆژان بە رۆژانی سەرکەوتن و رۆژانی نەمر دێنە ئەژمار، بەڵام زۆر کەم سەرکەوتن و بێئومێدی بەیەکەوە دێن وەکو ئەوەی لە یەکێتێ سۆڤیەت روویدا لە ١٩٤٥. زۆر کەم مێژوو ئەمەی تۆمار کردوە کە دوای سەرکەوتنەکان برسێتی و نەهامەتی خۆی بکا بەو ولاتە. گەل بە خۆرسکی و بێ ئاراستە و راسپاردەی دەزگا فەرمیەکان خۆشبەختی و خۆشەویستیان بۆ ستالین دەخواست، دروشمەکان کە بەرز کرابونەوە ئاماژەی سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی سەردەمی ستالینیان نیشان دەدا، ئەم هەستە نەك لای لایەنگرانی هەبوو بەڵکو لای ناحەزانیشی بەدی دەکرا، میللەت ئامادەبو لەپای ئەو دەستکەوتانەی لە گوناهەکانی خۆش بن، جگە لە سەرکەوتنەکان هیچی تریان لە بیردا نەمایەوە، چونکە سەرکەوتنێکی بەدەست هێنابوو هەڵەکانی ساڵانی ١٩٣٩و ١٩٤١ یشی بۆ کرابوە ژێری دەسەڵاتدارێتی، تەنانەت کارە درندانەیەکانی ساڵی ١٩٣٦یش بە هەنگاوی حەکیمانەیان دەزانی پێیان وابوو یەکێتی سۆڤیەت لە پای ئەو کارانەیدا قەرزاریەتی.
ئەم رۆژژمێرە نوێیە زادی سەرکەوتنەکانی نیە بە تەنها، ئەگەر بەهۆی بەکار هێنانی ئامێری نوێی جوتیاران نەبووایە کە لە ناوچەکانی رۆژهەڵات بەکاریان دەهێنا بەم شێوە بەرهەمەکان زیادیان نەدەکرد. جەنگی سەردەمانی ساڵانی سیەکان بە ئامێرە کۆنەکانەوە سودێکی نەدەبوو. دواتر بەهۆی بەرز بوونەوەی ئاستی خوێندەواری و فێربونەوە سوپای سوور توانیی رێژەی ئەفسەر و سەربازی مەشق پێکراوی زۆر بەرهەم بێنێ. بەر لە دە ساڵ ستالین دەڵێ:

( ئێمە بە قەدەر پەنجا تا سەد ساڵ لە دواوەی ولاتانی پێشکەوتوو داین ئەگەر لە ماوەی دەسالیتر بە هەوڵ و خۆماندوکردنەوە پێیان نەگەین ئەوا بەسەرماندا زاڵ دەبن و دەستمان بەسەردا دەگرن) ئەم گوتەی ستالین بە تەواوەتی بەر لە دەسال پێش هێرشەکەی هیتلەر دەبێ. بۆیە ئەم لێدوانەی مرۆڤ سەرسام دەکا، کەوابێ پێشوەچونی یەکێتی سۆڤیەت لە روی بەرهەمهێنان و فێرکردنەوە بوو بە فاکتەری سەرکەوتنەکانی روسیا.

بەڵام باجی ئەم سەرکەوتنانە کەم نەبوون کە روسیا دای: بە پێی ئاماره فەرمیەکان حەوت ملیۆن کوژراو، بەلکو ژمارەی راستەقینە زۆر لەمە زیاتر بێ بە ملیۆنان کەس پەککەوتە و گوم بوون، خاپور بوونی زۆربەی شار و گوندەکان، کاول بوونی کارگەکان و کانزا و گۆمەکان، دەربەدەر و ئاوارە بوونی زیاتر لە بیست و پێنج ملیۆن کەس و بردنەسەری ژیان لە نێو چادرو کۆخەکاندا، دواتر بێبەش بوونی سەرجەم هاولاتیان لە پێداویستەکانی بنەرەتیی ژیان و بەرهەمهێنان بۆ ماوەی چەندین ساڵ.
میللەت برسی و ماندوە، چاوەڕوانن حکومەتەکەیان شار و گوندەکانیان بۆ ئاوەدان کاتەوە، خۆراکیان بۆ دابین بکا و کارگەکانیان بۆ بخاتەوە گەر، رێگا و بانەکان بەیەك ببەستێتەوە، بەڵام حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت لە جەنگ دەرچوە ماندو و میلاکە خوێنی لێ چۆراوە، خەلك ئۆقرەی لێبراوە و ستالین ناتوانێ داخوازیەکانیان بۆ جێبەجێ بکا بۆیە پشت بە ئابوریی نەتەوەکانیتر دەبەستێ بۆبەرز کردنەوەی ئاستی بژێوی خەلك.
لە رووی تیوریەوە دەتوانێ بە سێ رێگا ئەمە چارەسەر بکا: ١/ داوای هاوکاری لە دۆستە رۆژئاواییەکانی بکا بەتایبەتی ئەمریکا، کاتێك هاوپەیمانی لە نێوانیان روویدا خەلك زۆر باسی هاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ روسیایان دەکرد و باسیان لە بازرگانی نێوان ئەو دوو ولاتەیان دەکرد، بەلام ئومێدەکانی بواری هاوکاری زوو لەناو چوون بەهۆی ئەوەی ستالین لەو دۆخە دەترسا کە هاوکاریەکان ببنە مایەی کلکایەتی و سەپاندنی مەرج بەسەریاندا، بۆیە پشت بە یەك لەم گریمانانە دەبەستێ: یەکیان نەتەوی و گەوهەری، ئەویتریان شۆرشگێری..
٢/پلانە نەتەویەکە بریتی دەبێ لە سەپاندنی باج بەسەر نەتەوە ژێرکەوتوەکاندا و گواستنەوەی کارگەکانیان بۆ روسیا و بریی باجە سەپێندراوەکە لە بەرهەمی ئەو کارگانە، کە راستەو خۆ کرێکارەکانی دەخاتە سەر کار بەو هۆیەوە پلانە شۆرشگێریەکە کە بەخێراییەکی هێواش و لەسەرەخۆ ئەنجام دەدرێ بریتی دەبێ لە٣/ بەرین کردنی پانتایی بەرهەمهێنانی لە ئەنجامی پەرە پێدان بە پەیوەندیە ئابوریەکانی لەگەڵ ولاتانی هاوتەریب.
بەم شێوە دەبینین هەردوو هێلەکەی نەتەوی و شۆڕشگێری لە گەلێك خال بەیەکدا هەلدەپژێن، بەلام ستالین پشت بە یەکێکیان نابەستێ و ئەویتریان پشتگوێ بخا، هەرچەندە هێلی نەتەوی لە کاتی شەڕ زال دەبێ بەلام هێلی شۆرشگێریش دواتر زالە. بەستنەوەی ئابوری چەند ولاتێکی بچوک بە ئابوری روسیاوە دەبێتە مایەی بوژانەوەی ئابوری روسیا.
دەبێ ئەم گۆڕانکاریە مەزنترین گۆڕانکاری و جیاوازی بێ لە ژیانی ستالینا، بە درێژایی دوو دەیە دەستی بە ئنجیلی (سۆسیالیزم لە یەك ولات) دا گرتبوو کاری پێدەکرد، بە پێداگریی لەسەر ئەوەی کە روسیا لە تواناییدایە پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێ، سەرنجی روسیای لەسەر شۆرشی جیهانی دوور خستەوە، بە کتوپر لە نێو ئاهەنگی سەرکەوتنەکانیدا دەیبینین لە پەیامەکەی هەڵدەگەڕێتەوە، بە کردار نەك بە گوتار، دەست بەرداری دەستەواژەی، پشت بەستن بە تواناکانی روسیا دەبێت و روو لە شۆرشی جیهانی دەکا، وەکو ئەوەی بۆلشەڤیك دوای خولێك سووران دووبارە لە خالی سفرەوە دەست پێدەکاتەوە،، ئەمە ئەو

دیالەکتیکە سەیرەیە کە ستالینی بە سەرکەوتن گەیاند، وەکو ئەوەی بیەوێ ئەم سەرکەوتنە بکاتە سەرکەوتنی ترۆتسکی دوای مردنی، هەلسوکەوتەکان ئاماژە بوون بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکان سەرتاپای خەبات و هەولەکانی بۆ بێگوناهـ کردنی مردوە رکابەرەکەی بوبێ.
ئەم گوتانە تەنها بەشێکن لە راستیەکان، بێ گومان ئەو ستالینەی ١٩٤٥-١٩٤٦ هەمان ئەو ستالینە نیە کە لە سالەکانی ١٩٢٥یا ١٩٣٥ ناسیمان، تەوژمەکان زۆریان لە پێگەی خۆی دوور خستەوە. بەلام نەیانگێرایەوە خالی دەرچونی سەرەتایی، بۆ دەستەواژەی شۆرشی جیهانی کە رۆژێك لە رۆژان لینین و ترۆتسکی و بە هاوبەشی بڕوایان پێیبوو، دروشمی (سۆسیالیزم لە یەك ولات) ستەمی لێکرا بە ( سۆسیالیزم لە یەك ناوچە)، لە دیدی ترۆتسکی و لینین شۆرشی سۆسیالیزم پرۆسەیەکی بەردەوام و گشتگیرە، بە دانوستانی درێژخایەن رازی نابێ لە گەڵ هێزەکانی سەرمایەداری و سۆسیالیزم چونکە لەگەل یەکتر ناتەبان.
ئەم دەستەواژە رێگە بە دابەش کردنی ناوچەکان نادا بۆ سەر ناوچەی ژێر دەسەڵات لە نێوان رژێمە رکابەرەکاندا.
بیرۆکەی سەروەری هاوبەش کە دەولەتە مەزنەکان پیادەی دەکەن، بە بڕوای بۆلشەڤیە رەسەنەکان ئەمە رەت کردنەوەی رێبازی سۆسیالیزمە. بەلام دەستەواژەکان بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی ستالینی وەکو لە سیاسەتەکانی ستالینمان هەلێنجاوە، تا ئێستا شۆرشی جیهانی بە شۆرشێکی گشتگیر دەزانێ، چونکە پێی وایە ناکۆکیەکانی نێوان سۆسیالیزم و سەرمایەداری پەیوەستە بە شارستانێتی نوێوە، بە تەواوەتی وەکو ئەو ناکۆکیە وایە کە کاتی خۆی لە نێوان سەرمایەداری و دەرەبەگایەتیدا هەبوو، بەلام ململانێی نێوانیان بە لێکدانەوەی فەلسەفی و مێژوویی پرۆسەیەکی بەردەوامە، بەلکو چەندین نەوە دەخایەنێ.
ئەوەی پەیوەندیی بە روالەتی سیاسەتی کردەیی یەوە هەیە، ئەوەیە کە کاریگەری پرۆسەی سیاسی بەقەدەر بەردەوامی پرۆسەکە گرنگە، ململانێی چەکداریی نێوان ئەو دوو رژێمە بەلکو دەخوازێ دانوستان ئەنجام بدەن کە ماوەیەکی درێژ بخایەنێ، لەو ماوەیەدا ئەو ململانێ چەکداریە روخساری ململانێیەکی ئاشتیانە وەردەگرێ، خۆی سروشتی ئەو پرۆسە ئەوە نیە تەنها بوار بۆ رێککەوتن لە نێوان دەولەتانی سەرمایەداری و سۆسیالیستی برەخسێنێ، بەلکو بەسەریشیاندا دەسەپێنێ، لەمەش زیاتر بواریان دەدا، رێگە بە ولاتانی سۆسیالیست دەدا ریککەوتنی پراکتیکی ئەنجام بدەن بە پێی ئەو رێککەوتنانە ناوچەی دەسەڵات دابەش بکەن، هەروەها پشتگیری لە هەندێك ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ولاتانی سەرمایەداری بکەن لە پای پشتگیری ئەوان بۆ دەولەتانی سۆسیالیست لە دەست گرتن بەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵات.
هەندێك لەیەك نەچونیتر لە رووی تێروانینی رووداوەکان بەدی دەکرێ کە لە چلەکان رویاندا، بە تێروانینی بۆلشەڤیی کۆن گوایە رۆژئاوای پێشکەوتو لە رووی پیشەسازیەوە گونجاوترین شوێنە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی سۆسیالیزم، روسیا شۆرشی هەلگیرساند بەلام دەبێ ئەوروپا تەواویکا، دەبێ کار بۆ پێگەیاندنی بکا، دەبێ گیانی سۆسیالیزمی لە روسیایەکی دواکەوتووە پێ ببەخشێ. بەلام ستالین پێی وایە ئەم دیدە دیدێکی نەفرەتیە. چونکە لەلایەك رۆژئاوا لە توانایدا نیە شۆرش بکا، لەلایەکی تریشەوە رۆژئاوا دەستبەرداری

سۆسیالیزم بووە بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی روسیا بەخۆیەوە بینیوە کە دلنیایە لە دەستبەرداربوون لە سیستەمی ئۆردوگای سەرمایەداری ئەوروپی.

لینین و ترۆتسکی چاویان بریبوە چینی کرێکاری ئەڵمانی و فرەنسی و بەریتانی وەکو فاکتەری هەڵگیرساندنی شۆرش لە سەدەی بیستەم. بەلام ستالین چاوی بریبوە شۆرش لە وارسۆ و بوخارێست و بلگراد و پراگ ، لە ماوەی سەردەمێکی تەواو دروشمی سۆسیالیزم لە یەك ناوچەی روسی ئامانجی ستراتیژی سیاسیی روسی بووە. جیاوازیەکە لێرە لە شێوازی بە ئەنجام گەیاندنی شۆرش دایە، بۆلشەڤیە کۆنەکان گرەویان لەسەر سۆزی شۆرشگێرانەی بزوتنەوەی چینی کرێکارانی جیهانی کردبوو. پێیان وابووە سیستەمی سۆسیالیزم لە ئەنجامی ئەزمونی چینی کرێکارانی جیهانی لەدایك دەبێ، باشترین و کاریگەرترین فاکتەری دیاری کردنی چارەنوسانیەتی، بە شێوەیەکیتر بلێین ئەوان بڕوایان بە شۆرشی ژێربەژێر هەبوو، وەکو ئەوەی لە راپەڕینەکەی ١٩١٧روویدا ، بەلام ئەو شۆرشەی ستالین گواستیەوە رۆژهەلاتی ئەوروپا ئەوە شۆرشێك بوو لە سەرەوەڕا دەستی پێکرد، هەرچەندە لەو ولاتانەی ئەم جۆرە شۆرشەیان لێ ئەنجام درا حزبی کۆمۆنیستی خۆیان هەبون پێشڕەویان دەکرد بەلام بزوێنەرە سەرەکیەکە سوپای سوور بوو، ئەمە مانای ئەوە نیە چینی کرێکار بەشداریان تێدا نەکردوە، ئەگەر ئەوان بەشداریان نەکردبایە کارەکە ئاوەژو دەبۆوە، چونکە ناکرێ تەنها لە سەرەوەرا شۆرش ئەنجام بدرێ بەبێ بەشداری ناوەوە، لێرە دەتوانین بلێین ئەوەی لە گەردونی روسی روویدا نیوەی داگیرکاری بوو نیوەکەی تری شۆرش. ئەمەیە کارەکەی لە رۆژژمێرەکاندا قورس و ئالۆزیان کردوە.

ئەگەر داگیرکاری نەبووایە، هەندێك لایەن بە داگیرکاریان نەدەزانی، ئەگەر شۆرشێکی خاوێنیش بوایە ئەوا هەموو لایەنێك بە شۆرشیان دەناسی و هەرزوبەزوو دانیان پێدەنا. بۆیە (سۆسیالیزم لە یەك ناوچە یا هەرێم) دەبێتە تێکەلی لە داگیرکاری و شۆرش.

ستالین تاقە سەرکردە و کەس نەبووە شۆرش لە سەرەوەرا هەلگیرسێنێ، بەر لەو ناپۆلیۆن وبسمارکیش هەمان کاریان لە ئەوروپا ئەنجام داوە، هەرچەندە لە رووی ناوەرۆکەوە جیاوازیان هەبووە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیەدا بوە کە لە نێوان شۆرشی بۆرژوا و شۆرشی سۆسیالیزم دا هەبووە. ئەم دیاردەیە تەنها دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەرونی دەردەکەوێ، ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەهەم روخانی سیستەمی دەرەبەگایەتی بەخۆوە دەبینێ، لە دەرەوەی فرەنسا و لە شوێن ئەو سیستەمی بۆرژوا دێتە کا، بەلام سیستەمی دەرەبەگایەتی لە رۆژهەلاتی راین نە لە ئەنجامی چەندین راپەڕینی هاوشێوەی فرەنسا لەناو دەچێ نەبە تورەیی نەتەوی لە ناو دەچێ نەبەو شۆرشەی ژێربەژێری یاکوبیەکان کە ئومێدیان لەسەر هەلچنیبو لە ١٧٩٤ لە ناو دەچێ. لە جیات ئەمە کار بۆ تێکدانی دەرەبەگی ئەوروپی کرا بە روخاندنی ژێرخان و لەبنچینەوە هەلتەکاندنی، لە رێگەی زنجیرەیەك شۆرشی سەرگەرایی، بەنمونە ناپۆلیۆن لەناوبەری یاکوبیەکانە لە فرەنسا، ئەو شۆرشی گواستەوە خاکی بێگانە، بۆ ئیتالیا بۆ پۆلۆنیا و رانیلاند، لەم رێگایەوە یاساکانی سەپاندن بەسەر گۆڕانکاریەکانی و هەلوەشاندەوەی ئیمتیازەکانی دەرەبەگەکانی ، بەلام بە ناچاری هەندێ

له بەندەکانی یاکوبیەکانی جێبەجێ کرد.
ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە بسمارك هەمان کاری لە ئەلمانیا ئەنجام دا کاتێك ئەلمانیا لە پاشماوەی دەرەبەگ رزگار دەکا کە ببوە تەگەرە لەبەردەم بوژانەوەی بۆرژوا. بەلام نەوەی دووەمی دوای شۆرشی فرەنسی رووداوی سەیرتر دەبینن، کاتێك قەیسەری روسی سیستەمی کۆیلایەتی لە پۆلۆنیا و روسیا هەلدەوەشێنێتەوە، ئەم کردەوە هیچ کاتێك یاکوبیەکان خەونیان پێیەوە نەدەبینی. رژێمی دەرەبەگایەتی لە فرەنسا لە ناوەوە لە توانایاندا نەبوو تیکی بشکێنن بۆیە لە دەرەوە و لە سەرەوەرا گورزی لێوەشێندرا و لەناو بردرا، لە راستیشدا ئەو رەنگدانەوە و کاریگەریانەی ناپۆلیۆن لەسەر ولاتانی دەوروبەر جێهێشت هەمان کاریگەربون کە ستالین لەسەر ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلات و ناوەراستدا هەبوو، فاکتەرە سەرەکیەکانی هەردووك دیارە لەیەك دەچوون: رژێمی کۆمەلایەتیی ئەوکات رۆژهەلاتی ئەوروپا، هەمان سیستەمی دەرەبەگایەتی راینلاند بوو لە سەردەمی ناپۆلیۆن، رژێمێك بوو لە توانایدا نەبوو بەردەوام بێ، هێزە ناوخۆییەکانیش توانای بەرپەرچدانەوە و لەناو بردنیان نەبوو، بۆیە شۆرش و داگیرکاری لە نێو بزوتنەوەیەکی پێشکەوتوخواز یەکیانگرت و توانیان ئەو رژێمە لەناو بەرن.

+++

(ناکۆکیە دیالەکتیکە) کەیتری کە ستالینیزمی سەرکەوتو تێی کەوتبوو، پەیوەندیی بە ( پەردەی ئاسنین)ەوە هەبوو، واتە بەو گۆشەگیریەی ستالین بەسەر نەوەی نوێی روسیدا سەپاندبوو، لە راستیشدا ئەم گۆشەگیری و دابرانە کاریگەری زۆری لەسەر دۆخی سیاسی و رەوشەنبیری سۆڤیەتیەکان هەبوو. دەتوانین بلێین ستالین ئەندازیاری سەرەکیی (پەردەی ئاسنین)ە، بەلام هۆکار و ئامرازەکانی فرە شێوە و رەنگن، کە ئەم پەردە پۆلاینەیان دروست کرد هاولاتیانیان لە رووداوەکان بێ خەبەر کرد.
یەکێك لەو ئامرازانەی بۆلشەڤی گرتبویە دەست بەرگری لەخۆ کردن بوو، ئەمەش لە ئەنجامی بێ ئومێدیەوە دەبێ لە شۆرشی جیهانی ، بۆیە روسیای بۆلشەڤی خۆی لە دونیای دوژمنانی جیاکردەوە، لەمەشیان هیچ جیاوازیەکی لەگەل بەریتانیای سەردەمی کرومویل و فرەنسای یاکوبیەکاندا نەبوو.
بەریتانیای کرۆمۆیلی لە ژێر هەژمونی فرەنسا و پیلان و زێرەکانیدا دەژیا کە لە دژیدا بەکاریان دەهێنا. لە کاتێکا پیلانەکانی ئینگلیزی و زێری ئینگلیزی بوون تەختی یاکوبیەکانی فرەنسایان تێکدا، بۆیە لە هەردووك بۆنە نەتەوەی شۆرشگێر پاساوی ترسی هەبوو. چونکە هیچ کاتێك پیلان و زێری دەرەکی بێ کاریگەر نەدەبوو بۆیە دەبوایە ترس و دلەراوکێیان لێی هەبێ.
کەلتوری روسی چەندین شێوەی بەم رووداوە بەخشی، بەهۆی ئەو دۆخەی تیایدا دەژیا پاساوی لێکدانەوەی جیا و جۆراوجۆری لەسەر ئەم دۆخە دەکرد، بە هۆکاری سەربازیەوە روسیا بۆ ماوەیەکی زۆر

خۆی لە ئەوروپا گۆشەگیر و دابراو کرد، دەشتاییەکانی سروشتی روسیا رێگر نەبوون لەبەردەم هێرشەکانی ئەوروپا بۆ سەر روسیا هیچ بەربەستێکی سروشتیان نەبوو. دوژمنایەتیی نێوان ئەرسەدۆکس و کاسۆلیك ئەم گۆشەگیریەی توندتر کرد، ستەمکاری قەیسرەیش بووە مایەی ئەوەی بەرگری لە خۆی بکا لە دژی هزرەکانی لیبرالیزم و سۆسیالیزم کە لە رۆژئاواوە دزەیان دەکرد.

راستە کە ئینتلجەنسی روسی توانیی لە سەدەی نۆزدەهەم کەلێنێك لەو گۆشەگیریە بکاتەوە، بەلام ئەم سەرکەوتنە لە ئەنجامی ماندوبوون و خەباتێکی زۆر دێتە دەست، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دیوارە گۆشەگیریە هەر دەمێنێتەوە، کاتێکیش بۆلشەڤیەکان هەوڵی روخانیاندا، بۆیان دەرکەوت کە نەك روخانی بەلکو گرتنی کون و کەلێنەکان سودمەندترە.

ئەگەر لە روێکی ترەوە سەیری (پەردەی ئاسنین) بکەین، دەبینین یەکێکە لە رازاوەکانی پاراستنی ئابوری، هیچ نەتەوەیەکی مەزن جگە لە بەریتانیا بەبێ گرتنی سنورەکانی و سەپاندنی باجی گونجاو بەسەر بەرهەمەکانی و ریگەگرتن لە ولاتە پێشکەوتوەکان بۆ نمایش کردنی بەرهەمەکانیان، نەیانتوانیە ژێرخانی ئابوریان باش کەن و پیشەسازی بەرەو پێش بەرن. ئەوەتا هەر لە پەنای دیواری پاراستندا بوو ئەلمانیا و ئەمریکا پێشوەچونی پیشەسازیان بەخۆوە بینی، بەلام بۆ ولاتێك لە ژێر سیستەمی (سۆسیالیزم لە یەك ولاتدا)بێ ئەم سیستەمە گونجاو نیە، ئەگەر سەرمایەی بێگانە ببێتە هۆکار و فاکتەری بوژانەوەی پیشەسازی لە هەندێك ولات و یا پاراستنی جوگرافیا بوبێتە پێشوەچونی ئابوری لە هەندێك ولات، ئەوا روسیای بۆلشەڤی لەم دەستکەوتانە بێبەش بوە، سەرمایە نابێتە مایەی بوژانەوەی بەرهەمەکانی. کاتێکیش دەستیکرد بە هەلمەتی دروستکردن رووبەرووی مەترسیی جەنگی جیهانی دەبێتەوە بۆیە ناچار دەبێ پشکی زۆری داهاتەکانی لە بواری سەربازی خەرجکا، ئیتر کاری دروستکردنی سەربازیی بەباشی بۆ مەیسەر نابێ، سیمای پاراستنیش دەبێتە سیمایەکی توند و تیژی.

تاکی زەحمەتکێش یەکەم کەس دەبێ هەست بەم توندوتیژیە و مەینەتە دەکا، دەسەڵاتدارانی حکومەت خۆیان سەرپەرشتی دابەشکردنی داهاتەکانیان دەکرد بەسەر توێژەکانی ولاتدا، بەسەر بواری ئامێری کشتوکالی و سەربازی و بەگەڕخستنی تاکی کۆمەڵ، تا گوژمەی زیاتر بۆ بوارەکانی دروستکردنی سەربازی تەرخان دەکرێ ئەوەندە پێداویستیەکانی هاولاتی لە کورتی دەدا، ئەمە دۆخی ئەوسای ئابوری ولات دەبێ، ئەم شێوازە ئەوەیە کە هەموو نەتەوەکانی رووبەڕووی دۆخی جەنگ دەبنەوە بەناچاری پیادەی دەکەن، لە جەنگی دووەمی جیهانی لە کاتێکا روسیا بە چەند سالێك بەر لە جەنگی جیهانی ئەم سیستەمەی پیادە دەکرد، ئەم دۆخەش بە باجی هاولاتیان تەواو دەبێ و باری گوزەرانیان سەختتر دەبێ.

زۆربەی هاولاتیانی روسی هەستیان بە زیادبونی بەرهەمەکان دەکرد لە کاتێکا نەداری و هەژاری لە زیاد بووندا بوو، راستە زۆربەی زانا ئابوریەکان رایان وایە ئەمە حالی ئەو نەتەوانەیە کە شۆرشی پیشەسازی هەلدەگیرسێنن، خۆی ناوەرۆك و گەوهەری سیاسەتی پاراستن کە لە سەدەی نۆزدەهەم پیادە کرا بریتی بوە لەوەی هاولاتی بە نرخێکی هەرزان دەستی نەگاتە کالا و بەرهەمەکانی بێگانە، بۆ ئەوەی پیشەسازیی نیشتمانی پارێزراو بێ، بەلام هیچ نەتەوەیەك ئەمەی نەبینیوە لە لایەك بەرهەمەکان کەلەکە بوون، لەلایەکیتر برسێتی

و نەداری لە زیادبون دابوو، ئەمە تەنها لە روسیای سەردەمی ستالین روویداوە، دواتر هیچ نەتەوەیەك ئەم ناكۆكیەی بە پێشكەوتنی سۆسیالیزم نەزانیوە، پێی وانەبووە بەم رێگایە بە كۆمەڵگایەكی بێ چین دەگات، ستالین تەنها داوای لە هاوڵاتیان نەدەكرد زیاتر هەوڵ بدەن و تێبكۆشن و بەرگەی ئەم دۆخە بگرن، بەڵكو داوای ئەوەشی لێدەكردن كە رایبگەیەنن كە لە خۆشترین گوزەراندان، ژیانیان لە ژیانی هاوڵاتیانی وڵاتانی سەرمایەدار خۆشترە، هیچ كاتێك ئەمە راست نەبووە گلەییەكەش لە سۆسیالیزم ناكرێ تەنها لە ستالین دەكرێ، هەڵەكە هی ستالین بوو نەك سۆسیالیزم، چونكە سوور بوو لەسەر ئەوەی كۆمەڵگای روسی بە كۆمەڵگایەكی خۆشگوزەران ناو ببا لە ژێر سایە سیستەمی سۆسیالیزمدا. ئەم لێكدانەوە هەڵەیە سەرچاوەی كۆمەڵێك چەواشەكاریی سەرسوڕهێنەرە:

یەكەمیان/ رێگەی بە كۆمەڵگای روسی نەداوە بەراوردێك لە نێوان گوزەرانی ژیانی خۆی و هاوڵاتیانی ئەوروپی یا بێگانەدا بكا.

دووەمیان/ دەزگاكانی راگەیاندنی روسی بە درێژایی ساڵەكان تەنها كاریان بۆ جوان نیشاندانی ژیان و گوزەرانی خەڵك نەبووە بەڵكو كاریان لەسەر ئەوەشكردوە ژیان وگوزەرانی چینی كرێكارانی دەرەوە بە ناشیرنی و كەسادی نیشان بدەن.

سێیەمیان/ هاوڵاتیانی روسی رێگەیان پێنەدرابوو لێكۆڵینەوە و دیراسەت لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتی لە وڵاتانی بێگانە ئەنجام بدەن، جا ئەم لێكۆڵینەوە ئەگەر بە رێگەی سەردانی كەسی بێ یا بەرێگەی نوسین لە رۆژنامە و گۆڤارەكان بێ، بۆیە خەمە گەورەكەی ستالین توند كردنی (پەردەی ئاسنین) بووە. بەم رێگایە گۆشەگیری روسیا و دابرانی لە دونیا توند كردبوو، ئەم گۆشەگیریە لە سەردەمانی لەناوبردن ببوە كابوسێك، وێنەی بكوژی بێگانەی بە تۆقێنەر و ترسناك كێشابوو: ئەو وێنە تاریكەی داواكاری گشتی (فیشنسكی) لەسەر پیلانەكانی بێگانەی كێشابوو زۆر توند بوون، پەردەیەكی رەشی بەسەر دانپێدانانی تۆمەتبارەكاندا كێشابوو، وای نیشان دابوو كە هەر پەیوەندیەك لەگەل بێگانە، سزاكەی توند دەبێ، چونكە هەموو پەیوەندیەكان بۆ مەبەستی سیخوری و پیلانگێرین، بەڵام تۆمەتبارەكان دركیان بەوە دەكرد كە ئەم گۆشەگیریە تەڵەیەكە بۆ ئەوەی پێیدا بكەون بەو هۆیەوە بەم گۆشەگیریە رازی بوون، گەنجان پرسەكەیان بە روكەشی وەرگرتبو ترسیان لە هەموو بێگانەیەك هەبوو، ئەم بیركردنەوە بوو بە بەشێك لە سروشتی ئەوان و بوو بە رواڵەتی گوزەرانیان، ترس لە پەیوەندی بێ خەبەری لە دەنگ و باسی دەرەوە ، رێگە نەدان بە لێكۆڵینەوە لە راستیەكان و گەران بەدوای هزری جیاواز دەبێتە رێگر لە دزە كردنی هزرو بۆچونی بێگانە. لە راستیشدا ئەو پەردە ئاسنینەی بەم ئامرازانە دروست كرابوو رۆڵێكی دوو فاقیی دەگێرا: فاقی یەكەمیان (پێشكەوتوخواز) بوو فاقی دووەمیان (كۆنەپەرستانە) ، لە پەنای ئەم دووفاقیە شۆرش هەسابۆوە، سەقامگیریی بەخۆوە بینیبوو، لە ژێر سایەی ئەو دۆخە حكومەت لە توانایدابوو پرۆژەی پیشەسازی و نوێكاری ئەنجام بدا، (پەردەی ئاسنین) لە رووی سەربازیشەوە لە

سەردەمی جەنگ رۆڵی ئاشکەرا دەبێ. ئەوکاتە فشۆڵی ئەم سیستەمە دەردەکەوێ کە جەنەراڵەکانی هیتلەر لەوپەری ئامادە باشیدا دەبن بۆ هێرش بردن کەچی ئەفسەرانی روسی هیچ زانیاریەکیان لەسەریان نابێ، لە هەمان کاتدا (پەردەی ئاسنین) تەنها دەسەڵاتە تاکرەوەکەی ستالین و ستەمکاریەکەی دەپاراست، بۆیە رۆڵێکی دوو فاقیی دەبینی.

بەم شێوە سەرکەوتنەکان هەرەشە لە خۆیان دەکەن، روسیا بە هەزاران شێوە خۆی بە ماندو هیلاك بینیوە، لە رووی کاروباری دەرەوە، بە ملیۆنان سەربازی روسی خۆیان لە دەرەوەی روسیا بینیەوە لە ولاتانی تر سەربازگەیان داناوە، دوای ماوەیەکی زۆریش بە ملیۆنان دیل لە ئەلمانیاوە دەگەرێنەوە، زۆر لە ئەفسەرانیشی لەسەر مێزی لیژنە هاوبەشەکان دانیشتبون کە هاوپەیمانان سازیان دابوو، رۆژانە پەیوەندیان بە دونیای دەرەوە دەکرد، ئیتر (پەردەی ئاسنین) کون و پێکراو و لەسەر لێواری لەناو چوون دەبێ.

بەلام ئەو کاریگەریانەی رۆژئاوا لەسەر روسیایان جێهێشت، هەموو کاتێك کاریگەری ئەرێنی نەبوون. وەکو هەندێك لە رۆژئاواییەکان ستایشی خۆیان پێدەکەن، روسەکان رویان لە ئەوروپا کرد، کاولکاریان بەسەردا هێنا، ملیۆنان ژن و مندال لە پشتی تێلبەندەکانن ئەمە چەندین سالە لە ئۆردوگاکان بەم شێوە ژیان بەسەر دەبەن، یانیش لە نزیك کورەی گازی کۆمەلکوژی دەژین لە چاوەڕوانی مردندان، بەم شێوە روە نەخۆشەکەی ئەوروپایان لێ دیار بوو نەك روە جوانەکەی جاران. ئیتر ئەوەبو ژیانی دەرەوەیان بە شێوەیەك بینی گەلێك مالوێرانتر لەوەی لە ناوەوە وێنەیان بۆی دەکێشا، تەنانەت ئەوانەی ئەم جۆرە ژیانەشیان نە چێشتبوو بڕوایان بە پێشوەچونی ئەوروپای سەرمایەداری نەبوو، چونکە پێیان وابوو ئەو کۆمەلگایەی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێناندا زال نەبێ، لەژێر چەپۆکی زولم و ستەمکاری دەنالێنێ. هەر چۆنێکی هەبێ پەیوەندی بەستن لەگەل دونیای دەرەوە بووە مایەی لەبار یەك چونی کۆمەلگا و هەلوەشانەوەی کەلتور و هزری کە چەندین سالْ بوو کاریان بۆ بنیادنانی دەکرد، روسەکان بینیان ئەوروپیەکان لە ژیانێکی خۆشگوزەردا دەژین، ئاستی ژیانیان لە هی ئەوان بەرزترە، سەریان سوورمابوو لەو خۆشگوزەرانیەی گەلانی شکستخواردو کە چۆن بەم شێوە دەژین. غیرە نەبێ لە ناپۆلیۆنیەکان و مەجەری و یوگسلاڤی و چیکەکان، ئەوان کەمتر بەربەستیان لەبەردەم دایە بۆ دەربڕین لە راو بۆچونەکانیان واتە ئازادترن. .

لە ئەنجامی تێکەلاوبون و مامەلە کردنیان لەگەل ئەو کۆمەلگایانە جۆرێك لە جۆشی هزری لایان سەر هەلدەدا، کاتێکیش دەگەرێنەوە ولاتەکەی خۆیان بەسەرهاتەکانیان بۆ خزم و دۆستانیان دەگێرنەوە، ناتوانن وا بەخێرا ئەو گۆڕانکاریانە ئەنجام بدەن، کۆمەلە و گروپی لەم جۆرە کە بتوانن ئەم گۆڕانکاریانە ئەنجام بدەن بوونیان نەبوو، کاریکی ئەستەم بوو نەتەوەیەك بۆ سەردەمانێك لە دەربڕینی بیرو بۆچونەکانیدەمکوت کرابێ وا بە خێرایی بتوانێ ئەم گۆڕانکاریە ئەنجام بدا و هەنگاوەکان وا بە خێرایی ببڕێ، کەس بۆی نەدەکرا مەدای ئەو گۆڕانکاریە دیاری بکا، بۆیە ئەزمونەکەی بەم دواییە کارێکی پێویست بوو تا باری ژیانی ماددی خۆی خۆش بکا، چونکە حکومەتەکەی ستالین ئەم پێویستیەی چارە نەکردبو تەنها لە رێگەی وەرگرتنی باج لە نەتەوە شکستخواردوەکان و بوژانەوەی ئابوری نیشتمانی نەبێ ، لەتەك ئەم رەوتەی بەرژەوەندی پەرستە رەوتێکیتر سەر هەلدەدا چاوی لە ئازادی دەبێ و بە چاوێکی تر سەیری دونیای دەرەوە

دەکا، میللەت ئەو قۆناغەی بریبوو کە ئیتر چاو پۆشی لە هەلەکانی ستالین بکا و بەرەو قۆناغێکیتر هەنگاو بنێ، میللەت پێویستی بە چاککردنی باری بژێوی هەبوو ئەمەش لە توانای ستالین و حکومەتەکەیدا نەبوو، بۆیە ئامادە نەبوو جارێکیتر لە ستالین ببورێ و چاوپۆشیی لێ بکا. باسمان کرد کە گروپ و کۆمەلەی دیار نەبوون ئەم دۆخە بقۆزنەوە و داوای ئازادی بکەن، ئەم وتەیە پێویستی بە دەستنیشان کردنێکی ورد هەیە. دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، توێژی ئەفسەران کرۆکی ئەم رەوتەیان پێك دەهێنا، لە بەشەکانی پێشو باسمان لەو دۆخە کرد کە ئەوانی لە ژێر ستەم و زۆرداری رزگار کرد و رێگەی پێدان ببنە خاوەن ناسنامەیەکی تایبەتی، کاتێك جەنگ دەست پێدەکا ئەو ئەفسەرانە لە دەوری فەرماندەکەیان (ژوکۆڤ) کۆدەبنەوە، (پارێزەری مۆسکۆ و رزگار کەری بەرلین) جگە لە ستالین کەس لەو بالاتر نابینن، ناوبانگی ژوکۆڤ گەلێك لە ناوبانگی ستالین رەسەنتر بوو چونکە ئەو هەندێک گلەیی لە پرۆپاگەندەی فەرمی هەبوو ، ئەمەش مانای ئەوە نیە ژوکۆڤ مەرەشە لە پێگەی ستالین دەکا یا کێبەرکێی لەگەلدا دەکا، دیارە سەرهەلدان و دروست بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ماوەیەکی دەوێ، گومانیش لە بەرز بوونەوەی هەیە چونکە ستالین تا ئەوکات لە لوتکەی دەسەڵاتە، مەزندەی ئەوەش دەکرا کە هەر لە بێشکەوە ئەو ئۆپۆزسیۆنە لەناو ببردرێ، بۆئەوەی نەتوانێ حکومەتێکی ئەلتەرناتیفی حکومەتەکەی دابمەزرێندرێ، یا شوێنگرەوەی بۆی بێتە پێش، هەروەکو لە سیەکان روویدا.



ژوکۆڤ Georgi Zjoekov

بیرکردنەوەکانی لەسەر ئەوە چرکردنەوە، چۆن پێگەی جارانی لە ناو حزب بگێرێتەوە کە هیچ کەسێك و ئۆرگانێك رکابەریی لەگەڵ نەکا و دەست نەخاتە پێشی، بەم شێوە ئەستێرەی جەنەرال و مارشالە ناودارەکانی ئاوا کرد، هەر دوای یەك مانگ لە وەستانی جەنگ هیچ کەنالێکی راگەیاندن ناویانی نەدەهێنا، بەلکو بلێم ئەمە بۆ ولاتێك کە حاکمێکی سەربازی بە دکتاتۆری حکمی بکات، بەلام دواتر کەژوکۆڤ لە بەرچاوان ون دەبێ لە ١٩٤٦ هەنگاوەکان ئاشکەرا دەبن. لەو کاتەوە ئەو رۆلانە ون دەکرێن کە لە ستالینگراد و مۆسکۆ

گێردران، دەمەکان دادەخرێن و ڕۆڵی کاراکتەرەکان ون یا شاش دەبن، ئەوکاتەی براڤدا یادی سێ ساڵەی ڕزگار کردنی بەرلین دەکاتەوە بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بە هیچ کەسێك نادا، بەم شێوە ناوی ژوکۆڤ هەروەکو ناوی کەسانیتر لە کارنامەکانی شۆرش دەسڕێتەوە.

هەوڵەکانی ستالین بۆ گێرانەوەی شکۆی حزب هاوکات دەبن لەگەڵ ئەو تەوژمەی دژی دیدە نەتەوایەتیەکان کە دیدی شۆرشگێر شوێن ئەو بگرێتەوە، دیدی شۆرشگێری وردە وردە ئەو پێگانەی دەگرێتەوە کە پێشتر لەدەستی دابوون، لەم ڕووەوە چەندین هەموار و گۆڕانکاری لە بوارەکانی سیاسی و ئابوریدا ئەنجام دران، هەڵمەتێکی بێدەنگ بەرپا بوو لەم ڕێگایەوە هەرچی پیرۆزمەندیەکانی روسیای دایك هەبون خرانە ریزی دواوە و دواتر لە ناو بردران، بە هیچ شێوەیەك ناوی کوتوزوف و سوفوروف و مینین و بوجارسکی وەکو بەشێك لە ڕەفتارەکانی نیشتمانی نەدەهات. هەروەها زیندو کردنەوەی قەیسەریەکانیان نەهێشت، وەکو ئیڤان و بوترسی مەزن... بەڵام مێژوونوسەکان بە باشی باسیان دەکردن چونکە بە روحانیەکانی ستالینیان دەدایە ناسین، بڕوا و ئاراستەکان وابوون کە نابێ سەرنجی گەل بۆ رابردوو ڕاکێشن، زیندو کردنەوەی هۆشیاری بۆلشەڤیك بوە ئەرکێکی پێویست، دەبوایە هاولاتیان جیاوازی لە نێوان روسیای کۆن و روسیای نوێدا بکەن، بەڵام نابێ هیچ لەیەکچونێکیان هەبێ. دەبوایە ئەوەش فێربن ئاخۆ یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیست تاچەند قەرزاری مارکسیزم و لینینیزمە ؟ ، بەو هۆیەوە هەڵەمتێك بۆ زیندو کردنەوەی لینینیزم بەرپا کرا.

ئەم وەرچەرخانە روێك بوو لە روەکانی کاردانەوەی دژی بانگخوازی نەتەوایەتیی سەردەمی جەنگ. بەڵکو لە روێکی تریشیەوە داخوازیەکی تایبەتیی ستالین بوبێ، لەو ساڵانەی کە ستالین دەهۆڵی بۆ جیاوازیەکانی نێوان خۆی و بوترسی مەزنی لێدەدا، شەڕی ١٨١٢ ی بە شەڕی ١٩٤١ دە شوبهاند. بەسەر پێگەی باپیرانیدا هەڵدەگەرا بۆ خۆ بەرز کردنەوە، بەڵام کاتێك لە جەنگ سەردەکەوێ پێویستی بەمانە نابێ، چونکە پێگەی لینین لە نێو دڵی جەماوەر لەق نەببو بۆیە خۆی بە جێگرەوەی لینین دەزانی بۆ ئەو ئەم باشتر بوو بۆ سەرکەوتن، کاتێك ستالین خۆی بە جێگرەوەی لینین دەزانی مەبەستی تریشی لە دواوەبوو، بۆئەوەی لە ژێر چەتری ئەم ناوە بتوانێ رووبەڕووی ئەو تەوژمە بێتەوە کە لە ڕۆژئاوای سەرمایەداریەوە بەرەو روسیا دێت، بزواندنی هەستی نەتەوایەتیش بەس بوو تا هاولاتیان لە پێناو مانەوەیدا خۆیان بە کوشت بدەن ، بەڵام ئەمە کافی نەبوو بۆ ئەوەی گەلی روسی ئەمەی ڕۆژئاوا رەت کاتەوە، بۆیە لەسەر بنەمای بڕواکانی بۆلشەڤی کە حەتمیەتی لە ناو چونی سیستەمی سەرمایەداری بوو دەتوانێ ئەمە بسەلمێنێ کە ئەوەی لە ڕۆژئاواوە بۆیان دێت تەنها بریقە و چەواشە کاریە .

ستالین هەوڵی دەدا ئەو جۆش و خرۆشەی هاولاتیان بۆ بیری سۆسیالیزم هەروا گەرم ڕاگرێ چونکە بەرەو لەناوچون دەچوو، لەم هەوڵەیدا مەبەستی پاراستنی پێگەی خۆی بوە لە دژی ڕۆژئاوا نەك تەنها ناوەوەی روسیا. هەوڵەکانی بۆ زیندوکردنەوە و بەرز ڕاگرتنی لینینیزم وستالینیزم بوو تا بتوانێ هەمو کون و کەلێنەکانی (پەردەی ئاسنین) بگرێ.

ئەم پرۆسە شێوازێکی گێرەشێوێنیی وەرگرت، ئەمەش لە ئەنجامی ناکۆکیەکانی سیاسەتی ستالینی ناوەخۆ و دەرەوەیدا. سیاسەتی دەرەوەی بریتی بوو لە مانەوەی روسیا لە نێو ئەوروپا، لە کاتێکا سیاسەتی ناوەوە

پشتگوێخستنی ئەوروپا بوو، مەبەستی بوو دووبارە گۆشەگیری روسیا بگێرێتەوە نەك تەنها لەو بەشەی دەسەڵاتی ئەمریکی و بەریتانی بەلکو لەو بەشەی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی روسیاش، چونکە دۆخ و باری ژیانی ئەو شوێنانە لە روی دیموکراسی و گوزەرانەوە جیاوازن لەگە دۆخی ناوەوەی روسیا، هەروەها کەش و هەوای فکریش جیاوازیان هەیە ئەمەش بۆ جیاوازی ئەو داب و نەریتانەی پۆلۆنی و چیك و مەجەری دەگەڕێتەوە کە لەگەل روسیا هەیانە،، قۆناغی یەکەمی گونجاندن و دروستبونی ستالینیزم چەند سالێکی خایاند، بە چەند کودەتا و گۆڕانکاری و بومەلەرزی سیاسی هاتە کا، نەدەکرا نمونەیەکی ئەم گۆڕانکاریانە بگوازرێتەوە ناو ئەو ولاتانەی لە گەردونی روسیادان، لەم ماوە سیستەمی مولکدارێتی و بەرهەمهێنان جیاوازیان هەبوو لەگەل سیستەمی مولکدارێتی و بەرهەمهێنان لە روسیا، ناکرێ ئاستی بژێوی پۆلۆنی و چیکی دابەزێندرێ بۆ ئاستی بژێوی روسەکان چونکە ئەوان ئاستی بژێویان بەرزترە، ئەمەش مەڕەشە لە لادانی نەریتەکانی روسی دەکا. چونکە بەستنی پەیوەندی لە نێوان روسیا و ( دیموکراتیەکانی میللی) دەبێتە مایەی خرۆشانی جەماوەر، بۆیە ستالین ناچار دەبێ دوو ( پەردەی ئاسنین) دابنێ، یەکیان بۆ دابراندنی روسیا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ئەویتریان بۆ دابراندنی روسیا لە رۆژئاوا. هەرچەندە پەردە ئاسنینەکەی دووەم زیاتر سەرنجی رۆژئاوا و خەلکی راکێشابوو بەلام پەردە ئاسنینی یەکەمیش بەهێزترین و خۆراگرترین یان بوو. گومان لەوە هەیە کە ئەم سیاسەتە دووفاقیە خزمەتی ئەوە بکا ( روسیا لە ناوەوەی ئەوروپاو لە دەرەوەی ئەوروپا) بێ.

+++

بەلام چالە مەزنەکەی ستالین تێی کەوتوە گشگیرتر و مەترسیدار ترە، ستالین گرەوی لەسەر ئەوە کردبوو هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بە شۆرش کا، وا پێدەچێ سەرکەوتنی ئەمەی لە دانوستاندا بینیوە، کە ناوی نابوو ( بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە) لە نێوان رۆژئاوای سەرمایەداری و رۆژهەلاتی کۆمۆنیستی. کەچی ئەوەندەی نەبرد هەردوو ئامانجەکەی (شۆرش لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەگەل ژیانی ئاشتەوایی لە نێوان ئەو دوو رژێمە ناکۆکە) کارێکی نەگونجاوە، یەکیان ئەویتریان رەت دەکاتەوە، دانوستان لە نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیستی بە درێژایی بیستەکان و سیەکان لەسەر بنەمای هاوسەنگیەکی ورد بنیاد نرابوو، کە ئەستەمە دووبارە بگەڕێتەوە، یەکێك لە مەرجە بنەرەتیەکان لاوازی روسیا و گۆشەگیری ئەمریکا بوو، هەردووکیان بوونە رابردو. هەر پارسەنگ راگرتنێکی هێز دەبێ ئەمریکا دەسەڵاتی زیاتر بۆ روسیا لە رۆژهەلات قەبولکا، هەروەها روسیاش دەبێ بەدەسەڵاتی زیاتر بۆ ئەمریکا لە رۆژئاوا قەبولکا، واتە لەسەر ئەوە رازی بن دووبارە لەسەر بنەمای ناوچەی ژێر دەسەڵات دونیا دابەش کەنەوە ، ئەگەر لەسەر ئەمەش رێك بکەون ئەم رێککەوتنە راگرتنی ئاسان نابێ بەهۆی بوونی هێزی تر لە ناوچەکە و بەگژ یەکدا چونیان لە سنوری دەسەڵاتەکانیان.

هەر چۆنێکی بێت دەبێ ئەم پرسیارە لە ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بکەین: ئەرێ بوونی دوو رژێمی ناکۆك لەم دونیایەی کە لەسەر لێواری چەرخی ئەتۆمە نابێتە مایەی تەنگژە؟ هەر چەندە ئەم پرسیارە ئەوەندە نوێ نیە، پێشوەچونی دونیا لە رووی تەکنەلۆژیاوە گەلێك نەتەوە و دەولەت لە مەترسیی لەناو چونن، بەلام لەگەل بەهێز بوونی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بە هاوکات پێشوەچونی پیشەسازی، زیاتر لەسەر ئەم پرسیارە سوور بوون هەیە، وا پێدەچێ ستالینی سەرکەوتوو هەروەکو رژێمەکانیتر لە ئاست ئەم پرسە دەستەوەستان دەوەستێ.

+++

لێرە توانج وتێبینی لەسەر سەربووردەی ژیانی ستالین دەدەین، بە هەلە نەچوینە کە دەتوانین پوختەی کارەکانی دەست نیشان بکەین، یا لەسەر بنەمای سەربووردەی بۆچونی یەکجارەکیمان بدەین، لەسەر کارەکان و شکستەکانی، وا پێدەچێ ژیانی ئێستا بەرەو گەشە دەچێ، ئەمەش دوای چەند هەلبەزو دابەزێك، نازانین چ رووناکیەك لەم بەشە بەر ئەم پیاوە دەکەوێ.
بە دلنیاییەوە ستالین لەو گروپە ستەمکارەیە کە ناپۆلیۆن و کروموێل و بسمارکیان لەگەلە، بەلام دەبێ ئەمە بە وردی دیار کەین، ئەگەر ستالین بەراورد کەین لەگەل پێگە و کار و ئامانجەکانی، ئەوا پیاوێکی مەزنە، هەروەها ئەو کەسێکی شۆرشگێر بووە، ئەمە مانای ئەوە نیە بەرامبەر بە رێباز و بیرورا شۆرشگێریەکانی وەفادار بووە، بەلام چونکە ئەو بنەمایەکی نوێی کۆمەلایەتیی جێبەجێ کردووە، رژێمێکی دامەزراند بەدلنیاییەوە تەمەنێك دەباتە سەر، لەبەردەم مرۆڤایەتیشدا ئاسۆیەکی نوێ دەخولقێنێ، ئەمە بەدەر لەو ئامانجانەی ستالین هەولی بۆ دەدا، لە سەرکەوتنە مەزنەکانی ئەوەبوو بە داڕشتنی بەرنامەیەکی نوێی ئابوری گەلێك دەولەتی ناچار کرد خۆیان پێ هەلپەسێرێ و بێنە ژێر باری، دواتر ستەمکاریە نامرۆییەکانی نەك تەنها کاریگەری نەرێنیی لەسەر دەستکەوتەکانی هەبوو، بەلکو کاردانەوەی توندیشی لەسەر هەمان دەستکەوت دروست کرد، دەبێ ئەوانەی دژی دەستکەوتەکانی شۆرشن بپرسن، لەسەر چی شۆرش دەکەن، ئایا لەسەر ستەمکاری ستالین یا دەستکەوتە کۆمەلایەتیەکانی؟
کاتێك بمانەوێ ستالین لەگەل هیتلەر بەراورد کەین کەسایەتی ستالینمان لەلا ئالۆزتر دەبێ، خالە لەیەکچوەکانی نێوان کەسایەتیی ئەو دووە زۆر و سەرسوڕ هێنەرن، هەردووکیان ئۆپۆزسیۆنیان بێ رەحمانە سەرکوت کردوە، هەردووکیان دەولەتی تۆتالیتاریان دامەزراندوە، گەلەکەی خۆیان ناچاری ژێردەستی کردوە، هەردووکیان کاریان بۆ زیندانی کردنی هزری دایکیان کردوە لە یەك جەستەدا، ئەمەش دوای ئەوەی پاکی دەکەنەوە لە هەموو گلاویەك، دواتر هەردووکیان خۆیان کردوە بە سەرۆکێکی بێ رکابەر.
لێرە خالە لەیەکچوەکان تەواو دەبن با بزانین خالە ناکۆکەکانیان چین؟ هیتلەر نەیتوانی نەتەوەی ئەلمانی لە

هیچ بوارێك لە بوارەكان یەك هەنگاو بەرەو پێش ببا، بە بەراورد لەگەڵ ئەو كاتەی بەر لە دەسەڵات گرتنە دەستی ، بەلكو لە هەندێك بوار بەرەو دواوەی برد، قەیرانی ئابوری دلەراوكێ و ئالۆزیەكانی كۆمەلایەتی وهیلاككردنیان، ئەوكاتەی لە ١٩٣٣هیتلەر دێتە سەر حوكم، ئەلمانیا ولاتێكی دەولەمەند بوو پیشەسازیەكەی لەسەر ئاستی ئەوروپا لە پێش بوو، خزمەتگوزاریە كۆمەلایەتیەكان لە نوێترین خزمەتگوزاریی ئەوروپا بوو، دانیشگاكانی سەنتەری بلاو كردنەوەی زانست بوون، ئەوانەی لێیان دەردەچوون شانازیان بەخۆوە دەكرد، وێڕای بەربلاوی رۆژنامە و گۆڤارەكانی لەسەر ئاستی ئەوروپا.

ئەلمانیای دوای هیتلەریش، گەرایەوە بۆ سەردەمی بەربەری و گێرەشێوێنی، ئێمە لێرەدا باس لە شكستی ئەلمانیا ناكەین بەلكو لە دۆخی دوای جەنگ دەكەین، ژێرخانی ئابوری و بەرهەمهێنان لە سەردەمی هیتلەر خاپور و تیكشكا و بوو بە پێچەوانەی ژێرخانی ئابوریی بەر لە هیتلەر، جگە لە پیشەسازی سەربازی، خزمەتگوزاریە كۆمەلایەتیەكان تكچون و سەنتەرەكانی پێگەیاندن و زانكۆكانی نەوەیەكی كێویی بەرهەم دەهێنا، پیاوەكانی خاوەن زانست ناچار ببون ولات جێبێلن، دكتۆرەكانیان ببونە خوێن مژ و بكوژی رەگەز پەرست. لە سەكۆی فەلسەفەی نیشتمانیش ئەوەتا روزنبورگ لە جیات عمانوئیل كانت لەسەر تەخت دانیشتبوو. دوای ١٢ سال لە بلاو كردنەوەی رەوشەنبیری ئینجاش هزری ئەلمانیای بەكۆمەل بووە هزرێكی نەفرەت لێكراو و تێكدەر. تاقە دەستكەوتێك نەبوو قەرەبوی ئەو زیانانە بكاتەوە، تەنها ئەوە نەبێ كە دەلێن نەتەوەیەكی رەسەن لە سەروی هەموو نەتەوەكانەوەیە رەسەنتر پاكتر لە هەموویان، ئەمە ببوە بڕوایان ئەمە ئەو هزرە نوێیە بوو كە كاریان پێی دەكرد، سۆسیالیزمی نیشتمانی هیچ گۆڕانێكی بنەرەتیی لە بنیادی نەتەوایەتی دروست نەكرد، كاتێك بوونیادی نازی دەروخێ ئەوكات دەردەكەوێ بوونیادی ئەو بنەمایەی نازیسم لەسەری دامەزراوە هیچ جیاوازیەكی نیە لەگەڵ ئەو بوونیەی بەر لە هیتلەر هەیبوو. پیشەسازكارە مەزنەكانی (كروب و ثیسنیس) و نیكروز بوون، چینی مامناوەندی و پالە و كرێكاربون. ئەمە بە دیدی سوسیولوژی نەك سیاسی، ئەلمانیای ١٩٤٥ هیچ جیاوازیەكی نەبوو لەگەڵ ئەو ئەلمانیەی خانەوادەی هومنزولون حوكمی دەكرد كە ئەلمانیای خستە ئاگر و ئاژاوەوە .

بەلام لە روسیای ستالینی ئێمە دۆخێكی جیاوازمان هەیە. دەتوانین بلێین كە ئەو نەتەوەی ستالین رابەرایەتی گرتە دەست نەتەوەیەكی درندە و تێنەگەیشتو بوون جگە لە هەندێك رەوشەنبیر و تێگەیشتو لە نێو كرێكار و پێشكەوتوەكان. نابێ حوكم لەسەر كەسایەتی نەتەوەی روسی بدەین چونكە روالەتی روسیا روالەتێكی برسی و نەدار بوو (ئاسیای دواكەوتو) بوو ستالین ناچار دەبێ بە ئامرازی بەربەری بەربەریەت لە ناو بەرێ، بەهۆی سروشت و شێوازی جێبەجێ كردنەكە، دەبوایە هەندێك لە نەریتەكانی بەربەری فرێداتە دەرەوەی روسیا بەلام دواتر ئەوەندە نابا دووبارە دەگەرێنەوە ناو روسیا، سەرەڕای ئەمەش لە زۆر بواردا میلەت پێشكەوتنی باش بەخۆوە بینی، بنەمای بەرهەم هێنان وەكو دەولەتانی تر لە سیەكان پاشكەوتوو بوو زۆر بەخێرایی پێشدەكەوێ، روسیا لە ماوەیەكی كەمدا لە روی پیشەسازیەوە دەبێتە دەولەتێكی پێشكەوتوی یەكەم لە ئەوروپا و دووەم لە دونیا، لە ماوەی كەمتر لە دەیەك شار و شارۆچكەی نوێ دروست دەبن و رێژەی دانیشتوانی بۆ ٣٠ ملیۆن بەرز دەبێتەوە، بە شێوەیەك بەرچاویان رون بوو گەرانەوەی بۆ دواوە

ئەستەم بوو. سەرەڕای ئەو گۆشەگیریەی ستالین بەسەر روسیایدا سەپاندبوو بەلام لە ژیر دروشمی پرۆسەی ( روناکبیری کەلتور)ی رۆژئاوا هەر بەرهەمێکی رۆژئاوا هەبوایە بایەخی بە بلاوکردنەوە دەدا، دیارە هیچ ولاتێك بەقەدەر روسیا بایەخی بە بوژاندنەوەی کەلتور و هونەری گەلان نەداوە، ئەمە جیاوازیەکی دیارە لە نێوان شێوازی پەروەردەی ستالینی و نازیدا هەبووە. جیاوازیەکیتر، ستالین رێگەی لە نەوەی نوێ نەدەگرت ئەدەبی کلاسیکی بخوێنێ و بنوسێتەوە کە دژی بیر و بڕواکانیانە، بەلام هیتلەر رێگەی بەمە نەدەدا، ستالین شاعیر و هونەرمەند و مێژوونوس و چیرۆك نووسە زیندوەکانی دەچەوساندەوە لە کاتێکا هەمان توێژی لە مردوەکان تا ئاستی پەرستن زیندو رادەگرت، گەنجەکانی ناچار دەکرد بە ملیۆنان دەقی لە بەرهەمەکانی پۆشکین و گوگول و تولستوی و چیکوف و بیلنسکیی و ئەوانەی گالتەیان بە رژێمە لەناوچوەکان دەکرد بەرهەمەکانیانی خستنە بەردەستیان و ناچاری خوێندنەوەیانی دەکردن. کتێبەکانی لیسینگو ئوهاین لە روسیا نەدەسوتێندران بەلام لە ئەلمانیا سوتێندران، ناتوانین نمونەیەك لەو گوتانە بێنینەوە کە ستالین تیایدا ئادەمیزادێکی لەسەر ئادەمیزادێک مەزنتر یا بالاتر کردوە یا نەتەوەیەك لەسەر نەتەوەیەکیتر بەرزتر کردوە ئەوەی وتویەتی بۆ یەکسانی بووە تەنانەت کاتێك دروشمی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەرز دەکاتەوە نیشانەی یەکسانیە، بەلام هیتلەر نەتەوەی ئەلمانیی پێ جیاواز و بەرزتر بووە لە نەتەوەکانی تری دونیا، دواتر گۆڕانکاریەکی سەرتاسەری لە نێو کۆمەلگای روسی روویدا کە ئەستەم بوو جارێکیتر بگەڕێتەوە دواوە یا بۆ دۆخەکەی جارانی، ئەوەتا لە ئەنجامی گەمارۆ و گۆشەگیری روسیا کاردانەوەی توند رودەدا، دەتوانین بلێین، بیست نەوە نەیتوانیوە گۆڕانکاری ئەم بیست سالە دروست بکا، ئەم گوتەیە لەسەر روسیای ستالینی دێت نەك میلەتێکیتر.

بەهۆی ئەم جیاوازیانە نابێ ستالین لە ریز ستەمکارەکانی وەك هیتلەر ئەژمار بکەین، هیتلەر سەرۆکی پەرچە شۆرشێکی نەزۆك بوو، بەلام ستالین سەرۆکایەتی شۆرشێکی مەزن و ناکۆکی دەکرد، ئەویش وەکو ناپۆلیۆن و کرومویل و رۆبسپیر وابوو، یەکێك بوو لە خزمەتچیانی گەلێکی شۆرشگێر، ئەوەندە نابا خۆی بەسەردا دەسەپێنێ، هەروەکو کرومویل، ستالین بەردەوامی شۆرشی لە هەموو قۆناغەکان بەرجەستە کرد، هەرچەندە لە سەرەتا بە هەندێك شتەوە خەریك دەبێ، هەروەکو رۆبسپیر ستالین تواناکانی حزبی لەبەین برد، هەروەکو ناپۆلیۆن ئیمپراتۆریەتێکی نیمچە کۆنە پارێز و نیمچە شۆرشگێری دامەزراند، شۆرشی گواستەوە دەرەوەی سنوری ولاتەکەی، بە دلنیاییەوە لایەنە ئەرێنیەکانی بۆ دوای نەمانی دەمێننەوە، هەروەکو کرومویل و ناپۆلیۆن، بەلام بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی ستالین بۆ نەوەی نوێ بپارێزێ، دەبێ لە بێژینگ بدرێن بیان پالێون بە هاوشێوەی کە بۆ شۆرشی ئینگلیزی کرا دوای مردنی کرومویل و بۆ شۆرشی فرەنسیش دوای مردنی ناپۆلیۆن .

------------------ --------------

# بەشی پانزەهەم

# دوا ساڵەکانی ستالین

(تێبینی ئەم بەشە لە چاپی یەکەمیدا نەبووە، دواتر لە چاپی ١٩٦٦ بۆی زیاد کراوە)

دوا ساڵەکانی ستالین، تاج پۆشین و روخانی لە خۆ گرتبوو. بەشەکانی رابردوو لە ژیانی سیاسیی لە کۆتایی تەمەنیدا، دووبارە دەبنەوە، بە شێوەیەك لەسەر شانۆدەردەکەوێ کەس لەو بالا بەرز ترو بەناوبانگتر نیە، کێشەی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و کۆنە هاوپەیمانەکانی نیوەی خاکی سەر زەویی داپۆشیبوو، ئەوەتا شۆرشی چین بەرپا دەبێ و دەبێتە مایەی روخانی گۆشەگیری یەکێتی سۆڤیەت و دروشمی (سۆسیالیزم لە یەك ولات)، هەروەها هەموو ئەو بەناو شۆرشانەی ستالین لەو ولاتانە سازی دابوون لە ناویان دەبا، هەر بە یەك گورز شۆرشی چین توانیی پارسەنگی هێز بگۆڕێ، ئەو ستالینیزمەی کە بۆ خۆتێرکردن و بەرژەوەندیە تەسکەکانی ولاتەکەی کاری دەکرد، کردیە رابردوو.
لە هەمان کاتدا ئەو گۆڕانکاریانەی لە یەکێتی سۆڤیەت روویان دەدا لە ناوەوە ستالینیان دەخوارد بەلام زۆر بە هێواشی، میللەت دووبارە هەندێك لەو ئەزمونانەی لە سیەکان پێیان زانیبوو دووبارەیان دەکاتەوە. بەلکو ئەو ئەزمونانە لە ئەنجامی جەنگ دوور فرێدراون و تەگەرەی بۆ زیندوبونی دروست کردووە، بۆ جاری دووەم ستالین بە ئەنقەست پرۆسەی ( کەلەکە بوەکانی سەرەتایی سۆسیالیزم) دەست پێدەکاتەوە. هیچ بوارێك تەنانەت ساتێك بۆ پشودانی خەلك نامێلێتەوە دوای ئەو هیلاکیەی جەنگ، کۆیان دەکاتەوە بۆ

بوژاندنەوەی پیشەسازیە خاپورکراوی، دوای کۆکردنەوەیان لە سەربازگەکان جێگیریان دەکا و بە توندترین یاسا و فەرمان پابەندیان دەکا.
بەلام ئەوە نیە کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و بەس، دۆخەکان ناگەڕێنەوە سەردەمی بەر لە جەنگ، نەخێر لەو ماوەیە دەستکەوتی باش وەدەست هاتوون هەنگاوی باش هاویشتراون، پیشەسازی کۆمارەکان و هەرێمەکانی رۆژهەلات بە باشی دەچوون بەرێوە، زەویەکانی دوای ئۆرال و ڤۆلگا لە سەردەمی هێرشی ئەلمانیەوە کرابوونە عەمباری چەك و تەقەمەنیی سوپای سوور. دواتر دەبنە بنکەی ئاوەدانی و کۆکردنەوەی باج لەو ولاتانەی لە جەنگ شکستیان خواردبوو، لە هەمویان گرنگتر ئاراستەی رەوشەنبیری و سیاسیی میللەت گۆردرابوو، پێشتر باسمان لەو کاردانەوە ئەرێنیانە کردبوو کە شەڕەکانی سالانی ١٩٤١-١٩٤٥ کردبویانە سەر مۆرالی خەلك، بەم شێوە گۆڕانکاری و نوێبونەوەی بەردەوام هەبوون، سەرەڕای ئەو ستەم و زولمەی رووبەڕووی خەلك دەبۆوە بەتایبەت لە یەکەم سالی دوای جەنگ.
وەکو نەریتی خۆی ستالین رێگەی لەگۆڕانکاریەکانی خەلك گرت، لەم شێوازە نارەحەت دەبێ بۆیە کار بۆ پاراستنی یەك جەستەیی دەکا، بەهۆیەوە هاولاتیان رووبەڕووی ناچاری دەبونەوە، لەوە بێ خەبەر بوو کە بە نوێ بوونەوەی کۆمەلگا و گشتگیر بوونی، بەشداربونە لە بە ژەهراوی کردنی رای گشتی، ئەمەشیان ئامادە سازیەکە بۆ دەرباز بوونی یەکێتی سۆڤیەت لە ستالینیزم. بەهۆی ئەوەی خۆی زانیاریی لەسەر ئەوە نیە کە شێوازی حوکمرانیی چەندە ناکۆکە لەگەل ئەو واقعەی کە تیایدا دەژی و چونکە دەوری خۆی بە تەم و مژێکی خەماوی و وشك دابوو، دوا ساتەکانی تەمەنی لە غوربەتێکی کوشندە نەك لە سەردەمی خۆی بەلکو لە رژێمی حوکمیشی بردە سەر.

\+ \+ \+

ئەوانەی دوای ستالین دەسەڵات دەگرنە دەست خزمەتکار و گوێڕایەلی هەمیشەیی بوون، بەلام دوای مردنی وێنەیەکی رەشی ستالینیان نمایش کرد، ئاماژەیان بەو خۆشیانە دەدا کە ستالین لە ئازارەکانی میلەت وەری دەگرت، ئەو دانپێدانان و گێرانەوانە هەندێکیان پشتیان بە راستیەکان بەستبو بەلام هەندێکیان زیادەیان بەسەرەوە نرابوو، لە ماوەی دوای جەنگ ستالین بە تێکەلاو لە ئازایەتی و ترسنۆکی هەلس و کەوتی دەکرد، بە دوربینی و کورت بینی بە ئازایەتی سیاسیانە و ستەمکاری، بە درێژایی ژیانی ئەمە خەسلەتی ستالین بوو، لە زۆر رووەوە کارەکانی مایەی سەرسوڕمان بوون.
لە شوباتی ١٩٤٦ ستالین لە یەکێک لە گوتارکانی هەلبژاردندا رادەگەیەنێ کە : کار بە پلانی یەکەم پێنجسالیی دوای جەنگ دەکا، ئامانجەکانی ئەو پلانەی دیارکرد سیان یا زیاتر بوون، وتی: گەلی سۆڤیەتی ناگەنە ئارامی و خۆشگوزەرانی ئەگەر ئەم ئامانجانە جێبەجێ نەکەن، جەختی لەسەر پتەو کردنی هێزی ئابوری ولات کرد و وتی: دەبێ لە ماوەی پانزە سالی داهاتوو شەست تۆن پۆلا بەرهەم بێنن لەگەل ٥٠٠ ملیۆن تەن لە خەلوز و سالانە ٦٠ تۆن نەوت، هەروەها وتی: (تەنها بەم رێگایە دەتوانین بە ئارامی بژین و

رووبەڕووی هەر نەخوازراوێك ببینەوە) لە گوتارێکی تریدا دوای تەقاندنەوەی هیرۆشیما و ناکازاکی، بەهۆی ئەوەی ئەمریکا بووە خاوەنی چەکی ئەتۆمی ئاماژە بە مەترسیەکی تر دەدا، داوا لە گەل دەکا رووبەڕووی ئەمریکا ببنەوە.

زۆر کەس پێی وابوو ئەم بەرنامە نارواڵەتیە، ئەو کرێکارانەی ستالین رویان تێدەکا، برسین، ئەوەتا رێژەی بەکاربردن سالی ١٩٤٠لە شارەکان گەیشتە ٤٠%ی ئەو سالە سالێکی برسی بوو، کرێکارانی کانزای دونتز، تا ئێستا ئەو ئاوە دەردەدەن کە کانزاکانی نقوم کردبوو، کارگەکانی پۆلا پاشماوەکانیان وەکو کەرەستەی خاو بەکار دەهێنا. کە تەنها ١٢ تەن بەرهەم دێنن ئەمەش رێژەیەکی کەمە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەل بەرهەمەکانی ئەمریکی، خەلك برسی و پێ خاوس بوو

، بانگخوازی بۆ گەیشین بە ئەمریکا خەلك پێی گالتەجاریە، بەلام سەرەڕای ئەمە یەکێتی سۆڤیەت توانیی بگاتە ئەو بەرنامەی کە ستالین بۆی دارشتبو بە کەمتر لەو کاتەی بۆی دیاری کردبوو، دوای ١٢ سال کانزاکان توانیان ٥٠٠ ملیۆن تەن بەرهەم بێنن، بەرهەمی نەوتیش دوای چەندین سال گەیشتە ٦٠ملیۆن تەن، هەروەها بەرهەمی پۆلا گەیشتە ٦٠ملیۆن تەن دوای سالانی پەنجاکان لە سەدەی رابردوو، بەهەمان شێوە بۆ بەرهەمەکانی چەمەنتۆ زیادیان کرد.

بە هاوشانی ئەمە نوژەن کردنەوەی کارگەکانی چەك و پیشەسازیە کانیتر بەردەوام دەبێ و لەگەل پیشەسازیی ئەتۆمی کە هەمویان لە سەردەمی جەنگ کاول ببون.

بەلام بەرهەمی کشتوکالی بۆ نیوە کەم بووەوە، سەرەکیترین بەرهەمی کشتوکالی لە دوای جەنگ بە بەراورد لەگەل سەردەمی بەر لە جەنگ بە رێژەی ٦٠% دێتە بەرهەم ، یەدەکی دانەوێلە نەمابوو، هاولاتیان ژمارەیەکی زۆری ئاژەلەکانیان سەر بریبوون، ئامێرەکانی کشتوکالی لە نمونەی تراکتۆر و ئامێری تر لە حالەتێکی داتەپیوو دابوون، هیچیان کەلکی کێلگەکان نەدەهاتن.

کاتێك شەپۆلی وشکە سالی لە ١٩٤٦ ولات دادەگرێ دۆخی ولات بەم شێوەیە دەبێ، لە بەیاننامەیەکدا دەلێن لە ١٨٩١ بەولاوە ئەمە مەزنترین کارەساتە بەسەر ولاتدا هاتووە، لە کارەساتی ١٩٢١ مەزنترە. کە بەرهەمەکانی ڤولگا لە ناوچوون و بەهۆیەوە ٣٦ هەزار جوتیار بێ خۆراك دەمێننەوە ناچار دەبن گۆشتی یەکتری دەخۆن. کارەساتی ١٨٩١ روخانی قەیسەری هێنایە پێش، ئەوەتا کارەساتی ١٩٤٦ میللەتی رووبەڕووی کارەسات و نەهامەتیەکی مەزنتر کرد، کێلگەکانی بەکۆمەل لە دۆخێکی نالەباردا بوون، جوتیارەکان بایەخیان بەو پارچە زەویە کەمە دەدا کە لەژێر دەستی خۆیاندا بوو، بەرهەمەکەیان دەفرۆشت تا قەرەبوی هاوکاریەکانی کۆلخۆزەکانیان بۆ بکاتەوە کە لێیان برابوو، لە سەردەمی جەنگ جوتیارەکان وەکو کۆیلە وابوون لە پێنا و مانەوەیان و بەردەوامیان لە جەنگ، بۆ ئەوەی بەشێك لە خۆراك بۆ باوك وبراکانیان پەیدا بکەن کە لە بەرەکانی جەنگن لە ژێر ئازار و ستەمێکی زۆردا بوون. .

ئەمەش ناشیرنترین پر مەینەترین رووی سەرکەوتنی سەربازیی روسیە، لە ماوەی جەنگدا روسیا ٢٠ ملیۆن کەسی لێ کوژرا، ستالین زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی بە تەواوەتی زیانەکان ئاشکەرا نەکا بۆیە حەوت ملیۆنی راگەیاند، هەموو خانەوادەیەك زیانەکانی خۆی و دراوسێکانی دەزانی، هەروەها هەموو گوندێك زیانەکانی

خۆیان و گوندەکانی دەوروبەریان دەزانی بەلام ستالین ئامادە نەبوو بە لستێك ناوەکان ئاشکەرا بکا، چونکە لە کاردانەوەکەی دەترسا، ئەگەر گەل بە هەموو زیانەکانی بزانیایا ئەوکات سوور دەبوو لەسەر ئاشکەرا کردنی هۆکارەکان و هەلەکانی ستالین و حساباتە هەلەکانی، ئامادەش نەبوو ئەم زانیاریانە بداتە هاوپەیمانانی دوێنێ و دوژمنانی ئەمرۆی، تەنانەت ئەوانەی جێگرەوەشی بوون لە حوکمرانی ئامادە نەبوون تا ١٩٥٩ هیچ ئامارێک ئەنجام بدەن، ئەوکات دەرکەوت ژمارەی ئەوانەی لە کاتی تەواو بوونی جەنگ تەمەنیان لە سەروی هەژدە سالە لە پیاوەکان ٣١ملیۆن لە بەرانبەر ٥٢ ملیۆن ژن ماون. لە نێو ئەوانەی لە ژیاندا مابون ژمارەیەکی زۆر لە پەککەوتە و کەم ئەندام هەبوون.

دەبوایە ئەو سیاسەتەی کار بۆ رادەست نەکردنی گەلەکەی دەکا، زیاترین بەرهەم لە کرێکارەکان وەبەر بێنێ، بۆیە حکومەتی ستالین بە ملیۆنان لەو ژن و مندالانەی کاتی خۆی کرابونە سەرباز بۆ بەشداری لە جەنگ ئەمرۆ لە کارگەکان کاریان پێ بکا، گەشتیارەکان ئەوانەی دوای جەنگ، سەردانی روسیا و ئوکرانیایان دەکرد دەڵێن: پیرێژن و مندالەکانیان دەبینی لە شەقامەکان کاخەز و پەرۆیان کۆدەکردەوە بە دەستی روت شەقامەکانیان پاك دەکردەوە، هەندێك جار نارەزاییەکانی ئەو گەشتیارانە لە شوێن خۆیدا نەبوون، دەبوایە ئەم بەتەمەنانە کار بکەن چونکە رێژەی ژن لەو ولاتە ببوە سێیەك لە کاری بیناسازی، لەو کارانەش کە بۆ ئەوان گونجاو بوون هەندێك جار سێ لەسەر چوار هەندێك جاریش زیاتر، بۆیە حکومەت کاری بە یاسای قەدەغەکردنی کارپێکردنی مندالان نەدەکرد، هەروەها پابەندی ماوەی کاری کرێکارانیشی نەدەبوو کە بریتی بوو لە رۆژێکدا هەشت کاتژمێر و لە هەفتەیەکدا ٤٨ کاتژمێر.

بەم رێکارانە توانیی رێژەی کرێکار بەرزکاتەوە، گوێی بە هیچ یاسایەکی کار و مافەکانی ژنان و مندالان نەدا ئەوەبو لە ماوەی پێنج سالی دوای جەنگ رێژەی کرێکاران لە شار گەیشتە ١٢ ملیۆن، بەلام خەلك لە هەلبژاردنی جۆری کار بێ بەش بوو، ئازادی کار کردن نەبوو هەموو رێکارەکان بەدەست دەولەتەوە بوو، دەولەت ئاراستەی کارەکانی دیاری دەکردن، تا دوا هەناسەی دژی یەکسانی بۆرژوای بچوك بوو.

ناتوانین کاردانەوەکانی جەماوەر بۆ داخوازیەکانی بەزۆر کە ستالین دەیسەپاند بەسەر جەماوەردا دیاری بکەین، چونکە جیاکردنەوەی ئەو داواکاریانەی بۆ پێویستیەکانی نەتەوایەتی لەگەل داواکاریەکانی ستەمکاری، کارێکی ئەستەم بوو، بەلام ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو، سروشتی ئەو گەلە لەتەك ئازایەتیان ملکەچیان بۆ فەرمانەکانی ستالین بوو، ئەوانەی لە شەرەکانی ستالینگراد و مۆسکۆ و بەرلین رزگاریان بوو نە کوژران بە سەلامەتی گەرانەوە شار و گوندەکانیان لە هیچ ناخۆشیەك باکیان نەبوو، توانای بەرگری هەموو کۆسپ و تەگەرەیەک بکەن، ئەوان رۆژە رەشەکانیان بینیبوو ملکەچ بوون بۆ هەموو فەرمانەکان سالانی سیەکانیان لە بەرچاو بوو، ستالین هەولی دەدا ئەو رۆژانە نوێکاتەوە کە بە ئاگر و ئاسن حوکمی ئەو گەلەی دەکرد، بۆیە هەر کەسێك لە فەرمانەکانی دەرچوبایە یا لێی سل بکردبایە، سەربازگەکانی بەندکردن و دورخستنەوە بۆ سیبیریا لە پێشوای ئەودابوو، ئەو شوێنانەی لەم جۆرە کەسانە پر کردبوو، سەربازگەکانی سیبیریا لەو میوانانە پر ببون زۆربەیان لەو ئەفسەرانە بوون کە ماوەیەکی زۆریان لە ئەلمانیا بە دیلی بردبوە سەر کاتێك دەگەرانەوە دوور دەخرانەوە تا ئەو کاتەی لێکۆلینەوەیان لەگەلدا دەکرا ئەوسا

یا لە دوردەخراوەیی دەمانەوە یا زیندانی دەکران، ئەو سڤیلانەی دوژمن (ئەڵمانیا) بە زۆر کردنی بە سەرباز ئەوانیش بە تۆمەتی ناپاکی دادگایی دەکران و زیندانی دەکران . چونکە ئەمانە فەرمانەکانی ستالینیان ڕەت کردۆتەوە کە وتبوی (ڕێگە نەدەن دوژمن بە دیلی بتانگرێ)، ئەو سزایەی ستالین بەو خەلکە سڤیل و سەربازەیدا لە شوین خۆی نەبوو چونکە ژمارەیەکی زۆری لە کرێکارەکان دوور خستنەوە و بەهۆیەوە بەرهەمەکان کەمیان کرد، کارگەکان پەکیان دەکەوت. ستالین سزای نەتەوەکانیشیدا بەکۆمەڵ رایگواستنەوە، تەتەرەکان و ئەنگوشەکانی چیچانی لە شوێن خۆیانی ڕاگواستەوە هەروەها میلەتانی تریش بە هەمان شێوە لە سزای ئەوەی گوایە هاوکاری دوژمنیان کردوە، خروشۆف دەڵێ : ئەگەر پۆلۆنیەکان ژمارەیان ئەوەندە زۆر نەبووایە ئەوانیش دوچاری هەمان چارەنوس دەبونەوە.

ستالین هەموو تورەیی لەو میلەتە دەرکرد نەك لەبەر ئەوەی لە پای هەلەکانیان سزیان دەدا بەلکو بۆ ئەوەی کەس زاتی ئەوە نەکا دژی حکومەت بوەستێتەوە یا لێی یاخی بێ، سزای گرتن و زیندانی و دورخستنەوەی ئەو خەلکانەی لە ئاوارەیی دەگەرانەوە یا دیلی جەنگ بوون بۆ ئەوە بوو تا ئەو هزرانەی هەلیان گرتبوو بیان سرنەوە و بیر لە گۆڕانکاری دەسەڵات نەکەن کە لە دەرەوە بیستویانە یا فێریان کردون. جارێکیتر ستالین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دروشمەی کە دەڵێ: ( لەناو بردنی ناحەزانی کافی نیە بەلکو دەبێ ئەو دەورو بەرەش خاپور کەیت کە لێی ژیاوە و لێی فێر بووە)، پۆلیسی نهێنی لە توانایدا نەبوو ئەم لێشاوەی ئاوارەکان راگرێ کە بە ملیۆنان دەگەرانەوە شوێن خۆیان بۆ گوند و شارەکانیان، بەو دۆخەی پر لە گۆڕانکاریە لە توانایاندا نەبوو تەنانەت کۆنترۆڵی ئەو کەسانەش بکەن کە لە داخی زیانەکانیان دەستیان بە ئەنجام دانی تاوان وگێرە شێوێنی دەکرد. هەرچەندە ئەلمانەکان تۆلەیان لە رق و کینی هاولاتیانی خۆجێیی کردەوە بەڵام پرۆپاگەندەی نازیەکان کاریگەری خۆی لە نێوانیاندا جێهێشتبوو.

لە ئۆکرانیای رۆژئاوا کە دووبارە لە پۆلۆنیا سەندرابۆو ەو خرابوە سەر روسیا گروپێك لە نیشتمانپەروەران لەو شاخانە دەسوورانەوە بێ ئەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەتی بەسەریاندا بشکێ، لە ئۆکرانیای رۆژهەلاتیش ئەو دەستەی کاتیخۆی هاوکاری ئەلمانیایان دەکرد لەگەل ژمارەیەك لە رێگران، لەم دۆل و شاخانە دەسوورانەوە لە نێو ئەو خەلکە ئاشتیخوازەی بێچەك دژایەتی خۆیان بۆ روسەکان دەردەبری. خۆی لە راستیدا پرۆپاگەندەکانی بۆلشەڤیی دەمامکدراو بە هەستێکی شۆڤینیزمی روون و ئاشکەرابوو، چونکە ئەوەندەی نەبرد کێشە لە نێوان پێکهاتەی کۆمارەکانی دەوروبەر سەر هەلدەدا، بۆ کەم کردنەوەی ئەم هەستە شۆڤینزمیە ستالین جارو بار هەولی کپکردنەوەی دەدا، بەلام ئەمە درەێژەی نابێ، هەر خۆی هەلوێستە ناکۆکەکانی بریتی بوو لە ناکۆکیەکانی نێوا دەزگا بیروکراتیەکەی و گەلەکەی.

ململانێ لە نێوان شۆرش و لاسایی کردنەوە لە ماوەی دوای جەنگ بەردەوام و زیاد دەکا، هەر لە نێو تاکجەستەی حزبەکەی ستالیندا دوو حزب بەیەکەوە دەژیان: حزبێکیان سۆزی بۆ کەلتور و رێبازی لینین هەبو کە خۆی لە پرۆلیتاریای ئینترناسیۆنالستی دەبینیەوە، حزبێکیش شانازیی بە کەلتورە کۆنە نەتەوایەتیەکەی روسیەوە دەکرد بە هەموو هەلوێستەکانیەوە تەنانەت بە کۆکوژیەکانیش.

ململانێکانی هزری لە رووی ئینتلجنساوە لە ئاستێکی بەرز دابوون، هونەرمەندەکان لە داهێنانەکانیان

وێنەی ستەم و ڕەفتارە ناشیرنیەکانیان دەکێشا، بۆیە ڕووبەڕووی ڕەوتی نەتەوە پەرستان دەبونەوە ئەگەر بە نهێنیش بوایە، لەم میانە ڕووبەروو بوونەوەیەکی ئازار بەخش لەنێوان ستالین و ئینتلجنسا ڕوودەدا کە بە درێژایی ماوەی حوکمرانیی بەردەوام دەبێ. ئەگەر ئینتلجنسا پابەندی بنەما بیروراکان بێ لەگەڵ بیرکردەنەوەکانی ستالین نایەنەوە و ئەم ڕووبەورو بوونە هەر ڕوودەدا، ئەوەتا مەزنترین شاعیری ئوکرانی لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا بە تۆمەتی هزری شۆڤینیەوە زیندانی دەکرێ، مێژوونوسەکان تۆمەتبار دەکرێن چونکە ڕۆڵی قەیسەرە داگیرکەرەکانیان لە قەوقاس بچوك کردۆتەوە، یا فەیلەسوفەکان بە تۆمەتی ئەوەی بە زیادەوە باس لە ورو وەرگێرانی مارکس بەلای فەلسەفەی هیگلی ئەلمانیدا کردوە، یا مۆسیکژەنەکان بە تۆمەتی ئەوەی مۆسیکای فۆلکلۆریان پشتگوێ خستوە تۆمەتبار دەکرد، بۆیە ئینتلجنسا ناچار دەبێ ئەو ڕێگا درکاویەی نێوان (هەستی نەتەوایەتی)و هەستی ( کوسمۆپۆلیتیی لە ڕەگەوە هەلکێشراو) شەق بکا. بۆ پاراستنی ئەم دۆخە ستالین (ئەندرای جدانوف) ئەندامی بیرۆی سیاسیی لینینگراد دەکاتە بەرپرس لە پاراستنی ئاسایش و ئارامی ڕەوشەنبیران و دەسەڵاتی ئەوەی پێدەدا سزای لادەران بدا، تەمەنی پۆستەکەی جدانوف ئەوەندە درێژ نابێ، لە ١٩٤٨ کۆچی دوایی دەکا. ئینتلجنساش ئەو ماوە بە خەراپترین سەردەم دادەنێ.

شایەنی باسە ڕاسپاردەکانی جدانوف تەنها پەیوەندیان بە توێژە بالاکانەوە هەبوو، چینەکانی خوارەوە کە جوتیار و کرێکار بوون دەپرسن ئایا ئەم بۆشاییە جەنگ دروستی کرد؟ ئەی ئەگەر جەنگ ڕووی نەدابا؟ لەماوەی سیسال یەکێتی سۆڤیەت زیانی زۆری پێکەوت لە ژێرخانی ئابوریەوە تا دەزگا بەرهەم هێنەکان و سیستەمی کۆمەلایەتی و زیانی گیانی و کاولبونی شار و گوندەکانیان، خەلکەکەی ژیانێکی ئەوپەری نەداری و کۆلەمەرگیان بردە سەر، بە ناچاری ڕووبەڕووی هەموو کار و پرسەکان بوونەوە. کۆمەلگای ڕوسی لە دوو نەوە پێکهاتبوو نەوەی تەمەندارەکان و تازە هەلکەوتوەکان، تەمەندارەکان بەو شێوە ژیان کە لەسەرەوە باسمان کرد، گەنجەکانیش ئەو بوارەیان بۆ نەرەخسابوو بیر بکەنەوە بۆیە بە بێدەنگی بەردەوام دەبن، جوتیارەکانیش لە کرێکارەکان زیاتر لە ناوچوون و ئاستی بژێویان هاتە خوار، بەو هۆیەوە سەرجەم گەل دەستبەرداری هەموو دیدە سیاسیەکان دەبێ و بڕوای بە دیدەکان نامێنێ، هەریەکەو سەری نابوە سەر کار و بژێوی خۆی بۆ ئەوەی بوونیادی ژێرخان و ژیانی ڕۆژانەی خۆی ببا بەڕێوە، دەبێ ئەو کۆمەلگایە چی بەسەر هاتبێ کاتێك ٢١ ملیۆن کەس لە ژیانی کۆمەلایەتی و پەیوەندیەکانی خێزانی دوور دەکەونەوە؟، بۆیە هەردەبێ ئەم کۆمەلگایە ڕووبەرووی تێکچونێکی هاوسەنگی لەم شێوەیە بێ کە کار بکاتە سەر باری دەرونی کۆمەلگا.

+ + +

دۆخی یەکێتی سۆڤیەت لە یەکەم سالەکانی شەڕی سارد لەئاداری ١٩٤٦ بەم شێوە بوون. لە گوتارە بەناوبانگەکەیدا بەناوی(فولتون) وینستۆن چرچل زەنگی مەترسیەکانی لێدا، ئاماژەی بەو مەرەشانە کرد کە لەسەر شارستانیەت دروست بوونە، پێی وابوو لە تابوری پێنجەمی کۆمۆنیزمەوە دێن، هۆشداریی دا کە نەگەرێنەوە سەردەمانی تاریکی، یا چەرخی بەردین، دەڵێ: ( نازانین دوا رۆژی یەکێتی سۆڤیەت و رێکخراوە کۆمۆنیستە نێو دەولەتیەکان چیان بۆ ئێمە شاردۆتەوە، دواتر سنوری ئەو بەرفراوانیەی دوژمنکاریشیان نازانین، ئەگەر ئەم کێشانە سنوریان مەبێ) کاتێکیش چرچل بە بەژن و بالای ئەمریکادا هەلدەدا و داوای لێدەکا لە رووی چەکەوە بالا دەست بێ و گەلانی رۆژهەلاتی ئەوروپا لە شەپۆلی کۆمونیستی بپارێزێ. شەپۆلێکی مەترسی دونیای گرتەوە، ئیتر دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمریکی هەلسان بە کێشانی وێنەیەکی مەترسیداری تیپەکانی سوپای سوور کە گەمارۆی کۆمەلگای رۆژئاوا دەدە، لەوکات بەدواوە هاولاتیانی سۆڤیەتی لە چاوەڕوانی بۆمبە ئەتۆمیەکانی ئەمریکا بوون بەسەریاندا ببارێ.

ستالین لە هەلوێستێکی لاوازدا بوو بەلام ویستی بە هێمن و ئارامی و بڕوا بەخۆبونەوە فێل لە دوژمن بکا، لە ژێر فشاری ئەمریکا و بەریتانیا لە باکوری ئێران دەکشێتەوە کە لە کاتی جەنگ بە پێی رێککەوتنێك لە نێوان بەریتانیا و روسیا هێزەکانی ئەو ناوچانەیان داگیر کردبوو، لە وەدەست هێنانی بنکەیەکی سەربازی لە تورکیا شکستی هێنا، کە لە کاتی جەنگ گفتیان پێیدابوو لە کاتی ئاشتیدا لێی پەشیمان دەبنەوە. وا پێدەچوو هاوپەیمانان لە هەولی بەرتەسك کردنەوە یا لێسەندنەوەی ناوچەکانی ژێردەستی یەکێتی سۆڤیەتن لە بەلکان و رۆژهەلاتی ئەوروپا، لە هاوینی ١٩٤٦ کۆنگرەی پاریس بۆ ئاشتەوایی، بوە مەیدانی شەرێکی سیاسی بۆ دەست گرتن بەسەر گۆمی دانوب، دبلۆماسیەتی ستالین ئەم شەرەی بە پێداگری کرد و لێی سەرکەوت، ئەمەش چونکە تا ئەوکات سوپای روسی ئەو ناوچانەی لە ژێردەستدا بوون، ئەوروپای رۆژئاوا ئامادە نەبوو بە پیر بانگەواز یا مەترسیەکانی چرچل بچێتەوە، کاتێکیش چرچل داوای هەلوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتیەکانی کۆن دەکا، رەگەزی گێرمانی بە ( بەسە پارچە پارچە کردنمان) وەلامی دەداتەوە، داوای لە ئەلمانیا و فەرەنسا کرد هاوپەیمانێتی لە نێوان خۆیاندا ببەستن چونکە ئەوان لە ژێر یەك چەتری مەترسیی ئەتۆمی ئەمریکا دەژین و ژیانێکی جیاوازیشیان هەیە، کە چرچل ئەم لێدوانە دەدا ستالین وەلامی دەداتەوە: (ئەگەری پێکەوە ژیانی ئاشتیانە) لە نێوان روسیا و ولاتانی هاوپەیمان زیاد دەبێ نەك کەم.

بۆ ئەوەی وتەکانی چرچل لەسەر نیازی ستالین بۆ بەرفراوان کردنی کۆمۆنیزم رەت بکرێنەوە، رۆژئاوا دلنیایی دەدا کە ستالین لە هەولی تەنها پیادە کردنی رێبازی سۆسیالیزم نیە بەلکو بڕوای بە بنیادنانی کۆمۆنیزمە نەك (سۆسیالیزم لە یەك ولات).

سەرەتای ١٩٤٧ ستالین دوو دڵ بوو ئاخۆ دەست بکا بە ( شۆرشی سەرگەرایی) کە لە ئەوروپای رۆژهەلات دەستی پێکردبوو حزبە نا کۆمۆنیستیەکان لە حوکمرانی بەشدار بن و هەندێك ئازادیش بۆ بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری فەراهام بکا، یان نا، چونکە لەگەل هێزەکانی رۆژئاوا گەیشتنە رێککەوتنێك لەسەر پەیماننامەی ئاشتەوایی لەگەل ئیتالیا و دەولەتانی بەلکان، مەزندەی دەکرد لەگەڵ ئەلمانیاش دەتوانێ

بکەوێتە ڕێککەوتنێك، ئەم بابەتە خرابوە ناو کارنامەی کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوە کە لە مۆسکۆ لە ١٠ی ئاداری ١٩٤٧ دەبەسترا.

دوای دوو ڕۆژ لە بەستنی ئەم کۆنگرە ئومێدەکان هەرەس دێنن. لە ١٢ی ئادار سەرۆکی ئەمریکا لەبەر دەم کۆنگرەیەکی هاوبەشی کۆنگرێسی ئەمریکی بەیاننامەیەك بۆنەی قەیرانی گریکی دەخوێنێتەوە ناوی نا بنەماکانی ترومان، ئەم بەیاننامە ڕاگەیاندنی فەرمیی ئەمریکا بوو بە دەست پێکردنی شەڕی سارد، کە تا ئەوکات بە پچر پچری پیادە دەکرا، قەیرانەکە بریتی بوو لەوەی حکومەتی پادشایەتی یۆنانی لە توانایدا نەبوو شەڕی پارتیزانانی کۆمۆنیست لەو ولاتە بنبڕکا، ئەمە وێڕای ئەو هاوکاریانەی کە بەریتانیا دەیدا و ماوەی دوو ساڵ بوو ئەم شەڕەی ناوخۆیی کۆتایی نەهاتبوو، بەلام بەهۆی قەیرانی ئابوریەوە بەریتانیا لە ئامادەباشی دابوو بکشێتەوە. بۆیە سەرۆکی ئەمریکا ترومان ڕایگەیاند کە ئامادەیە شوێن بەریتانیا بگرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە حزبی کۆمۆنیست پری نەکاتەوە، ئەگەر کارەکە لەوەندە ببرابایەوە، بڕیارەکەی ئەمریکا ئەوەندە ستالینی توڕە نەدەکرد، چونکە ئەو لە کۆبونەوەی یالتاوە دەستی لە گریکستان شوشتبوو، تەنها هاوکاری پارتیزانەکانی دەکرد، دیارە کۆمۆنیستە یوگسلافیەکان لە جیات ئەوان هاوکاریان دەکردن، سەرۆك ترومان بەهۆی هەولەکانی روسیا بۆ دەست گرتن بەسەر بەنداوەکانی تورکیا هێرشی دەکاتە سەر و بەلێن بە تورکیا دەدا هاوکاری سەربازی و دارایی بکا. جگە لەمەش ڕایگەیاند کە لەمەودوا هەر ولاتێك پێویستی بە هاوکاری هەبێ بۆ بەرگری کردن لە کۆمۆنیزم ئامادەیە هاوکاریی بکا. وتی: ئەم بەرگریکردنە ئەرکە لەسەر هەموو نەتەوەکان ، بەم شێوە حکومەتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پابەندی خۆی ڕاگەیاند بە بەرەنگار بوونەوەی هەر جولانەوەیەکی کۆمۆنیستی لە هەر شوێنێکی دونیا، یەکێتی سۆڤیەت بەهۆی ئەوەی بەرپرسیارە لەم جۆرە شۆڕشانە ئیدانەی ئەم لێدوان و ڕاگەیاندنەی کرد.

ئەم بەیاننامەی ترومان هەر زوو کاری خۆی کرد، لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوە لە مۆسکۆ بە تورەیی بلاوەی لێ دەکەن، پاش ئەوەی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا و فەرەنسا بە ڕێنماکانی ستالین ڕازی دەبن وەکو هاوبەشێك کار بۆ ڕەخساندن و ئامادە باشی شۆڕش بکەن، بەو هۆیەوە لە هاوپەیمانێتی حکومەتی ولاتەکەیان دەردەکرێن، لەو کارانەی کە بە نهێنێ ناپارێزرێ ئەمریکا ڕۆڵی هەبوو لە دەرکردنی کۆمۆنیستەکان، ئەوەتا جەنەڕال مارشال وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پرۆژەیەك دەردەکا کە ئامادەیە هاوکاری هەمو ولاتێك بکا کە لە ئەنجامی ئەو نەهامەتی و کاولکاریەی بەڕێوەیە زیانی پێدەکەوێ، پرۆژەکەی مارشال لە ئەوروپا پێشوازیەکی باشی لێکرا، تەنانەت لە لایەن کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەلاتی ئەوروپاش، ستالین لە ڕەتکردنەوەی دودڵ بوو، لە کۆتایی حوزەیران شاندێك بە سەرۆکایەتی مۆلۆتۆف دەنێرێتە پاریس، بۆ ئەوەی لەوە دلنیا بێ ئاخو سودی بۆ روسیا هەیە یان نا، دەرکەوت مەرجی هاوکاریکردن ئەوە دەبێ روسیا ئاماری داهاتی ئابوریی پێشکەش بکا، بەلام سۆڤیەتیەکان پێیان وابوو ئەم هاوکاریانەی ئەمریکا گرفت بۆ پلانە ئابوریەکانی یەکێتی سۆڤیەت دروست دەکا، لەگەڵ ئەمەشدا ئەمریکا سوور بوو لەسەر بوژاندنەوەی ئابوری ئەلمانیا و پێداگریی لە هاوکاریکردنی چیك دەکرا بۆ وەرگرتنی قەرەبوەکانی لە ئەلمانی.

ستالین جگە لە ڕەت کردنەوەی مەرجەکان هیچی تری لەبەردەمدا نەبوو، ئامادە نەبوو نهێنیەکانی داهات و

ئاستی ئابوری روسیا بە ئەمریکا بدا، ئەویش بۆ کاری لەباربردن لە دژی یەکێتی سۆڤیەت بەکاری بێنێ، ترسی روسیا زیاتر لەوە بوو ئەمریکا بەهۆی ئەم پرۆژەوە دەست دەخاتە ناو کاروباری ئابوری ئەوروپا و روسیاش بەهەمان شێوە، زیاتریش لەوە بەهۆی ئەم پرۆژەوە هێزە دژە کۆمۆنیستیەکان بەهێز دەبن. بۆیە روسیا بڕیار دەدا هەموو ئەو دەروازانە دابخا کە لە ئەوروپاوە دێنە ناو روسیا. هەر چەندە ئەمە هەنگاوێکی تەبایە بەلام روسیا وەلامی دەداتەوە کە ئەو مەرجانەی ئەمریکا سەپاندویەتی هیچ ولاتێکی دژ بە سەرمایەداری ئامادە نیە قبولیکا. بۆ شاردنەوەی لاوازی روسیا ستالین بە شەرانگێزی رەفتار دەکا بە بیانوی ئەوەی ئەم هاوکاریانەی ئەمریکا دونیا بەرەو جەنگێکی تری مالوایران دەبا، جیاوازیەکانی نێوان سەروەت و سامانی زۆری ئەمریکا لەگەل هەژاری و نەداری روسیا لەو چەند سالاندا ببونە جێی سەرنج، خۆسەپاندنی ئەمریکا بۆ دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم لە رێگەی ئابوریەوە زۆر لەو گریمانە مەزنتر بوون کە ئەمریکا لە رێگەی سەربازیەوە ئەم رکابەریە بکا. بەهۆی ئەو لەخۆ نزیکردنەوەی ئەمریکا لە چەکی ئەتۆمیەوە قەوارەی زیانەکانی ئەو جەنگەی بەرێوەیە نازاندرێ، هۆکاری نەمانی ترسی جەنگ بۆ نەمانی ئەو هەستە دوژمنکاریە دەگەرێتەوە کە گەلانی ئەوروپا بەرانبەر بە روسیا هەیانبوو، ستایشی سیاسەتمەداران بە رۆلی روسیا و بەرز راگرتنی دۆستایەتی و هەلوێستەکانی کاریگەریان هەیە لەسەر ریگەگرتن لە رووداني جەنگ، ئەگەر رواسیا نەبووایە هاوکار بۆ لەناوبردنی هیتلەر و هەلمەتە داگیرکاریەکانی ئەلمانیا، ئەوروپا بەم شێوە ئازادانە نەدەجولایەوە، بۆیە بە چاوێکی پر ستایش و حورمەتەوە سەیری بەرگریکارانی مۆسکۆ و ستالینگراد و لینینگرادیان دەکرد، لێیان سوپاس گوزار بوون کە هێزەکانی هیتلەریان سرِ کرد تا ئەوروپا بە ئازادی بجولێ. بۆیە دروست کردنی رای گشتی لە دژی روسیا و خولقاندنی هەستی دوژمنکاری کاتێکی زۆری دەویست پێویستی بە نمونەی زیندو هەبوون کە تیایدا مەترسیەکانی کۆمۆنیزم بەو خەلکە نیشان بدا و بروایان پێ بێنێ.

لەوکاتاندا ئەمریکا دەست بە ناردنەوەی بەشێك لە سوپاکەی دەکا بۆ مالەوە، گەلی ئەمریکی بەردەوام داوای ناردنەوەی سوپای ئەمریکایان دەکرد بۆ ئەوروپا، بەلام ئەمریکا دلنیای ئەو خەلکە بەوە دەدایەوە کە بەهۆی خاوەندارێتی چەکی ئەتۆمیەوە هەمیشە لە روسیا بەهێزترە. لە گریمانەکەی ترومانداهاتوە کە ئەمریکا وا بە ئاسانی ناتوانێ قۆرخکاریەکانی روسیا بشکێنێ. بەهۆی ئەم پێداگریەی ئەمریکا، ستالین بڕیار دەدا قۆرخکاریەکانی ئەمریکا نەهێلێ ئەگەر باجەکەی قورسیش بێ، بەلام بەر لە هەموو شتێك دەبێ پرۆسەی ناردنەوەی سوپا بۆ مالەوە، راگرێ، کاتێك ترومان بنەماکانی راگەیاند ستالین سوپاکەی لە یانزە ملیۆن و نیو سەربازەوە کردبووە سێ ملیۆن، بەلام لە کۆتایی ١٩٤٨ ژمارەکەی بەرز کردەوە بۆ پێنج ملیۆن و نیو، راستە ئەم زیادکردنە خوین بەردانە لە ئابوری یەکێتی سۆڤیەت، پێویستی بە خەرجیەکی زۆر هەیە بەلام بۆ ستالین ئەمە تاقە وەلامی ئەو زیادە رۆییەی ئەمریکایە بیداتەوە، لە رێگەی هەرەشە کردن بۆ سەر ئەوروپا بەچەکی ئاسایی، روسیا مەترسیەکانی هێرشی ئەتۆمی ئەمریکیی رەواندەوە، چونکە هاوپەیمانی ئەتلەنتیك ناتوانێ رێگری یا بەرپەرچی هێرشەکانی روسیا بداتەوە. ستالین لە توانایدا نەبوو هێزەکانی بپەرێنێتەوە ئەو دیو هێلەکانی لەسەر رێککەوتو لەگەل رۆژئاوا، بەلام ئەم خۆ سازدانە بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێز بوو.

ستالین خۆی لە پەنای سوپایەکی چەکداری ئامادە حەشاردا و لە وێشەوە شۆرشی هەناردەی رۆژهەلاتی ئەوروپا دەکرد، بەهۆی ئەوەی ئەمریکا لە رێگەی ئابوریە زەبەلاحەکەیەوە توانیبوی دەست بگرێ بەسەر ئەوروپا و هاوپەیمانانی، بۆیە کارێکی ئاسان بوو بۆ روسیا بتوانێ کار لە رۆژهەلاتی ئەوروپا بکا لە رێگەی چاودێری سیاسیەوە. کاریگەری پرۆژەی مارشال لەسەر رۆژهەلاتی ئەوروپا و رەنگدانەوەکانی ئەوە بوون پێشوازیەکی باشیان لە هاتنە ناوەوەی ئەمریکادا کرد، پاشماوەی بۆرژوای پۆلۆنی و مەجەری و ئەلمانی و وردە مولکادرەکان لە خوایان دەویست تورەیی چەکی ئەتۆمی بەسەر روسیادا ببارێ.

چینی کرێکار برسی و بێزارە، دژە شۆرشیش بە هێز و بەتوانایە، راستە کۆمۆنیزم لە یوگسلافیا و چیك و بولگاریا خاوەن پێگەیەکی بەرفراوانە، بەلام لە سەرتاپای ئەوروپای رۆژهەلات لاواز و بێ توانایە، یاخود دەتوانین بلێین ناتوانێ بەرانبەر بەم دۆخە لەسەر پێ بوەستێ و بەرگەی بگرێ، بۆیە ستالین لە پێناو پتەو کردن و بەهێزکردنی کۆمۆنیزم لە ئەوروپا دەستی بە دەرکردنی ئەو کەس و لایەنانە کرد لە حکومەتەکانی رۆژهەلاتی ئەوروپا کە دژ بە کۆمۆنیزمن، لەکاتێکا لە فرۆنسا و ئیتالیا کۆمۆنیستەکان لە حکەمەتەکان دەردەکران، دواجار سیستەمی یەك حوکمران لەو ولاتانە دامەزرێندرا کە لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتدا بوون، بۆ ئەم مەبەستە بسپۆر و ئیداری و کەسانی سەربازی و کرێگرتە نهێنیەکانی خۆی ناردنە ئەو ولاتانە تا رێنمای تایبەتی بەم مەبەستە بۆ حکومەت و حزبە کۆمۆنیستیەکان دەرکەن، کە خۆی لە یەك سیاسەت و یەك پرەنسیپ دەبینیەوە.

لەکاتێکا ستالین سەرقالی دارشتنەوەی سیاسەتی نوێ بوو بۆ ئەو ولاتانە، حزب و رێکخراوە کۆمۆنیستیەکانی هەندەران کە پەرش و بلاو ببون وهەلوەشانەوەی خۆیان لە ١٩٤٣ راگەیاندبوو، دووبارە یەکیان گرتەوە و لە ئەیلولی ١٩٤٧ لە نێو رێکخراوێك بەناوی (کۆمنفۆرم) کۆبونەوە، ئەمەش بۆ یەکخستنی چالاکیەکانی حزبە کۆمۆنیستەکان و دارشتنی سیاسەتێکی یەکگرتو بۆیا ستالین هەروەکو کاتی خۆی لەگەل کۆمنترندا لە پشت پەردەوە رۆلی خۆی دەگێرا و یاریەکەی دەبرد بەرێوە؟ جدانوف و مالنکۆفی بۆ سەرپەرشتی کۆنگرەی دامەزراندن بەرێ کردن کە تیایدا تەنها حزبە کۆمۆنیستیەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپای رۆژهەلات و فرەنسا و ئیتالیا بەشدار ببون.، ئەوە دوپات دەکاتەوە کە ستالین هەولی ئەوەی نەداوە کۆمنفۆرم بکاتە ئامرازێك بۆ شۆرشێکی جیهانی، ئەو حزبی چینی و حزبە کۆمۆنیستیەکانی ئاسیای بۆ ئەو کۆنگرە بانگێشت نەکردبوو، بیری لەو ناوچانەی دەرەوەی ژێر دەسەڵاتی بوو، ئەمەش خۆگونجاندێك بوو لەگەل سیاسەتەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئیتالی و فرەنسی، لەم کۆنگرە جدانوف داوا لە حزبی کۆمۆنیستی ئیتالی و فرەنسی دەکا چاوپۆشی لە سیاسەتەکانی کاسۆلیك و سۆسیال دیموکراتەکان بکەن و هاوکاری لەگەل بۆرژوای ولاتەکەیان بکەن، لەکاتێکا ئەم دوو هێزە بە دیدی مۆسکۆ دوو هێزی کاریگەر بوون بەلام لە دوای (شەری سارد) پیادەی ئەم سیاسەتە کرا.

ئەوەی مایەی سەیرو تێرامانە هەریەك لە کاردل و دژیگلاس سیاسەتەکانی جدانوفیان نمایش کرد کە هەردووکیان بە رەگەز یوگسلافی بوون، کاردل هێرش دەکاتە سەر فرەنسا و ئیتالیەکان و دەلێ: ( حزبە کرێکاریەکان ئەگەر بە یاریی پەرلەمان رازی بن، ئەوە گۆرِ بۆ خۆیان هەلدەکەنن، بزوتنەوەی کرێکاری

جیهانی لادانێکی نوێ له ڕێبازی مارکسیزم و لینینیزم بەخۆوە دەبینێ کە نیشانەی بێ ئومێدی سیاسەتەکانی (تولیاتی و توریزه) ه کە بیانەوێ سەردەمێکی نوێ بخولقێنن بۆ چالاکیەکانی پەرلەمانی و بیخەنە ژێر چەپۆکی فاتیکان و دیگۆلیزم. هەروەها دەڵێ :( حزبی کۆمۆنیستی ئیتالی سستیی نواندوە لە پێزانینی سیاسەتەکانی ئەمریکی، لێرەوە دەلێین: دروشمەکان (نە واشنتۆن نە مۆسکۆ) ن. ئەمەش روونە کە نە ئازادی نە سەربەخۆیی نیشتمان بەبێ مۆسکۆ ناکرێ).

دژیلاس لە هاورێکەی توندتر بوو دەڵێ : خالە گەوەمەریەکە... چاو تێبرینەکانی ئەمریکایە لە دەست بەسەر دونیادا گرتن، ی لەمەش مەزنترکە فاشیزم...حزبی کۆمۆنیستی فرەنسی مەنگا و بە هەنگا و لە بەرانبەر بە هێزە کۆنەپەرستەکان لە پاشەکشەدایە، ڕێگەشی داوە بزوتنەوەی بەرەنگاری لە چەك دامالرێ و هەلبوەشێندرێتەوە.)

بەلام کۆمنفۆرم هیچ بەرنامەیەکی شۆرشگێریی بۆ ئەندامانی رۆژئاوای ئەوروپا پێنەبوو، چونکە هەر بەرنامەیك دابڕێژرێ کاتەکەی دواکەوتوە لەبەر ئەوەی دەرفەتی ١٩٤٤و ١٩٤٦ یان لەدەستدا، ئەوەی بە دروستی لە هەردوو حزبی کۆمۆنیستی فرەنسی و ئیتالی داوا کرابوو، دروست کردنی تەگەرە و گرفت بوو بۆ پرۆژەکەی مارشال. بەلام ئەم بەرنامە جێ بەجێ ناکرێ و بە شەڕ و دوودلی هەندێکی لێ جێبەجێبکرێ. ئەو کات ستالین لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی سۆڤیەتی- رۆمانی و سۆڤیەتی-مەجەری و سۆڤیەتی- بولگاریەوە گەمارۆی خستبوە سەر ولاتانی رۆژهەلاتی ئەوروپا، توانیبوی بەرنامەی گەمارۆی ئابوری سەر رۆژهەلات جێبەجێ بکا، لە کاتێکا هەریەك لە ئەلمانیای رۆژهەلات و مەجەر و چیکسلۆڤاکیا و رومانیا بەردەوام خەلوز و نەوت و دانەوێلە و ئامێریان وەکو قەرەبوی جەنگ یا لە پای نرخێکی یەکجار کەم هەناردەی روسیا دەکرد، کەچی هاولاتیانیان لە ژێر فشاری برسێتیدا دەیاننالاند، جگە لەمە دەنگی ناڕەزایی و بێزاریان کپ کردبوو، بەم شێوە ئیداری و ئەندازیار و بسپۆرە سۆڤیەتیەکان سەرپەرشتی کارگەکانیان دەکرد و سوپا و پۆلیس خەلکیان بێدەنگ دەکرد.

لە ١٩٤٨ چیکوسلۆڤاکیا یەکەم ولات دەبێ لەم سیستەمە بەدەر بوو، لە ١٩٤٥ ەوە مۆسکۆ داوا لە چیکەکان دەکا شۆرش نەکەن، بەلام چیکەکان بە دەرچونیان لە جەنگ دۆخێکی شۆرشگێری دایگرتبوو، چینی کرێکاری چەکدار داوای سۆسیالیزمیان دەکرد، حزبی کۆمۆنیستیان لە هەلبژاردنەکان رێژەی٤٠%ی دەنگەکانی وەدەست هێنابوو، گەلی چیك دلسۆزی و وەفاداریان بۆ یەکێتی سۆڤیەت هەبوو، ئەم هەلوێستەیان بۆ سەردەمی قەیرانی میونخ دەگەڕێتەوە کە لەوکاتەوە لە زیاد بووندا دەبێ. سەرەڕای ئەوەی چیکوسلۆڤاکیا ماوەی ٣ سالە گوتوالدی کۆمۆنیست سەرۆکایەتی حکومەت دەکا و لەژێر سیستەمێکی دیموکراسیی بۆرژوادان، ئەدوار بینیز تا ئەوکات سەرۆکی کۆمار و مازاریك وەزیری دەرەوە بوو، حکومەت لە پەرلەمان پشتی بە دەنگی کۆمۆنیست و لیبرالیست و سۆسیال دیموکراتەکان دەبەست، بەلام ئەم حکومەتە هی ئەوە نەبوو بەرگەی شەڕی سارد بگرێ بۆیە هەر یەك لە بینیز و مازاریك لە هەولی بێلایەن کردنی ولاتەکەیاندا بوون کەچی لە بنەرەتدا لایەنگری رۆژئاوا بوون بەلام لە تەك ئەوان گوتوالد پشتگیریی لە پرۆژەی مارشال دەکرد.

لێرەوە چیکسلۆڤاکیا بوە کەلێنێك لە سیاسەتەکانی بەرگریی ستالین. دەبوایە کۆمنیستە چیکەکان ئەم کەلێنە بگرن، لە شوباتی ١٩٤٨ شۆرش رادەگەیەنن کە ماوەیەك بوو لە چاوەڕوانیدا بوون و دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن، شۆرشەکەیان بە پێچەوانەی شۆرشەکانی رۆژهەلاتی ئەوروپا بوو، شۆرشێکی ژێربەژێری بوو، پشتیان بە خۆیان بەستبوو، ماوەیەکی کەم بوو هێزەکانی سۆڤیەتی کشابونەوە بۆیە ترسیان لە هیچ هێزێکی تر نەبوو، چەکدارە میلیشیاکانی خۆیان بلاوەی شەقامەکان کرد و دەستیان بەسەر دۆخەکەدا گرت، ئەم هێز بەربلاوە پێکردنە کافی بوو بۆ خولقاندنی ترس لە دلی بورژوا بۆ ئەوەی بێدەنگ بن، بەم هۆیەشەوە (گوتوالد) لە بەرانبەر یاریەکانی پەرلەمان بێ دەنگ دەبێ، وەزیرە بۆرژوازیەکان بە دەست بەردان لە کارە ئیداریەکان هەولی روخان و سەرنەگرتنی شۆرشیان دا، کارەکانی دەزگا ئیداریەکانیان بۆ کۆمۆنیستەکان جێهێشتن بۆ ئەوەی رووبەرووی بۆشایی ببنەوە، سۆسیال دیموکراتەکان کە لە بەشداری کردنی ئیداری رارا بوون (گوتوالد) فشاریان دەخاتە سەر، ناچاری کردن بگەڕێنەوە ناو پەرلەمان و بەهۆیانەوە زۆرینە دروست کەن، دواجار بینیز و مازاریك پاش ئەوەی پشتگیریە بەرفراوانەکەی شەقامەکان دەبینن کە لە دەوری شۆرش ئالانەوە ناچار دەبن گوێڕایەلیان بن، بەلام دوای چەند رۆژێك دەبینرێ مازاریك بە مردوویی لەسەر شۆستەی خوار پەنجەرەی ژوری وەزارەتێك فرێ دراوە، لە تواناشدا نەبوو لێکۆلینەوە لەوەدا بکرێ ئاخۆ کوژراوە یا خۆی کوشتوە.

که راپەڕین سەردەگرێ ستالین بۆ چارەسەری روو لە کەلێنێکی تر دەکا کە لەو گرنگتر بووە ئەویش کەلێنی سیستەمی بەرگریەتی، ئەو کێشە و ململانێیەی لە نێوان دەولەتە زەبەلاحەکاندا هەبوو لە هەموو دونیا بەقەدەر کێشە و ململانێکانی دەولەتان لە ئەلمانیا نەبوو، ناکۆکیەکی توند لە نێوان خۆشگوزەرانی ئەمریکی و بەرگریەکانی روسیدا هەبوو، زۆر بە درندانە دەبردرا بەڕێوە، لەوکاتەی ئەمریکا و بەریتانیا روی لێشاوی هاوکاریەکانیان کردبووە ئەلمانیای رۆژئاوا، روسیا خوێنێ لە جەستەی ئەلمانیای رۆژهەلات هەلدەمژی و خێر و بێری تالان دەکرد، بۆ بوژانەوەی سیستەمی ئابوری خۆی بەکاری دەهێنا، بۆیە بانگخوازانی دژی کۆمۆنیزم ئەم دۆخەیان بۆ دەرەنجامەکانی جەنگ و سیستەمە ناکۆکەکانی کۆمەلایەتی دەگێڕایەوە، لەم دۆخە ئەوەیان لێ دەهەلێنجی کە سیستەمی سەرمایەداری خۆشگوزەرانی و ئازادی و دیموکراسی دەستەبەر دەکا لە کاتێکا سیستەمی سۆسیالیزمی یا کۆمۆنیزمی لەسەر بنەمای کۆیلایەتی و برسی کردنی هاولاتیان بەڕێوە دەچێ، ئەم پرۆپاگەندە و بانگخوازیانە لە هیچ کام لە ولاتێك بەقەدەر ئەلمانیا پێشوازیان لێ نەکرا، ئەوان لە سیستەم و رژێمی روسی بێزار و تۆقی بوون مەبەستیان بوو بکەونە ژێر سێبەر و بازنەی سیستەمی ئەوروپای رۆژئاوا، تا لەم ستەمە رزگاریان بێ کە لەسەر دەستی روسەکان دەیچێژن.

ستالین زۆر بە پەلە بوو سنورێك بۆ ئەو جیاوازیە دابنێ لە نێوان لاوازی ئابوری روسی و پاشەکشە کردنی پێگەی لە نێو ریزەکانی جەماوەردا لە ئەنجامی ئەو بێ گوزەرانیەدا لە لایەك و بەهێز بوونی ئابوری ئەمریکا و زال بوونی بەسەر رای گشتی شەقام لە ئەنجامی توانا ئابوریەکانی لەلایەکی تر، بۆیە پەلە لە دروست کردنی ئەو پەردە ئاسنینە دەکا کە بە دەوری رۆژهەلاتی ئەلمانیادا کێشای، بەلام لە پشتی ئەو پەردە لە پایتەختی رایخی ئەلمانیای کۆن لە دوری ١٢٥ میل ئەو ململانێ و ناکۆکیە بەردەوام دەبێ، ئەم بێزاری و ناڕەزاییانە پەرە

دەستێنن بە جۆرێك ستالێن پێی هەرس ناكرێ كە رۆژانە سوكایەتی بە حوكمرانیی دەكرێ پێگە و لایەنگرانی رێبازەكەی رۆژ لە دوای رۆژ لە بەرتەسك بوونەوەدا دەبێ لەو شوێنەی بە بێ هاوكاری هیچ لایەنێك داگیری دەكا و دواتر هێزەكانی هاوپەیمانان دێنە ناوی، ئەوكات مەزندەكان ئەوە بوون كە بە هاوبەشی ئیدارەی ئەم شوێنانە دەكرێ.

بەلام ئەم بیرۆكە ئیستا بە تەواوەتی دەروخێ: ستالین رێگەی بە ولاتانی هاوپەپیمان نەدا دەست بخەنە نێو كاروباری ئەلمانیای رۆژهەلات هەروەكو هاوپەیمانانیش رێگەیان بەو نەدا هیچ بەشێكی لە رۆژئاوای ئەلمانیا هەبێ، ئەمریكا و بەریتانیا و فرەنسا لەسەر ئەوە رێككەوتن كە كۆماری ئەلمانیای یەكگرتوو دامەزرێنن بە سەرۆكایەتی (ئەدیناوەر)ی كۆنەپارێز و دوژمنی سەرسەختی دەزگای روسی، ئەوكات هیچ پاساوێك نامێنێتەوە بۆ مانەوەی راوێژكار و پارێزەرانی رۆژئاوا لە بەرلین، ئەو شوێنانەی كە هێزەكانی بێگانەی لێ دەمایەوە بە پاساوی ئەوەوە بوو كە لە لایەن دوژمنەوە گەمارۆ دراوە بۆیە، ئەوەتا لە دوای ستالینیش هەلگرتنی ئەو بنكانە لەو شوێنانە بۆتە خەمە مەزنەكەیان، هاوپەیمانان خەمیان لە ئاوەدانكردنەوەی ئەلمانیا دەخوارد سوور بوون لەسەر بوژانەوەی، یەكەم هەنگاو و گرنگترین هەنگاو لەم بوارە گۆرینی پارەی ئەلمانی بوو كە بەهاكانی لەدەست دابوو، ئەمەش كێشە و ناڕەزایی لەگەل روسیا دروست دەكا كە بەشێكی ئەلمانیای لەبەر دەست دا بوو، ستالین رازی نابێ شاری بەرلینی رۆژهەلات لە روی ئابوریەوە بە رۆژئاوایەوە ببەستێتەوە، لە هەمان كات رۆژئاواش رازی نابن ئابوری رۆژهەلات كە لە ژێر دەسەلاتی روسیادایە بە رۆژئاواوە ببەسترێتەوە چونكە بەهۆی دابەزینی بەهای پارەی ئەلمانیای رۆژهەلاتەوە هەمیشە لە لێواری هەرەس هێناندا دەبێ ، ستالین ناچار دەبێ هەنگاوێكی تری مەترسیدار دەنێ، فەرمانێكی دەركرد بە گەمارۆ خستنە سەر كەرتەكانی ئەمریكی و بەریتانی و فرەنسی لە بەرلین، راستەوخۆ جولانەوەی هاتوچۆ لە دەریا و شكانیەوە بۆ بەرلینی رۆژئاوا دەوستێ.

ستالین لەم هەنگاوەی ئومێدی دەخواست لە ئەنجامی ئەم گەمارۆیە ئەمریكا وهاوپەیمانانی دەستبەرداری پلانەكەیان دەبن لە دامەزراندنی كۆماری ئەلمانیای رۆژئاوا وەكو قەوارەیەك دژی روسیای بەكار بێنن، بەلام ئومێد و ئامانجەكانی ستالین لەم فەرمانەیدا نەهاتنە دی، لە جیات ئەوە هاوپەیمانێتیە كۆنەكەیان هەلوەشاندنەوە و لە شوێن ئەو هاوپەیمانێتیەكی تریان دروست كرد، ستالین گرەوی لەسەر فرتو فێلەكان كردبوو كە نەریتی خۆی بوو بەلام سەری نەگرت. ئەمجارەیان ستالین ویستی پیشەسازیەكانی بەرلین شكست پێبێنێ بەلكو كار دەكاتە سەر هێزەكانی پاراستن و برسیان دەكا بەو هۆیەوە ئەو ناوچانە جێدێلن، گوێی بە هەرەشەكانی ئەمریكا نەدا كە دەلێ ئامادەیە مۆسكۆ تۆپباران بكا و بە شەمەندەفەر ئەلمانیا ببرێ و بە مانای بەرلینەوە بچێ، پەیمانی بە بەرلینیەكان دا ئەگەر بێنە ژێر باری ئەو، هەموو هاوكاریەكانی ئابوریان پێدەدا و پیشەسازیەكانیان دەبوژێنێتەوە، ئەگەر گوێ بە هەرەشەكانی بەریتانیا و ئەمریكا نەدەن گوزەرانیان باش دەبێ، پەیمانی خۆراك و چاككردنی باری ژیانی پێدان، بۆیە بەردەوام دەبێ لە گەمارۆی سەر بنكەكانی ئەمریكی و بەریتانی، دلنیا بوو لەوەی داهاتوو لە بەرژەوەندی ئەودا دەبێ چۆن ئەو سوورە لەسەر درێژە دان و بەردەوام بونی گەمارۆ، دوژمنیش ئاوەها ناتوانێ لە رێگەی بەكار هێنانی چەك كەلێنێك لەو گەمارۆیە

بکاتەوە، بەلام یەك خالی لەبیر چوبوو لەبەر چاو بگرێ: ئەویش لەو رێککەوتنەی لە نێوان هاوپەیمانەکاندا کرابوو رێگە درابوو رێرەوێکی ئاسمانی دروست بکرێ لە نێوان بنکەکانیان و بەرلیندا، بۆیە ئەگەر هێزەکانی رۆژئاوا ئەم رێرەوە بەکار بێنن دەتوانن خۆراك و ئازوقە بگەیەننە بنکە سەربازیەکان و هاولاتیانی شوێنە گەمارۆدراوەکان، ستالین ئەمەی لە حساباتی خۆیدا دانەنابوو کە ئەمریکا لە رووی هێزی ئاسمانیە بالا دەستە زۆربەی شەرەکانی لە ئاسمانەوە ئەنجام داوە لەم رووەوە لە روسیا بەهێزترە.
لە ٢٨ حوزەیرانی ١٩٤٨ ستالین توشی شۆك دەبێ کاتێك بەریتانیا و ئەمریکا ئەو پردە ئاسمانیە دەکەنەوە و خۆراك و ئازوقە دەگەیەننە ناوچە گەمارۆدراوەکە، ستالین دەزانێ ئەمە مافی خۆیانە ئەم پردە دروست بکەن بۆیە دەستێکی کەوتە ئەم بەر یەکێکی ئەوبەر، ناچار کەوتە دان و ستان لەگەڵیان.

بەلام ئەوەندە نابا دووبارە لە دانوستانەکان دەکشێتەوە و گەمارۆ دەخاتەوە سەر بەرلین، بە مەزندەی خۆی بەهۆی سەرمای زستان و بەستەلەکیەوە هاوپەیمانان ناتوانن هاوکایەکانیان بگەیەننە بنکە و هاولاتیانی گەمارۆدراوی بەرلین، بەلام لێکدانەوەکانی هەلە بوون، پردە ئاسمانیەکە گەشەی پێدرا و بەرفراوانتر کرا خۆراك و سوتەمەنیەکان گەیەندرانە دانیشتوانی بەرلین و بنکە سەربازیەکان، بەم شێوە گەمارۆکە شکست دێنێ، دوای ئەوە سالێك لە ژێر ئەم گەمارۆ ئابوریە دەبردرێتە سەر، ئەمجارەیان لە رێککەوتنێکی نهێنی لە بارەگای ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەنجام دەدرێ دۆخی بەرلین بۆ دۆخی جارانی دەگێرنەوە.
بەلام گەمارۆکە دۆخێکی نوێی نێودەولەتیی خولقاند کە نەدەکرا جارێکیتر بۆ دواوە بگەرێتەوە، لە ئەنجامی ئەو گەمارۆیە بوو کۆماری ئەلمانیای یەکگرتوو و هاوپەیمانی باکوری ئەتلەنتیك دامەزرا و هەر لە ئەنجامی ئەو گەمارۆیەشدابوو ئاشی دژە سۆڤیەت گەرمتر دەبێ کە رەفتاری سزادانی دانیشتوانی بەرلین لەلایەن دەسەڵاتی سۆڤیەتەوە ئەنجام دەدرێ ئەمە کار دەکاتە سەر خۆشکردنی بازاری پرۆپاگەندەی دژ بە سۆڤیەت.
ئەم دۆخەبوو کاری کردە سەر هاولاتیانی ئەمریکی و بەریتانی تا زۆر لە حکومەتەکانیان بکەن هاوپەیمانێتیە کۆنەکە هەلوەشێننەوە کەلەگەل سۆڤیەتدا کرابوو هاوپەیمانێتیەکی نوێ ئەنجام بدەن بەبێ ئەو، بەم شێوە ئەم رەفتارانەی ستالین بوونە پشتگیری بۆ بنەماکانی ترومان کە بانگخوازی ئەوەی دەکرد هاتوون بەرپەرچی ئەو مەترسیانە بدەنەوە کە لە داهاتو بەرۆکی کۆمەلگای رۆژئاوا دەگرێ، بەم هەلوێستانەی ستالین راستی بانگخوازیەکانی سەلمێندرا.

+++

لەوکاتەی کە سەرمایەداری رۆژئاوا هێز و بڕوای بەخۆبونی لە شکستەکانی ستالینەوە سەرچاوەیان دەگرت، کۆمۆنیزم سەرکەوتنێکی مێژوویی لە رۆژهەلات بەدەست دێنێ، لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٩ سوپای ماوتسی تۆنگ دەچیتە ناو پەکینەوە، سەرتاپای ئەمریکیەکان کە پێشتر چاویان بریبوە شکاندنی گەمارۆی سەر بەرلین و پردە ئاسمانیەکە، ئێستا رویان کەوتە ئەو رووداوە گرنگەی چین و شسکستی هێزەکانی (چیانگ

کای چیك)کە سوپای ئەمریکی ماوەی چەند دەیەکە بە هەموو توانایەکیەوە هاوکاریی دەکردن تەنانەت جاری وابووە بە تیپی مارینز بەشداریی کردوە، ئەوەتا ئەمرۆ لە بەرانبەر هێزەکانی کۆمۆنیستا شکست دێنێ، پێشبینی دەکرا شۆرشگێرەکان شسکست بێنن، گەلێك جار ستالین ئامۆژگاری ماوی دەکرد هەروەکو بیست سال پێشتر چۆن ئامۆژگاری (چین تومسوی) دەکرد رێککەوتن لەگەل چیانگ کای چیك) دا بکا، کاتێکیش پێی راگەینەدرا کە ماو نەخشە بۆ هێرش بردنە سەر پکین دەکێشێ، ستالین ئەم بەرنامەی پێ هەلە بوە و بە کارێکی سەرەرۆی زانیوە، ئەوەتا فەرماندەی مەزنترین سوپای دونیا سوکایەتی بە شەڕی پارتیزان دەکا و گومانی لە سەرکەوتنی کۆمۆنیزمە لە چین، چاوەڕوانی شکستی لەو شۆرشە دەکرد کە بە ئاماژە و رێنماکانی ئەو دەست پێنەکا، ترسی لەوە هەبوو ئەم سەرەرۆییەی ماو ئەنجامەکەی بە دەستێوەردانی ئەمریکا بێ و سوپاکەی ئەمریکا بگاتە سەر سنورەکانی روسیا.



ماوتسی تۆنگ

هەر چۆنێکی هەبێ هێزەکانی ماو لە هێرشەکانیان بەردەوام دەبن تا کۆمینتانگ دەڕوخێنن، لە مانگی نیسان هێزەکانی ماو نمایشی سەرکەوتن لە نانکینگ و شانگهای ئەنجام دەدەن، لەو کاتە هاوپەیمانێتی باکوری ئەتلەنتیك لەدایك دەبێ، لە کۆتایی هاویندا سەرجەم خاکی وشکانی چین دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ماو، لە ٢٤ی ئەیلول ماو تسی تۆنگ (کۆماری چینی گەلی) رادەگەیەنێ، بەم هەنگاوە سەردەمێکی نوێ بۆ مێژووی کۆمۆنیزم و دونیا دەست پێدەکا. ئیتر گەمارۆکانی سەر روسیا کۆتاییان دێ و بەرنامەی کۆمۆنیزمی روسی کە چاوەڕوان دەکرا لە ئەوروپا درێژەی هەبێ، لە ئاسیا درێژەی پێدرا.
دواتر باس لە کاریگەریەکانی شۆرشی چینی دەکەین لەسەر رژێمی ستالین. بەهۆی ئەو رووداوە ستالین لە بەرچاوی رۆژئاوا بەهێز دەردەکەوێ، لەوکاتەی ترسی هەبوو لەلایەن هاوپەیمان و رۆژئاواوە هێرشی بکرێتەسەر ئەوەتا لە رۆژهەلاتەوە پشت و پەنای بۆ دروست دەبێ، هەر بە لەدایك بوونی کۆماری چینی گەلی، لەو هەفتەدا دەنگۆی یەکەم قونبلەی ئەتۆمی روسی بلاو دەبێتەوە.

له خوارەوە باس لەو رەنگدانەوانە دەکەین کە شۆرشی چینی کردیە سەر رژێمی ستالین، لە سەروی کاریگەری و رەنگدانەوەکان ستالین لە هەمبەر رۆژئاوا بەهێز و مکومتر دەردەکەوێ، رۆژئاوا لە کت و پری خۆی بینیەوە کەوتونەتە ژێر هەرەشەی ئەو شۆرشەی لە رۆژهەلات سەری هەلداوە، بەم هۆیەوە ستالینی شکست خواردوو لە پێگەیەکی بەهێزەوە خۆی لە نێو رۆژهەلات دەبینێتەوە، بە رێکەوت ئەو هەفتەی کۆماری چینی گەلی رادەگەیەندرێ هەمان هەفتە دەنگدانەوەی قونبولەی ئەتۆمی روسیا بلاو دەبێتەوە.

بلاو بوونەوەی شۆرش بوە هۆی نەمانی هەندێک لەو دۆخانەی کە ستالین خولقاندبوی گوایە لە ئەنجامی نامۆیی بۆلشەڤیەکان دروست بووە. هەر دەبوایە هەندێک دەولەتی شۆرشگێری نوێ دروست بن تا ئەو بنەما تاکرەویانەی ستالین و مۆسکۆ لە بەین بەرن کە هەژمونی خۆیان بەسەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی و مۆسکۆدا سەپاندوە.

هەروەکو باسمان لێیەوە کرد ئەم دەسەڵاتە دوفاقی کارەکانی دەبرد بەرێوە: ئامادەیی خۆیان دەردەبری کە کۆمۆنیستەکانی دونیا وەکو دەولەتی خۆیان سەیری یەکێتی سۆڤیەت بکەن و گالتە بە دیدەکانی خۆیان بکەن بۆ بەرژەوەندی دبلۆماسیی ستالین، لە روێکی تریشەوە ئەم دەسەڵاتە پشتی بە کاری توندو تیژی و لە بەین بردنی نەیارانی ستالینیان دەکرد تا رخنەگر و ناحەزانی لە ناو بەرن، بەهۆی کارکردنی لە سەر بنەمای ئەم دوفاقیە دەسەڵاتەکانی ستالین لەق دەبن، ئەوەتا کۆمۆنیستە خەباتگێرە ئاوارەکان ئەمرۆ لە ولاتەکەی خۆیان بوونەتە خاوەن دەسەڵات چیتر ئامادە نین بە خواستی ستالین کار بکەن، دید و تێروانینەکانیان وەکو خۆی نەمایەوە کە پێیان وابوو دەبێ لە پێناو بەرژەوەندیەکانی یەکێتی سۆڤیەت خۆیان بکەنە قوربانی و لەم پێناوەدا کار بکەن، ئەوان ئێستا لە خزمەت بەرژەوەندی ولاتەکەیاندان بۆ بەرژەوەندی ئەوان کار دەکەن بەم دید و تێروانینە سەردەمێکی نوێی (بزوتنەوەی کۆمۆنیستیی فرە ناوەند) دەخولقێ، هەرچەندە بە نهێنی بوو ئەمە.

ستالین کۆمنفۆرمی بۆ ئەوە دامەزراند تا بتوانێ خۆی بەسەر حزبە کۆمۆنیستەکاندا بسەپێنێ و دسپلین و مەرکەزیەتی خۆی بەگەر بخا.

بەلام لە نێو رێکخستنە نوێکەدا رووبەرووی ئەندامانی یۆگسلاڤی دەبێتەوە کە بە پێچەوانەی خواستەکانی ستالین دەبن، ئاماژەمان بەو گەرم و گوریەی ئەندامان دا کە لە کۆنگرەی کۆمنفورم هەیانبوو پشتگیری سیاسەتی ستالین و وجدانوف یان دەکرد. بۆیە سەیر نیە ئەگەر تیتۆ و هەڤالانی تا ١٩٤٨ لە توندرەوترین لایەنگرانی سیاسەتی ستالین بوون لە نێو ئەوروپیەکاندا، هەر بەم هۆکارەوە لەوکاتەی لە مۆسکۆ دەبێ لەسەردەمی کردە لەناوبردنەکان بوو پۆستی سەرکردایەتی دەگرێتە دەست.

واتە بە رێکەوت نەبووە تیتۆ لە کاتی لە ناوبردنەکانی ئەندامانی دژ بە سیاسەتی ستالین لە مۆسکۆ دەگاتە لوتکەی حزب. ئەوکات زۆربەی سەرکردەکان لە ناوچوون، بۆ ئەوەی یەکێک ببێتە سەرکردەیان دەبێ لە

ئاستێکی بەرز پشتگیریی بکرێ و مۆسکۆ لێی رازی بێ ئەویش لەسەر هێلی سیاسەتی مۆسکۆ بڕوا، هەلوێستی لە هەڵمەتی لە ناوبردنی کۆمۆنیستە ئیسپانیەکان کە دەزگای G.P.U روسی پێی هەلسا دەقاو دەق هەلوێستی ستالینیستەکان بوو، بەلام سالەکانی خەباتی چەکداریی لەو بازنە دەردەچێ و لە روی سیاسەتەوە دەبێتە کەسێکی تر، ستالین هەستی بەو گۆڕانکاریە کرد، بۆیە چاوەڕوانی شەڕیو لێی.

ئەو داوای لە یوگسلاڤیا دەکرد شەڕێکی نیشتمانی دژ بە فاشیەکانی هەڵگیرسێنێ، نەک شۆرشێکی کۆمەڵایەتی، بەلام ئەوان فەرمانەکەیان جێبەجێ نەکرد، بەم ئەگەرەوە بە تێکدانی دۆستایەتی روسیا و بەریتانیا و ئەمریکا تاوانباری کردن ، پێی وابوو ئەمە خەنجەرێکە لە دواوە لە یەکێتی سۆڤیەتی دەدەن، ئەم ناکۆکیەی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و یۆگسلافیا لە دوای تەواو بوونی جەنگ زیاد دەکا، لە پەنای هەستی نەتەوایەتی و شۆرشگێریەوە یوگسلافیەکان کاریان بۆ دەستگرتن بەسەر (تریستی) کرد کە دژی خواستەکانی ئەنگلۆ –سکسون و ئیتالیا بوو، ستالین دژیان وەستایەوە لەم کارەیان پەست بوو چونکە کێشەی بۆ دروست دەکات لەگەل رۆژئاوا، لەم کارەی ستالین بێزار بوون پێیان وابوو روسەکان خۆیان لەسەر یوگسلافیەکان مەزنتر رادەگرن و کاری نەشیاو لە یوگسلافیا ئەنجام دەدەن، کاتێکیش بۆیان دەرکەوت دەزگای هەوالگری روسی کاری سیخوری بەسەر یوگسلافیەکانەوە دەکا لە رێگەی روسەکانی یوگسلافیا، زیاتر هەراسان دەبن، ستالین لەم بەرەنگاریە تورە دەبێ، بۆیە بڕیار دەدا دەرسێک بداتە کۆمۆنیستە یوگسلافیەکان هەروەکو ئەو دەرسەی بەو کەسانە دابو کە لەگەلی ناکۆک بوون، تاوان بار کردن بە لایەنگرانی بۆخارین و ترۆتسکیزم باشترین تۆمەتە. ناپاکی و کرێگرتەییە بۆ داگیرکەر، تیتۆشی بە کەسێکی ئاژاوەگێر لە نێو بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی جیهانیی ناوبرد.



Josip Broz Tito

شانازیی بەو گوتەیە دەکرد ( تاقە ئاماژەیەک بەسە بۆ ئەوەی تیتۆ لە ناو ببردرێ)، هەرچەندە یوگسلافیەکان تا ئەوکات لایەنگری ستالین بوون و خۆشیان دەویست و لە کۆبونەوەکاندا وێنەیان بەرز دەکردەوە، بەلام نارەزاییان لە تۆمەتبار کردنیان دەکرد و ریزەکانی خۆیان دەپاراست، بەم هۆیەوە ستالین گەمارۆیەکی ئابوری و سەربازیی توندیان دەخاتە سەر توندتر لە گەمارۆکەی بەرلین.

یەکەم جار دەبێ ستالین ناتوانێ هیچ لەگەل کۆمۆنیستێکی دژ بەخۆی بکات، تیتۆ لەم دژایەتیەیدا سەرکەوت کە پێشتر کەسانی لەو بەهێزتر لەسەر دەستی ستالین کوژابون، وەکو ترۆتسکی و بۆخارین.

ئێستا دەولەتی خاوەن پۆلیس و سوپای خۆیەتی ئەمان لە هێرشەکانی ستالینی دەپارێزن، دواتر سۆز و دوژمنایەتیی بەرانبەر بە مۆسکۆ بۆ ئەو بوونە قەلغان تا هاولاتیانی بەرگریی لێبکەن و پالپشتی بن.

تیتۆ گورزێکی کاریەگری لە دەسەڵاتی ستالین وەشاند کە هیچ چارەیەکی نەبوو، زۆربەی کۆمۆنیستە ئەوروپیەکانی رۆژهەلات ئەم هەلوێستەی تیتۆیان پێ راست بوو، چونکە ئەوانیش پێویستیان بەو بەرگری کردنە هەبوو تا لە تۆمەتی کرێگرتەیی و ناپاکی رزگاریان بێ کە ستالین دابونیە پالیان.

لە ترسی بلاو نەبوونەوەی پەتای یوگسلافی لە نیو ریزی کۆمۆنیستەکان، ستالین مەبەستی بوو بە ساردی چارەسەری ئەو نەچونە ژێربارەی تیتۆ بکا بۆ لەناو بردنی، رایگەیاند کە هەرکەسێک پشتگیری لە تیتۆ بکا بە ناپاکی دەزانێ.

کاتێک مۆسکۆ راوێژکار و بسپۆرەکانی لە یۆگسلافیا دەکێشێتەوە حکومەتەکانی رۆژهەلاتی ئەوروپا ناچار دەبن هەمان هەنگاو بنێن لە گەمارۆی ئابوری و ئەنجام دانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەسەر سنورەکانی. ئاسان نەبوو مەبەست و حەزەکانی تیتۆ لەناو ببردرێن، چونکە رێباز و مەبەستەکانی تیتۆ هی هەر شۆرشگێرێک بوون کە بانگخوازی سەربەخۆیی لە رادەربڕین و ئازادی کەسایەتیی دەکرد.

ئەو هێزەی تیتۆ سەرچاوەی لێگرتبوو بریتی بوو لە داننانی کۆمۆنیستەکان بە رەوایی پرۆژەکەی ( فرە رێگای نیشتمانی بەرەو سۆسیالیزم)، لە سالەکانی بەرایی دوای جەنگ کە ستالین کاری لەسەر پەکخستنی سەرجەم بزوتنەوە نەتەوایەتیەکانی دژ بە روسیا دەکرد لە ئەوروپا، لەسەر ئەم بابەتە چر ببۆوە و کاری لەسەر دەکرد. ئەوەتا ئێستا یوگسلافیەکان ئەم دروشمە لە دژی بەکار دێنن. لە سەرجەم پایتەختەکانی ئەوروپای رۆژهەلات سەرکردە مەزنەکانی ستالینیست لە نمونەی: گومولکا، کلیمانتس، رایک، کوستوف و هیتریش، ئەمانە ئەو دروشمەیان بە هەند وەرگرتبوو چونکە رێبازە نوێکەی کۆمنفورمیان پێ باش نەبوو لەگەڵ بۆچونەکانیان نەدەهاتەوە. ئەوان لایەنگری سیاسەتێکی میانڕەو و راسترەوی نەتەوەخواز بوون کە سالانێک ستالین رابەرایەتیی دەکرد بەلام دواتر ستالین دەستبەرداری ئەو رێبازە دەبێ و ئەمانیش دەستی پێوە دەگرن و لێی دوور ناکەونەوە. ئەم بەردەوامیەیان سەرئێشەی بۆ دروست کردن چونکە بە دەست خستنە ناو دەستی تیتۆوە تۆمەتبار کران بە ناپاک و تێکدەر هاتنە ناساندن. بەم هۆکارەوە دەستگیر دەکرێن و سوکایەتیان پێدەکرێ دوای ئەشکەنجەدان دان بە تاوان و هەلەکانیان دەنێن هەروەکو تۆمەتبارانی دادگای مۆسکۆ مامەلەیان لەگەڵدا کرا، وێنە سامناکەکانی ساڵانی ١٩٣٦-١٩٣٨ دووبارە بوونەوە لە سێدارەدان و لەناو بردن دووبارە لە سەرجەم پایتەختی ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلات نمایش کرانەوە.

لە ئەیلولی ١٩٤٩ رایک و چەند سەرکردەیەکی تری هەنگاری دادگایی دەکرێن و لە سێدارەدەرێن، لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵ کوستوف و ژمارەیەک لە سەرکردەی کۆمۆنیستی بولگاری هەمان چارەنوسیان دەبێ، تەنها گومولکا نەبێ حالەتێکی تایبەتی بوو لە دوای مردنی ستالین سەرهەڵدەدا، لە یەکێتی سۆڤیەتیش هەمان هەڵمەتی لە ناوبردن درێژەی دەبێ لەم رێیەوە چەندین سەرکردە و بەرپرس رووبەڕووی مردن دەبنەوە لەوانە ن.س. فوزنیسنیسکی ئەندامی بیرۆی سیاسی و بەرپرسی یەکەمی نەخشەدانان و رودیونوف سەرۆک وەزیرانی کۆماری روسیای یەکگرتوو کوسینتزوف و بوبکوف، بەرپرسی یەکەمی بەرگری لە لینینگراد لە سەردەمی گەمارۆکەی ١٩٤١-١٩٤٣ و چەندین ئەندامی تری بالای حزب لە رەوتی لینینگراد.

دوای تێپەربونی چارەگە سەدەیەک لەو رووداوە تائێستاش نە هۆکارەکە نە گومانەکانی ستالین دەزانین، ئایا ئەمان دژی سیاسەتەکانی ستالین بوون؟ یا ترسی لێیان هەبوو لەوەی لەو ململانێیە تێوەگلابن کە لە

نێوان لایەنگرانی جدانوف و مالنکوفدا هەبوو لەسەر دەسەڵات؟ ستالین زاتی ئەوەی نەدەکرد ڕووداوی دانپێدانان و دادگاییەکانی سوفیا و بودابیست بگوازێتەوە ستالینگراد و مۆسکۆ .

لەو کاتەی ستالین بە لێدانی تیتۆیستەکان سەرقال دەبێ، کێشەیەکی لەو مەزنتر سەرهەڵدەدا کە بنکەکەی، پەکین دەبێ، کۆمۆنیستە چینیەکان وێڕای دروست کردنی تەگەرە لەلایەن ستالینەوە، لە دەسەڵات گرتنەدەستا شانازیان بەخۆیانەوە دەکرد. ئەوان ڕۆڵی بەرزی خۆیان دەزانی لەو گۆڕانکاریەی بەسەر چین و ناوچەکەدا هاتوە، پێیان وابوو نەوەی داهاتو ڕۆڵی مەزنی ئەوان دەبینێ کە لە کارە ستاراتیژیەکان گێراویانە.

هەرچەندە ئەوان ڕۆڵی بیردۆزی ماوتسی تۆنگیان گەلێک مەزنتر کردبوو بەلام ئەو ڕۆڵەی ماو گێڕای لە بەڕێوە بردن و هەلگیرساندنی شۆرش گەلێک لە ڕۆڵی لینین مەزنتر بوو، بە دڵنیاییەوە ماو خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزتر بوو لە کەسایەتیی ستالین ئازاتر و بە پێگەتر بوو.

بەلام ستالین سوکایەتیی پێدەکرد و بە سوکی مامەلەی لەگەلدا دەکرد، تەنها بۆ جارێکیش دەستخۆشی یا ستایشی ڕۆڵی ماوی نەکرد، لە کاتێکا لە ژواندا بوو بۆ پەخش کردن و پڕۆپاگەندە کردن بۆ کەمترین ڕەفتاری ئەو. لە ماوەی ١٩٢٧-١٩٢٨ کاتێک ماو چالاکیەکانی لە شارەوە گواستەوە بۆ گوند. کۆمنترنی ستالین لێی بێبەری بوو داوای هاتنە خوارەوەی کرد لە کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی چینی. دوای ئەوەی مۆسکۆ متمانە بۆ ماو دەگێڕێتەوە بە هەستیاری مامەلەی لەگەڵدا دەکا. ئەو شۆرشی چینی بە پێچەوانەی شۆرشی روسی دەبینی، ماو پێی وابوو شۆرش دەبێ لە گوندەوە دەست پێبکا و پشت بە جوتیارەکان ببەستێ دواتر لە گوندەوە بەرەو شار ببردرێ، ئەمەش بە پێچەاونەی حالەتی روسیە. جا ئەمە خۆی هارێتیە مەزنەکەیە.

ماو گوتارەکانی بە مۆرکێکی ستالینیانە دەردەبڕی بۆ ئەوەی لە ناکۆکی لەگەل مۆسکۆ دوور کەوێتەوە، ستالین لەو مەکر و ئۆینانەی ماو ئاگادار بوو، بۆیە پێی هەرس نەدەکرا ئەم جۆرە ڕەفتارانە لە حزبێک ڕووبدا کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێ، چین تا ١٩٤٩ لە ئاستی دووەمی بایەخەکانی ستالیندا بوو، سەرەڕای ئەوەی پێی وابوو ڕەفتارەکانی ماو گێرەشێوێنین لە کاتێکا ماو کەسێکی ئارام و گوێڕایەل خۆی نیشان دەدا، بۆیە هیچ پاساوێک نەبوو فەرمانێکی لە دژ دەرکا.

هەرچۆنێکی بێ خۆبەخشانی چین بە درێژایی ماوەی خەباتیان هیچ هاوکاریان لە یەکێتی سۆڤیەت وەرنەگرتوە، بۆیە ئومێدیان پێی نەبوو نارەزاتیەکانیان لە ژێر خەندەکانیان دەشاردەوە، لە سەرەتای جەنگ رەفتارەکانی ستالین ئەوانی وروژاند و بێزار کردن، کاتێک ژاپۆن رادەستی روسیا دەبێ، مەنشوریا وەکو خاکی دوژمن داگیر دەکا و مامەلەی لەگەڵدا دەکا، ئەو هەرێمە ژاپۆن لە چینی ستاند و خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆی و لە رێگەی بنەمالەی مەنشوریەکانەوە دەیانبرد بەڕێوە.

لە ١٩٣٥ ستالین هێڵی ئاسنینی (شەمەندەفەر)ی مەنشوریای بەودەسەڵاتە بەکرێگیراوە فرۆشت، ئەمەش بۆ رازی کردنی ژاپۆن. دواتر لە ١٩٤٥ لە جیات ئەوەی بۆ چینی بگێڕێتەوە، بۆ روسیای گەراندەوە، جگە لەمە سۆڤیەتیەکان دەستیان لە بورت ئارسەر و دایرین گیرکرد، کە مەزنترین بەندەری مەنشوریا بوون. چین بۆ ئەم کردارانە نارەحەت بوو، لەوەش زیاتر ئەوکاتە بێزار دەبێ کە دەبینن روسەکان ئامێر و دەزگای پیشەسازیەکان هەلدەوەشێننەوە و بۆ یەکێتی سۆڤیەتی دەبەن، ژاپۆن چینی لە داهێنانی پیشەسازی بێبەش کردبوو، کارگەی مەزنیان لە مەنشوریا دادەمەزراند. دەبوایە چین وەکو بنکەی ئابوری چین سەیری مەنشوریا بکا، بۆیە حکومەتی ماو ناچار دەبێ بێزاری هاولاتیانی چین بە مۆسکۆ رادەگەیەنی.

ئەمە بناغەی ناکۆکیەکانی نێوانیان دەبێ کە لەدوای ستالین زیاد دەکەن و جێگرەوەی ستالین درێژە بەم ناکۆکیانە دەدا، ستالین هەستی بەوە کرد کە کەمترین گرژی و دەربڕینی لێدوانی وشک دەبێتە مایەی هەلگیرسانی شەر و ناکۆکی توند لە نێوانیان، هەر بۆیە خۆی لەم رەفتارانە پاراست، کاتێکیش کۆماری چینی گەلی رادەگەیەندرێ، ماو داوەت دەکەنە مۆسکۆ.

لە کانونی یەکەمی ١٩٤٩ لە کرملێن پێشوازیەکی گەرم لە میوانەکەی چین کرا. ئەو کات گەرمەی هێرش بردنە سەر تیتۆیستەکان و کوتلەی لینینگراد بوو، چەند مانگێک بەسەر لەناو بردنی فوزنیسنکیدا تێپەربوو، دادگایی کردنی کۆستوف یش لە سۆفیا بەردەوامی هەبوو. بەلام ستالین لە نێو ئەو دۆخە پێشوازی و مامەلەیەکی شایستەی لە میوانەکەی کرد کە لە داهاتوو دەبێتە یەکەم هار و مەترسیدارترین کەس لە دونیای کۆمۆنیستی. وای نیشاندا ئامادەیە هەر هاوکاریەکی بکا، ئەو پەندی لەو مامەلە و رەفتارە هەلەکانی وەرگرت کە لەگەل تیتۆ نواندبووی.

لەوە دڵنیابوو ناتوانێ پەنجەی بچوکیش لە ماو راوەشێنێ بۆیە بەروویدا پێدەکەنی و مامەلەی نیانی لەگەڵدا دەکرد.

بەلام دۆخەکان هەستیار و ناسکن ناچار دەبن مەترسیەکان ئاشکەرا بکەن و بە راشکاوی مامەلە بکەن، لە دەست هەلگرتن لەسەر مەنشوریا دوو دڵ بوو، چونکە پاروێکی چەور بوو، ماو بەرەو دانوستانێکی سازشکاریی راکێشا. بەڵام هەلس و کەوتی ئەم دوو سەرکردە ئەوەی سەلماند کە هەردووکیان چەندە وشک و پێداگرن لەسەر هەلوێستەکانیان، هەرچەندە ستالین بوە سەرکردە و سیاسەتمەدارێکی نێودەولەتی فەرماندەیەکی سەربازیی بە پێچ و پەنا، سەرۆکی دەزگایەکی بیروکراتیی زەبەلاح بەلام لەگەڵ ئەمەشدا زۆر لە میللەتەکەی دوور و دابراو بوو، زیاتر لە دەسەڵاتدارە قەیسەریەکان.

کەچی ماو تا ئێستاش تەپ و تۆزی شاخی بەسەر شانەوە بوو ئەو لە کەش و هەوای کاتی خەباتی چەکداری نێو گوندەکاندا دەژیا، لە جوتیارەکان دوور نەکەوتبۆوە، خۆی لە ریزی ئەوان دەبینیەوە هەم لەرووی خواردن و هەلس و کەوت هەم لە رووی جل و بەرگەوە، ئەگەر داب و نەریتی کەلیسا و هەندێک خەسلەتی

قەیسەریەکان لە ستالین بەدی دەکران بەڵام ماو هەر لەسەر ڕێبازەکەی لینین بەردەوام بوو، لە ڕێگەی نەریتەکانی کۆنفۆشیۆسەوە خۆی دەردەخست سەرچاوەی کەلتور و ڕەوشەنبیریەکانی ئەوان ببوە پاشخانی ڕەفتارەکانی ماو.

لەوکاتەی ستالین لە گەرمەی شەڕی ساردا دەبێ، کتوپڕ دۆستێک دەدۆزێتەوە، لە ئێستا و بەدواوە چین سنوری روسیای ئاسیایی دەپارێزێ، ئەویش دەتوانێ هێزەکانی لە ئەوروپا چڕ کاتەوە.

سەرەڕای ئەوەی ڕۆژێک دادێ سەرکردە نوێکانی چین لە مۆسکۆ هەڵدەستنەوە، بەلام چینیەکان ئەمڕۆ زۆر پێویستیان بە ستالینە، نەک تەنها بۆ گەرانەوەی دەزگا و پیشەسازیە کانی مەنشوریا بەلکو بۆ هاوکاریە ئابوری و سەربازی و دبلۆماسیی سۆڤیەتی سەرباری پارێزگاری کردنیشیان.

دوای سێ مانگ لە ١٤ی شوباتی ١٩٥٠ ستالین و ماو ڕێککەوتنێک واژۆ دەکەن. ستالین پەیمان دەدا دەستکەوتەکانی جەنگیان بۆ بگێرێتەوە و بەر لە تەواو بوونی ساڵی ١٩٥٢ دەستبەرداری هێلی شەمەندەفەری مەنشوریا بێ، هەروەها دەست لە بەندەرەکانی مەنشوریا هەلگرێ (بورت ئاسەر) کە بە پێی ڕێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ روزفلت دەستی کەوتبوو، دیارە ئەمەشی لە قەرەبوی شکستەکانی روسیا وەرگرتبو کە لەسەر دەستی ژاپۆنیەکان لە ١٩٤٠ بەری کەوت. بەلام مافی دەستگرتنی لەسەر بەندەری ( دایرین) بۆ خۆی هێشتەوە چونکە بایەخێکی ستارتیژیی هەبوو بۆ کاری هاتوچۆ لە مەنشوریا، پابەندی ئەوەش بوو کە بە دەستکراوەیی هاوکاری چین بکا بۆ بوژانەوەی ئابوریی.

بەم شێوە توانرا خۆیان لە گۆتەگۆت و ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوەی حکومەتەکانیان دوور خەنەوە.

+ + +

دوای چوار مانگ شەڕی کۆری هەلدەگیرسێ کە زۆربەی چاودێران پێیان وابووە ئەمە ماو و ستالین ئەم نەخشەیان لە مۆسکۆ دارشتوە. ماوەیەک هێزەکانی کۆمۆنیست لە بەری باکوری دژ بە هێزەکانی کۆریای باشوری دژ بە کۆمۆنیزم لە هێلی ٣٨ بەگژ یەکدا دەچوون کە هەردوو کۆریاکەی دەکردە دوو لەتەوە، لە حوزەیرانی ١٩٥٠ کیم ئیل سونگ سەرۆکی ئیدارەی کۆریای باکوری کۆمۆنیست حکومەتی سینگمان رایی باشوری تۆمەتبار کرد بە دەستدرێژی کردنە سەر سنوری ولاتەکەی لە باشور، بەم بیانۆیەوە فەرمان دەدا بە درێژایی هێلی ٣٨ هێرش بکرێتە سەر باشور، ئەو گورزە توندەی لە یەکەم دەستوەشاندن کۆریای باکور لە کۆریای باشوری وەشاند ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەم جۆرە نەخشە بە دوری نازانن پێشتر لەلایەن ماو و ستالینەوە دارێژرابێ، سەیر نیە ماو ڕەزامەندی لەسەر ئەم سەرەرۆیە دابێ، دەستگرتنی کۆمۆنیستەکان بەسەر هەموو خاکی کۆریا پێیان وایە تەواو کردنی پەیامەکی شۆرشی چینە، سەرکەوتنیش ڕێگە لەوە دەگرێ لە داهاتو هەر ولاتێک ئەم خاکە بکاتە پێگەی خۆی بۆ دژایەتیان بەکار بێنی، بەلام پاساوەکانی ستالین کەمتر رونن، ئەو لەوکاتان خۆی لە روبەروبونەوە لەگەل ڕۆژئاوا دەپاراست، کۆریاش بۆ ئەو ستاراتیژێکی

گرنگ نەبوو، سنورەکانی لەگەل یەکێتی سۆڤیەت لە دە میل تێپەر ناکا، لە کاتێکا سنورەکانی لەگەل مەنشوریا دەگاتە ٥٠٠ میل، بەلام ستالین لەسەر بنەمای گوتوبێژە شاراوەکانی نێوان خۆی و ماو رەفتاری دەکرد.

لە سەرەتا وا دەبینرا مەترسیەکان کەمن، دوو ساڵ بەسەر جێ هێشتنی سوپای سۆڤیەت لە کۆریای باکور تێدەپەرێ، کە ساڵی ١٩٤٨ دادێ سوپای ئەمریکاش باشور چۆل دەکا جگە لەمە ئەمریکیەکان رایدەگەیەنن کە هۆکاری جێ هێشتنیان ئەوەیە ئەوان هیچ بەرژەوەندیەکی زیندویان لە کۆریای باشور نیە تا لێی بمێننەوە.، لەسەر بنەمای ئەم بۆچونانە ستالین بڕوای وایە کیم ئیل سونگ لەسەر لێواری جەنگێکە بەلام ئەم جەنگە نابیتە جیهانی، هەلەکانی ئەوکاتە دەرکەوتن کە ئەمریکا بڕیار دەدا دەست بخاتە نێو ئەو کێشە و داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکا پێی هەلسێ. هەلەی دووەمیشی ئەو کاتە بوو کە ئەمریکا ئەم کێشەی خستە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش، نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت دەیتوانی مافی ڤیتۆ بەکار بێنێ بەلام ئەمەی نەکرد، ئەمەش هەلەی دووەمی. لە جیات ئەمە لە کۆبونەوەکە ئامادە نابێ ، ئەمریکاش ئەمەی بە هەل زانی کە نوێنەری روسیا ئامادە نیە، بڕیارێکی لە ئەنجومەن دەرکرد و زۆر لە ولاتان دەکا هێز بنێرنە کۆریا بۆ شەرکردن دژی کۆمۆنیستەکان، بەم شێوە شەڕی ناوەخۆ دەبێتە شەرێکی نێودەولەتی ماوەی چەند سالک هەرەشەی جەنگێکی جیهانی دەکات لە نێوان چین و ئەمریکا، پاش ئەوەی ستالین لەم کێشە تێدەکەوێ بەناچاری لایەنی بێدەنگی هەلدەبژێرێ و رێگە بە هێزەکانی روسی نادا بەشداری لەم شەرەدا بکەن ، سەرەڕای ئەمەش چەک و جبەخانە بۆ کۆریای باکور و خۆبەخشە چینیەکان دەنێرێ ئەوانەی شەڕی ئەمریکیەکان دەکەن لە هێلی ٣٨، دەرگای دانوستانی بە کراوەیی جێهێشت تا کاتی گونجاو.

\+ \+ \+

سێ سالەکانی دوایین لە حوکمڕانی ستالین، شەڕی کۆریا و مەترسیەکانی باڵیان بەسەر دۆخەکاندا کێشابوو، تا ئەوکات ستالین لە پێگەیەکی لاوازدا بوو، راستە یەکێتی سۆڤیەت بەر لە سالێک قونبولەی ئەتۆمی تەقاندبۆوە بەلام چەکی ئەتۆمی لای ئەمریکا بەر لە پێنج سال بوو کەلەکەی کردبوو.

فەرماندەی گشتی هێزەکانی رۆژهەلاتی دوور جەنەرال ئارسەر داوای تۆپباران کردنی مەنشوریای دەکرد، ئەمەش وادەکا یەکێتی سۆڤیەت بە پێی رێکەوتننامەیەک کە لە نێوان ئەوان و چیندا بەستراوە دەبێ فریای چین کەوێ و هاوکاریی بکا، ئەوەی پێشتر ستالین بیری لێ دەکردەوە و کاری لەسەر دەکرد لە پاراستنی باری ئاسایش و ئارامی روسیا بە هاوکاری ئەمریکا، ئەمە نەما، ئاستی دوژمنکاری لای ئەمریکیەکان بەرانبەر بە روسیا لەوپەری توندی دابوو، هەرچەندە بەشداری هێزەکانی ئەمریکا لە شەڕی کۆریا دەسەڵاتی هێزەکانی لە

ئەوروپا سنوردار دەکا، بەلام روسیا هەولی کۆکردنەوەی هێزەکانی دەدا بۆ پاراستنی دۆخەکە و ناچار کردنی پیشەسازی سەربازی کە ئەوپەری تواناکانیان بخەنە گەر بۆ زیاد کردنی بەرهەمەکانیان. بۆ ئەوەی باری ئابوری روسیا پارێزراو بێ و هێزی سەربازیی لە ئەمادە باشیدا بێ، لەم رووەوە لە هەندێک ئامانجی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، پیشەسازیی سۆڤیەتی یەکەم قونبولەی هیدرۆجینیی لە ١٩٥٣ وەبەر هێنا، واتە دوای ماوەیەکی کەم لە بەرهەمهێنانی ئەمریکا لەهەمان قونبولە، وێرای زیاد بوونی رێژەی دانیشتوان و ئاستی خوێندکارانی، ژیانی رۆژانەی روسیا بە ئاستێکی زۆر نزم و نەداری بوو، لە ئاستی سالەکانی سیەکاندا بوو، جەمی خۆراکی هاولاتیانی لە پەتاتەی پێچراو پێکهاتبوو، جل و بەرگێکی کۆن، ژیانیشیان لە کۆخەکان دەبردەسەر، ئەمە باری ژیانی ئەوکاتی هاولاتیانی روسی بوو، لە کاتێکا کارگە و پیشەسازیەکانی و بەرهەمەکانیان هاوشێوەی کارگە و پیشەسازیەکانی ئەمریکا بوون، ئاستی بژێوی روسی لە نیوەی ئاستی بژێوی ئەمریکی بوو بەلکو کەمتریش، ژیان سەخت بوو بە تایبەت لە شارەکان، سەیر نەبوو کاتێک دەتبینی چەند خانەوادەیەک لە یەک ژوردا دەژیان، بە هەموویان یەک ئاشپەزخانە یان هەبوو. حکومەت هیچ هاوکاریەکی نەبوو بۆ چارەسەری ئەم دۆخە، ستالین بڕیاری دا خانوو ساختمانی جوان و رازاوە لەو دەشتاییانە دروست کەن لە نێو کۆخ و کاولکاریەکاندا، ئەمەش بوە نمونەی بیروکراتیەکی بێ سەلیقە.

مەزنترین کارەساتیش بەر کەرتی کشتو کالی دەکەوێ، بەرهەمەکانی کەم دەبنەوە، بەرهەمی ئاژەلیش بە هەمان شێوە.

هەرچەندە حکومەت بەرهەمی کشتوکالیی لە جوتیاران دەکریەوە بەلام بە نرخێکی کەم، دانیشتوانی شارەکان بۆ بژێوی خۆیان رێژەیەکی کەمی گۆشت و رۆنیان دەست دەکەوت، کاری کۆلخۆزەکان نیوە بە نیوەی لێهات وەکو شێوازی کاری بەکۆمەڵ و کاری بە تاک، لەتەک بوونی کێلگەی بە کۆمەل کێلگەی خاوەندارێتی تاکیش هەبوون.

حکومەت هەولیدا لە رێگەی فەرمانگەی بیروکراتیەوە خۆراک بۆ هاوڵاتیان مسۆگەر بکا، حکومەت جۆر و چەندایەتی دانەوێلەی بۆ جوتیاران دیاری دەکرد، بەسەریدا دەسەپاندن چی بچێنن و چی نە چێنن، سوپایەکی چاودێریشی بەسەریانەوە کردە رەقیب، بەم شێوە کاری کشتوکالی و بەرهەمهێنان لە ریگەی رۆتینەوە بە جارێک لە قوردا چەقی.

روسیا لە ١٩٥٠ خۆی لەبەردەم پرۆسەیەکی نوێدا بینیەوە دەتوانین ناوی بنێین ( هەڵمەتی کۆکردنەوەی کشتوکالیی دووەم) لەم هەڵمەتەدا ٢٤٠ کێلگەی بەکۆمەل یەکخران، هەر یەکەیان بە هەزاران فەدان دەبوو، هەلوێستی جوتیاران لەم یەکخستنە بێباکی و بێدەسەڵاتی و خۆرادەست کردن بوو، بەلام دۆخی کشتوکاڵی هەر بە وێرانی مایەوە. کاتێکیش دەستەی دەسەڵاتدار لەسەر هەندێک هێلکاری کە دەبوایە هەنگاو بنرێ بەسەر خۆیاندا دابەش دەبن، ن. س. خروچیف پێشنیاری دووبارە رێکخستنەوەی کێلگەکان دەکا کە بکرێنە کارگەی دانەوێلە و جوتیارەکانیش لە شارە کشتوکالیەکان نیشتەجێ بکرێن. ستالین ئەم

بیرۆکە ڕەت دەکاتەوە، چونکە لەم دۆخە نالەبارەی نێودەولەتی ترسی هەبوو ولات ڕووبەڕووی ئەم گۆڕانکاریە ڕیشەییە بکاتەوە.

لە ژێر کاریگەری لاوازی ناوەخۆ و هەژمونی دەرەکی ستالین ناچار دەبێ روسیا بخاتە دۆخێکی گۆشەگیریەوە، لەم رووەوە یاسایەکی دەرکرد، هاوسەرگیری لەگەل بێگانە بوو بە تاوان، لەسەر ئەنجام دانی حوکم دەدرا. هەر فەرمانبەرێکیش هەر زانیاریەک گەورە یا بچوک بدا بە لایەنێکی بێگانە بە ناپاک حوکم دەدرێ، هەر بێگانەیەکیش بایەخ بەم زانیاریانە بدا بە سیخور حوکم دەدرێ، ڕێگەی لەو سەربازە داگیرکەرانەی ولاتانی ئەلمانیا و نەمسا گرت کاتێک دەگەرێنەوە ولات، هیچ زانیاریەک لەسەر ئەزمونەکەیان بدەن کە لەدەرەوە بینیویانە. دەزگاکانی راگەیاندنیش ژیانی ئەمریکا و رۆژئاوایان بە رەشبینی نیشان دەدا. هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی گەیاندن بە روسیای داخست. ئەوانەی لە پشت ئەم پرۆسەدا بوون دەهۆلی نەتەوایەتیان دەکوتی. روسیای سەردەمی قەیسەریان بە شێوەیەک مەزن کرد کە وێنەی نەبوو، ئەو زولم و ستەمەی لە نەتەوە ژێردەستەکان کرد دەبوایە سوپاسی روسیا و رژێمەکەی بکەن لەسەر ئەو سزادانەیان، نیکۆلای یەکەم و کاترینی مەزن بوونە کەسانی پاک و بێگەرد و پیاوچاک، پارێزەری گەلانی قەوقاس و ئاسیای ناوەراست. ئەوانی بەرگریان لە ولات دەکرد و دژی قەیسەر دەجەنگین بوونە کەسانی کرێگرتە و بەکرێگیراوی ئینگلیز و تورکیا. خوێندکاران فێرکران کە باپیرانیان ژمارەیەک لە پیلان و نەخشەی دوژمنانیان تێکشکاندوە، ڕێگە لە هەرکەسێک گیرا گومان بخاتە سەر ئەو بیرۆکەی کە دەڵێ روسیا ولاتی ئازادیخوازانە لانکەی ئازادی و رزگارکەری دونیایە، چەندین ئەفسانە و هەلبەستراوی ناراست خرانە روو بەسەر هاولاتی و خوێندکاراندا بلاو کرانەوە، بەزۆر دەبوایە بڕوای پێ بێنن.

هەرچی داهێنانی تەکنەلۆژیایە خرانە پال داهێنەرانی روس گوایە بەهۆی نەزانی خەلکەوە وا باوە ئەمانە لە دەستکرد و داهینانی ئینگلیز و فرەنسی و ئەمریکیەکانن. رۆژانە هەوالەکان لەسەر خانەوادەی بوبوف و ئیفانوف داهێنەرانی یەکەم چاپخانە و ئامێری رادیۆ لە رۆژنامەکان بلاو دەبونەوە ، رۆژنامەی براڤدا رۆژێک بلاوی کردەوە گوایە یەکەم کەس کە دۆلابی دروست کردوە لە سەر کەناری روباری موسکڤا دەژیا یا دەوترا کە برومیسیوس بە رەگەز روسیە، گوایە تەنها روسەکان دەتوانن ئەم جۆرە ئامێرانە دروست کەن.

بەم شێوە خۆیان مەزن دەکرد و خەلکیان بچوک دەکردەوە، ئەوان پیرۆز و خەلک نەفرەت لێکراو بوو.

\+ + +

سەیر نیە کاتێک لە نێو ئەم دۆخە نەتەوایەتیە هەستی دژایەتی رەگەزی سامی سەرهەلدەداتەوە، لە راستیشدا هەستی دوژمنایەتی جوەکان لە سەردەمی زێرینی بۆلشەڤیەکان کەمی نەکردبوو، وێرای هەولەکانیان لەم بوارە ، چونکە ئەم هەستە دوژمنکاریە بەردەوامە، خۆی هەستی دوژمنداری لە دژی رەگەزی سامیەکان سەرچاوەیان لە چەند رەهەندێکەوە گرتوە: لە ئاینی ئەرسەدۆکسی و نەریتەکانی

کۆمەلکوژی جوەکان و ململانێکانی هاولاتیانی نیشتەجێ لە نێوان جوەکان و نازیەکان لە کاتی جەنگدا، لە دۆخی ئابوریی باشی جوەکانەوە گومان لەوە دەکرێ کە دەستی ئەمانی تیادابێ، جوەکان هەموویان خاوەن پیشە و بازرگانی باش بوون بەو هۆیەوە لە نێو بوارەکانی بازرگانە باشەکان دەرکەوتن خەلک چاوی لە دەستی ئەوان بوو، سودمەندی یەکەمیش لەو دۆخانە ئەوان بوون دوای جەنگ کاتێک کالاکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە بازارەکان ون دەبن، ئەم ون بوونە لەوان دەزانن کە پلانێکی ئەوان بێ، چونکە ژمارەیەکی زۆریان لە نێو سەرکردە بۆلشەڤیەکانی کاتی خۆی بوون هەرچەندە زۆربەیان لە ناو بردران بەلام پێگە و ناوبانگیان ون نەببوو.

ستالین لەسەر ئەم دیاردە هەلوێستی ناروون بوو، چونکە ئەو هەستی رەگەز پەرستیی نەمابوو لەم بابەتانە رزگار ببوو، دواتر ژمارەی سەرکردە جوەکان زۆر لەوە زیاتر بوون کە لە سەردەمی لینیندا هەبوون، میکلیس لە نێو سوپا رابەری سیایی مەزن بوو، زافلافسکی وئاهرنبرگ لە بەناوبانگترین ستایشکارانی ستالین بوون، لەکاتی هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی ئۆپۆزسیۆن ئەم هەستە لەگەل (ترۆتسکی وزینوفیێف وکامنێڤ Kamenev ورادیک ) بەکار هات، ئەوەتا لە داداگییەکانی سالانی ١٩٣٦-١٩٣٩ فیشنسکی دەڵێ: ئەمانە کەسانی بێ نیشتمانن هەستی نەتەوایەتی روسیان نییە، تەنانەت لە کاتی هێرشەکانی هیتلەر بۆ سەر جوەکان داوا لە روسەکان و ئۆکرانیەکان دەکا لە دژی ئەوان راپەرن، بەلام لایەنگرانی ستالین وەلامی ئەم بانگەوازەیان نەدایەوە.

لەو کاتانەی هێزەکانی هیتلەر هێرشیان دەبردە سەر ناوچەیەک ستالین جوەکانی لەو ناوچانە دوور دەخستەوە، جاری وا هەبووە جوەکانیش بڕوایان بە درندەیی هیتلەر نەکردوە بەرانبەریان، بەلام ستالین ئەم هەستەی هەبووە، دواتر ستالین رێگە دەدا لیژنەیەک دامەزرێنێ بەناوی ( لیژنەی جوەکانی دژ بە نازیسم) کەسانی ناوداری تیا ببوە ئەندام بەم هۆیەوە جوەکانی رۆژئاوا پشتگیریان لە یەکێتی سۆڤیەت کرد، بەلام ئەم لیژنە لە دۆخێکی نالەبار دەستی بە کارەکان کرد، لە ١٩٤٢ دوو لە ئەندامانی ( هنریک ئاهرلیش و فکتور) روویان لە ورسیا کرد، بەلام دەسەڵاتدارانی روسیا دەستگیری کردن و بە تۆمەتی کرێگرتەیی بۆ نازیەکان لە سێدارەی دان، هەرچەندە جوەکان لە ریز سوپا خزمەتیان کردوە و بوونەتە خاوەن پلە و مەدالیای ریزلێنان بەلام وەکو نەتەوە حسابیان بۆ نەکردوە، تەنانەت لە کارەساتی کۆمەلکوژیش باسیان نەدەکرد، ئەوروپا بۆ ئەم پرسەیان کەڕولال بوو، دوای جەنگیش هاولاتیانی سۆڤیەت ئەوانەی هاوکاری نازیەکانیان کرد دادگایی کران و سزا دران، بێدەنگیەکان هی کارەساتی لەم جۆرە بوون بە نمونە: لە شاری (بابی یار) ی لە کییف نازیەکان پەنجا یا شەست هەزار جویان کۆمەلکوژ کرد بەلام ئەم هەواله شاردرایەوە و رێگە نەدرا مۆنۆمێنتێکیان بۆ دروست کەن.

ئەوەی ناتوانرێ لێکدانەوەی بۆ بکرێ ئەو رۆلەی ستالین بوو کە لە پێناو ئیسرائیلا گێڕای، لەوکاتانەی زۆربەی ولاتەکان گومانیان لە شەرعیەتی ئەم دەولەتە هەبوو، ستالین داوا لە نەتەوە یەککگرتوەکان دەکا

دانی پێدا بنرێ، شایەنی باسە کۆمۆنیست و چەپەکان بە گشتی لە ئەوروپای رۆژهەلات دژی زایۆنیزم بوون، ستالین داوای لە هەندێک حکومەتی ئەوروپای رۆژهەلەت کرد رێگە بە جوەکان بدەن بارکەن بۆ ئیسرائیل و هانیدان بە چەک هاوکاریان بکەن بۆ سەربەخۆیی، هۆکارەکەی ئەوەبوو راپەڕینی جوەکان لە فەلەستین پەلەیان لە روخانی داگیرکاری بەریتانیا دەکرد بۆیە پێی وابوو هاوکاریەکان دەبنە یاریدەدەر بۆ روخانی داگیرکاری بەریتانیا و کشانەوەی لە رۆژهەلاتی ناوەراست.

دواتر کە ئەمریکا هاوکاری ئیسرائیلی دەکرد ستالین پێێ وابووە بۆ رازی کردنی ئەمریکا و گەرانەوەی پەیوەندیەکانی لەگەل ئەمریکا دەبنە هاوکار و رێ خۆشکەر، بەلام ئەم بیرکردنەوە ئەوەندە نابا ئومێدەکانی دەروخێن چونکە ئیسرائیل دەبێتە بەرەی پێشەوەی سەنگەرەکانی رۆژئاوا لە رۆژهەلاتی ناوەراست، بۆیە گلەیی لە سەرکردەکانی دەکا کە چاکەیان لەبەر چاو نیە.

کاتێکیش گۆلدا مائیر وەکو یەکەم نێردەی ئیسرائیل دەگاتە مۆسکۆ لەلایەن جوەکانەوە پێشوازیەکی بێوێنەی لێ دەکرێ، ستالین لەم هەلوێستەی جوە روسەکان زویر دەبێ ئەو لەگەل کاڵ کردنەوەی هەستی نەتەوایەتیدایە نەک بوژانەوەی. دواتر ئەمە لای ئەو پشتگیری هاولاتیانیەتی لە بێگانە بۆیە پێی وابوو زەنگی مەترسیەکان لێیدا.

لە کاتێکا ستالین هاوکاری خۆپیشاندان و راپەڕینی جوەکان دەکا لە دەرەوەی ولات کە رێگە پێدراو نین و شەرعیەتیان نیە، ئەی بۆچی رێگە لە خۆپیشاندانی جوەکانی خۆی دەگرێ و رێگەیان پێنادا؟ بەم هۆیەوە ژمارەیەک لە سەرکردە جوەکانی دەستگیر کرد کە بەشداری لەو خۆپیشاندانەیان کرد و لە ولاتی دوور خستنەوە.

دەزگا راگەیاندنە حزبیەکان دەستیان بە پرۆپاگەندە کرد بۆ ناو زراندنی ئیسرائیل و بە کرێگرتەی داگیرکەری رۆژئاوایان دایە ناسین، هەر سۆڤیەتەیێک هەستی نەتەوایەتیی بۆیان بجولێ بە تۆمەتی ناپاکی و دوور کەوتنەوە لە هەستی نیشتمانی روسیی تۆمەتباری دەکردن.

جوەکانی لە مافی نەتەوایەتی خۆیانی بێبەش کرد و رێگەی نەدان لە قوتابخانەکان بە زمانی دایک بخوێنن زمانی (یدیش) یا گۆڤار و رۆژنامە دەرکەن، بەم شێوە ستالین پێشێلی سیاسەتەکەی خۆی هی ئەو کاتەی کۆمیساری نەتەوەکان بوو لە حکومەتی لینیندا، پاساوی بۆ ئەم هەلوێستەی ، گوایە جوەکان هەموو مافێکی نیشتمانیان هەیە و یەکسانن لەگەل هاولاتیانی تری سۆڤیەتی پرسی نەتەوایەتی جویان کال بۆتەوە و لە نیو کۆمەڵگەی سۆڤیەتی تواونەتەوە.

بەلام دوای ئەو بەزۆر تواندنەوەیان هەستی نەتەوایەتی جوو بەرزتر دەبێ، دەزگا راگەیاندنەکانیش بڵاوی دەکەنەوە کە سیاسەتی جیاکاری نابێ پیادە بکرێ و خەلکان یەکسانن ئەمەش دوای ئەو کۆمەلکوژیە درندانەی نازیەکان هات کە لە دژی جوەکان ئەنجام درا.

لەگەڵ داخستنی بارەگای رۆژنامە و گۆڤار و شانۆکان، ئەکتەر و ئەندامانیشی لە ناوبردران، لەوانە ( لوزوفسکی) سەرۆکی پێشوی یەکێتی نێودەولەتیی سەندیکای سوور)و جێگری پێشوی وەزیری دەرەوە، داڤید برگلسوف و ئیسحاق بگیفیر و بیرتز مارکیش کە هەموویان نوسەر و شاعیر بوون هەموویانی دەستگیر کردن و دواتر لە سیدارەی دان.

پرۆسەی لە ناوبردنەکان زۆر نهێنی و داخراو بوو کاتێکیش ئەم هەڵمەتە دەگاتە نوسەر و شاعیرە ناودارەکانی روسیا رۆژنامەکان بە ئیدانە کردنی هەستی (کۆسمۆپۆلیتی ) و لە ریش دەرهێنانی دەستیان پێکرد، دواتر دەگوترا ستالین مەبەستی بووە سەرجەم جوەکان بگوازێتەوە (بیروبدجیان) کە هەرێمێکی جوەکان بوو خاوەنی سەربەخۆیی بوو لە بیستەکان دامەزرابوو، ئەمەش وەکو ئەو راگواستنەوەی ئەلمانەکان بوو کە بۆ (ڤۆلگا) گواستنیەوە و تەتەرەکانی بۆ( قەرم و ئەنگوش و چیچان) گواستەوە، هەرچەندە ئەم پرۆسە زۆر مەزن و قورس بوو بەلام ئەوەی جوەکانی لەم کارە پاراست پێگەی بەهێزیان بوو لە بواری بازرگانی و ئابوری و ژیانی حزبایەتی و لێکۆلینەوە ئەتۆمیەکان و پیشەسازیی قورس. هەرچەندە ئەمان بە بێگانە درانە قەلەم بەڵام لە مافی پاراستنی بێگانەکانیش بێبەش کرابوون بۆیە هەستیان بە مەترسیەکی زۆر دەکرد و چارەنوسیان لا ون بوو، مەترسیەکانیش لە دوا کاتەکانی تەمەنی حوکمڕانی ستالین زیاتر دەبێ.

\+ \+ \+

بە درێژایی سالەکان سەرکردایەتی بە کۆمەڵ نەیتوانی لە هەژمونی تاکرەوی ستالین دەرباز بێ کە بە تەنیا دەسەڵاتی گرتبوە دەست ئەوەتا بە چەندین دەستەواژە خۆی دایە ناسین لەوانە ( باوکی گەل، مەزنترین زانای مێژوو، دۆستی کرێکار و مامۆستایان، رۆژی هەلاتوی مرۆڤایەتی، بەخشندەی ژیانی سۆسیالیستی ) هیچ وتار و رۆژنامەیەکیش بەبێ ناوزەدکردن و ناوهێنانی ستالین دەرنەدەچوو کە بە شان وباڵیدا هەڵنەدا.

بە جۆرێک مەزن کرا هێنرایە ئاست مارکس و ئینجلس و لینین، ئیتر گەلی روسی گوایە بەسەر هەموو دونیادا زالە، بوە کورتە بالایەک کەوتە سەر پێکانی ستالین، رۆژنامەی براڤدا زنجیرە نامەی بلاو دەکردەوە بە ناوی ( بۆ ستالین) تیایدا هەمووی ستایش بوون بە شان و بالی ئەودا، لە یادی حەفتایەمین سالوەگەری لەدایک بوونی، بە لێشاو نامەی پیرۆزبایی لە رۆژنامەی براڤدا بلاو دەکرایەوە هەموو مەدح و سەنا بوو رازاندنەوە و ستایش بوو، کار و پیشەی ئەو خەلکە بوە دۆزینەوەی دەستەواژەی سەیر و سەمەرە وەکو نازناو بۆ ستالین. خروچۆف دەڵێ (لە پێناو خۆ گەورەکردن و دەرخستنی کەسایەتی خۆیدا، ستالین هەموو ئامرازەکانی بەکار هێنا) خۆی سەرپەرشتی دەرکردنی ژیاننامەی خۆی دەکرد، کاتێک دەبینێ دەستەواژەکانی پیادا هەڵدان لە ئاست خۆیدا نین، خۆی هەندێک نازناو دادەنێ بە نمونە: ستالین باشترین جێگرەوەی تەواو کردنی دەستکەوتەکانی لینینە... ستالین لینینی ئەمرۆیە، زانستی سەربازیی پێشکەوتو لە یەکێتی سۆڤیەت لەسەر

دەستی ستالین باشترین پێشکەوتنی بەخۆوە بینی.. لە هەموو قۆناغە جیاجیاکان) ئەمەوگەلێک نوسین و ڕێنمای تر کە هەموویان لە خزمەت بەرزکردنەوەی پێگە و ئاستی کەسایەتی ئەودا بوون.

خروشۆف پێناسەیەکی جوانی ناخی ستالینی بۆ کردوین، کەس لە قەیسەریە کانی ڕۆمانی بێ ئابڕو، یا میرێک لە میرەکانی خانەوادەی (بورجیا)، وەکو ئەم کەسە بە خەراپی و بێ ڕەوشتی مامەلەی لەگەڵ دەورو بەری خۆیدا نەکردوە کە ستالین لەگەڵ ئەندامانی بیرۆی سیاسیی حزبەکەیدا دەیکا:

(لە جیات ئەندامانی بیرۆی سیاسی ڕەفتاری دەکرد.. بێ ئەوەی پرسیان پێبکا بۆ هیچ بابەتێک، زۆر جاریش هەندێک لەو بڕیارە گرنگانەی تایبەتن لەسەر دەولەت و حزب لێی دەشاردنەوە، بە درێژایی سالانی جەنگ تەنها یەک جاریش کۆبونەوەی لیژنەی ناوەندیی ئەنجام نەدا، تەنها هەولدرا لە تشرینی یەکەمی ١٩٤١ کۆبونەوەیەک بکرێ لە هەموو هەرێمەکانی ولاتیش ئەندامان بانگکران ماوەی دوو ڕۆژ لە چاوەڕوانیدا مانەوە ئینجاش ئەو کۆبونەوەیە نەکرا).

خروشۆف دەڵێ کاری کوشتن و لەناو بردنەکانی ستالین لە ئەنجامی کوشتنی ترۆتسکیست و بوخاریستەکان زیادی کرد (لە کاتێکا خروشۆف و هاوشێوەکانی زۆر بە کارایی بەشداریان تێدا کردبوو):

(دوای ئەوە ستالین بڕیار دەدا هەموو بڕیارەکان بە تەنیایی دەرکا، بەم شێوە مامەلەی لەگەڵدا دەکردین، کاری ئێمە تەنها گوێ گرتن و مەدح و سەنا بوو).

کاتێک دەستی لە کوشتن و لەناو بردنی لایەنگرانی ترۆتسکی و بۆخارین خالی دەبێ و لەناویان دەبا ئەمجارەیان ڕوو لە لایەنگرنی خۆی دەکا و بە تۆمەتی ترۆتسکیزم و بوخاریسم لەناویان دەبا، خروشۆف دەڵێ: لە کۆی ١٩٦٦ ئەندامی کۆنگرەی حەوتەمی حزب کە لە ١٩٣٤ بەسترا ١١٠٨ کەسی لێ لە سێدارە دان، لە کۆی ١٣٩ ئەندامی لیژنەی ناوەندی کە کۆنگرە هەلیبژاردبون ٩٨ ی لێ لە سێدارە دان، ئەمانە هەموویان ستالینیست بوون، نامە فەرمیەکان ناویان لە کۆنگرەی حەوتەمی حزب نابو( کۆنگرەی سەرکەوتوەکان) چونکە ستالینیستەکان ئاهەنگیان دەگێڕا بە بۆنەی لە ناوبردن و سەرکەوتن بەسەر سەرجەم دەستەی نارەزا.

دوای لە ناوبردنی سێیەکی کادرانی ستالینیستی، ئاساییە خروشۆف لە خۆی بترسێ، خرۆشۆف دەگێڕێتەوە ەدڵێ:

(ئەو کاتان بە بەردەوام لەگەل نیکۆلای ئەلیکسەندوفیچ ی بولگاری دەدوام، جارێکیان لە سەفەرێکمان لە ناو ئۆتۆمبێلدا بوین پێی وتم: هەندێک جار وا ڕێک دەکەوێ مرۆڤ بە میوانداری دەچێتە مالی ستالین وەکو برادەرێک، بەلام ئەستەمە بزانرێ کە هەنگاوی دواترت کوێیە مالەکەیەتی یا زیندانە) ستالین بڕوای بەکەس

نەبوو، ترسی لە هەموو شتێک هەبوو، دەکرا سەیرت بکاو پێت بڵێ( بۆچی چاوەکانت پیسن؟ یا بۆچی سەیری چاوەکانم ناکەیت و لێی رادەکەی؟) بەردەوام لەگەڵ مرۆڤدا بە شەر و گێچەڵ بوو.

لە ماوەکانی دوای جەنگ خەسلەت و رەفتارەکانی یەکجار تێک دەچن و ناخۆش و شەرانگیز دەبن.

ئ ەو سەرکردە ستالینیستانەی لەگەڵیدابوون بەدەستی خۆی زۆربەیانی لە ناو بردن، لە کاتە ناسکەکاندا پەشیمانی خۆی دەردەبری، کوشتنی بوستیشیف و رودزوتاک و کوسیور و هی تریش لە ترۆتسکیست و بۆخاریستەکان.

ئەوەتا ستالین لە نێو ئەلقەیەکی خالیدا دەخولێتەوە، هەردەبێ هزرێک لەو چەوساندنەوانە بکاتەوە کە ئەنجامی داون ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت، تا بە واقعیانە بیری لە دەورو بەری خۆی دەکردەوە ئەوەندە زیاتر ترسی لێ دەنیشت، بەلام ئەم ناتوانێ لە حوکمڕانی بەردەوام بێ ئەگەر ناخی خۆی لە بەین ببا، ئەی خزمەتچیەکانی دەبێ لە چ دۆخێکی دەرونیدا بژین کە دەستیان لە تاوانەکان سوور ببوو؟ دەبێ کەسانی وەکو مولوتوف و خروشۆف و مالنکوف و کاگانوفیچ و بیریا و میکویان رێگەیان لە کوشتن و لە سێدارەدانی رودزوتاک و کوسیور و بوستیچیف و ئایخی و هیتر نەگرتبێ کە هەموویان لە هەڤالانی دێرینی ستالینیست بوون؟ ئەگەر رێگریان نە کردبێ ئەوا هەموویان کرێگرتە و ئەلقە لەگوێ و بێ ویژدان بوونە ئەی چۆن ستالین دەتوانێ پشت بە دلسۆزیان ببەستێ؟ ئەگەر هەولی رزگرا کردنی هەڤالەکانیشیان دابێ ئەی چۆن توانیویانە ئەم هەستە بشارنەوە و رق و کینەیان بەرانبەر بە سەرۆکیان دەرنەبرن؟ بۆیە دەبێ ستالین لێیان بە گومان بێ و چاودێریان بکا، کاتێکیش ئەم پرسیارەی لێ دەکردن: ( چیتە بۆ چاوەکانت وا شپرزەن؟( وەکو هەولێک بۆ گەیشتن بە قولایی هەرە قولایی ناخەکانیان، بەڵام ئەمان دەمامکیان خستۆتە سەر سەریان ئێستاش هەلمالینی ئەم دەمامکانە ئاسان نیە. بۆیە هەست کردن بە پیلانە شاراوەکان کە لە پشتیەوە دەهوندرێنەوە نابینرێن. دیارە بۆ کەسانی تاکرەو و شەڕانی لە حوکمڕان، کەسە نزیکەککان لە دورەکان مەترسیدارترن، چونکە هەمیشە مەترسیەکان لێیانەوە نزیکە و ئەگەری توش بوونیان زیاترە.

دەبێ هیچ هەولێک نەدرابێ بۆ کودەتا لەسەر کۆشکی حوکمڕان؟ لەو ماوەی چەند سالەدا؟، لە کاتێکا کرملین سەنتەری چالاکیەکانی سیاسیی ولات بوو؟ هەموو ئەو سەربوردە و گێرانەوانەی لە جێگرەوەکانی ستالینمان گوێ بیست بوون وەلامی ئەم پرسیارەمان نەداتەوە. بەلام ئاماژەکان وا نیشان دەدەن کە سالەکانی دوایین حوکمڕانی ستالین ژێر بەژێر کۆمەلێک پیلان هەبوون، کەسە نزیکەکانی لە حالەتێکی ناخۆشدا دەژیان بە ترس و لەرزەوە بوون، لە نێوان ژیان و نەماندا دەخولانەوە.

ئەی کە وابێ بۆچی هیچ لەم پیلانانە نەگەیشتنە قۆناغی جێبەجێ کردن؟ بەهۆی پەروەردە بوونی کەسانی بالا لە سەرکردایەتی حزب بە هزری مارکسیزم بڕوایان بە حوکمی تاکڕەوی نەبووە بەلام ئەم کەسانە زوو لە ناو بردراون.

ئەوەی باو بوو ئەو کات لە ئەنجامی بەشداریان لەو کارە قێزەوەنانەی ستالین ئەنجامی دابوون هەستیان بە شەرمەزاری بە کۆمەل دەکرد ، ئەوەتا مالنکوف و خرۆشۆف و بیریا و مولوتوف و بولگانین کە هەموویان بەشداریان لە کارە سکاندالیە کاندا کردبوو لە ڕێگەی توندو تیژیەوە هەولی دەست هەلگرتینیان لەو جۆرە کارە ترسناکانە دەدا ، کاتێکیش دوای مردنی هەولی دابران و پاکانە کردنیان دا لە ڕێگەی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی خۆیان لە پێگەی شەرمەزاری و بێ ئابرویی بینیەوە. ئەوەی شایەنی باسە بەر لە جەنگی دووەمی جیهانی شەپۆلی تیرۆر گەیشتە کەسەکانی دەوروبەری ستالین، کاتێک مەترسیەکانی کودەتا هەڕەشەی لە هێلەکانی بەرگری ولات دەکرد. کە شەڕ هەلدەگیرسێ ئەم ململانێیانە دوا دەخرێن و پاش تەواو بوونی شەڕیش ستالین بە سەرکەوتویی لێی دەردەچێ ئەوکاتیش کێ زاتی ئەوە دەکا کودەتا و پیلان لەسەر سەرۆکێکی سەرکەوت و ئەنجام بدا.

ئەم دۆخە ماوەیەکی زۆری برد، دەستکەوتی سەرکەوتنەکانی بەو خەلکە هەژارە دەفرۆشت و ستەم و ئازاری پێ دەچێشتن، بۆیە قەیرانی دەسەلات تا سالەکانی دوایی سەریان هەلنەدا.

یەکەم نیشانەی ئەم هەولانە لەسەر کار لادانی فوزنیسنسکی و کێشەی (کوتلەی لینینگراد) بوو، بەپێچەوانەی کێشەی ترۆتسکی کەماوەیەک لە ململانێ و بەبەریەکدا چونی کێشا، بۆیە چونکە ماوەی کێشەکە کورت دەبێ ناتوانین هۆکارە فکریەکان دەست نیشان بکەین و ئەو خالانە دیاری بکەین کە فوزنیسنسکی وکوزنتزوف بەرگریان لێی دەکرد یا کێشەی لەسەر دروست بوو بوە مایەی تورە بوونی ستالین. ئێستا ئەم هۆکارە بەسە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی یا بیرۆی سیاسی ستالین تورە بکا یا رۆلی نهێنیی لە بڕیار و کارێک ئاشکەرا بکا تا حوکمی کۆتایی لەسەر بدا و بیکاتە پەند بۆ ئەوانیتر.

خروشۆف دەگێڕێتەوە دەلێ:

دوای ماوەیەکی کەم لە دیار نەمانی فوزنیسنسکی بە یاوەری مالنکۆف و ئەندامێکی تری بیرۆی سیاسی سەردانی ستالینیان کرد بۆ ئەوەی بەرگری لە هەڤالی خۆیان بکەن، ستالین بە تورەییەوە وەلامیان دەداتەوەو دەلێ: ( دەرکەوت کە فوزنیسنسکی دوژمنی گەل بوو، بۆیە ئەم بەیانیە گولە بارانم کرد. ئایا ئێوەش دەتانەوێ من بڕوا بکەم کە ئێوەش لە دوژمنەکان گەلن؟) دوای ئەم ڕووداوە بیریان لە یەکێک لەم دوو ڕێگایە کردەوە: یا ئەم ڕووداوە لەبیر خۆیان ببەنەوە و ئالای سپی هەلکەن یا داوای کۆبونەوەیەکی بەپەلەی بیرۆی سیاسی یا کۆمیتەی ناوەندی بکەن، ئەمەش مانای ڕاگەیاندنی یاخی بوون دێت. بڕیاری هەلکردنی ئالای سپیان دا چونکە ئەگەر ئەوان بتوانن بیرۆی سیاسی کۆکەنەوە ئەوا بە دلنیاییەوە ستالین لەناویان دەبا و دەشتوانێ، بەر لەوەی ئەوان ئەم کارە ئەنجام بدەن سیخورەکانی دێن لەم کارەیان ئاگادار دەکەنەوە چونکە کۆمیتەی ناوەندی و بیرۆی سیاسی دوو ئۆرگانی پەککەوتەن، بەم شێوە چونکە ئەو لە پیلانگێران دەترسا لەسەری ئەنجام بدرێ، ئەو پیلانی دژ بە دەوروبەر ئەنجام دەدا.

+ + +

تەندروستیە حەفتا سالیەکەی ستالین لە کورتی دەدا و هێزی کەم دەبۆوە، ئەهرنبیرگ دەگێڕێتەوە دەڵێ: سیمای وێنەی لەو وێنە نەدەچوو کە بلاو کرابۆوە، بەلکو لە پیرە مێردێکی ڕەنگ بزرکاو دەچوو، لەگەڵ ئەمەشدا کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد بە یەک وشە پرسیاری ئەوە بکا ئاخۆ دوای مردنی چی ڕوودەدا، دیسان ئاهرنبرگ دەڵێ: ماوەیەک بوو لە بیرمان چوبۆوە کە ستالین بوونەوەرێکی زیندەوەرە، وامان دەزانی ئامێرێکی پۆلایینە. دیسان شاعیری نەوەی نوێ یافتوشنکۆ دەڵی:

( نەمدەتوانی وا بیر بکەمەوە کە ستالین مردوە، چونکە ئەو بەشێک لە خۆم بوو چۆن دەبێ بەشێکم بمرێ و لەیەک جیا بینەوە).

زۆر کەم دەنگی دەبیسترا و خۆی دەبینرا تەنها ئەوە نەبێ لە کاتی یادکردنەوەی لینیندا لەسەر سەکۆکە دەبینرا و بە چەند وتەیەک گوێ بیستی وتەکانی دەبوون، لەو ماوەیە هیچ لێدوانێکی نەدەدا ماوەی پێنج ساڵ دەبوو بێدەنگیەکی پێوە دیار بوو، لەگەل ئەوەشدا کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد هەلوێستێکی جیا لە دژی ئەو بنوێنێ، کاتێکیش بۆ یەکەم جار ویستی لەم خولە بێدەنگیە دەرچێ لە سەردەمی شەڕی کۆریا بوو، لەسەر زانستی زمان قسەی کرد، لەم بوارە ژمارەیەک زنجیرە وتاری لە ڕۆژنامەی براڤدا بلاو کردەوە و وەلامی نامەکانی دانەوە، لە نوسینەکانیدا هێرشی کردبووە سەر مەدرەسەی ن.ی.ماری ئەکادیمی کە ماوەی زیاتر لە سی ساڵ خاوەنی شیکەرەوەی وتەکانی مارکسی بوو ، بەهۆی کەمی زانیاریی ستالین پەی بەم بوارە نەدەکرد، ئەو تەنها یەک زمانی بێگانەی دەزانی، لەسەر ئەم بابەتە ڕەخنە و کێشمە کێشی توش هات.

وەکو ڕووداوێکی مێژوویی پێشوازیی لە بۆچونەکانی خۆی لەسەر زانستی زمانەوانی دەکرد، بەهۆی ڕەخنەکانی لە زمانەوانی و مەدرەسەکانی، کادرە حزبیەکان دژی هاتنە دەنگ، ماوەیەک لە دەقی نوێ بێبەشیان کرد، بۆیە نەیتوانی هیچ دەقێکیتری نوێ بنوسێتەوە تا ئەوکاتەی لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٢ وتارێکی گرنگ لەسەر (پرسەکانی ئابوری بۆ بنیادنانی سۆسیالیزم لە یەکێتی سۆڤیەت) بلاو کردەوە، لەگەڵ زنجیرەیەک لە نامەی ئاراستە کراو بۆ ژمارەیەک لە ئەکادمیست لەسەر وتووێژ کردن لەسەر ئەو کتێبە ئابوریانەی ئامادە کراون.

لە میانی ئەو ئومێدانەی هەبوون بۆ گواستنەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە (سۆسیالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزم) کە دەبوایە ئەنجام بدرێ، ستالین هەلوەستە لەسەر دووفاق لە ئابوری یەکێتی سۆڤیەت دەکا، لە نێوان پیشەسازیی سۆسیالیزمی لەلایەک، کشتوکالی تێکەلاو لەلایەکیتر، ئاماژەی بەبازرگانی و بەرژەوەندیەکانی جوتیاراندا کە گرفت لە پێشوەچونی نەتەوەی روسی دروست دەکا، بە ئاماژە دانی بە گوتەی: ( لە کارەساتە مەزنەکانی مرۆڤ ئەوەیە لێی بێ خەبەر بێت، ئەم دیاردانە خەریکە ڕۆلی خۆی دەبینێ، کە تەگەرە لە پێش

نەخشەدانانی دەولەت دروست دەکا، ئەمە سەرجەم ئابوری ولات دەگرێتەوە، بە قەدەر ئەوەی پێش دەکەوین، ئەوەندە ئەم دیاردە رۆلی خۆی دەبینێ لە دروست کردنی گرفت لەبەردەم بەرهەم هێنان) ئەمە زەنگێکی ترسناک بوو ستالین لێیدا. بەم لێدوانەی بەشێک لەو کێشانەی ئاماژە پێدا کە لە نێو سەرکردەکان لەسەر سیاسەتی کشتوکالی سەری هەلداوە، ئەمەش ئاماژەیەک بوو بە رەخنەکانی لە سیاسەتی خرۆشۆف دەربارەی ( شاری کشتوکاڵی) کە پێشتر پێشنیاری کردبوو بۆ جوتیاران دروست بکرێ و جوتیارەکانیش ببنە کرێکاری کشتوکالی.

ئەمە رەتکردنەوەی ستالینە بۆ ئەو پێشنیارەی هەندێک لە بسپۆرانی بواری ئابوری کردبوویان، چونکە فرۆشتنی ئامێری کشتوکالی دەولەت مولکی کێلگە بەکۆمەڵەکان بوو، دیارەکاتی خۆی ئەمە پێشنیاری خرۆشۆف بووە. ئەم پێشنیارەی بۆیە رەت کردەوە چونکە پێی وابووە فرۆشتنی ئەو ئامێرە کشتوکالیانە دەولەت لە سیستەمی سۆسیالیزم دوور دەخاتەوە و بەرەو مولکیەتی تاک دەروا، پێشنیاری کەم کردنەوەی بازرگانی گوندەکانی کرد، لە بەرانبەردا بایەخ بە ئالوگۆری راستەوخۆی کالا پیشەسازیەکان بە کالا و بەرهەمە کشتوکالیەکان بدرێ . بەلام سوور بوو لەسەر ئەوەی بە چارەسەریەکی درێژ خایەنی دەزانێ. بۆ شکاندنی بەستەلەکی کشتوکالی هیچ پێشنیار و ئامۆژگاریەکی نەدایە حزب. چارەسەری ئەم کێشەی بۆ جێگرەوەکانی جێهێشت کە لە ئەنجامی سەپاندنی پرۆسەی کۆکردنەوەی کشتوکالی دروست بوە.

لە چواری تشرینی یەکەمی ١٩٥٢ واتە دوای یەک رۆژ لە بلاو کردنەوەی تێبینیەکانی، کۆنگرەی حەڤدەمینی حزب دەکرێتەوە، بۆ یەکەم جار لە ١٩٢٣ وە کۆنگرە دەبەسترێ و ستالین وەکو بڕیاردەری کۆنگرە لەسەر سەکۆکە وتار ناخوێنێتەوە،. ئەم رۆلە مالنکوف پێ هەلدەستێ، هەروەکو ئەو کۆنگرەی دوای لینین ستالین دەستی پێکرد ئەمانیش بە هەمان شێوە، خرۆشۆف پێشنیارەکانی هەمووارکردنی پەیڕەوی ناوەخۆی حزبی خوێندەوە، هەستکرا کە بابەتی جێگرتنەوەی ستالین خراوەتە ناو کارنامەی کۆنگرەوە، ستالین لەسەر سەکۆکە بە ماندویی دادەنیشێ. بە رێژنە ستایش و چەپلە لێدانی بۆ دەچێ، گوتار خوێنەکان یەک لە دوای یەک لەسەر بابەتی ئابوری قسە دەکەن بەلام نابێتە بابەتی گوتوبێژ. سەرجەم ئامادەبوان بە رێژەی سەد دەر سەد رەزامەندیان لەسەر هەمبواری پەیڕەوی ناوەخۆ و نەخشەی پێنج سالی دا. لە دانیشتنی کۆتایی ستالین دێتە سەر سەکۆ، بە هەندێک ورتە ورتەوە باس لە رۆلی یەکێتی سۆڤیەت دەکا، وتی ئەو سەردەمەی یەکێتی سۆڤیەت قەلای سۆسیالیزم بوو سەردەمی گەمارۆ و گۆشەگیری بوو ئەو سەردەمان رۆیشتن ناگەرێنەوە، ئێستا بە تیپی یاوەر دەوری دراوە دۆستەکانمانن لە ولاتانی سۆسیالیستی نوێن، هاوکاری و دۆستایەتیمان لەگەل ئەوان هاوکارە بۆئەوەی یەکێتی سۆڤیەت بە رۆلی رابەری خۆی هەلسێ.

ستایشی حزبە کۆمۆنیستەکانی ولاتانی سەرمایەداری دونیا کرد داوای لێکردن (ئالای ئازادی بۆرژوا- دیموکراسی بەرز کەنەوە)، خەبات بکەن لە پێناو سەربەخۆیی سەرجەم نەتەوەکان، بە گەشبینی و گەرمی

دەدوا بەلام گوتارەکەی شینی گێران بوو بۆ بیردۆزەکەی ( سۆسیالیزم لە یەک ولات) ئەمە دوا نامەی بوو ئاراستەی ئەو حزب و نەتەوەی دەکرد کە ماوەی سێ دەیە حوکمڕانیی لێ کردن.

سەرەڕای گوتارە هێمن و ئارامەکەی ستالین، ئەندامانی کۆنگرە هەستیان کرد ڕووداوی نەدیار و ڕەش بەڕێوەن، مالنکوف و هەندێکیتر گوتاریان خوێندەوە و ئاماژەیان بە مەترسیەکان و ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتی دا کە مەترسیان لەسەرە ڕوودەن، بۆیە داوایان لێکردن هۆشیارو بە ئاگا بن .

دۆخەکان لەو کاتە دەچوون کە سەردەمی لەناوبردنی ناحەزەکان بوو، کۆنگرە وەکو ئەوەی خۆی لە رابردوو دابڕێ بڕیاریدا بە ناوی بۆلشەڤیک ئاماژە بە حزب نەدرێ ، کۆمیتەی ناوەندیش کە ژمارەیان ٢٤٠ کەس دەبون دوو بەرانبەر ژمارەی جاران بوو، بیرۆی سیاسی هەلوەشێندرایەوە لە شوێن ئەو لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی هەلبژێردرا ، ژمارەیان دوو بەرانبەری بیرۆی سیاسیی جاران دەبوو، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەم ژمارە زۆرە بە ئەرکەکانیان هەلناستن، ستالین بۆچی ئەم ژمارە زۆرەی دانا؟ دواتر خرۆشۆف دەڵێ: ستالین بۆیە ئەم ژمارە زۆرەی بۆ کۆمیتەی ناوەندی دانا تا دواتر لە ڕێگەی لەناو بردنەوە کەمیان کاتەوە، هەر بە ئەنقەست ئەوانەی مەبەستی بوو لە ناویان ببا کردنی بە ئەندامی ئەو کۆمیتەی ناوەندیە، خرۆشۆف دەڵێ: لە یەکەم کۆبونەوەدا ستالین بێ هیچ پاساوێک هێرشی توند دەکاتە سەر مولوتوف و میکویان بێ ئەوەی بە هیچ تۆمەت باریان بکا، گومانیشی لە فوروشیلوف هەبوو کە کرێگرتەی بەریتانیا بێ، خرۆشۆف دەڵێ پێم وایە ستالین مەبەستی بوە هەموو ئەندامە کۆنەکانی بیرۆی سیاسی لەناو بەرێ بۆ ئەوەی کەس وەکو شایەدحال نەمێنی لەسەر تاوانەکانی شایەدی بدات.

هەر چۆنێکی بێ دوای کۆنگرە دۆخێکی ترسناک باڵی بەسەر ولاتدا کێشابوو. لە تشرینی دووەم لە براگ دادگا مەزنەکەی دژی (سلانسکی و کلیماننس و هیتر ) ئەنجام درا کە سەرکردەی حزبی کۆمۆنیستی چیک بوون، بەتۆمەتی ترۆتسکیزم و تیتۆیزم و سیخوری بۆ ئەمریکا و زایۆنیزم دادگایی کران، ئەمە دوا دادگاییەکانی ئەوروپا و سەرەتای دادگاییەکانی مۆسکۆ بوو، یەک ڕۆژ بەبێ هێرش ڕەت نەدەبوو، کە دژی ئەندامانی ناسراوی حزب دەکرا، بێ ئەوەی دەنگ لە دونیای دەرەوە هەلسێ دژی ئەو کارە درندانەی بەرانبەر بە کەسانی (کۆسمۆپۆلیتیی لە ڕیشە دەرهێندراو) ی بەرەگەز جو دەکران .

ڕۆژنامەی براڤدا بلاوی دەکردەوە کە هەر کەسێک تاوانێک ئەنجام بدا خزم و خانەوادەی لێی بەرپرسیارن، لە ژێر ئەم پاساوە دوو لە کورەکانی میکویان دەستگیر دەکرێن و هاوسەری مولوتوفیش لە مۆسکۆ دوور دەخرێتەوە کە کەسایەتیەکی حزبیی ناودار و سیاسەتمەدارێکی پێگەیشتو بوو، لە کۆتایی سال نەفرەت فیدوسییف یش دەگرێتەوە کە سەرنوسەری ڕۆژنامەی (ولشەفیک) بوو چونکە سوزولوف کە یەکێک بوو لە ئەمیندارەکانی ناوەندیی حزب ئەمی تاوانبار کردبوو بە دەست خستنە ناو دەستی فوزنیسنسکیەوە.

دواتر لە سێی کانونی دووەمی ١٩٥٣ رادەگەیندرێ کە نۆ لە مامۆستایانی بواری تەندروستی لە کرملێن کار دەکەن، دکتۆری کەسانی بەرپرسن، بە تۆمەتی سیخوری و کرێگرتەیی بۆ هەوالگری بەریتانی و ئەمریکی دەستگیر دەکرێن، گوایە بە فەرمانی ئەمان دوو سەرکردەی حزب لە بەین برداون ئەمانیش ( جدانوف و شرباکوف ) بوون، هەروەها هەوڵی کوشتنی مارشال فاسیلیافسکی و گوفوروف و کونییف و شتیمنکو و هیتریشیان داوە، ئەمەش مۆرالی خۆراگری کەم دەکاتەوە . زۆربەی تاوانباران لە گروپی( کراس سپیەکان) بوون کە رێکخراوێکی جولەکەیە بەوە تاوانبار کرابون کە لە ژێر فەرمانی جوینت Joint کار دەکەن ئەمیش رێکخراوێکی جولەکەیە بارەگای لە ئەمریکایە، وا بلاو کرایەوە کە دەستێکی نهێنی لە پشت ئەم پیلانەوە هەیە بۆیە دەبێ لە جوەکان وشیار و بە ئاگا بن.

سزادانی پزیشکەکان سەرەتای پیلانێکی مەزن بوو چونکە کەس بڕوا بەوە ناکا ئەمانە لە پێناو دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتدا ئەم کارە ئەنجام بدەن، کاتێک دەدرێنە دادگا داواکاری گشتی دەبێ بە ( چرنوکی پشیلە ) یان بشوبهێنی تا باش تاوانباریانکا گوایە بەدەست کەسانی سیاسیەوەن ئەوانەی لە رێگەی کودەتاوە چاویان بریوەتە دەسەڵات، ئەم پیلانگێرانەش تەنها لە نێو دەزگا و ئۆرگانە حزبیەکاندا دەبن بۆیە دەبێ ئەم دەستە لە نێو سەرکردایەتی ئاشکەرا بکرێن، لە گەرمەی دادگاییەکە هیچ ئاماژەیەک بەو سەرکردانە نەدرا. دەرهێنەرانی داداگا جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پزیشکەکان خۆیان دان بە تاوانەکانیان بنێن و لەسەر ناوهێنان رایان دەهێنان. شایەدیەکی بوختان پێکراویان دەست کەوت دکتۆر تیماشکۆ بوو لە رێگەی نامەیەکدا بۆ ستالینی نارد شایەدیی لەسەر دان.



خروشوف Nikita Sergeyevich Khrushchev

خروشوف دەڵێ:

ستالین خۆی سەرپەرشتی ئەشکەنجە دان و زنجیرەندی کردن. لاگناتییف وەزیری ئاسایشی دەولەت دەڵێ:

(ئەگەر نەتان توانی دانپێدانانیان لێ وەرگرن ئەوا سەری یەکێکتان پەل دەدەم)، دواتر دانەیەک لە دانپێدانانی پزیشکەکانی بەسەر ئەندامانی دادگادا دابەش کرد و پێی وتن ئێوە وەکو پشیلەیەکی کوێر وان، ئەگەر من نەبم چیتان پێدەکرێ؟ ولات کاول دەبێ ئێوە نازانن چۆن دوژمنانی ولات ئاشکەرا بکەن.

ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پاساوی خۆیان هەبوو بۆ دلەراوکێ و ترسیان لەم پرسە، هەرچەندە کێشەی ئەمجارەیان لە زۆر رووەوە لە دادگاییەکانی کاتی خۆی دەچوو هی لەناوبردنەکان، بەلام لە یەک رووەوە سیمای جیابوو، لە دادگای لەناوبردنەکان تۆمەت دەخرایە پال تۆمەتباران بە هەولی لەناوبردنی فوروشیلوف وکاگانوفیچ ومولوتوف تۆمەتبار دەکران، بەلام لە دادگایی ئەمجارەیان تۆمەتی هەولی تیرۆرکردنیان نەدرابوە پال، مردنی ئەجدانوف و شیرباکۆف نە خرایە پال ئەوان چونکە ئەمانە دەمێک بوو مردبوون، دەقی بڕیاری تاوانبارکردنەکە بریتی بوو لە هەولی لەناو بردنی چەند فەرماندەیەکی سەربازی، دیارە ئەم پرسە جێگە بە سەرکردە حزبیەکانیش لەق دەکا، چۆن دەبێ دوژمن جەنەرالە سەربازیەکان و مارشالەکانی بەچاوکا بۆ لەناوبردن، بۆیە ناچار بوون لە مەبەستی ئەم کارە بکۆلنەوە، هەرچەندە تۆمەتەکە خۆی دروستکراو بوو بەلام مەبەست بەرز کردنەوەی ئاستی سەربازەکان بوو لەگەل نزم کردنەوەی ئاستی حزبیە سڤیلیەکان، ئەمەش جێپەنجەی هەوالگری سەربازیی پێوە دیارە نەک وەزارەتی ئاسایشی دەولەت. ململانێی نێوان هەوالگری سەربازی و وەزیری ئاسایشی دەولەت ژێر بەژێربوو، دیارە ئەگناتییف وەزیری ئاسایشی دەولەت فەرمانەکانی بە هێواشی جێبەجێ دەکرد بۆیە ستالین هەڕەشەی سەر پەراندنی لێکرد، کاتێکیش لە دوای مردنی ستالین جێگرەوەکانی دادگایی وەزیری ئاسایشی دەولەتیان کرد تۆمەتی دادگایی پزیشکەکانیان نەخستە پال بەلکو بەهۆی ئەوەی گوایە ئەو لە پشت کارە ناشیرنەکانی ستالینەوە بوە تاوانبار کرا. ئەم دەستپێشخەریە لەلایەن هەوالگری سەربازیەوە بووە، بەلام بۆچی ستالین پشتگیریی لێ کرد؟ دەبێ هانی جەنەرالەکانی دابێ تا دەسەڵات بگرنەدەست؟ ئەی هێرشەکانی ستالین بۆ سەر مۆلۆتۆف و میکویان و فوروشیلوف و ئەندراییف مانای چی بوو؟ دەبێ ئەمە ئەو پێشەکیە بێ کە نیازی دابران بووە لە دەزگا حزبیەکان کە رسوایان کرد و باشترین ئەندامی حزبیان لێ لەناو برد؟ ئایا ستالین لەو کاتەی لەسەر لێواری مردن دابووە مەبەستی بووە رێگە بۆ سەربازەکان خۆش بکا کودەتایەکی بۆناپەرتی ئەنجام بدەن؟ ئەو مەترسیەی ماوەیەکی دوور و درێژ بوو هەڕەشەی لە بۆلشەڤیەکان دەکرد، ستالین ئەم نهێنیەی لەگەل خۆیدا بردە گۆر. سەرکردە حزبیەکان وەکو ئێمەی ئێستا لە توانایاندا نەبوو ئەم نهێنیە ئاشکەرا بکەن.

لە راستیدا ململانێکە تەنها بۆ تاکرەوی دەسەڵات نەبوو چەند پرسێکی سیاسیشی گرتەوە. ناکۆکیەکانی نێوان جێگرەوانی ستالین کە لە ١٩٥٣ تەقیەوە بۆ کاتەکانی پێشوتر دەگەرایەوە. ئەوان بەسەر دوو بەشدا دابەش ببون: کوتلەی مولوتوف- کاگانوفیچ لەلایەک و کوتلەی مالنکوف-بیریا لەلایەک، خرۆشۆف و سەربازەکانیش بێلایەن بوون. بەلام مانەوەی ستالین رێگەی لە ئاشکەرا کردنی خالەکانی ناکۆکیی کردبوو، هەموو کەسە نزیکەکانی ستالین هەستیان بە مەترسی قۆناغەکە دەکرد، بۆیە ستالین هەموو هێزێکی خۆی کۆدەکردەوە تا هیچ روونەدا، ئەوەتا ئامادەکاری دەکرا بۆ دووبارە بوونەوەی پرۆسەی لە ناوبردن کە ساڵی

١٩٣٦-١٩٣٨ بەڕێوە بردرا، ئەم پرۆسە لەوکاتەی نائارامیەکانی نێوان روسیا و رۆژئاوا سەر هەلدەداتەوە ئاستی مەترسیەکانی ناوەخۆی بەرز دەکردەوە، دیارە گەڕان بەدوای سیخورەکانی ئەمریکا لە ژێر هەموو رایەخ و نوسینگە و دەزگا و مالە جوەکان بەردەوام بوو.

ئەو بڕیارەی ستالین دەری کردبوو بە بەرز و پیرۆز کردنی ئاست و پێگەی سەربازەکان و زیاد کردنی بودجەی بەرگری ئاماژەن بۆ ئەوەی ئامادە کاریە بۆ رووبەروو بوونەوەیەکی سەربازی و دوژمنێکی نوێ.

ئەمە بەستەلەک بوونی دبلۆماسیەتی ستالین ئاشکەرا دەکا، شەڕ و پێکدادانەکان لە کۆریا تا ئەوکات بەردەوامیان هەبوو، ستالینیش بەهۆی ناکۆکیی لەسەر مامەلە کردنی دیلەکانی جەنگ دان و ستانەکان تێک دەدا. وا پێدەچوو ستالین دودل بوو لە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆریا بۆئەوەی دەستی خالی نەبێ و بواری بۆ نەرەخسێ لە شوێنێکیتر و مەیدانێکیتر شەڕی سارد بکا. وا پێدەچوو ئەو چەقبەستوە دبلۆماسیەی ستالین بەهۆکاری جوت سیاسەتەوە بێ کە لە نێوان دوو هێلی سیاسیی دژ بەیەک ، بە رێگایەکی داخراو گەیشتبو .

کرملێن ببوە مەیدانی ململانێی دوو سیاسەتی ( حزبی ئاشتی) و ( حزبی جەنگ) بێ ئەوەی هیچکامیان بتوانن ئەویتریان لە ئەرز بدا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لە نێو حکومەتدا هەندێک کەس هەن پشتگیری لە سیاسەتی شەڕ دەکەن، کەس بڕوا بەوە ناکا ولاتێک تازە لەو جەنگە دەرچوبێ دووبارە بکەوێتەوە شەر.

ناکۆکیەکە لەسەر هەلسەنگاندنی نیازی دوژمن بووە، دەکرێ بەم شێوە بپرسین: (ئایا بڕوادەکرێ لە داهاتوێکی نزیکدا، رژئاوا هێرش بکاتە سەر روسیا و رۆژهەلاتی ئەوروپا؟ ئەمە ئەو پرسیارەبوو کە ماوەی بیست سالٚ جێگەی مشت و مڕانێ بوو ئێستاش لەگەل کێشەی نێوان روسیا- چین ئەم پرسیارە دووبارە سەری هەلٚداوەتەوە.، ستالین لە گوتارەکەیدا لەسەر ( پرسەکانی ئابوری) پشتگیری ئەو بۆچونە دەکا کە دەلٚێ شەڕ لە نێوان هێزەکانی داگیرکەر و ئۆردوگای سۆسیالیزم، مەرج نیە هەر رووبدا.

سەرەڕای ئەم گوتە گەشبینە، ستالین لەسەر ئەم بابەتە سەرسوڕمان ما، لەم گوتەیەیدا دان بە مەترسیەکانی ئەمریکادا دەنێ، ئەمە گریمانەیەکی سیاسیانە بوو گرتبویە بەر، ستالین پێی وابوو ئەمریکا لە چاوەڕوانی دەرفەتی هێرش بردنە، بۆیە بەدیدی ئەو هێرشی بەردەوام بۆ سەر بازرگانانی شەڕی ئەمریکی و بەرز کردنەوەی پرسی پزیشکەکانی کرملین، وەکو تاوانبار و کرێگرتە لە خزمەت رێکخراوێکی جولەکەی ئەمریکی و وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی دژی ئەمریکا و هەولدان بۆ سر کردنی تواناکانی ئەمریکی لە کوریای باکور و کارکردن بۆ مانەوەی بارو دۆخێکی ئامادەباشی لە یەکێتی سۆڤیەت و ولاتانی هاوپەیمانی باشترین خۆسازدانە.

دیارە گرفتەکانی دەرەکی کار دەکەنە سەر باری ناوەخۆ، لە بەرانبەردا کار بۆ دروست کردنی ئەو هەستە کرا کە پێکەوەژیان و پاراستنی باری ئارامی لەگەڵ ولاتانی هاوپەیمانی ئەتلەنتیک و کرانەوە بە رووی ولاتاندا باشترین کارە بیکەن بۆ ئەوەی دۆخەکان بۆ باری ئاسایی بگێڕنەوە.

بەلام کەسیان ئەوەیان بە هزردا نەهات نەختێک چاکسازی لە مافی نەتەوەکانیاندا بکەن و ئامادە کاریەک بکەن بۆ دامەزراندنی حکومەتێک میراتەکانی شۆڕشی یەکێتی سۆڤیەت لە فەوتان بپارێزێ. ئامانجیان شتێکیتر بوو کە لەلایان گرنگتر بوو: رزگار کردنی نەتەوە لە شێتایەتی ستالینیزم وبە سیستەماتیک کردنی حوکمڕان. ئامانجە دەرەکیەکانیشیان سنوردار بوون، چونکە لەوە دڵنیا بوون شەڕی سارد دەست پێدەکا، کەسیش ناتوانێ بە بەرز کردنەوەی ئالای سپی لێی دەرباز بێت، بەلام لەم شەڕەی سارد بواری دانوستان دەبێ لە نێوان روسیا و عەرەب و لایەنەکانیتر کە هەریەکەیان دەست بەرداری هەندێک لە مافەکانیان بن؟. لە راستیشدا هەندێک نەخشە و بەرنامەی مەزنتریان هەبوو بە نمونە، بیریا داوای کشانەوەی لە بەرلین و ئەڵمانیای رۆژهەلات دەکرد ، ئەم بیرۆکەش باجەکەی ژیانی خۆی بوو.

هەرچۆنێکی بێ رێگاکان یەکیان دەگرتەوە چونکە ستالین لەسەر حوکم بوو. بەلام رۆژ لە دوای رۆژ دۆخەکان رونتر دەبونەوە و بەرەو تەقینەوە دەچوون، دەرفەتەکانی چارەسەریش کەم دەبونەوە. زۆر شانازیی بە خۆیەوە دەکرد، لە یەکێک لە بۆنەکاندا بە ئەنتوان ئایدن دەڵێ: من دەزانم بیر لە چی دەکەیتەوە، تۆ دەپرسی من چیم دەزانی کەی لە سنورەکانی خۆم دەوەستم. من هیتلەر نیم تا بزانم کەی دەگەمە سنورەکانم.

ئەم گوتانەی بێ بنەما نەبوون، ستالین ئەوکاتەی دەگەیشتە سنوری رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆستە کۆنەکانی دەوەستا، بەم شێوە لەگەل ئێران و تورکیا مامەلەی کرد، لەگەل تیتۆ بەر لەوەی بگاتە ئاستی هێرش بردن وەستا، بەر لەوەی نەمسا ببێتە یەکێک لە ولاتانی ژێر دەسەڵاتی وەستا، لە هێرشەکەی سەر بەرلین بەر لەوەی ببێتە کارەسات وەستا. بەلام ئەوە روون نەبوو ئاخۆ ستالین لە پرسی کۆریا کەی دەوەستێ، بۆیە دەوروبەری پرسیاریان دەکرد: ئایا ئێستاش سنوری وەستانی دەزانێ؟

\+ + +

بە مسۆگەری ستالین سنوری ئازاردانی میلەتەکەی نەدەزانی، گوێی بە کێشە و مەینەتەکانی نەدەدا، هەمووی فرێدابونە دواوە، لەوەش بێ ئاگا بوو کە ئەم دۆخە بۆکەس تا دوایی ناچێتە سەر. بیرکردنەوە و ژیانە پر بەهاکەی و لەخۆباییەکانی لەگەل ژیانی میلەتەکەی تێکیان نەدەکردەوە، میلەت ئەو قۆناغانەی تێپەرکردن کە پێویستیان بە راسپاردەی ئەو هەبێ، لەسەر شانیشیان قورسە چیتر بەرگەی ناگرن، تا ئێستا وێنەی سالانی بیستەکان و سیەکانی روسیای لەبەر چاو بوو کاتێک میلەت لە دۆخێکی نەخوێندەواری و

پیشەسازیەکی دوا کەوتو دەبێ ئەویش لەو پەری هێز و توانا دەبێ، بەلام دۆخەکان گۆڕاون ئەویش ناتوانێ خۆی لەگەل دۆخە نوێکەی روسیا بگونجێنی، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا میلەت پێویستی بە هەنگاوی تر هەبوو تا بەرەو پێش بچێ.

راستی پرسەکە ئەوەیە ئەوکاتەی ستالین روسیای گرتە دەست گاسن و جوتگا بۆ کێلانی زەوی بەکار دەهات ، ئێستاش کە جێی دەهێلێ خاوەنی وێستگەی ئەتۆمیە. ئەم رۆژمێرە ستایشی رۆلی ستالینە بەلام ستالینیزم قەوارەیەکە گاجوتی تەختەدار و وێستگەی ئەتۆمیی لەخۆ گرتو و لەگەلیدا دەژی، هەروەکو چۆن مارکسیزم لەگەل درندەیی و پێشکەوتنی میلەتدا دەژیا، کاریگەریەکانی کۆنەپرستی رژێمی ستالین گرفتی بۆ ئەم پێشکەوتنە دروست دەکرد خەریک بوو لە ناوی بەرێ.

حوکمی ستەمکاری ستالین سەرچاوەی لە چەقبەستویی ئاستی جوتیارەکانەوە گرتبوو کە لە جوتیارەوە ببونە کرێکار و لەگەل کۆمەڵگەی پیشەسازیش ناکۆک بوون و نەهاتنەوە. بەلکو چاودێریە توندەکانی دەزگای ئابوری کە لە قۆناغەکانی بەرایی خستبویانە سەر ئەم توێژە لە سەردەمی (کەلەکە بوەکانی یەکەم) کە دەبوایە لەو داهاتە کەمە پاشەکەوت هەبووایە بۆ ئەوەی بتوانن بەشە پێویستەکان لە ئاسن و پۆلا بگەیەننە شوێن مەبەست. بەلام ئەم سیستەمە توندە لەگەل ئەو پیشەسازیە ئاست پێشکەوتوە لە زیان بەولاوە هیچی تر لەگەل خۆیدا ناهێنێ. دواتر ئەو فشارە زۆرەی ستالین خستبویە سەر جوتیارەکان بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆریان بکا بە کرێکار لە کارگەکاندا، بەلکو ببن بە پاساو.

دوور نییە لەو پێداگریەی ستالین بگەین بۆ پرۆسەی یەکسانی کۆمەلایەتی کە جێبەجێی دەکرد بە یەکسان کردنی داهاتی رۆژانەی هاولاتیان، بەلکو سۆزمان بۆ ئەو توند و تیژیە نەچێ کە لەم بوارە پیادەی دەکرد بەلام لەگەل پەیدا بوونی توانای پیشەسازی، نایەکسانی و زۆرلێکردنی ئابوری بوونە تەگەرە لەبەردەم بوژانەوەی ئابوری.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بلێێن ئەو تۆقاندن و کوشتنکاریەی بە پاساوی پاراستنی دەستکەوتەکانی ئۆکتۆبەر پیادە دەکران، لە کردەکانی دژە شۆرشەوە و تا ئەگەرەکانی سەرهەلدانی سەرمایەداری. هەڵمەتەکانی دەستگیرکردن و راوەدونانی یەک لەدوای یەک دەستیان پێکرد و بوونە مایەی خاو بوونەوەی هەموو دەستپێشخەریەکانی کۆمەلایەتی و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی لە نێو کۆمەڵگەی بیروکراتی و جەماوەر. دوای ئەم گۆڕانکاریانە ئەو چێنەی وێنەی سەرۆکی لە مێشکدا کێشرابوو وەکو باوکی میلەت و شوێن گرەوەی خواوەند و قەیسەر، پێیان سوکایەتی بوو ئیتر وا بیر بکەنەوە چونکە گەیشتونەتە قۆناغێکی رەوشەنفکری کە راستیەکان رونتر دەبینن.

پێشتر وتمان ستالینیزم درندەی بە درندایەتی وەدەرنا، دەبێ ئێستاکە بلێێن کە نەیتوانی بەم شێوە بەردەوام بێ، لە سالەکانی دواییی حوکمڕانییدا دیاردە پێشکەوتوەکانی لەناو دەبردێن، ئەگەر روسیا مەبەستی بوایە

درێژە بە شارستانێتی و پێشکەوتن بدا دەبێ لە ستالینیزم رزگاربێ. چونکە هزری (ستالینیزمی بەستو)ی لە هەموو زانست و پیشەکان لە فەلسەفەی ، ئابوری، ئەدەب، بایولوژیا، کیمیا، فیزیا، و هونەرو باقی زانستەکانیتر بەرجەستە کردبوو ، بۆیە رزگار بوون ئازاد بوونە بۆ روسیا و هەنگاو نانە بەرەو پێشەوە. ئەوەتا لە ١٩٥٣-١٩٥٤ لە زانکۆکانی سۆڤیەت بیردۆزەکانی ئەنشتاینیان قەدەغە کرد، هزر و تیورەکانی فرۆید تا ئێستاش قەدەغەیە، بۆیە لە نێو چینی رەوشەنبیر و تێگەیشت و هەستێک بۆ دەرچوون لەم دۆخە سەری هەلدا.

بۆ دەرچوون لەم قۆناغە یەکەم هەنگاو دەبوایە ئەو تەمە شۆڤینیزمە روسیە لابەرن کە روسیای لە ولاتان دابراندوە، لە کاتێکا سەردەمی شۆرشی تەکنەلۆژیا و ململانێی فکریە لەسەر ئاستی دونیا، ئەو دەستکەوت و داهێنانەش کە لەم بوارە پێشکەش دەکرێن هەموویان بۆ ئەوکەسانە دەگەرێنەوە کە بەرەگەز روسین، کەواتە ئەو سیاسەتەی ستالینیزمە کە روسیای دابراند و لە بیستەکان و سیەکان هەندێک لە زاناکانی پێیان باش بوو، ئەوەتا دەرکەوت کارێکی بێبنەما و نەفرەتی بوو: لە( سۆسیالیزم لە یەک ولات)ەوە گۆردرا بۆ( زانست لە یەک ولات)، رەنگدانەوەی ئەم دابرانەی روسیا کاریگەری هەر دەمێنێ و ناتوانێ خۆی لەم دونیایە دابرێنێ.. خۆ ئەگەر بە دیدی ستالینیش سەیری بابەتەکە بکەین، ئەو شکۆدار کردنەی روسیا ناکۆکە لەگەل بلاو بوونەوەی شۆرش لەم سالانەی دواییدا، ئەوەتا سێ یەکی دونیا لە ژێر سیستەمی کۆمۆنیستیدا دەژی، کەچی ستالین بە شێوەیەک رەفتار دەکا وەکو ئەوەی دەسەلاتەکانی لە سنوری (گوبیرینا یا هەرێمی تولا) رەت ناکا، هیچ هەستێکی سەردەمی کرملێنی نەماوە.

ئابروچونەکەی ( پیلانگێری پزیشکان) و چەندین رووداوی لەم جۆرە ناکۆک و نادیار ماونەتەوە، هەلبەستراوەکانی گوایە پیلانێکی نێودەولەتی جوەکان هەیە لەسەر سۆڤیەت بۆنی ( پرۆتۆکۆلەکانی دەسەلاتدارانی زایۆنی) لێدێ، کەچی ئەو حکومەتەی ئەم جۆرە هەلبەستراوانەی هۆنیوەتەوە تا ئێستاش بروای بە مارکسیزم- لینینیزم هەیە، فەرمان دەدا بە دەرکردنی کتێبەکانی دامەزرێنەری نیونەتەوەیی پرۆلیتاریا بە ملیۆنان دانەی لێ چاپ بکرێ و خوێندکار و خوێندکارانیش ناچار دەکا و بەسەریاندا دەسەپێنێ بیخوێنن.

بەلام ستالین دەیەوێ ئەو هزر و بیردۆزانەی حزبەکەی لەسەری دروست بووە بە پاساوی لەدایک بوونی سیستەمی تایبەتی خۆی لە رەگەوە هەلیتەکێنێ. بەم کارەی ستالینیزم بەرلەوەی دامەزرێنەرەکەی بمرێ خۆی خۆی کوشت. حزب لە توانایدا نەبوو بەدوای خۆکوژیەکەیدا بچێ، لە ئەنجامی ئەو ئابروچونانەی پەلەیان لە کۆتایی هێنان بە ستالینیزم کرد و ئامادەکاری هەلگەرانەوەیان کرد. دوای یەک مانگ لە مردنی پەردەیەکی ئەستور لەسەر پرسەکە هەلدرایەوە، هەلمەتی گێرانەوەی ئابروو بۆ پزیشکەکان یەکەم هەلمەتی هەلگەڕانەوە بوو لە ستالینیزم.

+ + +

لە درێژەی رۆژژمێری حوکمڕانی ستالین لە ١٩٤٨ وتم:

( نابێ ستالین لەگەڵ نە هیتلەر نە هیچ سەرکردەیەکیتر کە مێژووی پرە لە ستەمکاری وبێ ئابرویی پۆلین کەین، نەک لەبەر هیچ، چونکە هیتلەر سەرکردەی دژەشۆرشێکی نەزۆک بوو، بەلام ستالین سەرکردەی شۆرشێکی پڕ لە مەینەت و ناکۆکی بوو، ئەم گوتە و حوکمەم راستە ئەگەر بە گشتگیری سەیرێکی حوکمی ستالین بکەین، هەروەها ئەوکات وتبوم: بە دڵنیاییەوە روە باشەکانی ستالین دوای مردنی بەردەوام دەبن هەروەکو لە کرومویل و ناپۆلیۆن رویاندا. ئەم گوتەیەش راست دەرچوو. بەلام دەبێ ئاماژەش بە لایەن و رەفتارە ناشیرن و خەراپەکانی ستالین بدەین کە لە سالەکانی دواییی حوکمی زیادیان کردبوو. ئەمەش بایەخی ئەو راستیانەن کە بەدەستمان گەیشتن: لە پێناو رزگار کردنی لایەنە ئەرێنیی کارەکانی ستالین و پێدانی مافی خۆی، دەبێ مێژوو کارەکانی پاکتاو بکا هەروەکو کارەکانی کرومویلی لە دوای شۆرشی ئینگلیزی و کارەکانی ناپۆلیۆن لە دوای شۆرشی فرەنسی پاکتاو و بەرجەستە کردن.

ئێمە دەزانین لەوکات و ساتەی ستالین رۆحی رادەست کرد و بۆ هەتا هەتایی کۆچی کرد دەست کرا بە پاککردنەوەی کارەکانی و رێکخستنەوەیان بە شێوازێکی نوێ و پاک، ئەمە دەربڕینی ئیرادە نیە یاسایەکی براوەش نیە ئەمە دەربڕینی کارەکانی مرۆڤە لە ژێر کاریگەری پێویستی و هزرەکانی. پێویستیەکانی کۆمەڵگەی روسی لە کۆتایی ئەم سەردەمە و ئەو هزرانەی لە شۆرشی ئۆکتۆبەر بۆیان مایەوە خەلکە پێشکەوتوەکانی هاندا تا کارەکانی ستالین پاکتاو بکەن. دەگوترا کە (کارە باشەکانی ستالین بەسەر کارە خەراپەکانیدا زال دەبن) وا پێدەچێ ئەمە لە چلەکان گەشبینیەک بووە. بەلام ئەم پێشبینیە سەرەڕای کۆتایی نەهاتنی ململانێکانی نێوان جێگرەوانی ستالین، گەیشتە جێ و وا دەرچوو.

دیاردی سەرەکیی کۆمەڵگەی سۆڤیەتی لە یەکەم دەیەی دوای ستالینا، ئەو ناکۆکیە بوو کە لە نێوان سۆزی کۆمەلایەتی و ئابوری سەری هەلدا بوو، کە شۆرش بە ئاگای هێنابۆوە، لەگەل چەقبەستویی سیاسی و رەوشتی کە لە ئەنجامی حوکمی ستەمکارانەی چەند سالە دروست ببوو، بوە مایەی لە ناوبردنی سەرجەم ناوەندەکانی هزری کە سیاسەتمەداران کاریان لێ دەکرد.

لە کاتێکا بەرژەوەندی نەتەوایەتی پێویستی دەکرد حکومەت بگۆردرێ تا شێوازی ژیان لە یەکێتی سۆڤیەت لە رەگەوە گۆرانکاریی بەسەردا بێ، کەچی هیچ هێزێکی سیاسی لە نێو ریزەکانی کۆمەل دەرنەچون و سەریان هەلنەدا تا بەم ئەرکە هەلسن، دواتر ئەو توانایە نەبوو شۆرشێک لە دژی ستەمکاری بیروکراتی هەلگیرسێندرێ، لە نێو کۆمەڵگەش هیچ جولانەوەیەک دروست نەبوو بە هێواشی چاکسازی ئەنجام بدا. بۆیە تاقە توانا ئەوەبوو کە چاکسازی لە سەرەوە ئەنجام بدرێ، لە دەستەی حوکمڕانانەوە، واتە لە

دارودەستەی ستالین و دەوروبەری، بەم هۆکارەوە بوهەڵمەتی (لەناو بردنی ستالینیستەکان) پێشوەخت بە دودلی و ناکۆکی و هەلپەرستی سەرهەلدەدا.

هەر بەو بۆنەیوە، ئەمە یەکەم جار نیە روسیا پێویستی بە گۆڕانکاریەکی قول دەبێ لە کۆمەڵگەی روسی و بە شێوازی بیروکراتیی سەرگەرایی. سەد سالە دوای مردنی قەیسەر نیکۆلای یەکەم، ئەسکەندەری کوری یاسای نەهێشتنی کۆیلایەتیی دەرکرد، ئەمە مەزنترین چاکسازیە لە مێژووی روسیای بەر لە شۆرشی ئۆکتۆبەر، کاتێکیش شاند و نوێنەری دەرەبەگەکان دێنە لای قەیسەر پێیان وابووە کە دەستبەرداریان دەبێ، وەلامی دانەوە: (کۆیلایەتی لە سەرەوە هەلیوەشێنینەوە باشترە، بەر لەوەی ئەم دەسەڵاتە بگاتە خوارەوە)، بەم شێوە جێگرەوە و ستالینیستەکان بیریان لەوە کردەوە ئەوان لە سەرەوەرا کارە ناشیرن و قێزەوەنەکانی ستالین رەت کەنەوە و رسوا بکەن بەر لەوەی کار بگاتە ئەو ئاستەی دەسەڵاتەکان بگەنە خوارەوە و ئەمان بەم کارە هەڵسن. بەلام چۆن چاکسازیی قەیسەری ناوەنجی کە جوتیارەکانی ازاد کرد چارەسەری کێشەی زەویەکانی روسیای نەکرد، ئاوەهاش هەڵمەتی مالنکوف و خرۆشۆف بۆ لەناوبردنی ستالینیزم پێویستیەکانی یەکێتی سۆڤیەتی تێر نەکرد، نەیگەیاندە قۆناغی سۆسیالیزم و ئازادیی بۆ دەستەبەر نەکرد، بۆیە تا ئێستاش مێژوو پێویستی بە (پاکسازی وبەرجەستە ) کردنی جێماوەکانی (میرات) ستالینە.

+ + +

بەرە بەیانی شەشی ئاداری ١٩٥٣ مردنی ستالین رادەگەیەندرێ، لە بەیاننامەیەکی فەرمیی پزیشکیدا راگەیەندرا کە بەر لە شەش رۆژ توشی نەخۆشی خوێن بەربوونی مێشک هاتووە، لە ئەنجامی ئەمە جەستەی ئفلیج بوە و توانای بیرکردنەوە و دوانی لەدەست داوە. شەوی چواری ئادار توشی لێدانی دووەمی دل بووە ، کاری لە دل و هەناسەی کردوە، بەم هۆیەوە لە رۆژی دواتر کاتژمێر نۆو نیوی ئێوارە لە تەمەنی ٧٣ سالیدا گیانی دەرچوو.

ئەو ماوە کورتەی نەخۆشیی دەرفەتی ئەوەی هەبوو دەستنیشانی جێگرەوانی بکا و پۆست و کارەکانی دەولەت و حزب دابەش کا و پێیان بلێ چۆن چۆنی ولات دەبەن بەرێوە . گێرانەوەکان بە شێوەیەک دەگێرنەوە کە لەگەل یەکترا هاوشێوە نابن، دەلێن میلەت بە شێوەیەکی پێچەوانە مامەلەیان لەگەل ئەم رووداوەدا کرد ئەمەش بۆ ئالۆزی کەسایەتی ستالینی دەگێرنەوە، کە کەسێکی دووفاق بووە، هەندێکیان بە گوڕ گریاون، هەندێکیشیان هەناسەی نەجات بوونیان هەلکێشاوە، بەلام زۆربەیان توشی سەرسوڕمان هاتن نەیان دەتوانی بیر لە داهاتوو بکەنەوە، جێگرەوانی هەنگاوێکی قورسیاننا، هەموویان تەنها سێبەری ئەو بوون، ئێستا لە توانایاندا نابێ حوکمڕانی ئەم ولاتە بکەن، دواتر ناتوانن هەمان ئەو ستایشەی مردو بکەن

کە بە زیندویی دەیانکرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە سزاکەی دەترسان ئەگەر نەیکەن. دەستەواژەکان قورس دەبیندران، تەنانەت لەبەر چاوی ئەوانەی لەم خزمەتە کۆن ببون. بۆیە کاتێک مالنکوف و مولوتوف و بیریا گوتاریان دەخوێندەوە و باسیان لە کاریگەریەکانی دەکرد، بەدەنگێکی نزم و نەشاز دەریان دەبری، لە کاتی رێورەسمی ناشتنەکە ژمارەیەکی زۆری جەماوەر لە خۆیانەوە بەرەو مەیدانی سوور هەلکشان، چونکە پیاوانی پۆلیس لەو مەزندەدا نەبوون ئەم ژمارە زۆرە دێت بۆیە توانای کۆنترۆلکردنی خەلکیان لەدەست دابوو، بەم هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری ژن و مندال کەوتنە ژێر پێ و مردن، ئەم جۆرە کارەساتانە تەنها ئەو کاتانە روویان دەدان کە قەیسەریەکانیان دەناشت یا لە ئاهەنگی رێورەسمی تاج لەسەر نان روویان دەدا.

تەرمی ستالینیان لە مەیدانی سوور دابەزاند و لە تەک گۆری لینینیان ناشت، لە شەویشدا ناوی ئەویان لە سەر دیواری گۆڕەکەی لە تەنیشت لینین نەخشاند، بەلام ئێستا تەرمەکەی گواستراوەتەوە و ناوەکەش سڕاوەتەوە. تارمایی ستالینیش تا ئێستاش بەسەر نەوەکانیەوە ماوە، جێماوەی حوکمڕانیشی تا ئێستا نەتوانراوە بەسەریدا زال بن، بۆیە منیش بڕیارم دا لەم کاتە، لە بیر خۆمی بەرمەوە.

پێڕسک

-------------

پێشکەش

پێشەکی وەرگێڕ

بەشی یەکەم .. منداڵی وگەنجێتی

بەشی دووەم... (دونیای خوارەوە ) سۆسیالیزم

بەشی سێیەم ... ساڵی ١٩٠٥

بەشی چوارەم..... کوبا دەبێتە ستالین

بەشی پێنجەم ...ساڵی ١٩١٧

بەشی شەشەم ....ستالین لە شەڕی ناوەخۆ

بەشی حەوتەم ....ئەمینداری گشتی

بەشی هەشتەم ...گۆڕانە مەزنەکە

بەشی نۆیەم ... خواوەندی تینوو

بەشی دەیەم ...کۆمنترن و سیاسەتی دەرەوەی لە قۆناغی یەکەم ( ١٩٢٣ – ١٩٣٣ )

بەشی یانزەهەم .. کۆمنترن و سیاسەتی دەرەوەی لە قۆناغی یەکەم( ١٩٣٤ – ١٩٤١.)

بەشی دو انزەهەم ..ستالین لە جەنگی دووەمی جیهانی

بەشی سیانزەهەم.. تەهران – یالتا – پۆتسدام.

بەشی چواردەهەم .. دیالەکتیکی سەرکەوتن

بەشی پانزەهەم ..دوا ساڵەکانی ستالین

تەواو......... لە ٢٠١٨/٤/١٢ فیلپ/ هۆڵەند

## سەربوردەی ئەوتان خوێندەوە، ئەمەش کورتەیەک لە سەربوردەی خۆم(وەرگێڕ)

---------------------------------



- من خالید عومەر میکائیل بە (خالید هەرکی) ناسراوم.
- لە دایک بوونم لە مەسیف بوە( هاوینە هەواری سەلاحەدین، پیرمام، سەربەن،ناوداران) سەربە پارێزگای هەولێری باشوری کوردستان، لە پایزی ١٩٥٤.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە مەسیف تەواو کردوە، ئامادەیی لە هەولێر، زانکۆ لە هۆلەندا( زانستە سیاسیەکان).
- لە دوای خولیا بوونم بە نوسین و هەوالی سیاسی، بە دروستی لە ١٩٧٠ دەستم خستە ناو ئاگری سیاسەتەوە، لە ١٩٧٤ بەشدار دەبم لە شۆڕشی ئەیلول، دوای هەرەس لە ئاوارەیی دەگەرێمەوە لە بانکی کشتو کاڵی شەقلاوە دادەمەزرێم، تەمەنی وەزیفیم لەوێ درێژ نابێ چونکە دیسان دەست دەخەمەوە ناو ئاگر، لە بەهاری ١٩٧٧ بەو هۆیەوە دەستگیر دەکرێم لە هەیئەی خاسەی کەرکوک بە ١٠ ساڵ حوکم دەدرێم بۆ فردەوسی (ئەبوغرێب) دەگواسترێمەوە.
- دوای ئازاد بوونم لە ١٩٧٩/٨/١٩ هاوسەرگیری لە ١٩٨٠/٥/١٦ پێک دەهێنم وژیانم لە نێوان وەزیفە و پێشمەرگایەتی شاخ و خۆ حەشاردان دەبەمە سەر تا راپەرین. لەوکاتەوە دیسان بەهۆی کاری سیاسیەوە، بۆخۆم ناژیم... تا چارەنوسم دەگاتە هەندەران.
- باری کۆمەڵایەتیم ،خوا پێداوی دوو کچ، سێ کوڕ( جوتیار، شەنگار، بژار، پاڵە ، هێرۆ).
- لەروی نوسین، تا ئەم ساتە ئەم کتێبانەم بە چاپ گەیاندون:

١/مێژووی هاوچەرخ، ئەوروپا لە شۆرشی فرەنسیەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی. (وەرگێڕان)

٢/ دیگۆل، پیاوی حوکمڕان و سیاسەت . (وەرگێڕان)

٣/ ترۆتسکی . (وەرگێڕان)

٤/ کوردو ئەرمەن ، پەیوەندیە مێژووییەکانی . (وەرگێڕان)

٥/ کوردستان و کوردەکان. (وەرگێڕان)

٦/ چی گیڤارا . (وەرگێڕان)

٧/ مکیافیللی. سێبەری شەیتان لەسەر زەوی(وەرگێڕان)

٨/ نوری سەعید، پیاوی ئەرکە قورسەکانی بەریتانیا(وەرگێڕان)

٩/ دەولەتداری، دامەزراندن و بەڕێوە بردنی (نوسینی خۆم)

١٠/ هنری کینسجەر.. سالآنی نوێبوونەوە .. دوو بەرگ ( وەرگێڕان)

١١/ بزوتنەوەی نەتەوایەتیەکان لە ئەوروپا (وەرگێڕان)

١٢/ مێژوی نوێی ئەوروپا لە ڕێنسانسەوە تا کۆنگرەی ڤیەننا (وەرگێڕان)

١٣/ سەدەی یستەم لە سێ هەزار ڕووداودا ...... نوسینی خۆم

١٤/ ناوداران ەئوانەی بە نا ئاسایی مردوون......... نوسین و کۆکردنەوەی خۆم

کاروانیش نەوەستاوە

- لە ژێرچاپیش : ١/ (ماکسیم گۆرکی ) و هەیە.
- وێرای نوسینی دەیان ووتارو چەند نامیلکەیەک و چاوپێکەوتنی گۆڤاری و کەنالی تری ڕاگەیاندن ، یەکەم نوسینم لەرۆژنامەی برایەتی لە ١٩٧٤/١/٨ بلاو کردۆتەوە . ئەوکاتەی خوێندکاری ئامادەیی بووم. نوسینەکەش ژیاننامەی هونەرمەند کاوێس ئاغا بوو.

F.. Xalid Herki

Tel,int-0031614240591

Korek- 07504823449



